# بۆچی
# خۆرهەڵاتی ناوەڕاست
# شکستی هێنا؟

لێکۆڵینەوەیەکی «مێژوویی ، ئابوری و سیاسی» یە



سەلاح حسێن ئەفەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بۆچی
# خۆرهەڵاتی ناوەڕاست
# شکستی هێنا؟

لێکۆڵینەوەیەکی «مێژوویی ، ئابوری و سیاسی» یە

سەلاح حسێن ئەفەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب :**بۆچی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شکستی هێنا؟**
لێکۆڵینەوەیەکی «مێژوویی ، ئابوری و سیاسی» یە
- نووسەر: **سەلاح حسێن ئەفەندی**
- پێداچونەوەی زمانەوانی: **چۆلی ئەسعەد**
- نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: **سەعید ئەحمەد**
- ژمارەی لاپەڕە: **٦١١**
- تیراژ: **(١٠٠٠)دانە**
- چاپ: **چاپخانەی**
- نرخ: **د. ع**
- ژمارەی سپاردنی ی ساڵی**٢٠١٧** ی وەزارەتی وەرگرتووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناوەرۆک


بۆچی شارستانییە کۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پاشەکشێیان کرد؟ ........ ١١
چی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کرد بە سەرقافڵەی شارستانێتی کۆن؟ ........ ١٢
بۆچی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرقافڵەیەتی لەدەستدا؟ ........ ٣٥

بۆچی ڕێبازی تایبەتی ئەوروپا زەمینەیەکی باش بوو بۆ گەشەکردن؟ ........ ٤٧
چی زەمینەی بۆ ڕێبازی تایبەتی ئەوروپا خۆشکرد؟ ........ ٤٨
خاسڵەتە ڕێگرەکانی فیودالیزمی ئەوروپا لە گەشەکردن ........ ٥٩
چی، درزی خستە ئەو کۆمەڵگە قوفڵدراوە ناخوڵقێنەرەوە؟ ........ ٧٢
چۆن و بۆچی پیشەسازیی کەپیتاڵیستی سەرەتایی توانی گەشە بکات؟ ........ ٧٩
چی ڕێگەی بۆ گەشەکردنی کەپیتاڵیزم خۆشکرد؟ ........ ٩٥
شۆڕشی سیاسی و یاسایی لە ئینگلتەرا ........ ١٠٨
پوختەی ڕێبازی تایبەتی ئەوروپا و خاسڵەتەکانی کەپیتالزم ........ ١٢٣

بۆچی ڕێبازی تایبەتیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەبووە زەمینەیەکی گونجاو بۆ پێشکەوتن؟ ........ ١٢٧
(١) ڕێبازی تایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ........ ١٢٨
(٢) بۆچی شۆرشی سیاسی و پیشەسازیی خۆبەخۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوووینەدا؟ ........ ١٧٤
نەبوونی دەرفەتی بەشداریکردن لە بڕیارداندا ڕێگربوو لە گۆڕانکاری ........ ١٧٥
لاوازی پێکهاتە و چینوتوێژە نوێیەکان ........ ١٨٧

بۆچی بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم کاردانەوەی جیاوازی لەسەر شوێنەکانی جیهان هەبوو؟ ........ ٢٢٩
هەڕەشە، یان بواری گەشەکردن ........ ٢٣٢
تێکشکاندنی کۆسپەکانی بەردەم گەشەکردن ........ ٢٣٣
سروشتی دوو ڕوویی کەپیتالیزم ........ ٢٣٥
ڕێبازی گەشەکردن، یان پاشکۆیەتی و گۆشەگیری تێکچوونی هاوسەنگی لە جیهاندا ........ ٢٣٧
خاسڵەتی جیاوازی شوێنەکان، ڕێبازی جیاوازی لێکەوتەوە ........ ٢٤٠
لە هەر ڕێبازێک چەند نمونەیەک: ........ ٢٤٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆچی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک پێویست سوودی لە بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم وەرنەگرت؟ ........ ٢٩٧
لاقەفرتێی دەوڵەتەکان بۆ مانەوە و وابەستبوونی ناوچەکە بە بازاڕی کەپیتالیستی جیهانییەوە ........ ٣٠٠
تەوژمی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان بۆ ناوچەکە ........ ٣١١
دەستپێکردنی گۆڕانکاری لە موڵکایەتی و چینوتوێژەکاندا ........ ٣٣٤
لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکان وزاڵبوونی کەپیتالیزمی جیهانی ........ ٣٣٩
سەرلەنوێ شکستهێنانی دەوڵەتەکان لە چاکسازیدا ........ ٣٤٠
قەرز و ئیمتیازاتی دەرەکی و لەدەستدانی بڕیاری ئابوری و سیاسی ........ ٣٤٧
لاوازی بەرهەمهێنان و بازرگانی خۆماڵی ........ ٣٦٢
چینوتوێژ و پێکهاتەکان و دەرفەتی بەشداریکرن لە بڕیارداندا ........ ٣٨٠
شکستهێنانی چین و توێژە نوێیەکان دارمانی دەوڵەتەکان \ گرتنی ڕێبازی پاشکۆیەتی ........ ٤٠٣
شکستهێنانی شۆڕشی دەستووری لە تورکیاو دارمانی دەوڵەتی عوسمانی ........ ٤٠٥
چارەنووسی ویلایەتەکانی دەرەوەی تورکیای عوسمانی ........ ٤٢٣

هۆکاری پاشەکشێکردن و پاشکۆیەتی و دابەشبوون و ژێردەستیی کوردستان ........ ٤٦١
هەندێ خاسڵەتی تایبەتی کوردستان ........ ٤٦٣
بۆچی شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی لە کوردستان خۆبەخۆ بەرپانەبوو؟ ........ ٤٧٥
بۆچی کوردستان وەکو پێویست سوودی لە بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم وەرنەگرت؟ ........ ٥٢٣
پاشکۆیەتی\دابەشبوون\ژێردەستی ........ ٥٦٢

دەرئەنجام: هۆکارەکانی پێشکەوتن / دواکەوتن چین ؟ ........ ٥٦٩
ئایا کۆن لە ئێستا باشتر بوو؟ ........ ٥٧٠
بوارەکانی نایەکسانی چین؟ ........ ٥٧٣
کەی و چۆن نایەکسانی لە جیهاندا پەرەی سەند؟ ........ ٥٨٠
هۆکارەکانی نایەکسانی، پێشکەوتن\دواکەوتن چین؟ ........ ٥٨٣

سەرچاوە ........ ٦٠٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکی

زیاتر لە یانزە هەزار ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەمجار لە میزوپۆتامیا شۆڕشی بەرهەمهێنان و نیشتەجێبوونی مرۆڤ روویدا، بە هەزاران ساڵ پێش ئەورووپا، یەکەم شارستانیەتە کۆنەکانی مرۆڤایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەریانهەڵدا. بەپێی ئەم راستیانە، دەبوایە شۆڕشی سیاسی و یاسایی و پیشەسازی، کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا لە رۆژئاوای ئەورووپا بەرپابوو، بەلایەنی کەمەوە دوو هەزار ساڵ پێشتر لەم ناوچانەدا بەرپابوایە. بەڵام بە پێچەوانەوەوە، ئەو شارستانیەتە کۆنانە و دەوڵەتەکانی تری ناوچەکە لەپێش مەسیح یەک لە دوای یەک شکستیان هێنا و لەناوچوون.

لە سەدەی دەدا، دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و چین و هیندستان، لە زۆر رووەوە لە وڵاتەکانی رۆژئاوای ئەورووپا بەهێزتر و پێشکەوتر بوون، بەڵام لەم وڵاتانەدا بەشێوەی رۆژئاوای ئەورووپا خۆبەخۆ شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی روویندا. دواتر کە سەرمایەداری جیهان پلیدا بۆ جیهان، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانی وەکو پێویست سوود لەو بڵاوبوونەوەیە وەربگرێت. لەباتی ئەوەی ببێتە بەشێکی سەربەخۆی بەهێزی کاریگەر لەو سیستەمە، بووە پاشکۆی ئەو سیستەمە و دەسەڵاتدارەکانی بوونە ئەڵقەلەگوێی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان.

ئەوەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسی دەکەین، ئەو هۆکار و فاکتەرانەیە، کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوونەهۆی دروستبوونی شارستاییەتە کۆنەکان و دواتر پاشەکشێکردنیان، هەروەها ئەو هۆکار و فاکتەرانەیە، کە بوونەهۆی ئەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووە پاشکۆیەکی لاوازی سەرمایەداریی جیهان.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی سەد ساڵی رابردووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بخشێنین، دەبینین پەیتا پەتیا ناوچەکە رروبەڕووی قەیران و گیروگرفتی یەک لەدوای یەک بۆتەوە. درووستبوونی هەر قەیرانێکی نوێ وای لە دانیشتوان کردووە، کە تراژیدیا و کارەساتە دڵتەزێنە بەسەرچووەکان لە بیربەرنەوە. ئەمرۆ داعش و قاعیدە و رێکخراوە توندڕەوکانی تری ئیسلامی سیاسی، کراونەتە هۆکاری سەرەکی هەموو دەردەسەری و برسێتی و شکستهێنانی ناوچەکە. وای پیشاندەدەن، بە نەمان و بنبڕکردنی ئەمانە، هەموو ئەو گرفتانە چارەسەر دەبن و ناوچەکە دەبوژێتەوە و خەڵکەکە دەکەونە ژیانێکی ئاسودە و خۆشگوزەرانیەوە.

پێشتر لە عێراق، سەدام، هۆکاری سەرەکی قەیران بوو، لە ئێران شاهەنشا، لە میسر سادات. ساڵەکانی حەفتا ئیمپریالیزم و سەهیونیزم بوو. کۆنتر ئیستعماری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینگلیـزی و فەرەنسـی بـوو... هەڵبەتـە لـە کوردسـتانیش سـەرەڕای ئەوانـە، هـۆکارە دەرەکییەکانـی وەکـو، دەوڵـەت و میللەتانـی دەوروپشـت و دەوڵەتـە زلهێزەکانـی جیهـان، کراونەتـە تاکـە هـۆکاری بندەسـتی و دابەشـکردنی وڵاتەکـە.

بـە نەمانـی هـەر یـەک لەوهۆکارانـە، خەڵکـی کەوتونەتـە زەماوەنـد و چەپڵەلێـدان، لەوبڕوایـەدا بـوون، کـە هەمـوو کێشـەکانیان چارەسـەر بـووە. بـەڵام بـە پێچەوانـەوەی هیـوا و چاوەڕوانیـی ئەوانـەوە، تاقـم و دەسـتەبژێرێکی نـوێ هاتۆتـە گـۆڕ و تووشـی ململانێـی توندوتیژتـر و خوێناویتـر بـوون.

بێگومـان، هەریـەک لـەم قەیرانانـە کۆسـپ و هەڕەشـەی گـەورە بـوون لەسـەر گەلانـی ناوچەکـە و ڕێگربـون لەبـەردەم گەشـەکردن و خۆشـگوزەرانیاندا. بـەڵام بـە دانانی یەکێک لەوانـە بەهـۆکاری بنچینەیـی قەیـران و گرفتـی سـەدان سـاڵی دواکەوتـن و دەردەسـەری و هەروەهـا فەرامۆشـکردنی قەیرانەکانـی تـر و هـۆکاری پەیدابوونیـان، چەواشـەکردن و شـاردنەوەی راسـتییە. لەپێنـاوی دانانـی پـلان و پرۆگـرام و چارەسـەری گونجـاو بـۆ گەشـەکردن، دەبێـت هـۆکارە بنچینەییـە ناوخۆیـی و هێـزە بزوێنەرەکانـی کۆمەڵگـە دەستنیشـان بکرێـت.

گرنگتریـن هـۆکاری بنچینەیـی قەیرانـەکان، بـێ دەسـەڵاتی و لاوازی زۆرینـەی پێکهاتـە و چیـن و توێـژەکان و نەبونـی دەرەفتـی بەشـداریکردنیانە لـە بڕیـاری سیاسـی و ئابوریـدا. نەبـوون، یـان لاوازی میدیـای ئـازاد فاکتەرێکـی گرنگـی ترە. ئەگەرچی لەم بیسـت سـاڵەی دواییـدا، هەنـدێ میدیـای نیمچـە ئـازاد پەیدابـوون، بـەڵام ئەوانـەش بـاس و لێکۆڵینـەوە و شـێوازی بڵاوکردنـەوەی زانیـاری تیایانـدا، لـە بازنەیەکـی ئایدۆلـۆژی داخـراوی تەسـکدا دەخولێنـەوە. ئەوانـە زیاتـر سـەرنجی روناکبیـر و خەڵکەکـە بـەلای قەیـران و گرفـت و کۆسـپەکانی رۆژانـەدا رادەکێشـن، بـێ گەڕانـەوە بـۆ فاکتـەرە بنچینەییـەکان و ئـەو زەمینەیـەی ئەوانـەی لـێ پەیدابـووە. ئەمەیـە رۆشـنبیران دەخاتـە گێژاوێکـی بـێ سـەروبنەوە، کـە تیایـدا لـە دەمەتەقـێ و دڵرەحەتکـردن بـەولاوە هیـچ دەرئەنجـام، یـان خاڵـی هاوبـەش و پلانـی لـێ دروسـت نابێـت، بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو قەیرانانـە.

حوکمـڕان، نوخبـە، سـەرکردە و پارتـە دەسـەڵاتدارەکان، کـە کۆنترۆڵـی ناوچەکەیـان کـردووە، هـۆکاری سـەرەکی ئـەو شـاردنەوە و سـەر لێ تێکدانـەن. هەموو ئەوانـە، بەهۆی ئـەو زەمینـە نالەبـارەوە دروسـتبوون و بەهەمـوو تواناکیانـەوە رێگـرن لـە گۆڕانکاریـی ڕیشـەیی تیایـدا. بەهەمـوو شـێوەیەک دەیانـەوێ راسـتی و فاکتـەرە بنچینەییەکانـی ناوخۆ بشـارنەوە و هـۆکاری دەرەکـی و قەیرانـی رۆژانـە و هەنـدێ هێـز و دیـاردە بکەنـە هـۆکاری سـەرەکی و بنچینەیـی ئـەو قەیرانـە ئابـوری و سیاسـی و شـەر و کوشـتارە، کە رووبـەڕووی گەلانـی ناوچەکـە بوونەتـەوە. دەسـەڵاتداران بەهەمـوو شـێوەیەک دەیانـەوێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شکستی خۆیان بشارنەوە. ئەم هەوڵانە لە نەزانین و سادەییانەوە نییە، بەڵکو لەو ڕێگایەوە چالاکانە هەوڵی مانەوەی دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان دەکەن.
لە بەهاری عەرەبیدا، گەلانی ئەو وڵاتە عەرەبیانە راپەڕین و روون و ئاشکرا توانیان دەستنیشانی هۆکارە بنچینەییەکانی ئەو بارەبکەن. ئەو دۆخە نالەبارە و شکستهێنانی ناوچەکە و وڵاتەکانیان گەڕاندەوە بۆ گەندەڵیی سیاسی و ئابوری دەسەڵاتداران و سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری توندڕەو و تاکڕەوی ئەو دەوڵەتانە، داوای گۆڕینی ئەوانە و چاکسازی ریشەییان کرد، داوای دەرفەتی بەشداریکردنی پێکهاتە و چین و توێژەکانی خوارەوەیان کرد لە سیستەمێکی پلورالیزمدا.
راپەرینە جەماوەرییە مەزنەکەی ساڵی ۱۹۹۱ی باشوری کوردستان، دژی سیستمی رەهای بەعس، لە پێناوی دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی و ئابوری پلورالیزمتر و کراوەتردا بوو، داوای کۆتاییپێهێنانی شەڕی ناوخۆی نێوان دەستەبژێر دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و پاراستنی یەکێتی ریزەکانی گەلیانکرد ، کە لە ژێر سایەیدا گەشەکردنی کۆمەڵگە و بەشداریکردنی زوربەی خەڵک لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا مسۆگەربکرێت. بۆ یەکەمجار لە هەموو مێژووی وڵاتەکەدا نیمچە هەڵبژاردنێک رێکخرا و پەرلەمانێکی ساوای تیایدا جێگیر بوو، زۆربەی خەڵک بەشداریان تیاداکرد، پیرەکانیان بەکۆڵ دەبردە بەردەم سندوقی دەنگدان، خەڵکی چاوەڕوانی بەردەوامی ئەو پرۆسەیە بوون. ململانێ لە نێوان زوربەی خەڵک، کە ئەو گۆڕانکاریانە لە بەرژەوەندیاندایە و ئەوانەی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی خۆیان رێگرن، هەتا ئێستا هەر بەردەوامە.
شکستهێنانی ئەمجارەی بەهاری عەرەبی، لەلایەکەوە بۆ جارێکی تریش ئەو سیستەمە کۆنەی بۆ ماوەیەکی تریش هێشتەوە، لە لایەکی ترەوە زەمینەی خۆشکرد، بۆ سەرلەنوێ سەرهەڵدان و بوژاندنەوەی چەند توێژێکی تری ئیسلامی سیاسی توندڕەو و تاکڕەو.
لاوازی زۆرینەی پێکهاتە و چین و توێژەکانی کوردستانی باشور، قورخکردنی ژیانی سیاسی و ئابووری لە لایەن چەند نوخبەیەکی دەسەڵاتدارەوە، هەڕەشەیە لەسەر مان و نەمانی ئەو دەستکەوتە گرنگانە، کە راپەڕین و تێکۆشانی سەد ساڵەی خەڵک بەدەستی هێناوە، هەڕەشەیە لەسەر رێبازی سەربەخۆبونی ئابوری و سیاسی وڵاتەکە و ئازادبون و بەیەکەوە گرێدانی هەموو ناوچەکانی، ئاسانکاری بۆ دەستوەردانی دەرەکی دەکات و بڕیاردانی ژیانی خەڵک و دوارۆژی وڵاتەکە دەخاتە دەستی ئەوانەوە، کە ئەوانیش وەکو پێشتر بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دایدەڕێژن.
لەبەر لاوازی و پەرشوبڵاوی پێکهاتە و چین و توێژەکانی کوردستانی باکور،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەهەمانکاتـدا پشتنەبەسـتنی سـەرکردە دەسترۆیشـتووکانی بـە هێـزە بزوێنەرەکانـی نـاو کۆمەڵگـە، هەروەهـا لادان و لاوازی پرۆسـەی دیموکراتـی لـە تورکیـا بەهـۆی بەهێزبوونی باڵـی نەژادپەرسـتی سروشـت ئیسـلامی سیاسـی تاکـڕەوەوە، بۆتەهـۆی ئـەوەی لەباتـی بەردەوامبـوون لـە ڕێبـازی چاکسـازیی سیاسـی و ئابوری و چارەسـەرکردنی ئاشـتیانەی مەسـەلەی نەتەوایەتـی کـورد، سـەرلەنوێ ڕێبـازی شـەڕ و کوشـتن و سـەرکوتکردنی خەڵکانـی تورکیـای لێکەوتۆتـەوە، کـە ئـەوەش دەبێتـە هەڕەشـە لەسـەر مـان و نەمانـی ئـەو دەسـتکەوتە گرنگانـەی، کـە خەڵـک بـە تێکۆشـانی درێژخایـەن بەدەسـتیانهێناوە.

لـەم نووسـینەدا، بـە وردی باسـی مێـژووی ئابـووری و سیاسـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کوردسـتان و ڕۆژئـاوای ئەوروپـا و هەنـدێ شـوێنی تـری جیهـان کـراوە. نووسـینەکە، باسـی مێـژووی پاشـا و سـەرکردەکان نـاکات، بەڵکـو باسـی مێـژووی بنەمـا ئابـوری و سیاسـییەکانی کۆمەڵگـە جیـاوازەکان دەکات. باسـی ئـەو فاکتـەر و هـۆکارە بنچینەییانـە کـراوە، کـە زەمینـەی لەبـاری بـۆ گەشـەکردن و ئاوەدانـی هەنـدێ وڵات دروسـتکردووە، یـان بـە پێچەوانـەوە زەمینەیەکـی نالەبـاری بـۆ توندوتیـژی، نائارامـی، دواکەوتـن و هـەژاری لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا دروسـتکردووە.

ئایە ئـەو فاکتەرانـەی، کـە بونەتـە هـۆکاری گەشـەکردن و ئاوەدانـی هەنـدێ ناوچـەی جیهـان، لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کوردستانیشـدا هـەن؟ ئایـا هـۆی لاوازی ئـەو فاکتەرانـە لـەم شـوێنانەدا چیـن؟ ئایـا ئـەو فاکتەرانـە دەرفەتـی بەهێزبوونیـان هەیـە؟ ئـەو خەسـڵەتە تایبەتیانـە چیـن، کـە ڕێگـرن لـە گەشـەکردنی کۆمەڵگەکانـی ناوچەکـە؟

خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، هەمـوو مەرجێکـی پێویسـتی بـۆ راسـتبوونەوە و گەشـەکردن تێدایـە. ناوچەیەکـی بەرفـراون و هەمەچەشـنە، پێکەوتەیەکـی سـتراتیژی گرنگـی هەیـە، کە سـێ کیشـوەری گرنگـی جیهـان پێکـەوە دەبەسـتێتەوە، ژمارەیەکـی دانیشـتوانی گـەورەی هەیـە، کـە زۆربەیـان گەنـج و بەتوانـان، پـڕە لەسـەرچاوەی سروشـتی گرانبەهـا و گرنـگ بـۆ گەشـەکردنی کۆمەڵایەتـی، ژینگـە و ئاووهـەوای هەمەچەشـنی هەیـە، کـە یارمەتیـدەرە بـۆ بەرهەمهێنانـی جۆراوجـۆر، لەسـەر گرنگتریـن ڕێـگای ئاویـی جیهانـە، خاوەنـی مێژوو و شـارەزایی دەوڵەمەنـدە.

سـەرەڕای ئـەو خاسـڵەتە هاوبەشـانەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، کوردسـتان گرنگتریـن پێکەوتـەی جوگرافـی هەیـە لـە ناوچەکـەدا، وڵاتێکـە میللەتـە گەورەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت پێکـەوە دەبەسـتێتەوە، خەڵـک و پێکهاتەکانی ئاوێتـەی میللەتەکانی تـر کردووە، زمـان و کلتـور و نەریتیـان شـارەزان، تۆڕێکـی ئابـوری و کۆمەڵایەتـی بەهێزیـان لەگـەڵ دروسـتکردوون، پێکهاتـەی وڵاتەکـە فرەچەشـن و ڕەنگاوڕەنگـە، خەڵکەکـەی کارکـەر و کۆڵنـەدەرن، لـە هەنـدەران ڕەوەندێکـی گەورەیـان هەیـە. هەمـوو ئەوانـە، مەرجـی گرنـگ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و یارمەتیدەرن، کە وڵاتەکە بێتە سەنتەرێکی ئابوری و سیاسی و کلتوری گرنگ لە ناوچەکە و جیهاندا.

زۆر شوێنی جیهان، هەمان فاکتەر و زەمینەی گونجاوی وایان تێدانیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویانە بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵبن، کە رێگربوون لە گەشەکردنیان. ئەو وڵاتانە لە ئەزەلەوە وا پێشکەوتوو و سەقامگیر و ئاوەدان نەبوون، بەڵکو پێشتر زۆربەیان، باریان لە ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خراپتر و دواکەوتووتر بووە. ئەو پێشکەوتنە، لە رێگای گۆڕانکاری لە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوریدا ئەنجامدراوە. لەم نووسینەدا باسی فاکتەری بنچینەیی هاوبەشی گۆڕانکاری لە وڵاتەکانی جیهاندا دەکەین.

ئەگەرچی ئەم کتێبە زیاتر لێکۆڵینەوەی مێژووی ئابووری و سیاسییە، هەتا ساڵەکانی **١٩٢٥**، دوای کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، بەڵام گرنگیی باسەکە لەوەدایە، کە مێژووی کۆن هەتا ئەو ساڵانە، بناغەی بۆ گۆڕانکاریەکانی دواتر و سروشتی سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابووری وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خاسڵەتی کۆمەڵگە و چین و توێژ و پێکهاتەکانی داناوە.

ئەم کتێبە لە چەند بەندێک پێکهاتووە. لەگەڵ ئەوەی ئەو بەندانە لێکۆڵینەوەی کات و شوێنی جیاوازە لە مێژوودا، بەڵام بەتوندی پێکەوە گرێدراون، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی باسەکە واباشترە خوێنەر بە چاوێکی رەخنەگرانە لە سەرەتاوە دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکە بکات.

لەبەرئەوەی من نە مێژووناسم، نە پسپۆری ئابووریم و نە سیاسەتمەدارم، ئەو بوارانە نەبوو کە پاڵی پێوەنام بۆ دەستکردن بەم لێکۆڵینەوەیە. ئەوەی پاڵی پێوەنام بەم ئەرکە هەمەچەشن و فراوانە هەستم، گەڕان بوو بەشوێن ئەو فاکتەر و هۆکارانەی، کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری، پێشکەوتن یان دواکەوتنی کۆمەڵگە. گەڕان بوو بەشوێن یاسا و فاکتەری هاوبەش لە نێوان مێژووی کۆن و نوێدا، لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. بۆیە رەنگە زۆر کەموکوڕی و هەڵە لە نووسینەکەدا هەبێت، کە پێویستی بە راستکردنەوە و دەوڵەمەندکردن هەبێت.

زۆرجار رووداوەکان و مێژووی جیهان و وڵات و میللەتان دمانخەنە گێژاوی بیرکردنەوەی بێ سەروبەندەوە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاشکرا دەبێت، کە گۆڕانکاری و پێشکەوتن لە مێژووی مرۆڤایەتی، بە هەڕەمەکی بەڕێوە نەچووە و ناچێ، بەڵکو هەموو ئەوانە بنەمای سیاسی و ئابووریان هەیە، بەپێی یاسای گشتی هاوبەش بەڕێوە دەچن. بۆیە ئەم نووسینە بریتی نیە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئایدۆلۆژی دابڕاو لە مێژووی کۆمەڵگەکان، هەوڵدان نیە بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵکو هەوڵدانە بۆ بینینی جیهان وەکو خۆی، دوور لە خەیاڵ و خەونی رۆمانسی و موجامەلاتی دوور لە واقیعەوە. بینینی جیهان لە گۆڕان و خۆنوێکردنەوە و گەشەکردندا، نەوەک دارشتنی چوارچێوەیەکی داتاشراو بۆی لە بازنەیەکی داخراودا. لێرەدا دەمەوێ پڕبەدڵ سوپاسی هەموو ئەو هاوڕێیانە بکەم، کە عەزێتیان کێشاو بە ڕاوێژکاری و هاندان پشتگیریان کردم. بێ هاریکاری ئەوانە زەحمەتبوو بتوانم لەکاراکانمدا بەردەوامبم. یەکێک لەوانە هاورێی خۆشەویستم حەمە دۆستان بوو، بەداخەوە پێش تەواوبوونی نووسینی کتێبەکە کۆچی دواییکرد، یادی بەخێر و واهەستدەکەم ئەم کتێبە جێپەنجەی ئەوی پێوەیە. هەروەها بەتایبەتی سوپاسی مامۆستا چۆلی ئەسعەد دەکەم.

**نووسەر**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەندی یەکەم

# بۆچی شارستانییە کۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پاشەکشێیان کرد؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی کرد بە سەرقافڵەی شارستانێتی کۆن؟

ئەندامانی کۆمەڵگە بۆمانەوە و بەردەوامبوونی ژیانیان، پێویستییان بە ئامرازی گونجاوی بەرهەمهێنان و پەیداکردنی خواردن و پێویستییەکانی تری ژیان هەیە. لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانە لە بازاڕەکاندا، بەپێی کات و جێگای جیاواز پەیوەندییەکی تایبەتی لە نێوان ئەو خەڵکانەدا دروست دەبێت، کە لە پرۆسەکەدا بەشدارن. تیایدا چۆنیەتی موڵکایەتی بەرهەم و ئامرازی بەرهەمهێنان دەبێتە بنەمای پەیدابوونی پێکهاتە و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکە و چۆنیەتی شێوازی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئاستی گەشەکردنی بەرهەمهێنان و چۆنێتی ڕێکخستنی ئەو جۆرە پەیوەندییانە، سروشتی کۆمەڵگەکان و خاسڵەتەکانیان لەیەکتری جیادەکاتەوە. چۆنیەتی ئەو سروشت و خاسڵەت و بنەمایانە، بڕیاری ڕێ خۆشکردن، یان ڕێگری لە گەشەکردنی باری ئابوری و سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە دەدەن. لێرەدا چونیەتی ئەو ڕێکخستنە ناودەنێین سیستمی بەڕێوەبردنی ئابوری و سیاسی.

مرۆڤ پێش نیشتەجێبوونی، بەدرێژایی سەدەها هەزار ساڵ، لە هەندێ ناوچەی جیهاندا لەسەر ڕاوکردن و کۆکردنەوەی تۆو و گژوگیا و میوەی کێوی ژیاوە، ئەگەر جۆرێک لە بەرهەمهێنانیش ڕوویدابێ زۆر سنووردار بووە.

شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەییان نەبووە، هەمیشە حەوداڵی سەرچاوەی خواردن و ئاو و جێگای حەوانەوە بوون. ئەمە وایکردووە لە شوێنێکی دیاریکراودا نەمێننەوە و پێویستییان بە خاوینداریێتی تایبەتی زەوی و ئامرازی بەرهەمهێنان و شوێنی نیشتەجێبوون نەبێت. بەم هۆیەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەندامی کۆمەڵگەدا نەبووە، یان زۆر کەم بووە و کەوتۆتە سەر ڕۆڵ و توانای تاکەکان. کەمی بەرهەمهێنان، نەبوونی موڵکایەتی، کەمبوونی نایەکسانی، پێویستییەکی ئەوتۆی دروست نەکردووە، بۆ بوونی دەزگای سیاسی و ئیداری لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکە. کەمی ململانێ لە نێوان خەڵکیدا، نەبوونی دەزگای بەڕێوەبردن و پلاندانان، وایکردووە گەشەکردن و گۆڕانکاری گەورە لەو کۆمەڵگەیانە ڕوونەدات و شارستانییەتیان لێنەکەوێتەوە.

ناوچەکانی میزۆپۆتامیا، پێش شوێنەکانی تری جیهان، بونەتە شوێنی کۆبوونەوەی مرۆڤ و لە زۆر جێگای ترەوە ڕوویان تێکردووە. ئەوەش بەهۆی کەشوهەوای گونجاو، مامناوەندیی گەرما و ساردی، سەرچاوەی ئاو و بوونی ڕوباری گەورە، دەوڵەمەندی بە بوونی ماسی، ئاژاڵە کێوی، دارستان و تۆو و میوە و گژوگیای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێـوی، وەکـو گەنـم. خەڵـک لێـرە بـێ ئـەوەی پێویسـت بـکات خۆیـان زۆر هیـلاک بکـەن، بـە ئاسـانتر لـە زۆر لـە شـوێنەکانی تـری جیهـان پێداویسـتی ژیانیـان چنـگ کەوتـووە «**٣٦ ل ١٦**».

دەوروبـەری **٩** هـەزار سـاڵ (پ. ز)، **٥** هـەزار سـاڵ پێـش ئەوروپـا، مـرۆڤ لـەم ناوچانـەدا وازیـان لـە ژیانـی حەوداڵـی هێنـا و بـۆ یەکەمجـار دەسـتیان بـە نیشـتەجێبوون و ڕاگرتنـی ئـاژەڵ و چاندنـی ڕووەک بـە شـێوەیەکی سـەرەتایی کـرد «**٣٦ ل ١٩**». هەڵبەتـە چەندەهـا فاکتـەری جیـاواز وایکـردووە کـە ئـەم گۆڕانکارییـە ڕووبـدات، بـەڵام دووان لەوانـە لـە گرنگترینیانـن:

**١**- پێـش دەوروبـەری **١٥٠٠** سـاڵ (پ. ز)، کەشـی سـەرزەوی گۆڕانکارییەکـی گـەورەی بەسـەرداهات. تـا دەهـات زیاتـر پلـەی گەرمـا لەسـەر زەوی بەرزدەبـۆوە، کـە لەلایەکـەوە بـووە بەهـۆی تواندنـەوەی سـەهۆڵی جەمسـەری باکـور و فراوانبوونـی زەویـوزار و سـەوزبوونی باکـور و شـوێنی نـوێ بـۆ ئاژەڵـی کێـوی، لـە لایەکـی تـرەوە ئەمـەش بووەهـۆی ئـەوەی بەشـێک لـە ئاژەڵـە کێوییەکانـی شـوێنەکانی وەکـو خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـۆچ بکـەن و ڕوو لەونـاوە بکـەن. لـە هەمانکاتـدا بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمـا لەخۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بووەهـۆی کەمبوونـەوەی بـاران و لـەوەڕگا و سـەرچاوەی ئـاو، کـە بـووە هـۆی کەمبوونـەوەی دارسـتان و گژوگیـا و تـۆو و میـوەی کێـوی. کەمبوونـەوەی سـەرچاوەی سروشـتی پێویسـتییەکانی ژیـان لـەم ناوچانـەدا، وایکـرد کـە ئـەو مرۆڤانـە چیتـر بەئاسـانی ئـەو پێویسـتییانەیان بـۆ دابیـن نەبێـت و ناچاربـن هەوڵبـدەن ئـاژەڵ لـە هەنـدێ شـوێنی گونجـاودا ڕاگـرن و ڕێـگای نـوێ بدۆزنـەوە بـۆ دابینکردنـی خـواردن بـۆ خۆیـان و ئاژەڵەکانیان. «**٣ ل ١٤ ٣٦ ل١٧**».

**٢**- بەهـۆی دەوڵەمەندیـی ئـەم ناوچانـە بـە بەروبومـی سروشـتی، لەلایەکـەوە ژمـارەی دانیشـتوان زۆر خێـرا زیادیکـردووە و لـە لایەکـی تـرەوە بۆتـە ناوچەیەک کـە خەڵکانی دەورو پشـتی ناوچەکانـی تـر بەلێشـاو ڕووی تـێ بکـەن، ئەمـەش سـەرلەنوێ بۆتـە هـۆی زیادبوونی دانیشـتوانی ناوچەکـە. «**٣٦ل١٩**».

زیادبوونـی ژمـارەی مـرۆڤ لەلایەکـەوە و کەمبوونـەوی سـەرچاوەی سروشـتی خـواردن و پێویسـتیەکانی تـری ژیـان لە لایەکـی تـرەوە، بوونەتە هۆی درووسـتبوونی ململانـێ لەنێـوان گروپـە جیاوازەکانـی ناوچـە، کـە هـەر گروپـە کەوتـە هەڵپـەی زامنکردنـی ناوچەیـەک بـۆ خـۆی و هەوڵدانـی کۆنترۆڵکردنـی و نیشـتەجێبوون تیایـدا.

نیشـتەجێبوونی مـرۆڤ لـە ناوچەکانـی میزۆپۆتامیـا و دەسـتکردن بـە ئـاژەڵ ڕاگرتـن و چاندنـی بەروبومـی کشـتوکاڵی، بازێکـی گرنـگ بـوو لـە گەشـەکردنی مێـژووی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مرۆڤایەتیدا. ئەم گەشەکردنە بە گرنگترین و یەکەمین شۆڕشی مرۆڤایەتی و شارستانی دادەنرێت، شۆڕشی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنان. ئەم پرۆسەیە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی والێکرد، کە بۆ یەکەمجار لە ڕێگای بەرهەمهێنانەوە، پێویستییەکانی خۆیان لە خواردن و پێویستییەکانی تر و ئامرازی بەرهەمهێنان دابین بکەن، ئاوایی و شوێنی نیشتەجێبوون بونیادبنێن، زیاتر سوود لە توانای خۆیان وەربگرن و بەشێوەیەکی فراوانتر و هەمە چەشنەتر گۆڕانکاری لە سروشتدا بکەن و سوودی لێوەربگرن. هەموو ئەمانە زەمینەیان بۆ گەشەکردنی زۆر بەفراوانتری مرۆڤایەتی و شارستانیە سەرەتاییەکان خۆشکرد. «٣٦ ل٢١\ ٥٢».
هەڵبەتە پرۆسەی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنان، بەرۆژ و دوو رۆژ و بێ ئازار و قەیران و کۆسپ نەهاتۆتە کایەوە، بەڵکو ململانێ و گرژی و شەڕ و گێچەڵ و توندوتیژییەکی زۆری لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا لێکەوتۆتەوە. لەلایەکەوە ململانێکردن بۆ دەستبەسەراگرتنی ناوچە و سەرچاوە سروشتییەکان، لەلایەکی ترەوە ڕێگرتن لەو گۆڕانکاریانە لەلایەن هەندێکیانەوە، کە ویستویانە شێوازی کۆمەڵ بەڕێوەبردن هەر وەکو کۆن بپارێزن.
ئەم پرۆسەیە، لە ڕێگای بڕیار و پلانی سەرەتاییەوە بەڕێوەچووەوە. ئەو پلان و بڕیارانە، سەرەتای بڕیاری سیاسی و ئابوری سەرەتایی بوون، کە بونیادی کۆمەڵگەیەکی نوێی لێکەوتەوە. کۆمەڵگەیەک کاریگەرتربێت لە کارکردن و سودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی سروشت و توانای مرۆڤەکان و زیاتر لادان بۆ گۆڕانکاری گەورەتر.
نیشتەجیبوون و دەستکردن بە بەرهەمهێنان و پەیدابوونی ئاواییە سەرەتاییەکان، پێویستیی نوێی هێنایەکایەوە، وەکو بوونی زەویوزار بۆ نیشتەجێبوون و چاندن و لەوەڕگا، سەرچاوەی ئاو بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ و چاندن، ئامراز و کەلوپەلی بەرهەمهێنان، هەروەها زانیاری پەیداکرن لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانیان.
لەو کۆمەڵگە بچوکە سەرەتاییانەدا، لەسەرەتادا ئەو تاکانەی کە لەوانی تر بەهێزتر و بەتواناتر و ئازاتربوون، بەو ئەرکانە هەستاون و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان ڕێکخستووە، لە هەمانکاتدا بەرەنگاری هەڕەشەی مرۆڤ و گروپە دراوسێکانیان بوونەتەوە. بە ڕۆیشتنی کات، ئەوانە توانیویانە دەست بەسەر ئەو پێویستیانەدا بگرن و بیانکەنە موڵکی خۆیان، یان مافی تەسەروفکردن بەو پێویستیانە بکەوێتە دەستیان. بەپێی ئەمە، خەڵکەکە بەپێیی توانا و ئازایەتی و هێزو لێهاتویانەوە، بوونەتە خاوەن زەویوزار، سەرچاوەی ئاو، ئاژەڵ و ئامرازی بەرهەمهێنان و پێویستیەکانی تر. هەتا توانا و ئازایەتی و هێزی جەستەیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاکـەکان زیاتـر بوایـە بەشـی موڵکایەتیـان زۆرتـر بـووە «**٣٦ ل٢٣**».

لەناوچوونـی ئـەو سیسـتمە کۆنـە، کـە تیایـدا مـرۆڤ تیایـدا هێنـدە چالاکانـە ڕۆڵـی نەبینیـوە و نەیتوانیـوە وەکـو پێویسـت سـوود لـە توانـای خـۆی و سروشـت وەرگرێ، بۆتەهـۆی پەیدابوونـی کۆمەڵگـەی نـوێ و دەسـتکردن بـە بەرهەمهێنـان و بەکارهێنانی سـەرچاوەکانی سروشـت و ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـە و پلانـدان، ڕێـگای کـردەوە بـۆ پێشـکەوتنی ئابـوری و سیاسـی کۆمەڵگـەکان. لەهەمانکاتـدا ئەو گۆڕانکارییانـە بوونەتە هـۆی درووسـتبوونی نایەکسـانی لەنـاو ئەندامانـی کۆمەڵگـە و دابەشـبوونی کۆمەڵگـە بەسـەر چیـن و توێـژی جیاوازدا. لـە هەمانکاتـدا بەهـۆی ئـەوەی ئافـرەت، لـە ڕووی جەسـتەیی و هەسـتان بـەکاری قـورس لـە پیـاوان لاوازتربـوون، نایەکسـانی نێـوان ئافـرەت و پیـاو لـە زۆربـوون دابـوو.

ئـەم پرۆسـەیە گۆڕانـی ڕیشـەیی سیسـتمێکی پاسـیڤی ناکاریگـەری کۆمەڵایەتـی کـۆن بـوو، بەسیسـتمێکی نـوێ. بـە سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری سـنووردار، کـە بـۆ یەکەمجـار تیایـدا لـە ڕێـگای دروسـتبوونی دەزگای سیاسـی و ئابوریـەوە کۆمەڵگەکانـی ڕێکخسـت «**٢ ل١٤٩**».

وەکـو چـۆن بڕیـار و پلانـە سـەرەتاییەکان، ڕێـگای خۆشـکرد بـۆ دەسـتکردن بـە نیشـتەجێبوون و بەرهەمهێنـان، گەشـەکردن و دابەشـبوونی کۆمەڵگـە بەسـەر چیـن و توێـژدا، بەهەمـان شـێوە ئەمانـەی دواییـش، ئـەم کۆمەڵگـە فـرە چیـن و توێـژە نوێیانـە، ململانێـی ناوخۆییـان و لەگـەڵ دەرودراوسـێکانیاندا، پێویسـتی بـە پلانـی نـوێ و بڕیاردانـی نوێـی سیاسـی و ئابـوری و دامەزراندنـی دەزگای بڕیـاردان و ڕێکخسـتنی نـوێ بـوو.

لێـرەدا، هەمـان ئەوانـەی کـە بەهێزبـوون و ببوونـە خاوەنـی زەویـوزار و ئـاژەڵ و جـێ پێیـان لـە کۆمەڵگـەدا جێگیـر بـوو، بوونـە خاوەنـی بڕیاردانـی سیاسـی و ئابـوری کۆمەڵگـە. ململانێـی نێـوان گـروپ و ئاواییـە جیـاوازەکان لـە پێنـاوی دەسـتگرتن بەسـەر زەوی و سـەرچاوەی سروشـتی ناوچەکانـدا، توندوتیـژی و شـەڕ و شـۆڕی لـە نێوانیـادا زیاتـر و بەرفراوانتـر کـرد، بووەهـۆی سـەرکەوتن و زاڵبوونـی هەندێکیـان بەسـەر ئەوانـی تـردا.

ئـەو زاڵبوونـە تەنهـا نەدەبـووە هۆی دەستبەسـەراگرتنی ناوچـە و موڵکەکانـی ئەوانی تـرەوە، بەڵکـو دەبـووە هـۆی دیلکردنـی ئەندامەکانیـان و کردنیـان بـە کۆیلـەی خۆیـان و بەکارهێنانیـان لـە بەرهەمهێنـان و شـەڕ و شـۆڕەکانیاندا. ئـەم کۆیلانـە چینێکـی گـەورە و گرنگـی کارکـەری نـوێ بـوون، کـە زۆرتریـن ئەرکەکانـی کۆمەڵگەیـان کەوتـە ئەسـتۆ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا نزمتریـن پلـەی کۆمەڵایەتیـان هەبـوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ ئەوەی ئەم پرۆسەیە هەنگاوێک بوو بۆ دووسبوونی زیاتر نایەکسانی لە کۆمەڵگەکاندا، بەڵام لە هەمانکاتدا بووەهۆی فراوانبوونی سنووری کۆمەڵگەکان، زۆربوونی زەویوزار و ئاژاڵ و لەسەرروو هەموویانەوە زیادبوونی ژمارەی خەڵکانی نوێی کارکەر، کۆیلەکان، کە بوونە سەرچاوەیەکی گرنگی بەرهەمهێنان و زیاتر گەشەکردنی کۆمەڵگەکان. ئەمەش سەرلەنوێ بازێکی تربوو بۆ پێشەوە لە ڕێڕەوی گەشەکردنی دەزگا سیاسی و ئیداری و سەربازییەکاندا و سەرەتای دروستبوونی دەوڵەت و سەرهەڵدانی شارستانیەتە کۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست «٢ ل ١٣٦».

لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە گەورانەی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری ئەو کۆمەڵگەیانەدا، ژمارەی دانیشتوان زیادیکرد، ئاستی ژیانی چەند توێژ و چینێک بەرزبۆوە، شارەزاییان زیادیکرد و لە پاڵیاندا گەشەکردن لە بیروڕا و بیرکردنەوە، زانیاری، زمان و ئاستی گەشەکردنی ئایدۆلۆجی سەرەتایی بەرزبۆوە. بەرزبوونەوەی ئەو ئاستانە سەرلەنوێ یارمەتیدەربوو بۆ زیاتر گەشەکردن و باشتربوونی گوزەرانی خەڵک، لەسەرروو هەموویانەوە زیادبوونی زاڵبوونی دەسەڵاتدارەکان بەسەر کۆمەڵگە و دەوروپشتیاندا. یەکێک لەو بوارە ئایدۆلوجیانەی کە زیاتر گونجاو بوو لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگە سەرەتاییانە، ئایین بوو «١٢٧، بەشی ٥».

مرۆڤ و کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی پێش شۆڕشی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنان، ژیانێکی سەختیان هەبووە، هەمیشە لە ململانێدابوون لەگەڵ هێزە سروشتییەکاندا، وەکو لافاو، هەورە تریشقە، سوتاندن، وشکانی، برسێتی، نەخۆشی و پەتا بڵاوبوونەوە. ئەو مرۆڤانە نە توانا، نە ئامرازی پێویستتیان هەبووە ، نە ئاستی زانیاری و بیرکردنەوەیان هێندە بەرزبووە، کە بتوانن هۆکاری بوونی ئەو هێزە سروشتیانە لێکبدەنەوە و بەرەنگاریان ببنەوە و خۆیان بپارێزن. بێدەسەڵاتی ئەو مرۆڤانە رووبەڕووی هێز و هەڕەشەکانی سروشت لەسەریان، وایلێکردوون بکەونە ئەو قەناعەتەی، کە دەبێ هێزێکی ئەزەلی هەبێت لەدەرەوەی خۆیان، کە هۆکاری ئەو رووداوانەیە و تەنها ئەو هێزە لەتوانایدایە ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە بێتەوە و خەڵکەکە بپارێزێت.

ئەمە بەگشتی سەرچاوەی دروستبوونی ئایینە سەرەتاییەکان بووە. ئەو کاتانە لای ئەو خەڵکە، ئەو هێزە ئەزەلییە زیاتر لە پێکهاتەکانی سروشتدا خۆی بینیوەتەوە، وەکو رۆژ، ئاگر، ئاو، ئاژەڵێکی بەهێز یان سیمبۆلێک وەکو بتێک. هەتا ئەو سەرچاوەیە لایان زیاتر نائاشکرا و نەناسراوتر بوایە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیاتـر نادیارتـر و گەورەتـر دەبـوو «٨١ ل٢٣». دواتـر، بەتایبەتـی لـەم ناوچانـەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ئایینـە ئاسـمانییەکان، کـە پـاڵ بـە هێزێکـی گـەورەی توانـا بێسـنوور و ئەزەلـی و نەدیـوو نائاشـکرا دەبەسـتێت، جێگای خـۆی گـرت و ئایینـە گەورەکانـی وەکـو جـو، مەسـیح و ئیسـلامی لێکەوتـەوە.

لەگـەڵ دروسـتبوونی کۆمەڵگـە نوێیەکانـی ئـەو چەرخـەدا، دروسـتبوونی شارسـتانی، نایەکسـانی و دابەشـبوونی کۆمەڵگـە بەسـەر چیـن و توێـژی جیـاوازدا. دروسـتبوونی جیـاوازی نێـوان ئافـرەت و پیـاو و کۆنترۆڵـی پیـاو بەسـەریاندا، زیادبوونـی چەودسـاندنەوە و ململانـێ، زیادبوونـی گێچـەڵ و توندوتیـژی لـە نێوان گرووپـی ناوچـە جیاوازەکانـدا و شەڕوشـۆڕ و داگیرکردنـی ناوچـەی یەکتـری و بەکۆیلەکردنـی یەکتـری، بیـرو بـاوەڕی ئایینـی لـە دوو فاقـەوە گۆڕانـکاری و گەشـەکردنی بەخـۆوە بینـی «٨١ ل٥٣».

سـەرەڕای پاڵدانـی مـرۆڤ بـەلای ئاییـن و بـڕواوە، بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی هێـز و هەڕەشـە سروشـتییەکان بەسـەریانەوە، هەڕەشـە کۆمەڵایەتییەکانیـش هاتنـە پاڵـی. زۆربـەی خەڵکـە بێدەسـەڵاتەکە زیاتـر لـە جـاران پێویسـتیان پەیداکـرد بـە بڕوایـەک، بەهێزێکـی بەتوانـا، کـە بەرەنـگاری ئـەم هەڕەشـە نوێیانـەش ببێتـەوە، لەبەرئـەوە بـڕوای ئایینـی لەناویانـدا هێنـدەی تـر بەهێـز بـوو، زەمینـە بـۆ گەشـەکردن و فراوانبوونـی ئایینـەکان باشـتر بـوو.

لەبەرامبـەردا، بـۆ کۆنترلکردنـی کۆمەڵگـە، پێویسـتی دەسـەڵاتداران زیادیکـرد، کـە ئـەو ئایینانـە، خـوداکان و پیـاوە ئایینیـەکان بخەنـە پـاڵ خۆیـان. هەتـا سـەرکردە و دەسـەڵاتدار بەهێزتربووایـە، توانـای زیاتـر دەبـوو، کـە زیاتـر خـۆی لـە خـودا و دەسـەڵاتی ئایینـی نزیـک بکاتـەوە، هەتـا دەگەیشـتە ئاسـتێک، لەنـاو کۆمەڵگەکـەدا خۆیـان بـە نوێنـەری خـۆدا دابنێـن وهـەرە بەهێزەکانیـان دەبوونـە خـودای سـەر زەمیـن.

وەک چـۆن خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـووە سـەرقافڵەی مرۆڤایەتـی لـە شۆڕشـی نیشـتەجێبوون و بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی و شارسـتانیدا، لەدایکبوونـی سیسـتمێکی نوێـی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری، بـە هەمـان شـێوە ئـەم ناوچانـە بوونـە سـەرقافڵەی بیـر و زانیـاری نـوێ، هونـەری حوکمـداری و یاسـادانان و لەسـەروو هەموویانـەوە، بـووە سـەرقافڵەی مرۆڤایەتـی لـە دایکبوونـی ئایینـەکان و زیادبوونـی ژمارەیـان و گەشـەکردنیان و بڵاوبوونەوەیـان لـە بەشـی هـەرەزۆری جیهانـی کۆنـدا.

ئـەو ئایینانـە هەتـا رادەیـەک توانیویانـە خەڵکەکـە یەکخـەن و لەیـەک نزیکیـان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بخەنــەوە، بەڵانســێک و ســازان و ئاشــتبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتــی لەنێــوان دەســەڵاتداران و بێدەســەڵاتەکاندا دروســت بکــەن، دەمــاودەم ململانــێ ناوخۆیــی و ناوچەییــەکان هەتــا رادەیــەک و بــۆ ماوەیــەک کپکەنــەوە. ئەمــە بــۆ ماوەیــەک بەرهەمهێنــان و داهاتەکانــی زیاددەکــرد و ســەقامگیری دروســتدەکرد، ژمــارەی دانیشــتوان زیــادی دەکــرد، خۆشــگوزەرانی خەڵکەکانــی باشــتر دەکــرد و شارســتانییەکانی دەگەشــاندەوە.

بــە گــۆڕان و گەشــەکردن لــە کۆمەڵگەکانــدا، بەزیادبوونــی ململانێــوە و تێکچونــی ئــەو بەڵانســەی نێــوان پێکهاتــە کۆمەڵایەتییــەکان و نێــوان شارســتانیەتە دراوســێکان، ئــەو ئایینانــەی کــە پێشــترهەبوون، لــە رۆڵ بینینــی خۆیانــدا شکســتیان هێنــاوە. بۆیــە ئــەو ئایینانــەش پێویســتیان بــە گۆڕانــکاری بــووە، کــە لەگــەڵ ئــەو بــارە نوێیانــەدا بگونجێنرێــن. بۆیــە یــەک لــەدوای یــەک ئاییــن یــان پێغەمبــەری نــوێ هاتــووە و جێگای یەکتریــان گرتۆتــەوە، یاخــود لــە هەمــان ئاییــندا چاکســازی رویــداوە و مەزهــەب و قوتابخانــەی نــوێ پەیــدا بــووە، تەفســیر و لێکدانــەوەی جیاوازتریان کردووە بــۆ دیاردە و مەســەلەکان. قوتابخانــە جیاوازەکانــی مەســیحییەت، وەکــو کاســۆلیک، پرۆتســتانت و ئەرتۆدۆکــس، هەروەهــا مەزهەبەکانــی ئیســلام، وەکــو شــافعی و حەنبەلــی و ســەلەفی و وەهابــی و شــیعەو ســوننە، نمونــەی ئەوانــەن.

بەشــێوەیەکی گشــتی هیــچ جیاوازێکــی ئەوتــۆ لەنێــوان ناوەرۆکــی ئــەو ئاییــن و قوتابخانانــەدا نەبــووە، هیچیــان نەبوونەتــە هــۆی گۆڕانکاری ریشــەیی لــە کۆمەڵگەکاندا، هیچیــان نەیانتونیــوە و نەیانویســتووە گۆڕانــکاری لــە سیســتەمی بەڕێوەبردنــی سیاســی و ئابوریــدا بکــەن، بەڵکــو هەمیشــە لــە رێــگای دروســتکردنی بەڵانســێکی نــوێ لەنێــوان هێــزە کۆمەڵایەتێکانــدا، پارێــزگاری هەمــان سیســتمی کۆنیــان کــردووە و هێشــتویانەتەوە. بەپێــی بــڕوا ئایینــەکان، گــۆڕان و گەشــەکردن، بوژانــەوە، تازەبوونەوە لــە کۆمەڵگــە، سروشــت، ئــاژەڵ، رووەک، مــرۆڤ، بیــروڕای جیــاواز جێــگای نابێتــەوە، هەمــوو شــتێک ئەزەلــی و نەگــۆڕە و هــەر هەرچــی هەیــە هــەر لەســەرەتاوە، لــە ئەزەلــەوە بنەمــای بــۆ دانــراوە و لادان لــەو بیــروڕا و رێبــازە، جێــگای قبــوڵ نیــە و کفــرە و ســەرەتای ئاخــری زەمانــە و دەبــێ بەهەمــوو شــێوەیەک رێــگای لێبگیرێــت.

هەڵســەنگاندنی ئــەو گۆڕانکارییانــەی لــە جیهانــی کۆنــدا روویانــداوە، دەبــێ بخرێنــە قاڵبــی ئــەو قۆناغــە مێژووییــەوە، کــە تیایــدا روویانــداوە، لــە روانگــە و دەروازەی جیــاوازەوە ســەیربکرێن. لــەو چەرخــە مێژوویــەدا، لەلایەکــەوە دەبینیــن گۆڕانــکاری مــەزن روویــداو مرۆڤایەتــی خســتە ئاســتێکی زۆر بەرزتــرەوە. لەلایەکــی تــرەوە گۆڕانــکاری لــە سیســتەمی بەڕێوەبردنــی سیاســی و ئابوریــدا، کۆمەڵگەیەکــی نایەکســان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و توێژ و چین و پێکهاتەی هەمە چەشنی لێکەوتەوە «١٢٧بەشی٥». هەر یەکەیان خاوەنی بەرژەوەندی جیاوازبوون. ئەو بەرژەوەندییە جیاوازانەش بوونە هۆی ململاکانی لەنێوان ئەو هێزانەدا، ململانێیەکی درێژخایانی هەزار ساڵە، ململانێیەک کە سەرلەنوێ گوژمی داوە بە تازەکردنەوە و پێویستی نوێیی دروستکردووە و ڕێگای بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی مەزنتر خۆشکردووە. بێ ئەو گۆڕانکارییە سەرەتاییانە، ڕەنگە هەتا ئێستاش مرۆڤایەتی هەر حەوداڵ دوای ڕاوکردن و تۆو و گژوگیا کۆکردنەوەدا بوایە.

لەپاڵ دروستبوونی ئەم شارستانییەتانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، شارستنێتی تر لە هەندێ بەشی تری جیهاندا دروست بووە. هیندییە سوورەکانی دنیای نوێ، ئەمەریکای باکور و باشور، لەگەڵ ئەوەی بە هەزارەها ساڵ لە دنیای کۆن دابڕابوون، بەڵام لەوێش پێنج هەزار ساڵ پێش زایین، شۆڕشی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنان خۆبەخۆ ڕوویداوە و شارستانییەتی سەرەتایی لە ناویاندا دروستبووە «٢ ل١٤٣». ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیا، نمونەی چین و هیندستان، بەهەمان شێوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕێبازی هاوچەشنیان هەبووە و شارستانی لێکەوتۆتەوە. یۆنانی کۆن، کە ئێستا بەشێکە لە ئەوروپا، یەکێک بووە لە شارستانییەتە نزیکەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵی لە بڵاوبوونەوەی شۆڕشی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی لە باشوری ئەوروپادا هەبووە. گەشەکردنی باشوری ئەوروپا و دامەزراندنی کۆمار و ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاستی هێندەی تر بوژاندەوە. پەیوەندی و پابەستنەبوون و ململانێی ئەو شارستانیانەی یۆنانی کۆن و باشوری ئەوروپا، گرنگتر و فراوانتر بوون لەگەڵ ئەوانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکور و خۆرهەڵاتی کۆنی ئەوروپادا.

پێکەوتەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقادا، ناوچەکەی کرد بە چەقی جیهانی کۆن و پارچە جیاوازەکانی ئەوسای جیهانی پێکەوە بەستەوە. ئەو پێکەوتەیە وایکرد، کە لە جیهانی کۆندا، بەهەزارەها ساڵ، هەتا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، ببێتە سەرقافڵەی جیهان و فاکتەرێکی کاریگەر لە گەشەکردن و بوژاندنەوەو بازرگانی.

نووسین و باسی زۆر هەیە لەسەر شارستانیەتە کۆنەکانی مرۆڤایەتی کۆن، لێرەدا تەنها بە خێرایی چاو بە هەندێکیان دادەخشێنین، بە مەبەستی بیرخستنەوەی ڕۆڵی سەرقافڵەیی ناوچەکە و زیاتر چوونە ناو لێکۆڵینەوەکەمان و زیاتر تێگەیشتنی هۆکاری سەرقافڵەبوون و پاشەکشێکردنی ناوچەکە.

**- میزۆپۆتامیا ٥٠٠٠ـ٣٣١ (پ. ز)**

بە کۆی ناوچەکانی کەنار و نێوان روبارەکانی دیجلە و فورات دەوترێت میزۆپۆتامیا. یەکەم نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ و شارستانیەت لەم ناوچەیەدا درووستبووە. زیادبوونی رێژەی ئاوی ئەم روبارانە، لەگەڵ پێویستی وەرزی چاندندا نەدەگونجا، لەبەرئەوە بۆ هێشتنەوەی ئاو بۆ کاتی چاندن، پێویستی بەوە دەکرد کە بەنداو و کەناڵ دروستبکرێ. دروستکردنی ئەوانە پێویستی بە گردبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵک بوو لە شوێنێکدا بۆ هاریکردنی دروستکردنیان و لە هەمانکاتدا رێکخستنی کاروباریان، کە دەبووە هۆی بەهێزکردنی دەوڵەتەکانی شارستانیەتە کۆنەکان و زیاتر کۆنترۆڵکردن و رێکخستنی خەڵک و ناوچەکان. ئەم روبارانە رێڕەوی رژاندنیان لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر گۆڕانی بەسەر هاتووە. گۆڕانی رێڕەوی روبارەکان، بەردەوامبوونی نیشتەجێبوونی خەڵکەکەی لەهەمان شوێنی کەناری روبارێکدا زەحمەتکردووە. ئەو روبارانە هەر ساڵەو بە ناوچەیەکی تایبەتیدا تێپەربوون، لەبەرئەوە زەحمەت بووە ئاواییەک یان گوندێک لە شوێنێکی جێگیردا دروست بکرێت، لەبەرئەوە زۆربەیان لە شارەکاندا نیشتەجێبوون و تەنها لە وەرزی کاردا چونەتە ئەو شوێنانە و دواتر گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان.

بەرفراوانیی ناوچەکە و بوونی چەندەها دەوڵەت و دەسەڵات و هەڕەشەیان لەسەر یەک، هەمیسانەوە فاکتەرێک بوون بۆئەوەی خەڵکەکە، زیاتر لە شارە گەورە و بچوکەکاندا کۆببنەوە، ئەمەش بۆتەهۆی دروستبوونی شاری گەورە و شارستانیەتی بەهێز، کە تیایدا دەسەڵاتدار بەئاسانتر توانای کۆنترۆڵکردنی هەبێت. ئەمانە بوونەتە هۆی پلاندانان و رێکخستنی بەرهەمهێنان و ژیان بەڕێوەبردن، کە مانەوە و گەشەکردن و بەهێزبوونی ئەو شارستانییەتانەیان لێکەوتۆتەوە «٥٧ ل٥».

فراونی و جیاوازی کەش و سروشتی ناوچەکان و جۆری بەرهەمەکانیان، زۆری ژمارەی میللەت و پێکهاتە و دەوڵەت ، جیاوازی بەرهەمی ناوچەکان، وایکرد کەلەم ناوچانەدا خەڵکی پێویستیان بە بەرهەمی یەکتری بێت و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوانیاندا بێتەکایەوە و چین و توێژی بازرگانی چالاک دروست بێت و پەرەبسێنێت.

شارستانی سۆمەرەکان، کە لە نێوان ساڵەکانی ٥٥٠٠-٢٣٤٠(پ. ز) لەم ناوچانەدا بوون، زمانی تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە لە نووسینەکانی سەر خشتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قوڕەکانـدا دۆزراوەتـەوە، وەکـو میللـەت لـە ناوچـوون. لەهـەرە شارسـتانیەتە کۆنەکانـی ناوچەکـە دەژمێررێـن. دەسـەڵاتیان لـە ناوچەکانـی باشـوری عێراقـی ئەمـرۆ، لـە دەورووپشـتی روبارەکانـدا بـووە. سـەرەڕای کشـتوکاڵ و سیسـتمی ئـاودان و ئـاژەڵ راگرتـن، لـە ڕووی بازرگانـی و پیشەسـازیی پیشـەیی وەکـو بەکارهێنانـی چـەرم، چنیـن، میتـاڵ، بینـای خشـت و گڵـکاری گەشـەی بەخـۆوە بینیـەوە. دەوڵەتەکەیـان، لـە چەندەهـا شـاری گـەورە و بچـوک پێکهاتـووە، کـە خەڵکـی لەنـاو و دەورووپشـتی جێگیربـوون و کاریـان کـردووە.
گۆتیـەکان، لەدەوروبـەری سـێ هـەزار سـاڵ پێـش زاییـن، لـە باشـووری کوردسـتان لـە ناوچەکانـی نێـوان زنجیرەکانـی شـاخی زاگـرۆس و روبـاری دیجلـە، باشـور و خـواروی خۆرهەڵاتـی کوردسـتان، لـە ناوچەکانـی شـارەزوری ئەمـرۆ، سـەریان هەڵـداوە. شـوێنەواریان هەتـا ئێسـتا بەشـێوەکی سیسـتماتیکی نەدۆزراوەتـەوە، کـە چۆنیەتـی بنەمـای کۆمەڵایتیـان تـەواو ئاشـکرا بـکات. سـەنتەری دەسـەڵاتیان لـە ناوچـە شـاخاویکاندا بـووە. هەمیشـە لـە شـەڕدابوون لەگـەڵ سـۆمەرییەکان و ئەکەدییەکانـدا و پەلامـاری یەکتریانـداوە.
ئاشـوورییەکان، ٢٠٠٠ـ٦٠٩ (پ. ز) بـە یەکەمیـن دەوڵەتـی زەبـەلاح دادەنرێـن، کـە بووبـن بـە خاوەنـی لـە شـکرێکی گـەورە و توانیبێتیـان لـە بازنـەی سـنوورەکانی میزۆپۆتامیـا دەربچـن. لەکاتـی بەهێزبوونیـدا، سـنووری دەسـەڵاتیان لـە باکـور گەیشـتۆتە ئەرمینیـا، لـە رۆژهـەڵات میـدەکان، لـە باشـور کەنـداو، لـە رۆژئـاوا کەنارەکانـی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت و هەتـا سـنووری بیابانەکانـی ئەفەریقـا.
بابلییـەکان، سـاڵەکانی ٢٠٠٠-٥٣٩(پ. ز) هەبـوون و بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا یاسـایان نووسـیوە و پەسـندیانکرد و پەیڕەویانکـرد. سـنووریان زیادیکـرد و زۆربـەی شـوێنەکانی نێـوان دوو روبارەکەیـان لـە ژێـر دەسـەڵاتدا بـووە، هەتـا رادەیـەک لەشـەڕ خۆیـان پاراسـتووە.
هیتـەکان، سـاڵەکانی ١٧٠٠-١٢٠٠(پ. ز) دەسـەڵاتداربوون. لـەوە دەچێ یەکەم شـەپۆلی هاتنـی هینـدۆ ئەوروپییەکانبـن بـۆ خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت. لـە رۆژئـاوای ئێسـتای کوردسـتان گیرسـاونەتەوە و لەگـەڵ خەڵکـی رەسـەنی ناوچەکـە تێکـەڵ بـوون. لـە دوای بـە هێزبوونیـان ناوچەکانـی ئەنـادۆڵ و رۆژئـاوای کوردسـتان هەتـا کەنـار دەریاکانـی باکـوری سـوریا لـە ژێـر دەسـەڵاتیاندا بـووە. هاوسـنووری ئاشـوری و فیرعەونیـەکان بـوون. لـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵدا لەبەرنەبوونـی روبـاری گـەورە پشـتیان بـە بـاران بەسـتووە، زیاتـر دانەوێلـە و سـەوزەواتیان چانـدووە. شـوێنی شـاخاوی و لـەوەڕگاکان یارمەتـی دەربـوون بـۆ خـۆ راگرتـن و مەرومـاڵات راگرتـن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێهاتووبوون لە پەیداکردن و بەکارهێنانی مێتالی وەک مس و قورقوشم و ئاسن. خورییان بۆ رستن بەکارهێناوە. لەبەر دوورییان لە روباری گەورە و دەریاوە، رێگای وشکانیان بۆ گواستنەوە بەکارهێناوە «٥٧ ل٢٢».
کلدانەکان، ساڵەکانی ٦٢٥-٥٣٩(پ. ز) دەسەڵاتدار بوون. توانیان دەسەڵاتی خۆیان زیادبکەن، سنووریان فراوان بکەن و قودس (ئۆرشەلیم) بگرن و دەسەڵاتی جولەکەکان(بەنی ئیسرائیل) لاواز بکەن. توانیان دەوروبەری ١٥٠٠٠ جولەکە بە زۆر بگوێزنەوە بۆ ناوچە کانی خۆیان. لەگەڵ میدەکان رێککەوتن و خۆرهەڵاتی دیجلەیان بۆ بەجێهێڵان. نەینەوای پایتەختی ئاشوریەکانیان داگیر و کاولکرد «٣٦ ل ٣٤-٤٠\ ٦٧ ل١٧\٥٢\٥٣\٢ل١٣٦».

## - فیرعەونییەکان ٣٠٠٠ـ٣٠ (پ. ز)

فیرعەونیەکان، گەورەترین و گرنگترین دراوسێی میزۆپۆتامیا بوون لە رۆژئاواوە. تاکە دەوڵەتی جیهانە، کە هەتا ئێستا وەک وڵات لە شوێن و سنووری خۆیدا مابێتەوە. زمانی فەرمی دەوڵەتەکەیان ئاسیایی/ئەفریقایی بووە، کە خزمایەتی لەگەڵ سامی و بەربەریدا هەیە. لەگەڵ ئەوەی میسر وڵاتێکی گەورەیە، بەڵام لەبەرئەوەی بەشی گەورەی بیابانە، ئەو شارستانی و وڵاتە گرنگە دەوڵەمەندە لە کەنارەکانی نیلی پڕ بەرەکەتدا دروست بوو. پاشاکانی میسر مافی حوکمرانیان بە پشتاوپشت بۆ دەمایەوە. دەسەڵاتیان هێندە زۆربووە، لەلایەن کۆمەڵگەوە پلەی خودایان هەبووە. ئەو قوچەک (هەرەم)ە مەزنانەیان دروستکردووە بۆ گۆڕستانی پاشاکانیان. پاشاو سامانەکانیان خستۆتە ناو ئەو قوچەکانەوە، بۆئەوەی ئەو رۆژەی زیندوو دەبنەوە هەموشتیک حازربێت لەبەردەمیاندا بۆ سەرلەنوێ دەست بە حوکمکردن و بەردەوامبوون لە ژیاندا. دەسەڵاتی پاشا و دەسەڵاتی ئایینی زۆر بەهێزبووە، بە بەکارهێنانی شانوبازووی هەزارەها کۆیلە ئەو قوچەکانەیان دروستکردووە و کاروباری بەرهەمهێنانیان بەڕێوەبردووە.
لەبەر باشی و زۆری ئاوی نیل، گونجاوی کەمبوون و زیادبوونی رێژەی ئاوەکەی لەگەڵ وەرزی چاندندا، پێویستی نەبووە زۆر سیستەمی ئاودانی وەکو کەناڵ و بەنداو و حەوز، بەشێوەی ناوچەکانی میزۆپۆتامیا دروستبکرێت و بەکار بهێنرێت.
لەبەر کەمی رووبەری وڵاتەکە، بە بەراورد لەگەڵ میزۆپۆتامیادا و بوونی تاکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتێک تیایدا، هەروەها دەوڵەمەندیی نیل و هەمە چەشنەیی بەرووبومی کشتوکاڵی لەهەموو ناوچەکانیدا، پێویستی بەبازرگانی بەرفراوان نەبووە، لەبەرئەوە ژیانی بازرگانی و چین و توێژێکی بازرگانی بەهێز گەشەی نەکردووە. بازرگانییان لەگەڵ میزۆپۆتامیا و یۆنان بەهێزبووە. دەسەڵاتدارانی دەوڵەت مۆنۆپۆلی ئەو بازرگانییەیان کردووە، ئەو بازرگان و پیشەییانەی کە هەبوون، لە ژێر پەیڕەو و کۆنترۆڵی راستەوخۆی فیرعەونەکاندا بوون. دواتر فیرعەونیەکان لاواز بوون و لە کۆتاییدا بەدەستی رۆمەکان لە ناوچوون «**٣٦ ل ٢٨\ ٥٢\ ٥٣**».

**ـ ئیلام ٢٧٠٠ـ٥٣٩(پ. ز)**

لە هەرە شارستانیەتە کۆنەکانی ئێرانی کۆنە، کە توانیبێتیان دەوڵەتێکی بەهێز و شاری بەهێز تیایدا بونیادبنێن. لە باشووری رۆژئاوای ئێران لە ناوچەکانی ئەمرۆی خۆزستان جێگیربوون، رەگەز و زمانیان جیاوازە لەوانەی تری ناوچەکە. دراوسێیی سۆمەرییەکان بوون و سیستەمی حوکمدارییان لەوانەی میزوپۆتانیاوە نزیک بوون. لە دوای هاتنی شەپۆلەکانی هیندۆ ئەوروپیەکان لە ناوچوون و لەگەڵیاندا تێکەڵاوبوون و پاشوازیان نەماوە «**٣٥ ل ١،٢**».

**ـ ئاخامەکان ٦٤٨ـ٣٣٠ (پ. ز)**

ئاخامەکان، هیندۆ ئەوروپی بوون و بەشێکن لە سەرچاوەی رەچەڵەکی فارسەکان. لەسەرەتادا لەژێر دەسەڵاتی میدەکاندا بوون، بەڵام دواتر توانیویانە بەسەر میدەکاندا زاڵبن و ناوچەکانیان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. دەوڵەتێکی بەرفراوانیان دروستکردووە، کە بێجگەلە ئێرانی ئەمرۆ، دەستیان بەسەر هەموو کورستانی ئەمرۆدا گرتووە، دەوروبەری دەریای رەش، بەشێک لە ئەفغانستان و پاکستانی ئێستا، بەشێک لە عێراق و سوریا و لبنانی ئەمرۆ، هەتا دەریای سپی ناوەڕاست. دەستیان هەبووە لە بازرگانیدا هەتا گەیشتۆتە ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. لە سەرەتادا ئەو ناوچانەی کەوتونەتە ژێردەسەڵاتیانەوە، وەکو ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەربەخۆی بچکۆلە هێشتۆتەوە و رێگایان پێداون بەپێی کلتور و نەریتی خۆیان ژیانیان بەڕێوەبەرن. ئەوە بووەهۆی بووژاندنەوەی ئیمپراتۆرێتییەکەیان و سنوورەکانی هەتا یۆنان رۆیشت، بەڵام لە داگیرکردنی یۆنان شکستیان هێنا. لە دواییشدا بە دەستی یۆنانیەکان دەوڵەتەکەیان داگیرکراو لە ناوچوون «**١١ل ١،٢\ ٣٦ ل٥٢**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ـ یۆنانییەکان ٣٠٠٠ـ١٤٦ (پ. ز)**

لـە باکـوری ڕۆژئـاواوە، یۆنانییـەکان گرنگتریـن دراوسـێی میزۆپۆتامیـا بـوون، دەروازەی پەیوەندیـی بـووە لەگـەڵ ئەورووپـای کـۆن و وەکـو دیوارێـک وابـووە لەنێوانانـدا. دەوروبـەری دوو هـەزار سـاڵ دوای سـۆمەرەکان و لەهەمـان کاتـدا لەگـەڵ فیرعەونیـەکان سـەریان هەڵـداوە. تایبەتمەندیـی یۆنـان لەوەدایـە، کـە لـەو چەرخـە کۆنانـەدا، پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت زیاتـر و توندوتۆڵتـر بـووە، وەک لەگـەڵ ئەوروپـادا، بۆیـە دەکرێـت لـەو سـەردەمەدا بـە بەشـێک لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەژمـار بکرێـت. هەروەهـا تاکـە شارسـتانییەتی سـەرەتاییە لـە ئەورپـادا و تەنهـا بەشـێکی کەمـی ئـەو کیشـوەرەی گرتـەوە، کـە بریتـی بـوو لـە یۆنـان و مەکەدۆنیـا و دەورپشـتەکەی و کەنارەکانـی دەریـای سـپی ناوەڕاسـتی باشـوری ئەوروپـا. لـەو سـەردەمانەدا ڕۆژئـاوا و باکـوری ئەوروپـا تـازە مـرۆڤ تیایـدا خەریکی نیشـتەجێبوون و دەسـتپێکردنی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵبوون.

یەکێـک لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەم دەوڵەتـە دۆزینـەوە و بەکارهێنانـی زۆری هەنـدێ مێتالـی گرنـگ بـوو، وەکـو قورقوشـم و ئاسـن، کـە بوونەهـۆکاری گەشـەکردنی تەکنیکـی دروسـتکردنی هەنـدێ ئامـرازی بەرهەمهێنـان و چـەک درووسـتکردن.

بەهـۆی ئـەوەی ئـەو وڵاتـە پێکەوتەیەکـی جوگرافـی گرنگـی لەسـەر دەریـای هەبـووە و دانیشـتوانەکەی لەژمارەیەکـی زۆر دورگـەدا بڵاوبونەتـەوە، بازرگانیەکـی بـە فراونـی لـە نێوانانـدا دروسـت بـوو و شـارەزاییان پەیداکـرد لـە دروسـتکردنی کەشـتی و کەشـتیوانیدا. بوونـی ئـەو ژمـارە زۆرە دورگـە رووبـەر بچوکانـە وایکـرد دەسـەڵاتی ناوەندیـی پاشـاکانیان لاوازبێـت و نەتوانـن بـە ئاسـانی کۆنترۆڵی ئەو هەمـوو دورگەیە بکـەن، لـە هەمـان کاتـدا ناچـاری داهـات و پاڵپشـتیان بـوون. بۆیـە خەڵکەکـەی بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا، سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرفراوانیـان دانـا، سیسـتمێکی کۆمـاری لەسـەر بنەمـای هەڵبـژاردن. ئـەو سیسـتمە بەتایبەتـی لەسـەرەتاکانیدا، بووەهـۆی بوژانـەوە و پێشـکەوتنی وڵاتەکـە لـە هەمـوو بوارەکانـی بەرهەمهێنـان و بازرگانـی و بیـرو کلتـوردا. فەلسـەفەی یۆنانـی کـۆن گەواهیـدەری ئـەو راسـتییەن. هەرچەنـدە ئـەو دیموکراتیـە بۆ هەمـووان نەبـووە، کویلە و کەسـانی سـەر بـە چینـە هـەژارکان بەشـدارییان تیانەکـردووە، بـەڵام ژمارەیەکـی بـە فراوانـی ئـازادەکان بەشـداریی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابورییـان کـردووە.

ئەلێکسـاندەری گـەورە (مەکدۆنـی) پاشـای مەکەدۆنیـای باکـوری یۆنـان، توانـی سـاڵەکانی ٣٦٠-٣٢٣ (پ. ز) دەسـەڵاتی بەسـەر یۆنانـدا بسـەپێنێ. فارسـە ئاخامـەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەڕای هێزەکانی خۆیان، بە دە هەزار چەکداری بەکرێ گیراوی یونانیەوە روویان کردە سنووری وڵاتەکە و هێرشیان کردە سەریان، بەڵام شکستیان هێناو شکان. یۆنانییەکان لە دوای سەرکەوتیان لەو شەڕەدا روویان کردە فینیقییەکان لە کەنار دەریاکانی سوریا و لوبناندا و دەستیان بەسەر وڵاتەکەدا گرت و دوابە دوای ئەوە میسریان بە ئاسانی داگیرکرد و رویان کردە رۆژهەڵات بەرە و عیراقی ئێستا و کوردستان. لە کۆتایی ساڵەکانی**٣٣١**(پ. ز)دا توانییان وڵاتی ئاخامەکان داگیربکەن و رووی هێرشەکەیان بکەنە هیندستان، بەڵام لەوە سەریان نەگرت و فریای زیاتر نەکەوتن. بەهاتنی یونانییەکان بۆ ناوچەکە، کلتور و بیرکردنەوەی نوێ و فەلسەفەی نوێتر و شێوازێکی جیاوازتر هاتە ئەو ناوچانەوە و کاریان کردە سەر خاسڵەتەکانی ناوچەکە.
کە یۆنانییەکان ناوچەکانی ئێرانیان بەجێهێشت، سەردەمی سلوقییەکان **٣٢٣-١٥٠** (پ. ز) دەستی پێکرد، هەندێک لە سەرکردە سەربازییەکانی یۆنان لەو ناوچانە مانەوە و توانیان دەوڵەتێکی بەهێز لە رۆژئاوای ئێران دروستبکەن. لە دوییدا توانییان سنوورەکانیان فراوان بکەن لە رێگەی داگیرکردنی ئەفغانستان و کوردستان و میزۆپۆتامیا و ناوەڕاستی تورکیا و سوریا و لوبنان «**٣٦**ل**٥٦،٤٣\ ١٤٣\ ١٤٧ ٥٧** ل**٣٣،٥٠**».

**ـ فینیقییەکان ١١٠٠ـ١٤٦** (پ. ز)

لە ناوچەکانی لوبنان و کەناری باشوری سوریا سەریانهەڵداوە و جێگیربوون. بە زمانی فینیقی دواون، کە زمانێکی سامی بووە. لە دواییدا لە دوای دەسەڵاتی ئاخامە فارسەکان، زمانی ئارامی زاڵبووە بەسەر زمانەکەیاندا.
لەگەڵ گەشەکردنی بابل و زیادبوونی بازرگانی بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست و بوونی وڵاتی گەورەی میسر لەسەر ئەو دەریایە و بوونی یۆنان لە باکور، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لای فینیقییەکان زیادیکرد و رۆڵێکی گرنگیان بینی لە دەوروپشتی هەموو دەریاکە، هەر لە میسرەوە بۆ باکوری ئەفریقا هەتا کەنار دەریاکانی باشوری ئەوروپا، لە کەناردەریاکانی ئیسپانیا و ئیتاڵیا و هەتا دەچێتە یۆنان. لە شوێنی ئێستای تونس شاری کارتاگۆ- یان بونیادنا، کە بووە سەنتەرێکی گرنگی بازرگانی کەنار دەریاکە. فینیقییەکان، میزۆپۆتامیا و وڵاتی فارس و کوردستانیان بەستەوە بە وڵاتەکانی دەریای سپی ناوەڕاستەوە. کەشتیوان و کەشتی دروستکەری زیرەک بوون، کەشتییەکانیان **٢٠ـ٣٠**مەتر درێژ و **٧** مەتر پان بوون، جێگای نزیکەی **٢٠** پیاوی دەگرت. لە کاتێکدا ئاخامەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشەیان کرد و سنوورەکانیان فراوان بوو و گەیشتنە کەناری دەریاکە، سودێکی زۆریان لە کەشتی و کەشتیوانی و بازرگانە فینیقییەکان وەرگرت لە بازرگانی و شەڕەکانیاندا دژی یۆنانییەکان. ساڵی ١٤٦(پ. ز) ڕۆمەکان شکاندنیان و خستنیانە ژێر دەستی خۆیانەوە و کارتاگۆ- یان کاولکرد.
ساڵەکانی **٩٣٠-٥٣٧** (پ. ز) ئایینی جولەکە لە ناو میللەتی ئیسرائیل سەریهەڵدا و مەملەکەتی بنی ئیسرائیلی لێپەیدابوو. بوژاندنەوی بازرگانی لەناوچەکەدا لەو سەردەمەدا کاردانەوەی لەسەر خاسڵەتەکانی ئەو ئایینە هەبووە. ئاسانکاریکردن بۆ جموجۆڵی بازرگانی و فینانس و قەرزدان، لەو ئایینە و لەناو جولەکەکاندا ڕۆڵی گرنگی هەبووە و هەتا ئێستاش ڕۆڵی لە جیهاندا هەیە. لە کاتێکدا فینیقییەکان زیاتر کاری بازرگانی سەر دەریایان کردووە، جولەکەکان خەریکی کاروانی بازرگانی وشکانی بوون لەناویند و دەریا و شارستانیەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.
دروستبوون و ڕۆڵی فینیقییەکان، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر گرنگ بووە، بە بوونی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر، ڕەنگە دوو هەزار ساڵ پێش ئینگلترا شۆڕشی پیشەسازی تیایدا سەری هەڵدایە «**٣٦ ل٤٧\ ٥٢\ ٥٣\ ٥٧ل٣٣**».

**ـ ساسانییەکان ٢٢٦ (پ. ز) – ٦٥٠(ز. )**

دوابەدوای ئەشکانییەکان دەسەڵاتیان پەیداکردووە. لەلایەن ڕەچەڵەکی فارسەکانەوە دامەزرا و دەسەڵاتی بۆ ناوچەکانی کوردستان فراوان بوو، عێراقی ئەمرۆ، زۆربەی باکور و ناوەڕاستی تورکیای ئێستا، سوریا، لوبنان، فەڵەستین، میسر، ئوردن، یەمەن، کەناراوەکانی خۆرهەڵاتی نیوەدورگەی عەرەب (بێجگە لە حیجاز، کە خێڵە عەرەبەکان کۆنترۆڵیان کردووە)، وڵاتەکانی ئەمرۆی باکوری ئێران، ئەفغانستان. سنووریان ڕۆژئاوای هیندستان و چین بوو، ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆما و بێزەنتیەکان بووە.
سیستمی سیاسی و ئابوری و کلتوریان بە کاردانەوەی ڕۆمەکان گۆڕانکاری بەسەرهات، بوو بە تێکەڵەیەک لەنێوان ڕێبازی فارسی کۆن و میزۆپتانیا و ڕۆمەکان. ئەم دەوڵەتە، دوایین ئیمپراتۆریەتی ئێرانی فارسییە لەدوای فەتحی ئیسلامیەوە، دوای ئەوان چیتر هیچ ئیمپراتۆرێکی فارسی تر دروست نەبوو. دەسەڵاتی دەوڵەت بە حوکمرانی شاهەنشا بەدەست بنەماڵە ئۆرۆستۆکراتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فارسەکانەوە بووە. بنەماڵەی شا و ئورۆستۆکرات، لەشوێنە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەکەدا دەسەڵاتیان پێدراوە. لە پاڵ ئەوانەدا پیاوانی ئایینی زەردەشت رۆڵی گرنگیان لە حوکمرانیدا هەبووە. چین و توێژ و پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگە، وەکو کۆیلە و جوتیار و بازرگان و پیشەیی هیچ دەسەڵاتێکی سیساسی و ئابوریان نەبووە.

لە هەندێ شوێنی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریتەکەدا، بەڕێوەبردنی ناوچەکان لەنێوان بنەماڵەی شاهەنشا و چین و توێژە ئوروستروکراتیە ناوخۆییەکاندا دابەشکراوە، لەهەندێ شوێنی تردا نوێنەری شاهەنشا دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەسەر سەرەک خێڵەکاندا هە بووە و باجیان لێ سەندوون و لەکاتی شەڕدا پیاوەکانیان بەشدارییان پێکراوە.

ئابوری وڵاتەکە، لەسەر بنچینەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بووە و دەوڵەت ڕۆڵی لە پرۆژەکانی ئاودانیدا هەبووە. باج لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵ و مەڕ و ماڵاتی خێڵە رەوەندەکانی هەندێ ناوچە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتەکانی دەوڵەتەکە بووە.

ساسانییەکان هەمیشە لە ململانێ و ناکۆکی و شەڕوشۆری بەردەوامدابوون لەگەڵ دەوروپشتیاندا، بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی لە رۆژئاوا و خێڵە بەدەویە عەرەبەکانی نیوەدورگەی عەرەب، کە مەترسیدار بوون بۆ سەریان و بەردەوام هەڵمەتی لەناکاویان بۆ هێناون.

لە رۆژهەڵات، لەگەڵ دەسەڵاتی ئەشکانییەکان و خێڵەکیەکاندا لەشەڕدابوون. لە باکورەوە هەمیشە هەڕەشە و هەڵمەتی خێڵە تورکەکانیان لەسەربووە. لە ناوخۆدا نارەزایی چینە هەژارەکان و میللە ت و کۆمە ڵگا خێڵەکییەکانیان لەسەربووە.

بەهۆی ئەوەی ئە م دەوڵەتە رووبەرێکی گەورەی بەدەستەوە بووە ، کەوتۆتە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاواوە، ڕۆڵێکی گرنگی لە بازرگانی و رێکخستنی کاروان و رێگاوبانە بازرگیەکاندا هەبووە. بازرگانی تیایدا بوژاوەتەوە. بەرهەمهێنانی ئاوریشم و پیشەی بەرهەمی ئاوریشم لە دەوروبەری قەزوین پە رە ی سەندووە و بازرگانیی لەگەڵ بەرهەمی چینییەکان لە ململانێدا بووە.

لە سەدەکانی پێنج و شەشدا، لەبەر گەورەیی دەوڵەتەکە و زیادبوونی گرژی و ململانێی ناوخۆ، خواستی سەرکردەکانی وڵاتەکانی ناوچەکە و هێزە خۆماڵیەکانیان بۆ خۆبەڕێوەبردن، شەڕوشۆڕی بەردەوام لەگەڵ بێزەنتییەکاندا، ئەمانیش بەهەمان شێوی رۆمەکان زۆر لاواز بوون.

لەو سەردەمەدا بەهۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی ئەو دەوڵەتەوە، رەنگە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درەفتی گۆڕان لە سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری دروست بوایە و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش زەمینەیەکی گونجاوی هاوچەشنی دواتری رۆژئاوای ئەوروپا بۆ گەشەکردن بۆ دروست ببوایە. بەڵام لەم ناوچەیەدا فاکتەرێکی نوێ سەری هەڵدا، کە رێبازێکی تایبەتی بۆ ئەم ناوچەیە دروستکرد،( کە باسی بەندی سێهەممانە).

وەکو چۆن سیستمی سیاسی و ئیداری ئیمپراتۆریەتی رۆما کاردانەوەی هەبووە لەسەر ساسانییەکان، بەهەمان شێوە ئەم سیستمە، لە رووی بەڕێوەبردنی ئیداری و ئابوری و سیستمی باجەکاندا، کاریگەری لەسەر سیستمی سیاسی و بەڕێوە بردنی دەوڵەتەکانی خەلافەتی راشدین و ئەمەوی و عەباسی دوای خۆی هەبووە. دەوڵەتی ساسانی ساڵی ٦٥٠(ز. ) بە دەستی فەتحی ئیسلامی لە رەگ و ریشەوە لەناوچوو «٣٦ ل ٧٢\ ٤٧\٥٢\٥٣».

**- کوردستان:**

کوردستان، بەهەمان شێوەی میزۆپۆتامیا، شوێنەواری گەرای شارستانییەتە کۆنەکانی ناوچەکە بووە، کاریتێکراوە و کاری تێکردون. بەپێی ئەو شوێنەوارانەی کە دۆزراوەتەوە، شۆڕشی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ، لێرەش ٧هەزار ساڵ پێش زایین گەشەیەکی باشی بەخۆوە بینیوە. نمونەی ئەوانە پاشماوەکانی ناوچەکانی شارەزور، هەولێر، کەرکوک، چەمچەماڵ، جزیرە، چەرمۆ، چیای جودی و گری ناقۆکە، لە باشور و باکور و رۆژئاوای کوردستان، کە تیایاندا پاشماوەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵ و گەنم و جۆ دۆزراوەتەوە. لە شارستانییەتە کۆنەکانی ئەم ناوچانەدا بەهەمان شێوەی میزۆپۆتامیا شارەکان ئەگەر بچوکیش بووبن، رۆڵی سەرەکیان لە حوکمڕانیدا هەبووە و لەوێوە کۆنترۆڵی لادێکانی دەوروپشتکراوە.

ئەوانە بە هەزاران و سەدان ساڵ پێش هاتنی هیندۆ ئەوروپیەکان لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا نیشتەجێبوون، ئەوانە لەگەڵ تازە هاتووەکاندا تێکەڵاو بوون و بە تێپەڕبوونی کات کورد و کەمایەتییەکانی کوردستانی ئەمڕۆیان لێکەوتۆتەوە. سۆمەرەکان هەمیشە لە کوردستاندا هەبوون و بەپێی هەندێ مێژوونووس، زمانەکەیان ئاشنایی لەگەڵ کوردیدا هەبووە، هەروەها میللەتانی تری وەکو هۆرییەکان، ئەکەدییەکان، هیتەکان، گۆتییەکان، کەم و زۆر خزمایەتی و نزیکایەتییان لە کوردستانی کۆندا هەبووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میدییەکان ٧٢٨_٥٥٠ (پ. ز) رەگەزیان هیندۆ ئەورووپی بووە، بەپێی زۆر لە مێژوونووسەکان بەشێکی گرنگن لە سەرچاوەی رەچەڵەکی کورد، لە ناوچەکانی باشوری دەریاچەی قەزوین و کوردستانی ئەمڕۆدا جێگیربوون و تێکەڵاوی خەڵکە رەسەنەکانی ناوچەکە بوون و بەسەریاندا زاڵبوون و کۆنترۆڵیان کردوون. لە باکور سنووریان ئەرمینیا و دەریاچەی قەزوین بووە، لە رۆژهەڵات ئەشکانییەکان بوون، کە ئەوانیش هیندۆ ئەورووپی بوون، لە رۆژئاوادا ئاشوورییەکان و لە باشور لەسەرەتادا ئیلامییەکان دواتر ئاخامە هیندۆ ئەوروپییەکان بوون جێگایان گرتوونەتەوە. وڵاتەکەیان لە ژمارەیەک میرنشین پێکهاتووە، کە لەژێر چەتری ئەو دەوڵەتەدا یەکیانگرتووە. لەگەڵ ئاشوریەکان لە شەڕ و شۆڕدابوون، بەڵام نەیانتوانیوە بچنە ناوچەکانیانەوە. میدییەکان ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی وڵاتی ئاخامەکانیان کردووە، بەڵام ئەمانەی دواتر بەهێزبوون و دەوڵەتی خۆیان دامەزراندووە. میدییەکان ساڵی ٥٥٠ (پ. ز) کەوتونەتە ژێر حوکمڕانیانەوە.

ئاشوری و یۆنانیەکان، دواتر ساسانیەکانیش جێ پەنجەی خۆیان لەسەر ئەم ناوچانە بەجێهێشتووە، رۆڵیان لە گەشەکردنی ناوچەکەدا و بەستنەوەیان بە شارستیەتە کۆنەکانەوە بینیوە.

دواتر، بەشەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی ساسانیەکاندا بووە، سەرۆکەکانیان بەهاریکاری لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانی بنەماڵەی شاهەنشایی ساسانیەکاندا هاریکاری حوکمرانی و شەڕ و شۆڕیان کردووە. بەشی رۆژئاوای کوردستان زیاتر لەژێر دەسەڵاتی بیزەنتیەکاندا بووە. کوردستان جێگای ململانێی دەوڵەتی ساسانی و بێزەنتی بووە، سنوورەکانیان و رێژەی دەسەڵاتی هەر یەکێکیان لەو ناوچانەدا بەردەوام گۆڕانکاری بەسەر هاتووە. کۆمەڵگەی کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی لە ژێر دەسەڵاتی خێڵەکییەکان و میرنشینە بچوکە خۆماڵیەکاندا بوون، باجیان داوە بەو دەوڵەتانە و لە نێوانیاندا دەستا و دەستیان پێکراوە.

ناوچەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە هەمیشە وەکو شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، خەڵکی نوێ روویان تێکردووە و کاریان تێکردووە، بەڵام هەمیشە دوای نەمانی میدییەکانیش، نیمچە سەربەخۆیی خێڵەکی و وردە میرنشینی هەر تێدابووە و بەرێبازێکی تایبەتی ماونەتەوە و خاسڵەتی تایبەتی خۆی پەیداکردووە، کە دواتر لە لێکۆڵینەوەکەدا، دەگەڕێینەوە سەری. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شارستانییەتە کۆنەکانی کوردستان، بڕوانە «٣ل٧٣» «٧٢ل٢٨» «٥٢\٤٧».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ـ شارستانییەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیا

لەگەڵ ئەوەی هیندستان و چین ناکەونە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام بەشێکی گرنگن لە جیهانی کۆن و نوێ و کاردانەوەیان لەسەر ناوچەکە هەبووە، بۆیە پێویستە لێرەدا بوون و ڕۆڵیان لە یادنەکرێت.
شارستانێتی کۆنی هیندستان بۆ ۱۷۰۰–۱۲۰۰ (پ. ز) دەگەڕێتەوە، ئەو خەڵکەی کە لەو سەردەمانەدا لە هیندستانی کۆن ئەو دەوڵەت و شارستانییەتەیان دروستکردووە، ڕەگەزیان جیاوازبووە لە هیندییەکانی دوای خۆیان، کە هیندۆ ئەوروپی بوون، ئەوانە بەتەواوەتی وەکو میللەت لە ناو چوون و هیندییەکان جێگایان گرتونەتەوە.
شارستانێتی دواتری هیندستان گرنگە لە مێژووی مرووڤایەتیدا، لەسەردەمی پێش شۆڕشی پیشەسازی ئەورووپا و گەشەکردنی بازاڕی سەرمایەداریدا، لە بازرگانی و پیشەسازیدا، بەتایبەتی قوماشی لۆکە، لە شوێنەکانی تری جیهان پێشکەوتووتر بوون.
چینی کۆن، ۱۵۰۰ساڵ (پ. ز) یەکەم شارستانییەت لەو وڵاتە دامەزراوە و دواتر چەندین دەوڵەتی گەورە تیایدا جێگای یەکتریان گرتۆتەوە. یەکەم شارستانی و دەوڵەت لەوێ ناوی شەنگ بووە. لەو شارستانیەدا لەهەندێ سەردەمی کۆنی پێش شۆڕشی پیشەسازی ڕۆژئاوای ئەورووپاوە، گەشەکردنی پیشەسازیی سەرەتایی و بازرگانی دوور و نزیک و هەندێ بەرهەمهێنان و زانست تیایدا لە شوێنەکانی تری جیهان پێشکەوتووتر بووە، سەرچاوەی زانستی و بەرهەمی ئاوریشم و فەخفوری نایاب بووە بۆ جیهانی کۆن «۳٦ ل٩٥».

## ـ ڕۆمەکان ٦٠٠(پ. ز)ـ٤٧٦ (ز. )

ئیمپراتۆریەتی ڕۆما، تاکە دەوڵەتی زەبەلاحی ئەورووپای کۆن نەبوو، بەڵکو لەهەمانکاتدا پەیوندی و کاردانەوەی لەسەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کەمتر نەبوو وەک لەسەر ئەورووپا. هەتا فەتحی ئیسلامی حوکمڕانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا بەشکردووە و دواتریش بێزەنتییەکان هەتا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست دەکرێ بە بەشێک لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابنرێن.
شاری ڕۆما لەساڵی ۷۵۳(پ. ز) وەک شارێکی بازرگانی گەشەیکرد. ساڵی ٥٠٩(پ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ز) سەربەخۆیی خۆی راگەیاندوو بووە کۆمارێکی سەربەخۆ، دواتر سنوورەکانی فراوان بوو، زۆر شوێنی خوارووی ئیتاڵیای کەوتە ژێردەست.ساڵی ٨٣ (پ. ز) دوای شەڕ و ململانێی نێوان دوو جەنەراڵ، یەکێکیان زاڵ بوو و خۆی کرد بە دکتاتۆر بەسەر رۆمادا. ساڵی ٢٧(پ. ز) کۆمار بوو بە قەیسەرییەت و ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پێکهات.

کۆماری رۆما لەنێوان ٥٠٩ـ٢٧ (پ. ز) بەهۆی ئەوەی لەدەوروپشتیدا دەسەڵاتێکی تری ناوەندی بەهێز نەبوو، سەربەخۆیی خۆی پاراست و گەشەکردنێکی باشی بازرگانی بەخۆوە بینی و چینێکی بازرگانی بەهێزی تیادا دروست بوو. ئەم چینە بەهێزە رێگای نەئەدا کەس لە شارەکە زۆر بەهێزبێت و خۆی بکاتە پاشا، بەڵکو بە پێی ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگەکە بڕیاری پەیڕەوکردنی سیستمێکی کۆماری گونجاویاندا. کۆماری رۆما، رۆما خۆی و دەوروپشتەکەی، کۆمەڵگەکەی لە سێ چین پێکهاتبوون:

١ـ چینی سەرەوەی ئورۆستۆکراتی. لەرێگای پەیڕەوکردنی سیستمێکی دیموکراتی کۆمارییەوە دەسەڵات و بڕیاری ئابوری و سیاسیان پەیڕە و دەکرد. شورایەک، کە ئەو چینە هەڵیاندەبژارد، ساڵی جارێک تیایدا سەرکردەیەکیان هەڵدەبژارد بۆ حوکمکردن، چەند کەسێکی تریان دەستنیشاندەکرد کە رۆڵی راوێژکەرییان دەبینی و هەریەکێک لەوانە بۆماوەی ساڵێک بە لێپرسراوی بوارێکی تایبەتی. هەر شەش مانگ جارێک دکتاتۆرێکیان دەست نیشاندەکرد، کە ئەرکی ئامادەکاری بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕ و ئاژاوە.

٢ـ میللەت، یاخود ئازادەکان. ئەمانە خەڵکی ئازادبوون و لە توێژی خوارەوەی چینی ناوەڕاست و خوارەوە بوون، لە جوتیار و کارکەر و پیشەیی و کاسبکاری بچوک پێکهاتبوون. لەسەرەتادا هیچ مافی رادەربڕین و فشاریان لەسەر دەوڵەت و بڕیارە سیاسی و ئابورییەکاندا نەبوو، بەڵام دواتر لەدوای ململانێیەکی سەخت و درێژخایان ئەنجومەنێکی تایبەتییان پێکهێنا نوێنەرایەتیان بکات، بۆ پاراستنی ماف و گەیاندنی داواکارییەکانیان بە شوراکەی چینی سەرەوە. ٣ـ کۆیلەکان: ئەمانە هیچ مافێکیان نەبوو و موڵکی دەوڵەت و چینی سەرەوەبوون، ئەو خەڵکانە بوون، کە لە شەڕ یان داگیرکردنی ناوچە جیاوازەکان لە ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپا دەستبەسەر دەکران. ئەمانە بەکاری کشتوکاڵی، کاری قورسی ناو شار و دەوڵەت و سەربازی سوپا بەکار دەهێنران.

بەهۆی ئەو سیستمە بەڕێوەبردنە سیاسی و ئابورییە هەتا رادەیەک بەر فراوانەدا، دەوڵەتەکە گەشەیەکی زۆری بە خۆیەوە بینی و هەتا دەهات سنوورەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فراوانتر دەبوو. بەڵام دواتر بەهۆی فراوانی دەوڵەتەکە و زیادبوونی ژمارەی کۆیلەکان و شەڕ و شۆڕی بەردەوامەوە، هەتا دەهات چینی سەرەوە توندڕەوتر و تاکڕەوتر دەبوو، کە بووەهۆی تێکشکاندنی سیستمی کۆماری و دانانی سیستمێکی قەیسەری ئەبسلیوتزمی کۆیلایەتییەتی لەجێگای. ئەم دەوڵەتە توانی بەسەر یۆنانیەکان و فینیقیەکان دا زاڵبێت و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ، سنوورەکانی فراون بکات. لە رۆژهەڵاتەوە، هەموو تورکیای ئەمڕۆ و بەشیکی زۆری کوردستان و کەنار دەریاکانی سوریا و لوبنان و فەڵەستینیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆوە، لە باشورەوە، هەموو میسر و کەنار دەریاکانی باکوری ئەفریقا و لە باکور و رۆژئاواوە، هەموو باشور و ناوەڕاست و رۆژئاوای ئەوروپا کەوتە ژێردەسەڵاتیەوە.

لەناکۆکی و شەڕی بەردەوامدا بوون لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا بۆ دەستبەسەراگرتنی ناوچەی نوێ، بەکۆیلەکردنی خەڵک و بازرگانیکردن پێیانەوە و هەوڵدانی کونترۆڵکردنی بازرگانی لە ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەگەڵ ئەمانەشدا، ئاڵوگۆڕی بازرگانی بوژابۆوە لە ناوەندیاندا. لەو رێگا وشکانیانەوە کە بەوێدا تێدەپەری، ئاڵوگۆڕی بارگانییان لەگەڵ خۆرهەڵاتی ئاسیا، زیاتر لە کۆن گەشەیکرد. لەناو سنووری ئیمراتۆرێتییەکە خۆیدا، ناڕەزایی و ململانێ و راپەرین بەردەوام بوون. لەلایەکەوە ناڕەزایی و راپەرینی جوتیار و چینە بەرهەمهێنەرەکانی تری لێدەکەوتەوە بەهۆی قورسیی باری ژیانیان و باجی قورس و ناچارکردنی کورە گەنجەکانیان لە بەشدارکردنی شەڕوشۆڕدا، کە دەبووە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی خەڵکی کارکەریان و کەمبوونەوەی بەرهەمەکانیان لەلایەکی ترەوە، زیادبوونی ژمارەی کۆیلەکان و چەوساندنەوەی بێ ئەندازەیان، دەبووە هۆی راپەڕینیان، لەسەروو هەموویانەوە، راپەڕینە گەورەکەی ساڵەکانی ٧٣(ز. ) کاردانەوەی گەورەی هەبوو.

سەرەڕای ئەوانە، ململانێیەکی گەورە لەنێوان سەرلەشکرەکانی ناو سوپاکەیاندا هەبوو، لە پێناوی بەهێزکردنی پایەی خۆیان و دەستگرتن بەسەر داهاتی ناوچەکاندا. دەسەڵاتدارەکانی ناوچە جیاوازەکانی ناو ئەوروپا دەیانویست لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتوریەتەکە دەرچن و بەشی داهات و موڵکایەتی زەویوزاری خۆیان زیادکەن و دەسەڵاتی زیاتر بۆ خۆییان بهێڵنەوە. ئەمانە هەتا دەهات وای لە بەشی رۆژئاوای دەوڵەتەکە دەکرد، کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا کەمبێتەوە و بەرەو تێکشکاندن و پارچە پارچەبوون بچێت.

ساڵی ٣٢٤(ز. ) ئایینی مەسیحی بەفەرمی بووە ئایینی دەوڵەت. ساڵی ٣٣٠(ز.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

) ئیمراتۆرێتەکـە بەشـی خۆرهەڵاتـی لێجیابـۆوە بەنـاوی ئیمپراتۆریەتـی بێزەنتـی و قوسـتەنتینییە (ئەسـتەنبوڵی ئێسـتا) کـرا بـە پایتەختـی.

لەگـەڵ شکسـتهێنانی بەشـی رۆژئـاوای ئیمراتۆرەکـەدا، شـاری رۆمـا و کەنیسـەی کاسـۆلیک تیایـدا وەکـو سـەنتەرێکی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئایینـی ئەوروپـای رۆژئـاوا هـەر مایـەوە. ئـەم کەنیسـەیە دواتـر بـوو بـە فاکتەرێـک بـۆ یەکخسـتنی وڵاتەکانـی ئەوروپـا و هاوکاریـی سـەربازی لـە گەڵیانـدا. بەهێـزی خۆیـی و لەشـکری پاشـاکان چەندەهـا هەڵمەتـی خاچپەرسـتییان لەنـاو ئەوروپـا و دژی موسـڵمانەکان، یـان بێزەنتییـەکان رێکخسـت.

لەگـەڵ کەوتنـی ئیمپراتۆریەتـی رۆمـا، بێزەنتییـەکان بەتەواوەتـی بوونـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ. سـنووری دەسـەڵاتی بریتـی بـوو لـە یۆنـان و مەکەدۆنیـای ئێسـتا و تورکیـا و بەشـی رۆژئـاوای کوردسـتان، ناوچـە کەنـار دەریاکانـی سـوریا و لوبنـان و فەڵەسـتین و میسـر و باکـوری ئێسـتای لیبیـا. سیسـتمی سیاسـی و ئابـوری هەمـان شـێوازی بەشـی رۆژئـاوای ئیمپراتۆرێتەکـەی هەبـوو. بـەڵام لەبەرئـەوەی سـنووری دەسـەڵاتی بچوکتـر بـوو، ژمـارەی دانیشـتوانی کەمتـر بـوو، بەهـۆی بەهێـزی زیاتـر و تونـدڕەوی و تاکـڕەوی دەسـەڵاتی فیـوداڵ لـە خۆرهەڵاتـی ئەوروپـادا، دەوڵەتەکـە هەتـا هـەزار سـاڵ دوای کەوتنـی ئیمپراتۆریەتـی رۆمـا هـەر مایـەوە.

کەنیسـەی کاسـۆلیکی رۆمـا پێشـتر چەندەهـا هەڵمەتـی خاچپەرسـتییان کردبـووە سـەریان، بـەڵام سـاڵە کانـی **١٢٠٢**(ز. ) کەوتنـە بـەر هەڵمەتـی خاچپەرسـتیی چوارەمـی رۆمـا، کـە زیانێکـی زۆری لـە شـارەکەدا و ئیمپراتۆریەتییەکـەی چـاک لاوازکـرد و بـوو بـە ناوچەیەکـی ژێـر کۆنترۆڵیانـەوە.

لەسـاڵەکانی **٦٦٠**(ز. ) دا بەدەسـتی فەتحـی ئیسـلامیەوە ناوچەکانـی زۆری خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتی وەکـو میسـر و رۆژئـاوای کوردسـتان و بـە شـیکی تورکیایـان لەدەسـتدا. ئـەوەی بەدەسـتیانەوە مایـەوە ناوچەکانـی یۆنـان و مەکەدۆنیـا رۆژئـاوای تورکیـای ئێسـتا بـوو، هەتـا لـە دووییـدا کەوتـە دەسـت عوسـمانیەکانەوە، سـاڵی **١٤٥٣** بەتەواوەتی دەوڵەتەکـە لـە ناوچـوو.

قوسـتەنتینییە لـە شـارە هـەرە گەورەکانـی ئـەو سـەردەمەی جیهـان بـوو، ژمـارەی دانیشـتونی نزیـک ببـووەوە لـە یـەک ملیـۆن کـەس. بەهـۆی پێکەوتـەی جوگرافییـەوە رۆڵێکـی گرنگـی هەبـووە لـە بازرگانـی نێـوان ئاسـیا و ئەوروپـا و دەریـای سـپی ناوەڕاسـتدا. بـە پایتەختـی جوانـی ئەوسـای ئەوروپـا دانـراوە، کـە جێگـای رووتێکردنی خـە ڵکێکـی زۆر بـووە. شانبەشـانی رۆم بـووە ناوەنـدی دووەمـی مەسـیحیەت و بیسـکۆپی خـۆی هەبـووە «**٣٦ل١٧٣\ ٢ل١٦٦،١٥٨\٥٢**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**- ئەفریقا وەکو بەشێکی گرنگ لە جیهانی کۆن**

ئەفریقا، کیشوەرێکی مەزنە و بەشێکی گرنگە لە جیهاندا، کاریگەری خۆی هەبووە. زۆربەی خەڵکانی ئەفریقا لە مێژووی کۆندا پەرش و بڵاوبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لێرەش پێش زۆر شوێنی ئەوروپا چەندەها شارستانی لە کۆندا سەریهەڵداوە. بێجگە لە میسر، یەکەم شارستانی ساڵەکانی **۲۵۰۰** پێش زایین، لە خۆرهەڵاتی ئەفریقا، ئەسیوبیای ئێستا سەریهەڵداوە. ئەو ناوچەیە گەشەکردنی باشی ئاڵوگۆڕی دووره بازرگانی لە رێگای میسر و دەریای سورەوە تیادا رویداوە.

لەگەڵ ئەوەی کە لەو کیشوەرەدا چەندەها ورده شارستانی سەرەتایی دروستبوون، بەڵام بەشێوەی میسر و میزۆپۆتامیا، دەوڵەتی زۆری زەبەلاحی لێ نەکەوتۆتەوە، کە بتوانێ ناوچەی گەورە بخاتە ژێر دەسەڵاتیەوە، یاخود ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر میسری کۆن و بەشەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی بەهێز، کە بتوانێ کۆنترۆڵی ناوچەکان بکات، لەبەر پچڕپچڕی و لاوازی خەڵکەکەی و ململانێ و دوژمنایەتی و کوشتار لە ناویاندا، ماوەیەکی دوور و درێژ دانیشتوانی کیشوەرەکە لەلایەن هەندێ هێزو گروپەوە، راوکراون و کراون بە کۆیلە و لەشەڕ و بەرهەمهێناندا بەکارهێنراون و لە بازارەکاندا فرۆشراون «**۲ ل۲۵۰،۳۳۵\ ۵۲**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بۆچی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرقافڵەیەتی لەدەستدا؟

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە هەزارەها ساڵ پێش هەموو شوێنەکانی تری جیهان کەوتوون، یەکەم شۆڕشی مرۆڤایەتی تیادا روویدا و ژمارەیەکی زۆر شارستانێتی و دەوڵەتی گرنگ تیایدا دروست بوو. بەڵام وەک بینیمان ئەو رێرەوە، لەباتی بەردەوامبوون و زیاتر بوژاندنەوەی، لەباتی ئەوەی هەر لەم شوێنەدا بە دوو سێ هەزار ساڵ پێش شوێنەکانی تری جیهان شۆڕشی پیشەسازی تیادا رووبدات، ڕووبەڕووی چەندەها شکست بۆوە، شارستانیەکان یەک لەدوای یەک سەرنگوم بوون. ئەو سەرقافڵەییەی هەیبوو لەدەستی چوو، هەندێ شوێنی جیهان کە زۆر لەدوایانەوە بوو، پێی گەیشتنەوە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەجێهێشت. هەڵبەتە ناکرێ ئەمە شتێکی ڕیکەوت، یان نەگبەتی خەڵکەکەی بووبێت، یان خودا غەزەبی لێگرتبن، بەڵکو دەبێت بەهەمان شێوەی بوونی ئەو فاکتەرانەی کردی بەسەرقافڵە، فاکتەری گرنگ هەبێت، کە بووبێت بەهۆکاری ئەو شکستهێنان و کۆسپانەی کەوتنە رێگای گەشەکردنی.

لێرەدا هەوڵدەدەین لە چەند خاڵێکدا ئەو خاسڵەت و فاکتەرانەی کە بوونە هۆکاری شکستهێنان و پاشەکشێکردنی ئەو شارستانیە کۆنانە لە چەند خاڵێکدا بە کورتی کۆیان بکەینەوە:

### ١ - سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری

شۆڕشی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنان، لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان کەم و زۆر لەکاتی جیاوازدا روویداوە. لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیا، ئەفریقا و هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا. ئەو شۆڕشە گۆڕانکاری فراوان و بنچینەیی بوو لەسیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوریدا. لە کاتێکدا ئەو سیستمە لەسەرەتادا بووەهۆی دروستبوونی شارستانی و دەوڵەتەکان و بوژاندنەوەی ژیانی مرۆڤایەتی، دواتر هەمان سیستەم، بەهۆی سروشتی ئەبسلوتیزمی سنووردارەوە، کەم یان زۆر وەکو یەک، بووە هۆی لاوازبوون و تێکشکاندن و نەمانی یەک لەدوای یەکیان لە هەموو شوێنەکانی کۆنی جیهاندا. ئەتوانین بڵێین ئەمە یاسایەکی زانستییانەی گشتییە و فاکتەری هاوبەشی سەرەکییە. فاکتەرەکانی تر بەشێوەی جیاواز بە پۆزەتیف یان نێگەتیف کاری تێدەکەن. لەگەڵ ئەوەی بەهۆی شۆڕشی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنانەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆڕانكاری مەزن روویدا و رێگا بۆ گۆڕانكاری گەورەتر خۆشبوو، بەڵام ئەو گۆڕانكارییانە لایەنێكی نێگەتیڤیان هەبوو، كە بناغەی بۆ دروستبوونی چین و توێژ و پێكهاتەی جیاواز لە كۆمەڵگەكانەدا دانا و گردبوونەوەی توانیای ئابوری و سیاسی لە چنگی ژمارەیەكی كەمی چین و توێژێكی ئۆرۆستۆكرات، دامەزراندنی سیستمێكی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری سنووورداری ئەبسولیتزم «١٢٧، بەشی چوار».

ئەمانە هەمووی بوونە هۆی زیادبوونی ململانێ لەناو خودی كۆمەڵگەكان و لەنێوان كۆمەڵگە و ناوچە و دەوڵەتە جیاوازەكاندا، كە راپەڕین و شەڕ و شۆڕی بەردەوام و داگیركردن و تاڵانكردنی یەكتری بە دواوەبوو. لەهەمانكاتدا سەختبوونی بار و ئەركی سەرشانی چینە بەرهەمهێنەرەكانی خوارەوە لە رێگای دانانی باج و سەرانە و بێگاریەكی بێ سنوورەوە.

مانەوە و بەردەوامبوونی ئەو دەوڵەتانە لەسەر دوو بنەما بوو، یەكەمیان شەڕكردن لەگەڵ دراوسێكانیان و داگیركردن و تاڵانكردنی ناوچەكانیان و بە پلەی جیاواز بە كۆیلەكردنی خەڵكەكانیان، دووەمیان رووتاندنەوەی ناوەوە بوو.

ئەم داهاتانە بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك و خزمەتگوزاری و رێگاوبان و زەمینە خۆشكردن بۆ گەشەكردنی بەرهەمهێنان و خوێندەواری و فێركردن بەكارنەهێنراوە، بەڵكو بوونەتە داهاتی چین و توێژە دەسەڵاتدارەكان و دەستگا ئایینیەكان و خۆشگوزەرانیان، دروستكردنی كۆشك و تەلار و سوپا و چەك بۆ شەڕ و شۆڕی بەردەوام، هەرەمەكانی میسر و باخچە هەڵواسراوەكانی بابل و كۆشك و پەیكەرەكانی ئاشورییەكان نمونەی ئەوانەن. ئەوان كۆیلەیەكی زۆریان بۆ دروستكردنی هەرەمەكان و پەرستگا و گرد و شاخ وبێستان لەپێناوی خۆشگوزەرانی و پیشاندانی توانا و جەبەروتی خۆیان وترساندنی دەورووپشتەكانیان بەكارهێناوە.

چین و توێژە بەرهەمهێنەرەكان دەرفەتی گەشەكردن و باشكردنی بەرهەمهێنان و تەكنیكی نوێ و داهێنانیان نەبوو، درەفتی گەشەپێدانی بازرگانی و بەرەمهێنانی پیشەسازییان نەبوو. لەلایەكەوە لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارەكان دەترسان لەوەی، كە زۆرینەی خەڵكەكە چاویان بكرێتەوە و وشیاربن و ناوەندی كۆمەڵایەتی و سیاسیان بەهێزبێت. لەلایەكی تریشەوە رەنگە ئەو بەرهەمهێنەرانە خۆشیان نەیان ویستبێت، یان لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبووبێت، چونكە هەر چەندێك بەرهەمیان زیادی بكردایە و باشتربكرایە بۆ خۆیان نەبوو، بەڵكو دەچووە گیرفانی چینە دەستەڵاتدارەكانەوە.

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کوردستانیشدا، لە هەزارەها ساڵ پێش زایین، شارستانێتی سەرەتایی و چەند دەوڵەتێک لە شوێنە جیاوازەکانیدا درووست ببوون، کە هەمان بنەمای کۆمەڵاتی و هەمان سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری شوێنەکانی تریان هەبووە. ئەگەرچی دواتر بە هاتنی هیندۆ ئەوروپییەکان، سیستەمی خێڵەکی دەستی بەسەرداگرتبێ، لە چەندەها یەکە و وردە دەسەڵاتی میرنشینی پێکهاتبێ، بەڵام ئەو سیستمەش بەهەمان شێوەی ئەوانی تر سنووردار و ئەبسولیتزم بووە. ئەمەش خاسڵەتی تایبەتی بۆ ئەم وڵاتە دروستکرد، کە رەگو ریشەکانی بۆ هەزارەها ساڵ دەگەڕێتەوە.

رەنگە هەندێ پرسیاری ئەوە بکات، خۆ دەسەڵاتدارانی رۆمەکان و دواتر فیوداڵی ئەوروپای رۆژئاوای سەدەکانی ناوەڕاستیش سیستمەکەیان هێندە لەوانە باشتر نەبوون، بەڵام بۆچی لەگەڵ ئەوەشدا لەو شوێنانە گۆڕانکاری گەورە و شۆڕشی پیشەسازی روویدا؟ بۆ وەڵامی ئەوە لەبەندی داهاتوودا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، بەڵام لەم قۆناغە مێژووییە کۆنانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەندێ فاکتەری کاریگەر هەبوون، کە ئەو سیستمە سیاسی و ئابورییە بەرتەسکەیان زیاتر بەهێز کردووە، لەوانە:

**٢- ناسەقامگیریی بەردەوام**

لەکاتێکدا، کە سروشتی باش و سامان و پێکەوتەی جوگرافی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەرەتادا بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ زیادبوونی دانیشتوان و شۆڕشی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و دامەزراندنی شارستانی، هەمان فاکتەر، پاشان بوونەهۆی ئەوەی لەهەموو شوێنەکانی دەوروپشتەوە، مرۆڤ بەکۆمەڵ رووی تێبکەن و چاو لە هەموو سامانەکانی ببڕن و تەماعی تێبکەن. ئەمە لە سەرانسەری مێژووی کۆنی ئەم ناوچەیدا بە بەردەوامی روویداوە، مرۆڤ پۆل پۆل روویان تێکردووە، جێگای خۆیان کردۆتەوە، کەوتوونەتە ململانێ و شەڕوشۆڕ لەگەڵ یەکتریدا، شارستانیەکانی پێش خۆیان تێکداوە و تازەیان دروستکردووە. ئەم پرۆسەیە بەو شێوەیە لە ئەوروپا و شوێنەکانی تری جیهان بەو رادەیە رووی نەداوە. ئەم گۆڕانکارییە بەردەوامە لە پێکهاتەی ناوچەکەدا، لە روخاندنی دەوڵەتان و دامەزرانی نوێ ناسەقامگیرییەکی بەردەوام و درێژخایانی دروستکردووە، کە مۆڵەتی نەداوە گۆڕانکارییەکی هێمن رووبدات، زەمینەیەک دروستبێت بۆ تێکشکانی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی کۆن و دروستبوونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەرجی نوێ بۆ دروستبوونی چینوتوێژ و هێزی نوێ، کە سیستمێکی بەڕێوەبردنی بەرفراوانتر پێکبهێنن و رێگا بۆ گەشەکردنێکی بەرفراوان خۆشبکات. سنووری ناسراوی جیهانی کۆن لەچەرخە کۆنەکانی مێژوودا، لای مرۆڤایەتی زۆر بچوکتر بووە لە ئێستا، ئەوەی ناسرابوبێت بریتی بووە لە بەشێکی گەورەی ئاسیا، ناوەڕاست و باشوری ئەورووپا، باکور و ناوەڕاستی ئەفریقا. زەمین لای خەڵکانی شارەزای ئەوسا، وەکو فەرشێکی لاکێشەیی تەخت وابووە، ناوەڕاستەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووە. بەکارهێنانی زوربەی رێگا ئاوییەکان نەناسراوبوون و ئەوانەی ناسراویش بوون بەهۆی ئامرازی کەمەوە، زۆر کەم بەکارهاتوون. تاکە رێگای ئاوی، کە بەپێوانەی ئەوسا زۆر بەکارهێنرابێت دەریای سپی ناوەڕاست بووە و لە دواییشدا هەتا رادەیەک دەریای هیندی لەنێوان هیند و چین و دەریای سوور و بەندەر بووە (کەنداوی فارسی یان عەرەبی، لەم کتێبەدا بە بەندەر ناوبراون)، لەبەرئەوە رێگای بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردن و هاتوچۆ لە رێگای وشکانییەکانەوە بوون و بەناوجەرگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کەناری کوردستاندا تێپەڕبوون.

لەبەرئەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چەقی جیهان بووە، سەرەڕای ئەوە لەبەرئەوەی دەوڵەمەنترین شوێن بووە، پڕ سەروەت و خێر و بەرەکەت بووە، دەوڵەتانی جیهان، میللەتان، کۆمەڵگە خێڵەکییەکان روویان تێکردووە، چاویان تێ بڕیوە و بەرژەوەندیی بازرگانییان تیادا پەیداکردووە. ئەو پێکەوتە جوگرافیەی بێجگە لەوەی کردبوویە شوێنی رێگای بازرگانی، لەهەمان کاتدا کردبوویە چەقی ململانێی دەوڵەت و هێزەکانی جیهان، کە هەمیسانەوە بۆتەهۆی ناسەقامگیری زیاتری ناوچەکە.

حاڵی کوردستان بەگشتی، وەکو حاڵی شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووە، کە هەمیشە خەڵکێک و دەوڵاتانێکی زۆر روویان تێکردووە. ئەوە بۆتە هۆی ناسەقامگیریی هەمیشەیی لەناوچەکەدا. سەرەڕای هۆکاری دەرەکی، هۆکاری ناوخۆیی، ململانێی خێڵ و میرنشین و پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکە، سەرچاوەی گرژی و ناسەقامگیریی بوون تیایدا. کوردستان و کەنارەکانی رێگا بازرگانییە کۆنەکانی پێدا رۆیشتووە، سەرەڕێی هێرشی سوپای دەوڵەتان بووە بۆسەر یەکتری، سەرەڕێی شەپۆلی هاتنی میللەتانی خێڵەکی هیندۆ ئەورووپی و دواتر تورک و مەغۆل بوو. ئەمانە کە ناسەقامگیرییان لە وڵاتەکەدا دروستکردووە، سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری سنووررداری تیادا بەهێز کردووە، ململانێی ناوخۆییان زیاترکردووە، رێگربوون لە زەمینە دروستبوون بۆ بەهێزبوون و گەشەکردن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٣- دەوڵەتی زەبەلاح

لەکاتێکدا جیهانی کۆن، بێجگە لەدەوڵەتە کۆنەکانی چین، هیندستان، مایاکانی ئەمەریکا، زۆربەی شوێنەکانی جیهان، یان ناوچەکانی زۆر دواکەوتوو و هەژاربوون، یان دەسەڵاتی بچوکی خۆماڵیان هەبووە. بەڵام هەر هەموو دەوڵەتە کۆنە زەبەلاحەکانی ئەوسای جیهان، یان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروستبوون یاخود دراوسێی بوون و هاتوونەتە ناوی و بۆماوەی دوور و درێژ حوکمدارییان تێداکردووە و هەمیشە پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵی هەبووە ، کاریان تێکردوون و کاری تێکردوون. ئەوروپای ئێستا، لە هەموو مێژووی کۆندا، دوو هێزی زەبەلاحی تێدا دروستبووە. یەکەمیان یۆنانەکان بوون، کە ئەوانیش لە چەرخە کۆنەکاندا بەشێکبوون لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بوون و ڕۆڵیان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر زیاتر بووە لەچاو شوێنەکانی ئەوسای ئەوروپا. دووەمیان ئیمپراتۆرێتی ڕۆما بوو، کە هەمیسانەوە ئەویش، زۆربەی جموجۆڵی لەدەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست بووە و بۆماوەی دورودرێژ دەسەڵاتی بەسەر بەشێکی زۆری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە. بوونی ئەم هەموو دەوڵەتە بە بەردەوامی بۆشاییەکی سیاسی بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دروست نەکردووە بۆ تێکشکاندنی ئەو سیستەمە ڕێگرە. بوونی دەوڵەتی زەبەلاحی بەهێز لەهەندێ قۆناغی مێژووییدا، لەژێر سایەی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراواندا، ڕەنگە ببێتە هۆکاری بەردەوامبوون بە گەشەکردن و خۆشگوزاری، بەڵام لە غیابی ئەو سیستەمەدا، ڕەنگە بۆ ماوەیەک بێتە هۆکاری پلاندانان و گەشەکردن، بەڵام درەنگ یان زوو، دەبێتەهۆی کۆنترۆڵکردن و مۆنۆپۆڵی کۆمەڵگەکان و کۆسپ لەڕێگای گەشەکردن و گۆڕانکاری تیایاندا. دروستبوون و هاتنی ئەو هەموو دەوڵەتە زەبەلاحە لەناوچەکەدا، بەردەوامییداوە بە مانەوەی هەمان سیستەم و درفەت دروست نەبوون بۆ لەدایکبوونی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی بەرفراوانتر و هەروەها بەردەوامبوونی.
لە کوردستاندا، پاش دەوڵەتی میدیا، بە پێچەوانەی شوێنەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، دەوڵەتی زەبەلاحی سەرانسەری خۆماڵی تیادا دروست نەبووە، کە بتوانێ هەموو بەشەکانی وڵاتەکە پێکەوە ببەستێت، دەوڵەتێکی وا دروست نەبووە، کە سنووری وڵاتەکان و میللەتەکانی تر بشکێنێت و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆوە. ئەمە بۆتە خاسڵەتێکی تایبەتی خەڵکانی کوردستان، کە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. ئەمان هەڕەشە نەبوون بۆسەر دراوسێکانیان، هەمیشە پەلاماردراون و لە دەورویشتیانەوە هاتونەتە سەریان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٤- چۆنیەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگەو ڕۆڵی دەوڵەت

چەند فاکتەرێکی گرنگ بوون بەهۆی ئەوەی شارستانیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە چەندەها شاری بچووک و گەورە پێکبێن. لادێکان، کە بە بەرهەمهێانی کشتوکاڵەوە خەریک بوون، لکابوون بەشارەکانەوە و بەشێکبوون لێیان. لەلایەن شارەکانەوە ئیدارەکراون و کۆنترۆڵکراون. لادێ بە مانای ئەمڕۆ، کە یەکەیەکی دابڕاوبێت لە شارەکان، لە ناوچەکانی ئەوسای میزۆپۆتامیا و میسردا شتێکی دەگمەن بووە.

هەڵبەتە ئەمەش وەکو پێشتر باسمانکرد، بەهۆی چەند فاکتەرێکی گرنگ بووە، یەکەمیان خڕبوونەوەی خەڵکەکە و شۆڕشی نیشتەجێبوون، بەهۆی بوونی ئەو ڕووبارانەوە و زەوی بەپیت و بەرەکەتی کەنارەکانیان بووە. ڕێکستن و ئاودان بە ئاوی ڕووبار، بەتایبەتی لە میزۆپۆتامیا، پێویستی بە ڕێکخستنی سیستمی ئاودان بووە، کە تاکە جوتیار و یان چەند جوتیارێک نەیانتوانیوە ڕێکیخەن، بەڵکو پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵک و دەسەڵاتێک بووە بۆ ڕێکخستنی.

دووەمین فاکتەر، لەبەرئەوەی سەرچاوەی ئاو هەر وەکو زەوی ئامرازێکی گرنگی بەرهەمهێنان بووە، توێژی بەهێزی دەسەڵاتدار کۆنترۆڵیان کردووە و بە موڵکی خۆیان زانیوە، هەرچی کەسێک بیویستایە سوود لەو سەرچاوەیە وەرگرێت، دەبوایە بکەوتایە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە.

سێیەمین فاکتەر، بوونی ململانێی قورس بووە لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ دەستبەسەراگرتنی زەوی و سەرچاوەی ئاو، کردنی یەکتری بەکویلە و هێزی بەرهەمهێنەر. ئەمە وای لە خەڵکەکەکردووە بۆ پاراستنی خۆیان و سەرچاوەکانی ژیانیان، بخزێنە ناو و قەراغ شارەکان.

فاکتەری چوارەم، شارەکانی هەریەکە لەدەوڵەتەکان، ئەگەرچی ملکەچی دەسەڵاتی ناوەندی پاشا و پایتەخت بوون، بەڵام نیمچە ئۆتۆنۆمییەکیان هەبووە بۆ بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی شارەکانی خۆیان. ئەم فاکتەرانە دەسەڵاتی ناوەندی و شارەکانی ئەو دوڵەتانەیان بەهێزتر کردووە، بەهێزبوونی ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە، ئەو دەستەبژێرە دەسەڵاتدارە، بەشێوەیەکی یەکجار زۆر، سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری ئەبسولیتزمی بەرتەسکی هێندە بەهێزکردووە، کە زەحمەت بووە بازرگان و پیشەوەر و بەرهەمهێنەرەکان، بەئاسانی بتوانن ڕۆڵ ببین، یان نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبێت و دەرفەتی مانەوە و گەشەکردنی سیستمێکی بەرفراوانتر بونیادبنێن.

لەکاتێکدا شارستانی و دەوڵەتاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەناو شاری گەورەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درووست بوو، گەشەی کرد، لەگەڵ ئەمەشدا دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتەکان کۆنترۆڵی تەواوی بەسەریانەوە هەبوو، لادێکان خەڵکانی کارکەر تیایدا کۆدەبوونەوە، بازرگانەکان بەشێوی گشتی لەژێر رەحمەتی ئەو دەسەڵاتدارانە بوون. لە ئەورووپا لە سەرەتای سەدەکانی زاییندا، هەندێ شار نەبێت، شارەکان دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت تیایاندا لاوازبوو، زۆربەیان لە قەراغ دەریاکاندا بوون، سەربەخۆیی خۆیان هەبوو، لای دەسەڵاتداران هێندە گرنگ نەبوون، چونکە سەرچاوەی داهاتەکانیان لادێکان بوون، بازرگانی و بازرگانەکان تیایاندا ئازادتربوون. ئەم جیاوازییە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرتەسکی ئەبسولیتزمی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەهێزتر کرد، لە ئەورووپا لاوازتری کرد، لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە بەهێزانەوە، شوێنی لاواز کەمتربوو، کە دەرفەت دروست بکات بۆ گۆڕانکاری لەو سیستمەدا. (هەڵبەتە لە بەندی داهاتوودا دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە و سەرچاوەکانی)

هەندێ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە سەردەمی فینیقیەکاندا، لەبەر پێگەی لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست و هەتا رادەیەک ئازادبوونی جموجۆڵی بازرگانی تیایدا، گەشەکردنی ئابوری و پیشەسازی سەرەتایی بەخۆوە بینیوە و خەڵکانی بازرگان و خاوەن کەپیتاڵی تیادا گردبۆتەوە، بەڵام لەبەر بەهێزیی دەسەڵاتی دەوڵەت لە شارەکان و بوونی دەوڵەتی زەبەلاح لەناوچەکەدا و نەبوونی سنووری نەتەوایەتی لەو سەردەمەدا و ناسەقامگیریی بەردەوام، ئەم پرۆسەیە بەردەوامیی بەخۆوە نەبینیوە و زوو لەناوچووە.

میسر لە کۆنەوە و لە سەردەمی فیرعەونەکانەوە، خاسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەبوو. یەکەمین، بەهۆی ئەوەی میسر لەچاو میزۆپۆتامیا بچوکتر بوو، رۆژهەڵات و رۆژئاوای نیل بیابان بوو. رووباری نیل و کەنارەکانی بەپیت و دەوڵەمەند بوو. کۆنترۆڵکردنی نیل لەلایەن فیرعەونەکانەوە، کۆنترۆڵی هەموو دانیشتوانی دەگرتەوە. دووەمین، بەهۆی ئەوەی باکور و باشوری کەنارەکانی نیل هەمان پیتوبەرەکەت و کەژ و هەوای هەبووە، لەهەموو شوێنێک توانراوە بەرهەمی کشتوکاڵی هاوچەشن بچێنرێت، لەبەرئەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بەهەمان شێوەی میزۆپۆتامیا بەهێز نەبووە و توێژێکی بازرگانی بەهێز تیایدا درووست نەبووە.

ئەم فاکتەرانە، بۆنەهۆی دروستبوونی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێزی سەرانسەری لە هەموو وڵاتەکەدا، کە یەک پارچەیی هێشتۆتەوە. بوونی ئەو بیابانانەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، کەمی یان نەبوونی هەڕەشە لە ئەفریقاوە بەسەریانەوە، سەربەخۆیی و مانەوەی وڵاتەکەی ئاسانترکردووە، بۆیە میسر تاکە وڵاتە لە جیهاندا، کە هەر لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەمانی فیرعەونهکانەوە هەتا ئێستا، وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو ماوەتەوە. لەلایەکی ترەوە ئەو فاکتەرانە وایانکردووە، کە هەمیشە دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت مۆنۆپۆڵ و کۆنترۆڵی هەبێت بەسەر وڵاتەکە و چینوتوێژەکانیدا. ئەم خاسڵەتانە لە مێژووی دوای وڵاتەکەدا هەر بەردەوامبووە.

لە کوردستاندا، بەهەمان شێوەی شوێنەکانی تری ناوچەکە شارستانیەتە کۆنەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بەهێزیان پێکهێناوە، بەڵام لە بەر نەبوونی رووباری گەورە و دەشتی بەرفراوان تیایدا، کە خەڵکی بە ژمارەی زۆر لە دەوروبەری نیشتەجێبن و شارستانی گەورەی تیادا دامەزرێنن، شاری گەورەی بازرگانی و بەندەری سەر دەریای نەبووە، بەڵکو بۆتەهۆی دروستبوونی شاری بچوک و بڵاوبونەوەی لادێکانی دەوروپشتی لە ناوچە سەخت و لەیەک دابڕاوەکانی وڵاتەکەدا. تۆپۆگرافیای سەختی وڵاتەکە، ئەگەرچی بۆتە لانەیەک بۆ خۆپارستنی خەڵک و ناوچەکان لە هەڕەشەی یەکتری و دەرەکی، بەڵام رێخۆشکەر نەبووە بۆ دروستبوونی شارستانیەتی گەورە و دەوڵەتی زەبەلاح. کۆسپێک بووە لە رێگای گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پێویستی بوون بەیەک، کە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرتەسکتر کردووە.

## ٥- بوون و هاتنی شەپۆلی نوێی خەڵکانی خێڵەکی

لەکاتێکدا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر پێکەوتە و لاوازبوونی لە سەرەتای سەدەکانی زاینیدا، سەرلەنوێ شەپۆلی نوێی خێڵەکی تورک و عەرەب رووی تێکرد و تیایدا بڵاوبۆوە، لە ئەوروپا ئەوە بەهەمان شێوە رووی نەدا. مانەوەی بێزەنتییەکان هەتا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، کۆنترۆڵکردنی رۆژئاوای تورکیا و یۆنان، کە رێگاکانی بەرەو هیندی نێوان خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەکەوە، رێگای لە هاتنی لێشاوی کۆمەڵگە خێڵەکییەکان بەشێوەیەکی فراوان بۆ ئەوروپا گرت ، کە سەقامگیرێکی تیادا دروستکرد.

بەپێی ئەو بنەما کۆمەڵایەتی و خاسڵەتانەی شارستانی و میللەتان و دەوڵەتە سەرەتاییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیانبووە، بەپێیی ئەو شوێنەوار و شارە کۆنانەی دۆزراوەتەوە، بە پێی شارەکانیان و شێوازی سیستمی حوکمڕانییان، هیچ بەڵگەیەک نیە، کە ئەو کۆمەڵگە کۆنانە و خەڵکە رەسەنەکانی بە کوردستانیشەوە، پێش هاتنی شەپۆلەکانی هیندوئەوروپییەکان و میللەتە خێڵەکییەکانی تری تورک و عەرەب، سروشتێکی سیستمی خێڵەکییان بووبێت. سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئابـوری خێڵەکـی خاسـڵەتی تایبەتـی خـۆی هەیـە، کـە لـە بەشـی سـێهەمی ئـەم لێکۆڵینـەوەدا بـەوردی باسـدەکرێت.

کوردسـتان لەبـەر لاوازی و پارچـە پارچەیـی، بەهـۆی چەندەهـا یەکەی دەسـەڵاتی بچوک تیایـدا، هەمیشـە بـە ئاسـانی شـەپۆلی خێڵەکـی دەرەکـی جێـگای خـۆی تیاداکردۆتـەوە و هەندێکیـان تیـادا جێنشـین بـوون و بوونەتـە بەشـێک لـە پێکهاتـەی وڵاتەکـە، وەکـو تورکمانـە خێڵەکییـەکان، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر بەهـۆی هەمـان فاکتـەرەوە نەیانتوانیـوە دەسـت بەسـەر سەرانسـەری هەمـوو وڵاتەکـەدا بگـرن.

بـەوەی کـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان، لـە مێـژووی دوو هـەزار ساڵەی دواییـدا، سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری خێڵەکـی بەسـەریدا زاڵبـووە، دەبێـت کاتێـک دروسـت بوبێـت کـە هینـدۆ ئەوروپییـەکان لەگـەڵ خۆیـان هێنابێتیـان، بـە تێکەڵاوبـوون لەگـەڵ خەڵکـە رەسـەنەکەدا، ئـەو سیسـتمەیان بەسـەریاندا زاڵکردبێـت. شـەپۆلی یەکەمـی هینـدۆ ئەوروپییـەکان بـۆ کوردسـتان، کـە تیایـدا دەوڵەتـی میدیایـان بونیادنـا لـە رێگـەی دەستبەسـەراگرتنی شارسـتانیەتە کۆنەکانـی وڵاتەکـەوە و خۆگونجانـدن بـووە لەگەڵیانـدا. میدییـەکان توانیویانـە دەسـتبگرن بەسـەر شارسـتانییەتە کۆنەکانـدا، بـەڵام بەهـۆی بەهێـزی ئـەو شارسـتانییەتە کۆنانـە نەیانتوانیـوە لـەو سـەردەمەدا بنبڕیـان بکـەن، کـە فارسـەکان دەوڵەتـی ئاخامەکانیـان دواتـر دروسـتکردووە ، سـودیان لـە شارسـتانییەتە کۆنەکانـی کوردسـتانیش وەرگرتـووە «٨٣ ل١١».

بەتێکشـکاندنی دەوڵەتـی میدیـا و ماننـەوەی هیندۆ ئەوروپیە خێڵەکییەکان لەکوردسـتانێکی پـڕ شـاخوداخی سـەختدا، هەروەهـا هاتنـی شـەپۆلی نوێیـی هینـدۆ ئەوروپـی بـۆ وڵاتەکە، فاکتەرێـک بـوون بـۆ پارێزگاریکـردن و مانـەوەی ئـەو سیسـتەمە تیایدا.

ئاخامـەکان، کـە سـەرچاوەی رەچەڵەکـی فارسـەکان بـوون، زەمینەیەکـی جیاوازیـان بـۆ دروسـت بـووە. ئاخامـە هینـدۆ ئەوروپیـەکان، کـە هاتـوون توانیویانـە دەسـت بەسـەر ناوچەکانـی ئیلامدابگـرن، کـە شارسـتانێتی رەسـەنی ناوچەکـە بـووە، سیسـتمی خێڵەکـی تیایـدا زاڵ نەبـووە، بـەوە سیسـتمی خێڵەکیان تیـادا لاواز بـووە. دواتر دەوڵەتێکـی مەزنیان دروسـتکردووە، کـە توانیویانە دەسـت بەسـەر میزۆپۆتامیادا بگرن و سـنوورەکانیان بگاتە دەریـای سـپی ناوەڕاسـت و یۆنـان. بڵاوبوونەوەیـان بەو شـێوەیە و ئاوێتەبوونیـان لەگەڵ ئـەو کۆمەڵگەیانـەدا، سیسـتمی خێڵەکـی لەناویانـدا لاوازتـر کـردووە. گرتنـی وڵاتەکەیـان لەلایـەن یونانـەکان و مانەوەیـان لـەوێ و دواتـر، دامەزراندنـی دەوڵەتـی سلوقیەکان لـەو ناوچانـەدا، هەمیسـانەوە ئـەو سیسـتمەی لاوازکـردووە. دواتـر دروسـتبوونی دەوڵەتـی ساسـانی، کـە زۆربـەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەژێـر دەسـەڵاتیاندا بـووە و شانبەشـانی ئیمپراتۆرێتـی رۆمانـی هەمـوو خـواروو و ناوەڕاسـتی ئەوروپـا، دەریای سـپی ناوەڕاسـت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتیان لەژێردەسـتابووە. ئـەم دوو دەوڵەتـە، لەهەمـوو رووییەکـەوە کاریـان کردۆتـە سـەر یەکتـری. ئـەم پرۆسـە و فاکتەرانـە وایانکـردووە، کـە سیسـتمی خێڵەکـی لەنـاو فارسـەکاندا، بنبـڕ یـان زۆر لاواز بوویێـت. شـەپۆلی هاتنـی کۆمەڵگـەی خێڵەکـی بەهاتنـی هینـدۆ ئەورووپییـەکان کۆتایـی نەهـات.

لـە سـەدەکانی دوای مەسـیح، پێـش دەسـتپێکردنی فەتحـی ئیسـلامی، کـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەژێـر دەسـەڵاتی ساسـانی و بێزەنتییەکانـدا بـوو، هـەردوو دەوڵەتەکـە بەهۆی قەیرانـی ناوخـۆ و شـەڕ لەگـەڵ یەکدا چـاک لاواز ببـوون، دەسـەڵاتی ناوەندییـان نەمابوو، لـە هەمـوو ناوچـە گەورەکانـی ژێـر دەسـەڵاتیاندا، ئەگـەری ئـەوە هەبـوو، کـە دەرفەتێک دروسـت ببێـت بـۆ گۆڕانـکاری و دروسـتبوونی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی نوێـی سیاسـی و ئابـوری هاوشـێوەی رۆژئـاوای ئەورووپـا، بـەڵام چەنـد فاکتەرێکـی تـر بـۆ خۆرهەڵاتـی نـوێ دروسـت بـوو، کـە بـوو بـە کۆسـپێکی نـوێ لەرێـگای ئـەو گۆڕانکارییـەدا. لـە پێـش و لـە رێـگای فەتحـی ئیسـلامیەوە، بەهاتنـی شـەپۆلی خێڵـە تورکـەکان بـۆ ناوچەکـە، بـە دەسـتپێکردنی فەتحـی ئیسـلامی و بەهێزبـوون و بڵاوبوونـەوەی خێڵـە عەرەبـەکان بـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، چەنـد فاکتەرێکـی گرنگـی نـوێ هاتنەکایـەوە، کـە بـە ئاوێتەبوون لەگـەڵ فەکتـەر و خاسـڵەتە کۆنەکانـی تـری ناوچەکـە، رێبازێکـی گەشـەکردنی تایبەتـی بۆ خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت دروسـتکرد، کـە جیاوازبـوو لـە رێبازەکـەی ئەورووپـای رۆژئـاوا. ( لێکۆڵینەوەی ئەمانە دەکەوێتە بەندی سێهەمەوە).

## ٦- رۆڵی ئایین

بەسـەرقافڵەبوونی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە بیـر و زانسـت و هۆنـەر و کلتور و ئاییـن، سـەرهەڵدانی ئایینـە گەورەکانـی وەکـو ئایینـی زەردەشـت و میتائیسـم و ئایینە ئاسـمانییەکانی وەکـو، ئایینـی جـو **٣٢٥٠** سـاڵ لەمەوپێـش، ئایینـی مەسـیحی پێـش زیاتر لـە **٢٠٠٠**سـاڵ و ئیسـلام پێـش زیاتـر لـە **١٣٥٠** سـاڵ و بڵاوبوونەوەیـان بـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهانـدا، ئەمـە لەپـاڵ هەنـدێ کاردانـەوەی پۆزەتیڤیـەوە، چەندەهـا کاردانـەوەی نێگەتیڤیشـی هەبـووە. راسـتە لەسـەرەتاکانیدا بۆتەهـۆی یەکگرتنـی کۆمەڵێـک خەڵکـی زۆر و گەشـەکردنی ئابـوری و دروسـتبوونی دەوڵەتـی بەهێـز، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا بەدرێژایـی هەمـوو مێـژوو بۆتـە هـۆی بەهێزبوونـی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرتەسـکیی ئەبسـلوتیزمی ناوچەکـە.

کارلێکـی ئـەو ئایینەکان لەگـەڵ کۆمەڵگەکانـدا، کاردانەوەی خۆی لەسـەر چینوتوێژەکانی سـەرەوە و خـوارەوەی وەکـو یـەک هەبـووە. ئاییـن رۆڵی لـە کپکردنـەوەی بەرژەوەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و خواستەکانی چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگەی هەبووە، کە بەدۆخەکە رازیبن و بڕوایان وابێت ئەو ژیان و سیستمە کۆمەڵایەتییەی لەژێر چەتریدا دەژین ئەزەلیە، لای خواوە دانراوە، قابیلی گۆڕان نییە.

ئەم قەناعەتە ڕێگیربووە لە گۆڕانکاری و گەشەکردنی کۆمەڵگەکان و بۆتە کۆسپ لەبەردەمیدا. لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتداران، بە هاوپەیمانی و هاریکاریان لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی و بەرزکردنەوەی پایەیان لەکۆمەڵگەدا، سوودییان لێوەرگرتووە، بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتیان و پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانیان لەدەرەوە و ناوەوەی وڵاتەکانیاندا. هەڵبەتە، ئەمە تەنها بەند نەبووە بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵکو هەموو ئایینەکان، لە هەموو شوێنەکانی جیهاندا هەمان سروشت و هەمان رۆڵیان هەبووە، بەڵام ئەم فاکتەرە، ئاوێتەبوونی لەگەڵ فاکتەرەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە لەسەرەوە باسمانکرد، ئەو رۆڵەی کاریگەرتر کردووە و ئەو سیستمەی بەهێزتر کردووە و هێشتویەتیەوە.

سەرهەڵدان و خۆجێگیرکردنی ئەم ئایدۆلۆژیایە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە درێژایی هەزارەها ساڵ لە بیر و دەروونی خەڵکەکەدا، زەمینەیەکی دروستکردووە ، کە لێکدانەوە و گەڕان بەشوێن راستییەکاندا لە بواری واقعی بنەماکانی کۆمەڵگەکان و سروشتدا نەبێت، بەڵکو لە بیر و ئایدۆلۆژیای رۆمانسیدا بێت و خەڵکەکە بخاتە گێژاوێکەوە کە زەحمەت بێت لێی دەرچن و بگەڕێن بەدوای راستی و فاکتەردا و بیری هاوبەشیان لەناودا دروستبێت.

لە کوردستاندا، چەندین ئایین و مەزهەبی جیاواز هەبووە، ئەگەرچی بەهەمان شێوەی کۆمەڵگەکانی تر کاریتێکردووە، بەڵام لەوە ناچێت هیچ ئایینێکی کۆن سەرانسەری هەموو وڵاتەکەی گرتبێتەوە و توانیبێتی خەڵکەکانی یەکبخات، بەهەمان شێوە لەبەر پارچە پارچەی وڵاتەکە و بوونی ژمارەیەکی زۆر سنووری دەسەڵاتی جیاواز هیچ ئایینێکی نوێ وا بە ئاسانی نەیتوانیوە جێگای خۆی بکاتەوە.

### ٧- لە ژێر سایەی سیستمێکی سنووردار دەکرێ بۆ ماوەیەک کۆمەڵگە گەشەبکات

لەگەڵ ئەوەی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابووری دەوڵەت و شارستانیەتەکانی ئەوسای جیهان ئەبسلوتیزم و سنووردار بوون، بەڵام بۆ قۆناغێک، جاری واهەیە زیاتر لەسەدەیەک، توانیویانە گەشەکردنی ئابووری و سیاسی و بوژاندنەوە لە کۆمەڵگەکاندا بەرپابکەن، ئەو شوێنەوارانەی بەجێماون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شــاهێدی ئــەوەن. ئەمــە ئــەوە دەگەیەنێــت لەژێــر سیســتمێکی وادا هەتــا رادەیــەک دەکرێــت گەشــەکردن رووبــدات، بــەڵام تەنهــا بۆماوەیــەک دەبێــت و چەنــد توێژێکــی تایبەتــی لــە کۆمەڵگــەدا تیایــدا ســوودبەخش دەبــن و دواجــار دەبێتــە هــۆی دارمــان و تێکشــکاندنی هەمــوو دەوڵەتەکــە و لــە هەنــدێ کاتــدا وەکــو لــە حاڵەتــی شارســتانیەتە ســەرەتاییەکانی خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســتدا بینیمــان، هەمــوو میللەتەکــەی لەگــەڵ خۆیــدا لە رەگوڕیشــەوە نەهێشــتووە «**٢ ل٩١**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەندی دووەم

# بۆچی ڕێبازی تایبەتی ئەوروپا زەمینەیەکی باش بوو بۆ گەشەکردن؟

**١٨٠٠-٥٠٠**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چی زەمینەی بۆ ڕێبازی تایبەتی ئەورووپا خۆشکرد؟

دوای ئەوەی ساڵی٤٦٧(ز). ئیمپراتۆریەتی ڕۆما تێکشکا، چیتر ئەورووپا دەوڵەتی زلهێزی بە خۆوە نەبینی. بەڵکو، کیشوەرەکە دابەشبوو بەسەر چەندین دەوڵەتی بچووکتر و ناوچەی نیمچە سەربەخۆدا. ئەو دەوڵەتانە هێندە بەهێزنەبوون، کە بە بتوانن دەرودراوسێکانیان داگیر و تاڵان بکەن، بۆیە پاشاکانیان ناچاربوون زیاتر پشت بە داهاتی ناوخۆ ببەستن. ناچاربوونی پاشاکان بە داهات و توانای ناوخۆ، دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەتی بەسەر وڵاتەکەدا لاوازکرد.

لەگەڵ ئەوەی بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆما لە ناوچوو، بەشی ڕۆژهەڵاتەکەی کە دەوڵەتی بێزەنتی بوو، هەتا سەدەی پانزە مایەوە. ئەم دەوڵەتە پێکەوتەیەکی ستراتیژی زۆر گرنگی هەبوو، کە کەوتبووە نێوان خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپاوە. ڕۆژئاوی تورکیا، یۆنان، بەلکان و باشور و ڕۆژئاوای کەنار دەریای ڕەش لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو.

بوونی ئەو دەوڵەتە وەکو دیوارێک وابوو، کە ئەورووپای لە هەڕەشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەپاراست. لە لایەکەوە ڕێگربوو لە هاتنی بە لێشاوی شەپۆلی گەورەی خێڵە مەزن و بەهێزەکانی ناوەڕاستی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەورووپا، نمونەی تورک و عەرەب و مەغۆل. لە لایەکی ترەوە ڕێگربوو لە هەڕەشەی دەوڵەتە زەبەلاحەکانی دواتری ئەو ناوچانە، نمونەی دەوڵەتە ئیسلامیەکانی خەلیفەکانی ڕاشدین و ئەمەوی و عەباسی.

ڕاستە ئەمەوییەکان لە جەبەل تاریقەوە ڕوویانکردە باشووری ئیسپانیا و ئەندەلوسیان تیادا بونیادنا، بەڵام بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیان و دووری ناوچەکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، هێندە بەهێزنەبوون، کە بتوانن سیستمێکی هاوشێوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەو ناوچەیەدا بسەپێنن و لەو سنوورانە دەرچن.

لە دواسەدەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا، دوو شەپۆلی هیندۆ ئەورووپی بەچەند پۆلێک ڕوویانکردە ئەورووپا، ئەوانەش خێڵە جەرمانیەکان و سلاڤییەکان بوون. لەو چەرخانەدا ژمارەی خەڵکی کۆچەری ئەو گروپانە هێندە زۆرنەبوون، نزیکەی ٣٠-٤٠ هەزار کەس بوون.

بەتەواوەتی نازانرێ جەرمانییەکان لە کوێوە هاتوون و نەریتی کۆمەڵایەتیان زۆر ناسراو نییە. لەبەرئەوەی لە خێڵ و تیرەی جیاواز دروستبوون، ئاییێک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یـان بەرژەوەنـدی توندوتـۆڵ بەیەکـەوە نەیبەسـتبوونەوە، پـۆل پـۆل کۆچیـان کـردووە و هـەر پۆلـەی بەجیـا روویکردۆتـە وڵاتیکـی تایبەتـی و جێگـەی خـۆی لەنـاو خەڵکـە رەسـەنەکەدا کردۆتـەوە. زیاتـر لـە ناوەڕاسـت و باکـورو باکـوری رۆژئـاوای ئەوروپـا گیرسـاونەتەوە، وەکـو ئەڵمانیـا و سـکاندناڤیا و ئینگلتـەرا و فلانـدرن( ناوچەیەکـە دەکەوتـە ناوەنـد باشـوری بەلجیکا و باکـوری فەرەنسـا). دوای شکسـتهێنانی ئیمپراتورێتـی رۆمـا، شانشـینی فەرەنسـا هەتـا رادەیـەک بەهێزبـوو، توانـی ریٚ لـە هاتنـی ئـەوان بـۆ فەرنسـا و ئیسـپانیا و ئیتاڵیـا بگـریٚ، بۆیـە هەتـا ئێسـتاش زمانـی ئـەو شـوێنانە لـە شـوێنەکانی تـر جیـاوازە.

سـلاڤییەکان لـە رۆژهەڵاتـی ئۆکرانیـاوە هاتـوون و لـە رۆژهەڵاتـی ئەوروپـا و روسـیا نیشـتەجێبوون. ئـەوان تێکـەڵاوی خەڵکـی رەسـەنی هەنـدیٚ وڵات و ناوچـە بـوون و دەسـەڵاتیان لەناویانـدا پەیداکـرد. لـە هەنـدیٚ شـوێن نەیـان توانیـوە جێگـەی خۆیـان بکەنـەوە، بـۆ نمونـە رۆمانیـا و هەنگاریـا و فنلنـدا، کـە هەتـا ئێسـتا زمانەکانیـان لـە زمانـە سـلۆڤاکیە هینـدۆ ئەوروپیـەکان جیـاوازە. میللەتانـی وەکـو روس، پۆلـند، سـربی و ئوکرانـی... بـۆ ئـەو گروپـە دەگەرێنـەوە «**٣٦ ل١١٨**».

نەهاتنـی بەلێشـاوی میللەتانـی خێڵەکـی و رێگرتـن لـە هەرەشـەی دەوڵەتـە خێڵەکییەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ ئەوروپـا، لـە پـاڵ خاسـڵەتە تایبەتییەکانـی تـری ئـەو کیشـوەرە و ئاوێتەبوونیـان لەگـەڵ یەکـدا، فاکتـەری گرنگـن، کـە زەمینـە و رێبـازی گۆڕانـکاری و گەشـەکردنی ئـەو کیشـوەرەی لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت جیاکـردەوە و دەرئەنجامـی جیـاوازی لێکەوتـەوە.

لەگـەڵ ئـەوەی ئیمپراتۆریەتـی رۆمـا دارمـا و ئەوروپـا بەسـەر چەندیـن ناوچـە و دەوڵەتـی بچووکـی نیمچـە سـەربەخۆدا بەشـبوو، کەنیسـەی رۆژئـاوا لـە شـاری رۆمـا، وەک سـەنتەرێکی ئایینـی خـاوەن دەسـەڵاتی ئایینـی و سیاسـی و ئابـوری و سـەربازی سـەربەخۆ هـەر مایـەوە. ئـەو کەنیسـەیە توانـی خەڵکـی ئەوروپـا یەکخـات دژی هەرەشـەی دەرەکـی، هاریـکاری لەگـەڵ پاشـاکانی بـکات «**٣٦ل١٣٣**». ئەمـە وایکـرد، کـە هاتنـی هێـزی دەرەکـی و گروپـی خێڵەکـی نەتوانـن وا بەئاسـانی جێگـەی خۆیـان لـە کیشـوەرەکەدا بکەنـەوە. دوای ئـەوەی ئایینـی ئیسـلام کۆنترۆڵـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـوری ئەفریقـای کـرد، ئایینـی مەسـیحی ئەگەرچـی لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە هەڵقـولا بـوو، بـە پلـەی یەکـەم پێناسـەیەکی ئەوروپـی بەخـۆوە گـرت.

دارمانـی ئیمپراتۆریەتـی رۆمـا، تەنهـا دابەشـبوونی کیشـورەکەی بەسـەر چەندیـن دەوڵـەت و ناوچـەی جیـاواز لێنەکەوتـەوە، بەڵکـو لـە رەگوڕیشـەوە سیسـتمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕێوەبردنــی سیاســی و ئابــوری کۆیلایەتــی هەڵکەنــد و سیســتمێکی تــازەی خســتەجێ، فیوداڵیــزم.

بــە دارمانــی ئــەو دەوڵەتــە، ژمارەیەکــی زۆر لــە ســەرکردە ســەربازی و دەســەڵاتدارەکان دەرفەتیــان هێنــا و لەشــوێنەکانی خۆیانــدا مانــەوە و بوونــە خــاوەن زەویــوزار و ســامانێکی زۆر. ژمارەیەکــی زۆر لــە دەســەڵاتدارە ناوچەییــە خۆماڵییەکانیــش وەکــو ئــەوان هەریەکــە لــە ناوچــەی خۆیــدا هەمــان دەرفەتیــان بــۆ دروســتبوو. ئیتــر هیــچ دەوڵەتێکــی زەبەلاحــی ناوەندیــی بەهێــزی ئەوتــۆ دروســت نەبــوو، کــە ملیــان پــێ کەچبکات. هــەر یەکەیــان کــەم، یــان زۆر دەســەڵاتی بەســەر ناوچەکــەی خۆیــدا پەیداکــرد «**٣٦ ل ١٢٢**».

لەکاتێکــدا لــە دەوڵەتــی ڕۆمــا ڕێژەیەکــی زۆری دانیشــتوان کۆیلەبــوون، بەشــەڕ و داگیرکــردن و تالانیــەوە خەریککرابــوون، وەکــو کاڵا دەکــڕان و دەفرۆشــران و ڕۆڵێکــی کەمیــان لــە بەرهەمهێنانــدا هەبــوو، بــە دارمانــی ئــەو دەوڵەتــە بەشــی هــەرە زۆری ئــەو کۆیلانــە ئازادبــوون و لــە ئەوروپــا بڵاوبونــەوە و بوونــە جوتیــار و دەســتیان بەکارکــردن لــە بەرهەمهێنانــی کشــتوکاڵیدا کــرد.

لــە کاتێکــدا ئیمپراتۆریەتــی ڕۆمــا هیــچ گوێــی بــە گەشــەپێکردنی بەرهەمهێنــان و ئامــرازی بەرهەمهێنــان نەئــەدا، لــەزەوی و ئــاودان و گاســن و ئامــرازی تــر، چونکــە بــە پلــەی یــەک پێویســتیەکانی لــە ڕێگــەی داگیرکــردن و تالانکردنــی دەرەکــی و رووتاندنــەوەی ناوچەکانــەوە دابیندەکرد، هەروەها زۆربەی پیشــەوەرانی دەوڵەتەکەی بــە دروســتکردنی چــەک و جلوبەرگــی ســوپا و پێویســتییەکانی ئۆروســتۆکراتەکانەوە خەریــک کردبــوو. بــە پێچەوانــەوە لــە سیســتمە نوێکــەدا، فیــوداڵ و خــاوەن زەوی و ڕەنجبــەرەکان کەوتنــە بەرهەمهێنــان و چاندنــی زەویــوزاری زیاتــر و ڕاگرتنــی ئاژەڵــی زۆرتــر، پیشــەوەرەکان کەوتنــە بەرهەمهێنانــی ئامــرازی باشــتر و زیاتــر بــۆ بەکارهێنانیــان لــە بەرهەمهێنانــی کشــتوکاڵیدا.

تێکشــکاندنی ئیمپراتۆریەتــی ڕۆمــا، گۆڕینــی سیســتمی بەڕێوەبردنــی سیاســی و ئابــوری بەرتەســکی کۆیلایەتــی ئەبســلیوتیزم بــوو بــە سیســتمێکی تــۆزێ بەرفراوانتر، کــە چیتــر مــرۆڤ تیایــدا نەکــڕێ و نەفرۆشــرێ، زیاتــر بەشــداری بەرهەمهیــان بــکات، تیایــدا لــە باتــی دەســتەبژێریەکی ئۆروســتۆکرات و قەیســەرێکی خــاوەن دەســەڵاتی ناوەنــدی و خــاوەن کۆیلــە، ژمارەیەکــی زۆر پاشــا و فیــوداڵ لــە هەمــوو شــوێنەکانی ئەوروپــا کاری خۆیــان بەڕێوەدەبــرد و بڕیــاری سیاســی و ئابــوری بەدەســتی خۆیانــەوە بــوو. هەڵبەتــە ئەمــە نایەکســانی لــە کۆمەڵگــەدا بنبڕنەکــرد، بــەڵام بــە بــەراورد هەنگاوێکــی گــەورە بــوو بــۆ پێشــەوە «**٢ ل ١٧٥**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ئەو خاسڵەتانەی فیودالیزمی ئەوروپا، کە ڕێخۆشکەربوون بۆ پێشکەوتن

لە سایەی سیستمی نوێی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیودالیدا، کە پێی دەوترێت فیودالیزم، گۆڕانکاری بەسەر بەرهەمهێنان و ئامرازی بەرهەمهێنان و بازاڕدا هات. بە پێیی چۆنێتی ڕۆڵی خەڵک لە بەرهەمهێنان و پەیوەندییان بە ئامرازی بەرهەمهێنان و یەکترییەوە، بەسەر چینوتوێژ و پێکهاتەی نوێدا دابەشبوون، کە لە کۆمەڵگەی پێشوو جیاواز بوو. ڕێکخستنی ئەو پرۆسە و پەیوەندییانە دامەزراوەی دەوڵەتی نوێی لێدرووست بوو. خاسڵەتی تایبەتی فیودالیزمی ئەوروپا دووفاقیی تێدابوو. لایەنێکی ڕێخۆشکەربوو بۆ گۆڕانکاری و گەشەکردن و لایەنەکەی تری ڕێگربوون.

لە بەرژەوەندی فیودالدابوو، کە داهاتەکانی زیاتربێت، هەروەها پاشا و دەوڵەت هەتا دەهات پێویستی زیاتری بەداهاتی باج دەبوو. بۆ دابینکردنی ئەم داهاتانە پێویست بوو بەرهەمهێنان گەشەی پێبدرێت. گەشەپێکردنی بەرهەمهێنان پێویستی بە بەشدارکردنی خەڵکی زیاتر و زەویوزاری فراوانتر بوو، هەروەها پێویستی بە پلاندانان و ڕێبازی باشتر بوو. لە هەمان کاتدا بوژاندنەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە لادێدا، پێداویستی ژمارەی ئامرازی بەرهەمهێنانی زیاترکرد، کە ئەوەش گوژمیدا بە بەرهەمهێنانی پیشەیی.

ژێرخانی ئابوری ئەو وڵاتانە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بوو. زیاتر لە ٩٠٪ دانیشتوان لە لادێکاندا ژیاون و بەو کەرتەوە خەریک بوون. بەشی هەرە زۆری ئەو بەرهەمانە بۆ دابینکردنی پێویستی بەرهەمهێنەر خۆی بوو، بۆ پێویستییەکانی خۆی بوو، نەوەک بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی بازاڕ. ئەوانەی بە کشتوکاڵەوە خەریک بوون لە توێژی جیاواز پێکهاتبوون، جوتیاری مامنێوەند و بچووک، کە خاوەنی زەوی خۆیان بوون، ڕێژەیان زۆر کەم بوو. زۆربەی ئەوانە مسکێنی بێ زەویوزار بوون، کە لەسەر زەوی فیوداڵەکان کاریان دەکرد، ئازادبوون و نەدەکڕان و نەدەفرۆشران، بەڵام بە زەوی کشتوکاڵیەوە بەسترابوون و لەگەڵیدا قابیلی لەیەک جیاکردنەوە نەبوون.

فیوداڵەکان، کە خاوەنی ڕێژەی هەرە زۆری زەویوزار، سەرچاوەی ئاو، ئامرازی بەرهەمهێنان و ئاژەڵ بوون، لە پێکهاتە و توێژی جیاواز پێکهاتبوون. لە هەندێ شوێن وەکو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، سەردارانی سلاڤی بوون، هەندێ شوێنی تر وەکو ناوەڕاست و باکوری ئەوروپا، سەردارانی جەرمانی بوون، لە پاڵ ئەمانە و لە هەندێ شوێنی تر، کۆنە سەرکردەی سەربازی و ئیداری ئیمپراتۆریەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆمانـی بـوون، هەندێکـی تریـان هــەر لــە کۆنــەوە لەناوچەکانـی خۆیانـدا خـاوەن موڵـک و دەســەڵات بـوون، زۆربــەی فیوداڵەکانـی ناوچەکانـی فەرنسـا و ئیسـپانیا و ئیتاڵیـا لەوانـە بـوون «٨ ل ١٧٧».

ئەوانــە بەپێـی قەبـارەی موڵکایەتـی و سـامان و پێگــەی کۆمەڵایەتیـان، لــە چەنـد توێژێکـی جیـاواز پێکهاتبـوون، توێـژی هــەرە ســەرەوەیان ڕێـژەی هــەرە زۆری ئۆروسـتۆکراتی وڵاتەکانـی ئەورووپایـان پێکدەهێنـا. ئەمانــە لــە هەمـوو ئەوانـی تـر نزیکتربـوون لــە پاشـا و دەســەڵاتی ئایینییــەوە، کــەم یـان زۆر ڕۆڵیـان هەبـوو لـە بڕیاردانـی سیاسـی و ئابـوری وڵاتـدا.

فیوداڵـە گــەورەکان، ناوچــەی ســەربەخۆی خۆیـان هەبـوو و دەســەڵاتی تەواویـان بەسـەریاندا هەبـوو. کاروبـاری پلاندانـان و بەڕێوەبردن و ئیداری خۆیـان بەڕێوەدەبرد، خـاوەن هێـزی چەکداری خۆیـان بـوون، کـە لەڕێگەیـەوە کۆنترۆڵـی ئـەو ناوچانەیـان دەکـرد و دەیانپاراسـت. موڵکایەتـی ئـەو زەویوزارانـە پەپێـی یاسـا پشتاوپشـت بۆیـان ماوەتـەوە و بـە ئاسـانی کـەس نەیتوانیـوە لـەو مـاف و موڵکایەتیـە پەراوێزیـان بـکات. بــە گۆڕینـی پاشـا و بـاری سیاسـی وڵاتەکــەوە، بەشـێوەیەکی گشـتی گۆڕانـکاری لەمانــەدا ڕووینــەداوە، بەوتایەکـی تــر، ســەقامگیریی و بەردەوامیـی هەبــووە لــە پاراسـتنی مـاڵ و موڵکـی ئـەو چینـە دەسـەڵاتدارەدا. ئـەو سـەقامگیرییە فاکتەرێکـی گرنـگ بـوو بـۆ بەهێزبوونـی ئـەو چینـە، زیادبوونـی داهاتەکانـی و دەوڵەمەندبوونـی و لەسـەرووی هەمـوو شـتێکەوە دڵسـوتان و گوێـدان بـەو موڵـک و مـاڵ و کـەل و پـەل و تەراسـەی هەیـان بـوو. هەمـوو ئەمانـە بونەتـە بناغەیـەک بـۆ بەهێزکردنـی کۆمەڵگـە. فیوداڵـەکان بۆئـەوەی موڵـک و ماڵیـان بپارێـزن، لەلایەکـەوە زیاتـر فشـاریان خسـتۆتە سـەر مسـکێنەکان، تاوەکـو زیاترکاربکـەن و داهاتیـان زۆرتربێـت، لـە لایەکـی تــرەوە ئــەو بەرهەمهێـان و ســەقامگیری و بەردەوامییــە، ئەگەرچــی دەبــووە هــۆی رووتاندنــەوە و هیلاکیـی مسـکێنەکان، ئەگــەر بــە ڕێژەیەکـی بچووکیـش بوبێـت، بۆتەهـۆی زیادکردنـی داهاتەکانـی ئەوانیـش. لەبەرئـەو هۆیانـە، کـە ئێسـتا سـەیری پاشـماوەی خانـوو و مـاڵ و حاڵـی کۆنـی ئـەو خەڵکـە دەکەیـن، تـا ڕادەیـەک لـە هەنـدێ شـوێنی تـری جیهـان باشـتربووە. فیوداڵەکانـی ئەوسـای ئەورووپـا بـە بـەراورد لەگـەڵ هاورێکانیانـدا لـە هەنـدێ شـوێنی تـری جیهـان وەکـو پاشـا ژیـاون.

زۆربــەی ئــەو فیوداڵانــە، خۆیـان یـان دەسـت و پێوەندەکانیـان بــە ڕاسـتەوخۆ سەرپەرشـتی موڵـک و سـامان و ئـەو داهاتانەیـان کـردووە، کـە لـە مسـکێنەکانەوە هاتـوون. ئەوانـەی بـەو ئەرکانـە هەسـتاون سـەرکاربوون، پیـاوی دەوڵـەت نەبـوون، فێـڵ و تەڵەکـە و دزی و بەرتیـل لـەو بـارەدا بەگشـتی لـە بەرژەوەندیانـدا نەبـووە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەرئـەوە گەندڵـی لەنـاو ئـەو کۆمەڵگەیـەدا ڕێـژەی کـەم بـووە «٣٦ ل٤٩».
کەنیســەی ڕۆمــا، خاوەنــی داهــات و ســامانێکی زۆر بــوو، کــە لــە پاشــا و فیوداڵەکانــی ئەوروپــا و لــە ڕێگــەی هەڵمەتــی خاچپەرســتەکانەوە دەســتی دەکــەوت، خاوەنــی زەویــوزاری بێســنووربوو لــە ڕۆمــا و وڵاتەکانــی تــری ئەوروپــا. کەنیســە خۆجێییەکانــی وڵاتانــی تــری ئەوروپــا، خاوەنــی موڵکێکــی زۆری زەویوزاربــوون، کــە ڕێـژەی گەیشـتۆتە نزیکـەی ٣٠٪ هەمـوو زەویـوزاری کشـتوکاڵی ئـەو وڵاتانـە. لـەو شـوێنانەدا بەهەمـان شـێوەی زەویـوزاری فیوداڵـەکان، مسـکێنەکان تیایدا نیشـتەجێبون و کاریـان تێداکـردووە و داهاتەکانیـان گەڕاوەتـەوە بـۆ کەنیسـە. کەنیسـەکان بێجگـە لـەوە ژمارەیەکـی زۆر کلۆسـتەر (دێر)یـان لـە هەمـوو شـوێنەکانی ئەوروپـادا هەبـووە. ڕاهیبـەکان لـەو شـوێنانەدا ژیـاون و لەپـاڵ تەقواکردنـدا شـەراب و شـتی نایابـی تریان تیــادا بەرهەمهێنــاوە و بۆتــە ســەرچاوەیەکی ئابــوری باشــی کەنیســە. ســەرەڕای ئەوانــە دەســەڵاتی ئاینیــی لــەو وڵاتانــەدا باجیــان لــە زۆربــەی دانیشــتوان ســەندووە. جوتیـاری موڵکـدار، مسـکێن، بـازرگان و پیشـەیی، هەمویـان ناچارکـراون ڕێژەیـەک لەداهاتەکانیـان بـدەن بـە کەنیسـە «٣٦ ل١٤٢،١٣٨،١٣٣».

ئەمـڕۆ، کـە پاشـماوەکانی ئـەو سـامانانە لـە هەمـوو شـوێنێک دەبینرێن. ئەو کەنیسـە جـوان و زەبەلاحانـە، کـە جێگـەی سەرسـوڕمانی خەڵکـە و بوونەتـە پێگـەی گرنگـی گەشـتیاری شـاهێدی ئەوەیـە. ئەمـڕۆ لـە زۆربـەی گوندەکانـی ئەوروپـادا پاشـماوەی کەنیســەی جــوان ماوەتــەوە، کــە ئەگــەر لــە کۆشــکەکانی فیوداڵــەکان جوانتــر نەبێــت، کەمتـر نییـە.ماڵـی قەشـەکانیان لـە ماڵـی زۆربـەی دەوڵەمەنەکانـی شـار و لادێـکان گەورەتــر و خۆشــتربووە. ســەرەڕای ئــەوەی کەنیســەکان جێگــەی خواپەرســتن و تەقــوا بــوون، مەڵبەنــدی کلتــور و مۆســیقا و هونەربــوون. مۆســیقای کلاســیکی و هونەرمەنـدە بەناوبانگـە کۆنەکانـی ئەوروپـا، زۆربەیـان یـان بەرهەمـی کەنیسـەن، یـان زۆر لێـوەی نزیـک بـوون.

کەنیسـەکان بەهـۆی توانـای ئابوریانـەوە، ڕۆڵـی خوێنـدن و فێرکـردن و تەندروسـتی گرنگیـان هەبـووە. ڕۆڵـی گرنگیـان لـە هەنـدێ کاری ئیـداری کۆمەڵگەکانـدا هەبـووە. لەبەرئــەوەی خاوەنــی زەویــوزار و ســەرچاوەی داهاتێکــی زۆری ئابوریــی بــوون و باجیـان لـە هەمـوو چینوتوێژەکانـی کۆمەڵگـە سـەندووە، پێویسـتییان بـە زانیـاری هەبـووە لەسـەر هەمـوو شـوێنێک و تاکێکـی ئـەو کۆمەڵگەیـە. لەبەرئەوە هـەر لەکۆنەوە تۆماریــان هەبــووە، کــە تیایــدا نــاو و ڕۆژی لەدایکبــون و جێگــەی نیشــتەجێبوون و کار و داهاتــی هەمــوو تاکێــک و خێزانێکــی تیــادا نوســراوە، زانیاریەکــی زۆری لەسـەر ناوچـەکان و بەرهەمهێنانـی تێدایـە. ئـەو زانیاریانـە لـە کۆنـدا گرنـگ بـوون،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـۆ ئـاگاداری لـە کۆمەڵگـە، داهاتەکانـی، کەمبونـەوەی گەندەڵـی، ئەمـڕۆش بوونەتـە سـەرچاوەیەکی گرنـگ بـۆ پەیداکردنـی زانیـاری لەسـەر کۆمەڵگەکانـی کـۆن، کـە یارمەتـی پسـپۆرەکان دەدات بـۆ تێگەیشـتنی مێـژووی کـۆن و بـۆ ئێسـتا سـودی لێوەردەگـرن، هەروەهـا بۆتـە سـەرچاوەک بۆئـەوەی خەڵکـی سـادە پشتاوپشـت بگەڕێنـەوە بـۆ بـاو و باپیریـان و زانیـاری لەسـەر رەچەڵەکیـان پەیدابکـەن. لـە رووی کاری تەندروسـتی و چارەسـەری نەخۆشـیەوە، راهیبەکانیـان رۆڵـی کۆمەڵایەتـی و سـەربازی گرنگیـان هەبـووە، کـە هەتـا ئێسـتا پاشـماوەکانی لـە رێکخـراوی مانگـی سـوردا ماونەتـەوە «٣٦ ل١٣٨».

کەنیسـە بۆتـە هێزێکـی ئابـوری ئەوتـۆ، کـە لـە زۆربـەی فیوداڵـە گـەورەکان و پاشـاکان دەوڵەمەنتـر بـووە. سـەرەڕای سـامانی ئابـوری، کەنیسـە لـەو وڵات و ناوچانـەدا خـاوەن چەکداری خـۆی بـووە. کـە قەشـە گەورەکانیـان لـە ناوچەیەکـەوە چـون بـۆ ناوچەیەکـی تـر، ژمارەیەکـی زۆر چەکـدار لەگەڵیـان بەڕێکەوتـوون.

دەسـەڵاتی ئایینـی مەسـیحی لەئەوروپـا، تەنهـا هاریـکاری و پشـتگیریی فیوداڵیزمـی نەکـردووە، بەڵکـو بەشـێکی گرنـگ و بەهێـز و کاریگـەری ئـەو سیسـتمە بـووە. لەگەڵیـدا ئاوێتەبـووە و رۆڵـی پاراسـتن و بەهێزکردنـی ئـەو سیسـتمەی بینیـوە و لەهامـان کاتـدا باڵانسـێکی لـە نێـوان پێکهاتەکانـی کۆمەڵگەکـەدا خوڵقانـدووە لەپێنـاوی رازیکردنـی چینوتوێژەکانـی خـوارەوە و کپکردنـەوەی ململانێ لـە نێوانیانـدا، لەکاتـی پێویسـتدا بەکارهێنانـی هێـز بـۆ دەمکوتکردنـی ئەوانـەی بوونەتـە هەڕەشـە لەسـەر بەرژەوەنـدی ئـەو سیسـتمە. شـاڵاوی خاچپەرسـتەکان بـۆ ناوچـە جیاوازەکانـی ئەوروپـا و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، سـوتاندنی خەڵـک بەزیندوویەتـی، دەسـەڵاتی بێسـنووری ئەوسـای کەنیسـە دەسـەلمێنێ.

دەسـەڵاتی دەوڵـەت پاشـایەتی بـووە. پاشـا گەورەتریـن فیـوداڵ و گەورەتریـن ئوروسـتکراتی بـووە، سەرپەرشـتی وڵات و دامـەزراوەی ئیـداری و سـەربازی کـردووە. پاشـایەتییان پشتاوپشـت بـۆ ماوەتـەوە، کـوڕی گـەورە جێگـەی باوکـی گرتۆتـەوە، بەنەبوونـی کـوڕ هەنـدێ جـار کچـی گـەورە جێگـەی گرتۆتـەوە «٢ل١٠٥».

ئـەم سیسـتمە تـا رادەیەکـی زۆر سـەقامگیریی لـە سیسـتمی سیاسـیدا دروسـتکردووە، کـە ململانێـی زۆر و توندوتیـژی خوێنـاوی لـە کاتـی دانانـی پاشـاکاندا تـا رادەیـەک کەمترکردۆتـەوە.

دابینکردنـی پێویسـتییە داراییەکانـی دەوڵـەت، بەداهاتـی باجـەکان و پاڵپشـتی دارایـی فیوداڵـی ناوچـەکان کـراوە. دەوڵـەت، هێـزە سـەربازییەکانی هێنـد گـەورە نەبـووە و بوونـی سـوپایەکی گـەورە خەرجیـی زۆربـووە، لەبەرئـەوە پاشـا بەتایبەتـی لـە کاتـی

شەڕی ناوخۆ و دەرەکیدا پێویستی بە یارمەتی هێزی چەکداری فیودالەکان هەبووە و لەشەڕە گەورەکانی دەرەوی ئەوروپادا دەسەڵاتی پاشا و کەنیسە لە ئامادەکردنی لەشکری پێویستدا هاریکارییان کردوە «١٠٨ل٢٣٥».

دەوڵەتی فیودالی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ٥٠٠-١٥٠٠ز، بە شێوەیەکی گشتی، بە هیچ خزمەتگوزارییەک، ڕێگەی بۆ گەشەکردنی بەرهەمهێیان خۆشنەکردووە، یان بۆ باشکردنی خۆشگوزەرانی خەڵکی نەکردووە، کاروباری زیاتر پارێزگاری سنوور و لەشکر بەڕێوەبردن و باجکۆکردنەوە بووە. باجکۆکەرەوەکان، فەرمانبەرانی دەوڵەت بوون، ئەوانە فیودال، بازرگان یان خاوەن موڵک نەبوون، کاریان تەنها کۆکردنەوەی باج بووە «٢ل١٤٩». بەگشتی لەسەر بنەمای وەلای سیاسی، خزمایەتی و تەبەعیێت بۆ فیودالێک یان سەرکردەیەک دانەنراون، بەگۆڕینی پاشا یان دەسەڵاتدارێک لانەبراون، لەبەرئەوە هێندە دەرفەتی دزی و بەرتیل و واسیتەکاری زۆری تیادا نەبووە، بۆیە گەندەڵی بەشێوەیەکی فراوان لەو سیستمەدا جێگەی نەبۆتەوە. ئەو فەرمانبەرانە چەکداری تایبەتیان لەگەڵدا بووە و ئەرکیان کۆکردنەوەی باج بووە لە ناوچەی جیاواز و کەرتە جیاوازەکاندا.

بەهێزی و دەوڵەمەندی و نیمچە سەربەخۆیی فیودالەکان، هەروەها بەهێزی و دەوڵەمەندی دەسەڵاتی ئایینی مەسیحی، لە هەمان کاتدا لاوازی دەوڵەت و دەسەڵاتی پاشا و پێویستی هەمیشەیی بە داهاتەکانی فیودالەکان و دەسەڵاتی ئایینی، ئەمەش زۆرجار وایکردوە ، بەتایبەتی لەکاتی شەڕوشۆڕ یان ململانێی نێوان شازادەکان، یان بنەماڵە گەورەکان، بۆ دەستبەسەراگرتنی کورسی دەسەڵات، هێندەی تر پاشا ناچاری دەستی ئەوان بێت.

ئەم فاکتەرانە، خاسڵەتێکی تایبەتی بۆ سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیودالی دروستکردووە. زەمینەیەکی ئەوتۆی دروستکردووە، کە پاشا نەتوانێ لەهەموو کات و ساتێکدا دەسەڵاتێکی ڕەهای هەمیشەیی هەبێت و گشت بڕیارەکان لە دەستی خۆیدابێت. لاوازیی پاشا و دەوڵەت و پێویستی پاشا بە فیودالەکان و دەسەڵاتی ئایینی، دەرفەتی بۆ بەشداریکردنی ئەوانە لە بڕیاری سیاسی و ئابوریدا دروستکردووە. پاشا لە ڕێگای دەوڵەتەوە خاوەنی هەموو شتێک نەبووە، ئەو نەبووە کە پیاوانی ئایینی دامەزرێنی، یان بەخێویان بکات، ئەو نەبووە، کە زەویوزار بەسەر خەڵکدا دابەش بکات هەتا وایانلێبکات وەلای هەمیشەییان بۆی هەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، پادشا خۆی پێویستی بە داهات و پشتگیری ئابوری و سیاسی و ڕۆحی ئەوانی تر بووە.

لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی، پێویستی دەوڵەت بە داهات و پشتگیری ئەو دوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێـزەی تـر، دەرفەتـی بەشـداریکردن لـە بڕیـارە سیاسـی و ئابوریەکانـدا، ڕێگـەی خۆشـکردووە بـۆ پەیدابوونـی دیالـۆگ، دانیشـتن و چارەدۆزینـەوە، دوانگەیـەک بـۆ چارەسـەرکردنی ململانەکانیـان، کـە تیایـدا هـەر لایـەک ویسـتویەتی بـەلای بەرژەوەنـدی خۆیدا رایکێشـێ. لەبەرئـەوەی ئـەو هێزانـەی کۆمەڵگـە بنەمـای ئابوری و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و سـەربازییان بەهێـز بـووە، ڕێکەوتنەکانیـان موجامەلەکردن و یەکتـر کرپینـی کەمتـر تێدابـووە. ئەگەرچـی جـاری واهەبـووە پاشـا هێـزی بەکارهێناوە، بـەڵام ئـەوە سـنوورداربووە و تەنهـا توانیوێتـی روبـەڕووی چەنـد کەسـێک یـان ناوچەیـەک بێتـەوە. ئـەم فاکتـەر و زەمینەیـە، ڕێگـەی بـۆ دروسـتبوونی شـورایەک بـۆ چارەکردنـی ئـەو ململانیانـە خۆشـکردوە، کـە ناونـراوە پەرلەمـان. ئـەو پەرلەمانـە لـە سـەرەتای دروسـتبوونیدا تەنهـا بـۆ پاشـا و ئورسـتۆکراتی فیوداڵـی و ئاینییـەکان بـووە، ژمارەیەکـی زۆرکـەم بەشـداریان تیاداکـردوە، یـان توانیویانـە کاربکەنـە سـەر بڕیارەکانـی، لـەوان زیاتـر جێگـەی کەسـی تـری تیـادا نەبۆتـەوە «**٢**ل**١٨٤**».

لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم پەرلەمانـە تەنهـا بـۆ توێژێـک بـوو، کۆبونەوەکانـی تەنهـا لەکاتێکـدا دەکـرا کـە پاشـا پێویسـتی بـە داهاتـی زیاتـر یـان بـۆ پشـتگیری کردنـی بـوو لـە شـەڕەکانیدا، بـەڵام پەرلەمـان بـوو بـە بنچینەیـەک و هەوێنێکـی گرنـگ بـۆ کەمبوونـەوەی ئەبسـولیتزم و بەشـداریکردنی ژمارەیەکـی زۆرتـر لـە خەڵـک لـە بڕیاردانـدا. فاکتەرێکـی بنچینەیـی بـوو بـۆ بونیادنانـی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرفراوانتـر لـە سـەدەکانی دواتـردا.

لـە کاتێکـدا کـە پاشـا داوای دانیشـتنی پەرلەمانـی دەکـرد و پێویسـتی و داوکاریەکانـی ئەخسـتە سـەر مێـز، فیوداڵـەکان و سـەرەک لەشـکر و پیاوانـی ئایینییـش داخـوازی خۆیـان دەخسـتە بـەردەم پاشـا و داوای زیادکردنـی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـوری خۆیـان دەکـرد، جـاری واهەبـوو داوای چاکسـازی و دانانـی یاسـای نـوێ، یـان گۆڕینـی یاسـاکانیان دەکـرد بـۆ دیاریکردنـی دەسـەڵاتەکانی پاشـا و دامەزراوەکانـی دەوڵـەت. بـێ بوونـی درەفـت لـە بەشـداریکردن لـە بڕیـاری سیاسـی و چاکسـازیی یاسـاییدا، مەحـاڵ بـوو بتوانـرێ ڕێگـە بـۆ گۆڕانـکاری لـە بـاری ئابـوری و لابردنـی کۆسـپانەکانی بـەردەم گەشـەکردنی خۆشـبکرێت.

هەڵبەتـە ئـەم گۆڕانکاریانـە لـە هەمـوو شـوێنەکانی ئەورۆپـا وەک یـەک نەبـووە، جیـاوازی هەبـووە لـە نێـوان دەوڵەتەکانـدا، لـە نێـوان رۆژهـەڵات و رۆژئـاوای ئەوروپـادا. ئـەو جیاوازیانـە بـۆ مێـژووی کـۆن و بنەمـا کۆمەڵایەتیـەکان و چۆنیەتـی و رادەی بەهێزیـی دەسـەڵاتی پاشـا و چینوتوێـژ و پێکهاتـەی ئـەو کۆمەڵگەیانـە دەگەڕێتـەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیودالْ بەهێزتربوایە. دەستەبژێری ئوروستۆکراتی فیودالْ و ئایینی توندڕەوتر بوونایە، یان چەوساندنەوە و کۆنترۆڵکردنی چینوتوێژەکانی خوارەوی نمونەی مسکێنەکان، جوتیارەکان، پیشەیی و بازرگانەکان زیاتربوایە، یان دەسەڵاتی ناوەندی پاشایەتی بەهێزتر بوایە، گۆڕانکاری و گەشەکردنی ئابوری و سیاسی و پرۆسەی چاکسازی لەو وڵاتەدا زەحمەتر دەبوو و خاوتر بەڕێوە دەچوو «٢ل١٠٨».

لە ڕۆژئاوای ئەوروپا و بە تایبەتی لە ئینگلتەرا، فیوداڵەکان سەربەخۆتر و بەهێزتر بوون، لە هەمانکاتدا دەسەڵاتی ناوەندی پاشایەتی لاوازتر بوو، هەروەها لەم وڵاتانەدا بەستنەوەی مسکێنەکان بە زەوییەوە ئەهوەنتر بوو. ئەمانە بوونە بناغەیەک بۆ ڕێگە خۆشکردن و گەورەکردنی بازنەی بڕیاردان و دامەزرانی پەرلەمانی سەرەتایی، درەفتی دروستکرد بۆ چاکسازی زیاتر و خێراتر و لابردنی ئەو کۆسپانەی ڕێگر بوون لە گۆڕانکاری کۆمەڵگە. لێرەدا لە باتی وشەی گەشەکردن، گۆڕانکاری بەکاردەهێنین، چونکە مەرج نیە هەموو گۆڕانکارێک پێشکەوتنی لێ بکەوێیەوە، بەڵام درەفت دروست بوون بۆ گۆڕانکاری بە بوونی فاکتەر و زەمینەی گونجاو دەکرێت ببێتە فاکتەرێک بۆ پێشکەوتن «٢ ل٢٢٢».

لە فەرەنسا، دەسەڵاتی پاشا و ناوەندێتی دەوڵەت بە هێزتر بوو لەسەر فیوداڵ و توێژە دەسەڵاتدار و ژەنەراڵە سەربازییەکان. ئەوانە هەمان دەرفەتی ئینگلتەرایان نەبوو لە بەشداریکردن لە بڕیاری سیاسی و ئابوریدا. ئەمانە وایانکرد کە ڕێگەخۆشکردن بۆ گەشەی ئابوری و سیاسی قورستربێت و خاوتر بۆ پێشەوە بڕوات و توندوتیژیی زیاتری لێبکەوێتەوە. ئەمانە بوونە خاسڵەتێکی تایبەتی و کاریگەر لەسەر چۆنیەتی گۆڕانکارییەکانی دواتری ئەو وڵاتە.

ئەڵەمانیا، شێوەیەکی نالەبارتری بەخۆوە بینی. ئەم وڵاتە لە چەندین دەسەڵاتی بچوکی فیوداڵی بەهێز پێکهاتبوو، هەر ناوچەی دەوڵەتێکی بچوکی ناوەندیی بەهێزی خۆی هەبوو. هیچ لەوانە هێندە بەهێز نەبوو، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە بتوانێ بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بێ، نەریتی یەکتر قبوڵکردن و پلورالیزمی سەرەتاییان نەبوو، کە بە ئاشتی دەوڵەتێکی سەرانسەری شێوەی ئینگلتەرا یان فەرەنسا دابمەزرێنن. لەبەر ئەم فاکتەر و خاسڵەتانە، ئەم دە ستەڵاتدارە فیوداڵە توندڕەوانە لە ناسەقامگیرییەکی بەردەوامدا دەژیان، لە چاو ئینگلتەرا و فەرەنسادا ئەو گۆڕانکاری و گەشەکردن و چاکسازییانە زۆر خاوتر و دژوارتر بەڕێوەدەچوو. ئەم خاسڵەتانە گەشەکردنی دواتری وڵاتەکەی دواخست. ئەمە هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیستیش کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر چۆنێتی بونیادنان و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشـەکردنی دیموکراتـی لـەو وڵاتـەدا. چونکـە ئـەو دەسـەڵاتدارانەی ئەڵمانیا دراوسـێی نزیکـی ئیتاڵیـا بـوون، لەکۆتایـی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا کاریگـەری نێگەتیڤیـان لەسـەر گەشـەکردنی ئابـوری و سیاسـی ئـەو وڵاتـەش هەبـوو.

ئیسـپانیا، ماوەیەکـی درێـژ لـە ژێـر دەسـەڵاتی پاشـاکانی فەرەنسـا وعەرەبـە خێڵەکییە موسـڵمانەکاندا بـوو، دوای ڕۆیشـتنی ئەوانیـش سیسـتەمی پاشـایەتی تیایـدا لـە چـاو فەرەنسـا توندڕەوتـر و تاکڕەوتـر بـوو. ئەمانـە گۆڕانـە سیاسـی و ئابوریيـە مەزنەکانی ئـەم وڵاتـەی خسـتە دوای فەرەنسـا و ئەڵمانیـا و کاریگـەری لەسـەر مێـژووی دواتـری کۆمەڵگەکـە هەبـوو. ئـەم وڵاتـە هەتـا نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـت نەکەوتـە سـەر ڕێبـازی گۆڕانکاریيـە مەزنەکان.

ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـا و ڕوسـیا، زۆر جیاوازبـوو لـە وڵاتەکانـی ڕۆژئـاوای ئەورووپـا. ڕوسـیا هەتـا سـەرەتای سـەدەی پانـزە لەژێـر دەسـەڵاتی فیوداڵـی خێڵەکـی مەغـۆل و پاشـماوەکانیدا بـوو، دواتـر بنەمـا و سیسـتمی سیاسـی و ئابـوری فیوداڵـی ئـەو وڵاتـە هێنـدە تاکـرەو بـوو، کـە لـە کۆیلایەتیـەوە نزیـک بـوو. دەسـەڵاتی دەوڵەتـی ناوەنـدی بەهێـز بـوو، تیایـدا قەیسـەر دەسـەڵاتی ڕەهـای هەبـوو. لەپـاڵ هـەژاری و چەوسـاندەوەیەکی زۆرەوە، فیـوداڵ و ئۆروسـتۆکراتی دەوڵەتەکـە کۆنترۆڵـی هەمـوو ژیانـی ئابوریـان کردبـوو. بەهێـزی سـوپا بەرەنـگاری هەمـوو ناڕەزايیـەک دەبووونـەوە، کێڵگەکانـی لادێ و شـوێنی بەرهەمهێنانـی شـارەکان زیاتـر لـە بنکـەی سـەربازی دەچـوو. لـە بەشـەکانی تـری ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـا و هەنگاریـا و نەمسـا، سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری فیوداڵـی تیایانـدا، کـەم تـا زۆر نزیـک بـوو لـەوەی ڕوسـیاوە «٢ ل٢٢٨».

ئـەم ناوچانـە لەژێـر چەتـری کەنیسـەی ئۆرسۆدۆکسـی قوسـتەنتەنیەدا بـوون. قوتابخانـە و ڕێبـازی ئـەم کەنیسـەیە زۆر لـە کەنیسـەی کاسـۆلیکی ڕۆمـا توندڕەوتـر و ڕەقتـر بـوو، هاوپەیمانـی و هاریـکاری توندوتۆڵـی لەگـەڵ فیوداڵەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـا و دەسـەڵاتدارە ئەبسـلیوتیزمەکانی هەبـوو. ئـەم فاکتـەرە، سیسـتمە توندڕەوەکـەی ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـای توندڕەوتـر کـرد، دەسـەڵاتی ئەبسـلیوتیزمی تیایانـدا بەهێزترکـرد «٣٦ ل١٤٢».

سـەرەڕای ئەمانـە، دەوڵەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـا لـە کۆتایـی سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە هەتـا سـەرەتای سـەدەی بیسـت، لـە ململانـێ و شـەڕی هەمیشـەییدا بـوون لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانیدا، کـە هێنـدەی تـر سیسـتمە فیوداڵەکـەی گرژتـر و توندڕەوتـر و تاکڕەوترکـرد. ئەمانـە وایانکـرد گەشـەی ئابـوری و سیاسـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـا، لـە چـاو ڕۆژئـاوای ئەورووپـا زیاتـر دوابکەوێت. زۆربـەی ئـەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وڵاتانە هەتا کۆتایی سەدەی بیست نەکەوتنە سەر ڕێبازی زەمینە خۆشبون بۆ بونیادنانی سیستمێکی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر، هەتا ئێستاش زۆریان و لەوانە روسیا، هێشتا بەتەواوەتی خۆیان نەداوە بەدەستەوە.

ئەم جیاوازیە بچوکانەی لە نێوان سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگە و وڵاتەکانی ئەوسای ئەوروپادا هەبوون، هەروەها ئەو گۆڕانکارییە بچووکانەی کە تیایاندا روویدا، ئەگەرچی جیاوازی بچوکبن و رەنگە لە ساتێک و شوێنێکدا بە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەقەڵەم نەدرابن، بەڵام هەوێنێک و فاکتەرێکی بنچینەیی گرنگ بوون بۆ گۆڕانکاری مەزنتر لە دواتردا. بێگومان فاکتەرەکانی تر و خاسڵەتە تایبەتییەکان رۆڵی گرنگیان هەبووە، بەڵام بەبێ بوونی ئەو فاکتەرە بنچینەییانە، زەحمەت بوو ئەوانە وەک پێویست رۆڵی سودبەخشانەی خۆیان ببینن.

## خاسڵەتە رێگرەکانی فیوداڵیزمی ئەوروپا لە گەشەکردن

بنەمای ئابوری و سیاسی فیوداڵیزم لەسەر سێ کۆڵەکە وەستابو، کشتوکاڵ، بەرهەمهێنانی پیشەیی و بازرگانی. بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بەردی بناغەی کۆمەڵگە بوو. زیاتر لە ٩٠٪ خەڵک خەریکی کشتووکاڵ بوون و لەسەری دەژیان. بەرهەمهێنانی پیشەیی، ئامرازە سادەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پێویستیەکانی کەل و پەلی سادەی زۆربەی دانیشتوانی دابیندەکرد، لە پاڵ ئەوانەدا پێویستییە گرانبەهاکانی چینوتوێژەکانی سەرەوە و دەوڵەت و کەنیسەی لە ئەستۆدا بوو. بازرگانیی ناوخۆ زۆر سنووردار و لاواز بوو. بازرگانیی دەرەکی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا زیاتر بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی چینوتوێژە دەوڵەمەندەکانی سەرەوە بوو.

### - سروشتی قوفڵدراو و ناخوڵقێنەری فیوداڵیزم لە لادێکاندا

پێشتر باسی ئەو گۆڕانکاریانەمان کرد، کە لەژێر چەتری فیوداڵیزمی ئەوروپادا خوڵقابوون، باسی گەشەکردنی ئابوری و باشتربوونی کۆمەڵگەکانمان کرد بەراورد بە پێشوویان، باسی دروستبوونی چینێکی فیوداڵ و دەسەڵاتێکی ئاینی بەهێز و خاوەن سامان و داهاتێکی زۆرمانکرد، کە توانای فشار خستنە سەر پاشا و دەوڵەتیان هەبوو، کەم و زۆر دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی و ئابورییەکاند پەیداکرد. لێرەدا پرسیارەکە ئەویە، ئایا ئەو چاکسازیانەی ئەوانە کردویانە لە پێناوی گەشەکردنی کۆمەڵگە و خۆشگوزەرانی خەڵکەکەدا بووە، یان تەنها بۆ پاراستن و زیادکردنی بەرژەوەندی خۆیان بووە؟ ئایا ئەمانە لە بەرژەوەندیاندا بووە گۆڕانکاری بنەرەتی لە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوریدا بکەن؟

سەرچاوەی ئەو ژیانە سەڵتەنەتەی کە فیودال، دەسەڵاتی ئایینی و پاشا و دەستەبژێری ئۆروستۆکرات، سەرەک لەشکر و دەسەڵاتدارەکان هەیان بووە لەسەر حساب و هیلاکیی و قووتی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کارکەری ئەو وڵاتانە درووست بووە، بەبێ ئەوانە ئەو سەڵتەنەتەیان لە دەست دەچوو، ئەو ژیان و دەسەڵاتەی هەیان بووە، لە ژێر سێبەری ئەو سیستمە سیاسی و ئابوریە سنووردارە فیوداڵیدا بووە، لەبەرئەوە نەیانویستوە گۆڕانکاری بنچینەیی لەو سیستمەدا بکەن.

لێرەدا رەنگە بوترێ، ئایا نەدەبوو گەشەکردنی تەکنیک و شێواز و ڕێگەی زانستیانە لە خزمەت و بەرژەوەندی ئەوانەدا بوایە؟ ئایا داهاتەکانیانی زیاتر نەدەکرد؟ وەڵامی ئەوە نەخێرە، چونکە ئەو دەسەڵات و سامان و داهاتانە لەسەر کۆنترۆڵکردن و سەرکوتکردنی خەڵکە کارکەرەکان کراوە. چاکسازیکردن لە ئامرازی بەرهەمهێنان و شارەزابوون و هوشیاربوونەوەی ئەوانە پێگەی کۆمەڵایەتیانی بەرزدەکردەوە، هەوڵی ژیان و گوزەرانێکی باشتریان دەدا، ئەبوونە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەو چینوتوێژانەی سەرەوە، لەبەرئەوە بە بەرژەوەندی خۆیان نەزانیوە و ڕێگەیان لێگرتووە. لای ئەوانە، مسکێنەکان کە بەشی هەرە زۆری گۆمەڵگە بوون، نەدەبوو ئاسانکارییان بۆ بکرێت لە کاروباری بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێدا، چونکە تەمەڵی دەکردن و چیتر خۆیان هیلاک نەدەکرد، چاویان دەکرایەوە و هەوڵی بەشداردنیان لە بڕیاری سیاسی و ئابوریدا دەدا، وای لێدەکردن لە خۆیان بایی بن و چیتر گوێڕایەڵی سالارەکانیان نەبن.

لەگەڵ ئەوەی پاشا و فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی داهات و سامانی گەورەیان هەبوو، بەڵام ئەوانەیان لە پێناوی ڕێگەخۆشکردن بۆ گەشەپێکردنی بەرهەمهێنان و کۆمەڵگە بەکارنەدەهێنا، بەڵکو بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان و دروستکردنی جوانترین کۆشک و تەلار و کەنیسەی هەرە جوانی مێژووی مرۆڤایەتی بەکاریاندەهێنا. ئەمە خاسڵەتێکی قوفڵدراو و نەخولقێنەر و داخراوی بەو کۆمەڵگەیەداوە. کۆمەڵگەیەکی دینامیکی نەبووە و توانای خۆ تازەکردنەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و گەشـــەکردنی نەبـــووە. بەدرێژایـــی زیاتـــر لـــە هـــەزار ســـاڵی دەســـەڵاتیان، هیـــچ گۆڕانکارییەکـــی ئەوتـــۆ لـــە تەکنیـــک و ڕێگەوبـــان و ئامـــرازی گواســـتنەوەدا ڕووی نـــەداوە.

هەتـــا فیوداڵـــەکان و دەســـەڵاتی ئایینـــی و دەســـەڵاتی ناوەندیـــی پاشـــا و ســـوپا ســـالارەکان بەهێزتـــر بوونایـــە، زیاتـــر بەرژەوەنـــدی خۆیـــان دەپاراســـت، زیاتـــر خەڵکەکانـــی خوارەوەیـــان دەڕووتانـــدەوە، زیاتـــر دژی گۆڕانـــکاری و چاکســـازی دەوەســـتانەوە، زیاتـــر کۆســـپیان دەخســـتە بـــەردەم بەشـــداریکردنی ژمارەیەکـــی زۆرتـــر لـــە خەڵـــک لـــە بڕیـــارە سیاســـی و ئابوورییەکانـــدا. کۆمەڵگەکـــە زیاتـــر قوفڵـــدراو دەبـــوو، زیاتـــر ڕێگـــە لـــە خوڵقانـــدن و مێشـــککردنەوەی خەڵـــک دەگیـــرا «**٢**ل**٧٣**».

بـــەڵام ئایـــا چینوتوێژەکانـــی خـــوارەوەی لادێ، مســـکێنەکان، جوتیـــارەکان لەبەرژەوەندیانـــدا نەبـــوو گۆڕانـــکاری ڕیشـــەیی لـــە کۆمەڵگەکـــەدا ڕووبـــدات، ئایـــا ئـــەو توێـــژە زەبەلاحانـــەی ئـــەو کۆمەڵگەیانـــە لەتوانایانـــدا نەبـــوو گۆڕانـــکاری بکـــەن و ڕێگـــە خۆشـــکەن بـــۆ سیســـتمێکی بەرفراوانتـــر؟ بـــۆ تێگەیشـــتن و وەڵامدانـــەوەی ئەمانـــە واچاکـــە چاوێـــک بـــە سروشـــتی بونیـــادی ئابـــوری و کۆمەڵایەتـــی ئـــەو کۆمەڵگەیانـــەدا بخشـــێنینەوە.

لـــە کۆمەڵگەیەکـــی فیوداڵیـــدا، مەبەســـتی بەرهەمهێنانـــی کشـــتوکاڵی بـــە پلـــەی یەکـــەم و بەشـــی هـــەرە زۆری بـــۆ دابینکردنـــی پێویســـتی و بەردەوامـــی ژیانـــی خۆیـــان بـــوو. زۆربـــەی ئـــەو بەرهەمهێنانـــەی کـــە مســـکێن لـــە بەشـــە زەوێکـــەی خۆیانـــدا و جوتیـــارە بچووکـــەکان ( ئـــەو جوتیارانـــەی خاوەنـــی زەوی خۆیـــان بـــوون) کردوویانـــە، بـــۆ دابینکردنـــی خواردەمەنـــی خۆیـــان بـــووە و بەشـــێکی کەمـــی بـــۆ گۆڕینـــەوەی بـــووە بەشـــتی تـــری پێویســـتی ژیـــان، کـــە خۆیـــان نەیانتانیـــوە بەرهەمبێنـــن، ســـەرەڕای ئـــەوە بەشـــێکی بـــۆ باجـــی دەوڵـــەت و کەنیســـە بـــووە. بەشـــێکی زۆرکـــەم لـــەو بەرهەمانـــە کەوتونەتـــە بازاڕەکانـــەوە، بۆیـــە کاریگـــەری ئەوتۆیـــان لەســـەر ژیانـــی ئابـــوری نەبـــووە. ئـــەو زەوییـــە کشـــتوکاڵیانەی مســـکێن تیـــادا بەرهەمـــی هێنـــاوە دوو بـــەش بـــوون. بەشـــێکی کوتومـــت بـــۆ دابینکردنـــی پێویســـتی خواردنـــی خـــۆی و خێزانەکـــەی و بەشـــەکەی تـــری بـــۆ فیـــوداڵ بـــووە. لێـــرەدا ســـەرەڕای ئـــەوەی مســـکێنەکان لـــە بەشـــە زەوییەکانـــی خۆیانـــدا کاریانکـــردووە، لـــە بەشـــە زەوی موڵکدارەکانیشـــدا بەرهەمیـــان هێنـــاوە (مەبەســـت لـــە موڵکـــدارەکان، فیـــوداڵ، کەنیســـەوە و پاشـــایە). بەشـــی فیـــوداڵ هەندێکـــی بـــۆ پێویســـتی خـــۆ و دەســـتوپێوەند و چەکدارەکانـــی چـــووە و بەشـــەکەی ترییـــان گۆڕدراوەتـــەوە بـــە بەرهەمـــی تـــر، یـــان لـــە بازاڕەکانـــدا لـــە ڕێگـــەی بازرگانەکانـــەوە ســـاغکراونەتەوە. لەبەرئـــەوە ئـــەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵگەیە بازنەی پەیوەندییەکانی زۆر تەسک بووە، پەیوەندی نێوان شوێنی جیاواز و گوند و شار و لادێکان زۆر لاواز بووە. نە خەڵکی لادێ توانای کڕینی هێندە بەروبوومی دەرەوەی گوندەکانی خۆیانیان هەبووە، نەئەوەندە بەرهەمیشیان لێ زیاد بوو بۆئەوەی بیفرۆشن بەدەرەوە. دراو و ئاڵوگۆڕی دراو زۆر کەمبووە، تەنها چینوتوێژەکانی سەرەوە وهەندێ لە بازرگانەکان لە بازنەیەکی تەسکدا بەکاریان هێناوە.

هۆکانی بەرهەمهێنان بریتی بوون لە مسکێن، یان جوتیاری بچووک، زەویوزار و سەرچاوەی ئاو و ئاژەڵ، ئامرازی بەرهەمهێنان گرنگترینیان گاسن و داس و ولاخ بوون، هەروەها تۆو بۆ چاندن. زۆربەی زەویوزار و سەرچاوەی ئاو موڵکی فیوداڵ و کەنیسە بوون، پاشاش سەرەڕای موڵک و سامانی لە شوێنی نیشتەجێبون و حوکمکردنی لە هەندێ شوێن موڵکی تر و کۆشک و ناوچەی ڕاوی خۆی هەبووە.

مسکێنەکان بەپێی یاسا خەڵکی ئازاد بوون، فیوداڵ بۆیان نەبووە بیانکڕن و بیانفرۆشن، بەڵام چونکە بەسترابون بە زەوییەکانەوە، ئەو ئازادییەی هەیان بوو سنووری بۆ کێشرا بوو. بەپێی یاسا بۆیان نەبوو بێ مۆڵەتی خاوەن موڵک ئەو زەوییانە بەجێبێڵن و بگوێزنەوە بۆسەر زەوی فیوداڵێکی تر، چونکە فیوداڵ، بەوە هێزی کار و داهاتەکانی کەم دەبۆوە. لەهەمان کاتدا مسکێنەکان مافی یاسایی خۆیان هەبوو کە پشتاوپشت لەسەر ئەو زەویانە بمێننەوە، بۆیە خاوەن موڵک بۆی نەبووە بە ئاسانی مسکینێک لە کۆڵ خۆی بکاتەوە. هەڵبەتە ئەمەش بەناوی عەدالەتی کۆمەڵایەتیەوە بووە، بەڵام لەڕاستیدا مەبەست کەمکردنەوە و کپکردنەوەی ململانە و توندوتیژی کۆمەڵایەتی بووە، دابینکردنی سەقامگیری و ڕێگرتن بووە لە بڵاوبونەوەی ئاژاوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر. «٨٨ل٦٠»

لەبەرئەوەی وڵاتەکان بەسەر چەندین بەش و پارچەی موڵکایەتی فیوداڵ دابەشبوون، بەپێی هێزو توانای فیوداڵ یاساکان جێبەجێکراون. هەتا فیوداڵ بەهێزتر بوایە، یان دەسەڵاتی پاشا لاوازتر بوایە، ئەو یاسایانەی بەپێی بەرژەوەندی خۆی گۆنجاندووە، یان هەندێ یاسای تایبەتی خۆی هەبووە، یان گوێی بەیاساکان نەداوە. لەبەرئەوە جیاوازی هەبووە لەنێوان ناوچەیەک و ناوچەیەکی تر و مەملەکەتێک و مەملەکەتێکی تردا.

زەوییەکان بە عەدالەت بەسەر مسکێنانەدا دابەشکراون، هەریەکەیان وەک یەک زەویان بەدەستەوە بووە، زەوی باش و زەوی خراپ. هەڵبەتە بە ڕواڵەت ئەمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پێناوی عەدالەتی کۆمەڵایەتیدا بووە، کە ئایین زیاتر ڕۆڵی تیایدا هەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە دوو مەبەستی تری هەبووە. یەکەمیان کەمکردنەوەی ململانێ لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگەکەدا، بە مەبەستی کەمکردنەوەی گرژی لە ناویاندا، دووەمیان ئەوە بووە، کە کەس لە ریزی ئەو مسکێنانەدا سامان و داهاتی لەوانی تر زیاتر نەبێت و دەوڵەمەنتر نەبێت و ئاستی کۆمەڵایەتی بەرزنەبێتەوە و چاوی نەکرێتەوە. ئەمانە ململانێ و هەوڵدانی تازەکردنەوە و گەشەکردنی کۆمەڵگەی ئیفلیجکردوە، کۆمەڵگەکەی نا خوڵقێنەر و سست کردوە، ڕێگربووە لە گەشەکردنی ژیانی ئابوری و سیاسی و بەشداریکردنی مسکێنەکانیش لە بڕیارە سیاسی و ئابورییەکاندا «٨ل٥١».

باشترین زەوی و سەرچاوەی ئاو بۆ بەرهەمهێنانی پێویستیەکانی ئەو چینوتوێژانەی سەرەوە دابینکراوە. جێگەی بێستان و کۆشک و باخ و باخاتیان، جێگەی ڕاو و سواری و ڕابواردنیان، جێگە و شوێنی کلێسەکان. زۆربەی ئاژەڵ، مەڕومالات و ئەسپ و گا و مانگا، موڵکی ئەوانە بووە، بەشی هەرە زۆریان لەلایەن مسکێنەکانەوە سەرپەرشتی کراون و لەوەڕێنراون. لەوەڕگاکان ئەگەرچی موڵکی گشتی بوون، بەڵام مسکێن و جوتیارە بچووکەکانیش لەبەرامبەر سوود وەرگرتن لێیان ناچارکراون ئاژەڵی فیوداڵەکان تیایاندا بلەوەڕێنن و داری دارستانەکانیان بۆ ببڕن بۆ سوتاندن، یان بیناکردن و پێویستی تر.

گرنگترین ئامرازی بەرهەمهێنان گاسن و داس و وڵاخ بووە. گاسن گرانبا بووە و زۆربەی مسکێن و جوتیارە هەژارەکان نەیان بووە، لەبەرئەوە گاسنی فیوداڵیان بەکارهێناوە و لەبەرامبەردا بێگاری زیاتریان پێکردوون. ئەو مسکێنانەی وڵاخیان هەبووە، ناچارکراون لەگەڵ خۆیان بیهێنن بۆ بەکارهێنانیان لە کێڵانی زەوییەکانی فیوداڵ، یان بارکردندا. ئەگەر نەیان بوایە بەرامبەر ئەوە بێگاری زیاتریان پێکراوە. ئەو ساڵانەی کە بەهۆی ئاوی کەم یان زۆر، نەخۆشی کشتوکاڵییەوە بەرهەم کەمبۆتەوە، مسکێن و جوتیارە هەژارەکان ناچاردەبوون تۆو بۆ چاندن لە فیوداڵ قەرزکەن، کە لەبەرامبەردا دوو قات و سێ قاتیان لێ سەندوونەتەوە. لە چەند خاڵێکدا ئەرکی مسکێنەکان کۆدەکەینەوە:

١ـ تێکڕای سێ ڕۆژ کارکردن لە زەوی تایبەتی فیوداڵ لە هەفتەیەکدا.

٢ـ وڵاخ پەیداکردن بۆ کێڵانی زەوییەکەی خۆی و بەکارهێنانی لەگەڵ وڵاخەکانی مسکێنەکانی تر لەزەوی فیوداڵدا.

٣ـ سەرەڕای کێڵان، بەکارهێنانی وڵاخەکان لە ئەرکەکانی تری بەرهەمهێنان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و گواستنەوەدا.

٤ـ کارکردن بۆ فیوداڵ لە رۆژە تایبەتییەکانی تری ساڵانەدا، وەکو رۆژانی داربڕین و خوریبڕین و شتی تر.

٥ـ ئەگەر مسکێن بەرهەمی زیادەی خۆی بفرۆشتایە، دەبووایە هەندێ پارەی کاشی بدایە بە فیوداڵ.

٦ـ باجی لەسەر بەرهەمەکانی خۆی بدایە بە دەوڵەت و کەنیسە، وە کو دانەوێڵە، مریشک، ئاژەڵ.

٧ـ باج لەسەر هێنانی دار لە دارستانەکانەوە.

٨ـ ئەگەر مسکێن کچێکی شووی بکردایە بە زەلامێکی سەر بە فیوداڵێکی تر، دەبووایە باجێکی تایبەتی بدایە بە فیوداڵ، چونکە فیوداڵ نەی دەویست ژمارەی مسکێنەکانی کەمبێتەوە. «٨ ل ٥٥»

لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی سەرەوە، چەند راستییەکمان بۆ دەردەکەوێت. لەژێر سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیوداڵیدا، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی لادێکان، کە مسکێنەکان بوون، خاوەنی هیچ نەبوون. لەبەرئەوەی بەسترابوون بە زەوییەکانیانەوە نیمچە ئازادبوون، شوێنی ژیان و کارکردنیان لەگەڵ شوێنەکانی تر و جیهانی دەرەوەدا دابڕاوبوو. کار و پەیوەندی و بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتری و خەڵکانی تری ناوچەکانی تردا زۆر کەمبووە. ئەوەی بۆیان ماوەتەوە لە رەنجی ژیانیان تەنها بۆ بەردەوامی بووە لە ژیاندا، نەخۆشی و پەتاو کارەساتی سروشتی بەسەریاندا زاڵ بووە. ئەگەرچی دەوڵەت و فیوداڵەکان لەسەر حسابی ئەوانە داهاتێکی زۆریان هەبووە و خاوەنی سامانێکی بێ سنووربون، بەڵام هیچ چاکسازییەکی ئەوتۆیان نەکردوە بۆ ئاسانکردنی بەرهەمهێنان، رێگەوبان، تەکنیک و گەشەکردنی زانیاری، هیچیان لە بواری خزمەتگوزاری و باشکردنی خۆشگوزاری خەڵک نەکردوە. زۆرینەی خەڵک لەژێر سایەی ئەو سیستەمەدا هیچ بواری بەشداریکردنیان لە بڕیارە و سیاسی و ئابوریەکاندا نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خەڵکی تر ئەو بڕیارانەیان بەسەریاندا سەپاندووە. لە رێگەی چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتی ئایینیەوە رێگەیان لێگیراوە و سەرکوتکراون، دابونەریتی کۆن پشتاوپشت ماوەتەوە و رەگی داکوتاوە لە مێشک و دەروونی ئەو خەڵکەدا و بوونەتە بەندی دەستیان. ئەگەرچی جوتیارە بچووکەکان ژیانیان کەمێک لە مسکێنەکان باشتر بووە، بەڵام بەشی زۆریان لە هەمان باری ژیان و روبەڕووی هەمان کۆسپ بوونەتەوە و ژیانێکی سەختیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبـووە و بـە پەلەقـاژێ توانیویانـە ئـەو موڵـک و داهاتـە بچووکانەیـان بپارێـزن.
لـەم زەمینەیـەدا، ئـەو چینوتوێژانـەی خـوارەوە لـە نەزانـی و نەخوێنـدەواری و نائومێدیدا ژیـاون، هیـچ ئامرازێکـی گۆڕانـکاری و گەشـەکردنی ژیانیـان نەبـووە. ئەوەی بۆیانکـراوە، لـە خوداپاڕانـەوە و ڕووکردنـە کەنیسـەکان بـووە، لـە پێنـاوی ئـەوەی خودا خراپتریـان بەسـەردا نەهێنـێ و ئـەوەی هەیانبـووە لەدەسـتیان نەچێـت، نـە توانـای خوڵقانـدن و تازەکردنەوەیـان هەبـووە و نـە بڕواشـیان پێـی هەبـووە.
سـەرەڕای ئـەوەی مسـکێنەکان توانـای گۆڕانـکاری و چاکسـازی و تازەکردنەوەیـان نەبـووە، زۆرجـار بـە بەرژەوەنـدی خۆشـیان نەزانیـوە، کـە بەرهەمهێنـان زیاتـر بکـەن، تەکنیکـی نـوێ و زانسـتی نـوێ پەیدابێـت بـۆ ئاسـانکرنی پرۆسـەی بەرهەمهێنـان. هەڵبەتـە ئـەوەش بـێ هۆکارنەبـووە، لەلایەکـەوە لەبەرئـەوەی هەرچـی هەوڵێکیـان دابێـت و خۆیـان ماندووکردبێـت بـۆ زیادکردنـی بەرهەمهێنـان، هیچـی وای بـۆ خۆیـان نەماوەتـەوە، بەڵکـو چۆتـە گیرفانـی خـاوەن موڵکـەکان و دەوڵـەت و کەنیسـەوە، ئەویـش بەنـاوی عەدالەتـی کۆمەڵایەتیـەوە، کـە دەبووایـە هەمـوو خەڵکـی سـادە گوزەرانـی ژیانیـان وەک یـەک بووایـە. لـە لایەکـی تـرەوە ئـەو مسـکێنانە دژی تەکنیکی نـوێ بوون، چونکـە هەمیشـە لـەوە ترسـاون بەهـۆی تەکنیکـی نـوێ و چاکسـازی لـە بەرهەمهێنانـدا، چیتـر خـاوەن موڵکـەکان پێویسـتیان پێیـان نەمێنـێ و لەسـەر مـاڵ و زەوییەکانیـان دەریـان پەڕێنـن.
لەمێـژووی زیاتـر لـە هـەزار سـاڵەی فیوداڵیزمـدا، ژمارەیەکـی زۆر ڕاپەریـن و بزووتنـەوەی جوتیـاران لـە هەمـوو شـوێنەکانی ئەوروپـادا، کـەم و زۆر ڕوویانـداوە، زۆرجـار زیانێکـی زۆریـان لـە کۆشـک و زەویـوزار و سـامانەکانی موڵکدارەکانـداوە، هەندێکیـان بوونەتـە پاڵەوانـی خەڵـک و لـە دەوڵەمەندەکانیـان سـەندووە و داویانـە بـە هـەژارەکان. بـەڵام هەمـوو ئەوانـە شکسـتیان هێنـاوە و سـەریان نەگرتـووە، هیـچ لەوانـە ڕۆڵـی خولقێنـەر و تـازە کردنەوەیـان نەبـووە، لـە توانایانـدا نەبـووە سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرفراوانتـر بونیادبنێـن «٨ ل٦٠».
بێگومـان لـە هەنـدێ کات و شـوێندا، بەتایبەتـی لـە کۆتایـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت و سـەردەمی گیانەڵـڵای فیوداڵیزمـدا، ئـەو ڕاپەڕیـن و ململانێیانـە کاردنانـەوەی پۆزەتیڤـی بەسـەر فاکتەرەکانـی تـردا هەبـووە، یارمەتـی گۆڕانکاریەکانـی داوە، بـەڵام هیـچ لـە چینوتوێـژ و هێـز و پێکهاتەکانـی ئـەو کۆمەڵگەیانـە، نەتوانـای گۆڕانـکاری ڕیشـەییان هەبـووە، نـە بـە بەرژەوەنـدی خۆیـان زانیـوە. فاکتـەرە ناوخۆییەکانـی لادێکانـی گۆمەڵگای فیوداڵـی، چینوتوێـژ و هێزەکانـی لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە، خۆبەخـۆ توانـای گۆڕانـکاری ڕیشـەییان نەبـووە، هەوڵدانەکانیـان وەکـو ئـەوە بووە ئاسـنی سـارد بکوتن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## - سروشـتی قوفڵدراو و ناخوڵقێنەری پیشەیی فیوداڵی

بێگومـان بەرهەمهێنانـی پیشـەیی بـە هەزارەهـا سـاڵ پێـش کۆمەڵگـەی فیوداڵـی لـە جیهـان و ئەوروپـادا هەبـووە و کەرتێکـی گرنگـی بەرهەمهێنـان بـووە. خەڵکانـی پیشـەیی شـارزا و وریابـون و بـە رۆح و گیـان هەوڵیانداوە بەپێیی توانا باشـترین و جوانتریـن بەرهـەم پێشکەشـی کڕیارەکانیـان بکـەن. هـەر لەکۆنـەوە بەشـێک لـە کاڵای بازرگانـی ئـەو بەرهەمانـە بـووە «٣٦ ل١٢٥».

لەگـەڵ سـەرهەڵدانی فیوداڵیـزم، ئـەم کەرتـەش بـوو بـە بەشـێک لـە بنەمـای ئابـوری ئـەو سیسـتمەوە و ئاوێتـەی بـوو و خـۆی لەگـەڵ خاسـڵەتەکانی گونجـان و کەوتـە دابینکردنـی پێویسـتیەکانی، بۆیـە دەتوانـی ناوبنـرێ بەرهەمهێنانـی پیشـەیی فیوداڵـی. پێویسـتیەکانی ئـەو کۆمەڵگەیـە جۆراوجـۆر بـوون. لەبەرئـەوەی ئـەو سیسـتمە لەلایـەن دەوڵـەت و پاشـا و فیـوداڵ و دەسـەڵاتی ئاینیـەوە قۆرخکرابـوو، پێـش هەمـوو کەسـێکی تـر پێویسـتیەکانی ئەوانـی دابیندەکـرد.

پیشـەییەکان پێویسـتیەکانی کۆشـک و تـەلار و کەنیسـە، لـە دەرگا و پەنجـەرە و شوشـە و پێویسـتی تـر دابیندەکـرد، پێویسـتی ناومـاڵ و جـل و بـەرگ و شـتی نایـاب و جوانـی ئـەو شـوێنانەیان بەرهەمدەهێنـا، ئامـرازی گواسـتنەوە و بارکردنیـان دابیندەکـرد، لەسـەروو هەمـوو شـتێکەوە پێویسـتیەکانی هێـزە چەکدارەکانیـان دابیندەکرد، لـە چـەک و جلوبـەرگ و پێـڵاو و زیـن و شـتی تر. سـەرەڕای دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـوری ئەوانـە بەسـەر پیشـەییەکانەوە، دەوڵەمەنتریـن و گرنگتریـن کڕیاریـان بـوون. ئـەم بەرهەمانـە تەنهـا بـۆ دابینکردنـی بەشـێکی کەمـی دانیشـتوان بـوون، کـە ٣٪ زیاتـر تێپـەڕ نەدەبـوو. لەکاتێکـدا هەمـوو دانیشـتوانی ئینگلتـەرا نزیکـەی ٢ بـۆ٣،٥ ملیـۆن کـەس بـوو، لەناویانـدا چینوتوێـژە دەسـەڵاتدارەکان نـە گەیشـتونەتە ١٠٠ هـەزار کـەس، لەبەرئـەوە خواسـت لەسـەر ئـەو بەرهەمانـە سـنووردار بـووە و دەرفەتـی بەرفراوانبوونـی زۆری نەبـووە «٨ ل٢٩ \ ٢ ل١٥١».

دووەم لایەنـی گرنـگ، دابینکردنـی ئامرازەکانـی بەرهەمهێنـان بـوو، لـە گاسـن و داس و پـاچ و خاکەنـاز و پێویسـتی تـر. لێرەشـدا لەبەرئـەوەی موڵـکدار خاوەنـی زۆربـەی زەویـوزار و سـەرچاوەکانی ئابـوری بـوون، ئـەوان بـوون بڕیـاری چەندایەتـی و چۆنایەتـی ئـەو ئامرازانەیـان داوە، مسـکێن و جوتیـارەکان قسـەیان نـەی خـواردوە و گوێیـان لێنەگیـراوە. لەبەرئـەوەی چینوتوێژەکانـی سـەرەوە لـە بەرژەوەندیانـدا نەبـووە و نەیانویسـتوە گۆڕانـکاری و چاکسـازی لـەو بوارانـەدا بکرێـت، بـە درێژایـی هەمـوو سـەدەکانی ناوەڕاسـت هەمـان ئامـرازی کـۆن بەرهەمهێنـراون و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەکارهاتــوون.

سـێیەم لایــەن، دابینکردنــی پێویســتی ناومــاڵ و جلوبــەرگ و پێویســتی ســاکاری تــری چینوتوێژەکانــی خــوارەوە بــوو. ئەوانــە خەڵکــی دەســتکورت و هــەژار بــوون، توانــای کرینــی شــتی بــاش و گرانبەهایــان نەبــوو، لەبەرئــەوە ئەگەرچــی ژمارەیــان زۆر بــوو، بــەڵام کڕیــاری گرنــگ نەبــوون. لەبەرئــەوە پیشــەییەکان لــەو ڕووەشــەوە هیــچ گۆڕانــکاری و چاکســازییان نەکــردوە، بــە درێژایــی فیودالیــزم گۆڕانــی گــەورە بەســەر ئــەو بەرهەمانــەدا نەهاتــووە.

بەرهەمهێنانــی پیشــەیی بــە پلــەی یەکــەم لــە شــارەکاندا بــووە، بــەڵام لــە لادێکانیشــدا هەبــوون. ئەوانــەی ناوشــار زیاتربــوون و بەشــێکی زۆری دانیشــتوانی شــارەکان بــوون، بــەڵام ئەوانــەی لادێــکان پــەرش و بــڵاو و بچــووک بــوون «**٣٦** ل **١٢٥**».

بەپێــی ئــەو زانیاریانــە پرســیار لێــرەدا ئەوەیــە، ئایــا سیســتمی بەرهەمهێنانــی پیشــەیی فیودالــی توانــای گەشــەکردن و خۆتازەکردنــەوەی هەبــووە؟ ئایــا خۆبەخــۆ توانــای گۆڕینــی سیســتمی بەڕێوەبردنــی سیاســی و ئابــوری هەبــووە؟ ئایــا ئــەو توێــژە کۆمەڵایەتیانــەی پێــوەی خەریکبــوون گۆڕانــکاری فراوانیــان لــەو کەرتــەدا بــە بەرژەوەنــدی خۆیــان زانیــوە؟ ئایــا ئــەو سیســتمە خوڵقێنــەر و کــراوە بــوو، یــان قوفڵــدراو و ناخوڵقێنــدەر؟ ئایــا پیشــەییەکان بــوون، کــە چاکســازی سیاســی گەورەیان کــرد و شۆڕشــی پیشەســازییان هەڵگیرســان؟ بــۆ تێگەیشــتن و وەڵامدانــەوەی ئەوانــە واباشــە چاوێــک بەســەر خاســڵەتەکانی ئــەو سیســتمەدا بخشــێنین:

سیســتەمی پیشــەیی فیودالــی، هەمــان سروشــتی تەســک و قوفڵــدراوی فیودالیزمــی هەبــووە، لەیەکــەی بچــووک و لەیــەک دابــڕاو پێکهاتبــوو، ســنوور لــە نێــوان پیشــە جیــاوازەکان قایــم بــوو، کــەس دەســتی نەخســتۆتە کاروبــاری ئەوانیتــرەوە، لــە بازاڕێکــی بچووکــی ســنووورداری قوفڵــدراو دەرنەئەچــوو، بەرهــەم بــۆ دابینکردنــی کڕیارەکانــی نــاو شــار و لادێکانــی نزیکــی بــوو، بــۆ بــازاڕی دەرەکــی نەبــوو، هــەر پیشــەیەک کڕیــاری خــۆی هەبــووە و چــاوی نەبڕیوەتــە کڕیــاری ئەوانیتــر، شوێنکارەکانیشــیان بچــووک بــووە و بەپێیــی عورفــی پیشــەیی فیودالــی عەیــب و ناشــیرین بــوو یەکێکیــان زیاتــر لەوانــی تــر بەرهەمــی هەبێــت یــان وەســتا و شــاگردی زۆرتــری هەبێــت. ڕێگــر بــوون لە بوونــی ژمــارەی زۆری شــوێنکار، چونکە بەلایانــەوە ڕزقــی ئەوانــی تــری بڕیــوە، لەبەرئــەوە ژمــارەی خــاوەن وەرشــەکان کــەم و ســنووردار بــوون. ڕێگــە نــەدراوە بــە بەشــدارکرنی ژمارەیەکــی زۆری خەڵــک لــەو بەرهەمهێنانــەدا، بەشــداریکردن لــە بڕیاردانــدا، فێربــوون و شــارەزابوونی کرێــکاران، گەشــەکردنی تەکنیــک و داهێنــان و زیادکردنــی بەرهەمهێنــان. خەڵکــی بــە ئاســانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرفەتی کارکردنی پێنەدراوە لەو وەرەشانەدا، هەتا یەکێک بوو بێت بە وەستا، یان سەروەستا بەم پلانەدا تێپەڕیوە:

١- شاگرد، بە پلەی یەکەم ئەندامی خێزان و خزمی نزیک بوو. ماوەی شاگردیی ٣-٧ ساڵی خایاندووە، سەروەستا هەتا پێیکرابێ ئەو ماوەیەی درێژکردۆتەوە. شاگرد حەفتەی شەش رۆژ لەبەیانی زووەوە هەتا وەختی نوستن کاریکردوە، تەنها رۆژانی جەژنە ئایینیە گەورەکان پشووی پێدراوە، بە درێژایی ئەو ساڵانە مووچەی پێنەدراوە، ئەوەی پێی دراوە هەر لەپاڵ وەرشەکەدا خواردن و جێگەی نوستن بووە. لەو ماوەیەدا، دەبووایە شاگرد چالاکانە بەتەواوەتی فێری پیشەکە و نهێنیەکانی ببوایە، ئەگینا دەردەکرا. ژمارەی شاگردەکان لە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک تێپەڕی نەکردووە.

٢- وەستا، لە ڕێگەی شاگردیەوە پێگەیشتووە، لەژێر دەستی سەروەستادا کاریکردوە، شارەزایی تەواوی لە پیشەکەدا هەبووە. ژمارەیان زۆر کەمبووە. مووچەی رۆژانەی تەنها لەو رۆژ و کاتانەدا هەبووە کە سەروەستا پێویستی پێی بووە. بۆی نەبووە وەرشەی خۆی هەبێت، بۆی نەبووە لەبڕیاری سەروەستا دەربچێت یان قسە لە قسەکانیدا بکات. ژمارەیەکی زۆر کەمی وەستا بۆیان هەبووە ببنە سەروەستا، هەتا کرابێ پشتاوپشت کوڕی گەورە جێگەی باوکی گرتۆتەوە.

٣- سەروەستا مۆنۆپۆلیان هەبووە لەبەرهەمهێنانی پیشەیەکی پیشەییدا و کۆنترۆڵی بازاڕەکانیان کردووە، خاوەنی وەرشەی خۆیان و کەرەسەی خاو و بەرهەم بوون. وەستاکان کاریان لا کردوون و شاگردیان راگرتووە. خۆیان راستەوخۆ ویستوویانە بەرهەمەکانیان بە کرتار بفرۆشن و نەیانهێشتووە فرۆشتن لە رێگەی دوکاندار یان بازرگانەوە بێت، چونکە بەرهەم و کڕیارەکانیان سنووردار بووە و نەیانویستووە بەشێک لە قازانج بچێتە گیرفانی بازرگانەکانەوە. زۆربەی بەرهەمەکان لەسەر داوای پێشوەختەی کڕیار بەرهەمهێنراوە.

پیشەییەکان بەپێی پیشەکانیان لە رێخراوی تایبەتیدا خۆیان پۆلێن کردبوو. ئەندامی ئەو رێکخراوانە تەنها سەروەستاکان بوون. ئەوانە بڕیاری هاوبەشیان بۆ هەموو شوێنکارەکان ئەدا، لەسەر جۆر و چەندایەتی و چۆنایەتی و نرخی کاڵاکان. لە ناوخۆیاندا چاودێری یەکتریان دەکرد و کۆنترۆڵی یەکتریان دەکرد. ئەم رێکخراوانە مۆنۆپۆلیان هەبوو، بێجگەلە ئەندامەکانی خۆیان رێگەیان بە خەڵکی تری دەرەوە نەدەدا ئەو کەلوپەلانە بەرهەمبهێنن، رێگەیان بە ساغکردنەوەی بەرهەمی تری هاوچەشنی شوێنەکانی تر نەدەدا لە بازاڕەکانیاندا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو ڕێکخراوانـە ئەندامەکانـی خۆیـان پاراسـتووە و پشـتگیری یەکتریـان کـردووە. ئەندامـەکان بۆیـان نەبـوو ململانـێ لەگـەڵ یەکتـری بکـەن، نـرخ بـە خواسـتی خۆیـان دابەزێنـن یـان بەرزبکەنـەوە، بەبـێ ڕازی بوونـی ئـەوان بۆیـان نەبـوو شـتی نـوێ بەرهەمبێنـن یـان قەبـارەی بەرهـەم زیادکـەن و فێـڵ و تەڵەکـە بکـەن، دەسـتکاری چۆنایەتـی بکـەن یاخـود تەکنیـک و ئەمـرازی بەرهەمهێنانـی نـوێ داهێنـن و بـەکاری بهێنـن.

کرینـی کەرەسـەی خـاو بـۆ شـوێنکارەکانیان لـە ڕێگـەی ئـەو ڕێکخراوانـەوە بـوو، کـە بـە کۆمـەڵ و بـە یـەک نـرخ بـۆ هەمـووان پێداویسـتییان لـە بازرگانـەکان کریـوە. نوێنەرایەتـی پۆلەکەیان(سـنف) کـردووە لـە کۆمەڵگـە و لای دەسـەڵاتداران و پۆلەکانـی تـر، دژی هەمـوو گۆڕانکارییـەک بـوون کـە لـە هەیبـەت و دەسـەڵاتی سەروەسـتاکانی کەمکردبێتـەوە. لەبەرئـەوەی بەرهەمـی پیشـەیی لـە بازاڕێکـی داخـراوی بچوکـدا سـاغکراوەتەوە، خەڵکـی شـوێنەکە هەمـوو یەکتریـان ناسـیووە و پێویسـتیان بـە مانـەوەی یەکتـری بـووە، هەمیشـە ڕەزامەندیـی کڕیـارەکان لـە پێش هەمووشـتێکەوە بـووە و پەیوەنـدی ئەخلاقـی و ڕێزگرتـن لـە نێوانیانـدا گرنـگ بـوووە.

دامـەزراوەکان نـە پێویسـتیان بـە سـەرمایەی زۆر بـوو، نـە ئامـراز و مـە کینـە و دوکانـی گـران. لەبەرئـەوەی بەرهـەم زۆربـەی جـارەکان لەسـەر داوای پێشـوەختی موشـتەری بـوو، پێویسـتیان بـە کەپیتاڵـی گـەورە نەبـوو، ئـەوەی پێویسـت بـوو شـوێنکارێکی بچـوک بـوو، کـە زۆرجـار بەدەسـتی خۆیـان ئامـرازی بەرهەمهێنانـی پێویسـتیان تیـادا دروسـتکردوە، هەروەهـا زورجـار سـوچێک لـە خانووەکانـی خۆیـان کـردووە بـە جێگـەی بەرهەمهێنـان و فرۆشـتن.

بەرهەمهێنانـی پیشـەیی ئامانجـی قازانجکـردن و زیادکردنـی سـەرمایە و گەشـەکردنی بـە رهەمهێنـان نەبـوو. نـرخ دانـان بەپێـی عەدالەتـی کۆمەڵایەتـی و ڕێکخـراوە پیشـەییەکان دادەنـرا. ئـەوەی پیشـەییەکان دەسـتیان کەوتـووە کوتومـت بەشـی پێویسـتیەکانی ژیانـی کـردوون. لێرەشـدا ئاییـن و عورفـی کۆمەڵایەتـی بەنـاوی عەدالەتـی کۆمەڵایەتیـەوە ڕۆڵـی هەبـووە، بـەڵام لەڕاسـتیدا مەبەسـت لـەوە، ڕێگرتـن بـووە لـەوەی خەڵـک توانـای ئابـوری زیادبـکات، داهاتەکانیـان زیاتـر بێـت و پێگـەی کۆمەڵایەتیـان بەرزبێتـەوە و فشـار بخەنـە سـەر چینوتوێژەکانـی سـەرەوە. بـۆ کپکردنـەوەی ململانـە و گـرژی و ئـاژاوە بـووە، کـە دەبـووە هەڕەشـە بۆسـەر سـەقامگیری کۆمەڵگـە و بەردەوامـی کۆنترۆڵـی دەسـەڵاتداران.

دەوڵـەت و کەنیسـە و کۆمەڵگـەی فیـودال لـە ڕێگـەی بـاج و ڕسـوماتی قورسـەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگەیان بە گەشەکردنیان نەداوە. ڕێگە نەدراوە بەشداری بڕیاری سیاسی و ئابوری بکەن. لەو کۆمەڵگەیەدا ڕۆڵیان تەنها خزمەتکردن و دابینکردنی پێویستیەکانی ئامرازی بەرهەمهێنانی چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان بووە. «٨ ل ٢٤،٢٩،٣٣»

لەم زەمینەیەدا حاڵی ئەمانیش وەکو حاڵی بەرهەمهێنەرەکانی لادێ بووە، دەرفەتی خوڵقاندن و چاوکردنەوە و گەشەکردنیان نەبووە. لەلایەکەوە لەڕێگەی دەوڵەت و چینوتوێژەکانی سەرەوە، لە لایەکی ترەوە بەهۆی سیستمی داخراوی قوفڵدراوی بەرهەمهێنانەوە. سەروەستاکان و ڕێکخراوە پیشەییەکانیان کۆنترۆڵی بازاڕ و بەرهەمهێنان و وەستا و شاگردەکانیان کردووە، مۆنۆپۆڵیان هەبووە و لە شارەکاندا پێگەی کۆمەڵایەتیان بەرزبووە. لەبەرئەوە دژی هەموو گۆڕانکاریەک بوون، دژی تەکنیکی نوێ، زانیاری، بیری نوێ و خۆلقاندن بوون، توانای داهێنان و بیرکردنەوەی خەڵکەکانی ژێر خۆیان خەفە و سەرکوت کردووە. وەستا و شاگردەکان سەقامگیری و ئارامی ژیانیان لەو سیستمەدا بینیوە، لەدەرەوەی ئەوە بێکەس و بێ پشتبوون، مان و نەمانیان بەوەوە بەند بووە، لەبەرئەوە هەموو شتێکی تر لەدەرەوەی ئەوە، لە بیرو دەرونی ئەواندا نەبووە، مانەوەی ئەو بارە و نەگۆڕینی لایان لە بێ نانی و بێ پشتی باشتر بووە.

## - بازاڕێکی بچووکی داخراو

شارەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا گەورە و بچووک بوون. شارە گەورەکان نمونەی پایتەختەکان گەورە بوون، جێگەی کۆشک و تەلاری شا و دەستەبژێری دەسەڵاتدار و ناوەندی حوکم بوون. شارەکانی تری ئەوروپا هێندە گەورە نەبوون، بەگشتی لە شارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بچووکتربون «٣٠ ل٤٥». ڕەنگە هۆکاری ئەوە بۆ بەهێزی فیوداڵەکان لە لادێکان و بوونی ئەو شوێنانە بە سەنتەری ئابوری و سیاسی بگەڕێتەوە. کە بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ڕۆڵی شارەکان.

ئەو شارانە سەرەڕای ئەوەی جێگەی یەکتربینین و گردبوونەوەی ئۆروستۆکراتی فیوداڵ و ئایینی بوو، جێگەی بەرهەمهێنانی پیشەیی و ئاڵوگۆڕی بازرگانیش بوو، سەرەڕای ئەوە جێگەی گردبونەوە و نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت بوو، لەبەرئەوەی لە لادێکان جێگەیان نەبۆتەوە، ڕوویان لە شارەکان کردووە. لەبەرئەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گەڕەکەکانی شارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنەکانی ئەوروپادا هەبووە، لە ڕووی ئاستی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریەوە. لەکاتێکدا شوێنی ئۆروستۆکراتیەکان جێگەی کۆشک و تەلاری جوان و کەنیسەی گەورە و جێگەی هونەر و مۆسیقا و باخچەی جوان بوو، بەشەکەی تری پیس و پۆخڵ و بێ ئاو و زێراب و تاریک و نوتەک بوو، سەرچاوەی نەخۆشی و پەتا بڵاوبونەوە بوو.

زۆربەی بازرگانە گەورەکان لە شارەکاندا ژیاون و ئاڵوگۆڕی بازرگانییان لەگەڵ یەک کردوە و لەوێوە ڕوویان کردۆتە لادێ و شارەکانی تر و دەرەوەی وڵات. بازرگانی سێ جۆر بووە، بازرگانیی ناوخۆ، نێوان ناوچەکان و بازرگانی دەرەکی «٨ ل٨٧».

لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا، بازرگانی دەرەکی لە بەندەرەکانەوە کراوە و ئەو سەردەمە زیاتر بازرگانی لەگەڵ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا بووە. کار و ڕۆڵی ئەمانە دابینکردنی کاڵای گران و نایابی نمونەی قوماشی ئاوریشم و زێڕ و زیو و فەخفوری جوان و بەهاراتی هیندستان بووە. کڕیاری ئەوانە ئۆرستوکراتەکان و هەرە دەوڵەمەندەکان بوون، لەبەرئەوە بەرفراوان نەبووە و زۆربەی خەڵک توانای کڕینی ئەو شتانەی نەبووە. سەرەڕای خواستی سنووردار لەسەر ئەو کاڵایانە، ئەو بازرگانانەی کە بە بازرگانیی دەرەکیان کردووە، چەندین کۆسپ لەبەردەم کارکردن و گەشەکردنیاندا بووە. لەبەرئەوەی ئەو بازرگانییە کاتی زۆری پێچووە و شتەکان گران و زۆر بوون، کەپیتاڵێکی زۆری پێویست بووە، کە بەهەموو کەسێک دابیننەکراوە. ترسناکی ڕێگەوبانی دەریایی و هەڕەشەی ڕووتکردنەوە و تاڵانی ڕۆژانە ڕووبەڕوویان بۆتەوە، ناسەقامگیری ئەو دەوڵەت و ناوچانەی کاروانەکان پێیدا ڕۆیشتوون و دانی بەرتیل و باج و ڕسوماتێکی زۆر پێیان بۆتە کۆسپ و خەرجییەکی زۆر بەسەریانەوە. فشاری کاربەداستانی دەوڵەت و گومرگ و بەرتیلی زۆر لەسەریان و مۆنۆپۆڵی هەندێ توێژی بازرگان بە پشتگیری هەندێ لە ئۆروستۆکراتەکان و پیاوانی دەوڵەت گرفتێکی گەورەی تر بووە، نەبوونی دڵنیایی و پاراستی موڵک و ماڵ گرفتێکی گەورە بووە، زۆر لەو بازرگانانە بەهۆی ڕووتکردنەوە و ناسەقامگیری و ڕووداوی سروشتیەوە لێیان قەوماوە و هەرچییەکیان هەبووە لەدەستیان چووە و ڕووبەڕووی نابووتی بوونەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی بەشی هەرە زۆری بەرهەمهێنان بەمەبستی دابینکردنی پێویستی خۆ بووە و بە مەبەستی بازرگانی و ساغکردنەوە نەبووە لە بازاڕەکاندا، زۆربەی خەڵک لەبەر دەستکورتی خواستی لەسەر بەرهەمی زۆر نەبووە. لەبەرئەوەی وڵاتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فیوداڵەکان دابەشکرابوو بەسەر چەندین ناوچەی جیاوازی فیوداڵەوە، زۆرجارهەر ناوچەیەک یاسای تایبەتی خۆی هەبووە. سەرەڕای ئەو باج و گومرگانەی بە دەوڵەت دراون، فیوداڵی هەر ناوچەیەک گومرگ و سەرانەی لە قافڵەی بازرگانی ناوخۆ سەندووە، فیوداڵەکان حەزیان نەکردووە و بە بەرژەوەندیی خۆیان نەزانیوە دراوسێکانیان ئاستیان لەوان بەرزتر بێتەوە. خراپی ڕێگەوبان و ئامرازی هاتوچۆ و ناسەقامگیریی ڕێگەوبان کۆسپێکی تر بووە.

ئەمانە و هۆکارەکانی تر، کە لەسەرەوە باسمان کردن، هەموو وایانکردووە کە بازاڕەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی سنووردار و قوفڵدراوبێت و هێندە دەرفەتی فراوانبوون و گەشەکردنی نەبێت.

ئەگەرچی بازرگانەکان، لەچاو چینوتوێژەکانی تری کۆمەڵگەی فیوداڵدا، لە ڕێگەی بازاڕەکان و هاتوچۆ و گەشترکردنەوە پەیوەندییەکی فراوانیان لەگەڵ ژمارەیەکی خەڵکی زۆردا هەبووە، بەڵام هەمیسانەوە بازنەی کارکردنیان بچووک بووە، لەشارەکاندا تەنها بە جوملە بۆیان هەبووە شتومەک بە پیشەگەرەکان بفرۆشن، کڕیارەکانیان زیاتر لە ئۆروستۆکرات و دەوڵەمەندەکان بوون، تەنها فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی بەرهەمی لەگەڵیان گۆڕیوەتەوە یان پێیان فرۆشتوون، زۆربەی زۆری خەڵک پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بازرگانی و بازرگانەکاندا نەبووە. لەبەر هەموو ئەمانە بازرگانەکانیش لەو زەمینەیەدا، دەرفەتی خوڵقاندن و تازەکردنەوەیان کەم بووە «٨ ل١٩».

## چی، درزی خستە ئەو کۆمەڵگە قوفڵدراوە ناخوڵقێنەرەوە؟

لە سەرەوە باسی ئەوەمانکرد، کە هێز و چینوتوێژەکان لەو سیستەمەدا لە بازنەیەکی داخراودا بوون، نە توانایان هەبوو لەو بازنەیە دەرچن و گۆڕانکاری تیادابکەن و نە زۆربەیان بە بەرژەوەندی خۆیان زانیوە گۆڕانی بنچینەیی لەو سیستەمەدا بکەن.

زەمینە خۆشکردن بۆ تێکشکاندنی ئەو سیستەمە و ڕاکێشانی بۆ ڕێبازی گەشەکردن، لاوازکردنی یان بەشدارپێکردنی چینوتوێژ و هێزەکانی لەو پرۆسەیەدا، پێویستی بە فاکتەری نوێ بوو، پێویستی بە چینوتوێژ و هێزی بە توانای نوێ بوو، کە لەبەرژەوەندیاندا بێت گۆڕانکاری ڕیشەیی بکەن و توانایان هەبێت بیکەن، لە هەمانکاتدا دەرفەتی بەشداریکردنیان هەبێت لە بڕیاری سیاسی و ئابوریدا، کە لە ڕێگەیەوە زەمینە بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن خۆشبکرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## - سەرەتاکانی بوژاندنەوەی بازرگانی و شارە بازرگانییەکان

لەساڵەکانی ٥٠٠ (ز)دا ناوچەکانی ئێستای وڵاتەکانی باکوری ئەورووپا وەکو سوید و نەرویج و دانیمارک شوینی لاکەنار بوون و لای وڵاتانی جیهان و ئەورووپای ئەوسا بەشوێنی دواکەوتوو و هەژار و ئاست نزم دانرابوون، لەبەرئەوە جێگەی سەرنج نەبوون و هیچ حسابێکیان بۆ نەدەکرا. لەم سەردەمەدا ڤایکینگ (قراسنە)ەکانی ئەم ناوچانە، کە زیاتر بە ڕاوکردن و ماسیگرتنەوە خەریک بوون، توانیان کەشتیی بچوکی خێرا دروست بکەن و بەکاری بێنن بۆ هێرشکردنە سەر و تاڵانکردنی شارە بچووکەکانی کەنار دەریای رۆژئاوای ئەورووپا. زیاتر ئەو کەنیسە و کلۆستر و کۆشکانەیان تاڵان دەکرد، کە بە زێر و زیو و شتی تری گرانبەها دەوڵەمەند بوون. هەڵبەتە لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی شانشینەکانی ئەورووپا و بەرفراوانی ئەو کەنار ئاوانە و گوێنەدانی پاشا و فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی پێیان بەهۆی کەمداهاتی ئابوریانەوە، دەرفەتی دایە ڤایکینگەکان لە کارەکەیاندا بەردەوامبن و لەو ڕێگەیەوە ببنە خاوەن سامانێکی زۆر. هەندێ لەوانە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەکانیان دەوڵەمەند بوون و دەسەڵاتیان زیادیکرد. سەرەڕای ئەوە شارەزاییەکی باشیان لە شار و وڵات و میللەتەکان ودابونەریتیان و ڕێگەوبانی بازرگانی دەریایی و وشکانی پەیداکرد «١٠٨ ل ١٠٨».

ئەمانە هەتا بۆیان کراوە بەردەوام بوون لەسەر تاڵانکردن. لەگەڵ کەمبونەوەی تاڵانکردندا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو سامانەی دەستیان کەوتووە کەوتونەتە کاری بازرگانی. ئەمە گوژمیدایە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بوژانەوەی ژمارەیەک شاری بازرگانی لێکەوتەوە.

ڤایکینگەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە گەشەپێدانی بازرگانی لە نێوان وڵات و شارە جیاوازەکانی ئەورووپادا. تۆڕێکی بازرگانیان بونیادنا، کە ڕێگەی بۆ زیادکردنی خواستی وڵاتەکان لەسەر بەرهەمی جۆراوجۆری یەکتری خۆشکرد. زیادبوونی خواستی بازاڕ لەسەر بەرهەمی یەکتری، بووە هۆکاری زیادبوونی بەرهەمهینان و بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا. هەڵبەتە بازنەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی تەنها بە کەنار دەریاکانەوە نەوەستا، بەڵکو بۆ روبارە گەورەکانی ناو ئەورووپاش تەشەنەیکرد، وەکو رەین لە ئە ڵمانیا و ڤۆلگا لە روسیا و هەروەها ڕێگەی وشکانی بازرگانی لەگەڵ قوستەنتینییە و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست «١٠٨ ل١٧٦».

بێجگە لە بوژانەوەی بازرگانی کەنار ئاوەکانی دەریای ئەتلەنتی ئەورووپای رۆژئاوا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و باکوری ئەوروپا، بازرگانیی دەریای سپی ناوەڕاستیش گۆڕانکاری بەسەرهات. لە ساڵەکانی ٦٠٠ تا ٨٠٠ (ز)دا دەوڵەتە موسڵمانەکان بەهۆی بەهێزبوونیانەوە، دەستیانگرت بەسەر کاروباری بازرگانی دەریای سپی ناوەڕاستدا. هەر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، هەتا سەرووی ئەفەریقا و ئەندەلوس، بە هاوسەنگی لەگەڵ بێزەنتییەکان و شاری قوستەنتینییە مۆنۆپۆڵی بازرگانیانکرد.
لەساڵە کانی ٩٠٠(ز) دا، هەتا دەهات وڵاتە موسڵمانەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانیان، بە هۆی قەیران و فاکتەرە ناوخۆیەکانیانەوە لاواز دەبوو. ئەمەش سەرلەنوێ دەرفەتی بۆ زیادبوونی رۆڵی ئەوروپا لەو دەریایەدا دروستکرد. شاری ڤینیسیا لە ئیتاڵیا بوژایەوە و بوو بە سەنتەرێکی گرنگی بازرگانی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا «١٠٨ ل ٢٩٠».
پاپۆڕەکانی ئەم شارە بەرهەمە گرانبەهاکانی قوستەنتینییەی وەکو ئاوریشم و زێڕ و زیو و یاقوت و زمروت و بەهاراتی رۆژهەڵاتی ئاسیا و کەرەسەی خاوی پێویست بۆ پیشەییەکانی ئەو شارە دەهێنا. لە ڤینیسیاوە شەراب و دانەوێڵە و داریان دەبرد بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە پاڵ ئەوانەدا کۆیلەشیان پێدەفرۆشتن. ساڵەکانی ١٢٠٢ـ١٢٠٤ بەهاریکاریکردن لەگەڵ کەنیسەی رۆما هێرشیان کردە سەر قوستەنتینییەی پایتەختی بێزەنتییەکان و تاڵانیانکرد و ملیان پێکەچکردن، لەو رێگەیەوە ناوچەکانی رۆژئاوای ترکیا و یۆنان و بەلقانیان کرد بە ناوچەی بازرگانی خۆیان.
ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ڤینیسیا و دەریای سپی ناوەڕاست بریتی بوو لە کەلوپەلی گرانبەها، ئەو کەلوپەلانە تەنها خواست و پێویستی چینە ئۆرستۆکراتەکانی دابیندەکرد. بازرگانێکی ئەوتۆ نەبوو، کە زۆر فراوان بێت و بوژاندنەوەی ئەوتۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆی لێبکەوێتەوە. بە پێچەوانەوە بازرگانیی نێوان رۆژئاوا و باکور و باشوری ئەوروپا، بریتی بوو لە ئاڵوگۆڕی پێویستی رۆژانەی خەڵکێکی زۆرتر. نمونەی ئەو کەلوپەلانە دانەوێڵە، ماسی، خوری، خوێ و ئاسن بوو. بەڵام بەهۆی بوژاندنەوەی بازرگانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە، سەرەڕای ئەم کەلوپەلە سادانە، لەو رێگەیەوە دەیانتوانی کەلوپەلی گرانبەهاش بۆ چینوتوێژە دەوڵەمەندەکان دابینبکەن «٨ ل ١٩».
بەهۆی ئەوەی ئاڵوگۆڕکردن بەو کەلوپەلە سادانەوە خواستی زۆری لەسەربوو، قەبارەی ئاڵوگۆڕەکە تا دەهات فراوانتر دەبوو، لەهەمانکاتدا رێگەی بۆ زیادکردنی بەرهەمە خۆماڵیەکانی شار و لادێکانیش خۆشکرد. لەبەر کێشی قورسی ئەم بەرهەمانە کەشتی بەکاردەهێنا لە گواستنەوەدا. چونکە ئەوانە توانای

گواستنەوەی باری قورستریان هەبوو، خەرجیی بارکردن و گواستنەوە کەمتریکرد و بازرگانییەکە خێراتر بەرێوە دەڕۆیشت، لەهەمانکاتدا لە بەکارهێنانی ڕێگا ئاوییەکاندا، بازرگانەکان لە بەشێک لە باج و گومرگ و سەرانەی دەسەڵاتدارانی فیودالْ و شانشینەکان رزگاریان دەبوو.

لە نێوان ساڵەکانی ١٠٠٠ـ١٥٠٠(ز)، ئەم بازرگانییە بەرەو بوژاندنەوە چوو. فلاندرن، کە دەکەوتە ناوەڕاستی رۆژئاوای ئەوروپا و لەسەر دەریای ئەتڵەنتییە، بازرگانی نێوان ناوەندی ئەوروپا و باکور و باشوری ئەو کیشۆرەی پێکەوە دەبەستەوە. لە باکورەوە لەرێگەی دەریای باکور و باڵتیکەوە، ناوچەکانی ئێستای فینلاندا و پۆلۆنیا و سوید و دانمارک و پۆلۆنیا و سەرووی ئەڵمانیا و هەتا رادەیەک باکوری رۆژئاوای روسیا و ئینگلتەرای پێکەوە دەبەستەوە. لە باشورەوە، وڵاتەکانی سەر دەریای ئەتڵەنتیک و دەریای سپی ناوەڕاستی وەکو فەڕنسا و ئیتاڵیا و ئیسپانای پێکەوە گرێدەدا.

لەگەڵ بوژاندەوەی بازرگانی و زیادبوونی بەرهەمهێنان، پێویستی دروستبوونی جێگەی ساغکردنەوەی کەلوپەل و ئالوگۆڕی بازرگانی پەیدابوو، دوو دیاردەی بچووک، بەڵام گرنگ بوونە یارمەتیدەری گەشەکردنی ئەو پرۆسەیە.

یەکەمیان، بریتی بوو لە خەملاندنی پێشانگای گەورەی ساڵانە بۆ نمایشکردن و گۆڕینەوەی کاڵا و بەرهەمی جیاواز، کە بازرگانەکان لە شوێنی جیاوازەوە دەیانهێنان. ئەم پێشانگایانە بە پلەی یەک بازرگانەکانی باکور و باشوری ئەوروپا روویان تێدەکرد. ئاڵوگۆڕکردنەکە بە سەفتە لە نێوان بازرگانە گەورەکاندا دەکرا. ئەمە لەگەڵ ئەوەی گەشەیەکی زۆری بە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا و شوێنە جیاوازەکانی ئەوروپای بەیەکەوە بەستەوە و هانی زیادکردنی بەرهەمهێنانیدا، جوڵەی ئاڵوگۆڕی دراوی بەهێزدەکرد. پێویستیی دامەزراندنی سیستەم و دەزگا و رێونمای نوێی هێنایە کایەوە بۆ هەڵسەنگاندن و ئاڵوگۆڕکردنی دراوی جیاوازی وڵاتەکان، پێویستیی بە داهێنانی پرنسیپەکانی قەرز و قەرزدانی دروستکرد، پێویستی نوسینی سەنەد و رێکەوتنامەی بازرگانی هێنایەکایەوە. ئەمانە بوون بە سەرەتای دانانی بناغەیەک بۆ دروستبوونی سیستمی سەرەتایی بانکی، لەهەمانکاتدا دانانی یاسای تایبەتی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی و دانانی نەخشە و چۆنێتی چارەسەرکردنی گیروگرفت لەرێگەی دادگای سەرەتایی تایبەتی ئابوریەوە.

لەسەرەتادا ئەم پێشانگایانە لە باکوری فەرەنسا و باشوری فلاندرن رێکدەخرا، بەتایبەتی لە شاری شەمپانی فەرنسا، بەڵام بەهۆی دەسەڵاتی زۆر و توندڕەوی پاشاکانی فەرەنساوە، بەهۆی دانانی باج و گومرگ و سەرانەی قورس و کۆسپی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیداری و یاساییەوە لەو ناوچانەدا، ناچاربوون بەپێی بوونی درەفت، جێگە و شوێنی ئەو پێشەنگەیانە بگوێزنەوە لە نێوان فلاندرن و ئینگلتەرا و فەرنسا و ئەڵمانیادا. هەڵبەتە ئەو جێگۆڕکێیە، ئەگەرچی کۆسپ بوو لەبەردەم بوژاندنەوەی ئابوریدا، بەڵام لە هەمانکاتدا بووە هۆی ئەوەی جموجۆڵی بازرگانی لە چەندین شوێن ببوژێتەوە.

دووهەم دیاردە، پەرەسەندنی بازاڕی ناوخۆبوو بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی. دیارە هەر لە مێژووی کۆنەوە لادێکانی دەوری شارەکان، بەتایبەتی جوتیارە موڵکدارە بچووکەکان، بەپێی ئەو دەرفەتەی پێیان دەدرا، هەوڵیاندەدا ئەو بەرهەم و کەلوپەلانەی لە پێویستی خۆیان زیادبوو بیبەنە شارە نزیکەکان و ئاڵوگۆڕیان بەپێویستی تر پێبکەن. پاشان لەگەڵ گەشەکردنی شارە بازرگانیەکاندا ئەم رەفتارە زیادیکرد و رێکخستنێکی بە خۆوە بینی. وایلێهات بەرهەمهێنەرە بچووکەکانی دەوروپشتی شارەکان، هەفتەی رۆژێک لە مەیدانی شاردا کۆدەبوونەوە و بەرهەمەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکرد بەو پێویستیانەی کە بەخۆیان دابین نەدەکرا. ئەمە هەرچەندە لەسەرەتادا سنووردار بوو، بەڵام هاندەرێکی گرنگ بوو بۆ خەڵک، کە هەوڵ بدەن بەرهەمەکانیان زیادبکەن بە مەبەستی ساغکردنەوەیان لەو بازاڕانەدا «٨ ل٢٠».

- **رۆڵی فاکتەرە بنچینەییەکان لە بەردەوامبوونی بوژاندنەوەی بازرگانیدا**

ئەمەی لە سەدەکانی ناوەڕاستی رۆژئاوای ئەوروپا روویدا و لێرەدا بەکورتی لە چەند لاپەڕەیەکدا باس دەکرێت، پرۆسەیەک بوو نزیکەی هەزارساڵی پێ چوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر ساوا و لاواز و سنووردار بوو، هێشتا زۆری مابوو کە بتوانێ بەردەوامی بەخۆوە ببینێت و سەربگرێ.

ئەگەرچی بازرگانی زیادیکرد، شارە بازرگانیەکانی کەنار دەریاکان هەتا دەهات فراوانتر دەبوون، خەڵکێکی زۆر روویان تێدەکردن، بۆ هەستان بە کاروباری بازرگانی، یان کارکردن لە بارکردن و گواستنەوەدا، هەتا رادەیەک چینێکی نوێی بازرگانی دەوڵەمەند تیایاندا پەیدابوو بەناوی بۆرجواوە، بەڵام ئەو پرۆسەیە رووبەڕووی کۆسپی گەورە و گرفتی بەردەوام دەبۆوە، کە رێگربوو لە گەشەکردنی.

گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، پێویستی بە بازاڕی ئازاد و سنووری کراوە بوو، پێویستی بە رێگەوبان و ئامرازی گوستنەوە بوو، بەڵام ئەو دەوڵەتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فیوداڵانە ڕێگر بوون لەوە، ئەویش بەهۆی دابەشبوونیان بەسەر چەندین ناوچەی فیوداڵی جیاوازەوە، بەهۆی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەیی قوفڵدراو و ناخوڵقێنەرەوە، بەهۆی گومرگ و باج و سەرانەی زۆرەوە، خراپی ڕێگەوبان و ئامرازی گواستنەوەوە. بۆ هەموو کارێکی بازرگانی و بڕیارێک زۆرجار پێویستی بە ڕازیبوونی پاشا یان کۆمەک و ڕەزامەندیی فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی بوو. هەرلایەک بەشی خۆی دەویست و بەلای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا رایدەکێشا. لەگەڵ ئەمانەشدا چەندین فاکتەری بنچینەیی هەبوون، کە بە پلەی جیاواز و شوێن و کاتی جیاواز ڕۆڵیان هەبوو و سوودیان لێوەردەگیرا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپانەدا.

لاوازیی دەسەڵاتی پاشا و دەسەڵاتی ناوەند فاکتەرێکی کاریگەر بوو. پاشا و دەسەڵاتی سەربازی هێندە بەهێز نەبوون بتوانن کۆنترۆڵی هەموو شوێنەکان بکەن. لای ئەوان پارێزگاری سنووری دەوڵەت و شەڕی دەرەکی و ڕازیکردن، یا دەمکوتکردنی فیوداڵە ناڕازییەکان بە پلەی یەکەم دەهات. لەبەرئەوەی شارە بچکۆلانەکان ڕۆڵیان کەمبوو لەئابوری وڵاتەکەدا، فەرامۆشکرابوون و دەسەڵاتی دەوڵەت تیایاندا لاوازبووە. ئەمە دەرفەتی دروستکرد بۆ بازرگانی و بورجوا، تا بەردەوام بن و گەشەبکەن و بمێننەوە «٨ ل٢٣».

سەرچاوەی یەکەمین بۆ دابینکردنی پێداویستی پاشا و دەوڵەت و خەرجی سوپا و ئیدارە و ژیانی خۆشی و سەڵتەنت، وەرگرتنی باجی لادێ و پیشەیی وکۆمەکی مادی و سەرەبازی فیوداڵەکان بوو. ئەمەش پاشای ناچار دەکرد تەنازول بۆ فیوداڵەکان بکات، بۆ دابینکردنی ئەو پێویستیانە. بووژانەوەی بازرگانی و بوونی بە سەرچاوەیەکی نوێی باج و گومرگ بۆ خەزێنەی پاشا لە دوو ڕووەوە لەبەرژەوەندی پاشادا بوو، لە لایەکەوە داهاتەکانی زیادی دەکرد و لە لایەکی ترەوە کەمتر ناچاری دەستی فیوداڵەکان دەبوو. ئەمە بوو بە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ مانەوە و بەهێزبوونی بۆرجوا.

لەبەرئەوەی چینوتوێژە ئۆرۆستۆکراتەکان خاوەنی سامان و داهاتی زۆر بوون و خواستێکی زۆریان هەبوو لەسەر کەلوپەلی گران و نایابی شوێنەکانی تری جیهانی وەکو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هیندستان و چین، پێویستیان بەو بازرگانانە بوو، کە پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکەن. بوونی ئەو خواستە فاکتەرێکی تری گرنگ بوو بۆ بەردەوامی و بوژاندنەوەی بازرگانی «٢ ل١٠٧».

بوونی دەسەڵاتێکی ئایینی و چینێکی فیوداڵی بەهێز، کە فشاری دەخستە سەرپاشا و هەروەها بوونی پەرلەمانێکی سەرەتایی، دەرفەتی بۆ بۆرجوا دروستکرد، کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوود لەو فاکتەرانە وەرگرێت. بۆرجواکان رێگە و پلانی جیاوازیان بەکاردەهێنا بۆ ئاسانکاری کارەکانیان. لە هەندێ شوێن و کاتدا هاریکاری و رازیکردنی پاشا دژی فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی کاریگەربوون بۆ ئاسانکردنی کاروباری بازرگانی. دانانی باج و گومرگ، دیاری و شتی نایاب بردن بۆ پاشا و شازادە و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت رێگەیەکی تر بوو بۆ ئاسانکاری کاروبار. لە ئینگلتەرا بەهۆی لاوازی پاشاوە، لە رووبەڕووبونەوەی فیوداڵەکان و دەسەڵاتی ئایینی و هەروەها ناکۆکی لەگەڵ بنەماڵە بەهێزەکانی تر، زیاتر بۆرجوای لە پاشا نزیک خستەوە.

گەشەکردنی بواری بازرگانی پێویستی بە بەهێزبون و خۆرێکخستن و پلاندانانی چینی بۆرجوا بوو. لەگەڵ گەشەکردن و فراوانبوونی بازرگانی دەرەکی، پێویستی بە خەڵکانی شارەزا بوو بۆ رێکخستن و بەرەوپێشخستنی، هەروەها بەرەنگاربوونەوەی مەترسی رێگەوبان و هەڕەشەی رووتکردنەوە. ئەو کارانەش بە تاکە بازرگان نەدەکرا، بەڵکو پێویستی بە یەکخستنی توانا و شارەزایی و کەپیتاڵی هاوبەشی چەند بازرگانێک دەکرد. بۆ ئەو مەبەستە بازرگانەکان کۆمەڵێک رێکخراوی پیشەیی بازرگانیان دروستکرد. لەبەرئەوەی بازرگانی لە نێوان چەندین وڵاتدا بەڕێوەدەچوو، دروستکردنی ئەو رێکخراونە نەدەکەوتە ژێر کۆنترۆڵی تاکە وڵاتێکەوە، کە بە ئارەزووی خۆی مەرج بەسەریاندا بسەپێنێ، ئەمەش بووە هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی ئەو رێکخراوانە و گەورەبوون و بەهێزبوونی جموجووڵی بازرگانی لە نێو وڵاتەکاندا. بەهەمان شێوە بۆ بەرێوەبردن و رێکخستنی بازرگانی ناوەوە و رووبەڕووبونەوەی فشاری چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان، چەندین رێکخراوی بازرگانی ناوخۆ دروست بوون. ئەم رێکخراوانە بوون بەهێزێکی جوڵێنەر بۆ گەشەکردن و بەهێزبوونی ئەو چینە و زیادکردنی سەرمایەکانیان و پەیوەندیی دروستکردن لەنێوان شار و لادێ و ناوچە جیاوازەکاندا «٨ ل٢٤-٢٧».

لە وڵاتێکی وەکو ئینگلتەرا، کە سنووری دەسەڵاتی پاشا هەموو وڵاتەکەی دەگرتەوە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان ناوچەکاندا ئاسانتر بوو. ئەو رێکخراوانە سەرانسەری هەموو وڵاتەکەیان دەگرتەوە و رێگە خۆشکەربوون بۆ یەکخستنی بازاڕێکی نیشتمانی بەیەکەوە بەستراو. بەڵام لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا، لەبەر دابەشبوونی بەسەر چەندین میرنشین و دەستەڵاتی ناوچەییەوە، قەبارە و توانای رێکخراوەکان بچووکتر و لاوازتر بوون لە چاو ئینگلتەرا. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە هاریکارکردنییان لەگەڵ یەکتریدا لە سنووری شارەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرنەچێ. بۆیە ئەو ڕێکخراوانە لە ئەڵمانیا لاوازی و بێ دەسەڵاتییان پێوە دیاربوو، زۆربەیان لە ساڵەکانی ١٤٠٠(ز. )دا لاوازبوون و هەندێکیان لەناوچوون «٢ ل ١٠٧».

لەوشوێناندا کە ئەو ڕێکخراوانە لە رووی ئابوری و ڕێکخستنەوە بەهێز بوون، هەتا دەهات بەشداریکردنیان لە بڕیاری سیاسی و ئابوریدا زیادیدەکرد. دروستبوون و گەشەکردنی ئەمانە سەدان ساڵی پێچوو، لە نێوان ساڵەکانی **١٠٠٠ـ١٥٠٠**دا بە چەندین ململانە و قەیراندا تێپەڕیون.

ڕۆڵی ئەم فاکتەرە گرنگە بنچینەییە بەسیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری وڵاتەکانەوە بەندبوو. هەتا ئەو سیستمە سنووردارتر و تاکڕەوتر و توندڕەوتر بوایە، گەشانەوەی شارە بازرگانیەکان لاوازتر دەبوو، هەروەها چینی بۆرجوا و چاکسازی یاسایی و ڕێکخراوە پیشەییە بازرگانەکانیش. بە پێچەوانەوە هەتا ئەو سیستمە بەرفراوانتر بوایە، شارە بازرگانییەکان گەورەتر دەبوون و چینی بورجوا و ڕێکخراواکانیان بەهێزتر دەبوو و چاکسازی زیاتر دەکرا.

ئەگەرچی لەو سەردەمەدا جیاوازی ئەو فاکتەرانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە نێوان وڵاتێک و وڵاتێکی ترەوە زۆر گەورە نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جیاوازیە بچووکانە هۆکاری گرنگ بوون بۆ بناغەدانان و ڕێگەخۆشکردن بۆ چاکسازی و گەشەکردنی زیاتر.

## چۆن و بۆچی پیشەسازیی کەپیتاڵیستی سەرەتایی توانی گەشە بکات؟

ئەگەرچی بەدرێژایی ساڵەکانی ١٠٠٠-١٥٠٠(ز. ) سیستمی بەرهەمهێنانی پیشەیی فیودالی هەر بەهێز بوو، بازاڕی ناوخۆ لەژێر مۆنۆپۆلی پیشەییەکاندا بوو، بەیەکترییەوە نەبەستراببوون و بچووک و سنووردار بوون، بەڵام لە پاڵیدا بازرگانیی دەرەکی گەشەی کردبوو و لە سنووری بازنەی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان دەرچو بوو، بەشێوەی بازاڕی ناوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵ و مۆنۆپۆلی پیشەییەکاندا نەبوو. لەهەمانکاتدا پیشەییەکان ترسی زۆریان لەو بازرگانیە نەبوو، چونکە ئەوە نەدەبووە هۆی ئەوەی کڕیارەکانی خۆیان لەدەستبدەن و ڕاستەوخۆ هەڕەشە بکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکانیان.

بەهۆی قازانجی زۆری بازرگانی دەرەکییەوە، کەپیتاڵێکی سەرەتایی گەورە لەدەستی بۆرجوادا خرببووەوە، کە دەیانتوانی لە بەرهەمهێناندا وەبەرهێنان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکەن. بەهۆی ئەو زەمینەیەوە، شان بەشانی بەرهەمی پیشەیی، بەرهەمهێنانی پیشەسازی کەپیتاڵیستی سەرەتایی درووست بوو.

بەرهەمهێنانێکی پیشەسازی کەپیتاڵیستی سەرەتایی بۆ دابینکردی خواستی بازاڕی دەرەکی بوو. لەجیاتی ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانە لە بازاڕێکی بچووکی داخراودا، هەناردەی بازاڕێکی گەورەترو کراوەتر دەکرا. بەهۆی گەورەیی ئەو بازاڕەوە قەبارەی بەرهەمهێنانی کەلوپەل گەورەتر دبوو و خەرجی بەرهەمهێنانی هەرزانتر دەکەوت.

لەبەرهەمهێنانی پیشەییدا، سەروەستا بەرهەمهێنەر و خاوەن وەرشە و کەرەسەی خاو و بەرهەم بوو، لەهەمانکاتدا هەر خۆشی فرۆشیار بوو، بەڵام لە بەرهەمهێنانی پیشەسازی کەپیتاڵیستی سەرەتاییدا بەشێوەکی تر بوو. بازرگانەکان لەسەرەتادا کەرەسەخاوەکانیان لای هەندێ پیشەیی خاوەن وەرشە دادەنا، بەخواستی خۆیان بەپێی پێویستی بازاڕ پیشەییەکان کاڵای پێویستیان بۆ بەرهەمدەهێنان، لە بەرامبەردا پیشەییەکان هەقدەستیان وەردەگرت، بازرگانەکانیش ئەو بەرهەمانەیان لە بازاڕی دەرەکی ساغدەکردەوە. لێرەدا بازرگانەکان تەنها خاوەن کەرەسەی خاو و بەرهەمە ئامادەکراوەکە بوون.

ئەو گۆڕانانەی کە لەم سەردەمەدا روویدا، ئەوەبوو کە خاوەن وەرشە لای بازرگان وەک مووچەخۆری لێهات. وردە وردە لە گەڵ گەورەبوونی وەرشەکان و زیادبوونی بەرهەمهێنان، بازرگانەکان بوونە خاوەن وەرشە، وەستا و شاگرد بوونە سەرکار و کرێکار.

لە بەرژەوەندی خاوەن کەپیتاڵدا بوو، ژمارەی کرێکار زۆربن و بە زووترین کات و ئاسانترین رێگە فێری پیشەکەبن، بەڵام پیشەیی چەندین کۆسپی دەخستە بەردەم دامەزراندن و فێربون و گەشەکردنی شاگردەوە. هەروەها سەروەستا رێگربوو لە خوڵقاندن و داهێنان و شێوازی نوێی کارکردن، بەپێچەوانەوە بازرگان رێگەی ئەوەی بۆ خۆشدەکردن و پلەیی شارەزایی بەرزدەکردنەوە.

لە بەرهەمهێنانی پیشەییدا، ئارامی کۆمەڵایەتی و یەکێتی و هاریکاری نێوان بەرهەمهێنەرەکان و توێژە جیاوازەکانی بە پلەی یەکەمین دەهات. بەڵام بەرهەمهێنانی پیشەسازی کەپیتالیستی سەرەتایی، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا ئارامیی کۆمەڵایەتی نەدەخولڤاند، بەڵام ململانێ و جیاوازی نێوان چینەکان دەبووە هۆکاری گۆڕانکاری و گەشەکرد.

گرنگترین جیاوازی لە نێوان بەرهەمهێنانی پیشەیی فیوداڵی و پیشەسازیی سەرەتاییدا قەبارە و رۆڵی کەپیتال بوو. بە پێچەوانەی بەرهەمهێنانی پیشەییەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشەسـازیی سـەرەتایی پێویسـتی بـە کەپیتاڵـی گـەورە بـوو لەبەرئـەوەی پێویسـتی بە قەبـارەی زۆری کەرەسـەی خـاو، وەرشـەی گـەورە، ئامـرازی بەرهەمهێنـان و ژمارەی مووچەخـۆری زۆرتـر بـوو، هەروەهـا دووری بـازاڕ و گرانـی خەرجیـی گواسـتنەوە پێویسـتیی کەپیتاڵـی گـەورەی زیاتـر دەکـرد. کەپیتاڵێکـی وا مـەزن ئەسـتەمبوو بـە هەمـوو کەسـێک دابینبکرێـت، بەڵکـو پێویسـتی بـە هاریـکاری ژمارەیـەک زۆر بورجـوای خـاوەن کەپیتـاڵ بـوو.

جیاوازیەکـی گـەورەی تـر لـە نێـوان بەرهەمهێنانـی پیشـەیی و بازرگانـی کـۆن و پیشەسـازیی سـەرەتاییدا، چۆنێتـی بەکارهێنانـی کەپیتـاڵ بـوو. لەبەرهەمهێنانـی پیشـەیی و بازرگانـی کۆنـدا کەپیتـاڵ و سـامان بـۆ دروسـتکردنی کۆشـک و کـەلار و بـاخ و باخـات و کەنیسـەی گـەورە و زێـڕ و زیـو و یاقـوت و زمـروت و خۆشـگوزاری و رابـواردن و بەرزبوونـەوەی پلـەی کۆمەڵایەتـان بـوو، بـەڵام لـە پیشەسـازیی سـەرەتاییدا، کەپیتـاڵ بـۆ پـرۆژە و وەبەرهێنانـی نـوێ بەکاردەهـات، گەورەکـردن و باشـکردنی وەرشـەکان، دامەزراندنـی کرێـکار و مووچەخـۆری نـوێ. لێـرەدا کەپیتـاڵ دینامیکییـەت و بەردەوامـی دەدا بـە گەشـەکردن و تازەکردنـەوەی بەرهەمهێنـان.

## - تێوەگلدان و لەناوچوونی سستەمی پیشەیی فیودالی

لـە کۆتایـی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، دوو سیسـتمی بەرهەمهێنـەری پیشـەیی شانبەشـانی یەکتـری هەبـوون. یەکەمیـان بەرهەمهێنانـی پیشـەیی فیودالـی بـوو، کـە توانـای گۆڕانـکاری و چاکسـازیکردن و گەشـەکردنی نەبـوو، تەنهـا توانـای دابینکردنی خواسـتی بازاڕێکـی بچووکـی هەبوو. دووهەمیان بەرهەمهێنانی پیشەسـازی سـەرەتایی بـوو، کـە توانـای چاکسـازی و گەشـەکردنی هەبـوو، دەیتوانـی خواسـتی بازاڕێکـی گەورەتـر دابیـن بـکات. لـە نێـوان ئـەم دوو سسـتەمەدا ململانێیەکـی توندوتیـژ و درێژخایـەن روویـدا. لـەم ململانێیـەدا بەشـێک لـە پیشـەییەکان زیاتـر قاپییـان لەسـەر خـۆ داخسـت و بـۆ مانـەوە رێکخـراوە پیشـەییەکانیان بەهێزتـر دەکـرد، بەشـەکەی تریـان، بـوون بەشـێک لـە سیسـتمی پیشەسـازیی سـەرەتایی، کـە توانـی سـوودێکی زۆر لەتوانـا و شـارەزیی ئەوانـە وەربگرێـت و بیانکاتـە بەشـێکی کاریگـەری گرنـگ لەخـۆی.

لـەم پرۆسـەیەدا، دوو توێـژی کۆمەڵایەتـی رۆڵی سـەرەکییان بینی و بوونـە رەچەڵەکی کەپیتاڵیـزم. یەکەمیـن توێژیـان ئـەو بۆرجـوا بازرگانـە خـاوەن کەپیتالانـە بـوون، کـە کەوتنـە وەبەرهێنانـی کەپیتالەکانیـان لـە بەرهەمهێنانـی پیشەسـازیی سـەرەتاییدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و وازیان لە کاری بازرگانی هێنا. دووهەمیان ئەو پیشەییانە بوون، کە زوو بەرهەمیان بۆ بازرگانە گەورەکان ئامادەدەکرد و پشتیان لە سیستمی پیشەیی کرد و وازیان لەکارکردنی جەستەیی راستەوخۆ هێنا و لەبری ئەوە کەپیتالەکانیان بەکاردەهێنا لە پیشەسازیی سەرەتاییدا.

کەپیتاڵیستەکانی ئەو سەردەمە هەتا دەهات زیاتر ڕێکخراوی چینایەتی خۆیان بەهێزدەکرد، بۆ هاریکاریکردن و پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و گەشەکردنیان. ئەم ڕێخراوانە لەسەرانسەری وڵاتدا هەبوون و ژمارەی ئەندامەکانیان لە ڕێکخراوی پیشەییەکان زیاتر و چالاکتر بوون، هەروەها ڕۆڵی گرنگیان لە ململانە و فشاری سیاسی و ئابوریدا بینی. ئەم ڕێکخراوە نوێیانە، تەنها دەسەڵات و توانای ئابورییان زیادی نەدەکرد، بەڵکو بوونە هێزێکی بەتوانا لە کۆمەڵگەدا و هەوڵیان ئەدا لە ڕێگەی پەرلەمانە ساواکەوە فشار بخەنە سەر فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی و پاشا.

سیستمی سیاسی و ئابوری فیوداڵی ڕێگربوو لە گەشەکردنی پیشەسازی کەپیتالیستی سەرەتایی، ڕێگر بوو لە تێکشکاندنی سنووری دەسەڵاتی فیوداڵی و ئازادی جموجوڵ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و تەکنیکی نوێ. پاشا بە هەموو شێوەیەک فشاری دەخستە سەر بۆرجواکان و زیاد لە پێویست ڕێژەی باج و گومرگی لێ دەسەندن.

پیشەسازی سەرەتایی ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە لەناوچوونی سیستمی پیشەیی، وەستا و شاگردەکانیان لای خۆیان دادەمەزراند و کڕیارەکانیان لەدەست دەردەهێنان. ئەمەش بوو بەهۆی شکستهێنانی بەشی هەرە زۆری شوێنکاری پیشەییەکانیان و هەژاری و بێکاریان، زۆربەی ئەوانە دواتر لە شوێنکارە پیشەسازییە سەرەتاییەکان دا دامەزران.

لەدایکبوون و گەشەکردنی ئەم سیستمە، تەنها چینێکی کەپیتاڵیستی سەرەتایی لێنەکەوتەوە، بەڵکو لەگەڵ هەموو هەنگاوێک بۆ پێشەوە چینوتوێژی نوێی کرێکار وسەرکاری مووچەخۆری لێدروست بوو. ئەمانە بوونە هێزی بەرهەمهێنەر و بزوێنەری نوێی ئازاد لە کۆمەڵگەدا. لە پاڵ دروستبوونی ڕێکخراوی بازرگانی و کەپیتاڵیستی سەرەتاییدا، ئەم چینوتوێژە نوێیانەش ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆیان دادەمەزران. ڕێکخراوی پیشەیی نا، بەڵکو ڕێکخراوی چینایەتی سەرانسەری، کە لەسەر بنەمای ماف و بەرژەوەندییەکانیان بوو. ئەم ڕێکخراوانە بە گەورەبوونیان تەنها فشاریان لەسەر خاوەن کارەکانان دروست نەدەکرد ، بەڵکو دەبوونە هێزێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و فشاریان دەخستە سەر دەسەڵاتداران و بوونە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فاکتەرێکی کاریگەر بۆ لەناوچوونی سیستمی فیودالی «٨ ل٣٣-٣٦».

لە ئینگلتەرا، گواستنەوەی بەشێک لە بەرهەمهێنانی پیشەسازیی سەرەتایی لە شارەکانەوە بۆ لادێ، هێندەی تر گورزی کوشندەی لە سیستمی بەرهەمهێنانی پیشەییدا. بەرهەمی پیشەیی لە ناو شارەکاندا جێگیر و بەهێز بوون و کۆنترۆڵی بازاڕەکانیان کردبوو، ڕێکخراوەکانیان ڕێگربوون لە هەموو نوێکردنەوە و چاکسازییەک، بەڵام لە لادێکاندا بە پێچەوانەوە هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نەبوو. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەرهەمە پیشەییەکان بە پلەی یەکەم دەیانتوانی پێداویستی بازاڕی ناوخۆ دابینبکەن. بۆ نموونە ئاسنگەر، تەنەکەچی، پێڵاوچی، گۆشتفرۆش و بەرگدروو.. . بەڵام پیشەسازیی سەرەتایی زیاتر بریتی بوو لە جۆلاو خومخانەچی و دەباغ و خوری ڕێس و ڕەنگکردن کە پێداویستی بازاری دەرەکی دابیندەکرد... ئەمەش بووبەهۆی ئەوەی پیشەسازیی چنین ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە بونیادنانی سیستمی پیشەسازیی کەپیتالیستی سەرەتاییدا.

هەڵبەتە پێشتر دروستبوون و بوژاندنەوەی پیشەسازیی سەرەتایی لە چەندین شوێنی تری جیهان هەبووە، بەڵام لەبەربوونی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری سنوورداری توندڕەو لەو وڵاتانەدا، بە بچووکی و لاوازی ماونەتەوە و شکستیان هێناوە. بە هەمان شێوە لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، لە چەندین شوێن و کاتی جیاوازدا پیشەسازیی سەرەتایی سەریهەڵدا، بەڵام زۆربەیان بەهۆی هەمان هۆکارەوە سەریان نەگرت و نەیانتوانی بەسەر کۆسپەکانی ڕێگەی گەشەکردنیان زاڵبن و لە هەندێ شوێندا بە سەدان ساڵ کەوتنەدواوە.

پیشەسازییە سەرەتاییەکانی چنینی خوری، لە کۆتایی ئەو سەدانەدا گەورەترین و گرنگترین جۆری بەرهەمهێنان بوون، بوونە سەرقافڵەی پەیدابوون و بونیادنانی بەرهەمهێنانی هاوچەرخانەی کەپیتالیستی سەرەتایی و زیاتر گەشەکردن و فراوانبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نزیک و دوور. ئەم پیشەسازییانە لە کاتی جیاوزدا، لە چەند شوێنێکی ئەوروپای ڕۆژئاوا سەریانهەڵدا، هەرە گرنگترینیان ئەم شوێنانە بوون:

ساڵەکانی ١٢٠٠(ز. ) لە فلاندرن، ساڵەکانی ١٣٠٠(ز. ) لە فلۆرێنس، ساڵەکانی ١٤٠٠ لە ئینگلتەرا لەبەر جیاوازی نێوان فاکتەرە بنچینەییەکان و چۆنێتی سیستمی بە ڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری ئەم شوێنانە، لە فلاندرن و فلۆرێنس پیشەسازیی سەرەتایی لەو قۆناغانەدا نەیتوانی بەردەوام بێت و بەرەو سیستمی بەرهەمهێنانی کەپیتالیستی هاوچەرخ گەشەبکات، بەڵام لە ئینگلتەرا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

بەهۆی فراوانبوون و گەشەکردنی بازرگانی دەرەکی، گەورەبوونی شارە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازرگانییەکان، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زۆری و هەرزانی و باشی خوری ئینگلیزەوە، بۆ یەکەمینجار ساڵەکانی ١٢٠٠(ز. ) فلاندرن بووە سەنتەری گەشەکردنی پیشەسازیی سەرەتایی چنین لە ئەوروپا.

لە ئینگلتەراوە بازرگانەکان بە هەرزان خورییان بۆ ناوچەی فلاندرن دەهێنا. خوریەکانیان ئەدایە دەست چەند خاوەند وەرشەیەکی بچووکی ناو شارەکان، کە هەریەکەیان بەشێکی کارەکەیان دەکرد و لەکۆتاییدا بەرهەمەکەیان دەگەڕانەوە بۆ بازرگانەکان، لە بەرامبەر ئەوەدا پیشەییەکان هەقدەستیان وەردەگرت.

ئەو سەردەمە، زۆربەی ئەو بەرهەمانە لە پیشانگای ساڵانەی شارەکانی وکو شەمپانی باکوری فەرەنسا ساغدەکرانەوە و دواتر لە ڕێگەی بازرگانی ترەوە رەوانەی بازاڕە دوورەکان کراون. لەو شوێنانە پرۆسەی بەرهەمهێنان، یان لە ماڵی بازرگانەکان، یان لەوەرشەکانی هەندێ سەروەستاکاندا بەڕێوەدەچوون، ئەمەش خەرجی گرانیی کڕین و بەڕێوەبردنی وەرشەی لە کۆڵ بازرگانەکان دەکردووە.

بازرگانەکان، ئەم بەرهەمانەیان لەگەڵ بەهارات و کەلوپەلی ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵوگۆڕ دەکرد. پێشتر، داهاتی بازرگانەکان تەنها لە هاوردەکردنی کەلوپەلدا بوو، بەڵام ئێستا لە هەناردەکردنیشدا بوو. پێشتر پاپۆڕەکانیان بە بەتاڵی یان نیوەبار دەخستەڕێ، بەڵام ئێستا لە هەردوو سەر باردەکران، ئەمەش خەرجی گواستنەوەی لەسەر بازرگانەکان کەمتر کردۆتەوە و قازانج و سوودی بازرگانەکانی دووقات دەکرد.

رژێمی پاشایەتی فیوداڵی فەرەنسا، دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزی بەسەر ئەو شارانەدا هەبوو، ئەو بازرگان و خاوەن وەرشانە بەردەوام لەژێر فشاری بەرتیلدانی قورس و باج و گومرگدا بوون. دەسەڵاتداران، بێجگە لە هەندێ خەڵکی نزیکی خۆیان، ریگەی کەسی تریان نەدەدا. ئەمانە هەمووی لە کۆتاییدا کاردانەوەی نەگێتیڤی بەسەر چینوتوێژە هەژارەکاندا دەشکایەوە و ئەوەندەی تر باری قورس وسەغڵەت دەکردن. لە هەمانکاتدا ئەو هەموو باج و بەرتیلدانە دەبووە هۆی بەرزبونەوەی نرخی ئەو کەلوپەلانە، کە لەبەر گرانیان زەحمەت بوو لە بازاڕەکاندا ساغ بکرێنەوە.

بۆرجواکانیش بە هەمان شێوەی فیۆداڵەکان، توندڕەو و تاکڕەوانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرد، کە کاریان بۆ دەکردن و دەیانخستنە باری هەژاری و برسێتیەوە. وەرشەکانیان پیس و پۆخەڵ و تەنگ و تاریک بوون، هەروەها کەمیی مووچە و درێژی ماوەی کارکردن لە رادە بەدەربوو. ئەمانە هەمووی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــە لایەکــەوە بوونــە هــۆی زیادبوونــی ناڕەزایــی و ناکۆکــی نێــوان کارکــەرەکان و بازرگانــەکان و لــە لایەکــی تــرەوە زیادبوونــی ململانێــی نێــوان بازرگانــەکان و سیســتمی فیودراڵــی. ئــەو ململانێیــە توندانــە، دەبوونــە هــۆی نائارامــی و گــرژی، کــە لــە کۆتاییــدا چەندیــن ڕاپەرینــی توندوتیــژی لێکەوتــەوە و چەندیــن جــار بازرگانەکانــی ناچارکــرد ملکەچــی داواکاریەکانیــان بــن. بــەڵام چونکــە هەمــوو سیســتمە سیاســی و ئابوریەکــە لەســەرەوە هەتــا خــوارەوە ســنووردار و تاکڕەوبــوو، گەشــەکردن و بوژاندنــەوەی بەرهەمهێنانــی ئــەو پیشەســازییە لــە فلانــدرن شکســتی هێنــا و بــۆ چەنــد ســەدەیەک دواکــەوت.

ســاڵی **١٣٠٠**، ســەد ســاڵ دوای فلانــدرن، باکــوری ئیتاڵیــا و بەتایبەتــی شــاری فلۆرێنس بــوو بــە ســەنتەری پیشەســازیی ســەرەتایی خــوری و گەورەتریــن و بەهێزتریــن شــاری پیشەســازی ســەرەتایی ئەوروپــا.

هوشــیاری و پەیوەنــدی باشــی بازرگانەکانــی ئــەو شــارە لەگــەڵ خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســتدا و شــارەزاییان لــە خواســت و پێویســتی بــازاڕەکان، ڕێکخســتنی ڕێکوپێکــی پرۆســێســی بەرهەمهێنــان و کرینــی کەرەســەی خــاو و گواســتنەوە و ڕێگەوبــان و هەمیســانەوە فرۆشــتنی بەرهەمــەکان، ڕۆڵێکــی گرنگی لــە بونیادنان و گەشــەکردنی ئەو پیشەســازییە ســەرەتاییە لــەو شــارەدا بینــی. ئەوانــەی ئەوەیــان دەکــرد دەوڵەمەنتریــن بــازرگان و بانکــەوان و بۆرجــوای ئەوســای ئەوروپــا بــوون «**١٠٨** ل**٢٩٠**».

گرنگتریــن خاســڵەتی تایبەتــی پیشەســازی فلۆرێنــس بریتــی بــوو لــەوەی سیســتمی بەرهەمهێنــان تیایــدا سروشــتێکی کەپیتالیزمــی ســەرەتایی هەبــوو. بەپێچەوانــەی فلانــدرن، بازرگانــەکان خاوەنــی وەرشــەی بەرهەمهێنانــی خۆیــان بــوون، وەســتای شــارەزا و کرێکاریــان تیــادا بەمووچــە رادەگــرت، لەســەر شــێوازیی فلانــدرن نەبــوو، کــە پیشــەییەکان لــە وەرشــەکانی خۆیانــدا بــە هەقدەســت کاربکــەن. ئەگــەر بهاتایــە ئــەو وەرشــەیە موڵکــی پیشــەییەکەش بوایــە، ئــەوا جێگەکەیــان لــێ بەکــرێ دەگرتــن و خاوەنەکەشــی تیایــدا بــە ســەرکار دادەمەزرانــد.

لەگــەڵ ئــەوەی ســاڵەکانی **١٣٠٠** لــە فلۆرینــس نزیکــەی **٢٠٠** وەرشــەی گــەورە هەبــوو، زەمینــەی ئــەو پیشەســازییە لەباربــوو، بۆرجــوا شــارەزایی و کەپیتــاڵ و کارکــەری پێویســتیان هەبــوو، بــازاڕی گــەورە و زۆر و پێکەوتــەی جوگرافــی شــارەکە یارمەتیدەر بــوو، بــەڵام لەگــەڵ هەمــوو ئەوانەشــدا ئــەو پیشەســازییە لــەو شــارەدا گەشــەی نەکــرد و شکســتی هێنــا.

شــاری فلۆرێنــس، ســەربەخۆیی تــەواوی لــە دەوروپشــتی خــۆی هەبــوو، بــازرگان و بانکــە ســەرتاییەکان، دەســەڵاتی تەواویــان بەســەر شــارەکە و دەوروپشــتیدا هەبــوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگەی بەشداریکردنی خەڵکی تریان نەدەدا لە دەرکردنی بڕیاری سیاسی و ئابوری شارەکەدا. ئەوان کۆنترۆڵی تەواوی بەرهەمهێنان و مووچەخۆرەکانیان دەکرد و ڕێگەی ڕادەربڕین و خۆڕێکخستنیان پێ نەدەدان، ئەوەی گوێ ڕایەڵیان نەبووایە لە ناویاندا جێگەی نەدەبۆوە.

لەگەڵ ئەوەی لە بەرهەمهینان و بازرگانیدا قازانجاێکی زۆریان دەکرد، مووچەیەکی زۆر کەمیان بە کارکەرەکان دەدا وهیچ جورە خزمەتگوزارییەکیان لە شارەکەدا بۆ دابین نەدەکردن. لە ناو شارەکەدا بە ئاسانی لە نێوان ئاستی ژیانی توێژ و چینەکاندا جیاوازی و ناعەدالەتی یەکجار زەق دەبینرا. بۆ ماوەیەکی زۆر بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری ناوەندی بەهێزەوە توانیان بەرهەمهێنان گەشە پێبدەن، ئاڵوگۆڕی بازرکانی زیادبکەن، ببنە بەهێزترین شاری پیشەسازی سەرەتایی ئەو سەردەمە. بەڵام لەبەر پەیرەوکردنی ئەو سیستمە بەرتەسکە، هەتا دەهات ناکۆکی و ناڕەزایی و گرژی نێوان چینوتوێژەکانی سەرەوە و خوارەوە توندوتیژتر دەبوو. بۆ ماوەیەکی کورت وەستا و کرێکارەکان بەهۆی فشارکردنیانەوە، دەستکەوتی باشیان بە دەستهێنا و دەسەڵاتیکی باشیان پەیداکرد، بەڵام لەبەر قبوڵنەکردنی یەکتری و ڕێک نەکەوتنیان لەسەر پەیرەوکردنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی بەرفراوانتر، هەموو سیستمەکە داڕما و بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە کۆتایی سەدەکەدا شکستی هێنا و کرێکار و مووچەخۆراکان بێکار و داهات مانەوە و زیاتر لە جاران ژیانیان سەخت بوو «٨ ل**٣٦،٣٩،٤١**».

لە ساڵەکانی **١٤٠٠**ی (ز. ) دا، ئینگلتەرا لەم پیشەسازییەدا جێگەی فلادرن و فلۆرینسی گرتەوە، بوو بە گەورەترین سەنتەری پیشەسازیی سەرەتایی چنینی خوری ئەوروپا. بەپێچەوانەی شوێنەکانی ترەوە، ئەو پیشەسازیی سەرەتاییە لە ئینگلتەرا لەبارنەچوو، بەردەوامی بە خۆوە بینی و بوژایەوە، بووە فاکتەرێکی گرنگ لەناو ئەو فاکتەرانەی کە سیستمی مودێرنی کەپیتالیستی خوڵقاند. ئەوەی لەم وڵاتەدا ڕوویدا ڕوداوێکی لەناکاو نەبوو، چونکە زەمینەیەکی باشتر و فاکتەرە بنچینەییەکان تیایدا گونجاوتر بوون بۆ ئەو بەردەوامیبوون و گەشەکردنە:

١ـ زیاتر بەرفراوانبوونی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری

ساڵەکانی **١٢١٥**ی (ز. )، ناکۆکی نێوان پاشا و بارۆنەکانی دەوروپشتی تەشەنەیکرد. ئەوانە کۆمێتەیەکی **٢٥** کەسیان بۆ بەرەنگاربوونەوی پاشا و دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی دروستکرد، کە تیایدا دەسەڵاتەکانی پاشایان کردە یاسا. لە پێش ئەوەدا پاشا خۆی یاسا و مەرجەعی یاساکان بوو، بە پێی توانا و هەوەس و بەرژەوەندی ڕۆژانەی خۆی یاسای دادەنا و لای دەبرد. هەرچەندە ئەمە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسەڵاتەکانی پاشای کەمنەکردەوە، بەڵام ڕێگەی بۆ بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک بۆ بڕیاردان کردەوە و پەیڕەوکردنی یاسا و گۆڕانکاری گەورەتر لەو بوارەدا.

ساڵی **١٢٦٥**ی (ز. )، یەکەم پەرلەمانی ساوا لە ئینگلتەرا دروست بوو. پەرلەمان لە پاشا و توێژێکی ئۆروستۆکراتی فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی و ژمارەیەکی بچووک بازرگانی گەورە و کەپیتاڵیستە سەرەتاییەکان پێکهات بوو. لەگەڵ ئەوەی پاشا بەشی شێری تیایدا هەبوو، بێ ڕازیبوونی ئەو هیچ بڕیارێک نەدەدرا، بەڵام لەوکاتەوە بێ یاسادان پاشا نەیدەتوانی تاکڕەوانە بڕیاربدات.

ساڵەکانی **١٣٤٧**، تاعون لە ئەورپادا بڵاوبۆوە، لەوانەش ئینگلتەرا. ئەم پەتایە دەوروبەری نیوەی دانیشتوانی ئەوروپای کوشت «**٣٦** ل**١٥٩**». لە زۆربەی پاشانشینەکانی ئەوروپا، بەتایبەتی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات، بەهۆی ئەوەوە چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوەی ئەو جوتیارانەی نەمردن زیاتری کرد و چینە دەسەڵاتدارەکان بەشی مردووەکانیشیان لەوان دەسەند و بووە هۆکاری دواکەوتنی گەشەی ئابوری و سیاسی تیایاندا. بەڵام لە ئینگلتەرا ئەم قەیرانە گەورەیە کاردانەوەیەکی پێچەوانەی هەبوو، چونکە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر بوو، تیایدا هەر توێژ و چینێکی بەهێزی کۆمەڵگە دەیویست جوتیارەکان لەبەر کەمبونەوەی ژمارەیان لای خۆی بمێننەوە. ئەمە بووە هۆی بەهێزبوونی پێگەو بزووتنەوەی جوتیارەکان، باری جوتیار و کارکەرەکانی باشترکرد و ڕێگە خۆشکەربوو بۆ زیادبوونی ئازادی و دواتریش زەمینەی بۆ زیاتر بەرفراوانبوونی ئەو سیستمە و سود وەرگرتن لە فاکتەرەکانی تری کۆمەڵگەکە خۆشکرد «**٢** ل**١٩١،١٨٤**».

**٢**ـ بۆ سوود وەرگرتن لە تەکنیکی باشتر، بەشێکی زۆری پیشەسازیی سەرەتایی خوری لە شارەکانەوە گواسترانەوە بۆ لادێکان. خورییان بۆ پاکردنەوە لە چەوری دەنارده سەر ئاشە ئاوەکانی لادێ، دواتر کوتەکی گەورەیان دەبەست بە (ئەکسلی) ئاشەکەوە بۆ کوتانی خورییەکە و پاکردنەوەی. بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە ژمارەی کرێکاری بۆ کوتاندن و پاکردنەوەی خوری کەمتر کردەوە، کە بووە هۆی کەمبوونی خەرجی بەرهەمهێنان. ئەگەرچی ئەوە بە بەراورد بە تەکنیکی ئەمرۆ شتێکی زۆر بایەخدار نییە، بەڵام بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە نوێیە لەوکاتەدا وەکو بەرپاکردنی شۆڕشێک بوو لەو بوارەدا. ئەمە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، بووە پاڵنەر بۆ گەشەپێکردنی تەکنیکی نوێتر. ئەم تەکنیکە بێ بوونی سیستمێکی بەرفراوانتر ڕەنگە پەیدا نەبووایە و هەر زوو شکستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بهێنایــە «٨ ل ١٤١».

**٣**ـ خـوری ئینگلتـەرا باشـترین جـۆر بوو، لـە سـاڵەکانی **١٣٥٠**دا بەشـی زۆری هەنارده دەکرایــە دەرەوە، بــەڵام لــە ســاڵەکانی **١٤٥٠** وە، لــە ڕێگــەی بڕیــاری سیاســییەوە بــە فشــاری کەپیتاڵیســتە ســەرەتاییەکان لــە پەرلەمانــدا، هەناردنەکردنــی قوماشــی خـوری بـۆ دەرەوە زیـاد کـرا و خـوری کەمکرایـەوە. دەوڵەتـی ئینگلتـەرا، گومرگـی بـە ڕێژەیەکـی زۆر زیادکـرد بەسـەر هەناردەکردنـی خـوری و گومرگێکـی کەمـی خسـتە سـەر هەناردەکردنـی قوماشـی خـوری. ئەمـە ئـەوەی لێکەوتـەوە کـە نرخـی خـوری ئینگلتـەرا لـەدەرەوەی وڵات بەرزبێتـەوە و نرخـی قوماشـی خـوری ئینگلتـەرا لـە چـاو بەرهەمـی وڵاتەکانـی تـردا نـزم بێتـەوە. بـەوە ئینگلتـەرا لـە بازاڕەکانـدا مۆنۆپۆلـی لـەو بەرهەمـەدا پەیداکـرد. بەهێزبوونـی بەرهەمهێنانـی قوماشـی ئەوسـای ئینگلتـەرا، هەمیسـانەوە بـۆ پەیدابوونـی دەرفەتـی بەشـداریکردنی هێـزە نوێیـەکان لـە بڕیاردانـدا دەگەڕێتــەوە «٨ ل ١٤١».

**٤**ـ گواسـتنەوەی بەشـێک بەرهەمهێنانـی چنیـن لـە شـارەوە بـۆ لادێ، وایکـرد کـە لەلایەکـەوە ئـەو پیشەسـازییە لـە شـارەکاندا بـە چـڕی گردنەبێتـەوە و ژمارەیەکـی زۆری کرێـکار لـە یـەک شـوێندا کۆنەبنـەوە کـە تیایدا بتوانـن خۆیـان لـە ڕێکخـراوی پیشــەیی مەزنــدا ڕێکخــەن و ببێتــە هــۆی ململانێــی توندوتیــژ و ناســەقامگیری و شکسـتهێنانی پیشەسـازییەکە. لـە لایەکـی تـرەوە، لەبەرئـەوەی کرێکارەکانـی لادێ لـە بنەماڵـەی مسـکێنەکان بـوون، دەیانتوانـی لەپـاڵ کارکردنیـان لـەو پیشەسـازییەدا لـە بەرهەمهێنانــی کشــتوکاڵیدا بەردەوامبــن و لەمــاڵ و حاڵــی خۆیانــدا بمێننــەوە و بــە مووچەیەکـی کەمتـر لـە کرێکارەکانـی شـار گـوزەران بکـەن. ئەمـە لەپـاڵ ئـەوەی باری کرێکارەکانـی باشـتر دەکـرد، بەهـۆی نزمـی خەرجیـی مووچـەی ئەوانـەوە خەرجـی بەرهەمهێنــان کەمتــر دەبــووەوە. بەهــۆی کەمبونــەوەی خەرجــی بەرهەمهێنانــەوە دەیانتوانــی قوماشــی ئینگلتــەرا بــە هەرزانتــر بفرۆشــن و مۆپنۆپۆلــی بــازاڕەکان بکـەن. نیمچـە باشـتربوونی بـواری ژیانـی ئـەو کرێـکار و جوتیارانـە، بەردەوامیـدا بـە پرۆســەکە و زیادبوونــی ژمــارە و بەرزبوونــەوەی پێگــەی کۆمەڵایەتیــان.

لەگـەڵ ئـەوەی ئینگلتـەرا لـە کۆتایـی سـاڵەکانی **١٤٠٠**دا، هەنگاوێـک لـە پێـش وڵاتەکانی تـرەوە بـوو، لـە پیشەسـازیی سـەرەتایی کەپیتاڵیسـتی چنینـی خـوری و بازرگانـی پێکردنیـدا، هەروەهـا بنەماکانـی فیودالیـزم تیـادا شکسـتی هێنابـوو تیایدا و سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی فراوانتـری هەبـوو، بـەڵام لـە بازرگانـی دەرەکـی و وەبەرهێنانـدا هێشـتا زۆر لـە دوای شـوێنەکانی تـرەوە بـوو. ئەگەرچـی پیشەسـازیی سـەرەتایی خـۆری گرنـگ بـوو، بناغـەی بـۆ پیشەسـازیەکانی تـر دانـا، بـەڵام پیشەسـازییەکی تاقانـە بـوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتەنیا لە توانایدا نەبوو ڕۆڵی یەکلاکردنەوەی سەرکەوتنی پیشەسازی زامن بکات. لەبەرئەوە لەگەڵ ئەوەی پێشتر، فلاندرن و شارەکانی تر لەو پیشەسازیی سەرەتاییەدا شکستیان هێنا، بەڵام لە کەرتەکانی تری بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتایی و وەبەرهێناندا کەم و زۆرهەر بەردەوام بوون. ئینگلتەرا هەتا ساڵەکانی ١٧٠٠(ز. ) نەیتوانی ڕۆڵی سەکردایەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ئەوروپادا ببینێت. ڤێنیسیا (بوندقیە)، لەسەدەی چواردەدا بەهێزترین شاری بازرگانی بوو، ژمارەی دانیشتوانی لە سەد هەزار کەس تێپەری کردبوو، لە دوای پاریس گەورەترین شاری ئەوروپا بوو. پێکەوتێکی ستراتیژی گرنگی هەبوو. لە ڕێگەی باشوری ئەڵمانیا و ڕووباری ڕەینەوە، باکور و ناوەڕاستی ئەوروپای بە دەریای سپی ناوەڕاست دەبەستەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا گەشەکردنی ئەو شارە لە سنوورێکدا وەستا.

ژێرخانی ئابوری ڤێنیسیا لەسەر بازرگانی درووست بوو، نەک پیشەسازی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ پیشەسازیی سەرەتایی وەکو دروستکردنی شوشە، یاقوت، فەخفوری نایاب و ڕەنگکردنی جل و بەرگی جوانی تیادا بوو. بەهۆی داهاتی بازرگانی زۆرەوە، پیشەسازی دروستکردنی کەشتی گەورە تیایدا بەهێز بوو. هەروەها ڕۆڵی گرنگی لە خستنەگەڕی پارە و کاروباری بانکی سەرەتاییدا هەبوو.

بازرگانە دەوڵەمەندەکان دەسەڵاتی سیاسی شارەکەیان بەدەستەوە بوو، هەروەها خاوەنی هێزی سەربازی خۆیان بوون، مۆنۆپۆڵی تەواویان هەبوو و ڕێگەیان نەئەدا بە فیوداڵەکانی دەوروپشتیان لە لادێکاندا دەستبخەنە کاروباریانەوە. بازرگانیی ڤێنیسیا لە دوو کەرت پێکهاتبوو. کەرتی تایبەت بە پێی یاسا هەموو ئەوانەی کە دەیانویست و توانای کاری بازرگانیان هەبوو دەیانتوانی لەو بوارەدا بەشداری بکەن. کەرتی حکومی خاوەنی زۆربەی کەشتی و کەشتیوانی بوو، سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی ڕێگەوبانی ئاوی و وشکانی دەکرد، بەهێزی چەکداری خۆی پارێزگاری دەکردن. ئەم کەرتە ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە ڕێکخستن و پلاندانانی بازرگانیدا.

بێ سنووری دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری کەرتی حکومی، قۆرخکرتنی بازاڕ و ڕێگە نەدان بە چالاکی بازرگانی و دەرفەتی بەشداریکردنی بازرگانەکانی کەرتی تایبەتی لە بڕیاردانـدا، لەهەمان کاتدا کۆسپ دانان لەبەردەم بازرگان و خاوەن کەپیتالەکانی تری باکوری ئیتاڵیا و باشوری ئەڵمانیا، کاردانەوەی خراپی لەسەر گەشەکردنی بازرگانی هەبوو. سەرەڕای ئەمانە بە دۆزینەوەی ڕێگەی ئاوی نوێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(رأس الرجـاء الصالـح/ Cape of Good Hope ) ی باشـوری ئەفریقـا بـۆ ئاسـیا هێنـدەی تـر ڕۆڵـی بازرگانـی شـارەکە لاواز بـوو. ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە بازرگانـە گـەورەکان و کەپیتاڵیسـتەکان لەباتـی بەکارهێنانـی پارەکانیـان لـە بازرگانـی و پیشەسـازیی سـەرەتاییدا، کەوتنـە کڕینـی زەویـوزار و خانـو و کۆشـک و تـەلار.
باشـوری ئەڵمانیـا لـە سـاڵەکانی ١٤٥٠-١٥٥٠، یەکێـک لـەو شـوێنانە بـوو، کـە بازرگانـی و پیشەسـازیی سـەرەتایی و کاروبـاری ماڵـی تیایـدا گەشـەیکرد. ئـەم ناوچەیـە کەوتبـووە ناوجەرگـەی ئەوروپـاوە، ڕێگـەی بازرگانـی وشـکانی باکـور و باشـور و ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای ئەوروپـای پێکـەوە دەبەسـتەوە.
لەبـەر دووری ئـەم ناوچەیـە لـە کەنـار دەریـاوە، بـازرگان و کەپیتاڵیسـتەکان، لـە جیاتـی بازرگانـی کەپیتاڵەکانیـان لـە بونیادنانـی پیشەسـازیی سـەرەتاییدا بەکاردەهێنا. خواسـتی گـەورەی بـازاڕ و زۆری کەرەسـەی خـاو، فرەچەشـنی بازرگانـی و پیشەسـازی، جموجۆڵێکـی زۆری لـەم ناوچەیەدا دروستـکرد. هەروەهـا کەپیتاڵەکانیان بەکاردەهێنـا بـۆ دانـی قەرزێکـی زۆر بـە میرەکانـی ئەڵمانیـا و پاشـاکانی هەنگاریـا و ئیسـپانیا.
ئەڵمانیـا لـەو سـەدانەدا بەسـەر چەندیـن میرنشـیندا دابەشـبوو، پارچـە پارچـە و نائـارام بـوو. ئەمـەش لـە چەنـد لایەنیکـەوە بـاری بازرگانەکانـی قوورسـتر کـرد. هـەر بەشـێکیان سـنووری گومـرگ و باجدانـی تایبەتـی خـۆی هەبـوو. سـاڵەکانی ١٦٠٠ ئـەو میرنشـینانە بـۆ مـاوەی سـی سـاڵ شـەڕی ناوخۆییـان بەرامبـەری یەکتریکـرد. سـەرەڕای زیادکردنـی بـاج و رووتاندنـەوەی زیاتـری بەرهەمهێنـەرەکان، داهاتەکانیـان بەهـۆی ئـەو شـەڕانەوە هـەر بەشـی نەدەکـردن. لەبەرئـەوە قەرزێکـی زۆریـان لـە بانکـە سـەرەتایی و بازرگانـەکان کـرد و دواتـر زۆربـەی ئـەو قەرزانەیـان پێنەدانـەوە. ئەمانـە هەمـووی بوونـە هـۆی ڕێگرتـن لـە گەشـەکردنی بازرگانـی و پیشەسـازیی سـەرەتایی و نابووتبوونـی ژمارەیەکـی زۆر لـەو بازرگانانـە.
بـە هەمـان شـێوە، لـە چەندیـن شـوێنی تـری ڕۆژئـاوا و باشـوری ئەوروپـا ئەمـە دووبـارە بـووەوە لەوانـە فلۆرێنـس، شـاری بورگـی هۆڵنـدا و چەندیـن شـاری فەرەنسـا. لـەو ناوچانـەدا، لـە سـەدەکانی چـواردە و پانـزەدا بوژاندنـەوەی بازرگانـی و کاروبـاری دارایـی و پیشەسـازیی سـەرەتایی بـە ئاسـتی جیـاواز گەشـەی کـرد. بـەڵام بەهـۆی خراپـی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری لـەو شـوێنانەدا، لـەو قۆناغانـەدا گەشـەکردنی ئابـوری وەکـو پێویسـت بەرەوپێـش نەچـوو. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو چینوتوێـژ و هێـزە نوێیانـە کـەم و زۆر بەردەوامیـان بەخـۆوە بینـی و بوونـە بناغەیـەک بـۆ بونیادنانـی سیسـتمێکی بەرفراوانتـر «٨ ل٦٦-٧٦».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هۆکاری شکستهێنانی سیستمی فیودالّی لە لادێکاندا

### بوژاندنەوەی بازرگانی درزی خستە سیستمی فیودالّی لادێوە

لادێ و بەرهەمهێنانی کشتوکالّی لەساڵەکانی ٥٠٠-١٢٠٠(ز. ) لەژێر کۆنترۆڵی فیودالّیزمدابوو. دەوروبەری ٣٠٪ زەویوزاری کشتوکالّی (مەبەست لە زەویوزاری کشتوکالّی ئەو زەویانەیە، کە بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکالّی بەکارهێنراون) و سەرچاوەی ئاوەکان مولّکی کەنیسە بوون، ٦٥٪ مولّکی فیودالّ و پاشا بوون، تەنها لە ٥٪ مولّکی جوتیاری بچووک و مامناوەند بوون «٨ ل١١٤».

ئەو زەویانەی مسکێنەکان بەرهەمیان تێدا دەکرد، بەشێکی بۆ دابینکردنی پێویستی ژیانی خۆیان بوو(ئیکتفای زاتی)، بەشەکەی تری بۆ فیودالّ بوو. بەشەکەی فیودالّ بۆدابینکردنی پێویستی خۆیان و بنەماڵە و پیاو و چەکدارەکانی بوو، بەشێکی تری بە بەرهەمی کشتوکالّی تری دەرەکی و بەرهەمی پیشەیی ئالّوگۆڕی پێکراوە. سەرەڕای دابینکردنی ئەو پێویستیانە، داهاتەکانی کەنیسە و فیودالّ بۆ دروستکردنی کۆشک و تەلار و کەنیسەو کلّێسای گەورە و خۆشگوزەرانی و رابواردن و کۆنترۆلّکردنی ناوچەکانیان و بژیوی چەکدارەکانیان بەکارهێنراون. پاشا مولّکێکی زۆری هەبووە و داهاتەکانی بۆ خۆی و شازادەکان خەرجکراوە، سەرەڕای ئەوەش باج و گومرگی لە مسکێن و جوتیاری خاوەن مولّکی بچووک و پیشەیی و بازرگانەکان سەندووە. بەشێکی ئەم باجە بۆ خەرجی خۆیی و کۆشک بەکارهاتووە و بەشەکەی تری بۆ خەرجی سوپا و دەستوپێوەند و کاربەدەستانی دەوڵەت بەکارهاتووە. بە پێیی ئەم زانیارانەی سەرەوە بەشێکی زۆر کەمی بەرهەم لە ئالّوگۆڕی بازرگانی ناوخۆ و دەرەکیدا بەکارهاتووە.

دابەشبوونی وڵات بەسەر چەندین ناوچەی دەرەبەگایەتی سەربەخۆوە، بازاڕی بچووک و داخراو و سنووورداری ئەو کۆمەڵگەیە، ڕێگربوون لە بوژاندنەوەی بازرگانی و بەستنەوەی بازاڕ و ناوچەکانی وڵات پێکەوە. بۆئەوەی بازرگانی ببوژێتەوە و بەرهەم زیادبکات، دەبوایە ئەو سیستمە قوفڵدراوە داخراوە بکرێتەوە و ناوچەکانی پێکەوە گرێ بدرێت و پێکهاتە کۆمەڵایەتەکانی کە ٩٠٪ دانیشتوان بوون لە بازرگانیدا تێوەبگلێنرێن، ئەگینا مەحالّ بوو گۆڕانکاری گەورە رووبدات.

ئەگەرچی زۆربەی بەرهەمە کشتوکالّییەکانی ئەو سەردەمانە بۆ دابینکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خـواردن و پێویسـتی هـەرە گرنگـی زۆربـەی خەڵکانـی ئەورووپـا بـوو، نمونـەی گەنـم و جـۆ. بـەڵام بوژاندنـەوەی بازرگانـی دەرەکـی و شـارە بازرگانیـەکان لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، زەمینەیەکـی نوێـی خوڵقانـد، ئەویـش زیادبوونـی خواسـتی دەرەکـی بـوو لەسـەر هەنـدێ بەرهەمـی کشـتوکاڵی خۆماڵـی. لەبەرئـەوەی وڵاتـەکان پێکەوتـەی جوگرافـی و کەشـوهەوایان لەیـەک جیـاواز بـوو، هەریەکێـک لەوانـە هەنـدێ بەرهەمـی کشـتوکاڵی تایبەتـی خۆیـان هەبـوو. بەرهەمـی تایبەتـی وڵاتـەکان بـووە هـۆکاری زیادبوونـی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی لـە نێوانیانـدا.

پێداویسـتی دەرەکـی و خواسـت لەسـەر هەنـدێ بەرهـەم لەزیـاد بووندابـوو. ئـەو خواسـتە بەشـێک لـە فیوداڵەکانـی چاوچنۆککـرد بـۆ زیاتـر بەرهەمهێنانـی ئـەو جـۆرە بەرهەمانـە، چونکـە داهاتـی زیاتـر دەکـردن. لەبەرئـەوە، ئەوانـە بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژووی سـەدان سـاڵیاندا، بەئاگاهاتـن و کەوتنـە خۆیـان بـۆ زیادکردنـی ئـەو بەرهەمانـە. زەوی زیاتریـان بەکاردەهێنـا، دارسـتانیان دەبڕیـەوە و دەیانکـرد بـە زەوی کشـتوکاڵی، هەوڵـی بەپیتکردنـی زەوی و بەکارهێنانـی شـێوازی نوێتـری بەرهەمهێنانـدەدا.

بێجگـە لـە فیوداڵـەکان، جوتیـاری خـاوەن مۆڵکی بچـووک و هەندێ لە مسـکێنەکانیش، بەهـۆی پەیدابوونـی بـازاڕی هەفتانـەی شـارە نزیکەکانـەوە هەوڵـی زیادکردنـی بەشـە بەرهەمەکانـی خۆیـان دەدا بـۆ گۆڕینەوەیـان بـە بەرهـەم و کاڵای تـر لـەو بازاڕانەدا.

سـەرەڕای ئـەوەی فیـوداڵ لـەم ڕێگایـەوە دەیتوانـی بەرهەمـی زیاتـر بفرۆشـێ، بـە هاتنـی شـتومەکی تـازە لـە وڵاتەکانـی ئەورووپـا و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ئاسـیاوە، هەتـا دەهـات خواسـتیان لەسـەر ئـەو جـۆرە بەرهەمـە دەرەکیانـە زیـادی دەکـرد. بـۆ کڕینـی ئـەو شـتانە سـەرلەنوێ زیاتـر هانیـدەدان بـۆ زیادکردنـی بەرهەمهێنـان و داهاتـی زیاتـر.

بـە زیادبوونـی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی، هەتـا دەهـات فیوداڵـەکان لـە جیاتـی ئاڵوگۆڕکردنـی کەلوپـەل دراویـان لـە کڕیـن و فرۆشـتندا بەکاردەهێنـا. زیادبوونـی بەکارهێنانـی دراو دوو کاردانـەوەی گرنگـی لێکەوتـەوە: یەکەمیـان دامەزراندنـی کرێـکاری کشـتوکاڵی بـوو، بـە موچـەو لەجیاتـی بێـگار پێکـردن. دووەمیـان لەجیاتـی مسـکێن ڕاگرتـن، بەپێیـی عورفـی فیوداڵـی، فیـوداڵ زەوییەکانـی بـە پـارە بەکـرێ دەدا بـە مسـکێنەکان. ئـەم دوو گۆڕانکارییـە، بنەماکانـی سیسـتمی فیوداڵـی بـەرە و لەناوچـوون بـرد، چونکـە لـە لایەکـەوە بێـگاری نەدەهێشـت و لـە لایەکـی تـرەوە مسـکێن ڕاگرتـی کەمدەکـردەوە.

بەهـۆی بوژاندنـەوەی ئابوریـەوە ژیـان و تەندروسـتی خەڵـک باشـتر دەبـوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەمەنیان درێژتر دەبوو و ژمارەیان زیادی دەکرد. زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان پێویستی بە بەرهەمی زیاتر بوو، لە هەمان کاتدا ژمارەی خەڵکی بەرهەمهێنەر زیاتردەکرد، کە سەرلەنوێ بوژانەوەی بازرگانی زیاتری لێدەکەوتەوە و ئەو درزەی کەوتبووە سیستەمەکە گەورەتر دەبوو.

بێگومان ئەمانە لەهەمانکاتدا لە هەموو ناوچە و وڵاتەکاندا وەکو یەک بەرێوەنەدەچوو، لەهەموو کەرتەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا وەک یەک رووی نەدەدا، ئەم گۆڕانکارییە سەدان ساڵی خایاند، تاوەکو توانی ڕێگە بۆ بازاڕێکی فراوانتر خۆش بکات و ناوچەکان بەیەکترییەوە گرێبدات. لە هەمانکاتدا ئەم گۆڕانکاریانە داهاتی باج و گومرگی پاشا و دەوڵەتی زیاترکرد، هەروەها گۆڕانکاری لە سروشتی چینوتوێژەکانی لادێدا دروستکرد «٨ ل٥٥».

**پیشەسازیی سەرەتایی، سیستمی فیوداڵی لادێی لەناوبرد**

وەکو چۆن بوژاندنەوەی بازرگانی دەرەکی و ناوخۆ زەمینەی بۆ لاوازبوونی سیستمی فیودراڵی و زیادبوونی بەرهەمهێنانی هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵی تایبەتی خۆشکرد، بەهەمان شێوە بەرهەمهێنانی پیشەسازیی پێویستی بە کەرەسەی خاوبوو. کەرەسەی خاویش بە بەرهەمی کشتوکاڵی نوێ و زیاتر دابیندەکرا. بەرهەمهێنان لە پێناوی دابینکردنی خواستی بازرگانی دەرەکی و پیشەسازیی سەرەتایی، بووەهۆی زیاتر بەستنەوەی لادێ بە شارەوە و زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ناویاندا و کردنەوەی بازاڕە داخراوەکان و بەستنەوەیان پێکەوە.

گەشەکردنی پیشەسازیی سەرەتایی و فراوانبونی ژمارەیەکی زیاتر کرێکاری پێویست بوو، کە زۆربەیان خەڵکی لادێ بوون. بەکارهێنانی مسکێنی لادێ لە پیشەسازیی سەرەتاییدا ژمارەی جوتیارەکانی لادێی کەمتر دەکرد، کە لە لایەکەوە دەبووە هۆی کەمبونەوەی بەرهەمی فیوداڵ و لە لایەکی ترەوە لەبەر کەمبوونەوەی ژمارەیان لای فیوداڵ گرنگتر دەبوون. گرنگبوونی ڕۆڵی ئەوانە لە بەرهەمهێناندا، پێگەی کۆمەڵایەتیانی بەرزدەکردەوە و توانای فشاریانی زیاتر ڕووبەڕووی فیوداڵ دەکردەوە، کە ئەوەش لەگەڵ فاکتەرەکانی تردا بنەماکانی سستەمی فیوداڵی لاوازتر کرد.

کەمبوونەوەی ژمارەی هێزی کار لە لادێکاندا، پاڵنەرێکی دروستکرد بۆ داهێنانی تەکنیکی نوێ و ڕێبازی باشتری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. ئەمەش خۆی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیدا زیاتر ڕێگەی بۆ بەرهەمهێنانی ئامرازی نوێ خۆشکرد، کە ئەویش بە پیشەسازیی سەرەتایی دابیندەکرا. ئەمەش ئەوەندەی تر بازاڕی لادێی زیاتر بە شارەکانەوە بەستەوە.

بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ کەرەسەی خاو و پێویستی بازاڕەکان، هەروەها کەمبوونەوەی ژمارەی مسکێنەکان لە لادێکاندا، بەشێک لە فیوداڵەکان کەوتنە خۆیان و گۆڕانکارییان لە شێوەی بەرهەمهێناندا کرد. لە باتی ئەوەی فیوداڵ وەکو جاران مسکێن ڕاگرێ لە زەویەکانیدا، یان زەوییەکانی لە مسکێنەکان وەردەگرتەوە و دەیکردن بە کێڵگەی فراوان و مسکێنەکانی وەک کرێکار بە مووچە دادەمەزراند، یان زەوییەکانی بە کرێ پێدەدان. ئەم کاردانەوەیە لە هەر دوو حاڵەتدا بووە هۆکارێکی تری نەهێشتنی سیستەمی فیوداڵی لادێ.

ئەو فیوداڵانەی کە بەربەرەکانێی ئەو گۆڕانکاریانەیان دەکرد و لەسەر هەمان شێوازی فیوداڵی کۆن بەردەوام دەبوون، لە پاڵ ئەوەی گرفت و توندوتیژی لێدەکەوتەوە، خۆشیان هەتا دەهات لاواز دەبوون و مسکێنیان لەدەست دەچوو، هەروەها داهاتەکانیان کەم دەبۆوە و لە کۆتاییدا بەرە و نابووتبوون دەچوون و موڵکەکانیان بە هەرزان دەفرۆشت بە بورجەوا و خاوەن موڵکی تر، کە ئەوانیش بە شێوازی کەپیتاڵیستی سەرەتایی بەرهەمی کشتوکاڵیان تیادا پەیڕەو دەکرد.

ئەم گۆڕانە تەنها بنەماکانی کۆمەڵگەی فیوداڵی تێکنەدەدا، بەڵکو سروشتی کۆمەڵایەتی چینوتوێژەکان و سیستەمی بەرهەمهێنانیشی گۆڕی. فیوداڵەکانی دەکرد بە خاوەن موڵک و مسکێنە نیمچە نائازادەکانی دەکرد بە کرێکاری ئازاد، یان خاوەن موڵکی بچووک. شێوازی بەرهەمهێنانی فیوداڵی بێگاری گۆڕی بە شێوازێکی کەپیتاڵیستی، بەرهەمهێنانی بۆ پێویستی خۆیی گۆڕی بۆ ساغکردنەوە لە بازاڕەکاندا، بازاڕی تەسکی گۆڕی بە بازاڕێکی فراوانتر، کۆمەڵگەیەک و خەڵکێکی نەخوڵقێنەری گۆڕی بە خوڵقێنەر و مێشککراوەتر.

بە گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتایی لەشارەکاندا و پێویستی زۆر بە هێزیکار تیایاندا، خەڵکێکی زۆری لە شارەکان کۆدەکردەوە، کە پێویستیان بەخواردن و پێویستی تری لادێ بوو. بە زیادبوونی ئەو پێویستییە، بەرهەمی کشتوکاڵی لادێ زیادی دەکرد، گۆڕانکاریەکان خێراتر دەڕۆیشتن و سیستەمی بەرهەمهێنانی فیوداڵی لادێ زیاتر بەرەو لاوازی و لەناوچوون دەچوو. «٨ ل ٦٤\٥٢\٥٣»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چی ڕێگەی بۆ گەشەکردنی کەپیتاڵیزم خۆشکرد؟

ئەو گۆڕانەی کە لە ساڵەکانی ١٢٠٠-١٥٠٠(ز. ) لە ڕۆژئاوای ئەوروپا ڕوویدا، دەرئەنجامی پرۆسەیەکی دوور و درێژی سەدەکانی پێشوتر و ڕۆڵی خاسڵەت و فاکتەرە بنچینەییەکان بوو.

لەگەڵ بوژاندنەوەی بازرگانی و دروستبوون و گەشەکردنی پیشەسازیی سەرەتایی و گۆڕانکاری لە بەرهەمهێنان و پەیوەندی بەرهەمهێنانادا، چینوتوێژ و هێزی نوێ پەیدابوو. ئەوانە بریتی بوون لە بازرگانە گەورەکان، بۆرجوای خاوەن وەرشەی گەورە، موڵکداری زەویوزاری لادێ، جوتیاری زەوی بەکرێ گر، کرێکار و مووچەخۆری شارەکان، کرێکاری کشتوکاڵی لادێکان. زۆربەی ئەوانە بەهۆی بەرژەوەندی هاوبەشەوە، لە پێناوی بەرهەڵستیکردن لە مافەکانیان و هەوڵدانی بەشداریکردن لە بڕیارە سیاسی و ئابورییەکاندا، خۆیان لە ڕێکخراوی پیشەیی تایبەتیدا ڕێکخستبوو.

ئەو گۆڕانە ئابوری و کۆمەڵایەتییانە کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو بەناو چەندین کۆسپی سیاسی و یاسایی و بەرهەڵستی پاشا و فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینیدا تێپەڕی. کۆمەڵگەکە هێشتا لەژێر چەتر و کۆنترۆڵی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیوداڵی سنووردارداو. ئەو چینوتوێژ و هێزە کۆنانە بەخۆشی خۆیان وازیان لەبەرژەوەندی و دەسەڵاتەکانی خۆیان نەدەهێنا، بەڵکو بەرهەڵستی توند و جاری وا هەبوو خوێناوشیان دەکرد.

ئەوەی یارمەتیدەری چینوتوێژ و هێزە نوێیەکان بوو، خاسڵەت و فاکتەرە بنچینەییەکانی فیوداڵی ئەوروپا بوو، دەرەفتی بەشداریکردنیان بوو لە سیستمەکەدا. لە ڕێگەی کارتێکردنی پەرلەمانە ساواکەیانەوە، یان لە ڕێگەی فشارخستنە سەر پاشا و فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی و هەروەها دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەگەڵیاندا، توانییان بەسەر ئەو کۆسپانەی لە ڕێگایاندا بوو زاڵبن و گۆڕانکاری لە یاسا و دامەزراوەکانی بڕیاردان و شێوازی بڕیاردانیدا بکەن.

ئەم گۆڕانکاریانە، لە هەموو وڵاتانەکاندا وەکو یەک نەبوو، هەروەها لەهەمان کات و بەهەمان خێرایی ئەنجام نەدرا. ئینگلتەرا پێش وڵاتەکانی تر کەوت، ڕۆژئاوی ئەوروپا، پاشان ئینگلتەرا بەدواییداهات. هەتا چینوتوێژ و هێزە نوێیەکان بە هێزتر بوونایە، هەتا دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیارەکاندا زیاتر بووایە، هەتا دەسەڵاتی پاشا لاوازتربووایە، فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی کراوەتر بوونایە، ئەو پرۆسەیە خێراتر بەڕێوە دەڕۆیشت و بەردەوامی بەخۆوە دەبینی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەپاڵ ئەم گۆڕان و ئەو فاکتەرە بنچینەییانەدا، چەندین دیاردە و فاکتەری تر لەکاتی جیاوازدا پەیدا بوون و کاریان دەکردە سەر ئەو فاکتەرە بنچینەییانە. لەهەندێ شوێن دەبوونە هۆی خێرابوون و ئاسانکردنی پرۆسەکە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە هەندێ شوێنی تر دەبوونە هۆی سستبوونی پرۆسەکە.

## کاردانەوەی فاکتەری پەتا و ناکۆکی و شەڕوشۆڕ

لەنێوان ساڵەکانی **١٣٥٠-١٤٥٠**(ز. )دا، هەندێ رووداوی گەورە بوونە فاکتەری گرنگ لەسەر ڕێڕەوی گۆڕانکاری ئەو کیشوەرە و بەتایبەتی ئینگلتەرا. بەڕادەیەک، کە هەندێ پسپۆر ئەو ماوەیە بەخاڵی وەرچەرخان لە پرۆسەکەدا دادەنێن. چەند قەیرانێکی گەورە رووبەڕووی ئەوروپا بۆوە، کە بوونە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان، وەستانی بەرهەمهێنان و گەشەکردنی ئابوری و سستبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی. ئەوانەش بریتی بوون لە:

بڵاوبونەوەی تاعون **١٣٤٨_١٣٤٩** «**٣٦** ل**١٥٩\٢** ل**٩٨**».

شەڕی سەد ساڵەی نێوان ئینگلتەرا و فەرەنسا **١٣٣٧_١٤٥٣** «**٨** ل**٣٦\٦**ل**١٦٢**»

راپەڕینی جوتیاران لە ئینگلتەرا **١٣٨١**، لە فەرەنسا **١٣٥٨** «**٨** ل**٦٠\ ٢** ل**١٨٥**»

- شەڕی ناوخۆی ئینگلتەرا **١٤٥٥-١٤٨٥** «**٨** ل**٥٧\ ٢** ل**١٨٤**»

بەهۆی شەڕ و نەخۆشییەوە، یەک لەسەر سێی دانیشتوانی ئەوروپا کەمیکرد. لە ئینگلتەرا بەهۆی تاعونەوە ملیۆن و نیوێک کەس مردن، ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە لە **٤** ملیۆنەوە بوو بە دوو ملیۆن و نیو. بەهۆی ئەو شەڕانەوە سەرەڕای ئەوەی کوشتارێکی زۆر، برسێتی، وێرانکاری و تاڵانی شار و گوند و کێڵگەکانی لێکەوتەوە، زەرەرێکی زۆر بە ژێرخانی ئابوری وڵاتەکان گەیشت، ئەم قەیرانانە کاردانەوەی جیاوازیان بەسەر وڵاتەکانی ئەوروپادا هەبوو. لەوڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، بەهۆی توندڕەوی زیاتر و تاکڕەوی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری، بەهێزی دەسەڵاتی ناوەندی پاشاکان و بەهێزی فیوداڵ و رەقیی دەسەڵاتی ئایینی کەنیسەی ئۆرسۆدۆکسی و لە هەمانکاتدا لاوازیی مسکێن و بازرگان و بۆرجوا، ئەو قەیرانانە هێندەی تر ئەو سیستمەی توندڕەوەتر و تاکڕەوتر کرد. لە جاران زیاتر دەستیان خستە بینەقاقای مسکێن و کاری مردووەکانیشیان بە زیندووەکان دەکرد و باجی زیاتریان لێدەسەندن. زیاتر لە جاران کەوتنە گیانی بازرگان و کەپیتاڵیستی سەرەتایی و باج و گومرگ و سەرانەی زیاتریان لێدەستاندن و زیاتر لە جاران کۆنترۆڵیان دەکردن و دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیاری سیاسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئابووریدا بۆ نەڕەخسا. بێگومان ئەمانە بوونە هۆی لاوازبوونی جموجۆڵی بازرگانی و بەرهەمهێنانی پیشەسازیی سەرەتایی و سستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و خاوبوونەوەی پرۆسەی چاکسازی.

ئیسپانیا بەڕادەی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابووری تاکڕە و و توندڕەو نەبوو، دەسەڵاتدارەکان وەکو ئەوێ بەهێز نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێندە دەسەڵاتیان هەبوو، کە بتوانن ڕێگە لە چاکسازی و گۆڕانکاری بگرن، بەڕادەیەک، کە ژمارەی دانیشتوان و گەشەکردنی ئابووری دوای ئەو قەیرانانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نەگەیشتەوە ئاستی کۆنی خۆی. پاشا و ئۆرۆستۆکراتی ئەو وڵاتە بۆ زیادکردنی سامان و داهاتەکانیان لە باتی ڕێگەدان بە چاکسازی و گەشەکردنی ئابووری و سیاسی ناوخۆ، ڕوویان کردە گەڕان بەشوێن سەرچاوەی نوێ لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەیان.

لەبەرئەوەی زۆربەی شەڕەکانی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا لەسەر خاکی فەرەنسا ڕوویدا، وڵاتەکە زیاتر لە شوێنەکانی تر وێران بوو، بەرهەمهێنان و ژێرخانی ئابووری فەرەنسا زیانێکی یەجگار زۆری پێ گەیشت. ئەمەش بوو بەهۆی کەمبوونەوەی داهاتی دەوڵەت و لاوازبوونی پاشا و ناڕەزایی و بێزاربوونی سوپا و بەرهەمهێنەرەکان. دەرئەنجامی ئەوە، بووەهۆی زیاتر چاکسازی و سەرلەنوێ بوژاندنەوەی بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتایی. ئەو وڵاتە بەراورد لەگەڵ ئینگلتەرا، سیستەمی بەڕێوەبردنی زۆر توندڕەوتر و تاکڕەوتر بوو، لەبەرئەوە ئەو پرۆسەیە بە خاوتر بەرەو پێشەوەچوو، توندوتیژی زیاتری بەخۆوەبینی.

لە ئینگلتەرا، ئەو قەیرانانە کاردانەوی پێچەوانەی هەبوو، کە ڕێگەی بۆ چاکسازی زیاتر و گەشەکردنی ئابووری خۆشکرد. لەو وڵاتە سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابووری بەرفراوانتر بوو، دەسەڵاتی پاشا لاوازتر بوو. پاشا زیاتر ناچاری داهاتەکانی باج و گومرگی بازرگان و سەرمایەدارە سەرەتاییەکان بوو. لێرە، گواستنەوەی بەشێک لە بەرهەمهێنانی پیشەسازیی سەرەتایی خوری بۆ لادێکان، پێگەی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی جوتیارانی بەهێزترکرد، بەشێکی زۆری بنەمای سیستەمی فیودالی لادێی لە لەناوبردبوو.

ئەگەرچی لە ئینگلتەرا قەیرانانەکان سەخت و نالەبار بوون، بەڵام دابەزینی مووچەی کرێکان لە شارەکاندا، باشبوونی داهات و گوزەرانی جوتیارەکان لە لادێکاندا، هەروەها لاوازی فشاری پاشا و کەمبوونەوەی باج لەسەریان، بەرهەمهێنانی زیاترکرد و بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتایی بە هێزتر کرد. هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری بەهێزبوونی ئەو چینوتوێژ و هێزە نوێیانە و زیادبوونی ڕۆڵیان لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵگـەدا.

بزووتنـەوەی جوتیارانـی فەرەنسـا و ئینگلتـەرا، لـە پێنـاوی زیاتـر سـودوەرگرتن بـوو لــەو گۆڕانکاریانــەی لــە بــاری بازرگانــی و بەرهەمهێنانــی لادێکانــدا رووی دابــوو، بزووتنەوەیـەک، بـوو لـە پێنـاوی نەهێشـتنی ئـەو یاسـا و بنەمـا فیوداڵـی و کۆسـپانەی کـە ڕێگـر بـوون لـە گەشـەکردنیان و خۆشـگوزەرانیان. بـەڵام لەگـەڵ ئەمانەشـدا ئـەو بزووتنەوانـە هەمـوو کاتێـک رۆڵیـان پۆزەتیـڤ نەبـوو.

زۆرجـار سـەرکردایەتی ئـەو بزووتنەوانـە دەکەوتنـە دەسـتی توێژێکـی تونـدڕەو و تاکـڕەوەوە، کـە کردەوەکانیـان لـە باتـی سـوود گەیانـدن بـە جوتیـارەکان و بەدیهێنانـی ئامانجەکانیـان زیانـی پێدەگەیانـدن. توندوتیـژی و کوشـتن و تاڵانکـردن و سـوتاندنی مـاڵ و کۆشـک و تـەلار و کێڵگـە و بێسـتانی لێدەکەوتـەوە. ئـەو سـەرکردانە زۆرجـار بـۆ دابەشـکردنی راو و ڕووت، لەنـاو خۆیانـدا دەکەوتنـە کوشـتنی یەکتـری. فیـوداڵ و پاشـاکانیش بـە هەمـان شـێوە رووبەڕوویـان دەبوونـەوە و زۆرجـار کۆمەڵکـوژی و بـە کۆمـەڵ گواسـتنەوەی جوتیـارەکان و مـاڵ وێرانـی ودەربەدەربـوون و مـردن و هەژاریـی لێدەکەوتـەوە.

لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو بزووتنەوانـە شکسـتیان هێنـا و سـەرنەکەوتن، بـەڵام کاردانـەوەی باشـیان هەبـوو، چونکـە ترسـیان خسـتە دڵـی پاشـا و فیوداڵـەکان. ئـەوان ناچاردەبـوون چاکسـازی لەیاسـا و بڕیارەکانـدا بکـەن، کـە بە سـوودی مسـکێنەکان و ڕێگەخۆشـکردن بـۆ گەشـەکردنی ئابـوری دەگەڕایـەوە.

وەک پێشـتر باسـمانکرد، لاوازیـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەوڵـەت و پاشـا، بەهێزیـی فیوداڵـەکان و دەسـەڵاتی ئایینـی و ململانەکانـی نێوانیـان، بـە درێژایـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت سـوودبەخش بـوو بـۆ بوژاندنـەوەی بازرگانـی و پیشەسـازیی سـەرەتایی و گۆڕانـکاری لـە سیسـتمی فیوداڵـی و دروسـتبوونی چینوتوێـژ و هێـزی نـوێ، بەبـێ ئەو زەمینەیـە رەنگـە لـەو قۆناغـەدا ئـەو گۆڕانکاریانـە سـەریان نەگرتایـە.

بـەڵام لـە کۆتایـی ئـەو سـەدانەدا لـە گـەڵ گەشـەکردنی بازرگانـی و پیشەسـازیی سـەرەتاییدا، هەمـان ئەو خاسـڵەتانە بوونە کۆسـپ لە ڕێگـەی مانـەوە و بەردەوامبوونی ئـەو گەشـەکردنە. مانـەوە و گەشـەکردنی بازرگانی و پیشەسـازیی سـەرەتایی پێویسـتی بـە بازاڕێکـی کـراوەی پێکـەوە بەسـتراو بـوو، بازاڕێـک کـە لە هەمـوو وڵاتەکـەدا هەمان سیسـتمی بـاج و گومـرگ و دراوی هەبێـت، بـە ئاسـانی خەڵـک و کاڵا لـە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تـر جێگەگۆڕکـێ بکـەن، پێویسـتی بـە سـەقامگیری و پاراسـتنی مـاڵ و موڵکی خەڵـک بـوو، پێویسـتی بـە ڕێگەوبانـی بـاش و چەندهـا پێویسـتی تـر بـوو. ئـەرک و کارێکـی واگـەورە بـە وڵاتێکـی پارچـە پارچـە و بـێ هێـز و فـرە دەسـەڵاتدار نەدەکـرا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو پاشـا و دەوڵەتـە لاوازانـە چیتـر سـوودبەخش نەبـوون بـۆ ئـەو پێویسـتیی و گۆڕانکاریانـە، بەڵکـو بوونـە کۆسـپێکی گـەورە لـە ڕێگەیـدا.
ئـەم زەمینەیـە بـە پێچەوانـەی جارانەوە، پێویسـتی بەبوونـی دەوڵەتێکی ناوەنـدی بەهێز بـوو، کـە بتوانـی وڵاتێکـی بەیەکـەوە بەسـتراو بونیادبنێـت. بـۆ یەکەمجـار لـە مێـژوودا پێداویسـتی دەوڵەتـی نەتەوایەتـی دروسـت بـوو. لێـرەدا ئینگلتـەرا پێـش وڵاتەکانـی تـری ڕۆژئـاوای ئەوروپـا هەنـگاوی بـۆ دروسـتبوونی دەوڵەتـی ناوەنـدی بەهێـز و پێکـەوە بەستراونا.
لـە سـاڵەکانی **١٤٥٥-١٤٨٥**، بـۆ مـاوەی سـی سـاڵ لـە ئینگلتـەرا لـە نێـوان دوو بنەماڵـەی جیـاوازی پاشـاکاندا شـەڕ بەرپـا بـوو، کـە وڵاتەکەیـان لەبەینـی خۆیانـدا کردبـوو بـە دوو بەشـەوە. ئەمـە بـە شـەڕی گوڵەباخـەکان ناسـراوە. شـەڕەکە بـە سـەرکەوتنی لایەکیـان کۆتاییهـات و کۆنترۆڵـی تـەواوی وڵاتەکـەی کەوتـە دەسـت و تەواو دەسـەڵاتی فیوداڵـی ناوچـە جیاوازەکانـی لاوازکـرد و دەسـەڵاتی ناوەنـدی پاشـای بەهێزکـرد. ئەمـە وڵاتەکـەی بەیەکـەوە بەسـتەوە و بـوو بـە فاکتەرێکـی نـوێ بـۆ گەشـەکردن و بوژانـەوەی بازرگانـی و پیشەسـازیی سـەرەتایی.
لەگـەڵ گۆڕانـکاری لـە سیسـتمی فیوداڵـی ئەوروپـای ڕۆژئـاوادا، دەسـەڵاتی ئایینـی کەنیسـەی کاسـۆلیک ململانـێ و دووبەرەکـی تێکـەوت. قوتابخانـەی پرۆتسـتانت پێیـدا بـوو، کـە بەهۆیـەوە سیسـتمی توندڕەوی کەنیسـەی کاسـۆلیک لاواز بـوو، کۆنتـرۆڵ و توانـای جارانـی نەمـا و شـل بـوو بۆ ڕازی بـوون بە چاکسـازی لە موڵک و سـەرچاوەی داهاتـی کەنیسـەدا. لێـرەدا پاشـای ئینگلتـەرا بەهـۆی ئـەو بەهێزبوونەوەیـەوە، لایەنگیری کەنیسـەی پرۆتسـتانتی کـرد، لـە بەرامبـەردا هەمـوو موڵکەکانـی کەنیسـەی کاسـۆلیکی خسـتە ژێـر دەسـتی خـۆوە.
بـازرگان و فەریکـە کەپیتاڵیسـتەکانی ئینگلتـەرا، لـەم کارەدا پشـتگیری تـەواوی پاشـایانکرد. ئەمـەش لەگـەڵ ئـەوەی دەسـەڵاتی پاشـا و دەوڵەتـی ناوەنـدی بەهێزتر کرد، لـە هەمانکاتـدا پێگـەی چینوتوێـژە نوێیەکانـی بەهێزترکـرد و دەرفەتـی بەشـداریکردنیانی لـە پەرلەمانـدا زیاترکـرد، هەروەهـا کۆسـپی لـە بـەردەم گەشـەکردنی ئابـوری کەمتـر کـردەوە و وڵاتەکـەی لەسـەر بنەمانـی نەتەوایەتـی زیاتـر پێکـەوە بەسـتەوە.

### - گۆڕانی باڵانس لە دەریای سپی ناوەڕاستدا

قوسـتەنتەنیە، کـە پایتەختـی دەوڵەتـی بێزەنتـی بـوو، لـە سـاڵەکانی ٤٠٠-١٤٠٠(ز. ) لـە ڕۆژهەڵاتـەوە گرنگتریـن سـەنتەری شارسـتانی و بازرگانـی و کەلتـوری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر بە ئەوروپا بوو. دەروازەیەکی گرنگ بوو کە ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپای پێکەوە دەبەستەوە. ژمارەی دانیشتونی نزیکەی یەک ملیون بوو. لە هەمان کاتدا جێگەی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی گرانبەها و نایابی وەکو قوماشی ئاوریشم، گوڵدانی جوان، کەلوپەلی زێر و زیو، یاقوت و زمروت بوو، کە داخوازی ئۆرستوکراتی ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی دابیندەکرد. «٨ ل١٩»

ململانێی سەختی نێوان کەنیسەی کاسۆلیکی و ئۆرسۆدۆکسی تەنها سروشتێکی ئایینی نەبوو، بەڵکو لە ناوەرۆکدا زۆرانبازی بوو بۆ کۆنترۆڵی ئەو دەروازە ئابوریە گرنگە و بازاڕ و داهاتەکانی. کەنیسەی رۆما بۆ ئەو مەبەستە چەندین هەڵمەتی خاچ پەرستانەی کردبووە سەریان. ساڵی ١٢٠٤(ز. ) بە داگیرکردنی شارەکە کۆتاییهات. ئەمە لە پاڵ قەیران و ململانێکانی ناوخۆیانەوە، بێزەنتێکانی تەواو لاوازکرد، کە بەهۆی ئەوەوە دواتر ساڵی ١٤٥٣(ز. )، عوسمانیەکان توانیان داگیری بکەن و ناوەکەی بگۆرن بە ئەستەنبول و بیکەن بە پایتەختی خۆیان. بەمە، ئەوروپیەکان سەنتەرێکی بازرگانی گرنگیان لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستدا لەدەستدا «٣٦ ل١٤٢».

دەوڵەتی عوسمانی لەدوای کۆنترۆڵکردنی قوستەنتەنییە، دەسەڵاتی لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا تا دەهات بەهێزتر بوو. لەو رێگایانەوە توانی کۆنترۆڵی بازرگانی تەواوی دەریای سپی ناوەڕاست بکات. جیهانی ئەوسا بریتی بوو لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا. جومگەی بازرگانی نێوانی هەرسێکیان کەوتە دەستی عوسمانیەکان. عوسمانییەکان بەمەشەوە نەوەستان، بەڵکو لە کۆششی بەردەوامدا بوون، بۆ زیاتر فراوانکردنی سنوورەکانیان و هێرشکردنە سەر رۆژهەڵاتی ئەوروپا، کە بەوەش بوونە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر هەموو کیشوەرەکە.

لە بەرئەوەی رێگەی بازرگانی رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەفریقاش بە رێگە وشکانیەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا دەڕۆیشت، بازرگانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ئەوروپییەکان کەوتە ژێر رەحمەتی ئەو دەوڵەتەوە. دەوڵەتی عوسمانی بوو بە ئیمپراتۆتێکی زلهێز و بەهێزترین دەوڵەتی جیهان.

دەوڵەتەکانی ئەوروپا لەو زەمینەیەدا دوو رێگەیان لەبەردەمدا بوو، یەکەمیان رووبەروو بوونەوەی ئەو دەوڵەتە و هەوڵدانی پچڕینی بەشی خۆیان بوو لە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە و ئاڵوگۆڕی بازرگانییدا. بەڵام لەبەر بچووکی و لاوازیی ئەو دەوڵەتانە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، ئەو کارە دەبووە هۆی شکستهێنانیان و لەدەستچونی ئەوەی کە هەشیان بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووهەمین ڕێگە، پشتکردن بوو لەو دەوڵەتە و گەشەپێدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان وڵاتەکانی کیشوەرەکە و گەڕان بەشوێن سەرچاوەی سامانی نوێ بوو لە پشت دەریاکانی باشوور و ڕۆژئاوادا. بەمجۆرە ئەوان پشتیانکردە دەوڵەتی عوسمانی و وازیان لێهێنا خەریک بێت بە فتوحات و شەڕوشۆڕەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەو دەوڵەتە ئەوروپیانەی، کە هەندێ گۆڕانکاری لە بنەمای ئابوری و سیاسیاندا ڕوویدا بوو، زیاتر کەوتنە کاروباری بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتایی و بەردەوامبوون لە چاکسازیدا، کە ئەمەش بوو بەزەمینەیەکی لەبارتر بۆ گۆڕانکاری مەزنتر. ئەوانی تر، کە هێشتا سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیوداڵی تیایاندا بەهێز بوو، کەوتنە گەڕان بەشوێن سامانی گرانبەهای نوێ لە پشت دەریاکانەوە.

## - دۆزینەوەی ڕێگەی دەریا بۆهیندستان

لەکاتێکدا دەوڵەتی فیوداڵی پورتوگال، کەشتی ڕەوانەی دەریاکان دەکرد، بە مەبەستی دۆزینەوی سامان و سەرچاوەی زێڕ و زیو، ساڵی **١٤٩٨** لە ڕێگەی کەنار دەریای باشوری ئەفریقاوە، (راس الرجاء الصالح)، ڕێگەی دەریا بۆ هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دۆزرایەوە «**٣٦ ل١٧٢**».

دۆزینەوەی ئەم ڕێگەیە، کاردانەوەی جیاوازی بۆ سەر ئەوروپا و جیهانی ئەوسا هەبوو. گرنگتریان ئەوە بوو، کە ئەوروپییەکان بێ گەڕانەوە بۆ دەوڵەتە زلهێزەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست توانییان ڕاستەوخۆ بازرگانی لەگەڵ هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بکەن. دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست فشاری سیاسیان دەخستە سەر دەوڵەتە ئەوروپییەکان و باج و سەرانە و گومرگێکی زۆریان لێدەسەندن، کە خەرجی بازرگانەکانی زیاتر دەکرد و دەبووە هۆی گرانبوونی کەلوپەل و زەحمەتبوونی فرۆشتنیان. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم ڕێگە نوێیە گواستنەوەی کەلوپەلی ئاسانتر و خێراتر و هەرزانتر کرد. سەرەڕای ئەوە ڕێگە ئاوییەکان زۆر سەقامگیرتر بوون. وەکو ڕێگە وشکانیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەمان ترسی چەتە و تاڵانی و هێرشی خێڵەکانی لەسەر نەبوو، پێویستیان بەوە نەدەکرد بەرتیلێکی زۆر بدەن بە هەندێ خێڵ و کاروانچی بۆ پاراستنی کاروانەکانیان.

ساڵەکانی **١٥٠٠-١٦٠٠**(ز. )، ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و هیندستان، گرنگ بوون و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوەی بەرهەمی بازرگانێکی زۆربوون، بەتایبەتی بەهارات و قوماشی لۆکە. بۆئەوەی بتوانن باری کەشتییەکانیان زیاتربکەن و خەرجیی گواستنەوە هەرزانتربکەن، پورتوگال و وڵاتەکانی تریش پاپۆڕی گەورەتریان دروستکرد. ئەو پاپۆڕانە تەنها نەبوونە هۆکاری بوژاندنەوەی بازرگانی دەرەکی لەگەڵ ئاسیا، بەڵکو بوونەهۆی زیادبوونی قەبارە و کەمبوونەوەی خەرجیی بازرگانی هەرێمایەتی نێوان وڵاتەکانی ئەوروپا، بەتایبەتیش بەرهەمی کێش قورسی وەکو دانەوێڵە و دار و تەختە، بووە هۆکاری زیاتر گەشەکردنی پیشەسازیی سەرەتایی و کاروباری دارایی و بەرفراوانبوونی بازاڕەکان و گرێدانیان بەیەکترییەوە.

لەسەرەتادا پورتوگال بەهۆی بەهێزی لە کەشتیوانیدا، ڕۆڵی سەرەکی لە بازرگانی لەگەڵ هیندستاندا دەبینی. بەڵام لەبەرئەوەی ساڵەکانی ١٥٠٠-١٧٠٠، هۆڵندا سەنتەری بازرگانی و کاروباری دارایی بوو، بۆماوەی دوو سەد ساڵ ئەو وڵاتە جڵەوی بازرگانی ئەو ڕێگایەی کەوتە دەست. (کومپانیای هۆڵندی هیندی ڕۆژهەڵات) ئەو بازرگانییەی بەڕێوەدەبرد. ئەمەش بووەهۆی خڕبوونەوەی کەپیتاڵێکی سەرەتایی گەورە لە دەستی بازرگانەکاندا، کە ساڵانە بەڕێژەی ١٨٪ زیادیدەکرد. ئەو کۆمپانیایە لەسەرەتادا موڵکی ژمارەیەک بازرگانی هۆڵندی بوو، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونیدا بەشێکی کۆمپانییەکەیان فرۆشت بە هەندێ بازرگانی وڵاتانی تر. ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای پشکدار و فرەخاوەن.

لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٠-١٨٠٠، گەشەکردنی کۆمپانیا بازرگانیەکانی ئینگلتەرا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبوون. هەتا ساڵی ١٧٠٠ کۆمپانیاکانی ئینگلتەرا لەژێر چەتری کۆمپانیا هۆڵندییەکان کاریان دەکرد، بەڵام دوای ئەو ساڵانە جڵەویان گرتە دەستی خۆیان.

لەسەرەتادا هەر بازرگانێکی ئینگلیز کۆمپانیای تایبەتی خۆی هەبوو، بە کەپیتاڵی خۆی کاری دەکرد و کڕین و فرۆشتنی خۆی بەڕێوە دەبرد. لەگەڵ کۆمپانیەکانی تر، تەنها لە ڕێکخستنی ڕێگە و بان و کاروباری گواستنەوە هاریکارییان هەبوو. ئەمە لە زۆر ڕووەوە زیانبەخش بوو. کۆمپانیاکە کەپیتاڵێکی بچووکی بەدەستەوە بوو، لەهەمانکاتدا قەبارەی بازرگانی کەم بوو، خەرجیی زۆر و قازانج و داهاتی کەم بوو. کارکردن بەم شێوەیە کەپیتاڵی بەهێز نەدەکرد و توانای گەشەکردنی کۆمپانیاکەی سنووردار دەکرد. سەرەڕای ئەوەش ئەم کۆمپانیایانە لەبەر بچووکی و لاوازییان توانای دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر کرێکاریان نەبوو، کە بە هەمیشەیی کاریان بۆ بکەن. لەبەرئەوە کرێکار هەمیشە لەژێر ڕەحمەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازرگانیدا بوو، توانای خۆڕێکخستن و گۆڕانکاری نەبوو.
ساڵەکانی ١٦٠٠(ز. ) دوای سەد ساڵ کارکردن بەو شێوەیە، چاکسازیی لەو کومپانیایانەدا دەستپێکرد. بازرگانەکان کەپیتاڵەکانیان لە کۆمپانیایەکی پشکداری هاوبەشدا یەک دەخست. ساڵی جارێک هەر بازرگانە بەقەدەر ڕێژەی پشکەکەی قازانجی خۆی دەردەکرد. ئەمە قازانجی بازرگانەکانی زیاتر کرد، بەڵام لەبەرئەوەی قازانجەکانیان دەردەهێنا، کەپیتاڵی کۆمپانیەکان زیادی نەدەکرد و کۆمپانیاکە لەوە زیاتر گەشەی نەدەکرد. بەتێپەڕبوونی سەد ساڵی تر، ساڵەکانی ١٧٠٠(ز. ) دیسانەوە چاکسازییەکی تریانکرد. بازرگانەکان بەشی هەرە زۆری قازانجەکانیان لە کۆمپانیەکاندا دەهێشتەوە و بۆ بەهێزکردنی کومپانیەکە و گەشەکردنی بەکاریاندەهێنا. ( کۆمپانیای بەریتانی هیندی ڕۆژهەڵات) گەورەترین و بەهێزتریان بوو. ئەمە بووە خاوەن کەپیتاڵکی گەورە و لەلایەن حوکومەتی بەریتانیاوە مۆنۆپۆڵی بازرگانی دەرەکی ئاسیای پێدرابوو.
ئەم کۆمپانیایە ڕۆڵی بازرگانی ئینگلتەرای لە ئەوروپا و جیهان بەهێزتر کرد. لەپاڵ چالاکی ئابوریاندا لە هیندستان، کەوتنە دەستوەردان لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە، کە دەبووە هۆی ناڕەزایی هاونیشتمانەکانی و گرژی و ناسەقامگیری لە وڵاتەکەدا.
لەسەرەتادا ئەو کومپنیایە کاری بازرگانی بەهارات و هاوردەکردنی قوماشی لۆکەی هیندستانی بۆ ئەوروپا دەکرد. بەڵام لەدواتردا بەهۆی ئەوەی لەپاڵ پیشەسازیی سەرەتایی خوریدا، وەرشەکانی ئینگلتەرا دەستیان بە بەرهەمهێنانی قوماشی لۆکەش کرد، کەوتنە هێنانی لۆکەی هیندستان بۆ کەرەسەی خاوی ئەو پیشەسازییە لە ئینگلتەرا. بەوە ئینگلتەرا سەرەڕای هەناردەکردنی قوماشی خوری، دەستی کرد بەفرۆشتنی قوماشی لۆکە بە ئیسپانیا و پورتوگال وهۆڵندا، لە بەرامبەردا زێڕی لێوەردەگرتن. بە هاتنە ناوەوەی زێڕێکی زۆر بۆ وڵاتەکە، دراوی ئینگلتەرا بەهێزتر بوو لە دراوی وڵاتەکانی تر. «٨ ل٩٠»

**- دۆزینەوەی جیهانی نوێ**

دۆزیینەوەی جیهانی نوێ( ئەمەریکای باکوور و باشوور) ڕووداوێکی گرنگ بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و کاردانەوەی گرنگی هەبوو لەسەر وڵاتەکانی ئەوروپا و پرۆسەی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی کەپیتاڵیزم لە جیهاندا.
کەشتییەکانی ئیسپانیا لە گەڕانیاندا بەشوێن سامان و زێڕ و زیو، ساڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**١٤٩٢** لە دورگەکانی هیندی ڕۆژئاوا دابەزین و لەو ڕێگەیەوە جیهانی نوێیان دۆزییەوە. ئەو کیشوەرانە بەهۆی گۆڕانکاری سروشتییەوە لە جیهانی کۆن دابرابوون. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤایەتی لەوناوچانە گەشەی کردبوو. بەهەمان شێوەی جیهانی کۆن، لەوێش **٥٠٠٠** ساڵ پێش مەسیح شۆڕشی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون ڕوویدابوو، چەندین شارستانی گەورەی سەرەتاییان بونیادنابوو، لەوانە هیندییە سوورەکانی ئێنکا **١٥٣٣**–**١١٠٠**(پ. ز) ، هیندییە سورەکانی مای **١٠٠٠**–**٨٥٠**(پ. ز) «**٣٦ ل١٨٨،١٨٤\ ٢ ل١٤٣**».

کە ئیسپانییەکان گەیشتنە ئەوێ، بەهەمان شێوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شارستانییەتە کۆنەکانی ئەوانیش لەناوچووبوون. لەکاتی گەیشتنی ئیسپانیەکان بۆ ئەوێ ئەمەریکای باشور و بەشێک لە ئەمەریکای باکور، کە مەکسیکی ئەمڕۆیە، چەندین دەوڵەتی پاشاگەری دەوڵەمەندی خاوەن سامانی زێڕ و زیوی تێدابوو. بەشەکانی تری باکوری ئەمەریکا، وەکو ئێستای کەنەداو ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، لە چاو شوێنەکانی تردا چۆڵەوانی بوو، ژمارەیەکی زۆر کەم دانیشتوانی تیادا دەژیا و خاوەن سامانی زۆر نەبوون. لەبەرئەوە ئیسپانییەکان مەکسیک و ئەمەریکای باشوریان داگیرکرد و پاشا و ئۆرۆستۆکراتەکانیان تاڵان کرد و سامانەکانیان لێسەندن و بۆ پاشای ئیسپانیایان ڕەوانەکرد. سەرەڕای ئەوە، پاشاکانی هیندییە سوورەکانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و بەهەمان سیستمی بەڕێوەبردنی تایبەتی سیاسی و ئابوری ئەوان ناچاریانکردن، کە بەردەوامبن لە پەیداکردنی سامانی زیاتر بۆیان «**٢ ل٢٥٨**».

هەر وەک چۆن پەتای تاعون و مردنی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەوروپا، بوو بە فاکتەرێک بۆ گەشەکردنی ئابوری هەندێ وڵات بۆ نموونە ئینگلتەرا، بەڵام دواکەوتنی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئیسپانیا. بەهەمان شێوە تاڵانکردنی جیهانی نوێ و هێنانی سامانێکی یەکجار زۆری زێڕ و زیوی بەلاش بۆ ئەوروپا، کاردانەوەی جیاوازی لەسەر ئەو وڵاتانە هەبوو.

پاشا و دەستەبژێری دەسەڵاتداری ئۆرۆستۆکراتی ئیسپانیا، لەباتی بەکارهێنانی ئەو سامانە زۆرە لە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و گەشەپێدانی بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتایی، بۆ زیاتر خۆشگوزەرانی خۆیان بەکاریان دەهێنا، دروستکردنی کۆشک و تەلاری گەورە و جوانتر، کەنیسەی پڕ نەخشونیگار، بەهێزکردنی سوپا و ڕازیکردنی دەستوپێوەندەکانیان. سامانێکی زۆریان بۆ هاوردەکردنی شتومەکی زۆری دەرەکی بەکاردەهێنا. بەشێکی ئەو سامانەیان دەکرد بە قورگی هەندێ توێژی کۆمەڵایەتی خوارەوە بۆ ڕازیکردن و دەمکوتکردنیان. ئەو خەڵکانەیان وا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێدەکرد، کە لەباتی بەرهەمهێنان، چاوەڕوانی دەستی ئەوان بن و پشتگیریکردنیان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. ئەوانە بۆیە بەو شێویە رەفتاریان دەکرد، چونکە لە بەرژەوەندیاندا نەبوو سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیوداڵ گۆڕانکاری تیادا رووبدات.

هاتنی ئەو سامانە زۆرە بۆ ئەوروپا، بەکارهێنان و خواستی لەسەر کەلوپەل زیاتر کرد. لە ساڵەکانی ١٥٠٠-١٦٠٠(ز.) ئەو خواستە بووەهۆی بەرزبوونەوەیەکی بێئەندازەی نرخ، بەڕادەیەک کە ناویان لێنا شۆڕشی نرخ. لە ئیسپانیا نرخەکان ٤ هێندە بەرزبوونەوە، هۆڵندا ٣، ئینگلتەرا ٢،٥ و ئیتاڵیا ٢ هێندە...

لە کاتێکدا ئەو سامانە لە ئیسپانیا تەنها زیادبوونی خواست و بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل بوو، لە ئینگلتەرا بە پلەی یەکەم بووە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنان، گەشەکردنی بازرگانی و بەرهەمی پیشەسازیی سەرەتایی و کشتوکاڵی.

لە ئینگلتەرا وەکو ئیسپانیا سامانێکی زۆر نەکەوتە دەستی خەڵکەوە، لەبەرئەوە بە هەمان ڕێژە نرخەکان بەرزنەبۆوە. لەگەڵ ئەوەی لەو وڵاتەدا نرخەکان ٢،٥ هێندە زیادیانکرد، بەڵام بە هەمان ڕێژە مووچەی کرێکاران و مووچەخۆرانی تر زیادی نەکرد، لەبەرئەوە خەڵکی ئەوێ گوزەرانی ژیانیان خراپتر بوو. بەڵام چونکە مووچەخۆرەکانی ئەو وڵاتە وەکو ئەوانەی ئیسپانیا فێری پارەی بەلاش و تەمەڵی نەکرابوون، ناچاربوون بەڕەنجی شانی خۆیان هەرچۆنێ بێت ژیان بەڕێوەبەرن. بەرزبوونەوەی نرخ و زیادنەبوونی مووچەکان بە هەمان ڕێژە لە ئینگلتەرا، بووە هۆی قازانجێکی یەکجار زیاتر بۆ کەپیتاڵیستە سەرەتاییەکانی ئەو وڵاتە.

کەپیتاڵیستە سەرەتاییەکانی ئینگلتەرا، بەشێوازی ئۆرۆستۆکراتەکانی ئیسپانیا ئەو قازانجانەیان بەکارنەهێنا بۆ دروستکردنی کۆشک و تەلار و کەنیسەی گەورە و ژیانی سەڵتەنەت، بەڵکو کەپیتاڵی کومپانیەکانیان پێبەهێزکرد و وەبەرهێنانی تازەیان لە کۆمپانیا و پرۆژەی نوێدا پێکرد.

راستە ئەمە بووە هۆکاری بێدەرامەتی و هەژاربوونی کرێکارانی ئەو وڵاتە، بەڵام لە هەمان کاتدا بووبەهۆی مانەوەی کارەکانیان و فراوانبوونی دەرفەتی کاری نوێ و زیادبوونی ژمارەیان و بەهێزبوونی رێکخراوەکانیان، کە بناغەی بەهێزیان بۆ گۆڕانکاری مەزنتر دروستکرد.

لە کاتێکدا بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل لە قازانجی جوتیاری دەوڵەمەند و خاوەن مۆڵکە بچکۆلەکانی لادێکانی ئینگلتەرا بوو، قازانجیان ٢،٥ هێندە زیادیکرد،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهەمـان شـێوە لـە بەرژەوەنـدی ئـەو خـاوەن زەویانـەدا نەبـوو، کـە زەویـان بەکـرێ دەدا بـەو جوتیارانـە. چونکـە لەگـەڵ ئـەوەی قازانجـی جوتیـارەکان زیادیکـرد، خـاوەن زەوییـەکان بەهـۆی یاسـاوە، نەیاندەتوانـی کرێـی زەوی لەسـەریان زیادبکـەن. بەهۆی زیادبوونـی خەرجـی ئـەو خاوەنزەویانـە و نەگۆڕانـی داهاتەکانیـان، زۆربەیـان توشـی قەیرانـی ئابـوری بـوون و رووبـەڕووی نابوتبـوون بوونـەوە. نابوتبوونـی ئەوانـە دەرگای بـۆ کڕینـی ئـەو زەویانـە لەلایـەن کەپیتاڵیسـتە سـەرەتاییەکان و بونیادنانـی کێڵگـەی گـەورەی بەرهەمهێنـان و دامەزراندنـی کرێـکاری کشـتوکاڵی تیایانـدا کردەوە. ئـەم پرۆسـەیە کوتەکێکـی تریـدا بـە پاشـمەوەکانی بنەماکانـی فیوداڵیـزم و ڕێگـەی بـۆ بـە کەپیتاڵیسـتکردنی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی خۆشـکرد «**٨** ل**٩٦**».

- **بازرگانیکردن بە کۆیلە**

لـەو سـاڵانەدا کـە ئیسـپانیا و پورتـوگال لـە بـواری کەشـتی و کەشـتیوانیدا بەهێزبـوون و توانیـان جیهانـی نـوێ و ڕێگـەی نوێـی هیندسـتان بدۆزنـەوە، ئینگلتەرا لـەو بـوارەدا لاواز و بێتوانـا بـوو. بـەڵام لـەدوای بوژاندنـەوەی ئابـوری ئـەو وڵاتـە، سـەد سـاڵ دوای ئـەوان توانـی هەنـدێ کەشـتی ڕەوانـەی ئەمەریـکای باکـور، ئێسـتای ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا بکـەن و داگیـری بکـەن و بیکـەن بـە کۆلۆنـی خۆیـان.

بەهـۆی زیادبوونـی دانیشـتوانی ئەورپـاوە، لەناوچوونـی بنەماکانـی سیسـتمی فیوداڵـی لادێـکان و پێویسـتبوون بـە ژمـارەی کەمتـری جوتیـار لـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵیدا، هەروەهـا نائارامـی ژیـان و گـەڕان بەشـوێن ژیانێکـی باشـتردا، ئەمەریـکای باکـور بـوو بەدرەفتێـک بـۆ خەڵـک و ژمارەیەکـی زۆر لێیـان کۆچیـان بـۆ کـرد. جێنشـینبوونی ئەوانـە لـەو شـوێنەدا، بوژاندنـەوەی ئابـوری لێکەوتـەوە و خواسـت لەسـەر هێـزی کاری خـەرج سـووک زیادیکـرد «**٢١** ل**٩٦**».

لـەو سـەردەمەدا سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری کۆیلایەتـی باڵـی بەسـەر ناوەڕاسـت و باشـوری ئەفریقـادا کێشـابوو. چەندیـن دەوڵەتـی بچـووک و گـروپ و تاقـم لـە ململانـە و یەکترکوشـتندابوون و خەڵکـی بـێ دەسـەڵاتیان ڕاودەکـرد و دەیانکـردن بـە کۆیلـە. هەندێـک لـەو کۆیلانەیـان لـە بەرهەمهێنانـدا بەکاردەهێنـا و بەشـێکیان وەک چەکـدار رادەگـرت بـۆ ڕاوکردنـی کۆیلـەی تـر، بـەڵام زۆربەیـان دەفرۆشـتن بـە دەوڵەتەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باکـوری ئەفریقـا و ئەوروپـا «**٥٣**، کۆیلایەتـی لـە ئەفەریقـا».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خواست لەسەر هێزی کاری هەرزان لە ئەمەریکای باکور، بوو بە دەرفەتێکی باش بۆ هەندێ کۆمپانیای بازرگانی ئەوروپای رۆژئاوا و لە پێش هەموویانەوە ئینگلتەرا، کە ئەو کۆیلانە لە ئەفریقا بکڕن و لە ئەمەریکای باکور و باشور بیانفرۆشنەوە.

لە بەرامبەر کڕینی ئەو کۆیلانە لە تاقم و دەسەڵاتدارەکانی ئەفریقا، چەکێکی زۆریان پێ دەفرۆشتن. ئەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییە لە لایەکەوە پیشەسازیی چەک و بازرگانی ئینگلتەرای دەبوژاندەوە. لە لایەکی ترەوە ئەو دەسەڵاتدارانەی ئەفەریقای بەهێزتر دەکرد و ئاسانتر دەیانتوانی کۆنترۆڵی ئەو خەڵکە بێدەسەڵاتە بکەن و بیانکەن بەکۆیلە و بیانفرۆشن «**٣٦ ل١٧٦**».

ئەو کۆمپانیایانە لەبەرامبەر فرۆشتی کۆیلە لە ئەمەریکا، بەهەرزان شەکریان لەوێ دەکڕی و دواتر لە بازاڕەکانی ئەوروپا و شوێنەکانی تری جیهان ساغیان دەکردەوە. بازرگانیکردن بە کۆیلە قەبارە و قازانجی بازرگانی ئینگلتەرای یەکجار زیادکرد. لەو سەردەمەدا ئەو بازرگانییە زیاتر لە **٣٠٪** کۆی هەموو بازرگانی ئینگلتەرا بوو.

بازرگانیکردن بە کۆیلە، لەسەرەتادا رۆڵی لە بەهێزکردنی بنەماکانی کەپیتاڵیزم و بەتایبەتی گەشەکردنی ئابوری ئینگلتەرا هەبوو. بەڵام دواتر ئەو بازرگانییە بوو بە کۆسپێک لە رێگەی کامڵبوون و گەشەکردنی ئەو سیستمە نوێیەدا. کەپیتاڵیزم پێویستی بە بازاڕی ئازاد و خەڵک و کرێکاری ئازادبوو کە توانای بیرکردنەوە و دەرفەتی گەشەکردنی لەبەردەمدابێت. چالاک و بلیمەت بێت لە گەشەکپێکردنی تەکنیک و بەرهەمهێناندا، پاڵنەری هەبێت بۆ کارکردن و داهێنان. هەتا رادەیەک بژێوی ژیانی باش بێت و هێندە مووچە و توانای ئابوری هەبێت، کە بتوانی بەرهەمی کومپانیە کەپیتاڵیستەکان بە بەردەوامی بکڕێت. بە پێچەوانەوە سیستمی کۆیلایەتی رێگربوو لەوە. کۆیلەکان ئازاد نەبوون و دەرفەتی فێربوون و گەشەکردنیان نەبوو. لەهەمان کاتدا چونکە بەکارهێنانی کۆیلە لە بەرهەمهێناندا بووەهۆی دابەزینی مووچەی کرێکاران، زۆربەی خەڵک دژی کۆیلایەتی وەستانەوە.

لەساڵەکانی ١٧٠٠دا لە ئینگلتەرا بەیاسا بازرگانیکردن بە کۆیلەوە قەدەغە کرا. دوای زیاتر لە سەد ساڵ، لەکۆتایی ساڵەکانی ١٨٠٠دا لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش، لەدوای شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی، سیستمی کۆیلایەتی قەدەغەکرا «**٣٦ ل٢٩٣**».

بازرگانیکردن بە کۆیلە، بێجگە لە ئەوەی سروشتێکی نامرۆڤایەتی هەبوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر وەکو پەتای تاعون کاردانەوەی جیاوازی هەبوو لەسەر وڵاتان. لەو وڵاتانەی کە سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری پلۆرالیزمتر تیایاندا بەرێگەوە بوو، نمونەی ئینگلتەرا، دواتر ولایەتە یەکگەتوکانی ئەمەریکا، بۆ ماوەیەک بوو بە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ گەشەکردنی ئابوری، بەڵام ئەو بازرگانییە بووە هۆکاری بەهێزبوونی سیستمی کۆیلایەتی لە ئەفریقا و بە هێزبوونی دەسەڵاتدارە تاکڕەو و توندڕەوەکانی و دواکەوتنی ئابوری و هەژاری دانیشتوان «٢ ل ٢٥٠».

بەهۆی خاسڵەتی جیاوازەوە لە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستەوە، ئەورووپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رێبازی گەشەکردنی جیاوازیان گرتەبەر(بندی سێهەم)، کە هەتا رادەیەک لەیەکتر دووری خستنەوە، بەڵام هەتا ئەم گۆڕانکاریانەی دواتر هێشتا بەهۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و رێگە بازرگانییەوە، پێویستی زۆریان بەیەک هەبوو. گۆڕانکارییەکانی دواتر، گۆڕینی باڵانس لە دەریای سپی ناوەڕاستدا، دۆزینەوەی جیهانی نوێ و رێگەی دەریایی هیندستان، رێبازی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپای زیاتر لەیەک دوورخستەوە، بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەد ساڵ کاردانەوەیان لەسەر یەکتر کەمیکرد.

## شۆڕشی سیاسی و یاسایی لە ئینگلتەرا

لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاریەی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەسەر بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتایی و بنەماکانی سیستمی فیوداڵی لادێ و شارەکانی رۆژئاوای ئەورووپادا هات، هێشتا کۆسپی زۆر لە رێگەی گەشەکردندا مابوو. هێشتا سیستمی فیوداڵی و دەسەڵاتی پاشاکان و ئۆرۆستۆکرات و دەسەڵاتی ئایینی باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەدا کێشابوو. ئەو سیستمە کۆنە، چینوتوێژە دەسەڵاتدارە کۆنەکان بە خۆشی خۆیان و بەئاسانی وازیان لە بەرژەوەندیی ئابوری و مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتیان نەدەهێنا. ئەوەی هەتا ئەوسا کرابوو، دەستپێکردنی تێکشکاندنی سیستمە کۆنەکە و پەیدابوونی چینوتوێژی نوێ و زەمینە خۆشکردن بوو بۆ گشەکردن و جێگیرکردنی تەواوی ئەو سیستمە نوێیە.

ئەگەرچی ئینگلتەرا هەنگاوێک لە پێش وڵاتەکانی تری رۆژئاوای ئەورووپاوە بوو، لە ساڵەکانی ١٤٠٠(ز. )دا و بۆ سێ سەد ساڵی تریش، شێوازی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی کەپیتاڵیستی سەرەتایی تیایدا بەردەوام بوو. ئەو شێوازی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشەسازییە بێجگە لە شارەکان لە بەشێکی زۆری لادێکانیدا پەیڕەو دەکرا. کەپیتاڵیستی سەرەتایی، کەرەسەی خاوی لای وەرشەکان یان جوتیارانی لادێ دادەنا، ئەوانیش لە ماڵەکانی خۆیاندا و بەئامرازی سادەی بەرهەمهێنانی خۆیان، بەپێی خواست و داوای ئەوان بەرهەمیان ئامادە دەکرد. لە بەرامبەردا ئەویش هەقدەست، یان مووچەی پێدەدان، ئەو بەرهەمانە دواتر لە ڕێگەی بازرگانە گەورەکانەوە ساغدەکرانەوە.

لەبەر لاوازی و نەبوونی کەبیتاڵی پێویست شێوازی کەپیتاڵیستی سەرەتایی، تا چەندین سەدە، وەک خۆی مایەوە. خەرجیی بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە دوو بواردا بەکاردەهێنرا. یەکەمیان بۆ دابینکردنی شوێن و ئامرازی بەرهەمهێنان، وەکو کارگە و مەکینەی پێویست و چاکردنەوە و گەشەپێکردنیان. ئەمە کەپیتاڵێکی زۆری پێویست بوو، چەندین ساڵی دەویست هەتا ئەو کەپیتاڵە ئەهاتەوە دەستی خاوەنەکەی. هەروەها بەهۆی نائارامی باری سیاسی و بازاڕەوە، هەمیشە ئەوانە ترسی لە دەستچوونیان هەبوو. دووهەمینیان بۆ کڕینی کەرەسەی خاو، مووچەی کرێکاران، خەرجی گواستنەوە و فرۆشتن بەکاردەهات. ئەمەیان کەپیتاڵێکی هێندە زۆری پێویست نەبوو، مووچە و هەقدەستی کرێکارەکان پێشەکی نەدەدرا و ماوەیەکی هێندە دوور و درێژی پێویست نەبوو بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی کەپیتاڵەکە بۆ دەستی خاوەنەکەی، لەبەرئەوە مەترسی لە دەستچوونی سەرمایە کەمتر بوو.

شێوازی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی سەرەتایی، لە سەرەتادا هەنگاوێکی گەورەبوو بۆ پێشەوە و سیستمی پیشەیی قوفڵدراوی هەڵوەشاندەوە. بەڵام دواتر لەبەر پەرشوبڵاوی وەرشەی بەرهەمهێان، ڕێگەی دووری گواستنەوە، زەحمەتی کۆنترۆڵکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەمەکان، نا شارەزایی کرێکار و خراپی ئامرازی بەرهەمهێنان، چیتر ئەو شێوازی بەرهەمهێنانە توانای دابینکردنی پێویستیەکانی ئەو بازاڕە فراوانە نوێیەی ئەوروپا و جیهانی نەبوو. ئەو شێوازە لە دوای ساڵەکانی ١٥٠٠(ز. )وە بوو بە کۆسپ لە ڕێگەی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بوژاندنەوەی زیاتری بەرهەمهێنان و بەهێزبوونی کەپیتاڵیستە سەرەتاییەکان و بازرگانەکاندا. سەرەڕای ئەوە، ئەو سیستمە ڕێگربوو لە باشتربوونی خۆشگوزاری کرێکار و پێشکەوتنیان. ئەو کرێکارانە بەهۆی تەکنیکی کۆن و شێوازی کارکردنی نالەبارەوە کارەکانیان زۆر قورس بوو، ماوەی کارکردنی ڕۆژانەیان درێژ بوو، کات و جێگەی پشوودان و حەسانەوەیان نەبوو، هەروەها بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخ و کەمی مووچەوە بەزحمەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوزەرانیـــان دەکـــرد. ســـەرەڕای ئەمانـــە، ئـــەو کرێکارانـــە لەبـــەر پەرشـــوبڵاوییان دەرفەتـی خۆرێخسـتنیان کەمبـوو لـە ڕێکخـراوی پیشـەییدا، کـە لـە ڕێگەیانـەوە بتوانـن مافەکانیـــان بپاریـــزن و فشـــار بخەنـــە ســـەر دەســـەڵاتدار و خاوەنـــکار «٨ ل١٠٩».

لەوســـەردەمەدا دەســـەڵاتی فیوداڵـــی پاشـــایەتی، مۆنۆپۆڵـــی بازرگانیـــی ناوخـــۆ و دەرەکـی و پیشـەسـازیی نوێـی گرنگـی بـە توێـژی سـەرەوەی بـازرگان و کەپیتاڵیسـتی سـەرەتایی سـەربەخۆی سـپاردبوو. ئەوانـە دەسـت و پێوەنـد و گوێرایەڵـی فیـوداڵ بـوون و لـە پەرلەمانـدا ڕووبـەڕووی هەمـوو گۆڕانکارییـەک و چاکسـازییەک دەوەسـتانەوە.

ئـەو مۆنۆپۆڵـە ڕەنگـە لەسـەرەتای پەیدابوونـی پیشەسـازیی سـەرەتایی و بەهێزکردنـی پیـادەی ئینگلتـەرا لـە ئەوروپـا بـۆ ماوەیـەک سـودبەخش بوبێـت، بـۆ گەشـەکردنی بەرهەمهێنـان لـە وڵاتەکـەدا، بـەڵام دواتـر لەبـەر زیادبوونـی خواسـت و داوای بـازاڕ لەسـەر بەرهەمـی نـوێ و هەروەهـا زیادبوونـی دەسـەڵاتی ئـەو توێـژە و مۆنوپۆڵکردنـی بـازاڕ و ڕێگرتـن لـە بەشـداریکردنی خەڵکـی تـر لـە وەبەرهێنـان و پـرۆژە و پیشەسـازی نوێـدا، بەپێچەوانـەوە مۆنۆپۆڵـی ئەوانـە بـووە کۆسـپێکی گـەورە لـە ڕێـگای گەشـەکردنی بەرهەمهێنانـدا.

زەویـە کشـتوکاڵییەکان هەتـا ئـەو کاتـە بەپێـی یاسـا و عورفـی فیوداڵـی، موڵکـی فیـوداڵ بـوون و پشـتا و پشـت بۆیـان مابـوەوە. لەبەرامبـەردا دەبوایـە فیـوداڵ لەکاتـی پێویسـتدا پشـتگیری ئابـوری پاشـا بـکات و لـە کاتـی شـەڕدا هێـزی چەکـداری بـۆ دابینـکات. لەبـەر بوونـی ئـەو یاسـا کۆنانـە، فیـوداڵ بەبـێ ڕازیبوونـی پاشـا بـۆی نەبـوو زەوییەکـەی بفرۆشـێت، کرێـی زەوی لەسـەر جوتیـار زیادبـکات، یـان جوتیـار لەسـەر زەویەکـەی دەربـکات و خـۆی بەکاریبهێنێـت، چونکـە جوتیـار مافـی میراتـی هەبـوو لـە بەکارهێنانـی ئـەو پارچـە زەویـەدا. ئەمانـە ڕێگربـوون لـە بەیەکـەوە لکاندنی ئـەو پارچـە زەویانـە و دروسـتکردنی کێڵگـەی گـەورە و دامەزراندنـی کرێـکاری مووچەخـۆری کشـتوکاڵی تیایانـدا و زیادکـردن و گەشـەپێکردنی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی.

ئەگەرچـی پێویسـتێکی زۆر بـە زەوی کشـتوکاڵی پەیدابـوو، بـەڵام پاشـا ڕێگـەی نـەدەدا ئـەو دارسـتانانە بکرێـن بـە موڵکـی تایبەتـی و کێڵگـەی گـەورەی بەرهەمهێنـان، چونکـە زۆربـەی دارسـتان و لـەوەڕگاکان بەپێیـی سیسـتمی فیوداڵـی موڵکـی پاشـا بـوون، کـە ئەویـش بـە بەرژەوەنـدی خـۆی نەدەزانـی ئـەو موڵـک و سـامانەی لـە دەسـت بچێـت.

لـەو سـاڵانەدا ٢٠٪ زەوی کشـتوکاڵی موڵکـی جوتیـاری بچـووک بـوو، ٢٠٪ ئـەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەویانـە بـوو، کـە جوتیـارەکان بـە پێیـی یاسـا لـە خـاوەن موڵـک بەکرێیـان دەگـرت، ٤٠-٦٠٪ ئـەو زەویانـە بـوون، کـە مسـکێنەکان بـە نایاسـایی لـە مەلاکـەکان بەکرێیـان دەگـرت. ئەمانـە ژیانێکـی نائـارام و پاشـەڕۆژێکی نەزانـراو ڕووبەڕوویـان دەبـۆوە. سـاڵ بـە سـاڵ سـەنەدی زەوییـەکان لەگـەڵ نـوێ دەکرایـەوە و نەیاندەزانـی سـاڵی داهاتـو چـی چاوەڕوانیـان دەکات. هەتـا ئەوسـا، فیـوداڵ مافـی یاسـایی هەبـوو بێگاری بـە مسـکێن بـکات، ئەیتوانـی لـە بەکرێدانـی ئـەو زەویانـە پەشـیمان بێتـەوە و وەکـو جـاران بیانکەتـەوە بـە مسـکێن، بۆیـان هەبـوو بەپێـی یاسـا کۆنـەکان سـەرەڕای کرێی زەوی، ڕێژەیـەک لـە داهاتـی فرۆشـتنی بەرهەمیشـیان لێبسـتێنن «٨ ل١١٥».

هەمـوو ئەمانـە کۆسـپی گـەورە بـوون لـە بـەردەم بەرفراوانکـردن و گەشـەکردنی بەرهەمـی کشـتوکاڵیدا، ڕێگـر بـوو لـە تێکشـکاندنی تـەواوی فیـوداڵ و بەکارهێنانـی هێزوتوانـای چینوتوێژەکانـی کۆمەڵگـە بەشـێوەیەکی کاریگـەر. مانـەوەی ئـەو یاسـا کۆنانـەی لادێ بەردەوامـی دەدا بـە دەسـەڵاتی بێسـنووری پاشـا.

لـە لادێکانـدا سـەرەڕای مانـەوەی یاسـا و عورفـە کۆنـەکان، پاشـا لەسـەر حسـابی زۆربـەی زۆری خـاوەن موڵکـەکان، پشـتگیری تاقمێـک لـە خـاوەن مۆڵکـە گەورەکانـی نزیـک خـۆی دەکـرد و چەندیـن ئیمتیـازی گـەورەی پێـدەدان، لەبەرامبـەردا ئەوانیـش لـە پەرلەمانـدا پشـتگیریی تـەواوی مانـەوەی دەسـەڵاتی پاشـا و هێشـتنەوەی یاسـا کۆنەکانیـان دەکـرد. سـاڵەکانی ١٦٠٠(ز. ) پاشـا لـەدوای سـەرکەوتنی بەسـەر هەنـدێ لـە فیوداڵـی ڕکابـەری، دەسـتی بەسـەر زەویوزاریانـدا گـرت و بەهـەرزان فرۆشـتیەوە بـە موڵکـدارە گەورەکانـی نزیـک خـۆی. ئەمـەش لـە جـاران زیاتـر دەسـەڵاتی ئابـوری ئەوانـەی بەهێزکـرد و ڕۆڵیانـی لـە پەرلەمانـدا بەهێزتـر کـرد.

**- ململانێی لە نێوان دوو ڕێبازی دژواردا**

سـاڵەکانی ١٥٠٠(ز. ) ڕۆژئـاوای ئەوروپـا کەوتـە دووڕیانێکـەوە، کـە دوو ڕێگـەی لەبەردەمـدا بـوو. یەکەمیـان بەردەوامـی بـوو لـە ململانێـی سیاسـی و هەوڵـدان بـۆ چاکسـازی زیاتـر و نەهێشـتنی ئـەو کۆسـپانەی لـە ڕێگـەی گەشـەکردندا بـوو. دووهەمیـان مانـەوە و سـەرلەنوێ زیندووبوونـەوە و بەهێزکردنـی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری فیوداڵـی و لەدەسـتچوونی دەسـتکەوتە گـەورەکان بـوو.

ئەگەرچـی ئینگلتـەرا لەچـاو شـوێنەکانی تـری ئەوروپـا گۆڕانـی زیاتـری بەسـەردا هاتبـوو، بـەڵام سـاڵی ١٥٥٣(ز. ) بەهـۆی ئـەو فاکتەرانـەی سـەرەوە و ئـەو زەمینـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نالەبارەوە، سەرلەنوێ دەسەڵاتی رەهای پاشایەتی توانی خۆی بۆ ماوەی نزیکەی سەد ساڵی تر بسەپێنێتەوە. پەرلەمان تەنها لەسەر داوای پاشا بەپێی خواست و پێویستییەکانی ئەو بۆ زیادکردنی باج و گومرگ پشتگیری سەربازی و شەڕ کۆدەبۆوە.

بەڵام لەبەرئەوەی گۆڕانکاری گەورە لە بازاڕی جیهان روویدا بوو، بنەماکانی فیوداڵی لادێ و پیشەیی شکستی هێنابوو، بەرهەمهێنانی سەرمایەداری سەرەتایی گەشەی کردبوو، چینوتوێژ و هێزی کۆمەڵایەتی بەهێز پەیدابوو، سستەمی فیوداڵی لە ئینگلتەرا توانای هەستانەوەی نەمابوو، پاشا سەرلەنوێ وەکو سەرەتاکانی سەدەکانی ناوەڕاست نەیدەتوانی هەتا سەر دەسەڵاتی رەهای خۆی بسەپێنێ.

ساڵەکانی ١٦٤٠(ز. ) لە ئینگلتەرا ململانێیەکی توندوتیژ لەنیوان دەسەڵاتی پاشایەتی و رکابەرەکانی دەستیپێکرد و شەڕێکی ناوخۆی چەندین ساڵەی لێکەوتەوە. ئەمەش وایکرد، کە پاشا سەر لەنوێ پێویستی بە باجی زیاتر و پشتگیری سەربازی بێت. بۆ دابینکردنی ئەوانە هەتا دەهات پاشا زیاتر مل بۆ داواکاریەکانی بازرگان و کەپیتاڵیست و مەلاکەکان بدات.

بەهۆی ململانێی توندی نێوان پاشا و ئەوانەوە لە پەرلەماندا، ساڵی ١٦٨٩(ز. ) چەندین بڕیاری یاسایی و سیاسی گرنگدرا، کە لەو وڵاتە بەشۆڕشی شکۆدار( گلۆریا) ناسراوە. ساڵەکانی ١٦٤٢-١٦٥١ و ١٦٨٩(ز. )، گۆڕانکاری مەزن لە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی ئەوڵاتەدا جێگیر بوو.

ئەو گۆڕانکارییانە بەهۆی ئەوەوە نەبوو، کە چینوتوێژی خاوەن بەرژەوەندی جیاواز بەخۆشی خۆیان لە رێگەی رێککەوتن و سازانەوە هەرلایەنێک بەشێک لە داهاتی ئابوری وەربگرێت و چەند پۆستێکی بەرزی پێببەخشرێت، بەڵکو بەرهەمی ململانێیەکی دوور و درێژی سەخت بوو لە نێوان ئەوانەدا، کە تیایدا هەرلایەک دەیویست یاسا و بڕیار و پلانەکان، چۆنیەتی بڕیاردان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەجۆرێک دارێژرێت، کە لە خزمەتی بەرژەوەندی خۆیدابێت «٥٢، ۆڕشی شکۆدار ١٦٨٨».

گرنگترین دەستکەوتی ئەو شۆڕشە بریتی بوو لە دیاریکردن و کەمکردنەوە و سنووردانان بۆ دەسەڵاتی پاشا. لەکۆندا پەرلەمان تەنها مافی بڕیاری قەبارە و رێژەی باجی هەبوو، پاشا بە هەوەسی خۆی ئەو داهاتانەی بەکاردەهێنا و هیچ دامەزراوەیەک، یان کەسێک نەبوو بتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات. پێشتر پاشا تاکڕەوانە بڕیاری سیاسی و شەڕ و یاساکانی ئەدا. بەڵام دوای ئەو شۆڕشە، پەرلەمان مافی ئەوەی پێدرا، کە لە دانانی یاسا و لێپرسینەوەی پاشا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشداریبکات. مافی پەرلەمان لە دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی پاشادا، هەنگاوێکی گرنگ و ڕێخۆشکەر بوو بۆئەوەی ئەو دامەزراوەیە دواتر بتوانێت بڕیاری زیاتر بدات و چاکسازی گەورەتر بەدی بهێنێ. شۆڕشی شکۆداری ئینگلتەرا لە ساڵەکانی دواتردا ڕێگەی بۆ چەندین چاکسازی سیاسی و یاسایی تر لەو وڵاتەدا خۆشکرد، بۆنموونە:

کەمبوونەوەی مۆنۆپۆڵکردن و بەشداریکردنی ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵک لە کاروباری ئابوریدا.

پاراستنی موڵکوماڵی هەموو تاکێک و چۆنێتی بەکارهێنانی.

ڕێگەی یاسایی بۆ خەڵکێکی زیاترخۆش بوو، کە بەئازادی و بەخواستی خۆیان کار هەڵبژێرن.

لەدوای ئەو شۆڕشەش تەنها ٢٪ هاوڵاتیان مافی هەڵبژاردنی پەرلەمانیان هەبوو، کە زۆربەیان خاوەن موڵکە گەورەکان بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ماف درایە هاوڵاتیان، کە خواست و پێشنیاز و داواکاری خۆیان بنێرن بۆ پەرلەمان. ئەگەرچی ئەوە مافی بەشداریکردنی ئەوانەی نەدەدا لە بڕیارەکانی پەرلەماندا، بەڵام ڕێگەی بۆ ئەوە خۆشکرد، ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵک کاربکەنە سەر بڕیاردان.

پێشتر زۆربەی پێکهاتەکانی پەرلەمان دژی باجدان دەوەستانەوە، چونکە پاشا داهاتی باجی بە پێی بەرژەوەندی دەستەبژێری دەسەڵاتدار بەکاردەهێنا. بەڵام دواتر بڕیاری چۆنیەتی بەکارهێنانی باجەکان لە پاشا سەندرا و کەوتە دەست پەرلەمانەوە و ئەو داهاتانە بۆ ئاسانکاریکردنی گەشەکردنی بەرهەمهێنان بەکاردەهێنران، بۆیە بە پێچەوانەی جارانەوە زۆرینەی پەرلەمان لەگەڵ باجدانی زیاتر بوون.

پێشتر چینوتوێژە نوێیەکان و پەرلەمان دژی بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی بوون، چونکە دەوڵەتی فیوداڵی پارێزگاری سیستەمی بەرهەمهێنانی داخراوی لادێ و پیشەیی فیوداڵی و بازاڕی بچووکی داخراوی دەکرد و هەوڵی دەدا گەورەترین ڕێژەی باج و سەرانە لە خەڵکی بسەنێت و بۆ خزمەتی خۆی و دەستەبژێری دەسەڵاتدار و شەڕوشۆڕ بەکاریبهێنێت. بەڵام دواتر لەگەڵ گۆڕانی پێکهاتەکانی پەرلەمان و گەشەکردنی ڕۆڵیدا، لەگەڵ بەهێزبوونی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت بوون، چونکە ئەوە دەبووەهۆی یەکخستنی سەرانسەری وڵاتەکە و بەستنی بازاڕەکانی پێکەوە و ئاسانکاری بۆ گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازی. لەکۆندا دامودەزگای دەوڵەت و بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بنەمای فیوداڵیزم بوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە دەوڵەتەکە سروشتێکی فیوداڵی هەبوو، بەڵام دواتر بە نەمان و لەناوچونی ئەو بنەما فیوداڵیانە و پەیدابوونی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان ناوچەکانی وڵاتەکەدا، ئەو دەوڵەتە سروشتێکی نەتەوایەتی بەخۆوە گرت.

ڕێگە بۆ پەیدابوونی بازرگانی و پیشەسازی لە بواری نوێدا خۆشبوو.

ڕێگە بۆ کردنەوەی بانک و ئاسانکاری لە کاروباری دارایی و قەرزدان بۆ ئەوانەی دەیانویست بە پرۆژە و دانانی کۆمپانیا هەستن خۆشبوو.

چاکسازی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، لەڕێگەی زیادکردنی بازنەی چالاکییەکانیەوە و دانانی فەرمانبەرانی باشتر، ڕێگرتن لە گەندەڵی و ئاسانکردنی کاروباری خەڵک.

دانانی خەڵکی شارەزا و کارامە لە پۆستەکانی دەوڵەتدا، لەباتی دانانی خەڵک لە سەر بنەمای ناسیاوی و لایەنداری و خزمایەتی.

ئاسانکاریکردن بۆ ئەوکەسانەی خەریکی داهێنان(ئیختراعات) بوون و هەروەها پاراستنی مافیان لە خاوەندارێتی و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو داهێنانە. «٢ ل١٩١»

**- شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا**

شۆڕشی شکۆدار و یاسا نوێیەکان و چالاکی پەرلەمان و میکانیزمی حوکمرانی. زەمینەی بۆ گەشەکردنی بێ سنوور و هەمەچەشنەی ژێرخانی ئابوری و بەرهەمهێنان خۆشکرد، لەو پرۆسەیەدا چینوتوێژە نوێیەکان دەستیان کرایەوە و لە هەموو بوارەکاندا کەوتنە جموجۆڵ و چالاکی. ئەمە بورکانێکی ئەوتۆی لە کۆمەڵگەکەدا تەقاندەوە، کە لەهەموو مێژووی کۆنی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبوو. ئەو گۆڕانکارییە مەزنانە لە جیهاندا بەشۆڕشی پیشەسازی ناسراوە.

ئەم شۆڕشە کاردانەوەی لەهەموو بوارەکاندا هەبوو. دۆزینەوەی هێزی هەڵم و بەکارهێنانی لە مەکینەی هەڵمی پاپۆر و راکێشانی فارگۆنی شەمەندەفەردا، شۆڕشێکی لە گواستنەوەی کەلوپەلدا بەرپاکرد، هەروەها هەموو ناوچەکانی بەیەکترییەوە بەستەوە. لەلایەکەوە قەبارە و قورسایی باری زیاترکرد، لەلایەکی ترەوە کاتی گواستنەوەی کەلوپەل و خەرجی گواستنەوەی کەمکردەوە. بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەوە لە دوای ساڵی ١٧٠٠(ز. )ەوە ئینگلتەرا جڵەوەی بازرگانی جیهانی کەوتەدەست . گەڕان بەدوای دەرهێنانی کانزای منیراڵ و بەکارهێنانیان لە پیشەسازیی دروستکردنی مەکینە و ئامرازی بەرهەمهێنانندا ڕێگای بۆ شورشێکی تەکنیکی خۆشکرد. بەمیکانیکردنی پیشەسازیی قوماشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لۆکـە زۆر کریـکاری پێویسـت نەبـوو، پرۆسـەی بەرهەمهێانـی خێراتـر و ئاسـانتر و هەرزانترکـرد. ئەمـە جڵـەوی سـەرکردایەتی ئـەو پیشەسـازییەی لـە هیندسـتان دایـە دەسـت ئینگلتـەرا، بازاڕەکانـی جیهانـی لـەو بـوارەدا خسـتە دەسـت کومپانیـای ئینگلیزەکانـەوە، ئەمـەش شکسـتی بـە پیشەسـازیی سـەرەتاییی قوماشـی لۆکـەی هیندسـتان هێنـا. پێشـتر هیندسـتان قوماشـی بـە ئینگلتـەرا دەفرۆشـت، بـەڵام بـەم گۆڕانکارییـە ئـەو وڵاتـە بـووە سـەرچاوەی کەرەسـەی خـاوی لۆکـە بـۆ پیشەسـازیی ئینگلتـەرا «**٣٦ ل٢٥١**».

هیندسـتان هەتـا سـاڵەکانی ١٧٠٠(ز. ) پێشـکەوتوترین و گەورەتریـن بەرهەمهێنـەری قوماشـی لۆکەبـوو، لەوێـوە ئـەو بەرهەمانـە هـاوردە دەکـرا بـۆ ئەوروپـا و ئینگلتـەرا. قوماشـی لۆکـە لەچـاو قوماشـی خـۆری لـە بازاڕەکانی جیهانـدا ڕەواجێکـی زیاتـری هەبـوو، چونکـە لە هەر چـوار وەرزی سـاڵدا بەکاردەهێنرا. شکسـتهێنانی پیشەسـازیی سـەرەتایی لۆکـە لـە هیندسـتان تەنهـا کاردانـەوەی بێکاری و کەمبوونـەوەی داهـات و بـاج و گومرگـی بـۆ ئـەو وڵاتـە نەبـوو، بەڵکـو کاردانەوەیەکـی سیاسیشـی هەبـوو «**٥٣**، پیشەسـازی کۆنـی هینـد، **٢٠١٤**».

هەتـا دەهـات هیندسـتان زیاتـر دەکەوتـە ژێـر فشـاری سیاسـی و ئابـوری و سـەربازی کۆمپانیاکانـی ئینگلتـەرا و سـەپاندنی مەرجەکانیـان بەسـەریاندا و لەدوایـدا بـە کۆلۆنیبوونـی وڵاتەکـە کۆتاییهـات. ئەمـە تەنهـا کاردانـەوەی بەسـەر هیندسـتاندا نەبـوو، بەڵکـو کومپانیاکانـی ئینگلتـەرا بەهێزترکـرد و توانـای زیاتریـان بـۆ گەشـەکردنی پیشەسـازی لـە بوارەکانـی تـر و کۆنترۆڵکردنـی بازاڕەکانـی تـری جیهـان پەیداکـرد. هەڵبەتـە هـۆکاری ئـەوە تەنهـا بـۆ هەڵپەکردنـی کۆمپانیاکانـی ئینگلتـەرا ناگەرێتـەوە بـۆ گـەڕان بـەدوای قازانجـی زۆر و بەهێزکردنـی کەپیتاڵیـان، بەڵکـو بەپلـەی یەکـەم بـۆ بەرتەسـکیی و تاکڕەوی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری هیندسـان دەگەرێتـەوە، کـە ڕێگربـوو لـە گەشـەکردنی پیشەسـازیی لـە وڵاتەکـەدا.

شۆڕشـی شـکۆدار و پیشەسـازیی، سـەرەڕای کاردانـەوەی لەسـەر پیشەسـازی و بازرگانـی، بووبەهـۆی بوژاندنەوەیەکـی بەرفراوانـی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی، کـە لـە چەنـد خاڵێکـی سـەرەکیدا خـۆی دەبینێتـەوە:

- بەکارهێنانـی تەکنیـک و ئامراز و ڕێبازی نوێ لە بەرهەمهێنانی کشـتوکاڵیدا.

- لەجیاتـی ئـەوەی هەمـوو سـاڵێک ١\٢-١\٣ ی زەوییـەکان پشـوو پێبـدەن، بەهـۆی زانسـتی نوێـوە کەوتنـە چاندنـی ڕوەکـی فرەچەشـنە لـە زەوییەکانـدا، کـە زەویەکانـی ئەژیانـدەوە و دەتوانـرا هەمـوو سـاڵێک بچێنرێـن. هەروەهـا بەکارهێنانـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەین و سەماد لە چاندنی کشتووکاڵیدا. بەهۆی ئەم ڕێبازەوە لە هەندێ شوێن بەروبوومی کشتوکاڵی دوقات زیادیکرد.

- چاکسازیکردن لە هەندێ خاسڵەتی ئاژەڵدا، لە نموونەی گا بۆ گۆشت و مانگا بۆ شیر، هەروەها توانای بەرهەمهێنانی ئاژەڵی زیاتر بەهێز بوو.

- چاندنی روەکی رەگبەر وەکو پەتاتە و شێلم و گێزەر، بە مەبەستی دانی بە ئاژەڵ لە زستاندا.

- گەشەپێکردنی بەرهەمهێنان لەڕێگای پێگەیاندنی کادری شارەزا و فێرکردنی خەڵک ڕێگەی بڵاوکردنەوەی زانیاری نوێوە.

شۆڕشی پیشەسازی لەو وڵاتە کاردانەوەی لەسەر ژیان و خواردن و تەندروستی و شێوەی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاری هەبوو، بۆیە لە نێوان ساڵەکانی ١٧٥٠-١٨٠٠ ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بە ڕێژەی ٤٠٪ زیادیکرد. ئەم شۆڕشە پیشەسازیی سەرەتایی گۆڕی بە پیشەسازیی سەرمایەداری هاوچەرخ، لەبەر قازانج و داهاتی زۆر کەپیتاڵیستە سەرەتاییەکان گەشەیان کرد و بوونە کەپیتاڵیست، کەپیتال جێگەی کەپیتاڵی سەرەتایی گرتەوە، بانکی هاوچەرخ و سیستمی کاروباری دارایی نوێ جێگەی بانکەوان و تاکە بازرگانی گرتەوە. ئەم گۆڕانکارییانە ڕێگەی بۆ زاڵبوونی کەپیتاڵیزم بەسەر فیوداڵیزمدا خۆشکرد، هەروەها بۆ دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر و فرە چەشنتر لە جاران «٨ ل١٢١».

گۆڕانکاری و چاکسازییە سیاسی و ئابورییەکان بەیەکەوە بەندن و ڕێگەخۆشکەرن بۆ یەکتری. بۆیە وەک چۆن شۆڕشی سیاسیی شکۆدار ڕێگەی بۆ شۆڕشی پیشەسازی و گەشەکردنی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی هاوچەرخ خۆشکرد، بەهەمان شێوە ئەوەی دواتریش، چینوتوێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی گەشاندەوە و ڕۆڵیان لە بڕیاری ناو پەرلەمان و ناو کۆمەڵگەدا بەهێزتربوو. ئەم پرۆسەیە تەنها چینوتوێژە کەپیتاڵیستەکانی بەهێز نەکرد، بەڵکو سوپایەکی گەورەی چینی کرێکار و کرێکاری کشتوکاڵیی و جوتیاری دەوڵەمەند و مووچەخۆر و مووچەخۆری کەرتی خزمەتگوزاری دروستکرد. هەریەک لەم پێکهاتانە خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوون و لە ململانێی بەردەوامدابوون لەگەڵ یەکتریدا. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی بە بەردەوامی گۆڕانکاری و چاکسازی ڕوویدات و پلورالیزم لە کۆمەڵگەکەدا بەرەوپێش دەچوو. بەبێ دروستبوون و گەشەکردنی ئەو پێکهاتە جیاوازانە ئەستەم بوو بتوانرێ بەردەوامی بە چاکسازی سیاسی و گەشەکردنی ئابوری بدرێ «٨٨ ل٣٩».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## - بۆچی ئینگلتەرا بووە جێگەی بەرپابوونی ئەم شۆڕشە؟

ساڵی ٤١١(ز. ) ئیمپراتۆریەتی رۆما ئینگلتەرای بەجێهێشت. لەو ساتەدا ئینگلتەرا یەکێک بوو لە هەرە وڵاتە دواکەوتووەکانی جیهان. وڵاتێکی پچڕ پچڕ و هەژاربوو، دەسەلاتێکی ناوەندیی بەهێز نەبوو، کە بتوانێت وڵاتەکە یەکبخات و سەقامگیریی بپارێزێت. بەپێچەوانەوە شەڕی ناوخۆ بەردەوام بوو لە نێوان بنەماڵە و تاقم و پێکهاتە جیاوازەکانیدا.
ئەو وڵاتە وەکو خۆرهەلاتی ناوەڕاست شۆڕشی نیشتەجێبون و کشتوکاڵی تێدا روونەدابوو. دواتر خەڵکەکەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون لەو کۆچەرانەوە فێربوون، کە لە شوێنەکانی تری ئەوروپاوە روویان لە وڵاتەکە کردبوو. لەو سەردەمەدا هێشتا بەشێکی زۆری دانیشتوان نێشتەجێ نەبوون و لەسەر راوکردن و تۆو کۆکردنەوە دەژیان «٢ ل١٧٢».
ئایا رووداوێکی سەیر و لەناکاوبوو، کە شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا روویدا؟ شۆڕشێک نەکو تەنها گۆڕانکاری گەورەی لەو وڵاتەدا لێکەوتەوە، بەڵکو کاردانەوەی مەزنی لەسەر هەموو جیهان و بەتایبەتیش ئەوروپا هەبوو. ئەم شۆڕشە جیهانی خستە سەر رێبازێکی نوێ، کە کاردانەوەی هەتا ئێستاش بەردەوامە.
روودانی ئەم شۆڕشە، لەم وڵاتەدا بۆ ئەو فاکتەرە بنچینەییانە دەگەڕێتەوە، کە رێبازی تایبەتی بۆ ئەوروپا دروستکرد، لێرە ئاسانتر رۆڵی خۆیان بینی. ئەمەش دەرفەتی بۆ بەشداریکردنی چینوتوێژ و پێکهاتە نوێیەکانی کۆمەڵگە دروستکرد، کە بتوانن بەشداری لە بڕیاردان و گۆڕانکاریەکاندا بکەن. ئینگلتەرا، پێش وڵاتانی تری رۆژئاوای ئەوروپا کەوت، چونکە جیاوازی بچووک هەبوو لەو فاکتەرانەدا، بە بەراورد لە گەڵ وڵاتەکانی تردا. ئەو جیاوازییە بچووکانە وایکرد، کە پرۆسەی گەشەکردن سوود لە فاکتەرەکانی تر وەربگرێت، بۆ نمونە پەتای تاعون، لاوازی پاشا و شەڕی نێوان بنەماڵەکان، دۆزینەوەی جیهانی نوێ و رێگەی نوێی هیندستان، بازرگانیکردن بە کۆیلە و شۆڕشی جوتیاران.
کە ساڵی ١٦٨٨ شۆڕشی شکۆدار لە ئینگلتەرا روویدا، هێشتا بەشێکی زۆری ئەوروپا لەژێر دەسەلاتی پاشایەتی رەهادا بوو. هەتا بەرەو رۆژهەلات برۆیشتایە، بەرەو نەمسا و هەنگاریا و روسیا ئەو سیستەمە کۆنە بەهێزتر و توندڕەوتر و تاکڕەوتر دەبوو.
لە سەرەتای ساڵەکانی ١٦٠٠دا، هێشتا هەردوو وڵاتی ئینگلتەرا و ئیسپانیا لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژێـر دەسـەڵاتی پاشـایەتی رەهـادا بـوون. ئیسـپانیا لـە ئینگلتـەرا دەوڵەمەنتـر و بەهێزتـر بـوو. هـەردوو وڵاتەکـە پەرلەمانیـان تێدابـوو. بـەڵام پەرلەمانـی ئـەو وڵاتـە، بـە پێچەوانـەی ئینگلتـەراوە نوێنەرانـی هەمـوو شـوێنەکانی تیـادا نەبـوو، خەڵکانێـک بـوون، کـە بەرژەوەنـدی و مـان و نەمانیـان بـە دەسـەڵاتی پاشـاوە بەندبـو، لـە هەمـوو بڕیارێکـدا کتومـت گوێڕایەڵـی بـوون و پشـتگیریان دەکـرد. ئەوانـە بـە خۆیـان و دۆسـت و هاوبـەش و لـە دەسـتەبژێریکی نزیکـی خۆیـان زیاتـر رێگەیـان بـە کەسـی تـر نـەدەدا ببێتـە ئەندامـی پەرلەمـان. پاشـا و دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار، بەهـۆی سـامانێکی زۆری تاڵانکـردن و رووتاندنـەوەی ئەمەریـکاوە ناچـاری دەسـتی فیـوداڵ و بـازرگان و فەریکـە کەپیتاڵیسـتەکان نەبـوو، بـە هەمـان شـێوە پێویسـتی بـە پاڵپشـتی پەرلەمانتـارەکان نەبـوو، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە بەهـۆی ئـەو سـەروەتە زۆرەوە توانـای کڕیـن، یـان لـە ناوبردنیانـی هەبـوو.

لـە ئیسـپانیا هیـچ یاسـایەک نەبـوو موڵـک و ماڵی خەڵـک بپارێزێت، پاشـا بە ئـارەزووی خـۆی موڵـک و سـامانی خەڵکـی زەوتدەکـرد. سـاڵەکانی ١٦٠٠ پاشـا دەسـتیگرت بەسـەر موڵـک و سـامانی نزیکـەی ٢٠٠ جولەکـەی چالاکـی پیشـەگەر و بـازرگان و شـارەزایانی کاروبـاری داراییـەوە. بـە هەمـان شـێوە دەسـتی بەسـەر موڵـک و ماڵـی عەرەبەکانـی باشـوری ئیسـپانیادا گـرت. رەفتـاری پاشـا و دەسـتەبژێر لـە بەرامبـەر پێکهاتەکانـی تریـش لـەوە باشـتر نەبـوو.

بازرگانیـی دەرەوەی ئـە وڵاتـە، بەتایبەتـی لـە گـەڵ ئەمەریـکادا، لـە ژێـر چنـگ و مۆنۆپۆڵـی کۆمەڵێـک لـە بازرگانـی سـەر بـە پاشـادا بـوون. کاری ئـەوان رووتاندنـەوە و تاڵانکردنـی خەڵکانـی ئـەو وڵاتانـە بـوو، بۆئـەوەی داهاتـەکان بکـەن بـە قوڕگـی پاشـا و دەسـتەبژێری دەسـەڵاتداردا. ئەمانـە لـە لایەکـەوە دەسـەڵاتی رەهـای پاشـای بەهێزتردەکـرد و لەلایەکـی تـرەوە دەسـەڵاتی چینوتوێژەکانی خـوارەوەی لاوازتر دەکرد. پەرلەمـان دامەزراوەیەکـی لاوازی بێدەسـەڵات بـوو، بوونـی تەنهـا بـۆ بەهێزکردنـی پایـەی پاشـا بـوو لـە کۆمەڵگـە و ئەوروپـادا. لەبەرئـەوە ئـەو هەمـوو سـامانەی کـە لـە ئەمەریـکاوە روویکـردە وڵاتەکـە بـۆ بەهێزکردنـی ژێرخانـی ئابـوری وڵاتەکـە و رێگـە خۆشـکردن بـۆ شۆڕشـی پیشەسـازی بەکارنەهـات، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە بـووە هـۆکاری دواکەوتنـی وڵاتەکـە و هـەژاری خەڵکەکـەی «٨ ل٩٦».

لـە نەمسـا و هەنگاریـا، جموجـۆڵ و چالاکیـی بازرگانـەکان لەلایـەن دەسـەڵاتی قەیسـەرەوە کۆنتـرۆڵ کرابـوو. بەهـۆی پەتـای تاعونـەوە، سیسـتمی فیوداڵـی لـە لادێکانـدا هێنـدەی تـر بەهێـز و توندتربـوو. لـەوێ دامـەزراوەی پەرلەمـان نەبـوو، کـە هەتـا دەسـتەبژێری دەسـەڵاتداریش بتوانێـت لـە رێگەیـەوە بەشـداری لـە بڕیـارەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بکات، بەڵکو قەیسەر دەسەڵاتی رەهای هەبوو. ئەوە هەتا ساڵی ١٨٣٥ بەو شێوەیە بەردەوام بوو. ئەوەی هەبوو دامەزراوەکانی دەوڵەت بوو، کە کاریان کۆکردنەوەی باج، سەرکوتکردنی خەڵک و شەڕی دەرەکی بوو. ئەو سیستمە بەهەموو شێوەیەک ڕێگەی لە گەشەکردنی پیشەسازی و هاتوچۆ دەگرت، لەو وڵاتەدا هەتا ساڵی ١٨٦٠، شەمەندەفەر لە باتی فارگۆنی هەڵمی بە ئەسپ رادەکێشرا.

ئەڵمانیا هەتا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەسەر چەند شانشینێکی ناوچەییدا دابەشببوو. هەریەکە لەوانە دەسەڵاتی رەهای بەسەر ناوچەکەی خۆیدا هەبوو. بازرگانی و پیشەسازی لە ژێر دەسەڵات و پەیڕەوکردنی حوکمرانەکاندا بوو، ڕێکخراوی تاکڕەوی بازرگانی پیشەیی سەرپەرشتی کاروباری ئابوری دەکرد. ئەوانەی دەستیان بەسەر ئەو ڕێکخراوانەدا گرتبوو، تاقمێک بازرگان و کەپیتاڵیستی سەر بە دەستەبژێری دەسەڵاتداربوون و ڕێگەی گەشەکردن و رۆڵ بینینی کەسی تریان نەدەدا. زەوییە کشتوکاڵییەکان ببوونە موڵکی خاوەن موڵکی گەورە، کێڵگەی بەرهەمهێنانی گەورەیان تیادا دروستکردبوو، بەڵام بە شێوازی ئینگلتەرا لەسەربنەمای کە پیتالیستانە نەبوو، بەڵکو هێشتا هەر فیوداڵی بوو، کرێکاری کشتوکاڵی کاریان تێدا نەدەکرد، بەڵکو بەهەمان شێوەی کۆن مسکێنیان راگرتبوو. شێوازی ئیدارەکردن و ڕێکخستنی بەرهەمهێنان نزیک بوو لە دیسپلینی سەربازییەوە. لەبەر ئەمانە لەو وڵاتەدا دەرفەتی بەشداریکردنی چینوتوێژ و پێکهاتەکان نەدەدرا، کە بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و بڕیارداندا بکەن. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازیی لە ئەڵمانیا هەتا ساڵەکانی پەنجای سەدەی بیست بەتەواوی جێگیر نەبێت «٢ ل٢٠٨».

- **شۆڕشی فەرەنسا و کاردانەوەکانی**

لەبەرئەوەی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری لە فەرنسا تاکڕەوتر و توندڕەوتربوو لەچاو ئینگلتەرا، فاکتەرە بنچینەییەکان بەزەحمەتر رۆڵی خۆیان دەبینی و کەمتر سود لە فەکتەرەکانی تر وەردەگیرا. بەو هۆیانەوە لێرە چاکسازی و گۆڕانکارییەکان سەد ساڵ کەوتنە دوای ئینگلتەراوە، هەروەها شۆڕشی سیاسی تیایدا سروشتێکی رادیکاڵتری بەخۆوە بینی و دەرئەنجام و کاریگەری لەسەر وڵاتانی تر جیاوزتر بوو. ئەو شۆڕشە ساڵی ١٧٨٩ بەرپا بوو، بە شۆڕشی فەرەنسا ناسراوە «٨ ل١١٢».

هەرچەندە لە فەرەنسا پەرلەمان هەبوو، بەڵام جیاوازی هەبوو لەگەڵ پەرلەمانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینگلتەرا. چونکە مافی بڕیاردانی باج تەنها لە دەستی پاشادا بوو. فەرەنسا سیستمێکی رەهای پاشایەتی هەبوو. خەڵکی وڵاتەکە لەسەرەوە هەتا خوارەوە بەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکیدا دابەشببوون:

١- خانەدانەکان(ئۆرۆستۆکرات) ئەمانە لە بنەماڵە و دەستوپێوەندی پاشا و فیوداڵ و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و سوپا پێکهاتبوو.

٢- دەسەڵاتی ئایینی، بریتی بوو لە پیاوە دەستڕۆیشتووەکانی کەنیسە و دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنی موڵک و سامانەکانی.

٣- خەڵکی گشتی، کە هەموو چینوتوێژەکانی تری کۆمەڵگەی دەگرتەوە لە بازرگان، پیشەگەر، کەپیتاڵیست، پیشەیی، کرێکار، جوتیار و هەژارەکانی تر.

هەریەکێ لەم پێکهاتانە یاسای تایبەتی خۆی بۆ دانرابوو. خەڵکانی سەر بەدەسەڵات هەموو مافێکیان هەبوو، هیچ مەرج و ئەرکێکیان لەسەر نەبوو، لە خۆیان زیاتر کەس مافی لێپرسینەوەیانی نەبوو، باجیان نەئەدا، دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و سەربازی وڵاتیان بەدەستەوە بوو. بە پێچەوانەی ئەوانەوە خەڵکی گشتی هیچ مافێکیان نەبوو، بەپێی یاسا دەبووایە گوێڕایەڵی ئەوانەی سەرەوە بوونایە، سەرچاوەی باج و گومرگ و سەرانە و خەرجییەکانی دەوڵەت و شەڕەکانی پاشا بوون. لەبەرئەوە چینوتوێژە نوێیەکانی ئەم وڵاتە وەکو ئەوانەی ئینگلتەرا بەهێز نەبوون، دەرفەتیان نەبوو لە پەرلەماندا فشار بخەنە سەر پاشا و دەستەبژێری دەسەڵاتدار، ئەمانە بێپشتیوانی هێزی تر خۆبەخۆ توانای روبەڕووبوونەوەی ئەو سیستمەیان نەبوو «**٣٦ ل٢٦٤**».

ئەو سیستمە لەسەرەوە هەتا خوارەوە لە کۆمەڵگەکەدا پەیڕەو دەکرا، بۆیە بەهەمان شێوەی دەستەبژێری دەسەڵاتدار، بازرگان و کەپیتاڵیست و پیشەییەکانیش رێکخراوی پشەیی توندڕەوی تاکڕەویان دروستکردبوو، کە لە رێگەی ئەوانەوە کۆنترۆڵی بازاڕ و بەرهەمهێنانیان کردبوو و رێگەیان بەکەسی نوێ نەئەدا دەرفەتی گەشەکردن و بەهێزبوونی بۆ بخوڵقێ. رێگەی کرێکاریان نەدەدا خۆیان لە رێکخراوی پیشەییدا رێکبخەن. لە لادێکاندا سیستمی فیوداڵی، کۆنترۆڵی مسکێن و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بە تەواوەتی کردبوو.

هەرچەندە لە فەرەنسا چاکسازیی گەورە بەڕادەی ئینگلتەرا رووی نەدا، بەڵام بەهۆی رۆڵی فاکتەرە بنچینەییەکانەوە گۆڕانکاری گەورە بەسەر ژێرخانی ئابوری فەرەنسادا هاتبوو، چەندین شۆڕشی جوتیاران روویدا بوو، گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازی ئینگلتەرا و وڵاتەکانی تر کاریگەری خۆیان بەسەر وڵاتەکەوە هەبوو، چینوتوێژ و پێکهاتەی نوێی گەورەی هەبوو، کە هەمیشە لە ململانێدا بوون، لەگەڵ سیستمەکەدا و چاوەڕوانی دەرفەتی گۆڕانکارییان دەکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فاکتەرێـک کـە کاریگـەری لەسـەر فەرەنسـا هەبـوو، سـوپا بـوو. لێـرە پاشـا لەچـاو ئینگلتـەرا دەسـەڵاتی ناوەندیـی بەهێزتـر بـوو، سـوپایەکی بەهێزتـری بەدەسـتەوە بـوو، بـۆ سـەرکوتکردنی نـاوەوە و شـەڕی دەرەوە. بـەڵام بێجگـە لـە سـەرکردە گەورەکانـی سـوپا، سـەرەکردەکانی تـر هیـچ دەسـەڵاتێکیان نەبـوو، هەمیشـە لـە شەڕوشـۆڕدا بـوون، سـەربازەکان سـەرەڕای شەڕوشـۆڕ لـە هـەژاری و بێدەرامەتـی و دەربەدەریـدا دەژیـان و نارەزاییەکـی زۆر لـە ریزەکانیانـدا هەبـوو. بەهـۆی ئـەو بـارە نالەبـارەوە بەشـێکی زۆر لـە لەشـکریش چاوەڕوانـی هەلێـک بـوون کـە لـەو بـارە نالەبـارە رزگاریـان بـکات.

زۆربـەی خەڵکـی وڵاتەکـە، کرێـکاران، جوتیـاران، کاسـب و پیشـەیی و رۆشـنبیر بەدەسـت پاشـا و کەنیسـە و فیودالـەوە ماندووبـوون. لاوازیـی بـازرگان و کەپیتاڵیسـتەکان بەرامبـەر پاشـا و دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار ناچاریکـردن بکەونـە خۆیـان و هەوڵـی تێکشـکاندنی ئـەو سیسـتمە بـدەن. لـەو سـاڵەدا ئـەو خەڵکـە، بەتایبەتـی دانیشـتوانی پاریـس، کەوتنـە سـەر شـەقام و مەیدانەکانـەوە و پەلامـاری بەندیخانـە و دامەزراوەکانـی دەوڵەتیانـدا. کرێـکاران و هـەژاران دەسـەڵاتی بەڕێوەبردنـی سـەربەخۆیان لـە جێـگای کار و گـەڕەک و هەنـدێ ناوچـەدا بەنـاوی کۆمونـەوە دامەزرانـد. ئەمـە بـوو بـە راپەرینێکـی جەمـاوری فـراوان، کـە پاشـای ناچارکـرد هەنـدێ گۆڕانـکاری بـکات. ئەمـە دەرفەتێکـی بـۆ بـازرگان و کەپیتاڵیسـتەکان و ئەوانـی تـر دروسـتکرد، کـە ئـەوەی چاوەڕوانـی بـوون بیکـەن، لـە هەمـان کاتـدا درفەتێـک بـوو بـۆ بەشـی هـەرە زۆری سـوپا، کـە خـۆی لـەو بـارە نالەبـارە رزگاربـکات. هەمـوو ئەمانـە چونـە پـاڵ راپەرینـە جەماوەرییەکـە و شۆڕشـی فەرەنسـای سـاڵی **١٧٨٩**ی لێکەوتـەوە «**٢ ل٢٨٣**».

ئـەم شۆڕشـە هەمان ئامانج و سروشـتی شۆڕشـی سیاسـی شـکۆداری ئینگلتـەرای هەبوو، بـەڵام سروشـتێکی رادیکاڵـی بەخـۆوە بینـی. لەباتـی پەرلەمانەکـەی پاشـا، ئەنجومەنـی هەڵبژێـردراوی دامەزرێنەریـان دروسـتکرد، کـە تیایـدا دەرفـەت پەیدابـوو بـۆ بـازرگان و کەپیتاڵیسـت، هەروەها بۆ پیشـەگەر و کرێکار و جوتیاران، لەگەڵیاندا سـەرکردە سـەربازییە رادیکاڵـەکان، چاکسـازیی و گۆڕینـی یاسـاییان گرتەئەسـتو. بانگەشـەی دەسـتورێکی نوێیانکـرد، کـە تیایـدا بڕیـاری رەتکردنـەوەی سیسـتمی فیوداڵـی درا، مافـە تایبەتییەکانـی ئـەو دوو توێـژەی سـەرەوە زەوتکـرا، کەنیسـە موڵـک و سـامانەکانی لێسـەندرایەوە و خرایـە دەسـتی ئـەو ئەنجومەنـەوە. بانگەشـەی یەکسـانی سیاسـی و ئابـوری بـێ جیـاوازی بـۆ هەمـوو هاونیشـتمانان کـرا، چەندیـن بڕیـاری گرنـگ درا، لەوانـە ئـازادی بـۆ هەمـوو هاونیشـتمانان بـە مسکێنەکانیشـەوە، دابەشـکردنی زەوی بەسـەر جوتیارانـدا، هەمـوو پێکهاتەکانـی کۆمەڵگـە بـە هەمـان رێـژە بـاج بـدەن بەدەوڵـەت، بەرپرسـیاری و یەکسـانی هەمـوو تاکێـک بەرامبـەر یاسـا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم بڕیارە سیاسی و یاساییانە، ڕێگەی بۆ گەشەکردنی هەموو بوارەکانی ئابوری، بازرگانی، کاروباری دارایی، پیشەسازی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی خۆشکرد. لەبەرئەوەی زۆربەی جوتیاران بوونە خاوەن زەوی خۆیان، لە فەرەنسا کەرتی کشتوکاڵی ڕێبازێکی جیاوازتری لە ئینگلتەرا گرتەبەر. لەجیاتی کێڵگەی گەوری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، بەشێکی زۆری بەرهەمهێنان یەکەی بچووکی لێ کەوتەوە، کە هەتا ئەمرۆش ئەوە لەو وڵاتە بەدی دەکرێت.

لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاری و بڕیارە سیاسی و یاساییە گەورانەدا، زۆرانبازی و گرژی و شەڕی ناوخۆ هەربەردەوام بوو. پاشا و دەستەبژێری دەسەڵاتدار وا بە ئاسانی وازیان لە دەسەڵات و بەژەوەندییەکانیان نەهێنا. ئەمە بۆ ماوەی **٩٠** ساڵ، هەتا ساڵی **١٨٧٠**درێژەی کێشا، کە تیایدا بانگەوازی کۆماری سێهەم کرا، دوای ئەوە ئینجا سیستمی دیموکراتی پەرلەمانی بە شێوەی ئینگلتەرا جێگیر بوو «**٥٣**، شۆڕشی فەرەنسی **٢٠١٤**».

لەبەر سروشتی تایبەتی ئەو گۆڕانکارییانە لەو وڵاتەدا، گۆڕانکاری لەپڕ و شۆڕشگێڕانەی جەماوەری و ڕۆڵی ڕادیکاڵیانەی سوپا تیایدا، شۆڕشی فەرەنسا کاردانەوەی جیاواز و تایبەتی هەبوو لەسەر ئەوروپا و هەروەها جیهانیش.

لەگەڵ زیادبوون و جێگیربوونی سیستمی نوێی فەرەنسا، زیادبوونی ڕۆڵی دەسەڵاتدارانی ڕادیکاڵیانەی هەندێ لە سەرکردەکانی سوپا، بەتایبەتی ناپلیون بۆناپارت، ناکۆکی و ململانێ و گرژی درێژخایەن لەگەڵ دراوسێکانیدا ڕوویدا. وڵاتانی ئیسپانیا، ئەڵمانیا، نەمسا و ئیتاڵیا دراوسێی فەرەنسا بوون و هێشتا سیستمی فیوداڵی پاشایەتی ڕەها باڵی بەسەریاندا کێشا بوو. ئەو وڵاتانە فەرەنسا و شۆڕشی فەرەنسایان بە مەترسییەکی گەورە دادەنا. فەرەنسا ڕۆڵێکی ڕادیکاڵی هەبوو، پاڵپشتی زۆربەی خەڵکی بوو، هەڵگری ئاڵای دژایەتیکردنی فیوداڵیزم و ئازادی و برایەتی و یەکسانی بوو. ئەو وڵاتانەی تری بە دوژمن و کۆسپ لەبەر دەم گۆڕانکاریدا دادەنا. ئەمەش زنجیرەیەک شەڕی لێکەوتەوە، کە کۆتایی بە داگیرکردنی وڵاتانی هۆڵندا و بەلجیکا و ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و سویسرا و باکوری ئیتاڵیا لە لایەن سوپای فەرەنسا و شەڕی درێژخایەن لەگەڵ نەمسا و ئیسپانیا و ڕوسیا هات.

سەرکەوتنی فەرەنسا بەسەر ئەو وڵاتانەدا و تێکشکاندنی سیستمی فیوداڵی تیایاندا، تەنها بۆ ڕۆڵی ڕادیکاڵی و بەهێزی سوپای فەرەنسا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم بۆ سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیوداڵی تاکڕەو و توندڕەوی ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە. بۆ ململانێی توندوتیژ و درێژخایانی نێوان دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە لەگەل چینوتوێژ و پێکهاتە نوێیەکانی ناویاندا دەگەڕێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانە چاوەڕوانی هەڵێک بوون، کە ئەو سیستەمە کۆنە تێکبشکێنن و سیستمێکی بەرفراوانتر و پلورالیزمتر دامەزرێنن. لێرەدا شەڕەکانی فەرەنسا بووە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ فەکتەرە بنچینەییە خۆماڵییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیانە، بەبێ بوونی ئەو فاکتەر و هێزە خۆماڵیانە ئەو وڵاتانەش وەکو هەندێ وڵاتی تری جیهان دەبوونە کۆڵۆنی فەرەنسا، نەکو وڵاتی سەربەخۆی بەهێزی پێشکەوتوو «**٢** ل**٢٨٩**».
جیاوازی لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی شۆڕشی سیاسی و پیشەسازیی لە نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرادا ئەو راستیە دەگەیەنێت، کە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە زەمینە و فاکتەرە بنچینەییەکان تیایدا لەباربن، دەرفەتی گۆڕانکاری و گەشەکردن هەیە. بەڵام هەر وڵاتە بەپێی خاسڵەتە تایبەکانی خۆی، ڕێباز و دەرئەنجامی تایبەتی بەخۆوە دەبینێت و لە شوێنەکانی تر جیاواز دەبێت. بۆیە راستنییە چارەسەری داتاشتراو لە وڵاتێکەوە هاوردەبکرێت بۆ وڵاتێکی تر، بە مەبەستی زاڵبون بەسەر کۆسپ و ڕێگە خۆشکردن بۆ گەشەکردن تیایدا. هەر وڵاتە خاسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، بەپێیی ئەوانە ئەبێ پلانی گەشەکردن و چاکسازی تیایاندا دابڕێژرێ.

## پوختەی ڕێبازی تایبەتی ئەوروپا و خاسڵەتەکانی کەپیتالزم

لە دوای هەرەسهێنانی بەشی رۆژئاوای ئیمپراتۆرێتی رۆما، دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێکی زەبەلاحی نوێ دروست نەبوو، بەڵکو بەشی زۆری ئەوروپا بەسەر دەوڵەت و وردە دەوڵەتی لاوازدا دابەشبوو، کە توانای شەڕی گەورە و بەرفراوانکردنی زۆری سنوورەکانیان نەبوو. بەهۆی مانەوەی ئیمپراتۆرێتی بێزەنتیەوە بۆ نزیکەی ٩٠٠ ساڵی تر، دوای کەوتنی بەشی رۆژئاوای ئیمپراتۆرێتەکە، بە هەمان شێوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوروپا نەبووە مەیدانی هاتن و بەهێزبوونی کۆمەڵگەی خێڵەکی. ئەم زەمینەیە نیمچە سەقامگیرییەکی لە کیشوەرەکەدا دروستکرد و دەرفەتی مانەوەی چەندین دەوڵەتی بچووک و ناوچەی فیوداڵی نیمچە سەربەخۆی تیادا پەیدابوو.
ئەو زەمینەیە، دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابوری سێ چوکڵەیی لێکەوتەوە. پاشا و دەسەڵاتی ناوەندی لاواز، دەسەڵاتێکی ئایینی بەهێز و هەروەها چەندین ناوچەی سەربەخوی فیوداڵی لە رووی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەوانە بەرژەوەندی جیاوازیان هەبوو، بەڵام پێویستییان بە مانەوەی یەکتری بوو، هیچیان بەتەنها کاریان بۆ نەدەچووە سەر. پێویستبوون بە یەکتر و لەهەمان کاتدا بەرژەوەندی جیاواز، وایکرد پاشا و دەستەبژێری سەرەوە نەتوانێ تاکڕەوانە بەردەوام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕیاری هەموو شتێک بدات، ئەمە دەرفەتی بەشداریکردنی چەند لایەنێکی دروستکرد لە بڕیارداندا، کە فەریکە پەرلەمانێکی لێدروست بوو. ئەو فەریکە پەرلەمانە، دەرفەتێک بوو بۆ چینوتوێژە نوێیەکانی دواتر، کە لە ڕێگەیەوە هەوڵی بەشداریکردن بدەن لە بڕیارداندا.

کۆمەڵگەی فیوداڵی سروشتێکی قوفڵدراو و نەخوڵقێنەری هەبوو، هێز و چین و پێکهاتەکانی نە خۆبەخۆ توانای چاکسازی و گەشەکردنیان هەبوو نە ئەوانەیان بە بەرژەوەندی خۆیانیان دەزانی. ئەوەی گۆڕانکاری دروستکرد، بوژاندنەوەی بازرگانی دەرەکی و پیشەسازیی سەرەتایی بوو لە پاڵ سیستەمەکەدا، نەکو لە ناوجەرگەیدا. ئەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی خوڵقاند چینوتوێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی فیوداڵی نەبوو، بەڵکو ئەو چینوتوێژ و هێزە نوێیانە بوو، کە لە شارە بازرگانییە سەرەتاییەکاندا دروست بوون.

ئەو گۆڕانکاری و چاکسازی و گەشەکردنانە سەدان ساڵیان خایاند، ئەوانە لە ڕێگەی سازان و دانیشتن و دەمە تەقێوە دروست نەبوون، بەڵکو لە ڕێگەی ململانێیەکی توندوتیژ و درێژخایەنەوە ڕوویاندا. ئەو سیستەمە نوێیە لەڕێگەی بڕیاردانی هەندێ فەیلەسوف و قەشە و پیاوانی زاناوە دانەنرا، بەڵکو لە ڕێگەی گۆڕانی هەنگاو بەهەنگاوی بنەماکانی کۆمەڵگەکەوە بوو.

گۆڕان لە سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری سنووورداری تاکڕەوی توندڕەو بۆ سیستمێکی بەرفراوانتر و پلورالیزمتر پێویستی بە بوونی چینوتوێژ و هێزی نوێ بوو، کە لە لایەکەوە گۆڕانکاری و چاکسازی و گەشەکردن لە بەرژەوەندیاندا بوو، لە لایەکی ترەوە توانایان پەیداکرد، کە ئەو گۆڕانکارییانە بکەن. لە هەمانکاتدا ئەوانە بەهۆی ململانێی نێوان توێژەکانی دەستەبژێری دەسەڵاتدارەوە، دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیارە سیاسی و ئابورییەکاندا بۆ پەیدابوو. بە سود وەرگرتن لە فاکتەر و ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکانی تر زەمینەیەکی لەبار دروستبوو بۆ بەردەوام بوونی هەنگاو بە هەنگاوی ئەو پرۆسەیە.

خاسڵەتەکانی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری کەپیتاڵیستی، کەپیتاڵیزم، دوو فاقە لە لایەکەوە سیستمێکی بەرفراوانتر و ڕێگە خۆشکەرتربوو بۆ گەشەکردن، لە لایەکی ترەوە نایەکسانی بنبڕ نەکرد و هێزەکانی مەیلی توندڕەوی و تاکڕەوییان هەبوو.

لە کاتێکدا سامان و پارە لە سیستەمەکانی پێشودا بە پلەی یەکەم بۆ خۆشگوزاری دەستەبژێریەکی دیاری کراو و دروستکردنی کۆشک و هەرەم و کەنیسە و مەڵبەندی گەورە بەکاردەهات، کەپیتال لە کەپیتاڵیزمدا بە پلەی یەکەم بۆ بەهێزکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەپیتاڵ خۆی و گەشەپێکردنی بەرهەمهێنان و زیادکردنی شێوازی بەرهەم و هەمە چەشنەیی بەکاردەهێنرا، دروستکردنی ڕێگەوبان و ئامرازی هاتوچۆ و بەستنەوە و نزیککردنەوی ناوچە جیاوازەکان پێکەوە. ئەو ستەمە لە بەرژەوەندیدا بوو، کۆمەڵگە ببوژێتەوە و زانیاری پێشکەوێت و ئاستی تێگەیشتن و توانای خوڵقاندن و داهێنانی ئەندامەکانی کۆمەڵگە بەرزبێتەوە، ئەمە بەردەوامی بۆ گۆڕانکاری و تازەبوونەوەدا کە قبوڵی وەستانی تێدانەبوو. گۆڕانکاری و تازەکردنەوە مەرجی مانەوە و گەشەکردنی سیستەمەکەبوو.

کەپیتاڵیزم تەنها چینی بۆرجوای دروست نەکرد، بەڵکو چینوتوێژی کۆمەڵایەتی نوێی لێکەوتەوە. بەرژەوەندی جیاوازی ئەم چینوتوێژانە و جیاوازی ڕۆڵ و ئەرکیان لە کۆمەڵگەدا، بووە هۆی درسستبوونی ململانێیەکی بێ کۆتایی لەنێوانیاندا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بزوێنەری دینامیکی گۆڕانکاری بەردەوامە لە کۆمەڵگەدا.

بوونی هەمە چەشنەیی و بەهێزی ئەکتەرەکانی و ململانێی بەردوام لە نێوەندیاندا، پلورالیزم و گەشەکردنی نوێی لێپەیدابوو، بۆ نموونە ئازادی ڕادەربڕین و مافی دەنگدان، هەروەها دروستکردنی ڕێکخراوی سیاسی و پیشەیی و مەدەنی، سەربەخۆیی میدیا. نەبوونی ئەم فاکتەرانە، کەپیتاڵیزم توشی ئیفلیجی دەکا و ڕووبەڕووی قەیرانی گەورەی سیاسی و ئابوری و شەڕوشۆڕو ناخۆشی دەکاتەوە. چەندینجار لە مێژووی کۆنی وڵاتانی جیهاندا گەشەکردنی کەپیتالیستی سەرەتایی ڕوویداوە بەڵام لەبەر نەبوونی ئەو فاکتەرانە ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی و ئابوری و شکستهێنان بۆتەوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا دروستبوونی کەپیتاڵیزم، نایەکسانی و ناعەدالەتی لە کۆمەڵگەدا بنبڕ نەکرد، بەڵکو ئەو نایەکسانییە ڕوخساری تازەی بەخۆوەگرت و هەتا ئێستا بە شێوەی جیاواز هەر بەردەوامە. هەڵپەکردن و هەوڵدان بەشوێن زۆرترین قازانجدا یەکێک بوو لە داینەمۆکانی مانەوەی کەپیتاڵیزم. ئەمە لە لایەکەوە داهات و سامان و ئاستی بژێوی و دەسەڵاتی سیاسی و پایەی کۆمەڵایەتی هەندێ توێژی بەرزکردەوە لەچاو ئەوانی تردا، لەلایەکی ترەوە زۆرترین قازانجکردن، کاردانەوەی خراپی زۆربوو لەسەر تیکچوونی سروشت و ژینگەو بواری کۆمەلایەتی و دەروونی خەڵکی.

سیستمی کەپیتالیستی وەک یەک و لەیەک ساتدا لە جیهاندا گەشەی نەکرد. ئەمە بووە دروستبوونی جیاوازی لە نێوان ئاستی گەشەکردنی وڵات و ناوچەکانی جیهاندا. ئەو جیاوازیە لە ئاستی گەشەکردندا نایەکسانی دروستکرد لە ناوەند ئەو وڵات و ناوچانەدا.

کەپیتاڵیست و چین و پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگەش، دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێ مەیلی تاکڕەویی دەکەن. بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خۆیان دەپارێزن و هەوڵی پێشێلکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرژەوەنـدی و کەمکردنــەوە دەســەڵاتی چیـن و پێکهاتەکانــی تــردەدەن. فـرە چەشــنی دینامیکـی کۆمەڵگەیـە و مەرجێکـی گرنگـە لـە ڕێگرتـن لـە مۆنۆپۆڵکـردن و چەوسـاندنەوە. لـەو شـوێنانەی کـە ئـەم باڵانسـە تێکدەچـت، کەپیتاڵیسـتەکان بەهـۆی توانـاو شـارەزایی و پێگـەی بەهیـزی کۆمەڵایەتیانـەوە، ئـەو هەلـە دەقۆزنـەوە و هەوڵـدەدەن بـۆ سـوود و بەرژەوەنـدی خۆیـان بـەکاری بهێنـن.

مەبەسـت لـەم بەشـەی ئـەم کتێبـە لێکۆڵینـەوەی ڕێبـازی تایبەتـی ئەوروپـا و ئـەو فاکتەرە بنچینەییانــە بــوو کــە ڕێــگای بــۆ ســەرکەوتنی ئــەو ڕێبــازە و گەشــەکردنی ئەوروپـا خۆشـکرد، هەروەهـا خاسـڵەتە تایبەتەکانـی کەپیتاڵیـزم. لـە بەشـەکانی تـری ئـەم کتێـب و لێکۆڵینەوەیــەدا دەگەڕێینــەوە ســەر ڕۆڵ و خاســڵەت و بڵاوبوونــەوەی کەپیتاڵیــزم و کاردانــەوەی لەســەر جیهــان و بەتایبەتــی خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەندی سێیەم

# بۆچی ڕێبازی تایبەتیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نەبووە زەمینەیەکی گونجاو بۆ پێشکەوتن؟

(٦٠٠–١٨٠٠ز. )

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## (١) ڕێبازی تایبەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

لەسەدەکانی یەکەمی زایینیدا، هەر دوو دەوڵەتی زلهێزی رۆمای ئەوروپا و ساسانییەکان لەناوەرۆکدا وەک یەک وابوون، ناڕەزایی و ململانێی ناوخۆ لە ناویاندا بەردەوام بوو. پێکهاتە و چینوتوێژە لاوازەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بێزاربوون لەو بارە نالەبار و ناخۆشەی کە تیایدا دەژیان، زۆربەی پیاو سالارانی پێکهاتەی ناوچەکان و سەرلەشکر و دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەت دەیانویست موڵک و دەسەڵات و داهاتی خۆجێیی خۆیان بەهێزکەن و سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبێنن. سەرەڕای ئەمەش، ساسانییەکان و دەوڵەتانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی رۆما لەگەڵ یەکدا لە شەڕ و ململانێی درێژخایاندا بوون، کە تەواو لاواز و ماندووی کردبوون. پاش داڕمانی ئیمپراتۆریەتی رۆژئاوای رۆما لە سەدەی پێنجدا، نزیکەی دوو سەدە دەوڵەتی ساسانی مایەوە و شەڕ و شۆڕیان لەگەڵ بێزەنتییەکاندا بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەردەوامبوو.

مانەوەی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ خاسڵەتە تایبەتییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. یەکێک لەو خاسڵەتە گرنگانە، ڕۆڵی دەوڵەت و بەهێزی دەسەڵاتی ناوەندی بوو، هەروەها دەسەڵاتی شارەکان بوو بەسەر لادێکاندا. لەهەندێ ناوچەدا سیستەمی ئاودانییش ڕۆڵی دەوڵەتی لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا بەهێزتر کردبوو. ئەمانە بۆ ماوەیەک تەمەنی ئەو دەوڵەتەی درێژکرد، بەڵام پێش دەستپێکردنی فەتحی ئیسلامی لە سەرەتای سەدەی حەوتدا، دەوڵەتی ساسانی تەواو شکستی هێنابوو. ئەگەر فەتحی ئیسلامیش نەبوایە ساسانییەکان هەر دەکەوتن.

ئەگەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە شێوازی ئەوروپا نیمچە سەقامگیرییەکی تێدا بووایە و گۆڕانکاریی هێمن و لە سەرخۆی تیا درووستبووایە، دەوڵەتی ساسانییش هەر وەکو دەوڵەتی رۆما خۆبەخۆ دەکەوت و ناوچەکە بەسەر چەندین دەوڵەت و میرنشین و ناوچەی نیمچە سەربەخۆی فیوداڵدا دابەشدەبوو. ئەگەر بەم جۆرە بووایە، رەنگە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش هەمان ریبازی ئەوروپای بگرتایە و فیوداڵیزم تیایدا جێگیر بووایە. بەڵام پرۆسەکە لێرە بەهۆی چەند فاکتەرێکی گرنگەوە ڕێڕەوێکی جیاوازی گرتەبەر.

بە پێچەوانەی دەوڵەتی رۆژئاوای رۆماوە، دەوڵەتی ساسانی خۆی هێمنانە دانەڕما و پارچە پارچە نەبوو، بەڵکو دەوڵەتێکی زلهێزی نوێی لێ ڕاستبۆوە، کە ئەویش دەوڵەتی خەلافەتی راشدین بوو. ئەم دەوڵەتە نوێیە، توانی بەهۆی ئەو زەمینەیەوە، ساسانییەکان بە ئاسانی بشکێنێ و دەست بەسەر ناوچەکانیدا بگرێت. لەبەرئەوە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابەش نەبوو بەسەر چەندین دەوڵەتی لاوازی بچووکدا، بەڵکو دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێزی نوێ تیایدا درووست بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لەکۆنەوە خێڵە سامی و هیندو ئەوروپییەکان چاویان بڕیبووە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ڕوویان تێکردبوو. ئەوان جێگەی خۆیانی تێداکردەوە و تیایدا جێنشین بوون و تێکەڵاوی خەڵکە ڕەسەنەکەی بوون. بەهۆی ئاست بەرزیی گەشەکردنی شارستانی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەهێزیی دەسەڵاتی ناوەندی، لەکۆندا ڕێگربوون لە کۆنترۆلکردنی ناوچەکە لەلایەن هاتنی شاڵاوی شەپۆلە خێڵەکییەکانەوە. هەروەها نەبوونی ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئەو خێڵانەدا، وایکردبوو کە ئەوانە نەتوانن خۆیان یەکخەن و کۆنترۆڵی ناوچەکە بکەن و دەوڵەتی خێڵەکی لە ناوچەکەدا بونیاد بنێن، بەڵکو بە شێوازێک لەژێر چەتری ئەو دەوڵەتانەدا دەگوزەران و بوون بە بەشێک لە سیستمی ئەو شارستانییەتە کۆنانە و لە باشترین ئەگەردا دەستیان بەسەر سیستمەکانیاندا دەگرت. یان لە هەندێک شوێندا پەناگیردەبوون و هەوڵی پارێزگاریکردنی خۆیان دەدا، بێ ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەر لە ناوچەکەدا ببین. نموونەی ئەوانە خێڵە هیندۆ ئەوروپییەکانی چیاکانی کوردستان و ئیکخانییەکان و بەدەویەکانی عەرەب، کە لە بیابانەکاندا دەژیان. (هەڵبەتە لە بەندی یەکەمدا بە درێژی لەسەر ئەم باسە ڕۆیشتین).

خێڵە عەرەبەکان، بەرەچەڵەک سامی بوون و خەڵکی ڕەسەنی نیوە دورگەی عەرەبستان بوون. ئەو ناوچانە لە ژێر کۆنترۆڵی تەواوی شارستانییەتە کۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبوون. ڕەنگە هۆکاری ئەوە بۆ ئەو بیابانە گەورەکەی نێوانیان، یان بێ بایاخی و بێ پیتی ناوچەکە لای دەوڵەت و شارستانیەکان بگەڕێتەوە.

لە سەردەمی ساسانییەکاندا، ئەو خێڵانە سەربەخۆیی خۆیان لەو دەوڵەتە زلهێزە پاراست بوو. لەگەڵ لاوازبوونی ئەو دەوڵەتەدا، ئەو خێڵانە بوونە هەڕەشە لەسەری و هەر دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتبێ پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەکەیاندەدا و کاروانە بازرگانییەکانیان تاڵان دەکردن «٧٦ ل ٣٨».

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بە پێچەوانەی ئەوروپاوە، سەرچاوە و مەڵبەندی پەیدابوونی ئایینە ئاسمانییەکان بوو. لەم ناوچەیەوە ئەو ئایینانە بۆ ئەوروپا و دوواتر بۆ بەشەکانی تری جیهان بڵاوبوونەتەوە. ئەم خاسڵەتە گرنگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زەمینەی گونجاوی هەبوو بۆ سەرلەنوێ دروستبوونی ئایینی نوێ تیایدا، کە بتوانێ بەهێزبێت و بڵاوبێتەوە و لەگەڵ باری نوێ و بنەمای کۆمەڵایەتی جیاوازدا خۆی بگونجێنێ.

ئەو خێڵە جەرمانی و سلاڤییانەی، کە کۆن ڕوویان لە ئەوروپا کردووە، وەکو پێشتر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، پۆل پۆل هاتبوون و هەر پۆلە ڕوویان لە ناوچەیەک یان وڵاتێک کردبوو، لەگەڵ سیستمی کۆمەڵگەکان توابوونەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئاوێتەببوون. «بەندی ٢».

ئەمانە ئایدۆلۆژیایەک، یان ئایینێک یەکی نەخستبوون، کە بە لێشاو روو لەو ناوچانە بکەن. بەڵام ئەم جارەیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە پێچەوانەی کۆنەوە، ئەو خێڵە عەرەبانە وەکو هێزێکی یەکگرتووی خاوەن ئایدۆلۆژییایەکی هاوبەش پەیدابوون و بەهێرشکردن و شەڕ، بەناوی غەزا و راگەیاندنی دینەوە یەکاویەک دەستیانگرت بەسەر هەموو ناوچەکەدا.

ململانێی درێژخایان لە نێوان سیستمی کۆنی بەڕێوەبردنی شارستانییەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سیستمی خێڵەکی، هەمیشە هەتا فەتحی ئیسلام بەسودی شارستانییەتە کۆنەکان شکابۆوە، بەڵام فەتحی ئیسلامی ئەو باڵانسەی تێکدا و بە سودی سیستمی خێڵایەتی و سەرکەوتنی شکایەوە.

سەرکەوتنی سیستمی خێڵەکی، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بووە هۆکاری ئەوەی لێرە رێبازێکی جیاوازتر لە ئەوروپا بگیرێتەبەر. لە کاتێکدا رێبازی ئەوروپا فیوداڵیزمی لێکەوتەوە، کە بەبوونی چەندین فاکتەری جیاواز، زەمینەیەکی لەباری بۆ درووستبوو بۆ گۆڕانکاری و گەشەکردنی زیاتر، بەپێچەوانەوە رێبازی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست فیوداڵی خێڵەکی لێکەوتەوە، کە زەمینیەکی نا گونجاوتری بۆ گۆڕانکاری تیادا پەیدابوو.

لەم بەندەدا، باسی ئەو فاکتەر و هۆکارانە دەکەین، کە بوونە هۆی بەهێزبوون و زاڵبوون و بەردەوامیی ئەم سیستمە بۆ ماوەی نزیکەی سیانزە سەدە. باسی بنەما و خاسڵەتەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکی دەکەین، باسی چۆنیەتی گواستنەوەی کۆمەڵگەی خێڵەکی بۆ فیوداڵی خێڵەکی دەکەین. باسی خاسڵەتە تایبەتی و بنەما ئابوری و سیاسییەکانی فیوداڵی خێڵایەتی دەکەین. هەوڵ دەدەین ئەو فاکتەرە بنچینەییانە بدۆزینەوە، کە ڕێگربوون لە گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکەدا و هەروەها بەراوردی ئەو سیستمە دەکەین لەگەڵ فیوداڵیزمی ئەوروپادا.

زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لەسەر سیستمی خێڵەکی و خاسڵەتەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، هەروەها کاردانەوە و پاشماوەکانی هەتا ئێستا زۆر بە وردی نەکراوە و تەنها وەکو دیاردەیەک یان خاسڵەتێکی نێگەتیڤ و بچووک باسکراوە، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەکو سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری باسی دەکەین.

سیستمی فیوداڵیزمی ئەوروپا و سیستمی فیوداڵی خێڵەکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دوو رێبازی کۆمەڵایەتی گرنگن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە گرنگە وەک یەک سەیربکرێن و هەڵسەنگێنرێن و لێکۆڵینەوەی ورد لە خاسڵەت و ڕۆڵیان لە گۆڕانکاریدا بکرێت. بێ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنێکی وا، زەحمەتە لە ئێستای کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی ناوڕاست و خاسڵتەکانی بگەین و ئەو فاکتەرە بنچینەییانە دەستنیشانکەین، کە دەبنە هۆی پێشکەوتن یاخود دوواکەوتنی ناوچەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چۆن و بۆچی ڕێبازی فیودالّی خێڵەکی زاڵ بوو؟

نیوەدوورگەی عەرەب، هەر لە کۆنەوە بە شێوەیەکی سەرەکی جێگەی نیشتەجێبوونی خێڵە عەرەبەکان بوو. ئەوانە لەگەڵ ئەوەی لەو ناوچانەدا نیمچە سەربەخۆیی خۆیان هەبوو، بەلام پێش دروستبوونی دەوڵەتی خەلافەتی راشدین، نەیاتوانی بوو یەکگرن و دەوڵەتێک، یان دەسەڵاتێکی هاوبەش بونیادبنێن.

ئەو خێڵانە هەمیشە لەگەڵ یەکدا لە ململانێدا بوون و زۆربەیجار ناکۆکیەکانیان لە ڕێگەی شەڕ و کوشتار و سەرکوتکردن و داگیرکردنی ناوچە و تالانکردنی یەکتری چارەسەرکردووە. نە هیچیان هێندە بەهێزبوون، کە بتوانن کۆنترۆڵی تەواوی ئەوانی تر بکەن و دەوڵەتێکی ناوەندیی سەرانسەری دامەزرێنن، نە عورف و نەریتی دیموکراتیان هەبوو، کە بتوانن شورایەک، یان دەستەیەک لەناو خۆیاندا هەڵبژێرن و دەسەڵاتێکی هاوبەش دروستکەن «١١٣ ل٣٠».

لەکاتی هەڕەشەی دەرەکی بۆ سەریان، یان بە پەلاماردان و تالانکردنی دەوروپشتیان، جاری وا هەبووە هەندێک لەو خێڵانە بۆ ماوەیەکی کورت هاریکاریان لەگەڵ یەک کردووە، بەلام دواتر دیسان گەڕاونەتەوە سەر هەمان ڕێبازی جارانی خۆیان.

خێڵە گەورەکان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان هەبووە، کە تیایدا هۆز و تیرەکانیان نیشتەجێ بوون. هەندێ لەمانە کۆنترۆڵی خێلی بچووکتر و دانیشتوانی ناخێڵەکیان کردبوو. چەندین ئەمارەتی بچوک هەبوو، کە هەر یەکەی ناوچەیەکی بچوکی لەژێر دەسەڵاتدا بوو. قوڕەیش یەکێک بوو لە خێڵە گەورە و بەهێزەکانی نیوەدورگەی عەرەب و شاری مەکە و بەشی زۆری ناوچەی حیجاز لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بوو «١١٣ ل٧٠،٣٣».

لەسەرەتای سەدەی حەوتەمدا، شاری مەکە و حیجاز سەنتەرێکی گرنگی بازرگانی بوو لە ناوچەکەدا. لەوێ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان شام و ساسانی و بیزەنتێکان لەلایەک و حەبەشە (وڵاتی ئەسیوبیای ئێستا) و یەمەن لەلایەکی ترەوە کراوە. سەرەڕای ئاڵوگۆڕی بەرهەمی جیاواز، لەو بازرگانییەدا کڕین و فرۆشتنی کۆیلە و جاریە کراوە. کۆیلە لە ئەفەریقاوە هاوردەکراون و جاریە لە شەڕ و تالانی ناوخۆدا دەستگیرکراون. هەندێکیان لە حیجاز فرۆشراون و ئەوانی تر ڕەوانەی بازاڕەکانی دەوڵەتی ساسانی و بیزەنتی کراون. نەریتی زیندە بەچاڵکردنی منداڵی مێیینە (وئد البنات) لەناو دانیشتوانی بێ دەسەڵاتی حیجازدا، لە ترسی ئەوەبووە، کچەکانیان بکرێن بە جاریە و لەو بازاڕانەدا بفرۆشرێن «١١٠ ل١٤٣».

لە هەمانکاتدا، مەککە گرنگترین سەنتەری ئایینی نیوەدورگەکە بوو. کەعبە لە شاری مەککە هەر لە پێش ئیسلامەوە بە ماڵی خودا ناسرا بوو. خودا (بتەکان) گەورەکانی ئەو خێڵانەی تییدا خڕکراوەتەوە. سەرەڕای بتەکان بەشێک لە خەڵکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیجاز، بڕوایان وابووە مەککە مەڵبەندی پەیدابوونی ئایینی ئیبراهیم بووە. هەر پێش ئیسلامیش خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ حەجکردن و زیارەت ڕوویان تێکردووە و داهاتی ئەوە بۆتە سەرچاوەیەکی باشی ئابوری دەستەبژێری دەسەڵاتداری خێڵی قورەیش «**١١٣ ل٩١**».

**- خاسڵەتەکانی کۆمەڵگەی خێڵەکی**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، چەند جارێک چەند وشەیەک دووبارە دەبێتەوە، لەوانە خێڵ، خێڵەکی و فیوداڵی خێڵەکی. بێگومان چۆن جیاوازی هەبوو لەنێوان ناوچە و وڵات و یەکە فیوداڵە جیاوازەکانی ئەوروپادا، بە هەمان شێوە جیاوازی هەبووە لە نێوان خێڵەکانی میللەت و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشدا، ئیتر ئەگەر ئەوانە کورد، عەرەب یان تورک بووبن. لەگەڵ بوونی ئەو جیاوازیانەشدا، خاسڵەت و بنەمای بنچینەیی هاوبەشیان هەبوو.

خێڵ بەشێوەیەکی گشتی، یەکەیەکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە. بنەما و شێوازی ڕێکخستنی ئەو خێڵانە بۆ بەجێهێنانی ئەرکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی پێی دەڵێن خێڵەکی، یاخود سیستمی خێڵەکی. خێڵ هەوێن و مۆدێلێکی بچووک و کەرەسەی دروستبوونی دەوڵەتی خێڵەکی بوو. خێڵ لەسەر بنەمای خزمایەتی و خوێن و ناوچە و فەرهەنگ و زمانی زگماکی هاوبەش دروست بووە. کۆمەڵگەیەکی داخراو بوو، تێکەڵاوی زۆر و هاوسەریەتیان لەگەڵ خێڵی تردا نەکردووە. ئەمانە لە ناوچەیەکی تایبەتی خۆیاندا ژیاون «**١١٣ ل٤٨٤**».

سنووری ناوچەکە، بەپێی بەهێزبوون و لاوازبوونی خێڵەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەوان بەسەر چەندین هۆز و تیرە و بنەماڵەدا دابەش دەبوون، کە هەر هەموویان بەشێک بوون لە خێڵەکە و ملکەچی بوون. گەورەترین و بەهێزترین و بەتواناترین نێرینەی بەهێزترین بنەماڵە لە بەهێزترین و گەورەترین هۆز، سەرکردەی خێڵەکە بوو «**٩٥ل٦٣**».

بەپێی عورفی خێڵەکی، ئەرکی سەرۆک خێڵ سەرکردایەتیکردن و یەکخستن و پارێزگاریکردنی خێڵ و پێکهاتە و ئەندامەکانی بوو. لەبەرامبەردا دەبوایە ئەندام و پێکهاتەکانی خێڵ ملکەچ و گوێڕایەڵی ئەو بوونایە. بەپێی ئەو پرنسیپە، بەرەنگاربوونەوە و گوێڕایەڵ نەبوون بۆ سەرۆک خێڵ، خیانەتکردن بوو لە هەموو خێڵەکە «**٨٥ ل١٩٠\ ١١٣ ل٤٨٤**».

بەرژەوەندی هاوبەشی ئابوری پێکەوەی بەستبوونەوە، کە خۆی لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و مەڕوماڵات بەخێوکردن و جاری وا هەبووە بازرگانی و کاروانچێتی بینیوەتەوە. سەرەڕای ئەوە تاڵانی سەرچاوەیەکی تری داهاتی هاوبەش بوو لە نێوانیاندا. بەپێی چالاکاییە ئابوریەکانیان، خێل یان نیشتەجێ بوون یان رەوەند و نیمچە رەوەند بوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشتەجێ بووەکانیان بە پلەی یەکەم خەریکی کشتوکاڵ بوون. ڕەوەند لە لەوەڕگەکانیاندا لەسەر ئاژەڵ بەخێوکردن و بەروبوومی ئاژەڵ ژیاون. هەندێ خێڵیش هەبوو خەریکی ئەمانە نەبوون، بەڵکو لەسەر ڕاوەڕووت و تاڵانی ژیاون. ڕەوەندەکان لەناو میللەتەکاندا پێکهاتەی تایبەتیان لێ دروستبووە، لە ناو کوردا ڕەوەند، لەناو تورکدا تورکمان و لەناو عەرەبدا بەدو «**١١٠ ل١٥٧**».

لە سیستمی خێڵەکیدا، زەویوزار و مەڕوماڵات و لەوەڕگەکان بە شێوەیەکی گشتی موڵکایەتی هاوبەشی هەموو خێڵەکە بوون. هیچ کەسێک بەپێی عورفی خێڵەکی موڵکی تایبەتی خۆی نەبوو. بە واتایەکی تر کۆمەڵگەی خێڵەکی لەسەر بنەمای موڵکایەتی بەسەر چین و توێژی جیاوازدا دابەش نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خێڵ بەپێی بنەماڵە، داهاتی ئابوری، پایەی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵ و دەسەڵات و ئازایەتی، وەلا و خزمایەتی بۆ سەرۆک، دابەشبوون بەسەر چینوتوێژ و پێکهاتەدا «**٨٥ ل٩٤**».

سەرەک خێڵ و بنەماڵەکەی و خەڵکانی دەسەڵاتداری هۆز و تیرەکان و سەرکردە جەنگەوەرەکانیان دەستەبژێری خێڵەکەیان پێکهێناوە. ڕاستە ئەمانە موڵکایەتی تایبەتیان نەبووە، بەڵام بەهۆی ڕۆڵیان لە ڕێکخستن و سەرکردایەتیکردن و پاراستنی خێڵەکەدا، مافی تەسەروف کردنیان بە زەویوزار و مەڕوماڵات و سەچاوەی ئاو و داهاتی تاڵان کراوەوە هەبووە. لە بەرامبەردا هەموو ئەندامانی خێڵ بەناوی دیاری و خەڵات و وەلا پیشاندان و سوپاس کردنیانەوە، بەشێک لە داهاتی ساڵانەیان لە کاتی جەژن و سەرداندا لەباتی باج و ڕسومات پێشکەشی ئەو دەستەبژێرە و بەتایبەتی سەرۆک خێڵ کردووە. سەرەڕای ئەوە، ئەرکی کاروباری کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردن و خزمەتکاریکردنی ئەو توێژە دەسەڵاتدارەیان لە ئەستۆدا بووە «**١١٣ ل٤٨٦**».

لە بەرامبەردا سەرۆک تەسەروفی بە موڵک و سامانی خێلەکە کردووە و بەپێی وەلا و خزمایەتی و ئازایەتی ئەندامەکانی زەویوزاری پێ سپاردون و بەشێک لە داهاتی تاڵانی پێداون. بەپێی ئەوە، بنەماڵە و پێکهاتە و ئەندامەکانی خێڵەکە پلەی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و ژیانی ئابوری جیاوازیان هەبووە. هەتا وەلایان زیاتر بووبێ بۆ سەرۆک و ئازاتر و خاوەن ڕەچەڵەکی ناسراو و ڕەسەن تر بوونایە، سەرۆک و دەستەبژێری دەسەڵاتدار زیاتری پێ بەخشیون.

زۆربەیجار دانانی سەرەک خێڵ گرفت و ناکۆکی خستۆتە ناو خێڵەکەوە. سەرۆکایەتی خێل پشتاوپشت بۆ بە تەمەنترین کوڕی بنەماڵەی سەرەک خێڵ نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئازایەتی و چالاکی و بنەماڵە دادەنرا. هەروەها بەهۆی ململانێی بەردەوامی هۆز و پیاوساڵارانی بۆ سەرکردایەتیکردنی خێڵەکە، هەمیشە بەربەرەکانی و کوشتن و خیانەتکردن لە نێوان کاندید و بنەماڵە جیاوازەکاندا باوبووە و بۆتە شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆ و لەیەک پچڕاندن و دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی خێڵەکەدا «**٨٥ ل١٣٧**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەک خێڵ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پێویستی بە خەڵکی چالاک و جەنگاوەر بوو. بۆ ڕێکخستنی کاروباری سیاسی کۆمەڵگەکە و پەیوەندی لەگەڵ خێڵەکانی تر ئەوانەی چالاک و قسەزان بوون و خەڵکی گوێڕایەڵیان، ئەو ئەرکانەیان پێ سپێردراوە. ئازا و جەنگاوەرەکان سەرکردەی سەربازی و هێزی چەکداری خێڵ بوون. ئەمانە هیچیان مافی بڕیاردانیان لە خێڵەکەدا نەبووە، بەڵکو کاربەڕێوەبەری سەرەک خێڵ بوون. ئەندامە نێرینەکانی تری خێل لە پێناوی سەرۆک و خێڵدا، بەشداریان لە شەڕی ناوخۆ و دەرەکیدا کردووە و هەمیشە ئامادەی خۆفیداکاری بوون لەو ڕێبازەدا. ئەوانە ئەندامانی خێزان و بنەماڵە و خێڵ و ناوچە وموڵک و ماڵیان بە خوێن پاڕاستراوە. ئەندامی خێڵ ئازادبوون و وەکو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە و بەدەستی خێڵەکەی خۆیان نەکراون و نەفرۆشراون. ململانێ و ناکۆکی لە نێوانی تاک و بنەماڵە و تیرەکانی خێڵدا، سەرۆک خێڵ چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە. خێڵ و ئینتما بۆ خێڵ گرنگترین پرنسیب بوون لە ژیانیاندا و بێ ئەوە تاک هیچ سەنگێکی نەبووە. بەهۆی گرنگی خێڵ و ڕۆڵی سەرۆک تیایدا، دەسەڵاتی سەرۆک خێڵ سروشتێکی ڕەهای بەخۆوە بینیوە، بەواتایەکی تر، کەس نەبووە قسە لە قسەیدا بکات «٧٦ ل١٦\ ١١٣ل ٤٩٨».

لەبەر نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان ئەندام و پێکهاتەی خێڵدا، چارەسەرکردنی گرفت و قەیران و بڕیاردان لە ڕێگەی شورایەکەوە نەبووە، بەڵکو هەموو ئەوانە لە ڕێگەی عورفی خێڵەکیەوە بووە. چارەسەری گرفت و بڕیاردان بەپێی ئەو عورفە، بڕیاری هاوبەشی درێژخایان نەبووە، کە قاڵبێکی یاسایی بەخۆوە بگرێت و دواتر پەیڕەو بکرێت، بەڵکو بڕیاردان و چارەسەرکردنی گرفت بەپێی توانا و ئازایەتی سەرەک خێڵ بووە.

چارەسەرکردنی گرفت و ناکۆکی لە ڕێگەی پێدانی پۆست و دیاری و خەڵاتکردن و دابەشکردنی داهات و دەسەڵات و دابەشکردنی دەسکەوتی تاڵانکردنەوە بووە. لەبەرئەوە، ئەگەر ڕۆژێک سەرۆک لەبەر هەندێ هۆکار ناچاربوایە هەندێ بڕیار بدات، بۆ سبەینی بەپێی گۆڕانی تەرازووی دەسەڵات ئەیتوانی لێیان پەشیمان بێتەوە. بێگومان سەرۆک خێڵ، بەتایبەتی لە کاتی قەیراندا، گوێرایەڵی پیاوانی تری دەستەبژێر و پیوانی ئایینی و ریش سپییەکان بووە، بەڵام ئەوانە تەنها ڕۆڵی راوێژکارییان بووە و بەشدارنەبوون لە بڕیارداندا، بەڵکو سەرۆک خاوەنی دوا بڕیاربووە. بەپێی عورفی خێڵەکی بێتوانایی سەرۆک لە بڕیارداندا بە لاوازی و بێ دەسەڵاتی و نابلیمەتی لە قەڵەم دراوە. سەرۆک ئەو کەسە بووە لایان، کە توانیبێتی بڕیار بدات و بە خۆشی و ناخۆشی خەڵک ناچار بکات گوێرایەڵی بن «٨٥ ل١١٢».

هەڵبەتە جیاوازی هەبووە لە نێوان خێڵەکاندا، لە نێوان ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، خێڵی میللەتێک بۆ میللەتێکی تر، لە نێوان خێڵی بچووکی لاواز و گەورە و بەهێز، سەرۆک خێڵێک بۆ سەرۆک خێڵێکی تر، لە کاتێکەوە بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتێکی تر.

هەتا خێڵەکە گەورەتر و بەهێزتر بووایە، زیاتر لە ململانێ و شەڕوشۆڕدا بووایە، دەسەڵاتی سەرۆک ڕەهاتر بووایە، دەرفەتی ڕاوێژکردن و بەشداریکردنی ژمارەیەکی زیاتر ئەندام لە بڕیاردانیدا کەمتر دەبوو، گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەکەدا زەحمەتر دەبوو.

بە شێوەیەکی گشتی مێینە لەناو خێڵدا لەگەڵ نێرینەدا یەکسان نەبووە، بەڵکو وەکو موڵکێک مامەڵەی لەگەڵ کراوە. ژن کە مێردەکەی مردووە بەمیرات بۆ برای گەورەی بنەماڵەکە ماوەتەوە، ئەگەر بۆ ئەو نەگونجایە نێرینەکانی تر ئەو مافەیان پێدراوە. بەپێی عورفی خێڵەکی مێینە مافی میرات و موڵکایەتی نەبووە، مافی بڕیاردان و هەڵبژاردنی چۆنیەتی ژیان و هاوسەری نەبووە. لەلایەن نێرینەکانی بنەماڵەکەوە بە خوێن پارێزراوە و دەستدرێژکردن بۆ سەری، شکاندنی شەرەفی بنەماڵەکە بووە. هۆکاری ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بنەماڵە و خێڵ لەسەر بنەمای خوێن و ڕەگەز دروست بووە و دەستێوەردان لەوە پەیوەندییەکانی پچڕاندووە. غەریبە بە ئاسانی نەیتوانیوە دەست بۆ ئافرەتیان درێژ بکات، لەبەرئەوەی ئەوانە حسابیان بۆ پیاوی غەریبە نەکردووە، چونکە پشتیان قایم بووە و لەهەمانکاتدا زانیویانە بۆیان نیە بە هەوەسی خۆیان هاوسەرگیری بکەن «**١١٣ ل٥٠٠**».

خێڵ بە مانەوی لە سنووری خۆیدا، بە تێپەربوونی چەندین سەدە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا نەهاتوە و توانا و دەسەڵاتی لە سنوورێکی دیاریکرا و تێنەپەریوە. بەڵام خێڵ تەنها هەوڵی پاراستنی خۆی و ناوچە و بەرژەوەندییەکانی نەداوە، بەڵکو هەمیشە بە دروستبوونی دەرفەت و دەرفەتێکی لەبار، هەوڵیداوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەوروپشتیاندا بسەپێنێ. بەسەرکەوتنیان بەسەر خێڵ و میللەتی تر و داگیرکردنی ناوچەکانیان و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەکانیان، سنووری دەسەڵاتی سیاسی و موڵکایەتی خێڵ و داهاتە ئابوریەکانی گۆڕانی بەسەرداهاتووە. بەو سەرکەوتنە سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی ئەندام و پێکهاتەی خێڵەکەی خۆیان، خەڵکی تر کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتیانەوە، کە پەیوەندی خوێن و خزمایەتی لەگەڵیاندا نەبووە. بەردەوامی لەوەدا و ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەو زەمینە نوێیەدا بنەمای کۆمەڵگەکە و سیستمی بەڕەوەبردنی سیاسی و ئابوری بەر تەسکتر و تاکرەوتری لێ پەیدابووە، کە لێرەدا ناوی دەنێین سیستمی فیوداڵی خێڵەکی. لە دواتری لێکۆڵینەوەکەدا زیاتر خاسڵەتەکانی ئەو سیستمەمان بۆ روون دەبێتەوە.

### - لە خێڵەکیەوە بۆ فیوداڵی خێڵەکی

جولەکە و مەسیحی و ئیسلام، کە سێ ئایینی ئاسمانیی سەرەکین لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە بنەمادا زۆر لە یەکەوە نزیکن و لەسەر هەمان بڕوا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و روانگە دروستبوون و تەواوکەری یەکترین. ئەمە ڕاستیەکە لە ئیسلامدا روون و ئاشکرا باسکراوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیی گرنگ لە رۆڵ و بنەما و چارەسەرەکانیان هەیە، لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا. ئەو جیاوازیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانە لە شوێن و کات و کۆمەڵگەی جیاواز هەڵقوڵاون و خاسڵەتی کۆمەڵگەکەیان پێوە دیارە و ئاوێتەی بوون و بوونەتە بەشێک لێی.

ئایینی جولەکە، زیاتر لە هەزار ساڵ پێش مەسیح لە سەردەمی کۆمەڵگەی کۆیلایەتیدا سەریهەڵداوە، لە هەمانکاتدا سەردەمی بەهێزیی فینیقییەکان (بڕوانە بەندی دووەمی کتێبەکە) و بوژاندنەوەی بازرگانی نێوان ئەوانە و میسر و بەشەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کەنارەکانی دەریای سپی ناوەراست. سەرهەڵدانی ئەم ئایینە لەناو میللەتی بەنی ئیسرائیلدا بوو. ئەو ئایینە لە پێناوی یەکخستن و پارێزگاریکردنی ئەو میللەتەدا بوو، لە بەکۆیلەکردن لەلایەن شارستانییەتە گەورەکانی ناوچەکەوە، لە هەمانکاتدا بۆ بەهێزکردن و ئاسانکاری رۆڵی بازرگانیان بوو. بەنی ئیسرائیل بە رەچەڵەک بەشێکبوو لە شەپۆلی هاتنی خێڵە سامیە عیبرییەکانی نیوەدورگەی عەرەب بۆ ناوچەکانی فەڵەستین و دەوروبەری. لەسەرەتادا سروشتی خێڵەکییان هەبووە و هەندێکیان بەدو بوون و رۆڵیان لە رێکخستنی کاروانی بازرگانیدا هەبووە. ئەو ئایینە لەو کۆمەڵگەیەوە هەڵقوڵا و لە پێناوی پێویستیەکانی دروست بوو، بەو پێیە توانی ئەو میللەتە یەک بخات و ببێتە فاکتەرێک بۆ پێدانی ناسنامەیەکی نەتەوایەتی پێیان و رۆڵی گرنگیان لە بازرگانیدا. لەبەر بەهێزی شارستانییەتە کۆنەکانی ئەوسای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو ئایینە تەنها لەناو بەنی ئیسرائیل مایەوە و نەیتوانی لەناو میللەت و پێکهاتەکانی تری ناوچەکە و دواتر جیهانیشدا بڵاوبێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ رووەوە کاردانەوی لەسەر هەموو جیهان هەبووە و بۆتە بناغەیەک بۆ مەسیحی و ئیسلام «١١٠ ل١٢٨».

ئایینی مەسیحی، لە سەردەمی دەوڵەتەکانی رۆما و ساسانیدا هەڵقوڵا، سەردەمێک، کە چەوساندنەوەی کۆیلایەتی لەوپەڕیدا بوو، سەردەمێک کە ئەو دەوڵەتە زلهێزانە کۆنترۆڵی هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەشی زۆری ئەوروپایان کردبوو. لەبەر بوونی دەوڵەتی زلهێز لەو سەردەمەدا و بەستنەوەی ناوچەی فراوان پێکەوە، ئەو ئایینە بەشێوەی ئایینی جولەکە ناسنامەیەکی نەتەوایەتی، یان ناوچەیی بەخۆوە نەبینی. بەهۆی زوڵمی زۆرەوە لەسەر کۆیلەکان و شەڕوشۆڕی بەردەوام و بێزاربوونی پێکهاتە و دەسەڵاتدارانی ناوچە جیاوازەکان، هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتەکاندا لە تێکچون و لەیەکترازاندا بوو. ئەو کۆمەڵگەیانە پێویستییان بە ئاشتبوونەوە و جۆرە عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی و هاوسەنگێکی نوێ بوو. ئەو ئایینە لە ناوجەرگی ئەو کۆمەڵگەیەدا دروست بوو، وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ پێویستیەکانی کۆمەڵگە و خاوکردنەوەی ململانێیە ناوخۆکان. ئەو ئایینە مەبەست و توانای لەناوبردنی سیستمی کۆیلایەتی نەبوو، بەڵکو هەوڵی چاکسازی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیستەمەکەدا و هەوڵدانی ڕازیکردنی چەوساوەکان بوو، بەو سیستەمەی کە تیایدا دەژیان ( ئەگەر یەکێ شەقازلەیەکی لە رومەتێکتدا، رومەتەکەی تری بخەرە بەردەست). بەڵام دواتر لە پرۆسەی داڕمانی دەوڵەتی رۆمادا، ئەو ئایینە بوو بە پشتیوان و بەشێک لە سیستەمی نوێی فیوداڵیزم لە ئەوروپا و ئاوێتەبوون لەگەڵی و پارێزگاریکردنی بنەما و دەسەڵاتدارەکان «بەندی٢».

لەگەڵ ئەوەی ئەوروپا بەسەر چەندین دەوڵەتی فیوداڵی بچووکدا دابەشبوو، ئەو ئایینە بۆ چەند سەدەیەک بوو بە ئایدۆلۆژیای هاوبەش و تا رادەیەک فاکتەرێک بۆ یەکخستنی وڵات و دەوڵەت و ناوچەکانی ئەو کیشوەرە.

بە پێچەوانەی ئایینی جولەکە و مەسیحییەوە، ئایینی ئیسلام لەسەدەی حەوتی زاینیدا لە ناوجەرگەی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیدا دروستبوو، لە کاتێکدا هەڵقوڵا، کە دەوڵەتی ساسانی لە حوکمرانی و چارەسەرکردنی قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئایدۆلوژیدا شکستی هێنابوو، دەوڵەتی رۆما کەوتبوو و بێزەنتی وەکو ساسانیەکان لاوازبوو.

لە زەمینەیەکدا پەیدابوو، کە ململانێی ئایدۆلوژی لە نیوەدەرگەی عەرەب لە نێوان ئایینی جولەکە و ئایینە خۆماڵییەکانی خێڵە عەرەبەکان و مەسیحی لەوپەڕیدا بوو. بەهۆی کەوتنی ئیمپراتۆریەتی رۆمای رۆژئاواوە، ئایینی مەسیحی بە شکستخواردوو دەبینرا. ئایینی زەردەشتی و ئایینەکانی تری ساسانیەکان ڕۆڵیان لاواز بوو لە کۆمەڵگەدا. ئایینی بت پەرستنی خۆماڵی نیوەدورگەی عەرەب شکستی هێنابوو، لە یەکخستنی خێڵەکان و چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان، ئەو ئایینانە لە توانایدا نەبوو کۆمەڵگە خێڵەکییەکە یەک بخەن و گۆڕانکاری تێدا بکەن.

وەکو چۆن شکستهێنان و لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی رۆما، زەمینەی بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتە خۆجێیەکانی ئەوروپا خۆشکرد، بە هەمان شێوە لاوازبوونی ئیمپراتۆریەتی ساسانییش، کەم یان زۆر زەمینەی بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتە خۆجێییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خۆشکرد. یەکێ لەو ناوچانە حیجازی نیوەدەرگەی عەرەب بوو. دەوڵەتی ساسانی چیتر وەکو جاران لە توانایدا نەمابوو کۆنترۆڵی ناوچەکان بکات و پێکهاتەکانی وەکو پێشتر سەرکوت بکات «١٢١ ل٦١». ئەم هۆکارە یەکێکە لە فاکتەرە بنچینەییەکانی سەرهەڵدان و جێگیربوونی سیستەمی فیوداڵی خێڵەکی لەو ناوچەیەدا. بێبوونی ئەم فاکتەرە زەحمەت بوو گۆڕانکاری وا گرنگ و گەورە بە ئاسانی بەدەستی چەند خێڵێکی ناوچەیەکەوە رووبدات.

ئەو لاوازیە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەو ناوچەیدا بەهێز کردبوو، شاری مەکە و حیجاز بووژاندنەوەیەکی ئابوری باشی تێدا پەیدا بوو. ئەوەی بەو بازرگانیە هەڵدەستان بە پلەی یەکەم توێژێک لە جولەکەکان و توێژێک لە دەستەبژێری دەسەڵاتدەرانی خێڵەکانی قورەیش بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەڕای ڕۆڵی بازرگانی، مەکە و حیجاز سەنتەری ئایینی و کلتوری بوو. بێجگەلە کەعبە، کەماڵی خوداکانی خێڵە عەرەبەکان بوو، جولەکەکانیش پێکهاتەی گرنگی ناوچەکەبوون. بوونی ئایینی جیاواز لە ناوچەکەدا و ململانێ لە نێوانیاندا، زەمینەیەکی باشی دروستکرد بۆ لێکدانەوەی جیاواز و گەشەکردنی کلتور و چەندین شاعیر و نوسەر. زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ شام و دەوڵەتەکانی ساسانی و بێزەنتی، یاریدەدەر بوو بۆ ئاگاداریبوون لە گۆڕان و کلتور و ئایدۆلۆژی و ئایینەکان تیایاندا «١١٠ ل١٢٧».

دەستەبژێری دەسەڵاتداری قورەیش، لە لایەکەوە دەیانویست کۆنترۆڵی ناوچەکە و خێڵ و پێکهاتەکانی بکەن و لە لایەکی ترەوە مۆنۆپۆلی بازرگانی و کۆنترۆڵی بازرگانە جولەکەکان و ڕێگە بازرگانیەکان بکەن. ڕێگە بازرگانیەکان لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی بەدەویەکانی بیاباندا بوو، چونکە لەو کاتەوەی ساسانییەکان لاوازبوون، زەحمەت بوو ئەوانە لەلایەن خێڵێکی وەکو قورەیش کۆنترۆڵ بکرێن «١٠١ ل ٣٩».

قورەیش، بۆ کۆنترلکردنی ناوچەکە و خێڵەکانی تر و مۆنۆپۆلکردنی بازرگانی چەندین کۆسپ و گرفت لەسەر ڕێگەیان بوو. گرنگترینیان ململانێی ناوخۆی بنەماڵە و هۆزەکانی ناو خێڵی قورەیش خۆی بوو. هەر یەکێ لەوانە ئەیویست گەورەترین داهاتی ئابوری چنگ کەوێت و سەرکردایەتی خێڵەکە و ناوچەکەی بکەوێتە دەست، کە سەرچاوەی بەردەوامی شەڕی ناوخۆ و کوشتاری یەکتری و تاڵانکاری بوو. فاکتەرێکی تر ململانێ و دووژمنایەتی نێوان خێڵە عەرەبیەکان بوو کە لەبەر هەمان هۆکار نەیاندەتوانی یەکبگرن و دەسەڵاتێکی هاوبەش دروست بکەن.

لەم بارەدا خێڵی قورەیش پێش هەرشتێک بەهۆی ناکۆکی ناوخۆوە توانای کۆنترۆڵی ئەوانە و دانیشتوانی مەدەنی ناوچەکانی تری حیجازی نەبوو. هەڵبەتە ئەمە دیاردەیەکی نوێ نەبوو لە ناوچەکەدا و بە درێژایی مێژووی کۆنیان بەردەوام بوو. زاڵبوون بەسەر ئەم کۆسپانەدا پێویستی بە فاکتەری نوێ بوو، کە لە ڕێگەیانەوە بتوانرێ ناوچەکە یەکخرێت و دەسەڵاتێکی هاوبەش تیایدا بونیادبنرێت. ١١٣ ل١٠١».

پێویستی کۆمەڵگەی خێڵەکی ئەو ناوچەیە بە یەکگرتن و بونیادنانی دەوڵەتێکی ناوەندی، لاوازی دەوڵەتی ساسانی، بوژاندنەوەی بازرگانی، هەروەها زەمینەی گونجاوی ئایدۆلۆژی و کلتوری لە ناوچەکەدا و شکستهێنانی ئایدۆلۆژیەتەکانی تر، ڕێگەی بۆ لە دایکبوونی ئایدۆلۆژیایەکی نوێ، ئایینێکی نوێ بەناوی ئیسلامەوە خۆشکرد.

ئایینی ئیسلام، کە لە ناوجەرگەی ئەو کۆمەڵگە خێڵەکییەوە هەڵقولا، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی و ڕۆڵ و ئەرکی سەرەکی، یارمەتیدانی گواستنەوەی ئەو کۆمەڵگە خێڵەکییە سادەیە بوو بۆ سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فیودالّی خێڵەکی سەرتاسەری.

ئەو ئایینە لە دووای ململانێیەکی توندی فرەچەشنەی نهێنی و ئاشکرا، ئاشتیانە و خوێناوی، توانی بەو ئەرکە مەزنە هەستێ و تیایدا سەربگرێ. ئەو ئایینە فاکتەرە بنچینەییەکانی کۆمەڵگەکەی خستەگەڕ و چالاکانە سودی لەو زەمینە لەبارە وەرگرت، کە لەو سەردەمەدا لە ناوچەکە و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا رەخسابوو.

گرنگترین ئەرکی ئەو ئایینە یەکخستنی خێڵی قورەیش و زاڵکردنی بوو بەسەر خێڵ و پێکهاتە و خەڵکانی تری ناخێلایەتی حیجاز. ئایینی ئیسلام بۆ ڕازیکردنی بنەماڵە و پێکهاتەکانی دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی قورەیش، کەعبەی بە ماڵی خودا هێشتەوە و پایەی زۆر لە جاران بەرزتر کردەوە. بەپێی عورفی خێڵەکی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و سەربازی و ئایینی بەسەر بنەماڵە بەهێزەکانی قورەیش دابەشکرابوو. بەرگێکی نوێی کردەبەر ئایینە کۆنە ئاسمانییەکانی جولەکە و مەسیحی و لەگەڵ بنەما خێڵەکییەکاندا گونجاندی و بوو بە بنەمایەک بۆ دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی فیودالّی خێڵەکی عەرەبی.

بەهێزبوونی قورەیش و کۆنترۆڵکردنی خێڵ و پێکهاتەکانی تری حیجاز و بە هێزکردنی دەستگای دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی، بەپێی عورفی خێڵەکی، قورەیشییەکانی کرد بە خاوەن هەموو زەوی و زاری کشتوکاڵی و ئاژەڵ و لەوەڕگەکان. کۆمەڵکوژیی جولەکەکان و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە نێرینەکانیان و شاربەدەرکردنیان لە حیجاز و دەوربەری، تەواو مۆنۆپۆلی بازرگانی خستە دەست دەستەبژێری دەسەڵاتداری قورەیشەوە «**١٠١ ل٣٠**».

ئەم گۆڕانکارییە لە موڵکایەتی و ڕۆڵی سیاسی و سەربازیدا، پێکهاتە و چینوتوێژی نوێی لێکەوتەوە. دەستەبژێری سەرەوەی خێڵەکی قورەیش بوونە دەسەڵاتداری سیاسی و ئابوری و ئایینی و ڕۆحی هەموو ناوچەکە. ئەمانە سەرەڕای ڕۆڵی سیاسی و پێگەی بەرزی کۆمەلایەتی و ئایینیان، مافی تەسەروفکردن بە زەویوزار و ئاژەڵ و لەوەڕگە و بەڕێوەبردنی بازرگانی کەوتەدەست، ئەو دەستەبژێرە بوونە چینی فیودالّی خێڵەکی، کە هاوشانی چینی فیودالّی ئەوروپی بوو، بوونە ئۆروستۆکراتی کۆمەڵگەی نوێی سیستمی فیودالّی خێڵەکی، کە هاوشانی فیودالّیزمی ئەوروپی بوو «**٣٣ ل٥٩**».

لەگەڵ فراوانبوونی سامان و سنووری دەسەڵاتی ئەمانە، هەتا دەهات توێژەکانی ناوەڕاست و خوارەوەی خێڵی قورەیش، خزمان و دەست و پێوەندیان، دەبوونە پیاوی ئایینی و سیاسی و سەرکردەی سەربازی و ئیداری دەوڵەتەکە و بەڕێوەبەری ناوچەکان، ئەوانە چیتر وەک جاران پێویستیان بە خۆماندووکردن و کارکردن نەبوو بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردنەوە، بەڵکو لەسەر کار و رەنج و داهات و رووتاندنەوەی پێکهاتەکانی تری لادێ و کۆنترۆڵکردنی بازرگانی و بازرگانەکان و پیشەییەکان دەژیان. ئەم توێژە کۆمەلایەتییەی قورەیش، بەپێی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عورفی خێڵەکی موڵکدار نەبوون، بەڵام مافی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی موڵک وسامانی خێڵی قوڕەیشیان کەوتە دەست، هەروەها بەپێی وەلاو رۆڵ و پلەیان لە کۆمەڵگەدا داهاتی ئابوری و دەسەڵاتیان پێ دەبەخشێرا. ئەم توێژە هەتا لە ڕووی خزمایەتی نزیکتر بوونایە لە دەستەبژێری دەسەڵاتدارەوە، هەتا وەلایان بۆ دەستەبژێری سەرەوە و رەمزە ئایینیەکان و پرنسیپەکانی زیاتر بووایە، هەتا ئازاتر و شەڕکەرتر بوونایە، هەتا خەڵکیان زیاتر بە موسلمان و رەعیەت بکردایە، پایەی کۆمەڵایەتی و داهاتی ئابوریان زیاتری دەکرد. بە گۆڕانکاری لەناو پێکهاتەی دەستەبژێری ئەرۆستۆکراتی سەرەوە، یان کەمبوونەوەی چالاکی و وەلا و دڵسۆزی و ئازایەتی خۆیان، دەسەڵات و پایەی کۆمەڵایەتی و داهاتەکانیان گۆڕانکاری بەسەردا دەهات.

بێگومان خەڵکی ئازا و لێکەوتووی خێڵەکانی تریش بەکارهێنراون لەو بوارانەدا، بەڵام پلەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییان نزمتربوو و هەمیشە لەژێر فەرمان و بڕیار و چاودێری توێژەکانی قوڕەیش کاریان دەکرد. ئەوانە بڕیاردەر نەبوون، بەڵکو کاربەڕێوەر بوون و دەبووایە هەمیشە گوێڕایەڵ و ملکەچی قوڕەیش بوونایە.

زۆرینەی کۆمەڵگە، کە بێجگە لە قوڕەیش هەموو پێکهاتە و چینوتوێژەکانی تری دەگرتەوە، بریتی بوون لە خێڵەکانی تر بە نیشتەجێ و بەدووە، هەروەها ناخێڵەکی لە مسکێن و بازرگان و پیشەیی و کاسبکاری شارەکان و هەژارە لێقەوماوەکان. بەپێی عورفی خێڵەکی ئەمانە بەرەعیەت دادەنران و هیچ مافێکیان لە بڕیاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا نەبوو، دەبووایە لە خزمەتی ئەوانەی سەرەوە بوونایە و باج و گومرگیان پێبدانایە و پیاو و پێداویستی و خواردنی پێویستیان بۆ جەنگەوەرەکان دابین بکردایە. ئەوانەی نەدەبوون بە ئیسلام سەرەڕای ئەمانە دەبووایە جزییەیشیان بدایە «١١٣ ل٥١٦».

لە ڕێگەی بەگرێبەستن و ئاوێتەبوونی ئاین بە دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکییەوە، مەسەلەی بڕوا و پەرستنی خودا و پێغەمبەر بەسترا بە گوێڕایەڵبوون و ملکەچ بوون بە دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندییەوە. موڵکایەتی زەویوزار و سامانەکانی کۆمەڵگە و جموجۆڵی بازرگانی بەسترا بە دەوڵەتەوە. هەموو ئەوانە بوون بە موڵکی دەوڵەت و سەرپەرشتیکردن و تەسەروفکردن بەوانەوە کەوتە دەستی ئەو دەوڵەتە. ئەوەی دەسەڵاتی بەسەر دەوڵەتدا هەبوو دەستەبژێری ئوروستکراتی سیاسی و ئابوری و ئایدۆلۆژی ئایینی قوڕەیش بوو، بۆیە ئەو دەوڵەتە لە لایەکەوە ناوەرۆکی خێڵەکی هەبوو، لەلایەکی ترەوە بەهۆی ڕۆڵی گرنگی ئایینەوە تیایدا، لەسەرەوە بۆ خوارەوە توانا و مۆنۆپۆلێکی تەواوی پەیداکرد بەسەر هەموو پێکهاتە و چینوتوێژ و خێزان و تاکەکانی تری کۆمەڵگەدا. خاسڵەتە کۆنەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بەهێزیی دەسەڵاتی ناوەندی و زاڵی شار بەسەر لادێدا، هێندەی تر ڕۆڵی ئەو دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکیە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامیەی بەهێزکرد.
مەرکەزێتی بەهێزی دەوڵەت، دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژی بەهێزی ئەزەلی و گردبوونەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و بڕیاردان لە دەستی دەستەبژێریەکی ئۆرۆستوکراتی خێڵەکیدا، هەروەها ڕێگەنەدان بە بەشداریکردنی رەعیەت و هەموو پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگە لە هیچ بڕیارێکدا، سروشتێکی سنووردار و رەهایدا بە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیوداڵی خێڵەکی. رادەربڕینی جیاواز و لادان لە را و بڕیار و فەرمان و گوێڕایەڵ نەبوونی رەها بۆ سەرەوە، بە کفر و ئیلحاد دادەنرا و ئەوانەی کردوویانە بە خەوارج و کافر دانراون. ئەوانە ئەگەر لە دنیاشدا سزا نەدرانایە، هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرا، کە لە قیامەتدا سزا بدرێن.
وەکو چۆن سەرەتای فیوداڵیزمی ئەوروپا گەشەکردنی ئابوری و باشتربوونی خۆشگوزاری خەڵک و ئازادبوونی کۆیلەکانی لێکەوتەوە، بەهەمان شێوە ئەو دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکییە بەهێزە لە سنوورەکانی نێوە دورگەی عەرەبدا، هەموو کۆمەڵگەکەی یەکخست و خستیە جموجۆڵەوە و گەشەکردنێکی باشی ئابوری و زیادبوونی بەرهەمهێنان و بووژاندنەوەی بازرگانی لێکەوتەوە. لەهەمانکاتدا ئایینە نوێیەکە هەندێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەدیهێنا، نمونەی قەدەغەکردنی زیندە بەچاڵکردنی منداڵی مێیینە، زەکاتدان بەو هەژار و کەمئەندامە لێقەوماوانەی کە لە هیچ بوارەکانی کۆمەڵگەدا جێگەیان نەدەبۆوە و توانای خۆ بەخێوکردنیان نەبوو، هەروەها دانی نیوە وەراسەت بە ئافرەت قبوڵکردنیان بە نیوە مرۆڤ لە شایەتیدا هەنگاوێک بوو بۆ پێشەوە لەچاو بێبەشکردنی تەواویان لەوانە بەپێی عورفی خێڵەکی. سیستمی فیوداڵی خێڵەکی ئیسلام بنەمایەکی کۆیلایەتی نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوون بە بازرگانی کردنی بەفراوان پێیانەوە و بەکارهێنانیان لەبەرهەمهێنان و خزمەتکاری و کردنیان بە سەرباز لە سوپادا. ئەمە بەدرێژایی هەموو مێژووی دەوڵەتە فیوداڵیە خێڵەکییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەر بەردەوام بوو «٨٠ ل١٣٤».

**- لە دەوڵەتێکی بچووکەوە بۆ دەوڵەتێکی زلهێز**

ئابوری خێڵ لەسەر دوو بنەما بوو، رووتاندنەوەی ناوەوە و لە بوونی دەرفەتی گونجاودا تاڵانکردنی دەرەوە. چۆن سیستمی فیوداڵی خێڵەکی ناوەوەی دەڕووتاندەوە، بەهەمان شێوە لەکاتی بەهێزبوونی و دەرفەتی گونجاودا هەوڵی تاڵانکردن و داگیرکردنی دەرەوەی داوە.
دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی ئیسلامی قورەیش، لە تەمەنی کورتی **٣٩** ساڵیدا لەنێوان ساڵەکانی **٦٢٢-٦٦١**م دا، توانی بە دوو قۆناغ ئەرکەکانی خۆی بونیادبنێت. لەسەرەتاکانی دەوڵەتەکەدا هەتا محمد لە ژیاندا بوو، لە ڕێگەی یەکخستنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قوڕەیش و کۆنترۆڵکردن و یەکخستنی نیوەدورگەی عەرەبەوە، سیستمێکی سیاسی و ئابوری فیودالی خێڵەکی باوەڕمەندی بەهێز بونیادنرا. لە جێگیربوونی دەسەڵاتی چوار خەلیفەکەی راشدینەوە زیاتر قۆناغ و ڕۆڵی دووەمی سیستمەکە دەستپێکرد، کە ئەویش تالانکردن و داگیرکردنی دەرەوەی نیوەدورگەی عەرەب بوو.

لە کاتێکدا، ئایینی جولەکە پێناسەیەکی نەتەوایەتی بۆ جولەکە دروستکرد، ئایینی مەسیحی ناسنامەی نەتەوایەتی و ناوچەگەرێتی نەبوو، بەو خاسڵەتەی توانای ئەوروپای دابەشبوو و لاواز یەکخات. ئیسلام رۆڵ و خاسڵەتێکی جیاوازی هەبوو، کە لەگەڵ سروشت و مەیلی خێڵەکیدا دەگونجا. ئەو ئایینە بە حساب درابووە دەست میللەتی هەڵبژێردراوی عەرەب. ئەو خێڵ و میللەتە ئەرک و شەرەفی ئەوەی پێدرابوو، کە ئەو ئایینە لەناو هەموو مرۆڤایەتی و لە هەموو قوژبنێکی جیهاندا راگەیەنێ و بڵاویکاتەوە.

بەهۆی لاوازیی دەوڵەتی ساسانی و بێزەنتینەوە، ئەو دەوڵەتە فیودالە خێڵەکیەی قوڕەیش، لە ڕێگەی هەڵگرتنی ئالای ئیسلامەوە، بەناوی غەزا و جیهاد و بڵاوکردنەوی ئەو ئایینەوە دەستی بە کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستکرد. دەوڵەتی ساسانی لە رەگ و ریشەوە هەڵتەکان و لەو ڕێگەوە میزوپۆتامیا و وڵاتی فارس و کوردستان و ناوەڕاستی ئەنادۆلیان خستە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە. نەیانتوانی دەوڵەتی بێزەنتی لەناوبەرن، بەڵام ناوچەیەکی زۆری دەوڵەتەکەیان کۆنترۆڵکرد. بێجگەلە لە رۆژئاوای ئەنادۆل، توانیان لە ناوچە کەناردەریاکانی سوریا و لوبنان و فەڵەستین و میسر دەریان پەڕێنن و ئەو ناوچانە بخەنە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە.

بەپێی عورفی کۆمەڵگە خێڵەکییەکان، وەکو هاندان و خەڵاتی ئازایەتی نواندن، ئەو سەرکردە سەربازی و جەنگەوەرانەی کە توانیویانە بەسەر دووژمنەکانیاندا سەرکەون، بەشێک لە تالانی شەڕیان بەردەکەوت. سەرەڕای ئەوە، بەپێی عورفی تایبەتی کۆنی خێڵەکی عەرب، سەرۆک هێز و جەنگەوەرەکانیان بۆیان هەبوو ئافرەتی شوێنە داگیرکراوەکان بکەن بە جاریەی خۆیان و نیکاحیان بکەن، یان لە بازاڕەکاندا بیانفرۆشن «١١٠ ل١٤٨».

دەوڵەتی فیودالی خێڵەکی قوڕەیش بۆ گەیشتن بەو مەرامە، بەناوی جیهاد بۆ ئایینی ئیسلام و فتوحات و غەنیمەوە، ئەو شوێنانەی کە بەرهەڵستیان دەکردن و خۆیان نەدەدا بەدەستەوە، تالانیانکردوون، بەشێکی زۆری پیاوکانیان دەکوشتن، سەرەڕای ئەوە، بۆیان هەبوو ئافرەتەکانیان بکەن بە جاریە و نیکاحیان بکەن. ئەوانەی ڕازی دەبوون و بەرهەڵستیان نەدەکرد و بە خۆشی خۆیان دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەیان قبووڵدەکرد و دەبوونە ئیسلام، زەویوزار و سامانیان دەبووە موڵکی دەوڵەتەکە و کۆنترۆڵی بازرگانی و بازرگانەکان و پیشەییکانیان دەکرا و باجیان لێدەسێنرا بۆ دەوڵەت. ئەوانی بەرهەڵستیان نەدەکرد، بەڵام نەدەبوونە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موسڵمان سەرەڕای باج جزیەشیان لێدەسێنرا.
دەستکەوتی بەشێک لە تاڵانی جیهاد و نیکاحی ئافرەت و بە جاریەکردنیان، پاڵدەرێکی گەورە بوو بۆ سەرکردە سەربازی و جەنگەوەرەکانی ئەو دەوڵەتە، کە بە دڵ و بەگیان خۆیان ماندووکەن و ئازایەتی بنوێن لە شەڕەکاندا. سەرەڕای ئەوە، پاداشتکردنیان بە چوونە بە هەشت و وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر حۆری تیایدا، پاڵدەرێکی دەرونی بوو، کە لە شەڕەکانیاندا لە مردن و کوشتن سڵ نەکەنەوە و بە کوشتنیان لەو ڕێگەیەدا بە ئارامی سەربنێنەوە.
کۆنترۆڵکردنی نیودەرگەی عەرەب و بەشێکی زۆری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تەنها سەرکەوتنێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز نەبوو لە ناوچەکەدا، بەڵکو لە ڕێگەی تاڵانیەکی زۆر و داهاتێکی باج و و گومرگ و جزیەیەکی زۆرەوە، ئەو دەوڵەتە بووە خاوەن سامانێکی ئابوری گەورە، کە لە ڕێگەیانەوە هێندەی تر دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و ڕۆحی بەهێز بوو و لەهەمانکاتدا بووە بە دەوڵەتێکی خاوەن بەهێزترین لەشکر لەو سەردەمەدا.

## چی بەردەوامی بە سیستمی فیوداڵی خێڵەکی قوڕەیشدا؟

جێگیربوون و زاڵبوونی ڕێبازی فیوداڵی خێڵەکی لە نیوەدورگەی عەرەب و بڵاوبونەوەی بۆ شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەرەتای سەردەمێکی دوور و درێژی سیانزە سەدەیی مانەوە و بەردەوامبوونی ئەو سیستمە بوو، کە هەتا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بەردەوامبوو. خاسڵەت و بنەما ئابوری و سیاسیەکانی ئەم سیستەم و کۆمەڵگەیە و خاسڵەتە تایبەتیە مێژووییەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەوەی فاکتەری بنچینەیی و هۆکاری سەرەکی بوون بۆ لاوازبوون و شکست هێنانان و دارمانی ئەو دەوڵەتانە، لە هەمانکاتدا فەکتەر و هۆکاری سەرەکیش بوون بۆ مانەوە و بەردەوام بوونی ئەو سیستمە بۆ ماویەکی وا درێژ.

**- فاکتەری ململانێی نێوان بنەماڵەکانی قوڕەیش**

ئایینی ئیسلامی، توانی بۆ ماوەیەک بنەماڵە و لقەکانی خێڵی قوڕەیش یەکخات، کۆمەڵگەی خێڵەکی بەرەو فیوداڵی خێڵەکی بەرێت، ڕێبازی دەوڵەتێکی زلهێزی فیوداڵی خێڵەکی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ بکات، بەڵام نەیتوانی ململانێی نێوان بنەماڵە بەهێزەکانی قوڕەیش بنبڕبکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەتا دەهات ئەو ململانێیە بەهێزتر دەبوو «**١٢١ ل١١٦،١٩**».
هەتا محمد خۆی مابوو، هێشتا سنووری دەوڵەتەکە لە نیوەدورگەی عەرەب دەرنەچوو بوو، ئەو یەکێتییە بەردەوامی بەخۆوە بینی و هەتا دەهات

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتەکە بەهێزتر دەبوو. بە نەمانی ئەو سەرلە نوێ ململانێی نێوان بنەماڵە ئۆروستۆکراتەکانی ئەو خێڵە سەری هەڵدایەوە.
بڕیاری دانانی هەندێک کەسایەتی بەهێزی بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکانی قورەیش بە خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی بەناوی خەلافەتی راشیدینەوە، لە سەربنەمای دیموکراتی و هەڵبژاردن نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای عورفی خێڵەکی بوو. ئەو چوار خەلیفەیە، تەنها سەرکردەی ئایینی و سیاسی نەبوون، بەڵکو لەپێش هەموو شتێکەوە هەر یەک لەوانە پیاوی بەهێزی بنەماڵەی تیرەیەکی بەهێزی قورەیش بوون. دانانی ئەوانە بە خەلیفە، دابەشکردنی پۆستی سیاسی و ئابوری و رۆحی بوو بەسەریاندا، لە پێناوی کپکردن و هێورکردنەوەی ململانێکانی نێوانیان و مسۆگەرکردنی وەلای تەواویان بۆ سەرکردەی رۆحی و سیاسی دەوڵەتەکە «١٢١ ل ٢٦٠،٢٥١،٢١٧،١١٣،٢٩».
هەر یەک لەو بنەماڵە و پیاوە بە هێزانە لە بوارێکی تایبەتیدا ڕۆڵیان هەبوو. هەر لە پێش ئیسلام و لە سەرەتای ئیسلام و بە خەلیفە بوونیانەوە ململانێ لە نێوانیاندا بە پلە و شێوازی جیاواز بەردەوام بوو. ئەم ڕاستییە لای هەموو کەس روون و ئاشکرایە و شاراوە نییە. کوشتنی سێ لە چوار خەلیفەی راشدین ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێ.
لە پاڵ سروشتی خێڵەکی ئەو ململانێیەدا، سروشتێکی ئایینی و ویراسیشی تێدابوو. ئەوەی بیتوانیایە ئەو بۆشایە دەروونی و رۆڵە ئایینیە مەزنە پڕکاتەوە، دەبوایە زۆر نزیکبووایە لە محەمەدەوە. محەمەد تاقانە بوو، برای نەبوو و کوڕی بۆ نەمایەوە، منداڵەکانی هەموو کچ بوون، کە بەپێی عورفی خێڵەکی یەکسان نەبوون لەگەڵ پیاودا و مافی ویراسەیان لە دەسەڵات وەرگرتندا نەبوو. لەگەڵ ئەوەی عائیشەی خێزانی لە بنەماڵەیەکی بەهێزی قورەیش بوو و رۆڵێکی ئایینی بەهێزی هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی مێینە بوو پاڵپشتی بەهێزی نەبوو بۆ خەلافەت و عەلیش دژایەتی دەکرد. لەبەرئەوە تەنها خزمی نزیک کە توانیبێتی جێگەی محمد خۆی و بنەماڵەکەی بگرێتەوە، عەلی کوڕی ئەبی تالیبی ئامۆزای بوو.
لەگەڵ ئەوەی ململانێ لەنێوان هەر چوار خەلیفەکەدا هەبوو، بەڵام بەهۆی فاکتەری دووەمەوە، ئەو چوارە بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون، بەرەی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە لایەک و سێیەکەی تر لەلایەکی تر. عەلی کوڕی ئەبی تالیب سەرەڕای ئەوەی سەرگەورەی بنەماڵە و لقێکی قورەیش بوو، لە هەمانکاتدا بەهۆی خزمایەتی نزیکەوە خۆی بە وارسی محمد و ئایینی ئیسلام، ولی اللە، دادەنا و بەپێی روانگەی ئەو، دەبووایە هەتا هەتایە دوای خۆشی پشتاوپشت ئەو پرۆسەیە هەر بەردەوام بووایە. ئەم ڕێبازە خۆی بە وارسی ئایینی ئیسلامی دەزانی، کە دەیویست لە ڕێگەی ئەو ئایینە و خزمایەتییەوە بتوانێ هەموو توێژەکانی ئۆروستۆکراتی فیودالی خێڵەکی یەکخات و هەموو رەعیەت کۆنترۆڵ بکات و وەلایان مسۆگەر بکات. لای ئەوان دەبووایە عەقیدەی ئیسلامی و هەڵگری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاڵاکەی، کە واریسی محمد بوون سەرکردەیی ئەو دەوڵەتەی بکردایە و بەناوی ئەو ئایینەوە سنوورەکی فراوان بکرێت. بۆیە علی کوڕی ئەبی تالیب دانی بە سیستمی خەلافەتدا نەناو خۆی بە ئیمام و ولی اللە دادەنا نەکو خەلیفە.
سێ خەلیفەکەی تر، خۆیان لە ناو خێڵەکەدا بە بەرزتر لەوانی تر دادەنا، دەیانویست بەپێی عورفی خێڵەکی ببن بە خەلیفە، ببنە سەرکردەی سیاسی و ئابوری و روحی دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکییەکە و لە دوای خۆشیان حوکمڕانی بەپێی ئەو عورفە هەر بەردەوام بێت. ئەمانە خێڵی قوڕەیش و تیرە و بنەماڵەکەیان ئەخستە پێش هەموو شتێکی ترەوە، ئایینی ئیسلامی لایان ئامرازێک بوو بۆ بەهێزکردنی خۆیان و ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتداری قوڕەیش و کۆنترۆڵکردنی رەعیەت و فراوانکردنی سنوورەکانی «١٢١ ل٤٨».
ئەم ململانێیە، بە درێژایی حوکمی خەلافەتی راشدین و دوای ئەوان هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. سیستمی فیوداڵی خێڵەکی و دەسەڵاتدارانی ئایینی ئیسلامی بەسەر دوو باڵ و ڕێبازدا دابەشکرد، شیعە و سوننە. بێگومان هەریەکێ لەوانە چالاکی خۆی نواندووە لە ڕووی ئایینیەوە و بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی هەبووە و ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە دەوڵەتەکەدا، بەڵام ناوەرۆکی ململانێکە بەرژەوەندی و دەسەڵاتی خێڵایەنی نێوان بنەماڵەکانی خێڵی قوڕەیش بوو، هێشتنەوە و بەهێزکردنی سیستمی بەڕێوەبردنی فیوداڵی خێڵەکی بوو.
لەگەڵ گەورەبوونی سنوورەکانی دەوڵەتە زلهێزەکەی خەلافەتی راشدین، زۆربوونی زەویوزار و سامان، زیادبوونی باج و جزییە، پچڕینی غەنیمەکانی تاڵانکردن، قازانجی بازرگانی، ژمارەی ناوچە و دەسەڵاتداران زیادیدەکرد. شان بە شانی ئەوە تەماعی بنەماڵە و سەرکردە سەربازی و سیاسەتمەدارەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت و ناوچەکان زیاتری دەکرد و ململانێی نێوانیان توندوتیژ تر دەبوو. لە هەمانکاتدا ململانێ لە نێوان خێڵە عەرەبەکانی تریش زیادی دەکرد بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە باڵە دەسەڵاتدارەکانی قوڕەیش و پچڕینی بەشی خۆیان لەو داهاتانە.
ئەمە ململانێی لەناو دەستەبژێری دەسەڵاتداری قوڕەیش بەهێزترکرد. ئەو ململانێیە دەستەڵانی ناوەندی مەککەی بەسەر دەوڵەتە زلهێزەکەدا لاوازکرد. لە هەمانکاتدا هەتا دەهات سەرکردە سەربازییەکانی ناوچەکانی دەوڵەتەکە، کە رەچەڵەکیان دەگەڕایەوە سەر ئەو بنەماڵە بەهێزانەی قوڕەیش، پێگەی سەربازی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیان بەهۆی سەرکەوتنەکانیانەوە زیادی دەکرد «١١٣ ل١٨٠».
بە کوشتنی عەلی کوڕی ئەبی تالیب، دەوڵەتی خەلافەتی راشدین روخا و لە هەمانکاتدا ململانێی نێوان ئەو دوو ڕێبازە جیاوازەی حوکمرانی، سوننە و شیعە، تەقیەوە. سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیوداڵی قوڕەیشی بە خاڵێک گەیاند، کە دەبوایە تیایدا هەڵبژاردنی ڕێبازی حوکمداری یەکلایی بکرێتەوە. ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیستەمە، یان دەبووایە بکەوتایە، یان یەکێ لەو ڕێبازانە کۆنترۆڵی بکەوتایە دەست و دەوڵەتێکی نوێ دامەزرایە.

لێرەدا، چۆن فاکتەرە خێڵەکییەکان لە ساڵی ٦٦١(ز. ) بووە هۆکاری روخاندنی دەوڵەتی خەلافەتی راشیدین، بە هەمان شێوە ململانێی نێوان بنەماڵەکانی خێڵی قورەیش، بووە هۆکاری دەمەزراندنی دەوڵەتێکی نوێی فیوداڵی خێڵەکی قورەیش، دەوڵەتی خەلافەتی ئەمەوی، کە بۆماوەی ٨٩ ساڵ لە نێوان ٦٦١-٧٥٠(ز. ) حوکمرانیکرد. ناکۆکی ناوخۆی خێڵی قورەیش بووە هۆکاری کەوتنی دەوڵەتی خەلافەتی راشدین، بەڵام دەستەبژێریەکی تری خێڵەکە سیستمی فیوداڵی خێڵەکی لە لەناوبردن رزگارکرد و هەمیسانەوە بووە فاکتەرێک بۆ مانەوە و بەردەوامی سیستەمەکە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ.

ئەمەوییەکان بنەماڵەی توێژێکی ئۆروستۆکراتی تیرەیەکی بەهێزی قورەیش بوون، کە عوسمانی بنی عەفان، دواتر معاویە سەرۆکیان بوو. ئەمانە لەگەڵ بنەماڵەی قورەیشی عەلی کوڕی خەتاب لە ململانێ و ناکۆکی هەمیشەییدا بوون، دەڵێن کاتی خۆی عوسمان بە دەسیسەی علی کوژراوە «١٢٠ ل٢٤١،١٩١،٦٧».

لە بەرامبەردا بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێی ڕێبازی شیعەیاندا. لەبەر بەهێزی بنەماڵەکانی تری قورەیش لە حیجاز، ئەوێیان بەجێهێشت و ڕوویان کردە کوفە بۆ ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە لەوێ. ئەوە بوو لەوێش لەلایەن هێز و هەوادارەکانی دەوڵەتی ئەمەوییەوە نێرینەکانیان کۆمەڵکوژ کران. زاڵبوونی ئەمەوییەکان بەسەر ئەوانەدا و جێگیربوونی دەوڵەتەکەیان سەرکەوتنی ڕێبازی سوننە بوو بەسەر ڕێبازی شیعەدا، سەرکەوتنی بنەماڵەیەکی قورەیش بوو بەسەر بنەماڵەیەکی تریاندا، سەرکەوتنی ڕێبازی عورفی خێڵەکی بوو بەسەر بە پشتا و پشتکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی خێڵەکی لە رەچەڵەکی محمەدەوە بۆ عەلی کوڕی ئەبی تالیب و نەوەکانی دوای ئەوان.

ئەم دەوڵەتە هەمیسانەوە بنەما خێڵەکیەکانی سیستەمەکەی زیندووکردەوە. کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان و رووتاندنەوەیان لە ڕێگەی باج و رسوماتەوە، بووژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەهۆی سەقامگیری و ئارامی ڕێگەوبانەوە و قۆرخکردنیەوە لەلایەن توێژی ئۆروستۆکراتی خێڵەکی دەوڵەتەوە، هێندەی تر توانای ئابوری و سەربازی و سیاسی بەهێزکردن. ئەمانە هەمووی بوونە هۆکاری زیاتر فراوانبوونی دەوڵەتەکە و بەهێزبوونی. لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەمەوییەکاندا ناوچەکانی ژێردەستەڵایان لە رۆژئاواوە هەموو باکوری ئەفەریقا و بە شێک لە ئیسپانیای گرتەوە، کە تیایدا دەوڵەتی ئەندەلوسیان دامەزراند. لە رۆژهەڵات بەشێک لە هیندستان و ئەفغانستان و تورکمانستان هەتا سنوورەکانی چین کەوتە ژێر دەسەڵاتیانەوە.

سەرکردە خێڵەکییە عەرەبەکان، پێشتر خاوەنی شارستانییەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت نەبوون و شارەزاییان تیایدا نەبوو، بەڵام وەکو چۆن دەوڵەتی ساسانی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رۆما کاریگەر بوون لەسەر یەکتری، سودیان لە چۆنیەتی حوکمرانی و چۆنیەتی ڕێکخستنی دەستگەکانی ئیداری دەوڵەت لە یەکتری وەرگرتبوو. بەهەمان شێوە دەوڵەتی ئەمەوی بە دەست بەسەراگرتنی شوێنەوارەکانی ئەو دوو دەوڵەتە، سودی لە شێوازی حوکمرانی و ئیداری و سەربازی ئەوان وەرگرت، لە هەمانکاتدا خاسڵەتە تایبەتیەکانی شارستاییەتە کۆنەکانی ناوچەکە خۆی تیادا جێگاکردەوە.

ئەمانە یارمەتیدان لە ڕێکخستی لەشکر و بەکارهێنانی کۆیلە تیایدا. هەروەها ڕێکخستی سیستمی باج و گومورگ و ڕێکخستنی کاروانی بازرگانی و کۆنترۆڵکردنی بازرگان و ڕێگە بازرگانییەکان. سروشتی کۆنی شارستانی کۆنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بوونی دەسەڵاتی ناوەندی بە هێزی دەوڵەت و ڕۆڵی شارەکان لە کۆنترۆڵکردنی لادێکاندا، لەگەڵ سیستمی فیوداڵی خێڵەکیدا دەگونجا، چونکە فیوداڵە خێڵایەتەکان لە ڕێگەی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە لە شارەکانەوە کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و موڵکداری و داهاتەکانیان دەکرد و تیایاندا نیشتەجێ دەبوون «۸۰ ل۴۹».

ئەم فاکتەرانە دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت و خەلیفەی زیاتر بەهێزدەکرد و سروشتێکی حوکمداری رەهای پێدا و لە ڕێگایەوە تەواو کۆنتۆڵی دەوڵەتە زلهێزەکە و ناوچە و پێکهاتەکانی دەکرد، هەموو دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و بڕیاردانی دەخستە دەست ئۆروستۆکراتی خێڵەکی بنەماڵەی ئەمەوی و تیرەیەکی قورەیشەوە.

زاڵبوونی ڕێبازی سوننە بەسەر شیعەدا، کاردانەوەی هەبوو لە پەیوەندیی دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئابوری دەوڵەت لە لایەکەوە و دەسەڵاتی ئایینی لە لایەکی ترەوە. لە کاتێکدا لە سەردەمی دەوڵەتی خەلافەتی ڕاشدیندا، محمد و هەتا ڕادەیەک خەلیفەکانی دوای خۆی، سەرکردەی سیاسی و ئابوری و ئایینی و ڕوحی بوون، لە سەردەمی خەلافەتەکانی ئەمەوییەوە ئەو دیاردەیە گۆڕانی بەسەرداهات. لە دەوڵەتی ئەمەویدا، ئۆروستۆکراتی فیوداڵی خێڵەکی دەسەڵاتداری دەوڵەت هەتا دەهات خەریکی حوکمرانی و بڕیاری سیاسی و ئابوری و سەربازی و زیاتر ڕووتاندنەوەی ناوەوە و تاڵانکردنی دەرەکی بوون.

ئەگەرچی هەرە پیاوە بە هێزەکانیان ناوی خەلیفەی ئیسلام بوو، بەڵام لە پراکتیکدا ئەوە لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی پیاوانی دەسەڵاتی ئایینی، عولەما بوو. عولەما هەتا دەهات دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و سەربازیان لە دەست دەرچوو، ڕۆڵیان بوو بە پشتگیریکردنی ئەو توێژە ئۆروستۆکراتیە و فەتوا دەرکردن بۆ بڕیارەکانی. ئەوانە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و قەزاییەوە ڕۆڵیان هەر بەردەوام بوو، بەڵام ئەوەش زیاتر لە ناو ڕەعیەدا دەیخوارد و لەو بوارانەشدا دەسەڵاتیان بەسەر چینوتوێژەکانی سەرەوەدا نەبوو.

وەکو چۆن فاکتەری دەوڵەتی ناوەندی بەهێز لە سەرەتای شارستانی کۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا، بۆ ماوەیەک بووە هۆکاری بەهێزبوونی ئەو دەوڵەتانە و گەشەکردنیان و هەتا ڕادەیەک باشبوونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆشگوزەرانی هەندێ توێژی کۆمەڵایەتی تیایاندا، بەڵام هەمان فاکتەر بووەهۆی لاوازبوون و روخاندنیان. بەهەمان شێوە بەهێزبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوەندی ئەمەوییەکان بۆ ماوەیەک بوونە هۆی فراوان بوون و بەهێزبوونی دەوڵەتەکە، بەڵام دوواتر بووەهۆی زیاتر تاکرەوی و توندرەی چینوتوێژەکانی سەرەوەی دەوڵەتەکە و لاوازبوون و تێکشکاندنی «١٢٠ ل١٦٢،٢٥١،١٤٥».

- **فاکتەری بەکارهێنانی عەجەم لە حوکمڕانیدا**

لە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیودالی خێڵەکیدا، بەپێی روانگە و بۆچوونی فیودالی خێڵەکی، کۆمەڵگە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدادابەشدەبێت، راعی و رەعیەت. راعی بریتین لە دەسەڵاتدار و بڕیاردەری سیاسی و ئابوری کۆمەڵگەکە، رەعیەت ئەوانەن کە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە و مافی بەشداریکردنیان نیە لە هیچ بڕیارێکی سیاسی و ئابوریدا. سنووری نێوان راعی و رەعیەت بەپێی شوێن و کات و بچووکی و گەورەیی کۆمەڵگە و توانای دەسەڵاتداران و خاسڵەتی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی و تواناییان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.
لە سەردەمی دەوڵەتی خەلافەتی راشدیندا، راعی بریتی بوون لە دەستەبژێری ئۆروستۆکراتی رۆحی و سیاسی و ئابوری قورەیش. ئەوانەی بەپێی عورفی خێڵەکی پۆست و پایەی ئابوری و سیاسی و سەربازیان پێدەدرا، خەڵکانی زۆر نزیکبوون لە بنەماڵە ئۆروستۆکراتیەکانەوە. بەپێی نزیکییان لە توێژی سەرەوە و وەلای خێڵەکی و ئایینی و ئازایەتیان ئەو پۆست و پایانەیان پێبەخشراوە و تەنها مافی بەڕێوەبردنی کاریان پێدراوە نەوەکو بڕیاردان «١١٠ ل١٤٨».
سەرکردە جەنگەوەرەکانیان بە پلەی یەکەم نێرینەکانی قورەیش بوون. هەموو خێڵ و پێکهاتە و چینوتوێژەکانی تری کۆمەڵگەکە بە رەعیەت دانراون و لە خزمەتی دەوڵەتی فیودالی خێڵەکیدا بوون و لە ئەرک بەولاوە هیچ مافیەکیان نەبوو.
لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەویدا، ئەمە هەندێ گۆڕانکاری بەسەرداهات. خەلیفە و بنەماڵەی ئەمەوی توێژی ئۆروستۆکراتیان پێکدەهێنا. هەندێ لە سەرکردە و پیاوانی لێکەوتووی خێڵەکانی تری عەرەب، کە وەلای تەواویان بۆ ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدار هەبوو، هەندێ پۆست و پایەی بەڕێوەبەریی حوکمڕانیان پێدرا، نێرینەی خێڵە عەرەبەکانی تر خرانە ریزی جەنگەوەرەوە «٨٠ ل١٢٧». بەڵام پێکهاتەکانی تری دەوڵەتەکە لە غەیری خێڵە عەرەبەکان، هەرهەموو رەعیەت بوون و لە هەموو پۆست و پایەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سوپا بێبەشبوون و ئەگەر خەڵکیشیان تێدا هەڵکەوتبێ کۆیلە بوون.
عەباسییەکان گۆڕانکاریان لەمەداکرد، هەتا دەهات زیاتر بەڕێوەبردنی پۆست و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پایەکانی دەوڵەتیان دەبەخشی بە پێکهاتە عەجەمەکانی دەوڵەت، ئەوەش بەپێی وەلایان بوو بۆ خەلیفە و ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتداری عەباسییەکان. ڕێگەیان کردەوە بۆ نێرینەی ئەو خێڵانە ببنە جەنگەوەری دەوڵەتەکە «٩٦ل ٨». بەڵام ئەو پۆستانە تەنها بۆ کاربەڕێوەبردن بوون. ئەگەر ئەم کەسانە وەلا و دڵسۆزی و ئازایەتیان کەمبوایەتەوە، ئەوا سەرلەنوێ ئەو پۆستانەیان لێدەسەندرایەوەو دەچوونەوە ریزی ڕەعیەت.

ئەمەوییەکان بە دامەزراندن و بەهێزبوونی دەوڵەتەکەیان توانیان بۆ نزیکەی سەد ساڵ، بنەماڵەکانی تری قورەیش سەرکوت بکەن، بەڵام ئەمانیش نەیانتوانی ئەو ململانێیە بنبڕبکەن و لەگەڵ لاوازبوون و شکست هێنیانیان سەرلەنوێ سەریهەڵدایەوە. لەگەڵ ئەوەی پاشماوەی بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و ڕێبازی شیعە هەر مابوون، بەڵام دوای ئەو شکستە گەورەییەی بەسەریان هاتبوو، لەو سەردەمەدا توانای ڕاست بوونەوەیان نەبوو. نەیانتوانی شکستی ئەمەوییەکان بقۆزنەوە و دەوڵەتێکی فیوداڵی خێڵەکی نوێی گونجاو لەسەر ڕێبازی خۆیان دامەزرێن. ئەوەی توانی ئەوە بکات عەباسییەکان بوون.

ئەوانە دەوڵەتی عەباسییان دامەزراند و بۆماوی پێنج سەدە لەنێوان ٧٥١-١٢٥٨ حوکمڕانیان کرد. ئەمانە بنەماڵەیەکی تری گەورەی خێڵی قورەیش بوون و لە عێراق نیشتەجێ بووبن و ڕەگیان داکوتی بوو. ئەمانە بەڕەچەڵەک ڕاستەوخۆ دەچوونەوە سەر ئەبو تالیبی باوکی عەلی کوڕی ئەبو تالیب. ئەمانە نەوەی عەلی نەبوون، بۆیە وەکو خزمەکانی تریان ڕێبازی شیعەیان تەبەنی نەکردبوو، بەڵکو سوننە بوون «١١٨ ل٦٨،٨٤».

بەهۆی ئەوەی ڕەچەڵەکیان دەگەڕایەوە بۆ ئەبو تالیبی مامی محەمەد، لە لایەکەوە خۆیان بە سەید و ڕەچەڵەکی محەمەد و هەڵگری ئایینی ئیسلامی لە قەڵەم ئەدا و لە لایەکی ترەوە بەهۆی خزمایەتیان لەگەڵ عەلیدا، توانیان پشتگیری و سۆزی شیعەکان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن. بە هاریکاریکردن لەگەڵ شیعەکاندا ئەمەوییەکانیان خست و دەوڵەتەیکی نوێیان دامەزران. ئەو هاریکارییە لە نێوایاندا درێژخایەن نەبوو، لەدووای جێگیربوونی دەوڵەتەکە کەوتنە گیانی سەرکردەی شیعەکان و سەرکوت کردنیان «١١٨ ل٣٣،١٣».

فەتحی ئیسلامی تەنها بڵاوبوونەوەی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی و دامەزراندنی دەوڵەتی زلهێزی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لێنەکەوتەوە ، بەڵکو کاردانەوەی جیاوازی هەبوو لەسەر پێکهاتە و ناوچە و بنەما سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی. ناوچەکە فراوان و هەمە چەشن و هەمە ڕەنگ بوو، لەبەرئەوە کاردانەوەی ئەو سیستم و ئایینە بەسەریاندا جیاواز بوو.

بڵاوبوونەوەی ئەو سیستمە بۆ ناوچەکە، بنەمای خێڵەکی لەناو هەندێ پێکهاتە و ناوچەدا سەرلەنوێ بووژاندەوە و بەهێزیکرد. خێڵە بەدوییە عەرەبەکانی بیابانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە پێشتر لاوازبوون و ڕۆڵێکی ئەوتۆیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوو، بەهۆی بەشداری پێکردنیان لە فتوحات و تالانی و راوەرووتی شەڕەوە، بنەمای خێڵەکی تیایاندا زیاتر بەهێزبوو و ببوونە کۆڵەکەیەک بۆ مانەوەی ئەو سیستەمە و سەرکوتکردنی خەڵکانی تری ناخێڵەکی ناوچەکە.

هەرچەندە لە کوردستاندا زۆربەی خێڵ و نا خێڵەکییەکان لەسەرەتادا رووبەڕووی فەتحی ئیسلامی و فیوداڵە خێڵەکیەکەی عەرەب بوونەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بەشێکی زۆر لەو خێڵانە بەو واقیعە ڕازیبوون و بوون بە بەشێک لێی «٧٢ ل١٣٢».

لە سەدەکانی شەشی زایینەوە شەپۆلی یەکەمی هەندێ خێڵی تورک ڕوویان کردبووە ناوچەکە و تیایدا نیشتەجێ بوون. ئەوانەش لەسەرەتادا دژی فتوحاتی ئیسلامی وەستانەوە، بەڵام دوواتر بوون بە بەشێک لە سیستەمەکە و پێی بەهێزبوون «٩٦ ل١٠».

چونکە ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییەوە هەڵقوڵا بوو، پارێزگاری ئەو سیستەمەی دەکرد و بەهێزیدەکرد، لەبەرئەوەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان سیستمێکی فیوداڵی خێڵەکیان هەبوو، بە ئاسانی لەگەڵ سروشت و بنەما کۆمەڵایەتێکانی ئەو پێکهاتە خێڵەکیانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگونجا.

فتوحاتی ئیسلامی و دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکیی قورەیش، توانی زۆربەی زۆری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بکات بە ئیسلام، بەڵام نەیتوانی هەموو پێکهاتەکانی بکات بە عەرەب.

لەکاتی بڵاوبوونەوەی دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی عەرەب لە ناوچەکە و دواتریش، زۆربەی زۆری میللەت و پێکهاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست خێڵەکی نەبوون. ئەو ناوچە گرنگە چەندەها شارستانی کۆن و دەوڵەتی زلهێزی ناخێڵەکی تیایدا حوکمرانی کردبوو. زۆربەی دانیشتوانی نیشتەجێبوون و بە کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن و کاری پیشەیی و بازرگانیەوە خەریک بوون. لە چینوتوێژی جیاواز پێکهاتبوون. ئەمانە شارستانی و دەوڵەت و دەسەڵاتەکانیان شکستیان هێنابوو. زۆربەی زۆریان هاوشێوەی کۆمەڵگە خێڵەکیەکان شەڕکەر و جەنگاوەر نەبوون، بەڵکو بە کاروباری رۆژانەی خۆیانەوە خەریکبوون. ئەو شوێنانەی سیستمی خێڵی بەهێزی تیایدابوو، نمونەی کوردستان و هەندێ ناوچەی ئێران و ناوچە تورک نشینەکان، زۆرینەی خەڵک تیایاندا خێڵەکی نەبوون، بەڵام کەم و زۆر بەتایبەتی لە کاتی لاوازی دەسەڵاتی ناوەندیدا دەکەوتنە ژێر کۆنترۆڵ و فشاری ئەو خێڵانەوە «٨٦ ل١٨٦».

هەموو ئەوانەی کە کۆمەڵگەکەیان، سیستمی خێڵەکی بەهێزی تیدابوو و توانای بەرگرییان لە خۆیان هەبوو، زەحمەت بوو بکرێنە عەرەب، لەوانە خێڵە کورد و تورکەکان. ئەوانە دەیانتوانی پارێزگاری خۆیان بکەن، شەڕکەربوون و توانای جێگورکێیان هەبوو، هەڵبەتە سەختی تۆپۆگرافی کوردستانیش یارمەتیدەربوو بۆ ئەو خێڵە کوردانە، کە لە کاتی پێویستدا خۆیان تیادا حەشار بدەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فارسەکان چەندین سەدە دەوڵەتی زلهێز و زمان و کلتور و بنەمای کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەبوو، تازە ئیمپراتۆرەتەکەیان شکستی هێنابوو، بۆیە وا بە ئاسانی لەلایەن فیودالّی خێڵەکی عەرەبەوە نەکران بە عەرەب. فیودالّی خێڵەکی عەرەب بۆ دەوروبەری دووسەد ساڵ بەکارهێنانی زمانی فارسیی لە نووسین و کلتووردا قەدەغەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا نەیانتوانی زمانەکە لەناوبەرن و فارسەکان بکەن بە عەرەب.

کۆمەڵگەکانی بەشەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، میزوپۆتامیا، ناوچەکانی سوریا و لوبنان و فەلەستین و میسر و باکوری ئەفریقا، زۆربەیان خێڵەکی نەبوون، لە کۆنەوە شارستانیەکانیان شکستی هێنابوو، شەڕکەر و جەنگەوەر نەبوون و توانای بەرهەڵستیکردنیان لە خۆیان نەبوو، بۆیە زۆر بە ئاسانتر زۆربەیان کران بە عەرەب و موسڵمان. لەناو ئەوانەدا میسر تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، بەهۆی شارستانیەتی و خاسڵەتە کۆنەکانیەوە، ئەگەرچی زۆربەیان کران بە عەرەب. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دواتر کەم و زۆر توانیان نیمچە سەربەخۆیی و خاسڵەت و پایەی تایبەتی خۆیان بپارێزن «٧٢ ل١٣٢».

سەرەڕای ئەوەی عەباسییەکان لەسەرەتادا و بۆ ماوەیەک هاوپەیمانیان لەگەڵ بنەماڵە شیعەکانی قورەیش بەست ، بە پێچەوانەی ئەمەوییەکانەوە لەکات و شوێنی جیاوازدا کەوتنە هاریکاری و هاوپەیمانیبەستن و پێدانی پۆستی سیاسی و سەربازی و ئیداری بە موسڵمانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە عەرەب نەبون و پێیان دەوتن عەجەم «١١٨ ل٣٣».

هۆکاری ئەم کارەی عەباسییەکان بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە دیموکرات و دڵ فراون بوون، بەڵکو بۆ ململانێی خێڵەکی نێوان بنەماڵە و خێڵەکانی قورەیش دەگەڕێتەوە. لای ئەوان دوو ئەرک گرنگ بوو، یەکەمیان لەناوبردنی تەواوی ئەمەوییەکان، کە بنەماڵەیەکی بەهێزی قورەیش بوون، دووەمیان ڕێگرتن بوو لەسەرهەڵدان و بەهێزبوونی بنەماڵەیەکی تری قورەیش، کە زەفەریان پێببات و جێگەیان بگرنەوە. بە بەشداریکردنی ئەو پێکهاتە ناعەرەبانە لە دەسەڵاتدا، توانیان بەتەواوەتی بەسەر تیرە و بنەماڵەکانی تری قورەیشدا زاڵبن و سەرکوت و لاوازیان بکەن. ئەوەندەی بنەماڵەکانی قورەیش لەیەک دەترسان، لە عەجەم نەدەترسان، چونکە بنەماڵەکانی تری قورەیش ئۆروستۆکراتی و هەڵگری ئالای ئیسلام بوون، بەڵام عەجەم لایان ڕەعیەت و نزمبوو و لەسەرخۆیان بەهەڕەشە و مەترسی دایاننەدەنان. لەگەڵ ئەمانەدا، ڕێگەدان بە عەجەم لە بەشداریکردن لە حوکمرانیدا، حوکمرانی عەباسییەکان لەچاو ئەمەوییەکاندا زیاتر فرەچەشنی تێکەوت و سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابورییەکەیان بەرفراوانتر بوو.

لە سەرەتای دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیدا، زنجیرەیەک شەڕ لەگەڵ بێزەنتییەکان ڕوویدا، بەڵام لە دوواییدا کەمیکرد و ئەو دوو دەوڵەتە بوونی یەکتریان قبووڵکرد و کەوتنە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ یەکدا. ململانێ و گرژی و شەڕوشۆڕی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناو کەنیسەی ڕۆمای ڕۆژئاوا و کەنیسەی ڕۆژهەڵاتی قوستەنتینییە، ئەمەی دووایی زیاتر لە دەوڵەتی عەباسی نزیککردەوە و کەنیسەی ڕۆژئاوا بووە دوژمنی هاوبەشیان «بەندی٢». دەوڵەتی عەباسی لەسەرەتادا هەوڵی فتوحاتیدا بەرە و ڕۆژهەڵات و چین، بەڵام نەیتوانی سنوورەکانی چین بشکێنێت و زیاتر لەگەڵ ئەوانیشدا کەوتە ئاڵوگۆڕی بازرگانی. بۆیە لە سەردەمی حوکمرانی ئەم دەوڵەتەدا هەتا ڕادەیەک شەڕی دەرەکی و فتوحاتی ئیسلامی نوێ کەمیکرد و زیاتر هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتە زلهێزەکەیان و ڕووتاندنەوەی ناوەوە دەدا لە جیاتی تاڵانکردنی شوێنی نوێ.

ئەم گۆڕانکارییە لە سیستەمەکەدا هەتا ڕادەیەک ڕێگەی بۆ زیادبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەیی و بووژاندنەوەی بازرگانی ناوخۆ و نێوان هەرێمەکان و بازرگانی دوور خۆشکرد. دەوڵەتەکە لەسەدەی دەدا کۆنترۆڵی بازرگانی بەشێکی زۆری دەریای سپی ناوەڕاستیکرد، لەگەڵ ئەورووپادا ئاڵوگۆڕی بازرگانی زیادیکرد، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ چین و هیندستان. نیمچە سەقامگیرییەک خولقا و ڕێگە بازرگانییەکان ئاسودەییان بەخۆوە بینی، بۆیە سەرلەنوێ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو بە سەنتەرێکی گرنگی جیهان و بەستنەوەی ڕۆژهەڵات بە ڕۆژئاواوە. زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی بێزەنتی و ئەورووپادا، ڕۆڵی بازرگانە نا موسڵمانەکانی وەکو ئەرمەنی کلدان و سریان و جولەکەی زیندووکردەوە، کە سەرلەنوێ ئەوەش بووە هۆکاری گەشەکردنی بازرگانی. سەرەڕای باری ئابوری، لەم سەردەمەدا زانست و کلتور و فەلسەفە گەشەیەکی زۆریکرد و چەندین نوسەر و زانای بەناوبانگ پەیدابوون «٨٠ ل١٠٥\ ١١٠ ل١٥٤».

لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا، دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئابوری دەوڵەت بەتەواوەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی لەیەک جودابوون. خەلیفە و ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتداری قورەیش هەر بەناو پەیڕەوی بنەما ئایینیەکانیان دەکرد. کەوتنە ژیانی خۆش و ژمارەیەکی زۆر ژن و جاریە ڕاگرتن و خواردنەوە و رابواردن. چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە (الف لیلە و لیلە)، ژیانی ئۆروستۆکراتی ئەوانەمان بیردەخاتەوە. خەلیفە کاری ئەوە بوو پۆست بەسەر ئەو کەسانە دابەشکات، کە خزمەتی دەکردن و وەلایان بۆی هەبوو و باشترین و زۆرترین داهاتیان پێدەبەخشی، هەتا ئەوانە دوورتر بوونایە لە بنەماڵەکانی قورەیش و محمد لایان باشتر و ترسیان کەمتر بوو لەسەریان «١١٨ ل٣٥».

دەسەڵاتی ئایینی کەوتە دەست عولەما و مەلا و پیاوچاکانی ئایینی، کە بەپێی لێکدانەوە و سروشتی ناوچەکان و بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران دابەشبوون بەسەر چەندین قوتابخانە و مەزهەبی جیاوازەوە «١١٣ ل٣٦٣». هەریەکی لە دەروازەیەک و بە شێوازێک لێکدانەوەی بنەماکانی ئایین و شەریعەتیان دەکرد. زۆربەی ئەوانە لە پێناوی ئەهوەن کردنەوەی گرژی کۆمەڵایەتی و هێشتنەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسەڵاتی ئۆروستۆکراتی و قەناعەتکردن بوو بە خەڵک، کە ڕازیبن بەو بەشەی خەلیفە و خودا لە دنیادا پێی بەخشیون و تەقوای خۆیان بکەن بۆ ئەوەی خودا لەوە دنیا پاداشتیان بداتەوە. دەسەڵاتی ئایینی بووە پارێزەر و پاڵپشتی تەواوی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی، لەهەمان کاتدا چونکە دەسەڵاتی ئابوری و سیاسیان نەبوو، چاوەڕوانی دەستی خەلیفە و ئۆروستۆکراتیەت و دەسەڵاتداران بوون، کە چاوێکیان لێیان بێت و ڕەحمێکیان پێبکەن، بۆیە لە وتاری هەینی و فەتواکانیاندا هەمیشە بۆ ئەوانە دەپاڕانەوە و پشتگیری بڕیارەکانیان دەکردن.

عەباسییەکان لە پێناوی بونیادنانی دەوڵەتەکەیان و بەهێزکرن و گەشەکردنیدا توانییان سود لە فرە چەشنەیی و ڕەنگاوڕەنگی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرن، خاسڵەتی ڕۆڵی بەهێزی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت و ڕۆڵی گرنگی شارەکان لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی خۆجێیدا، سوپایەکی بەهێزی دەوڵەت و کڕینی ژمارەیەکی زۆر کۆیلە و هێنانیان بۆ ناوچەکە و بەکارهێنیان لە سوپا و دەستگاکانی دەوڵەت و بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵدا. بەڵام هەتا دەهات پێکهاتە و دەسەڵاتدارانی خۆجێیی ناوچەکان و چینوتوێژەکانی کۆمەڵگە، دەکەوتنە ململانێ لەگەڵ ئەو سیستمە فیوداڵە خێڵەکیە ڕەهایەدا «٨٠ ل١٣٤».

ئەو دەوڵەتە، بەبێ ئەو پێکهات و فاکتەرانە توانای بەردەوامی نەبوو، بەڵام بەهێزبوون و زۆر بوونی ئەوانە و پەیدابوونی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و ململانێ لەگەڵ یەکتریدا، هەتا دەهات بنەماکانی دەوڵەتەکەی دەگۆڕی و دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی لاوز دەکرد و ناوچە و پێکهاتەکان هەوڵی سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی خۆیان ئەدا و چینوتوێژەکانی خوارەوە ناڕەزاییان تێدەکەوت و گرژی و ڕاپەرین ڕوویدەدا.

دوای سەد ساڵ لە حوکمرانیان، هەتا دەهات دەسەڵاتدارانی ئۆروستۆکراتی خەلافەتی عەباسی دەبوون بە چەترێک و سیمبۆلێک بۆ کۆکردنەوەی پێکهاتەکانی دەوڵەتەکە و هەتا دەهات زیاتر بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتەکەیان دەدایە دەستی عەجەم. هەر لە سەدەی نۆوە وردە وردە دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت بەسەر ناوچە جیاوازەکاندا لاواز بوو. ئەوانە بانگەشەی سەربەخۆیی و نیمچە سەربەخۆیی خۆیان دەکرد، بەڵام بۆ خۆ پاراستن لە هەڕەشەی دەرەکی لە ژێر چەتری دەوڵەتەکەدا دەمانەوە و باجیساڵانەیان بە خەلیفە دەدا و بەسەرکردەی ڕۆحی خۆیان ناویان دەبرد. دەسەڵاتی سیاسی لە دەوڵەتی عەباسیدا بوو بە دوو بەشەوە، دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆجێیی ناوچەکان «١١٨ ل٢١٢\ ١١٣ ل٣٧٥».

ململانیە و ناکۆکی ناوخۆیی و گۆڕانکاری لە باری ئابوری و سیاسی و ڕۆڵی ئۆروستۆکراتیەت و دەسەڵاتی ئایینی و پێکهاتەکاندا، بووە هۆکاری ئەوەی بەشێکی زۆری دەسەڵاتدارانی سەربازی و سیاسی دەوڵەتەکە داهات و سامانی ئابوری و دەسەڵاتی سیاسیان لە ناوچەکاندا زیادبکات، لەهەمانکاتدا پێکهاتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهێزەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی ئەو دەرفەتەی بۆیان دروستبوو لە بەشداریکردنی حوکمرانیدا، هەروەها لە ڕێگەی خۆ نزیککردنەوەیانەوە لە ئۆروستۆکراتی فیوداڵی قوڕەیش، پێگەی ئابوری و سیاسی خۆیان بەهێزکرد.
لە لایەکەوە هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی پێکهاتە بەهێزەکانی وڵاتەکە، لە کاتی جیاوازدا لە ژێر چەتری فیوداڵی خێڵەکی عەباسیەکاندا کۆببێتەوەوە و کاروباری حوکمڕانی دەوڵەتی ناوەندی بەڕێوەبەرن. ئەمانە بەپێی وەلایان بۆ خەلیفە و زیادبوون و کەمبوونی توانای سیاسی و ئابورییانەوە، خەلیفە جێگورکێی پێکردوون.
لە لایەکی ترەوە لە ژێر چەتری دەوڵەتە زلهێزەکەدا چەندین وردە دەوڵەت و ناوچەی دەسەڵاتی خۆجێیی و میرنشین سەریان هەڵدا. ئەو پێکهاتانەی، کە لە حوکمرانی دەوڵەتی ناوەندیدا بەشداریانکرد دەکرێ دابەشبکرێن بەسەر سێ بەشەوە:
چەند خێڵێکی تورک **٨٥٠-٩٤٦**(ز. )
بووەیهییەکان(چەند بنەماڵەیەکی فارس بوون) **٩٤٦-١٠٥٥**(ز. )
سلجوقیەکان( ناوی هاوبەشی چەند سەلالەیەکی تورکی تر بوو) **١٠٣٧-١٣٠٠**(ز.)
ئەو وردە دەوڵەت و دەسەڵاتە خۆجێیانەی کە لە ناوچە کاندا، لەکاتی جیاوازدا سەریان هەڵدا و نیمچە سەربەخۆیی خۆیان هەبوو، هەرە گرنگەکانیان ئەمانە بوون «**١١٨ ل ٢١٢**»:
دەوڵەتی ئەندەلوس، سەدەی هەشت
دەوڵەتی ئەلئەداسە لە مەغریب، سەدەی دە
دەوڵەتی تیتولونیە لە میسر، سەدەی دە
دەوڵەتی ئەلئەغالبە، سەدەی دە
دەوڵەتی فاتمی لە میسر، بنەماڵەی فاتمەی کچی محمد **٩٠٩-١١٧١**
دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر **١١٧١-١٢٥١**
دەوڵەتی مەمالیک( کۆنە کۆیلەکان) لە میسر **١٢٥١- ١٥٧١**
چەندین ئەمارات لە وڵاتی شام، نمونەی: ئەلحمدانیە، ئەلنمیریە، ئەلمرداسیە دروست بوو.
لە ئێران چەندین دەوڵەتی بچووک دروست بوون لەوانە:
دەوڵەتی تاهیری لە خۆراسان، دەوڵەتی سەفاری، دەوڵەتی سامانی، دەوڵەتی غەزنەوی
لە کوردستان چەندین میرنشین و دەوڵەتی بچووک لەکات و شوێنی جیاوزدا دروستبوون، لەوانە: دەوڵەتی دۆستەکی، هەزبانی، شەدادی، حەسنەوی، ئەنازی. لەبەشێکی تایبەتیدا دەگەڕێنەوە سەر تایبەتمەندی و دۆخی کوردستان لەو چەرخانەدا «**٩٤ ل١٢١ ٧٢ ل ٢١٠**».
بەهۆی زوڵم و زۆر بەسەر چینوتوێژەکانی خوارەوە چەندین بزووتنەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەناویانـدا ڕوویـدا. لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو بزووتنەوانـە سـەرکەوتنیان بەدەسـت نەهێنـا، بـەڵام بوونـە فاکتەرێـک بـۆ لاوازبوونـی فیودالـی خێڵەکـی و لاوازبـوون و پارچەپارچەبوونـی دەوڵەتەکـە. لەوانـە ڕاپەڕینـی بابەکـی خورەمـی لـە سـەدەی نۆدا، کـە زیاتـر لـە ٢٠ سـاڵ بـەردەوام بـوو. ئەمـە بزووتنەوەیەکـی ئایینـی جوتیـاران بـوو. ڕاپەڕینـی زەنـگ لـە سـەدەی دەدا، ئەمـە بزووتنـەوەی کۆیلەکانـی باشـووری عێـراق بـوو، کـە لـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵیدا کاریـان پێدەکـرا. ئەمانـە داوای ئـازادی و چاکسـازییان دەکـرد لـە کاروبـار و خۆشـگوزەریاندا «٨٠ ل٢٢٩،٢٥٧،٢٨٧».
عەباسـییەکان پێـش هەمـوو پێکهاتەکانـی تـری خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە نێـوان ساڵەکانی٨٥٠-٩٤٦(ز. )، هەنـدێ خێڵـی تورکیـان لـە خۆیـان نزیککـردەوە و چەندیـن پۆسـتی دەوڵەتیـان پێسـپاردن. هەڵبەتـە هەڵبژاردنـی ئەوانـە بـێ هـۆ نەبـوو. ئـەو خێڵـە تورکانـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ناەڕاسـتدا نـوێ بـوون و وەکـو پێکهاتەکانـی تـری ناوچەکـە هێشـتا ڕەگیـان لـە کۆمەڵگەکانـدا دانەکوتـی بـوو، لەبەرئـەوە لەلایـەن خەلیفـەوە بـە ئاسـانتر کۆنتـرۆڵ دەکـران، سیسـتمی خێڵەکـی و وەلا بـۆ خێـڵ و سـەرکردە لـە ناویانـدا هێشـتا بەهێـز بـوو، لەبەرئـەوە بـە ئاسـانی بـوون بـە ئیسـلام و ئاوێتـەی بـوون و پەیـڕەوی کوێرانەیـان دەکـرد. مەزهەبـی سـوننەی عەباسـییەکانیان پەیـڕەو دەکـرد و یارمەتـی خەلیفەیـان دەدا بـۆ سـەرکوتکردنی شـیعە «١١٣ ل٤٠٩،٤٢١». توێـژی ئۆروسـتۆکراتی عەباسـی هەتـا دەهـات تێـر دەبـوون و تاقەتـی خـۆ هیلاکردنیـان نەمابـوو و بەرژەوەنـدی خۆیـان دەخسـتە پێـش بەرژەوەنـی خەلیفـە و بـڕوای ئایینیـەوە، لەبەرئـەوە چیتـر وەکـو جـاران جێگـەی بـڕوا نەبـوون و خەلیفـە پێویسـتی بـە خەڵکـی نـوێ بـوو جێگـەی ئەوانـەی پێبگرێتـەوە.
بـۆ مـاوەی کەمتـر لـە سـەدەیەک ئـەو خێڵـە تورکانـە سـودبەخش بـوون بـۆ دەسـەڵاتدارانی فیودالـی قورەیـش، بـەڵام هەتـا دەهـات ئەوانـە بەهێـز بـوون و داهـات و سـامان و دەسـەڵاتیان زیادیکـرد و تەنگیـان بـە شـیعە و فـارس و کـورد و پێکهاتەکانـی تـر هەڵچنـی بـوو، چیتـر وەکـو سـەرەتا گوێڕایەڵـی خەلیفـە نەبـوون. ئەمـە لەگـەڵ عورفـی خێڵەکیـدا نەدەگونجـا، کـە بریتـی بـوو لەپێدانـی پۆسـتی سیاسـی و داهاتـی ئابـوری بـە مەرجـی وەلا بـۆ سـەرۆک. ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی دەبـووە هەڕەشـە بۆسـەر خەلیفـە، بێـزاری و گـرژی و ناڕەزایـی پێکهاتەکانـی تـری لێدەکەوتـەوە. لەبەرئـەوە خەلیفـە بـە یارمەتـی هەنـدێ بنەماڵـەی بووەیهـی، پۆسـتەکانی لێسـەندنەوە و سـەرکوتیانکردن و دووریـان خسـتنەوە و ئەرکەکانـی ئەوانیـان بـە بووەیهێـکان سـپارد.
بووەیهییـەکان چەنـد بنەماڵەیەکـی سـەردارانی فـارس بـوون و نیشـتەجێی ناوچەکانی کەرەجـی هەریمـی فـارس بـوون. ئەمانـە لـە نێـوان سـاڵەکانی ٩٤٦-١٠٥٥(ز. ) بوونـە هاوپەیمانـی دەسـەڵاتدارانی فیودالـی قورەیـش. لـەو سـاتەوە بەتەواوەتـی خەلافەتـی عەباسـی ڕۆڵـی چەترێکـی بینـی کـە لەسـایەیدا پێکهاتـە و بەشـەکانی دەوڵەتەکـە لـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژێـردا کۆبوونـەوە. خەلیفـە و توێـژی ئۆروسـتۆکراتی دەسـەڵاتدار، بەشـی خۆیـان لـە داهاتـی بـاج و جزییـە و گومـرگ و سـامان و غەنائمـی دەوڵەتەکـە دەبـرد و بوونـە سـەرکردەی ڕەمـزی و ڕۆحـی تیایـدا. لـە پراکتیکـدا بوەیهییـەکان کاروبـاری دەوڵـەت و ئابـوری و سیاسـی و سـەربازییان بەڕێوەدەبـرد «١٠٩ ل٣١».

هەرچەنـدە ئـەم پێکهـات و بنەماڵەیـەش بـۆ سـەد سـاڵی تـر تەمەنـی سیسـتمی فیوداڵـی خێڵایەتـی درێـژ کـردەوە، بـەڵام بەرژەوەنـدی و سروشـت و خواسـتی ئەمانـەش زۆری نەبـرد، لـە باتـی بەردەوامـی لـە بەهێزکردنـی سیسـتمەکە، کەوتـە ململانـێ و زۆرانبازیـی لەگەڵیـدا.

بەپێـی عورفـی خێڵەکـی و سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکی، زەوی زار و سـامانی وڵاتەکە، موڵکـی دەوڵـەت و تەسـەروف پێکردنـی بـە دەسـتی فیوداڵـی خێڵەکـی دەسـەڵاتداردا بـوو. بـەڵام لەگـەڵ بەهێزبوونـی بوەیهییـەکان و سروشـتی نـا خێڵەکـی کۆنیـان لـە موڵکدارێتـی زەویـوزاردا، هەتـا دەهـات زیاتـر دەسـتیان دەگـرت بـە سـەر زەوی وزاری زۆربـەی ناوچەکانـی فـارس و دەیانکـردە موڵکـی تایبەتـی خۆیـان و داهاتەکانیـان بۆخـۆ دەبـرد. ئەمـە لـە لایەکـەوە داهاتـی خەلیفـەی کەمدەکـردەوە و لـە لایەکـی تـرەوە، بنەماماکانـی سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی تێکدەشـکاند.

بوەیهییـەکان، بـۆ بەهێزکردنـی ڕۆڵیـان لـە دەوڵەتەکـەدا و خۆجیاکردنەوەیان لەوانی تـر، مەزهەبـی شـیعەیان هەڵبـژارد و هەتـا دەهـات بـۆ بەهێزکرتـی پێگـەی خۆیـان لـە دەوڵەتەکـە و فشـار خسـتنە سـەر خەلیفـە خۆیـان لـە شـیعەکانی باشـوری عێـراق نزیـکک دەکـردەوە. دەتوانیـن بڵێیـن تەماعـی فارسـەکان بـۆ ئـەو ناوچانـە و هەوڵـدان بـۆ گرێبەسـتنەوەی ئەوانـە بەخۆیانـەوە لـەم سـاتەوە بەهێـز بـوو. لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی ئەمانـدا پێگـە و ڕۆڵـی شـیعەکانی عێـراق بەهێـز بـوو.

لـەو سـەردەمەدا دەوڵەتـی فاتمیـە لـە میسـر نیمچـە سـەربەخۆیی خـۆی هەبـوو و لـە ململانێدابـوون لەگـەڵ خەلیفـەی عەباسـیدا. لەگـەڵ ئـەوەی فاتمیـەکان شـیعە نەبـوون، بـەڵام بەرەچەڵـک دەچونـەوە سـەر عەلـی کـوڕی ئەبوتالیـب و محمـد. بوەیهییـەکان ئەوەیـان بەکاردەهێنـا بـۆ خـۆ نزیککردنـەوە لێیـان و زیاتـر بەهێزکردنـی پێگـەی خۆیـان و فشـار خسـتنە سـەر خەلیفـە.

لەڕێگـەی پەیوەنـدی بەسـتنی توندوتـۆڵ لەگـەڵ کەمایەتـە ناموسـلمانەکاندا و پشـتگیریکردنی بازرگانـی دەرەکـی، بوەیهییـەکان داهاتـی بازرگانیـان بـۆ خۆیـان زیاترکـرد و لەهەمانکاتـدا پشـتگیری ئـەو توێژەیـان دەکـرد دژی خەلیفـە.

بەهـۆی ئـەم فاکتەرانـەوە، هەتـا دەهـات لەلایەکـەوە ململانـێ لـە نێـوان ئـەوان و ئۆروسـتۆکراتی دەسـەڵاتداری فیوداڵـی قوڕەیـش زیادیدەکـرد، لەلایەکـی تـرەوە ململانێـی ناوخـۆی ئـەو بنەماڵەیـە و لەگـەڵ پێکهاتەکانـی تـردا زیادیدەکـرد و لـە یـەک دوور دەکەوتنـەوە و دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەوڵـەت بەسـەر ناوچەکانـدا لاواز دەبـوو و دەوڵەتەکـە بـەرەو شکسـت و کەوتـن ملـی دەنـا.

**- هاتنی شـەپۆلی نوێی میللەتە خێڵەکییەکان بۆ ناوچەکە**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوازبوونـی دەوڵەتـی عەباسـی لـەو سـەدەیەدا و دابەشـبوونی بەسـەر چەندیـن ناوچـە و وردە دەوڵەتـەوە، دەرفەتـی بـۆ تێکشـکاندنی ئـەو سیسـتمە و دابەشـبوونی بەسـەر یەکـەی لاوازدا دروسـتکرد، کـە ڕەنگـە ئەمـە بـە شـێوازی سـەرەتای سـەدەکانی ناوەڕاسـتی ئەورووپـا دەرفەتـی گەشـەکردنی بازرگانـی و چینوتـوژی نوێـی و سیسـتەمێکی بەڕێوەبردنـی جیـاوزی لـە پاڵـدا دروسـتبووایە. بـەڵام هاتنـی شـەپۆلی خێڵەکـی نـوێ لـەو سـەردەمەدا بـۆ ناوچەکـە، بووەهـۆی ئـەوەی دەوڵەتـی عەباسـی و سیسـتەمی فیوداڵـی خێڵەکـی بـۆ چەنـد سـەدەیەک بمێنێتـەوە، ئەگەرچـی دواتـر بووەهـۆی دروسـتبوونی دەوڵەتـی فیوداڵـی خێڵەکـی زلهێـزی نـوێ.

ئـەو شـەپۆلە خێڵەکیانـەی کـە لـەو سـەردەمەدا ڕوویـان کـردە ناوچەکـە دەتوانـرێ دابەشـکرێن بـە چـوار بەشـەوە:

یەکەمیـان ئـەو خێڵـە تورکانـە بـوون، کـە لەسـەردەمی لاوازبوونـی ساسـانیەکاندا لـە سـەدەکانی پێنـج و شەشـدا هاتنـە ناوچەکـەوە و وەکـو لەسـەرەوە باسـمانکرد هـەر زوو چوونـە ژێـر چەتـری دەوڵەتـی عەباسـییەوە و بەشـداریی حوکمداریانکـرد.

دووەمیـان سـولجوقیەکان بـوون، کـە دوواتـر هاتنـە ناوچەکـە و لـە ژێـر چەتـری دەوڵەتـی عەباسـیدا چەنـد دەوڵەتێکـی بچووکیـان دامەزرانـد و سەرپەرشـتی حوکمڕانـی ناوەنـدی دەوڵەتـی عەباسـیان گرتەدەسـت.

سـێهەمیان، هاتنـی شـەپۆلی مەغۆلـەکان بـوو، کـە بەتەواوەتـی دەوڵەتـی عەباسـی و پاشـماوەکانی شارسـتانییەتە کۆنەکانـی ڕۆژهەڵاتیـان تێکشـکاند و ناوچەکـە و پێکهاتـە و چینوتوێژەکانـی تـەواو لاوازکـرد.

چوارەمیـان شـەپۆلێکی نوێـی چەنـد خێڵێکـی تـورک بـوون، کـە توانیـان سـوود لـە کاولبـوون و شکسـتهێنانی ناوچەکـە وەرگـرن و دواتـر دوو دەوڵەتـی زلهێـزی نوێـی فیوداڵـی خێڵەکـی لـە هەمـوو خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بونیادبنێـن، کـە دەوڵەتـی عوسـمانی و سـەفەوی بـوون.

سـلجوقییەکان خێڵێکـی بەهێـزی سـەلالەیەکی تـورک بـوون، کە لەسـەرەتای سـەدەی یانـزە ڕوویـان کردبـووە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت. لەسـەرەتادا لـە ناوچەکانـی خۆزسـتان و هەمـەدان و کرمـان و ئازربایجـان گیرسـانەوە. بەسـەر خێڵـە تورکەکانی تـری تـورک و کـورد و پێکهاتەکانـی تـری دەوروپشـتیاندا زاڵبـوون.

بەهـۆی لاوازی دەوڵەتـی عەباسـی و ململانێـی توندووتیـژی نێـوان ئۆروسـتۆکراتی فیوداڵـی قورەیـش و بوەیهییـەکان، لە نێوان ساڵەکانی ١٠٣٧-١٣٠٠(ز. )، ئـەوان دەرفەتیان هێنـا و دەوڵەتێکـی گەورەیـان دامەزرانـد. ئەمانـە زوو بوونـە ئیسـلام و وەلای خۆیـان بـۆ خەلیفـە نیشـاندا. خەلیفـە لـە پێنـاو بەردەوامـی سیسـتمەکە و دوورخسـتنەوەی بوەیهییـەکان، ئەرکـی حوکمـداری دەسـەڵاتی ناوەندییـان پێسـپاردن و نازناوی سـوڵتانی بـە سـەرۆکەکانیان بەخشـی. بێجگـە لـە کۆنترۆڵکردنـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەوڵەتـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عەباسـی، دەسـتیان بەسـەر زۆربـەی ناوچەکانـی ئێـران و ئەفغانسـتان و بەشـێک لـە هیندسـتان و کوردسـتان و رۆژهەڵاتـی ئەنـادۆل و بەشـێک لـە کەنـار دەریاکانـی سـوریادا گـرت. لـەو رێگەیـەوە سـەرلەنوێ پایـەی خەلیفـەی عەباسـی بەرزبـۆوە و سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکی قورەیـش بـۆ ماوەکـی تـر مایـەوە «١٠٩ ل١٤٢\ ١١٣ ل٤٤٥».

بـە هـۆی سـەرلەنوێ بەهێزبوونـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەوڵەتەکـەوە، بـۆ ماوەیـەک ئاسـایش و سـەقامگیری پارێـزرا و بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵ و بازرگانـی بووژاندنـەوەی تێکـەوت. توانیـان سـەرکوت و کۆنترۆلـی شـیعەکان بکـەن. پشـتگیری هەنـدێ خێڵـی بەهێـزی کوردیـان کـرد بـۆ هێرشـکردنە سـەر دەوڵەتـی فاتمـی لـە میسـر و روخاندنـی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئەیوبـی لـە جێگـەی. دەوڵەتـی ئەیوبـی، لـە لایەکـەوە دۆسـتایەتی بوەیهییـەکان و شـیعەکانی نەهێشـت و لـە لایەکـی تـرەوە توانـی بەرپەرچـی هەڵمەتـی خاچپەرسـتەکانی کەنیسـەی رۆمـا بـۆ سـەر خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بداتـەوە.

هەڵبەتـە ئـەم سـەرکەوتن و فراوانبوونـە، هەمیسـانەوە بـووە هـۆکاری زیادبوونـی داهـات و سـەروەت و غەنائمـی نـوێ و دروسـتبوونی بنەماڵـە و سـەرکردە و توێـژی دەسـەڵاتداری نـوێ و زیادبوونـی تەمـاع و خواسـتی سـەربەخۆیی لـە ناویانـدا. سـەرەڕای ململانێکانـی پێشـو لـە نێـوان پێکهاتـە و ناوچەکانـدا، ململانـێ کەوتـە نێـوان خـودی بنەماڵەکانـی سلجوقیەکانیشـەوە و شـەپۆلێکی نوێـی شەڕوشـۆڕ و ئـاژاوە و کاولکـردن بـەردەوام بـوو، بێجگـە لـە دروسـتبوونی چەندیـن دەوڵەتـی بچـووک و میرنشـینی لاوز لـە نـاو پێکهاتەکانـی تـری خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، دەوڵەتـی سـلجوقییش بەسـەر چەندیـن دەوڵەتـی بچووکـەوە دابەشـبوو لـە ئەنـادۆل و ئێـران و کوردسـتاندا.

تاکڕەوی سـلجوقییەکان لە حوکمرانیدا، لاوازبوونی تەواوی خەلیفە و ئۆروسـتۆکراتی عەباسـی، بـووە هـۆکاری سـەرکوتکردنی تـەواوی زۆربـەی پێکهاتـەی دەوڵەتەکـە و رووتناندنەویـان، شـەڕی بـەردەوام لەگـەڵ بیزەنتییـەکان ، شـەڕی ناوخـۆ و کاولکـردن، نارەزایـی و راپەرینـی کـورد و فـارس و پێکهاتەکانـی تـر، بزووتنـەوەی شـیعەکان، بزووتنـەوەی کۆیلـە زنجیـەکان لـە باشـوری عێـراق، نارەزایـی مەمالیـک. مەمالیـک ئـەو کۆنـە کۆیلانـە بـوون دەسـەڵاتدارانی یـەک لـە دوای یەکـی فیوداڵـی خێڵەکـی لـە لەشـکر و کاروبـاری دەوڵەتـدا بەکاریـان هێنابـوون.

لەکاتێکـدا دەوڵەتـی عەباسـی لـە گیانـەڵادا بـوو، دیسـانەوە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەرێـگاوە بـوو بـەرەو دابەشـبوونێکی تـر بەسـەر چەندیـن ناوچـە و وردە دەوڵاتـدا. قۆناغـی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـوری فیوداڵـی خێڵەکـی لـە ناوچەکـەدا رووبەڕووی کۆتاییهاتـن دەبـۆوە، سـەرلەنوێ شـەپۆلێکی تـری خێڵەکـی ڕوویکـردە ناوچەکـە و درێـژەی بـە تەمەنـی سیسـتمەکەدا، ئـەم شـەپۆلەیان مەغۆلـەکان بـوون.

مەغۆلـە خێڵەکێکان، شانبەشـانی چەندهـا خێڵـی تـورک نیشـتەجێیی ناوچەکانی ئێسـتای مەنگۆلیـا و باشـوری سـیبریا بـوون. ئەمانیـش وەک هەمـوو کۆمەڵگـە خێڵەکییەکانـی تـر،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ململانێی توند لە نێوان خێڵ و بنەماڵەکەیاندا هەبوو و زەحمەت بوو لەژێر چەتری دەوڵەتێکی هاوبەشدا کۆببنەوە.
ساڵەکانی **١٢٥٠**(ز.) یەکێ لە خێڵە بەهێزەکان، بە پەیدابوونی بنەماڵە و سەرکردەیەکی بەهێز، هەر وەکو پێشوی خێڵە عەرەبەکان، لەدوای چەند شەڕێک خێلەکانی تریان سەرکوتکرد و یەکیان خستن و سوپایەکی مەزنیان پێکهێنا. هەموو نێرینەیەک، کە تەمەنی لە نێوان **١٥-٦٥** ساڵ بوو، کرا بە جەنگەوەری سوپاکە. لە سەرەتادا پەلاماری باشوری چین و ڕۆژهەڵاتیاندا و دواتر لە ماوەی چەند ساڵێکدا ڕوویان کردە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و روسیا و زۆربەی شوێنەکانیان داگیرکرد. ساڵی **١٢٥٨** بەغدای پایتەختی خەلافەتی عەباسییان گرت و تاڵان و کاولیان کرد «**١١٣** ل**٤٦٥**».
مەغۆلیەکان وەکو پێکهاتەکانی پێشووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، نەچوونە ژێر چەتری دەوڵەتی عەباسییەوە، بەڵام دواتر بەشێکیان بوون بە موسولمان. دەوڵەتێکی زلهێزی فیوداڵی خێڵەکیان دامەزراند کە تیایدا نزیکەی **١٠٠** ملیون کەس کەوتە ژێر دەسەڵاتیانەوە، کە زۆربەی دانیشتوانی ئەوسای جیهان بوون. چونکە ئەمانە دووربوون لە شارستانییەتە کۆنەکان وهیچ گرێبەستەیەکیان لەگەڵیان نەبوو، ڕوویان دەکردە هەرچی شوێنێک، تاڵان و کاولیان دەکرد و شوێنەواری کۆنیان تێدا نەدەهێشت «**٣٦** ل**١٤٨\ ٥٢**، مەغۆل» .
مەغۆلەکان بەهۆی ململانێی نێوان خێڵ و بنەماڵەکانیاندا نەیانتوانی یەکێتی دەوڵەتە زلهێزە فیوداڵە خێڵایەتەکەیان بپارێزن، بەڵکو بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشببوون . پاشماوەی دەوڵەتەکانیان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەتا سەدەی چواردە هەر مایەوە، لە روسیا هەتا سەرەتای سەدەی شانزە دەسەڵاتیان هەر بەردەوامبوو.
دوای کەوتنی ئەوان چەندین دەوڵەتی لاوازی بچووکی فیوداڵی خێڵەکی لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماوەیەک دروست بوون، لەوانە ئیلخانی و موزەفەری و تەیموری لە ئێران، قەرەقۆیلو لە ئەنادۆل و باکوری کوردستان، ئاققویلو لە ناوەڕاستی عێراق، هەروەها سلجوقیەکان لەرۆژئاوای ئەنادۆل و مەمالیک لە میسر مانەوە. لە کوردستان ژمارەک میرنشینی بچووک و لاواز و چەندین ئەمارەتی بچووکی تر لە ناوچە عەرەب نشینەکان حوکمرانیان دەکرد.
ساڵی **١٢٥٠**(ز.) ی ئەیوبییەکان لە میسر شکستیان هێنا و کۆنە کۆیلەکانی دەوڵەتە ئیسلامیەکانی پێشوو، کە پۆستی سەربازی و دەوڵەتیان پێ سپێردرابوو، لە جێگەی ئەوان دەوڵەتی مەمالیکیان دامەزراند. مەغۆلەکان لەبەر بەرگری کردنی ئەو دەوڵەتە لە گرتنی میسر و زۆربەی ناوچە کەنار ئاوەکانی شام شکستیان هێنا. کە ساڵی **١٢٥٨** دەوڵەتی عەباسی کەوت، مەمالیکەکانی میسر داڵدەی بنەماڵەی عەباسی قورەیشیاندا و گرتنیانە خۆیان، بەوە میسر بۆ چەند سەدەیەک بوو بە سەنتەری دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام و ئاڵاکەی کەوتە دەست ئەوان هەتا ئەو کاتەی مافی خەلافەتێتی ئیسلام کەوتە چنگی عوسمانییەکانەوە «**١١٣** ل**٤٦٥\ ٥٣\٥٢**».

## هۆکاری بەردەوامبوونی فیوداڵی خێڵەکی دوای شکستهێنانی قورەیش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەکەوتنی ساسانییەکان بەدەستی فەتحی ئیسلامی، فارسەکان بۆ نزیکەی ١٣٠٠ساڵ وەکو خاوەن دەوڵەتی زلهێز لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست رۆلیان نەما و هەتا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی رۆڵێکی کاریگەریان لە ناوچەکەدا پەیدانەکردەووە.

بەهەمان شێوە بە شکستهێنان و کەوتنی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسیی قورەیش، عەرەب بەتەواوەتی شکستی هێنا لەوەی سەرلەنوێ دەوڵەتی بەهێز لە ناوچەکەدا دامەزرێنێ. لەهەمان کاتدا شکستهێنان و کەوتنی ئەو دوڵەتە شکستهێنانی تەواوی سیستمی بەڕێوەبردنی فیوداڵی خێڵەکی عەرەب بوو.

ئەو سیستەم و ئایدۆلۆژیایە لەناو عەرەبدا، نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر شکستی هێنا، کە هێشتا بنەماکانی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی بەهێز بوو. بۆیە ئەمرۆ هەموو هەوڵدانێک بۆسەرلەنوێ زیندووکردنەوەی ئەوە، لە شکستهێنان و دەردەسەری زیاتر هیچی تری بۆ میللەتە عەرەبەکان لێ ناکەوێتەوە.

ڕاستە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، چەندین دەوڵەتی عەرەبی دروست بوون، بەڵام هەرهەموو ئەوانە دوورن لە دەوڵەتی زلهێز و هەتا ئێستا بەرژەوەندی هاوبەشی نوێ، عەرەبەکانی لە دەوڵەتێکی هاوبەشدا کۆ نەکردۆتەوە.

**- دامەزرانی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بەدەستی خێڵی تورک**

ساڵەکانی ١٢٠٠(ز. ) مەغۆلەکان ڕوویان کردە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کەوتنە ئازاردان و راوەدونانی پێکهاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. لەوانەی کە بەر ئەو شاڵاوە کەوتن، چەندین خێڵی تورکی نیشتەجێی باکوری رۆژهەڵاتی ئێران بوون. ئەوانە لەتاوادا ئەو ناوچانەیان بەجێ هێشت و پۆلێکیان کۆچیان بۆ رۆژئاوای ئەنادۆڵ (ناوەڕاست و رۆژئاوای تورکیای ئێستا) کرد و پۆلێکی تریان کۆچی بۆ رۆژئاوای دەریاچکەی قەزوین کرد. هەندێکیش لەوانە بەهۆی لاوازی میرنشینە کوردەکان و ململانێی ناویان، لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا بڵاوبوونەوە. بێجگە لەو پۆلە نوێیە، پێشتر چەندین خێڵی تری تورک نیشتەجێی بەشێکی رۆژئاوای ئەنادۆڵ بوون. ئەمانە هەر وەکو کۆمەڵگە خێڵەکیەکانی تر هەمیشە لە ململانێ و شەڕوشۆڕدا بوون لەگەڵ یەکتردا «١١٩ ل٥٩،٤٦».

ساڵی ١٢٠٠(ز. ) عوسمانی سەرۆک خێڵی ئۆگوز کە لە خێڵە تورکەکانی تر بەهێزتر بوو، توانی خێڵەکە یەکخات و لەدوای زنجیرەیەک شەڕ، بەسەر ژمارەیەک خێڵی تورکی تردا زاڵبن و بیانکەنە رەعیەی خۆیان. لە کۆتایی ساڵەکانی ١٢٠٠ دەوڵەتێکی بچووکی فیوداڵی خێڵەکی بە ناوی دەوڵەتی عوسمانیەوە دامەزراند و سەرۆکەکەیان ناسنامەی سوڵتانی پێدرا «٩٠ ل٢٦».

بەهۆی دوورکەوتنەوەی خەلیفە و ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتداری عەباسی لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایینـەوە و لاوازی دەسـەڵاتی ئایینـی و شکسـتهێنانی لـە یەکخسـتنی موسـوڵمانەکان لەژێـر ڕێبازێکـی هاوبەشـدا، هەروەهـا زوڵـم و زۆری زۆر بەسـەر بەرهەمهێنـەر و چینوتوێژەکانـی خـوارەوە لـەو دەوڵەتـەدا، ژمارەیەکـی زۆر تەریقـەی ئایینـی و دەروێـش و شـێخ لەنـاو پێکهاتـە و ناوچەکانـدا پەیـدا بـوو.

هەریەکێـک لەمانـە گونجـاو بـوو لەگـەڵ خاسـڵەت و کلتـور و نەریـت و شـێوازی بونیـادی کۆمەڵایەتـی و ئابـوری و سیاسـی ناوچەکـەی. بەهەمـان شـێوە خێڵـی ئۆگوز، شـێخ و عولەمـای تایبەتـی خـۆی هەبـوو. ئەمانـە سـوننەی سـەلەفی بـوون، کـە لەگـەڵ عورفـی خێڵەکیانـدا گونجـاو بـوو. ئەمانـە لە پرۆسـەی بونیادنانـی دەوڵەتی عوسـمانیدا لـە سـوڵتان و دەسـتەبژێری دەسـەڵاتداری خێڵەکـەوە نزیـک بـوون و پشـتگیریانکردن و هەوڵـی یەخسـتنی خێڵەکـە و مسـۆگەرکردنی وەلای ئەندامەکانیـان بـۆ سـوڵتان دەدا.

ئـەو شـێخ و عولەمایانـە، پێگـەی تایبەتیـان لـە کۆمەڵگەکـەدا هەبـوو و سـوڵتان ڕێـزی لێدەگرتـن و گوێڕایەڵـی ئامۆژگاریەکانیـان بـوو. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بەپێـی عورفـی خێڵەکـی و ڕێبـازی سـوننە، سـوڵتان و سـەرەک خێـڵ بـوو کـە خـاوەن دوا بڕیـار بـوو، ئـەو بـوو کـە دەسـەڵاتی ڕەهـای هەبـوو بەسـەر خێـڵ و دەوڵـەت و ڕەعیـەت و دەسـەڵاتی ئایینیـدا. دواتـر لەگـەڵ فراوانبـوون و بەهێزبوونـی دەوڵەتەکـە، پیاوانـی دەسـەڵاتی ئایینـی پلـە و پۆسـتی جیاوزیـان پـێ بەخشـرا. گەورەتریـن شـێخ پێناسـەی شێخولئیسـلامی پێـدرا. یەکخسـتنی خێڵەکـە و زاڵبوونیـان بەسـەر خێڵەکانـی تـر و کۆنترۆڵکردنیـان و دامەزراندنـی دەوڵەتـی عوسـمانی، ئـەو خێڵـەی لـە سیسـتمی خێڵەکـی سـادەوە گواسـتەوە بـۆ سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی.

لـەو سـەردەمەدا شـان بەشـانی دەوڵەتـی سـاوای عوسـمانی، بێجگـە لـە خێڵـە تورکەکانـی تـر دەوڵەتـی سـلجوقی تـورک لـە باشـوری ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ هـەر بەهێـز بـوو، سـەرەڕای ئـەوان دوو دەوڵەتـی بچووکـی تـری تـورک لـە باشـور و ناوەڕاسـتی ئەنـادۆڵ هەبـوون «١١٨ ل٤٦».

بەشـێک لـە ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ هێشـتا لەژێـر کۆنترۆڵـی دەوڵەتـی بێزەنتیـدا بـوو. زۆرینـەی دانیشـتوانی ئەنـادۆڵ تـورک و خێڵەکـی نەبـوون، بەڵکـو ناخێڵەکـی بـوون و بێجگـە لـە موسـڵمان ژمارەیـەک زۆر یۆنانـی و ئەرمـەن و جولەکـە و کەمایەتـی ترهـەر لـە زووەوە پێـش هاتنـی خێڵـە تورکـەکان لـەو ناوچانـە ژیـاون. بەشـێک لەوانـە لەژێـر دەسـەڵاتی ئـەو دەوڵـەت و خێڵـە تورکانـەدا بـوون و کرابـوون بـە مسـکێن و ڕەعیـەت.

پرسـیاری گرنـگ لێرەدا ئەوەیـە، بۆچـی دەوڵەتـی سـاوای عوسـمانی لەنـاو هەمـوو خێـڵ و دەوڵەتـە تورکـە بچووکـەکان و میللـەت و پێکهاتەکانـی تردا توانی سـەرکەوتنی گـەورە بەدەسـت بهێنـێ و لـە کۆتاییـدا ببێتـە گەورەتریـن دەوڵەتـی بەهێـز لـە جیهانـی ئەوسـادا و بـۆ مـاوەی ٧٠٠سـاڵی تـر لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بەردەوامـی بـە سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی بـدات.

ئـەو خێڵـە تورکـە، بـە ئاسـانی لەگـەڵ تەریقەیێکـی ئایینـی ئیسـلامیدا ئاوێتەبـوو و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو بەهۆکاری بەهێزکردن و یەکخستن و زاڵبوونی بەسەر خێڵە تورکەکانی تری دراوسێیان و دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی. بەڵام ئەوەی لێرەدا بووە فەکتەرێکی گرنگ بۆ گەورەبوون و بەهێزبوونی دەوڵەتەکەیان، دەستپێکردنی جیهاد و شەڕبوو لەگەڵ دەوڵەتی بێزەنتیدا «٩٠ ل٣٠».

دەوڵەتی بێزەنتینی، بەهۆی فاکتەرە ناوخۆیی و هەڵمەتی خاچپەرستەکانی کەنیسەی رۆژئاواوە لاواز بوو، لە شکستهێنان و دارماندابوو و چیتر وەکو پێشتر توانای پارێزگاری ناوچەکانی بەلقان و رۆژهەڵاتی ئەورووپای بۆ نەدەکرا «بەندی٢». دەوڵەتی ساوای عوسمانی، لاوازی ئەو دەوڵەتەی قواستەوە و بە ناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و فتوحات و غەزاکردن لەگەڵ غەیرە دیندا، سەرکەوتنی چاکی بەدەست هێنا و هەندێ ناوچەی بەلقانی (بەلقان ناویکی هاوبەشی کۆنی وڵاتەکانی باشوری رۆژهەڵاتی ئەورووپایە) خستە ژێر دەسەڵاتی خۆوە. ئەم کردارە، سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی خەلافەتی راشدین و فتوحاتی ئیسلامی ئەوسامان دەهێنێتەوە یاد. ئەوەی بۆ دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکیەکانی قورەیش بەهۆی بەهێزی ئەوسای دەوڵەتی بێزەنتییەوە سەری نەگرت، بۆعوسمانییەکان هاتەدی.

ساڵی ١٣٠١(ز. ) عوسمانییەکان لە شەڕێکی خوێناویدا، لەشکرێکی گەورەی دەوڵەتی بێزەنتییان شکاند. بەو سەرکەوتنە، لەناو موسڵماناندا بە هەڵگری ئاڵای ئیسلام و زاڵبوون بەسەر دوژمنانی موسڵماناناندا ناویان دەرکرد و بوونە هۆی ئەوەی ژمارەیەک زۆرخێلی تورکی تر وەلایان پێبدەن. دواترهێرشیان کردە سەر دەوڵەتی سلجوقی و دەوڵەت و ئەمارەتە تورکەکان و شکستیانپێهێنان و ناوچە و خەڵکەکانیان خستە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەکەیانەوە. لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٣٠٠دا، زۆربەی ناوچەکانی رۆژئاوا و ناوەڕاستی ئەنادۆل کەوتە ژێر دەسەڵاتیانەوە. لەسەرەتادا دەوڵەتەکەیان لە چەندین هەرێمی سەربەخۆ پێکهاتبوو، بەڕێوەبردنی هەر هەرێمێکیان دابووە دەست هێز و خێڵە خۆجییەکان «١١٨ ل٩٩».

لە بەشی پێشووی ئەم کتێبەدا، باسی توندڕەوی و تاکڕەویی فیوداڵیزمی رۆژهەڵاتی ئەورووپامان کرد، کە لەژێر سایەیدا، مسکێنەکان لە بارێکی نالەباری نیمچە کۆیلایەتیدا دەژیان. ئەو بارە نالەبارەی ئەوان و بێزاری تەواویان لەو چەوسانەوە و ناعەدالەتیە بوو بە فاکتەرێکی یاریدەدەر بۆ عوسمانییەکان کە لەو ناوچانەدا خۆیان قایم بکەن. بە داگیرکردنی ئەو ناوچانە، عوسمانییەکان سیستمی فیوداڵی ئەورووپیان تیادا رەتکردەوە و زەویوزاریان کرد بە موڵکی دەوڵەتی عوسمانی ( میری). ڕاستە عوسمانییەکان ١٠٪ باجیان لێدەسەندن و ئەوانەی نەدەبوون بە موسڵمان جزییەیشیان لێ دەسەندن، بەڵام بەلای بەشێک لە مسکێنەکانی ئەو ناوچانەوە، ئەوەیان لە زوڵمی سیستمە کۆنەکە لا ئەهوەنتر بوو. لەگەڵ ئەوەی عوسمانییەکان جیاوازیان دەکرد لەنێوان موسڵمان و ناموسڵماندا، بەڵام هەتا رادەیەک نەرمییان دەنواند و ڕێگەیان لێنەدەگرتن پەیڕەوەی ئایینەکەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیان بکەن «١٠٦ ل١٦».

روسیا، هەتا ساڵەکانی ١٥٠٠(ز.) لەژێر دەسەڵات و هەڕەشەی یەکێ لەدەوڵەتەکانی مەغۆلدا بوو. لەبەر لاوازی، توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دەستبەسەراگرتنی ناوچەکانی بەلقانی نەبوو. هەروەها خەریکبوونی دەوڵەتەکانی رۆژئاوای ئەوروپا بە بازرگانی و گەڕان بەشوێن سەرچاوەی نوێی ساماندا لە پشت دەریاکانەوە و گوێنەدان بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها دوژمنایەتی نێوان کەنیسەی ئورتودۆکسی رۆژهەڵات و کاتولیکی رۆژئاوا، دەرەفەتێکی باشی تر بوو بۆ عوسمانییەکان، کە ناوچانەکانی بەلقان بە ئاسانی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.

سەرکەتنی عوسمانییەکان بەسەر دەوڵەتە بچووک و خێڵە تورکەکانی تری ئەنادۆڵ و هەروەها سەرکەوتنی بەسەر بیزەنتیەکان و داگیرکردنی ناوچەیەکی زۆری بەلقان تەنها سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی و ئایینی نەبوو، بەڵکو لەو ڕێگایەوە داهات و سامانێکی زۆریان پەیداکرد.

تاڵانکردنی ئەو ناوچە و وڵاتانە بەناوی غەزا و فتوحاتەوە، کردنی بەخاوەنی سامانێکی زۆری زێڕو زیو و چەک و شتی تری گران بەها. سەرەڕای ئەوە لەڕێگای دەستبەسەراگرتی ئەو ناوچانەوە رووتاندنەوەی خەڵکەکەیەوە، داهاتێکی زۆری باج و جزییە دەهاتە خەزێنەی دەوڵەتەکەیانەوە. کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە و ئارامی ڕێگاوبان، بوو بەهۆی بوژاندنەوەی بازرگانی و داهاتێکی زۆری گومرگ لەسەر بازرگانی و دەوڵەمەندبوونی توێژێک لە ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدار لە ڕێگای قۆرخکردنی بازرگانییەوە «٩١ ل٤٦».

عوسمانییەکان بە سەرکەوتن لە شەڕەکانیاندا بەسەر ئەو میللەت و پێکهاتە مەسیحیانەی کە بە خۆشی خۆیان نەدەدا بەدەستەوە، زۆربەی زۆری خەڵکەکەیان دەکردە یەخسیر. ئەو پیاوانەی لەشەڕەکاندا نەدەکوژران دەیانگرتن و دەیانکردنە کۆیلە و لە کاروبار و بەرهەمهێنان و خزمەتکاری و شەڕدا بەکاریاندەهێنان.

کچەکانیان دەکردن بە جاریە، یان دەیان فرۆشتنەوە، هەرە جوانەکانیان دەبوونە جاریە و ژنی سوڵتان و ئۆروستۆکراتی خێڵەکی عوسمانییەکان. منداڵە نێرینە هەتیوەکانیان خەتەنە دەکردن و دەیان کردن بە موسڵمان و دەیان خستنە قوتابخانەی سەربازی تایبەتیەوە. لەوانە سوپایەکی تایبەتیان لێدروستکردن بە ناوی سوپای ئینکیشاریەوە. سوپای ئینکیشاری هەتا دەهات مەزن و بەهێز دەبوو، سەربازی ئەو سوپایە بێ خزم و کەسوکار بوون و لە سوپا بەولاوە کەسی تریان نەبوو. لەبەرئەوە بەشداریکردن لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لای ئەوان پارێزگاریکردن بوو لە مان و نەمانی خۆیان «١٠٦ ل٢٢».

ئەم فاکتەرانە، هەتا دەهات دەوڵەتەکەی بەهێزتر دەکرد و ناویان زیاتر لە ناو موسڵماناندا دەردەکرد و خەڵکی زیاتر ڕووی تێدەکردن و بۆ پارستنی خۆیان دەچوونە ژێر چەتری دەوڵەتەکەوە. ساڵی ١٣٨٩ تەواو کۆنترۆڵی ئەنادۆڵیان کرد

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەرێمە نیمچە سەربەخۆکانیان لەناوبرد و ئەنادۆڵیان خستە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیەوە. ساڵی ١٤٥٣ هێرشێکی گەورەیان کردە سەر پاشماوەکانی دەوڵەتی بێزەنتی و قوستەنتەنیەی پایەتەختیان داگیرکرد و ناوەکەیان گۆڕی بە ئەستەنبول و کردیان بە پایەتەختی خۆیان «٩١ ل٦٥».

شاری ئەستەنبول، لەگەڵ ئەوەی لەو سەردەمانەدا چەند گورزێکی بەرکەوت، بەڵام هێشتا جوانترین و گەورەترین و گرنگترین شاری جیهان بوو. ژمارەی دانیشتوانی دەوروبەری نیو ملیون کەس بوو، کوشک و تەلار و کەنیسەی مەزنی جوانی تێدا بوو، کە عوسمانییەکان زۆربەیان کردن بە ماڵ و بەلات و حەرەم و مزگەوت. گرنگترین شاری بازرگانی جیهان بوو، کە دەریای رەش و دەریای سپی ناوەڕاست و هەروەها ئەوروپا و ئاسیای پێکەوە دەبەستەوە. گرتنی ئەم شارە کۆنترۆلی بازرگانی ئەو ڕێگەیانەی خستە دەستی ئۆروستۆکراتی بنەماڵەی عوسمانی و خەڵکانی نزیک لێیانەوە. لەو ساتەدا دانیشتوانی رەسەنی شارەکە زۆربەیان نە تورک نە موسڵمان بوو و بە کاروباری بازرگانی و پیشەیی و پیشەسازی سەرەتایی ئاوریشم و کەلوپەلی گرانبەهاوە خەریک بوون.

گرتنی ئەم شارە سەرەڕای دەستکەوتنی سامانێکی زۆری تاڵانی زێڕ و زیو و شتی تری گرانبەها و داهاتی زۆری باج و جزییە و گومرگ، هەیبەتی دەوڵەتی عوسمانی لە جیهاندا بەرزکردەوە و، کردینیە پاڵەوان لەناو موسڵمانەکاندا بەوەی کە پایەتەختی رۆژهەڵاتی جیهانی مەسیحیان گرت و کردیانە پایەتەختی دەوڵەتێکی ئیسلامی و کەنیسەکانیان کردن بە مزگەوت. سەرکەوتنەکانی دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی، بنەماڵەی عوسمانیان کرد بە سەرکردە و هەڵگری ئاڵای ئیسلام «١٠٦ ل٤٠».

دەوڵەتی عوسمانی لە دامەزراندنیەوە هەتا کۆتایی ساڵەکانی ١٤٠٠ بۆ ماوەی دەوروبەری ٢٠٠ ساڵ خەریک بوو بە خۆجێگیرکردنی دەوڵەتەکە لە ئەنادۆڵ و شکاندنی بێزەنتێکان و فراوانکردنی سنوورەکانی لە بەلقان و رۆژهەڵاتی ئەوروپا. لەو ماوە درێژەدا هێندە گوێیان نەدایە شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەراست، نمونەی کوردستان و میزوپوتانیا و ئێران و شام و میسرو شوێنەکانی تر. هەڵبەتە هۆکاری ئەوە لە لایەکەوە بۆ دەوڵەمەندی ئەنادۆڵ و رۆژهەڵاتی ئەوروپا و خەیراتی زۆری تاڵان و باج و جزییە تیایاندا دەگەڕێتەوە، لە لایەکی ترەوە شەڕی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ نا موسڵمانەکان و بەناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامەوە پێگەی دەوڵەتەکەی لە ناو موسڵمانەکاندا بەهێزکرد.

سەرەڕای ئەمانە، ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی قەیرانی ناوخۆ و دەرەکی و شەڕو تاڵانکاری بەردەوامەوە هەژار و بێ سامانتر بوو، بەشێوەی ئەنادۆڵ و رۆژهەڵاتی ئەوروپا سەرچاوەی تاڵانکاری و داهاتی باجی زۆر نەبوو. بێجگەلە پاشماوەی مەغولەکان، ناوچەکە ژمارەیەک زۆر دەوڵەتی بچووکی فیوداڵی خێلایەتی و ئەمارات و میرنشینی لاوازی تێدا بوو، کە هەمیشە لە شەڕ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئاژاوەدابوون لەگەڵ یەک. کەنیسەی ڕۆژئاوای مەسیحی ڕۆما، ئەو لاوازیەی بەهەلزانی و چەندەها هەڵمەتی خاچپەرستانەی کردە سەر ناوچەکانی فەڵەستین.

لەو دوو سەد ساڵەدا دەوڵەتی عوسمانی فراوان بوو، توانی خێڵ و پێکهاتەکانی تری ئەو ناوچانە سەرکوت بکات و لەشکرێکی مەزن پێکەوەبنێ و دەستەڵاتی ناوەندی دەوڵەتەکە و سوڵتان بەهێز و ڕەها بکات. بەڵام هەمان ئەو فاکتەرە بنچینەییانەی ئەو خێڵەی بەو ئاستەگەیاند، هەتا دەهات دەبووە هەڕەشە لەسەر مانەوەی دەوڵەتەکە. سروشتی خێڵەکی و دەسەڵاتی ڕەهای ئەو دەوڵەتە لە دەوڵەتە فیوداڵە خێڵایەتەکانی پێشتری قورەیش جیاوازتر نەبوو. تاکڕەوی دەسەڵاتی سوڵتان و ئۆروستۆکراتی عوسمانی و سەرکوتکردنی خێڵە تورکەکانی ترو دەستگرتن بەسەر سامان و زەوی و زاریاندا، پێش هەموو پێکهاتەکانی تر ناڕەزایی و بێزاری خێڵە تورکەکانی تری لێکەوتەوە. بەهێزترین و بزێوترینی ئەوانە خێڵە قزڵباشەکان بوون.

قزڵباش، چەندین خێڵی نیمچە ڕەوەندی تورک بوون. ئەمانە لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵ و دەوروبەری دەریاچەی قەزوین و هەندێ شوێنی کوردستان نیشتەجێ بوون. مەزهەبی ئەمانە شیعەی دوانزە ئیمام بوو، لەبەرئەوە مەزهەب و کۆنترۆڵی عوسمانییە سوننەکانیان لا قبوڵ نەبوو. دەوڵەتی عوسمانی دەستی گرتبوو بەسەر ناوچەکانیاندا و دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری لە سەرکردەکانیان سەندبوو و خەڵکی سەر بەدەوڵەت حوکمرانی دەکردن. وەکو هەموو شوێنەکانی تری ژێر دەسەڵاتیان، دەوڵەتی عوسمانی زەوی و زار و لەوەڕگاکانی ئەمانیشیان کردبوو بە موڵکی دەوڵەت و سوڵتان و ئەوان تەسەروفیان پێیانەوە دەکرد و بڕیاریان ئەدا ئەو زەویانە بەدەست کێوە بێت و چۆن بەکاربهێنرێن. هەروەها دەوڵەت باجێکی زۆری لەسەر زەوی و بەرهەمهێنان لێدەسەندن و پیاوەکانیان ناچاردەکردن بەشداری شەڕوشۆڕەکانی دەوڵەت بکەن. لەسەر هەموو شتێکەوە قزڵبازیش وەکو عوسمانییەکان ئەیانویست خۆیان یەکخەن و لە کۆمەڵگەیەکی سادەی خێڵەکیەوە هەنگاو بنێن بۆ فیوداڵی خێڵەکی و دەوڵەتێکی بەهێز دامەزرێنن و جێگای عوسمانییەکان بگرنەوە. هەتا کۆتایی ساڵەکانی ١٤٠٠ عوسمانییەکان توانیان سەرکوت و کۆنترۆڵیان بکەن «**١٠٦ ل٥٢**».

خاوەن تەریقەتێکی ئایینی بەهێزی تر، شێخە سەفەوییەکان بوون، کە لە ساڵەکانی ١٤٠٠ وە لە شاری ئەردەبیل ڕۆژئاوای قەزوین نیشتەجێ بوون. ڕەچەڵەکی ئەم بنەماڵەیە بەتەواوەتی ئاشکرا نییە، بەڵام لەوە دەچێ تێکەڵاوێک بووبن لە تورک و کورد. سەفەوییەکان لەسەرەتادا سوننە مەزەب و سۆفی بوون بۆیە ناوەکەیان هەر بە سەفەوی مایەوە. لەبەرئەوەی شێخەکانیان لافی ئەویان لێدەدا کە بە ڕەچەڵەک دەچونەوە سەر ئیمامی کازم، کە ئەویش لەرەچەڵەکی ئەبو تاڵیبی مامی محمد بوو، توانیان لەناو ئەو خێڵانەدا پێگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی خۆیان بەهێزکەن و ناوبانگ دەرکەن «**٩٠ ل٣٥**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ دروستبوونی ناڕەزایی لە ناو خێڵەکانی قزڵباش و گردبوونەویان لەو ناوچانە و پێویستیبوونیان بە ئایدۆلۆجێتێکی بەهێز، کە بتوانێ یەکیان بخات و لەو ڕێگەیەوە بتوانن رووبەڕووی عوسمانییەکان ببنەوە، سەفەوییەکان ئەو دەرفەتەیان قواستەوە و وازیان لە مەزهەبی سوننە هێنا و لە ڕێگای بەکارهێنانی رەچەڵەکە پیرۆزەکەیانەوە تەبەنی و بانگەوازی مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیان کرد و خۆیان بە میراتگری ڕاستەقینەی محمد وعەلی و ڕێبازی میراتگری شیعە دانا و لەهەمانکاتدا کەوتنە رەجمکردنی سێ خەلیفەکەی تری راشدین و ڕێبازی حوکمڕانییان. بەو جۆرە چۆن ئایینی ئیسلام لەسەرەتادا بووە فاکتەرێک بۆ یەکخستن و سەرخستنی قورەیش لە حیجاز، بە هەمان شێوە مەزهەبی شیعە هەمان ڕۆڵی بینی لەناو خێڵە تورکە قزڵباشەکاندا.

هەرچەندە مەزهەبی شیعە هەر لەسەردەمی بوەیهییەکانەوە هاتبووە ناو فارسەکان و هەندێ پێکهاتەی تری ئێرانەوە، بەڵام لەو سەردەمەدا زیاتر لەناو چینوتوێژەکانی خوارەوەدا بەهێزبوون و مەزهەبی فەرمی وڵاتەکە نەبوو «٧٠ ل١٨». سەفەوییەکان لەڕێگای یەکخستنی قزڵباش و سەرکردایەتیکردنی خێڵەکانیان، ویستیان ئەو مەزهەبە لە ناو ئێرانیەکاندا سەرلە نوێ زیندووبکەنەوە و وڵاتەکە یەکخەن و بیخەنە ژێر چەتری دەوڵەتێکی فیودالی خێڵەکی ناوەندی شیعەوە «١٠٥ ل١٠».

لەو سەردەمەدا، بەهۆی دووبەرەکی ناوخۆو دوژمنایەتیان لەگەڵ ڕێبازەکانی تردا، شێخە سەفەوییە گەورەکان یان مردبوون یان کوژرابوون. ئەوەی لەبەر دەستیاندا بوو شێخ ئیسماعیلی سەفەوی بوو، کە ئەویش هێشتا منداڵێکی پانزە ساڵ بوو. شێخ ئیسماعیل لەگەڵ لاوێتیدا خەتمی قورئانی تەواوکردبوو، بنەماکانی شیعە و شەریعەتی ئیسلام فێرکرابوو.

شێخ ئیسماعیل، دەرویشەکانی ڕێکخست و ئەرکی پێویستی پێسپاردن و خێڵەکانی قزڵباشی لە خۆ کۆکردەوە و کۆنترۆڵی شاری تەورێزی کرد و مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی بەسەر دانیشتوانەکەیدا سەپاندن و ناچاریکردن تەپلەی سووری قزڵباش لەسەرکەن. لەو پرۆسەیەدا زیاتر لە بیست هەزار سوننە مەزهەبیان کۆمەڵکوژکرد. کەوتنە گیانی خێڵە تورکە رکابەرەکانیان و لە ناویاندا خێڵەکانی قەرەقۆیلۆ. لە دوای کۆمەڵکوژکردنیان و سەرکەوتن بەسەریانیاندا و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانیان، گۆڕی سەرکردە کۆنەکانیان هەڵدانەوە و لەبەرچاوی خەڵکی ناوچەکە سوتاندنیان. ساڵی ١٥٠١ شێخ ئیسماعیل بانگەوازی دەوڵەتی سەفەوی کرد و خۆشی بوو بە شای دەوڵەتەکە.

سەرکردەکانی دەوڵەتی سەفەوی بەشێوەی سەرکردەکانی دەوڵەتی عوسمانی سەرۆک خێڵ نەبوون، بە ڵکو بەپێیی ڕێبازی شیعە سەرکردەی دەسەڵاتی ئایینی بوون و ڕۆڵیان یەکخستن و سەرکردایەتی کردنی خێڵە تورکەکان و کۆنترۆڵکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگەکە بوو. ئەمانە سەرەڕای ڕۆڵی سەرکردەی رۆحی دەیانویست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕیاری سیاسی و سەربازی و ئابوری دەوڵەتە فیوداڵە خێڵیەتیەکەیان لەدەستدا بێت و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پۆستە سەربازی و ئیدارەکانیان بە سەرکردە و دەستەبژێری دەسەڵاتداری خێڵەکان بسپێرن و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندابن «٧٠ ل٤٧».

سەفەوییەکان بەدامەزراندنی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز لەو ناوچانەدا و زیندووکردنەوەی مەزهەبی شیعە و بەهێزکردنی، توانایان زۆربەی پێکهاتە شیعەکانی ئێران بەلای خۆیاندا راکێشن لەبەرئەوەی وڵاتەکە لەو سەردەمەدا لە قەیران و شەڕوشۆڕی بەردەوام و ناسەقامگیریدا بوو، خەڵکەکانی هەژاربوون و بەدەست ئەو بارە نالەبارەوە هیلاک و ماندوو بوون.

پێش دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی، قزڵباش گرفتێکی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی بوو، هەتا رادەیەک بە ئاسانی کۆنترۆڵیان کردبوون. بەڵام دوای دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە ئەوانە بوونە گرفتێکی دەرەکیش و هەڕەشەیەک لەسەر ڕێبازی حوکمرانی و فراوانبوونی سنووری دەوڵەتەکە و پێناسەی ئایینی. دەوڵەتی عوسمانی و ڕێبازی سوننە گەورەترین کۆسپ بوو لەڕێگای بەهێزبوون و فراوانبوونی سەفەوییەکان.

سەفەوییەکان، دەیانویست کۆنترۆڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەنادۆڵ بکەن و رووبکەنە ئەوروپا و بکەونە تاڵانکاری و رووتاندنەوەی خەڵکەکانی. دەیانویست مەزهەبی شیعە بەکاربێنن بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام مەزهەبی سوننە لەسەر ڕێگەیان بوو. بەرژەوندی جیاوازی ئابوری و سیاسی و ئایدۆلوجی ئەو دوو دەوڵەتە، سەرەتای ململانێیەکی درێژخایانی چەند سەدەیەک بوو لە نێوانیاندا.

**- لە پێناوی مانەوەدا، تاڵانکردنی دەرەوە و رووتاندنەوەی ناوەوە**

شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێران بۆ تاڵانی و فراونکردنی سنوورەکانیان دوو شێوە بوون. یەکەمیان هەوڵدانی داگیرکردن و تاڵانکردنی وڵاتە ناموسڵمانەکان بوو بە ناوی فەتحی ئیسلامی و بڵاوکردنی ئایینی ئیسلامەوە، دووهەمیان شەڕکەدن بوو لەگەڵ یەکدا بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچە و تاڵانکردنی یەکتری بە ناوی شەڕی مەزهەبییەوە.

هەتا پەیدابوونی دەوڵەتی سەفەوی، عوسمانییەکان بە پلەی یەکەم بە تاڵانکردن وداگیرکردنی وڵاتە مەسیحیەکانی بەلقان خەریک بوون، بەڵام بە دروستبوونی ئەو دەوڵەتە، لە ترسی بەهێزبوونی سەفەوییەکان سەرەڕای رۆژئاوا، ڕووی شەڕیان کردە سەفەوییەکان و تاڵانکردن و داگیرکردنی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

سەفەوییەکان، هەر لەدوای جێگیربوونی دەوڵەتەکەیان، ساڵی ١٥٠٦ دەست پێشخەرییانکرد و ڕوویانکردە رۆژئاوا و دەرفەتیان هێنا لە لاوازی میرنشین و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خێڵە کوردەکان و ململانێی ناویان. بە خۆشی و ناخۆشی ناوچەیەکی زۆری باکوری کوردستان هەتا ئەمەدیان داگیر و تاڵانکرد و خستیانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لەگەڵ ئەوەی بەشێک لە سەرەک خێڵە کوردەکان هاریکاریان کردن، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان لێ کۆمەڵکوژکردن و ئەوانیتریان لە سەرۆکایەتی خێڵ و ناوچەکان لابرد و قزڵباشیان لە جێگە دانان. سەرەڕای تاڵانیکردن و رووتاندنەوەیان و کردنیان بە رەعیەت لە ڕێگای سەندنی باج و سەرانەی زۆرەوە، سووکایەتیان بە مەزهەبەکەیان دەکرد و هەوڵیان ئەدا بەزۆرەملی بیانکەنە شیعە «٩٦ ل١٩».

ناوچەکانی قەزوینی ژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکان یەکێک بوو لە شوێنە دەوڵەماندەکانی جیهان لە بەرهەمهێنانی ئاوریشمدا. بۆیە بێجگەلە کۆنترۆڵکردنی زەویوزار و سەندنی باج و جزییە و تاڵانی، شای سەفەوی مۆنۆپۆڵی بەرهەمهێنان و بازرگانی ئاوریشمی ناوچەکانی دەوروبەری قەزوینی کرد «١٠٥ ل٤٠».

هەتا ئەوسا بازرگانی و هەناردەکردنی ئاوریشم لە ڕێگای دەوڵەتی عوسمانیەوە بوو، کە سەرچاوەی قازانج و داهاتی زوری گومرگ بوو بۆیان، بۆیە شا دەیویست ئەو بازرگانییە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و ڕێگایەکی بازرگانی نوێ بدۆزێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە و لەهەمانکاتدا لە پێناوی فراوانکردنی سنوورەکانی و تاڵانی و زیادکردنی داهاتی باج و هەروەها بەرزکردنەوەی پێگەی خۆی و بەهێزکردنی دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی شیعە، ساڵی **١٥٠٨** لە باشورەوە هێرشی کردە سەر بەغدا و بەسرە و مەڵبەندە پیرۆزەکانی شیعە لە نەجەف و کەربەلا و داگیریکردن. ئەوکاتە هێشتا ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی خێڵەکی ئاق قۆیلۆی تورکدا بوون. لەو هێرشەدا هەرچی لە ڕێگەیاندا بوو تاڵانیانکرد و هەرچی بەرەنگاریان دەبووەوە دەیانکوشتن و دەستیان دەگرت بە سەر زەویوزار ماڵ و ماڵاتیاندا و دەیانکردن بە موڵکی دەوڵەتی سەفەوی و باج و جزییە و گومرگیان لێ دەسەندن. ساڵی **١٥١٠** شا ئیسماعیل لەتەمەنی **٢٥** ساڵیدا لەدوای دە ساڵ حوکمرانی دەستی بەسەر ئێران و بەشی هەرە زۆری کوردستان و عێراقی ئەمڕۆدا گرتبوو «٩٠ ل٥٧».

سەرەڕای هەڕەشەی سەفەوییەکان، دەوڵەتی عوسمانی رووبەڕووی چەندین قەیرانی ناوخۆ و هەڕەشەی دەرەکی تری ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆوە. عوسمانییەکان رووبەڕووی ناڕەزایی خێڵ و خاوەن موڵکە کۆنەکانی ئەنادۆڵ بوونەوە، کە سوڵتان زەویوزاری لێ زەوتکردبوون و کردبوونی بە موڵکی خۆیی و دەوڵەتی عوسمانی. خێڵە رەوەندەکانی ئەنادۆڵ پێشتر لەوەڕگای خۆیان هەبوو و بە ئازادی تیایدا دەگوزەران، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی دەستی بەسەردا گرتبوون و لە بەرامبەر بەکارهێنانیدا باجی لەسەر زەوی و ئاژەڵ لێدەسەندن. سەرەڕای ئەوانە دەبوایە هەمیشە چەکداریان بۆ شەڕەکانی سوڵتان دابینبکردایە.

شام و لوبنان و کەنارەکانی تری دەریای سپی ناوەڕاست، لەژێر دەسەڵاتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەمالیکەکانی میسردا بوون. بەشێک لە بازرگانی ئاوریشمی ئێران لەو ناوچانەوە هەناردەی دەرەوە دەکرا و جێگەی تەماعی عوسمانییەکان بوو. لەبەرئەوەی مەمالیکەکانی میسرهەتا ئەوسا ئاڵای خەلافەتی ئیسلام لەدەستیاندا بوو، پێگەییان لەناو موسڵمانەکاندا لە عوسمانییەکان بەرزتر بوو. بەهۆی ئەو پێگەیانەوە دەستیان لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی وەردەدا و سودیان لە ململانێی نێوان شازادەکانی بنەماڵەی دەسەڵاتداری دەوڵەتی عوسمانی وەردەگرت بۆ دانانی سوڵتانێک، کە لە خۆیانەوە نزیک بێت «١٠٦ ل٥٣».

دەوڵەتی عوسمانی، پێش هەموو شتێک کەوتە گیانی ئەو خێڵە قزڵباشانەی کە دانیشتوانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەنادۆڵ بوون و قەتڵوعامێکی باشیان لە ناویاندا کرد و ئەوانی تریان دەربەدەرکرد. زۆربەی ئەوانە ڕوویانکردە ناوچەکانی دەوروبەری قەزوین و کوردستان، کە لەژێر دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا بوو. بە کۆچکردنی ئەوانە بۆ ئەو ناوچانە و پەنابردن بۆ سەفەوییەکان، هێندەی تر توانای سەربازی دەوڵەتی سەفەوی بەهێزکرد و هەڕەشەی بۆسەر عوسمانییەکان زیادیکرد.

ئەمە دەوڵەتی عوسمانی ناچارکرد، ڕووبەڕووی سەفەوییەکان ببێتەوە. خێڵە کوردەکان لەبەر لاوازیان بەهۆی شەڕی دەرەکی و ناوخۆی درێژخایانەوە توانای خۆپاراستن و سەربەخۆییان نەبوو، بەڵکو ناچار بەشێکیان چوونە پاڵ سەفەوییەکان، بەڵام زۆربەیان هاواریان بردە لای دەوڵەتی عوسمانی و ئامادەیی خۆیان پیشاندا کە لەگەڵیاندا شەڕی سەفەوییەکان بکەن و لەو ناوچانە دەریانپەڕێنن. لە بەرامبەردا سوڵتانی عوسمانی بەڵێنی پێدان لەدوای سەرکەوتن بەسەر سەفەوییەکاندا، ڕێگایان پێبدرێ لەژێر چەتری دەوڵەتی عوسمانیدا ئیدارەی ناوچەکانی خۆیان بکەن «٧٧ ل٢١».

ساڵی ١٥١٤ شەڕێکی گەورە لە نێوان دوو دەوڵەتەکە لە چاڵدێران ڕوویدا. شەڕەکە بەسەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتاییهات. زۆربەی خێڵە کوردەکان لەژێر چەتری دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێگای بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان پێدرا و نیمچە سەربەخۆییەکیان پێبەخشرا. خێڵە کوردەکان بوونە پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕەکانی دواتردا. ساڵی ١٥١٦ عوسمانییەکان بەرەو باشور هێرشیان کرد و شاری حەلەب و دیمەشق و بەیروت و قودسیان گرت و دەستیان گرت بەسەر کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاستدا. بە گرتنی ئەم شوێنانە کۆنترۆڵی ڕێگا بازرگانیەکانی نێوان دەریای سپی ناوەڕاست و ئێران و شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان کرد. ساڵی ١٥١٧ بەرەو میسر کشان و مەمالیکەکانی میسریان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، لەوێشەوە ڕوویانکردە وڵاتەکانی تری باکوری ئەفەریقا و کردنیان بە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی.

بەسەرکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر مەمالیکدا، شەریفی مەککە ئاڵای ئیسلامی محمدی بۆ ناردن. بەوە دەوڵەتی عوسمانی بە فەرمی بوو بەدەوڵەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەلافـەت و سـوڵتان نازنـاوی خەلیفـەی مسـوڵمانانی پێـدرا.

بـە داگیرکردنـی میسـر و باکـوری ئەفریقـا و ناوچەکانی تـری خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت، سـنووری دەوڵەتـی عوسـمانی کەوتـە نـاو سـێ کیشـوەرە کۆنەکـەی جیهانـەوە، ئاسـیا و ئەفریقـا و ئەوروپـا. بەمـەش دەوڵەتەکـە بـووە گەورەتریـن و بەهێزتریـن ئیمراتۆریەتـی کیشـوەری جیهـان و کۆنتڕۆڵـی هەمـوو ئـەو ڕێگـە بازرگانیانـەی کـرد، کـە ئـەو سـێ کیشـوەرەی پێکـەوە دەبەسـتەوە. بەهـۆی ئـەو سـەرکەوتنانە و داهاتـی زۆری تاڵانـی و بـاج و جزییـە و گومـرگ، هەروەهـا بەهێزبوونـی هێـزی سـەربازی لەڕێگای بەکارهێنانی لاوانـی ئـەو ناوچانـە لـە لەشکرەکانیدا، سـەرلەنوێ دەسـتیان کـردەوە بـە هێرشـکردنە سـەر ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـا. لـە سـاڵەکانی ١٥٠٠-١٦٠٠ بەهێزتریـن و گەورەتریـن هێـزی چەکداریـان هەبـوو لـە جیهانـدا و بوونـە خاوەنـی بەهێزتریـن ئوسـتول لـە دەریـای سـپی ناوەڕاسـتدا و دەوڵەتەکـە کەوتـە سـەرەدەمی زێڕینـەوە و بوژاندنـەوەی ئابـوری تیایـدا کەوتـە لوتکـە «١٠٦ ل٥٤».

بـە بەهێزبوونـی عوسـمانییەکان و خەریکبوونیـان بـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە، دەوڵەتـی سـەفەوی بـۆ ماوەیـەک وازی لـە شـەڕکردن لەگەڵیـان هێنـا و لەباتـی ئـەوە ڕووی شـەڕەکانی کـردە ڕۆژهـەڵات. سـاڵی ١٥٢٠ هێرشـیان کـردە سـەر ئوزبـەکان لـە خۆراسـان و ئەفغانسـتانیان گـرت و کردیانـە بەشـێک لـە دەوڵەتـی سـەفەوی.

بـەڵام کـە عوسـمانییەکان کەوتنـەوە شـەڕکردن لەگـەڵ ئەوروپییەکانـدا، دەوڵەتـی سـەفەوی کەوتـە بـەرەی ئەوروپییەکانـەوە دژی دەوڵەتـی عوسـمانی. بۆیـە سـاڵی ١٥٣٤ سـەرلەنوێ دەوڵەتـی عوسـمانی ڕووی شـەڕی کـردەوە سـەفەوییەکان و تەبرێـز و بەغدادیـان داگیرکـرد و دواتریـش بەسـرەیان گـرت. دواتـر ئسـتولێکی بەهێزیـان لـە کەنداو دروسـتکرد بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی پورتوگالیـەکان لـە کەنـداو و دەریـای سـوور و دەریـای هینـدی.

دەسـتگاکانی دەوڵەتـە فیوداڵـە خێڵەکیەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە دوو بـەش پێکهاتبـوون. یەکێکیـان ئەرکـی تاڵانکاری دەرەوەی لـە ئەسـتۆ بـوو، کـە ئەویـش هێـزە چەکدارەکان بـوو، دووەمیـان دەسـتگاکانی دەوڵـەت بـوو بـۆ ڕووتاندنـەوەی نـاوەوە، کـە بریتـی بـوو لەبـاج و جزییـە و گومـرگ کۆکردنـەوە و پاڕاسـتنی سـەقامگیری و ئارامـی کۆمەڵگـە.

بۆئـەوەی ئـەو کارانـە لـەو دەوڵەتـە بەهێـزە فراوانانـەدا بەڕێوەبـڕوا، دەبوایـە ئـەو دەسـتگایانە لەژێـر کۆنتڕۆڵـی تـەوای دەسـەڵاتی ناوەندیدا بوونایـە. هەتـا دەوڵەتـەکان نـوێ و بچـووک بـوون و هێشـتا توانـای هەڵفریوانـدن و کۆکردنـەوی خەڵکیـان هەبـوو بـە نـاوی ئایینـی ئیسـلام و ئیتاعەتـی دەوڵەتـی ئیسـلامی و بڵاوکردنـەوەی ئـەو ئایینـە لـە جیهانـدا، هەتـا ڕادەیـەک دەیانتوانـی ئـەو کۆنترۆڵـە بکـەن. بـەڵام لەگـەڵ فراوانبوونـی دەوڵەتـەکان و زیادبوونـی ژمـارە و خەسـتی شـەڕەکان و لەهەمانکاتـدا زیادبوونـی بێـزاری و ناڕەزادەربڕینـی ڕەعیـەت و پێکهاتەکانـی کۆمەڵگـە، هەتـا دەهات کۆنتڕۆڵـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی بەسـەر ئـەو دەزگایانـەدا لاوازتـر دەبـوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە سێ بەش پێکهاتبوون. ئەوەی لەکاتی بەهێزی دەوڵەتەکەدا ڕۆڵی سەرەکی بینی سوپای ئینکیشاری بوو. لەسەرەتادا گوێرایەڵی سوڵتان بوون، بەڵام لەگەڵ زۆربوونی شەڕ و گەورەبوونی لەشکرەکە و زیادبوونی ڕۆڵی سەرکردەکانی هەتا دەهات پێگەیان بەهێزتر دەبوو، کەمتر گوێرایەڵی سوڵتان دەبوون «١٠٨ ل٧٨».

بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی سوپای ئینکیشاری و دروستکردنی هاوسەنگی لەناو لەشکردا، سوڵتان لەپاڵ ئەواندا لەشکرێکی نوێی لە گەنجە تورکەکانی ئەنادۆڵ دروستکرد و بە چەکی مودێرن چەکداریکردن و موچەی پێدەدان. لەکاتی سەرکەوتن لەشەڕەکاندا و تاڵانی زۆردا ئەم لەشکرە کاری خۆی باش بەڕێدەکرد، بەڵام لەکاتی کەمبوونەوەی شەڕ و شکستهێناندا، زۆربەی سەربازەکان لە ریزەکانی لەشکرەکە دەردەکران و ڕەوانەی ناوچەکانی خۆیان دەکرانەوە. ئەمانە هەتا دەهات ژمارەیان زۆر دەبوو. لەبەر بێکاری و هەژاری بڕینی موچەی سوپاوە، کە لەگەڵی ڕاهاتبوون، ئەوانە دەبوونە سەرچاوەی ئاژاوە و پشتگیریکردنی ڕاپەرینی مسکێن و پێکهاتەکان. نمونەی ئەوە بزوتنەوەی چەکداری جەلالی بوو لە نێوان ساڵەکانی ١٥٩٨-١٦١٠ دا. ژمارەی ئەو چەکدارانەی بەشداریان لەو ڕاپەڕینەدا کرد گەیشتە ٢٠هەزار چەکدار.

بەشێکی تری چەکدارانی دەوڵەت، کە لەکاتی شەڕدا بەکاردەهێنران، هێزی خێڵە دۆستەکانی ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتداری دەوڵەت و هێزە چەکدارەکانی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیە بوو، کە ئەرکی سەرپەرشتی زەویوزار و باج کۆکردنەوەیان پێدرابوو. ئەمانە لەبەر سروشتی خێڵەکییان دژی گۆڕانکاری بوون لە بەکارهێنانی چەک و تەکنیکی سەربازی نوێدا و دەیانویست هەر بە عورفی جەنگاوەری خێڵەکی کۆن و بەکارهێنانی شیرو رم و چەکی کۆن شەڕبکەن، کە چیتر لەگەڵ پێویستە نوێیەکانی سەردەمدا نەدەگونجا.

دەوڵەتی عوسمانی، هەتا دەهات ژمارەی بەرەی شەڕەکانی زیادیدەکرد و دوژمنی زیاتری بۆ پەیدا دەبوو. روسیا کە پێشتر لاواز بوو و لەژێر چنگی یەکێ لەدەوڵەتە مەغۆلەکاندا بوو، ساڵی ١٥٥٦ دەوڵەتی فیوداڵی قەیسەری تێدا دامەزرا. دروستبوونی ئەو دەوڵەتەو تەماعی لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا و ڕێگا بازرگانیەکانی دەریای رەش، رکابەرێکی گەورەی بۆ دەوڵەتی عوسمانی پەیداکرد و بەرەیەکی جەنگی نوێ رووبەڕووی بۆوە. سەرەڕای ئەوە دەوڵەتی عوسمانی لە هێرشەکانیدا بۆسەر نەمسا و داگیرکردنی ڤیەنای پایتەختی شکستی هێنا. ئەو شکستهێنانە کاردانەوەیەکی ئابوری و دەروونی بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی و جەنگاوەرکانی هەبوو.

شکستهێنانی دەوڵەتی عوسمانی لە فتوحاتی نوێدا و بەهێزبوونی روسیا لە ناوچەکەدا، میللەتەکانی بەلقانی خستە جموجۆڵ و بەرهەڵستیکردنی عوسمانییەکان و ڕوودانی چەندین ڕاپەڕین لە ناویاندا. لەدوای ئەمانە، ئەو دەوڵەتە چیتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توانای نەما سنوورەکانی بەرەو رۆژهەڵات فراوان بکات و وڵات و ناوچەی نوێ تاڵان بکات، بەڵکو ڕۆڵی سەربازی دەوڵەتەکە بووە بەرهەڵستیکردن و هەوڵدانی مانەوەی دەسەڵاتی لە ناوچەکانی ژێر دەستیدا. شەڕەکانی ئەو دەوڵەتە لەو ناوچانەدا لەباتی ئەوەی داهاتی دەوڵەتەکە زیادبکات بووە بارێک و مەسرەفێکی قورس بەسەریەوە.

ململانێ و شەڕی دەوڵەتی عوسمانی لە رۆژهەڵات لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی بەردەوام بوو. سەرەڕای ئەوە لەبەر لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتەکە و لەشکرەکەی لە باکوری ئەفەریقا، ئەو میللەتانە چیتر گوێڕایەڵی دەوڵەتی عوسمانی نەبوون و دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانیان بەهێزبوون و کەوتنە تاڵانکردنی کەشتییە بازرگانیەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. مەمالیکەکانی میسر سوودیان لە لاوازی دەوڵەتی عوسمانی وەرگرت و سەرلەنوێ دەسەڵاتی خۆیان بەسەر وڵاتەکەدا زیادکرد و کەمتر داهاتی باجی ساڵانەیان رەوانەی سوڵتان دەکرد.

کەمبوونەوەی داهاتی تاڵانی دەوڵەتی عوسمانی و زیادبوونی خەرجیی شەڕی دەرەکی و خەرجیی سەرکوتکردنی ناوەوە هەروەها گەندەڵی توێژە دەسەڵاتدارەکان و کەمبوونەوەی هاتنی داهاتی ناوچەکانی دەوڵەتەکە بۆ مەرکەز دەوڵەتەکەی رووبەڕووی قەیرانی ئابوری کردەوە.

ئەو دەوڵەتە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی، ناچار دەبوو لەڕێگای زیادکردنی باج و جزییە و گومرگەوە رەعیەت بروتێنێتەوە. رووتاندنەوەی رەعیەت لە لایەکەوە نارەزایی چینوتوێژەکانی زیاتر دەکرد و ڕێگای لە گەشەکردنی کەرتەکانی ئابوری دەگرت، لە لایەکی ترەوە بەهۆی گەندەڵی دەستگاکانی دەوڵەت و چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکانی فیوداڵی خێڵەکی، ( پاشتر دەگەڕێینەوە سەر باسکردنی ئەو بابەتە) بەشێکی کەم لەو داهاتانە دەچوونە خەزێنەی دەوڵەتەوە. سەرەڕای ئەوە ئەو چینوتوێژە فیوداڵە خێڵەکیانە دەرفەتیان لە لاوازی سوڵتان و مەرکەز وەردەگرت بۆ بەهێزکردنی جێپێی خۆیان و دزینی بەشێکی زیاتر لە داهات و هەروەها سەرانە و بەرتیل سەندن لە رەعیەت. لە کۆتایی ساڵەکانی ١٦٠٠ و بەدرێژایی ساڵەکانی ١٧٠٠، باری ئەو دەوڵەتە هەتا دەهات بەرەو لاوازی و شکستهێنان دەچوو «٩٠ ل٦٧».

دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی ئێرانیش، بەهەمان شێوەی دەوڵەتی عوسمانی تووشی گرفت و قەیرانی دارایی دەبوو، بەڵام لەبەر خاسڵەتە تایبەتەکانی ئەو وڵاتە، چۆنیەتی دروستبوونی ئەو گرفت و قەیرانانە و کارداوەیان جیاواز بوو.

بە پێچەوانەی دەوڵەتی عوسمانییەوە، کە بەدەست ئۆروستۆکراتی خێڵێکەوە بوو، دەوڵەتی سەفەوی دەستەبژێریەکی ئۆروستۆکراتی مەزهەبی سەرکردایەتی دەستگاکانی دەوڵەتی دەکرد. لەلایەن ئەو دەستەبژێریەوە ئەرکی تاڵانکردنی دەرەوە و رووتاندنەوەی ناوەوە درابووە دەست خێڵەکانی قزڵباش. دەستگاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ باج سەندن و کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکە بەدەست بنەماڵە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهێزەکانی ئەو خێڵانەوە بوو، لە لایەکی ترەوە بڕبڕەی پشتی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت، جەنگاوەری ئەو خێڵانە بوون. لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتەکە ئەوانە بە لادانی بەشێکی کەمی داهاتەکانی دەوڵەت ڕازی بوون و لەڕووی مەزهەبیەوە سەریان گەرمبوو، بەڵام هەتا دەهات ئەوانە کەمتر گوێرایەڵی دەستەبژێری دەسەڵاتداری ئایینیان دەکرد و داهاتی تالانی و باجەکانیان بۆ خۆیان دەهێشتەوە. ئەمە لە لایەکەوە ململانێی نێوان بنەماڵە بەهێزەکانی ئەوانەی زیاتر دەکرد و لە لایەکی ترەوە نارەزایی خێڵە تورکەکانی تر و پێکهاتەکانی وڵاتەکەی لێدەکەوتەوە. سەرەڕای ئەوە رێژەیەکی زۆری خەڵکی وڵاتەکە لەوانە ئەفغان و کوردی سوننە بوون و لە ڕووی مەزهەبییەوە سەرکوت کرابوون.

دەوڵەتی عوسمانی، بەناوی جیهادکردن دژی غەیرە دینەکانی ئەورووپا توانی پشتگیری و سۆزی شەڕیفی مەککەو سوننە، کە زۆرینەی موسڵمانان بوون، بەلای خۆیدا رابکێشێ و لەو ڕێگەیەوە داهاتێکی زۆری تالانی و باجی دەستکەوێت و بەردەوامی بە مانەوەی هەمان دەوڵەت و بنەماڵە بدات. ئەوەی بۆ عوسمانییەکان هەڵکەوت بۆ دەوڵەتەکانی ئێران رێک نەکەوت. ئێران دەوڵەتێکی بچووکتر بوو سنووری بە ئەورووپاوە نەبوو، هەروەها مەزهەبی شیعە لەچاو سوننەدا بچووکتر و لاوازتر بوو و لە هەمانکاتدا بە شەڕکردن لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا کەوتبووە بەرەی غەیرەدینەوە، بۆیە ئەو وڵاتە هێندە داهاتی زۆری تالانی نەبوو. لەبەر کەمی گرتنی یەخسیری ناموسڵمان و کردنیان بەکۆیلە و بەکارهێنانیان لە سوپادا، وەکو دەوڵەتی عوسمانی نەیانتوانی لەشکری ئینکیشاری مەزن دروست بکەن، بۆیە لەوەشدا زیاتر چاوەڕوانی دەستی جەنگاوەری خێڵەکان بوون. نەبوونی داهاتی زۆری تالانی دەرەکی، هەر لەسەرەتاوە دەوڵەتەکەی ناچار دەکرد زیاتر رەعیەت بروتێنێتەوە.

ململانێی بەهێزی نێوان دەسەڵاتی ئایینی و خێڵە تورکەکان، ململانێی نێوان بنەماڵەکانی قزڵباش، ململانێی توندی نێوان خێڵە تورکەکانی تر بۆ گرتنی دەسەڵات و هەروەها رووتاندنەوەی بێ سنووری رەعیەت، لەو وڵاتەدا ململانێکانی توندوتیژتر و خوێناوی تر کرد و بووە هۆکارێک بۆ روخاندنی دەوڵەتی سەفەوی و دروستبوونی دەوڵەتی ئەفشان و داگیرکردنی وڵاتەکە لەلایان ئەفغانەکان و دواتر دروستبوونی دەوڵەتی قەجار لە کۆتایی ساڵەکانی ١٧٠٠ دا «٩٠ ل٦٤».

دەستەبژێری ئۆروستۆکراتی شیعە لە ئێران توانی بۆ ماوەیەک دەسەڵات بگرێتە دەست و سەرکردایەتی هەندێ خێڵی تورک بکات، هەروەها توانی ناسنامەی مەزهەبی شیعە بە ئێران بدات و وەکو وڵاتێکی یەکگرتوو بیهێڵێتەوە، بەڵام نەیتوانی خێڵە تورکەکان لەژێر چەتری رێبازی شیعەدا بۆ ماوەیەکی کورت بەو لاوە یەکخات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## (٢) بۆچـی شۆڕشـی سیاسـی و پیشەسـازیی خۆبەخـۆ لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت روویـنـەدا؟

دوو فاکتـەری بنچینەیی مەرجـن بـۆ گواسـتنەوەی کۆمەڵگـە لە سیسـتەمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری سـنووردارەوە بـۆ سیسـتەمێکی بەرفـراوان تـر. ئـەم فاکتەرانـە زۆربـەی کۆمەڵگـەکان دەگرێتـەوە، لەوانـە کۆمەڵگـەی کۆنـی فیوداڵـی ئەوروپـا یـان فیوداڵـی خێڵەکـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

یەکەمیـان دروسـتبوونی چیـن و توێـژی کۆمەڵایەتـی بەهێـزی نوێیـە، کـە گۆڕانکاری سیاسـی و ئابـوری ریشـەیی لـە بەرژەوەندیـدا بێـت و لەهەمـان کاتـدا توانایـان هەبێـت ئـەو گۆڕانکاریانـە بهێننـەدی.

دووهەمیـان دەرفەتـی بەشـداریکردنی ئـەو چیـن و توێژانەیـە لـە بڕیـاری سیاسـی و ئابوریـدا، کـە ببێتـە بنەمایـەک بـۆ بونیادنانـی سیسـتەمێکی سیاسـی و ئابـوری بەرفراونـی پلورالیـزم و لـە هەمانکاتـدا بەردەوامـی بوونـی درێژخایـان لـە پرۆسـەی چاکسـازیکردن و نوێکردنـەوەی بەردەوامـی ئـەو سیسـتمەو زاڵبـوون بەسـەر ئـەو کۆسـپانەی دێنـە ڕێـگای.

لەبەنـدی دووەمـی ئـەم کتێبـەدا باسـی ئـەو پرۆسـەیەمان کـرد، کـە لـە رۆژئـاوای ئەوروپـا بەڕێوەچـوو، کـە بـووە هـۆکاری شۆڕشـی سیاسـی و پیشەسـازی یـەک لـە دوای یەکـی کۆمەڵێـک وڵات. باسـی ئەوەمانکـرد، کـە ئـەو پرۆسـەیە چەندیـن سـەدەی خایانـد و ئـەو گۆڕانکاریانـە هـەر وا بـە ئاسـانی بـۆ ئـەو چینوتوێـژە نوێیانـە نەهاتـە کایـەوە، هەروەهـا چینوتوێـژە کۆنـەکان وا بـە ئاسـانی وازیـان لـە بەرژەوەندییـە ئابـوری و سیاسـییەکانیان نەدەهێنـا.

باسـی ئەوەمانکـرد، کـە گۆڕانکارییـە سیاسـی و ئابورییـەکان پێکـەوە بەندبـوون و ڕێگەیـان بـۆ یەکتـر خۆشـدەکرد. گۆڕانکارییـە ئابورییـەکان پێگـەی چینوتوێـژە نوێیەکانـی بەهێـز دەکـرد و توانـای بەشـداری پێکردنیانـی لـە بڕیارەکانـدا زیاددەکرد، چاکسـازییە سیاسـییەکان مـەرج بـوون بـۆ ئـەوەی گۆڕانـکاری و گەشـەکردنی ئابـوری بەردەوامـی بەخـۆوە ببینێـت.

لـەم بەنـدەدا، باسـی خاسـڵەتەکانی کۆمەڵگەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتمان کـرد، لێـرەدا هـەوڵ دەدەیـن ئـەو زانیارییانـە بەکاربێنیـن بـۆ روونکردنـەوەی هـۆکاری ئـەوەی بۆچـی پێـش سـەدەی نـۆزدە، پێـش بڵاوبوونـەوەی سـەرمایەداری جیهـان بۆ خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، خۆبەخـۆ لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت شۆڕشـی سیاسـی و پیشەسـازی ڕووی نـەدا، بۆچـی سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەشـێوەی فیوداڵیزمـی ئەوروپـا تێـک نەشـکا و سیسـتەمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرفراوانتـر جێگـەی نەگرتـەوە. بـۆ ئـەو مەبەسـتە، لەسـەر بنەمـای ئـەو دوو خاڵـەی سـەرەوە، هـەوڵ دەدەیـن لـە چەنـد روویەکـەوە بـەراوردی مـەرج و زەمینـەی ئـەو دوو ناوچـە گرنگـەی جیهـان بکەیـن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## نەبوونی دەرفەتی بەشداریکردن لە بڕیارداندا ڕێگربوو لە گۆڕانکاری

لەگەڵ ئەوەی هەریەکێک لە دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەندێ خاسڵەتی تایبەتی خۆیان هەبوو، بەڵام بەگشتی خاسڵەتە بنچینەییەکانیان هاوشێوەی یەکتریبوون. هەروەها لەبەرئەوەی زانیاری لەسەر خاسڵەت و بنەما ئابوری و سیاسییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێران زیاترە لەچاو دەوڵەتەکانی پێشیانەوە، لەمەودوا لە باسەکانماندا زیاتر سەرنج دەخەینە سەر ئەم دوو دەوڵەتەی دواتر.

سیستمی فیوداڵی خێڵەکی لەژێر چەتری دەوڵەتە زلهێزەکانی عوسمانی و ئێراندا هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا مایەوە. چەندەها جار بەهۆی ململانێی ناوخۆوە لاواز دەبوون و ڕووبەڕووی شکستهێنان دەبوونەوە، بەڵام بەهۆی چەند فاکتەرێکی بنچینەییەوە بۆ ئەو ماوە دوور و درێژە مایەوە. یەکێ لە هۆکارە بنچینەییەکانی مانەوەیان نەبوونی دەرفەتی بەشداریکردنی پێکهاتە و چینوتوێژەکانی کۆمەڵگە بوو لە بڕیاردانی سیاسی و ئابوریدا و درووست نەبوونی شورایەک یان پەرلەمانێکی ساوا تێیاندا. لێرە بە شێوازی ڕۆژئاوای ئەوروپا ئەو دەرفەتە نەخولقا.

نەبوونی ئەو دەرفەتە بۆ چەندین فاکتەر و خاسڵەتی تایبەتی ئەو سیستمە و مێژووی پێشتری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە. گرنگترین ئەو فاکتەرانە بریتین لە سروشتی خێڵەکی دەوڵەت، نەبوونی چینێکی فیوداڵی بەهێز، لاوازی و پاشکۆیی دەسەڵاتی ئاینی و کاردانەوەی خاسڵەتی شارستانییەتە کۆنەکان.

### یەک : سروشتی خێڵەکی دەوڵەت

#### - دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی نەوەک دەوڵەتی ئیسلامی یان نەتەوەیی

زۆربەی نوسەر و ڕوناکبیرەکانی جیهان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتە فیوداڵیە خێڵایەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەدەوڵەتی نەتەوایەتی یان ئیسلامی دادەنێن. بەڵام ئەگەر بەوردی سەیری خاسڵەت و بونیاد و ڕەفتاری ئەو دەوڵەتانە بکەین، دەبینین زۆر لە دەوڵەتی نەتەوایەتی و ئیسلامییەوە دوور بوون. هەروەک چۆن دەوڵەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا سروشتێکی فیوداڵیان هەبوو، ئەوانەی ڕۆژهەڵات سروشتێکی فیوداڵی خێڵەکیان هەبوو.

وەکو پێشتر باسمانکرد دروستبوونی دەەوڵەتەکانی خەلافەتی ڕاشدین، ئەمەوی و عەباسی بۆ بەرژەوەندی و خۆشگوزارنی میللەتی عەرەب نەبوو، بەڵکو دامەزراندنی ئەو دەوڵەتانە لەلایەن چەند بنەماڵەیەکی خێڵی قورەیشەوە بوو. ئەوانە بێجگەلە دوژمنایەتیکردنی بنەماڵەی یەکتری لە خێڵەکەی خۆیاندا،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمیشە پێش هەموو کەسێکی تر، خێڵ و پێکهاتە عەرەبەکانی تریان سەرکوت دەکرد. ئەگەرچی هەندێ ئەرک و پۆستی دەوڵەت و سەربازیان بە خێڵەکانی تر دەسپارد، بەڵام ئەوە تەنها بۆ کاربەڕێوەبردن وماوەیەک بوو لە پێناوی جێگیرکردنی خۆیاندا.

بە هەمان شێوە لەسەردەمی عەباسییەکاندا چەندین خێڵی تورک ڕۆڵیان بینی لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتەکەدا و چەندیین دەوڵەتی بچووکی تورکی سلجوقی دروست بوو، هەروەها هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی خێڵی تورک دایانمەزراندن.

هەموو ئەوانە لە پرۆسەی دامەزراندی دەوڵەتەکانیاندا، پێش هەموو کەسێکی تر خێڵ و بنەماڵە تورکەکانی تریان سەرکوت و کۆمەڵکوژکرد. دواتریش دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێران لەگەڵ ئەوەی بەدەست خێڵی تورکەوە بوون، بەدرێژایی مێژوویان دوژمنایەتی و شەڕی یەکتریان دەکرد. میرنشینەکانی کوردستانیش، هەمیشە بەرژەوەندی خێڵەکی خۆیان پێش بەرژەوەندی نەتەوایەتی کەوتبوو.

ئەو دەوڵەتانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر لاشەی یەکتر دروست دەبوون. هەر بەناو لە پێناوی مانەوە و بەهێزکردنی دەسەڵاتیاندا ئیسلام بوون. ئەمەوییەکان بە کوشتنی عەلی و کۆمەڵکوژیی شیعە دروست بوون. دەوڵەتی عەباسی بە لەناوبردنی ئەمەوی، عوسمانییەکان بە لەناوبردنی خێڵ و پێکهاتە و دەوڵەتە موسڵمانەکانی تر دروستبوون و هەروەها دەوڵەتی سەفەوی و ئەفشار و قاجاری ئێرانیش لەسەر لاشەی یەکتری و پێکهاتە و خێڵە موسڵمانەکانی تر دروستبوون.

لە کاتێکدا کە دەوڵەتی عوسمانی شەڕی لەگەڵ، بەناو کافرەکانی ئەوروپا دەکرد و بوو بە هەڕەشە بەسەر وڵاتە ئەوروپاییە مەسیحیەکانەوە، دەوڵەتە ئیسلامەکانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپاییەکان هاریکاریان دەکرد دژی دەوڵەتی عوسمانی. هەڕەشەی دەوڵەتەکانی ئێران لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بوو بە فاکتەرێکی گرنک بۆ پارێزگاری سەقامگیری و ئارامی ئەوروپا و بەهێزبوون و گەشەکردنی کەپیتالیزم تیایدا.

دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانە بنەماکانی ئایینی ئیسلام و شەریعەتیان بەسەر رەعیەتدا دەسەپاند بەڵام خۆیان بەکردەوە نە گوێیان دەدایە بنەماکانی ئیسلام و نە کەسیش دەیتوانی شەریعەت و یاسا ئایینیەکان بەسەریاندا بسەپێنێت. بە پێچەوانەوە، خۆیان بە دەیان و سەدان ژن و جاریەیان رادەگرت و خەریکی خواردنەوە و کەیف و سەفابوون. ڕۆڵی ئاین و دەسەڵاتی ئایینی تەنها لە وەدا بوو بەرژەوندی توێژی ئۆروستۆکراتی ئەو خێڵانە بپارێزێ و پشتگیریان بکات. زۆرینەی رەعیەتی ئەو دەوڵەتانە، کە زۆربەیان موسڵمان بوون بە هەژاری و نەخۆشی و ناسەقامگیری دەژیان و لەژێر باج و زوڵم و فشاری ئەو دەسەڵاتدارانەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەیاننالان. دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانە بە درێژایی هەموو مێژوویان لەگەڵ ئەوەی بە باج و جزییە و گومرگی ئەو خەڵکە ژیانی سەڵتەنەتیان دەبردەسەر، هیچ خزمەتگوزارییەکیان بۆ باشترکردن و ئاسانترکردنی ژیانی خەڵک نەدەکرد «١٥ ل٧٦».

ئەو دەوڵەتانە مۆدێلێکی گەورەی خێڵ بوون، لەسەر هەمان بنەمای خێڵەکی و لە پێناو دەستەبژێری دەسەڵاتی خێڵ و بەهێزبوونی دروست بوون و ئەرک و کاریان پارێزگاریکردنی بەرژەوەندی ئەوانە و بەهێزکردن و خۆشگوزاریان بوو. دەستگاکانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و حوکمرانی لەسەر پرنسیپەکانی خێڵەکی بوو «١١٣ ل٤٨٤».

سروشتی خێڵەکی دەوڵەت دوو واتای هەبوو، یەکەمیان پەیڕەوکردنی بنەماکانی خێڵەکی بوو لە کاروباری دەوڵەتدا لە سەرەوە هەتا خوارەوە، دووەمیان بە گۆڕانی سەرەک خێڵ سەرلە نوێ گۆڕانکاری بە دەستگاکانی دەوڵەت دەهات و هەروەها بە شکستهێنانی سەرکردە و ئۆروستۆکرانی خێڵی دەسەڵاتدار هەموو دەوڵەتەکە دادەڕما.

وەکو چۆن لە خێڵدا دەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی و سەربازی و ئابوری دەکەوتە دەستی بەهێزترین بنەماڵەو سەرکردە، بە هەمان شێوە لەو دوڵەتانەشدا دەکەوتە دەست ئۆروستۆکراتی خێڵی دەسەڵاتدار و لە ناویاندا سولتان\ شا ( سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران) دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو.

شا، یاخود سوڵتان هەموو مافێکی ڕەهایان هەبوو، بەڵام هیچ ئەرکێکیان لەسەر نەبوو، هیچ یاسا و شەڕیعەت و دەستگایەک نەبوو لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، بەڵکو بە پێی توانا و ئازایەتی و چالاکی و بەژەوهیندی خۆیان یاسایان دادەنا و تەفسیری شەریعەتیان بۆ دەکرا و دەستگای دەوڵەتی دادەمەزران و دەیگۆڕین، هەروەها پۆستی دەدا بە دەست و پێوەندی و لێشی دەسەندنەوە. توێژی ئۆروستۆکراتی، وەزیرەکان ، سەرکردە سەربازیەکان لەسەرەوە هەتا خوارەوە دەبوایە وەلای تەوایان بۆی هەبێت و گوێرایەڵی بن. مەسەلەی وەلاو ملکەچی بۆ گەورە و گوێڕایەڵی بۆ بڕیارەکانیان، لە سەرەوە هەتا خوارەوەی کۆمەڵگەکەی گرتبۆوە. هەر لە سوڵتان \شاوە هەتا وەزیرەکان و سەرەک لەشکرەکان، لەوانەوە بۆ کاربەدەستانی خوارەوە و سەرەک خێڵ و دەست رۆیشتووی پێکهاتەکان، هەروەها لە بنەماڵەی وەجاخزادەوە بۆ سەر بنەماڵەکانی تر، لە پیرەوە بۆ سەر گەنج و لە باوکەوە بۆ سەر کوڕ و لە نێرینەوە بۆ سەر مێیینە.

بەپێی عورفی خێڵەکی و شەڕیعەتی ئیسلامی، هەموو زەویوزاری وڵات، سامانی دەوڵەت و هەروەها داهاتی باجەکان و تاڵانکاری، لەژێر تەسەروفی سوڵتان\شا دا بوو. دوای لادانی بەشی خۆی و خەرجی بەلات و حەرەم و سوپا و شەڕوشۆڕ، بەشی کاربەدەستانی دەوڵەتی دەدا و ئەرکی بەڕێوەبردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێ دەسپاردن. هەتا ئەوانە وەلایان بۆی زیاتر بوایە و کوێرانە گوێرایەڵی بوونایە زیاتریان بەردەکەوت، ئەگەر وانەبوایە پۆستەکانیان لێ دەسەنرایەوە. بە گۆڕانی سوڵتان\شا گۆڕانکاری لە هەموو ئەوانەدا ڕووی دەدا، لەبەرئەوە مان و نەمانی بەرژەوەندی و دەسەڵاتی ئەو خەڵکە بە خودی سوڵتان\شاوە بەسترابوو.

بەشکستهێنانی ئەو بنەماڵەیە، یان خێڵە دەوڵەتەکە لەسەرەوە هەتا خوارەوە دا دەڕما، وەکو لە نمونەی دەوڵەتەکانی قوڕەیشدا باسمانکرد و دواتر لە روخاندنی یەک لە دوای یەکی دەوڵەتەکانی ئێراندا. ڕۆڵی تاکڕەوی خێڵ و بنەماڵە و تاک لە دەوڵەتی فیودالی خێڵەکیدا، دەسەڵاتێکی رەهای خستبووە دەست سوڵتان\شا. دەسەڵاتی رەهای ئەوانە لەو دەوڵەتدا، بواری دروستبوونی دیالۆگ و گفتۆگۆی نەدەدا و ڕێگربوو لە دروستبوونی شورایەک یان پەرلەمانێکی سەرەتایی، کە دەرفەت بۆ ژمارەیەکی زیاتری خەڵک بدات، کە بەشداری لە بڕیاردانیدا بکەن و ئەوە ڕێگە بۆ بونیادنانی سیستەمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری پلورالیزم تر خۆشبکات.

### - ململانێی خێڵەکی

لە دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرەڕای خێڵی دەسەڵاتدار، چەندین خێڵی تری لاوز و بەهێزی تورک و نەتەوەکانی تر هەبوون. لێرەدا چەند فاکتەرێک دەبووە هۆی بەهێزبوونی دەماری حوکمڕانی رەها لە ناویاندا و مانەوەی سیستمی فیودالی خێلایەتی لە ناوچەکەدا.

خێڵی دەسەڵاتدار، هەمیشە ترسی ئەوەی هەبوو خێڵێکی تری بەهێز بێت و زەفەری پێ بێنێت و بیڕوخێنێ. ڕووداوێکی وا تەنها هەڕەشە نەبوو بۆسەر ئۆرستۆکراتی دەسەڵاتداری دەوڵەت، بەڵکو هەڕەشە بوو لەسەر دەسەڵات و بەرژەوەندی هەموو خێڵەکە. هەڕەشەی خێڵ و بنەماڵە و پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگە وای لە پێکهاتەکانی خێڵی دەسەڵاتدار دەکرد، زیاتر لە دەوری سەرۆکەکەیان کۆببنەوە و گوێرایەڵی بن و دەسەڵاتی رەهای بەهێز تر بکەن.

### - چۆنیەتی دانانی سوڵتان\شا

هەروەک چۆن بەپێی عورفی خێڵەکی بەهێزترین و ئازادترین و چالاکترین نێرینەی بەهێزترین بنەماڵە دەبوو بەسەرەک خێڵ، بە هەمان شێوە دانانی سوڵتان\شا لە دەوڵەتی فیودالی خێڵەکی، لەسەر هەمان پرنسیپ بوو «**٩١ ل٦٥٠**». دانانی ئەوانە بەو شێوەیە، سەرەڕای ئەوەی دەبووە هۆی توندوتیژی و دەستێوەردانی بنەماڵە و خێڵەکانی تر و دەستێوەردانی دەسەڵاتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایینی بەتایبەتی لە ئێران و هەروەها دەستێوەردانی دەرەکی، کوشتار و یەکتر کوشتنی شازادەکانی لێدەکەوتەوە.

هەموو جارێک، کە سوڵتان یان شایەکی نوێ دادەنرا، پێش هەموو شتێک کاری سەرەکی ئەو لە ناوبردن و کوشتنی موونافیسەکانی بوو، لە برا و مام و پیاوە بەهێزەکانی تری ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدار. ئەم کارە لە لایەکەوە دەسەڵاتی تاکڕەوە و توندڕەوی حوکمی ڕەهای بەهێز دەکرد و لەلایەکی ترەوە هەرچی خەڵکی چالاکی تر هەبوو لەناو دەچوو «١٠٦ ل٩٩».

ئەو سوڵتان و شایانەی لەو کارەیاندا باش سەردەکەوتن، دەبوونە سەرکردەی ئازا و سەرلەنوێ دەوڵەتەکان و سیستمی فیوداڵی خێڵەکیان بۆ ماوەیەک بەهێز دەکرد، بەڵام دوای کوشتنی یان مردنی خۆیان، ئەوەی جێگای دەگرتنەوە سەرکردەیەکی لاوازی ترسنۆک بوو، کە زۆرجار شکستی دەهێنا لە کۆنترلکردنی دەوڵەتەکە و بەرەو لاوازی دەیبرد. ئەم دیاردەیە لە دەوڵەتەکانی ئێران بەهۆی ململانێی توندوتیژی بنەماڵە و خێڵەکان و ڕۆڵی بەهێزتری دەسەڵاتی ئایینی خوێناوی تر بوو، حوکمرانی تیایدا ڕەهاتر بوو لەچاو دەوڵەتی عوسمانیدا.

لەبەرئەوەی سوڵتان و شاکان ژمارەیەکی زۆر ژن و جارییەیان هەبوو، کە جاری وا هەبوو لەسەد زیاتر بوون، بە سەدان شازادەیان لێدەکەوتەوە. ژمارەی زۆری ژن و کوڕ لەناو کۆشکدا، ئەو ململانێیەی بەهێزتر و فراوانتر دەکرد. دەسیسەکردن و بوختانکردن و دەرمانخواردن و کوشتنی کۆرپەی یەکتری دیاردەیەکی باو بوو کە گوژمی دەدا بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕەها. ئەمە جیاوازێکی تری گرنگە لەگەڵ چۆنیەتی هەڵبژاردنی پاشای دەوڵەتە فیوداڵە ئەوروپییەکان.

**- بەهێزکردنی لاواز و لاوازکردنی بەهێز**

ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتداری فیوداڵی خێڵەکی، بۆ ئەوەی پێکهاتە و گروپی بەهێز دروست نەبێت کە بتوانن جێگایان بگرنەوە، یان فشار بخەنە سەریان و هەوڵی بەشداریکردن لە بڕیاردان و حوکمرانیدا بکەن هەمیشە هەوڵی ڕێگرتنیان لەوە کردووە.

بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتی ڕەهایان هەوڵی بەشداریکردنی لاوازترین پێکهاتەیان داوە لە دەستگاکانی دەوڵەت و سوپادا. بەکارهێنانی کۆیلە لەو دوو دەوڵەتەدا و بەتایبەتی دەوڵەتی عوسمانی ڕۆڵی گرنگی هەبوو «١٠١ل٣١».

ئەوانە لە دەستگاکانی دەوڵەت و کۆشک و حەرەم و سوپادا پۆستی گەورە و بچووکیان پێ سپێراوە. بەکارهێنانی ئەوانە لە لایەکەوە بۆ سەرکوتکردنی بنەماڵە و خێڵەکانی تر بوو، لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی ئەوانە خێڵەکی نەبوون و پشتیان نەبوو لێیان نە ترساون. بە هەمان شێوە پێکهاتە و خێڵ و میللەتە لاوازەکانیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکات و شوێنی جیاواز و پێویستیدا بەکاردەهێنا. بەکارهێنانی ئەرمەن و سریان و جولەکە، لە کاری بازرگانیدا نمونەیەکن لەوانە. بەکارهێنانی خێڵە کوردەکان لە ململانێی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێران نمونەیەکی ترە.

بەشداریکردنی پێکهاتە و کەسایەتی و سەرکردەی خێڵ و بنەماڵەی دەسەڵاتداری هەندێ ناوچە لەسەر بنەمای عورفی خێڵەکی بوو. ئەم بنەمایە لە ڕێگای بەشداریکردندا نەبووە لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا، لە ڕێگای گۆڕانکاری نەبووە لە یاسا و چۆنیەتی حوکمرانیدا، بەڵکو لەڕێگای پێدانی پۆستی سەربازی و سیاسی و ئیدارەی دەوڵەت و باج کۆکردنەوە و مافی تەسەروفکردن بووە بە زەوی و زاری ناوچەیەک یان بازرگانیکردن لە بوارێکی تایبەتیدا، یان پێ بەخشینی سامان و خەڵات و دیاری و چەک. پێدانی ئەوانە بەندبووە بە پلەی وەلا و گوێڕایەڵیان بۆ سەرەوە، بە کەمبوونەوەی وەلایان یان بەهێزبوون و بەرزبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیان، لەبەرچاوی خەڵک شکێنراون و تۆمەتیان بۆ دروستکراوە و گوێیان بڕاوە و چاویان دەرهێنراوە، یان هەرچێکیان پێدرابوو لێیان سەنراوەتەوە و یان لەناویان بردوون. دانی پۆست و پایە بەو خەڵکە وایلێکردوون مان و نەمانیان ببەسترێ بەوەی دەوڵەت پێیداون، چونکە بە نەمانی ئەوانە یان بە گۆڕانی دەسەڵاتدارانی سەرووترەوە ئەوانە هیچیان نەماوە و سووک و ڕەزیل بوون لەو کۆمەڵگەیەدا، بۆیە بەدڵ و بەگیان هەموو هەوڵێکیانداوە بۆ مانەوەی ئەوانەی سەرەوە و ڕازیکردنی دڵیان.

بەکارهێنانی ململانێی نێوان خێڵەکانی ناو دەوڵەتەکە و نێو بنەماڵە و سەرکردەکانی ناو خێڵەکان، ڕێگەیەکی تر بوو بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕەها. خێڵەکان بەپێی سروشتی تایبەتیان هەمیشە لە دوژمنایەتی و یەکتر کوشتن و سەرکوتکردنی یەکدا بوون. ئەو دەسەڵاتدارانە لاوازەکانیان بەهێز دەکرد بۆئەوەی بەهێزەکانی پێ لاوازبکەن یان لەناویان بەرن. جاری وا هەبووە بە پاڵپشتی بنەماڵەیەک بەتەواوەتی خێڵێک یان میرنشەنێک یان ئەمارەتێکیان ڕووخاندوە و یەکێکی نزیک خۆیان لە جێگایان داناوە.

ئەم کردارە لە لایەکەوە سیستمی خێڵەکی دەبوژانەوە، لەلایەکی ترەوە خەڵکی دەتۆقاند و ترسی دەخستە دڵیانەوە، کە نەوێرن بەرەنگاری دەسەڵات ببنەوە و بەمەش دەسەڵاتی ڕەهای سوڵتان\شا بەهێزتر دەبوو «٩١ ل٧٤٤».

### - سوڵتان \ شا شوان و میللەت ڕەعیەت (ڕانەمەڕ)

هەر وەک چۆن سەرۆک لە خێڵدا ئەرکی سەرکردایەتیکردن و پاراستنی ئەندامەکانی خێڵ بوو، لە بەرامبەردا دەبوایە ئەوانیش وەلایان بۆیان هەبوایە و گوێڕایەڵی بوونایە. بەهەمان شێوە لە دەوڵەتی فیودالی خێڵەکیشدا، شا\سوڵتان ئەرکی سەرکردایەتیکردن و پاراستنی ڕەعیەتی دەکەوتە ئەستۆ دەبوایە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەپێی شەریعەتی ئیسلامی بە عەدالەت بەرژەوەندیانی بپارستایە و ئەرکی سەرپەرشتیکردنی زەویوزار و کاروکاسبی و بەرهەمهێنانی پێ دەسپاردن و داهاتی بەسەریاندا دابەشدەکرد. لە بەرامبەردا ڕەعیەتیش دەبوایە ملکەچ و گوێرایەڵی بوونایە و باج و رسوماتیان بدایە. چونکە ئەم پرنسیپە لە گۆمەڵگەی خێڵەکییەوە هەڵقوڵاو بوو، بە شوان و ڕانەمەڕ بەراورد کرابوو. چۆن شوان بە بەکارهێنانی سەگەکانی ئاگاداری ئاژەڵەکانی دەکرد و دەیپاراستن و ڕێگای پیشان دەدان و بەوەش ئاژەڵەکان دوای دەکەوتن و گوێرایەڵی دەبوون، بە هەمان شێوە شا\سوڵتان و فەرمانڕەوای دەوڵەت و ڕەعەیەت هەمان پەیوەندییان لە نێواندا هەبوو «١٠٦ل١٠٣».

هەڵبەتە ئەمە چەند واتایەکی هەبوو. سوڵتان\شا بە گەورەترین دەسەڵاتداری بەروبەحر دادەنرا و لە خودا بەو لاوە کەس لەو گەورەتر نەبوو. چونکە ئەو سەرکردەی دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد و نامەی خودای بە جیهان دەگەیاند، دەبوایە کوێرانە گوێرایەڵی بکرایە. بەرەنگار بوونەوەی ئەو دژایەتیکردنی خودا و قورئان و ئایینی ئیسلام بوو.

دووەمین دەلالەتی ئەوە، بێدەسەڵاتی و بێ توانایی و گەمژەیی ڕەعیەتی دەگەیاند. لای ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدارانی فیوداڵی خێڵەکی دەوڵەت، ئەوەی لەدەرەوەی ئەو بنەماڵە وەجاخزادانە بوایە، خەڵکانی بێدەسەڵات و ترسنۆک و گەمژەبوون. ئەوانە تونای بەڕێوەبردنی ژیان و پاراستنی خۆیان نەبوو، بێ ئەو دەوڵەت و سەرکردە و دەستەبژێریە، ئەوانە گورگ دەیخواردن. ئەم پرنسیپە هیچ دەرفەتێکی نەدەهێشتەوە بۆ خەڵک کە بیربکەنەوە و رادەربڕن یان بەشداری لە بڕیاری سیاسی و ئابوریدا بکەن و ڕۆڵیان هەبێت لە گۆڕانکاریکردنی کۆمەڵدا. ئەم پرنسیبە ڕەگو ڕیشەی لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا داکوتاوە و هەتاکو ئەمرۆ لە زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەت و پارت و هێزە سیاسیەکاندا دەبینرێت، بۆیە هیچ حسابێک بۆ ڕا و تێروانین و توانای پێکهاتە و چینوتوێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە ناکەن و وەک ڕەعیەت و موڵکی خۆیان سەیریان دەکەن.

- عەدالەتی کۆمەڵایەتی لێرەدا دوو ئامانجی هەبوو:

یەکەمینیان ئەوەبوو، کە لەبەرئەوەی شا\سوڵتان و دەوڵەت، ڕەعیەتی دەپاراست و مۆڵەتی بەکارهێنانی زەویوزار و کاسپی پێدەدان، بۆ دانەوەی ئەو ئەجرە هەموو ڕەعیەت کەم و زۆر بە عەدالەت دانی باج و رسومات لە ئەستۆیاندا بوو، لەلایەکەوە بۆ سوپاسکردنی ئەو دەسەڵاتدارانە و لەلایەکی ترەوە بۆ بەهێزکردنی ئەو دەوڵەتە ئیسلامیە.

دووهەمینیان، گوێرایەڵبوونی فەرمانڕەوای دەوڵەت و دژایەتی گەندەڵی بوو. چونکە سوڵتان\شا ئەو پۆستانەی بەو فەرمانڕەوایانە بەخشی بوو، ئەرکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوان پاداشدانەوە و خزمەتکاریکردنی ئەو دەستەبژێریە خێڵەکیە و دەوڵەتی ئیسلامی بوو. دەبوایە وەلای تەواویان بۆ سەرەوە هەبوایە و دزی و گەندەڵیان نەکردایە. چونکە دانی ئەو پۆستانە لەسەر بنەمای وەلا و خزمایەتی و بەرتیل و پیاوەتی بوو، نەکو لەسەر بنەمای شارەزایی و کارکردن و موڵکداری بەپێی یاسا، گەورەترین گرفتی ئەو دەوڵەتانە گەندەڵی و دزی و بەرتیل بوو. مەسەلەی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕەگو ڕیشەی لەو سیستەم و کۆمەڵگەیانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو. دەوڵەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دژایەتی گەندەڵییان کردووە، بەڵام هەریەکەیان لەوانە لە پێناوی بەرژەوەندی دەستەبژێری دەسەڵاتداردا ئەو دژایەتییەیان کردووە. دژایەتیکردنی گەندەڵی لە دەوڵەتێکدا کە زۆربەی پێکهاتەکانی گۆمەڵگە بەشداربن لە حوکمرانی و بڕیاردانەدا، بەسودی زۆربە دەگەڕێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی تاکڕەوی وەکو ئەو دەوڵەتانەی ئەوسای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەو دژایەتیکردن و چاکسازییە تەنها لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندی ئەو دەستەبژێر دەسەڵاتدارارەدا بوو.

مەسەلەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی فیوداڵی خێڵەکیدا لە پێناوی ڕووتانەوەی پێکهاتە و چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەدا بوو. لە پێناوی ڕازیکردنی ئەوانەدا بوو، کە بەدڵ و بە گیان بە ئەرکەکانیان هەستن و ڕازیبن بە هەژاری و بێدەسەڵاتی.

بۆ پاداشدانەوەیان چاوەڕوانی ڕەحمەتی دەستەبژێری دەسەڵاتداربن و چاوەڕوانبن لە ڕۆژی قیامەتدا خودا ئەجریان بداتەوە. لێرەدا دەسەڵاتی ئایینی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بە قەناعەت پێکردنی خەڵک و ڕازیکردنیان بە ژیانی تاڵ و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری ئەو دەوڵەتانە. ئەو یاسایانەی کە پەیرەوکراون بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی دەستەبژێر و بەدیهێنانی عەدالەتی کۆمەڵیاتەی سێ جۆر بوون. شەریعەتی ئیسلامی، عورفی خێڵەکی و بڕیارەکانی شا\سوڵتان «**١٥** ل **٩٤**».

لەبەرئەوەی جیاوازی هەبووە لە نێوان ناوچەکاندا، لە ڕووی بەهێزی دەسەڵاتی ناوەندی و هەروەها توانای دەسەڵاتدارانی خۆجێیی و کلتور و عورف و نەریتیان، لەو دەوڵەتانەدا یاساکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، لە کاتیەکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە. هەتا شا\سوڵتان بەتواناتر بوایە بڕیارەکان و پێویستیەکانی ئەو دەکەوتە پێش شەریعەت و عورفی خێڵەکیەوە. هەتا دەسەڵات و خێڵ و بنەماڵە خۆجێییەکان بەهێزتر بونایە و سەربەخۆییان زیاتر بوایە، عورف و نەریتی ناوچەکە زاڵ دەبوو. لەناو ئەوانەشدا شەریعەتی ئیسلامی و دەسەڵاتی ئایینی، بە پێی ڕۆژگار و جێگا، لێکدانەوەی شەریعەتیان دەکرد.

ئەو یاسایانە تەنها توانراوە بەسەر رەعییەتدا بسەپێنرێ، ڕەعیەتیش جیاوزیان لە نێواندا کراوە. جیاوازی کراوە لە نێوان موعامەلەکردنی سەرەک خێڵ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامـی خێـڵ و مسـکێنێکدا، جیـاوازی هەبـوو لـە نێـوان بازرگانێکـی دەوڵەمەنـد و کاسـبکارێکی بچووکـدا، لـە نێـوان موسـڵمان و ناموسـڵماندا، لـە نێـوان نێرینـە و مێینـەدا. عەدالەتـی کۆمەڵایەتـی هـەر بەنـاو بـووە، پێکهاتـە و چینوتوێژەکانـی کۆمەڵگـە وەک یـەک بەیـەک یاسـا حوکمرانـی نەکـراون و بەپێـی بەهێـزی شـا\سـوڵتان و عورفـی خێڵەکی، بەهێـزی و لاوازی دەسـەڵاتی ئایینـی ئـەو شـەڕیعەت و عەدالەتـە کۆمەڵایەتییـە لێکدانـەوەی جیـاوازی بـۆ کـراوە.

ئۆروسـتۆکراتی دەسـەڵاتدار، فەرمانڕەواکانـی دەوڵـەت، سـەکردە سـەربازیەکان و بنەماڵـە و سـەرەک خێڵـە دەسـەڵاتدارەکان ئـەو شـەڕیعەتە نەیگرتونەتـەوە. ئـەوان بەهەوەسـی خۆیـان ژنیـان هێنـاوە، لـە خەڵکیـان داوە و کوشـتوویانن، راوڕووتیـان کـردوەوە... نـە قـازی، نـە دەسـەڵاتی ئایینـی جورئەتـی لێپرسـینەوەی ئەوانـەی نەبـووە. ئـەوەی توانـای لێپرسـینەوەی ئەوانـەی هەبـوو، دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت بـوو. شا\سـوڵتان گـەورە دەسـەڵاتداری سیاسـی و ئابـوری و سـەربازی و قەزایـی دادەنـا و لایدەبـردن و دووری دەخسـتنەوە و دەیشـکاندن و سـزای دەدان و دەیکوشـتن. سیسـتمەکە لەسـەرەوە هەتـا خـوارەوە بـەو شـێوەیە پەیرەودەکـرا، هەمیشـە ئـەوەی سـەرەوە بەسـەر خـوارەوەی خۆیـدا زاڵ بـوو... هەمـوو ئەمانـە فاکتـەری بنچینەیـی بـوون لـە بەهێزکردنـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی و سروشـتی ڕەهـای حوکمرانـی شا\سـوڵتان.

## دوو: نەبوونـی چینێکی فیوداڵی بەهێز

لـە باسـکردنی مێـژووی سیاسـی و ئابـوری ئەوروپـادا، باسـی ئەوەمانکـرد کـە لـە دوای ڕمانـی دەوڵەتـی ڕۆمـا، کیشـوەرەکە بەسـەر ژمارەیـەک دەوڵەتـی بچـووک و ناوچـەی سـەربەخۆی فیوداڵیـدا دابەشـبوو و لـەو شـوێنانە چینـی فیوداڵـی بەهێـز دروسـتبوو، کـە ئەوانـە بەپێـی یاسـا مافـی پشـتا و پشـتی موڵکایەتـی زەویوزاریـان بـۆ مابـووەوە و خاوەنـی ناوچەکانـی خۆیـان بـوون و حوکمڕانیـان دەکـرد و هێـزی سـەبازیی خۆیـان هەبـوو.

باسـی ئەومانکـرد، کـە لـەو دەوڵەتانـەدا چینێکـی ئۆروسـتۆکراتی فیوداڵـی بەهێـز دروسـتبوو، کـە کـەم یـان زۆر توانـای فشارخسـتنە سـەر پاشـایان هەبـوو. پاشـا زیاتـر ناچـاری ئـەوان بـوو، وەکـو ئـەوان لـە پاشـا. باسـی ئەوەمانکـرد، کـە ئـەوە بـووە فاکتەرێکـی بنچینەیـی گرنـگ بـۆ دەرفـەت دروسـتبوون لـە بەشـدارکردنی ژمارەیـەک خەڵکـی زیاتـر لـە بڕیاردانـدا و دروسـتبوونی پەرلەمانێکـی سـاوا لـەو وڵاتانـەدا.

وەکـو پێشـتر باسـمانکرد، لـە سیسـتمی خێڵەکیـدا، زەویـوزار و سـامان و داهاتـی تاڵانـی موڵکـی هەمـووو خێـڵ بـوو. خێڵەکـە لەسـەر بنەمـای موڵکایەتـی بەسـەر چیـن و توێـژدا دابـەش نەبـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرۆک خێـڵ و بنەماڵـەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسەڵاتدار مافی تەسەروفکردنیان بەوانەوە پێدەدرا، کە کۆمەڵگەکەی بەسەر پێکهاتەی جیاوازدا بەشدەکرد. سەرەک خێڵ، لەسەر بنەمای خزمایەتی و ئازایەتی و وەلا بۆ خێڵ و سەرۆک، ئەو مافەی پێدەستپێران و ئەوانیش لە بەرامبەردا دەبوایە وەلای کوێرانەیان بۆ سەرۆک هەبوایە.
بەکارهێنانی ئەم پرنسیپە لە دەوڵەتی فیودالی خێڵەکیدا ڕێگر بوو لە دروستبوونی چینێکی فیودالی ئۆروستۆکراتی بەهێز، کە خاوەنی زەویوزار و ناوچەی خۆی بێت و چەکداری خۆی هەبێت «١٠٦ل١١٣».
ڕاستە لە ژێر سایەی ئەم سیستمەدا چینێک یان چەندین توێژی فیودالی خێڵەکی هەبوو، ڕۆڵیان گرنگ بوو لە دەوڵەتەکەدا و کاروباری ئابوری و سیاسی و سەربازیان بەڕێوەدەبرد و کۆنترۆڵی تەواوی رەعیەتیان دەکرد و دەیانڕوتاندەوە و هەوڵی بەسەربردنی ژیانی سەڵتەنەتیان دەدا، بەڵام ئەمانە موڵکدار نەبوون و ئەرکی تەسەروفکردن بەوانەوە و مانەوەی پۆستەکانیان بەندبوو بە دوو خاڵەوە. یەکەمیان وەلایان بوو بۆ شا\سوڵتان و ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدار و دووەمیان بەندبوو بە مان و نەمانی شا\سوڵتان و بنەماڵە و خێڵی دەسەڵاتدارەوە. ئەم توێژانە ئەگەر وەلایان کەمی بکردایە یان زۆر بەهێز بوونایە و سامانیان زیادی بکردایە بە بڕیارێکی سەرەوە لەناو دەبران و هەرچیەکیان هەبوو لێیان دەسێنرا. هەروەها هەموو شا\سوڵتانێک، بنەماڵە و خێڵێک خەڵکی نزیک و پیاوی خۆیان هەبوو. بە جێگاگورکێکردنی ئەو دەسەڵاتدارانەی سەرەوە ئەو چین و توێژی فیوداڵە خێڵەکیانە گۆڕانکارییان بەسەردا دەهات. ئەوانە ناچاری دەستی دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی سەرەوە بوون و مان و نەمانیان بە ڕازیبوون و مانەوەی دەسەڵاتی ئەوانەوە بەند بوو.
ئەم فاکتەرە بنچینەییە و خاسڵەتە گرنگەی سیستمی فیودالی خێڵایەتی ڕێگای نەدەدا بە دروستبوون و بەهێزبوونی چینێکی فیودالی بەهێز، کە بتوانێت فشار بخاتە سەر شا\سوڵتان و دەرفەتی بەشداریکردنی هەبێت لە بڕیاردانەدا و پەرلەمانێکی ساوا دروست بێت. بەشێکی گرنگی مێژووی دوور و درێژی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێران، بەناوی چاکسازییەوە بۆ هێشتنەوە و زیادکردنی داهاتەکانی باج و جزییە و گومرگی دەوڵەت، گۆڕانکاریکردن بوو لە پێکهاتەکانی ئەم چین و توێژانە و ڕێگرتن بوو لە مانەوە و بەهێزبوونیان. پەیرەوکردنی ئەوە یەکێک بوو لەو فاکتەرە گرنگانەی کە تەمەنی ئەو دەوڵەتەی درێژتر کرد.

**سێ : لاوازی و پاشکۆیی دەسەڵاتی ئایینی**

وەکو لە بەندی دووەمی کتێبەکەدا باسمانکرد دەسەڵاتی ئایینی مەسیحی لە ئەوروپادا سەربەخۆیی تەواوی ئابوری و سیاسی و سەربازی هەبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەروەها ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ڕووی ئیداری و کلتوریدا. بەهێزی دەسەڵاتی ئایینی لەوێ بووە فاکتەرێکی تری بنچینەیی بۆ دەرفەتی بەشداریکردن لە بڕیاردان و دروستبوونی پەرلەمانێکی ساوا، بەڵام دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام بە پێچەوانەوە بوو.

دەستەڵایتی ئایینی ئیسلام نە خاوەنی زەویوزاری خۆی بوو، نە خاوەنی کڵێسەی گەورەبوو، نە خاوەنی بەرهەمهێنانی تایبەتی بوو، نە مافی سەندنی باجیان هەبوو لە پێکهاتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

پیاوە ئایینیە گەورەکان، یان بە داهاتی باجی ناوچەیەک دەژیان، کە سوڵتان\شا بۆی تەرخان دەکردن، یان بە بەشێک لە داهاتی وەقف، کە ئەویش بە پێی بڕیار و سەرپەرشتی دەوڵەت بوو. ئەگەر ئەو پیاوە ئایینیانە پەیوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت باش نەبوایە، ئەوا لەلایەن هەندێ سەرەک خێڵ یان بنەماڵەی بەهێزەوە یارمەتی و پاڵپشتی دەکران. توێژی ناوەڕاستی دەسەڵاتی ئایینی چاویان لە ڕەحمەتی پیاوچاکان بوو، بە یارمەتی ئەوان دەژیان و مزگەوتەکانیان بەڕێوەدەبرد و مەلا هەژارەکانیش چاوەڕوانی زەکاتی خەڵکە هەژارەکە بوون و فەقێیەکانیش بە چێشتی مجێوەر و خێری دەورووپشت دەژیان. جیاوازی هەبوو لە نێوان پیاوە ئایینیە گەورەکانی سوننە و شیعە. سوننەکان کوتومت چاوەڕوانی دەستی دەستەبژێری دەسەڵاتدار بوون. بەڵام شیعەکان هەتا ڕادەیەک نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبوو ئەویش بەهۆی ڕۆڵی گرنگیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی و دواتریش هەوڵدانیان بۆ گرتنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و کۆنترۆڵکردنی خێڵەکان. هەروەها لای شیعە گرنگ بوو، کە بتوانن مزگەوت و مەرقەدەکانیان جوانتربێت لەوانەی سوننەکان، چونکە کەمینە بوون لە ناو موسڵماناندا وهەمیشە دەیانویست بیسەلمێنن کە پێگەی ئەوان لە سوننە بەرزترە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەسەڵاتدارانی ئایینی ئیسلام بە گشتی لەچاو مەسیحیەکانی ئەوروپادا هەژار و بێ سامان بوون و داهاتی تایبەتی خۆیان نەبوو و چاوەڕوانی دەستی دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و خێڵ و پیاوچاکان و خێرو ڕەحمەتی خەڵک بوون. بێجگە لە هەندێ مزگەوتی گەورە، کە خەلیفە و سوڵتان و شاکان دروستیان کردبوون بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی خۆیان، زۆربەی مزگەوتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر هەژاری دەسەڵاتی ئایینی لەچاو کەنیسەکانی ئەوروپادا وەکو کەلاوە وابوون.

بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام خاوەنی ئابوری خۆی نەبوو، ڕۆڵی سیاسی و سەربازیشیان زۆر لاواز بوو. ڕاستە لە کاتی ململانێی ناو بنەماڵەکانی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و ململانێی نێوان خێڵەکان، بەتایبەتی لەناو شیعەکاندا، دەستیان لەو ململانێیانە وەردەدا، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەرەک خێل و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بنەماڵە بەهێزەکان و شا\سوڵتان و شازادەکان بوون هەوڵیان دەدا سوود لە پیاوە ئایینیەکان وەرگەن بۆ بەهێزکردنی جێپێی خۆیان.

هاریکاری فیوداڵی خێلایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی و ڕازیکردنیان لەسەر بنەمای خێڵەکی بوو، لەڕێگەی پێدانی ڕۆڵی ئایینی و پێدانی داهاتی ناوچەیەک و دیاری و بیناکردنی مزگەوت و تەکیە بوو بۆیان، نەکو لە بەشداریکردنیان لە بڕیاردان و حوکمرانیدا.

دەسەڵاتدارە ئایینیەکان خاوەنی هێزی چەکداری خۆیان نەبوون، کە بیانپارێزی و ڕۆڵیان هەبێت لە یەکلاکردنەوەی ململانێیەکاندا، بەڵکو ئەگەر ڕۆڵێکیشیان بوبێت لەڕێگەی چوونە پاڵ شا\سوڵتانێک، بنەماڵەیەک یان خێڵێک بوو. ڕاستە شێخە سەفەوییە شیعەکان لەسەرەتادا ڕۆڵیان هەبوو لە حوکمرانی و بڕیارداندا، بەڵام ئەوە لەڕێگای قزلباش و تەنها بۆ ماوەیەکی کورت بوو و دواتر خۆشیان چوونە ریزی سەرەک خێڵەکان و بنەماڵەکەیان، وەکو بنەماڵەی خێڵەکانی تریان لێهات. لە دوای ئەوەی کە ساڵی **١٥١٧** سوڵتانی عوسمانی نازناوی خەلیفەی موسڵمانانی پێدرا، دەسەڵاتی سولتان بەسەر عولەمادا هێندەی تر زیادیکرد.

دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام، چونکە خاوەنی سامان و داهاتی زۆر نەبوو، نە ڕۆڵی ئیداری و سجیلات و زانیاری کۆکردنەوەیان هەبوو لەسەر کۆمەڵگە و نە ڕۆڵی کلتوری و مۆسیقا و تەندروستیان هەبوو بەشێوەی کەنیسەی ئەوروپا.

ئەگەرچی دەسەڵاتی ئایینی ئەوروپا دژی هەموو گۆڕانکاریەک بوو لە سیستەمی فیوداڵی ئەوروپادا، بەڵام بەهێزییان لە ڕووی ئابوری و سیاسی و سەربازیەوە ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە دەرفەت دروستبوون بۆ چینوتوێژە نوێەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا لە بڕیارداندا و ڕێگا خۆشکردن بۆ کەوتنی هەموو سیستەمەکە، بەڵام دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام بەهۆی لاوازیانەوە بووە پاشکۆ و پشتیوانی تەواوی سیستەمی فیوداڵی خێڵەکی و تەمەن درێژبوونی و هەروەها دروست نەبوونی دەرفەت بۆ چینوتوێژی نوێ، کە بەشداری لە بڕیاردان و دانانی یاسای نوێ و گۆڕانکاریکردن لەو دەوڵەتانەدا بکەن.

## چوار: کاردانەوەی خاسڵەتی شارستانیەتە کۆنەکان

لە بەندی یەکەمی ئەم کتێبەدا، باسی خاسڵەتی شارستانیە کۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستمان کرد. یەکێ لەو خاسڵەتە گرنگانە بەهێزی ڕۆڵی دەسەڵاتی ناوەندی بوو لە کونترۆڵکردنی لادێ و ناوچەکانی وڵاتدا بەهۆی چەندین فاکتەری جیاوازەوە. ئەم خاسڵەتەی حوکمرانی کردنە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئاسانکاریکرد بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دەسەڵاتی رەهای خەلیفە و شا و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـوڵتانەکانی.
ئـەو خاسـڵەتە هەرلـە کۆنـەوە ڕەگـی لـە کۆمەڵگەکانـدا داکوتابـوو و قبوڵکردنـی لای خەڵکـی ناوچەکـە زۆر زەحمـەت نەبـوو. هەڵبەتـە ئـەو کاردانەویـە هەتـا ئێسـتا بەردەوامـە و تاکڕەوی و دەسـەڵاتی ڕەهـای سـەرۆکی دەوڵـەت و حیزبـەکان لای خەڵـک هێنـدە غەریـب نییـە. لـە غیابـی سیسـتەمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی ئابـوری پلورالیزمـدا، ڕەنگـە زۆرجـار لای خەڵـک نـا سـەقامگیری و نـا ئارامـی و ترسـی خەڵـک لـە ڕووتاندنـەوە و گەندەڵـی بێسـنوور لـە چەنـد لایەکـەوە، ترسـناکتر بێـت لـە دەسـتڵاتی تاکڕەوی ڕەهـا.

## لاوازی پێکهاتـە و چینوتوێژە نوێیەکان

لـە باسـی بنەمـا ئابورییەکانـی فیوداڵیزمـی ئەوروپـادا، سروشـت و ڕۆڵـی چینوتوێژەکانـی ئـەو کۆمەڵگەیەمـان شـیکردەوە، باسـی ئەوەمانکـرد، کـە فیوداڵیـزم و چینوتوێژەکانـی ئـەو کۆمەڵگەیـە خۆبەخـۆ نـە لـە توانایانـدا بـوو گۆڕانـکاری بەکـەن و نـە لـە بەرژەوەندیاندابـوو.
بـۆ گۆڕانـکاری و گەشـەکردن لـەو سیسـتەمە قفڵـدرا و داخـراوەدا، پێویسـت بـە فاکتـەر و چیـن و توێـژی نـوێ بـوو. ئـەو گەشـەکردنەی لـەو کیشـوەرە ڕوویـدا، لەنـاو جەرگەیـدا دروسـت نەبـوو، بەڵکـو لـە پاڵیـدا لـە شـارە بازرگانییەکانـەوە دەسـتپێکرد و چینوتوێـژە نوێیەکانـی ئـەو شـوێنانە بـوو، درزیـان خسـتە ئـەو کۆمەڵگەیـەوە و پێکهاتەکانیـان ڕاکێشـا بـەرەوە پرۆسـەی گۆڕانـکاری مـەزن و چاکسـازی سیاسـی و ئابـوری، کـە سیسـتەمە کۆنەکەی هەڵوەشـاندەوە و سیسـتمێکی نـوێ جێگایگرتـەوە.
لێـرەدا، لـەوە دەکۆڵینـەوە ئایـا فیوداڵـی خێڵەکـی و پێکهاتـە و چینوتوێژەکانـی خۆبەخـۆ توانـای گەشـەکردنیان هەبـوو؟ ئایـا بـە بەرژەوەنـدی خۆیـان دەزانـی گۆڕانـکاری ڕیشـەیی بکـەن؟ یاخـود بـە هەمـان شـێوازی فیوداڵیزمـی ئەوروپـا لێـرەش لـە توانایانـدا نەبـوو. هەروەهـا بـەدوای ئـەو فاکتەرانـەدا دەگەڕێیـن، کـە چینوتوێـژە نوێیەکانـی ئێـرەی لەوانـەی ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـا لاوازتـر کـرد و بەهەمـان شـێوەی ئـەوان، توانـای ئـەو گۆڕانکاریانەیـان نەبـوو. ئایـا ئـەو خاسـڵەت و فاکتەرانـە چـی بـوون، کـە لـە فیوداڵـی خێڵەکـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ئـەو پرۆسـەیەی خاوتـر و زەحمەتتـر کـرد؟
بـۆ وەڵامدانـەی ئـەو پرسـیارانە، هـەوڵ دەدەیـن چاوێـک بـە خاسـڵەتە ئابوریەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بخشـێنین. بچینـە بنـج و بناوانـی بەرهـەم و بەرهەمهێنـان لـە لادێ و شـارەکانی ئەوسـای خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا و خاسـڵەت و ڕۆڵـی پێکهاتە و چینوتوێژەکانـی لـەو پرۆسـەیەدا و پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ یەکـدا و هەروەهـا ڕۆڵـی دەسـەڵاتدارانی دەسـتەبژێری ئۆروسـتۆکراتی سیاسـی و ئایینـی تیایانـدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- **هەندێ زانیاری گشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ١٥٠٠-١٨٠٠(ز. )**

ئابوریی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەو سەردەمەدا لەسەر سێ کۆڵەکە بەندبوو. کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن، بەرهەمهێنانی پیشەیی و بازرگانی. دەوروبەری ٩٠٪ دانیشتوانی ناوچەکە بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردنەوە خەریک بوون. بەرهەمهێنانی پیشەیی و بازرگانی بە پلەی یەکەم لە شارەکاندا بەڕێوەدەچوو «١٥ ل٣٣».

لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی بە درێژایی چەندین سەدە لەژێر سایەی هەمان سیستمی بەڕێوەبردنی فیوداڵی خێڵەکیدا ناوچەی گەورەیان پێکەوە بەستبۆوە، رەنگە بکەوینە هەڵەیەکی گەورەوە، ئەگەر بە یەک چاو سەیری هەموو ناوچەکانی ئەو دەوڵەتانە وەک یەک بکەین، یاخود وا بزانین، کە بە درێژەیی هەموو ئەو ماوەیە ژیانی ئابوری لە هەمان دۆخدا بوبێت.

ناوچەکانی ئەم دەوڵەتە وەکو دوورگەی بچووک وابوون لەناو دەریایەکی گەورەدا، بێجگە لە بەرژەوەندی دەوڵەتەکان لە باج کۆکردنەوە و کۆنترۆڵی ئابوریان و پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، بەرژەوەندییەکی ئەوتۆی تر ئەو ناوچانەی پێکەوە نەدەبەستەوە. بێگومان ئەوە بۆ بنەما ئابورییەکانی ئەو وڵاتانە و ئاستی گەشەکردنی ئابوری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی تیایاندا دەگەڕێتەوە. هەتا ناوچەیەک لە ڕێگا بازرگانی و کەنار دەریاکان و ناوەندی دەسەڵاتی دەوڵەت و شارە گەورەکانەوە نزیک تر بوایە بە ئاسانتر کۆنترۆڵ دەکرا و جموجۆڵی ئابوری تیایدا زیاتر بوو. هەتا ڕوباری گەورەی، یان باران زیاتر تیایاندا بباریایە بەرهەمی کشتوکاڵی باشتر بوو، هەروەها هەتا ناوچەکان سەختر بوونایە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە ناویاندا زەحمەتر دەبوو. لە هەندێ ناوچەدا دەسەڵاتی خێڵەکی بەهێزتر بوو، کلتور و عورف و نەریتیان جیاواتر بوو. ئەوانە و چەندەها خاسڵەتی تایبەتی تر کاردانەوەی هەبوو لەسەر ناوچەکان و دەبووە هۆی جیاوازی ئاستی گەشەکردنی ئابورییان «٣٠ ل١».

لەگەڵ تاکڕەوی و توندڕەوی و حوکمداری رەهای ئەم دەوڵەتانەدا، لە کاتی بەهێزبوونی دەوڵەتەکان و هاتنی شا\سوڵتانێکی بەهێز و زیادبوونی کۆنترۆڵی سوپا و دەستگاکانی دەوڵەت بەسەر ناوچەکاندا، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەیی تیایاندا زیادیدەکرد، هەروەها بە هۆی ئارامی و سەقامگیری ڕێگاوبان ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەبووژایەوە، کە سەرلەنوێ دەبووە هۆی زیادکردنی بەرهەمهێنان. بێگومان ئەو بوژاندنەوە ئابوریيانە، تەنها بۆ ماوەیەک بەردەوام دەبوون، چونکە وەک هەمیشە زەحمەتە لەژێر سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری سنووردااردا گەشەکردن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوامی بەخۆوە ببینێت.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا، بەپێی تۆماری باجەکانی دەوڵەتی عوسمانی،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە ئەنـادۆڵ و میسـر و باشـوری سـوریا ژمـارەی دانیشـتوان ٤٠٪ زیادیکـردووە، بەرهەمهێـان زیادیکـردووە و رووبـەری زەوی کشـتوکاڵیەکان فـراوان بـووە. بەرهەمـی دانەوێڵـە هێنـدە زیادیکـردووە، کـە لـەو سـەردەمەدا هەنـاردەی ئەوروپـا کـراوە. بەپێـی ئەوانـەش داهاتـی باجەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانی زیادیکـردووە. پێش داگیرکرنـی میسـر لەلایـەن دەوڵەتـی عوسـمانییەوە لـە سـەدەی شـانزەدا، ژمارەیەکـی زۆری جوتیارانـی هەنـدێ ناوچـەی میسـر لەتـاو زۆرداری دەسـەڵاتدارانی مەمالیـک زەویـوزارە پـڕ پیـت و بەرەکەتەکانیـان بەجـێ هێشـتبوو و کۆچیـان کردبـوو بـۆ شـوێنی تـر، بـەڵام لـەدوای هاتنـی عوسـمانییەکان، هەمیسـانەوە گەڕاونەتـەوە و دەسـتیانکردۆتەوە بـە بەرهەمهێنـان. بەسـەرلەنوێ گرتنـەوەی ناوچەکانـی عێـراق وباشـوری کوردسـتان لـە سـاڵەکانی ١٦٥٨دا لەلایـەن دەوڵەتـی عوسـمانی و کەمبوونی شـەڕ لەگـەڵ سـەفەوییەکان و ئارامـی و سـەقامگیری بـۆ ماوەیـەک لـەو ناوچانـەدا، بوژاندنـەوی ئابورییـان تێکـەوت و ژمـارەی دانیشـتوان زیادیکـرد. بـە پێچەوانـەوە لـە کۆتایـی سـاڵەکانی ١٧٠٠ دا بەهـۆی لاوازبوونـی دەسـەڵاتی ناوەنـدی، سـەرلەنوێ بەرهەمهێنـان کەمیکـرد و ژمارەیەکـی زۆر لـە جوتیـاران ناوچەکانـی خۆیـان بەجێهێشـت وکۆچیـان بـۆ ناوچـەی تـر کـرد. لـە کۆتایـی سـەدەی هـەژدەدا ژمـارەی دانیشـتوانی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە ١٨ ملێـون دەخەمڵێنـرا. لـەوە ئەنـادۆڵ ٦،٥، ئێـران ٦، سـوریا١،٥، عێـراق١،٥، میسـر ٣،٨ملیـون. ئەگـەر بـە هەمـان ڕێـژەی ئەمڕۆ بە بـەراورد لەگـەڵ میللەتەکانـی تـری ناوچەکـە بـەراوردی بکەیـن، ژمـارەی دانیشـتوانی کوردسـتان لـە ١،٥- ٢ملیـون نەتـرازاوە «٣٠ ل٣-٧».

کەمایەتـی دانیشـتوانی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە شـارەکاندا نیشـتەجێ بـوون. لـە میسـر ١٠٪ لـە قاهیـرە و ئەسـوان و ئەسـکەندەریە، شـام ٢٠٪ لـە شـارەکانی دیمەشـق و حمـس و حەلـەب و حەمـا و قـودس، عێـراق ١٥٪ لـە شـارەکانی بەغـدا و موسـڵ و بەسـرە، ئەنـادۆڵ: ئوسـتەنبول ٧٥٠ هـەزار، ئەزمیـر ١٠٠هـەزار، بۆرسـە ٥٠هـەزار دانیشـتوانیان بـووە «٣٠ ل٤٥». لـە کوردسـتان بەهـۆی دابەشـبوونی بەسـەر ناوچـەی خێڵەکـی بچـووک و سـەختی تۆپۆگرافـی وڵاتەکـە و خراپـی و نائارامـی ڕێگەوبـان و دووری لـە دەریـا و ڕێگـە بازرگانییەکانـەوە زۆرکـەم لـە شـارەکانی ژمـارەی دانیشـتوانی گەیشـتۆتە ١٠هـەزار کـەس لەوانـە ئامـەد، وان، تبلیـس، هەولێـر، کرکـوک، ورمـێ، سـنەو کرماشـان. . «٧٧ ل٢٠».

شـارەکانی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، لـەو سـەردەمانەدا لـە شـارەکانی سـەرەدەمی فیوداڵیزمـی ئەوروپـا مەزنتـر بـوون. بەشـێوەیەکی گشـتی گەورەیـی شـار واتـای گەشـەکردنی ئابورییـە، بـەڵام ئەوکاتـە لەخۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت گەورەیـی شـارەکان بـۆ نیشـتەجێ بوونـی ژمارەیەکـی گـەورەی دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت بـە خۆیـان و پیاوکانیـان و خێـزان و کۆیلەکانیانـەوە گەڕاوتـەوە و لـە هەمانکاتـدا نیشـتەجێبوونی توێـژە فیوداڵـە خێڵەکیەکانـی لادێ و بـاج کۆکـەرەوە و خـاوەن تەسـەروف بـە زەویـوزاری لادێ و سـەرەک خێڵـەکان لـە شـارەکاندا. هەروەهـا نیشـتەجێ بوونـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژمارەیـەک زۆری جوتیـاری دەوروپشـتی شـارەکان تیایانـدا بەهـۆی ناسـەقامگیری و نائارامـی لادێـکان و زوڵـم و زۆری بـاج کۆکـەرەوکان و دەسـەڵاتداران لەسـەریان. لەکاتـی بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی و پەتـادا، چونکـە زیاتـر شـارەکانی گرتۆتـەوە ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکـی شـارەکان ڕوویـان کردۆتـە لادێ، هەروەهـا لەکاتـی کۆنترۆڵـی لادێـکان لەلایـەن دەسـەڵاتی ناوەندییـەوە و پەیدابوونـی ئارامـی تیایانـدا هەمیسـانەوە بەشـێک لـە دانیشـتوانی شـارەکان ڕوویـان کردۆتـەوە لادێ و بەوهۆیەوە شـارەکان بچووکتـر بوونەتـەوە «٣٠ ل٤٥».

چەنـد فاکتەرێـک کاری کردۆتـە سـەر ژمـارەی دانیشـتوان بەتایبەتـی لـە شـارەکاندا، لەوانـە نەخۆشـی و پەتـا، هـەژاری و برسـێتی، وشـکانی و لافـاو هەروەهـا شـەڕو کوشـتن. ڕێـژەی مردنـی دانیشـتوان لـە هەنـدێ کاتـدا زیادیکـردووە. بـۆ نموونـە لـە سـەدەی هـەژدەدا بەهـۆی پەتـا بڵاوبوونـەوەوە لـە شـاری ئەزمیـر٣\١ دانیشـتوانەکەی مـردوون. هـەر لـە هەمـان سـەدەدا هـەر لـە شـەش کەسـی میسـری یـەک کەسـیان، تـاک چـاو بـوون و یـەک لـە دە کـەس کوێـر بـوون «٣٠ ل٤٧». سـاڵەکانی ١٧٤٠ لەژێـر دەسـەڵاتی ئەفشـارەکانی ئێرانـدا بەهـۆی زوڵـم و زۆر و باجـی قـورس و کۆمەڵکـوژی مسـکێن و پیشـەیی و کاسـبکارانەوە لـە شـارەکانی ئەسـفەهان و شـیراز و قەزویـن و تەورێـز و دەوروپشـتیان ٣\٢ دانیشـتوانی لەناوچـوون «١٥ل١٦».

ئـەم ئامـارە سـادانە چۆنیەتـی ئارامـی ژیـان و گوزەرانـی و ئاسـتی ئابـوری و خـواردن و خواردنـەوە و هەروەهـا ئاسـتی خراپـی خزمەتگـوزاری ئـەو دەوڵەتانەمـان بـۆ خەڵکـی ئـەو شـوێنانە پیشـان دەدات.

**- بەرهەم و بەرهەمهێنان لە لادێکاندا ١٥٠٠-١٨٠٠**

بـۆ تێگەیشـتنی بنەمـا ئابوریەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ڕۆڵ و سروشـتی پێکهاتـە و چینوتوێژەکانـی و پەیوەندییـان لەگـەڵ یەکـدا پێـش هەمـوو شـتێک لـە چەنـد ڕوویەکـەوە هەوڵـی باسـی جـۆری ئـەو بەرهەمـە کشـتوکاڵیانە دەکەیـن، کـە توانـراوە لـە ناوچەکانـدا بەرهـەم بهێنرێـت، قەبـارەی ئـەو بەرهەمانـە، ئامانجـی بەرهەمهێنـان، ئـەو بازاڕانـەی کـە بەرهەمـی زیـاد لـە پێویسـتی خـۆ تیایانـدا سـاغ کراوەتـەوە، چۆنیەتـی بەرهەمهێنـان، بەرهەمهێنـەرەکان کـێ بـوون و چـۆن و لەکـوێ ژیـاون، هەروەهـا لەچـی زەمینـە و مەرجیەکـدا ئـەو پرۆسـەیە بەڕێوەچـووە.

بـۆ زانینـی جـۆری بەرهـەم و قەبارەیـان و شـوێنی بەرهەمهێنانیـان لەبـەر نەبوونـی زانیـاری و ئامـاری پێویسـت، مێـژوو نووسـەکان لەڕێگـەی بەکارهێنانـی مێتـودی زانسـتیانەوە، نموونـەی کەشـوهەوا و تۆپۆگرافـی ناوچـەکان و بـوون و نەبوونـی سـەرچاوەی ئاویـان کردۆتـە بنەمایـەک بـۆ گەیشـتن بـەو زانیارییانـە.

هەڵبەتـە مرۆڤـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەهـۆی ناسـەقامگیری و نائارامـی و زوڵـم و زۆر و هەڕەشـەی بـەردەوام لەسـەر ژیـان و مـاڵ و منداڵیـان، زۆرجـار نەیـان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توانیوە هەرە شوێنە باش و بەپیت و سەرچاوەی ئاوی زۆر بۆ نیشتەجێ بوون و بەرهەمهێنان هەڵبژێرن. بەڵکو بە پێچەوانەوە ناچارکراون شوێنی نالەبار و سەخت و کەم ئاو و بچووک هەڵبژێرن، کە کارکردن و بەرهەمهێنان لێیان سەختتر بووە و قەبارە و جۆری بەرهەم تیایاندا کەمتر بووە.

لە زۆربەی شوێنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کەم و زۆر توانای بەرهەمهێنان و ئاژەڵ بەخێوکردن هەبووە. بەڵام رووبەری گەورەی زەوی کشتوکاڵی و سەرچاوەی ئاو وەکو روبارەکانی نیل و دیجلە و فورات و یان باران بارینی زۆر و هەروەها نزیکی لە ڕێگە و شارە بازرگانیەکانەوە فاکتەری گرنگ بوون بۆ زیادبوونی قەبارە و جۆرەکانی بەرهەمهێنان. قەبارەی گەورەی بەرهەم لە پێناوی ئاڵوگۆڕپێکردن و ساغکردنەوەدا لە بازاڕەکاندا مەرجی گرنگن بۆ گەشەکردنی ئابوری و بونیادنانی شارستانیەتی پێشکەوتوو، هەروەها پێکەوە بەستنەوەی ناوچەکان.

کەشوهەوا کاریگەریی زۆری کردۆتە سەر قەبارەی بەرهەمهێنان. بۆ نمونە ساڵی کەم باران لە هەندێ ناوچەدا رێژەی بەرهەمهێنانی زیاتر لە ٢٥٪ هێناوەتە خوارەوە. لە شوێنە سەختەکانی کوردستان ساڵانی زستانی سارد و بەفر بارینی زۆر بۆتە هۆی ئەوەی رێژەیەکی زۆری مەڕوماڵاتیان رەقبێتەوە «٣٠ل٢٥».

هەروەها لەساڵانی کەم باران و وشکدا لەبەر کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی، خەڵکەکە بۆ ئەوەی نەمرن لەبرسا ناچار بوون بەشێکی زۆر ئاژەڵەکانیان سەربڕن، کە ئەوەش بۆ چەندین ساڵ کاری کردۆتە سەر ئابوری داهاتوویان. کەمبوونەوەی ژمارەی ئاژەڵ بۆتە هۆی نەبوونی کەرسەی خاو بۆ بەرهەمی پیشەیی و بەرزبوونەوەی نرخ و کەمبوونەوەی توانای خەڵک بۆ شت کڕین و دواتر کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و برسێتی و دابەزینی ژمارەی دانیشتوان.

لە ناوچەکانی ناوەوە و باشوری شامی گەورە (سوریا، لبنان، ئوردن و فەلەستین) و باشوری عێراق و ناوەندی ئێران بارانبارین لە ١٠ئینج کەمتر بووە. کەمی باران وایکردووە کەم ساڵ بتوانن پشت بە باران بەستن بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە، کە خواردنی سەرەکی خەڵک بووە، بەڵکولە هەندێ شوێندا پشتیان بە ئاوی روبارەکان و دروستکردنی بەنداو و گۆماو لە کەناریاندا بەستووە.

لە ناوچەکانی ناوەوەی ئەنادۆڵ و باکوری ئێران و شوێنە فێنکەکانی کوردستان باران بارین لە نێوان ١٠-٢٠ ئینج بووە. لەم شوێنانەدا توانیویانە بۆ بەرهەمهێنانی زستانە زۆربەی ساڵ پشت بە باران ببەستن، بەڵام لەبەر باران نەبارین لە هاویناندا زەحمەت بووە لە ساڵێکدا لە وەرزێک بەولاوە بە بەرهەمهێنانی فراوان هەستن. لە کەناری دەریاکانی سپی ناوەڕاست بارانبارین لە نێوان ٢٠-٤٠ ئینج بوو، بۆیە لەو ناوچانە دەکرا چوار ورزە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بکەن.

گواستنەوەی بەرهەم لە ناوچەکانی کەنار دەریا و روبار و دەشتاییەکان و نزیک شارە گەورەکان ئاسانتر بووە، بەڵام لە شوێنە شاخاوییە سەختەکانی نمونەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان زەحمەتتر و نائارامتر بووە. لەو شوێنەدا لەو ساڵانەی، کە توانیویانە بەهۆی کەشوهەوای باشەوە دانەوێڵەی زیاد لە پێویستی خۆیان بەرهەمهێنن بەهۆی خراپی و سەختی ڕێگاوبان و نەبوونی ئامرازی گونجاوی گواستنەوە نمونەی عەرەبانە لە ٢٠-٣٠ کیلۆمەتر بەولاوە و بە میقدارێکی کەم نەبوبێت بە باری وڵاخ نەیانتوانیوە ئەو بەرهەمانە بگەیەنە بازاڕەکان «٣٠ ل٣٧».

لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا کەنار روبارەکان و دەوروبەری روباری نیل بەهۆی ئاوی زۆر و زەویوزاری کشتوکاڵی زۆر و بەرفراوان و تەختی ڕێگاوبانەوە، قەبارەی گواستنەوەی بەرهەم زیاتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوند و شوێنەوارەکانی ئەو ناوچانە زۆرجار سەرەڕای کۆنترۆڵی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بەسەریانەوە ڕووبەڕووی هەڕەشە و تالانیی چەتە و خێڵە تالانچییەکان دەبوونەوە.

بەهۆی ئەو فاکتەرانەوە لەو شوێنانەی ئاوی زۆر بووە وەکو دەوروبەری ڕوبارەکانی دیجلە و فورات و نیل، یان بارانی زیاتر لێ باریوە و ڕێگەوبان باشتر بووە و نزیک بووە لە شارە گەورەکان و بەندەرەکانەوە، بەرهەمەکان قەبارەیان زیاتر و هەمە چەشن بووە. سەرەڕای بەرهەمی زستانە وەکو دانەوێڵە بەرهەمی هاوینەی وەکو توتن و برنج و لۆکەو و میوە و سەوزە چاندراون و لە بازاڕدا ساغکراونەتەوە. ئەو بەرهەمە هاوینانە لە شوێنە سەختە شاخاوییەکان و شوێنە کەم ئاو و بارانەکان ئەگەر کرابێت زۆر کەم بووە و بۆ پێویستی خۆیان بووە، بەتایبەتی بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی توێژ و چینە دەسەڵاتدارەکان بووە و زۆربەی دانیشتوان لەبەر هەژاری و بێدەسەڵاتی توانای بەرهەمهێنان و پەیداکردنی ئەوانەیان نەبووە.

لە زۆربەی شوێنەکاندا، ئاژەڵ بەخێوکراون و زۆربەی بۆ دابینکردنی پێویستی خۆیان بووە. گرنگترین ئەو ئاژەڵانەی کە ڕاگیراون بریتی بوون لە مەڕ و بزن و حوشتر و ئەسپ و ئێستر و گوێدرێژ و پەلەوەر. لەو شوێنانەی سەوزایی و ئاوی زۆر بووە، هەروەها لەو شوێنانەی لەوەرگای زۆر بووە وەکو کوردستان و ناوەڕاستی ئەنادۆل، رەوەند و نیمچە رەوەند بە پلەی یەک لەسەر ئاژەڵ بەخێوکردن ژیاون و بەرهەمی خوری و موی بزن و حوشتر و پێستە و رۆن و ئاژەڵیان گۆڕیوەتەوە بە دانەوێڵە بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان و پێویستی تری ناو شارەکان.

ئەوانەی بە ئەرکی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵیان لەسەربووە، ئەندامانی خێزانی مسکێن و جوتیارە بچووکەکان و شوان و گاوان و رەوەند و نیمچە رەوەندەکان بوون. خێزانی ئەوانە یەکەی بەرهەمهێنان و سەرچاوەی هەموو بەرهەم و سامان و باج و هەموو پێویستیەکانی دەوڵەت و چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان و دەسەڵاتی ئایینی و دابینکردنی پێویستی شارەکان و هەناردەکردنی ئەو بەرهەمانە بوون بۆ ناوچەکانی تر و وڵاتانی تر «١٥ ل٣٥».

گرنگترین ئەو ئامرازانەی بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەکارهاتوون بە شێوەیەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەکی بریتی بوون لە گاسن و وڵاخ بۆ کێڵان و تەختکردنی زەوی و ڕاکێشانی جۆگەلە و داس بۆ دروونەوەی دەغڵ. ئەو گاسنانەی بەکارهاتوون بریتی بوون لە دوو پارچە تەختەی نوکداری پێکەوە بەستراو. هەندێکیان ئەوەندە سووک بوون بە ئاستەم ڕووبەری زەوییان هەڵکەندووە یان هێندە قورس بووە بە زەحمەت ڕاکێشراوە و بەکارهاتووە. ئەو وڵاخەی بەکارهاتووە لەبەر لاوازی و ئەرکی قورس بەسەریەوە بە نارەحەت گاسنەکەی ڕاکێشاوە. لە ناوچە سەخت و شاخاوەکانی کوردستاندا لەبەر سەختی ناوچەکە و بەرز و نزمی و لێژی زەوی و زۆری بەرد تیایدا هێندەی تر ئەو ئەرکە قورستر بووە لەسەر جوتیار. ئەو داسەی بەکارهاتووە لەبەر کولی و زۆر بەکارهێنانی و خراپی چۆنایەتی کاری جوتیارەکانی زەحمەتتر کردووە. زۆر لە جوتیارەکان لەبەرهەژاری، خاوەنی گاسن یان وڵاخ نەبوون و ناچاربوون لە دەسەڵاتدارانی وەرگرن بەرامبەر بەشێک لە بەرهەمەکانیان. لەبەرهەژاری جوتیارەکان توانای کرینی ئامرازی بەرهەمهێنانیان لە شارەکان کەم بووە، بەڵکو زۆربەی ئامرازی بەرهەمهێنان هەر لە لادیەکاندا بەدەستی هەندێ خەڵکی ناشارەزا دروستکراون و لەبەر خراپیان بەکارهێنانیان بۆتە ئەرکێکی قورس بۆ ئەو جوتیارانە. خراپی و بێکەڵکی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان فاکتەرێکی گرنگ بووە لە گەشەنەکردنی بەرهەمهێناندا «١٥ ل٣٥».

پرۆسەی بەرهەمهێنان بەپێی پلاندانان و مێتودی زانستی نەبووە، بەڵکو لە هەڵبژاردنی پارچە زەوی بۆ چاندن و کێڵان و کاتی چاندن و دروێنەوە و چۆنیەتی ئاودان و خەزنکردن و گواستنەوە و گۆڕینەوە و ساغکردنەوەدا، هەمیشە بەپێی عورف و نەریتی کۆن کراوە و باوباپیریان چۆنیان کردبێت و ڕیشسپییەکان چیان بڕیاردابێت وایانکردووە. نوێکردنەوە و خوڵقاندن و بیرکردنەوە لەو کارانەدا لە بیری خەڵکدا نەبووە و کەس جورئەتی نەبووە گۆڕانکاریان تێدا بکات.

بەپیتکردنی زەویوزار بەهۆی پەین و سەمادەوە، یان لە ڕێگای چاندنی ڕووەکی جیاوازەوە لە زەویەکاندا زۆرکەم، یان هەر بەکارنەهاتووە. بۆ هێشتنەوەی پیتی زەوی ساڵە و نا ساڵ پشوویان داوە بە زەویەکان و هیچیان تیادا نەچاندووە. ئەمە وایکردووە، کە خەڵکی تەنها بتوانن سوود لە نیوەی زەویوزارە کشتوکاڵیەکان وەرگرن و هەتا هاتووە ئەو زەویانە لاوازتر بوون و بەرهەمی کەمتریان داوە «٣٠ ل٤٠».

بەرهەمهێنان لەو سەردەمانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی سەرەکی دوو ئامانجی هەبووە.

یەکەمینیان، بەشی هەرە زۆری بۆ دابینکردنی پێویستی خۆدی بووە( اکتفای زاتی)، کە ئەویش لەپێش هەموو شتێکدا بۆ دابینکردنی پێویستی خواردنی ساڵانەی خێزانەکە بووە و ئەگەر لێیان زیاد بوبێت بەشێکی کەمی بۆ گۆڕدانەوە بەو پێویستیە بنچینیانەی کە خۆیان نەیان توانیوە بەرهەمی بهێنن یان لە سروشت کۆیکەنەوە بەکارهاتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووەمیان بۆ دابینکردنی باج و جزییە و سەرانە و بەرتیل و دیاری بووە بۆ کاربەدەستان و باج کۆکەرەوەکان و سەرەک خێڵ و پیاوانی ئایینی. لەبەرئەوە لە زۆربەی شوێنەکان بەرهەمهێنان لە پێناوی ساغکردنەوەی بەرهەم نەبووە لە بازاڕەکاندا بەمەبەستی فرۆشتن و قازانجکردن، ئەوەی کرابێت بۆ ئاڵوگۆڕ پێکردن بووە. کڕین و فرۆشتن و باجدان هەتا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە عەینی بووە (لە ڕێگەی گۆڕینەوەی کەلوپەل یان دانی باج بە بەرهەم نەکو پارە) و دراو لە لادێکاندا زۆرکەم بەکارهاتووە. ئەو باج و باجکاریانەی دراوە، بەشێکی بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی چین و توێژ و دەسەڵاتداران و سوپا و پیاوانی ئایینی بووە و ئەوەی زیادبووە لە شارە گەورەکان و کەنار ئاو و دەریاکاندا لە بازرگانیدا بەکارهاتوون.

## - موڵکداری بێ موڵک و چینی تەمەن کورت

سیستمی بەڕێوەبردنی ئابوری فیوداڵی خێڵەکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە لادێکاندا ئیتر دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێران یان مەمالیکەکانی میسر و میرنشینەکانی کوردستان بوبێت لە ناوەرۆکدا هاوسروشت بوون و رۆڵ و ئەرکیان دوو ئامانجی هەبووە.

یەکەمیان کۆنترۆڵکردنی زەویوزار و بەرهەم و بەرهەمهێنان و لە هەمانکاتدا بەکارهێنانی ئەوانە بووە بۆ کۆنترۆڵکردن و زامنکردنی وەلای کۆمەڵگە بە هەموو چینوتوێژەکانیەوە. دووەمیان دابینکردنی پێویستیە ئابوریەکانی دەستەبژێری ئۆروستۆکراتی فیوداڵی خێڵەکی دەسەڵاتدار و دەوڵەتەکەیان بووە لە ڕێگای داهاتی باجەکانەوە.

ئەم سیستمە بناغەی بۆ دروستبوونی پێکهاتە و چین و توێژی جیاواز لە کۆمەڵگەدا و چۆنیەتی پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا داناوە و جۆری پەیوەندیان لەگەڵ زەویوزار و کاردانەوەی ئەوانە لە بازاڕەکاندا.

بەپێی عورفی خێڵەکی کەس موڵکی تایبەتی نەبووە و زەویوزار موڵکی خێڵ بووە و سەرەک خێڵ و دەست و پێوەندی مافی تەسەروف کردنیان پێوەی هەبووە. بەپێی عورفی فیوداڵی خێڵەکی و شەریعەتی ئیسلامی، زەویوزاری ژێر دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتە موڵکی تایبەتی کەس نەبووە بەڵکو موڵکی دەوڵەت بووە و شا\سوڵتان یان میر مافی بڕیاردانی چۆنیەتی بەکارهێنانیان و تەسەروفکردن پێیانەوە دەخاتە ئەستۆی چەند توێژ و پێکهاتەیەک بەپێی ئاستی وەلایان بۆ شا\ سوڵتان و ئەو دەوڵەتە. هەتا ئەو توێژانە نزیک تر بوونایە لە ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدار و وەلایان زیاتر بوایە و پاڵپشتیان بکردایە لە بڕیاردان و شەڕو شۆڕەکاندا، ئەوانەیان زیاتر بەرکەوتووە و پێگەی کۆمەڵایەتیان بەرزتر بووە.

ئەگەرچی زەویوزارێکی زۆر لە ژێر تەسەروفی چەندین توێژی کۆمەڵایەتیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو و وەکو موڵکی خۆیان سەیریان دەکرد، بەڵام بەهۆی گۆڕانی بەردەوام لەو مافەدا هەمیشە ئاڵوگۆڕی بەردەوام لەو موڵکایەتیدا ڕوویداوە. ئەو ئاڵوگۆڕکردنە لە لایەکەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەت دەگەڕایەوە، کە نەیویستووە چین و توێژی موڵکداری بەهێز لە کۆمەڵگەدا دروست بێت و ببنە هەڕەشە لە سەریان و لەلایەکی ترەوە گەڕاوەتەوە بۆ ناسەقامگیری بەردەوامی کۆمەڵگەکان. ناوچەکانی دەوڵەت بەهۆی ململانێوە و شەڕوشۆڕ وگۆڕانکاری لە بەڵانسی نێوان دەسەڵاتدار و پێکهاتە و زیاد و کەمبوونی وەلایان بۆ دەوڵەت وایکردووە، کە پێگەی ئەوانە لە کۆمەڵگەدا گۆڕانکاری بەسەربێت و بەپێی ئەوەش موڵکایەتی زەویوزار گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. هەروەها بە گۆڕانی شا\سولتان یان گۆڕانکاری لە خێڵ و بنەماڵەی دەسەڵاتدار و دروستبوونی دەوڵەتی نوێ یاخود گۆڕانکاری لە کاربەدەستانی دەوڵەت و سوپا لە ناوچەیەکدا کاردانەوەی هەبووە لەسەر موڵکایەتی زۆربەی ئەوانەی مافی تەسەروف کردنیان هەبووە بە زەویوزاری ناوچەکەوە. بەو گۆڕانکارییانە زەویوزار لە بنەماڵە یان گروپێک یان خێڵێک سەندراوە و دراوە بە خەڵکی تر. ئەو موڵکایەتیە شێوەی پاداشت دانەوە یان دیاری بەخۆوە بینیوە بۆ بنەماڵەیەک یان پیاوێکی نزیک لە دەسەڵاتدارەوە یان پیاوێکی ئایینی یان سەرەک خێڵێک یاخود بەکاربەدەستانی سوپا و دەوڵەت دراوە لەباتی دانی مووچە پێیان «**١٥ ل١٠\١٠٦ ل١٧٩**».

بەپێی ئەمانە موڵکایەتی زەویوزار سەنەدێک نەبووە لە نێوان ئوروستوکرتی دەسەڵاتدار و ئەو کەسانەدا و بەهیچ شێوەیەک مسۆگەر نەبووە و هیچ بنەمایەکی یاسایی و موڵکایەتی نەبووە. ئەوەی ڕۆژێک موڵکدار و پایەبەرز بووە لە ناوچەیەکدا ڕۆژی دواتر ڕەنگە هەرچیەکی هەبووبێت لە دەستی چوو بێت و لە کۆمەڵگەکەدا خۆی و بنەماڵەکەی بێ موڵک و داهات ڕسوا و شاربەدەر کرابن. ڕاستە هەمیشە چین و توێژی دەسەڵاتدار و خاوەن موڵک و سامان هەبووە و پایەی بەرزیان هەبووە لە کۆمەڵگەدا، بەڵام لەهەمانکاتدا هەر یەک لەوانە تەمەن کورت بوون و چاک زانیویانە ئەوەی هەیانە هەتا سەر نابێت. ئەمە وای لەو توێژانە کردووە، کە دڵیان نەسوتێت بەو موڵکانە و بەرهەمهێنان و گەشەکردنی بەرهەمهێنان و ڕێگاوبان و ماڵی جوان و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە، چونکە بە موڵکی خۆیان نەزانیوە و هەتا بۆیان کرابێت لە ڕێگای گەندەڵی و دزی و بەرتیل و ئازاردانی خەڵک و چەوساندنەوەیانەوە بە کورترین ماوە سامانی خۆیان زیادکردووە و لەباتی بەکارهێنانی لە وەبەرهێناندا لە ترسی ئەوەی لێیان نەسەنرێ شاردویانەتەوە «**١٠٦ ل١١١،١٠٣**».

لەسەر ئەم پرنسیپە دەسەڵاتدارانی فیوداڵی خێڵەکی بەسەر چەند توێژێکی سەرەکییەوە دابەشبوون. بەشێکیان ئەو توێژانە بوون، کە بەشێک لە زەویوزاریان بە ناوەوە بووە و تەسەروفیان پێوە کردووە و دووەمیان ئەو توێژانە بوون، کە ئەرکی باج کۆکردنەوە و سەرپەرشتی زەویوزاری میرییان کردووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شا\سولتان دەوڵەمەترین و بەدەسەڵاترین تاکی کۆمەڵگە بووە. بێجگەلە داهاتی زۆری باجەکان و تالانکاری دەرەوە، مافی تەەسەروفکردنی بەسەر ڕێژەی ١٠-١٥٪ باشترین و دەوڵەمەترین زەویوزاری کشتوکاڵیدا هەبووە. ئەو زەویانە کەوتونە ناوچەی جیاوازی دەوڵەتەکانەوە و مسکێن و کرێکاری کشتوکاڵی و کۆیلە کاریان تێداکردووە و خەڵکانی نزیکی خۆیان سەرپەرشتیان کردووە. ئەم شوێنانە بێجگەلە لەوەی سەرچاوەی داهاتی ئابوری زۆر بووە بۆ مەسرەفەکانی کۆشک جێگای سەیران و ڕاو و حەسانەوەشیان بووە و هەموو کەسێ بە ئاسانی بۆی نەبووە توخنی ئەو شوێنانە بکەوێت. بوونی ئەمانە و کەمکردن و زیادکردنیان بەندبووە بە توانا و دەسەڵاتی سوڵتان\شاوە وماندنەوەی لە دەسەڵاتدا. بە گۆڕانی ئەوان ئەو موڵکانە لە بنەماڵەکانیان سەندراوەتەوە و دراوەتە دەست ئەوانەی دوای خۆی یان دابەشکراوە بەسە بنەماڵەی تردا.

بەشێکی گرنگ لە ئۆروستۆکراتی بنماڵەکانی خێڵی دەسەڵاتدار، شازادە و خزمە نزیکەکانیان بووە کە ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا هەبووە و هەمیشە ململانێیان لە نێوانیاندا هەبوو بۆ پچڕینی دەسەڵات و سامان و موڵکی زیاتر.

زۆرجار بە مەبەستی دوورخستنەوەیان لە دەسەڵاتی ناوەندی ئەرکی سیاسی و ئیداری و سەربازی ناوچەکانیان پێ دراوە و لەبەرامبەردا زەویوزاری بەنرخی کشتوکاڵیان پێ بەخشراوە یاخود خۆیان لەڕێگای هەڕەشە و گەندەڵیەوە دەستیان بەسەر زەویوزاری خەڵکی تردا گرتووە.

دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، کە ئەرکیان بەڕێوەبردنی ئەرکە ئیداری و ئابوری و سیاسی و سەربازیەکان بوو لە وەزیر و پیاوانی کۆشک و سەرەک لەشکر و والی و خەڵکانی تری ئۆرستوکراتی دەسەڵاتدار لە جیاتی موچە موڵکایەتی زەویوزاری کشتوکاڵیان پێ بەخشراوە و لەسەر داهاتەکانیان ژیاون.

توێژێکی تر، کە لە ڕێگەی وەقفەوە تەسەروفیان بە زەویوزار و موڵک و هەندێ سامانەوە کردووە خەڵکانی ئایینی و قازی و پیاوچاکان بوون. ئەو زەویوزار و موڵکانە پێشتر میری بوون، یان موڵکی هەندێ خەڵکانی ناوچەکە بوون و لێیان سەنراوە، یان هەندێ موڵکدار خۆیان بەشێک لە موڵکەکانیان داوە بە وەقف لە پێناوی مانەوەی بەشێک لە موڵکەکانیان و ڕازیبوونی پیاوانی دەسەڵاتداری دەوڵەت و ئایینی لێیان. بەوەش پێگەی کۆمەڵایەتیان بەرزبۆتەوە و بڕوایان وابووە لە قیامەتیشدا خودا پاداشتیان دەداتەوە. داهاتی ئەمانە وا دانرابوون، کە بۆ دابینکرنی ژیانی پیاوە ئایینیە گەورەکان و شێخەکان و دروستکردنی مزگەوت و تەکێ و جێگەی حەوانەوە و کارێز هەڵدان و ڕێگاو پرد دروستکردن بەکاربهێنرێن. بەڵام لە پراکتیکدا زۆربەی ئەوانە لە ڕێگەی گەندەڵی و بەرتیل و خزمایەتی و وەلاوە بوونەتە موڵک و سەرچاوەی ئابوری بۆ توێژێک لە پیاوانی ئایینی و شێخ و قازی و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و سوپا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەوییانە هەمیشە لەژێر چاودێری دەوڵەتدا بوون و بەردەوامبوونی ئەوانە لە بەکارهێنانیاندا بەندبووە بە وەلایان بۆ شا\سوڵتان و ئەو کەسانەی بەپێی رۆژگار دەسەڵاتدار بوون. بە گۆڕانکاری لەوانەدا گۆڕانکاریش لە توێژانەدا هاتووە، کە تەسەروفیان بە وەقفەوە کردووە «**٨٥** ل**٢٠٧**».
لە زۆربەی ناوچەکانی دەوڵەتەکاندا توێژێکی بچووک هەبوون، کە هەر لەکۆنەوە پشتاوپشت زەویوزاری خۆیان هەبووە. ئەمانە هەمیشە لەژێر هەڕەشەی توێژە دەسەڵاتدارەکانی فیودالی خێڵەکیدا بوون و موڵکەکانیان کەم و زۆر لێ زەوتکراوە. هەندێکان لە ڕێگەی بەرتیلدان و خزمایەتی و دانی بەشێک لە موڵکەکانیان بە وەقف توانیویانە بەشێک لە موڵکەکانیان بپارێزن. بە لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت، هەندێکیان دەرفەتیان هێناوە و گەڕاونەتەوە سەر زەویوزارەکانیان «**٣٠** ل**٣٣**\ **١٥** ل**١٠**».

**- توێژێک لە دەسەڵاتدارانی خێڵەکانی دەرەوەی خێڵە دەسەڵاتدارەکان**

ڕوانگەی سیستمی فیودالی خێلایەتی بۆ میللەتان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە خێڵەکیانە بووە. لای ئەوان بێجگەلە خێڵ و بنەماڵەی دەسەڵاتدار خەڵکەکانی تر هەموو ڕەعیەت بوون و دەبێ ملکەچی خێڵی دەسەڵاتداربن.
لەسەر بنەمای ئەم ڕاستیە کۆمەڵگەی فیودالی خێڵەکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوازی کۆمەڵگەی فیودالی ئەوروپا تەنها بەسەر چین و توێژی کۆمەلایەتی جیاوازدا دابەش نەبوو، بەڵکو لەهەمانکاتدا لە پێکهاتەی جیاواز پێکهاتبوو. زۆربەی خێڵ و میللەت و گروپ و ناخێڵەکییەکانی کۆمەڵگەکە لە دەرەوەی خێڵ و بنەماڵەی دەسەڵاتداربوون، بێجگە لە ئەو خێڵ و گروپانەی، کە لەکاتێکی دیاریکراودا لەوانەوە نزیک بوون، بە ڕەعیەت و هاونیشتیمانی پلە دوو و سێ و خوارتر حسابیان بۆ کراوە. ڕاستە هەموو ئەو پێکهاتانە لە چین و توێژی جیاواز پێکهاتوون، بەڵام بە ڕاونگە و پێوانەی فیودالی خێڵەکی هەر هەموویان خراونەتە خانەیەکی کۆمەلایەتی تایبەتییەوە.
ئەم خاسڵەتە هەتا ئێستا کاردانەوەی گرنگی بەسەر کۆمەڵگە و سیستەمی حوکمڕانی و ڕوانگە و هەڵسوکەوتی پارت و هێزە سیاسیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. دابەشبوونی کۆمەڵگەکان بەسەر پێکهاتەی جیاواز، ئیتر ئەوانە نەتەوایەتی، ئایینی یان مەزهەبی بن، ڕێگرە لە بەهێزبوونی چینوتوێژە نوێیەکانی کۆمەڵگە و بەشداریکردنیان لە بڕیاردانی سیاسی و ئابوریدا.
لەناو ئەو پێکهاتانەدا هەندێ خێڵ و بنەماڵە لە کات و شوێنی تایبەتیدا پێگەی کۆمەلایەتی بەرزتریان پێ بەخشێنراوە و ئەرکی کاربەڕێوەبردنی ناوچەیەکیان پێسپێردراوە و لەهەمانکاتدا مافیان پێدراوە، کە تەسەروف بەو زەویوزارەی کە لەسەری ژیاون بکەن. هۆکاری ئەوە بۆ لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەڕاوەتەوە لە هەندێ ناوچەدا. لەوانە ململانێی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بووە لەگەڵ دراوسێکانیاندا، یاخود نمونەی میرنشین وهەندێ خێڵەکانی کوردستان بووە، کە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لە پێناوی بەرهەڵستیکردنی یەکتریدا ئەو دەرفەتەیان پێداون. لە بەرانبەردا ئەوانە بەشداری و پشتگیری دەوڵەتیان کردووە لە شەڕەکانیدا و پارێزگاری سنوورەکانیان کردووە و ئەگەر باجیشیان نەدابێت ساڵانە بەناوی دیارییەوە سامانێکی زۆری مەڕوماڵات و بەرهەمی تری کشتوکاڵییان پێشکەش بە ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدار کردووە «**٨٥ ل٢٢١**».

لە شوێنی تردا، وەکو میسر بەهۆی لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانییەوە ڕازیبوون بەوەی مەمالیک حوکمی ئەو وڵاتە بگرێتە دەست، لە بەرانبەردا باجی ساڵانەیان داوە بە عوسمانییەکان و هاریکاری سەربازی و سیاسیان کردوون. لەو وڵاتە بەهۆی خاسڵەتی مێژووی کۆنەوە دەسەڵاتی ناوەندی و سەربازی هەر بەهێز بووە و زیاتر سەرکردە مەمالیکەکانی سوپا کۆنترۆڵی زەوی کشتوکاڵی و بەرهەمهێنان و باج کۆککردنەوەیان کردووە. مەسەلەی سەرپەرشتیکردنی زەوی و باج کۆکردنەوە لە عێراق بەهۆی ململانێی عوسمانییەکان و ئێران لەو ناوچانەدا، دەوڵەتی عوسمانی نیمچە سەربەخۆیەکی دابوو بەوالیەکانی ئەو ناوچانەوە و سەرکردەکانی سوپادا، کە لە شارەکان و دەوروپشتیاندا، کە دەسەڵاتیان هەبوو لەڕێگەی هەندێ بنەماڵە و ئەعیانی ناوچەکانەوە خۆیان باجەکانیان کۆبکەنەوە. لەو شوێنانەی کەدەسەڵاتیان بەسەریدا نەبوو زیاتر مافی تەسەروفکردنی زەویوزاریان داوە بە هەندێ لە خێڵەکان لە بەرانبەردا ئەرکی باج کۆکردنەوە و سەرکوتکردنی خێڵەکانی تر و پاراستی ئارامی ڕێگاوبانیان پێسپاردوون «**٣٠ ل١٢**».

ئەمە سیستمی فیوداڵی خێڵەکی و ململانێی خێڵەکی لەو ناوچانەدا بەهێزتر دەکرد و لەهەمانکاتدا لەبەرئەوەی شێخی ئەو خێڵانە سەرەڕای بەشی خۆیان باجی دەوڵەتیشیان لە مسکێنەکان سەندووە هێندەی تر ژیانی ئەوانەی دوایی سەختکردووە و کاری خراپی هەبووە لەسەر بەرهەم و بەرهەمهێنان. ئەمە لەناوچەکانی ناوەوەی شامی گەورەش پەیرەوکراوە.

لەبەرئەمە جێگای سەرسووڕمان نییە، کە نەریتی خێڵەکی و شەڕ و ململانێ لەو ناوچانەدا بەدرێژایی مێژوو و هەتا ئێستا کاردانەوەی لەسەر ئەو گۆمەڵگەیانە بەهێزە. دەوڵەتەکانی ئێران بەناوی پێدانی بەشێک لەتاڵانی و تەسەروفکردن بە زەویوزار و کاربەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە، ژمارەیەک زۆر خێڵیان لە ناوچەیەکەوە گواستۆتەوە بۆ ناوچەیەکی تر. نمونەی ئەوانە ئەو خێڵە کوردانە بوون، کە ڕەوانەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران و ئەفغانستان کراون. لەو ڕێگەیەوە بە گواستەوەی ئەوانە لەو شوێنانەی کە پێشتر تیایدا ژیاون هەڕەشەو ترسیان لەسەر دەوڵەتی ئێران نەهێشتووە و موڵک و زەویزارەکانیان داون بەو خێڵانەی کە لەخۆیانەوە نزیکبوون، لەهەمانکاتدا ئەو خێڵانەیان لەناوچە نوێیەکاندا لە شەڕوشۆڕدا بەکارهێناوە بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەرینی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیــان نێــردراون «۹٦ل۱۹».
هەڵبەتــە ئــەم ڕێکەوتنانــە هەمیشــەیی نەبــوون و گۆڕانــکاری لــەو دۆســتایەتیانەدا کــراوە. بــە بەهێزبوونــی ئــەو پێکهاتانــە یــان بــە کەمبوونــی وەلایانــەوە یــان بــە گۆڕینــی شا\سـوڵتان یـان بنەماڵـەی دەسـەڵات یـان گۆڕینـی دەوڵـەت، گۆڕانـکاری بەسـەر ڕۆڵ و پێگـەی ئـەو توێژانـەدا هاتـووە.
ئەوانــەی لابــراون بوونەتــەوە ڕەعیــەت و تازەیــان لــە جێگــە دانــاون. ململانێــی ناوخـۆی ئـەو خێـڵ و پێکهاتـەو بنەماڵانـە فاکتـەری سـەرەکی بـووە، کـە لـە ڕێگایانەوە ئوروسـیتۆکراتی دەسـەڵاتدارانی ئـەو دەوڵەتانـە توانیویانـە دەسـت لـە کاروباریانـدا وەردەن و جێـگا گۆڕیـان پێبکـەن و بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بەکاریـان بهێنـن.
سروشــتی خێڵەکــی ئــەو پێکهاتانــە و ململانێــی ناوخۆیــان لەلایەکــەوە فاکتەرێکــی بنچینەیــی گرنــگ بــوو بــۆ بەردەوامبوونــی سیســتمی فیوداڵــی خێڵەکــی بەگشــتی و لــە لایەکــی تــرەوە ئەوانــەی وا لێکــردووە، کــە نــە لــە توانایانــدا بێــت گۆڕانــکاری و چاکســازی لــەو سیســتمەدا بکــەن و نــە لــە بەرژەوەندیانــدا بــووە.

## - باج کۆکەرەوەکان توێژێکی گرنگی فیوداڵی خێڵەکی

سـەرەڕای ئـەوەی چەنـد توێژێکـی سـەرەوەی فیوداڵـی خێلایەتـی بـە پلـەی جیـاواز موڵکایەتـی و مافـی تەسـەروفکردن بـە بەشـێک لـە زەویـوزاری لادێکانیـان پـێ بەخشـرابوو، هەروەهـا هەنـدێ ناوچـە بـە وەکالـەت درابـووە دەسـت پێکهاتـەکان، بـەڵام ئەوانـە تەنهـا بەشـێک بـوون لـە زەویـوزاری کشـاتوکاڵی و بەشـێوەیەکی گشـتی یـان بـاج و ڕسـوماتیان نـەداوە بـە دەوڵـەت، یـان ئەگـەر دابیشـیان هەمیشـەیی نەبووە و قەبـارە و ڕێـژەی دیاریکـراو بـووە بـە هاوسـەنگی هێـز لـە نێوان دەسـەڵاتی ناوەنـدی و ئـەو توێژانـەوە یاخـود شـێوەی دیـاری بەخـۆوە بینیـوە. بەشـی هـەرە زۆری زەویـوزار میـری (موڵکـی دەوڵەتـی فیوداڵـی خێڵەکـی بـوون) و مسـکێن کاریـان تێداکـردووە و بـە ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ دەوڵـەت سەرپەرشـتی کـردوون و هەتـا بۆیکرابـێ ویسـتویەتی سـنووری ئـەو ناوچانـە گـەورە بـکات. بەرهـەم و داهاتـی ئەمانـە سـەرچاوەی سـەرەکی بـاج و پێداویسـتیەکانی ئوروسـتوکرتی دەسـەڵاتدار و دەوڵـەت و سـوپا بـووە.
لەگـەڵ ئـەوەی بـاج کۆکـەرەوەکان لەلایـەن دەوڵەتـەوە ئەرکـی سەرپەرشـتیکردنی زەویـوزاری میـری و بـاج کۆکردنەوەیـان پـێ دەسـتپێردا، بـەڵام لـە پراکتیکدا ئەمانـە بوونەتـە توێژێکـی گرنگـی دەسـەڵاتداری فیوداڵـی خێڵەکـی و بەشـێک لـە دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـوری و لەهەمانکاتـدا بـە کـردەوە بوونەتـە موڵکـداری زەویـوزار و ڕێژەیەکـی زۆر لـە داهـات و سـامان.
باج کۆکـەرەکان لـە ڕەعیـەت و خەڵکـی سـادە نەبـوون، بەڵکو لـە چینی سـەربازبوون و( چینـی سـەرباز بـە هەمـوو ئـەو توێژانـە وتـراوە، کە لە شا\سـوڵتان و دەسـتەبژێری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆروستۆکراتی خێڵی دەسەڵاتدارەوە نزیک بوون و کاربەڕێوەبەری دەوڵەت بوون و بڕیارەکانی ئەوانیان جێبەجێ کردووە) لە ڕێگەی تەبەعیەت و وەلا و خزمایەتی و بەرتیل و واستە و دابەشکردنی داهاتەوە دانراون. لەبەرئەوە گەندەڵێکی بەرفراوان لە پرۆسەی دانانی ئەمانەدا و هەروەها سەرپەرشتیکردنی زەویوزار و دانانی قەبارەی باج و چۆنیەتی کۆکردنەوەیان و بەکارهێنانیان هەبووە «١٥ ل٧٩»\ ٨٥ ل٢٠٧».

وەکو توێژەکانی تری فیودالی خێڵەکی، ئەم توێژەش ئاڵوگۆڕی هەمیشەیی لە ریزەکانیدا و شێوازی کاروبار و ڕێکخستنیاندا کراوە. هۆکاری ئەوەش لەلایەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەمانە لەدوای ماوەیەک کارکردن لە ڕێگەی گەندەڵی و دزی و بەرتیلەوە بوونەتە خاوەن زەویوزارێکی زۆر بەناوی دابینکردنی پێویستیەکانی خۆیان و هەروەها لادانی بەشێکی باش لەداهاتی باج بۆ خۆیان. ئەمە وایکردووە سامان و پێگەی کۆمەڵایەتیان بەهێزبێت و ببنە هەڕەشە لەسەر ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتداری وڵات. سەرەڕای ئەمانە ناسەقامگیری و ململانێ لە ناوچەکان و هەروەها جێگورکێ و گۆڕانکاری لە ڕیزی دەسەڵاتداراندا جێگۆڕکەی لە ریزی ئەوانەدا دروستکردووە، کۆن لابراون و خەڵکی نوێ لە شوێنیاندا دانراون.

لەبەرئەوەی باج، داهاتێکی سەرەکی بوو بۆ شا\سوڵتان و دەوڵەت و دەستەبژێری دەسەڵاتدار، بردن و دزینی ڕێژەیەکی زۆر لەو داهاتانە لەلایەن ئەو توێژەوە ئەو داهاتانەی کەمکردۆتەوە و کاریکردۆتە سەر بووجەی دەوڵەت. بەتایبەتی لە سەدەی حەڤدەوە بەهۆی شکستهێنانی ئەو دەوڵەتانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە تاڵانکردنی دەرەوە، کەمبوونەوەی داهاتەکانی ناوەوە کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر بووجەی ئەو دەوڵەتانە کە وایلێهاتووە داهاتەکانیان بەشی خەرجیان نەکات.

لە پێناوی بەلانس دروستکردن لە بووجەدا ئەو دەوڵەتانە هەوڵیان داوە ئاستی باجدان بەرزکەنەوە. ئەستەم بوو بتوانن ڕێژە و جۆری باج لەسەر خەڵکی رەعیەتی بەرهەمهێنەر زۆر زیادبکەن، لەبەرئەوەی ئەوە دەبووە هۆکاری زیادبوونی ناڕەزایی و برسێتی و هەژاری و مەترسی ڕاپەڕین لە ناوچەکاندا. بۆیە دەوڵەتەکان بۆ مسۆگەرکردنی داهاتی باجەکان و زیادبوونیان هەوڵی چاکسازییان داوە لە سیستەم و شێوازی باج کۆکردنەوەدا.

شێوەیەکی ئەو چاکسازییە بریتی بوو لە لابردنی دز و گەندەڵەکان لە ریزی باج کۆکەرەوکاندا و دانانی خەڵکی تازە لە جێگەیاندا. بەڵام چونکە ئەوەش بە ڕێبازێکی گەندەڵانە کراوە و خەڵکی گەندەڵی تازەی چاوبرسی هاتوتە جێگای کۆنەکان، لەباتی ئەوەی ببێتە هۆکاری زیادبوونی داهاتەکانی دەوڵەت بۆتە هۆی زیاتر رووتاندنەوەی خەڵکەکە. چونکە ئەوانەی هاتوون لە کۆنەکان برسیتر و چاوچنۆکتربوون و لەوانەی پێشتر زیاتر هەڵپەی رووتاندنەوەی خەڵکیانکردووە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەم کـرداره نەبۆتـه هـۆی زیادبوونـی داهاتـی دەوڵـەت و لەهەمانکاتیشـدا لـە بەرژەوەنـدی خەڵکـی هـەژاردا نەبـووە.

شـێوازێکی تـری هەوڵدانـی دەوڵەتـەکان بـۆ زیادکردنـی داهاتـی بـاج، بـە روانگـەی خۆیـان چاکسـازی بنچینەیـی بـووە لـە شـێواز و سیسـتمی بـاج کۆکردنـەوەدا. هەتـا سـەرەتاکانی سـاڵەکانی ١٦٠٠ سیسـتمی تیمـار کـە دەوڵەتـی عوسـمانی کۆنترۆڵـی راسـتەوخۆی بەسـەردا هەبـوو لـە ئەنـادۆڵ لـە رێـی سـوپاهییەوە بـەردەوام بـوو. بەهەمـان شـێوە ئـەو سیسـتمە لـە ئێـران پەیڕەوکـراوە، بـەڵام لـەوێ بەهـۆی دروسـتبوونی دەوڵەتـی نـوێ تیایـدا، ئـەو سیسـتمە بـۆ ماوەیەکـی زیاتـر مایـەوە «٩١ ل ٣٨٩».

سـوپاهی بریتـی بـوون لـە توێژێکـی چینـی سـەرباز، کـە یـان خزمایەتـی و نزیکایەتیـان هەبـوو لەگـەڵ بنەماڵـەی دەسـەڵاتداری دەوڵەتـدا، یـان هەنـدێ خێڵـی دەسـت رۆیشـتووی ناوچـەکان بـوون، کـە وەلای تەواویـان هەبـوو بـۆ شا\سـولتان و ئۆروسـتۆکراتی دەسـەڵاتدار. زۆربـەی ئەوانـە لـە هـۆزە دەسـەڵاتدارە تورکەکانـی ئـەو دەوڵەتانـە بـوون و ئەرکـی سەرپەرشـتیکردنی زەوی کشـتوکاڵی و بـاج کۆکردنەوەیـان پـێ سـپێردرابوو. هـەر یەکـێ لەوانـە بـۆ دابینکردنـی ژیانـی خۆیـان و خێـزان و پیاوکانیـان چەنـد پارچـە زەوێکیـان پێدرابـوو و لەهەمانکاتـدا زەویـوزاری کشـتوکاڵی ناوچەیەکیـان لـە ئەسـتۆدا بـوو، کـە سەرپەرشـتی بکـەن و باجەکانـی دەوڵەتـی تێـدا خڕبکەنـەوە «٨٥ ل ٢٤\ ١٠٦ ل ١٧٩».

ئەمانـە چەکـدار و جەنگاوەر بـوون و هـەر یەکێکیـان دوو چەکـداری خزمـی خـۆی لەگەڵـدا بـوو. هـەر هەمـوو ئەوانـە لەژێـر چاودێـری و ئەمـری سـونجوقدا بـوون ( سـونجق یەکـەی ئیـداری و سیاسـی و سـەربازی ناوچەیـەک بـوو کـە یەکسـەر بەدەوڵەتـەوە یـان والیـەوە بەسـترا بـوو). سـپاهی سـەرەڕای سەرپەرشـتیکردنی زەویـوزاری میـری و بـاج کۆکردنـەوە، خۆیـان بـە خـاوەن موڵـک و بەشـێک لـە دەسـەڵات دادەنـاو ئەرکـی سـەقامگیری و ئاسایشـتی ناوچەکەیـان لـە ئەسـتۆدا بـوو. سـەرەڕای ئـەوە دەبوایـە بەشـداری لـە شـەڕکانی ناوخـۆ و دەرەکـی دەوڵەتـدا بکـەن.

سـوپاهی هەتـا کۆتایـی سـاڵەکانی ١٥٠٠ ڕۆڵـی گرنگیـان هەبـووە لـە سـەرکوتکردنی نارەزایـی و راپەرینـی ناوخـۆ و شـەڕەکانی دەوڵەتەکانـدا، بـەڵام بەهـۆی سروشـتی کۆنـی خێڵایەتیـان لـە جەنگـدا و قبـوڵ نەکردنـی چـەک و مێتـودی سـەربازی مودێـرن بـە تایبەتـی لـە دەوڵەتـی عوسـمانیدا هەتـا دەهـات لـەو رووەوە ڕۆڵیـان کـەم دەبـۆوە.

لەبـەر شکسـتهێنانی ئـەم توێـژە لـە دابینکردنـی داهاتـی پێویسـت بـۆ دەوڵـەت و دەسـتەبژێری ئورسـتوکراتی دەسـەڵاتدار و بەهێزبوونـی پێگـەی کۆمەڵایەتیـان، دەوڵەتـی عوسـمانی لـە کۆتایـی سـاڵەکانی ١٦٠٠ لـە سـەرەتادا لـە ئەنـادۆڵ و دواتـر لـە سـوریا و میسـر دەسـتی بـە هەڵوەشـانەوەی ئـەم سیسـتمە کـرد و زۆربـەی سـوپاهی دوورخسـتەوە لـەو ئەرکـە و سیسـتەمێکی نوێیـی بـاج کۆکردنـەوە و سەرپەرشـتیکردنی زەویـوزاری کشـتوکاڵی بونیادنـا، دوابـەدوای ئەوانیـش دەوڵەتـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاجـاری نوێـی ئێرانیـش هەمـان ڕێگـەی گرتەبـەر «١٥ ل٧٩».

بـە پێـی سیسـتمە نوێیەکـە، سەرپەرشـتیکردنی ناوچەیەکـی کشـتوکاڵی و بـاج کۆکردنـەوە بـە قۆنتـەرات بـە تاکێـک یـان بنەماڵەیەکـی چینـی عەسـکەر دەدرا. ئـەو قۆنتەراتـە لەلایـەن قازیـەوە مـەزاد دەکـراو ئـەوەی بیتوانیایـە زۆرتریـن داهاتـی بـاج، بـۆ دەوڵـەت کۆبکاتـەوە قۆنتەراتەکەیـان پـێ دەدا. هەرچەنـدە ئـەم سیسـتمە لەگـەڵ بنەمـا و عورفـی فیوداڵـی خێڵەکـی و شـەریعەتی ئیسـلامی جیـاواز بـوو، بـەڵام لەبەرئـەوە سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری لەسـەرەوە هەتـا خـوارەوە سروشـتێکی فیوداڵـی خێڵەکـی هەبـوو ئـەم سیسـتمەش سروشـت و روخسـاری ئەوی وەرگـرت. ئـەو قۆنتەراتـە سـاڵ بەسـاڵ تازەدەکرایـەوە و قۆنتەراتچیـەکان دەبوایـە پێشـەکی ڕێژەیـەک لـە داهاتـی باجەکانیـان بدایـە بـە دەوڵـەت. ئەمـە لـە لایەکـەوە بـووە هـۆی ئـەوەی ئـەو قۆنتەراتانـە بکەوێتـە دەسـتی توێژێکـی خـاوەن سـامان، کـە پـارەی نەقدیـان هەبـوو، لەلایەکـی تـرەوە ئەوانـە بـۆ دابینکردنـی پـارەی نەقـدی، مسـکێن و جوتیارەکانیـان ناچاردەکـرد باجەکانیـان لـە باتـی عەینـی بـە نەقـدی بـدەن. ئـەم پرۆسـەیە بەهـۆی زیادبوونـی ئاڵوویـری دراو بنەماکانـی فیوداڵـی خێڵایەتـی لاواز دەکـرد و ڕێگـەی بـۆ زیاتـر ئاڵـو گـۆڕی بازرگانـی و بەسـتنی لادێـکان بـە بـازاڕ خۆشـدەکرد. سـەرەڕای ئـەوە توێژێکـی نوێـی خـاوەن کەپیتاڵـی سـەرەتایی دروسـتکرد، کـە کەوتنـە کاری بانکـی و گۆڕینـەوەی دراو و دانـی قـەرز بـە مسـکێن و جوتیارەکانـی تـر. لەبەرئـەوەی سـوود سـەندن لـە قـەرزدان بەپێـی شـەریعەتی ئیسـلامی حـەرام بـوو لـە باتـی ئـەوە پیاوانـی ئایینـی سـەلەمیان بـۆ داهێنـان.

سـەلەم کڕینـی بەرهەمـی جوتیـار بـوو بـە سـەوزی پێـش پێگەیشـتنی بەرهـەم بـە میقدارێـک پـارەی کـەم، جوتیـار پێشـەکی نیـوەی پارەکـەی وەردەگـرت و کـە بەرهـەم پێدەگەیشـت نیوەکـەی تـری وەردەگـرت. خـاوەن قـەرز بەرهەمەکـەی لـە جوتیـار دەسـەند و ئیتـر گوێـی نەئـەدا بـەوەی ئایـا چـی بـۆ جوتیـار دەمێنێتـەوە بـۆ دابینکردنـی پێویسـتی ژیانـی خـۆی و خێزانەکـەی.

دروسـتبوون و بەهێزبوونـی ئـەم توێـژە بـاج کۆکـەرەوە نوێیـە وایکـرد ئەوانـە بـە هەوەسـی خۆیـان بتوانـن مسـکێن و جوتیـارەکان بدۆشـن. لـە کڕینـی بەرهـەم لـە جوتیـارەکان بـە نەقـدی ئـەوان بـوون نرخیـان دادەنـا، چونکـە لـە لایەکـەوە پاڵپشـتی دەوڵەتیـان هەبـوو بەهـۆی کۆکردنـەوەی بـاج بـۆی و لـە لایەکـی تـرەوە، چونکـە پێگـەی کۆمەڵایەتیـان هەتـا دەهـات بەرزدەبـۆوە و پـارە و سـامانێکی زۆریـان چنـگ دەکـەوت، لـە ڕێگـەی بەرتیـل و واسـتە و هەڕەشـە و بەکارهێنانـی خەڵکـی چەکدارەوە دەسـتەلاتدارانی سیاسـی و سـەربازی و پیاوانـی ئایینیـان بـەلای خۆیانـدا ڕادەکێشـا و مونافیسـەکانیان سـەرکوتدەکرد.

لەڕێگـەی سـەندنی باجـی قـورس لە مسـکێن و جوتیـارەکان و کڕینـی بەرهەمەکانیان بـە هـەرزان و هەروەهـا سـەلەم بەکارهێنـان، جوتیـارەکان وایـان لێهـات هەتـا دەهـات زیاتـر زەلیـل دەبـوون و دەکەوتنـە بـاری قورسـی قـەرز و هـەژاری و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ دەرەتانییەوە. لە ساڵی وشکانی و کەمی بەرهەم و بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی لەناو مرۆڤ و ئاژەڵ و کشتوکاڵدا، باری جوتیاران هێندەی تر سەغڵەت دەبوو و بەشێکیان بە تایبەتی لە ئێران ناچاردەبوون زەوییەکانیان لە باتی قەرز بدەن بەو باج کۆکەرەوانە و خۆشیان پەرەوێز ببن و بە کرێیەکی کەم رۆژانە کار لە زەوی ئەو توێژەدا بکەن یان دەربەدەری شار و وڵاتان بن. لەهەمانکاتدا ئەو توێژە لەبەرئەوەی ڕۆڵیان هەبوو لەسەر زەوی و باج و کرین و فرۆشتنی بەرهەمدا توانیویانە دەست وەردەنە بڕیاری جۆری ئەو بەرهەمانەی کە لە لادێکاندا چاندراوە.

ئەم توێژە دەکرا ببوایە بە هەوێنی دروستبوونی چینێکی کۆمەڵایەتی خاوەن کەپیتاڵی سەرەتایی، کە بتوانێت زیاتر وەبەرهێنانی کەپیتاڵە سەرەتاییەکانیان بکەن و رۆڵ ببینێت لە بونیادنانی سیستمێکی ئابوری نوێدا. بەڵام کارێکی وا پێویستی بە گۆڕانکاری یاسایی و ئاسانکاری بوو بۆیان، کە پێویستی بە دەرفەتی بەشداریکردن بوو لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا، بەڵام دەرفەتی وا لەو کۆمەڵگەیانەدا وجودی نەبوو. بە پێچەوانەی ئەوەوە لەگەڵ ئەوەی دواتریش لە هەندێ ناوچەدا ئەم شێوازی سیستمی باج کۆکردنەوەیە لە هەندێ شوێندا هەربەردەوام بوو، بەڵام کەمیکرد و تەنها دەدرا بە خەڵکانی هەرە نزیک لە دەسەڵاتدارانەوە. دەوڵەتەکان سەرلەنوێ ڕێبازێکی تریان دۆزیەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی زەوی بەرهەمهێنان لە لادێکان و کۆکردنەوەی باج تیایاندا.

دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەرەتای ساڵەکانی ۱۷۰۰ دا، هەروەها دەوڵەتی قاجاری ئێران لە کۆتایی ساڵەکانی ۱۷۰۰، شان بەشانی پاشماوەی سیستمی تیماری سوپاهی و سیستمی قۆنتەرات، بۆ کۆنترۆڵکردنی لادێ و باج کۆکردنەوە هاوپەیمانێکی نوێیان پێکهێنا لەگەڵ هەندێ لە ئەعیانی ناوچەکان و عولەما و توێژێک لە وەستاباشی پیشەییەکان و هەروەها هێزێکی چەکداری تایبەتی دەوڵەتیان بۆ ئەو مەبەستە دروستکرد.

هەڵبەتە بەهۆی سروشتی خێڵەکی دەوڵەت و بەڕێوبردنی کاری ئابوری و سیاسی و سەربازی لە سەر بنەمای تەبەعییەت و وەلا و گەندەڵی و بەرتیل و واستە و حوکمی رەهاوە، هەرچییەکیان بکردایە توێژێکی نوێی گەندەڵ دروست دەبوو. بۆیە ئەم سیستمە نوێیەش وەکو ئەوانەی پێشووی شکستی هێنا لە زیادکردنی داهاتی باج بۆ دەوڵەت و زیاتر لە جاران رەعیەت دەڕووتایەوە و بەدەستیانەوە هەژار و زەلیل دەبوو.

بۆیە ئەم توێژەش بوون بەسەر چەندین پۆل و بنەماڵەوە و هەر یەکەیان دەیانویست زیاترین دەستاڵات پەیدابکەن و گەورەترین سامان بۆ خۆی ببچرێت. بۆ ئەو مەبەستە هەر بەشە لە لایەکەوە لەگەڵ خەڵکی چەتە و پیاوکوژ و خێڵە تاڵانکەرەکان ڕێدەکەوتن و شەڕی یەکتریان دەکرد و نائارامیان خستە زۆربەی ناوچەکانەوە و بووە هۆی ناڕەزایی خەڵک و چەندەها ڕاپەرین

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرپا بوون لەلایەن مسکێن و جوتیارو کۆنە سەربازی دەوڵەت و هەژارەکانی تری لادێوە.

لە پێناوی سەرکوتکردنی راپەرینی ئەو ناوچانە زۆرجار سوپای دەوڵەتیان هێناوەتە ئەو شوێنانە. ئەو هێزانە لەژێر ئەمری والی یان سونجق کاریان نەکردووە و بە هەوەسی خۆیان رەفتاریان لە ناوچەکەدا کردووە و مسکێن و جوتیار و خەڵکانی تری ناوچەکەیان ناچارکردووە خواردن بە چەکدارەکانیان بدەن، کە بۆتە هۆی زیاتر قورسکردنی باری ئەو خەڵکە. سەرەڕای ئەوە بەهۆی ئەوەی بوجەی دەوڵەت کورتی دەهێنا و توانای دانی موچەی سەربازەکانیان نەبوو، سوپاداران بە هەوەسی خۆیان و بەپێی ویژدانی سەرکردەکانیان دەستیان وەردەدایە باج کۆکردنەوە و بەشێکیان لادەدا بۆ خەرجی هێزەکەیان و موچە، لەو رێگەیەوە سەرکردەکانیان بەشێکی باشیان بۆ خۆیان لادەدا.

هەرچەندە ئەو دەوڵەتانەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەدرێژایی هەموو مێژوویان هەوڵی چاکسازیانداوە لە سیستمی زەوی و باج کۆکردنەوەدا، بەڵام هەمیشە لەو هەوڵانەیاندا شکستیان هێناوە و بەتایبەتی لەداوی ساڵەکانی ١٧٥٠ هەر وەکو لە هەموو بوارەکانی تردا ژێرخانی ئابوریان بریتی بوو لە تاڵانکردنی دەرەوە و رووتاندنەوەی ناوەوە بە تەواوەتی شکستی هێنا و دەوڵەتەکان لە دارماندا بوون.

بە تێروانینی سروشت و رۆڵ و دروستبوونی ئەم چینوتوێژانەی فیوداڵی خێڵەکی، کە کەم یان زۆر سەرکردایەتی ئەو دەوڵەتانەیان کردووە و بەڕێوەیان بردووە، بۆمان دەردەکەوێت، کە بە هۆی ئەو سیستمەوە ئەوانە نە توانای گۆڕانکاری بنچینەیی و چاکسازیان هەبووە لە سیستمی بەڕێوەبردنی فیوداڵی خێڵەکیدا و نە لە بەرژەوەندیاندا بووە. لەهەمانکاتدا چونکە زۆربەی ئەمانە هەمیشە جێگۆڕکێیان پێکراوە و تەمەن کورتبوون و دەرفەتی بەهێز بوونیان پێنەدراوە و موڵکداری بێ موڵک بوون، بە هیچ جۆرێک دڵیان بە زەویوزار و بەرهەم و بەرهەمهێنان نەسوتاوە و هەوڵی ئاسانکاریان نەداوە لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا، بە پێچەوانەوە ئەوەی کردوویانە گەندەڵی و دزی و تاڵانکردنی وڵاتەکە بووە، بۆیە ئەمانە هیچ پاشەوارێکیان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە، کە جێگەی سەرنج بێت.

## - رەعیەتی لادێی بێدەسەڵات و سەرچاوەی باج

لە لێکۆڵینەوەی رۆڵ و سروشتی مسکێن و جوتیار و بەرهەمهێنەری تری لادێکانی کۆمەڵگەی فیوداڵی ئەوروپا باسی ئەومانکرد، کە ئەو چینوتوێژانەی لەگەڵ ئەوەی باری قورسی باج و بێگاری و بەرهەمهێنانیان لە ئەستۆدا بوو، ناخوڵقێنەر بوون و توانایان نەبوو گۆڕانکاری ریشەیی لە فیوداڵیزمدا بکەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بگـره بـه بەرژەوەنـدی خۆشـیان نەدەزانـی. ئـەوەی لێـرەدا لێـی دەکۆڵینەوەیـە ئایـا رەعیەتـی لادێکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە هەمـان شـێوەی چینوتوێژەکانـی خـوارەوەی ئـەوێ بـوون؟ ئایـا بـار و ئەرکـی ئەمـان لـەوان ئاسـانتر بـوو یـان قورسـتر؟

هەڵبەتـە لەژێـر سـایەی سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکیـدا، رەعیـەت لـە لادێکانـدا وەکـو ئەوروپـا تەنهـا مسـکێن و جوتیـاری بچـووک و ناوەنـدی موڵکـداری نەگرتۆتـەوە، بەڵکـو هەمـوو ئەوانـەی کـە لـە دەرەوەی ڕیزەکانـی دەسـتەبژێری ئۆروسـتۆکراتی خێڵـی دەسـەڵاتدار و توێژەکانـی چینـی عەسـکەردا بـوون بـە رەعیـەت دانـراون. ئەمانـەش لـە دوو بـەش پێکهاتبـوون. یەکەمیـان مسـکێن و جوتیـاری بچـووک بـوون و دووەمیـان ئـەو پێکهاتـە و خێڵانـەی دەرەوەی بازنـەی دەسـەڵات بـوون.

ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ بنەمـای ئابـوری و کۆمەڵایەتـی ناوچەکە و ئـەو گۆڕانکاریانەی بەسـەری هاتـووە بۆمـان دەردەکەوێـت، کـە خەڵکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت دوو رەگـەزی جیاوازیـان هەبـووە و لـە دوو سیسـتمی کۆمەڵایەتـی و ئابـوری جیـاواز دروسـت بـوون و دواتـر تێکـەڵاوی یەکتـر بـوون.

زۆربـەی کۆمەڵگـە و شارسـتانی کـۆن و خەڵکانـی رەسـەنی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت ناخێڵەکـی بـوون و پێـش بڵاوبوونـەوەی خێڵەکییـەکان و کۆنترۆڵـی ناوچـەکان و بونیادنانـی سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی، هـەر لـە کۆنـەوە خەڵکـی بەرهەمهێنـەر و نیشـتەجێ بـوون و بنەمـای سیاسـی و ئابـوری و کۆمەڵایەتیـان لـە خێڵەکیـەوە دوور بـووە.

ئەمانـە هەمیشـە زۆرینـە بـوون و لـە کاتـی شەڕوشـۆر و گۆڕانکاریـدا لـە ناوچەکانـی خۆیـان ماونەتـەوە و جەنـگاوەر نەبـوون و خەریکـی کاروبـاری خۆیـان بـوون. بـە کۆنترۆلکردنـی ئەمانـە لەلایـەن خێڵـەکان و سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکیـەوە، زۆربـەی ئەمانـە لـە لادێکانـدا بوونەتـە مسـکێن و دەوڵـەت و خێڵـەکان زەویـوزار و ناوچـە و وڵاتەکانیـان کردۆتـە موڵکـی خۆیـان. بێجگـە لـە دەوڵەتـە فیوداڵـە خێڵەکییـەکان هەنـدێ خێڵـی بەهێـز و هەنـدێ توێـژی هاوپەیمـان و گوێرایەڵـی ئـەو دەوڵەتانـە بەهەمـان شـێوە مامەڵەیـان لەگـەڵ خەڵکـی ژێردەسـەڵاتیاندا کـردووە. نمونـەی ئـەوە خێڵـە بەهێـزەکان و میرنشـینەکانی کوردسـتان، هەنـدێ خێڵـی گـەورەی عـەرەب و ئەماراتـە بچووکەکانیـان لـە ناوچەکانـی باشـوری عێـراق و نـاوەوەی سـوریا هەروەها هەنـدێ خێڵـی بەهێـزی تـورک لـە ئێـران و مەمالیکـەکان لـە میسـر. ئـەو مسـکێنانە سـەرچاوەی سـەرەکی بـاج و بەرهـەم و بەرهەمهێنانـی لادێـکان بـوون لـە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـتدا و زۆرینـەی رەعیەتـی موسـڵمان و ناموسـڵمان بـوون.

لەبـەر ئـەم ڕاسـتیانە شـتێکی سـەیر نیـە، کـە دەوڵەتـە فیوداڵـە خێڵەکیەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و دەسـەڵاتدارەکانیان مێـژوو و کلتـور و شارسـتانیەتی کۆنـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و میللەتـە رەسـەنەکانیان بـە موڵـک و شـوێنەواری خۆیـان نەزانیـوە و ڕێزیـان لێنەگرتـووە، بەڵکـو بـە پێچەوانـەوە شـاردویانەتەوە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاولیانکردون و کردویانەتە کەلاوە. ئەمە و دڵ نەسوتاندنی توێژە دەسەڵاتدارەکانی فیودالّی خێڵایەتی ئەو دەوڵەتانە بە زەویوزار و بەرهەم و بەرهەمهێنان و دزین و گەندەڵی و بە فیرۆدانی سەروەت و سامان بۆتە هۆی ئەوەی کەس گوێ نەداتە شوێنەواری کۆن و ئاوەدانکردنەوەی وڵات، بۆیە هەتا ئەمڕۆکە لە تازەکردن و بوژاندنەوەی شوێنەکانی ناوچەکاندا دەبینرێ هەرچی کۆنە بێرێزانە دەڕوخێنرێ و لە ناودەبرێ.

سەرەڕای ئەمانە زۆربەی خێڵ و پێکهاتەکانی تر، کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدا بوون، خەڵکی بێدەسەڵات و باجدەر و بەرهەمهێنەر بوون و بە رەعیەت دانراون و ناچارکراون باج و جزییە بدەن بەدەوڵەت و بە خەڵکی پلە دوو یان سێ حسابیان بۆ کراوە. نمونەی ئەوانە خێڵە بچووکە نیشتەجێبووەکان و رەوەند و نیمچە رەوەندەکانی کوردستان، هەروەها خێڵە بچووک و بەدوی عەرەبەکان و تورکمانە رەوەندەکان یان پێکهاتە ناخێڵەکیەکان لە بنەماڵە و ئەعیانە رەسەنەکانی میسر و بەشێکی زۆر لە فارسەکانی ئێران و پێکهاتە ناموسڵمانەکانی لادێ لە ئەرمەنی و سریانی و ئاسوری و جولەکە و یەزیدی. ئەمانە ناچارکراون وەلای تەواویان هەبێت بۆ دەسەڵات و باج و جزییە بدەن و موسڵمانەکانیان لە کاتی شەڕوشۆڕدا رۆڵەکانیان بنێرنە ڕیزەکانی سوپاوە و ناموسڵمانەکان لە باتی ئەوە جزیە بدەن.

چۆنێتی دانی باج و رێژەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕاوە. ئەوانە لەسەر بنەمای شەریعەتی ئیسلام و عورفی خێڵەکی و توانا و پێویستی دەوڵەت بەندبووە و ڕازیکردنی هەموو ئەوانە کۆی باجەکانی دروستکردووە. کە دەوڵەت بەهێزتر دەبوو زۆرترین بەش بۆ دەوڵەت و باج کۆکەرەوەکان دەچوو، بە لاوازی ئەو بە پێی عورفی ناوچەکە خێڵ و شێخ و دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە بەشی زۆریان بۆ خۆیان پچڕیوە «١٥ ل١٩٤\ ٣٠ ل٣٥».

بە فەرمی دەوڵەت ١٠\١١ باجی لە مسکێن و جوتیاری بچووک و بەرهەمەمی کشتوکاڵی سەندووە و سەرەڕای ئەوە ١٠\١١ جزییەی لە ناموسڵمانەکان سەندووە. بەڵام لە پراکتیکدا چەندین باجی تر وەکو مەڕانە و بزنانە و مریشکانە، سەندراوە، سەرەڕای ئەوانە لە کاتی شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆو دەرەکیدا و راگرتنی سوپا لە ناوچەکە زیاتریان لێسەندراوە.

ئەوانە باجە فەرمیەکان بووە، بەڵام لە پاڵ ئەودا بەرتیل و دیاری و سەرانە دراوە بە باج کۆکەرەوەکان و دەسەڵاتدارانی تری دەوڵەت. سەرەڕای دەوڵەت، سەرەک خێڵ و ئەعیان و شێخ و پیاوانی ئایینیش بەشێکیان بردووە. کۆی ئەوانە گەیشتۆتە ٣\٢ هەموو بەرهەمی مسکێن. بە فەرمی مسکێنەکان چەند رۆژێک لە ساڵێکدا بێگاریان پێکراوە، بەڵام لە پراکتیکدا باج کۆکەرەوەکان و سوپا و شێخەکان و پیاوانی ئایینی بەپێی پێویست و دەسەڵاتیان بێگاریان پێکردوون لە دروستکردنی مزگەوت و کاریزلێدان و گۆم هەڵکەندن و ڕێگاوبان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروستکردن و کارکردن لە کێڵگەکانیاندا.

لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی هەرچی مسکێنەکان و جوتیاری بچووک بەرهەمی هێناوە و لە قووتی خۆی و ماڵ و منداڵی زیاد بووە چووە بۆ دەوڵەت و سەرەک خێڵەکان و باج کۆکەرەوەکان و دەسەڵاتدارانی تر، مسکێن و جوتیارەکان هیچ هەوڵیان نەداوە بۆ زیادکردنی بەرهەم و چاکسازی لە تەکنیکی بەرهەم و بەرهەمهێنان، چونکە هەرچیەکیان کردبێت بۆ خۆیان نەماوەتەوە و نە خاوەن موڵک بوون و نە ماڵ و حاڵیان پارێزراو بوو. ڕەنگە گرنگترین جیاوازی لە نێوان باری مسکێنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوانەی ئەورووپای فیوداڵی ڕێژە و قەبارەی باج نەبوو بێت، بەڵکو نا ئارامی و نا سەقامگیری و جێگا گۆڕگێکردنی دەسەڵاتدار و موڵکداران بووبێت و هەروەها دڵنەسوتان و گوێنەدانی توێژەکانی فیوداڵی خێڵەکی بوو بێت بە زەوییوزار و بەرهەمهێنان و ئاسانیکردن بۆ بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری. ئەو فاکتەرانە وایکردووە ڕەعیەت بەگشتی و مسکێنەکان بە تایبەتی لە چەند لایەکەوە بڕوتێنرێنەوە و هەمیشە خەڵکی تازە هەڵیکوتاوەتە سەریان و بەپێی توانای خۆیان و بێ بوونی یاسایەک یان دەسەڵاتی قەزایی، باجیان لێسەندوون و بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بڕیاری چۆنیەتی بەکارهێنانی زەوی و جۆری بەرهەم و نرخی کڕین و قەبارەی باجەکانیان داوە.

ئەمانە وایکردووە، کە ڕەعیەت هەمیشە ئەوە بخوازێت، کە خودا خراپتر نەدا و ئەوی هەیانە لەدەستیان نەچێ و لە دەسەڵاتداری نوێ و شەڕ و ئاژاوە بەدووریان کات. دەسەڵاتی قەزایی لە لادیەکاندا وجودی نەبووە، ئەوەی بڕیاری قەزایی داوە باج کۆکەرەوەکان بووە یان سەرەک خێڵ و شێخەکان بوون، کە ئەوەش کەوتۆتە سەر ویژدانی هەر یەکێک لەوانە و توانا و دەسەڵاتی. خۆ ئەگەر دەسەڵاتی قەزاییش بوو بێت دەستیان بەسەر دەسەڵاتدارەکاندا نەڕۆیشتووە یان لە ڕێگەی بەرتیل و دامەزراندن و هەڕەشەوە دەمکوت کراون. یاسا و شەریعەت لەلایەن ئەوانەوە تەنها بەسەر ڕەعیەتدا سەپێندراوە.

ڕەعیەتەکانی تری لادێ لە خێڵە نیشتەجێ بووە بچووکەکان و ڕەوەند و نیمچە ڕەوەند و پێکهاتەکانی تر، بە کۆمەڵ لەلایەن باج کۆکەرەوە یان خێڵێکی تر یان سوپاوە باج و جزییەیان لێسەندراوە. لەناو ئەو خێڵانەشدا ئەوەی بەرهەمی هێناوە و سەرچاوەی باجەکان بووە جوتیار و شوان و گاوانەکان بوون. سەرەڕای ئەوەی لێپرسراو بوون لە دابینکردنی پێویستی ژیانی سەرکردەکانان و کارکردن لە زەویەکانیاندا یان خزمەتکاریکردنیان و لەوەردانی ئاژەڵ، ئەوان بوون کە سەرچاوەی باجەکانی دەوڵەت بوون. لەگەڵ ئەمەشدا چونکە ئینتمایان هەبووە بۆ خێڵێک یان گروپێک ئاسانتر لە مسکێنەکان توانیویانە ژیانی خۆیان بپارێزن و بەرهەڵستی باج کۆکەرەوە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەسەڵاتدارانی تر بکەن.

زۆرجار بۆ خۆ پاراستن لە زوڵم و زۆرداری دەسەڵاتداران، مسکێنەکان و هەندێ پێکهاتەی لاواز خۆیان داوەتە پاڵ خێڵێکی گەورەوە. ئەگەرچی ئەو خێڵە رووتاندویانەتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا پارێزگاریکردوون لە زوڵم و زۆری دەسەڵاتداران و رووتاندنەوەیان لە چەند لایەکەوە «٨٥ل٢١٥».

ئەو خێڵە بچووکانە سەرەڕای باج و دیاری ناردن لە شێوەی مەروماڵات و رۆن و پەنیر بۆ شا\سوڵتان و دەسەڵاتداران ناچارکراون لە شەڕەکانی ناوخۆ و دەرەکیدا جەنگاوەر بە چەک و وڵاخی خۆیانەوە بخەنە خزمەتی سوپای دەوڵەتەوە.

سەرەڕای ئەم پێکهاتانە لە لادێکاندا ژمارەیەکی زۆر خەڵکانی هەژاری بێ ماڵ و زەوی هەبووە. ئەمانە لەتەویلە و مزگەوت و کوخدا ژیاون و لە مەوسمی بەرهەمهێناندا کاریان کردووە و خزمەتکاری دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و دەست رۆیشتەکانیان کردووە و بە بەرانبەر خواردن و شوێنی نوستنیان پێداون. دواتر لەگەڵ دروستبوونی کێڵگەی گەورەی بەرهەمهێناندا بوونەتە کرێکاری کشتوکاڵی. سەرەڕای ئەمانە کۆیلەش بەکارهێندراوە لە کێڵگەی ئۆروستۆکراتییەکان و خزمەتکاری و کاری تردا «٣٠ ل٤٠\ ١٠٦ ل١٠٣».

باج کۆکەرەوە و خاوەن موڵکەکان خۆیان بەزۆری لە شارەکاندا ژیاون، پیاو و چەکدار و کوێخایان لە لادێکاندا داناوە بۆ سەرپەرشتیکردنی زەویوزار و بەرهەمهێنان و باج کۆکردنەوە. ئەمە لە لایەکەوە ئەرک و خەرجی مسکێن و بەرهەمهێنەرەکانی زیاتر کردووە، چونکە خواردن و خەرجیان کەوتۆتە ئەستۆیان و لەلایەکی ترەوە بەهۆی دووریانەوە لە لادێ و نا ئاگاداری و نا شەڕەزایی و کەمتەرخەمی ئەو توێژە دەسەڵاتدارانەی زیاترکردووە لە بەرهەمهێنان و گەشەکردنی ئابوریدا «٣٠ ل٤٥».

لە دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا چەندین راپەرینی جوتیاران و خێڵەکان و پێکهاتەکان ڕوویداوە. هۆکاری زۆربەی ئەوانە گەڕاوەتەوە بۆ زیادبوونی رێژەی باج و جۆرەکانی و بەرتیلی زۆر و گەندەڵی دەسەڵاتداران و نەبوونی دەسەڵاتی دادوەری و پاڵپشتی نەکردنی خەڵکەکە لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە. بەڵام هەموو ئەوانە تەنها بۆ کەمکردنەوەی زوڵم و زۆر و باجەکان بووە و نەبۆتە هۆی گۆڕانکاری بنچینەیی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابوری و سیاسی فیوداڵی خێڵەکیدا.

**- شار و پێکهاتە و چینوتوێژەکانی**

شارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نێوان ١٥٠٠-١٨٠٠ لەچاو شارەکانی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا قەبارەیان گەورەتر و ڕۆڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی و ئابوریان مەزنتر بووە. ئەم شارانە سەرەڕای ئەوەی سەنتەری بەرهەمهێنانی پیشەیی و بازرگانی بوون، سەنتەری دەسەڵاتی دەوڵەت و چینوتوێژە موڵکدار و دەسەڵاتدارەکانی لادێ بوون. لە ئەورووپای کۆن بەهۆی بوونی چینێکی فیوداڵی بەهێز لە لادێکاندا، کە خاوەنی ئابوری سەربەخۆ و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خۆیان بوون، شارەکان بە گشتی لاوازبوون و لەوێوە کۆنترۆڵی لادێکان نەکراوە. هەروەها بەهۆی ڕۆڵی کەمی ئەو شارانەوە، دەوڵەت و فیوداڵەکان هێندە گوێیان پێنەداون و دەسەڵاتی ناوەندی و فیوداڵەکان تیایاندا لاواز بوون. بە پێچەوانەوە شارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەشێکی گرنگ بوون لە سیستمی فیوداڵی خێڵەکی و دەستی درێژی دەوڵەت و دەسەڵاتی رەهای شا\سوڵتان بوو، لەوێوە کۆنترۆڵی زەوی و باج کۆکردنەوە و پارێزگاری ئاسایشت و ئارامی کراوە «**٣٠** ل**٤٥\ ٣٣** ل٨٢».

شار جێگای خربوونەوەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بوو لە دەستەبژێری دەسەڵاتداران وەکو والی و قازی و دەفتەرنوس و سەرەک لەشکر و باج کۆکەرەوکان، سەرەڕای ئەمانە زۆربەی ئەو توێژانەی موڵکداری زەویوزاری لادێکان بوون یان مافی تەسەروف کردنیان پێوە هەبووە لەوێ نیشتەجێ بوون. بۆیە شارەکان بوون حوکمداری و کۆنترۆڵی لادێکانیان کردووە و بەپێی ئەوە لادێکان بەشێوەیەکی گشتی هێچ دەسەڵاتیان نەبووە و لەخزمەتی شارەکاندا بوون. رەعیەتی لادێکان بەخەڵکی گەمژە و دواکەوتوو دانراون و لەلایان ئەو توێژانەی شارەکانەوە بە نزمی سەیرکراون.

هەڵبەتە ڕۆڵی بەهێزی شار لە شارستانیە هەرە کۆنەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا فاکتەرێکی زۆر گرنگ بووە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی رەها. هەر ئەوەش دواتر لەگەڵ سیستمی فیوداڵی خێڵەکیدا گونجاوە و بەهێزتری کردوون.

لەبەرئەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای پێکهاتە و پلە و ڕۆڵی جیاوازی کۆمەڵایەتی بونیادنرابوو، گەڕەکەکانی شارەکانیش لەسەر ئەو بنەمایە بوو، بۆ نموونە گەڕەکی گاوران، جولەکان، قاجارەکان، سابونکەران، قەسابەکان، شێخان... .

بێجگە لە ئەو رۆڵانەیان، توێژێک لە چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان لە شارەکاندا بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەستیان وەرداوەتە کاروباری بازرگانی و فینانس. یان خۆیان کردووە بە شەریکی بازرگانەکان و بێ ئەوەی خۆیان هیلاک بکەن بەشێک لە داهاتەکانی ئەوانیان دەستکەوتووە یان لە ڕێگای گەندەڵی و هەڕەشە و ئازاردانەوە، بازرگانەکانیان ناچارکردووە سەرانە و دیارییان بدەنێ و بەپێچەوانەوە گرەفتیان بۆ دروستکردوون. هەرچی لەدەرەوەی چینی عەسکەر بووە لە شارەکاندا بە رەعیەت حسابیان بۆ کراوە و مافی بەشداریکردن لە کاروباری بەڕێوەبردنی شار و بڕیارە سیاسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ئابوریەکانـــدا نەبـــوو «١٠٦ل٨٦\٣٣ل٥٩».
بەپێـی داهاتـی ئابـوری و ڕۆڵـی کۆمەڵایەتیانـەوە بازرگانەکانیـش دابـەش بـوون بەسـەر چیـن و توێـژ و پلـەی کۆمەڵایەتـی جیـاوازدا. توێـژی سـەرەوە ئـەو بازرگانـە دەوڵەمەندانـە بـوون، بـەڵام لـە چینـی عەسـکەر نەبـوون. دوا بـەدوای ئـەوان وەستابەشـیە گەورەکانـی پیشـەییەکان و دەوڵەمەنـدە خـاوەن وەقفـەکان هاتـوون. دوابـە دوای ئەوانـە بازرگانـی بچـووک و پیشـەیی و کاسـپی بچـووک و دوکانـدار و پیـاوە ئایینیـە بچووکـەکان و باخەوانـەکان هاتـوون. لـە خـواری خواریشـەوە شـاگرد و کرێـکاری هـەژار و خزمەتـکار و کۆیلـەکان بـوون «١٥ل١٥».
پێکهاتەکانیـش پلـەی کۆمەڵایەتـی جیاوازیـان هەبـووە. قاجـارەکان نزمتریـن پێگەیـان هەبـووە و لای زۆرینـە سـوکایەتیان پێکـراوە. کەمایەتییـە ناموسـڵمانەکان لـە ئەرمەن و سـریانی و کلدانـی و یەزیـدی و جولەکـە... ، بەپێـی پیشـە و ڕۆڵیـان لەچـاو هـاوڕێ موسـڵمانەکانیان پلـەی کۆمەڵایەتیـان نزمتربـوو. جلوبـەرک و روخسـاری رەعیـەت دەبوایـە جیـاوز بێـت لـە توێژەکانـی عەسـکەر و بـە ئاسـانی جیـا بکرێنـەوە لێیـان، هەروەهـا هـەر یەکـێ لـەو چیـن و توێـژ و پێکهاتانـەی رەعییـەت جـل و بـەرگ و گـەرەک و جێـگای کۆبوونـەوەی تایبەتـی خۆیـان هەبـووە.
وەقـف لـە شـارەکاندا ڕۆڵـی تایبەتـی هەبـووە. هەرچەنـدە بەشـێکی زۆری داهاتـی بـە گەندەڵـی کەوتۆتـە گیرفانـی هەنـدێ شـێخ و پیاوانـی ئایینـی و کاربەدەسـتانی سیاسـی و ئیـداری و سـەربازییەوە، بـەڵام ڕۆڵـی هەبـووە لـە دروسـتکردنی مزگەوت و تەکییـە و حوجـرە و کارێـز و جۆگـەو پـرد و شـیو، هەروەهـا دروسـتکردنی قەیسـەری و دوکان، کـە داهاتەکانیـان گەڕاوەتـەوە بـۆ وەقـف.
لەگـەڵ ئـەوەی شـارەکان لـە بنچینـەدا ڕۆڵـی دەوڵـەت و چینـی عەسـکەر تیایانـدا بەهێـز بـووە و هـاو سروشـت بـوون و پێکهاتەکانـی لـە یـەک چـوون، بـەڵام بـە هۆی پێکەوتـە و نزیـک و دوریـان لـە قـەراغ دەریـا و روبـار و ڕێـگا بازرگانییەکانـەوە، هەروەهـا فراوانـی و داهاتـی ئـەو ناوچـە کشـتوکاڵیانەی پێیانـەوە بەسـتراوە، جیـاوازی گـەورە لـە نێوانیانـدا هەبـووە. هەندێـک لـەو شـارانە بونەتـە شـاری بازرگانـی گرنـگ و جموجۆڵـی ئابـوری و خڕبوونـەوەی بازرگانانـی شـوێنان تیاینـدا.
ئەسـتەمبول گەورەتریـن شـاری خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـووە و ڕۆڵـی گرنگـی هەبـووە لـە بەرهەمـی پیشـەیی و بازرگانیـدا. سـاڵەکانی ١٥٠٠ ژمـارەی دانیشـتوان و ڕۆڵـی کەمیکـرد. بـەڵام لـە سـاڵەکانی ١٦٠٠دا هەمیسـانەوە گەڕایـەوە بـۆ ئاسـتی کۆنـی. لەبەرئـەوەی لـە ئێـران لەگـەڵ روخانـی دەوڵەتـی کـۆن و دامەزراندنـی نوێـدا پایتەختەکانیشـی دەگوێزریـەوە، چەنـد شـارێکی بـووە سـەنتەری بازرگانـی و پیشـەیی گرنـگ، لەوانـە تەبرێـز و ئەسـفەهان و قەزویـن و تـاران. شـارەکانی کەنـار دەریـاکان و ڕێـگا بازرگانیـەکان وەکـو حەلـەب و دیمەشـق و بەیـروت و ئەسـکەندەریە و موسـڵ و بەسـرە لـە شـارەکانی تـر مەزنتـر بـوون و بەرهەمـی پیشـەیی و جموجۆڵـی بازرگانـی تیایانـدا زیاتـر بـوو «١٠٦ ل١٢١٧\ ١٥ ل١٦».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**- پیشـــەیی (حیرەفی) فیودالّی خێڵەکی**

لــە بەنـدی دووەمــی ئــەم کتێبــەدا، باســی ئەوەمانکــرد، کــە بەرهەمهێنانــی پیشــەیی لــە فیودالّیزمــی ئەوروپــادا سیســتەمێکی قفڵــدراو و ئیفلیــج بــوو، هەروەهــا توێــژە کۆمەڵایەتەکانــی پیشــەیی نــە لــە توانایانــدا بــوو گۆڕانــکاری بنچینەیــی لــەو سیســتمەدا بکــەن و نــە بــە بەرژەوانــدی خۆشــیان دەزانــی، بەڵکــو بــە پێچەوانــەوە دژیشــی بــوون. ئــەوەی کــە بــووە هــۆی گەشــە کردنــی بازرگانــی و پیشەســازی ســـەرەتایی لـــە شـــارە بازرگانیەکانـــدا، ئـــەو توێژانـــەی پیشـــەیی نەبـــوون بەڵکـــو چینــی بــرژوا و توێــژە نوێیەکانــی کۆمەڵگــە بــوون، کــە لەپــاڵ سیســتمە کۆنەکــەدا گەشــانەوە و گەرایــان دانــا بــۆ سیســتمێکی نوێــی و درزیــان خســتە کۆنەکــەوە و چینوتوێژەکانــی کۆنەکەیــان لــە نوێکــەدا تێــوەگلان.

سیســتمی پیشــەیی فیودالّیــزم و فیودالّــی خێڵەکــی لــە بنەمــادا هاوسروشــت بــوون و هەردووکیــان قفڵــدراو وئیفلیــج بــوون و هەروەهــا توێژەکانــی بەگشــتی لەگــەڵ گۆڕانــکاری نەبــوون، لەبــەر ئــەم هۆیەیــە لــە باســی بەرهەمهێنانــی پیشــەیی فیودالّــی خێڵەکــی خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســتدا هێنــدە لەســەر بنەمــا بنچینەییەکانــی نادوێیــن، چونکــە زۆر لــەوەی ئەوروپــا نزیکــە کــە پێشــتر باســمانکرد. ئــەوەی لەســەری ئەدوێیــن بــاری گشــتی ئــەو بەرهەمهێنانەیــە لــەم ناوچانــەدا و خاســڵەتی تایبەتــی توێژەکانــی و ڕۆڵــی دەوڵــەت و چینوتوێژەکانــی فیودالّــی خێڵەکــی لەســەری.

لەبــەر هــەژاری جوتیــاران و هەســتانیان بــە بەرهەمهێنانــی زۆربــەی پێداویســتیەکانی خۆیــان بــە ئامــڕازی زۆر ســادە و گــوێ پێنەدانــی توێژەکانــی فیودالّــی خێلایەتــی بــە بەرهەمهێنانــی لادێ، ئــەو بەرهەمهێنانــی پیشــەییەی لــە لادێکانــدا بەدیهێنــراوە زۆر ســادەبوون و ئەوانــەی پێــی هەســتاون زۆر ناشــارەزا بــوون و هەروەهــا لەبــەر بچووکــی لادێــکان و پەیوەنــدی کــەم لــە نێوەندیانــدا ژمارەیــان ســنووردار بــوو. لەگــەڵ ئەوەشــدا دانیشــتوانی لادێــکان ئەگــەر ســاڵی جاریکیــش بوبێــت پێویســتیان بــە بەرهەمــی پیشــەیی شــارەکان هەبــووە، بەتایبەتــی لــە ســاڵەکانی ١٧٠٠ وە بەهــۆی زیادبوونــی بەکارهێنانــی دراوەوە، ئاڵوگۆڕکردنــی بەرهــەم لەنێــو لادێ و شــارەکاندا بەشــێکی لــە عەینیــەوە گــۆڕدراوە بــۆ نەقــدی.

بەشــی هــەرە زۆری بەرهەمهێنانــی پیشــەیی لــە شــارەکاندا بەدیهێنــراوە. ئــەو بەرهەمانــە بــە پلــەی یەکــەم بــۆ دابینکردنــی چــک و تەقەمەنــی و جلوبــەرگ و پێــڵاو و زیــن و شــتومەکی تــری ســوپا بــووە، بــە شــێکی تــری بــۆ دابینکردنــی کەلوپەلــی پێویســتی کۆشــک و تــەلار و بەرهەمــی تــری نایــاب و گرانبــا بــوو بــۆ دەســتەبژێری ئۆروســتۆکراتی دەســەڵاتی خێڵەکــی و چینــی عەســکەر و ســەرەک خێــڵ و وەجاغــزادە و پیــاوە ئایینیــە گــەورەکان و مزگــەوت و تەکــێ و تاجیــر و وەستاباشــیەکانی شــار. بەشــێکی کەمــی بــۆ پێداویســتی چینوتوێژەکانــی خــوارەوەی رەعیــەت بــووە. ئــەوەی هەشــبووە زۆر کەلوپەلــی ســاکار بــوون و هێنــدە گــوێ بــە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چۆنایەتیان نەدراوە چونکە کریارەکان هەژار بوون و توانای کرینی کەلوپەلی گرانبایان نەبوو.

بەرهەمهێنانی پیشەییش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاواز بووە. لە ناوچە بچووک و سەختەکان و شارە بچووکەکاندا زۆربەی ئەو بەرهەمانە ساکار بوون و بۆ دابینکردنی پێداویستی شاری بچووک و بازاڕێکی بچووکی داخراو بەرهەمهێنراون. نمونەی ئەوانە جلوبەرگ و دارتاشی و پێڵاو و کەوش و قاپوقاچاخ یان ئامرازی بەرهەمهێنان نمونەی گاسن و داس و چەقۆ و بەن. بەڵام لە شارە گەورە و ناوچە فراوان و نزیک کەنار دەریا و ڕێگا بازرگانیەکان، بەرهەم فرە چەشنتر بوون و زۆرجار ناوچەیەک یان شارێک تایبەتمەند بووە لە بەرهەمێک یان چەند بەرهەمێکی تایبەتیدا و رەوانەی ناوچەکانی تر کراون. نمونەی ئەوانە فەرشی ئێران، قوماشی موسڵ و حەلەب، قوماشی لۆکەی میسر، سابوونی رەقی حەلەب و نابلس، مافور و جلوبەرگی ئاوریشم، کاڵای لە زێڕ و زیو و یاقوت و زمروت دروستکراو، فەخفوری نایاب. یان بۆ هەناردەکردن بۆ دەرەوە بەرهەمهێنراون نمونەی قوماشی ئاوریشمی زێڕین، کاڵای زێڕ و زیو، فەرش و کەلوپەلی نایاب و گرانبەهای تر.

زۆربەی پیشە پیشەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرەڕای ئەوەی بە شێوازی ئەوروپا دابەشبوون بەسەر پۆلی جیاواز و سەرکردایەتیکردنی هەر پۆلێک لەڕووی کاری تەکنیکیەوە لەلایەن وەستاباشیەکەوە، هەر پۆلە شێخێک یان پیاوچاکێکی ناسراوی ریشسپی سەرکردایەتی کردوون. ئەوانە سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی پۆلەکەیان کردووە لە ڕێکخستنی بەرهەمهێنان و کاروبار و نرخدانان و باجدان. ئەوانە بوون نوێنەرایەتیان کردوون لای پۆلەکانی ترو دەستەڵاتدارانی دەوڵەت و ئایینی و باج کۆکەرەوەکان و سوپا. لەگەڵ ئەوانە ڕێکەوتوون لەسەر باج و چۆنیەتی فرۆشتن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان. دانانی پیاوێکی وا دەبوایە رەزامەندی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و قازی لەسەر بوایە و ئەمانە سەرەڕای پایەی کۆمەڵایەتی بەرز پایەیەکی بەرزی ئایینیشیان هەبوو. ئەو سیستمە گەرەنتی کۆنترۆڵی دەوڵەت و باج کۆکەرەوەکانی کردووە و ڕێگربووە لە هەموو گۆڕانکارییێک کە لە سنووری خۆی دەرچێت و بەرهەمهێنانی پیشەیی کردۆتە بەشێک لە سیستمی بەڕێوەبردنی فیوداڵی خێڵەکی سنووردار.

بازرگانەکان بۆیان نەبووە بە ڕاستەوخۆ کەرەسەی خاو بە پیشەییەکان بفرۆشن، بەڵکو لەڕێگەی سەرۆکی پۆلەکانەوە بووە، کە بە کۆ کەرەسەی خاوی کڕیوە و بەهەمان نرخ دابەشی کردووە بەسەر فرۆشیارەکاندا. ئەو کەرەسە خاوانەی کە هێنراون بۆ شارەکان پێش ئەوەی ببرێنە خانەکانەوە لە دەروازەی تایبەتییەوە هێنراون، لە ڕێگای سەرۆکی پۆلەکان و قازی و باج کۆکەرەوە و پیاوانی دەوڵەت یان سوپاوە بە وردی ژمێردراون و کێشراون و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نرخیان بۆ دانراوە و باجیان لەسەر دانراوە. قازانجی پیشەییەکان سنووردار بووە و بەشێوەیەکی گشتی نەدەبوایە ئەو قازانجە دوای خەرجی وەستاو شاگرد و کەرەسەی خاو ١٠٪ زیاتر بوایە، هەندێ شتی گرانبەها، کە پێویستی بە کاری زۆر کردووە قازانجی گەیشتۆتە ٢٠٪. هەموو کاڵایەک، کە لەلایەن پیشەیی یان دوکاندار فرۆشراوە باجی تایبەتی لەسەر دانراوە.

پێش بەهێزبوونی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت، یان لەکاتی لاوازی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، پۆلەکان و سەرکردەکانیان دیسپلینی خۆیان هەر هەبووە و زۆرجار بۆ پاراستنی سەرکردە و دەستگا و ناوچە و شارەکانیان چەکداری تایبەتی خۆیان هەبووە. بەڵام بەبوونی دەسەڵاتی ناوەندی بەهێزی فیوداڵی خێڵەکی سەرەڕای ئەمانە، کۆنترۆڵی دەوڵەتیش ئەو سیستەمەی نەک داخراوتر و سەرکوتکراو تر کردبوو، بەڵکو ئەندامەکانی خستۆتە ژێر باج و رسوماتی قورسەوە. لێرەدا سەرکردە شێخەکانی ئەو پۆلانە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان و پاراستنی کۆنترۆڵیان بەسەر پۆلەکان و شارەکاندا و ڕێگاگرتن لە گۆڕانکاری و بوژاندنەوەی بازرگانی، لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و توێژە دەسەڵاتدارەکانی فیوداڵی خێڵەکی و دەستەڵای ئایینی هاوپەیمانی و هاریکاریان کردووە.

دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سوودیان لەو سیستەمە بینیوە. بەهۆی بەهێزییان لەشارەکاندا، پیشەییەکان ئاسانتر کۆنترۆڵ کردووە و بەوە بوونەتە سەرچاوەی داهاتی باجی باش بۆ خەزێنەی دەوڵەت و لە لایەکی ترەوە هاوپەیمانێکی گرنگ بوون بۆ دەوڵەت و فیوداڵی خێڵەکی دژی هەموو جموجۆڵێک و گۆڕانکارییەک.

هەڵبەتە ململانێ و ناکۆکی لە ریزی پۆلەکان یان توێژێک لە پیشەییەکان جاربەجار ڕوویداوە. ئەوانە ناڕازی بوون لەو بارە نارەوایەوە و لەگەڵ هەندێ لە بازرگانە گەورەکان و هەندێ شێخ یان دەسەڵاتی ئایینی هاوپەیمانیان بەستووە. بەتایبەتی لە ئێران لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا چەند جارێک هاوپەیمانی بەستراوە دژی دەسەڵاتی ناوەندی ڕوویدا، لە نێوان ئەوان و توێژک لە ئایەتوڵلا شیعەکان و بازرگانەکاندا.

وەک بوارەکانی تری فیوداڵی خێڵەکی گەندەڵییەکی بەرفراوان لە بەرهەمهێنانی پیشەییدا هەبوو. بێجگە لە وەلا و تەبەعیەت و خزمایەتی لە خودی ریزەکانی سیستەمەکەدا، گەندەڵیەکی زۆر لە ڕێژەی باج و دانانی نرخ و کڕین و فرۆشتندا بوو. باج کۆکەرەوەکان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و سوپا هەمیشە لە ڕێگای بەرتیل و هەڕەشە و ناسیاوی و خزمایەتییەوە بەشی خۆیان لە کڕین و فرۆشتنی کەرەسەی خاو و بەرهەمی پیشەیی پچڕیوە و بەهۆی پێگەیانەوە لە کۆمەڵگە و دەوڵەتدا هەمیشە پیشەییەکانیان رووتاندۆتەوە.

وەستا و شاگردەکانی پیشەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر هەمان مەرج

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دیسپلینی پیشەیی و کۆمەڵایەتی ئەوانەی ئەورووپای کۆندابوون، لەبەرئەوە ئەمانیش نە توانای گۆڕانکارییان هەبوو لەوە سیستمەدا و نە هیچ ڕێگەیەکی تریان لەبەردەستدا بووە، کە لە بناغەوە بتوانن ڕۆڵ ببینن لە خولقاندنی سیستمێکی باشتردا.

بەشێکی هەرە زۆری پیشەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە پێکهاتە ناموسڵمانە ڕەسەنەکانی تر بوون و پشتاوپشت هەر لە کۆنەوە لەو بوارەدا کاریان کردووە و شارەزاییان پەیداکردووە. ئەمانە سەرەڕای باج و جزییە ، لای کاربەدەستان و توێژەکانی فیوداڵی خێڵەکیەوە بە نزمتر سەیرکراون و ئازار دراون و ڕێگەیان لێگیراوە و سەرانەیان لێسەندراوە و کەس نەیوێراوە پاڵپشتیان بکات.

«بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەرهەمهێنانی پیشەیی سەیری ئەم سەرچاوانە بکە «١٠٦ ل٢٣٣\ ١٥ ل٤٦ \ ٣٠ ل٢٠».

- **قۆرخکردنی بازرگانی و لاوازی چینوتوێژە نوێیەکان**

لە بەندی دووەمی ئەم کتێبەدا، باسی بوژاندنەوەی بازرگانیمانکرد لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، لە نیوەی یەکەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ گەشەکردنی شارە بازرگانیەکان و دواتر گەشەکردنی پیشەسازی سەرەتایی تیایاندا. بۆ گەڕان بەشوێن هۆکاری گەشەنەکردنی ئابوری ئەم ناوچانە بە بەراورد لەگەڵ ئەورووپادا، هەوڵ دەدەین لێیبکۆڵینەوەی ئەوە بکەین ئایا بە بەراورد بە سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەورووپا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بازرگانی لاوازتر بوو ، ئایا بازرگانەکانی ئەم ناوچانە ناشارەزا و نابلیمە بوون لەچاو بازرگانەکانی ئەوێدا، ئایا پێکەوتەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێگا بازرگانیەکانی لە ئەورووپای ئەوسا خراپتر بوو؟

هەڵبەتە پێشتر چەند جارێک باسی پێکەوتەی جوگرافی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گرنگیمان کرد، لەوەی کە هەمیشە سەنتەری جیهان بووە و ڕێگا بازرگانییە مەزنەکان پیایدا تێپەڕیون. لەبەرئەمە ئەم شوێنانە زۆر لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا لەبارتر بوو بۆ کاروبار و جموجۆڵی بازرگانی و هەر لە مێژووی هەرە کۆنەوەی ئەو خاسڵەتەی هەبووە.

هەر لەبەر هەمان هۆکار بازرگانەکانی ئەم ناوچانە خاوەنی تاقیکردنەوەی دوور و درێژی بازرگانی بوون و مامەڵەیان لەگەڵ بازرگانەکانی ناوچەکە خۆیی و شوێنەکانی تری جیهان وەکو ئاسیا و ئەورووپا و ئەفەریقا کردووە. لەبەرئەوە ناکرێ بازرگانەکانی ئەم سەردەمەی ئەم ناوچانە لە وانەی ئەوسای ئەورووپا نابلیمەت تر و گەمژەتر بووبن و فاکتەرێک بێت بۆ دواکەوتنی ناوچەکە لەچاو ئەورووپادا.

زۆر کەس وای لێکدەدەنەوە، کە هۆکاری سەرەکی کەوتنە دواوەی باری ئابوری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕۆڵی نێگەتیڤ و مۆنۆپۆڵی وڵاتەکانی ئەوروپا دەگەڕێتەوە. بۆیە لێرەدا گرنگە ئەوە بخەینەڕوو، کە لە سەدەکانی پێش سەدەی نۆزدەدا نە دەوڵەتە ئەوروپییەکان هێندە بەهێزبوون و نە ئابوورییان توانای مۆنۆپۆلی هەبوو بەسەر ئابوری رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

هۆکاری ئەوەش لە لایەکەوە بۆ گەورەیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەتا رادەیەک بەهێزی دەوڵەتەکانی و لە لایەکی ترەوە بۆ ساوایی و لاوازی پیشەسازی و توانای بازرگانی ئەو وڵاتانەی ئەوسای ئەوروپا دەگەڕێتەوە. ئەو بوژاننەوە بازرگانیەی کە بەهۆی دۆزینەوەی جیهانی نوێ و ڕێگا بازرگانیە نوێکانەوە لە دوای سەدەکانی شانزەوە ڕوویدا، لەباتی ئەوەی ڕێگربێت لە بوژانەوەی بازرگانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە پێچەوانەوە ڕێگە خۆشکەربوو.

بازرگانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەو سەردەمانەدا دەکرێ بەسەر سێ کەرتدا دابەشبکرێت. بازرگانی ناوخۆی ناوچەکان، بازرگانی هەرێمی و بازرگانی دوور. لێرەشدا ناکرێت هەموو ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەیەک چاو سەیر بکرێن و وا بزانرێت لە یەک ئاستدا بوون و لەهەمانکاتدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەمەش بۆ گەورەیی و فراوانی دەوڵەتەکان و جیاوزی بنەما و خاسڵەتی کۆمەلایەتی و ئاستی گەشەکردنی ناوچەکان و هەروەها تۆپۆگرافی و گەورە و بچووکی زەوی کشتوکاڵی و پێکەوتەی جوگرافییان دەگەڕێتەوە. دوور و نزیکیان لە کەنار دەریا و روباری گەورە و ڕێگا و شارە بازرگانیەکان فاکتەرێکی گرنگی تر بوو «**٣٠ ل ٥٠**».

لەگەڵ ئەوەی هەر وەک ئەوروپای کۆن، بەرهەمهێنانی لادێکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە مەبستی دابینکردنی پێویستی خۆیان بوو(ئیکتفای زاتی) نەکو بۆ بازرگانی و بازاڕی ناوچەکان کەم یان زۆر بەپێی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە بچووک و داخراو بوون. بەڵام هەتا رادەیەک لادێکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەچاو لادێکانی ئەوروپای کۆندا زیاتر بە شارەکان و جموجۆڵی بازرگانییەوە بەسترابوون. هۆکاری ئەوە بۆ گەورەیی و گرنگی شارەکانی ئەم ناوچانە و کۆنترۆڵکردنی لادێ لەلایەن شارەکانەوە دەگەڕێتەوە. گردبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و توێژەکانی سەرەوەی فیودالی خێڵەکی لادێکان لە شارەکاندا، کە هەندێکان لەپاڵەوە کاروباری بازرگانی وماڵییان دەکرد و هەروەها ڕۆڵی باج کۆکەرەوەکان لە باج کۆکردنەوە و لە هەمانکاتدا بازرگانی وکڕین و فرۆشتن زیاتر لادێکانی بەشارەکانەوە گرێ دابوو. وەکو پێشتر باسمانکرد، باج کۆکەرەوەکان تەنها کاریان باج کۆکردنەوە نەبوو، بەڵکو تەسەروفکردن بوو بە بەشێکی زۆر لە زەویوزاری کشتوکاڵی و بڕیاردان لەسەر جۆری بەرهەم و لەهەمان کاتدا ساغکردنەوەی بەشێک لە باجەکان، کە عەینی بوون لە بازاڕەکانی شارەکاندا و لادانی بەشێک لە قازانجی ئەوانە بۆ گیرفانی خۆیان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ئەورووپای کۆن باج کۆکەرەوکان تەنها باجیان کۆکردۆتەوە و بەهۆی بەهێزی فیوداڵ لە لادێکاندا نەیاتوانیوە لە جۆری بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی لە شارەکاندا دەستوەردەن، بەڵکو ئەوە بازرگانەکان دەیانکرد. لەبەرئەمە بازرگانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەوەشدا چاوەڕوانی دەستی ئەو دەسەڵاتدارانە بوون و هێندە دەرفەتیان نەبووە بە راستەوخۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان شار و لادێکان بکەن، بۆیە کە رۆڵ و توانای بازرگانەکانی ناوخۆی ناوچەکان لێرە لە کۆنەکانی ئەورووپا لاوازتر بوو.

زۆربەی توێژەکانی سەرەوەی فیوداڵی خێڵەکی لە شارەکاندا ژیاون، خۆیان سەرپەرشتی ساغکردنەوەی بەروبوومەکانیان لە شارەکاندا کردووە، یاخود بوونەتە شەریکی بازرگانەکان بۆ ناردنی ئەو بەرهەمانە بۆ هەرێمەکانی تر، یان بۆ هەناردەکردن. ئەگەر خۆشیان ئەوەیان نەکردبێ، بە پاڵپشت و بەشەریککردنی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و پیاوانی ئایینی و سەرکردەکانی سوپا هێندە دەسەڵاتیان هەبووە، کە فشار بخەنە سەر بازرگانە گەورەکان و سەرانە و بەشێک لە قازانجەکانیان لێسەندن. لێرەدا بەهێزی شارەکان و کۆنترۆڵکردنی لادێکان لەلایانەوە هەروەها نەبوونی توێژێکی فیوداڵی دەوڵەمەند لە لادێکاندا، لەکاتی پێویست بوون بە کەپیتال بۆ بەرهەمی هاوینە بەرهەمهێنەری لادێکانی ناچارکردووە رووبکەنە شارەکان بۆ قەرزکردن، کە ئەوەش لادێکانی زیاتر بەستۆتەوە بە شارەکانەوە و ناچاری دەستی خاوەن سامانی شاری کردوون «**٢ ل١٢٠**».

لێرەدا جیاوازییێکی گرنگ دەبینین لە نێوان چینی فیوداڵی ئەورووپا و توێژەکانی فیوداڵی خێڵایەتی، کە کاردانەوەی لەسەر پرۆسەی گۆڕانکارییە ئابوورییەکان هەبووە. بە شێوەیەکی گشتی فیوداڵی ئەورووپا بەشداری لە جموجۆڵی بازرگانی و فینانس و دواتر پیشەسازی سەرەتاییدا نەکردووە، بەڵام توێژە فیوداڵە خێڵەکیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست شانبەشانی تەسەروفکردن بە زەویوزار و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییەوە بەشداربوون لە کاروباری بازرگانی و فینانسدا، کە ئەمە وایکردووە سەرەڕای بەشداریکردن لە جموجۆڵی ئابووری شارەکان و قۆرخکردنی بازرگانی تیایاندا هەمیشە رێگربوون لە گۆڕانکاری بەرهەمهێنانی لادێ و موڵکایەتی زەویوزار و گۆڕانکاری لە تەکنیک و گەشەپێکردنی ئامرازی بەرهەمهێنان، چونکە ئەو گۆڕانانەیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا نەبینیوە «**١٥ ل٦٠**».

لەبەرئەوەی توێژە دەسەڵاتدارەکانی فیوداڵی خێڵەکی هەمیشە جێگا گۆڕکێیان پێکراوە، کۆن لابراوە و نوێ جێگای گرتوونەتەوە، کاروباری بازرگانی و فینانسیشیان هەمیشە هەڕەشەی لەسەر بووە و هێندە مۆڵەتیان پێ نەدراوە رۆڵی درێژخایەن لەو بوارانەدا ببینن و فریا نەکەوتوون و نەیان وێراوە جێ پێی خۆیان بەهێز بکەن و ببنە توێژێکی بەهێزی خاوەن کەپیتاڵی سەرەتایی، کە بوێرن بەکاریبهێنن لە وەبەرهێناندا لە بازرگانی و پیشەسازی سەرەتاییدا.

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە ساڵەکانی ١٥٠٠– ١٨٠٠ زەمینەیەکی لەباری هەبوو بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فرەچەشنەیی و گەشەکردن و بوژاندنەوەی بازرگانی هەرێمی و جیهانی. پێش هەموو شتێک بەهێزی و فراوانی ئەو دەوڵەتانە وایکردبوو، کە لە لایەکەوە چەندین ناوچەی فراوان پێکەوە گرێ بدرێت و لە لایەکی ترەوە لەچاو سەدەکانی پێشوتری ناوچەکەدا ئەو دوو دەوڵەتە هەتا رادەیەک ئەگەرچی بە بەردەوامیش نەبوبێت ئاسایش و ئارامی ناوچە و ڕێگاوبانە بازرگانیەکانیان دەپاراست.

دەوڵەتی عوسمانی بازرگانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپای پێکەوە بەستبوو. ئەو دەوڵەتە تەنها چالاکی بازرگانی لەو شوێنانەدا نەبوو، بەڵکو وجودی سیاسی و سەربازیشی هەبوو. بە تایبەتی لەکاتی بەهێزیدا لە ساڵەکانی ١٥٠٠-١٦٠٠ و هەندێ فەترەی دواتریشدا هاتا رادەیەکی زۆر جموجۆڵی بازرگانی زیادیکردووە و بوژاندنەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی هەندێ پیشەسازی سەرەتایی لێکەوتۆتەوە، کە بۆ بوونی بازاڕێکی گەورە و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکان دەگەڕێتەوە «١٠٦ ل ١٨٩».

لەکاتی دروستبوونی یەک لەدوای یەکی دەوڵەتەکانی ئێرانی سەفەوی و ئەفشار و دواتر قاجار و بەهێزبوونیان بۆ ماوەیەک و باشبوونی ئاسایش و کۆنترۆڵکردنی چەندین ناوچەی گەورە پێکەوە بۆ نمونە ئێران، خۆراسان، بەشێک لە هیندستان، ئەرمینیا و جۆرجیا. هەروەها ئەگەرچی دەوڵەتەکانی ئێران و عوسمانییەکان ململانێی توندوتیژیان لەگەڵ یەک دەکرد، سنوورەکانیان ڕوو بەڕووی یەک دانەخرابوو و زۆربەی کات ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێویاندا هەر بەردەوام بوو.

فراوانی سنووری ئەم دەوڵەتانە چەندین ناوچەی سروشت جیاوازی پێکەوە بەستبۆوە، لە سارد و گەرم، دەشتایی و شاخاوی، ناوچەی دەوڵەمەند بە ئاوی رووبار یان باران، بیابان و لەوەڕگای دەوڵەمەند. ئەمە هەمووی ڕێ خۆشکەر بوو بۆ فرەچەشنی بەرهەمی ناوچەکان و یارمەتیدانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوەند ئەو هەرێمانەدا.

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەو سەردەمەدا لە زۆر شوێنی جیهان پێکەوتە و ڕێگاکانی بۆ بازرگانی گونجاو تر بوو. ناوچەیەک بوو لە نێوان چەندین دەریای گرنگدا، دەریای سپی ناوەڕاست لە رۆژئاوایەوە، کە ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەریقای پێکەوە دەبەستەوە، دەریای رەش لە باکور کە روسیا و ئێران و ئەرمینیا و جۆرجیا و بەڵقان و دەوڵەتی عوسمانی پێکەوە دەبەستەوە. دەریای هیندی کە رۆژهەڵات و باشوری ئاسیای لەگەڵ ئەفریقای بە ناوچەکەوە دەبەستەوە. شانبەسانی ڕێگا ئاوییەکان، گەورەترین و گرنگترین ڕێگا وشکانییە بازرگانیەکانی جیهان بەم ناوچانەدا تێدەپەری.

ئەو کاروانانە لە چین و هیندستانەوە لە ڕێگەی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیەوە و لەوێوە بۆ بەلقان ئەوروپا تێپەری دەکرد. لە باشورەوە عەرەبستان و یەمەن و کەنداوی بە دەوڵەتی عوسمانی و روسیا بەلقانی پێکەوە دەبەستەوە. ڕاستە گرنگی ئەم ڕێگایانە دوای دۆزینەوەی رئس الرجا سالح هەندێ کەمی کرد بەڵام

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەش پێش لێدانی قەناتی سوێس کە دەریای سور و دەریای سپی ناوەراستی پێکەوە بەستەوە، بە شێوەیەکی فراوان کاروانی مەزنیان هەر پێدا رۆیشتووە «٣٠ ل٦».

سەرەڕای ئەمانە گەشەکردنی پیشەسازیی سەرەتایی و بازرگانی ئەوسای ئەورووپا و جیهان ئەگەرچی هەتا دەهات ڕۆڵی هەندێ ولاتی ئەورووپایان بەهێزدەکرد، کاردانەوەی باشی هەبوو لەسەر جموجۆڵی بازرگانی لەسەر وڵات و هەرێمەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەتا ئەو سەدانە شوێنی گرنگی جیهان بوون.

بازرگانی هەرێمی و دووری ئەوسای ناوچەکە ئەگەرچی گرنگ بوو، بەڵام بە پێوانەی ئەمڕۆ هەر زۆر بچووک بوو، هەموو ناوچەکانی ئەو دەوڵەتانەی وەکو یەک نەدەگرتەوە. هەروەها ئەو کەلوپەلانەی کە ئالوگۆڕ کراون و ساغکراونەتەوە گەیشتونەتە ژمارەیەکی زۆر کەمی دانیشتوان و تەنها توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە لە شارەکاندا توانیویانە بەشداری کڕین و فرۆشتنیان بکەن و زۆربەی زۆری دانیشتوان هەر پێیان نەگەیشتووە، یان لەبەر کەم دەرامەتی توانای کڕینی ئەوانەیان نەبووە، زۆربەی لادێکان بەتایبەتی ئەوانەی دووربوون لە ڕێگاوبان و شارە گەورەکانەوە رەنگە تەنها ساڵی جارێک یان دووجار توانای گۆڕانەوەی بەرهەمەکانیان بوبێت بە هەرە پێویستیەکانی ژیانیاندا، کە خۆیان توانای بەرهەمهێنانیان نەبووە.

بۆ زیاتر قوڵبوونەوە لە باسەکە و تێگەیشتنی چەندایەتی و چۆنایەتی بازرگانی لەم ناوچەیەدا وا باشە لێرەدا هەندێ وردەکاری تێدا بکەین. لەدوای ساڵەکانی ١٣٠٠وە جموجۆڵی بازرگانی لە ئەنادۆڵ هەتا دەهات زیادیدەکرد. پێش ئەوەی قوستەنتەنیە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت عوسمانیەوە، شاری بۆرسە، کە بەندەرێکی ئەنادۆڵی بەرامبەر ئەستەنبول بوو، بووە سەنتەر و ڕێگای سەرەکی بازرگانی ئەو دەوڵەتە بچووکە. دوای ئەوەی دەوڵەتەکە کۆنترۆڵی باشوری دەریای رەش و باکوری ئەنادۆڵی هەتا سنوورەکانی ئازربایجان کرد، توانی کۆنترۆڵی بازرگانی ئێران بەتایبەتی ئاوریشمی ئەو وڵاتە بکات و بیبەستێت بە ئەنادۆڵ و بۆرسەوە. دواتر بە گرتنی باشوری ئەنادۆڵ و زاڵبوون بەسەر میرنشینی قرمانی تورکدا و کۆنترۆڵکردنی ئەنتالیا و ئەنالیا لە ساڵەکانی ١٤٦٨دا، دەوڵەتی عوسمانی توانی کۆنترۆلی ڕێگای بازرگانی شام و عەرەبستان بکات. سەقامگیری و ئارامی ئەو ڕێگایانە بووە هۆی بوژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و شاری بورسە بووە سەنتەری بازرگانی لەگەڵ فلۆرێنس و ڤێنەدیگ و زیادبوونی بازرگانی لەگەڵ ئەوروپادا.

ساڵەکانی ١٤٠٠ لەو ناوچانە پیشەسازی سەرەتایی ئاوریشم گەشەیکرد و بەوەش خواست لەسەر ئاوریشمی ئێران زیادیکرد و بازرگانی لەگەڵی پتەوتر بوو. بەزیادبوونی خواست لەسەر ئاوریشم بووە کاڵایەکی بازرگانی گرنگ و هەتا دەهات نرخی بەرز دەبۆوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵی ١٤٨٧ داهاتی گومرگی بازرگانی ئاوریشم بۆ دەوڵەتی عوسمانی گەیشتبووە ٤٠هەزار دۆقی زێڕین، بەڵام دوای دروستبوونی دەوڵەتی سەفەوی و دەستپێکردنی شەڕلە نێوانیاندا ساڵی ١٥٥٧ ئەو داهاتە هاتە خوارەوە بۆ ٢٤هەزار دۆق و دوای ئەوەش بەپێی ئاسایشتی ناوچەکە لە بەرزو نزمدابوو «١٠٦ ل١٨٩».

بەرهەمهێنان و بازرگانی ئاوریشم گرنگی تایبەتی هەبوو بۆ دەوڵەتی سەفەوی و داهاتێکی باشی باج و گومرگی هەبوو، بۆیە شا مۆنۆپۆڵی بەرهەمهێنان و بازرگانی ئاوریشمی خستە ژێر دەستی خۆوە. بۆ کەمکردنەوەی خەرجی ڕێگا و گومرگدان بە عوسمانییەکان هەمیشە هەوڵی دەدا ڕێگای نوێی بۆ هەناردەکردنی ئەو کاڵایە بدۆزێتەوە.

هەتا ساڵی ١٥١٧ شاری حەلەب مونافیسی بازرگانی شاری بۆرسە بوو، ئەو شارە هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا نەبوو، بۆیە سەفەوییەکان هەوڵیان دەدا لەو ڕێگەیەوە ئاوریشم هەناردەی دەرەوە بکەن. بەڵام لەدوای ئەو ساڵەوە لەبەرئەوەی عوسمانییەکان کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان کرد ئێرانیەکان ئەو ڕێگەیەشیان لەدەست چوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕێگەیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەڵام بازرگانی ئێران دوای ئەوەش هەر زیاتر لەڕێگەی وان و بتلیس و دیاربەکرەوە بۆ حەلەب یان بۆرسە بەڕێ دەکەوت «١٠٦ل١٩٦».

عوسمانییەکان، ساڵەکانی ١٥٠٠ ویستیان ناوچەی بەرهەمهێنانی ئاوریشم لە ئازربایجان داگیرکەن و لە دەست سەفەوییەکانی دەرکەن، بەڵام سەری نەگرت بۆیان. بەشێکی تری هەناردەکردنی ئاوریشمی ئێران لە کۆتایی ساڵەکانی ١٥٠٠وە لە ڕێگەی روسیاوە هەنارده دەکرا. هەتا ساڵەکانی ١٦٢٢ بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ڕێگا دەریای هیندی و کەنداو لەلایەن پۆرتوگالییەکانەوە، بازرگانی دەرەوەی ئێران بۆ ئەوروپا هەر لە ڕێگەی دەوڵەتی عوسمانی و روسیاوە بوو بۆیە ئەو بازرگانیە بەهۆی باج و گومرگی زۆر و سەختی و ترس و گرانی ڕێگەوەوە لاواز بوو. بەڵام دوای ئەو ساڵە بەهۆی زاڵبوونی ئینگلتەرا بەسەر پورتوگالیەکاندا و کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕێگەیانە لەلایەن ئینگلتەراوە بەهاریکاریکردنی ئێران، بازرگانی ئاوریشم و کەلوپەلی تری ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەوروپا بەتایبەتی بۆ ئینگلتەرا و هۆڵندا بوژاندنەوەی بەخۆوەبینی «١٥ ل٢٥».

ئەو کاڵایانەی کە بە شێوەی سەرەکی لە دوورەوە هاوردەکراون، بریتی بوون لە قوماش لە ئەوروپاوە، قاوە و شەکر لە هیندی رۆژئاواوە، چەک و تەقەمەنی. هەناردەکردن بە پلەی یەکەم بریتی بووە لە ئاوریشم و لۆکە و خوری. ئەو کاڵایانەی لە ئەنادۆڵەوە هەناردەی سوریا و میسر کراون بریتی بوون لە تەختە، ئاسن، کەلوپەلی ئاسن، فەرش و بەڕە، تلیاک، میوەی وشک و پێستە و قەتران. ئەو کەلوپەلانەی کە ئێران هەناردەی کردووە بریتی بوون لە ئاوریشم، فەرش، مافوری ئاوریشم، جلوبەرگی ئاوریشمی گرانبەها و توتن و فەخفوری. هاوردەکانی ئێران بریتی بووە لە قوماش، بەرهەمی مێتال، چەک و تەقەمەنی،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شوشـه و پەنجـەرە، شـەکر و قاقـەز.
کەلوپەلـی ئاسـیا و باشـور لـە ڕێگـەی دەریـای سـور و کەنـداوەوە هاتـوون، لـە ڕێگـەی بەسـرەوە قومـاش و شـەکر و برنـج و بەهاراتـی هیندسـتان هاتـووە. لـە عەرەبسـتانەوە قـاوە و کەتیـرە و مـۆم و بوخـورد هاتـووە. لـە ئێرانـەوە بـۆ بەغـدا و لەوێشـەوە بـۆ شـوێنەکانی تـر ئاوریشـم، خـوری، پێسـتە، توتـن، فـەرش و بـەرەو میـوە هاتـووە. ئـەوەی لـە بەسـرەوە هەناردەکـراوە بریتـی بـووە لـە خورمـا و ئەسـپی عەرەبـی. لێـرەدا بەسـرە و بەغـدا بوونەتـە سـەنتەری هاوردەکـردن و هەناردنـی کەلوپەلـی لـە نێـوان ئێـران، عەرەبسـتان، کوردسـتان، ئەرمنسـتان و ئەنادۆل و سـوریا. خانەقیـن ڕێگەیەکـی بازرگانـی نێـوان دەوڵەتـی عوسـمانی و ئێـران بـووە «٣٠ ل٥٠».
باشـوری میسـر ڕێگەیەکـی گرنگـی تـری بازرگانـی بـوو. لەبەرئـەوەی هێشـتا قەناتـی سـوێس نەکرابـۆوە، سـاڵانە کاروانـی بازرگانـی ڕێگـەی وشـکانی گـەورە لـە ڕۆژهەڵاتـی سـودانەوە بـەرەو قاهیـرە دەچـوو، کـە بریتـی بـوو لـە پێسـتە و چـەرم و کەتیـرە و ڕۆحـی ئاڵتـون. ئەوانـە دەگۆڕانـەوە بـە بەرهەمـی ئەورووپـی و هیندسـتان. ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی لەگـەڵ باکـوری ئەفریقـا بریتـی بـوو لـە هەنگویـن و کـەرە و تەربـوش و کـەوای مەغربـی و بەرهەمـی خـوری، کـە دەگۆڕدرانـەوە بـە بەهـارات و قـاوەی عەرەبـی و هینـدی ڕۆژئـاوا. هاوردەکـردن بـۆ میسـر لـە ڕێگـەی دەریـای سـوورەوە بریتـی بـوو لـە قـاوەی یەمـەن، کەتیـرە و سـەمغی عەرەبسـتان، بەهاراتـی هیندسـتان و کەلوپەلـی تـری عەرەبسـتان. ئەمانـە دەگۆڕانـەوە بـە دانەوێڵە و قوماشـی میسـری. هەنـدێ لەوانـەی هـاورد دەکـران بـۆ میسـەر لەوێـوە ڕەوانـەی ئەورووپـا و شـام و ئەنـادۆڵ دەکـران «١٠٦ ل٢٠٧».
لـە سـاڵەکانی ١٥٠٠ وە دەوڵەتـی عوسـمانی کۆنتڕۆڵـی بازرگانـی دەریـای ڕەشـی کـرد. لـەو سـاڵانەدا ٧٠ پاپـۆر لـە بەنـدەری کافـا هاتوچـۆی کـردووە. لەوانـە ٦٦ دانـەی عوسـمانی بـوون و ئەوانـی تـر ئیتالـی و یۆنانـی و روسـی بـوون. دەسـتەبژێری ئۆروسـتۆکراتی عوسـمانییەکان خاوەنـی زۆربـەی ئـەو کەشـتیانە بـوون و خۆیـان، یـان لـە ڕێگـەی بازرگانـە گەورەکانـەوە مۆنۆپۆڵـی بازرگانیانـی ئـەو دەریایـە کردبـوو. ئەوانـە داهاتێکـی بـاج و گومرگـی زۆری بـۆ دەوڵەتـی عوسـمانی تێـدا بـوو. هەرچـی لـە بەندەرەکانـی تـری ئـەو دەریایـەوە هاتـووە، نمونـەی ئاوریشـم و خـوری و لۆکـە و دانەوێڵـە و قوماشـی ئاوریشـم و قوماشـی تـاڵ زێـڕ و زیـو و شـەڕاب و هەروەهـا بەرهەمـی پیشەسـازی ماسـی وشـک و کافیـار هاوردکـراوە بـۆ ئەسـتەنبول و لـە بازاڕەکانیـدا سـاغکراونەتەوە. لـە ڕۆژئـاواوە بەرهەمـی بەلقـان لـە گەنـم و جـۆ و هەنگویـن و کـەرە هاوردکـراوە بـۆ ئـەو شـارە. لەسـەدەی شـانزەدا بازرگانـی دەوڵەتـی عوسـمانی لەگـەڵ روسـیا بوژاوەتـەوە و ڕێگەیـان بـە روسـەکاندا بازرگانـی لـە دەریای ڕەشـدا بکـەن، چونکـە هێشـتا ئـەو دەوڵەتـە هێنـدە بەهێـز نەبـووە کـە ببێتـە هەڕەشـە لەسـەریان «١٠٦ل٢٠٠».
بازرگانـی عوسـمانییەکان لەگـەڵ شـارەکانی ئیتالیـا لەسـەرەتای سـاڵەکانی ١٥٠٠وە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیادیکرد. لە ساڵی ١٥٨٠ بازرگانیان لەگەڵ ئینگلتەرا زیادیکرد و ڕێگەیان پێدان لە ڕێگەی بەندەرەکانیانەوە بازرگانی بەهاراتی هیندستان بکەن و بۆ ئاسانکاریکردن بۆیان گومرگیان لە ٥٪ کەم کردۆتەوە بۆ ٣٪ لەکاتێکدا فەرەنسا ٥٪ لێ دەسەنرا. لەبەرئەوەی ئیسپانیا و پورتوگال هەتا ئەوسا کۆنترۆڵی ڕێگەی بازرگانی دەریایی هیندییان دەکرد، دەوڵەتی عوسمانی ئەوانی بە هەڕەشە لەسەر خۆی دادەنا نەکو ئینگلتەرا.

عوسمانییەکان بەهەرزان قوماشیان لە ئینگلتەرا دەکری، هەروەها چونکە ویستویانە لەشکرەکانیان مودێرنەکەن، نیکل و پۆلایان لە ئینگلتەرا دەکری بۆ پیشەسازی چەک و تەقەمەنی. ئینگلتەرا ساڵەکانی ١٦٠٠ بەهەمان شێوە کاری بازرگانی لەگەڵ ئێرانیش دەکرد. عوسمانییەکان و ئێران لە بەرژەوەندیاندا بوو بەرهەمی پیشەسازی ئەوروپیەکان هاوردەبکەن و لە بازاڕەکانیاندا ساغی بکەنەوە، چونکە لەپاڵ ئەوەدا کەرەسەی خاویان پێدەفرۆشتن. سەرەڕای قازانجی زۆر لەو کڕین و فرۆشتنە، داهاتی زۆری باج و گومرگ دەچووە خەزێنەی ئەو دەوڵەتانەوە «هەمان سەرچاوەی پێشوو».

ساڵەکانی ١٥٠٠-١٨٠٠دا لەبەر چەند هۆکارێک هەتا دەهات ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئێران و روسیا پەرەی دەسەند. روسیا دەیویست لە ڕێگەی ڕەوانەکردنی ئاوریشمی ئێران بۆ ئەوروپا کۆنترۆڵی بازرگانی دەرەوەی ئێران بکات. هەروەها بەهۆی ناکۆکی و شەڕی روسیا و عوسمانییەکان لەسەر ناوچەکانی بولقان و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و لەهەمانکاتدا کۆنترلکردنی دەریای ڕەش و ڕێگای دەریای سپی ناوەڕاست لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە «٩٠ ل٢٧١».

روسیا دەیویسیت لە ڕێگەی ئێرانەوە خۆی بگەیەنێتە ڕێگای بازرگانی هیندستان و دەریای هیندی. لەهەمانکاتدا لەبەرئەوەی هەتا سەدەی حەڤدە پورتوگاڵ کۆنترۆڵی ڕێگای دەریای هیندی دەکرد، لە بەرژەوەندی ئینگلتەراشدا بوو ئاوریشمی ئێران لە ڕێگەی روسیاوە بێت.

روسیا بۆ دەرفەت دەگەڕا لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و بازرگانی ئاوریشم و ڕێگەی بازرگانی ئێران بکات. بۆیە لەکاتی تێکشکاندنی دەوڵەتی سەفەوی و دواتر لاوازبوونی ئەفشارەکان پاش ئەوان و داگیرکردنی بەشێکی زۆری ئێران لەلایەن ئەفغانەکانەوە و هەوڵدانی عوسمانییەکان بۆ دەستبەسەراگرتنی هەندێ شوێنی ئێران بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، روسیا دەرفەتی هێنا و ساڵی ١٧٢٢-١٧٢٤ ناوچەکانی بەرهەمهێنانی ئاوریشمی لە کەناری ڕۆژئاوای دەریاچەی قەزوینی داگیرکرد و کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و بازرگانی ئاوریشمی لەو ناوچانەدا کرد. ئەمە سەرەتای گرژی و شەڕوشۆڕی درێژخایانی نێوان ئێران و روسیا بوو. روسیا لە ڕووی ئابوریەوە هێندە توانای ئینگلتەرا و فەرەنسای نەبوو، بەڵام هەمیشە لە ڕێگەی فشاری سیاسی و سەربازیەوە دەیویست کۆنترۆڵی ئێران بکات «١٥ ل١٢».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازرگانی هەرێمی و ئاستی ئاڵوگۆڕکردنی بەند بوو بە دوو فاکتەرەوە. یەکەم فاکتەر جیاوازی بەرهەمی تایبەتی ناوچەکان بوو. نمونەی ئەو بەرهەمانەی بەو هۆیەوە ئاڵوگۆڕ کراون بریتی بوون لە لۆکە، پێستە و خوری، زەیتی زەیتون، سابوونی رەقی، برنج، گەنم، خورماو میوەی وشککراوەی وەکو هەنجیر و گوێز و بادام و کونجی، هەنگوین، فەرش و بەرە و جلوبەرگ و خوێ.

دووەم فاکتەر رووداوی کاتی بوو، نمونەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو روەک و ئاژەڵ، پەتا، شەڕوشۆر، وشکانی و سەرما و روداوی تری سروشتی نەخوازراو. ئاڵوگۆڕ لەو کاتانەدا زیاتر لە بەرهەمە بنچینەییەکانی ژیانی خەڵکدا بوو، نمونەی گەنم و جۆ.

بێجگەلە بازرگانی بەروبومی کشتوکاڵی و پیشەیی، بازرگانیکردن بە کۆیلە کەرتێکی گرنگی تری ئابوری بوو. لە ئەفریقاوە کۆیلە پێسترەشەکانیان هێناوە بۆ ئەنادۆڵ و هەندێ شارە گەورەکان. لە باکورەوە لە رێگەی ئەنادۆڵەوە کۆیلە پێستسپییەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپایان رەوانەی ناوچەکانی باشور کردووە. ئەنتالیا سەنتەری بازرگانی کۆیلە بوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا «٣٠ ل٥٤».

دەوڵەتی ئێران بەتایبەتی لە کاتی شەڕو هێرشەکانیان بۆ سەر جۆرجیا و ئەرمینیا، هەزارەها کۆیلەیان گرت. هەندێکیان لەوانە لە سوپا بەکارهێنراون و ئەوانی تر لە بازاڕەکاندا وەکو کۆیلە و جاریە فرۆشراون.

بەپێی ئەو ئامارانەی هەن، رێژەی بازرگانی ناوخۆی نێوان هەرێمەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا زۆر زیاتر بووە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەموو ناوچەکە لەگەڵ ئەوروپادا.

میسر و شامی گەورە سەرچاوەی داهاتێکی هێجاگار زۆر بووە بۆ ئەنادۆڵ. بێجگە لە داهاتێکی زۆری باج و گومرگ، ساڵی ١٥٣٢ هەرچی پێویستی بەلات هەبوو لە شەکر و بەهارات و داودەرمان و موجەوهەرات و قوماش لەو شوێنانەوە دەهات. ئەم شوێنانە ٣\١ پێداویستەکانی دەوڵەتی عوسمانیان دابیندەکرد. ساڵانە دیاری و خەڵاتی زۆر لە حیجازەوە رووی کردۆتە ئەستەنبول و خەلیفەی موسڵمانان.

بازرگانی میسر لەگەڵ ئەوروپا رێژەیەکی کەمی تەواوی بازرگانی وڵاتەکە بوو لە ساڵی ١٧٧٥دا ئەو کەلوپەلانەی لەو وڵاتەوە هەناردەی سوریا کراوە قیمەتی ٥٠٠-٨٠٠ هەزار پاوەند بووە، بەڵام هەناردنەکردن ئەو وڵاتە بۆ فەرەنسا، کە گەورەترین دۆستی بازرگانی وڵاتەکە بوو لە ئەوروپا، تەنها ١٠٠هەزار پاوەند بوو.

ساڵی ١٧٧٦ تەواوی بازرگانی میسر لەگەڵ ئەوروپا ١٣ملیون فرانک بوو، بەڵام لەگەڵ ئەنادۆڵ ٦٧ملیون فرانک بوو. بە هەمان شێوە بازرگانی ئەنادۆڵ لەگەڵ شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بوو لە بازرگانی لەگەڵ ئەوروپا.

بازرگانی لە دەریای سپی ناوەڕاستدا بە پاپۆری تورکی و یۆنانی و ئەوروپایی کراون. لە سەرەتای ساڵەکانی ١٥٠٠دا دەوڵەتی عوسمانی لە دەریای سپی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەڕاست و ڕەشدا مۆنۆپۆڵی هەبوو لەسەر بازرگانی، بەڵام هەتا دەهات ڕۆڵیان کەمی دەکرد. لە کەنداو بە کەشتی ٦٠ تەنی بەکاردەهات بۆ هەناردەکردنی ئەسپی عەرەبی و خورما. خاوەنی زۆربەی ئەمانە عەرەب بوون. پورتوگال هەتا سەدەی حەڤدە کۆنترۆڵی بازرگانی دەریای هادی و کەنداوی دەکرد، دواتر بازرگانی ئینگلتەرا لەو ڕێگایانەوە لەگەڵ هیندستان و ئێران زیادیکرد.

گواستنەوە لە ناوچەکانی کە روباری تێدا بووە بە بەلەم بوو، لە ڕێگا وشکانیەکان وڵاخ بەکاردەهێنرا. لە میسر لە نێوان ئەسکەندەریە و قاهیرە و باشورەوە لە نیلدا کەشتی بچووک بەکاردەهێنرا. ئەو کەلوپەلانەی کە لە ڕێگەی دەریای سوورەوە دەهات یەکەمجار بە حوشتر گوێزراوەتەوە بۆ نیل و لەوێشەوە بەبەلەم بۆ قاهیرە و ئەسکەندەریە.

لە باشوری عێراق لە ڕێگە کەنداوەوە کەلوپەل بە پاپۆر دەهێنرا بۆ بەسرە و لەوێشەوە بە بەلەم لە ڕێگەی دیجلە و فورات یان بە باری حوشتر بەپێی وەرز ڕەوانەی بەغدا کراوە. لەکاتی بەرزبوونی ئاستی ڕووبارەکاندا توانراوە بەلەمێک ٢٠-٥٠ تەنی لێ باربکرێت. چونکە ئاوی دیجلەوە فورات لە باکورەوە ڕژاوەتە باشورسەفەری بەلەمێک لە بەسرەوە بەرەو بەغدا ٣٠ڕۆژی خایاندووە، بەڵام لە بەغداوە بەرەو بەسرە ٧-٨ ڕۆژی خایاندووە. هەڵبەتە ئەو بەلەمانە ماتۆری بوخاریان نەبووە، بۆیە لەژێر ڕەحمەتی کەشوهەوا و ئاستی بەرزی ئاو و ئاراستەی ئاوەکەدا بوون. لە موسڵەوە بۆ بەغدا لە ڕێگەی دیجلەوە بە کەڵەک کەلوپەلی وەکو پێستە و خوری دەگوازرایەوە، بەڵام لە بەغداوە بۆ موسڵ لەبەر تیژی ئاوەکە ناچار بوون ڕێگەی وشکانی بە باری حوشتر بگرنەبەر، کە چەندین ڕۆژی زیاتری خایاندووە. سەرەڕای ئەو ڕێگەیانە ڕێگەی گرنگی وشکانی هەبووە لە نێوان شام و موسڵ و بەغدا و خانەقین بەرەو ئێران و هیندستان و ڕۆژهەڵات. هەروەها ڕێگەی کاروانی ئاوریشم لە نێوان ئەسفەهان و ئەزمیردا بە کوردستان و ئامەددا تێدەپەری.

کاروانی ڕێگە دوورەکان توانراوە تەنها ساڵی جارێک یان دووجار ڕێکبخرێت، چونکە پێویستی بە ڕێکخستن و ئامادەکاری بووە بۆ پاراستنی ئاسایشتی کاروانەکان.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا ساڵی ٢-٣ کاروان لە نێوان دیمەشق و بەغدا و دوو کاروان لە نێوان حەلەب و موسڵ و هەروەها دوو کاروان لە نێوان ئێران و بەغدا لە ڕێگەی خانەقینەوە ڕێکخراوە. هەر کاروانێک لە چەند هەزار حوشتر پێکهاتووە کە بە تێکرا ١٥٠٠حوشتر بوون، لەوانە هەر یەکەیان ١\٥ مەسافەکە بارکراون. حوشترێک توانای بارکردنی ٥٠٠-٧٠٠ کیلۆی هەبووە، کە بەرانبەری پێنج ئەسپ یان ئێسترە. بەهای کاروانێک ١٠-١١ملیۆن فرانک بووە. زۆر خاو بەڕێوە چووە و لە باشترین حاڵەتدا ڕۆژی ٢٥میلیان بڕیوە.

سەفەری نێوان بەغدا و حەلەب ٢٥-٣٠ڕۆژی خایاندووە، حەلەب و ئامەد ٤٥ڕۆژ،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەلەب و ئەستەنبول ٤٠رۆژ. بۆ پاراستنی ئاسایشتی ڕێگە چەکداری دەوڵەتیان لەگەڵ بووە، کە مەسرەف و بەرتیلیان کەوتۆتە ئەستۆی بازرگانەکان. سەرەڕای ئەوە بازرگانەکان بەرتیل و دیارییان داوە بە هەندێ خێڵ بۆئەوەی کاروانەکانیان لە چەتە و تاڵانی خێڵەکانی تر بپارێزن. لەسەدەی حەڤدەدا لە نێوان ئەسفەهان و ئەزمیردا، نرخی گواستنەوەی باری حوشترێک گەیشتۆتە ٤٦قرش، بەڵام سەرەڕای ئەوە ١٢٢ قرشیان بە بەرتیل داوە بە خێڵەکان و هەروەها کە گەیشتونەتە ئەزمیر ٤٦ قورشی تریان لێ سەندوون. کاروانی حەجاجەکانی نێوان باکوری ئەفریقا و مەککە هەروەها شام و مەککە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە بازرگانیدا، هەم حەج و هەم توجارەت. ساڵی ١٨٢٠ نزیکەی ١٥هەزار حوشتر بەشداریان کردووە و لە چەندین شوێنی ڕێگاکە بازرگانەکان شتومەکیان ئاڵوگۆڕکردووە.

بازرگانی ڕێگای کورت بەهۆی خراپی ئاسایشتەوە ترسناکتر بووە لە ڕێی دووری بازرگانی. هەتا مەسافە کورتر بوایە، قەبارەی بازرگانی کەمتری دەکرد و خەرجی ڕێگاوبان گرانتر دەکەوت. خەرجی باری حوشترێک لە کاروانێکی بچووکی نێوان دیمەشق و لازقیە سێ هێندەی نێوان بەغدا و دیمەشق بوو. بازرگانەکانی ئەوسا لە لێقەومان و تاڵانیدا کەس فریایان نەدەکەوت و قەرەبوو نەدەکران و جاری واهەبووە ڕو بەڕووی نابوتبوون دەبوونەوە «٣٠ ل٥٠».

بێگومان جیاوازی تۆپۆگرافی و دوور و نزیکی لە کەنار دەریا و روبارەکان و ڕێگا بازرگانی و شارە گەورەکانەوە کاردانەوەی هەبوو لەسەر جموجۆڵی بازرگانی و بوژاندنەوەی ئابوری. بۆیە ناوچەکانی کەنار دەریای رۆژئاوای ئەنادۆڵ، دەریای رەش، دەریای سپی ناوەڕاست، دەریای سوور و هیندی، کەنداو و هەروەها کەنار روبارە گەورەکانی وەکو نیل و دیجلە و فورات و شارە بازرگانیەکانی ناوەوەی وەکو موسڵ و بەغدا و تەورێز و ئەسفەهان و تاران و ئامێد، جموجۆڵی بازرگانی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەیی تیایاندا زیاتر و هەمە چەشنتر بووە. لە بەندەری سەر دەریاکانەوە دوورە بازرگانی کراوە، هەروەها هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە کە قەناتی سوێس دروستکرا بەشێکی زۆر بازرگانی نێوان ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها ئاسیا و ئەوروپا لەڕێگە وشکانیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە کراوە. بە پێچەوانەوە ناوچە دوورەکان لەو شوێنانەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گەشەکردنی بەرهەمهێنان تیایاندا سستتر و سنووردارتر بووە، بەزەحمەت بەروبوومیان هەناردە دەکرا و بازاڕەکانیان بچووک تر و داخراوتر بوون. کوردستان سەرەڕای دووری لە کەنار دەریا و نەبوونی ڕووباری گەورە تیایدا، تۆپۆگرافی وڵاتەکە بەهۆی شاخ و داخی سەخت و ڕێگەی خراپەوە بەزەحمەت ئاڵوگۆڕ لە نێوان هەرێمەکانی و هەرێمەکانی تری ناوچەکە و دەرەوە کراوە و سەرەڕای ئەوە بەهۆی ئەوەی جێگەی خۆحەشاردانی چەتە و ڕێگر و هەندێ خێڵی تاڵانکەر بوو زەحمەت بوو کۆنترۆڵی ئاسایشتی ڕێگاکانی بکرێت «١٠٦ ل٢٢٥».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازرگانییە جیاوازەکان لە ڕێگەی بازرگان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە بەرێوە دەچوو. بەپێی ئەوە ئەوانەی خەریک بوون بە بازرگانی ناوخۆی ناوچەکان و بازرگانی هەرێمایەتی و دوورە بازرگانیدا لەیەک جیاواز بوون و ڕۆڵی جیاوازیان هەبووە و هەر توێژە زەمینە و مەرجی کارکردنی تایبەتی هەبووە.

بازرگانی ناوخۆی ناوچەکان، کە بریتی بووە لە شارەکان و دەورووپشتیان، وەکو لەسەرەوە باسمانکرد ئەوانەی بە پلەی یەکەم کۆنترۆڵ و سەرپەرشتی بازرگانی و کاری داراییەوە کردووە هەندێ توێژی فیودالی خێڵەکی لە باج کۆکەرەوکان و ئەوانەی تەسەروفیان بە زەویوزاری لادێوە کردووە یان سەرەک خێڵ و موڵکدارەکان بوون، کە لەشارەکاندا دانیشتوون. ئەمانە یان خۆیان لە ڕێگەی پیاوەکانیانەوە ئەو کارانەیان کردووە، یان بە شەریکایەتی لەگەڵ هەندێ بازرگانی بچووکی ئەو شارانەوە پێی هەستاون.

ئەو بازرگانانەی بازرگانیی هەرێمییان کردووە، بازرگانی لەنێوان هەرێم و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، خەڵکانی شارەزا و بەتوانا تر بوون و خاوەن تاقیکردنەوەی زیاتر بوون، چونکە ئەم جۆرە بازرگانیە پێویستی بە ڕێکخستن و بوونی پەیوەندی باش لەگەڵ ناوچەکانی تر و شارەزایی ڕێگاوبان و پەیوەندی باش لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سیاسی و سەربازی فیودالی خێڵەکی و خێڵەکان و کاروانچییەکان کردووە و لەسەرووی هەموو شتێکەوە پێویستی بە کەپیتاڵی گەورە کردووە.

زۆربەی ئەوانەی ئەم جۆرە بازرگانییەیان کردووە، کەمایەتییە ناموسڵمانەکان بوون لە ئەرمەنی و کلدان و سریانی و جولەکە و یونانی. لە پاڵ ئەوانەدا هەندێ بازرگانی موسڵمان بەشداریانکردووە، بەتایبەتی ئەوانەی بازرگانی ناوچە و شارە بچووکەکانیان بەستۆتەوە بە شارە گەورەکانەوە. بازرگانە ئەرمەنەکان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە بازرگانی نێوان بەغدا و موسڵ و حەلەب و دیمەشق ئەسفەهان و تاراندا و لەوێشەوە بۆ هیندستان، بەڵام بازرگانە تورکەکان زیاتر ڕۆڵیان لە بازرگانی دەریای ڕەش و ئەنادۆڵ بەهێز بووە. ڕەنگە هۆکاری ئەوەی ئەو کەمایەتیانە ڕۆڵی سەرەکیان بینیوە لەم کەرتەدا بۆ نەریت و ڕۆڵ و مێژووی کۆنی ناوچەکە بگەڕێتەوە، هەروەها نەرمی ئایینەکانیان لە کاروباری قەرزدان و فینانسا لەچاو ئایینی ئیسلامدا «**٣٣** ل**٦٩**».

لەگەڵ ئەوەی ئەم توێژە بازرگان و پێکهاتەیە ئەرکی ڕێکخستنی کاروان و پەیداکردنی کەپیتاڵ و کڕین و فرۆشتنیان و ڕووبەڕووبوونەوەی تاڵانکردن و جەردە و چەتەیان لەسەر بوو، بەڵام هەمیشە بەپلەی جیاواز لە ژێر کۆنترۆڵی توێژەکانی فیودالی خێڵەکی دەست ڕۆیشتوودا بوون، نمونەی باج کۆکەرەوە گەورەکان، خاوەن موڵکە گەورەکان و دەسەڵاتدارانی سیاسی و سەربازی دەوڵەت. ئەم توێژانە یان لە ژێرەوە خۆیانکردووە بە شەریکی قازانج لەگەڵیاندا، یان لەڕێگەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرانە و بەرتیل و هەرەشەوە بەشێکی زۆری داهاتەکانیان لێسەندوون.

چونکە زۆربەی ئەمانە ناموسڵمان بوون، دەسەڵاتی ئایینیش دژایەتی کردون و پشتگیری دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئیسلامیان کردووە و گەورەکانیان بەناوی دیاری و خێرەوە بەشێک لە داهاتی بازرگانە بەرکەوتووە. ئەم بازرگانانە لەگەڵ ئەوی لەچاو مسکێن و جوتیار و کاسپکار و پیشەیی بچووکدا پێگەی کۆمەڵایەتیان بەرزتر بووە، بەڵام هەر بەشێک بوون لە رەعیەت و هیچ مافی بەشداریکردنیان پێنەدراوە لە بڕیارەکاندا و کاروباریان تەنها لە ڕێگەی شەریکایەتی پێکردن و بەرتیل و سەرانەوە بەڕێوەچووە. ئەوەی گوێرایەڵی دەسەڵاتداران نەبوبێت و وەلای بۆیان نەبوبێت زۆر بە ئاسانی هەرچییەکی هەبووە لێیان سەندووە یان پارێزگاری کاروانەکانیان نەکردون یان لە ڕێگەی چەند چەتە و خێڵێکەوە کاروانەکانیان تاڵان کردوون.

دوورە بازرگانی لە بازرگانی چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی گرانبەهای وەکو ئاوریشم و زێڕ و زیو و کۆیلە و هاوردەکردنی کەلوپەلی دەرەکی، بە پلەی یەکەم مۆنۆپۆڵی ئۆروستۆکراتی فیودالی خێڵەکی دەسەڵاتداری دەوڵەتەکان بوو و لە سەرووهەموویانەوە شا\سوڵتان و کۆشک و شازادەکان. سەپەرشتیکردن و بڕیاردان و رێکخستنی ئەم چالاکیانە بەدەستی ئەوانە بوو، چالاکترین و شارەزاترین بازرگانی ناوچەکانیان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە. لەم کەرتە بازرگانیەشدا کەمایەتە نا موسڵمانەکان دەوری گرنگیان بینیوە، چونکە سەرەڕای شارەزایی بازرگانی زمانزانبوون و بە ئاسانتر لەگەڵ ئەوروپییەکان پەیوەندییان بەستووە. بەشێک لە بازرگانی تورک لە ناوچەی ئەنادۆڵدا بەهۆی پشتگیری دەسەڵاتدارانەوە بوونە بازرگانی گەورە و ڕۆڵی گرنگیان بینیوە «**١٠٦** ل **٢٥١**».

لە ئێرانیش ئەو کەمایەتیانە رۆڵیان هەبوو لە کاروباری دوورە بازرگانیدا. لەمیسر بەهۆی سروشتی بەهێزی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە، پیاوانی نزیک دەسەڵاتدارانی سیاسی و سەربازی مۆنۆپۆڵی بازرگانیان کردووە و بەتەواوەتی کۆنترۆڵی بازرگانە گەورەکانیان کردووە «**٢٥** ل**١٦٩**».

بازرگانە ئەوروپییەکان زیاتر لە بەندەر و شارە گەورەکان کاریانکردووە نیشتەجێبوون. بەهۆی نا ئارامی و نا سەقامگیری و ترسی پەتاوە زۆر تێکەڵاوی کۆمەڵگە نەبوون و لە شوێن و ناوچەی تایبەتیدا نیشتەجێبوون. لەگەڵ ئەوەی کۆمپانیای بەهێزی خۆیان لەپشت بووە، بەڵام زۆرجار ڕوو بەڕووی ئازار و ئەشکەنجەی دەسەڵاتداران یان بازرگان و گروپە موسڵمانەکان بوونەتەوە. لەبەرئەوەی زمانیان باش نەزانیوە و لە نەریتی ناوچەکان شارەزا نەبوون، لە ڕێگەی بازرگانییە خۆماڵیەکانەوە یان دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدارەوە کاروباری بازرگانیان بەرێوە بردووە.

پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کە هەر لەکۆنەوە ڕۆڵی هەبوو لە بازرگانی هەرێمیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خێڵە کۆچەرەکان بوون، نمونەی ڕەوەند و تورکمان و بەدو. ئەمانە هەندێ لە بەرهەماکانیان لەگەڵ دانیشتووەکانی گوندەکاندا بە گەنم و جۆ و بەرهەمی تری کشتوکاڵی گۆڕیوەتەوە. لەگەڵ شارەکاندا بەرهەمی خوری و پێستە و کەرە و ڕۆن و ئاژەڵیان بە بەرهەمی پیشەیی و چەک و پێداویستی تر گۆڕیەوەتەوە. سەرەڕای ئەمانە کۆچەرەکان کە خاوەن وڵاخ بوون ، نمونەی حوشتر و ئێستر و ئەسپ و گوێدرێژ، کاری کاروانچێتیان کردووە لە بارکردن و گواستنەوە و پارێزگاریکردنی قافڵە بازرگانییەکان لە چەتە و ڕێگر. چونکە کۆچەر گەڕۆک بوون و جاری وا هەبووە هەندێکیان بەسەر چەن هەرێمیەکیدا تێپەڕیون بۆ ساغکردنەوەی ئاژەڵ. هەندێجار کاری بازرگانییان بەکلوپەلی ترەوە کردووە، بردنی بەروبوومی ناوچەیەک بۆ ناوچەکانی تر. هەڵبەتە ئەمانە ویستویانە کەمترین باج و گومرگ بدەن و خۆیان لە باج وسەرانەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و ڕێگر و چەتە بپارێزن، بۆیە هەر لە مێژووی کۆنەوە هەندێکیان ڕۆڵیان لە قاچاغچێتیدا و شارەزایی چاکیان لە ڕێگەوبان و فێڵی بازرگانی پەیدا کردووە کە بۆتە هۆی گرژی و تێک وەردان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتدا هەبووە.

ئەو پێکهاتەیەی کە توانیبێتی سنووری هەرێمەکان و دوو دەوڵەتەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بشکێنێت و بازرگانی بە ئاژەڵ و کەلوپەل لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر بکەن و کاروانە بازرگانییەکان بەڕێوەبەرن و بیپارێزن یان تاڵانیان بکەن ئەمانە بوون. دیارە بە ئاسانکردنی کاری ئەمانەوە و کەمبوونەوەی مۆنۆپۆڵی دەوڵەت و لاوازبوونی توێژە فیوداڵە خێڵەکیە دەسەڵاتدارەکان، دەکرا ئەمانە ڕۆڵی گرنگ ببینن لە گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گرێدانی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێکەوە «**١٠٦ ل٢٢٥\ ٣٠ ل٤٤**» .

هەڵبەتە سەرەڕای ئەم گرفتە تایبەتییانەی ڕووبەڕووی بازرگانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەبۆوە، هەر وەکو ئەوروپای کۆن بازرگانەکان باج و گومرگێکی زۆریان لێدەسەندرا. بە بەراورد لەگەڵ کۆنی ئەوروپا ڕەنگە باج و گومرگ لەسەر بازرگانەکان گرفتی هەرە گەورە نەبووبێت، بەڵکو بەشەریکایەتی کردنی توێژێک لە فیوداڵی خێڵەکی و ئۆروستۆکراتی دەوڵەت و پێدانی سەرانە و بەرتیلی زۆر بەوانە و دەسەڵاتدارانی سیاسی و سەربازی دەوڵەت گەورەترین گرفتی ئابوری بوو ێت لە ڕێگەیاندا.

ئەم فاکتەرانە شارە بازرگانیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لە ژێر چنگی چینوتوێژەکانی فیوداڵی خێڵەکی و دەوڵەتدا هێشتەوە. ئەوانە مۆنۆپۆڵی بازرگانی و لغاوی بازرگانەکانیان دەکرد و ڕێگەیان بە گەشەکردن و بەهێزکردنیان نەدەدا. لاوزی بازرگانەکان و ناسەربەخۆیان و بردنی بەشێکی زۆری کەپیتالەکانیان لەلایان توێژرەکانی فیوداڵی خێڵەکیەوە و لاوزی کەپیتاڵی سەرەتایی و ترس لە وەبەرهێنانکردنی کەپیتاڵ لە پیشەسازی سەرەتاییدا، بووە هۆکارێکی گرنگ بۆ دروستنەبوونی چین و توێژی کرێکاری و فەرماندە و شارەزای پیشەیی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خزمەتگوزاری ئازادی نوێ و بەهێزبوونیان، لەهەمانکاتدا بەهێزبونی کاروباری فینانس و بانکەوانی کە ئاسانکاری دروست بکات بۆ وەبەرهێنانکردن و ئاڵوگۆڕی بازرگانی. ئەم فاکتەرانە چینوتوێژە نوێیەکانی بە لاوازی هێشتەوە و نەیانتوانی رۆڵی کاریگەر ببینن لە گەشەکردنی ئابوریدا.

لە تەک نەبوونی دەرفەتی بەشداریکردنی چینوتوێژە نوێیەکان لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا لە رێگەی پەرلەمانێکی ساوایان شورەیەکەوە، هێندەی تر رێگربوو لە گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتایی بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە رۆژئاوای ئەوروپا روویدا.

لەبەر ئەم فاکتەرە بنچینەیی و خاسڵەتە تایبەتیانەی سیستمی بەڕێوەبردنی فیودالی خێڵەکی رۆژهەڵاتی ناوڕاست لە سەدەکانی پێش سەدەی نۆزدەدا، پێش بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان بۆ ناوچەکە، خۆبەخۆ دەرفەتی شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست نەبوو. ئەم فاکتەرە ناوخۆیانە هۆکاری سەرەکین بۆ پاشەکشێکردنی ناوچەکە و شکستهێنانی دەوڵەتەکانی.

دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی یەک لەدوای یەکی ئێران بۆ ماوەی چەندین سەدە بەهۆی ئەو فاکتەرانەی لەم بەندەدا باسمانکرد توانیان بەردەوامبن. لە دوای ساڵەکانی ١٧٥٠ هەردوو دەوڵەتەکە بەتەواوەتی بەرەو شکستهێنانی تەوا و دارمان دەرۆیشتن. لەو سەردەمەدا ئەگەر خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تەنها بوایە لە جیهاندا، رەنگە ئەو دەوڵەتانەش هەر وەکو ئیمپراتۆریەتی رۆما دارمانایە و ناوچەکە دابەشبووایە بەسەر چەندین دەوڵەتی لاوازدا و لە دوای چەند سەدەیەک گۆڕانکاری شێوازی رۆژئاوای ئەوروپا تیایدا ڕووی بدایە.

لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا باری ئابوری و سیاسی و ئاستی گەشەکردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ١٢٠٠ساڵ پێشتر، ئەو کاتەی دەوڵەتی ساسانی شکستی هێنا باشتر نەبوو. دەوڵەتی ئەفشاری ئێران لە کۆتایی ساڵەکانی ١٧٧٠دا دارماو خێڵێکی تورکی بەهێزی تر بەناوی قەجارەوە جێگەی گرتەوەو ئەویش هەر لەسەرەتاوە رووبەڕووی قەیرانی سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتی مەزن بۆو.

وەکو چۆن لە کۆندا چەندین فاکتەر بووە هۆی تەمەندرێژی و بەردەوامبوونی سیستمی فیودالی خێڵەکی، لە سەرەتای ساڵەکانی ١٨٠٠دا فاکتەرێکی نوێ هاتەکایەوە، کە بووە هۆی مانەوە و تەمەن درێژبوونی ئەو دوو دەوڵەتە بۆ زیاتر لە سەدەیەکی تر و دواتر دارمانی تەواویان لە کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەمدا. ئەو فاکتەرە نوێیەش بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان بوو بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە باسی بەندی پێنجهەمی کتێبەکەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەندی چوارەم

# بۆچی بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم کاردانەوەی جیاوازی لەسەر شوێنەکانی جیهان هەبوو؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرهەڵدان و جێگیربوون و بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم، پرۆسەیەکی درێژخایەنی دژواربوو. خاسڵەتی تایبەتی ئەم سیستەمە، دینامیکییەت و توانای خوڵقاندن و نوێکردنەوە و بڵاوبوونەوەی بەردەوام بوو. هێزی بزوێنەر تیایدا بۆ بوونی چینوتوێژ و هێزی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی جیاواز لەسەر ئاستی وڵات و ناوچە و جیهانێکی پێکەوە گرێدراو دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە لە ململانێ و زۆرانبازیدان. ئەم پرۆسەیە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم سیستەمەوە دەستیپێکرد و هەتا ئێستاش بەردەوامە. ئەگەر چی کتێبەکە زیاتر لێکۆڵینەوەی رووداوەکانی پێش ساڵەکانی (١٩٢٥)ە، بەڵام بۆ تێگەیشتنی خاسڵەتی سیستەمەکە و کاردانەوەی لەسەر جیهان، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی چاوێک بەسەرهەندێ لە گۆڕانکاریەکانی دوای ئەو ساڵانەش بخشێنین.

جێگیربوونی بە چەند هەنگاوێکدا تێپەڕی، نیوەی یەکەمی سەدەکانی ناوەڕاست ٥٠٠–١٠٠٠(ز. ) قۆناغی چاندنی تۆوی سیستەمەکە و بوژاندنەوەی شارە بازرگانییەکان بوو. ساڵەکانی ١٠٠٠–١٥٠٠ قۆناغی گەشەکردنی بازرگانی دوور و بەهێزبوونی شارە بازرگانییەکان و سەرەتاکانی تێکشکاندنی بنەماکانی فیودالیزم بوو، هەروەها گەشەکردن و بەرفراوانبوونی پیشەسازیی سەرەتایی و بەهێزبوونی کەپیتالی سەرەتایی و کاروباری فینانس و بانکەوانی سەرەتایی و لەهەمانکاتدا بەهێزبوونی چینوتوێژی نوێ و زیادبوونی رۆڵیان لە چاکسازییە سیاسی و یاساییەکاندا. ساڵەکانی ١٥٠٠–١٨٠٠ قۆناغی گەشەکردن و جێگیربوونی سیستەمەکە بوو، کە بووە هۆی شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی لە ئینگلتەرا و دواتر شۆڕشی فەرەنسا و بڵاوبوونەوەی لە رۆژئاوای ئەورووپادا. لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا کەپیتالیزم پاشماوەکانی فیودالیزمی لە رۆژئاوای ئەورووپا تێکشکاند و وەکو سیستەمێکی نوێ جێگیربوو.

لە سەرەتای ساڵەکانی ١٨٠٠ دا، سەرمایەداری هێندە هێزی پەیداکرد، کە بتوانێ بەشێوەیەکی سەرۆکی پەل بدات بۆ شوێنەکانی تری جیهان. ئەمە سەرەتای ململانێیەکی درێژخایەن بوو لە نێوان سیستەمێکی نوێ و هەموو سیستەمە کۆنەکانی تری بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری لە جیهاندا. ئەمە قۆناغی هەوڵدانی بەستنەوەی هەموو قوژبنێکی جیهان بوو بەیەکەوە، لە بازاڕیکی هاوبەشدا، قۆناغی ململانێ و شەڕوشۆڕی بەردەوام بوو، بۆ تێکشکاندنی هەموو کۆسپێک، کە رێگری لەو گۆڕانکارییانە دەکرد.

سەرەتاکانی١٨٠٠ ، گەشەکردنی پیشەسازی لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەورووپای رۆژئاوا، ئینگلتەرا، فەرەنسا، هۆڵندا، سکەندناڤیس و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا.. بە ئاستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیاواز کەوتە جۆش و خرۆش. ململانێ و بۆربۆرێن هەتا دەهات لە نێوانیاندا چڕدەبوو. ئەو ململانێیە لە لایەکەوە گرژی و شەڕوشۆڕی دروست کرد و لە لایەکی ترەوە بووە فاکتەرێک بۆ نوێکردنەوە و گەشەکردنی تەکنیک و شێوازی نوێی بەرهەمهێنان و زانستی و خستە جۆش و خرۆشی جموجۆڵی ئابوری .

سەرمایەداریی کەوتە بڵاوبونەوە بۆ هەموو قوژبنێکی جیهان، لە قاپی زۆربەی دەوڵەت و میللەت و شار و گوندێکیدا و ڕێگەی بۆ بەئاگاهێنانەوەیان لە خەونی هەزار ساڵە و بەشداری پێکردنیان لە گۆڕانکاری خۆشکرد. سەرەتای سەردەمێکی نوێ دەستپێکرد، کە پێشتر جیهان بەخۆیەوە نەیبینیبوو. وەکو چۆن تەکنیک و شێوەی بەرهەمهێنان و کاڵا و پێویستی نوێ تا دەهات فرەچەشنتر دەبوو و زیادی دەکرد و بە خێرایی گۆڕانی بەخۆوە دەبینی، بە هەمان شێوە، ئەم سیستمە نوێیە هەتا دەهات خێراتر گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بەرپادەکرد. ئەم پرۆسەیە، لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کەوتە قۆناغێکی نوێوە، ئەویش زاڵبوون بوو بەسەر هەموو سیستمەکانی تری جیهاندا و بەستنەوەی زۆربەی بەشەکانی جیهان بەخۆیەوە و کۆنترۆڵکردنیان. ئەمە زیاتر لە هەزار ساڵ ململانێی بەخۆوە بینیوە و هەتا ئێستا بەردەوامە. ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین، لەلایەکەوە بەرفراوانبوون و بەهێزبوون و جیهانگیریی(گلۆبالیزم) کەپیتالیزمە، لەلایەکی ترەوە پێداویستی بەردەوامە بۆ نوێکردنەوە و چاکسازی نوێ و کەمکرنەوەی نایەکسانی لە رووی سیاسی و ئابوریەوە، لەسەر ئاستی میللەت و دەوڵەت و ناوچە و هەموو جیهان. ئەمە سەرلەنوێ کەپیتالیزمی لە جیهاندا خستۆتە بارێک و قۆناغێکی نوێوە.

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، لە پاڵ داڕمانی یەکێتی سۆڤێت و بلۆکی سۆسیالیزمی رۆژهەڵاتی ئەوروپا و دەستپێکردنی چاکسازی ئابوری لە چین و بەستنەوەی تەواوی ئەو وڵاتانە بە کەپیتالیزمی جیهان و بوونیان بە بەشێکی کاریگەر لە سیستمەکە، لە پێناوی جیهانێکی کراوەتر و یەکسان تردا، پێویستی باڵانسێکی نوێ لە جیهاندا دروستبوو. ئەمە پێویستییەکی مێژوویییە و بێ چاکسازی لەسەر ئاستی هەموو جیهان، گرژی زیاددەبێت و پێش هەموو شتێک کەپیتالیزم خۆی ئینجا هەموو جیهان لەگەڵ خۆیدا رووبەڕووی داڕماندەکاتەوە.

لە بڵاوبونەوەی کەپیتالیزمدا، دوو بەرە رۆڵی سەرۆکیان بینیوە و هەردووکیان کاردانەوەیان لەسەر دەرئەنجامی ئەو پرۆسەیە هەبووە. یەکەمیان سروشت و خاسڵەتەکانی کەپیتالیزمە. دووەمیان سروشت و خاسڵەتی شوێنە جیاوازەکانی جیهانە، کە کەپیتالیزم رووی تێکردوون. ( لەم بەندەدا هەوڵ دەدەین لەم باسە بکۆڵینەوە).

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەڕەشە، یان بواری گەشەکردن

پرسیارێکی گرنگ کە لێرەدا قوت دەبێتەوە ئەوەیە، ئایا درووستبوون و گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم لە جیهاندا، هەڕەشەیە لەسەر مرۆڤایەتی و رێگرە لە گەشەکردنی وڵات و میللەتانی جیهان و دەبێت بەرهەڵستی بکرێت، یاخود پێویستیی مێژوویی و دەرفەتێکە، کە دەکرێ وڵاتان و میللەتانی جیهان سوودی لێوەرگرن.
سەرهەڵدان و بەهێزبوونی کەپیتالیزم، بەهۆی ئەو زەمینە و فاکتەرانەی کە لە بەندی دووەمدا باسمانکرد، شتێکی رێکەوتوو و سەیر نەبوو، کە پێش شوێنەکانی تری جیهان لە ئەوروپای رۆژئاوا روویدا. بەڵام ئەگەر بۆ یەکەمجار لەوێش رووی نەدایە، بێگومان ئەو پرۆسەیە لە کاتێکی گونجاودا لە بەشێکی تری جیهان هەر رووی دەدا. ئیتر ئەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان هندستان یان چین بووایە. هەروەها بڵاوبوونەوەی ئەو سیستمە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنەکانی تری جیهان، ئەگەر یەکەمجار لە ئەوروپاشەوە نەبووایە، هەمان کاردانەوەی بەسەر شوێنەکانی تری جیهاندا دەبوو. ئەگەر ئەو سیستمە یەکەمجار لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەری هەڵدایە و پلی بدایە بۆ شوێنەکانی تر، نەهێندە لەوەی ئەوروپا توندوتیژتر دەبوو، نەڕووبەری شوێنەکانی تری جیهان نەرمتر و دیموکراتی تر دەبوو.
کەپیتالیزم و کە پیتالیستەکان، رەنگە لە سەرەتای دروستبوون و گەشەکردنیاندا پێناسێکی نەتەوەییان هەبووبێت و بەرژەوەندیی کۆمپانیا و ئەکتەرەکانی بەسترابێت بە وڵاتێک، یان نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵام ئەوەی دواتر روویدا و ئەمڕۆکە دەیبینین، ئەو سیستمە هەتا دێت خێراتر رووخساری نەتەوایەتی وندەکات و سنووری وڵاتەکان دەشکێنێت و رۆڵێکی جیهانگیری (گلۆباڵیزم) دەبینێت.
پرۆسەی بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم، خاسڵەت و سروشتی تایبەتی خۆی هەبوو، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین وەک خۆی سەیری بکەین و لەسەری بدوێین، نەوەک لەسەر روانگەی ئێستای خۆمان، یان خواستمان لەسەر ئەوەی چۆن دەبووایە بەڕێوە برۆیشتایە. چونکە گۆڕانکاری و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بە پێی فاکتەر و زەمینە و یاسای خۆی بەڕێوە دەڕوا و رۆڵی تاک و گروپ تیایدا تەنها هەوڵدانە بۆ خێرایی پێدان و ئاسانکاری و چاکسازیکردن تیایدا، یان درووستکردنی کۆسپ و رێگە لێگرتن لێی بۆماوەیەک. لەو پرۆسەیەدا چەند خاڵێک هەیە، کە روانگەی جیاواز لەسەریان هەیە، لێرەدا هەوڵ دەدەین شیانبکەینەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تێکشکاندنی کۆسپەکانی بەردەم گەشەکردن

وەک لە بەشی دووهەمدا باسمانکرد، دروستبوون و گەشەکردنی کەپیتالیزم، دوو لایەنی هەبوو. لە لایەکەوە دروستبوونی سیستمێکی نوێی بەرهەمهێنان و چینوتوێژی نوێ بوو، کە شێوازێکی حوکمرانی جیاوازی هەبوو بە بەراورد لەگەڵ فیودالیزمدا. ئەم لایەنە قاپی بۆ گۆڕانکاری گەورە و دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر کردەوە. لایەنی دووەمی لەوەدا بوو، کە ئەو پرۆسەیە بە ئاسانی و خێرا بەڕێوە نەڕۆیشت، بەڵکو درێژخایەن و دژواربوو، بەشی هەرە زۆری پێکهاتە و چینوتوێژی کۆمەڵگە کۆنەکە لەسەرەتادا لەگەڵیا نەبوون و خۆیان بە زەرەرمەند دەزانی تیایدا.
فیودال و پاشا و دەسەلاتداران و پیاوانی دەسەلاتی ئاینی، دژی ئەو پرۆسەیە بوون و خۆیان بە زوڵملێکراو دەزانی. بەشێکی زۆر لە پیشەییەکان بووژاندنەوەی بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتاییان بە دژی خۆیان دەزانی و تیایدا زەرەرمەند بوون. زۆربەی مسکێن و جوتیارە بچوکەکان، کە بە درێژایی سەدان و هەزاران ساڵ لە زەمینە و کۆمەڵگە و گوندە بچوکەکانی خۆیاندا دەژیان، گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازی لەو کۆمەڵگە قفڵدراوە دەریکردن و خستنیە ژیانێکی جیاوازەوە، کە بەلایانەوە غەریب و ناسەقامگیر بوو. لەدوای شۆڕشی پیشەسازی و گەشەکردنی تەکنیک و شێوازی نوێی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی نوێ، چیتر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی وەکو جاران پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر جوتیار نەدەکرد، زۆربەی جوتیارە بچوکەکان لە ململانێیەکاندا بەرگەیان نەدەگرت. بۆیە بەشێکی زۆریان لە زەویوزاریان هەڵتەکێنران و کەوتنە شارەکانەوە و حەوداڵی دۆزینەوەی کاربوون بۆ پەیداکردنی قووتی رۆژانەیان. لەوەدا بە ملیۆنەها جوتیار و خەڵکی تری ئەورووپا ناچاربوون وڵاتەکانیان بەجێبهێڵن و کۆچ بۆ جیهانی نوێ بکەن، بۆ گەڕان بەشوێن ژیانێکی باشتر و بەختەوەتردا. ئەگەر سەیری ئەوکاتە بکەین، کە ئەم دیاردانە تیایدا روویاندا، بە قورس و پڕ ئەشکەنجە دەبینرێن، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەگەر دووربینانە لێیبکۆڵینەوە، لەگەڵ ژان و ئازاری زۆریدا بووە هۆکاری گۆڕانکاری و گەشەکردنی زیاتر لە ئەورووپا و جیهانی نوێدا.
ململانێی نێوان دەوڵەتە کەپیتالیستەکان و هەڵپەکردن بەدوای بازاڕی نوێ و قازانجی زیاتردا، دژوار و جاری واهەبوو خوێناوی بوو. چەندین شەڕی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا و وڵاتەکانی تری ئەورووپادا پێش سەدەی بیست و دوو شەڕی گەورەی جیهانی، لە سەدەی بیستدا و چەندین شەڕ و ئاژاوەی تر، بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمانــە دەگەڕێنــەوە. هــۆکاری ئەمانــە ســەرەڕای ململانــێ و بۆربۆرینــی نێــوان دەوڵەت و کۆمپانیـا کەپیتالیســتەکان بـۆ جیاوازیـی ئاسـتی گەشـەکردنی پلورازیـم دەگەڕێتــەوە، لــە خــودی وڵاتــەکان و رادەی بوونــی دەرفەتــی چارەســەرکردنی گرژیــەکان لەرێگــەی دیالـوگ بـە شـێوازێکی ئاشـتییانەی دیموکراتـی. لەگــەڵ ئــەوەی ئــەو شــەڕ و گرژیانــە دەبوونــە هــۆی کاولبوونــی وڵاتــان و کوشــتنی ملیۆنەهــا مــرۆڤ، بــەڵام لــە دوای بەســەرچوونیان ئەورووپــا بەتایبەتــی لــەم حەفتــا ســاڵەی دوای شــەڕی دووەمــی جیهانییــەوە گەشــەکردنی بــێ هاوتــای بەخــۆوە بینیــوە «٦ ل٢٧٦».

بەهامــان شــێوە، ئەگــەر ســەیری پرۆســەی بەرێوەچوونــی دیموکراســی ناوخــۆی وڵاتــە ســەرمایەدارەکان بکەیــن درێژخایــان و دژواربــوون، چەندیــن ســەدەی خایانــد. هەمــوو ئــەو چاکســازی و خزمەتگــوزاری و یەکســانی و مافــی بەشــدارکردنی خەڵــک لــە بڕیــاری سیاســی و ئابــوری و هەڵبژاردنــدا و هەروەهــا یەکســانی نێــوان ژن و پیــاو و نێــوان پێکهاتــە و شــوێنەکاندا، پلــە بــە پلــە چاکســازی بــۆ کــراوە و ئەوانــە بەهــۆی ململانێــی ســەختی نێــوان چینوتوێــژ و هێــزە کۆمەڵایەتیــەکان روویانــداوە. چاکســازی لــە ژیانــی ئابــوری و سیاســی و کۆمەڵایەتیــدا، پرۆســەیەکە هەمیشــە هــەر بەردەوامــە و بەهــۆی پەیدابوونــی مەرجــی نوێــی ژیانــەوە هەمیشــە پێویســتی گۆڕانــکاری نــوێ دێتــە پێشــەوە.

وەک چــۆن ئــەو چاکســازییە ئابــوری و سیاســی و یاســاییانەی کە لــە ئەورووپای کۆندا روویانــدا بــە ئاســانی بۆچینوتوێــژە نوێیەکانــی نەهاتــەدی و دەســەڵاتدارانی دەوڵــەت و پاشــاو فیــودال و دەســەڵاتی ئاینــی بەخۆشــی خۆیــان وازیــان لــە بەرژەوەندیەکانیــان نەدەهێنــا و رێگــەی چاکســازی و گۆڕانکاریــان نــەدەدا، بەهەمــان شــێوە لــە کۆمەڵگــەی کەپیتالیســتدا، چینــە کەپیتالیســتە خــاوەن کەپیتــاڵ و ســامان و دەســەڵاتی زۆر وا بــە ئاســانی بــە خۆشــی خۆیــان رێگــەی چاکســازیان لــە سیســتمە نوێیەکــەدا نــەدەدا. چینوتوێژەکانــی تــری کۆمەڵگــە لــە کرێــکار و موچەخــۆر و ئافرەتــان و پــارت و رێکخراوەکانــی کۆمەڵگــەی مەدەنــی ئــەو گۆڕانکاریانەیــان بــە ئاســانی بــۆ بــەدی نەدەهــات، بەڵکــو ئەوانــە دوائەنجامــی ململانێــی تونــدی درێژخایانــە.

کپیتالیســـتەکان و هەمـــوو چینوتوێژێکـــی کۆمەڵگـــەی نـــوێ ئەگـــەر بۆیـــان بلـــوێ هەوڵــی تاکڕەوی دەدەن و مافــی ئەوانــی تــر پێشــێل و زەوت دەکــەن. هــەر چینوتوێــژ و پێکهاتەیــەک ژیــان و گۆڕانــکاری لــە دەروازەی بەرژەوەنــدی تایبەتــی خۆیــەوە دەبینێــت و بــەلای خۆیــدا رایدەکێشــێ، بــێ بوونــی چینوتوێــژ و پێکهاتــە و هێــزی کۆمەڵایەتــی ئــازاد و بەهێــز، هەروەهــا بوونــی پلــورازم و دەرفەتــی بەشــداریکردنی دیموکراتیانــە لــە بڕیــاری سیاســی و ئابوریــدا، بەهێزتریــن و بەتواناترینیــان هەوڵــی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاکڕەوی دەدات. ململانێی نێوان ئەوانە گەرەنتی چاکسازی و گۆڕانکاری دەدات و بالانسی نێوانیان ڕێکدەخات. کپکردنی ئەو ململانێیە و تێکچوونی ئەو بالانسە، نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا زیاد دەکات و قەیران و گرژی و نائارامی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی لێدەکەوێتەوە.

بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری لە جیهاندا، بەهەمان شێوە درێژخایان و دژوار و پڕ ئازار بوو. بەهەمان شێوە دوو لایەنی هەبوو. لەلایەکەوە، ئەو بڵاوبوونەویە بووەهۆکاری پێکەوەبەستنی جیهان پێکەوە لە ڕێگەی بازاڕێکی هاوبەشەوە و گۆڕانی خێرا و فرەچەشن تیایدا لە هەموو ڕوویەکەوە. بەڵام لەلایەکی ترەوە، بووەهۆکاری دروستبوونی نایەکسانی لە نێوان ناوچە و وڵاتان جیهان و ئاژاوە و شەڕوشۆڕ و ئازار و ئەشکەنجەی بەشێکی زۆری وڵات و میللەتانی جیهان.

ئەو بڵاوبوونەوەیە، پێویستی بە تێکشکاندنی ئەو کۆسپانە بوو کە لە ڕێگەیدا بوون. هەروەک چۆن فیودالیزمی ئەوروپا لە کاتی دروستبوون و گەشەکردنی کەپیتالیزمدا داخراو و قوفڵدراو بوو، بەهەمان شێوە، جیهانی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدە قوفڵدراو و داخراو بوو. لەو سەردەمەدا سیستمی سیاسی و ئابوری زۆربەی وڵاتانی جیهان و زۆربەی چینوتوێژ و پێکهاتەکانیان ئامادەی گۆڕانکاری گەورە نەبوون. ئەو سیستم و دەوڵەت و چینوتوێژانە خۆبەخۆ، نە توانای ئەو گۆڕانکاریانەیان هەبوو و نە بە بەرژەوەندی خۆشیان دەزانی.

## سروشتی دوو ڕوویی کەپیتالیزم

چینوتوێژە نوێیەکانی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لە سەرمایەدار و کرێکان و فەرمانبەر و جوتیار. هەریەکە لای خۆیەوە لە دەروازەی بەرژەوەندی خۆیەوە ڕەفتاری دەکرد و هەوڵی پچڕاندنی گەورەترین بەشی بۆ خۆی دەدا. ئەمانە، بۆ ئەو مە بەستە، لە ململانێی هەمیشەییدا بوون لەگەڵ یەک. بەهێزبوونی یەکێ لەوانە لەسەر حسابی ئەوانی تر و بێ توانایی ئەوانی تر لە بەربەرەکانی و خۆ ڕێکخستن و پچڕینی بەشی خۆیان تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی لێکەوتۆتەوە و سیستمی وەکو نازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیسپانی و ئیتاڵیا، یان دیکتاتۆریەتی سۆسیالیزمی بەشێوەی ڕوسیا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای لێدروست بوو.

بە هەمان شێوە، دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لە پرۆسەی بڵاوبوونەوەی سیستمەکە لە جیهاندا، هەوڵی بەرژەوەندی خۆیانداوە. ئەوانە هەمیشە کردار و ڕەفتاریان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆ و پچڕینی زۆرترین قازانجداوە لە کاروبارياندا و هەموو ڕێ و نمایەکی یاسایی و نایاسایی، ئاشتی و توند و تیژی، ئاشکرا و نهێنییانداوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ گەیشتن بەو مەبەستەیان. بەشێوەیەکی گشتی، کەپیتالیست و سیستمە ئابوری و سیاسییەکانی تر هەرگیزا و هەرگیز رەفتاریان لەسەر هەستی مرۆڤایەتی و بەزەیی و دۆستایەتی نەکردووە. ئەگەر ئەوانە هاوپەیمانی و هاریکاریشیان کردبێت لەگەڵ وڵاتان و میللەتانی تردا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابوری و باڵانسی سیاسی و سەربازیی هاوبەشبووە «کتێبی **٢٤**».

ئەوانە هەتا بۆیان کرابێت، هەوڵی مۆنۆپۆڵ و تاکڕەوی بڕیاردانی سیاسی و ئابوری و سەربازیانداوە. چۆنیەتی موعامەلەکردنیان لەگەڵ ئەو وڵات و میللەتانە، بەندبووە بە توانا و بەهێزی ئەوانەوە و پێداگرتنیان لەسەر ماف و بەرژەوەندیەکانی خۆیان. بەلاوازی بەرامبەریان هەوڵی مۆنۆپۆڵی تەواوی خۆیانداوە.

بە شێوەیەکی گشتی، هەتا ناوخۆی ئەو دەوڵەتە کەپیتالیستانە، پلورالیزمتر و دیموکراتی تر بوایە، رەفتار و کرداریان لە دەرەوەی وڵاتەکانیان ئەهوەنتر بووە. بە پێچەوانەوە هەتا لەناو وڵاتەکانی ناو خۆیاندا توندڕەوتر و تاکڕەوتر و دیکتاتۆر بوونایە، لەدەرەوەی وڵاتەکانیان توندڕەو و تاکڕەوتر دەبوون. بێگومان بەپێی ئەوەش رەفتار و کردەوەی ئەو وڵاتە جیاوازی لە ناوەندیاندا هەبووە.

هەڵبەتە ئەو سروشت و رەفتارە رووبەڕووی وڵاتان و میللەتانی جیهان تەنها لەناو ریزی چینە کەپیتالیستەکاندا نەبووە، بەڵکو چینوتوێژ و پێکهاتەکانی تری لە کرێکار و فەرمانبەر و زانا و خوێندەوار و ژن و پیاو بە پلەی جیاواز هاوسروشت بووە. بۆیە، کە زۆرجار ئەگەر پارتەکانی کرێکارانیش لەو وڵاتانە دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوە بووبێت، رەفتاریان بەرامبەر میللەت و وڵاتانی تر زۆر جیاوازتر نەبووە. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو چینوتوێژانە لە ڕوانگەی بەرژەوەندی رۆژانەی خۆیانەوە و رەفتاریانکردووە و روتاندنەوەی دەرەوەیان لەسودی خۆیاندا بینیوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت رەفتاری بەو شێوەیەی ئەو وڵاتانە بەهەموو چینوتوێژەکانیانەوە لە بەرژەوەندی درێژخایانیاندا بووە، چونکە نایەکسانی و لاسەنگی باڵانس لە نێوان وڵات و میللەتان و شوێنەکانی جیهان لە روانگەیەکی دووربینەوە لە بەرژەوەندی کەسدانییە. هەڵبەتە ئەم بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و باسی زیاترە، کە لێرەدا بواری ئەومان نییە بە درێژی لەسەری بدوێین.

ئەم رەفتار و کردەوانە، سروشتی دوو روویی دەوڵەتە کەپیتالیستەکانمان بۆ دەردەخات. ئەویش لە لایەکەوە تاکڕەوی و توندڕەوی و خۆ سەپاندنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەکاتی لاوازی و سروشتی دیکتاتۆریەتی بەرامبەر، کە بۆتەهۆی گرژی و شەڕوشۆڕ و چەوساندنەوە و داگیرکردن و پاشکۆیەتی وڵاتان. لەلایەکی ترەوە نەرمی و هاریکاریکردن و ڕێگاخۆشکردنە بۆ ئەو وڵات و میللەت و شوێنانەی کە توانای بەرەنگاربوونەوە و پێداگرتنیان هەبووە لە ماف و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان، کە بۆتەهۆی سەقامگیری و گەشەکردن و هاوسەنگی. بەپێیی ئەم ڕاستیە، وڵاتێکی کەپیتالیست دەکرێ بەپێی کات و شوێنی جیاواز دوو ڕەفتاری دژوار بەیەک بنوێنێ.

## ڕێبازی گەشەکردن، یان پاشکۆیەتی و گۆشەگیری تێکچوونی هاوسەنگی لە جیهاندا

لە کاتێکدا ئەو گۆڕانکارییە مەزنانە لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا لە ڕۆژئاوای ئەوروپا ڕووی دەدا، هێشتا زۆربەی شوێنەکانی تری جیهان هەر لەژێر سایەی سیستمە کۆنەکاندا مابوونەوە و گۆڕانکاری گەورە بەبێ دەستێوەردانی سەرمایەداری لە زۆربەیاندا ڕووی نەدەدا.

ڕوسیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات هێشتا سیستمی کۆنی فیودالیزمی قوفڵدراوی تاکڕەوی موتڵەق تیایاندا بەردەوام بوو. ئەوانە ڕێگر بوون لەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوریانەی کە چینوتوێژە نوێیەکانی هەوڵیان بۆ دەدا. بەشێکی زۆریان لە گرژی و شەڕدابوون لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی.

ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، چین و هندستان و ژاپۆن و شوێنەکانی تر هێشتا لەژێر سایەی دەرەبەگایەتی و سیستمی تاکڕەوی موتڵەقی کۆندا بوون، وڵاتەکان پارچە پارچە و ناکۆکبوون لە ناوخۆ و لەگەڵ یەکدا. سەرداری کۆمەڵگەکان مۆنۆپۆڵی تەواویان بەسەر هەموو جموجۆڵی ئابوریدا هەبوو. ئەو بوژانەوە ئابوریەی کە پێشتر لە چین و هندستان بۆ چەندین سەدە ڕووی دابوو شکستیان هێنابوو.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ئێران لە لاقەفرتێدابوون و لە هەموو ڕوویەکەوە شکستیان هێنابوو، بەڵام بە هەموو شێوەیەک هەوڵی مانەوەیاندەدا و بەدوای دەرفەت و فاکتەری نوێدا دەگەڕان، بۆئەوەی لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بەردەوامبن و ڕێگربن لە بەهێزبوونی چینوتوێژی نوێ و بەشداریکردنیان لە بڕیاردانادا.

ئەفریقا، بەهۆی بەردەوامبوونی سیستمی کۆیلایەتی تیایدا و فرۆشتن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەناردەکردنی کۆیلە و بەکارهێنانیان لە بەرهەمهێناندا، کیشوەرەکەی لاواز و بریندارکردبوو. زۆربەی وڵاتەکانی لە ژێر دەسەڵاتی چەندین گروپی بچووکی توندڕەودابوون، کە لەلایەکەوە بە یەکتر کوشتنەوە خەریک بوون و لە لایەکی ترەوە ڕێگربوون لە هەموو گۆڕانکاریەک لە کیشوەرەکەدا و وڵات و سامان و دانیشتوانیان خستبووە فەلاکەتەوە.

ئەمریکای باشور و مەکسیک، لەژێر چنگی پاشماوەکانی ئیسپانیا و پورتوگالدا بوون و سیستمێکی توندڕەو و تاکڕەوی تایبەتیان لە تێکەڵاوکردنی سیستمی نیمچە کۆیلایەتی هیندییە سورەکان و سیستمی فیوداڵی خۆیان تیادا بونیاد نابوو. تەنها کاری ئەوانە رووتاندنەوەی ئەو وڵاتانە بوو.

لە ئەمریکای باکور ململانێی توندوتیژ بەردەوامبوو لە نێوان دروستبوونی چینوتوێژ و سیستمێکی نوێی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر و پاشماوەی کۆلۆنیالیستەکانی ئینگلتەرا و فەرەنسا و هەروەها لە بەشێکی گەورەیدا پەیڕەوکردنی سیستمێکی کۆیلایەتی لە بەرهەمهێناندا. جیاوازی ئاستی گەشەکردنی شوێنەکانی جیهان چەندین بواری گرتبۆوە، کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا گەڵاڵەیان بکەین:

سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەشەکانی جیهان زۆر لە یەک جیاواز بوون. بەرامبەر ئەو سیستمە نوێیەی ئەوروپا، کە دەرفەتی گەشەکردن و بەرفراوانبوونی تێدابوو و بۆ بوژاندنەوەی ئابوری و بەهێزبونی چینوتوێژە نوێیەکان ڕێگە خۆشکەربوو و بەشداریکردنیان لە بڕیاردان و بەردەوامی لە چاکسازیدا، لە زۆربەی شوێنەکانی تری جیهان سیستمی کۆنی فیوداڵی و فیوداڵی خێڵەکی و کۆیلایەتی و نیمچە کۆیلایەتی دەستی بەسەریاندا گرتبوو، کە دەرفەتی گەشەکردنی ئابوری تیایاندا لاواز بوو و چینوتوێژە نوێیەکان تیایاندا بێ هێزبوون و دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیارداندا نەبوو و کۆسپی گەورە لە بەردەمیاندا بوو بۆ چاکسازی و بەردەوامبوونی.

جیاوازی لە نێوان ئەو سیستمانەدا، جیاوازی دروستکرد لە نێوان ئاستی ژیان و گوزەران و زیادبونی دانیشتوان و درێژی تەمەنیاندا. هەتا کۆتایی سەدەی هەژدە جیاوازی گەورە لە نێوان باری ژیانی کرێکارێکی شاری ڤینێسیا لە ئیتالیا و جوتیارێکی ئەڵمانی و جوتیارێکی کوردستان یان چین نەبوو. جیاوازێکی ئەوتۆ لە نێوان ئەمانە و هەمان خەڵکی کۆن نەبوو، کە زیاتر لە هەزار ساڵ پێشترییش لە سایەی فیرعەونەکانی میسر و بابلییەکان، یان میدیاکاندا ژیابوون. ڕاستە بە درێژایی ئەو چەند هەزار ساڵە گۆڕانکاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆمەڵگەکاندا رووی دابوو، بەڵام ئەوانە تەنها بە سوودی چینوتوێژە خاوەن دەسەڵاتەکاندا بوو و کاردانەوەیەکی ئەوتۆی بەسەر ژیانی زۆرینەی مرۆڤایەتیدا نەبوو. بەڵام لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا، لە رۆژئاوای ئەوروپا، بەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکدا هات، ژمارەی دانیشتوان بە رێژەیەکی باش زیادیکرد، نەخۆشی و پەتا کەمیکرد، خوێندەواری و فێربوون و شارەزایی لە کارکردندا زیادیکرد، داهاتی خەڵک باشتر بوو، خواردن و خواردنەوە و جێگەی نیشتەجێبوون باشتر بوو، بەشێک لە ئافرەتان بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە ماڵ دەرچوون و کەوتنە کارکردن و فێربوون و خۆبەخێوکردن. سەرەڕای ئەوانە، هەتا دەهات رێگا بۆ بەشداریکردنی رێژەیەکی تری زیاتر لە خەڵک لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا خۆشدەبوو. بەڵام بەپێچەوانەوە ژیانی خەڵک لە زۆربەی شوێنەکانی تری جیهان، یان هەر وەک کۆن بەردەوامبوو، یاخود ئەو پرۆسەیە لە نێوانیاندا زۆر بەخاوتر بەڕێوە دەرۆیشت. هەتا گۆڕانکاری زیاتر رووی دەدا لە رۆژئاوای ئەوروپادا ئەو نایەکسانیەش زیادیدەکرد.

تەکنیک و شێوازی بەرهەمهێنانی نوێ لە دوای شۆرشی پیشەسازیەوە، هەتا دەهات گۆڕانکاری نوێ و خێراتری لێدەکەوتەوە. بەرهەمهێنانی خێراتر و فرەچەشنتر دەبوو، هەموو تەکنیکێک و شێوازێکی نوێ قاپی دەکردەوە بۆ نوێتر لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا. هەتا ئەمە خێراتر دەبوو زیاتر وڵاتە کەپیتالیستەکان پێش شوێنەکانی تر دەکەوتن. تەکنیک و بەرهەمی سەربازی نوێ باڵانسی سەربازی لە جیهاندا دەگۆڕی. ئەمانە باڵانسی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەگۆڕی، کە دەبووە هۆی ئەوەی ئەو ئاڵوگۆڕییە بە قازانجی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان و زیانی وڵاتانی تر بشکێتەوە.

ئەمانە هەموو رێگەیان بۆ دابەشبوونی جیهان بەسەر وڵاتان و میللەتی دەوڵەمەند و بەهێز لە بەرەیەکدا خۆشکرد و وڵاتان و میللەتی هەژار و لاواز لە بەرەیەکی تردا. سەرمایەداری قاپیی بۆ گۆڕانکاری و گەشەکرنی بەردەوام و بێسنوور خستە سەرپشت، بەڵام ئەو پرۆسەیە هەمیشە کۆسپی گەورەی لە رێگەدا بوو، لە نایەکسانی و ناعەدالەتی و ململانێ و گرژی و شەڕوشۆڕ، کە هەمیشە پێویستی بە چارەسەر و چاکسازی نوێ هەبوو. لەپاڵ گرفت و ئازار و کۆسپی زۆر لە بەردەم چارەسەر و چاکسازیدا، لە کات و شوێنی جیاوازدا بە درێژایی تەمەنی ئەو بڵاوبوونەوەیە، رێگە بۆ وڵات و میللەتانی تر خۆشدەبوو، کە یەک لە دواییەک رێبازی گەشەکردن بگرنەبەر.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**خاسڵەتی جیاوازی شوێنەکان، ڕێبازی جیاوازی لێکەوتەوە**

لە بەندی دووەمی ئەم کتێبەدا، باسی ڕێبازی تایبەتی ئەوروپامان کرد. باسی ئەوەمانکرد، کە ئەگەرچی سیستمی نوێی کەپیتالیزم لە ئەوروپا سەری هەڵدا، بەڵام جیاوازیی گەورە لە نێوان شوێن و وڵاتەکانی ئەو کیشوەرە هەبوو، لە کات و چۆنیەتی و خێرایی بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیەدا. هۆکاری ئەومان لە لایەکەوە گەڕاندەوە بۆ رادەی بەهێزی فیودالیزم و پاشا و چینوتوێژ و دەسەڵاتی ئاینی تیایاندا و لە لایەکی ترەوە بۆ بوونی دەرفەتی بەشداریکردن لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا، لە رێگەی شورایەک، یان پەرلەمانێکی ساواوە. هەتا سیستمی فیودالی و دەسەڵاتی ناوەندی پاشا و فیوداڵ و دەسەڵاتی ئایینی بەهێزتربوایە، بە زەحمەتر چینوتوێژە نوێیەکان بەهێز دەبوون و جێگەی خۆیان دەکردەوە. هەتا دەرفەتی بەشداریکردن لە بڕیارەکاندا بەرفراوانتر بوایە، بۆ چینوتوێژە نوێیەکان ئاسانتربوو بەشداری لە بڕیاردانەدا بکەن و چاکسازی یاسایی و سیاسی نوێ بسەپێنن، کە رێگەی بۆ گەشەکردنی ئابوری و بونیادنانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر خۆشدەکرد. پێچەوانەی ئەوانەش کاردانەوەی پێچەوانەی هەبوو.

بەهۆی ئەو فاکتەرە بنچینەییانەوە، ئینگلتەرا بووە سەرقافڵەی شۆرشی سیاسی و پیشەسازی. فەرەنسا و وڵاتەکانی تری رۆژئاوای ئەوروپا و سکەندنناڤیا دوای ئەو هاتن و رۆژهەڵاتی ئەوروپا و روسیا هەر زۆر دواتر کەوتن. کاتی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانە کەوتنە نێوان ساڵەکانی ١٦٩٠-١٩٩٠کە سەد بۆ سێ سەد ساڵی خایاند.

کەپیتالیزم، بە پلەی جیاواز توانی پلبدات بۆ هەموو کون و قوژبنێکی جیهان و مۆنۆپۆڵ پەیدا بکات و زاڵ بێت بەسەر هەموو سیستمە کۆنەکاندا، بەڵام کاردانەوەی جیاوازی هەبوو بەسەر وڵاتە جیاوازەکاندا.

کاردانەوەی جیاواز، بە پلەی یەکەم بۆ سروشتی کەپیتالیزم ناگەڕێتەوە، چونکە ئەو سیستمە وەکو لە سەرەوە باسمانکرد، لە هەموو شوێنێکدا هەمان سروشتی هەبوو. سروشتێکی دوو روویی هەبوو، کە بەپێی خاسڵەتی ئەو شوێنانەی رووی تێدەکرد رەفتار و کرداری جیاوازی دەکرد.

هەر بەشێوەی وڵاتەکانی ئەوروپا، هەتا ئەو شوێنانەی تری جیهان خاوەن سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری توندڕەوتری هەبووایە، سوود

وەرگرتن لە کەپیتالیزم و پرۆسەی چاکسازی و گەشەکردنی ئابوری و سیاسی لەو وڵاتانەدا زەحمەتتر دەبوو و خاوتر بەڕێوە دەڕۆیشت. بە پێچەوانەوە، هەتا ئەو شوێن و دەوڵەتانە سیستمێکی بەرفراوانتریان هەبووایە و چینوتوێژە نوێیەکان تیایاندا بەهێزتر بوونایە و دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیاردانیدا زیاتر بوایە، پرۆسەی چاکسازی و گەشەکردن و سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی تیایاندا بە ئاسانتر و خێراتر بەڕێوە دەچوو «بۆ زانیاری زیاتر سەیری کتێبی ٢ بکە».

بەپێی خاسڵەتی تایبەتی ئەو وڵات و ناوچانە و سروشتی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوریان و رادەی گەشەکردنی چینوتوێژە نوێیەکان تیایاندا، ئاوێتەبوونی وڵاتانی جیهان لەگەڵ ئەو سیستمە نوێیەی جیهان، رێباز و رێرەوی جیاوازی بەخۆوە بین، کە دەتوانین بەسەر سێ رێبازی سەرۆکیدا دابەشی بکەین:

## یەک: رێبازی چاکسازی و گەشەکردنی ئابوری و سیاسی

ئەو وڵاتانەی فاکتەرە بنچینەییەکان تیایاندا گونجاوتربوو، گەشەکردن و گۆڕانکاری تیایاندا زووتر بەڕێوەدەچوو. هەڵبەتە ئەم رێبازە لەهەمانکاتدا لە وڵاتانی جیهاندا جێگیر نەبوو، بەڵکو لەکاتی جیاوازدا، بەهۆی درووستبوونی زەمینەی لەبار روویداوە. هەتا زەمینەی ئەو وڵاتانە ئامادەتر بوایە بۆ بونیاندانی سیستمێکی بەرفراوانتر، زووتر تیایاندا روویدەدا. رەنگە لە وڵاتێکی تایبەتیدا لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەو گۆڕانکاریانە سەریان نەگرتایە، بەڵام بە گۆڕانی ئەو زەمینەیە، لە کاتێکی تردا روویانداوە. نمونەی ئەو وڵاتانە لە ئەوروپا، لە سەرەتادا فەرەنسا، فلاندرن و وڵاتانی سکەندناڤیا بوو، دواتر ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، نەمسا پاشان ئیسپانیا و دواتر لە کۆتایی سەدەی بیستدا رۆژهەڵاتی ئەوروپا. لە شوێنەکانی تری جیهاندا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئوسترالیا و ژاپۆن پێش شوێنەکانی تر کەوتن و دواتر دەبینین وڵاتانی تر نمونەی کۆریای باشور، سەنگاپور، کۆماری ئەفریقای باشور... یەک لە دوای یەک بەهۆی پەیدابوونی زەمینەی گونجاوەوە هەمان رێباز دەگرنەبەر. وڵاتە کەپیتالیستەکانی جیهان لەگەڵ ئەمانە، ناچارکراون رووی دیموکراتی و دۆستایەتی و هاریکاریکردن بخەنە گەر و بە هاوسەنگی تەعامولیان لەگەڵیاندا بکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دوو: ڕێبازی خۆجیاکردنەوە و شکستهێنان و دارمان**

بەشێک لە وڵاتانی جیهان، بەهۆی توندڕەوی و تاکڕەوی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری تیایاندا، دەرفەتی گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازیی ئازاد و چینێکی بورژوای خاوەن کەپیتاڵی بەهێز تیایاندا پەیدانەبوو، کە بتوانێت لەو وڵاتانەدا، لەژێر چەتری پەرلەمانێکی ساوادا دەرفەتیان بۆ چاکسازی ئابوری و سیاسی بۆ پەیدابێت. ئەوەی ڕوویدا لە هەندێ وڵات دروستبوونی پیشەسازی و جموجۆڵی بازرگانی بوو، لە ژێر مۆنۆپۆڵی دەستەبژێرێکدا، کە بووەهۆی دروستبوونی ژمارەیەکی زۆری چینی کرێکاری هەژار تیایاندا «بڕوانە ٢١» و لە هەندێ شوێنی تر بزووتنەوەیەکی جوتیاری بەهێز بوو «بڕوانە ١٢٢\١٢٥»، کە لەلایەن هەندێ توێژی بورژوای بچوک بە پەنابردنە بەر ئایدۆلۆژیایەکی داخراوی توندڕە، بتوانن ئەو چینوتوێژانەی خوارەوە ڕێکبخەن و یەکیانخەن و دەسەڵاتێکی ناوەندیی تاکڕەوی ئەبسولیتزمی بەهێز بۆ ماوەیەک بونیادبنێن و لەهەمانکاتدا هەوڵ بدەن وڵاتەکانیان بەتەواوەتی لە جیهانی دەرەوە جیابکەنەوە. ئەمانە لەژێر زەبر و زەنگدا توانیان بۆ ماوەیەک بەو مەبەستەیان بگەن، بەڵام دواتر سیستمەکانیان شکستی هێنا و دەسەڵاتیان دارما و سەرلەنوێ خۆیان بە کەپیتالیزمی جیهانەوە بەستەوە. نموونەی ئەو وڵاتانە یەکێتی سۆڤێت و بلۆکی سۆسیالیزمی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و چین بوو.

کەپیتالیزمی جیهان بەهەمان سروشتی ئەو وڵاتانە خۆیان تەعامولیان لەگەڵداکردوون، لە ڕێگای گرژی و شەڕ و هەڕەشە و سیخوری و دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی و ئابورییەوە.

**سێ: ڕێبازی پاشکۆیەتی و ئەڵقە لەگوێیی**

ئەو وڵاتانەی جیهان، کە چینوتوێژی نوێی بەهێزیان تێدا دروست نەبوو، هەروەها بەهۆی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری داخراوی ئەبسولیتیزمەوە، توانای بەشداریکردن لە بڕیاردان و چاکسازییان بۆ نەخوڵقا. سیستمە کۆنەکەیان بەتەواوەتی شکستی هێنا، چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکانیان بۆ مانەوەی خۆیان چۆکیان بۆ کەپیتالیزمی جیهان دادا و بوونە پاشکۆ و ئەڵقە لەگوێیان. ئەم وڵاتانە بوونە بەشێکی بەستراوە بە کەپیتالیزمی جیهانەوە، بەڵام بە پاشکۆیەتی و ژێردەستی و بەخسیری. ئەم وڵاتانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەرچی دواتر زۆربەیان دەوڵەتی نەتەوەیی و نیمچە نەتەوەییان لێدروست بوو، چینوتوێژی دەسەڵاتداری ناخوڵقێنەری خۆماڵی دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەڵام وڵاتەکان بە دواکەوتوویی ئابووری و سیاسی مانەوە و زۆرینەی خەڵکەکەی لەژێر رووتاندنەوە و زوڵم و زۆریدا دەژیان. نموونەی ئەوانە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکای باشور، ئەفریقا و زۆربەی وڵاتانی ئاسیان.

سەرمایەداریی جیهان، لەگەڵ ئەم وڵات و میللەتانەدا، رووی تاکڕەوی و توندڕەوی و دیکتاتۆرێتەکەی خستەگەڕ و بوونە هاوپەیمان و پاڵپشتی ئەو چینوتوێژ و هێزە توندڕەو و تاکڕەوە خۆماڵیانە. هەڵبەتە باری نالەباری ئەو وڵاتانە ئەزەلی نیە و بە دروستبوونی زەمینەی لەبار یەک لە دوای یەک گۆڕانکاری تیایاندا روو دەدات. زۆربەی ئەو وڵاتانە لە جیهانی ئەمڕۆدا، نموونەی بەرازیل و هیندستان و زۆر وڵاتی تر گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا هاتووە.

بۆ بەردەوامی گەشەکردن و گۆڕانکاری و خۆشگوزەرانی مرۆڤ و پارێزگاریکردنی سروشت، هەموو جیهان پێویستی بە چاکسازی و گۆڕانکاری و گەشەکردن و سەقامگیری و هاوسەنگییە. هەندێ وڵات و ناوچە هەتا ئێستا لە زەلکاوی مێژووی کۆندا دەتلێنەوە و بوونەتە فاکتەرێک، کە کاردانەوەی خراپی بۆسەر خۆیان و هەموو جیهان هەیە. نموونەی ئەوانە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## لە هەر رێبازێک چەند نموونەیەک:

بەندی پێنجەمی ئەم کتێبە، بە تێر و تەسەلی لێکۆڵینەوەیە لەسەر بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم و کاردانەوەیەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ رێگا خۆشکردنی ئەو باسە و تێگەیشتنی فاکتەرە بنچینەییەکان، کە رێگربوون لە گەشەکردنی پێویست لەم ناوچەیەدا، لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەک لەسە چۆنێتی بڵاوبوونەوە و کاردانەوەی کەپیتالیزم لەسەر هەندێ شوێن و وڵاتانی جیهان بهێنینەوە. لێکۆڵینەوەیەکی وا یارمەتیدەردەبێت لەسەر تێگەیشتنی ئەو فاکتەرە بنچینەییانەی بوونە هۆی پاشەکشێی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەهەمانکاتدا ئەو فاکتەرانەی دەبنە زەمینە خۆشکەر بۆ گۆڕانگاری و گەشەکردن تیایاندا.

www.rabari.org

- ڕێبازی دژوار و پڕ کۆسپی چین

ئـەو وڵاتــە، لەژێــر چەتــری فەرمانڕەوایــی ســۆنگ، لــە نێــوان ســاڵەکانی ٩٦٠-١٢٧٩(ز. ) پێشــرەوی هەمــوو جیهانــی دەکــرد. چەندیــن کاڵای پیشــەیی نوێــی تیایــدا بەرهــەم دەهێنــرا. نموونــەی ئەوانــە کاتژمێــر، قیبلەنمــا، بــاروت، کاغــەز، دراوی کاغــەز، فەخفــوری و ئاســن. پیشەســازیی چنیــن و قومــاش دروســتکردن و بەکارهێنانــی تــەواری جۆلایــی و هێــزی ئــاو لــە بەرهەمهێنانــدا، بوژانــەوەی بەخــۆوە بینــی بــوو. بەمانــە ســاڵەکانی ١٥٠٠(ز. ) ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی و خۆشــگوزەرنی خەڵــک لــەم وڵاتــە، ئەگــەر لــە ئەوروپــا باشــتر نەبوبێــت خراپتــر نەبــوو.

ئــەم گەشــەکردنە، بەهــۆی بوونــی دەســەڵاتێکی ناوەندیــی بەهێــزەوە بــوو، کــە توانــای کۆنترۆڵکردنــی وڵاتەکــەی هەبــوو. وڵاتەکــە لەژێــر فەرمانڕەوایــی سیســتمێکی ئەبســولیوتیزمدا بــوو. لــە بنەماڵــەی پاشــاکان بــەولاوە نوێنەرانــی هیــچ پێکهاتــە و چینوتوێژێکــی کۆمەڵگەکــە دەرفەتــی بەشــداریکردنیان نەبــوو لــە بڕیاردانــدا. هیــچ جۆرە شــورایەک، یــان پەرلەمانێکــی ســاوا نەبــوو، کــە لــە ڕێگەیــەوە ژمارەیەکــی زیاتــری خەڵــک بەشــداری لــە بڕیــاری سیاســی و ئابــوری و یاســاییدا بکــەن. لەژێــر ســایەی ئــەم سیســتمەدا، جگــە لــە دانــی بــاج و گومــرگ و ســەرانەیەکی زۆر، بازرگانــەکان هەمیشــە ڕۆڵ و بەرژەوەندیــان لــەق بــوو و لەژێــر هەڕەشــە و فشــاری دەســەڵاتداراندا بــوون.

هەمــوو داهێنانێکــی نوێــی و گەشــەپێکردنی تەکنیــک و بەرهەمهێنــان و بازرگانــی و پیشەســازی، ئەگــەر لــە ژێــر فەرمانــی ڕاســتەوخۆی دەســەڵاتدارانی دەوڵەتــدا نەبوایــە، بەلایەنــی کەمــەوە لەژێــر چاودێــری و سەرپەرشــتیکردنی ئەوانــدا بــوو. ســاڵی ١٣٦٨ فەرمانــڕەوای مینــگ و کینــگ جێگــەی ســینگیان گرتــەوە. لەژێــر حوکمرانــی ئەمانــدا دەســەڵاتی دەوڵــەت بەهێزتــر و تاکڕەوتــر و توندڕەوتــر بــوو. بــەوەش گەشــەکردن لــە وڵاتەکــە زیاتــر کۆســپی بــۆ درووســتبوو و ناســەقامگیری زیادیکــرد و بەپێــی ئــەوەش دەرفەتــی خوڵقانــدن و داهێنــان زیاتــر لەجــاران خنکێنــرا «٦ ل٤٢١».

دۆزینــەوەی جیهانــی نــوێ و ڕێــگا دەریــا نوێیــەکان بــۆ ئاســیا، هۆکارێــک بــوون بــۆ بوژاندنــەوەی بازرگانیــی نێودەوڵەتــی و گەشــەکردنی ئەوروپــا و دواتــر شــۆڕی سیاســی و پیشەســازی تیایانــدا. بــەڵام لــە چیــن، کــە مینــگ و کینــگ دەســەڵاتیان گرتەدەســت، دەســتیان نایــە بینەقاقــای جموجۆڵــی بازرگانــی دەریایــی. ئەوانــە هەمــوو ئاڵوگۆڕێکــی بازرگانــی دەریاییــان خســتە ژێــر مۆنۆپــۆڵ و کۆنترۆڵــی دەوڵەتــەوە و بەتەواوەتــی بازرگانەکانیــان لــەو بوارانــەدا بێبەشــکرد. ئــەوەی ڕێگەیــان پێــدەدا، کــە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازرگانەکان بیکەن، بازرگانیی ناوخۆ بوو، ئەویش لەژێر سەرپەرشتی خۆیان و دابەشکردنی قازانج بوو لەگەڵیاندا. ڕێگەیان نەدەدا بازرگانە چینییەکان سەردانی وڵاتانی تر بکەن و بە راستەوخۆ پێوەندی بە بازرگانی وڵاتانی تر بکەن و ئاڵوگۆڕی بازرگانیان لەگەڵدا بکەن.

ساڵی **١٤٠٢**، یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانیان لەژێر چاودێری دەستەبژێری دەسەڵاتداردا، بڕیاری گۆڕانکاریدا لە بواری بازرگانی. بڕیاری ڕەوانەکردنی شەش کاروانی گەورەی کەشتیی بازرگانیدا بۆ باشور و باشوری رۆژئاوای ئاسیا، بۆ وڵاتە عەرەبییەکان و باشوری ئەفریقا و دەوروپشتیان. یەکەم کاروان لە **٦٢** کەشتی مەزن و **١٩٠** کەشتی بچوک و **٢٧٨٠٠** پیاو پێکهاتبوو. ساڵی **١٤٢٢** دوا کاروان، کە شەشەمین بوو، بە بڕیاری دەوڵەت وەستێنرا. لە دوای ئەوە، کاروانە بازرگانییە دەریاییەکانی ئەو وڵاتە بۆ نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ هەتا ساڵی **١٥٦٧** دەستی پێنەکردەوە. ئەمە نمونەیەکی بچوکە لەسەر ئەو کۆسپە گەورانەی کە لەو وڵاتە لەبەردەم گەشەکردنی ئابوری و سیاسیدا هەبوو. لەگەڵ ئەوەی دواتر فەرمانڕەوا و ئیمپراتۆرەکان جێگەی یەکتریان دەگرتەوە، بەڵام بەردەوام ڕێگربوون لە بوژاندنەوەی وڵاتەکە.

ساڵی **١٦٩٠**، ئیمپراتۆر دەستیگرت بەسەر موڵک و ماڵی زۆربەی بازرگان و خاوەن وەرەشە گەورەکان و کردنی بەموڵکی دەوڵەت و خرانە ژێر سەرپەرشتی دەسەڵاتدارانەوە. ئەو دەستبەسەراگرتنە لە پێناوی بوژاندنەوە و گەشەکردنی ئابوری وڵاتەکە و خۆشگوزاری خەڵکدا نەبوو، بەڵکو بۆ خۆشگوزەرانی ژیانی دەسەڵاتداران و زیادکردنی دەستەڵاتیان بوو بەسەر خەڵکدا.

ساڵی **١٦٦١**، دەوڵەت دانیشتوانی کەنار دەریای ناوچەکانی باشوری چین و ڤێتنامی لەو شوێنانە دورخستەوە و گواستنیەوە بۆ ناوەوەی وڵات. مەبەست لەمە ڕێگەگرتن بوو لەو خەڵکە، کە لەگەڵ وڵاتانی تردا بازرگانیی ئازاد لەو کەنارانەدا بکەن. لە جیاتی ئەوان، سوپایان لەو ناوچانە جێگیرکرد، لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی بازرگانی دەرەکی لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی ناوەندیی بەهێز و ئەبسولیتست بوو، بەڵام لەبەر فراوانی وڵاتەکە توانای کۆنترۆڵی تەواوی هەموو ناوچەکانیان نەبوو. ململانێ و گرژی و کوشتار و شەڕو شۆڕی ناوخۆ بەردەوام بوو. لە زۆر شوێن بۆ ماوەیەک هەندێ پێکهاتە و دەسەڵاتداری خۆجێیی هەندێ ناوچە توانایان پەیدا دەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەش هەمان خاسڵەتی تاکڕەوی و توندڕەوی دەسەڵاتی ناوەندییان هەبوو، هەمان شێوازی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئابـوری بەرتەسـکیان پەیڕەودەکـرد. لـەم دۆخـەدا چینوتوێـژە نوێیـەکان لاوازبـوون لەبەرئـەوە لـە کاتـی لاوازبوونـی دەسـەڵاتی ناوەندیـدا توانـای قۆسـتنەوەی ئـەو دەرفەتـە مێژووییانەیـان نەبـوو بـۆ بونیادنانـی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی بەرفراوانتـر. سـاڵەکانی ١٧٠٠ چەنـد جارێـک دەرفـەت پەیدابـوو، کـە بازرگانـەکان رۆڵی زیاتـر ببینن لـە بازرگانـی دەریایـی دەرەکـی بـە شـێوەیەکی فراوانتـر. بەهـۆی نەبوونـی دەرفەتـی بەشـداریکردنی ئەمانـە لـە بڕیـاری سیاسـی و ئابوریـدا و هەروەهـا ناسـەقامگیری و تـرس لـە دەوڵـەت و دەسـەڵاتداران، کـە لەپـڕدا هەرچییەکیـان هەبـوو لەدەسـتیان بچێت، یـان لـە رێگـەی بـاج و گومـرگ و سـەرانەوە هیچیـان بـۆ نەمێنێتـەوە، کـەس نەبـوو بوێرێـت کەپیتاڵەکـەی بـەکاری بهێنـێ لـە وەبەرهێنانـدا لـە بـواری بازرگانـی بەرفراوانتـر و بەرهەمهێنانـی پیشەسـازیی سـەرەتاییدا.

ئـەوەی گرنگـە لێرەدا رەچاوبکرێـت، ترسـی چینوتوێـژە دەسـەڵاتدارانی وڵاتەکـە بـوو لـە داهێنـان و گەشـەکردنی تەکنیکـی نـوێ و بازرگانـی و پیشەسـازی. ئـەو ترسـە لـەوەدا بـوو، کـە چینوتوێـژە نوێیـەکان بەهێزبـن و پێگـەی کۆمەڵایەتیـان بەهێـز بێت و فشـار بخەنـە سـەریان و دەسـەڵات و کۆنترۆڵـی خۆیـان کـەم بێتـەوە و ناچارکرێـن بـۆ چاکسـازیکردن لـە بـواری سیاسـی و یاسـاییدا.

راسـتە پێشـتر فەرمانڕەواکانـی سـۆنگ هەتـا رادەیـەک رێگەیاندابـوو بـە داهێنـان و گەشـەکردنی تەکنیکـی نـوێ و پیشەسـازیی سـەرەتایی و بازرگانـی، بـەڵام لـە هەمانکاتـدا دەیانویسـت لـە ژێـر کۆنتـرۆڵ و مۆنۆپۆڵـی تـەواوی خۆیانـدا بێـت و رێگەیـان بـە بەهێـز بوونـی چینوتوێـژە نوێیـەکان نـەدەدا و رێگیـان پـێ نـەدەدان لـە بڕیارەکانـدا بەشـداری بکـەن.

ئەمـە ئـەوە دەسـەلمێنی، کـە دەکـرێ لەژێـر سـایەی دەسـەڵاتێکی ناوەنـدی بەهێـز و ئەبسـولیتسـتی وەکـو سـۆنگدا هەتـا رادەیـەک کۆمەڵگـە گەشـە بـکات و بـاری ئابـوری ببوژێتـەوە. بـەڵام ئـەو گەشـەکردنە سـنوردار دەبێـت و بەبـێ پەیدابوونـی زەمینـەی لەبـار گەشـەکردن و بەرفراوانبـوون بەخـۆوە نابینێـت و دواتـر رووبـەڕووی شکسـتهێنان دەبێتـەوە «٢ ل٢٣١».

سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری ئەبسولیتسـتی چیـن، بـووە هـۆی ئـەوەی ئـەو وڵاتـە لـە سـەردەی هـەژدە و نـۆزدەدا، لـە کاتێکدا ئەوروپـای رۆژئـاواو ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و ژاپـۆن گۆڕانـی گـەورە تیایانـدا رووی دەدا، هـەر بـە دواکەوتویـی و لاوازی مایـەوە. وڵاتەکـە خـۆ بەخـۆ دەرفەتـی هەڵگیرسـانی شۆڕشـی سیاسـی و پیشەسـازی تێدا رووی نـەدا. هەروەهـا لـە کاتـی بڵاوبوونـەوەی سـەرمایەداری جیهـان بـۆ ئاسـیا و وڵاتەکـە، وڵاتەکـە بەهـۆی ئـەو سیسـتمە رێگـرەوە

نەیتوانی سوود لە کەپیتالیزمی جیهان وەربگرێت و لەگەڵی ئاوێتە بێت و ببێتە بەشێکی سەربەخۆ و بەهێز تیایدا. ئەو بڵاوبوونەوە نەبووە هۆی بەهێزبوونی چینوتوێژە نوێیەکان و گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازی خۆماڵی و بەرپابوونی شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی تیایدا. بەڵی کەپیتالیزمی جیهان توانی خۆی بخزێنێتە وڵاتەکەوە و بیکاتە پاشکۆی خۆی. لە باتی بەهێزبوونی چینوتوێژی نوێ و دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا، دەرەبەگ و چینە دەسەڵاتدارە کۆنەکانی وڵاتەکە و هەندێ بازرگانی پاشکۆی نزیک لە وڵاتە کەپیتالیستەکانەوە ئەو سیستمەیان بۆ باشکردنی خۆشگوزەرانی خۆیان و دەسەڵاتی تاکڕەوی خۆیان بەکارهێنا. بازرگانی ئەو وڵاتە بەردەوام بوون لە ژێر مۆنۆپۆڵ و فشار و هەڕەشەی ئەوانەو وڵاتە سەرمایەدارە کۆلۆنیستەکان.

وڵاتە سەرمایەدارەکان، لەباتی رووە پلورالیست و دیموکراتیەکەیان، رووە تاکڕە و توندڕەکەیان خستە گەڕ و کەوتنە رووتاندنەوە و چەوساندنەوەی زۆرینەی خەڵکەکەی و بەرهەڵستیکردنی چینوتوێژە نوێکانی بۆ بونیادنانی ئابوریەکی سەربەخۆی بەهێز لە وڵاتەکەدا «۱۲۸ ل۱۰». ئەو کردارانە لەگەڵ سروشتی چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتەکەدا گونجاوبوون، بۆیە دەبوونە هاوپەیمانی یەکتر لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش. ئەو دەوڵەتە کەپیتالیستانە نە بە ئەرکی خۆیان دەزانی پشتگیری چینوتوێژە نوێیەکانی چین بکەن و پشتگیری ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە بکەن و نە بە بەرژەوەندی رۆژگاری ئەوسای خۆیان دەزانی.

لەو سەردەمەدا چین رێبازی سەربەخۆیی و سیاسی و ئابوری و گەشەکردنی نەگرتەبەر، لە ئاوێتەبوونی لەگەڵ سەرمایەداری جیهان، بەڵکو رێبازی پاشکۆیی و ئەڵقە لە گوێیی هەڵبژارد. فاکتەرە بنچینەکانی ناوخۆ بوو، کە ئەو وڵاتە لە کۆندا خۆبەخۆ شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی تیایدا روویندەدا. بەهەمان شێوە، هەمان ئەو فاکتەرانە بوون، کە وڵاتەکە نەیتوانی سوود لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان وەربگرێت و شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی تیایدا روویندەدا.

هەتا دەهات بازاڕ و ئابوری وڵاتەکە زیاتر دەبەسترایەوە بە بازاڕی کەپیتالیستی جیهانەوە. لەگەڵ ئەوەی هەماهەنگی هەبوو لە نێوان چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکانی وڵاتەکە و وڵاتە کەپیتالیستەکاندا، بەڵام بەهۆی بوژاندنەوەی بازرگانی و بەستنەوەی وڵاتەکە بە بازاڕی جیهانەوە و لاوازبوونی سیستمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فیوداڵی قوفڵدراوی کۆنی وڵاتەکەوە، هەتا رادەیەک چینوتوێژی نوێ لە وڵاتەکەدا دروست بوون و گەشەیانکرد. ئەوانە هەوڵی چاکسازی و گۆڕانکاری سیاسی و یاساییان دەدا بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپانەی لە ڕێگەی بوژاندنەوەی وڵاتەکەدا بوو. ساڵی ١٩١١ هێز و چینوتوێژە نوێیەکان، دوا فەرمانڕەوای قەیسەری کینگی چینیان روخاند و کۆماری چینیان دامەزران. پەرلەمان دامەزرا و بڕیاری چاکسازی سیاسی و یاسایی و دەستوری پلورالیزمتریان لە وڵاتەکەدا. ئەوانە لە پێناوی نەهێشتنی مۆنۆپۆڵی چینوتوێژە کۆنەکان و دەسەڵاتدارە کەپیتالیستە بێگانەکاندا بوو «٦ ل٤٣٧». ئەم سیستمە کورپەیە لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی پاشماوەکانی سیستمی فیوداڵ و کۆمپانیا و دەسەڵاتدارانی وڵاتە کۆلۆنیستەکاندا بوو. سەرەڕای ئەوانە پرۆسەی دیموکراتی لە روسیا شکستی هێناو کۆماری سۆڤێت تیایدا دامەزرا. کاردانەوەی ئەوە دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی چین بوو ساڵ ١٩٢١. ئەمە بووە هۆکاری پەیدابوونی فاکتەرێکی تری رێگر لە بەردەم مانەوەی سیستمە دیموکراتە لاوازەکەی چینوتوێژە نوێیەکان تیایدا، چونکە ئەو پارتە نوێیە لە چین بە کردەوە دژی گەشەکردنی کەپیتالیستی خۆماڵی بوو و دەیویست سیستمێکی یەک حیزبی تاکڕەوی شێوەی سۆڤێت لە وڵاتەکەدا بونیاد بنێ. بەو جۆرە چین لە ساڵی ١٩٢٥ وە بۆ ماوەی لە زیاتر ١٠ ساڵ رووبەڕووی شەڕێکی خوێناوی ناوخۆ بۆوەوە، کە ئابوری ئازادی سەربەخۆی وڵاتەکەی لاوازکرد و لە لایەکەوە رۆڵی هەندێ فیوداڵی کۆن و سەرۆک لەشکر و هەندێ توێژی بازرگانی سەر بە وڵاتە کە پیتالیستەکانی بەهێزکرد و لە لایەکی ترەوە لە رێگەی یەکخستنی بزووتنەوەی جوتیارانەوە رۆڵ و کۆنترۆڵی پارتی کۆمۆنیستی بەسەر بەشێک لە وڵاتەکەدا زیادکرد. ئەمە سەرەڕای ناسەقامگیری و کاولبوونی وڵاتەکە هێندەی تر چینوتوێژە نوێیە ئازادەکانی لاوازکرد و دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراتی لاوازکرد و دەرفەتی بەشداریکردنی چینوتوێژە نوێیەکانی لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا نەهێشت. بەهۆی ئەو فاکتەرانەوە ئەم پرۆسەیە لە وڵاتەکە بەهەمان شێوە بە ڕوخساری جیاواز بەردەوام بوو هەتا لە کۆتاییدا ساڵی ١٩٤٩ بە سەرکەوتنی رێبازی پارتی کۆمۆنیستی چین دواییهات «٢ ل٤٣٧ \ ١٢٣\١٢٥».

سەرکەوتنی پارتی کۆمۆنیستی چین و کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکە بەدەستیان، سەرتایەکی نوێ بوو بۆ دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری تاکڕەو و توندڕەوی ئەبسولیتزمی نوێ. دەستەبژێری دەسەڵاتدار بە ناوی سۆسیالیزم و خزمەتکردنی کرێکاران و جوتیارانەوە هەر بەشێوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فیودالە دەسەلاتدارە کۆنەکان هەموو ئابوری و جموجۆلی بازرگانی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازییان خستە ژێر کۆنترۆلی خۆیان و مۆنۆپۆلی دەستەبژێری دەسەلاتدارانی پارتی کۆمونیستەوە. لە ژێر سایەی دەوڵەت و پارتەکەدا بێجگەلە دەستەبژێریەکی دەسەلاتداری پارتەکە هیچ چینوتوێژێک یان هێزێک دەرفەتی بەشداریکردنی لە بڕیاردانی سیاسی و ئابوریدا نەبوو. سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چین زۆربەی خەڵکەکەی کردە ئەسیری خۆی و بە بەرگێکی نوێیەوە جێگەی قەیسەرە کۆنەکانی وڵاتەکەی گرتەوە «٤٨».

کە ئەو ساڵە کۆماری چین بەدەستی پارتی کۆمۆنیست دامەزرا، وڵاتەکە یەکێک بوو لە هەرە وڵاتە هەژارەکانی جیهانی ئەوسا. بۆ کۆنترۆڵکردنی وڵات و خەڵکەکەی ئەو پارتە ڕێبازی خۆجیاکردنەوەی لە جیهان هەڵبژارد. ئەو خۆجیاکردنەوەیە بووەهۆی زیاتر تاکڕەوی دەسەلاتداران و گرژیی و ململانێ لە پێناو کۆنترۆڵکردنی دەسەلاتدا لە نێوان باڵ و ڕێبازە جیاوازەکانی ناو پارتەکەدا، کە بووەهۆی مانەوەی وڵاتەکە بە دواکەوتویی و هەژاری «٢ ل٤٢٢». بەهۆی ململانێی باڵەکانی ناوخۆی پارتەکەوە، لە دوای ساڵەکانی ١٩٨٠ چاکسازی بچوکی هەنگاو بە هەنگاو لە باری ئابوری دەستپێکرد، کە ڕێگەی بۆ دروستبوون و گەشەکردن و بەهێزبوونی چینوتوێژی نوێ لە وڵاتەکە خۆشکرد. لە ساڵەکانی ١٩٩٠ و دوای شکستهێنانی یەکێتی سۆڤێت، ئەو پرۆسەیە لە وڵاتەکە هەتا دەهات خێراتر بەڕێوە دەڕۆیشت «٦ ل٤٤٣\ ٢ ل٤٢٢».

ئەمڕۆ چین بەشێکی گرنگ و بەهێزە لە کەپیتالیزمی جیهان، بەڵام هێشتا دەستەبژێری دەسەلاتداری پارتی کۆمۆنیست ڕێگەگرە لە گەشەکردنی پلورالیزم و دیموکراتی و بەشداریکردنی چینوتوێژە نوێیەکان لە دەسەلات، کە کۆسپێکی گەورەیە لەڕێگەی گەشەکردنی وڵاتەکەدا «٢٢ ل١».

نموونەی چین ئەوەمان بۆ دەسەلمێنی، کە گۆڕانکاری و گەشەکردن لە هیچ وڵات و شوێنێکی جیهاندا مەحاڵ نیە. بە دروستبوونی زەمینەی لە بارو چاکسازی هەنگاو بەهەنگاو و دەرفەت دروستبوو بۆ خەڵکی تا توانای خولقێنەری خۆیان بەکاربهێنن و گۆڕانکاری بچوک ڕێگەخۆش دەکات بۆ گەورەتر. لە هەمانکاتدا تاقیکردنەوەی ئەم وڵاتە ئەوە دەسەلمێنی، کە هێز و پارت و چینوتوێژە دەسەلاتدارەکان بە خۆشی خۆیان وا بە ئاسانی واز لە دەسەلات و بەرژەوەندی خۆیان ناهێنن و پرۆسەی گۆڕانکاری درێژخایان و دژوارە بەلام مەحال نیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### - ژاپۆن لە چەقبەستووییەوە بۆ وڵاتێکی پێشکەوتوو

هەتا ساڵەکانی **١٨٥٠** ژاپۆن وڵاتێکی دواکەوتووی داخراوبوو. هەروەکو چین خاوەنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی فیوداڵی سیاسی و ئابوری ئەبسولیوتیست بوو. ئاینی سەرۆکی وڵاتەکە وەکو چین بودیزم بوو، لە پاڵیشیدا ئاینێکی خۆماڵی بەناوی شینتۆیزمەوە لە ناویاندا هەبوو، کە بەشێکی دانەبراو بوو لەو سیستمە.

ژاپۆن لە چەندین دوورگەی دابڕاو لە یەکتر پێکهاتبوو. بەڵام لەگەڵ ئەو دابڕاویەیدا لە مێژووی کۆنیدا کاریگەری چینی بەسەرەوە بوو، بەتایبەتی بودیزم و بیرەکانی کۆنفۆشیزم. ئەم وڵاتە ئەگەرچی لە کۆنەوە لەژێر هەڕەشەی دەورپشدابوو، بەڵام هەمیشە سەربەخۆیی خۆی پاراستبوو، هەتا مەغۆلەکانیش نەیانتوانی چۆکیان پێدابدەن «**٣٦ ل٣٥٢\ ٤٨**».

ژاپۆن، هەتا ساڵی **١٨٦٧** هێشتا سیستمێکی قەیسەری توندڕەوی هەبوو. بنەماڵەی قەیسەر پێیان دەوترا شۆگان. دەسەڵاتدارانی دەوڵەت توێژی سەرەوەی بەشێک لە فیوداڵەکانی نزیک ئەو بنەماڵەیە بوون. ئەمانە مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریان کردبوو، بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان بە فیوداڵی ناوچەکانی تر و چینوتوێژەکانی کۆمەڵگە نەدەدا بەشداری لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا بکەن. سیستمێکی سەربازی خاوەن دسپلینی توندیان هەبوو، بە ناوی سامۆرای. ئەمانە گوێڕایەڵی کوێرانەی سەرکردەکانیان دەکرد هەتا مردن. توێژی دەسەڵاتدار فیوداڵەکانی ناوچەکانی تر و جوتیارەکانیان خستبووە ژێر باری باجی قورس و بێگاری بێسنوورەوە. هەروەکو چین کۆنترۆڵیان هەبوو بەسەر شارەکاندا و کۆنترۆڵ و مۆنۆپۆڵی بازرگانیان دەکرد. بواری کەسیان نەدەدا کە ڕۆڵی لە بەرهەمهێنان و بازرگانی گەورەدا، بەتایبەتی بازرگانی دەرەوە هەبێت. ڕێگەیان بە بازرگانە بێگانەکان نەدەدا بە ئازادی بێنە وڵاتەکەوە و کاری بازرگانی بکەن و پەیوەندی لەگەڵ بازرگانە خۆماڵیەکاندا ببەستن.

بەڵام ژاپۆن کەمتر لە چین توانای کۆنترۆڵکردنی هەموو وڵاتەکەی هەبوو. وڵاتەکە لە چەندین دورگەی لەیەک دابڕاو پێکهاتبوو. لە هەر چواردەوریەوە دەریا بوو. لە بەشە جیاوازەکاندا بە پێچەوانەی چینەوە وەکو ئەوروپا فیوداڵی بەهێز هەبوو، کە خاوەنی هێزی چەکداری خۆیان بوون و لە ململانێی بەردەوامدابوون لەگەڵ شۆگاندا و هەتا ڕادەیەک نیمچە سەربەخۆیی خۆیان پاراستبوو. ئەمانە لە شوێنی خۆیانەوە بە شێوەیەکی سەرۆکی خۆیان بازرگانی دەرەوەیان دەکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەرئەوەی ئەمانە بێزاربوون لە باج و سەرانە و فشاری قورسی دەسەڵاتی ناوەندی، هەمیشە چاوەڕوانی دەرفەتێک بوون بۆ گۆڕانکاری. بەدرێژایی مێژوو، ئەو ململانێ و گرژییە لە نێوان ئەمانە و دەسەڵاتی ناوەندیدا بەردەوام بوو، کە بە درێژایی سەدان ساڵ ببووە فاکتەر و هۆکاری سەرۆکی بۆ مانەوەی وڵاتەکە لە هەمان ئاستی دواکەوتوودا. بەڵام لەبەر سروشتی فیودالیان و لاوازیان هێندە توانایان نەبوو گۆڕانکاری ڕەگورپیشەیی لە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری وڵاتەکەدا بکەن «٦ ل٧٦».

لەگەڵ گەشەکردنی کەپیتالیزم و بڵاوبوونەوەی لە جیهاندا، هەر وەکو چین ژاپۆنیش کەوتە ژێر تەوژمی هاتنی ئەو بڵاوبوونەوەوە. لەسەرەتادا دەسەڵاتی ناوەندی بە هەموو شێوەیەک ڕێگربوو لە کردنەوەی کەنارئاوەکانی وڵاتەکە بۆ بازرگانی ئازاد، لەگەڵ دەوڵەتە کەپیتالیستەکاندا. بۆ تێکشکاندنی ئەو کۆسپە ئەمریکاییەکان ساڵی ١٨٥٣ ژمارەیەک پاپۆڕی جەنگییان ناردە سەریان و ناچاریانکردن بەندەرەکانیان بخەنە سەرپشت بۆ زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی. لە دوای ئەوەش بۆ ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتدارەکان خۆیان سەرپەرشتی جموجۆڵی بازرگانیان دەکرد و ڕێگەیان نەدەدا بەکەسی تر بە شێوەیەکی فراوان ئەو کارانە بکەن.

فیوداڵە ناڕازییەکان لە دەسەڵاتی ئەبسولیتستی ناوەندی، هێندە بەهێز نەبوون و سروشتی کۆمەڵایەتیان یارمەتی دەرنەبوو، کە ئەو وڵاتە پێشتر خۆبەخۆ شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی تیایدا ڕووبدات. بەڵام بڵاوبوونەوەی کەپیتالیستی جیهانی بۆ وڵاتەکە ببووە فاکتەرێکی یاریدەدەر بۆ بەهێزبوونی جموجۆڵی ئابوری و دروستبوونی چینوتوێژی نوێ و گۆڕانکاری مەزن لە وڵاتەکەدا.

ساڵی ١٨٦٧ فیوداڵە نیمچە سەربەخۆکانی ناوچەکان، بەهۆی بازرگانیکردنی سەربەخۆ و ئازاد لەگەڵ کومپانیا و وڵاتە دەرەکییە کەپیتالیستەکان و پاڵپشتی ئەوان بۆیان، لە چەند ناوچەیەک توانایان یەکخست و هێزی سیاسی و سەربازی هاوبەشیان دروستکرد و ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ناوەندیی تاکڕەو وەستانەوە. لە دوای شەڕێکی ناوخۆ فشاریان خستە سەر شۆگان و ملیان پێکەچکرد، کە ڕازیبێت بە چاکسازی سیاسی و یاسایی و ئابوری. لەو ساڵانەدا ڕێگە بۆ بونیادنانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر خۆشبوو. سیستمی فیودالیان هەڵوەشاندەوە و مافی موڵکداری و بەکارهێنانی زەویوزاریان ئازادکرد. یاسای نوێ دانرا بۆ ئازادی کاروباری بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بازرگانی، پاراستنی موڵک و ماڵی خەڵک. لە هەمانکاتدا بەشداریکردنی ژمارەیەک

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی زیاتر لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا. بەکارهێنانی هێزی سەربازی لەم وڵاتە بۆ تێکشکاندنی سیستمی کۆن و دامەزراندنی نوێ هاوچەشنی شۆڕشی فەرەنسا بوو.

ساڵی ١٨٩٠، ژاپۆن یەکەم وڵاتی ئاسیا بوو، کە دەستوری نوێی تیادا دانرا. دەستوری ئەو وڵاتە لەسەر هێشتنەوەی پاشاگەرایی بوو، بەڵام تیایدا دەسەڵاتەکانی قەیسەر زۆر کەمکرایەوە. دەسەڵاتەکانی سنوردار و رەمزی بوون و دەسەڵاتی راستی کەوتە دەست پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو و دەسەڵاتێکی یاسایی و دادوەریی سەربەخۆوە.

بە پێچەوانەی چینەوە، ئەم وڵاتە بەهۆی فاکتەرە ناوخۆییەکانەوە توانی وەکو پێویست سوود لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان وەربگرێت. ئەو چاکسازییە یاسایی و سیاسیانەی، کە لەو وڵاتە ساڵی ١٨٦٧ دەستی پێگرت و جێگیر بوو، لە چین هەتا ساڵی ١٩١١ دەستی پێنەکرد و وەکو بینیمان بەهۆی لاوازی فاکتەرە ناوخۆیەکانەوە، لەو سەردەمەدا شکستیان هێنا. ئەو چاکسازیانەی لە ژاپۆن جێگیربوو، رێگەی بۆ گەشەکردنی ئابوری و شۆڕشی پیشەسازی خۆشکرد. لە کاتێکدا ئەو وڵاتە توانای بۆ بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی پێویست بۆ لەشکرەکەی پەیداکرد، چین بە پێچەوانەوە دەسەڵاتدارەکانی لەرێگەی رووتاندنەوەی زۆرینەی خەڵکەکەوە پارەیەکی زۆریان تەرخاندەکرد بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی لە وڵاتانی دەرەوە، کە لە پێش هەموو شتێکەوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی وڵاتەکە و کوشتنی یەکتر بەکاریان دەهێنا «٢ ل٢٩٤».

ئەو وڵات و کۆمپانیا کەپیتالیستیانەی کە روویان کردە ژاپۆن، هەر بەشێوەی چوونیان بۆ چین بە مەبەستی ئاوەدانکردنەوە و گەشەکردنی ئابوری و سیاسی وڵاتەکە و خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی نەبوو، بەڵکو لە پێناوی بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی خۆیان بوو. ئەو وڵات و کۆمانیایانە ئەگەر بۆیان بڕەخسایە، لەباتی ئەوەی لەگەڵ چینوتوێژە نوێیەکە چاکسازی خواستەکان هاریکاری بکەن، هەر وەکو چین لەگەڵ چینوتوێژە دەسەڵاتدارە کۆنەکاندا دەیانکرد و وڵاتەکەیان تاڵان دەکرد و خەڵکەکانیان دەڕووتاندەوە.

ئەوەی لە مێژووی گۆڕانکاری ژاپۆن دەکرێ سوودی لێوەربگیرێت، بوونی گروپ و پێکهاتەی بەهێزی جیاوازبوو لە وڵاتەکەدا، کە لە ململانێ و زۆرانبازیی بەردەوامدابوون لەگەڵ یەکدا. لەگەڵ سروشتی فیوداڵی و تاکڕەوی و توندڕەوی ئەوانە، ململانیەی نێوانیان بووە فاکتەرێکی گرنگ، کە رێگەخۆشکەر بوو بۆ گۆڕانکاری مەزنتر و دروستبوونی چینوتوێژ و هێزی نوێ لەکاتی پەیدابوونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فاکتەری نوێدا، نموونەی بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزمی جیهانی بۆ وڵاتەکە.
بوونی چەندین هێزی ناکۆک لەگەڵ یەکدا، بەهۆی پاڵپشتی نوێ و بەرژەوەندی هاوبەش لە بوژاندنەوەی بازرگانی و پیشەسازیدا ناچاریکردن کە لە ڕێگەی پەرلەمانێکەوە چاکسازی گەورەی سیاسی و ئابوری بکەن، کە ڕێگە خۆشکەر بۆ بەرپابوونی شۆرشی پیشەسازی لە وڵاتەکەدا.
بەردەوامبوونی پاشاگەری لە وڵاتەکەدا و مانەوەی هەندێ دەسەڵاتی قەیسەر و بەردەوامی ململانێ لە نێوان کۆن و نوێدا بۆ ماوەیەکی درێژ، بەڵگەی ئەوەیە، کە گۆڕانکاری و چاکسازی کاتی پێویستە و ناکرێ بە چەند بڕیارێک سیستمێکی نوێی حازربەدەست بە ئاسانی داتاشرێ.

**- تێکەڵبوونی دوو سیستمی ڕێگر لە مەکسیک و ئەمریکای باشور**

ئەمڕۆ، مەکسیک و ئەمریکای باشور، لە چەندین وڵات پێکهاتوون، کە جیاوازی لە ئاستی گەشەکردن و سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوریاندا هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی هاوبەشیان هەتا ئەمڕۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر سروشت و خاسڵەت و مەرجەکانی گەشەکردنیان هەیە.
لەگەڵ ئەوەی ئەمریکای باشور و باکور بە هەزارەها ساڵ لەمەوبەر بە هۆکاری سروشتی دابڕان لە بەشەکانی تری جیهان، بەڵام لەوێش نزیکەی ٤ هەزار ساڵ پاش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکەی ٥ هەزار ساڵ پێش زایین، خۆبەخۆ شۆڕشی نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی تیایدا ڕوویدا. لەوێش دواتر سەرکەوتوبوون لە بونیادنان و گەشەپێکردنی شارستانی سەرەتایی لە چەندین ناوچەدا، نمونەی مەکسیک و بیلیز و گواتیمالا و هیندۆراس.
میللەتانی ئەو ناوچانە ناویان مایەبوو. یەکەم وەجبەی شارەکانیان دەوروبەری ٥٠٠ساڵ پێش زایین بونیادنراون. توانا و دەسەڵاتی ئەو شارانە بۆ ماوەی ٦٠٠ساڵ هەتا کۆتایی سەدەی یەکی زایینی بەردەوام بوو. بەڵام دوای ئەو ساڵانە شکستیان هێناو لەناوچوون. دواتر شار و فەرمانڕەوایی نوێ لە نێوان ساڵەکانی ٢٥٠-٩٠٠ زایینی جێگای کۆنەکانیان گرتۆتەوە. ئەمانەش وەکو ئەوانەی پێش خۆیان بەهۆی سروشتی ئەبسولیتستی سیستمی سیاسی و ئابوریان و گرژی و شەڕوشۆڕی نێوانیان سەرە و نوگم بوون «٣٦ ل١٨٨،١٨٣».
کە ئیسپانیاییەکان لە کۆتایی سەدەی پانزە ڕوویان لە ناوچەکەکرد، ئەو شارانە کاول و نەناسراو بوون. هەتا سەدەی نۆزدە شوێنەواری ئەو شار و شارستانیەتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنانـە هێشـتا نەدۆزرابوونەوە.

شـارەکانی مایـە لـە دەوروبـەری ٥٠ شـاری گـەورە و بچـوک پێکهاتبـوون. هـەر یەکێ لەوانـە یەکـەی سیاسـی و ئابـوری سـەربەخۆ بـوون. شـارە گـەورەکان فەرمانڕەوایـی و پاشـای خۆیـان هەبـوو، کۆنتـرۆڵ و حوکمـداری شـارە بچکۆلەکانیـان دەکـرد. ئـەو شـارانە لەگـەڵ ئـەوەی پەیونـدی دیپلۆماسـی و ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی لـە نێوەندیانـدا هەتـا رادەیـەک هەبـوو، بـەڵام هەمیشـە ناکـۆک بـوون لەگـەڵ یـەک و گـرژی و شەڕوشـۆر زاڵ بـوو بەسـەر پەیوەندییەکانیانـدا.

لەبـەر گـرژی نێوانیـان و خۆجیاکردنـەوە لەیـەک، زمانێکـی هاوبـەش لـە نێوەندیانـدا پەیدانەبـوو. ئەوانـە زیاتـر لـە ٣١ زمانـی جیاوازیـان هەبـووە و شـێوەی نووسـینی تایبەتـی خۆیـان هەبـووە. زیاتـر لـە ١٥ هـەزار تابلـۆی نوسـراوەیان دۆزراوەتـەوە، کـە تیایانـدا باسـی پاشـا و چینوتوێـژە دەسـەڵاتدار و کلتـور و ئایینەکانیـان کـردووە. رۆژژمێـری تایبەتیـان هەبـووە، کـە مێـژووی دەسـتپێکردنی بـۆ ٣١١٤سـاڵ پێـش زاییـن دەگەڕێتـەوە.

مایـەکان، توانیویانـە چیمەنتـۆ بدۆزنـەوە و بەکاریبهێنـن بـۆ دروسـتکردنی پەرسـتگای مـەزن و کۆشـک و تـەلاری سـەروەرەکانیان.

شـارە گـەورەکان، پاشـای خۆیـان هەبـووە. فەرمانڕەوایەتییەکانیـان شـێوەی میرنشـینی گەشـەکردووی بەخـۆوە بینیـوە. هەنـدێ شـاری نمونـەی کوپـان، تیـکال، گالاکمـون و گالاکمـول، سـاڵی ٧٥٠ زایینـی قەبارەیـان گەیشـتۆتە شـارە گەورەکانـی ئەوسـای جیهانـی کـۆن و ژمـارەی دانیشـتوانیان لـە پاریس و لەندەنـی ئەوسـا زیاتـر بـووە «٢ ل١٤٣».

سروشـتی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری ئـەو شارسـتانیانەتە لـە شارسـتانیەتە کۆنەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نزیکبـوو. فەرمانـڕەوای شـارەکان دەسـەڵاتێکی تاکـڕەوی تونـدڕەوی ناوەنـدی بەهێزیـان هەبـووە. بەهـۆی ئـەو دەسـەڵاتەوە توانیویانـە گەشـەکردنی ئابـوری بەدەسـتبهێنن، هـەر لـە بەرهەمهێنانـەوە هەتـا بیناکردنـی کۆشـک و تـەلار و پەرسـتگای مـەزن. بـەڵام ئـەو دەسـەڵاتدارانە داهاتەکانیـان بـۆ ئاسـانکردنی گەشـەکردنی ئابـوری و خۆشـگوزەرانی زۆرینـەی دانیشـتوان بەکارنەهێنـاوە، بەڵکـو بـۆ بەرژەوەنـدی دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار بەکارهاتـووە، کـە لـە ڕێگەیـەوە بونەتـە خـاوەن سـامانێکی بێسـنووری زێـڕ و زیـو و شـتومەکی نایـاب.

ئـەو پاشـاگەرییانە ئەگـەر چـی جیـاوازی بچوک لـە نێوەندیانـدا هەبوو، بەڵام بەگشـتی سروشـتی حوکمڕانیـان هاوچەشـن بـوو. لـە سـەدەی یەکـی زاییندیـدا لـە گواتیمـالا،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشایەک بە پاڵپشتی توێژێک سەرکردە و فەرمانڕەوا کە دەوری دەستەبژێری ئۆروستۆکراتیان دەبینی حوکمیان دەکرد و کاروباری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەیی لە ژێر کۆنترۆڵیاندا بوو. ئەمانە مۆنۆپۆلی تەواوی کەرتە ئابوریەکانیان کردبوو و ڕێگەیان بە کەسی تر نەدەدا، بەشدارییەکی بەر فراوان لەو بوارانەدا بکات. کارکەرەکان، کە هەموو ئەرکەکانی بەرهەمهێنان و کارکردنیان لە ئەستۆدابوو، لە ژێر چاودێری و فرمانی ئەواندابوون. کاروباری کشتوکاڵی و دروستکردنی بەنداو و گۆماو و جۆگەلەراکێشان، ئەرکی زۆربەی ئەوانە بوو. بەشێکیان مۆنۆمێنتی تایبەتییان دروستدەکرد، بەرهەمهێنانی پیشەیی نمونەی خەزاف، جۆلا و قوماش چنین، دارتاشی و دروستکردنی ئامرازی بەرهەمهێنان و دەرهێنانی زێڕ و زیو و دروستکردنی کاڵای نایاب لەوانە. دەستەبژێری دەسەڵات سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی بازرگانی ناوخۆ و دەرەکیان دەکرد، نمونەی بازرگانی کاکاو و خوێ و بەردی نەقاری تایبەتی و پێستی پڵنگ.

کارکەرەکان لە کەرتەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەییدا بە کۆمەڵ ڕێکخرابوون و کاریان پێدەکرا. خاوەنی هیچ نەبوون و مافی بەشداریکردنیان نەبوو لە هەڵسورانی کاروبار و بڕیاری سیاسی و ئابوریدا. وەکو موڵک حیسابیان بۆ دەکرا و ئەوەی پێیاندەدرا، خواردن و جێگای نوستنبوو، بەو ئاستەی بتوانن بەردەوامبن بەو کار و ئەرکانەی پێیان سپێردرابوو. ئەو سیستەمە سروشتێکی تایبەتی کۆیلایەتی کارپێکردنی هەبوو، کە لە کۆیلایەتی ئەفریقا و ڕوژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا نزیک بوو «٦ ل١٧١».

جیاوازی هەبوو لە نێوان ناوچەکانی ئەمریکای باشور و باکوردا، لە ڕووی چڕی ژمارەی دانیشتوان و ئاستی گەشەکردنی ئابوری و شارستانی و دەوڵەمەندی دەسەڵاتدارەکانیان. زۆربەی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکان، کە هیندییە سورەکان بوون بە چڕی لە ناوچەکانی مەکسیک و ناوەڕاستی ئەمریکا و باکوری ئەمریکای باشور نیشتەجێ بوون و شارستانیەتە کۆنەکانیان لەو ناوچانە سەریان هەڵدابوو. ئەمریکای باکور نمونەی ناوچەکانی ئەمڕۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا، ژمارەی دانیشتوانی کەمتر و بڵاوتربوو. ئەوانە شارستانی کۆنی بەهێز و دەوڵەمەندی خاوەن زێڕ و زیوی بە شێوەی ئەو ناوچانەی تر تیایاندا نەبوو. هیندییە سوورەکانی ئەو ناوچانە لە پێکهاتەی بچوکتر بوون و لە ناوچەی فراواندا پەرش و بڵاوبوون «٢ ل١١».

بەهۆی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری قوفڵدراو و کۆیلایەتی کارپێکردن و دابڕاوی ناوچەو شارستانییەکانیان لەیەکتری بەهۆی گرژی نێوانیان،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەم کیشوەرانەدا وەکو رۆژئاوای ئەوروپا شاری بازرگانی نیمچە سەربەخۆ و چینوتوێژی نوێی بەهێز دروست نەبوو، هەروەها دەرفەتی بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک لە بڕیارداندا دروست نەبوو. لەبەرئەو هۆکارانە شۆرشی سیاسی و پیشەسازی لێرە خۆبەخۆ لە پێش هاتنی ئیسپانی و پورتوگالییەکان رووینەدا و شارستانییەکانیان شکستیان هێنابوو و بە لاوازی مابوونەوە.

کە ساڵی ۱٤۹۲ کریستۆفر کۆلۆمبس لە ئیسپانیاوە روویکردە ناوچەکە و دنیای نوێ دۆزیەوە، بارودۆخی هیندییە سورەکان و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکانیان زۆر لاواز و پچرپچر بوون و ناسەقامگیری باڵی بەسەریاندا کێشا بوو و شەڕ و شۆڕی ناوخۆ بێتوانای کردبوون. دواتر بێجگەلە بەرازیلی ئەمڕۆ، کە پورتوگال داگیریکرد، زۆربەی شوێنەکان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئیسپانیاوە. ئینگلترا و فەرەنسا لەو سەردەمەدا ئەو توانایەیان نەبوو خۆیان بگەیەنە ئەم ناوچانە «٦ ل ۱۷٥».

ئیسپانیا و پورتوگال، لەو سەردەمەدا وڵاتی فیودالی ئەبسولیوتستی توندڕەوی تاکڕەو بوون. گەشەکردنی پیشەسازیی سەرەتایی تیایاندا لەچاو ئینگلتەرا و فەرەنسا و فلاندرن و ئیتاڵیا زۆر لە دواتر بوو. هاتنی ئەوانە بۆ جیهانی نوێ تەنها گەڕانبوو بە شوێن سامانی زێڕ و زیو و شتی نایاب و تاڵانی کە بیبەنەوە بۆ پاشاکانیان.

سیستمە توندڕەو و تاکڕەوەکەی ئیسپانیا و پورتوگال زۆر باش لەگەڵ سیستمە خۆماڵێکەی هیندییە سوورەکاندا دەگونجا. تێکەڵاوبوونی ئەو دوو سیستمە و ئاوێتەکردنیان لەگەڵ یەکدا رێگەی بۆ بونیادنانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری ئەبسولیتیستی سروشت نزیک لە کۆیلایەتیەوە خۆشکرد، کە کۆسپی گەورەی لەبەردەم گۆڕانکاری و گەشەکردنی دواتر دروستکرد. ئەم سیستمە بە بەرزترین رێژە وڵات و چینوتوێژەکانی خوارەوەی سەرکوتدەکرد و دەیڕووتاندەوە، کە هەتا ئەمڕۆ هێشتا بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانە لە کاردانەوەکانی رزگاریان نەبووە.

لە زۆربەی شوێنی جیهان، کە کۆلۆنیستەکان وڵاتانیان داگیردەکرد، هەوڵیان ئەدا لە رێگەی دەستەبژێرییەک لە چینوتوێژی وڵاتە کۆلۆنیەکان، کە لە خۆیانەوە حوکمڕانی و کۆنترۆڵی وڵاتەکان بکەن نزیکبوون. بەڵام لە مەکسیک و گوتیمالا و شوێنەکانی تری ئەمریکای باشور، ئیسپانیا و پورتوگال خەڵکانی خۆیان خستە جێگای دەسەڵاتدارانی خەڵکی رەسەنی ئەو وڵاتانە. بۆ نمونە کە ئیسپانیەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گواتیمالایـان داگیرکـرد سـەرۆکە هیندییـە سـوورەکانیان ناچارکـرد، کـە هەرچـی زێڕو زیـو و سـامانیان هەبـوو بیاندەنـێ. لـە ڕێگـەی فشارخسـتنە سـەر ئـەو سـەرکردانەوە، دەسـت و پێوەندەکانیـان ناچاردەکـردن کـە زێـڕو زیـوی زیاتریـان بـۆ بەرهەمهێنـن. دواتـر ئیسـپانیەکان ئـەو سـەرکردانەیان لەناوبـرد و خۆیـان جێگەیـان گرتنـەوە. بـە هەمـان شـێوە دەسـتیانگرت بەسـەر هەمـان سیسـتمی شـێوە کۆیلایەتیـان و لـە ڕێگەیـەوە کۆنترۆڵـی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی و بازرگانـی و پیشـەیی بـە تایبەتـی دەرهێنانـی زێـڕ و زیویـان کـرد. شـارە گـەورە و بەهێزەکانـی ئەوانیـان هێشـتەوە و کردنیـان بـە جێگـەی نیشـتەجێبوون و ناوەنـدی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـوری و سـەربازی خۆیـان «٦ ل١٨٤».

سـاڵی **١٥٣١** چەنـد بنەماڵەیەکـی ئیسـپانی دەسـتیان بەسـەر دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـوری گواتیمـالادا گـرت. ئـەو کاتـە ئـەو بنەماڵانـە لـە **٢٢** خێـزان پێکهاتبـوون، دواتـر لـە ڕێگـەی ژن و ژنخوازیـەوە بوونـە **٢٦** خێـزان. بـە درێژایـی ئـەم چەنـد سـەدەیە هەتـا کۆتایـی سـەدەی بیسـت هـەر ئـەو خێزانانـە دەسـەڵاتی ئـەو وڵاتەیـان لەژێـر دەسـتدا بـوو. سـاڵی **١٩٩٣** کـە سـەرۆک کۆمـاری ئـەو وڵاتـە هەڵبژێـردرا، خـۆی و دوو وەزیـری گرنگـی حکومەتەکـە لـە ڕەچەڵەکـی ئـەو بنەماڵانـە بـوون.

سـاڵی **١٨٢٣** بەهـۆی شـەڕی ناپلیـون و لاوازبوونـی دەسـەڵاتی فیوداڵـی لـە ئیسـپانیا و دەسـتپێکردنی گۆڕانـکاری و چاکسـازی تیایـدا، کۆلۆنیەکانیـان لـە مەکسـیک و باشـوری ئەمریـکا سـەربەخۆیی خۆیـان وەرگـرت لـە نێوەندیانـدا گواتیمـالا.

بـە دەرچوونـی ئیسـپانیا لـەوێ، گرفتـی وڵاتەکـە کۆتایـی نەهـات. چونکـە ئەوانـەی بەهـۆی ئیسـپانیاوە پێشـتر دەسـەڵاتداربوون و نیشـتەجێبوون لـەو وڵاتانـە مابوونـەوە و بەردەوامبـوون لـە کۆنترۆڵکـردن و حوکـم کردنیـان. لـە باتـی ئـەوەی زوڵـم و زۆرداری کەمتـر بێتـەوە و ڕێگەخـۆش بێـت بـۆ گەشـەکردنی وڵاتەکـە و چاکسـازی سیاسـی و ئابـوری تیایـدا، بـاری وڵاتەکـە خراپتـر بـوو و دەسـەڵات و توندڕەوی و تاکڕەوی ئەوانـە لـە جـاران زیاتریکـرد، چونکـە ئەوانـە خۆیـان بـە خاوەنـی وڵات و خەڵکەکـەی دەزانـی. هاتنـی ئیسـپانیا و پورتـوگال بـۆ ئـەو شـوێنانە، سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری سـنوردارتر کـرد لـە جـاران و کۆسـپەکانی زیاتـر کـرد لـە ڕێگـەی گەشـەکردن و خۆبەخـۆ بەرپابوونی شۆرشـی سیاسـی و پیشەسـازی تیایانـدا.

کـە کەپیتالیـزم لـە سـەدەی نـۆزدەدا بەهێـز بـوو و پلیـدا بـۆ جیهانـی نـوێ، گوتیمالاشـی گرتـەوە. بەهـۆی بوژاندنـەوەی بـازاڕی جیهـان و زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتوان لـە ڕۆژئـاوای ئەوروپـا و زیادبوونـی خواسـت لەسـەر بەرهەمـی نـوێ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوانە خواست لەسەر قاوە، بووە هۆکاری زیادبوونی بەرهەمهێنان و بازرگانی پێکردنی لە گواتیمالا. لەو ڕێگەیەوە ئەو بەرهەمە بووە کاڵایەکی بازرگانی گرنگ لە هەموو جیهاندا.

ساڵی ١٨٧١ لەو وڵاتە توێژێک لە دەستەبژێری دەسەڵاتدار ئەو دەرفەتەیان قواستەوە و بەناوی لیبرالیزم و بازاڕی ئازاد و ئازادی خەڵک لە کارکردن و بڕیاردانەدا هەروەها پاراستنی مافی موڵکایەتی، هەڵمەتێکی باشیان خستەگەڕ بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی قاوە و بازرگانی پێکردنی. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پێویستیان بە دوو ئامراز بوو، هێزی کار و زەوی بۆ بەرهەمهێنان. لەسەر بنەمای مافی موڵکایەتی گشتی زەوی، کە پێشتر هیندییە سوورەکان پەیڕەویانکرد بوو، زەویوزارێکی زۆریان بە ناوی موڵکی دەوڵەت و گشتییەوە، خستە ژێر تەسەروفکردنی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە. لە هەمانکاتدا بۆ دابینکردنی هێزی کاری پێویست و هەرزان، هەمان سیستمی کۆنی هیندییە سوورەکانی بە کۆمەڵ کارپێکردنیان خستە گەڕ. لەو شوێنانەدا بە ناوی کارکردن بۆ خۆشگوزەرانیان و ئاسانکاری لە بەرهەمهێنیان و کێڵگەی بەرهەمهێنانی مەزندا، ژمارەیەک زۆر خەڵکیان لەو شوێنانەدا پەنگدا و ناچاریانکردن، کە ڕۆژگاری درێژ و هەموو ڕۆژێکی هەفتە کاری سەخت بکەن. هەندێکیان بە هەمیشەیی لەو شوێنانە کاریان دەکرد و لە بەرامبەردا خواردنی پێویست و جێگەی نالەباری نیشتەجێبونیان بۆ تەرخاندەکردن، کە هیچ خزمەتگوزارێکی پێویست تیایاندا دابین نەدەکرا. ئەوانی تریان لە شوێنی ترەوە دەهێنا و ساڵی دوو هەتا سێ مانگ بێگاریان پێدەکردن. کارکەرەکان وەکو کۆیلە رەفتاریان لەگەڵ دەکرا و توانای بیرکردنەوە و داهێنان لە ناویاندا دەخنکێنرا. بەرهەمهێنان و بازرگانی لەو بوارەدا لەلایەن ئەو دەستەبژێر دەسەڵاتدارەوە مۆنۆپۆڵ کرابوو و ڕێگەیان بەکەسی تر نەدەدا بەشداری تیادا بکەن. داهاتی ئەوە سامانێکی بێ سنوری بۆ ئەوانە دروستکرد کە بۆ خۆشگوزەرانی و ژیانی سەڵتەنەتی خۆیان بەکاردەهێنا و سەرکوتکردنی هەموو هەوڵدانێک بۆ دروستبوونی چینوتوێژی ئازاد و بەشداریکردن لە بڕیاردان و چاکسازی سیاسی و ئابوریدا «٢ ل٣٤٥».

دەوڵەت و کۆمپانیە کەپیتالیستەکان بە غیابی چینوتوێژی ئازادی بەهێز لەو وڵاتانەدا، ڕووە تاکڕەو و توندڕەوەکانیان دەخستە گەڕ و هاریکاری و تەعامولیان لەگەڵ ئەو دەستەبژێر دەسەڵاتدارەدا دەکرد و دەبوونە هاوپەیمانیان و ڕێگەیان دەگرت لە گۆڕانکاری و چاکسازی لەو وڵاتەدا.

لە دوای سەربەخۆیی گواتیمالا، شێوازی بەکارهێنانی هێزی کار بەو شێوازە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سروشت کۆیلایەتیە هەر بەردەوام بوو. ساڵی **١٨٧٧** دوای ململانێیەکی زۆر و چەندین راپەرینی نێوان ئەو کارکەرانە ئەو سیستەمە لەو وڵاتەدا بە یاسا قەدەغەکرا، بەڵام بە کردەوە پەیڕەوکردنی هەر بەردەوام بوو. ساڵی **١٩٢٠** هەمیسانەوە هەڵمەتێکی تر کرا بۆ رێگەلێگرتنی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ساڵی **١٩٤٥** هەر بەردەوام بوو. ئەو ساڵەدا بۆ یەکەمجار گۆڕانکاری و چاکسازی گەورە روویدا بەهۆی بەشداریکردنی بزووتنەوەی گەنجان و قوتابیان و هەندێ توێژ و هێزی چاکسازیخواز لە پرۆسەکەدا. ئەم نیمچە دیموکراسییە ساڵی **١٩٥٤** لە رێگەی کودەتایەکی سەربازی و شەڕی خوێناویەوە پێشێلکرا. ئەو بارە نالەبارە هەتا ساڵی **١٩٨٦** بەردەوام بوو. لەو ساڵەدا شەپۆلێکی نوێی دیموکراسی دەستی پێکردەوە و چاکسازی ئابوری و سیاسی نوێ روویدا.

بەڵێ لەو وڵاتانەدا هەمیشە ململانێ و توندوتیژی و هەوڵدان بۆ چاکسازی سیاسی و ئابوری بەردەوامبووە و چەندینجار هەندێ دەسکەوت بەدەستهاتووە، بەڵام لەبەر لاوازی چینوتوێژە نوێیەکان و کەمی دەرفەتی بەشداریکردن لە بڕیاردان زۆرجار شکستیان هێناوە. لەژێر سیستەمێکی سیاسی و ئابوری توندڕەوی وادا بە غیابی چینوتوێژ و هێزی نوێی بەهێز، گروپ و دەستەبژێر و پارت و پێکهاتەی توندڕە و تاکڕەوی نوێ دروست دەبێت و جێگەی کۆنەکان دەگرنەوە و سەرلەنوێ لە بازنەیەکی داخراودا هەمان بارە نالەبارە کۆنەکان دووبارە دەبنەوە.

لەگەڵ کۆسپی گەورە و رۆڵی نێگەتیڤی فاکتەرە مێژوویە کۆنەکان، لەم سی ساڵەی دوایەدا بەهۆی بەهێزبوونی چینوتوێژە نوێیەکان و زیادبوونی دەرفەتی بەشداریکردنیان لە کاری دیموکراسی و پەرلەمانیدا گۆڕانکاری مەزن لە وڵاتەکانی باشوری ئەمریکادا جێگیر بووە. بەرازیل کە یەکێ لە دەوڵەتە مەزنەکانی جیهانە و هەروەها چەندین وڵاتی تری ئەو کیشوەرە لەڕووی ئابوری و چاکسازی سیاسیەوە گۆڕانکاری مەزن تیایاندا روویداوە و رۆڵی گرنگیان هەیەبۆ بونیادنانی هاوسەنگێکی نوێ لە جیهاندا «**٢ ل٣٤٩\ ٤٤\٤٨**».

## - گۆڕانکاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاسانتربوو

جاری واهەیە مێژوو و شارستانی کۆنی وڵاتێک دەبێتە جێگای شانازی و سەربەرزی خەڵکەکەی و رەنگە هەتا رادەیەک هەندێ فاکتەر لەو مێژووە کۆنەدا رێگە خۆشکەربن بۆ گۆڕانکاری و تازەکردنەوە. لە هەمانکاتدا وەکو لەم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێکۆڵینەوەدا، لە چەند روویەکەوە باسمانکرد، زۆرجار هەندێ لایەنی خاسڵەت و سروشتی کۆنی وڵاتێک دەبێتە فاکتەری نێگەتیڤ و کۆسپ لەبەردەم گۆڕانکاری و گەشەکردنی ئابوری و چاکسازی یاسایی و سیاسی تیایدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و ئوسترالیا، لەبەر لاوازی و بچوکی دانیشتوانە کۆنە رەسەنەکانی و کەمی یاخود نەبوونی رۆڵیان لە بونیادنانی دەوڵەتە نوێیەکان و گەشەکردنانیدا، مێژووی کۆنی وڵاتەکە و خاسڵەتەکانی کاردانەوەی ئەوتۆی نەبووە لەو بونیادنانەدا. ئەو کۆسپانەی کە لەبەر گەشەکردنی وڵاتەکەدا بوون لاوازتر بوون، بۆیە گۆڕانکاری تیاندا ئاسانتربوو. رەنگە هەندێ کەس بە نزمی سەیری ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات و بەبێ خاوەن مێژوو و شارستانیەتی کۆن دایبنێ، بەڵام لە راستیدا نەبوونی شارستانێتی بەهێزی کۆن لەو وڵاتەدا رەنگە بووبێتە فاکتەرێک، کە ئەو وڵاتە لە مێژووی کورتی چوار سەد ساڵیدا بۆتە بەهێزترین و پێشکەوترین وڵاتانی جیهان.

کە ساڵی **١٤٩٢** ئیسپانیا جیهانی نوێی دۆزیەوە و بەشێکی زۆریکرد بە کۆلۆنی خۆی، ئینگلتەرا هێشتا لە چاو ئیسپانیادا وڵاتێکی لاواز بوو، خەریک بوو بە شەڕی ناوخۆوە بەناوی شەڕی گوڵەباخەکانەوە و توانای نەبوو پاپۆر بۆ داگیرکردنی وڵاتانی تر رەوانەکات. ساڵی **١٥٨٨** سەد ساڵ دوای دۆزینەوەی جیهانی نوێ لەدوای تۆزی بەهێزبوونی ئینگلتەرا و سەرکەوتنی لە شەڕێکدا بەسەر ئیسپانیادا ئنجا توانی خۆی بگەیەنێتە جیهانی نوێ «**٩** ل**٨٧**».

کە ئینگلیزەکان گەیشتنە ئەوێ، لەبەر لاوازیان ئەوەی لەبەر دەستیاندابوو داگیرکردنی بەشێک بوو لە ئەمریکای باکور، ناوچەکانی ئەمڕۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەو ناوچانە دەوڵەمەند نەبوون و سامانی زۆریان تیادا نەبوو. هیندییە سوورەکان لێرە وەکو هاورێکانیان لە مەکسیک و باشوری ئەمریکا هێندە خاوەنی سەروەتی زۆر نەبوون. هەر لەبەر بێنرخی ئەو ناوچانە بوو کە پێشتر وای لە ئیسپانیا و پورتوگال کرد هێندە گوێی پێنەدەن.

کە ئینگلیزەکان چوون بۆ ئەو ناوچانە، لەبەر گەورەیی شوێنەکان و کەمی دانیشتوانی رەسەنی، بۆ ماوەی **١٨** ساڵ هەموو هەوڵێکیان شکستی هێنا و هیچیان نەکرد بەهیچ. ساڵی **١٦٠٧** سوپای ئینگلیز و دەستوپێوەندەکانی روویانکردە ناوچەی ڤەرجینیا و تیایدا شارێکی بچوکیان دروستکرد بەناوی جەیمستاونەوە. لەو شوێنە کۆلۆنیەکیان (کۆلۆنی، هاتن و نیشتەجێبوونی خەڵکی درەوەیە لە وڵاتێک یان ناوچەیەکدا) دروستکرد بەمەبەستی ئەوەی پەلاماری هیندییە سوورەکانی ناوچەکە بدەن و سامانی زێڕ و زیویان لێ زەوت بکەن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهامـان شـێوەی ئیسـپانیەکان خەڵکەکانیـان ناچاربکـەن لەژێـر سیسـتمێکی کۆیلایەتی کارکردنـدا بەرهەمیـان بـۆ بهێنـن و خزمەتکارییـان بکـەن.

ئـەوەی بـۆ ئیسـپانیەکان هەڵکـەوت، بـۆ ئینگلیـزەکان سـەری نەگـرت. هـۆکاری ئـەوە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە هیندییـە سـوورەکانی ئـەو ناوچانـە خاوەنـی شارسـتانی کـۆن و شـاری دەوڵەمەنـد و پاشـای خـاوەن سـامانی زێـڕ و زیـوی زۆر نەبـوون هەتـا تـاڵان بکرێـن. هۆکارێکـی تـر لاوازی ئینگلیـزەکان و فراوانـی ناوچـەکان و پـەرش و بـڵاوی خەڵکـە رەسـەنەکە و نەبوونـی دەسـەڵاتێکی ناوەنـدی بـوو لـە ناویانـدا، کـە ئینگلیـزەکان بـە ئاسـانی بتوانـن کۆنترۆڵـی بکـەن و لـە رێگـەی سیسـتمێکی کۆیلایەتـی کارکردنـەوە خەڵکەکـەی ناچـاری کارکـردن و بەرهەمهێنـان و خزمەتـکاری بکـەن. ئەمـە بـووە هـۆی شکسـتهێنانی پلانـی ئینگلیـزەکان لـەم شـوێنانە.

لەبەرئـەوەی ئـەو کۆلۆنیسـتە ئینگلیزانـەی کـە لەگـەڵ سـوپادا هاتبـوون خەڵکـی خواردەلەمیـش بـوون و کارکـەر نەبـوون و توانـای بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵیان نەبـوو، کـە خۆیانـی پێبژێنـن، لـە دوای چەنـد سـاڵێک کـە خەزێنـەی خواردەمەنـی و پێویسـتیان کەمـی دەکـرد و بەتایبەتـی لـە زسـتانە ساردەکاندا رووبـەڕووی برسـێتی و رەقبوونـەوە دەبوونـەوە و سـاڵی واهەبـوو ژمارەیەکـی زۆریـان بەهـۆی برسـێتی و نەخۆشـیەوە دەمـردن. بـاری ژیانیـان ئەونـدە خـراپ بـوو هەندێکیـان پەنایـان بـۆ هیندییـە سـوورەکان دەبـرد، کـە هەنـدێ خـواردن و پێداویسـتیان بدەنـێ بـۆ ئـەوەی لـە برسـا نەمـرن.

کۆمپانیـای ڤەرجینیـا بـە مەبەسـتی پەیداکردنـی سـامانێکی زۆر بـۆ پاشـای ئینگلتـەرا و رێکخسـتنی کاروبـاری کۆلۆنیەکـە بونیـاد نرابـوو. ئـەو کومپانیایـە لـە دوای دوانـزە سـاڵ بـۆی دەرکـەوت، کـە ئـەوەی بـۆ ئیسـپانیەکان سـەریگرت بـۆ ئـەوان لـەو ناچانـەدا سـەر ناگرێـت. بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو گرفتانـە لەباتـی کۆلۆنیسـتی تەمـەڵ و کارنەکـەر، خەڵکـی نوێـی کارکەریـان لـە ئینگلتـەراوە هێنـا. ئەوانـە لـە جوتیـار و کرێـکار و دارتـاش و ماسـیگەر و پیشـەگر پێکهاتبـوون. دەسـەڵاتدارە ئینگلیـزەکان ویسـتیان لـە ژێـر سیسـتمێکی تونـدڕەوی نیمچـە کۆیلایەتـی کارکردنـدا ئـەو خەڵکـە نوێیـە ناچـار بکـەن لەباتـی هیندییـە سـوورەکان کاریـان بـۆ بکـەن.

بـەڵام ئـەو دەسـەڵاتدار و کۆمپانیایـە لەوەشـدا کەوتنـە هەڵـەوە و پلانەکانیان شکسـتی هێنـا. هـۆکاری ئـەوەش لـە لایەکـەوە دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی ئـەو خەڵکـەی هێنابویـان ئازادبـوون و چۆکیـان دانـەدەدا بـۆ ئـەو دەسـەڵاتدارانە و دەیانویسـت بـە ئـازادی کاربکـەن و خۆیـان بژێنـن، لـە لایەکـی تـرەوە بەهـۆی فراوانـی وڵاتەکـە و بوونـی زەویـوزار و ئـاوی زۆر تیایـدا خەڵکەکـە بـە ئاسـانی ئـەو کۆلۆنیەیـان بەجێدەهێشـت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بارياندەكرد بۆ شوێنی تر، كە بەسەربەستی تيايدا بژين.

لە كاتێكدا دوانزە ساڵ پێويست بوو بۆ كومپانياى ڤەرجينيا، كە لەوە بگەن كە هينديیە سوورەكانی ئەم ناوچانە وەكو ئەوانەی شوێنەكانی تر نەبوون، ٢٠ ساڵی تری پێچوو هەتا تێگەيشتن، كە ناتوانن سيستمی كۆيلايەتی كاركردن بەسەر كۆلۆنيستەكاندا بسەپێنن. بۆيان دەركەوت بۆئەوەی خەڵك بە باشی كاربكات و بەرهەمبێنێ و توانای داهێنانی بخاتەگەڕ، دەبێ ئازادبن و هانبدرێن و سوود لە كار و هيلاكيان وەربگرن و بكەونە ژيانێكی خۆشگوزەرانييەوە. بۆيە ساڵی ١٦١٨ كۆمپانياكە بڕياريدا كە هەموو خێزانێك كە نێرينەيەكی باڵقی تێدابوو، هەر ئەندامێكی ٥٠ فندان زەوی پێبدرێت و لە هەمانكاتدا هەرچی كەسێك بتوانێ خێزانێكی نوێ بهێنێ بۆ ڤەرجينيا ٥٠ فندانی تری پێبدرێت. ئەم كردارە خەڵكەكەی خستە جۆش و خرۆش و كەوتنە بەرهەمهێنانی بەر فراوان و بيناكردن و ئاوەدانكردنەوە.

لە ناوچەكانی تری وڵاتەكە لەلايەن دەسەڵاتداری كۆلۆنيستی ئينگلتەراوە چەندين هەوڵ بە شێوازی جياوازدرا بۆ كۆنترۆڵكردنی خەڵك و مۆنۆپۆڵكردنی بەرهەمهێنان. ساڵی ١٦٣٢ لە ناوچەيەكدا پاشای خاوەن شكۆی ئينگلتەرا بڕياريدەركرد، كە ٦٣٢ مليون فدان زەوی كشتوكاڵی بداتە دەست لۆرد بالتيمۆر، كە دابەشی بكات بەسەر ژمارەيەك لۆردی (فيودال) بچوكتردا بۆئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە خەڵكی بكرێن بە مسكێن و ناچاربكرێن كاريان بۆ بكەن. ئەمەو چەندين هەوڵی تری بەو جۆرە بەهۆی هەمان فاكتەرەكانی كە پێشتر باسمانكرد بۆيان سەری نەگرت «٦ ل٢٠٣».

ئەم پرۆسەيە چينوتوێژی بەهێزی ئازادی دروستكرد لە كۆلۆنيەكەدا و توانايان پەيداكرد كە هەوڵی بڕياردان بدەن بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەكەيان. بۆيە بۆ ئەو مەبەستە ساڵی ١٦١٩ بڕياری دروستكردنی ئەنجومەنێكياندا. هەموو نێرينەيەكی باڵقی كۆلۆنيەكە بۆی هەبوو دەنگ بدات، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنەكە. لەگەڵ بچوكی ئەم ڕووداوەدا، لەو كاتەدا يەكەم هەنگاو بوو بۆ دامەزراندنی سيستمێكی بەڕێوەبردنی سياسی و ئابوری بەرفراوانتر لە وڵاتەكەدا.

بە درێژايی ساڵەكانی ١٦٠٠ چەندەها كۆلۆنيستی نوێ لە ئينگلتەرا و ئەوروپاوە ڕوويانكردە ئەو وڵاتە، يەك لە دوای يەك كۆلۆنی نوێيان تيايدا دروستدەكرد. ململانێ لە نێوان بونيادنانی سيستمی بەڕێوەبردنی بەرتەسك و سيستمی پلۆراليزمدا بێوچان بەردەوام بوو. لە ساڵی ١٧٢٠دا لە وڵاتەكەدا سێ كۆلۆنی گەورە هەبوو، كە خاوەنی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سەربەخۆی خۆيان

كتێبخانەی ديجيتاڵی
www.rabari.org

بـوون. تیایانـدا کۆلۆنیسـتەکان مافـی پاراسـتنی مولـک و مـاڵ و ئـازادی کارکـردن و بەرهەمهێنـان و ئاڵوگـۆڕی بازرگانیـان هەبـوو. ئـەم کۆلۆنیانـە بوونـە هەوێنـی درسـتبوونی دەوڵـەت و سیسـتمێکی نـوێ. سـاڵی ١٧٧٤ نوێنەرانـی ئـەو ئەنجومەنانـە لـە کۆنگرەیەکـی هاوبەشـدا کۆبوونـەوە. لـەو کۆنگرەیەدا بڕیاری یاسـا سـەرەتاییەکانی وڵاتێکـی هاوبەشـیاندا و بانگـەوازی سـەربەخۆیی و جیابوونـەوەی خۆیـان لـە ئینگلتەرا کـرد و ویلایەتـە یەکگرتووکانـی ئەمریکایـان دامەزرانـد «٢ ل١٩–٢٧».

بـەو جـۆرە، دەوڵەتەکـە لـە ڕێگـەی دوو دامـەزراوەی لـە یـەک سـەربەخۆ حوکمرانـی دەکـرا. یەکەمیـان ئەنجومەنـی بەڕێوەبردنـی ویلایەتـەکان بـوو، کـە سـەربەخۆیی خۆیـان هەبـوو لـە چۆنیەتـی حوکمرانـی ویلایەتەکەیـان و دووەمیـان ئەنجومـەن و دەسـەڵاتی ناوەنـدی بـوو، کـە بەرژەوەنـدی هاوبەشـی ویلایەتەکانـی پێکـەوە دەبەسـتەوە. ئەگەرچـی بـە پێوانـی ئەمـڕۆ وڵاتەکـە دیموکراتـی نەبـوو، بەشـێکی زۆری دانیشـتوان وەکـو ژنـان و کۆیلـەکان مافـی دەنگـدان و بەشـداریکردن لـە بڕیـاری سیاسـی و ئابوریـدا نەبـوو، بـەڵام ئـەم چاکسـازییانە بناغەیـان دانـا و هەنگاوێکـی گرنـگ بـوو بـۆ بونیادنانـی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرفراوانتـر، کـە قاپـی خسـتە سەرپشـت بـۆ گەشـەکردن و چاکسـازی نـوێ و بەردەوامـی تیایـدا.

لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی نـۆزدە لەگـەڵ ئـەوەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، وڵاتێکـی بـە یەکـەوە بەسـتراو و دەسـەڵاتێکی ناوەنـدی هاوبەشـی هەبـوو، بـەڵام وڵاتێکـی فیـدراڵ بـوو. بەپێـی ئـەوە ویلایەتـەکان سـەربەخۆیی خۆیـان هەبـوو و یاسـا و سیسـتمی بەڕێوەبردنیـان جیـاوازی زۆر لـە نێوەندیانـدا بـوو.

لـە کاتێکـدا سیسـتمی بەڕێوەبردنـی ویلایەتەکانـی باکـور کراوەتـر و پلوراڵیزمتـر بـوو، سیسـتمی بەڕێوەبردنـی ویلایەتەکانـی باشـور سروشـتێکی کۆیلایەتـی هەبـوو. لەهەنـدێ شـوێنی باشـور ٩٥٪ دانیشـتوانی کۆیلـە پێسترەشـەکان بـوون، کـە لـە ئەفریقـاوە هـاوردە کرابـوون. ئەمـە وایکردبـوو، کـە جیاوازێکـی فـراوان هەبێـت لـە نێـوان ئاسـتی گەشـەکردنی ئابـوری باشـور و باکـور. لـە وڵاتێکـی پیشەسـازیدا گەورە و بچوکـی شـارەکان نیشـانەی ئاسـتی گەشـەکردنە. ڕێـژەی ژمـارەی دانیشـتوانی شـارەکانی باشـور لـەو سـەردەمەدا تەنهـا ٩٪ دانیشـتوان بـوو، بـەڵام لـە بەرامبـەردا لـە باکـور ٣٥٪ بـوون. پیشەسـازی باشـور لاوازتـر بـوو، خەڵکەکـەی هەژارتـر بـوون، وەبەرهێنـان کەمتـر بـوو، ئاسـتی تەکنیـک و زانسـتی و خوێنـدن و شـارەزایی زۆر نزمتربـوو، توانـای داهێنـان لاوازتـر بـوو. خـاوەن کێڵگـە و پیشەسـازی و بازرگانـە گـەورەکان، کـە لەهەمانکاتـدا خاوەنـی کۆیلـەکان بـوون، هەمـوو دەسـەڵاتی یاسـایی و سیاسـی و قەزایـی لـە دەسـتیاندا بـوو. ئـەوان بەپێیـی بەرژەوەنـدی و خواسـتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیـان یاسـاکانیان دادەڕێـژا. کۆیلـەکان کـە زۆرینـە بـوون هیـچ مافێکـی سیاسـی و یاسـایی و ئابوریـان نەبـوو «٩ ل٢٦٩».

جیـاوازی فراوانـی نێـوان باشـور و باکـور تەنهـا نەدەبـووە هۆی دروسـتبوونی گرژی و ئـاژاوە و ناسـەقامگیری و بەردەوامـی دواکەوتنـی باشـور، بەڵکـو هەڕەشـەیەکی هەمیشـەیی بـوو لەسـەر سەرانسـەری هەمـوو وڵاتەکـە. ئـەو یاسـاو سیسـتمەی باشـور ڕێگربـوو لـە پرۆسـەی چاکسـازی و یاسـاو بڕیـاری سیاسـی نـوێ، کـە ڕێگـە بـۆ گەشـەکردنی ئابـوری و کۆمەڵایەتـی و خۆشـگوزاری هاونیشـتمانی هەمـوو وڵاتەکـە خۆشـبکات.

لـەم زەمینەیـەدا، باکـور چەنـد ئەگەرێکـی لەبەردەمدابـوو. ڕازی بـوون بەسیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری سـنورداری باشـور و هەڵبژاردنی ڕێبـازی دواکەوتن و گـرژی و نایەکسـانی. دووەم جیابوونـەوە لەیەکتـری و دابەشـبوونی وڵاتەکە بەسـەر دوو دەوڵەتـدا، کـە ئـەوەش دراوسـێیەکی تونـدڕەوی بـۆ باکـور دروسـتدەکرد، کـە هەمیشـە دەبـووە هەڕەشـە لەسـەر بوونـی و دەرفەتـی گەشـەکردنی. ئەگـەری سـێهەم شـەڕی ناوخـۆ و تێکشـکاندنی سیسـتمی کۆیلایەتـی باشـور و بەیەکـەوە بەسـتنی هەمـوو وڵاتەکـە بـوو لەژێـر سـایەی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی پلورالیزمتـردا. وەکـو ئاشـکرایە، باکـور بەهـۆی ئـەوەی زۆرینـەی دانیشـتوانی باشـور کۆیلـە بـوون و لەگـەڵ گۆڕانکاریدابـوون، شـەڕی ناوخـۆی هەڵبـژارد «٦ ل٢١٤».

شـەڕی ناوخـۆ، سـاڵی ١٨٦٥ بـە سـەرکەوتنی باکـور و قەدەغەکردنـی سیسـتمی کۆیلایەتـی بـە گۆڕانـی یاسـا و ئازادکردنـی کۆیلـەکان کۆتاییهـات. ئـەوەی چـاوەڕوان دەکـرا، گۆڕانـکاری و چاکسـازی و پرۆسـەی دیموکراتـی خێراتربـوو، کـە لـە باشـور ڕوویـدات. هەنـدێ گۆڕانـکاری ڕوویـدا و خەڵکـی ئازادتـر بـوون، ڕێگـە بـۆ گۆڕانـکاری زیاتـر خۆشـبوو و گوڕیـدا بەگەشـەکردنی تەکنـک و زانسـتی و شـێوازی نوێیـی بەرهەمهێنـان و گەشـەکردنی پیشەسـازی، بـەڵام ئـەو پرۆسـەیە وا بـە ئاسـانی بەڕێوەنەچـوو «٦ ل٢٢٩».

لەگـەڵ ئـەوەی چینوتوێـژە دەسـەڵاتەکانی باشـور شـەڕەکەیان دۆڕانـد و بەپێـی یاسـا موڵکایەتـی کۆیلەکانیـان لەدەسـتدا، بـەڵام ئەوانـە هێشـتا زۆر بەهێزبـوون و وا بـە ئاسـانی وازیـان لـە دەسـەڵات و بەرژەوەندیەکانیـان نەهێنـا. هێشـتا ئەوانـە بڕیاری سیاسـی و ئابوریـان لـە دەسـتدابوو. خـاوەن کەپیتـاڵ و بانکـەکان بـوون. خاوەنـی زەویـوزار و کێڵگـەی بەرهەمهێنـان و کۆمپانیـەکان بـوون و مۆنۆپۆڵـی بازرگانیـان کردبـوو. زۆربـەی سیاسـیەکان لەپـاڵ ئەوانـدا بـوون و تونـای کڕینـی خەڵکیـان هەبـوو. ئـەوان بـوون یاسـا ناوخۆییەکانیـان دادەڕشـت و بڕیاریـان لەسـەردەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارەزا و خوێندەواربوون. خاوەن چەک و پیاوکوژ بوون و هەڕەشەیان لە خەڵک دەکرد و ئازاریان دەدان و دەیانکوشتن. دەسەڵاتیان بەسەر دەسەڵاتی دادوەری و دادوەرەکاندا هەبوو. سیستمی کۆیلایەتی قەدەغە کرابوو، بەڵام سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری تاکڕەوی توندڕەو هەر بەردەوامبوو.

هاوڵاتیە ڕەشەکان هێشتا مافی دەنگدان و خۆ کاندیدکردنیان نەبوو، لە هەموو ڕوویەکەوە دژایەتی و سەرکوتدەکران. ڕێگەی خوێندن و فێربونیان لێگیرابوو. مناڵەکانیان بۆیان نەبوو لە قوتابخانەی سپییەکان بخوێنن. ئاستی فێرکردن و توانای مامۆستا لە قوتابخانەکانیان نزمتر بوو. لەبەر بێدەرامەتی زۆرربەیان توانای خوێندنی بەرزیان نەبوو. کاری باشیان پێنەدەدرا و موچەکانیان لە سپییەکان نزمتربوو.

چینوتوێژ و هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشور، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە سیستم و یاسا فیدراڵیەکانەوە، ساڵی ١٨٧٧ توانییان کاندیدی خۆیان فەرزکەن لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا. بە پێیی یاسا، سەرۆک کۆمار لەو وڵاتە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەنگدەرانی هەموو وڵاتەکەوە کاندید ناکرێت و هەڵنابژێری، بەڵکو لە نێوان کاندیدی ویلایەتەکانەوە هەڵدەبژێری. لەو ساڵانەدا لەو ڕێگەیەوە توانییان بڕیاری کشانەوەی سوپای فیدراڵ لە ویلایەتەکانی خۆیاندا بسەپێنن. بە دوورخستنەوەی سوپا لەو ناوچانەدا و لاوازبوونی دەسەڵاتی فیدراڵی تیایاندا، دەسەڵاتدارە خۆجییەکان ڕێگەیان بۆ خۆشبوو بە پێیی بەرژەوەندی و خواستی خۆیان مۆنۆپۆڵی ئابوری و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بەهێزترکەن.

باشور لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا لەژێر هەمان سیستمدا حوکمرانی دەکرا. سەردەمی مۆنۆپۆڵی کومپانیا و دەسەڵاتدارانی دەستەبژێریەک بوو بەسەر ژیانی سیاسی و ئابوریدا. لەو ناوچانە سەردەمی گرژی و توندوتیژی و بازاڕی ڕەش و دەسەڵاتی چەندین تاقمی مافیا بوو، کە لە ڕێگەی هەڕەشە و پیاوکوشتن و دزی و گەندەڵییەوە دەسەڵات کەوتبووە چنگیانەوە. لە ڕێگەی کڕینی خەڵکی سیاسی و فەرمانبەران و پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەرییەوە هەرچیەکیان بویستایە دەیانکرد.

ساڵەکانی ١٩٤٠ باری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ڕەشەکانی باشور زۆر لەوانەی ڕۆدیسیا و وڵاتە نەژادپەرستەکانی تری باشوری ئەفریقا باشتر نەبوو. لەبەر ئەو هۆکارانە هێشتا باری ژیانی باشور لەچاو باکوردا زۆر خراپتر بوو. تێکڕای داهاتی تاکێکی خەڵکی باشور ٥٠٪ ی تاکێکی باکور بوو. داهاتی تاکەکانی سەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەتا ساڵەکانی ١٩٩٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەگەیشتە هەمان ئاست. ساڵەکانی ١٩٤٠ تەنها ١٠٪ ڕەشەکان لەو وڵاتە دەرفەتی دەنگدانیشیان هەبوو کەئەوانیش لە باکور بوون. ساڵی ١٩٧٠ گەیشتە ٥٠٪، بەڵام ساڵی ١٩٩٠ هەمان ڕێژەی سپییەکانیان هەبوو «٢ ل٣٢٥».

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا لەو وڵاتە ململانێی نێوان دوو سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری دژ بەیەک پێوچان بەردەوام بوو. ململانێی نێوان تاکڕەوی و پلورالیزم. بەڵام لەچاو پێشتردا لەو ماوەیەدا پرۆسەی جێگیربوونی پلورالیزم دەستکەوتی مەزنی لەو وڵاتەدا بەدیهێنا.

هۆکاری ئەو گۆڕانکاری و چاکسازییانە گەلێکن. سەرەڕای ئەوەی ویلایەتەکان خاوەن دەسەڵاتی خۆجێیی هەڵبژاردە و نیمچە سەربەخۆ بوون و بڕیاری زۆربەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیان دەدا، باشور بەشێکی بەستراو بوو بە وڵاتێکەوە کە باکوری تێدابوو. دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزی فیدراڵ هەبوو، کە لەسەر چاکسازی و گۆڕانکاری بەردەوام کاریگەربوو. دەسەڵات تەنها لەدەست تاکێک یان دەستگایەکدا نەبوو. بێجگەلە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار، کۆنگرێس ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە یاسادان کۆنترۆڵکردنی بڕیارەکان و سەرۆک کۆماردا. دەسەڵاتێکی قەزایی سەربەخۆ هەبوو کە چاودەری دەزگاکان و پەیڕەوکردنی یاساکانی دەکرد «٢ ل٣٥١».

چاکسازییە یاساییەکانی ساڵی ١٩٤٤ ڕێگەی خۆشکرد ڕێژەیەکی زیاتر لە ڕەشەکان دەرفەتی دەنگدانیان هەبێت. لەبەر باشی ئابوری باکور و زیاتر یەکسانی تیایدا بەشێکی زۆر لە ڕەشەکان لە باشورەوە باریان دەکرد بۆ باکور، کە ئەوەش پرۆسەی چاکسازی خێراتر دەکرد. هاوڵاتیە ڕەشەکان هەتا دەهات وشیارتر و چالاکتر و خوێندەوارتر دەبوون و پێگەی کۆمەڵایەتیان و ڕۆڵی ئابوری و سیاسیان بەهێزتر دەبوو.

بێجگەلە دامەزراوەکانی دەوڵەت لەو وڵاتەدا، چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی یەک لە دوای یەک لە نێوان چینوتوێژەکانی خوارەوە و پێکهاتەکانی کۆمەڵ لە ڕەشەکان و ئافرەتان و گەنجان و قوتابیاندا بونیاد دەنرا. بزووتنەوەی مافی خەڵک یەکێک بوو لەو ڕێکخراوانەی ڕۆڵی گرنگی بینی لە گۆڕانکاریەکاندا. ئەو ڕێکخراوە لە پەنجاکاندا هەتا دەهات فراوانتر و چالاکتر دەبوو. چالاکی ئەو ڕێکخراوە بووە هۆکاری ئەوەی دەنگی ناڕەزایی و کارکردن بۆ چاکسازی سیاسی و ئابوری تەنها لە چوارچێوەی باشوردا نەمێنێتەوە بەڵکو پلیدا بۆ سەرانسەری هەموو وڵاتەکە و بگرە لە هەموو جیهاندا دەنگبداتەوە. ئەو بڵاوبوونەوەیە پشتگیری زۆرینەی سپیەکانی وڵاتەکەی دابینکرد و پرۆسەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاکسازی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا خێراترکرد.

جاری وا هەیە هەندێ گۆڕانخوازی گەنج و بێ ئەزموون، تەنها گۆڕانکاری مەزن لە بڕیار و کرداری گەورە و قەبەدا دەبینن، بەڵام زۆرجار روویداوە و گۆڕانکاری بچووک لە کات و شوێنی لەباردا، لە چەندین بزووتنەوەی چەکداری و شەڕی خوێناوی کاریگەرتر دەبێت.

لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا، بەپێیی یاسا لە زۆربەی ویلایەتەکانی باشوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رەشەکان لە پاسەکانی هاتوچۆی ناوشاردا بۆیان نەبوو لە پێشەوە دانیشن، چونکە ئەو کورسیانە تەنها بۆ سپییەکان تەرخانکرابوون. ساڵی ١٩٥٥ ژنێکی رەش کە ناوی (رۆسە پارکس) بوو لە شاری مۆنتگۆمیری سواری یەکێک لەو پاسانە بوو. لەباتی ئەوەی هەر وەکو رەشەکانی تر لە دوای پاسەکەوە دانیشی، لە یەکێک لە کورسیەکانی پێشەوە لەناو سپییەکاندا دانیشت. شۆفێرەکە پاسەکەی راگرت و پۆلیسی بانکرد. لێرەدا پۆلیس ئەو ژنە رەشەیان بە تۆمەتی پێشێلکردنی یاسا گرت. ئەوەی ئەو پۆلیسانە لێیی ئاگادارنەبوون، ئەوەبوو کە ئەو ژنە سکرتێری رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو، کە کاری بۆ مافی یەکسانی خەڵکانی پێست رەنگ جیاواز لە کۆمەڵگەدا دەکرد. دواتر ژنەکە بەپێیی یاساکانی باشور حوکمدرا و خرایە زیندانەوە. ئەم کارە بچووکە نارەزاییەکی زۆری لە سەرانسەری وڵاتەکەدا لێکەوتەوە و بووە هۆکاری دامەزراندنی رێکخراوی بزووتنەوەی مافی خەڵک.

ئەو بزووتنەوەیە بانگەوازی بایکۆتکردنی سواربوونی پاسەکانی ویلایەتەکانی باشوریکرد. ئەم کارە بێ ئامانج نەبوو، بەڵکو مانگی دوانزەی ١٩٥٦ کۆنگرێس بڕیاری قەدەغەکردنی ئەو یاسایەیدا. ئەو بزووتنەوەیە لە پەنجا و شەستەکانی سەدەی بیستدا بووە گەورەترین بزووتنەوەی خەڵک و رۆڵێکی گرنگی بینی لە چاکسازی یاسایی و سیاسی لە وڵاتەکەدا. گرنگترین لەو چاکسازیانە، یاسای پێدانی مافی هەڵبژاردن بوو بۆ رەشەکان لە سەرانسەری وڵاتەکەدا، کە ساڵی ١٩٦٥ لە کۆنگرێس بڕیاری لەسەر درا. دوای ئەوەی رەشەکانی ئەمریکا مافی هەڵبژاردن و خۆ کاندیدکردنیان لەو ساڵەدا بۆ خۆیان پچڕاند، نزیکەی پەنجا ساڵی تری پێ چوو هەتا بۆ یەکەمجار یەکەم مرۆڤی رەش لە مێژووی وڵاتەکە بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا «٢ ل٤١٤».

ئەگەر بەراوردی مێژووی کۆنی ویلایەتە یەککرتووەکانی ئەمریکا و مەکسیک بکەین، لامان شتێکی سەیر نابێت، کە ئەمڕۆ مەکسیک لە رووی ئابوری و سیاسی و ئاستی گوزەرانی خەڵک زۆر دواکەوتووترە، ئەگەرچی ئەو دوو وڵاتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دراوسێی یەکن و سنورێکی درێژیان لەگەڵ یەکدا هەیە و هەمان ئایینیان هەیە. بەهاتنی ئیسپانیا بۆ مەکسیک، سیستمێکی سنورداری سروشت کۆیلایەتیان دروستکرد بە تێکەڵاوکردنی سیستمەکەی خۆیان لەگەڵ سیستمی هیندییە سوورەکاندا. ئەو سیستمە کاردانەوەی لەسەر خاسڵەت و سروشتی کۆمەڵگەکە هەبوو و چەندین کۆسپی خستۆتە بەردەم گەشەکردن و گۆڕانکاری تیایدا.

نمونەیەکی سادە لە جیاوازی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، چۆنیەتی دامەزراندنی کۆمپانیایە تیایاندا. لە مکسیک ئەگەر بیرۆکەیەکت هەبێت و بتەوێت بیکەیتە بنەمایەک بۆ دامەزراندنی کومپانیایەک یاخود پرۆژەیەکی بازرگانیت هەبێت، چەندین کۆسپ دێتە سەر رێگات. دەسەڵاتداران و فەرماندەران لە رێگەی بیروکراتی و دەستاو دەست پێکەردن و گەندەڵیەوە رێگەت لێدەگرن. بۆئەوەی کارت بەرێوەبڕوا دەبێت سیاسییەکی بەدەسەڵات لەپشتت بێت و پارێزگاریت بکات. چونکە چەندین مافیا و تاقمی دز و جەردە هەیە، دەبێ لە رێگەی ئەمنییەوە بپارێزرێیت. خۆ پاراستن لەوانە لە رێگەی بەرتیلدانە بە پۆلیس یان تاقمێکی پیاوکوژ. ئەگەر پێویستیت بە کەپیتال بێت، بانکەکان بەهۆی ناسەقامگیری و ترسی نابووت بوونەوە بە ئاسانی قەرزت پێ نادەن. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەموو ئەمانە بە پێچەوانەوەیە، بە پێچەوانەوە هەموو ئاسانکارییەکت بۆ دەکرێ، کە بیرۆکە و کۆمپانیاکەت سەرکەوتوبێت. ئەم زەمینەیە لە مەکسیک بۆتە هۆکاری ئەوەی چینوتوێژە نوێیەکان ئازاد و بەهێز نەبن. بەهۆی مۆنۆپۆڵی دەستەبژێریەکەوە بەسە جومگە سیاسی و ئابوری و یاساییەکاندا دەرفەتی بەشداریکردنی زۆربەی خەڵک نیە لە چاکسازیکردن لە یاساکان و نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی کە لە رێگەی گەشەکردندان. زەمینەیەکی وا لە مەکسیک رێگە خۆشکەرە، کە توێژ و تاقمی جیاواز لە رێگەی بەکارهێنانی هێز و هەڕەشە و کوشتنەوە جێگەی یەک بگرنەوە و لەسەر هەمان رێباز بەردەوام بن، بەڵام بە روخساری جیاوازەوە «۲ ل۷».

مێژووی گۆڕانکاری و چاکسازی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە دەگەیەنێت، کە پرۆسەی گۆڕانکاری و چاکسازی بە چەند بڕیارێک و ماوەیەکی کورت جێگیر نابێت، بەڵکو پرۆسەیەکی دژوار و درێژخایانە. ئەوەمان بۆ دەسەلمێنی، چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان یان پێکهاتە و دەستەبژێرییەکی دەسەڵاتدار وا بە ئاسانی واز لە دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی ناهێنی. ئەو گۆڕانکاریانە لە رێگەی بەهێزبوونی چینوتوێژەکان و بوونی پلورالیزم و دەرفەتی بەشداریکردن لە بڕیاردانددا دێتەدی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەلاوازی چینوتوێژەکان و پێکهاتەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە، چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتە، وەکو لە باشور روویدا هەوڵی تاکڕەوی و رێگەگرتنیان لەوانی تر دەدا. بەڵام بە بەهێزبوونی ئەوانی تر، ئەوانە ناچارکران لە رێگەی چاکسازی درێژخایانەوە ئەو تاکڕەویە کەمکرێتەوە.
تاقیکردنەوەی ئەو وڵاتە ئەوەمان نیسان دەدات، کە تەنها بوونی دامەزراوەی دیموکراتی و پارتی سیاسی لە دەوڵەتێکدا گەرەنتی نییە بۆ گەشەکردن و گۆڕانکاری و چاکسازی، بەڵکو بەهێزی چینوتوێژ و پێکهاتەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگی مەدەنی رۆڵی گرنگ دەبینی لە کۆمەڵگەدا و دەتوانن پارتە سیاسی و دەستگاکان ناچار بکەن گۆڕانکاری و چاکسازی زیاتر و خێراتر بکەن. ئەگەر بەوردی لە کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە روون نەبینەوە، بە روخسار وا دەبینرێت، کە ئەوانەی بڕیار لەسەر گۆڕانکاری و حوکورانی وڵاتەکە دەدەن پارتی کۆماری و دیموکراتییە، بەڵام ئەوەی لەراستیدا رۆڵی گرنگی هەیە لەسەر ئەو وڵاتە، بزووتنەوەی خەڵک و هەزارەها رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییە تیایدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەکو وڵاتە کەپیتالیستەکانی تر، هەروەکو چۆن لە ناوەوە خاسڵەتی دوو روویی هەیە، بەهەمان شێوە لە دەرەوەی سنورەکانی رەفتار و کردەوەکانی دوو روون. لەناوەوە بەبوونی چینوتوێژی بەهێز و پلورالیزم رێگە لە سیستمی کۆیلایەتی لە باشور و دواتر سیستمی تاکڕەوی توندڕەو تیایدا کرا. هەر بەهۆی ئەوەوە ئەو کۆمەڵگەیە پێویستی بە چاکسای و گۆڕانکاری نوێیە بۆئەوەی بتوانێ بمێنێتەوە و گەشە بکات. بەهەمان شێوە لەدەرەوەی وڵات، رەفتار و کردەوەی دوو روویی روبەروی وڵاتان و میللەتان و جیهان هەبووە و هەیە. بەبوونی وڵاتان و میللەتانی ئازاد و یەکگرتوو و سەربەخۆ و دەرفەتی مافی بڕیاردانی چینوتوێژی نوێی بەهێزی چاکسازیخواز تیایاندا، رووە دیموکراتی و نەرمیەکەی بەکارهێناوە. بە پێچەوانەوە بە غیابی ئەوانە و سالاری دەوڵەت و دەسەڵاتدار و چینوتوێژ و سیستمی بەڕێوەبردنی تاکڕەوی توندڕەو، هەمیشە رووی توندڕەوی و تاکڕەوی و شەڕانی و ناپلورایزمی بەکارهێناوە.

**- وڵاتی سیرالیۆن و پاشماوەکانی کۆیلایەتی لە ئەفریقا**

پێش ئەوی بازرگانیکردن بە کۆیلەی ئەفەریقاوە لەلایەن وڵاتە کەپیتالیستەکانی رۆژئاوای ئەوروپاوە بە شێوەیەکی فراوان دەست پێبکات،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر لە کۆنەوە سیستمی کۆیلایەتی لە ئەفەریقا سیمایەکی بەهێزی هەبووە و بەسەر زۆربەی شوێنەکانیدا زاڵبووە. بەبێ ئەو خاسڵەت و سیمایەی ناوخۆی کیشوەرەکە، ئەو وڵاتە کەپیتالیستانە وا بە ئاسانی دەرفەتی ئەو بازرگانیکردنەیان بۆ دروست نەدەبوو.

بازرگانی کۆیلایەتی ئەتلەنتیک، کە بریتی بوو لە کڕینی کۆیلەکانی ئەفریقا لەلایەن هەندێ کومپانیای رۆژئاوای ئەوروپاوە و رەوانکردنیان بۆ جیهانی نوێ و فرۆشتنیان لەوێ لە سەدەی شانزەوە دەستیپێکرد. لەو سەدەیەدا ژمارەی ئەو کۆیلانە گەیشتە ٣٠٠٠٠٠ مرۆڤ. لە سەدەی حەڤدە ئەو ژمارەیە بەرزبۆوە بۆ ١٣٥٠٠٠٠ و لە سەدەی نۆزدە ژمارەیان گەیشتە ١٠ملێون مرۆڤ. ئەم ژمارەیە ئەوانە ناگرێتەوە، کە لەو رێگەیانە مردوون و کوژراون، یان خۆیان کوشتووە، یان رایانکردووە.

بە کۆیلەکردنی خەڵک و بازرگانیپێکردنی کۆیلەکان لە ئەفەریقا بەدەستی پاشا و دەسەڵاتدارە ئەفەریقیەکان خۆیان بوو. ئەوانە خەڵکەکانیان بە رێگەی جیاواز دەگرت و دەیانکردن بە کۆیلە و لە کەنار دەریاکان دەیانفرۆشتن بە کۆمپانیە ئەوروپییەکان. بەو بازرگانییە دەسەڵاتدارانی ئەفریقا خۆیان زیاتر بەهێزتر و خۆشگوزەرانتر دەکرد و لە رێگەی کڕینی چەک و راگرتنی پیاو کوژەوە دەسەڵاتیان زیاتر دەکرد و دەبوونە خاوەن سامانێکی زۆر. هەندێ لە کۆیلەکانیان دەگۆڕیەوە بە چەکی مودێرن و هێزە چەکدارەکانیان پێ بەهێزتر دەکرد و خەڵکانیان بە ئاسانتر کۆنترۆڵ دەکرد و بە ئاسانتر دەیانکردنە کۆیلە. لە ساڵەکانی ١٧٣٠دا ساڵانە ١٨٠هەزار تفەنگیان لە دەرەوە هاوردە دەکرد. لە نێوان ١٧٥٠-١٩٠٠ ساڵانە نێوان ٢٨٣٠٠-٢٩٤٠٠ تفەنگیان تەنها لە ئینگلتەرا کڕیوە.

ئەو بازرگانییە زەمینەیەکی وای دروستکرد، کە دەسەڵاتداران چەندین گروپی چەکدار دروست بکەن، کە ئەرکیان تەنها ئەوەبێت خەڵکی بێ دەسەڵاتی ئەو کیشوەرە راوبکەن و بیانکەنە کۆیلە و بیاندەنە دەست دەسەڵاتدارەکانیان بۆ فرۆشتنیان بەو کۆمپانیایانە. ئەو دەسەڵاتدارانە چەندین یاسایان داهێنا، کە لە رێگەیانەوە خەڵکی بە ئاسانتر بکەنە کۆیلە. نمونەی ئەوانە گۆڕانکاری لە یاساکانی تاواندا. بەپێی ئەوە ئەگەر تاکێک، یان کۆمەڵە خەڵکێک دزییان بکردایە، یان لە خەڵکیان بدایە، یان یەکێکیان بکوشتایە سزایان بریتیبوو لە کۆیلەکردن. هەتا دەسەڵات و پیاوانی ئایینیش بە دەرکردنی فەتوا و ناوی خودا و پێغەمبەرانەوە بەشداریی ئەوەیان دەکرد.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، بەهۆی زیادبوونی پلورالیزم لە ئینگلتەرا و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمبوونـی موچـەی کرێکارانـەوە، بەهـۆی بەکارهێنانـی کۆیلـەوە، ئـەو بازرگانییـە لـەو وڵاتـە قەدەغـە کـرا. بـەڵام نەمانـی بازرگانـی بـە کۆیلـە لەلایـەن کومپانیـا ئەورووپییەکانـەوە، سیسـتمی کۆیلایەتـی لـەو سـەردەمەدا لـە زۆر شـوێنی ئەفەریقـا بنەبڕ نەکـرد. بـە پێچەوانـەوە ڕێگـە و ڕێبـازی نـوێ دۆزرایـەوە بـۆ بەردەوامبـوون لـە شـێوازی بـە کارپێکردنـی مـرۆڤ لـە بەرهەمهێنـان و ڕەفتارکـردن لەگەڵیانـدا وەک کۆیلـە. ئەوانـە بەکاردەهێنـران بـۆ بەرهەمهێنانـی بەروبوومـی کشـتوکاڵی و کاڵای نمونـەی کاکاو و لۆکـە بـە مەبەسـتی فرۆشـتنیان بـە نرخێکـی زۆر هـەرزان بەکومپانیا بازرگانـی و پیشەسـازییەکانی جیهـان.

بەهـۆی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری سروشـت کۆیلایەتـی ئەفریقـا و توندڕەوی و تاکڕەوی چینوتوێـژە دەسـەڵاتدارەکانی و هەروەهـا گـرژی و ناکۆکـی و یەکتـر کوشـتنی ئەوانـە و نەبوونـی دەوڵەتـی ناوەندیـی بەهێز، ئـاژاوە و ناسـەقامگیری بەردەوامبـوو. لـەو زەمینەیـەدا زۆر زەحمـەت بـوو چینوتوێـژی نوێـی ئـازادی بەهێـز دروسـت بێـت. لەژێـر سـایەی ئـەو بـارەدا، لـە زۆربـەی وڵاتانـی ئـەو کیشـوەردا دەرفەتـی ئەوانـە نەبـوو بتوانـن گەشـە بکـەن و چاکسـازی سیاسـی و ئابـوری بەدیبهێنـن.

دەوڵەتە کەپیتالیسـتەکان روون و ئاشـکرا رووە تاکڕەو و توندڕەوەکەیان دەخسـتەگەڕ و ململانێیـان لـە ناوخۆیانـدا دەکـرد، بـۆ پچرینـی گەورەتریـن ڕێـژەی قازانج و سـامان بـۆ خۆیـان. ئەوانـە هاریـکاری و هاوپەیمانیـان لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی ئـەو کیشـوەرە دەکرد.

ژمارەیەکـی زۆر لـەو وڵاتانـە بوونـە کۆلینی ڕاسـتەوخۆی ئـەو وڵاتانە، یـان لەلایانەوە لـە ڕێگـەی دەسـەڵاتدارە خۆماڵیەکانـەوە کۆنتـرۆڵ دەکـران. یەکـێ لە وڵاتانە سـیرالیۆن بـوو. ئـەو وڵاتـە بەرەسـمی بـووە کۆلۆنـی ئینگلتـەرا. ئینگلتـەرا بـە راسـتەوخۆیی حوکمرانـی وڵاتەکـەی دەکـرد. سـەرۆک خێـڵ و دەسـەڵاتدارە خۆماڵیـەکان ڕۆڵیـان ئـەوە بـوو، کـە سـەقامگیری و ئاسـایش بپارێـزن و کۆنترۆڵـی خەڵکـی وڵاتەکـە بکـەن. ئەوانـە کاروبـاری دادوەری و باجکۆکردنەوەیـان بەڕێوەدەبـرد. لـە رووی ئابورییـەوە دەسـەڵاتدارانی کۆلۆنیسـتی ئینگلیـز لـە ڕێگـەی ئەوانـەوە خەڵکەکەیـان ناچاردەکـرد کـە هەنـدێ بەرهەمـی وەکـو کاکاو بەرهەمهێنـن و تەنهـا بـە کۆمپانیـا ئینگلیزەکانـی بفرۆشـن. ئـەو کۆمپانیـا ئینگلیزیانـە مۆنۆپۆڵـی بەرهەمهێنـان و کڕیـن و فرۆشـتنی ئەو بەرهەمەیـان کردبـوو. نرخـی کڕینـی ئـەو بەرهەمانـە بەڕێژەیەکـی هێجگار زۆر لەژێـر ئاسـتی نرخـی جیهانـدا بـوو.

کارکـەرەکان بـە ژیانـی مەمـرە و مـەژی سروشـت کۆیلایەتـی ژیانیـان بەسـەردەبرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرهەمهێنەرەکان لەدوای دانی باج و سەرانەی زۆر بەو نرخە نزمەی کە دەیانفرۆشت لەوە زیاتریان بۆ نەدەمایەوە، کە پێیی بەردەوامبن لە ژیان و بەرهەمهێناندا.

بەرهەم و بەرهەمهێنان لەو زەمینەیەدا لەگەڵ ئەوەی هەژاری و لاوازی و برسێتی و دواکەوتوویی خەڵکەکەی لێدەکەوتەوە، هیچ جۆرە گەشەکردنێکی بەخۆوە نەدەبینی. لەڕووی تەکنیک و شێوازی بەرهەمهێنانەوە لەهەمان ئاستدا دەمایەوە، چونکە توانا و ویستی داهێنان و نوێکردنەوە لای خەڵکەکە خنکێنرابوو.

دواکەوتنی سیرالیۆن بەهۆی کەمی و خراپی زەویوزار، کەمی ئاو و خراپی کەشوهەوا، یاخود تەمەڵی و گەمژەیی و خراپی خەڵکەکەی نەبوو، بەڵکو هۆکاری ئەوەبوو، کە لەژێر ئەو سیستەمەدا ئەو خەڵکە هەرچەند خۆیان هیلاک بکردایە و بەرهەمی باشتر و زیاتریان بهێنایە بۆ خۆیان نەدەمایەوە و گوزەرانیان باشتر نەدەبوو. ئەمە وایلێکردبوون، کە هیچ هاندانێک نەبێت بۆ چاکسازیکردن لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا.

کە بۆ یەکەمجار لە ئوسترالیا زێڕ دۆزرایەوە، بەهۆی بوونی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوان تیایدا، نە دەوڵەت و نە هیچ کۆمپانیا و تاقم و گروپێک توانیان مۆنۆپۆڵی گەڕان بەشوێن و دەرهێنانی ئەو مێتاڵە بکەن. لەو وڵاتە هەموو کەسێک کە توانا و خواستی هەبوو بۆ هەستان بەو کارە، بواری پێدرا وەک تاکێک، یان لە ڕێگەی بونیادنانی کومپانیای بچوک و گەورەوە بەو کارە هەستێت. کە ساڵی ١٩٣٠ ئەڵماس لە کۆنگۆ دۆزرایەوە، کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی سیرالیۆن، لەگەڵ ئەوەی ئەڵماس دەستکەوتنی ئاسانترە و لە روبارەکاندا دەدۆزرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم وڵاتە کۆلۆنی بوو سەرۆک خێڵ و دەستەبژێریەک دەستی بەسەر وڵاتەکەدا گرتبوو، پرۆسەکە بەشێوەی ئوسترالیا بەڕێوەنەچوو. بە پێچەوانەوە ئەم کارە لێرە کەوتە ژێر دەست مۆنۆپۆڵی کومپانیایەکەوە، کە بەدەست ئینگلیزەکانەوە بوو. خەڵکی کۆنگۆ بێبەشکران لە مافی گەڕان بەشوێن ئەڵماس و پاکردنەوە و فرۆشتنی. لەم وڵاتەدا هێزی سەربازی تایبەتی دروستکرا بۆ ڕێگرتن و سزادانی ئەو هاونیشتیمانیانەی کە هەوڵیاندەدا ئەو کارانە بکەن.

هەتا ساڵی ١٩٢٨ کۆیلایەتی بەشێوە و ڕێژەی جیاواز هێشتا لەو کیشوەرە بەردەوامبوو. بەڵام دوای ئەوەش ئەگەرچی کۆیلایەتی وەکو سیستمێکی ئابوری و سیاسی لەناوچوو، بەڵام لە هەندێ شوێنی جیهان و بەتایبەتی لە ئەفریقا، مرۆڤێکی زۆر لەژێر سایە و مەرجی کارکردن و گوزەرانی نزیک لە کۆیلایەتیەوە ژیانیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەردەبرد. هەتا ساڵی ١٩٦٠ نزیکەی ٢٥٪ هێزی بەرهەمهێنان لە جیهاندا لەژێر مەرجی کارکردنی شێوە کۆیلایەتیدا کاریان دەکرد.

کە ساڵەکانی ١٩٧٠ ئەو وڵاتە سەربەخۆیی بەدەستهێنا، چاوەڕوان دەکرا، گۆڕانکاری و چاکسازی ئابوری و سیاسی تیادا رووبدات. بەڵام دوای سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لەبەر لاوازی چینوتوێژی ئازادی بەهێز و نەبوونی دەرفەتی بەشداریکردنی ئەوانە لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەوە، دەستەبژێریەک دەستی گرت بەسەر دەوڵەتداو لە رێگەی ئەوانەوە کومپانیایەکی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت مۆنۆپۆڵی دۆزینەوە و پیشەسازی و بازرگانی ئەڵماسی کرد. داهاتی ئەڵماس لەباتی ببێتە فاکتەرێک بۆ گەشەکردنی کەرتە ئابوریەکان و خۆشگوزەرانی خەڵک، بووە سەرچاوەیەک بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئەو دەستەبژێریە و باشبوونی خۆشگوزەرانیان و سەرکوتکردنی خەڵکی.

دوای سەربەخۆیی ئەو وڵاتە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و موڵکداری و سەرپەرشتیکردنی بە هەمان ناوەرۆکی پێشوو بەردەوام بوو. لەباتی چاکسازیکردن و گەشەکردن تیایدا بەرەو خراپترچوو. دەسەڵاتدارە نوێیەکان لە توێژی سەرەوەی کۆمەڵگە بوون. ئەوانە لە بنەماڵەی هەمان دەسەڵاتدار و خێڵە دەسەڵاتدارە کۆنەکان بوون، بەڵام بەڕووکەشی نوێ و پارتی سیاسی مودێرنەوە بە ناوی نیشتمان پەروەریەوە جێگەی کۆلۆنیستە کۆنەکانیان گرتەوە.

ململانێ و زۆرانبازی لە نێوان توێژ و تاقمی توندڕەوی تاکڕەوی جیاوازدا بەردەوام بوو. ئەوانە خەریکی یەکتر کوشتن و تێوەگلانی خەڵکی سادەی وڵاتەکەدا بوون لەو ناکۆکیانەیاندا. تاقم و پارتی و گروپی جیاواز جێگەی یەکتریان دەگرتەوە. ئەو ململانێ و جێگۆرکێیە لە دەسەڵاتدا لە پێناوی گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرتەسک نەبوو بۆ فراوانتر و پلورالیزمتر، بەڵکو لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و پچڕینی پۆست و سەروەت و ساماندا بوو. ئەو ململانێیە هەتا دەهات توندوتیژتر و خوێناویتردەبوو. لەبەر لاوازی چینوتوێژە نوێیەکان و غیابی پلورالیزم و بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵک لە بڕیاردانەدا، نەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێزی یەکگرتوو، نەبوونی سوپایەکی نیشتمانی هاوبەش ئەو بارە هەر بەو شێوەیە بەردەوام بوو. بوونی دەوڵەت و سوپایەکی هاوبەشی نیشتیمانی زەرەری لە بەرژەوەندی تایبەتی ئەو گروپانە دەدا، لەبەرئەوە هەر پارت و تاقمێک ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆ و هێزی چەکداری تایبەتی خۆی هەبوو. لە رێگەی بەکارهێنانی هەڕەشە و شەڕەوە هەر لایەنە هەوڵیدەدا گەورەترین رێژە بۆخۆی بپچڕێت.

«بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم باسە سەیری کتێبی ژمارە ٢ ل٢٥٠ بکە».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**- بۆتسوانا وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەفریقا**

بۆتسوانا، ئەمڕۆ وڵاتێکی بچوکە لە ئەفریقا، کە ژمارەی دانیشتوانی دەوروبەری دوو ملیۆنە. وڵاتەکە بە هیچ دەریایەکەوە نەبەستراوە. دەکەوێتە نێوان سێ وڵاتی گەورە لە باشوری ئەفریقا، کە بریتین لە نامیبیا و زیمبابۆ و کۆماری ئەفریقای باشوور. هەرسێ وڵات پێشتر لەژێر سایەی دڕندەترین سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری نەژاد پەرستیدا بەڕێوەدەچوون، کە لە کۆندا کەمایەتی سپی، کە لە ئەوروپاوە کۆچیان بۆ کردبوو دایانمەزراندبوون.
سالی ١٩٦٦ بۆتسوانا سەربەخۆیی خۆی لە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی ئینگلتەرا سەند. دوابەدوای ئەوە وڵاتەکە توانی ڕێبازی سەقامگیری و گەشەکردن بگرێتەبەر و ئەمڕۆ یەکێکە لە هەرە وڵاتە پێشکەوتووکانی ئەفریقا و ئابورییەکی باشی هەیە، کە لە ئاستی کۆستەریکا و هەنگاریادایە. خاوەنی کەرتی کشتوکاڵی بەهێزە، بە ئاژەڵ بەخێوکردن و هەناردەکردنی گۆشت بۆ دەرەوە بەناوبانگە. وڵاتەکە دەرهێنان و پیشەسازی و فرۆشتی ئەڵماس تیایدا بەهێزە. توانیویانە ڕێگەوبانی ڕێکوپێک و وەکو خوێندن و چارەسەرکردنی نەخۆشی بۆ زۆربەی دانیشتوان مسۆگەر بکەن. تیایدا موڵک و ماڵی خەڵک پارێزراوە و هەموو کەس ئازادە لە کاروباری پیشەسازی و بازرگانی و کارکردن. خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسییە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد.
پرسیارێکی سادە لێرەدا ئەوەیە، ئایا وڵاتێکی بچوکی وا، کە کەوتۆتە کیشوەرێکەوە پێشتر بۆ سەدان و ڕەنگە هەزاران ساڵ سیستەمی کۆیلایەتی تیایدا زاڵ بووە، نەکەوتۆتە سەر هیچ دەریایەکەوە و لە کۆندا چواردەوری بە سیستەمی بەڕێوەبردنی نەژادپەرست گیرابوو و هەروەها وڵاتەکە بۆ ماویەکی درێژ کۆلۆنی ئینگلتەرا بوو، چۆن توانی لەو زەمینەیەدا ڕێبازی گەشەکردن و سەربەخۆیی بگرێتەبەر و ببێتە بە یەکێک لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی ئەفریقا؟
وەڵامی ئەو پرسیارە لەوەدایە، کە بناغە و خاسڵەتی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری کۆنی ئەو وڵاتە لە هەندێ شوێنی تر جیاواز بوو. بەهۆی ئەو فاکتەرە بچوکانەوە توانیویانە سوود لە هەندێ دەرفەتی مێژوویی وەرگرن، کە بۆیان خولقاوە.
کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا کەپیتالیزم پلیدا بۆ ئەفریقا، ئەم وڵاتەشی گرتەوە و ئابوریەکەی بەسترا بە جموجۆڵی بازرگانی جیهانەوە و بەتایبەتی ئینگلتەرا. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا سپییە نەژادپەرستەکان، لە دەوروپشتیان و لەناو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وڵاتە دراوسێیەکانیاندا هەتا دەهات رۆڵیان بەهێز دەبوو و یەک لەدوای یەک دەوڵەتی رەگەزپەرستی وەکو باشووری ئەفریقا و رۆدیسیا تیایاندا بونیاد دەنرا و دەبوونە هەڕەشە بۆسەر ئەمان و وڵاتەکانی تری دەوروبەریان.

لەو سەردەمەدا، ئەم وڵاتە سیستمێکی خێڵەکی نیمچە دیموکراسی تێدابوو. وڵاتەکە بەسەر هەشت هەرێمەوە دابەشبوو. هەر هەرێمەی سەرۆکی خۆی هەبوو، کە لەهەمانکاتدا سەرکردەی گەورەترین خێڵی ناوچەکە بوو. سیستمی سەرۆکایەتی لەو شوێنانە زیاتر لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتویی و رادەی گوێرایەڵیان بوو بۆ خەڵکەکە و بەهەمان ئاستی زۆربەی خێلەکانی تری شوێنەکانی تر تاکرەو نەبوون.

سەرکردەکانی ئەو هەشت هەرێمە لەناو خۆیاندا شورایەکی هاوبەشیان پێکهێنا بوو. لە رێگەی ئەو شورایەوە گرفتی نێوانیان چارەسەر دەکرد و پێکەوە هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەریان دەدا بۆ ئەو کۆسپە هاوبەشانەی، کە دەکەوتە سەر رێگەیان. ئەم ئەنجومەنە رۆڵی دەستگایەکی بڕیاردانی سیاسی و ئابوری سەرەتایی دەبینی و دەسەڵاتێکی ناوەندی هاوبەش بوو بۆ یەکخستن و پێکەوەبەستنی ئەو هەرێمانە و پارێزگاری کردنیان. بناغەی سیستمی ئابوری وڵاتەکە لەسەر بنەمای موڵکایەتی گشتی زۆربەی زەویوزار و لەوەڕگاکانی وڵاتەکە بوو، بەڵام ئاژەڵەکانیان موڵکی تایبەتی دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی ئەو خێڵانە بوو.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، زیمبابۆی دراوسێیان، کە ئەوسا پێیان دەوت رۆدیسیا، دەسەڵاتدارە سپییە رەگەزپەرستەکان تیایدا بەهێزبوون و بەتەواوەتی کۆنترۆڵی دانیشتوانە رەشەکانیان کردبوو و لەهەمانکاتدا هەڕەشە بوون لەسەر دراوسێیەکانیان. دەسەڵاتدارانی رۆدیسیا چاویابڕیبووە سەر بۆتسوانا و بەوەوە سەرکردەکانی وڵاتەکە ترسیان لێنیشتبوو، کە بکەونە ژێر دەسەڵاتی ئەو رەگەزپەرستانەوە. لەهەمانکاتدا ئەو وڵاتە جێگای سەرنج و تەماعی ئینگلتەرا بوو. ئینگلتەرا هاریکاری و پاڵپشتی ئەو رەگەزپەرستانەیان دەکرد و لە رێگەی ئەوانەوە هەوڵی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندەدا.

لەم زەمینەدا، سەرکردەکانی بۆتسوانا لەبەر بچوکی و لاوازییان توانای سەربەخۆیی و رووبەرووبونەوەی رۆدیسیا و لەهەمانکاتدا ئینگلتەرایان نەبوو. لەبەرئەوە کەوتبوونە دووڕیانێکەوە، کە تیایدا دوو رێگەیان لەبەردەمدابوو. رێگەی یەکەم چۆکدان بوو بۆ رۆدیسیا و کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سیستمێکی نەژادپەرستەوە و رێگەی دووەم هەوڵدان بوو بۆ خۆنزیک کردنەوە لە ئینگلتەرا. سەرکردەکانی وڵاتەکە رێگەی دووەمیان هەڵبژارد و لە دوای هەوڵدانێکی زۆر ساڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**١٨٩٥** قەناعەتیان بە ئینگلتەرا کرد، کە وڵاتەکەیان بکات بە کۆلۆنی خۆی. لە بەرامبەردا بەڵێنیان بە ئینگلتەرادا، ئەگەر دەرفەتیان بدەن نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبێت، بەهەموو توانایەکیانەوە بەرژەوەندی ئینگلتەرا و کۆمپانیاکانی لە وڵاتەکەدا بە دڵ و بەگیان بپارێزن. هەڵبەتە بوونی وڵاتەکەیان بە کۆلۆنی کارێکی باش نەبوو، بەڵام لای ئەوان لەوە باشتربوو، کە بکەونە ژێر دەسەڵاتی سیستمێکی نەژادپەرستی دڕندەوە.

کە ساڵی **١٩٦٦** بۆستوانا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا، وڵاتەکە یەکێک بوو لە هەرە هەژارترین و دواکەوتووترین وڵاتانی جیهان. هیچ ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گشتی و ڕێگەوبانی مودێرن و روخساری شارستانی پێوە دیارنەبوو. ئینگلتەرا لە هەوڵدان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی زیاتر هیچ ئامادەسازییەکی نەکردبوو بۆ گەشەکردن و بوژاندنەوەی وڵاتەکە. بەڵام ئەوەی دەستکەوتێکی مەزن بۆیان خۆپاراستن بوو لە ئازار و ژان و چەوساندنەوەی سیستمێکی نەژاد پەرست و پاراستنی نیمچە سەربەخۆییەک بوو.

بە درێژایی ئەو حەفتا ساڵە ئەو سەرکردانە توانیان یەک پارچەیی وڵاتەکە بپارێزن و ڕێگەیان نەدا بە ئاژاوە و شەڕی ناوخۆ و دەرەکی و دەستوەردانی دەوڵەتە نەژادپەرستە دراوسێکانیان و لەهەمانکاتدا سامانی زۆری ئەڵماسی وڵاتەکەیان هەتا رادەیەکی زۆر شاردەوە و پارێزگاریان لێکرد.

کە ساڵی **١٩٦٦** سەربەخۆیان سەند، رۆڵە نوێیەکانی سەرکردەکانی ساڵی **١٨٩٥** هەتا رادەیەک پارتی سیاسی و دیموکراتی هاوچەرخیان بونیادناو سیستمێکی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتریان دامەزراند. یاسای پاراستنی مافی موڵکو ماڵی خەڵک پەسندکرا و هەموو کەسێ ئازاد بوو، کە بەکاری ئابوری بچوک و گەورە هەڵبسێت. ڕێیان لە گەندەڵی و مۆنۆپۆڵی دەستەبژێر و تاقم تاقمێنە و تەبەعێتی خێڵەکی گرت. هەڵبژاردنی ئازادیان بەدیهێنا و هەموو تاکێک تیایدا توانای هەڵبژاردن و خۆ کاندیدکردنی هەبوو.

وڵاتەکە بوو بە یەکێک لە دەوڵەمەترین وڵاتانی ئەفریقا لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی گۆشت. لەهەمانکاتدا لە دوای سەربەخۆیی، یاسایەکیان پەسندکرد بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی سامانە سروشتییەکان. بەپێی ئەو یاسایە، سامانی سروشتی وڵاتەکە موڵکی هەموانە و بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری وڵات و خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری خەڵک دەبێ بەکاربهێنرێت. بەپێی ئەوە هەموو تاکێک و کومپانیایەک بۆی هەیە بە ئازادی کار لە دۆزینەوەی ئەلماس و پیشەسازی و بازرگانی پێکردنی بکات. ئەمە ڕێگەی خۆشکرد، نەک تەنها بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆزینەوەی ئەڵماس، بەڵکو بووە هۆکاری گەشەکردنی پیشەسازی ئەلماس لە وڵاتەکەدا.
بەگرتنی ڕێبازی پلورالیزم، ئەو میللەتە بووە خاوەن دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز، کە بەشێوەی هەندێ وڵاتی تری ئەفریقا نموونەی سۆمال، ڕێگە بگرێت لە تاقم و تاقمکاری و دروستبوونی چەندین گروپی چەکداری توندڕەوی جیاواز، کە وڵاتەکە ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆ و بژێوی بکەن. بوونی چەندین پێکهاتە و زمان و دیالێکتی جیاواز لەژێر سایەی سیستمێکی وادا ڕێگر نەبوو لە یەکتر نزیکبوونەوەی ئەوانە لە یەکتری و کارکردن بۆ بەرژەوەندی هاوبەشیان. ئەو پێکهاتە خاوەن زمانە جیاوازانە بە تەوافوق لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە زمانی بۆتسوانا و ئینگلیزی ببێتە زمانی فەرمی وڵات و لەهەمانکاتدا مافی بەکارهێنانی زمانەکانی تر پارێزراون. «زانیاری زیاتر ٢ ل ٣٣٥»

## - روسیا و پاشماوەکانی قەیسەرییەت و سۆڤێت تیایدا

روسیا لە مێژووی کۆنیدا وڵاتێکی لاکەنار بوو، خاوەنی شارستانی کۆن و بوژاندنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبوو. ئەم وڵاتە لە ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی ئەوروپا دواکەوتوتر و داخراوتر بوو. لە سەردەمی هەڵمەتەکانی مەغۆلدا، وڵاتەکە دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزی تیادا نەبوو، کە بتوانێ لە هەڵمەتی ئەوانە بیانپارێزێت. بێ شەڕێکی ئەوتۆ مەغۆلەکان توانیان لە نێوان ١٢٤١-١٥٠٢ کۆنترۆڵی وڵاتەکە بکەن و دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی ملکەچی خۆیان بکەن و بە درێژایی ئەو ماوەیە باج و سەرانەیان لێبستێنن.
روسایا لە ساڵەکانی ١٦٠٠دا هێشتا وڵاتێکی داخراو و دابڕاو و دواکەوتو بوو. هێندە بازرگانی و پەیوەندی لەگەڵ دەوروپشتدا نەبوو. شارەکانی بچوک بوون و تەنها ٢٪ دانیشتوان لە شارەکاندا دەژیان و لە بەرامبەردا ١٠-٢٠٪ دانیشتوانی ئەوروپا لە شارەکاندا دەژیان. ئەو وڵاتە لەبەر لاوازی بە ئاسانی نەیدەتوانی لە ڕێگەی دەریاری ڕەشەوە، کە دەوڵەتی عوسمانی کۆنترۆڵی کردبوو، بە ئازادی کاروباری بازرگانی بکات و لە کاروباری بازرگانیدا ناچاردەکرا باج و سەرانەی زۆر بدات. هەروەها لە ڕێگەی دەریای بەلتیکەوە، کە دەکەوێتە نێوان روسیا و فنلندا و سکەندناڤیا و پۆلۆنیاوە هەمان کۆسپی لەبەردەمدابوو «٦ ل٣٧٨».
لە کۆتایی ساڵەکانی ١٦٠٠دا دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، کە دراوسێی باشور و بەشێک لە ڕۆژئاوای وڵاتەکە بوون، بەرەو لاوازبوون دەچوون و سەرقاڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شەڕی ناوخۆ و دەرەکی بوون. ئەم زەمینەیە دەرفەتی بۆ هەندێ فیوداڵ و دەستەبژێری بەهێزی توندڕەوی روسیا دروستکرد، کە ساڵی **١٦٨٢** دەوڵەتێکی ناوەندی فیوداڵی قەیسەری ئەبسولیتست دامەزرێنن «بەندی سێ».
کەنیسەی ئۆرتۆدۆکس لە وڵاتەکەدا بەهێز و دەوڵەمەند و خاوەن زەویوزاری زۆر بوو، بۆیە قەیسەر دوای بەهێزبوونی دەسەڵاتی، دەرفەتی هێنا دەسەڵاتدارانی ئەو کەنیسەیە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و دەستبگرێت بەسەر زۆربەی موڵک و سامانیاندا. بەوە سوپایەکی بەهێزی دروستکرد و بەسەر زۆربەی فیوداڵی وڵاتەکەدا زاڵ بوو، ناچاریکردن کە باج و سەرانەیەکی زۆری پێبدەن.
زاڵبوون بەسەر دەسەڵاتی ئاینی و فیوداڵەکاندا و ملکەچپێکردنیان، دەسەڵاتی تاکڕەوی قەیسەر و دەستەبژێری دەسەڵاتداری زیاتر کرد و دەرفەتی بەشداریکردنی ئەوانەی لە بڕیاری سیاسی و ئابوریدا زۆر لاوازکرد. ئەمە بوو بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ دروست نەبوونی شورایەک یان پەرلەمانێکی سەرەتایی لە دەوڵەتەکەدا، کە تیایدا دەرفەت دروست بێت بۆ بەشدارپێکردنی ژمارەکی خەڵکی زیاتر لە بڕیاردانەدا.
زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی وڵاتەکە مسکێن بوون. ئەوانە خاوەنی هیچ نەبوون و بەزۆر بەسترابوونەوە بە زەوی کشتوکاڵیەکانەوە و ببونە بەشێک لەو موڵکانە. ئەو مسکێنانە نائازاد بوون، سەرەڕای باج و رسوماتی زۆر، کە ئەکەوتە ئەستۆیان، دەبوایە هەفتانە بەلایەنی کەمەوە سێ رۆژ بێگاریان بۆ فیوداڵەکان بکردایە «**٣٦** ل**٢٣١**».
کاروباری بازرگانی و پیشەسازی لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی قەیسەردابوو. دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کارگەیەک یان هەر کارێکی بازرگانی لەلایەن هێزی سەربازیی دەوڵەتەوە سەرپەرشتی دەکرا و بە رەزامەندی و مەرجی ئەوان بەڕێوە دەبران. ئەوانە کۆنترۆڵی هەموو کەسێکیان دەکرد، کە لەو شوێنانە کاریان دەکرد بە کرێکارەکانیشەوە. دەستەبژێری ئۆروستوکراتی دەسەڵاتدار هەمیشە لە بەهێزبوون و بەرزبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو چینوتوێژە نوێیانە دەترسان، کە بتوانن فشار بخەنە سەریان و هەوڵی چاکسازی سیاسی و ئابوری بدەن و کۆنترڵیان لەدەست دەرچێ «**٢** ل**٢٢٨**».
دەوڵەتی قەیسەری دژی هەموو بوژاندنەوەیەکی بازرگانی و پیشەسازی بوو، کە ترسی هەڕەشەکردنی لەسەر دەسەڵاتیان هەبوو، لەبەرئەوە تەکنیکی نوێ و پیشەسازی زۆر بە خاوی گەشەی دەکرد و تەنها ئەوانەی دەگرتەوە، کە لەژێر کۆنترۆڵی تەواوی درستەڵاتداراندا بوو. بۆیە ئەو کەرتانەی لەو سەردەمەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشـــەیانکرد ســـنورداربوون. ئەوانـــەی گەشـــەیانکرد دەرهێنـــان و ئامادەکـــردن و هەناردەکردنـــی هەنـــدێ بەرهەمـــی ســـامانی سروشـــتی بـــوو، نمونـــەی قیـــر، کەتـــان، ئاســـن، تەختـــە بـــۆ دروســـتکردنی کەشـــتی. لەبەرئـــەوەی دەرهێنـــان و پیشەســـازیی ئاســـن لەژێـــر کۆنترۆڵـــی تـــەواوی دەســـتەبژێری نزیـــک بـــە قەیســـەر بـــوو، وڵاتەکـــە لـــە ســـاڵەکانی ۱۷۰۰ دا بـــووە گەورەتریـــن بەرهەمهێنـــەر و هەناردەکـــەری ئاســـن لـــە ئەورووپـــادا.

بـــۆ ســـەرکوتکردنی فیوداڵـــەکان و زیاتـــر دەســـەڵاتی ناوەنـــدی بەســـەر بەرهەمهێنانـــی کشـــتوکاڵیدا و لەهەمانکاتـــدا بەهـــۆی ناڕەزایـــی و ڕاپەرینـــی زۆری مســـکیەنەکان، لـــە ســـاڵی ۱۷۱۳وە دەســـەڵاتی قەیســـەری دەســـتیکرد بـــە چاکســـازی لـــە سیســـتمی فیوداڵیـــدا. بـــۆ ئاســـانکردنی کۆنترۆڵـــی فیـــوداڵ و مســـکێنەکان وڵاتەکەیـــان دابەشـــکرد بەســـەر ٥٠ هەرێمـــەوە. لـــە هـــەر هەرێمێـــک پیاوێکـــی ســـەر بەقیســـەر تیایـــدا دانـــرا بـــۆ سەرپەرشـــتیکردن و ســـەرکوتکردنی هەمـــوو ناڕەزاییـــەک.

لـــە کاتێکـــدا لـــە ڕۆژئـــاوای ئەورووپا لە ســـەرتای ســـاڵەکانی ۱۷۰۰ وە ڕێگای شـــەمەندەفەر و بەکارهێنانـــی هێـــزی هەڵـــم تیایـــدا گەشـــەیکرد و بـــە شـــێوەیەکی فـــراوان بەکاردەهێنـــرا، لـــە ڕوســـیا ســـاڵی ۱۸۲٤ یەکـــەم هێڵـــی شـــەمەندەفەر بەدرێژایـــی تەنهـــا ۱٦میـــل ڕاکێشـــرا. ئـــەو هێڵـــەش هەتـــا ســـاڵی ۱۸٤۲ بـــەکار نەهێنـــرا و هەتـــا ئەوســـاش ڕۆژنامـــەکان لێیـــان قەدەغەکرابـــوو، کـــە لەســـەر پێویســـتی ڕاکێشـــانی هێڵـــی شـــەمەندەفەر وتـــار بنووســـن. کـــە ســـاڵی ۱۸٥٦ ڕوســـیا ڕووبـــەڕووی دەوڵەتـــی عوســـمانی و فەرەنســـا و ئینگلتـــەرا لـــە شـــەڕی قـــەرەم شـــکا، ئنجـــا بڕیاریانـــدا بـــە ڕاکێشـــانی هێڵـــی شـــەمەندەفەر لـــە وڵاتەکـــەدا. ئـــەو بڕیـــارە لـــە پێنـــاوی گەشـــەکردنی ئاڵوگـــۆڕی بازرگانـــی و پیشەســـازی و بەســـتنی ناوچەکانـــی وڵاتەکـــەوە نەبـــوو پێکـــەوە، بەڵکـــو بـــە مەبەســـتی بەکارهێنانـــی بـــوو لـــە جموجۆڵـــی ســـەربازیدا.

هەڵبەتـــە ترســـی دەســـەڵاتدارانی دەوڵەتـــی قەیســـەری لەمـــەدا ئەوەبـــوو، کـــە ناوچـــە جیاوازەکانـــی وڵاتەکـــە بـــە ئاســـانی پێکـــەوە ببەســـترێتەوە و خەڵکـــی بـــە ئاســـانتر جێگۆرکـــێ بکـــەن و پەیوەنـــدی لەگـــەڵ یـــەک ببەســـتن و لـــە هەمانکاتـــدا کۆنترۆڵـــی بازرگانـــی و بەرهەمهێنانـــی پیشەســـازی و کشـــتوکاڵیان لەدەســـت بچێـــت و چینوتوێـــژە نوێیـــەکان ســـود لـــەوە وەربگـــرن و بەرەنگاریـــان بنـــەوە «۲٥ ل۸۰».

داهاتـــی زۆری بـــاج و گومـــرگ و کاروبـــاری بازرگانـــی پیشەســـازی و کشـــتوکاڵ بـــۆ خزمەتگـــوزاری گشـــتی و خوێنـــدن و فێرکـــردن و خۆشـــگوزاری خەڵـــک بـــەکار نەدەهێنـــرا. ئەوانـــە بەشـــێکی بـــۆ بەهێزکردنـــی ســـوپا و دەســـتگا توندڕەوەکانـــی دەوڵـــەت بـــە مەبەســـتی کۆنترۆڵکـــردن و ســـەرکوتکردنی چینوتوێـــژە بەرهەمهێنـــەرە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ دەسەڵاتەکانی وڵات بەکاردەهێنرا. بەشەکەی تری بۆ خۆشگوزاری بنەماڵەی قەیسەری و دەستەبژێری ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدار تەرخاندەکرا. بۆ دروستکردنی کۆشک و تەلار و سامان و بەرهەمی جوانی زێڕ و زیو و جلوبەرگی جوان و رابواردن و کۆنسێرت خەرج دەکران. شوێنەواری ئەوانەهەتا ئێستا جێگای سەرسوڕمانی ئەو میوانانەن کە روو دەکەنە ئەو وڵاتە.

سیستمی بەڕێوەبردنی سنورداری ئەبسولیتستی قەیسەری ئەو وڵاتە، رێگە خۆشکەر نەبوو بۆ گەشەکردن و بەهێزبوونی چینوتوێژە نوێیەکان، کە بە ئازادی بەکاری بازرگانی و پیشەسازی هەستن. ئەوانە دەرفەتی بەشداریکردنیان نەبوو لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا، کە لە رێگەیەوە بتوان چاکسازی سیاسی و یاسایی بکەن و شۆڕشی پیشەسازی تیایدا بەرپابێت. ئەگەرچی جوتیار و کرێکاران لەو وڵاتەدا لە ژێر سیستمێکی سەربازیانەی سروشت کۆیلایەتیدا کاریان دەکرد، بەڵام بەهۆی پێویست بونیان لە بەرهەمهێنادا ژمارەیان زیادی دەکرد و رۆڵێکی کاریگەریان لە کۆمەڵگەدا پەیداکردبوو. سیستمی قەیسەری توانی بازرگان و خاوەن کەپیتال و برژوا بە لاوازی بهێڵێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی بێ کرێکار و جوتیاران کاروباری بۆ بەڕێوە بچێت «**٢٦** ل **٢٩**».

بە زیادبوونی بەرهەمهێنان و جۆرەکانی و زیادبوونی رۆڵی چینوتوێژە بێدەسەڵاتەکان لەو پرۆسەیەدا و لە هەمانکاتدا زیادبوونی توندڕەوی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، لە سەرەتای ساڵەکانی **١٩٠٠** هەتا دەهات ململانێ و گرژی لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا زیادی دەکرد. شکستهێنانی قەیسەر لە شەڕەکانیدا رووبەڕووی ژاپۆن خێراییدا بە پرۆسەکە. ئەو بارە نالەبارە دژوارە پێویستی بە گۆڕانکاری و چاکسازی هەبوو لە سیستمەکەدا ئەگینا تەقینەوە و هەرەسهێنانی هەموو کۆمەڵگەکەی لێدەکەوتەوە. لە ساڵی **١٩٠٥** شۆڕشی سیاسی و یاسایی روسی بەرپابوو. زیاتر لە **٢٠٠**هەزار کرێکار و خەڵکی کارکەری هەژار و برسی رژانە سەر شەقامەکانی شاری سان پێترس بۆرگ. ئەوانە داوای باشکردنی باری گوزەرانی خەڵک و مەرجی کارکردنیان دەکرد و لەهەمانکاتدا دەنگی داواکردنی چاکسازی سیاسی و یاسایی بەرزبۆوە. سوپای قەیسەر بەرەنگاریان بووەوە و کەوتنە کۆمەڵکوژی و گرتن و ئازاردانی ژمارەیەکی زۆریان. بەسەدان کوژران و هەزاران بریندابوون. ئەم راپەرینانە کۆتاییان هات بە دروستبوونی ئەنجومەنی کارکەران ، کە هەڵگری داواکاریەکانی کرێکاران و جوتیاران بوون، ئەمانە هەوێنی دروستبوونی سۆڤێتەکان بوون (دەسەڵاتی کرێکار و جوتیاران). زۆربەی سەرکردەکانیان خەڵی رادیکاڵی رۆشنبیر و توێژەکانی برژوای بچوکی شارەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـوون، کـە لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتن و سـەرکردایەتی کرێکاران و جوتیـاران دەیانویسـت قەیسـەرێت بڕوخێنـن و دەسـەڵات بگرنـە دەسـت. نوێنەرانـی چینوتوێـژە بـازرگان و خـاوەن کەپیتـاڵ و پیشەسـازییەکان خۆیـان لـە پـارت و گروپـی سیاسـیدا ڕێکخسـت بـوو. بەهـۆی لاوازی ئـەو چینوتوێژانـە نوێنەرەکانیـان ڕۆڵێکـی لاوازیـان هەبـوو لـە شۆڕشـەکەدا «**٢٦** ل**١١**».

ئـەم شـۆڕش و ململانێیـە بێسـوود نەبـوو. بەڵکـو لـە کۆتاییدا پەرلەمانێک دروسـتبوو بەنـاوی دۆمـاوە. لـە دۆمـادا بڕیـاری چاکسـازی سیاسـی و یاسـایی درا و مافـی هەڵبـژاردن و پاراسـتنی موڵـک وماڵـی خەڵـک درا. بڕیـاری دامەزراندنـی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرفراوانتـر درا. داوای باشـکردنی بـاری ئابـوری و گوزەرانـی کرێـکاران و جوتیـاران و بەشـداریکردنیان لـە بڕیاردانـدا کـرا. لەگـەڵ ئەمانـەدا دەسـەڵاتی قەیسـەر هـەر بـەردەوام بـوو، لـە زۆربـەی بڕیـارەکان تاکڕەوی دەکـرد، ململانێـی ئـەو چینوتوێـژ و هێزانـە لەپـاڵ پەرلەمانێکـی لاواز و دەسـەڵاتی قەیسـەریدا، بەردەوامـی بخـۆوە بینـی «**٥٢**».

ڕوسـیای قەیسـەری لـە سـاڵی **١٩١٤**دا بـوو بـە تەرەفێـک لـە شـەڕی جیهانـی یەکەمدا. هەوڵـی سـەرۆکی ئـەو دەوڵەتـە لاوازکردنـی دەوڵەتـی عوسـمانی و کۆنترۆڵکردنـی قـەرەم و بەلقـان و دەریـای ڕەش و خـۆ گەیاندنـە دەریـای سـپی ناوەڕاسـت بـوو. لەگـەڵ ئـەوەی لەگـەڵ ئینگلتـەرادا لـەو شـەڕەدا هاوپەیمـان بـوون، بـەڵام هەمیشـە ناکـۆک بـوون لەسـەر کۆنترۆڵکـردن و دابەشـکردنی ئێرانـی قاجـار لـە نێوانیانـدا «بەنـدی سـێ».

بەشـداریکردن لـەم شـەڕەدا هێنـدەی تـر بـاری خەڵکانـی ڕوسـیای قورسـتر کـرد. دەسـەڵاتداران زیاتـر لـە جـاران کەوتنـە کۆنترۆڵکـردن و ناچارکردنـی خەڵکـی، کـە زیاتـر لـە جـاران کاربکـەن و بەرهەمهێنـن. لـە کاتێکـدا موچـە و داهاتـی خەڵـک کەمـی دەکـرد، خـواردن و شـتی پێویسـتی ژیـان گـران دەبـوون و لـە بازاڕەکانـدا دەسـت نەدەکەوتـن. هـەژاری و برسـێتی بڵاوببـووەوە و خەڵـک لـە برسـا و بـە نەخۆشـی دەمـردن. ژمارەیەکـی زۆر گەنجانـی کارکـەر تەجنیـد کرابـوون و لـە باتـی بەشـداریکردن لـە بەرهەمهێنانـدا یـان دەکـوژران یـان دەبـوون بەبـار بەسـەر خەڵکـەوە. سـەربازەکان لـە تـاو سـەرما و برسـێتیدا لـە ڕیزەکانـی سـوپا ڕایاندەکرد. ئەمانـە هەمـووی ململانێـی نێـوان دەسـەڵاتی قەیسـەری و زۆرینـەی چینوتوێـژ و پێکهاتەکانـی کۆمەڵگـەی توندوتیژتـر کردبـوو.

ئۆپۆسوسـیون لـە دوو بـەرە پێکهاتبوون، بـازرگان و کەپیتالیسـتەکان و نوێنەرەکانیان لاواز بـوون و ڕۆڵـی گەورەیـان نەبـوو لـە ڕووی ئابـوری و سیاسـیەوە. بزووتنـەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کرێکار و جوتیار و گەنجە بێزارەکانی ریزەکانی سوپا، بەهێزتر و زۆرتر و بێزارتر بوون. ئەوانەی کە خۆیان بە نوێنەری ئەمانەی دواتر دادەنا لە دوو باڵی سەرۆکی پێکهاتبوون. سۆسیال دیموکراتەکان و بۆلشەفیەکان. سۆسیال دیموکراتەکان داوای سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانیان دەکرد، کە لە ڕێگەی پەرلەمان و هەڵبژاردنەوە چاکسازی سیاسی و ئابوری بکرێت و ئاشتیانە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بەڕێوە بچێت. بۆلشەفیەکان رادیکالبوون و داوای خستنی قەیسەرێتیان دەکرد و دژی گەشەکردنی کەپیتالیستانەبوون و بڕوایان بە پەرلەمان و سیستمێکی بەڕێوەبردنی بەرفراوان نەبوو. ئەوانە تەنها خۆیان بە نوێنەری کرێکار و جوتیاران دادەنا و خەڵکانی تریان بە هەلپەرست و دوژمنی ئەو چینوتوێژانە دادەنا. ئەوەی دەیانویست دامەزراندنی سیستمێکی یەک پارتی بوو «٦ ل٣٨٤».

بەهۆی ئەو بارە نالەبارە و هەژاری و برسێتی کرێکاران و جوتیاران، خەڵکی چاوەڕوانی گۆڕانکاریی خێرایان دەکرد. لاوازی ریفورمخوازەکان دەرفەتی دروستکرد، کە بەلشەفییەکان پاڵپشتی ئەو خەڵکە بقۆزنەوە و ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا. دەستەبژێری دەسەڵاتداری ئەو پارتە دەستەڵاتی سیاسی گرتە دەست و بە ناوی دیکتاتۆری پرۆلیتارەوە، یەکێتی سۆڤێتیان دامەزراند.

توێژێکی دەسەڵاتی ناو پارتی کۆمۆنیست دەستیانگرت بەسەر دەستگاکانی پارتی و دەوڵەتی سۆڤێتدا. هەتا دەهات بەرە و تاکڕەوی دەڕۆیشتن و یەک لەدوای یەک تەسفیەی ئەو خەڵکانەیان دەکرد کە لەناو پارت و دەوڵەتدا بۆچوونی جیاوازیان هەبوو. سەرۆک حیزب رۆڵی قەیسەری نوێی وڵاتەکەی دەبینی و دەسەڵاتی ئەبسولیتستی خۆی هەتامردنی بۆماوەی زیاتر لە سی ساڵ سەپاند.

سیستمی بەڕێوەبردنی ئابوری یەکێتی سۆڤێت لەسەر بنەمای قۆرخکردنی بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی بوو لەلایەن دەستگاکانی دەوڵەتەوە. دەوڵەتیش ئامرازێک بوو بەدەست دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی ئەو پارتەوە. هەربەناوی دەوڵەتی کرێکاران و جوتیارانەوە ئەو چینوتوێژانەیان لە ژێرسیستمێکی کارپێکردنی سەربازانە ڕێکخستبوو. ئەوانە دەبوایە گوێڕایەڵی کوێرانەی کادر و سەرکردە حیزبییەکان بوونایە. ئەو سەرکردانە ڕێگربوون لە هەموو داهێنان و خوڵقاندێکی تازە، کە رۆڵی کارکەرانی لە بەرهەمهێناندا بەهێز بکردایە. ڕێگربوون لە گەشەکردنی تەکنیک و شێوازی کارکردنی نوێ. لادان لە پلانی پارت و دەوڵەت و بڕیارەکانی کادیرە حیزبی و دەسەڵاتدارەکان بە دژایەتی سۆسیالیزم

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری و خیانەت دادەنرا. بەناوی خیانەتکردنەوە بە ملوێنەها خەڵکیان کوشت و لەناوبرد یان دووریان خستنەوە بۆ سیبیریا «٦ ل٣٩١».

داهاتی کەرتی کشتوکاڵی و کار و هیلاکی جوتیارانیان بەهەموو شێوەیەک بەکاردەهێنا بۆ بەهێزکردنی پیشەسازی قورس، کە دەوڵەت دەستی بەسەرداگرتبوو. پیشەسازیی قورس بریتی بوو لە بەکارهێنان و پیشەسازیی سامانە سروشتیەکانی وەکو نەوت و گاز و ئاسن، کە بەشێکی زۆری بەکاردەهات لە پیشەسازیی چەکی قورس و سوک و ئامرازی تری سەربازی. بەهۆی رێگرتن لە کاری پیشەیی و بەرهەمهێنانی ئازاد و خنکاندنی توانای خوڵقاندنی خەڵک، پیشەسازیی بچوک و ناوەند، بەرهەمهێنانی کاڵای پێویستی رۆژانەی خەڵک و خزمەتگوزاری و کەرتی ئاوەدانی زور بە دواکەوتوویی و بچوکی مایەوە.

هەتا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی، بۆئەوەی دەسەڵاتداران بتوانن بە تەواوەتی کۆنترۆڵی وڵاتەکەو هاوڵاتییەکانی بکەن، وڵاتەکەیان بەتەواوەتی لە جیهانی دەرەوە دابڕی. خەڵکی ئەو وڵاتە هیچ پەیوەندی و زانیاری و دەنگوباسی دەرەوەی سیستەمەکەیان پێ نەدەگەیشت. ئەوەی پێیان دەگەیشت پروپاگەندە و زانستی ناڕاست بوو، دەسەڵاتداران بە بەرنامە لەناو خەڵکدا بڵاویاندەکردەوە.

ئەو دەوڵەتە بەشداریکردنی لە شەڕی دووەمی جیهانیدا بەکارهێنا بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردن و رێکخستنی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی سوپا و پیشەسازیی چەک و تەقەمەنی و چەکی کۆمەڵکوژ. ئەو پیشەسازی و شەڕە وڵاتەکەی کردە یەکێک لە بەهێزترین وڵاتانی جیهان لە رووی سەربازییەوە.

بەناوی پشتگیریکردنی کرێکاران و چەوساوە و وڵاتانی دواکەوتووی جیهانەوە، پارتە کۆمەنیستەکانی وڵاتانی تریان کردە ئەمبەسادۆر و بووقی پروپاگەندەی خۆیان و کارکردن بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەوان و کردنی هەندێکیان بەسیخور لە پێناو دزینی زانیاری تەکنەلۆژی و زانستی لە وڵاتە کەپیتالیستەکاندا.

پیشەسازیی چەک، رۆڵێکی ناوەندیی دەبینی لەژێرخانی ئابوری و مانەوە و گەشەکردنی وڵاتەکەدا. لە رێگەی ئەو پیشەسازییەوە دەوڵەتەکەیان بەهێزتر دەکرد و لەهەمانکاتدا فرۆشتنی بە دەرەوە دەبووە سەرچاوەیەکی ئابوری گرنگ بۆ دەوڵەتەکە. بەناوی هەناردەکردنی سۆسیالیزم بۆ دەرەوە و دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم پشتگیری چەندین دەوڵەتی دیکتاتۆریان دەکرت لە جیهاندا، نمونەی ئەوانە عێراق، سوریا، میسر، کۆریای باکور و کەمبۆدیا و وڵاتەکانی بلۆکی سۆسیالیستی رۆژهەڵاتی ئەوروپا.

لە رێگەی دەسەڵاتێکی ناوەندی حیزبی و دەوڵەتی بەهێز و پیشەسازی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازرگانی پێکردنی چەک و دەرهێنان و فرۆشتنی سامانی سروشتی وەکو نەوت و گاز و ئاسنەوە. لە رێگەی چەوساندنەوەی کرێکاران و جوتیاران و ئاستی نزمی مووچە و نیشتەجێیی و خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەوە، هەتا شەستەکانی سەدەی بیست ئابوری وڵاتەکە گەشەکردنی بەردەوامی بەخۆوە بینی. ئابوری وڵاتەکەساڵانە ٦٪ زیادی دەکرد، کە ببووە جێگەی سەرسوڕمانی هەندێ لەشارەزا ئابورییەکانی وڵاتە کەپیتالیستەکان «**٢ ل١٢٤**».

بەڵام بەهۆی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری ئەبسولیتزمی وڵاتەکەوە و خنکاندنی توانای داهێنان و خولقاندنی زۆربەی خەڵکی وڵاتەکە و تەشەنەدانی گەندەڵێکی بێسنوور لە دەستگاکانی دەوڵەت و حیزبەکەدا، ئەو سیستمە لەدوای شەستەکانەوە بەرەو لاوازی و شکستهێنان و سیسبوون دەرۆیشت و ئەو گەشەکردنەی تیادا وەستا. ئەو شکستە بەردەوامی بەخۆوە بینی هەتا سیستمەکە ساڵی **١٩٩١** لەسەرەوە هەتا خوارەوە داڕما و لە پاڵیشیدا دەوڵەتەکانی تری بلۆکی سۆسیالیستی رۆژهەڵاتی ئەوروپا یەک لەدوای یەک وەکو بەفری بەهارێکی درەنگ توانەوە «١٠، ٦».

ئەوەی ئەو سیستمە لەدوای خۆی بەجێی هێشت وڵاتێکی دواکەوتوو و میلەتێکی هەژاری روسیا بوو. لەو دەوڵەت و سیستمەدا دەرفەتی دروستبوونی چینوتوێژی ئازاد نەبوو، کە لە دوای داڕمانی دەوڵەتەکە بتوانن هێمنانە سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەهێزی بەرفراوانتر دروستکەن. ئەوەی هەبوو، کە بتوانێ دەسەڵات لەو دەوڵەتە گەورەیەدا بگرێتە دەست، توێژێکی کۆنی ئۆروستۆکراتی و گەندەڵی پاشماوەکانی کادیری حیزبی و دەوڵەت و سەربازی و دەستگاکانی سیخوری بوو. بەربەرەکانی و ململانێیەکە لەو وڵاتەدا هەتا ئێستا لە نێوان لە لایەکەوە چینوتوێژە نوێیە ئازادەکان و بزووتنەوەی دیموکراتی و رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و لەلایەکی ترەوە پاشماوەکانی دەسەڵاتدارانی دەستگا کۆنەکانی پێشودا بەردەوامە «١٧، ١١».

هەڵبەتە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی باسێکی واگرنگ، کە کاریگەری هەبووە و هەیە لەسەر هەموو جیهان و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵدا ناکرێ لە چەند دێرێکدا شیبکرێتەوە. بەڵام لێرەدا لەبەر گرنگی باسەکە و پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەمانەوە، نەدەکرا ئەو باسە پشتگوێ بخرێت. ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە چەند خاڵێکە:

١- لەژێر سایەی دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندیدا دەکرێ گەشەکردنی ئابوری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەتا ئاستێک و لە هەندێ بواردا بۆ ماوەیەکی مێژوویی سنوردار رووبدات. گەشەکردنی ئابوری لە ژێر سیستمی قەیسەری و سۆسیالیزمەکەی روسیادا ئەو راستیە دەسەلمێنێ «٢ ل٩١».

٢- دەوڵەتێک کە تیایدا دەستەبژێرێکی ئەبسولیوتست دەست بەسەر هەموو جومگەکانی ئابوری و سیاسیدا دەگرێت و بەتەواوەتی توانای داهێنان و خوڵقاندن و بیرکردنەوەی ئازادانەی خەڵکەکەی مراندبێت، بە شکستهێنان و کەوتنی لە پڕی دەستەبژێری دەسەڵاتدار تیایدا و رماندنی دەوڵەتەکە، بۆشاییەکی سیاسی بۆ ماوەیک لە وڵاتەکەدا دروست دەبێت، کە کاتی پێدەچێ و پێویستی بە فاکتەری نوێی یارمەتیدەرە هەتا چینوتوێژ و هێزی نوێی تیادا بەهێزدەبێت و دەکەوێتە سەر رێبازی گەشەکردن و پلورالیزم. رماندنی یەکێتی سۆڤەت و عێراق و میسر نمونەی ئەوەیە.

٣- یەکێتی سۆڤێت و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی گرێدراو پێوەی، میللەتان و وڵاتانی جیهانی سێیی چەواشەکرد و بووە فاکتەرێک بۆ رێ لێگرتن و لاوازبوونی ئەو چینوتوێژ و هێزانە تیایاندا، کە لە بەرژەوەندی و توانایاندا بوو رووی گرنگ و سەرەکی ببینن لە گەشەکردنی ئابوری و سیاسی و سەربەخۆیی ئەو وڵاتانە. لاوازکردن و رێگاگرتن لەوانە رێگەی بۆ بەهێزبوونی تاقم و گروپی تاکڕەوی جیاواز خۆشکرد، کە بتوانن بە پشتگیری ئەو دەوڵەت و بزووتنەوەیە دەسەڵاتی سیاسی لە ژمارەیەک زۆر وڵات بگرنە دەست و هەر بەشێوەی یەکێتی سۆڤێت رەفتار بکەن.

٤- شکستهێنانی ئەو بزووتنەوەیە بۆشاییەکی ئایدۆلۆژی لە هەندێ شوێنی دواکەوتووی جیهاندا دروستکرد. ئەو بۆشاییە لە غیابی بوونی چینوتوێژ و هێزی نوێیی بەهێزدا، فاکتەرێکە بۆ دروستبوونی ئایدۆلۆژی توندڕەو و دروستبوونی رێکخراوی نمونەی قاعیدە و داعش.

### - سوید و سکەندناڤیا وئاسۆیەکی گەش

هەرچەندە ئەمڕۆ سوید وڵاتێکی بچوکە و ژمارەی دانیشتوانی تەنها دە ملیۆنە، بەڵام بەهۆی سروشتی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری وڵاتەکەوە و ئەو ناوچەیەی تێکەوتووە، هەروەها بەهۆی چاکسازی و گۆڕانکاری تیایاندا، گرنگی تایبەتیان هەیە بۆ زیاتر تێگەیشتنی ئەو فاکتەر و مەرجانەی دەبنە هۆکاری گەشەکردنی وڵاتێک یان ناوچەیەک.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەنگە ئەمڕۆکە ئەو گۆڕانکاری و گەشەکردنەی لە سوید و دەوڵەتەکانی تری دەوروپشتیدا جێگەی سەرسوڕمانی هەندێ کەس بێت. بەڵام بەگەڕانەوە بۆ مێژووی کۆنی وڵات و ناوچەکە و لێکۆڵینەوەی ئەوفاکتەرانەی بونەتە هۆکاری ئەو گۆڕانکاریانە، ڕەنگە چیتر لامان شتێکی سەیر نەبێت، کە ئەم ناوچە بچوکە بۆتە یەکێک لە هەرە ناوچە پێشکەوتووەکانی جیهان.

سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری پلورالیستی ئەم وڵاتانە تەنها نەبۆتە هۆکاری گەشەکردنی ناوخودی وڵاتەکانیان، بەڵکو بۆتە بەردی بناغە بۆ هاوسەنگیی نێوان ئەو وڵاتانە و ئاسودەیی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا. ساڵی ٢٠١٤ سوید یادی دوو سەد ساڵی ئاشتی لە وڵاتەکەدا کردەوە. پێش دوو سەد ساڵ دوا شەڕی لەگەڵ نەرویج کۆتایی پێهێنا، لەگەڵ ئەوەی دوو شەڕی جیهانی لە ئەوروپا ڕوویدا بەڵام وڵاتەکە نەبووە لایەنێک لەشەڕ.

ئایا هۆکاری ئەمانە بۆئەوە دەگەڕێتەوە خەڵکی سوید بلیمەتتر و تێگەیشتوترن لە روس و کورد و میسریەکان؟ ئایا بۆ ئاین و کلتور و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی لە نێوانیاندا دەگەڕێتەوە؟ ئایا هۆی خوێندەواری و ئاستی فێربوونیانە؟ یان هەموو ئەمانە بۆ چۆنیەتی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری تیایدا دەگەڕێتەوە؟

ئەگەر چاوێک بە مێژووی کۆن و نوێی ئەم وڵاتەدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم وڵاتە لە کۆندا هەمان کۆسپ و گرفت لە ڕێگەی گەشەکردنیاندا بووە، کە ئەمڕۆ لە بەردەم گۆڕانکاری و گەشەکردنی زۆر لە وڵاتان و ناوچەکانی جیهانە. ئەوەی لەم وڵاتە ڕوویداوە دروستبوونی زەمینەی لەبارە، کە فاکتەرە بنچینەییەکان تیایدا ڕێگەی بۆ چاکسازی سیاسی و ئابوری خۆشکردووە.

هەتا ساڵەکانی ١٣٠٠هەروەکو روسیا، سویدیش وڵاتێکی لاکەنار بوو لە ئەوروپا. سەرنجی وڵاتانی تری ئەوروپای ڕانەدەکێشا. وڵاتەکە بەسەر چەندین ناوچەی لەیەکدابڕاو بەشبوو. خەڵکەکانی هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوەندیاندا نەبوو. خاوەنی کلتور و نەریت و دیالێکتی لە یەک جیاواز بوون. ساڵی ١٠٠٠ ئاینی مەسیحی هاتە وڵاتەکەوە و بە فەرمی جێگەی ئایینە بچوکە خۆماڵیەکانی گرتەوە، بەڵام هەتا سەدەی هەژدە ئەو ئاینە کۆنانە هەر ڕۆڵیان مابوو.

هەتا ساڵەکانی ١٣٠٠هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابوری بەهێزی خۆماڵی ئەوتۆ نەبوو. بەڵام لەو ساڵانەوە پاشاگەری بچوک، کە لە میرنشین دەچوون لە هەندێ ناوچەی وڵاتەکە سەریهەڵدا. لەو سەردەمەدا هێشتا هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی نەبوو، کە ئەوانە پێکەوە ببەستێ. ئەوانە هەمیشە لەگەڵ یەکتری و دراوسیەکانیاندا لە شەڕ و ئاژاوەدا بوون «٥٢، ساڵی ١٣٠٠».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ساڵەکانی ١٥٠٠دا لەبەر لاوازی دەسەڵاتداتانی ناوخۆ و گرژی نێوەنیان، بەشێکی زۆری وڵاتەکە لەژێر دەسەڵاتی پاشاکانی دانمارکدا بوو. ساڵی ١٥٢٥ یەکێک لە پاشاکان توانی بەسەر پاشاگەریەکانی تردا زاڵ بێت و بەشێکی زۆری وڵاتەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە راستیدا ناکرێت هەتا ئەوساش ناوی بنرێ وڵاتێکی یەکگرتوو، چونکە شار و گوندەکانی وڵاتەکە بچوک بوون و پێکەوە نەبەسترابوون و بەشێکی هێشتا لەژێر دەسەڵاتی دانمارکدا بوو.

ئەوکاتە ژمارەی دنیشتوانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی پاشا تەنها دەوروبەری ٧٠٠هەزار کەس بوون، بەشاکانی تریش، کە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی دانمارکدا بوو ژمارەی دانیشتوانی ٢٠٠هەزار کەس بوون. شارەکانی وڵاتەکە بچوک بوون و تەنها ٥٪ خەڵکەکە تیایاندا جێنشین بوون. ستۆکهۆڵم کە گەرەترین شار بوو تەنها شەش هەزار کەس تیایدا نیشتەجێ بوو. ١٥٪ دانیشتوانی ئەو شارە بێگانەبوون و بە کاروباری بازرگانی و پیشەییەوە خەریک بوون «٢٧ ل١٣».

وڵاتەکە لە چەندین ناوچەی فیوداڵی پێکهاتبوو. سیستمێکی بەڕێوەبردنی فیوداڵی هەبوو و زۆربەی شوێنەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەوانەدا بوون. نزیکەی ٩٠٪ خەڵکی وڵاتەکە لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی دەژیان. کەنیسە خاوەنی ٢٥٪ زەوی کشتوکاڵی وڵاتەکە بوو، سەرەڕای ئەوە خاوەنی سامانێکی زۆری کڵێسە و کەنیسە و زێڕ و زیو بوو. سەرەڕای ئەوانە خەڵکی وڵاتەکەی ناچاربوون ١٠٪ داهاتووەکانیان بە شێوەی باج بدەن بە کەنیسە. ٢٥٪ زەوی کشتوکاڵی موڵکی تایبەتی جوتیارە موڵکدارە بچوکەکان بوون. ئەو جوتیارانە بە رێژەی جیاواز موڵکیان هەبوو. ئەمانەش دەبوایە باجیان بە پاشا و دەسەڵاتی ئاینی بدایە و لەکاتی پێویستدا هاریکاری پاشا و فیوداڵ و کەنیسەیان بکردایە. پاشا خاوەنی ٥٪ زەوی کشتوکاڵی بوو و گەورەترین و دەوڵەترین فیوداڵ بوو. فیوداڵەکانی تر موڵکداری ٤٥٪ زەوی کشتوکاڵی وڵاتەکەبوون «٢١ل٢١».

لەگەڵ ئەوەی مسکێنەکانی سوید لە ژێر سایەی زوڵم و زۆری پاشا و فیوداڵ و کەنیسەدا بوون، بەڵام ئەوانە بە شێوازی مسکێنەکانی روسیا و رۆژهەڵاتی ئەوروپا نەبەسترابوون بە زەویەکانەوە و لەگەڵ زەویەکان نەدەکران و نەدەفرۆشران. ئەو مسکێنانە بێجگەلە دانی باج بە فیوداڵ و پاشا و کەنیسە دەبوایە حەفتەی سێ رۆژ بێگارییان بۆ خاوەن زەوی بکردایە.

فیوداڵەکان مافی میراتگری موڵک وماڵیان هەبوو. توێژی سەروەی فیوداڵەکان، کە لە دەوروبەری بیست بنەماڵە پێکهاتبوون پێیان دەوتن ئادیل، خاوەنی ناوچەو سامان و کۆشک و تەلار و هێزی سەربازی خۆیان بوون. ئەمانە ئۆروستۆکراتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وڵاتەکەبوون و پەیوەندی باش و ژن و ژنخوازیان لە نێوەندا پەیداکرد بوو. ئەمانە بەهۆی دەوڵەمەندی و خاوەنێتی هێزی سەربازی و ئەسپ و چەک و تەقەمەنی و ئامرازی تری شەڕەوە پاشا لێیانەوە نزیک بوو و لەکاتی شەڕ و ئاژاوەدا پێویستی بە هاریکاری و یارمەتیان بوو. پاشا یان باجی لەمانە نەدەسەند، یان ئەوەی بشدرایە بەناوی دیاری و یارمەتی بوو لەکاتی پێویستدا.

بەهۆی لاوازی پاشا و دەسەڵاتی ناوەندییەوە ، هەروەها بەهۆی بوونی چەندین فیوداڵ و دەسەڵاتی ئاینی بەهێز و لەهەمانکاتدا بوونی ژمارەیەکی زۆری جوتیاری موڵکداری بچوک، کە خاوەنی ٢٥٪ زەوی کشتوکاڵی بوون، پاشا هەمیشە پێویستی بە هاریکاری و یارمەتی ئەمانە بوو بە تایبەتی لە کاتی شەڕوشۆڕی دەرەکی و ئاژاوەی ناوخۆدا. ئەم پێکهاتە و چینوتوێژە بەهێزانە زۆر ناچاری پاشا نەبوون بەڵکو بە پێچەوانەوە پاشا زیاتر پێویستی بەوان بوو، بۆیە بە ئاسانی ملیان بۆ پاشا و دەسەڵاتداران کەچ نەدەکرد. ئەم فاکتەرانە هەروەکو ئینگلتەرا زەمینەیەکی دروستکرد بوو بۆ زیاتر گوێرایەڵ بوونی پاشا و دروستبوونی دیالۆگ لە نێوان پاشا و ئەوانەدا «٣٨ل٤٩».

ئەم فاکتەرانە بوونە هۆکاری ئەوەی ساڵی ١٤٣٥ پەرلەمانێکی سادە پێکبهێنرێت، کە لاکاتی پێویستدا کۆدەبووەوە. ئەندامانی پەرلەمان لە سەرەتادا نیوە بەنیوە لە ئۆروستۆکراتەکان و پیاوانی دەسەڵاتی ئاینی پێکهاتبوو و پاشا خۆی سەرکردایەتی دەکردن و بەهێزترین دەنگی هەبوو لەوێدا و دوا بڕیار لە دەستی ئەودا بوو. هەرچەندە ئەوانەی پەرلەمانیان پێکدەهێنا و بەشداری هەندێ بڕیاریان دەکرد، ژمارەیەکی کەمبوون و تەنها نوێنەرایەتی چەند توێژێکی بچوکی کۆمەڵایەتیان دەکرد، بەڵام هەوێن و بناغەیەکی گرنگ بوو بۆ بونیادنان و گەشەکردنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر.

دەسەڵاتی ئاینی کەنیسە، لەم وڵاتە بێجگەلە لەوەی خاوەنی زەویوزار و سامانێکی زۆر بوو و باجێکی زۆری لە خەڵک دەسەند، دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازیی بەهێز بوو. هەمیشە ململانێیان لەگەڵ پاشا دەکرد و زۆرجار ناچاریان دەکرد گوێرایەڵی خواستەکانی ئەوان بێت. هێندە هێزی سەربازییان بەهێزبوو، کە قەدیسە گەورەکانیان بە شوێنەکاندا تێپەر دەبوون و هاتوچۆیان دەکرد زیاتر لە ٤٠٠ سواری چەکداری شەڕکەریان بەدواوە بوو. سەرەڕای ئەوە پاپای رۆما پاڵپشتی دەکردن. پیاوانی ئاینی لەم وڵاتەدا زۆر توندڕەوبوون بەرامبەر ئەوانەی بڕوا یان ئاینی جیاوازیان هەبوو. بە تۆمەتی کافربوون و لادان لە ڕێبازی کەنیسە، بەسەدەها خەڵکیان بە زیندوێتی لەبەرچاوی خەڵک دەسووتان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم وڵاتە لە ساڵەکانی ١٥٠٠دا هەتا رادەیەک خۆ بەخێوکەر بوو و بەرهەمهێنان تیایدا بۆ دابینکردنی پێویستی خۆ بوو، ئیکتفای زاتی. بێجگەلە هەندێ پێویستی وەکو خوێ و بەهارات و هوملە و هەندێ قوماش زۆربەی پێویستیەکانی خۆیان بەرهەم دەهێنا. بەڵام گۆڕانکارییە گەورەکانی شوێنەکانی تری ئەوروپا و گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی تیایدا هەر لەکۆنەوە لە رێگەی ئەڵمانیا و دانمارکەوە کاردانەوەی گەورەی لەسەر ئێرەشکرد.

دواتر بەهۆی گەشەکردنی پیشەسازی لە هەندێ وڵاتی ئەوروپا و زیادبوونی خواست لەسەر کەرەسەی خاو، دەرهێنان و هەناردەکردنی هەندێ سامانی سروشتی نمونەی مس و ئاسن و زیو و دار بۆ ئەو شوێنانە زیادیکرد. سوید دارستانێکی زۆری هەبوو، بەشێک لەوانە دەبڕانەوە و وەکو سوتەمەنی لە کانەکاندا بەکاردەهێنران و بەشێکی هەناردەی دەرەوە دەکرا. فیوداڵە خاوەن دارستانەکان بە هۆی بوژاندنەوەی ئەو بازرگانیەوە داهاتێکی زۆریان بۆ دەمایەوە و هەندێ لەوانە دواتر رۆڵیان لەو بازرگانیەدا زیادیکرد «**٢١ل٣٩**».

هەندێ ناوچەی سوید، کە کانی زۆری مس و ئاسنی تێدا بوو زۆر جێگەی سەرنجی فیوداڵ و دەسەڵاتداران نەبوو. ئەوانە بەنزمی سەیری ئەو کارانەیان دەکرد و بەکاری خەڵکی لات و پووتیان دادەنا. لەبەرئەوە پەیداکردن و دەرهێنانی ئەو میتالانە کەوتە دەستی توێژێک خەڵکی نوێی تایبەتیەوە. ئەوانە نە جوتیار بوون و نە بازرگان، بەڵکو توێژێکی ئازاد و ئیشکەربوون. ئەمانە لەگەڵ بوژاندنەوەی بازرگانی و زیادبوونی خواست لەسەر ئەو میتالانە هەتا دەهات پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتیان بەرز دەبووە و دەبوونە خاوەن کومپانیای گەورەتر و ژماری کرێکارەکانیان زیادیدەکرد.

لە دوای ساڵەکانی ١٥٥٠ وە، بەهۆی شەڕ و ململانێیەکی قورس لەگەڵ دانمارکدا لە پێناوی سەربەخۆیی بوون لەدەستیان و یەکخستنی وڵاتەکە، بەهۆی قەیرانی ئابوریەوە، کە بەهۆی قەرزکردنێکی زۆرەوە لە بانکەکانی ئەڵمانیا بەرۆکی پاشای گرتبوو، بەهۆی لاوازی پاشا و ناچاربوونی زیاتر بۆ ئۆروستۆکرات و فیوداڵ و داهاتی باجی زیاترەوە، بەهۆی بوژاندنەوەی بازرگانی و ناچاربوونی پاشا بۆ داهاتی زیاتری باجەکان لەو کەرتە ئابوریە، بەهۆی فشاری بەردەوامی کەنیسە لەسەر پاشا و دەسەڵاتی بەهێزیانەوە، بەهۆی هەموو ئەمانەوە پاشا ناچارکرا، کە بڕیاری هەندێ چاکسازی سیاسی و یاسایی و ئابوری پەسند بکات «**٣٨ل٥٢**».

لەو ساڵانەدا هەروەکو پێشتر لە ئینگلتەرا روویدا، بە پاڵپشتی فیوداڵەکانی تر و چینوتوێژە نوێیەکانی تری کۆمەڵگە، پاشا پێش هەموو شتێک کەوتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موسادەرەکردنی زەوی کشتوکاڵی و سامانەکانی کەنیسە و کەمکردنەوەی ڕێژەی باجەکانیان. ئەم کردارە بووە هۆکاری زیادبوونی داهاتەکانی دەوڵەت و بەهێزبوونی پاشا و دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت و سوپا. لە ساڵەکانی ١٦٠٠دا سوید بووە دەوڵەتێکی زەبەلاحی بەهێزی ناوچەکە و سەردەمی دەستپێکردنی زنجیرەیەک شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دەورووپشتدا.

داگیرکرنی فنلندا و هێرشکردنە سەر روسیا و ڕوودانی زنجیرەیەک شەڕ لەگەڵ ئەو وڵاتەدا و مەسرەفێکی زۆر لەو بوارانەدا، هەمیسانەوە خەزێنەی پاشای بەتاڵکرد و پێویستی بە داهاتی زیاتر بوو. بۆ دابینکردنی داهاتی باجی زیاتر بۆ مەسرەفەکانی دەبوایە پاشا زیاتر گوێرایەڵی فیوداڵەکان و چینوتوێژە نوێیەکان بێت و ڕازیبێت بە چاکسازی سیاسی و ئابوری و یاسایی.

لەپاڵ ئەمانەدا زنجیرەیەک ڕاپەڕین لەناو جوتیارەکاندا بەرپا بوو. هەرچەندە بەشێکی زۆری داواکارانی جوتیاران گەڕانەوەبوو بۆ ئەو بارەی پێشتر تیابوون و داواکردنی سەرلەنوێ بەهێزکردنی دەسەڵاتی کەنیسە بوو، بەڵام بەشێک لە داواکاریەکانیان چاکسازی و کەمکردنەوەی باجەکان بوو. هەرچەندە ئەو ڕاپەڕینانە سەری نەگرت و پاشا لە ڕێگەی هێنانی چەکداری بەکرێگیراوی ئەڵمانی و سکۆتلەندییەوە سەرکوتیکردن، بەڵام ئەو ڕاپەرینانە کاریگەری خۆیان هەبوو لەسەر خێراکردنی پرۆسەی چاکسازی «٢١ل٣٠».

ساڵی ١٦٨٠ پاشا ناچارکرا گۆڕانکاری لە ریزەکانی پەرلەمانتارەکاندا بکات. پێشتر نوێنەرانی پەرلەمان نیوە بەنیوە لە ئۆروستۆکرات و پیاوانی کەنیسە پێکهاتبوون. بەڵام لەو ساڵەدا ئەندامانی پەرلەمان دابەشبوون بەسەر نوێنەرانی ئۆروستۆکراتەکان، پیاوانی ئاینی، بورژوا و بازرگانەکان ، جوتیاران. لێرەشدا پاشا سەرکردایەتی دەکردن و زۆرترین دەسەڵاتی هەبوو و بڕیار دەرکەربوو «٢٨ل٦١».

ئەو جوتیارانە ئەوانە بوون، کە خاوەنی زەویوزاری خۆیان بوون. لەو سەردەمەدا بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گەورەبوونی شارەکان و زیادبوونی خواست لەسەر بەروبومی کشتوکاڵی، بەرهەمی ئەو جوتیارانە زیادیکرد و چاکسازی لە شێوازی بەرهەمهێنان لە ناویاندا دەستییپێکرد. بەوهۆیەوە پێگەی کۆمەڵایەتیان بەرزبۆوە و ڕۆڵی گرنگیان پەیداکرد لە ژیانی ئابوری و سیاسیدا. مسکێنەکان وەکو ئەمان ڕۆڵیان نەبوو و هیچ حسابێکیان بۆ نەدەکرا.

برژوا و بازرگان و بانکەوانەکان، بەهۆی بووژاندنەوەی بازرگانی و گەشەکردنی پیشەسازیی سەرەتایی نیمچە کەپیتالیستانەوە، هەتا دەهات بەهێزتر و گەورەتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبـوون و دەبوونـە سـەرچاوەیەکی گرنـگ بـۆ باجـەکان، لەبەرئـەوە پاشـا زیاتـر ملکەچـی داواکاریەکانیـان دەبـوو.

ئـەم چاکسـازییانە لـە پەرلەمانـدا زیاتـر گوژمیـدا بـە چاکسـازی لـە بـاری ئابوریـدا. ژمارەیەکـی خەڵکـی زیاتـر بەشـداریان لـە بڕیارەکانـدا دەکـرد. زیاتـر لـە جـاران موڵک و ماڵـی خەڵـک پارێـزراو بـوو، بـازاڕ کراوەتربـوو لـە جـاران و بەشـەکانی وڵاتەکـە زیاتـر پێکـەوە بەسـترانەوە. خـاوەن کەپیتاڵـەکان زیاتـر وەبەرهێنانیـان دەکـرد و بـازرگان و خـاوەن کەپیتاڵـی دەرەکـی روویـان دەکـردە وڵاتەکـە و بەشـداریان لـە وەبەرهێنـان و بازرگانیـدا دەکـرد. ژمارەیەکـی زۆر خەڵلکـی پیشـەزانی وڵاتانـی تـر روویـان لـە وڵاتەکـە دەکـرد و کاریـان تیادادەکـرد و کۆمپانیـای بچـوک و گەورەیـان دروسـتدەکرد.

گەشـەکردنی بازرگانی و زیادبوونی دانیشـتوان و گەورەبوونی شـارەکان و زیادبوونی خواسـت لەسـەر بەروبومـی کشـتوکاڵی ئیسـتهلاکی و کەرەسـەی خـاوی کشـتوکاڵی، گوژمیـدا بـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی لـە لادیەکانـدا. ئەمانـە بـۆ هـۆکاری چاکسـازی لــە شــێوەی بەرهەمهێنــان و چۆنیەتــی بەکارهێنانــی زەوی و جۆرەکانــی بەرهــەم. ئــەم گۆڕانکاریانــە بــووە هــۆکاری تێکشــکاندنی سیســتمی فیوداڵــی لــە لادیــەکادا و گۆڕینـی موڵکایەتـی فیوداڵـی بـۆ موڵکایەتـی تـاک و بەکارهێنانـی کرێـکاری جوتیـاری و کێڵگـەی گـەورەی بەرهەمهێنـان «**٣٨ل٥٥**».

بەهـۆی ئـەو چاکسـازییە یاسـایی و سیاسـی و ئابوریانـەوە و ئـەو گۆڕانکاریانـەی لـە ژێرخانـی ئابـوری وڵاتەکـەدا روویـدا، لـە سـاڵەکانی **١٧٥٠** وە رێگـە بـۆ شۆڕشـی پیشەسـازی و گەشـەکردن و بەکارهێنانـی تەکنیکـی نوێـدا لـە هەمـوو بوارەکانـی بەرهەمهێنانـدا خۆشـبوو. ژمارەیەکـی زۆر خەڵکـی شـارەزا لـە بـواری پیشەسـازیدا لــە وڵاتانــی وەکــو فەرەنســا و ئەڵمانیــاوە هێنــران بــۆ وڵاتەکــە و گوژمیانــدا بــە گەشـەکردنی پیشەسـازی نـوێ. لـە لایەکـی تـرەوە بـە دەرگا کردنـەوە بـۆ کەپیتاڵـی بێگانـە و رێگـەدان بـە خەڵکانـی خـاوەن توانـا و شـارەزا و خـاوەن کەپیتاڵـی خۆماڵـی بـە کارکـردن لەگەڵیانـدا، توانـرا هێڵـی شـەمەندەفەر لـە بەشـێکی زۆری وڵاتەکـە راکێشـرێ. ئـەوەش فاکتەرێکـی گرنـگ بـوو بـۆ گرێدانـی ناوچەکانـی وڵاتەکـە پێکـەوە و ئاسـانیکردنی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی و هاتوچـۆ لـە نێوەندیانـدا «**٣٨ل٦٠**».

بـە هـۆی گەشـەکردنی پیشەسـازی ناوخـۆوە، زۆربـەی ئـەو کەرەسـە خـاوو و سـامانە سروشـتیانەی نمونـەی مـس و ئاسـن و تەختـە و هەنـدێ بەروبوومـی کشـتوکاڵ، کـە پێشـتر هەنـاردەی دەرەوە دەکـرا ، لـە مـەودوا لـە پیشەسـازی ناوخـۆ بەکاردەهێنـران. پیشەسـازییە سـەرەتاییەکان بـە شـێوەیەکی سـەرۆکی بریتـی بـوون

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دروستکردنی کاغەز، مەکینەیی جۆلایی، وەرەشەی میکانیکی و دارتاشی و شوشە و شەکر و پیشەسازی کیمیاوی «٢٨ل٩٤».

سەرهەڵدانی کەپیتالیزم و گەشەکردنی لە ئیگلتەرا و فەرەنسا و بڵاوبوونەوەی بۆ ئەوروپا، لە باتی ئەوەی کاردانەوەی خراپی هەبێت بۆ سوید و ببێتە پاشکۆی ئەو سیستەمە و وڵاتانە، بەهۆی فاکتەرەکانی ناوخۆوە بە پێچەوانەوە بووە فاکتەرێکی هاندەر بۆ بەرپابوونی شۆرشی سیاسی و ئابوری لە وڵاتەکەدا. لە باتی ئەوەی وڵاتە گەورە کەپیتالیستەکان رووە تاکرەو و کۆلۆنیالیزمەکەیان لەگەڵی بەکاربهێنن، ناچاربوون رووە پلۆرالیزم و هاریکاریکردنەکەیان لەگەڵیدا بەکاربهێنن. وڵاتێکی وەکو ئینگلتەرا ئەگەر بۆی بلوایە هەروەکو ئیرلەندا سویدیشی دەکرد بە کۆلۆنی خۆی «٢٨ل٣٨\٨٨ل١٣٦».

هەڵبەتە ئەم گۆڕانکاریە مەزنانە لەم وڵاتەشدا بێ ئازارنەبوو. بەڵکو گەشەکردنی پیشەسازی و بەکارهێنانی تەکنیک و شێوازی زانستیانەی بەرهەمهێنان بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵدا بووە هۆکاری بێکاری و دەربەدەری و هەژاری ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی وڵاتەکە. ئەم ئاوارەبوونەی کە ئەمڕۆ بەهۆی شەڕ و ناسەقامگیریەوە لە هەندێ وڵاتاندا دەیبینین پێشتر لە سویدیش روویداوە. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٠٠ هەتا ١٩٢٠ دەوروبەری ١،٥ ملوێن لە خەڵکی ئەم وڵاتە بوونە ئاوارە و ماڵ و وڵاتیان بەجێهێشت و بۆ ژیانێکی بەختەوەرتر رویانکردە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چیتر نەگەڕانەو «٣٨ل١٩١\٥٢».

لە نێوان ساڵەکانی ١٨٠٠–١٨٩٠ هەناردەکردنی سوید بۆ دەرەوە ٤٠٪ ی دار بوو، کاغەز تەنها ١٠٪ بوو. بەڵام هەناردەکردنی دار لە ساڵی ١٩١٤دا هاتۆتە خوارەوە بۆ ٢٥٪ و کاغەز بەرزبۆتەوە بۆ ٢٠٪. ئەمەش خێرایی گەشەکردنی پیشەسازی لە وڵاتەکەدا پیشان دەدات.

هەتا ساڵی ١٨٠٠، ٩٠٪ ی دانیشتوان بە کشتوکاڵەوە خەریک بوون، بەڵام ساڵی ٢٠٠٠ تەنها ٢٪ لەو کەرتەدا کاریان کردووە. ئەمەش گەشەکردنی تەکنیک و رێبازی نوێیی زانستیانە لەو کەرتەدا پیشاندەدا «٢١ل٤٥».

لە نێوان ١٨٥٠–٢٠٠٠ کۆی داهاتی نیشتمانی وڵاتەکە ٢٠ هێندە زیادیکردووە. ئاڵوگۆڕی بازرگانی ٦٠٠ هێندە زیادیکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی تەنها نیوەی ئەوسا کاردەکەن. ئێستا هەشت کاتژمێر لە رۆژێکدا ئەوسا خەڵکی ناچار بووە ١٦ کاتژمێر لە رۆژێکدا کار بکەن. ئەم راستییە ئەوە دەگەیەنێت، کە وڵاتەکە لە کۆندا وەکو ئێستە دەوڵەمەند نە بووە و ژیانی خەڵکەکە هەر وەکو ئێستا ئاسان و خۆشگوزەران نەبوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە نێوان ١٩١٤-١٩٥٠دا هەناردەکردنی سوید بۆ دەرەوە١٠٪ زیادی کردووە، بەڵام لە نێوانساڵی ١٩٥٠-١٩٨٧دا ١٢٠٪ زیادی کردووە «٢١ل٥٠».

لەدوای چاکسازی درێژخایانی هەنگاو بەهەنگاو بە درێژایی زیاتر لە چوارسەد ساڵ ئنجا لەو وڵاتەدا ساڵی ١٩٠٩بۆ یەکەمجار گۆڕانکاری مەزن لە مافی خەڵکدا بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان روویدا. لەو ساڵەوە هەموو پیاوێکی سوید مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵکی پێدرا. بەڵام هەتا ئەوساش ئەو مافە بە پلەی جیاواز بوو. هەتا پیاو سامانی زیاتر بووایە و پێگەی کۆمەڵایەتی بەهێزتر بووایە دەنگەکەی بەهێزتر دەبوو. ساڵی ١٩١٩ هەموو تاکێکی ١٨ ساڵی سوید بە نێرینە و مێینەوە، ئیتر سامان و داهاتی هەرچەند بووایە مافی دەنگدانی پێدرا.

لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە هەتا ئێستا پرۆسەی چاکسازی و نوێکردنەوە لە سوید بەردەوامی بەخۆوە بینیوە. ئەو سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوورییە بەر فراوانە هەتا هاتووە بەرفراوانتر بووە. هۆکاری ئەوە بۆ ململانێی بەردەوامی نێوان چینوتوێژ و پێکهاتەوە هێزەکانی وڵاتەک دەگەڕێتەوە. گۆڕانکاری و گەشەکردن، زەمینەی نوێ و جیاوازتر دروست دەکات و گۆڕانکاری لە سروشتی پێکهاتانەی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت و پێکهاتە و گروپ و هێزی کۆمەڵایەتی نوێ بە بەردەوامی دروست دەبێت. ئەو گۆڕانکاریانە پێویستی بە چاکسازی نوێ و گۆڕانی باڵانسە لە نێوانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەدا. لەبەرئەوەی کۆمەڵگە لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە، بەپێی ئەوەش پێویستی چاکسازی نوێ دێتە پێشەوە. بێ چاکسازی نوێ باڵانس و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی تێکدەچێت. بە تێکچوونی ئەوە گرژی و ناڕەزایی لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت و کۆمەڵگەکە روبەڕووی قەیرانی ئابوری و سیاسی و دواکەوتن دەبێتەوە «٢٨ل١٢٠».

لە روسیا تاقە پارتێکی تاکڕەوی توندڕەو لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە دەستی بەسەر وڵاتەکەدا گرت و هەموو بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکان کەوتە دەست دەستەبژێریەکی بچوکەوە، بەڵام لە سوید بە پێچەوانەوە چەندین پارتی سیاسی جیاواز رۆڵیان هەبوو. ئەوانە نوێنەرایەتی چینوتوێژ و پێکهاتەکانیان دەکرد و کاریان بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەوانە دەکرد. ئەوانە لە ململانێی بەردەوامدا بوون لە پێناوی چاکسازی و خەملاندنی زەمینەی لەبار، کە هەموو ئەوانە شانبەشانی یەک بژین و لە رێگەی دیالۆگ و مەرجە نوێیەکانەوە چارەسەری گیروگرفتەکانیان بکەن. ئەو پارتە سیاسیانە بۆیان نەکرا ببنە پێکهاتەیەک و دەستەبژێریەکی کۆمەڵایەتی، کە بتوانن مافی ئەو چینوتوێژ و هێزە کۆمەڵایەتیانە پێشێل بکەن. نوێنەری ئەو خەڵکە لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی دەستوور و ڕەقابە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانان لەسەر یەک هەمیشە ڕێگربوون لە گرتنی ڕێبازێکی لەو جۆرە.

کرێکارانی سوید پارتی سۆسیال دیموکراتیان کردە نوێنەری خۆیان، کە بەشێوەیەکی گشتی دانانی سەرکردە و کاربەڕێوەبەر تیایاندا لە ڕێگەی تاکڕەوی و گەندەڵی و دامەزرندنەوە نەبوو لەلایان دەستەبژێریەکەوە، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵبژاردن و لێهاتویەوە بوو. نەقابە پیشەییەکانی ئەو کرێکار و موچەخۆرانە لەچاو ئەوانەی روسیادا، کە لەلایەن دەستەبژێری دەسەڵاتداری پارتی کۆمۆنیستەوە دادەنران، لێرە لە ڕێگەی هەڵبژاردن و کاری نەقابییەوە دادەنران «**٣٨ل٢٣٣**».

لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانی و چاکسازی سیاسی و ئابورییەی، کە لەم وڵاتە روویداوە هەتا ئێستا سیستمی پاشاگەری تیایدا ماوەتەوە و پاشا بە فەرمی سەرۆکی دەوڵەتە. ئەو مافەی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە نیە، بەڵکو بەپێی دەستوری وڵاتەکە مافی میراتیی ئەو بنەماڵەیەیە. ڕەنگە ئەوانەی پەلەیانە لە گۆڕانکاری و چاکسازی و وا دەزانن بەچەند بڕیارێک هەموو شتێک جێبەجێ دەکرێت و وابزانن پاشای سوید هەر لە کۆنەوە دەسەڵاتێکی سیمبۆلی هەبوبێت و پێشتر بە خۆشی خۆی وازی لە دەسەڵاتەکانی هێنابێت. بەپێچەوانەوە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پاشا و ئەو بنەماڵەیە هەنگاو هەنگاو بە پرۆسەیەکی چاکسازی سەدان ساڵ گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ. دیارە چینوتوێژ و هێزەکانی سوید، ئەوەندەی گۆڕانکاری لە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوریدا لایان گرنگ بووە، هێندە لابردنی پاشاو کۆتایی هێنان بە پاشاگەری لایان گرنگ نەبووبێت.

پلورالیزم تەنها دەستگاکانی دەوڵەت و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەگرتۆتەوە، بەڵکو تەشەنەی کردووە بۆ ناو کومپانیا و کارگە و قوتابخانە و خەستەخانەکان. . بە شێوەیەکی گشتی کاربەڕێوەبردن لەوە دەچووە کە تاکێک یان ژمارەیەک خەڵکی کەم تاکڕەویانە بڕیاریان لەسەر بدات، بەڵکو بەشدارکردنی ڕێکخراوە پیشەیی و کارکەران بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و ئەو مافە لە یاساکانی وڵاتەکەدا چەسپێندراوە.

لە سوید و وڵاتە سکەندناڤیەکان، سەرەڕای بوونی پارتە سیاسیەکان و رۆڵی گرنگیان لە حوکومرانیدا، ژمارەیەکی هێجگار زۆر ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاکانە رۆڵی گرنگ دەبینن لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتدا. ئەوانە نوێنەرایەتی توێژ و پێکهاتە و گروپی جیاواز دەکەن و زۆربەیان سەربەخۆن و نەبەستراون بە پارتە سیاسیەکان و دەستگاکانی دەوڵەتەوە. بە پێچەوانەوە ئەوانە بوونەتە فاکتەری گرنگ بۆ ڕەقابە لەسەر پارتە سیاسیەکان و پەرلەمان و دەسەڵاتی قەزایی و دەستگاکانی دەوڵەت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ساڵی ٢٠١٠ لە سوید ٢١٧هەزار رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ هەبووە. ئەم رێکخراوانە هەموو بواری ژیانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە وەکو وەرزش، هێزی سەربازی پاراستنی مەدەنی، چارەسەری نەخۆشی، مافی مرۆڤ، کرێچی و نیشتەجێبوون، مۆسیقا، رێکخراوەکانی مافی منداڵ و ژن و پێکهاتەکان و رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. . زۆربەی ئەندامانی ئەو رێکخراوانە خەڵکی خۆبەخشن و هەر یەکێکیان بەبێ بەرامبەر بە تێکڕا مانگی ١٦ کاتژمێر کاریان تێدا دەکەن. ئەم رێکخراوانە تەنها کاریگەریان لەسەر باری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فشارخستنە سەر پارتە سیاسیەکان و دەستگاکانی دەوڵەت نییە، بەڵکو هێزێک و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بزوێنەری گرنگن، کەوا لە خەڵک دەکات تەنها چاوەڕوانی خەڵکانی سیاسی و دەستگاکان نەبن کاروباریان بۆ راپەڕێنن ، بەڵکو خۆشیان چالاکانە رۆڵیان هەبێت لە راپەرینی کارەکان و پرۆسەی سەرپەرشتیکردن و دەرکردنی بڕیارەکان. بوون و بەهێزی ئەوانە وایکردووە، کە لەکاتی رودانی قەیرانی گەورە و چاوەڕوان نەکراو و پەککەوتنی هەندێ لە دەستگاکانی دەوڵەت، رۆڵیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە «٥٣».

بەهۆی گەشەکردنی پیشەسازی و جموجۆڵی بازرگانی و زیادبوونی رادەی هەناردەکردنی سوید بۆ دەرەوە لە سەرەتایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا، هەتا دەهات داهاتی باجەکانی دەوڵەت زیادی دەکرد. بەشێکی زۆری ئەو داهاتانە بۆ باشکردنی خۆشگوزەرانی و کەرتی خزمەتگوزاری تەرخاندەکرا. ئەوانە تەنها بواری خوێندن و فێرکردن و چارەسەرکردن نەخۆشی و نیشتەجێبوون وهەندێ بواری تری لەو بابەتانەی نەدەگرتەوە، بەڵکو چەندین بواری تری دەگرتەوە. نمونەی ئەوانە تەلەفۆن و ئامرازی هاتوچۆ و مۆسیقا و وەرزش و کولتور و بورەکانی تری وەکو هوتێل و رەستورانت و دڵنیایی و ئینتەرنێت... بۆ ئەوانە چەندین کۆمپانیای بچوکتری پیشەسازی و خزمەتگوزاری دامەزراون و کاریان کردۆتە سەر سروشتی بەرهەمهێنان و ژێرخانی ئابوری وڵاتەکە «٣٨ل٣٢٧».

ساڵی ١٩٦٠ رێژەی کەرتی خزمەتگوزاری ١٢٪ کۆی ژێرخانی ئابوری بووە کەرتی پیشەسازی ٤٥٪، بەڵام ساڵی ٢٠١٠ رێژەی کەرتی خزمەتگوزاری بەرزبۆتەوە بۆ ٥٠٪ و پیشەسازی نزم بۆتەوە بۆ تەنها ١٨٪ . هەڵبەتە ئەمە لە لایەکەوە بۆ گەشەکردنی تەکنیک و شێوازی بەرهەمهێنان و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی دەگەڕێتەوە و لە لایەکی ترەوە بۆ بەرزبونەوەی ئاستی ژیانی مرۆڤ و زیادبوونی پێویستی و خواست لەسەر بەرهەمی خزمەتگوزاری لەناو وڵاتەکەو هەموو جیهان دەگەڕێتەوە «٢١ل١١٠».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەڕای ئەم گۆڕانکارییانە، گۆڕانکاری مەزن لە خودی کەپیتالیزم لەناو ئەم وڵاتە و سەرانسەری جیهان لە چەندین رووەوە گۆڕانکاری گرنگی بەسەر هاتووە. هەتا ناوەڕاستی سەدەی بیست ئەوکەسانەی خاوەن کۆمپانیا گەورەکانی ناو وڵاتەکە بوون چەند بنەماڵەیەک بوون. بەڵام بە گەشەکردنی کومپانیای پشکدار و گەورەبوونیان هەتا دەهات ژمارەی ئەو خاوەن کەپیتالانەی پشکیان لە کۆمپانیاکاندا هەبوو زیادیان دەکرد. هەڵبەتە ئەوە تەنها نەبۆتە زیادبوونی ژمارەی خاوەن پشکەکان بەڵکو بۆتە هۆکاری ئەوەی ژمارەک خەڵکی زیارتر کار بکەنە سەر ئەو کومپانیانە. ئەگەرچی تاکەکان خاوەن کەپیتاڵی بچوکبن، بە ئاسانی دەرفەتی کڕینی پشکی کۆمپانیاکانیان هەیە، بەڵام ئەمە قاپیی خستە سەرپشت بۆ زیادبوونی ژمارەی پشکدارەکان. بەهۆی زیادبونی موچە و داهاتەوە، خەڵکی ئاسایی لە باتی پارەکانیان لەماڵەوە یان حسابی بانکێکدا پاشەکەوت بکەن، دەستیانکرد بە کڕینی ئەو پشکانە. ئەمە لەلایەکەوە کۆمپانیاکانی بەهێز دەکرد و لەلایەکی ترەوە موڵکایەتی و بڕیاردانی بەرفراوانتر دەکرد. لە ساڵەکانی هەشتاوە هەتا ژمارە و قەبارەی فاوندەیشنی تایبەتی زیادیدەکرد. ئەوانە بریتین لە جانتایەک کە پاشەکەوتی خەڵکی تێدا دادەنرێ و لەلایەن بانکەکان یان کۆمپانیا و خەڵکی شارەزا بەکاردەهێنرێ بۆ کڕین و فرۆشتنی پشکی کۆمپانیاکان.

ئەمە ئەمڕۆ وەکو وەبەرهێنانی تایبەتی تاکی کۆمەڵ گەشەکردنی زۆری بەخۆوە بینیوەو بۆتە بزووتنەوەیەکی دارایی و فینانسی گرنگ. بەوە پارەی خەڵکی لە هەموو بوار و کەرتەکاندا کاردەکات و بۆتە هێزێکی ئابوری بزوێنەر.

ئەوەی لێرەدا گرنگە باسبکرێت مەسەلەی بە جیهانگیری و جوڵەی ئازادی کە پیتاڵە. کەپیتال و جوڵەو بەکارهێنانی، روخساری نەتەوایەتی و بەکارهێنانی لە سنووری وڵاتێکی دیاریکراودا کاتی بەسەرچووە. کەپیتاڵی گەورە و بچوک و پشک و فاوندەیشنی تایبەتی ئەمڕۆ لە سەرانسەری جیهاندا بە ئاسانی جێگە دەگۆڕێتی و لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت و سیاسیەکان و بانکەکاندا دەرچووە. کە پیتاڵ لە کوێ بواری زیادبوون و بەکارهێنان و قازانجی زیاتر بێت لەوێ دەگیرسێتەوە. پارەی خەڵکی ئەوروپا ئەمڕۆ لە چین و روسیا بەکاردێت و پارەی چینەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەبەرهێنان دەکرێت. هەڵبەتە ئەمە کاردانەوەی گەورەی دەبێت لەسەر جیهان. لەباتی ئەوەی وەکو جاران کەپیتاڵ لە چەند وڵات و شوێنێکی دیاریکراوی جیهان خڕبێتەوە و وەبەرهێنان بکرێت، لە سەرانسەری جیهان بڵاو دەبەتەوەو وەبەرهێنان دەکرێت. ئەمە دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ گەشەکردنی شوێنە جیاوازەکانی جیهان و خێرابوونی چاکسازی و گۆڕانکاری لە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری تیایاندا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەندی پێنجەم:

# بۆچی خۆرهەڵاتی ناوەراست وەک پێویست سوودی لە بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم وەرنەگرت؟

ساڵی ١٨٠٠–١٩٢٥ز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە بەندی سێیەمدا، باسی ڕێبازی تایبەتی فیوداڵی خێلایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستمانکرد. باسی ئەوەمان کرد، کە ئەو سیستمە بە بەراورد لەگەڵ فودالیزمی ئەورووپا ڕێگربوو لە گۆڕانکاری. ئەو خاسڵەتانە بوونە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەی ڕۆژئاوای ئەورووپا خۆبەخۆ شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی تێدا بەرپانەبێت.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە، وەکو زۆربەی شوێنەکانی تری جیهان، بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم بە گوژم روویکردە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئامانجی هاتنی دەوڵەت و کۆمپانیە سەرمایەدارەکان بۆ ناوچەکە، هەر وەک شوێنەکانی تر بە مەبەستی بەرژەوەندی تایبەتی، نەکو بووژاندنەوە و گەشەکردنی ناوچەکە.

ئەو بڵاوبوونەوەیە، سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی ململانێی نێوان دوو سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری جیاواز بوو. سیستمی فیوداڵی خێڵەکی خۆماڵی، کە لە شکستهێنان و گیانەڵادا بوو، لە بەرامبەردا کەپیتالیزم، کە لە گەشەکردن و بەهێزبووندا بوو. ئەگەرچی بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزمی جیهانی بووە هۆکاری بەستنەوەی ناوچەکە بە جیهانەوە و تێکشکاندنی بنەماکانی فیودالیزمی خێڵەکی و دواتر داڕمانی دەوڵەتەکان دوابەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی، بەڵام لەهەمانکاتدا بووەهۆی مانەوەی ئەو دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکییانە بۆ زیاتر لە سەدەیەکی تر. لە مێژووی کۆندا چەندین فاکتەر تەمەنی ئەو سیستمەی درێژتر کرد، لێرەشدا بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم بووە فاکتەرێک بۆ مانەوەی ئەو دەوڵەتانە بۆ ماوەیەکی تر.

ئەگەر بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزمیش نەبووایە بۆ ناوچەکە، ئەو دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر ڕووبەڕووی تێکشکاندن و داڕمان دەبوونەوە. لە زەمینەیەکی وادا لەکاتی بوونی فاکتەری گونجاوی ناوخۆدا، دابەشبوونی ناوچەکە بەسەر چەندین وڵات و دەوڵەتی بچوکدا، ڕەنگە دەرفەتی گەشەکردن و چاکسازیی رووی بدایە. بەڵام بە دروست نەبوونی زەمینەی گونجاو، ڕەنگە دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی نوێی مەزن لە ناوچەکەدا وەکو پێشتر سەرلەنوێ دروست ببوایەوە و بۆ سەدان یان هەزارساڵی ترد ناوچەکە لەژێر هەمان سیستم وهەمان ئاستی دواکەوتوودا بمایەوە.

سەرەتای ساڵەکانی ١٨٠٠ دوو فاکتەری سەرەکی ڕۆڵیان بینی و کاریگەر بوون لەسەر گۆڕانکارییەکان لە ناوچەکەدا. یەکەمیان بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزمی جیهان، دووەمیان خاسڵەتی تایبەتی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی و سروشتی دەوڵەتەکانی ناوچەکە. لەم بەندەدا هەوڵ دەدەین لەو دوو فاکتەرە بکۆڵینەوە.

وەک هەموو شوێنەکانی تری جیهان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سێ ئەگەری لەبەردەمدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بڵاوبوونەوەیەدا. یەکەمیان سوودوەرگرتن لەو سیستەمە و گرتنی ڕێبازی گەشەکردن و شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی، دووەمیان گۆشەگیریی و داخستنی سنوورەکان بۆ ماوەیەک بەشێوەی ڕوسیا و چین، سێیەمیان پاشکۆیەتی و زەلیلی. ئەوەی لەم بەندەدا لێی دەکۆڵینەوە هۆکارە بنچینەییەکانە، کە بوونە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو سەردەمەدا ڕێبازی پاشکۆیەتی و زەلیلی بگرێتەبەر.

باسی ئەوە دەکەین، بۆچی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداریی جیهان بە شێوەی کەنەدا و ژاپۆن و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لێرەش وەکو پێویست نەبووە هۆی بەهێزبوونی چینوتوێژە نوێیەکان و بەشداریکردنیان لە بڕیارە سیاسی و ئابورییەکاندا. باسی ئەوە دەکەین بۆچی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لەم ناوچانەدا لەباتی ئەوەی ببنە فاکتەرێک بۆ گەشەکردن و هاوسەنگی و هاریکاریکردن، دەرفەتیان بۆ پەیدابوو رووە تاکرەوی و کۆڵۆنیستی و توندڕەویەکەیان بەکاربێنن. لەوە دەکۆڵینەوە ئایا هۆکاری بنچینەیی و سەرەکی ئەوە بۆ خاسڵەت و فاکتەرە ناوخۆییەکان، یان بۆ فاکتەرە دەرەکیەکان دەگەڕێتەوە.

لەم سەردەمەدا ١٨٠٠-١٩٢٥ چەندین فاکتەر و رووداو و پرۆسەی ناوخۆ و دەرەکی تێکەڵ بەیەک بوون و لەگەڵ یەک ئاوێتەبوون و بوونە هۆکاری گۆڕانکاری مەزن، کە پێشتر ناوچەکە بە درێژایی هەزارەها ساڵی مێژووی پێشوی بەخۆوە نەبینی بوو.

ئەو گۆڕانکارییانە لەم سەردەمەدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەربوو. ئەگەرچی ئەو قۆناغانە لە یەک دانەبڕاو بوون و زۆر بە توندی لەگەڵ مێژووی پێشتر و دواتردا بە یەکەوە بەسترا بوون، بەڵام هەر یەک لەو قۆناغانە خاسڵەتی تایبەتی خۆیان هەبوو. ئەو خاسڵەتانە بوونەتە بەردی بناغە بۆ گۆڕانکاری و خاسڵەتە تایبەتیەکانی دواتر و ئەمڕۆی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە هەتا ئێستا ڕۆڵی گرنگیان لە رووداوەکان و سروشتی سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری وڵات و میللەتەکانی هەیە. بەپێی ئەوە دەکرێت گۆڕانکاریەکانی نێوان ساڵەکانی ١٨٠٠-١٩٢٥ بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش بکرێن:

١- قۆناغی لاقەفرتێی دەوڵەتەکان بۆ مانەوە و وابەستبوونی ناوچەکە بە بازاڕی کەپیتالیستی جیهانەوە ١٨٠٠-١٨٦٠.

٢- لەدەستانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکان و زاڵبوونی کەپیتالیزمی جیهانی ١٨٦٠-١٨٩٠.

٣- شکستهێنانی چینوتوێژە نوێیەکان و دارمانی فیودالی خێڵەکی و دەوڵەتەکانی ١٨٩٠-١٩٢٥

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قۆناغی یەکەم
## لاقەفرتێی دەوڵەتەکان بۆ مانەوە و وابەستبوونی ناوچەکە بە بازاڕی کەپیتالیستی جیهانییەوە
١٨٠٠-١٨٦٠

ئەم قۆناغە چڕیی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان بوو لە ناوچەکەدا و دەستپێکردنی ئاوێتەبوون بوو لەگەڵ سیستمە خۆماڵیەکە و بەستنی پەیوەندی بوو لەگەڵ چینوتوێژ و پێکهاتووەکانی. لایەنێکی پرۆسەکە هەوڵدانی خۆ گونجاندنی کەپیتالیزم بوو لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانەدا و گرتنی رێبازی جیاواز بوو بۆ خۆجێکردنەوە تیایاندا. لایەنێکی تری رۆڵی دەسەڵاتدارەکانی ئەو دەوڵەتانە بوو لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەو بڵاوبوونەوە و سوود وەرگرتن لێیی بۆ مانەوە و بەهێزکردنی دەسەڵاتیان. ئەمانە بوونە هۆکاری گۆڕانکاری لە ژێرخانی ئابوری ناوچەکان و سەرەتای دروستبوون و بەهێزبوونی چینوتوێژی نوێ و دەستپێکردنی پەیوەندێکی جیاوازتر لە جاران لە نێوان ئەکتەرە ناوخۆ و دەرەکییەکاندا.

## هەوڵی دەوڵەتەکان بۆچاکسازی و خۆبەهێزکردن

تاکە بابەتی گرنگ لای دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مانەوە و بەردەوامبوونی حوکمرانیان و سیستمی فیودالیزمی خێڵەکی بوو. لە پێناوی ئەوەدا دەوڵەتی عوسمانی و ئێران پێویستیان بە چاکسازیکردن بوو لە بوارەکانی سەربازی و باجکۆکردنەوە و ئیداریدا. هەڵبەتە بە درێژایی مێژووی ئەو دەوڵەتانە، دەسەڵاتداران لە پێناوی مانەوەیاندا هەمیشە هەوڵی چاکسازییان دابوو، بەڵام ئەمجارەیان ئەو هەوڵدانە لەسەردەمێکی جیاوازتردا بوو. ئەو سەردەمە نوێیەش گەشەکردن و بەهێزبوون و بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم بوو بۆ ناوچەکە.
لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران هەوڵی ئەو چاکسازیانەیاندا، بەڵام بەهۆی خاسڵەتی تایبەتیانەوە، شێوازی لە یەک جیاوازیان گرتە بەر و لە هەندێ رووەوە کاردانەوەی جیاوازیان لەسەر کۆمەڵگەکان هەبوو.
بنەماڵەی دەسەڵاتداری دەوڵەتی عوسمانی سەقامگیرتر بوو، زیاتر توانای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنترۆڵی خێڵە تورکەکان و پێکهاتەکانی هەبوو، هەروەها دەسەڵاتی ئایینی سوونە تیایدا زیاتر گوێڕایەڵ و هەماهەنگی دەسەڵاتداران بوو. ئەمانە بوونە فاکتەرێکی تر، کە دەوڵەتی عوسمانی لەو قۆناغەدا لە داڕمان نەجاتی ببێ. پرۆسەی چاکسازی لەژێر چەتری هەمان دەوڵەت و بنەماڵەدا بەڕێوەچوو.

لە ئێران بە پێچەوانەی دەوڵەتی عوسمانیەوە، ململانێی نێوان خێڵە تورکەکان بۆ گرتنی دەسەڵات بەردەوام و خوێناویتر بوو. دەسەڵاتی ئایینی شیعە سەربخۆتر و بزێوتر بوو، زیاتر توانای دەستێوەردانی هەبوو لە سیستەمی سیاسی و ئابوری وڵاتەکە. لەبەرئەوە چاکسازییەکان بۆ بەردەوامی سیستەمەکە خۆی لە داڕمانی دەوڵەت و دامەزراندنی دەوڵەتی نوێدا دەبینیەوە. داڕمانی دەوڵەتی سەفەوی و ئەفشار و دواتر دابەشبوونی وڵاتەکە و داگیرکردنی لەلایەن ئەفغانستان و روسیا و دەوڵەتی عوسامانیەوە لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا، پێویستی دامەزراندنی دەوڵەتی قاجاری هێنایە پێشەوەوە. دروستبوون و مەرجی مانەوە و بەردەوامبوونی قاجار لە ساڵی ۱۷۹۵ دا بەند بوو بە چاکسازی نوێوە، کە دەبوایە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزمدا بگونجایە.

هۆکاری شکستهێنانی ئەو دەوڵەتانە و پێداویستی چاکسازی تیایاندا خودی ئەو دەوڵەت و خێڵ و بنەماڵانە نەبوو، بەڵکو سروشت و خاسڵەتی سیستەمی فیودالی خێڵەکی بوو، کە نەکو توانای گەشەکردنی نەبوو، بەڵکو رێگر بوو لە هەموو گەشەکردن و نوێکردنەوە و خوڵقاندنێک.

هەرچەندە لەبەندی سێیەمدا باسی چاکسازییەکانی ئەو دەوڵەتانەمانکرد، بەڵام جارێکی تر لێردا پێویستە مەبەست لە بەکارهێنانی وشەی چاکسازی روون بکەینەوە. چاکسازی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە مەبەستی گۆڕانکاری نەبوو لە سیستەمی بەڕەوبردنی سیاسی و ئابوریدا و ئامانجی رێگەخۆشکردن نەبوو بۆ گەشەکردنی ئابوری و خۆشگوزەرانی خەڵک. بەڵکو مەبەستی ئەوانە تەنها بۆ مانەوە و بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی دەوڵەت و زیادکردنی داهاتی باجەکان و خۆشگوزەرانی دەستەبژێری دەسەڵاتداران بوو. بۆیە لێرەدا مەبەست لە باسکردنی ئەو چاکسازییانە خودی چاکسازییەکان خۆیان نین، بەڵکو چۆنیەتی ئاوێتەبوونیانە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کەپیالیزمی جیهان و کاردانەوەیانە لەسەر باری ئابوری و سیاسی وڵاتەکان و رێبازی گۆڕانکاری تیایاندا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چاکسازی لە بواری سەربازیدا

شۆڕشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا و سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسی و بڵاوبوونەوە و کاردانەوەی ئەو شۆڕشە بۆ چەندین شوێنی تری رۆژئاوای ئەورووپا بووە هۆکاری گەشەکردنی چەک و تەکنیک و زانیاری مودێرنی سەربازی. هەڕەشەی شەڕی ناپلیون لەسەر دەوڵەتەکانی ئەورووپا، دەوڵەتە کەپیتالیستە نوێیەکان و فیوداڵە کۆنەکانی ئەورووپای والێکرد، کە خۆیان زیاتر پڕ چەک بکەن و ئامادەکاری بکەن بۆ شەڕکردن.

ئەم رووداوانە شانبەشانی گەشەکردنی خێرای ئابوری وڵاتەکانی رۆژئاوای ئەورووپا، ترسی خستە دڵی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. ئەو دەوڵەتانە کەوتنە هەڵپەکردن بۆ گەیشتن بە هەمان تواناو ئاستی گەشەکردنی سەربازی ئەو دەوڵەتە ئەورووپیانە. سروشتی خێڵەکی و لووت بەرزی و توندڕەوی و تاکڕەوی ئەو دەوڵەتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەیان، لە خۆ بەچەککردن و بەکارهێنانی هێز بەولاوە هیچی تریان نەبوو. لەرێگەی هێزەوە دەیانویست بۆری ئەو دەوڵەتە سەرمایەداریانە بدەن، نەکو لە رێگەی رێگەخۆشکردن بۆ گەشەکردنی ئابوری و سیاسی لە دەوڵەتەکاندا.

هەتا ساڵەکانی ١٨٠٠ توانای سەربازی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلەی یەکەم بۆ تاڵانکردنی دەرەوە و فتوحات بەکاردەهێنرا. بەڵام دواتر بەهۆی شکستهێنانی ئەو دەوڵەتانە لە تاڵانکردنی دەرەوە، زیاتر کەوتنە رووتاندنەوەی ناوەوە و هەوڵدان بوو بۆ پاراستنی ناوچەکانی ژێردەستیان. زیادبوونی رووتاندنەوەی ناوەوە ناڕەزایی لەناو چینوتوێژ و پێکهاتەکاندا زیادیکرد و چەندین راپەڕینی لێدەکەوتەوە، بۆیە لەو ساڵانەوە بە پلەی یەکەم هێزە سەربازیەکان بۆ سەرکوتکردنی ناوەوە بەکاردەهێنران.

هەتا ئەو ساڵانە بە درێژایی سەدان ساڵ هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە جۆری چەک و تەکنیک و زانیاری سەربازی لەو وڵاتانەدا رووی نەدابوو، بەڵام لەم ساڵانەوە بەهۆی ئەو زەمینە نوێیەوە هەتا دەهات گۆڕانکاری زیاتر لەو بوارەدا دەکرا.

لەسەرەتای بونیادنانی دەوڵەتی قاجاری ئێراندا لە کۆتایی سەدەی هەژدە، ئەو دەوڵەتە نوێیە بۆ بەمودێرنکردنی هێزی سەربازی و بەهێزکردنی سوپای نیزامی و کەمتر پشت بەستن بە جەنگاوەری خێڵەکان رێبازی نوێی گرتەبەر. شای قاجار هێرشیکردە سەر جۆرجیا و پایتەختەکەی تاڵانکرد. لەو هەڵمەتەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاجار دەوروبەری ٢٠هەزار دیلی لێگرتن. ئەوانەیانکرد بە کۆیلە و دواتریش بەشێکیان کران بە سەرباز لە سوپای نیزامی نوێی دەوڵەتدا «١٠٥ ل١٦٣».
لەم سەردەمەدا، سوپای ئێرانی قاجار لە سێ بەش پێکهاتبوو. سوپای نیزامی شا لە ٢٠هەزار سەربازی مەشق پێکراو و مودێرن پێکهاتبوو. سەرەڕای ئەمانە شا ٣٥٠٠ سەربازی تایبەتی خۆی هەبوو، کە زۆربەیان کۆیلە بوون. بەشی دووەم لە جەنگاوەری خێڵەکانی قاجار و خێڵە دۆستەکانیان پێکهاتبوو، کە لەکاتی پێویستدا بەدەنگی شاوە دەهاتن. ئەمانە سواری بوون و سەرک خێڵەکان سەرکردایەتی دەکردن. لەکاتی پێویستدا توانای کۆکردنەوەی ٨٠هەزار جەنگاوەری وای هەبوو. بەشی سێیەم لە میلیشیا گوندییەکان پێکهاتبوو، کە شا بەپێی پێویست کۆیدەکردنەوە. ئەمانە لەژێر چاودێری راستەوخۆی دەوڵەتدا بوون، پیادە بوون و ژمارەیان دەگەیشتە ١٥٠هەزار چەکدار.
لە ساڵی ١٨٠٠ وە بەشێوەیەکی فراوان دەستیانکرد بە بەکارهێنانی یارمەتی سەربازی و تەکنیک و چەکی نوێی دەرەکی. ژمارەیەک ئەفسەری روسیان دامەزراند بۆ مەشق پێکردنی هەندێ یەکەی سوپا. ساڵی ١٨٠٩ ژمارەیەک ئەفسەری ئینگلیزی مەشق و چاکسازییان لە سوپادا دەستپێکرد. بەهۆی بەرپابوونی شەڕ لەگەڵ روسیا، کەوتنە کڕینی چەکی مودێرن لە ئینگلتەرا. ساڵی ١٨٣٠ ئەفسەرێکی ئینگلیزیان کردە سەرۆکی سوپای نیزامی. رێکەوتنامەیەکی هاوکاری سەربازیان لەگەڵ ئینگلتەرا بەست و لە بەرامبەردا ئینگلتەرا دوو هەزار تفەنگ و ٥٠٠هەزار فیشەکی پێ بەخشین.
بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی سەرەک خێڵەکان و بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی، شا چەند چاکسازێکی تری لە ریزەکانی سوپادا کرد. لە باتی پشتبەستن بە سەرک خێڵەکان و دانی رۆڵی سەرکردایەتی پێیان، بەشێک لەوانەیان ناچاردەکرد، کە جەنگاوەرەکانیان بنێرن بۆ خزمەتی سەربازی و بکەونە ژێر چاودێری و ئەمری راستەوخۆی لەشکری نیزامیەوە. دوابەدوای ئەوە بۆ یەکەمجار ئەکادیمای سەربازییان(دار الفنون) بە یارمەتی ئینگلیزەکان بونیادنا. ساڵی ١٨٥٩ ژمارەیەک شارەزایانی سەربازی ئینگلیزی و روسی و نەمسایی و هەنگاریان بۆ ئەو مەبەستانە هێنایە سوپاوە.
بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بروانە «١٥ ل١٠٠-١٠٧»
بەهۆی زیادبوونی رێژە و جۆرەکانی باج لەسەر خەڵکی، دەوڵەتی عوسمانی رووبەڕووی چەندین راپەڕین و ناڕەزیی ناوخۆ بۆوە. نمونەی ئەوانە راپەڕینەکانی بەڵقان لە ساڵی ١٨٠٩دا، راپەڕینیەکانی یۆنان لە ساڵی ١٨٢٧

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دا کە بە سەربەخۆیی وڵاتەکە لە دەوڵەتی عوسمانی کۆتاییهات. داگیرکردنی جەزائیر لەلایەن فەرەنساوە ساڵی ١٨٣٠، کە ئەو وڵاتەی لە دەوڵەتی عوسمانی دابڕی. جەنگی قرم لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٤–٥٦دا. بزووتنەوەی وەهابییەکان بۆ چاکسازی لە بنەماکانی ئیسلامدا، کە ساڵی ١٨١٨ لە نیوەدوورگەی عەرەب سەری هەڵداو پلیدا بۆ هەندێ ناوچەی شام و عێراق. زنجیرەیەک ناڕەزایی و راپەڕینی میرنشین و خێڵەکانی کردستان، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەردەوام بوو. سەرەڕای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئاستی گەشەکردنی سەربازی ئەوروپا، هەموو ئەمانە دەوڵەتی عوسمانی ناچار دەکرد زیاتر و خێراتر چاکسازی لە ریزەکانی هێزی چەکداریدا بکات «٩١ ل ٣٨٩».

سروشت و بونیادی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی عوسمانی هاوشێوەی قاجاری ئێران بوو، بەڵام بە قەبارەیەک و توانایەکی گەورەترەوە. بێجگەلە ژمارەیەکی گەورە لە هێزە خێڵەکییەکان و توانای دەوڵەتەکە لە ناچارکردنی ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە رەعیەتی دەوڵەتەکە بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکانیدا، سوپایەکی نیزامی گەورەی هەبوو. سوپای نیزامی پێکهاتبوو لە سوپای ئینکیشاری و سوپای نیزامی مەدەنی دەوڵەت.

یەکەم چاکسازی مودێرنی دەوڵەتی عوسمانی، لە نێوان ساڵەکانی ١٧٨٩–١٨٠٧دا بوو. لەو ماوەیەدا ژمارەی هێزی نیزامی مەدەنی دەوڵەت گەیشتە ٢٥هەزار چەکدار. گۆڕانکاری گەورە لە هێزی دەریایی دەوڵەتەکە کرا. ٤٥ پاپۆڕی نوێی جەنگ خرایە دەریاوە. گەورەترین پاپۆڕیان ١٢٢ تۆپی لەسەر بوو، ١٢٠٠ سەربازی دەگرت. ساڵی ١٨٢٧ سەرلەنوێ سوپایەکی نیزامی نوێیان پێکهێنا کە لە ٧٥هەزار چەکدار پێکهاتبوو «٣٠ ل ٤١».

بەشی زۆری ئەم چاکسازییانە بە هاریکاری و یارمەتی ئەفسەری بێگانە و بە تایبەتی ئینگلتەرا بەڕێوەدەچوون و دادەمەزران و مەشقیان پێدەکرا و چەکدار دەکران. لەم وڵاتەش ساڵی ١٨٣٤ بۆ یەکەمجار ئەکادیمی سەربازی بەیارمەتی دەرەکی کرایەوە.

هەموو ئەم چاکسازییانە لە ریزی هێزە چەکداریەکاندا خەرجییەکی هێجگار زۆری تێدەچوو. ساڵی ١٨٣٠ خەرجی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی ٧٩٪ هەموو داهاتەکانی دەوڵەت بوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت نەیدەتوانی موچەی بەشێکی زۆری سەربازەکان بدات. هەر لەو ساڵانەدا لەباتی بەکارهێنانی سەرک خێڵ و جەنگاوەرەکانیان کەوتە سەربازییکردنی بەزۆر. لە رێگەی ئەوەوە پێنج

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەشکری نیزامی نوێیان پێکهێنا. دوو لە ئەستەمبول، یەکێک لە بەڵقان، یەکێک لە سوریا و یەکێک لە ئەنادۆڵ «**٣٠** ل**٤٦**».
دەوڵەتی مەمالیک لە میسر نیمچە سەربەخۆیی خۆی لە ژێر چەتری دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو. لە کاتێکدا دەوڵەتی عوسمانی دەیویست خۆی بگەیەنێتە ئاستی دەوڵەتەکانی ئەوروپا و خۆی رووبەڕووی ئەوان بەهێز بکات، مەمالیکەکانی میسر بە پلەی یەکەم دەیانویست خۆیان بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی تەواو لە دەوڵەتی عوسمانی بەهێزکەن.
هەوڵدانی میسریەکان بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ ئەو زەمینە نوێیەدا لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا زیاتر گوڕی بەستەوە. مەمالیک بە یارمەتی و سەرکردایەتی ئەفسەرێکی شارەزای ئینگلیز سوپایەکی **٦٠** هەزار چەکداریان پێکەوەنا و هێرشیانکردە سەر حیجاز و شام و دەستیان بەسەریاندا گرت. سەرەڕای ئەوە چیتر وەکو جاران باجیان نەدەدا بەدەوڵەتی عوسمانی. بەڵام دواتر دەوڵەتی عوسمانی توانی میسر بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام هەر وەکو کۆن نیمچە سەربەخۆییەکی خۆیان پاراست «**٣٠** ل**٦٤**».
ئەگەر جیاوازی نێوان ئاستی گەشەکردنی تەکنیک و شارەزایی و توانای بەرهەمهێنانیش بخەینە ئەولاوە، بۆئەوەی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە روی توانای سەربازیەوە بگەیشنایەتە ئاستی وڵاتەکانی رۆژئاوای ئەوروپا، داهاتێکی دارایی زۆر زیاتریان پێویست بوو لەوەی هەیان بوو. داهاتی دەوڵەتەکانی رۆژئاوای ئەوروپا زۆر زیاتر بوو لەوانەی رۆژهەڵای ناوەڕاست. لەسەرەتای **١٨٠٠**دا داهاتی دەوڵەتی بەریتانیا گەیشتۆتە**١٦،٨٠٠،٠٠٠**پاوند، بەڵام دەوڵەتی عوسمانی داهاتی لە نێوان**٢،٢٥٩،٠٠٠–٣،٧٥٠،٠٠٠**پاوەند بووە. بە مانایەکی تر داهاتی بەریتانیا پێنج هێندەی دەوڵەتی عوسمانی بووە «**٣٠** ل**٦٠**».

## چاکسازی لە سیستمی باج و دامودەزگای دەوڵەتدا

لە کاتێکدا داهاتی تاڵانکردنی دەرەوەی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵات نەمابوو، تەنها رێگە لەبەر دەم ئەم دەوڵەتانەدا بۆ چاکسازی لە بواری سەربازیدا و کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکانیان و سەرکوتکردنی راپەڕینی ناوخۆ و شەڕی دەرەکی و هەوڵدان بە گەیشتن بە ئاستی دەوڵەتەکانی رۆژئاوای ئەوروپا، زیادکردنی رێژەو جۆرەکانی باج و چاکسازی بوو لە دەستگاکانی دەوڵەتدا «**٩١** ل**٣٩٤**».
بنەماکانی سیستمی باجی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەرەتای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـەدەی نـۆزدەدا هیـچ جیاوازێکـی ئەوتـۆی نەبـوو لەگـەڵ سـەدەکانی پێشـوتر، کـە لـە بەنـدی سـێیەمدا باسـمانکرد. هەوڵـدان بـۆ زیادکردنـی ڕێـژەی ئـەو باجانـە رووبـەڕووی چەنـد کۆسـپێک دەبـۆوە.

زیادکردنـی ئـەو ڕێژانـە دەبـووە هـۆی نارەزایـی خەڵـک و گـرژی و راپەڕیـن و ئـاژاوەی ناوخـۆ. زەمینەیەکـی وا هەمیسـانەوە دەبـووە هـۆی زیادبوونـی خەرجـی لەشـکر و کاولبوونـی گونـد و کێڵگـە و کوشـتن و کەمبوونـەوەی بەرهەمـی کشـتوکاڵی و ئـاژەڵ و پیشـەیی و لاوازبوونـی بازرگانـی، کـە هەمـوو ئەمانـە دەبوونـە هـۆکاری کەمبوونـەوەی باجـەکان و داهاتەکانـی دەوڵـەت. زیادبوونی بـاج و جۆرەکانی خەرجیی بـاج کۆکـەرەوە و دەسـتگاکانی دەوڵەتـی زیـاد دەکـرد. سـەرەڕای ئـەوە بەهـۆی گەندەڵـی و پاشـکۆیەتییەوە بەشـێکی باشـی ئـەو باجانـە دەدزرا و لەناودەچـوون و نەدەگەیشـتە خەزێنـەی دەوڵـەت. هەتـا ئـەو باجانـە زیادیـان بکردایە، ژمارەیەکـی زیاتر لـە دەسـتەبژێر و کاربەدەسـتان چاویـان تێدەبـڕی و تەماعیـان تێدەکـرد و بەشـێکی زیاتریـان بـۆ خۆیـان دەپچـڕی. لەگـەڵ هەمـوو ئەمانـە بەهـۆی ئـەو چاکسـازییانەوە، کـە دەوڵـەت لـەو بوارەدانـەدا دەیکـرد داهاتـی باجـەکان زیادیدەکـرد، بـەڵام ئـەو زیادبوونـە دووربـوو لـەوەی کـە بەشـی پێداویسـتییە نوێیەکانـی دەوڵـەت بـکات.

شا\سـوڵتان و دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت لـە پێنـاوی زیادکـردن و کۆنترۆڵکردنـی داهاتدا هەوڵـی گۆڕانـکاری زۆریانـدا لـە دەسـتگاکانی دەوڵەتـدا. سیسـتمی بـە قۆنتەراتدانـی کۆکردنـەوەی بـاج و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری دەوڵەتیـان لـە زۆر ناوچـەدا بەهێزتـر و فراوانترکـرد. دەسـەڵاتی والـی و دەسـەڵاتدارە خۆجێییەکانیان سـنوردارکرد، دەسـەڵاتی فیوداڵـە خێڵەکییەکانـی ناوچەکانیـان کەمکـردەوە، لەوانـە میرنشـینە کـوردەکان و سـەرەک خێڵـە گـەورەکان. بـۆ مسـۆگەرکردنی کۆکردنـەوەی داهاتەکانـی دەوڵـەت لـە جێگـەی ئەوانـە خەڵکـی نوێـی سـەر بـە دەوڵەتیـان دادەمەزرانـد. ئـەم کارانـە لەلایەکـەوە توێژێکـی کۆمەڵایەتـی نوێـی پـێ قەڵـەو دەبـوو و دەسـەڵاتیان زیادیدەکـرد، لەلایەکـی تـرەوە ئـەو گۆڕانکارییانـە زۆربەیجـار بە خۆشـی و ئاشـتی بەڕێـوە نەدەچو. بـۆ لابردنـی کۆنـەکان و دانانـی نـوێ دەوڵـەت ناچـار دەبـوو هێـزی سـەربازی بەکاربهێنێـت کـە شـەڕ و ئـاژاوەی درێژخایـەن و خەرجـی زۆری لێدەکەوتـەوە «**١٥** ل**٧٩ \ ٣٠** ل**٥٩**».

لـە میسـر دەوڵەتـی عوسـمانی لـە ڕێگـەی مەمالیکەکانـەوە هەوڵـی کۆنترۆڵـی ئـەو وڵاتـەی دەدا. دەسـەڵاتی مەمالیـک لـە وڵاتەکـەدا بوونـە توێژێـک و دەسـتەبژێریەکی سـەربازی دەسـەڵاتداری بەهێـز، کـە کۆنترۆڵـی وڵاتەکـەی دەکـرد. لـە ڕێگـەی دەسـەڵاتەی ناوەنـدی تاکـڕەوی بەهێـزەوە هەوڵـی بەدیهێنانـی چاکسـازییان دەدا لـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیستمی باج و دەستگاکانی دەوڵەتدا «**٩١ ل٣٩١**».

لە ناوچەکانی سوریای گەورە، سوریا و لوبنان و فەڵەستین و ئوردن، پێشتر دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی لاوازیەوە لەو ناوچانە نەیتوانی بوو چاکسازی ئەوتۆ لەو بوارانەدا بکات. بەڵام لە ساڵەکانی نێوان **١٨٣٢-١٨٤٠** وە کە میسریەکان ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کرد، پرۆسەی چاکسازی تیایدا دەستیپێکرد. میسریەکان بەهۆی بونیادنانی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزەوە و بە بەکارهێنانی سوپایەکی **٩٠**هەزار کەسی توانیان ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەن. ئەو کۆنترۆڵکردنە، بووە هۆکاری زیادبوونی داهاتی باجەکانی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە. بێجگەلە باجە کۆنەکانی دەوڵەتی عوسمانی، باجێکی نوێیان بەناوی سەرانەوە داهێنا. بەپێی ئەوە هەموو عازەبێکی وڵاتەکە دەبوایە باجێکی دیاریکراوی بە دەوڵەت بدایە. بەهۆی ئاسایشی رێگەوبان و زیادبوونی ژمارە و قەبارەی کاروانە بازرگانییەکانەوە داهاتی گومرگی دەوڵەت سێ هێندەی لێهات. بەهۆی سەقامگیرییەوە ژمارەیەکی زۆر لە دێهاتەکانی ناوچەکان سەرلەنوێ خەڵکەکانی بۆی گەڕانەوە و کەوتنەوە بەرهەمهێنان. ئەم بوژاندنەوەیە بۆ ماوەیەک بەردەوام بوو، بەڵام دواتر شکستی هێنا. لە دوای شکستهێنانی میسریەکان و گەڕانەوەی دەسەڵاتی عوسمانی بۆ ناوچەکە ساڵی **١٨٤٠**، هەمیسانەوە دۆخەکە گەڕایەوە بۆ باری جارانی خۆی. داهاتی باجەکان **٥٠٪** هاتەخوارەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاکسازییەکانی میسرییەکان سودبەخش بوو بۆ دەوڵەتی عوسمانی، چونکە ئەو داهاتانە لەچاو سەردەمی پێش هاتنی میسرییەکان باشتر بوو «**٣٠ ل٧٦**».

لەم قۆناغەدا، لە عێراقی عەرەبی هیچ گۆڕانکارییەک و چاکسازی ئەوتۆ رووی نەدا، کە رۆڵێکی کاریگەری هەبێت. هۆکاری ئەوە بۆ لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکە دەگەڕێتەوە. بەهۆی هەڕەشەی ئێرانەوە لەسەر ئەو ناوچانە والی بەغدا نیمچە سەربەخۆیەکی پێدرابوو، بەڵام توانای کۆنترۆڵی خێڵە عەرەبەکان و ناوچەکانی زۆنگاویان نەبوو. ئەوەی روویدەدا بەهۆی چالاکی مەمالیکە دەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوچانەوە بوو، لە بەهێزکردنی هێزە سەربازیەکانیان بۆ سەرکوتکردنی خێڵە عەرەبەکان و کۆکردنەوەی باج و دانانی سنورێک بۆ ئینگلیزەکان و دەستتێوەردانی قاجاری ئێران «**٣٠ ل٨٢**».

چاکسازییەکانی ئەو دەوڵەتانە لە هەردوو بەشی کوردستاندا لەم قۆناغەدا نەهێشتنی دەسەڵاتی میرنشینەکان بوو لە پێناوی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەو و مسۆگەرکردنی داهاتەکانی باج و خێراتی وڵاتەکە. بەندی شەشەم تەرخاند دەکەین بە تایبەتیەکانی کوردستان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چاکسازیی یاسایی

ئەو چاکسازییە یاساییانەی کەلەم قۆناغەدا ۱۸۰۰-۱۸٦۰ ڕوویدا تەنها بە رووکەش بوو و بەردەوامی تیادا نەبوو. هۆکاری ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی ئەم دەوڵەتانە هێشتا دەسەڵاتی ئەبسولیتزمیان هەبوو و ڕێگەیان بە کەسی تر نەدەدا، کە بەشداری لە بڕیارداندا بکەن. ئەوانە لووت بەرز و لەخۆبایی بوون و خۆیان بە بەرزتر و زیرەکتر لە هەموو جیهان دادەنا و دەیانویست بەهەمان سیستمی کۆنی سەدان ساڵانەیانەوە لەسەر حوکم بمێننەوە و لەهەمانکاتدا بگەنە ئاستی گەشەکردنی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان.

دەوڵەتی قاجاری ئێران هەوڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی و دەستگاکانی باجکۆکردنەوە و کۆنترۆڵی ناوچەکانیدا. ساڵەکانی ۱۸۰٦ هەوڵی چاکسازی لە دەستگاکانی دەوڵەت درا. گۆڕانکاری لە حوکمرانی حوکمەتدا کرا، بە دانانی هەیکەلێکی نوێوە، کە ناویان لێنا چوار وەزیر. بەڕێوەبردنی دەوڵەت کەوتە دەستی سەرەک وەزیران(ئەمیر کەبیر) و وەزیری دارایی و وەزیری کاروباری دەرەکییەوە، کە کاری پەیوەندی بەستن بوو لەگەڵ قونسوڵەکانی دەوڵەتە بێگانەکان. لە ساڵی ۱۸۲۹دا ئەمیر کەبیر ویستی گۆڕانکاری و چاکسازی یاسایی گەورە بکات، لەوانە بوجەی تایبەتی سوپای جیاکردەوە، هەوڵیدا بۆ ڕێگەخۆشکردن بۆ گەشەکردنی پیشەسازی و گەشەپێکردنی خوێندنی بەرز بۆ ڕۆڵەکانی دەستەبژێری دەسەڵاتدار، بەکارهێنانی عورف لەباتی شەریعەت، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی عولەما و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی بابیست. ئەم هەوڵانە بۆ چاکسازی بەتوندی بەرهەڵستی کرا لەلایەن عولەما و خێڵە گەورەکان و چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان. بەهۆی ئەوەوە تەنها کار کە ئەمیر کەبیر تیادا سەرکەوتوو بوو سەرکوتکردنی بزووتنەوەی بابیست بوو «**۱۰۵ل ۲۳۸، ۲۳۸**».

گرنگترین هەوڵەکانی سوڵتانی عوسمانی لە ساڵی ۱۸۳۹دا بۆ چاکسازی یاسایی، لاساییکردنەوەی شۆڕشی فەرەنسی بوو. ئەو ساڵە سوڵتان چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد لەوانە قەدەغەکردنی مۆنۆپۆڵی هاوردەکردن، قەدەغەکردنی بە قۆنتەراتدانی کۆکردنەوەی باج و دەستگاکانی دەوڵەت، قەدەغەکردنی فرۆشتنی پۆستەکانی دەوڵەت، قەدەغەکردنی لە سێدارەدان بە بێ بڕیاری دادگا، دژایەتیکردنی بەرتیل، پاراستنی مولک و ماڵ و ژیانی خەڵک.

لەگەڵ ئەوەی مەبەستی سوڵتان لەمانە زیاتر مسۆگەرکردنی داهاتی باجەکان و بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەبسولیتزمی خۆی و دەستەبژێری دەسەڵاتدار بوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رووبەڕووی بەرهەڵستێکی توند بۆوە. چینوتوێژە فیوداڵە خێڵەکیەکان و دەسەڵاتی ئایینی لە بەرەیەکدا خۆیان رێکخست و رووبەڕووی سوڵتان بوونەوە. ئەو بڕیارانەیان بەکردە و دەسیسەی کافرەکانی ئەوروپا دادەنا بۆ دژایەتیکردنی ئایینی ئیسلام و شەریعەت. لەپاڵ ئەمانەدا هەندێ لە دەوڵەتە ئەوروپاییە فیوداڵەکان، نمونەی نەمسا و هەنگاریا و روسیا بەرهەڵستی ئەو چاکسازییانەی سوڵتانی عوسمانیاین کرد و دژی وەستانەوە «**٩١** ل**٤٧٤**».

دەسەڵاتی ئایینی تەقلیدی سوننەی دەوڵەتی عوسمانی و شیعەی ئێران، ئەگەر بۆیان بلوایە بەتوندی رووبەڕوووی هەموو چاکسازییەک دەبوونەوە، کە دەبووە هەڕەشە لەسەر بنەماکانی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی. بەهۆی ساوایی و لاوازی چینوتوێژە نوێیەکانەوە، لەم قۆناعەدا هێشتا بیروڕای عیلمانی تەنها لە نێوان توێژکی بچوکی گەنجەکانی دەستەبژێری دەسەڵاتداردا باوبوو، لەبەرئەوە کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر پرۆسەی چاکسازی لە کۆمەڵگەدا نەبوو.

لەم قۆناغەدا، لە ئێران بزووتنەوەی ئایینیی بابیست و بەهائی سەری هەڵدا، لە دەوڵەتی عوسمانی بزووتنەوەی ئایینیی وەهابی و چەندین بزووتنەوەی تر تەشەنەیانکرد. ئەمانە بە پلەی جیاواز داوای چاکسازی و یەکسانی و باشکردنی گوزەرانی خەڵکیان دەکرد و داوای کەمکردنەوەی باج و چاکسازی لە موڵکایەتی زەویوزاردا دەکرد. دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانە بە هەماهەنگی و هاوپەیمانی لەگەڵ دەسەڵاتی ئایینی تەقلیدیدا بە توندی رووبەڕوویان بوونەوە و شکستیان پێهێنان «**١٠٥** ل**٢١٥**».

## چاکسازی لە موڵکایەتی زەویوزاردا

یەکێک لە هەرە چاکسازییە گرنگەکانی ئەو دەوڵەتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەستپێکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری بوو لە موڵکایەتی زەویوزاردا. ئەو گۆڕانکارییانە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە دەستیپێکرد و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕبوو و کاردانەوەی گرنگی هەبوو لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابوری ناوچەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی زەوەی و پرۆسەی بەستنی ئابوری وڵاتەکان بە بازاڕی کەپیتالیستی جیهانەوە.

ئامانجی ئەو گۆڕانکارییە لەوەدا بوو، کە دەوڵەت سەرلەنوێ بتوانی کۆنترۆڵی زەویوزاری کشتوکاڵی و ئاژەڵ بەخێوکردن بکات و لەو رێگەیەوە رێژە و جۆری باجەکان زیاد و مسۆگەر بکات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەکو لەبەندی سێیەمدا باسمانکرد، موڵکایەتی زەویوزار موڵکی دەوڵەت و شا/ سوڵتان بوو. ئەوان بوون مافی تەسەروفکردنیان دابوو بە چەندین توێژی فیودالی خێڵەکی و باجکۆکەرەوەکان. ئەمە وایکردبوو لەگەڵ ئەوی چەندینجار هەوڵی چاکسازییان دابوو لەو بوارانەدا، بە هۆی گەندەڵێکی زۆرەوە ڕێژەیەکی کەمی داهاتی باجەکان دەگەیشتە خەزێنەی دەوڵەت.

لەم سەردەمەدا، کە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری گوڕی تێکەوتەوە و دەوڵەتەکان هەوڵی زیادکردنی داهاتەکانیان دەدا لە ڕووی چاکسازی جیاوازەوە، دەبوایە چاکسازی لە موڵکایەتی زەویوزار و چۆنیەتی تەسەروفکردن پێیانەوە گۆڕانکاری گەورەتری لە جاران تیادا بکرای.

لە ڕێگەی سەرلەنوێ بە میریکردنی زەویوزار دەوڵەتەکان ویستیان بەو ئامانجەیان بگەن. بەمیریکردنی زەویوزار پێویستی بە کەمکردنەوەی دەسەڵات و پێگەی والی و پاشا و ئاغا و میر و سەرەک خێڵ و پیاوانی ئایینی و باجکۆکەرەکان بوو. دەوڵەتەکان ویستیان کە تەسەروفکردن بە زەویوزارەوە بکەوێتە دەستی ئەوانەی کە خۆیان ڕاستەوخۆ بەشداری لە بەرهەمهێناندا دەکەن و لەو ڕێگەیەوە دەوڵەتیش ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی فەرمانبەرانەوە باجەکانیان لێبسەنێت.

هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە بە درێژایی سەدەی نۆزدە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕبوو. هەروەها لە هەموو ناوچەکانی دەوڵەتەکەدا لەهەمانکات و بەهەمان خێرایی بەڕێوەنەچوو. ئەو گۆڕانکارییانە دژواربوون و لە خزمەتی بەرژەوەندی بەشێکی زۆری چینوتوێژە فیودالە خێڵەکیەکاندا نەبوو و لەهەمانکاتدا گۆڕانی لە بنەما کۆمەڵایەتیەکان و هاوسەنگی کۆمەڵایەتیدا دروستدەکرد.

لە ئێران، لە ساڵەکانی **١٨٣٤**وە بە شێوەیکی داڕێژراو هەوڵی کەمکردنەوەی ڕۆڵی خێڵەکان و ڕەوەندیاندا لە تەسەروفکردن بە زەویوزار و بەرهەمهێناندا و ڕۆڵی سەربازیاندا. پێشتر ڕێگیان بە خێڵە ڕەوەندەکان دەدا، کە لەوەڕگاکان بە ئازادی بەکاربهێنن و لە بەرامبەردا لە باتی باج دەبوایە سەرکردە و جەنگاوەرەکانیان هەمیشە ئامادەی شەڕەکانی شا بوونایە، بەڵام لەو ساڵانەدا ناچاریانکردن، کە باج بدەن بە دەوڵەت و لەهەمانکاتدا ڕۆڵەکانیان بنێرن بۆ خزمەتی سەربازی لە سوپای دەوڵەتدا. مافی تەسەروفکردنی زەویوزاریان لە زۆربەی فیودالە خێڵەکیەکان سەندەوە و زەویوزارەکەیان کردەوە میری و خستیاننە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی دەوڵەتەوە. بڕیاری ئەوە دەرچوو، کە ئەو زەویە میرییانە بە سەنەد بکەوێتە ژێر تەسەروفی ئەوانەی بەکاریدەهێنن لە بەرهەمهێناندا «**١٥ ل٩٤**». دەوڵەتی عوسمانی پێشەکی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی زەویوزاری ئەنادۆڵیدا. هەتا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵــەت توانــی لــەو ناوچانــە کۆنترۆڵــی زۆربــەی ئەوانــە بــکات دەیــان ســاڵی خایانـد. لـە کوردسـتاندا بەهـۆی موڵکایەتـی زەویـوزار لەلایـەن میرنشـین و خێڵـە گەورەکانـەوە پرۆسـەکە نزیکـەی پەنجـا سـاڵی خایانـد. هەروەهـا لـە سـوریای گـەورە و عێراقـی عەرەبـی دواکـەوت بـۆ نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدە. لـە میسـر بەهـۆی دەسـەڵاتی سـەربازی ناوەنـدی دەوڵەتـی مەمالیکـەوە خێراتـر کۆنترۆڵـی زەویـوزاری کشـتوکاڵی کـرا.

هەڵبەتـە گۆڕانـکاری لـە موڵکایەتـی زەوی و تەسـەروفکردن پێـوەی وابەسـت بـوو بـە چاکسـازییە سـەربازیەکانی ئـەو دەوڵەتانـە و پێویسـتی زیاتـری دەوڵـەت بـە داهاتـی باجـەکان. بـە مودێرنکردنـی سـوپا و چاکسـازی تیایـدا رۆڵـی جەنگاوەری خێڵەکانـی کەمدەکـردەوە. دەوڵـەت چیتـر وەکـو جـاران بەشـێوەیەکی سـەرەکی پشـتی بـە هێـزی چەکـداری ئەوانـە نەدەبەسـت، بەڵکـو پێویسـتی بـە داهاتـی باجـی ئـەو ناوچانـە بـوو کـە پێشـتر ئەوانـە تەسـەروفیان پێـوە دەکـرد «٧ ل١٣٤».

## تەوژمی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان بۆ ناوچەکە
## ١٨٠٠-١٨٦٠

لــەم قۆناغــەدا، بڵاوبوونــەوەی ســەرمایەداری جیهــان بــۆ ناوچەکــە خــۆی لـە بوژاندنـەوەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی دەرەکـی لـە دابینکردنـی پێویسـتی سـەربازی بـۆ دەوڵەتەکانـی ناوچەکـە و هاوردەکـردن و هەناردەکـردن دەبینیـەوە. بوژاندنـەوەی بازرگانــی دەرەکــی بــووە هــۆکاری بوژاندنــەوەی بــازاڕی ناوخــۆ و زیادبوونــی بەرهەمهێنانـی هەنـدێ بەروبوومـی کشـتوکاڵی. ئەم جموجۆڵـە بازرگانیانـە کاردانەوەی هەبـوو لەسـەر بـاری سیاسـی و بنەمـای کۆمەڵایەتـی و ژێرخانـی ئابـوری ناوچەکـە. هــەر لەســەرەتای مێــژووی شارســتانیە کۆنەکانــی رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتەوە هەمیشـە جموجۆڵـی بازرگانـی کـەم یـان زۆر هەبـووە. جیـاوازی ئـەو پرۆسـەیە لـەم قۆناغـەدا لـە دوو رووەوە بـوو. یەکـەم پەیدابوونـی ناهاوسـەنگی بـوو لەنێـوان وڵاتـە سـەرمایەداریەکان و وڵاتەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. ئـەو ناهاوسـەنگیە خـۆی لـە ئاسـتی گەشـەکردنی بەرهەمهێنـان و تەکنیـک و گواسـتنەوەو قەبـارە و چۆنیەتـی بەکارهێنانـی کەپیتـاڵ و توانـای سـەربازیدا دەبینیـەوە. هەروەهـا جیـاوازی لـە نێـوان سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابوریانـدا. کەپیتالیـزم بەرفـراوان و پلوراڵیزمتـر بـوو، لەبەرئـەوە رێگـە خۆشـکەر بـوو بـۆ گەشـەکردن و بوژاندنـەوە، بـەڵام فیوداڵـی خێڵەکـی قوفڵـدراو و تاکـڕەو بـوو لەبەرئـەوە رێگربـوو لـە گەشـەکردن و بوژانـەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووەم جیاوازی گەورە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و خێرایی بوژاندنەوە و بڵاوبوونەوەی بوو. وەکو لەبەندی سێیەمدا باسمانکرد پێشتر ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناوچەکە سنووردار بوو. قەبارە و ژمارە و جۆری کەلوپەل کەمبوون و تەنها پێداویستی هەندێ چینوتوێژی سەرەوەی دابین دەکرد، بەڵام لەم سەردەمەدا گۆڕانکاری مەزن بەسەر ئەوانەدا هات.

ئەو بڵاوبوونەوەیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا هێشدا زۆر سنوردار بوو، زیاتر لە ڕێگەی کۆمپانیا و چەندین بازرگانی مەزنی ئەوروپی سەربەخۆوە بوو، هێشتا ڕۆڵی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لەو پرۆسەیەدا بەهێز نەبوو. بوژاندنەوەی بازرگانی بووە هۆکاری فراوانبوون و گەشەکردنی شارە بازرگانیەکان و بەتایبەتی ئەوانەی کەنار دەریاکان، هەروەها بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان بازرگانە ئەوروپی و خۆماڵیەکاندا «٧ ل٦٢».

## میکانیزمی بڵاوبوونەوە

لەبەر چەند خاسڵەت و فاکتەرێک جیاوازی هەبوو لە دینامیکی ئەو بڵاوبوونەوە لە نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا. ئێران بچوکتر و لاوازتر بوو، ململانێی ناوخۆی نێوان خێڵ و بنەماڵەکان بەهێزتر بوو، ڕۆڵی دەسەڵاتی ئایینی و ململانێی نێوان توێژەکانی بەهێزتر بوو لەبەرئەوە دەستێوەردانی دەرەکی لە ناویدا لەچاو دەوڵەتی عوسمانیدا ئاسانتر بوو.

هیندستانی دراوسێی ئێران هاوپەیمانێک و ناوچەیەکی بازرگانی و ئابوری گرنگی ئینگلتەرا بوو. دەوڵەتی ئێران هەمیشە لە کۆنەوە چاویان لەو وڵاتە بڕی بوو، چەندینجار دەستیان بۆ درێژکردبوو و تالانیان کردبوو. لەم قۆناغەدا هەڕەشەی ئێران لەسەر ئەو وڵاتە هەڕەشە بوو لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئینگلتەرا. لەبەر ئەم هۆکارە سەرەڕای بەرژەوەندی ئابوری ئینگلتەرا لە ئێراندا، بۆ ڕێگرتن لە هەڕەشەی وڵاتەکە لەسەر هیندستان دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی تێدا دەکرد «١٢٨ ل٢٢».

ساڵی ١٨٥٦ ئێران پەلاماری ناوچەی هیراتیدا لە ئەفغانستان و داگیریکرد. ئەم کارەی ئێران بووە هەڕەشە بۆ سەر هیندستانیش. دوابەداوی ئەوە ئینگلتەرا شەڕی ڕووبەڕووی ئێران هەڵگیرسان و ناوچەکانی کەنار ئاوەکانی کەنداوی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و بەسەر هێزەکانی ئێراندا زاڵ بوون. ئەو شەڕە بە ڕێکەوتنامەی ئاشتی نێوان ئینگلتەرا و ئێران دواییهات. بەپێی ئەوە ئێران لەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوچانەی ئەفغانستان کشایەوە و ئینگلتەرا لە ناوچەکانی باشوری ئێران و کەنار ئاوەکانی کەنداودا مایەوە «١٢٨ ل٨٣».

روسیا دراوسێیەکی گرنگی ئێران بوو لە باکوری رۆژئاوا و دەریاچەی قەزوینەوە. ئەو وڵاتە هێشتا وڵاتێکی قەیسەری فیودالی بوو. لە چاو ئینگلتەرادا لە رووی ئاستی گەشەکردنی پیشەسازی و توانای بازرگانی و هێزی ئابورییەوە زۆر لە دوای ئینگلتەراوە بوو. لەبەرئەوە رۆڵ و بەرژەوەندی روسیا لە ئێراندا پێش ئەوەی ئابوری بێت بە پلەی یەکەم جیوپۆلیتیک بوو. لە رووی جوگرافیەوە روسیا دەیویست ئێران کۆنترۆڵ بکات بەمەبەستی خۆگەیاندن بە هیندستان و دەریای هیندیەوە، چونکە لە رێگای دەریای رەشەوە بەهۆی دەوڵەتی عوسمانییەوە رێگەی لێگیرابوو، هەروەها لە ئەوروپاشەوە دەرفەتی هێندە نەبوو خۆی بگەیەنێتە دەریاکان و لەو رێگەیانەوە رۆڵی بازرگانی خۆی بەهێز بکات. بەهۆی ئەو فاکتەرانەوە، روسیا هەمیشە بۆ دەرفەتێک دەگەڕا زیاتر دەست لە ئێران وەربدات و ناوچەکانی باکوری رۆژئاوای لە ڕێگەی ئەرمەنستان و جۆرجیادا داگیر بکات. ئەم هەڵسوکەوتەی روسیا هەڕەشە بوو لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئینگلتەرا لە هیندستان و ئێراندا بۆیە هەموو جموجۆڵێکی روسیا لە ئێراندا جموجۆڵی ئینگلتەرای بەدوادادەهات «١٥ ل١٤٥».

بەهۆی ئەو فاکتەرانەوە و ساڵی ١٨٢٥ سەرلەنوێ روسیا ناوچەیەکی باکووری رۆژئاوای ئێران داگیرکرد. ئەو ناوچانە دەوڵەمەند بوون لە بەرهەمهێنانی ئاوریشم و لەو سەردەمەدا رێگەی گرنگی بازرگانی دەرەوەی ئێران بوون بۆ ئەوروپا. ئەم داگیرکردنە سەرەتای زنجیرەریەک شەڕی خوێناوی بوو لە نێوان روسیا و قاجاری ئێراندا.

لەگەڵ ئەوەی لەو شەڕەدا ئێران بانگەوازی جیهادی کرد دژی روسەکان، بەڵام ساڵی ١٨٢٨ بە سەرکەوتنی روسیا شکایەوە. رێکەوتنامەی تورکومانچی لە نێوان دوو وڵاتەکە ئیمزا کرا. بەپێی ئەوە ئێران ناوچەیەکی گەورەی لە دەوروبەری روباری ئاراس و و یەریڤان و ناخچەڤان و لانکەران و هەندێ شوێنی تری دایە دەست روسیا. سەرەڕای ئەوە ئێران رازی بوو بەوەی کە ٢٠ملیون ڕوپێی زیو وەک غەرامەی شەڕ بدات بەو وڵاتە.

ئەم دۆڕان و زەوی لەدەستدان و غەرامەیە هێندەی تر سەربەخۆیی سیاسی ئێرانی لاواز کرد. کۆنترۆڵی وڵاتەکەی بەسەر ئەوناوچانەدا نەهێشت، داهاتی باجی لەدەست چوو، وجودی روسەکان لەوێ ناڕەزایی فیوداڵە خێڵایەتەکانی ئەو ناوچانەی لێکەوتەوە، کە بووەهۆی زیادبوونی ململانێی نێوان دەسەڵاتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەندی و ئەوانەو زیاتر دەستێوەردانی دەرەکی. سەرەڕای ئەوە شکستهێنان و لاوازی دەوڵەت رووبەڕووی روسیا، دەستەبژێری دەسەڵاتی ناچار دەکرد کە زیاتر ملکەچی ئینگلیزەکان بن و رازی بن بە مەرجەکانیان و بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری خێراتر دەکرد «۱۰۵ ل۱۸۷».

ئەم فاکتەرانە بوونە هۆکاری ئەوەی دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی دەرەکی لە ئێراندا هەمیشە پێش بڵاوبوونەوەی بازرگانی و ئابوری بکەوێت. دەوڵەتە دەرەکیەکان هەر زوو کەوتنە ناردنی هێزی چەکداری بۆ وڵاتەکە و داگیرکردنی هەندێ ناوچەی لەکاتی جیاوازدا، هەروەها زوو توانای دەستێوەردانیان و فشارکرنیان پەیداکرد لەسەر شاو بڕیارەکانی دەوڵەتدا.

بڵاوبوونەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کەناری دەریاکانەوە دەستپێکرد، شوێنەکانی ناوەوە بە دەیان ساڵ کەوتە دواوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئێران دەوڵەتێکی فراوان بوو، ناوچە گرنگەکانی دوور بوون لە کەنداو و کەنار دەریاکانەوە، بەڵام لەبەر چەند فاکتەرێک ئەو ناوچە دوورانەی باکووری ئێران بوژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بڵاوبوونەوەیان بەخۆوە بینی. یەکێک لەوە فاکتەرانە ترسی ئنگلتەرا بوو لە روسیا، کە لە رووی سیاسی و سەربازییەوە هەڕەشە بوو لەسەریان «۱۵ ل۱٤».

فاکتەرێکی تر دروایسێتی ئێران بوو لەگەڵ هیندستاندا، کە گرنگترین ناوچەی بازرگانی ئینگلتەرا بوو «۱۲۸ ل۸۳». پێکەوتەی ئێران لە نێوان رۆژهەڵاتی ئاسیا و هیندستان لەلایەک و دەوڵەتی عوسمانی ئەوروپا لەلایەکی ترەوە. ئەو پێکەوتەیە هەر لە کۆنەوە وڵاتەکە و ئەو ناوچانەی کردبوو بە رێگەی بازرگانی گرنگ و دروستبوونی شاری بازرگانی تیایدا. چەند جارێک گوستننەوەی پایتەختی وڵاتەکە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر کاردانەوی هەبوو لە بوژاندنەوەی بازرگانی و پیشەی پیشەیی لە چەندین شاری وڵاتەکە، نمونەی ئەوانە تەبرێز و ئەسفەهان و تاران. هەموو ئەمانە بوونە هۆکاری بوژاندنەوەی بازرگانی و بەرهەمی پیشەیی لەو ناوچانەدا و بەهێزبوونی شارە بازرگانەکانی ناوەوەی وڵاتەکە.

بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا تەنها بە بازرگان و کۆمپانیا کەپیتالیستەکان نەدەکرا، بەڵکو پێویستی بە بەشداریپێکردنی بازرگان و ئەکتەرە خۆماڵیەکان و دەسەڵاتدارانی دەستگاکانی دەوڵەت بوو. ئەو ئەکتەرە خۆماڵیانە شارەزایی بازاڕ و ناوچەکان و خواستی خەڵکیان هەبوو. ئەوانە زمانیان دەزانی و شارەزای کلتور و عورف و تەقالیدی کۆمەڵگەکە بوون. ئەوانە رێگەی گونجاوی ئایینی و شەریعەتیان دەدۆزیەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری بازرگانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و چۆنیەتی پەیداکردن و بەکارهێنانی کەپیتاڵ و قازانجکردندا. سەرەڕای ئەوانە، بازرگانە خۆماڵیەکان لە ڕێگەی بەرتیل و واستە و پاشکۆیەتی و بەشداریپێکردنی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و توێژەکانی فیوداڵی خێڵەکی لە بازرگانی و قازانجدا، ڕێگەیان بۆ گەشەکردنی بازرگانی و خێراپێدانی بڵاوبوونەوە خۆشدەکرد. «٣٠ ل ٨٩».

چەندین نووسینگەی بازرگانی لە شارە بازرگانیەکاندا بونیادنران، بەڵام زۆربەی ئەوانە بازرگانە خۆماڵیەکان بونیادیان دەنان و بەڕێوەیان دەبردن. بۆ نمونە ساڵی ١٨٣٠ لە شارە بازرگانیەکانی سوریا، چوار ئۆفیسی بازرگانی ئینگلیزی هەبوو. لە بەرامبەردا ١١٠ ئۆفیسی بازرگانە خۆماڵیەکان هەبوو. لەوانە ٣٠دانەیان کریستیانەکان خاوەنی بوون، ٧٠ موسڵمانەکان و ١٠یان جووەکان. ئەم زانیارانە لاوازی و سنورداریتی و ڕۆڵی کەمی کۆمپانیا بێگانەکان دەسەلمێنێ لەم قۆناغەدا. لاوازی و ڕۆڵی کەمی ئەوانە درەفتێک بوو بۆ بازرگانە خۆماڵیەکان بە بوونی مەرجی گونجاوی ناوخۆی دەوڵەتەکان ڕۆڵی زیاتر ببین و خۆیان بەهێزکەن «٣٠ ل ٨٨».

شۆڕشی فەرەنسی لە کۆتایی سەدەی هەژدە و خەریکبوونی فەرەنسا بە شەڕەکانی ناپلیون لە ئەوروپا لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، ڕۆڵی فەرەنسای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لاوازکرد، کە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئینگلتەرا لەو ناوچەیەدا جێپێی خۆی زیاتر جێگیر بکات. سەرەڕای ئەوە شەڕەکانی ناپلیون لە ئەوروپا ناسەقامگیری دروستکرد لەو کیشوەرەدا، کە بووە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و لاوازبوونی جموجۆڵی بازرگانی تیایدا بۆ ماوەیەک. ئەو دۆخە نالەبارەی ئەوروپا، زیاتر پاڵی بە ئینگلتەراوە نا، کە جموجۆڵە بازرگانیەکانی زیاتر بخاتە دەرەوەی ئەوروپا و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەهۆی فراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسانکاریکردنی دەوڵەتەکانی بۆ بازرگان و کۆمپانیا و ئینگلتەرا بووە ناوچەیەکی بازرگانی گرنگ بۆ ئەو وڵاتە بۆ هەناردەکردنی کەلوپەلەکانی بۆی و فرۆشتنی چەک و کڕینی کەرەسەی خاوی پیشەسازی هەرزان تیایدا. بەهۆی بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەسەرەتای شەڕەکانی ناپلیونەوە هەتا کۆتاییهێنانی، قەبارەی بەرهەمهێنانی قوماشی ئینگلیزی لە ١٠ملیون پاوەندەوە زیادیکرد بۆ ٣٠ملیون پاوەند.

لەبەر هەرزانی و سووکی و ڕەنگە جوانەکانی ڕەواجێکی زۆری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیداکرد. ساڵی ١٨١٦ هەناردەکردنی ئینگلتەرا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٣٠٠ هەزار پاوەند بوو. لەوە ١٩٠ پاوەند قوماشی لۆکە بوو. دوو ساڵ دواتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆی هەناردنەکردن گەیشتە ٨٠٠هەزار پاوەند لەوە ٥٥٠هەزاری قوماشی لۆکە بوو. بە مانایەکی تر ٧٠٪ قوماشی لۆکە بوو. دواتر ساڵی ١٨٤٥ هەناردەکردنی ئەو وڵاتە بۆ ئەم ناوچەیە گەیشتۆتە ٣ملیون پاوەند لەوە ٧٥٪ قوماشی لۆکە بوو. لە ماوەی ٢٥ ساڵدا ئەوهەنارکردنە ١٠ هێندەی لێهاتووە. بەوەش ١٤٪ قوماشی ئینگلیزی تەنها لە دەوڵەتی عوسمانیدا ساغکراوەتەوە. سەرەڕای خێرایی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری، ئەم زانیاریانە راستییەکمان پیشان دەدات، کە بریتیە لەوەی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و کەلوپەلەکانیان سنووردار بووە. ئەو بازرگانییە تەنها لە چەند کەلوپەلێکی کەمدابووە، کە زۆربەی زۆری خۆی لە قوماشی لۆکەدا بینیوەتەوە «٣٠ ل٩١».

لە دەوڵەتی عوسمانی بە پێچەوانەی ئێرانەوە، بەهۆی زیاتر سەقامگیری دەوڵەتەکە و بەهێزی و گەورەییەوە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری لە رووی بازرگانی و ئابورییەوە، بەتایبەتی لە ناوچەی ئەنادۆڵدا، کە سەنتەری دەسەڵاتی دەوڵەتەکە بوو پێش دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی بێگانە کەوت.

لەم قۆناغە مێژووییەدا بازرگانی ئینگلتەرا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی لە رێگەی شارەکانی رۆژئاوای ئەنادۆڵەوە بوو و بەتایبەتی ئەستەنبوڵ و ئەزمیر. ئەم دوو شارە مەزنترین بازاڕی بازرگانی و سەنتەری ناردنی کەلوپەل بوو بۆ زۆر شوێنی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە رێگەی دەریای رەشەوە ئەم دوو شارە بەندەرەکانی باکوری وڵاتەکیان بەخۆوە دەبەستەوە. بەشێکی زۆری رێگە وشکانییە بازرگانەکان لە ناوچەکانی ناوەوی دەوڵەتی عوسمانی نمونەی ئەنادۆڵ و سوریا و عێراق و کوردستان و بەشێک لە بازرگانی ئێران بەم دوو شارەوە بەسترابوونەوە.

ئەزمیر لە پاڵ ئەوەی شوێنی بەستنەوەی بازرگانی ئاسیا بوو لەگەڵ ئەوروپا، شوێنی فرۆشتنی کەرەسەی خاوی وەکو ئاوریشم و لۆکە و رەنگ و خوری بوو بە بازرگانە ئینگلیزەکان. لە دوای رۆژئاوای ئانادۆڵ، میسر شوێنێکی تری گرنگی فرۆشتنی کەرەسەی خاو بە تایبەتی لۆکە بوو. میسر بەهۆی دەسەڵاتی تاکرەوی مەمالیک و مۆنۆپۆڵی بازرگانی لەلایەن دەستەبژێری دەسەڵاتداری وڵاتەکەوە، زۆر لەدوای ئەنادۆڵەوە بوو «٣٠ ل٨٨».

زیادبوونی هەناردەکردنی بەروبوومی ئینگلیزی بۆ سوریای گەورە کەوتە دوای ساڵی ١٨٣٠ کە میسرییەکان لەو ناوچانە کشانەوە. لەو ساڵەوە شارە بازرگانیەکانی نزیک کەناری دەریای سپی ناوەڕاستی نمونەی بەیروت و دیمەشق و حەلەب بوونە سەنتەری بازرگانی و ناوچەکانی ناوەوەو شارە گرنگەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەکو موسڵ و بەغدا و بەشێک لە کوردستانی باشور و ڕۆژئاوایان بەخۆ بەستەوە. هەتا ئەوسا بەهۆی هێشتا نەکردنەوەی قەناتی سوێسەوە بازرگانی عێراقی و عەرەبی و کوردستان و بەشێک لە بازرگانی ئێران لەو ڕێگەیانەوە بەڕێوە دەچوو.

ڕۆڵی فەرەنسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتا کۆتایی شەڕەکانی ناپلیون کاردانەوەی ئەوتۆی نەبوو. بەڵام دوای ساڵەکانی ١٨٤٠ سەرلەنوێ ئەو وڵاتە جێ پێی خۆی لە ناوچەکەدا کردەوە. بوژاندنەوەی بازرگانی فەرەنسا لە ئەزمیرەوە دەستیپێکرد و دواتر تەشەنەیکرد بۆ بێروت و ئەسکەندەریە. زیادبوونی ئەوە زیاتر بەهۆی پێداویستی زۆری ئەو وڵاتە بوو بۆ کەرەسەی خاوی وەکو ئاوریشم و لۆکە.

بازرگانی لەگەڵ وڵاتەکانی تری ڕۆژئاوای ئەوروپا هێشتا لاواز بوو. بازرگانی لەگەڵ بروسیا(نمسا و هەنگاریا) بەهۆی دواکەوتنی گەشەکردنی پیشەسازی و دەسەڵاتی فیودالی بەهێز تیایاندا زۆر لاوازبوو. بازرگانی سنوردار لەگەڵ ئەڵمانیا و سوێسرا(سەعاتی سوێسرا)هێشتا زۆر لەدوای بازرگانی ئینگلتەرا و فەرەنساوە بوو «٣٠ ل٩٨».

زیادبوونی بازرگانی دەرەوەی ئێران لەگەڵ ئینگلتەرادا بوو. بەشێکیئەو بازرگانیە لەڕێگەی کەنداو و بەندەری بوشەهر بوو، بەڵام زۆربەی لە ڕێگەی ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانیەوە بوو. لە نێوان ساڵی ١٨١٧–١٨٢٥ لە ٥ملیون ڕوپێوە زیادیکردووە بۆ ١٢، ٥ملیون ڕوپێ. هاوردەکردن لە ٣ملیون ڕوپێوە زیادیکردووە بۆ ٩ ملیون. زیادبوونی هەناردەکردن، بە مانایەکی تر لە ماوەی هەشت ساڵدا ١٥٠٪ زیادیکردووە. بەڵام هەناردەکردن تەنها ٧٨٪ زیادیکردووە. لەگەڵ ئەوەی هەناردەکردن لەو ماوەیەدا زیادیکردووە، بەڵام لە زیادبوونی هاوردەکردن کەمتر بووە «١٥ ل١٤٥».

زیادبوونی ڕێژەی هاوردەکردن لەچاو هەناردەکردندا لەم قۆناغەدا سەرەتای دروستبوونی ناهاوسەنگی بوو لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا. ئەو ناهاوسەنگیە بە قازانجی ئینگلتەراو زەرەری ئێران دەشکایەوە. هۆکاری ئەوەش بێگومان لەلایەکەوە بۆ لاوازی بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی کەرەسەی خاوی ئێران بۆ هەناردەکردن دەگەڕێتەوە و لەلایەکی ترەوە کەمی بەرهەمی پیشەیی و نەبوونی بەرهەمی پیشەسازی لە وڵاتەکەدا بۆ بازاڕی ناوخۆ و هەناردەکردن. نەبوونی بەرهەمی زۆری کەرەسەی خاو و بەرهەمی پیشەیی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو قۆناغەدا لە قازانجی کۆمپانیا و بازرگانەکانی دەوڵەتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـە پیتالیسـتەکاندا نەبـووە و بەڵکـە زەرەی پـێ گەیانـدوون. هـۆکاری ئـەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە، کـە ژمارەیەکـی زۆری ئـەو پاپـۆرە بازرگانییانـەی کـە لـە ئەوروپـاوە کەلوپەلیـان هێنـاوە بـۆ ناوچەکـە، لەبـەر کەمـی بەرهەمـی وڵاتەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە بەتاڵـی گەڕاونەتـەوە ئەوروپـا. ئەمـە لەلایەکـەوە خەرجـی بـە کرێگرتنی پاپۆرەکانـی بەسـەر ئـەو بازرگانانـەدا زیادکـردووە و لەلایەکـی ترەوە لـە قازانجکردنی کڕینـی بەشـێک لـە کەلوپەلـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و فرۆشـتنی لـە ئەوروپـا بـێ بەشـبوون. لـەو سـەردەمەدا ئەوانـەی کۆمپانیانـەی کـە بازرگانییان کـردووە زۆربەیان سـەربەخۆ بـوون و زۆر پابەنـد نەبـوون بـە سیاسـەتی دەوڵەتەکانیـان و کۆمپانیـا پیشەسـازییەکانەوە «**٣٠ ل٩٩**».

لـە نێوان سـاڵەکانی **١٨٣٠-١٨٦٨**، هەمیسـانەوە بازرگانـی دەرەوەی ئێـران دوو هێندەی لێهاتـەوە. لەهەمانکاتـدا داهاتـی بـە هەمـان ڕێـژە گومرگـی ئـەو بازرگانییە بـۆ دەوڵەتی قاجـار زیادیکـردووە. سـاڵی **١٨٥٨** هەناردەکردنـی بەرهەمـی پیشـەیی ئێـران **١٩٪** ی کـۆی هەمـوو هەناردەکردنـی وڵاتەکـە بـووە، لەهەمانکاتـدا هاوردەکردنـی بەرهەمـی پیشەسـازی دەرەکـی **٦٦٪** ی کـۆی هاوردەکردنـی وڵاتەکـە بـووە. ئەمـە ئـەو ڕاسـتیە دەگەیەنێـت، کـە ئێـران هەتـا سـاڵەکانی **١٨٥٠** توانیویەتـی هەتـا ڕادەیـەک بەرهەمـی پیشـەیی ناوخـۆ بهێڵێتـەوە و زیـادی بـکات.

هەناردەکردنـی بەرهەمـی پیشـەیی ئێـران لـە نێـوان **١٨٤٠-١٨٧٠** هەتـا هاتـووە ڕێـژەی بـە بـەراورد لەگـەڵ هاوردەکردنـی بەرهەمـی پیشەسـازی دەرەکـی کەمیکـردووە. بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەڵەیـە بوترێـت کـە قەبـارەی بەرهەمهێنانـی پیشـەیی ناوخـۆ کەمـی کـردووە، چونکـە بـە پێچەوانـەوە بەهـۆی زیادبوونـی هەناردەکـردن و بوژاندنـەوەی بـازاڕی ناوخـۆ و زیادبوونـی ژمـارەی دانیشـتوانەوە ئـەو بەرهەمهێنانـە زیادیکـردووە. لـەو سـەردەمەدا بەرهەمـە سـەرەکیەکانی ئێـران بـۆ هەناردەکـردن بریتـی بـوون لـە لۆکـە، ئاوریشـمی خـام، توتـن، تلیـاک، برنـج و میـوەی وشـککراوە «**١٥ ل١٥ ل١٤٨**».

### ئاسانکاریکردن بۆ بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان

بێجگەلـە خواسـت و هەڵپـەی کۆمپانیا و بـازرگان و دەوڵەتە سـەرمایەدارەکان بـۆ بوژاندنـەوەی بازرگانـی لـە ناوچەکـەدا و پچڕینـی گەورەتریـن سـوود و قازانـج بـۆ خۆیـان «**٢٤ ل٣١** »، بەپێـی زانیاریەکانـی کـە پێشـوتر باسـمانکرد، چەندیـن فاکتـەری ناوخـۆی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بوونـە هـۆکاری بنچینەیـی، کـە گوژمیـدا بـەو بڵاوبوونـەوەوە و ئاسـانکاری بۆکـرد. گرنگترینیـان ئەمانـە بـوون:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– چاکسازییەکانی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بواری سەربازیدا، دەرگای کردەوە بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی و تەکنیک و شارەزایی سەربازیی مودێرن لە دەوڵەتە کەپیتالیستەکان. شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران لەگەڵ ڕوسیا و ڕاپەڕین و گرژی ناوخۆ ئەو پرۆسەیەی خێراتر دەکرد. گەورەترین ڕێژەی هاوردەکردنی بازرگانی ئەو وڵاتانە لە ئەوروپا پێویستی سەربازی بوو. ئەو هاوردکردنە بووە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لە بەرامبەردا بتوانن مەرجەکانی بازرگانی خۆیان بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا بسەپێنن و بڵاوبوونەوەکە خێراتر بەڕێوە بڕوات .

– هاوردەکردنی کەلوپەلی ئەوروپی بۆ ناوچەکە و ساغکردنەوەیان لە بازاڕەکاندا داهاتێکی زۆری گومرگ و باجی هەبوو بۆ دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتە. ئەوانەیان بەکاردەهێنا بۆ خۆشگوزاری خۆیان و زیاتر بەهێزکردنی هێزە چەکدارەکانیان. لەبەرئەوە بە هەموو جۆرێک ئاسانکاریان بۆ بازرگان و کۆمپانیا بازرگانییە دەرەکییەکان دەکرد.

– گەندەڵی چینوتوێژەکانی فیودالی خێڵەکی، دەرفەتی بۆ ئەو کۆمپانیا بێگانانە دروستکرد، کە لە ڕێگەی بەرتیل و دیارییەوە چاوپۆشی و ئاسانکاریان بۆ بکرێت و زیاتر بتوانن دەست وەردەنە کاروباری ئابوری و سیاسی دەوڵەتەکان.

– خواستی چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان لەسەر بەرهەمی نوێ و نایاب و گرانبەهای دەوڵەتە کەپیتالیستەکان، هەروەها ژیانی سەڵتەنەتی دەستەبژێری دەسەڵاتدار و سەفەرەکانیان بۆ ئەوروپا بۆ ڕابواردن و کڕین گوژمی بەو بڵاوبوونەوەدا.

– ململانێی نێوان دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵات، نێوان خێڵ و بنەماڵە جیاوازەکان و ناوخودی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان، ئەوانەی خستبووە بۆڕبۆڕەن بۆ بەستنی پەیوەندی بەهێزی دەرەکی و بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییە بۆ بەهێزکردنی پێگە و گەورەترین سوودوەرگرتن لەڕوی ئابورییەوە. ئەمە ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ زیاتر بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری لە چەندین ڕێگەوە.

– خواستی بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بەرهەمی نوێی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان و چالاکی بازرگانە خۆماڵییەکان لە بازرگانیدا و هەڵپەیان بۆ بەشداریکردن تیایدا فاکتەری تری بنچینەیی بوو بۆ ئەو بڵاوبوونەوەیە. سەرەڕای ئەوانە خواستی کۆمپانیا کەپیتالەکان لەسەر کەرەسەی خاوی هەرزان بۆ پیشەسازی لە وڵاتەکانیاندا، وای لە توێژێکی بەهێزی فیودالی خێڵەکی لادێکان کرد، کە زیاتر لە جاران بەرهەمەکانیان زیادکەن لە پێناوی هەناردەکردنیان و قازانجی زۆر تیایدا، کە سەرلەنوێ گوژمی دەدا بەوبڵاوبوونەوەیە.

## کاردانەوەی بڵاوبوونەوە لەم قۆناغەدا

کاردانـەوەی بڵاوبوونـەوە لەسـەر ناوچەکـە لـە هەمـوو رووەکانـی ئابـوری و سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە دوو فاقـی بـوو. لایەنـی پۆزەتیڤـی ئـەو بڵاوبوونـەوەە بوژاندنـەوەی بازرگانـی و زیادبوونـی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی و دەسـتپێکردنی بەسـتنەوەی ناوچـەی فراوانـی وڵاتـەکان بـوو پێکـەوە. بـەلام لەهەمانکاتـدا بـە هـۆی چەندیـن فاکتـەری ناوخـۆوە، ناوچەکـە نەیتوانـی وەکـو پێویسـت هێنـدە سـوود لـەو بوژاندنەوەیـە وەربگرێـت بـۆ بەهێزکردنـی ژێرخانـی ئابـوری وڵاتەکان و گەشـەکردنی بەرهەمهێنانـی پیشەسـازی و کشـتوکاڵی تیایانـدا.
بڵاوبوونـەوە لـە ناوچەکـەدا و بوژاندنـەوەی بازرگانـی تیایـدا، رەنگـە بـە پێوانـەی ئەمـڕۆ زۆر بچـوک بێـت، بـەڵام بە پێوانـەی ئەو سـەردەمە زۆر مـەزن بـوو. هەروەک چـۆن لـە ناوەڕاسـتی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا لـە رۆژئـاوای ئەوروپـا شـاری بازرگانی بەهێـز دروسـت بـوو، ژمـارەی دانیشـتوان زیادیکـرد، بەرهەمهێنانـی بەروبوومـی سـەلەعی ( بەروبـوم بـە مەبەسـتی فرۆشـتن نـەوەک بـۆ پێویسـتی ناوخـۆ) کشـتوکاڵی زیادیکـرد، سـەنتەری بازرگانـی و فینانـس و بانکـی دامـەزرا، پیشەسـازی سـەرەتایی زیادیکـرد و بەرفـراوان بـوو، بـە هەمانشـێوە بـە تایبەتـی لـە رووی بازرگانـی و بەرهەمـی کشـتوکاڵی و سـەنتەری بازرگانـی و فینانـس لـەم قۆناغـەدا لـە شـارە کەنـار دەریـا و شـارە بازرگانییەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا روویـدا «**٣٠ ل٩٢**».
بوژاندنـەوەی بازرگانـی لـە ناوچەکـەدا و دەسـتپێکردنی بەسـتنەوەی بازارەکانـی بـە بـازاری کەپیتالیسـتی جیهانـەوە بـووە هـۆکاری ئـەوەی دیـاردە ئابوریەکانـی جیهـان لـە گۆڕانـکاری لـە نرخ و خواسـت و خسـتنەڕوو و دراو راسـتەوخۆ کار لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتیش بـکات، بـە هەمـان شـێوە بـاری ئابـوری و بـازاڕ و دۆخـی سیاسـی و سـەقامگیری ناوچەکـە راسـتەوخۆ کاریگـەی بەسـەر جیهـان و بەرژەوەنـدی دەوڵـەت و کۆمپانیاکانـدا هەبـوو «**١٥ ل١٥٠**».
ئـەوەی گرنگـە لێـرەدا ئەوەیـە، کـە لـەم قۆناعـەدا هێشـتا دەوڵەتـە کەپیتالیسـتەکان هێنـدە بەهێـز نەبـوون لـە ناوچەکـەدا، نەیانتوانـی بـوو بکەونـە دەسـتێوەردان لـە کاروبـاری ئابـوری و سیاسـی وڵاتـەکان بـە شـێوەیەکی فـراوان. هێشـتا ئـەو بڵاوبوونەوەیـە هەمـوو شـوێنەکانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی نەگرتبـۆوە و تەنهـا لـە کەنـاری دەریـاکان و هەنـدێ شـاری بازرگانـی گـەورە هێزیـان پەیداکردبـوو. هێشـتا زۆربـەی کاروبـاری بازرگانـی لەلایـەن ئەکتـەرە خۆماڵیەکانـەوە بەڕێوەدەچـوو. سـەرەڕای ئەمانـە ئـەو کەلوپەلانـەی کـە لـە وڵاتـە لەپیتالیهسـتەکانەوە هـاورد دەکـران

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژمارەیەکی کەمبوون و زۆربەی زۆری قوماش بوو، لەبەرئەوە هێشتا کاریان نەکردبووە سەر زۆربەی بەرهەمی پیشەیی خۆماڵی ناوچەکە.
لەبەر ئەو فاکتەرانە لەم قۆناعەدا، بڵاوبوونەوە و بوژانەوەی بازاڕەکان و جموجۆڵی بازرگانی درەفتێکی گەورەی دروستکردبوو بۆ بەهێزبوونی ژێرخانی ئابوری ناوچەکە و گەشەکردنی ناوچەکە بە شێوەی ژاپۆن و کەنەدا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەڵبەتە دواتر چەند جارێک دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە لە لێکۆڵینەوەکەماندا.
لایەنی نێگەتیڤی بڵاوبوونەوە لە ناوچەکەدا لەم قۆناعەدا وابەستەبوو بە سروشتی سیستمی فیودالی خێڵەکی دەوڵەتەکان و چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بڵاوبوونەوە و دەوڵەتە کەپیتالیستەکان. لەهەمانکاتدا شێوازی مامەڵەکردنی کۆمپانیا و بانک و دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لە ناوچەکەدا. ئەو دەوڵەتانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو چینوتوێژ و پێکهاتانەدا دەکرد، کە دەسەڵاتیان هەبوو لە ناوچەکەدا. هۆکاری لایەنی نێگەتیڤ دەکرێ لە چەند خاڵێکدا گردبکرێنەوە:
- لەبەرئەوەی بێ ڕازیبوونی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بازرگان و کۆمپانیا و دەوڵەتە کەپیتالیستەکان نەیاندەتوانی کاروباری بازرگانی و قازانجی خۆیان مسۆگەر بکەن، سەقامگیری ناوچەکە و دڵڕازیکردنی دەسەڵاتدان لایان گرنگ بوو. لەبەرئەوە هاوپەیمانی و هەمانگیریان دەکردن.
- بوونی دەوڵەتی زەبەلاحی وەکو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران، کە ناوچەی فراوان و خەڵکێکی زۆری بەیەکەوە بەستبۆوە، ئاسانکاری بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزمی دەکرد. بازاڕێکی فراوانی بە یەک بەستراوەیان لەبەر دەمدا بوو، هەتا ئەو دەوڵەتانە ڕێگەیان لێنەگرتنایە بە بەرژەوەندی خۆیان نەدەزانی وڵاتەکەکان دابەشبن بەسەر یەکەی بچوکتردا. لەهەمانکاتدا لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتەکان و لاوازیان لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان دەرفەتی بەو کۆمپانیا و دەوڵەتە کەپیتالیستانە دەدا بە هەوەسی خۆیان تەراتێن لە بەشە جیاوازەکاندا بکەن.
- لە پێناوی کڕینی چەک و تەقەمەنی زۆر و پشتگیری کردنیان لە شەڕە دەرەکی و ناوخۆیەکاندا ، ئەو دەوڵەتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قاپی وڵاتەکانیان خستبووە سەر پشت بۆیان و هەمیشە ئاسانکارییان بۆ دەکردن لە کاروباری بازرگانیدا کە تای تەرازووی بە قازانجی ئەوان دەشکایەوە.
- دەوڵەتە کەپیتالیستەکان ئاسانکاریان بۆ کۆمپانیا پیشەسازییەکانی ناوخۆی وڵاتەکانیان دەکرد و پشتیوانی بازرگان و کۆمپانیا بازرگانیەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەڕاستدا دەکرد. بە پێچەوانەوە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێگربوون لە گەشەکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پشەیی و پیشەسازی سەرەتایی و بازرگانەکان و هیچ چاکسازییەکیان نەدەکرد بۆ ئاسانکاری کاروباری ئەوانە.
- بەهۆی بەهێزی پێگەی کۆمپانیا بێگانەکان و داهاتی زۆری گومرگ و باجی هاوردەکردنی کەلوپەلەکانیان و هەناردەکردنی کەرەسەی خاو پێیان، دەوڵەتەکان ڕێژەیەکی کەم لە باج و گومرگیان لە کۆمپانیا بێگانەکان دەسەند، لە بەرامبەردا قورسایی باج و گومرگ و سەرانە و بەرتیل و بەشەڕیککردنی دەسەڵاتداران دەکەوتە ئەستۆی جوتیار و پیشەیی و بازرگانە خۆماڵییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمە قازانجی کۆمپانیا دەرەکیەکانی زیاتر دەکرد لەچاو ئەکتەرە خۆماڵییەکان و کەلوپەلەکانیان لە بازارەکاندا دەکرا بەهەرزانتر بفرۆشرێت لە کەلوپەلە خۆماڵییەکان. ئەمانە هەموو بڵاوبوونەوەی کەپیتالیستی خێراتر دەکرد و داشیانی زاڵتردەکرد بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا «٧ ل١٧».
- ئەمانە بوونە هۆکاری لاوازی بەرهەمهێنانی خۆماڵی، کە دەبووە هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی هاوردەکردن بەرامبەر هەناردەکردن. ئەو جیاوازییە ناهاوسەنگی لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی دروست دەکرد، کە بە قازانجی بێگانە و زەرەری بەرهەمهێنەر و دەوڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەشکایەوە«١٥ ل١٥٠».

## گۆڕانکاری لە بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێناندا ١٨٠٠-١٨٦٠

بەدرێژەی سەدان ساڵی مێژووی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ، کە شایەنی باس بێت لەو بوارانەدا ڕووی نەدا، بەڵام بڵاوبوونەوەی کەپیتالیزم بۆ ناوچەکە و چاکسازییەکانی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پاڵیدا بووە هۆکاری گۆڕانی گەورە لە بەرهەمهێناندا، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵ و پیشەیی. مەبەست لەو گۆڕانکاریانە، جۆر و چەندایەتی و چۆنایەتی بەرهەم و هێزەکانی بەرهەمهێنانە. مەبەست لە هێزەکانی بەرهەمهێنان لەلایەکەوە ئەو مرۆڤانەیە، کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەکەن و لەلایەکی ترەوە ئەو ئامرازانەی کە لەو پرۆسەیەدا بەکاردەهێنرێن. ئەمە لەلایەکەوە ژمارەی ئەو مرۆڤ و ئامرازانە دەگەیەنی، کە بەشداری لە بەرهەمهێناندا دەکەن و لەلایەکی ترەوە بریتییە لە ئاستی گەشەکردنی ئەو ئامرازانە و ئاستی شارەزایی و چالاکی ئەو مرۆڤانەی کە ڕۆڵیان لە پرۆسەکەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەیە «١٢٦».

ساڵەکانی ١٨٠٠سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی گواستنەوە (لێرەدا مەبەست لە گواستنەوە، تحویل، گۆڕینی بنچینەیی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوریە) بوو لە سیستمی بەڕێوەبردنی فیوداڵی خێڵەکی سنوردارەوە بۆ سیستمی بەڕێوبردنی کەپیتالیستی بەر فراوانتر. ململانێی نێوان ئەو دوو سیستمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەو ساتەوە بە چڕی دەستپێکرد و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە و هێشتا کۆتایی پێ نەهاتووە. لەم قۆناغەدا سەرەتای بەستنەوەی ناوچەکە بە سیستمی کەپیتالیزمی جیهان دەستپێکرد و لە قۆناغەکانی دواتردا هەتا هاتووە ئەو بەستنەوەیە چڕتر بۆتەوە. هەتا ئێستا پرۆسەکە کۆتایی پێنەهاتووە، چونکە زۆربەی وڵات و میللەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتا ئێستا نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە سیستمێکی بەڕێوەبردنی کەپیتالیستی سەبەخۆ و پتەو و بەرفراوان بونیادبنێن و هێشتابە پاشکۆی ئەو سیستمە ماونەتەوە.

روخساری گواستنەوە لە چەندین بواردا دەرکەوت. گرنگترینیان زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی شارەکان و گەشەکردنی ئنفراسترەکتور بوو. نێوان ساڵەکانی ١٨٠٠-١٩٢٥ ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی سێ هێندەی لێهاتووە و ئێران دوو هێندە. لە نێوان ١٨٠٠-١٨٦٠ کە شەست ساڵ دەکات، کۆی ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و وڵاتەکانی باکوری ئەفریقا لە ٢٢,٥ ملیونە زیادیکردووە بۆ ٣٥ملیون، بە مانایەکی تر بە رێژەی ٥٩٪ زیادیکردووە «٧». لەم قۆناغەدا رێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەچاو قۆناغەکانی دواتردا کەمتر بووە، چونکە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری هێشتا هەموو شوێنەکانی نەگرتبۆوە و هەروەها رێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا و قرتێکەوتی ئاژەڵ و لەناوچوونی کشتوکاڵ بەهۆی نەخۆشی و بێ ئاوی و لافاوەوە... زیاتر بووە «٣٠ ل٢٨٧\ ١٥ ل١٦».

زیادبوونی دانیشتوان بە پلەی یەکەم بۆ بوژاندنەوەی بازرگانی و زیادبوونی خواستی دەرەکی لەسەر هەندێ بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵ بۆ کەرەسەی خاو دەگەڕێتەوە. ئەمە بۆتە هۆکاری زیادبوونی بەرهەمهێنان و باشبوونی ئابوری هەندێ ناوچە و بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵک. بڵاوبوونەوە بووە هاوردەکردنی دەرمانی باشتر و زیاتر پاک و خاوێنی و ئاوی خواردنەوەی پاکتر و زیادبوونی وشیاری خەڵک، کە بوونە هۆکاری کەمبوونی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کوشندەی وەکو تاعون و کۆلێرا.

چاکسازییەکانی دەوڵەتەکان لە رووی سەربازییەوە، توانای چەکداری ئەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتانە و کۆنترۆڵکردنی ناوچە و ڕێگەوبانی بازرگانی سەقامگیرتر و ئاسوودەتر کرد. ئەمانە بوونە کەمبوونی رووتکردنەوە و کوشتن و دەربەدەری و کۆچکردن و مردنی خەڵک و لەهەمانکاتدا ئاسانتربوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و زیادبوونی بەرهەمهێنان. ئەم فاکتەرانەش بە هەمان شێوە هەموو شوێنەکانی دەوڵەتەکانی لەهەمانکاتدا وەک یەک نەگرتۆتەوە. زۆرترین ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچە کەنار ئاوەکانی ئەنادۆڵ و کەنار دەریاکانی سوریای گەورە و میسر و شارە مەزنەکانی ئێران بوو.

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەتایبەتی لە شارەکاندا، بووە هۆکاری زیادبوونی خواست لەسەر بەرهەمی زیاتر لە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵ کە سەرلەنوێ گوژمیدا بە زیادبوونی بەرهەمهێنان و بوژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی.

لەسەردەمی گەشەکردنی کەپیتالیزمی رۆژئاوای ئەورووپادا ژمارەی دانیشتوان لە زیادبووندا بوو، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەوە لە شارەکاندا روویدەدا. بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی شارەکان زیادیدەکرد، بەڵام ڕێژەی ئەو زیادبوونە هێندە لە لادێکان زیاتر نەبوو و هەتا رادەیەک شانبەشانی یەکتر دەڕۆیشتن. دوو فاکتەری سەرەکی هۆکاری ئەمە بوو، یەکەمیان چاکسازییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پرۆسەی بەنیشتەجێکردنی خێڵە رەوەندەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنیان و مسۆگەرکردنی سەندنی باج لێیان ژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی زیادکرد. دووەم فاکتەر، کە سەرەکی و بنچینەیی بوو گەشەنەکردنی پیشەسازی سەرەتایی بوو وەکو پێویست لە شارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمە بەو شێوەیە بەڕێوە نەچوو.

گەشەکردنی پیشەسازی سەرەتایی لە شارەکانی رۆژئاوای ئەورووپا لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا بووە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر هێزیکار لە شارەکاندا و کۆچکردنی گوندییەکان بۆ شارەکان بۆ کارکردن تیایاندا «بەندی دوو». لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ ئەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی لە لادێکاندا بۆ کەرەسەی خاوی پیشەسازی زیادیکرد، بەڵام بەشی هەرە زۆری ئەو بەرهەمانە بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی پیشەسازی ناو شارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوو، بەڵکو بۆ هەناردنەکردن بوو بۆ وڵاتە کەپیتالیستە سەرمایەداریەکان. بەمانایەکی تر پیشەسازی سەرەتایی بە شێوەیەکی فراوان لە شارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست نەبوو هەتا ژمارەی دانیشتوانیان لەچاو گوندەکاندا زۆر زیاتربکات. راستە لەم قۆناغەدا هەندێ بەرهەمی پیشەیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوخۆ و پیشەسازی سەرەتایی بوژایەوە، بەڵام ئەوانە بچوک بوون و ژمارەیان کەمبوو.

لەم قۆناغەدا گەشەکردنی ئینفراسترەکتور تەنها لە هەندێ ناوچە روویدا، کە نزیکبوون لە کەنار دەریاو رووبارە گەورەکانەوە. جموجۆڵی کەشتیەوانی لە دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای رەش و کەنداو بوژایەوە. ژمارەی کەشتییەکان زیادیکرد، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی هێزی هەڵم تیایاندا ژمارەی کەشتیە ئەوروپییەکان لەچاو خۆماڵیەکاندا زیاتریکرد و زیاتر بەکار دەهێنران.

لە رووباری نیل لە میسر بەلەمی گەورەتر و زیاتر لە جارن بەکاردەهێنران لە گواستنەوەی بازرگانیدا و مەمالیک ژمارەیەک قەناتی ئاوییان لە دەوروبەری نیل راکێشا. بەهۆی سستی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا لە رووبارەکانی دیجلە و فورات هێندە گۆڕانکاری لەو بوارەدا رووی نەدا. ئێران بەشێوەی میسر یان عێراق رووباری گەورەی نەبوو بۆ بەکارهێنانی هاتوچۆ و گواستنەوە، بەڵام قاجار لە رێگای بێگاریپێکردنی مسکێنەکانەوە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٤٠-١٨٥٠ هەندێ سەد و قەناتیان راکێشا.

لە رێگە وشکانییە بازرگانیەکانی ناوەوە هەر وەکو جاران حوشتر و وڵاخ بەکار دەهێنران، بەڵام بەهۆی بوژاندنەوەی بازرگانی و باشبوونی ئاسایشەوە ژماری کاروان و قەبارەیان زۆر لە پێشتر زیادیانکرد. لەگەڵ ئەوەی کەشتێوانی لە دەریاکاندا زیادیدەکرد و دەبووە هۆکاری گەشەکردنی بازرگانی دوور، خراپی رێگەوبان و ئامرازی گواستنەوەی ناو بازاڕەکانی ناوەوە و نێوان هەرێمەکان رێگە خۆشکەر نەبوو بۆ بوژانەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناوخۆ.

دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو چەند کارە زیاتر، کە لەسەرەوە باسمانکرد هیچ گوێیان نەداوەتە چاکسازی لە بواری ئنفراستركتوردا. ئەوی لە شارەکاندا کردبێتیان بۆ باشکردنی گوزەرانی خۆیان بوو، نمونەی راکێشانی هێڵی کارەبا لە شارە گەورەکانی تاران و ئەستەنبوڵ دا.

ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی زیاتر دەچێنران و گوێیان پێدەدرا لەلایەن فیوداڵی خێڵەکی و کاربەدەستانی دەوڵەتەوە تەنها ئەوانە بوون، کە خواستی کۆمپانیا بازرگانییە بێگانەکانیان لەسەر بوو. لەگەڵ ئەوەی ئەوانە باج و سەرانەی زۆریان لە بەرهەمهێنەرەکان دەسەند، هیچ حسابێکیان بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی تر و پیشەیی و پیشەیی نەدەکرد و هیچ چاکسازییەکیان نەدەکرد بۆ ئاسانکردنی کاروباریان و گەشەکردنی بەروبوومەکانیان. تەنها مەبەستی ئەوانە قازانجی خێرا و بەرتیل و مسۆگەرکردنی داهاتەکانی باج و گومرگ بوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامرازی بەرهەمهێنان لەم قۆناغەدا هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەرنەهات. بەهۆی دەڵنەسوتانی فیوداڵی خێڵەکی بە زەویوزار و موڵک و گەشەکردنی وڵات، هەروەها هەژاری جوتیارەکان و بێ دەسەڵاتیان تێچووی کارکردن و بەرهەمهێنان زۆر نزم بوو، بۆیە هیچ بە پێویستیان نەدەزانی کە چاکسازی لە ئامراز و تەکنیکی نوێی بەرهەمهێنان بکەن و هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی کارکەران بکەن. هیچ گۆڕانکاریەک لە شێوازی بەرهەمهێنان و چاکردنی زەوی و بەکارهێنانی سەماد رووی نەدەدا. مرۆڤی هەژاری بێدەسەڵات و ئامرازی کۆن و ئاژەڵ، ئەرکی بەرهەمهێنانیان لە ئەستۆدا بوو.

نەبوون و نەپاراستنی موڵک وماڵی خەڵک، ناسەقامگیری لە موڵکایەتیدا، سەرکوتکردن و بێدەرامەتی و نەبوونی مافی بیرکردنەوە و رادەربڕین، باجی قورس و گەندەڵی، توانای بیرکردنەوە و خوڵقاندن و داهێنانی لەناو هێزە بەرهەمهێنەرەکاندا خنکاند بوو.

ئەوانەی سەرپەرشتی بەرهەمهێنانی لادێیان دەکرد فریان بەسەر بەرهەمهێنانەوە نەبوو. ئەوانە فیوداڵە خێڵەکیەکان و باجکۆکەرەوەکان بوون، کە خۆیان لە شارەکاندا نیشتەجێ بوون و ئاگایان لە کاروباری بەرهەمهێنانی لادێ نەبوو. هەر یەکە چەند پیاوێکی گەندەڵی هەبوو، کە بۆ کۆنترۆڵکردنی مسکێن و مسۆگەرکردنی داهات و باج دانرابوون. ئەوانە نە شارەزابوون لە بەرهەمهێناندا و نە دڵیان بەزەوی و مرۆڤ و بەرهەم و بەرهەمهێنان دەسوتا.

پیاوەکانی بنەماڵەکانی فیوداڵی خێڵەکی سەرپەرشتی پیشەسازی سەر بە دەوڵەتیان دەکرد. ئەوانە لەسەر بنەمای تەبەعێت و وەلا و خزمایەتی و بەرتیل دانرابوون و هیچ شارەزایی و پەیوەندی راستەوخۆیان بە بەرهەمهێنانەوە نەبوو. هەر ئەوانەش رەوانەی وڵاتەکانی رۆژئاوای ئەوروپا دەکران بۆ خوێندن و فێربوون و دوای گەڕانەوەیان دەبوون بە ئەرک بەسەر بەرهەم و بەرهەمهێنەرەکانەوە.

بەرهەمهێنانی پیشەسازی، کە موڵکی دەوڵەتی عوسمانی بوو بە مەبەستی سەربازی بوو. بۆ بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی و جل و بەرگ و پێداویستی تری سەربازی بوو. زۆربەی ئەو مەکینە و ئامرازانەی بەکاردەهێنران کۆن بوون و بە هێزی بازووی مرۆڤ و ئاژەڵ کاریاندەکرد. ئەو مەکینە مودێرنانەی لە ئەوروپاوە هاوردە دەکران، چاکردنەوەیان دەبوایە کۆمپانیا ئەوروپییەکان بیانکردایە. لەبەر نەبوونی کرێکاری شارەزای خۆماڵی، کرێکاری ئەوروپایان دەهێنا بۆ کارپێکردنیان. موچە و خەرجی ئەو کرێکارانە و سیانەکردنی مەکینەکان هێندە گران دەکەوت، کە لەدوای ماوەیەک توانای بەکارهێنانیان نەدەما. بەهۆی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو فاکتەرانەوە ساڵەکانی ١٨٤٠ بەشێکی کەمی ئەو پیشەسازییانە مابۆوە «بۆ زیانـاری زیاتـر بروانـە ٣٠ ل٩١-٩٩».

لە ئێران لە ڕێگەی هەماهەنگی ئینگلتەراوە بە هەمان شێوەی دەوڵەتی عوسمانی ئەو پیشەسازییانە بەڕێوەدەچوو، بەڵام کەمتر و لاوازتر بوو. لە میسر بەهەمان شێوەی کەرتی بازرگانی، دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی سەربازی مەمالیک مۆنۆپۆڵی بەرهەمهێنانی پیشەسازی کردبوو. لێرەش هەربەشێوەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ پڕچەککردنی سوپاکەیان هەوڵیان لەو پیشەسازیانەدا هەر بەردەوام بوو. لەنێوان ساڵەکانی ١٨١٥-١٨٢٠ چەند پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی سەربازیان هەبوو. زیاتر لە ٤٠٠ کەس کاریان لە بەرهەمهێنانی تفەنگ و تۆپ و شمشێر و تەقەمەنیدا دەکرد و هەروەها ٩ پاپۆری جەنگییان دروستکرد. ئەمانە هەتا رادەیەک پێداویستی کڕینی چەک و تەقەمەنی دەرەکی کەمکردەوە، بەڵام ئەو پیشەسازییانە هەمیشە هەڕەشەیان لەسەر بوو، چونکە بە تەکنیک و مەکینە و شارەزایانی کۆنی دەرەکی بەڕێوە دەڕۆیشت.

هەڵبەتە مۆنۆپۆڵی دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی میسر تەنها لە بواری پیشەسازی سەربازیدا نەبوو، بەڵکو شۆڕبووبۆوە بۆ مۆنۆپۆڵکردنی بەرهەمی سلەعی کشتوکاڵی بۆ کەرەسەی خاوی پیشەسازی سەرەتایی. مۆنۆپۆڵی دەوڵەت گەیشتبووە ئاستێک، کە لە هەندێ بواردا کەرتی تایبەتیان نەهێشت بوو. ئەوانە ڕێگەیان بە پیشەییەکان نەدەدا بە سەربەخۆیی لە شوێنکارکانی خۆیاندا کاربکەن، بەڵکو دەوڵەت لە شوێنکاری گەورەدا خڕی کردبوونەوە و بەپێی پێویستی و خواستی دەستەبژێری دەسەڵاتدار کاریان پێ دەکردن. بەرهەمهێنانی قوماشی لۆکە و خوری، خوری رستن، تاوەدەز و بەرهەمهێنان نمونەیەک بوون لەوانە. بەپێی ئەو رامیاریانەی کە هەن، ساڵەکانی ١٨٣١بەرهەمهێنانی قوماشی لۆکە گەیشتۆتە بەرزترین ئاست. لە ساڵی ١٨٢٠دا ١٢-١٥هەزار کرێکار و ١٣٨٠ وڵاخ بەشداریان لەو کارانەدا کردووە، ١٨٠-٢٢٠ دەستگای جۆلایی بەکار هاتوون، ١١٢٤ مەکینەی خوری رستن(تسريه السوف)، ١٧٥٠نول(نسج على نول).

مۆنۆپۆڵی دەوڵەتی مەمالیکی میسر تەنها کەرتی تایبەتی ئفلیج نەکرد بوو، بەڵکو توانا و جۆشی داهێنانی خەڵکەکەی هێندەی تر لە جاران خنکاند بوو. ڕاستە هەتا رادەیەک بۆ ماوەیەک بەرهەمهێنان گەشەی کردووە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بوژاوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو مۆنۆپۆڵە و سەرپەرشتیکردنی بەرهەمهێنان لەلایەن خەڵکانی ناشارەزای گەندەڵی سەر بە دەستەبژێری دەسەڵاتدارەوە، لە دوای دەیان ساڵێک ئەو پیشەسازییانە شکستیان هێنا و بەرگەی بەرەنگاربوونەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەلوپەلی دەرەکیان نەگرت. ئەو مەکینە مودێرنانەی لە ئەورووپاوە هێنابوویان لەبەر نەبوونی کرێکاری شارەزا و گرانی سیانەیان نەتوانرا بەکاربهێنرێن. ساڵی ١٨٣٠زیاتر لە نیوەی ئەو کەرەسە خاوەی دایان نابوو بۆ بەرهەمهێنان، لەبەر نەتواندنی بەکارهێنانیان رزیون و فڕێدراون.

لە زەمینەیەکی وادا، بێگومان بازرگان و کۆمپانیا و بانکەکانی وڵاتە کەپیتالیستەکان نە بە ئەرکی خۆیان زانیوە یارمەتی گەشەکردنی ئەو پیشەسازیانە بدەن و نە بە بەرژەوەندی خۆشیان زانیوە، چونکە ئەوەی ئامانجی ئەوان بووە بەرژەوەندی خۆ بووە لە فرۆشتنی بەرهەمی خۆیان و کڕینی کەرەسەی خاوی هەرزان.

دەوڵەتەکان هیچ ئاسانکاریان نەکردووە بۆ گەشەپێکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیش. بۆ یەکەمجار لە دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ١٨٤٧ یەکەم قوتابخانەی کشتوکاڵی کرایەوە. نە ئەوانەی ئەو قوتابخانەیان بەڕێوە دەبرد شارەزاییان لەو بوارەدا هەبوو نە قوتابخانەکە هێندە گەورە بوو، کە بتوانێت ژمارەیەکی ئەوتۆ کادیری کشتوکاڵی ئامادە بکات بۆ گەشەپێکردنی بەرهەمهێنانی ملیونەها جوتیار. زیادبوونی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان لە پێناوی ساغکردنەویان لە دوو بواردا بوو. یەکەمیان بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ بەکارهێنانی کەرەسەی خاو، دووەمیان بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ بەکارهێنانی راستەوخۆ. گرنگترین بەرهەم بۆ کەرەسەی خاو کە بە پلەی یەکەم بۆ هەناردەکردن بووە، بریتی بوون لە ئاوریشم، لۆکە، توتن، تلیاک، زەیتون، خوری و پێستە. ئەم بەروبوومانە لە ناوچە کەناردەریاکان و ئەو شوێنانەی کە ئاوی زۆر و زەوی کشتوکاڵی چاکی هەبووە بەرهەمهێنراون. نمونەی ئەو ناوچانە بریتی بوون لە کەنار دەریاکانی ئەنادۆڵ، کەنار دەریاکانی سوریای گەورە و شاخەکانی لوبنان، لێوارەکانی نیل لە میسر و ئازەربایجان و دەوروبەری قەزوین و ئەو شوێنانەی تری ئێران کە سەدان قەناتیان تیادا راکێشا بوو.

زیادبوونی دانیشتوانی شارەکان و هەروەها تایبەتمەنداری بوونی (تەخەسوسکردنی) جوتیارانی هەندێ ناوچە لە بەرهەمهێنانی بەروبووم بۆ کەرەسەی خاوی پیشەسازی، پێویستی و خواستی بازاڕەکانی لەسەر دانەوێڵە و گۆشت و سەوزە و هێلکە و پەنیر و رۆن و کەرە.. . زیادکرد. سەرەڕای ئەمانە بەهۆی شەڕەکانی ناپلیونەوە لە ئەوروپا و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی نمونەی گەنم لەوێ، هەناردەکردنی گەنمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەو کیشوەرەلە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا زیادکرد. لەم قۆناغەدا هەموو ئەمانە بووە هۆکاری زیادبوونی بەروبوومی کشتوکاڵی باکارهێنان و بەتایبەتی گەنم.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چۆن بڵاوبوونەوە و چاکسازییەکانی دەوڵەتەکان کاردانەوەی لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی هەبوو، بەهەمان شێوە کاردانەوەی گرنگیشی هەبوو لەسەر بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتایی ناوچەکە. کاردانەوەی ئەوانە لەسەر ئەم کەرتانە جیاوازتر بوو لە کاردانەوەیان لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی.

هەندێ لە مێژوونوسەکان وای لێکدەدەنەوە، کە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری بۆ ناوچەکە کتومت بۆتە هۆی لاوازبوونی بەرهەمهێنانی پیشەیی و ڕێگرتن لە گەشەکردنی. ڕەنگە ئەمە لە ڕوویەکەوە هەتا ڕادەیەک ڕاستبێت، بەڵام لە چەند رویەکەوە پێچەوانەکەی ڕاستە. پێش هەموو شتێک، وەکو لە بەندی چوارەمدا باسمانکرد، بەرهەمهێنانی فیوداڵی خێڵەکی بەدرێژایی سەدان ساڵ قوفڵدراو و بەرتەسک بووە و لە قەبارەیەکی بچوکدا ماوەتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. بەرهەمهێنانی پی پیشەیی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆبەخۆ توانای گەشەکردنی نەبووە، بە پێچەوانەوە سیستمێکی ڕێگر بووە لە هەموو گەشەکردن و بەرفراوان بوونێک. لەهەمانکاتدا پیسەسازی سەرەتایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مێژووی کۆنی درێژیدا چەندینجار سەری هەڵداوە و گەشەیکردووە، بەڵام هەمیشە بەهۆی فاکتەرە ناوخۆییەکانەوە لاواز بووە و شکستی هێناوە. لەبەرئەوە ڕاست نیە بوترێ بڵاوبوونەوە بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەشەنەکردنی بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتایی ئەم قۆناغەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتایی ناوچەکە ڕووبەڕووی ململانێی سەخت بۆوە لەگەڵ هەندێک بەرهەمی باش و هەرزانی وڵاتە کەپیتالیستەکان و بەشێکیان شکستیان هێنا یان لاواز بوون. بەڵام لەلایەکەوە ژمارە و جۆری ئەو بەرهەمانەی کە وایان بەسەرهات سنووردار بوو و لەلایەکی ترەوە لەم قۆناغەدا بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری هێشتا زۆر لاواز بوو و نەگەیشتبووە هەموو شوێنەکانی دەوڵەتەکان.

ئەو بەرهەمانەی هاوردە دەکران و باشتر و هەرزانتر بوون لە بەرهەمە خۆماڵیەکان، بە پلەی یەکەم قوماشی لۆکە بوو ئنجا قوماشی خوری. بەرهەمی تر، کە لەدەرەوە هاوردە دەکران زۆر کەمبوون و تەنها بۆ دابینکردنی خواستی دەمودەزگای دەوڵەتەکان و توێژێکی بچوکی ئۆرۆستوکراتی دەسەڵاتدار بوو، لەبەرئەوە هێندەکاردانەوەیان نەبوو لەسەر بەرهەمهێنانی خۆماڵی. سەرەڕای ئەوە بەرهەمی قوماشی بێگانە نەگەیشتبووە هەموو ناوچەکان و لەهەمانکاتدا بەشێکی زۆر لەو قوماشانە دەکرا لە ناوخۆی ئەم وڵاتانە بۆ پیشەسازی درونی جلوبەرگ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پێداویستی تر وەکو کەرەسەی خاو بەکاربهێنرێت.

لەگەڵ ئەوەی لەم قۆناغەدا هەندێ بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتایی شکستیان هێنایان لاوازبوون، بەڵام بەهۆی گەورەیی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زیادبوونی دانیشتوان و بوژاندنەوەی بازرگانی لە پاڵ لاوازی و سنوورداری بڵاوبوونەوەی سەمایەداری لەم قۆناغەدا، قەبارەی بەرهەمهێنانی قوماشی ناوخۆ کەمی نەکرد. لەهەمانکاتدا بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی لە بوارەکانی تردا ژمارە و جۆر و قەبارەیان لە چاو پێشتردا زیادیکرد.

بەشێک لە وەرشە پیشەییە بچوکەکان گەشەیانکرد و گەورەتر بوون. بەرهەمی ئەوانە لە بازاڕێکی بچوکی ناوچەیەکەوە کەوتنە ناردن بۆ ناوچە و هەرێمەکانی تر یاخۆد هەناردەکردنیان بۆ دەرەوە. ساڵی ١٨٢٥ ژمارەی دەستگا جۆڵاکانی شاری حەلەب ٢٦٥٠ دانە بوون، بەڵام ساڵی ١٨٥٩ ژمارەیان گەیشتبووە ١٠هەزار دانە. ساڵی ١٨٥٠ ژمارەیان لە دیمەشق هەزار دانە بووە، بەڵام ساڵی ١٨٦٠ گەیشتبووە دوو هەزار دانە. لە هەندێ ناوچەی نمونەی ئەنادۆڵ و چیکانی لوبنان، وەرشە پیشەسازییە کەپیتالیستە سەرەتاییەکان هەستاون بە هاوردکردنی تاوو دەزووی لۆکەی ئینگلیزی بۆ بەرهەمهێنانی جلوبەرگ. ساڵی ١٨٣١ تەنها ٨٠٠تەن تاوو دەزوو هاورد کراوە، بەڵام ساڵی ١٨٥٠ توانیویانە ٣٠٠٠تەن هاورد بکەن. لەو ساڵانەدا مەکینەی مودێرن لە ئەوروپای رۆژئاواوە هاورد کراون بۆ ئەنادۆڵ و سوریا و میسر. لەبەر هەرزانی مسرەفی کارپێکردنی ژن و منداڵانی دەرەوەی شارە گەورەکان ئەوانە زیاتر لەشارە بچوک و گوندەکاندا بەکارهێنراون. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی بتوانن بەنرخێکی هەرزانتر بەروبوومەکانیان بفرۆشن و توانای ململانێی بەرهەمە هاوردکراوە ئەوروپییەکانیان هەبێت.

لەم قۆناغەدا، بەهەمان شێوە لە چەندین ناوچەی ئێرانیش پیشەسازی سەرەتایی گەشەکردنی بەخۆوە بینیوە. بەهۆی زیادبوونی خواست لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتەکە لەسەر هەندێک بەروبوم، هەندێ لە پیشەییەکان توانیویانە وەرشەکانیان گەورەتر بکەن و ژمارەی شاگردەکانیان زیادکەن و بەرهەمەکانیان بۆ ناوچەکانی تر و دەوڵەتی عوسمانی و دەرەوە هەنارده بکەن. گرنگترین ئەو بەرهەمانە فەرش و بەرەوە و بەروبوومی پێستە و ئاوریشم بوو.

لەگەڵ تەوژمی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و زیادبوونی بازرگانی لەگەڵ ئەوروپییەکاندا بە رێژەیەکی زۆر، هەتا ساڵی ١٨٦٠ ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەرێمەکانی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر بوو لەچاو بازرگانی لەگەڵ ئەوروپادا. ئەو زیادبوونە بە پلەی یەکەم بۆ پەیدابوونی تایبەتمەنداری وڵات و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوچەکان لە هەندێ بەرهەمی تایبەتیدا و سەقامگیری ڕێگەوبان گەڕاوەتەوە. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٠٠-١٨٣٠دا بەهای هەناردەکردنی بەرهەم لە میسرەوە بۆ شام پێنج هێندەی لێهاتووە، لە٣٠٠،٠٠٠ پاوەندوە لە ساڵێکدا گەیشتۆتە١،٥٠٠،٠٠٠ پاوەند. گەنمی تایبەتی شام و زەیتی زەیتون و سابونی ڕەقی(سابونی زەیتون) لە حەلب و شامەوە هەناردەی هەرێمەکانی تر کراوە. موسڵ و جەزیرە و حەلەب تایبەتمەندار بووە بە بەرهەمهێنانی زەیت و کونجی و بەکارهێنانیان لە پیشەسازی سەرەتاییدا. چیاکانی لوبنان و هەندێ ناوچەی ئێران بە ئاوریشم بەناوبانگ بوون، میسر بە برنج، ئەنادۆڵ بە میوە و تەختە. لە کوردستان و ناوەوەی ئەنادۆڵ مەڕومالات و خوری و پێستە هەناردەی ئەستەنبوڵ و ئەزمیر و شام و چیاکانی لوبنان و تاران کراون. هەر لە میسر، بەهۆی ئاوی زۆرەوە، لۆکە و شەکر و خەنە و کونجی و فستقی عەبید تایبەتمەنداری تێداکراوە.

لەسەرەتادا، دەسەڵاتی ئایینی لە ئێران دژی کارکردن بوون بە ڕاوەماسی و کاڤیار دەرهێنان لە دەریاچەی قەزوین، چونکە بە کارێکی پیسیان لەقەڵەم داوە، بەڵام بە هاتنی هەندێ کۆمپانیای ئەمەریکی گۆڕان بەسەر ئەو کەرتەدا هات و بوژاندنەوەی بەخۆوە بینی. بەهەمان شێوە لەو وڵاتە کۆمپانیای بێگانە سەرپەرشتی دارستان و بەرهەمی تەختەیان دەکرد.

دەرهێنانی منیرال و سامانی سروشتی لەم قۆناغەدا هەتا ڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەرداهات. نمونەی ئەوانە بریتی بوون لە بەردی پیرۆز، خوێ، مس، ئاسن، خەڵوز، گرافیت و ئەلەمنیوم. پیترۆڵ هێشتا لەم ناوچانەدا کاری تێدا نەکرابوو. زۆربەی کارەکان لەمانەدا کۆمپانیای بێگانە دەیانکرد. لەبەر خراپی ڕێگەوبان و گرانی خەرجی گواستنەوە، لاوازی پیشەسازی ناوخۆ و نەبوونی کەپیتالی پێویست و چەندین هۆکاری تر، ئەم کەرتە زۆر بەخاوی بەرەوپێش دەچوو، لەبەرئەوە زۆربەی ئەو کۆمپانیا بێگانانە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بەهۆی زەرەرکردنەوە وازیان هێناو بەجێیان هێشتن. خواستی پیشەسازی سەرەتایی خۆماڵی بۆ ئەو کەرەسە خاوانە لاوازبوو، هەروەها کۆمپانیای بەهێزی خۆماڵی ئەوتۆ نەبوو، کە بتوانن جێگای کۆمپانیا بێگانەکان بگرنەوە، دەوڵەتەکانیش لەو بوارەشدا هیچ چاکسازی و ئاسانکارییەکیان نەکرد. لەبەرئەمانە لە دوای ساڵەکانی ١٨٥٠وە تەنها بەشێکی کەمی ئەمانە بەردەوامیان بەخۆوەبینی.

زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەرەکی و تایبەتمەنداریبوونی ناوچەکان لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و لە پاڵیدا زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ناوچەکان بوونە هۆی زیاتر بەکارهێنانی دراو و کەمبوونەوەی ئاڵوگۆڕی عەینی( کاڵە بە کاڵە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆڕینەوە). دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەتا دەهات زیاتر پێویستیان بە دراوبوو بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی لە وڵاتە کەپیتالیستەکان و دانی مووچە بە کارمەندە ئیدارییە نوێیەکان و کڕینی بەروبوومی تری دەرەکی. ئەو پێویستییە بووە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتەکان لە باتی باجی عەینی، دەست بکەن بەوەی بە دراو باج لە مسکێن و جوتیارەکان بسەنن. ئەمە مسکێن و جوتیارەکانی لادێیی ناچاردەکرد، کە بۆ پەیداکردنی دراو بۆ دانی باج، بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکاندا ساغبکەنەوە. ئەم پرۆسەیە لەلایەکەوە بەکارهێنانی دراوی زیاتردەکرد و لەلایەکی ترەوە سیستمی داخراو و قوفڵدراوی فیوداڵی خێڵەکی تێک دەشکاند و زیاتر لادێکانی بە بازاڕەکانەوە دەبەستەوە.

زیادبوونی بەکارهێنانی دراو و ئاڵوگۆڕی دراو بەشێوەکەی فراوانتر لە کۆن، لەلایەکەوە قازانج و کەپیتاڵی توێژێکی زیادکرد، کە لەو بوارەدا کاریان دەکرد و لەلایەکی ترەوە بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر دراوی خۆماڵی و دەرەکی و ئاڵوگۆڕپێکردنیان، ڕۆڵی سەرافەکان بەهێز بوو و کە پیتال لەدەستیاندا کۆبۆوە. هەڵبەتە ئەمە سەرەتای دەسپێکردنی کاری بانکی و سیستمی بانکی خۆماڵی سەرەتایی بوو. ئەمانە بە تایبەتی لە شارە بازرگانی و کەنار ئاوەکان ڕۆڵیان زیادیکردن. ئەمانە قەرزیان دەدا لە وەبەرهێنانکردندا لە کەرتەکانی بازرگانی و کشتوکاڵی و پیشەسازی سەرەتایی داو هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لە بەهێزبوندا بوون. بوونی سیستمی بانکی سەربەخۆ و بەهێز یەکێکە لە هەرە مەرجە گرنگەکان بۆ گەشەکردنی ئابوری، بەڵام ئەم کەرتە خۆماڵێش وەکو کەرتەکانی تر چەندین کۆسپ کەوتە ڕێگەی.

ئەمانەش وەکو بەرهەمهێنەرە خۆماڵیەکانی تر، دەوڵەت باج و رسوماتێکی زۆری لێدەسەندن و بەهۆی بیروکراتی و گەندەڵییەوە دەستگاکانی دەوڵەت کۆسپیان بۆ درست دەکردن. دەوڵەت و دەستگاکانی دەوڵەت لەبەر کورتهێنانی بوجە و پێویستیان بە پارەی نەقد، قەرزێکی زۆریان لەمانە وەردەگرت. بەشێکی زۆر لەو قەرزانە نەدەدرانەوە ئەگەر بشدرانایەوە لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆری پێ دەچوو لە باتی قازانج قەرزدارەکان زەرەریان دەکرد. ئەو بانکە سەرەتاییانە لە ترسی ناسەقامگیری و لە دەستچونی کەپیتالەکانیان نەیاندەوێرا قەرزی درێژخایان بدەن بۆ وەبەرهێنانکردن لە بەرهەمهێنی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتاییدا، بەڵکو زیاتر قەرزیان بەکەرتی بازرگانی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کەرەسەی خاو دەدا بۆ هەناردەکردن.

کۆمپانیا وبانکەکانی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لە ڕێگەی دەستپێکردنی قەرزدان بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتەکان بۆ کڕینی چەک، لە دوای ساڵەکانی ١٨٤٠ دەستیان کرد بە چالاکی بانکی لە شارە بازرگانییەکانی ناوچەکەدا. ئەمانە لە پێناوی زیادکردنی قازانجی خۆیاندا بۆڕبۆڕێنیان لەگەڵ بانکە خۆماڵییە لاوازە سەرەتاییەکاندا دەکرد. زیاتر قەرزیان دەدا بەوانەی کار لە بازرگانی هاوردەکردن و هەناردەکردنی کەلوپەل و کەرەسەی خاو بۆ وڵاتەکانی ئەوروپا دەکرد. لە ڕێگەی پێدانی قەرز بە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و ئەکتەرەکانی تر، مەرجی ئابوری و یاسایی و سیاسی خۆیان دەسەپاند. ئەوەی دەوڵەتەکان بە بانکەوانە خۆماڵییەکانیان دەکرد لەگەڵ بانکە بێگانەکان بۆیان نەدەکرا. هەموو ئەمانە ڕۆڵ و دەرفەتی گەشەکردن و سیستمی بانکی خۆماڵی لاوازکرد.

خواستی زۆری وڵاتە کەپیتالیستەکان لەسەر هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ کەرەسەی خاو و هەروەها هەرزانی بەرهەمهێنانی ئەو بەروبومانەو قازانجی مسۆگەری باش تیایدا، وای لە توێژێکی فیوداڵی موڵکدارکرد، کە زیاتر توانایان لەو بوارانەدا بەکاربهێنن و مسکێنەکانیان ناچار بکەن ئەو بەرهەمانە بچێنن. قازانجی زۆر و خێرای کاری بازرگانی بە بەرهەمە هاوردەکراوەکانی وڵاتە کەپیتالیستەکانەوە و ترسی کەمتری لەناوچونی کەپیتال تیایدا، پاڵی بە بازرگان و توێژێکی فیوداڵی موڵکدار دەنا، کە زیاتر کار لەو بوارانەدا بکەن. ئاسانکاری دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بۆ ئەو بازرگانیانە بەهۆی دابینکردنی باج و گومرگی زۆر تیایاندا، هەروەها گەندەڵی ئەوانە لە بەرتیل وەرگرتن و خۆبەشەریکایەتی کردن تیایاندا، هێندەی تر ئەو بوارانەی بەهێز دەکرد.

لەگەڵ ئەوەی لەم قۆناغەدا بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتایی و هەندێ پیشەسازی گۆڕانکاری چاکیان بەسەرهات و بوژاندنەوەی بازاڕ و بەستنەوەی ناوچەکان پێکەوە زیادیکرد، ئاڵوگۆڕی دراو زیادیکرد و سەرەتایی کاری بانکی دەستی پێکرد، بەڵام ئەو کەرتانە لەچاو ئەو بڵاوبوونەوەوە مەزنەدا وەکو پێویست گەشەکردنی بەخۆوە نەبینی. بێگومان هۆکاری ئەوە بە پلەی یەکەم بۆ ناسەقامگیری و نەپاراستنی مولک و ماڵی خەڵک و باج و گومرگی قورس و لاوازی کەپیتاڵ و سیستمی بانکی و دەستێوەردان و مۆنۆپۆڵی دەستەبژێری دەسەڵاتدار و گەندەڵێکی بێسنوور لە ریزەکانیاندا دەگەڕێتەوە. هەروەها ئاسانکاری دەوڵەتەکان بۆ بازرگان و کۆمپانیا و دەوڵەتە کەپیتالیستەکاندا لە پێناوی بەرژەوەندی و بەردەوامبوونی دەسەڵاتیاندا زیانی بە بەرهەمە خۆماڵیەکان دەگەیاند.

«بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم زانیاریانەی سەرەوە بروانە ٣٠ ل٦٤-٧٥ هەروەها ١٥ ل٣٣-٣٩».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەستپێکردنی گۆڕانکاری لە موڵکایەتی و چینوتوێژەکاندا ١٨٠٠-١٨٦٠

لە کۆمەڵگەدا زۆرینەی خەڵک بە ڕۆڵ و ئاستی جیاواز بەشداری لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەکەن. هەر تاک و گروپێک لەوانە پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ بەرهەم و ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا دەبەستن. زەوی، سەرچاوەی ئاو، ئاژەڵ، تۆو، کارگە و شوێنکار، مەکینە، کەرەسەی خاو، بەڕێوەبردن و شارەزایی نمونەی ئەو ئامرازانەن. چۆنێتی پەیوەندی ئەو تاک و گروپانە لەگەڵ بەرهەم و ئامرازی بەرهەمهێنان دەبێتە دروستبوونی بنەمای موڵکداری ئەوانەو شێوازی تەسەروفکردن پێیانەوە. لە پرۆسەی ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانە لە بازاڕەکاندا هەمیسانەوە ئەو گروپانە ڕووبەڕوووی یەکتر دەبنەوەوە و بەرژەوەندی تایبەتی لەیەکیان نزیک دەخاتەوە و بەرژەوەندی جیاواز دەیانخاتە ململانێکردنی یەکترییەوە. ئەم زەمینە و مەرجانە دەبنە هۆی دروستبوونی چینوتوێژ و پێکهاتەی جیاواز لە کۆمەڵگەدا. هەر بەشێک لەمانە بەرژەوەندی و پێگە و توانای تایبەتیان لە کۆمەڵگەدا بۆ دروست دەبێت و لەسەر ئەو بنەمایانە ڕۆڵیان دەبێت لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا «٢٨».

بڵاوبونەوەی کەپیتالیزم لەم قۆناغەی مێژوویەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و چاکسازییەکانی دەوڵەتەکان و گۆڕانکاری لە بەرهەمهێناندا زەمینەی بۆ گۆڕانکاری مەزن لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەکاندا دروستکرد، کە پێشتر بەو ئاستە ڕووی نەدابوو. ئەو زەمینەیە بووە هۆی دروستبوون و هەتا ڕادەیەک بەهێزبوونی چینوتوێژی نوێ لە هەموو ئاست و بوارەکانی کشتوکاڵی و پیشەیی و پیشەیی و بازرگانیدا. سەرەڕای ئەمانە بووە هۆکاری دەستپێکردنی گۆڕانکاری لە سروشت و ڕەفتار و ڕۆڵی چینوتوێژە تەقلیدیەکانی کۆمەڵگە و لە پاڵیدا گۆڕانکاری لە ڕووی سیاسی و ئابوری و ڕۆڵی دەوڵەت و بڕیاردانداندا.

بەهۆی ئەوەی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و گۆڕانکاری لە بەرهەمهێنان و چاکسازییەکانی دەوڵەتەکان لە هەموو ناوچەکاندا لە هەمانکات و بەهەمان ئاست و خێرایی ڕووی نەدا، بە هەمان شێوە گۆڕانکاری لە پەیوەندێکانی بەرهەمهێنیشدا لەهەمان کات و بە هەمان ئاست و خێرایی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک یەک بەڕێوە نەچوو. ئەو گۆڕانکارییانە لەسەرەتای ساڵەکانی ١٨٠٠ وە لە ناوچە نزیک کەنار دەریاکان و شارە بازرگانییە گەورەکاندا دەستیپێکرد، بەڵام لە هەندێ شوێن نمونەی کوردستان و عێراقی عەرەبی دەستپێکردنی ئەمانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەوتە نیوەی دووەمی سەدەکەوە.
چاکسازییەکانی دەوڵەتەکان لە بواری موڵکایەتی لەم قۆناغەدا لەوەدا بوو، کە دەست بکرێت بەوەی موڵکایەتی زەویوزاری کشتوکاڵی لەدەست توێژە جیاوازەکانی فیوداڵی خێڵەکی لەسەرەک خێڵە گەورەکان و باجکۆکەرەوەکان و پیاوە ئایینیە گەورەکان و کاربەدەستانی سەربازی و ئیداری و سیاسی دەوڵەت بسەنرێتەوە و بکرێنەوە بە موڵکی میری و بە سەنەد و تاپۆ بدرێتە دەست ئەوانەی بە راستوخۆ بەرهەمی تێدا دەهێنن «**١٦** ل **٤**».
ئەم چاکسازیەی دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەکان بە مەبەستی ئەوە بوو، کۆنترڵی دەوڵەت بەسەر بەرهەمهێنان و داهات و باجەکان زیاتر و فرە چەشنتر بکات و لە هەمانکاتدا دەسەڵاتی ئەو چین و توێژانە کەمکاتەوە و کۆنترۆڵی دەستگاکانی دەوڵەت بەهێزتر بکات. ئەوانە بوونە هۆکاری نەمان یان کەمبونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ریزی توێژەکانی فیوداڵی خێڵەکی ناوچەکان کە پێشتر نزیک بوون لە دەستەبژێری دەسەڵاتداری دەوڵەتەوە. ئەوەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بەسەر میرنشین و ژمارەیەک لەسەرەک خێڵە گەورەکانی کوردستان هات نمونەیەک بوو لەوانە.
لە باتی ئەوەی موڵکایەتی زەویوزار بە سەنەد بکەوێتە دەست بەرهەمهێنەران، بە پێچەوانەوە بە کردەوە لە رێگەی گەندەڵی و پاشکۆیەتی و بەرتیل و خۆسەپاندنەوە، بەشی هەرەزۆری زەویوزاری کشتوکاڵی و سەرچاوە ئاوەکان لە رێگەی سەنەدەوە کەوتنە دەست سەرەک خێل و ئەعیان و گەورە دەسەڵاتدارانی سەربازی و ئیداری ناوچەکان و شێخ و پیاوە ئایینییە گەورەکان. رێژەیەکی زۆرکەم لەوانە کەوتە دەست ئەو جوتیارانەی راستەوخۆ خۆیان بەشدارییان لە بەرهەمهێنانـدا دەکرد. ئەوەش لە رێگەی بەرتیلدان و خزمایەتی و واستەکردن و بەشەرِیکردنی هەندێ لە دەسەڵاتداران بوو «**١٥**ل**٦٢\ ٣٠** ل **٦١**».
لەگەڵ ئەوانەشدا ئەو گۆڕانکارییانە بوونە هۆکاری ئەوەی چەند توێژێکی نوێی موڵکدار لە رێگەی سەنەدەوە بۆ یەکەمجار مافی موڵکایەتی زەویوزار پەیدا بکەن. هەرچەندە ئەو سەنەدانە زۆرجار دەبوایە ساڵانە نوێ بکرێتەوە و پابەندبوون بە وەلا و پاشکۆیەتییەوە بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، بەڵام جۆرە سەقامگیرییەکی لە موڵکایەتیدا دروستکرد و بووە هۆکاری ئەوەی چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی نیمچە مەلاکی گەورە و بچوک دروست بێت و زیاتر لە جاران دڵیان بە زەویوزار و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بسووتێت.
بەهۆی گەشە نەکردنی تەکنیک و رێبازی نوێی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و هەژاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بێ دەسەڵاتی مسکێنەکان و کەم خەرجییان زۆربەی ئەوانە هەر وەکو پێشتر بە مسکێنی و بێ موڵکایەتی زەویوزار مانەوە. بگرە بەهۆی پەیدابوونی مۆدێلی سەنەدەوە، هەندێ لەسەرەک خێڵ و شێخ و دەسەڵاتدارە گەورەکان، زەوی ژمارەیەک زۆر جوتیاریان زەوتکرد. ئەو جوتیارانە یان لەسەر زەویەکانیان دەردەپەڕان و ڕوویان دەکردە شارەکانیان و دەبوونە کرێکاری وەرزی و بەرامبەر دانی خۆراک پێیان، یان موچەیەکی کەم کاریان پێدەکرا.

ناچارکردنی ڕەوەندەکان بە نیشتەجێبوون و سەندنی باجی قورس لێیان و کردنی ڕۆڵەکانیان بە سەرباز لە لەشکری دەوڵەتدا، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی ڕووبەڕووی بە هەژاری کردەوە و ناچاربوون وەکو شوان و گاوان و سەپان لە کێڵگەی مەلاکەکاندا کار بکەن، یان ڕوو بکەنە شارەکان بۆ کارکردن. ئەم دوو توێژەی دوایی، بوونە بەشێک لە هەوێنی دروستبوونی کرێکاری کستوکاڵی و کرێکار و خەڵکی هەژاری بێدەرامەتی شارەکان «١٥ ل٤٩».

ئەم گۆڕانکارییانە لە موڵکایەتی و ریزی چینوتوێژەکاندا، سەرەتای ململانێی درێژخایان بوو لە نێوان ئەوانەی کە سوودبەخش بوون بەو چاکسازییانە و بەسەنەد دەبوونە موڵکدار و ئەو توێژانەی تری فیوداڵی خێڵەکی کە پێشتر تەسەروفیان بە زەویوزار و بەرهەمهێنان و داهاتی باجەکانەوە دەکرد. ئەمانە بوونە خاوەن بەرژەوەندی جیاواز و کەوتنە دوو بەرەی جیاوازەوە. ئەوانەی کە سوودبەخش بوون، پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوریان بەهێزتر بوو و گۆڕانکاری و بڵاوبوونەوەیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەبینی. بە پێچەوانەوە ئەوانەی زەرەربەخش بوون، دژی گۆڕانکاری و بڵاوبوونەوە بوون و هەوڵی سەرلەنوێ بوژانەوەی سیستمی فیوداڵی خێڵەکیان دەدا «٣٠ ل٦٣».

لێرەدا بڵاوبوونەوە و بوژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بووە هۆکاری ئەوەی هەمیسانەوە ئەم توێژە فیوداڵە موڵکدارە نوێیە بەسەر دوو بەرەی خاوەن بەرژەوەندی جیاوازەوە دابەشبن. بەشێک لەوانە توانا و دەرفەتیان پەیداکرد و کەوتنە بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی کەرەسەی خاو بۆ هاناردەکردن، نمونەی ئاوریشم و لۆکە و توتن و تلیاک. ئەمانە بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ کۆمپانیا و وڵاتە بێگانەکان و ئەو بازرگانە خۆماڵیانە پەیداکرد، کە کاریان لە هەناردنەکردن و هاوردەکردنی کەلوپەلدا دەکرد. بەشی دووەم ئەو توێژە فیوداڵە خێڵەکییە تەقلیدیانە بوون، کە لەگەڵ ئەوەی بوونە موڵکداری زەویوزار، هەمان درەفت و توانای بەشی یەکەمیان بۆ نەخوڵقا و زیاتر خەریکی بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی بەکارهێنانی بوون بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پلـەی یەکـەم بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی بازاڕەکانـی نـاوەوە. ئەمانـە وەکـو توێـژی یەکـەم سـوودبەخش نەبـوون لـە بڵاوبوونـەوەی سـەرمایەداری جیهانـی و بگـرە ئـەو بڵاوبوونەوەیـان بەهەڕەشـە بـۆ سـەر خۆیـان دەزانـی. ئەمانـە زیاتـر بەرژەوەنـدی و کاری هاوبەشـیان لەگـەڵ ئـەو بازرگانـە خۆماڵیانـە پەیداکـرد، کـە بـە پلـەی یەکـەم بـە بازرگانـی ناوخـۆوە خەریکبـوون.

لـەم دۆخـەدا بازرگانـەکان دابەشـبوون بەسـەر دوو توێـژی سـەرەکیەوە. ئەوانـەی بـە پلـەی یەکـەم بـە کاروبـاری هاوردەکـردن و هەناردەکـردن هەڵدەسـتان و بەرژەوەنـدی راسـتەوخۆیان هەبـوو لـە بڵاوبوونـەوەدا. هەتـا دەهـات کار و کاسـپی ئەمانـە زیـادی دەکـرد و پاڵپشـتی بـازرگان و کۆمپانیـا بێگانەکانیـان هەبـوو، هەروەهـا دەوڵـەت بەهەمـان شـێوەی ئەوانـی تـر دەسـەڵاتی بەسـەریاندا نەدەشـکا. دەکـرێ ئەمانـە بـە بازرگانـی پاشـکۆ ناوبنرێـن. توێـژی دووەم ئەوانـە بـوون کـە بەکاروبـاری بازرگانـی ناوخـۆ و هەرێمایەتـی هەڵدەسـتان. ئەمانـە زیاتـر بەرژەوەندیـان لەگـەڵ بەرهەمهێنـەرە پیشـەییەکانی خۆماڵـی و بەرهەمـی کشـتوکاڵی بەکارهێنانـی هەبـوو. دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەت دەیتوانـی ئاسـانتر کۆنترۆڵـی ئەمانـە بکات و لەچـاو توێـژی یەکەمـدا بـاج و گومرگیـان بـە ڕێژەیەکـی زیاتـر لێدەسـتێنرا «١٥ ل٣٨ \ ٣٠ ل٨٨».

سـەرەڕای بازرگانـە تەقلیدیـەکان، چەنـد توێژێکـی فیوداڵـی خێڵەکـی لـە بنەماڵەکانـی دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار و فیوداڵـی خێڵەکـی و فیوداڵـی موڵکـداری خـاوەن بەرهەمـە سـلەعیەکان، هەروەهـا بەشـێک لـە درستەڵاتدارانی دەسـتگا خۆجێییەکانـی دەوڵـەت، بـە راسـتەوخۆ و ناراسـتەوخۆ لـە ڕێگـەی شـەرعی و ناشـەرعیەوە بەشـداری و شـەریکایەتیان لـە ئاڵوگـۆڕی بازرگانیـدا دەکـرد.

ئەوانـەی هەتـا دەهـات ڕۆڵیـان لـە ئەرکـی باجکۆکردنـەوە زیـادی دەکـرد دوو توێـژ بـوون. بەشـێکیان کاربەدەسـتی مەدەنـی و سـەبازی دەوڵـەت بـوون و بەرامبـەر موچـەی دیاریکـراو کاریـان دەکـرد و بـە راسـتەوخۆ باجیـان لـە بەرهەمهێنـەرەکان دەسـەند. بەشـی دووەمیـان ئەوانـە بـوون کـە بـە قۆنتـەران ئـەو کارانەیـان لـە دەوڵـەت وەردەگـرت. بێگومـان هـەر وەکـو کـۆن مەسـەلەی گەندەڵـی و تەبەعێـت و وەلا لەنـاو ئـەم توێژانـەدا هـەر بـەردەوام بـوو. بەشـێک لەمانـە بەتایبەتـی ئەوانـەی کاری قۆنتەراتیـان دەکـرد بەهـۆی داهاتـی زۆر بەدەسـتیانەوە و پێگـەی کۆمەڵایەتیانـەوە، کەپیتالێکـی بـاش لـە دەسـتیاندا کۆدەبـۆوە و بەشـدارییان لـە کاروبـاری بەرهەمهێنانـی بەرهەمـی کشـتوکاڵی سـەلەعی و بازرگانـی و فینانسـدا دەکـرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ بەهێزکردنی دەستگاکانی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی باجەکان و زیدکردنیاندا دەستەبژێری دەسەڵات سەرلەنوێ کەوتنە دامەزراندنی والی بەهێزی نوێ و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سەربازی و ئیداری. دامەزراندنی ژمارەیەک زۆر لەو بوارانەدا چەند توێژێکی نوێیی فەرمانبەرانی دروستکرد، کە بڕیاری ئابوری و سیاسی ناوچەکانیان دەکەوتە دەست و لە ڕێگەی گەندەڵی و خۆبەشەریککردن لە کاروباری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بازرگانی و بوون بە خاوەن موڵک لە ڕێگەی سەنەدەوە دەوڵەمەند دەبوون. ئەمانە هەتا پلەیان لە دەستگاکانی دەوڵەتدا بەهێزتربووایە، پێگەی کۆمەڵایەتییان بەرزتر دەبۆوە و دەرفەتی سامان کۆکردنەوەی زیاتریان بۆ دەڕەخسا.
لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی ئایینی لەم قۆناعەدا پشتگیری و هەمانگەری تەواوی شا\سوڵتان و دەستەبژێری دەسەڵاتی فیوداڵی خێڵەکیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ گۆڕانکاری لە ریزی چینوتوێژەکانی کۆمەڵگە و دروستبوونی بەرژەوەندی جیاواز لە نێوەندیاندا، ئەمانیش بوون بە دوو بەرەوە. بەشێکیان بەلای بڵاوبوونەوەی سەرمایەدارییەوە دایاندەشکان و بەشەکەی تریان دژی بوون. هەڵبەتە ئەم لەیەک ترازانە لە قۆناعی داهاتوی مێژووی ناوچەکەدا زیاتر روون دەبێتەوە.
بڵاوبوونەوە و بوژاندنەوەی بازاڕ و زیادبوونی خواست لەسەر بەروبووم بووە هۆکاری دەستپێکردنی تێکشکاندنی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی پیشەیی و گەشەکردن و بەرفراوانبوونی بەشێکی و هەتا رادەیەک دروستبوون و بوژاندنەوەی هەندێ بواری پیشەسازی سەرەتایی خۆماڵی. ئەم گۆڕانکاریانە توێژە کۆنەکانی حەرەفی گۆری بە توێژێکی بەرهەمهێنەری پیشەیی کە بە شێکیان بازرگان و ئەوانی تر وەستاباشیە کۆنەکان بوون. ئەم توێژانە بوونە هەوێنی دروستبوونی بڕژوای پیشەیی خۆماڵی، کە لە قۆناغەکانی دواتری مێژووی ناوچەکەدا رۆڵی گرنگیان هەبووە لە گۆڕانکاریەکاندا. لەم بوارانەدا سەرەڕای گۆڕان لە سروشتی ئەو پیشەگەرانە خۆیاندا، ژمارەیەکی زیاتر شاگرت لە شوێنکارکانیاندا کاریان دەکرد و ئەمانە بوونە هەوێنێک بۆ دروستبوونی چینی کرێکار. ئەم گۆڕانکارییانە لە چەندین بواری بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتاییدا روویدا، کە دواتر دەگەڕێینەوە سەر باسکردنیان.
دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای سیستمی بەڕێوەبردنی فیوداڵی خێڵایەتی دروستبوو. بە ڕوانگەی ئەوانە بێجگەلە ئەوەی کۆمەڵگە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەر راعی و رەعیەت و چینوتوێژی جیاوازەوە دابەشبوو، بەسەر خێڵ و پێکهاتەی جیاواز و ئەوانە بەردی بناغەی کۆمەڵگەکان بوون دابەشبوو.
ئەم خاسڵەتە لەم قۆناغە مێژوویەدا، کە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری تیایدا روویدا و پرۆسەی گواستنەوەی بە پلەی جیاواز لە ناوچەکاندا دەستی پێکرد، بووە فاکتەرێکی تر بۆ زیادبوونی جیاوازی و نایەکسانی لە نێوان ناوچە و خێڵ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەکاندا. بەهۆی ئەوەی هەتا دەهات جیاوازی زیادیدەکرد لە ئاستی گەشەکردنی ئەو ناوچە و پێکهاتانە و رۆڵیان لە گۆڕانکارییە خێراییەکان و دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیارداندا. ئەم نایەکسانیە هەوێنێک بوو بۆ دروستبوونی ململانێی توندوتیژی درێژخایانی نێوان ئەو پێکهاتانە، کە هەتا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە.

## قۆناغی دووەم
## لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکان وزاڵبوونی کەپیتالیزمی جیهانی
١٨٩٠–٨٦٠

ڕەنگە ئەم قۆناغە گرنگترین و هەستیارترین قۆناغبێت لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ساڵەکانی ١٨٠٠ وە. لێرەدابوو زەمینە بۆ ئەوە خۆشبوو، کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەتوانێ رێبازی سەربەخۆیی و گەشەکردن وەرگرێت، بەڵکو لە باتی ئەوە رێبازی پاشکۆیەتی و زەلیلی گرتەبەر.
بوونی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کۆسپی سەرەکی لە بەردەم گەشەکردنی ئابوری و بە هێزبوونی چینوتوێژی نوێ لە ناوچەکەدا، شکستهێنانیان لە چاکسازیدا، هەروەها لە پێناوی مانەوەی خۆیان و سیستمەکەیاندا پشتبەستنی تەواویان بە کۆمپانیا و دەوڵەتە کەپیتالیستەکان، هەموو ئەمانە دەوڵەت و کۆمپانیا و بانک و بازرگانە بێگانەکانی کردە تەرەفێکی کاریگەر و بڕیاردەر لەسەر رێچکەی گەشەکردنی ناوچەکە و رێبازی گۆڕانکاری تیایدا. ئەو دەوڵەتانە تەنها سەربەخۆیی ئابوریان لەدەست نەدا، بەڵکو سەربەخۆیی و سیاسی و سەربازیشیان لەدەست چوو. زۆربەی بڕیاری سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکان کەوتە دەستی بێگانەوە. دەسەڵاتداران بوونە پارێزەری بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری جیهان، بوونە کۆسپێکی گەورەتر لە جاران لە بەردەم گەشەکردنی ناوچەکە و پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری وڵاتەکانی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرلەنوێ شکستهێنانی دەوڵەتەکان لە چاکسازیدا

هەروەکو چۆن دەوڵەتە فیوداڵە خێڵایەتێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مێژووی هەزارساڵەی پێشوویاندا شکستیان دەهێنا لە چاکسازییەکانیاندا بۆ زیاتر بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی و مسۆگەرکردن و زیادکردنی داهاتەکانیان لە ڕێگەی تاڵانکردنی دەرەوە و ڕووتاندنەوەی ناوەوە، بەهەمان شێوە لەم قۆناغەشدا لەو هەوڵانەیاندا شکستیان هێنا. ئەوانە لە باتی ئەوەی لە ڕێگەی چاکسازییەوە بتوانن قەیرانە ئابوری و سیاسی و سەربازەکانیان چارەسەرکەن، قەیرانەکانیان قوڵتر و فراوانتر و ئاڵۆزتر بوو.
ئەو شکستهێنانە پێشتر یان دەبووە هۆکاری دارمانی دەوڵەتەکانیان وەکو بەسەر دەوڵەتی خولەفای راشدین و ئەمەوی و سەفەوی و ئەفشار هات، یاخود لە ڕێگەی گۆڕانکاری بەردەوام لە پێکهاتەی دەسەڵاتدار و بەڕێوەبەرانی دەستگاکانی دەوڵەت و توێژەکانی فیوداڵی خێڵەکیدا نمونەی دەوڵەتی عەباسی و دواتر دەوڵەتی عوسمانی بۆ چەند سەدەیەک دەوڵەتەکانی دەهێشتەوە.
ئەم جارەیان شکستهێنانی چاکسازییەکانی ئەم دەوڵەتانە لە دۆخێکی زۆر جیاوازتر بوو لە کۆن. ئەم دەوڵەتانە ویستیان بە پاڵدانە بەر سەرمایەداری جیهان و دەوڵەتە بێگانەکان پارێزگاری دەسەڵات و مانەوەی خۆیان بکەن، بەڵام ئەوە لەسەریان گران کەوت و بووە هۆکاری شکستهێنانی تەواویان و لەدەستچوونی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوریان و بوونی ناوچەکە بە پاشکۆ.

### شکستهێنانی چاکسازی سەربازی و زیادبوونی خەرجی تیایدا

چاکسازییەکانی ئەو دەوڵەتانە لە پێناو بە مودێرنکردنی سوپاکانیان، نەوەک هەر شکستی هێنا، بەڵکو هەتا دەهات خەرجی زیادیدەکرد و لە هەموو ڕوویەکەوە بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانیان دەکرد بە زیان دەشکایەوە.
پیشەسازیی سەربازی، کە مۆنۆپۆڵی دەوڵەت بوو بۆ بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی و پاپۆر و پێویستی تری سەربازی تر، لەم قۆناغەدا شکستی هێنا و دەتوانیین بڵێین بەتەواوەتی نەما. ئەوەی لەو پیشەسازیە مایەوە تەنها بەرهەمهێنانی هەندێ جلوبەرگ و پێلاوی سەربازی بوو، ئەویش بە چەندایەتی خراپ و لە ڕێگەی گەندەڵیەوە بە خەرجێکی زۆر بەرهەم دەهێنران. هەڵبەتە هۆکاری ئەوە بۆ نەبوون یان کەمی کەپیتال، ناشارەزایی، تەکنیکی دواکەوتوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ڕێگرتن لە توانای خوڵقاندن و داهێنانی خەڵکی دەگەڕایەوە، سەرپەرشتیکردنی ئەو پیشەسازییە لەلایەن دەوڵەتەوە کە خەڵی نەشارەزای گەندەڵی سەر بە دەستەبژێری دەسەڵاتدار تیایاندا بڕیاردەر بوون.

تەنها ڕێگە لەبەردەم ئەو دەوڵەتانە بۆ بە مودێرنکردن و پڕچەککردن و مەشقپێکردنی سوپاکانیان، کڕینی چەک بوو لە کۆمپانیا بێگانەکان و پەنابردن بوو بۆ شارەزایانی سەربازی دەوڵەتی دەرەکی بۆ فێربوونی بەکارهێنانی ئەو چەکانە و زانستی و ڕێکخستنی سەربازی. هەڵبەتە ئەمە لەلایەکەوە خەرجێکی زۆری تێدەچوو و لەلایەکی ترەوە ئەو چەکانەی پێیان دەفرۆشرا مۆدێلی کۆن بوون و لە دوای ماوەیەکی تر دەبوایە سەرلەنوێ چەکی نوێتریان بکڕیایە، هەروەها دەبوایە هەمیشە چاوەڕوانی دەستی ئەو دەوڵەت و کۆمپانیانە بوونایە «٣٠ ل١١٦ \ ١٥ ل١٠٣».

ئەم دەوڵەتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە لە شەڕی ناوخۆ و دەرەکیدا بوون. ئەو شەڕانە بە بەردەوامی پێویستی بەکڕینی چەک و تەقەمەنی نوێ بوو. سەرەڕای ئەوە لەبەرئەوەی لە شەڕە دەرەکیەکانیاندا شکستیان دەهێنا، لە باتی ئەوەی ئەو شەڕانە ببێتە هۆی دەستکەوتنی غەنائیم و تاڵانی و زیادبوونی داهاتی دەوڵەت وەکو پێشتر لە فتوحاتدا بۆیان دەچووە سەر، ئێستا تەنها لە پێناوی خۆ پاراستندا بوو، لەهەمانکاتدا خەرجیی دەوڵەتی زیاتر دەکرد.

شەڕەکانی ئەم دەوڵەتانە دەبووە هۆی کاولبوونی ناوچەی گەورە و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان تیایاندا. سەرەڕای ئەوە دەوڵەت ژمارەیەک زۆری ڕۆڵەی ڕەعیەتی لادێکان و ڕەوەندەکان دەخستە ڕیزەکانی شەڕ و لە کاسپی و بەرهەمهێنانیان دەکردن. هەموو ئەمانە سەرەڕای بەهەژارکردنی خەڵک و برسی کردنیان دەبوونە هۆکاری کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و داهاتی باجەکانی دەوڵەت.ساڵەکانی ١٨٧٦\١٨٦١بەهۆی زوڵم و زۆرداری دەوڵەتی عوسمانیەوە، خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپای ژێر دەسەڵاتی ئەودەوڵەتە ڕاپەڕین. ئەوە بووە هەڵگیرسانی زنجیرەیەک شەڕ لەو ناوچانەدا و پشتگیریکردنی ڕوسیای قەیسەری بۆ ئەو خەڵکانە هێندەی تر ئەو شەڕانەی ئاڵۆزتر و خوێناویتر کرد. چەندین ڕاپەڕینی تر سەری هەڵدا، نمونەی ڕاپەڕینی هەرسلی ساڵی ١٨٦٠ لە چیای ڕەش، ڕاپەڕینەکانی سەربیا لە پێناوی سەربەخۆیی، ڕاپەڕینەکانی بۆسنە و هەرسک، کێشەکانی بولگاریا و هەوڵدانیان بۆ جیابوونەوە، ڕاپەڕینی کریت ساڵی ١٨٦٦.

ئەم شەڕوشۆڕ و ئاژاوەیە سەرەڕای ئەوەی دەبووە هۆی کوشتن و وێرانی و برسێتی و کەمبوونەوەی داهاتی دەوڵەت و خەرجی قورسی سەربازی، دەبووە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هـۆکاری ململانـێ و گـرژی ناوخـۆی دەسـتەبژێری خێڵـی دەسـەڵاتدار. شکسـتهێنانی سـوڵتان لـەو شـەڕانەدا و قەیرانـی ئابـوری هەروەهـا ڕێکەوتنـی ژێراوژێـری سـوڵتان لەگەڵ روسـەکان بەدزی ئینگلتەرا و فەرەنسـاوە، سـاڵی ١٨٧٦بەشـێک لە دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار ئـەو دۆخەیـان قواسـتەوە و ڕێکەوتـن لەسـەر لابردنـی سـوڵتان و دانانـی سـوڵتانێکی نـوێ. بـەڵام ئـەو کارە چارەسـەری قەیرانەکانـی نەکـرد «٩١ ل٤٩٧».

سـاڵی ١٨٧٦-٧٧ شـەڕێکی قـورس لـە نێـوان دەوڵەتـی عوسـمانی لەلایـەک و روسـیا و جەنگاوەرەکانـی بەڵقـان و بولگاریـا هەڵگیرسـا. لەگـەڵ ئـەوەی ئینگلتەرا و فەرەنسـا لەو شـەڕەدا پشـتگیری دەوڵەتـی عوسـامانیان کـرد، شـەڕەکە بـە شـکاندنی عوسـمانیەکان کۆتایـی هـات و سـوپای روسـیا گەیشـتە سـنووری شـاری ئەسـتەنبوڵ ی پایتەخـت. بەهەرەشـی ئینگلتـەرا، روسـیا ناچـار بـوو لـە و ناوچەیـە بکشـێتەوە، بـەڵام لـە بەرامبـەردا دەوڵەتـی عوسـمانی دانـی بـە سـەربەخۆیی ئـەو وڵاتانـەی رۆژهەڵاتـی ئەورپـا نـاو تەنهـا وجودێکـی سـیمبولی سـەربازیان تیـادا هێشـتەوە. سـەرەڕای ئـەوە دەوڵەتـی عوسـمانی ناچارکـرا تەعویـزی شـەڕ بـە روسـیا بـدات. ئەمـە و نەمانـی یـان کەمبوونـەوەی داهاتـی بـاج و خەراجـی دەوڵەتـی عوسـمانی لـەو ناوچـە گەورانـەدا، کاریگـەری قورسـی کـردە سـەر خەزێنـەی دەوڵـەت «٩١ ل٥٠١».

کردنـەوەی قەناتـی سـوێس لـە سـاڵی ١٨٦٩دا گرنگـی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت و ڕێگـەی بازرگانـی نێـوان ئەوروپـا و رۆژهەڵاتـی ئاسـیای زیاتـر کـرد. ئـەو گرنگیـە ململانێـی نێـوان ئینگلتـەرا و فەرەنسـا و ئەڵمانیـا و بروسـیا و روسـیای... بـۆ کۆنترۆڵکردنـی ئـەو دەریایـە و وڵاتەکانـی کەنـار دەریاکـەی زیاتـر کـرد.

لاوازبوونـی هێـزی دەریایـی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە دەریـای سـپی ناوەڕاسـت و نارەزایـی و بێـزاری دەوڵەتەکانـی باکـوری ئەفریقـای سـەر ئـەو دەریایـە لـە دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتـی عوسـمانی و بـاج و سـەرانەی زۆر بەسـەریانەوە و بێتوانـای دەوڵەتـی عوسـمانی لـە کۆنترۆڵکردنیـان، هەمـوو ئەمانـە دەرفەتیـک بـوو بـۆ دەوڵەتـە ئەورووپیەکانـی ئەوسـا کـە چـاو ببڕنـە ئـەو ناوچانـە.

سـاڵی ١٨٧٨ ئیگلتـەرا لـە دوای رازیبوونـی دەوڵەتـی عوسـمانی قوبرسـی داگیرکـرد. لە ڕێگـەی ڕێکەوتننامەیەکـەوە لـە نێـوان ئینگلتـەرا و ئەڵمانیـا و دەوڵەتـی عوسـمانیدا بـە نـاوی هەماهەنگیکردنـی دەوڵەتـی عوسـمانییەوە، فەرەنسـا وڵاتـی تونسـی داگیرکـرد و دەسـەڵاتی عوسـمانی تیایـدا تەنهـا بەرەمـزی بـۆ سەرپەرشـتیکردنی کاروبـاری ئایینـی مایـەوە. بـۆ کۆنترۆڵکردنـی قەناتـی سـوێس و ڕێگـەی بازرگانـی کۆلۆنیەکانـی لـە ئاسـیا، ئینگلتـەرا سـاڵی ١٨٨٢ میسـری داگیـر کـرد. دەوڵەتـی عوسـمانی لـە پێنـاوی لاوازکردنـی دەسـەڵاتدارانی مەمالیـک لـە میسـردا، هەماهەنگـی ئینگلتـەرا وچاوپۆشـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو داگیرکردنە کرد.
هەموو ئەمانە بەشداریکردن و رێگەخۆشکردنی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی نیشان دەدات لە هێنانە ناوەوەی هێزە ئەوروپییەکان بۆ ناوچەکە، لەلایەکی ترەوە هەموو ئەمانە بونەتە هۆکاری کەمبوونەوەیەکی هێجگگار زۆری داهاتەکانی ئەو دەوڵەتە.
بێجگەلە ئەو شوێنانە، زنجیرەیەک راپەڕین لەناو میللەتەکانی بەشی ئاسیای دەوڵەتی عوسمانیدا بەرپا بوو، لەوانە لە ریزی کورد و ئەرمەنیەکاندا( لە بەندی شەشەم دەگەڕێینەوە بۆ باسی کوردستان).
لەبەرئەوەی ئەرمەنیەکان هەر لە مێژووی کۆنەوە شارەزایی و رۆڵی گرنگیان هەبوو لە کاروباری بازرگانی و پیشەییدا، بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری بووە هۆکاری ئەوەی ئەم پێکهاتەیە گەشەبکەن و رۆڵی گرنگ پەیداکەن لە بازرگانی دەرەکی و هەرێمایەتی ناوخۆ و گەشەکردنی بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتایی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێکهاتەیە هیچ بوارێکیان لەو دەوڵەتەدا پێنەدرا بۆ بەشداریکردن لە بڕیارە سیاسی و ئابوریەکاندا، هەروەکو کۆن وەکو پلەی خوارەوەی رەعیەت لەلایەن دەستەبژێری دەسەڵاتداری دەوڵەتەوە موعامەلەیان لەگەڵ دەکرا.
راپەڕینەکانی میلەتەکانی بلقان و هەندێ وڵاتی تری رۆژهەڵاتی ئەوروپا و دواتر سەربەخۆیی بوونی هەندێکیان، کاری کردە سەر ئەرمەنیەکان و جۆشیدا بە داواکاریەکانیان لە پێناوی چاکسازی سیاسی و ئابوری و بەشدارییپێکردنیان لە بڕیاردان و رێگەخۆشکردن بۆ سەربەخۆیی. دەوڵەتی عوسمانی گوێرایەڵی داواکاریەکانیان نەبوو و لەهەمانکاتدا دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لە پێناوی پارێزگاریکردنی بەرژەوەندیەکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی هیچ بایەخیان بەو بابەتە نەدا. لەبەرئەوەی داهاتی باج و خەراج و گومرگی ئەم پێکهاتەیە زۆر گرنگ بوو لای دەوڵەتی عوسمانی، بە رێگەی کوشتن و بەکارهێنانی هێز و تۆقاندنەوە رووبەڕوویان بوونەوە و سەرکوتیان کردن. دروستبوونی گرژی لەناو ئەرمەنەکان و کوشتن و سەرکوتکردنیان سەرلەنوێ بووە هۆاکاری لاوازبونی جموجۆڵی بازرگانی و کەمبوونەوەی بەرهەمی پیشەیی و کەمبونەوەی داهاتەکانی دەوڵەت. «بۆ زانیاری زیاتر بروانە ٩١ ل٥٠٣-٥٤٤»
خەرجیی سەربازی دەوڵەتی قاجاری ئێران لە نێوان ساڵەکانی ١٨٦٧-١٩٢٢ شەش هێندە زیادیکرد. ساڵی ١٨٥٩ دەستیانکرد بە هێنانی شارەزایانی سەربازی روسی و بروسی بۆ رێکخستن و مەشقپێکردنی سوپا. ساڵی ١٨٧٩ روسەکان سوپایەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تـری نوێیـان دروسـتکرد بەمۆدێلـی روسـی بەنـاوی سـوپای کۆسـاکەوە. ژمـارەی ئەوانـە گەیشـتە ٨٠٠٠ چەکداری مەشـقپێکراوی رێکخـراو. شـا ئەمـەی بـۆ رازیکردنـی روسـەکان و بەهێزکردنـی سـەنگی خـۆی رووبـەڕووی فیوداڵـە خێڵەکیەکانـی تـر دروسـتکرد «١٥ ل١٠٤». گەندەڵـی لـە پێکهێنانـی سـوپادا بـەردەوام بـوو. بەرتیـل و واسـتەکردن و خزمایەتـی و رازیکردنـی سـەرەکخێڵەکان بـە دانـی پلـەی سـەربازی بـە خۆیـان و کـوڕ و خزمەکانیـان لـە هەمـوو ریزەکانـی سـوپادا پەیـڕەو دەکـرا، کـە دەبـووە هـۆکاری لاوازی سـوپا و دزینـی زۆر و بەکارهێنانـی سـوپا بـۆ زیادکردنـی سـامانی ئابـوری ئـەوا تێـژە کۆمەڵایەتیانـە «١٠٥ ل٢٣٧».

لـە دوای شکسـتهێنانی سـێ شـەڕی لەگـەڵ روسـیادا لـە نیـوەی یەکەمـی سـەدەی نـۆزدەدا و کۆنترۆڵـی باکـوری رۆژئـاوای وڵاتەکـە لەلایـەن روسـیاوە. هەروەهـا بـە هـۆی شکسـتهێنانیەوە رووبـەڕووی ئینگلتـەرا لـە سـاڵی ١٨٥٩دا و کۆنترۆڵکردنـی باشـوری وڵاتەکـە لەلایـان ئـەو دەوڵەتـەوە، قاجـار چیتـر توانـای نەمابـوو بتوانێـت دەسـتدرێژی بکاتـە سـەر دراوسـێکانی و شـەڕی دەرەکـی بـکات «١٥ ل١٤٨».

لاوازبوونـی ئـەم دەوڵەتـە و لەهەمانکاتـدا لاوازبوونـی دەوڵەتـی عوسـمانی بەهـۆی شـەڕی دەرەکـی و ناوخـۆوە، وای لـەو دوو دەوڵەتـە کـرد، کـە چیتـر توانـای شـەڕی یەکتریـان نەبێـت. ئەمـە بـووە هـۆکاری سـەرەکی بـۆ وەسـتاندی شـەڕی نێوانـی ئـەم دوو دەوڵەتـە و جێگیربوونـی سـنوری نێوانیـان هەتاکـو ئەمـڕۆ و بەردەوامبوونـی دابەشـبوونی کوردسـتان لـە نێوەندیانـدا.

کۆنترۆڵکردنـی باکـور و باشـوری ئێـران لەلایـەن روسـیا و ئینگلتـەراوە، وای لـە قاجارکـرد بـە هەمـوو توانایەکیـەوە هیـچ نەبێـت دەسـەڵاتی خۆی لـە ناوەنـدی وڵاتەکە بهێڵێتـەوە. لـە رووی هێـزی سـەربازییەوە لەلایەکـەوە چەکـی لـەو دوو دەوڵەتـە دەکـڕی بـۆ رازیکردنیـان و لەلایەکـی تـرەوە دەیویسـت لـە شـکرەکەی چەکداربـکات بـۆ پەیداکردنـی هاوسـەنگیەک لەگـەڵ هێزەکانـی ئـەو دوو دەوڵەتـەو لەهەمانکاتـدا سـەرکوتکردنی دوژمنەکانـی ناوخـۆی.

لـەم قۆناغـە مێژوویەشـدا لـەم وڵاتـە چەندیـن شـەڕ و راپەڕینـی خوێنـاوی ناوخـۆ روویانـدا. گرنگترینیـان راپەڕینی پیشـەییەکانی مەشـهەد لە سـاڵی ١٨٥٨دا، سـاڵی ١٨٥٩ خێڵەکانـی بەهارلـو و ئەنالـوس لـە ناوچـەی فـارس راپەڕیـن، سـاڵی ١٨٦٠ بزووتنەوەی سـەردارەکانی خێڵـە کوردەکانـی لوڕسـتان روویـدا، مانگرتنـی بازرگانیەکانـی قەزویـن لـە سـاڵی ١٨٦٠دا، سـاڵی ١٨٦١ بازرگانەکانـی خۆراسـان، سـاڵی ١٨٦٥ راپەڕینـی ناوچـەی خامیـش، هەمـان سـاڵ راپەڕینـی شـاری شـیراز بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ بـەردەوام بـوو، سـاڵی ١٨٦٩ راپەڕینـە مەزنەکـەی تالیـس لـە کرماشـان، سـاڵی ١٨٨٠-

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٨٨٣ ڕاپەڕینەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە کوردستان، ساڵی ١٨٨٦ چەند ڕاپەڕینێکی خێڵەکانی چەلەبی و کلهور و کاراندی. سەرەڕای ئەوانە ڕاپەڕینی جوتیاران لە چەندین ناوچەدا ڕوویدا. لە ساڵەکانی ١٨٨٠دا بەهۆی برسێتی و نەخۆشی و پەتا بڵاوبوونەوە هەتا ڕادەیەک ئاژاوە و شەڕوشۆڕ ئەهوەن بۆوە «١٥ ل ١٨٢».

هەموو ئەمانە، بوونە هۆکاری شکستهێنانی ئێران لە مودێرنکردنی سوپا و شەڕی دەرەکی و کۆنترۆڵکردنی ناوەوە و پاراستنی یەکێتی دەوڵەتەکە و لەسەرووی هەموویانەوە بووە هۆی زیادبوونی خەرجی زۆری سەربازی دەوڵەت کە داهاتی ناوخۆ چیتر بەشی نەدەکرد.

## زیادبوونی خەرجی کۆشک (بلات)

بەدرێژایی مێژوو داهتی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوو بوردا بەکار هاتووە، خەرجی سەبازی و خەرجی کۆشک و دەستەبژێری دەسەڵاتداری فیودالی خێڵەکی. بەڵام لەپاڵ بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان و بوژاندنەوەی بازرگانیدا ئەو خەرجانە زۆر زیادیانکرد. بۆ نمونە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٦٧-١٩٢٢ خەرجی کۆشک لە ئێران حەوت هێندی لێهاتووە.
پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە ڕوانگەی شا\سوڵتان و دەستەبژێری دەسەڵاتدار بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو پێشکەوتنە گەورانەی ڕۆژئاوای ئەوروپا لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە، خۆی لە دروستکردنی تەلار و کۆشکی مەزنتر و جلوبەرگی زێرین و دیوانی گەورە و خواردن و خواردنەوەی باشتر و زیادبوونی ژمارەی ژن و جاریەدا بووە. بۆ نمونە ساڵی ١٨٩٠ ژمارەی ژنەکانی شای قاجار بە فەرمی گەیشتونەتە ٨٥ ژن، ژمارەی کۆی ئەو ئافرەتانەی سەر بە شا بوون بە مارەیی و سیغە گەیشتونەتە ٣٠٠٠دانە. ئەو ئافرەتانە بەپێی جوانیان و ڕازیبوونی شا لێیان مانگانە بە سێ ئاستی جیاواز پارەیان پێ بەخشراوە. پلەی سەرەوە ٧٥٠ تومەن، دووەم ٥٠٠ تومەن و سێیەم ١٥٠ تومەن «١٠». بێگومان حەرەمی سوڵتانی عوسمانییش ژمارە و خەرجیان لەمە کەمتر نەبووە. سەرەڕای ئەوانە سەفەری شا\سوڵتان و پیاوە نزیکەکانی بۆ ئەوروپا و بردنی دیاری بۆ پاشاکانی ئەوان و دانی دیاری بە میوانەکانیان و بەخشیش پێدان خەرجێکی زۆری تر بوو «١٥ ل٩٠».
هەڵبەتە زیادبوونی ئەم خەرجانە تەنها لە سنووری کۆشک و پایتەختدا نەوەستاوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵکو شۆڕبۆتەوە بۆ توێژەکانی تری فیوداڵی خێڵەکی دەسەڵاتدار. گەورە دەسەڵاتدارانی نموونەی والی و سەرەک لەشکرە نیزامیەکان، باجکۆکەرەوەکان و توێژە دەسەڵاتدارەکانی تر لاسایی ئەوانەی سەرەوەیان کردووە و بەژیانی سەڵتەنەت ژیاون. لای ئەوانەش کۆشک و تەلار و پاسەوانی زۆر و ژمارەی ژن و کۆیلە و جاریە نیشانەی پێشکەوتن و شارستانی بووە.

## زیادبوونی خەرجی دەستگاکانی دەوڵەت

دەستگا کۆنە دواکەوتووەکانی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەک بونیاد و رێکخرا بوون، کە گونجا بوو لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی سیستمی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەیی فیوداڵی خێڵەکی بچوک و قوفڵدراو. لەم قۆناغەدا ئەو دەستگا کۆنانە رێگربوون لە بوژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و راپەڕینی کاروباری خەڵکی و کۆکردنەوەی باج و گواستنەوە و تەلەگراف و کاری بانکی و سەد و قەنات دروستکردن و سیستمی فێرکردن.... . گۆڕانکاری لەوانە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی سیستمی کۆن و لابردنی کاربەدەستانی و دامەزراندنی سیستمی نوێ تر و گورجتر و دامەزراندنی خەڵکی تازە بوو. لەبەرئەوەی هەندێ لەو کارانە بە خەڵکی ناوخۆ نەدەکرا، کۆمپانیا و شارەزای بێگانەیان بەکاردەهێنا. هەموو ئەمانە دەبوونە بار بەسەر خەزێنەی دەوڵەت و خەرجێکی زۆر زیاتر بوو لە جاران.

## بەشنەکردنی داهاتی باج و گومرگ

بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و داهاتی باجی گومرگ لە سەدەی نۆزدەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە چاو کۆندا بە رێژەیەکی هێجگار گەورە زیادیکردووە. لەبەر نەبوونی ئاماری فەرمی و نەبوونی تۆماری داهاتەکانی ئەو دەوڵەتانەو گومانکردن لە راستیاندا، مێژوونوسەکان ئەو زیادبوونە بە گۆڕانکاریەکانی تری ناو کۆمەڵگەکان دەپێوون.
بێجگەلە بوژاندنەوەی بازرگانی و زیادبوونی داهاتی باج و گومرگ لەو بوارە گرنگەدا، لە نێوان ١٨٠٠-١٨٢٥دا ژمارەی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢ هەتا ٣ هێندەی لێهاتووە. هەڵبەتە ئەوە بە هەمان رێژە زیادبوونی ژمارەی خەڵکانی بەرهەمهێنەریش دەگەیەنێت. بەپێی ئەوە دەبێت بەرهەمهێنان و داهاتی باج و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گومـرگ تیایـدا زۆر زیادیکردبێـت.
گەورەبوونـی شـارەکان و گردبوونـەوەی ژمارەیـەک خەڵکـی زیاتـر تیایانـدا، هەروەهـا خەریکبوونـی ژمارەیـەک زۆر لـە جوتیـاران بـە بەرهەمهێنانـی بەروبوومـی کشـتوکاڵی کەرەسـەی خـاوەوە، پێداویسـتی بەرهەمـی کشـتوکاڵی بەکارهێنانـی زۆر زیاتـر کـردووە. هەمیسـانەوە زیادبوونـی بەرهەمـی پیشـەیی و پیشەسـازی سـەرەتایی خۆماڵـی، داهاتـی بـاج و گومرگـی زۆر لـە پێشـتر زیاتـر کـردووە.
سـەرەڕای گەندەڵـی بێسـنوور لـە سیسـتمی بـاج و باجکاریـدا و دزینـی ڕێژەیەکـی زۆر لەداهاتـی دەوڵـەت و هەروەهـا بێچگەلـە باجـە فەرمیـەکان، سـەرانەیەکی زۆر لـە ڕێگـەی بەرتیـل و بەشـەڕیکبوونەوە چۆتـە گیرفانـی چەنـد توێژێکـی دەسـەڵاتدار، چاکسـازییەکانی دەوڵەتـەکان لـە سیسـتمی باجکۆکردنـەوە و زیادکردنـی ڕێـژەی بـاج لەسـەر بەرهەمهێنـەرەکان و زیادبوونـی جۆرەکانـی هەمیسـانەوە ئـەو داهاتـی دەوڵەتەکانـی زۆر زیاتـر کـردووە لـە جـاران.
چاکسـازی دەوڵەتـەکان لـە بـواری چاکسـازی لـە موڵکایەتـی زەویـوزار و چۆنیەتـی کۆکردنـەوەی باجـەکان بـە درێژایـی سـەدەی نـۆزدە زیادیکـرد، بـەڵام بەهـۆی بەردەوامبـوون لـە زیادبوونـی خەرجەکانـی دەوڵـەت و گەندەڵـی بێسـنوور لـە دەسـتگاکانی دەوڵەتـدا، بەشـێکی زۆری داهاتـەکان دەکەوتـە گیرفانـی کاربەدەسـتانی دەوڵـەت و چینوتوێـژە دەسـەڵاتداراکانەوە. ئـەوی دەکەوتـە خەزێنـەی دەوڵەتـەوە ڕێژەیەکـی کەمـی ئـەو داهاتانـە بـوو «**٢ ل١٢٢** «
بەپێـی ئـەو زانیاریانـە وا دەبینێـرێ کـە داهاتـی بـاج و گومرگـی دەوڵەتـەکان لـە نێـوان ١٨٠٠–١٩٢٢دا بـە ڕێـژەی ١٠٤٠٪ زیادیکـردووە بـە مانایەکـی تـر یانـزە هێنـدەی لێهاتـووە «**١٥ ل٩٢**». لەگـەڵ ئـەو زیادبوونـە زۆرەشـدا، ئـەو داهاتانـە دوور بـووە لـەوەی بەشـی خەرجەکانیـان بـکات. هەتـا هاتـووە ئـەو خەرجیانـە زیادیـان کـردووە و بوجـەی دەوڵەتـەکان سـاڵ لـەدوای سـاڵ زیاتـر کورتیـان هێنـاوە.

## قەرز و ئیمتیازاتی دەرەکی و لەدەستدانی بڕیاری ئابوری و سیاسی

لەگـەڵ شکسـتهێنانی چاکسـازی دەوڵەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و زیادبونـی خـەرج و کورتهێنانـی بەردەوامـی بودجـە و کەمبوونـەوەی توانایـان لـە کۆنترۆڵـی وڵاتـەکان، هەتـا دەهـات ئـەو دەوڵەتانـە زیاتـر ناچـاری دەسـتی دەوڵەتـە کەپیتالیسـتەکان دەبـوون، لـە بەرامبـەردا دەسـتێوەردانی سیاسـی و ئابـوری و سـەربازی دەرەکـی لـە ناویانـدا زیادیدەکـرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەپێی سروشتی جیاوازی وڵات و ناوچەکان دینامیکی ئەو دەستێوەردانە ڕێبازی جیاوازی گرتەبەر. لە دەوڵەتی عوسمانی دەستێوەردانی ئابوری پێش سیاسی و سەربازی کەوت، بەڵام لە ئێران دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی پێش ئابوری کەوت. لەگەڵ ئەو جیاوازیەشدا دەرئەنجامی ئەو دەستێوەردانە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا کەم یان زۆرهاوچەشن بوو. هەموو ئەو دەوڵەت و ناوچانە سەربەخۆیی سیاسی و ئابوریان لەدەستدا و بوون بە پاشکۆی سەرمایەداری جیهانی و لەبەر دەستیدا زەلیل بوون.

پرۆسەی لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاتێکدا ڕوویدا، کە گۆڕانکاری مەزن لە ئاستی گەشەکردنی وڵاتەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، بەتایبەتی ئینگلتەرا و فەرەنسا گەیشتە ئاستێکی بەرزتر لەجاران. سەرەڕای بەرفراوانبوونی بەرهەمهێنان لەو وڵاتانەدا و زیادبوونی جۆرەکانی و باشتربوونی چۆنایەتیان و گەشەکردنی تەکنیک و زانستی نوێ، کۆمپانیا و بانک و دەوڵەتەکانیان بوونە خاوەنی کەپیتاڵێکی زۆر گەورەتر و سیستمی بانکی بەهێزتر لە جاران. بەوە توانایان پەیداکرد، کە بەشێک لە کەپیتالیان بەشێوەیەکی فراوان بۆ قەرزپێدان بە وڵاتانی تر و وەبەرهێنانکردن تیایاندا لەدەرەوەی وڵاتەکانیان بەکاربهێنن «**٢٤ ل٤٦**».

لەنێوان ساڵەکانی **١٨٥٠-١٨٦٠** بوژاندنەوەی ئابوری لە ئینگلتەرا و فەرەنسا گەیشتە ئاستێک، کە لە هەموو مێژووی پێشتری مرۆڤایەتیدا هاوتای نەبوو. هەناردەکردنی ئینگلتەرا بۆ دەرەوە لە نێوان ساڵەکانی **١٨٤٨-١٨٥٧** دوو هێندەی لێهات. کۆی بازرگانی دەرەوەی فەرەنسا لە هەناردەکردن و هاوردەکردن لە نێوان ساڵەکانی **١٨٥٢-١٨٦٠** بە ڕێژەی **١٠٠٪** زیادیکرد. بەهۆی ئەوەی خواستی ئەم وڵاتانە لەسەر کەرەسەی خاو بەرێژەیەکی گەورە زیادیکرد، بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و کەرەسەی خاو لەسەرانسەری هەموو جیهاندا بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە بەرێژەیەکی زۆر زیادیکرد «**٣٠ ل١٠٠**».

مێژووی گەشەکردنی ئینگلتەرا و فراوانبوونی دەسەڵات و کاردانەوەی لە جیهاندا درێژخان بوو، هەروەها زیاتر بەهۆی توانای ئابورییەوە بوو. بەڵام گۆڕانکارییە مەزنەکانی ناو فەرەنسا و شۆڕشی فەرەنسی، هێزی سەربازی ڕۆڵێکی گرنگی تێدا بینی. ئەو وڵاتە هەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی سەربازییەوە شۆڕشەکەی هەناردەی وڵاتە دراوسێیەکانی کرد. لەبەرئەوە لای دەوڵەتی فەرەنسا ئاساییتر بوو، کە هێزی سەربازی بەکاربێنی بۆ گەیشتن بە مەرامە ئابورییەکانی لە جیهاندا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی گەورە و بازاڕێکی فراوان و پێکەوتەیەکی ئیستراتیجی گرنگ بوو، بۆیە ئەو وڵاتە کەپیتالیستانە چاویان تێ بڕیبوو. دەوڵەتەکانی ناوچەکە قاپیان خستبووە سەر پشت بۆیان و ئەوانیش بەهەوەسی خۆیان تەراتێنیان تیادا دەکرد. لەنێوان ساڵەکانی **١٨٥٣-١٨٥٥**دا هەناردەکردنی ئینگلتەرا تەنها بۆ تورکیای عوسمانی لە **٢،٥**ملیون پاوەندەوە گەیشتە **٦،٦**ملیون «**٢ ل١٠٣**».

لە ساڵەکانی شەستی سەدەی نۆزدەدا بۆ یەکەمجار لە مێژوویاندا وردە دەوڵەتەکانی ئەڵمانیا لەژێر چەتری دەوڵەتێکی قەیسەریدا یەکیانگرت. ئەگەرچی هێشتا ئەو دەوڵەتە خاسڵەتی فیوداڵی کۆنی تیادا بەهێزبوو، قیسەر دەسەڵاتێکی تاکڕەوی گەورەی هەبوو، بەڵام بەگرێدانی ئەو ناوچەو بازاڕانە پێکەوە، گوژمیدا بە بوژاندنەوەی بازرگانی و پێشکەوتنی پیشەسازی وڵاتەکە و زیادبوونی چالاکی ئابوری و سیاسی و سەربازی لە جیهان و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا «**٦ ل٢٦٣**».

لەگەڵ ئەوەی ڕوسیای قەیسەری دەوڵەتێکی مەزن و زلهێز بوو و ڕۆڵی گرنگی سیاسی و سەربازی پەیداکردبوو، بەڵام لەچاو ئینگلتەرا و فەرەنسادا لە ڕووی ئاستی گەشەکردنی ئابورییەوە زۆر لە دواتربوو. لەگەڵ ئەوەی ڕوسیا هێشتا دەوڵەتێکی فیوداڵی بوو، سیستمێکی بەڕێوەبردنی ئەبسولیتیستیەبوو، بەڵام لە ساڵەکانی **١٨٦٠**دا هەتا ڕادەیەک چەندین پیشەسازی سەرەتایی تیادا گەشەی کرد و لەگەڵیدا توانای سەربازی دەوڵەتەکە زیادیکرد «**٦ ل٣٨٠**». لەم زەمینەیەدا ئەم دەوڵەتە شکستهێنان و لاوازی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی قواستەوە و کەوتە دەستێوەردانی زیاتر لە ناویاندا. لەبەرئەوەی توانای ئابوری وڵاتەکانی ڕۆژئاوای نەبوو، دەستێوەردانی ئەم زیاتر سروشتێکی سیاسی و سەربازی بەخۆوە بینی. بەهۆی جیاوازی سروشتی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و جیاوازی بەڕێوەچوونی دەستێوەردانی دەرەکی تیایاندا، لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری تیایاندا جیاواز بوو، بۆیە لێرەدا بەجیا باسیان دەکەین.

**شکستهێنانی دەوڵەتی عوسمانی**

لە تورکیای عوسمانی (ناوەڕاست و ڕۆژئاوای تورکیای ئەمڕۆ)و میسر، سەرەڕای ئەوەی شکستهێنانی دەوڵەتەکان بوو بە بارێکی قورس لەسەر بەرهەمهێنەرانی وڵاتەکە لە چینوتوێژەکانی ناوەڕاست و خوارەوە، لەسەرەتای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بووە هۆکاری کەمبوونەوەی داهاتی دەوڵەت لە چاو خەرجیەکانیدا، ساڵ لە دوای ساڵ بەردەوامی و زیادبوونی کورتهێنانی بودجە، ناسەنگی نێوان هاوەردەکردن و هەناردەکردن و زەرەرکردن لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا، هاتنە خوارەوەی نرخی دراو. بەهۆی ئەوانەوە، نرخی ئەو کەلوپەلە خۆماڵیانەی هەناردە

لای ئەو دەوڵەتە ئاسانترین و سەلامەترین چارەسەر بۆ ئەو قەیرانانە و مانەوەی دەسەلاتیان، پاڵدانەوە بوو بە دەوڵەتە کەپیتالیستەکانەوە، بەتایبەتی ئینگلتەرا و فەرەنسا. لەو پێناوەدا قاپی وڵاتەکەیان بۆ ئەوانە خستنە سەرپشت و کەوتنە قەرزکردن لێیان و لەهەمانکاتدا ئیمتیازی تایبەتیان دەدا بە کۆمپانیا و بانکەکانیان لە وەبەرهێنانکردندا. ئەم کردار و داخۆزیەی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە دەرفەتێکی زێرین بۆ ئەو دەوڵەتە کەپیتالیستانە کە بەگورجی و پلانی دارێژراو کار لەو بوارانەدا بکەن «٢٤ ل١٥». بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە بووە هۆکاری چارەسەرکردنی قەیرانە ئابورییەکانی ئەو دەوڵەتە یان خراپتریکرد؟

بەهۆی کورتهێنانی بودجەوە ساڵی **١٨٥١**سەرۆک وەزیرانی عوسمانی بۆ یەکەمجار رێکەوتننامەیەکی لەگەڵ بانکی فەرەنسی و ئینگلیزی مۆرکرد بۆ قەرزکردنی **٥، ٥** ملیون فرنک لێیان. ئەمە لەلایەن سوڵتانەوە راگیرا، چونکە لای وابوو، کە قەرزکردن لەو دەوڵەتانە دەبێتە هۆکاری قورسبوونی سەنگی ئەوانە لە وڵاتەکەدا. بەڵام دواتر سوڵتان و دەستەبژێری دەسەلاتدار بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانیان لە قەرزکردن بەولاوە هیچ چارەسەرێکیان بۆ نەدۆزرایەوە.

ساڵی **١٨٥٤** سەرەڕای کورتهێنانی بودجە، دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی شەڕی قرمەوە لەگەڵ روسیا، قەیرانی دارایی گەیشتە ئاستێک کە ناچاربوو**٣،٨١٥،٠٠٠** پاوند لە ئینگلتەرا قەرز بکات. ئەم قەرزە تەنها بەشی **٣٤٪** خەرجی شەڕەکەی کرد، کە گەیشتبووە**١١،٢٠٠،٠٠٠** پاوند. لەبەرئەوە ساڵی دواتر کورتهێنانی بودجە هێندەی تر زیادیکرد و دەوڵەتەکەی ناچارکرد کە قەرزێکی نوێ لە ئینگلتەرا و فەرەنسا بکات. لە بەرامبەردا بۆ رازیکردنی ئەو دوو دەوڵەتە بۆ پێدانی قەرزێکی نوێ پێی، دەوڵەتی عوسمانی پابەند بوو بەوەی بەردەوامبێت لە شەڕەکانیدا لەگەڵ روسیادا «**٣٠** ل**١٠٠**».

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە بۆ ماوەی بیست ساڵ تورکیای عوسمانی و میسر و ناوچەکانی تونس و مەغرب و جەزائیر و لوبنان زنجیرەیەک قەرزی بچوک و گەورەیان لەو دەوڵەتانەکرد. دەوڵەتی عوسمانی لەو ماوەیەدا **١٣** قەرزی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گـەورەی تـری کـرد. سـاڵی **١٨٧٥** کـۆی قەرزەکانـی ئـەو وڵاتـە گەیشـتە **٢٤٢**ملیـۆن پاونـد «**٧** ل**٦٥**».

لەبــەر کەمــی کەپیتــاڵ و نەبوونــی یــان لاوازی سیســتمی بانکــی خۆماڵــی، بــۆ هەڵســوڕانی کاروبــاری بازرگانــی و دابینکردنــی کەپیتاڵــی پێویســت، بــازرگان و بەرهەمهێنــەرە گــەورەکان ناچــار دەبــوون قــەرز لــە بانکەکانــی ئینگلتــەرا و فەرەنســا بکــەن. ســوودی ئــەو قەرزانــە، کــە ئــەو بانکانــە لێیــان دەســەندن لــە نێــوان **٣٠-٤٠٪** بــوو «**٣٠** ل**١٠٣**». ســەرەڕای خەرجــی قورســی ئــەو قەرزانــە بەســەر بازرگانەکانــەوە، ئەوانــەی ناچــاری دەســتی بانــک و کۆمپانیــا بێگانــەکان دەکــرد و ناچاریــان دەکــردن ئــەو قەرزانــە بەکاربهێنــن لــە کڕیــن و فرۆشــتنی کەلوپەلــی ئــەو دەوڵەتــە بێگانانــە و پەیداکردنــی کەرەســەی خــاو بۆیــان.

لەگــەڵ ئــەوەی ئــەو بانکانــە قەرزێکــی زۆریــان دەدا بــە بازرگانــە خۆماڵیــەکان، بــەڵام لایــان گرنگتــر و سودبەخشــتر بــوو کــە قــەرز بــە دەوڵەتــەکان و دامودەزگاکانیــان بــدەن. هــۆکاری ئــەوە بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە قەرزەکانــی دەوڵەتــەکان زۆر گــەورەتــر بــوو، بەهــۆی بەرتیلــەوە بــە دەســەڵاتدارانی دەوڵــەت ڕێــژەی ســوودی زیاتــر بــوو، هەروەهــا وەرگرتنەوەیــان مســۆگەرتر بــوو. لەســەر و هەموویانــەوە لــە ڕێگــەی قــەرزدان بــە دەوڵــەت، ئــەو بانــک و دەوڵەتانــە دەیانتوانــی مەرجــی چاکســازی یاســایی و سیاســی بــە بەرژەوەنــدی خۆیــان بەســەر ئــەو دەوڵەتانــەدا بســەپێنن و گرێبەســتی تایبەتــی لــە وەبەرهێنانکردنــدا لەگەڵیانــدا ببەســتن.

بێجگەلــە دەوڵــەت و بانکــە مەزنــە ئەوروپییــەکان، ژمارەیــەک قــەرزی گــەورەی تــری بچــوک، کــە دەدرا لــە ڕێگــەی بانکــی خۆماڵــی بچوکتــروە بــوو، کــە بەســترابوون بــە دەوڵەتانــی ئینگلتــەرا و فەرەنســا و دواتریــش ئەڵمانیــا و بانکــە گەورەکانیانــەوە. نموونــەی ئــەو بانکانــە، بانکــی ئیمپراتۆریەتــی عوســمانی بــوو، کــە ســاڵی **١٨٥٦** دامــەزرا، بانکــی ئینگلیزی\میســری ســاڵی **١٨٦٤** «**٣** ل**١٠٤**»

مەبەســتی فەرمــی ئــەم بانکانــە، وەبەرهێنانکــردن و قــەرزدان بــوو لــە پێنــاوی گەشــەپێکردنی بەرهەمهێنانــی پیشەســازی و کشــتوکاڵی و ئاســانکاری کــردن بــۆ بوژانــەوەی ئابــوری. بــەڵام لــە پراکتیکــدا لەبــەر کورتهێنانــی بەردەوامــی بوجــەی دەوڵەتــەکان و پێداویســتیان بــە قــەرزی نــوێ، ئــەو بانکانــە بوونــە ســەرچاوەیەک بــۆ قــەرزدان بــە هەنــدێ دامــودەزگای خــوارەوەی دەوڵــەت یاخــود دانــی قــەرزی کــورت خایــان بــە دەوڵــەت بــۆ دانــەوەی ســوودی قــەرزە گەورەکانیــان.

دەوڵەتــی عوســمانی، نەکــو هــەر توانانــی دانــەوەی قــەرز و ســوودی ئــەو قەرزانــەی نەبــوو و هەتــا دەهــات زیاترکەڵەکــە دەبووبەســەریەوە، بەڵکــو هەتــا

دەهات خەرجییەکانی تریشی زیاتری دەکرد و بوجەی کورتی دەهێنا. بۆیە چارەسەرکردنی ئەوە و دانەوەی قەرز و سوودی قەرزەکان پێویستی بە قەرزی نوێ بوو.

سەرەڕای ئەوە هەتا قەرزی دەوڵەت زیاتری بکردایە، زیاتر ناچاری دەستی دەوڵەت و بانکە بێگانەکان دبوون و توانای دانانی مەرجی کەم دەبۆوە و ڕێژەی سوودی ئەو قەرزانە بەرزتر دەبۆوە. ساڵی ١٨٧٤ دەوڵەتی عوسمانی قەرزێکی نوێی کرد، کە تیایدا خواستی ئەو دەوڵەتە دانی سوو بوو بە ڕێژەی ١٢،٣٪، بەڵام بە کردەوە گەیشتە ٤٣٪ . لە نێوان ساڵی ١٨٥٤-٧٤ کۆی قەرزی ئەو دەوڵەتە گەیشتە٢٤١،٩ ملیون پاوەند. لەو قەرزە تەنها توانیویەتی سوود لە ١٢٧،٦ ملیون وەربگرێت. بەڵام٦٠٪ ی کە بە بڕی ١٤٣،٢ ملیون پاوەند بوو بەکارهێنرا بۆ دانەوەی سوودی ئەو قەرزانە «٢ ل١٠٨». بەپێی ئەو زانیاریانە خەرجی قەرزی دەوڵەتەکە بە سوود و ڕسوماتەوە گەورەترین پۆست بووە و ٣٠٪ کۆی داهاتەکانی دەوڵەت بۆ ئەوە چووە «٧ ل٦٤».

کۆی قەرزەکانی میسر لە ساڵی ١٨٥٠دا تەنها ٣، ٣ملیون پاوەند بوو، بەڵام ساڵی ١٩١٤ گەیشتۆتە ٩٦، ٥ملیون پاوەند. بەهۆی خەرجی قورسی ئەو قەرزانە و خەرجی قورسی کردنەوەی قەناتی سوێسەوە کە کەوتە ئەستۆی ئەو وڵاتە، هەروەها داگیرکردنی وڵاتەکە لەلایەن ئینگلتەراوە، ئەو قەرزانەو خەرجییەکانی بووە بارێکی قورس بەسەر دەوڵەتەکەوە. ٤٠٪ کۆی داهاتی دەوڵەتەکە بەکارهێنراوە بۆ دابینکردنی خەرجی ئەو قەرزانە «٧ ل٦٥».

بێجگەلە هەڵپەکردنی دەوڵەتی عوسمانی و میسر بۆ قەرزکردن لە پێناوی بە مودێرنکردنی سوپا و دەستگاکانی دەوڵەت و دابینکردنی کورتهێنانی بودجە، لەگەڵ بوژانەوەی بازرگانی و گەشەکردنی ئابوریدا خەرجی پێداویستی نوێ هاتە پێشەوە. گرنگی داهاتی باج و گومرگی بازرگانی و باج لەسەر بەرهەمە نوێیەکان هێندە زۆر بوو، کە دەوڵەت نەیدەتوانی چیتر وەکو پێشتر ئاسانکاری لەو بوارانە نەکات. نمونەی ئەوانە بریتی بوو لە چاکسازی لە سیستمی ئاودێری بە هەڵکەندنی قەناتی ئاو و بەنداو بۆ گەشەپێکردنی کشتوکاڵ، ڕاکێشانی کارەبا، ڕاکێشانی هێڵی تەلگراف و شەمەندەفەر... هەموو ئەمانە پێویستی بە کەپیتاڵی مەزن و شارەزایی بوو، کە دەوڵەت توانای تەرخانکردنی ئەوانەی نەبوو بەڵکو پێویستی بە قەرز و کەپیتاڵ و تواناو شارەزایی بێگانە بوو.

سەرمایداریی جیهانییش ئەو پرۆژانەیان لەو وڵاتانەدا زۆر لاگرنگ بوو. بێ گۆڕانکاری لەو بوارانەدا زەحمەت بوو بتوانرێ سەرانسەری ناوچەکان بە

بـازاڕی جیهانـەوە ببەسـتێت و بەرهەماکانیـان و کەرەسـەی خـاو بـە هەرزانتریـن نـرخ و کورتریـن کات بـە شـوێنی خۆیـان بگەیەنرێت. لـە پاڵ ئەمانەشـدا لـە بەرژەونـدی کۆمپانیـا و بانکەکانیانـدا بـوو، کـە لـەو پرۆژانـەدا وەبەرهێنـان بکـەن «**٢٤ ل٣٢**».

سـاڵی **١٨٧٠**هێشـتا دەوڵەتـی عوسـمانی دەوڵەتێکـی زلهێـز بـوو لـە جیهانـدا، خاوەنـی هێـزی سـەربازی گـەورە بـوو، ڕۆڵـی گرنگـی هەبـوو لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و ڕۆژئـاوای ئەورووپـادا. لەگـەڵ ئەوشـدا سـاڵی **١٨٧٥** ئـەو وڵاتـە کەوتـە ئاسـتێکی قەیرانـی دارایـی ئەوتـۆوە، کـە لەگـەڵ هەمـوو ئـەو قەرزوقۆڵەیـەی کردبـووی، بێجگـە لـە بـێ توانایـی لـە دانـەوەی مەبلەغێکـی گـەورەی قـەرز و سـوودی قـەرز، بودجـەی دەوڵەتەکـە **٥** ملیـۆن پاوەنـد کورتـی هێنـا. دەوڵـەت توانـای دابینکردنـی ئەمانـەی نەبـوو، بۆیـە بـە بانکـە خـاوەن قەرزەکانـی ڕاگەیانـد، کـە توانـای دانـەوەی سـوود و قیسـتی قەرزەکانـی نیـە و داوای لێکـردن لەسـەری بووەسـتن. لـە پڕاکتیکـدا ئـەم داواکارییـە بانگێشـی نابووتبوونـی دەوڵەتەکـە بـوو. بەمـە پێگـەی ئابـوری و دارایـی دەوڵەتەکـە هاتـە خـوارەوە بـۆ ئاسـتی نزمتریـن دەوڵەتەکانـی ئەوسـای جیهـان، نموونـەی بروسـیا و ئیسـپانیا و ڕوسـیا و یونـان و پورتـوگال و زۆربـەی وڵاتەکانـی ئەمەریـکای باشـوور «**٣٠ ل١٠٨**».

لەبـەر گەندەڵـی بێسـنووری نـاو ریزەکانـی سـوپا و دەوڵـەت، هیلاکبـوون و بێزاربوونـی بەرهەمهێنـەر و بازرگانـەکان بەدانـی باجـی و گومرگـی قـورس، چیتـر ئـەو دەوڵەتـە توانـای زیادکردنـی داهاتـی ناوخـۆی نەبـوو. لەبەرئـەوە سـەرلەنوێ هەڵمەتـی هەوڵدانـی دەسـتپێکرد بـۆ تاڵانکـردن و زیاتـر ڕووتانـەوەی دەرەوە. سـاڵی **١٨٧٥** هێرشـی سـەربازی کردەسـەر وڵاتەکانـی بەڵقـان بـۆ لێسـەندنی باجـی زیاتـر لێیـان، سـاڵەکانی **١٨٧٧** کەوتنـەوە شـەڕ لەگـەڵ ڕوسـیادا «**٩١ ل٥٠٧، ٥٠٨**».

لەوسـاڵانەدا سـەرەڕای فاکتـەرە هەمیشـەییەکان، بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی پەتـاوە ژمارەیەکـی هێجگـار زۆر ئـاژەڵ لـە هەنـدێ ناوچـەی ئەنـادۆڵ مـردار بوونـەوە، بەهـۆی کاولبـوون و خەریکبوونـی ژمارەیەکـی زۆر جوتیـاران بەشـەڕەکانی بەڵقـان و ڕوسـیاوە داهاتـی بـاج بـە ڕێژەیەکـی زۆر کەمیکـرد. هەمـوو ئەمانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی داهاتـی پێویسـت بـۆ دانـەوەی ئـەو قەرزانـە وەکـو چاوەڕوان دەکـرا نەبێـت. ئەمانـە سـەلەنوێ دەوڵەتـی عوسـمانی ناچارکـرد بـۆ قەرزکردنـی تـر. سـاڵی **١٨٧٦** قـەرزی **١٦**ملیـۆن پاوەندیـان کـرد، هـەر دوابـەدوای ئـەوە **٥، ٥**ملیـۆن پاوەنـد و سـاڵی **١٨٧٩** قەرزێکـی بـە٨،٧ ملیـۆن پاوەنـد. لەبەرئـەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی لای قـەرزدەرەکان جێگـەی بـڕوا نەبـوو، لەسـەرئەوە ڕێکەوتـن بـۆ وەرگرتنـەوەی قیسـتی قـەرز و سـودەکانی، خۆیـان ڕاسـتەوخۆ داهاتـی باجـی هەنـدێ ناوچـە کۆبکەنـەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمە سەرەتای قوناغێکی گرنگی نوێ بوو لە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی بێگانە لە کاروبار و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەوە «٣٠ ل١٠٨».
بۆئەوەی تورکیای عوسمانی بەشێوەی میسر ڕووبەڕووی نابووتبوون و داگیرکردن نەبێتەوە یەک ڕێگەی لەبەردەمدا مابوو، ئەویش ئەوەبوو، کە سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی دارایی دەوڵەتەکە بداتە دەست دەوڵەتە قەرزدەرەکان و بەتەواوەتی قاپی وڵاتەکە بخاتە سەرپشت لەبەردەم بانک و کۆمپانیاکانی وڵاتە کەپیتالیستەکان، کە بەهەوەسی خۆیان بە ئازادی کاری تیادا بکەن.
ئەو بانک و کۆمپانیانە بێ پاڵپشتی دەوڵەتەکانیان ئەو توانایەیان نەبوو، بۆیە ئەمە ڕێگەی بۆ دەستێوەردانی تەوای دەوڵەتە کەپیتالیستەکان خۆشکرد، لە کاروباری وڵاتەکە و بەشداریکردن لە بڕیارە سیاسی و ئابورییەکاندا. ئەمە لەلایەکەوە دەستپێکردنی لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری دەوڵەتی عوسمانی بوو و لەلایەکی ترەوە بانک و کۆمپانیا و کاربەدەستانی دەوڵەتە بێگانەکانی کرد بە تەرەفێکی ناوخۆی کۆمەڵگە و دەستپێکردنی ململانێ و هاریکاریکردنی ڕاستەوخۆی ئەوانە و چینوتوێژ و پێکهاتەکانی وڵاتەکە.
بە کردەوە پرۆسەکە ساڵی **١٨٧٨** لە کۆنگرەی بەرلین بە فشاری نێودەوڵەتی بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی دەستپێکرد، کە ئەو دەوڵەتە بە مەرجەکانیان ڕازی بێت. بە کردەوە بۆ ناچارکردنی دەوڵەتی عوسمانی بەو مەرجانە، ساڵی **١٨٧٩** بەریتانیا هێزێکی سەربازی ڕەوانەی گەرووی دەردەنیل کرد. ئەم کردارە بە ملکەچبوونی عوسمانیەکان بۆ مەرجیەکانی ئەو دەوڵەتانە کۆتاییهات، کە بریتی بوو لە دەستبەسەراگرتنی چاودێریکردنی دارایی دەوڵەتەکە لەلایەن ئەوانەوە «**٣٠** ل**١٠٩**».
لەگەڵ ئەوەی قەیرانی دارایی دەوڵەتی عوسمانی بە شێوەی تونس و میسر نەبووە هۆکاری داگیرکردنی تورکیای عوسمانی لەلایەن هێزی سەربازی بێگانەوە، بەڵام کۆنترۆڵکردی دارایی وڵاتەکە لەلایەن هێزی دەرەکیەوە بووە هۆکاری لەدەستدانی سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی دەوڵەتەکە. ئامێری سەرەکی بۆ گەیشتن بەو مەبەستە دامەزراندنی دەستگایەک بوو بە ناوی -دیوانی ئیدارەی قەرزەکانی دەوڵەتی عوسمانی- کە دەتوانین لێرەدا کورتی بکەینەوە بۆ د. ق. ع. ( ottoman public debt Administration/ PDA) .
ئەمە ساڵی **١٨٨١** بە دەستی سێ بانکی گەورەی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتانی بێگانە دامەزرێندرا، کە بریتی بوون لە بانکی ئیمپراتۆری عوسمانی و بانکی ئەڵمانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و بانکی نیشتمانی تورکی. سەرەڕای ئەمانە، نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتە قەرزدەرەکانی ئینگلتەرا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بروسیا و ئیتاڵیا تیایدا ئەندامبوون. هەروەها ژمارەیەکی زۆری شارەزا و کارمەندیان دانا بۆ چاودێکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە و خستنەگەری بڕیارەکانی ئەو دیوانە. سەفارەتەکانی ئەو دەوڵەتانە ڕۆڵی گرنگیان لەو کاروبارانەدا دەبینی. ئینگلتەرا و فەرەنسا ڕۆڵی سەرەکیان تیایدا دەبینی و ڕۆڵی ئەڵمانیا هەتا دەهات زیاتری دەکرد، بەڵام نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی تیایدا مافی بڕیاردانی نەبوو، بەڵکو تەنها مافی بەشداریکرن و رادەربڕینی هەبوو «**٣٠ ل١٩١**».

ڕۆڵی ئەو دیوانە کۆنترۆڵکردنی دارایی دەوڵەت و مسۆگەرکردنی وەرگرتنەوەی قەرز و سوودەکانی بوو، بەوەش ئابوری و بازاڕی ناوچەکەی بەست بە بەرژەوەندی دەرەوە و سیاسەتی جیهانەوە.

بۆ دابینکردنی قیست و سوودی قەرزەکان، د. ق. ع. مۆنۆپۆڵی لە چەندین بواردا پێدرا لەوانە بەرهەمهێنانی خوێ، باج و رسومات لەسەر مەشروبات، باج لەسەر ماسی دەرهێنان و فرۆشتنی، داهاتی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ئاوەریشمی هەندێ ناوچە، هەروەهانی داهاتی باجی چەندین ناوچە.

ڕۆڵێکی گرنگی تری د. ق. ع بریتی بوو لە پەیداکردنی قەرزی نوێ بۆ دەوڵەتی عوسمانی و بەکارهێنانی لە پرۆژەی نوێدا. بەستنی ژمارەیەک ڕێککەوتنامە لەگەڵ بانک و کۆمپانیا بێگانەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردن و چاکسازی لە دەستگا ئیداری و سەربازییەکانی دەوڵەتدا. دانی ئیمتیازی تایبەتی بە هەندێ کۆمپانیا بۆ ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و دروستکردنی ڕێگەی وشکانی و تەلگراف و کانزا و گەڕان بەشوێن سامانی سروشتیدا. بوارێکی گرنگی تر، کە کاریان بۆ دەکرد خزمەتگوزاری گشتی بوو، نمونەی ئاوی پاک، کارەبا، خەستەخانە، قوتابخانە و بواری تر «**٣٠، جدولی ٣٦ ل ١٩٣**».

سەرەڕای بوونی ئەو ئیمتیازاتانە لەو بوارانەدا، لە پاڵ هەموو یەکێک لەمانەدا ئیمتیازی تر دەدرا بەو بانک و کۆمپانیانەی کە بەو کارانە هەڵدەستان. بۆ نمونە ئەوانەی بە ئەرکی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر هەڵدەستان، مافی مۆنۆپۆڵی بازرگانی دەوروپشتی ڕێگەکەیان پێدەدرا و لەهەمانکاتدا مافی کۆکردنەوەی باج و رسوماتی شەمەندەفەرەکانیان پێدەدرا.

لایەنی باشی کۆنترۆڵکردنی کاروباری دارایی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن د. ق. ع. وە ئەوە بوو، کە ئەو دەوڵەتەی لە نابووتبوون و داگیرکردن ڕزگارکرد. ئەو کۆنترۆڵە وایکرد، ئەو دەوڵەتە بە پێچەوانەی کۆنەوە زیاتر بتوانێ سوود لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قـەرز و داهاتەکانـی وەربگرێـت و لەکاتـی خۆیـدا قیسـت و سـوودی قەرزەکانـی بداتـەوە. لـە نێوەنـد سـاڵەکانی ١٨٨١-١٩١٤ لەکـۆی تـەواوی قەرزەکانـی کـە ١٦٦ملیـۆن پاوەنـد بـوو، ڕێـژەی ٨٩٪ ی ئـەو قـەرزەی کـە ١٤٧پاوەنـد بـوو دەچـووە خەزێنـەی دەوڵەتـەوە، بـەڵام پێـش ئـەوە کەمتـر لـە ٤٠٪ قـەرزەکان لـەدوای دانـی قـەرز و سـودەکانی دەچـووە خەزێنـەی دەوڵەتـەوە.

بـەڵام لایەنـی خـراپ و ترسـناکی د. ق. ع. ئـەوە بـوو، هەتـا دەهـات دەوڵەتـی عوسـمانی زیاتـر بڕیـارە ئابـوری و سیاسـی لەدەسـت دەدا. بۆ نموونـە لـە دوای چەنـد سـاڵێک ژمـارەی کاربەدەسـتانی د. ق. ع. گەیشـتە ٥٥٠٠ کـەس، کـە لـە ژمـارەی هەمـوو کاربەدەسـتانی وەزارەتـی دارایـی دەوڵەتەکـە زیاتـر بـوو. ژمـارە باجکۆکەرەوەکانـی سـاڵی ١٩١٢ گەیشـتبووە ٧٢٠کـەس. ژمـارەی کانـە خۆیەکانیـان گەیشـتبووە ١٠٠دانـە. دەسـەڵاتی د. ق. ع. هێنـدە زیادیکـرد کـە زۆرجـار ئـەوان بـوون بڕیاریـان دەدا چـۆن و لـە چ بوارێکـدا دەوڵەتەکـە قەرزەکانـی بـەکار بێنێـت «٣٠ ل ١٩٥».

سـاڵی ١٨٨٥ کـۆی وەبەرهێناناتـی بێگانـە لـە ڕێگـەی ئیمتیـازی تایبەتیـەوە ٧٤١ ملیـۆن فرانـک بـوو، کـە لـەوە ٣٩٪ فەرەنسـی بـوو، ٢٤٪ ئینگلیـزی و ١٩٪ ئەڵمانـی، بـەڵام سـاڵی ١٩١٤ گەشـتبووە ١١٤٤ ملیـۆن فرانـک کـە لـەوە ٤٥٪ فرنسـی بـوو، ١٦٪ ئینگلیـزی و ٣٠٪ ئەڵمانـی. لـە میسـر سـاڵی ١٨٨٣ کـۆی ئـەو وەبەرهێنانانـە ٦، ٦ ملیـۆن پاوەنـد بـوو لـەوە ٦ ملیونـی کەپیتالـی بێگانـە بـوو. بـەڵام سـاڵی ١٩٠٢گەیشـتبووە ٢٦، ٤ ملیـۆن پاوەنـد بـوو، لـەوە ٢٤، ٦ کەپیتالـی بێگانـە بـوو. سـاڵی ١٩١٤ گەیشـتۆتە ١٠٢، ٤ ملیـۆن پاوەنـد و لـەوە ٩٢ملیونـی کەپیتالـی بێگانـە بـووە «٧ ل٦٩». ئـەم ئامارانـە خێرایـی بەڕێوەچوونـی ئـەو پرۆسـەیە و لەدەسـتدانی سـەربەخۆیی سیاسـی و ئابـوری ئـەو دەوڵەتـە دەردەخـات.

## شکستهێنانی دەوڵەتی قاجار لە ئێران

پێشـتر باسـی خاسـڵەتە تایبەتیەکانـی ئێرانمـان کـرد، کـە چـۆن کاردانـەوەی گرنگـی کردەسـەر ڕێـڕەوی گۆڕانکاریـەکان لـەم وڵاتـەدا. لـەم قۆناغەشـدا هەمـان ئـەو خاسـڵەتانە کاریگەریـان هەبـوو لەسـەر چۆنیەتـی بەڕێوەچوونـی پرۆسـەی لەدەسـتدانی سـەربەخۆیی سیاسـی و ئابـوری وڵاتەکـە.

لـەدوای کۆنترۆڵکردنـی باشـووری وڵاتەکـە لەلایـەن ئینگلتـەرا و باکـوری ڕۆژئـاوای لەلایـەن ڕوسـیاوە، بەکـردەوە وڵاتەکـە بەسـەر سـێ زۆنـدا دابەشـبوو. ئینگلتـەرا دەسـەڵاتی بەسـەر زوونـی باشـوور و ڕوسـیا بەسـەر باکـوور و ناوەڕاسـتی هەبـوو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وڵاتەکەش لەژێر دەسەڵاتی قاجاردا مایەوە. لەبەر لاوازی قاجار و پێداویستی وڵاتەکە بە چاکسازی و ململانێی توندی نێوان فیوداڵە خێڵەکییەکان و ناو بنەماڵەی قاجار خۆی، هەروەها رۆڵی تایبەتی دەستەڵاتی ئایینی شیعە لەوڵاتەکەدا، زۆنی ناوەڕاست بوو بە مەیدانێک بۆ دەستێوەردانی ئەو دوو دەوڵەتە لە کاروباری وڵاتەکەدا و ململانێی نێوانیان لەپێناوی کۆنترۆڵکردنی قاجار و راکێشانی بەلای خۆیاندا «بەندی سێیەم».

ئەم فاکتەرانە وایکرد، کە شا و دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی قاجار چیتر بڕیاری سیاسی لەدەست نەمێنێت و لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە فاکتەرەکانی ناوەوە، بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات بکەوێتە دەست بێگانەوە. ئەمە وایکرد کە ئێران بە پێچەوانەی دەوڵەتی عوسمانیەوە پێش لەدەستدانی سەربەخۆیی ئابوری، سەربەخۆیی سیاسی و کۆنترۆڵکردنی ناوجەرگەی وڵاتەکەی لەدەست بچێت.

ئەو دەستێوەردانە گەیشتە ئاستێک کە ئەو دەوڵەتانە ببنە لایەنێکی سەرەکی لە دانانی شا و مانەوە و داڕشتنی بڕیارەکانیدا. شا و دەستەبژێری دەسەڵاتدار بۆ مانەوەی خۆیان و رازیکردنی ئەو دەوڵەتانە، هەر جارەی رۆڵی یەکێک لەو دەوڵەتانەیان زیاد دەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەویتریان. دوا ئەنجامی ئەوەش کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و زیادبوونی بەردەوامی رۆڵ و کۆنترۆڵی بێگانە بوو.

روسیا لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا هەندێ چاکسازی تیایدا روویدا، کە بووەهۆی گەشەکردنی پیشەسازی سەرەتایی لە هەندێ کەرتی ئابوری دەوڵەتەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چونکە ئاستی گەشەکردنی ئینگلتەرا لەم قۆناغەدا گەیشتبووە پایەیەکی بەرز، توانای ئابوری روسیا لە ئێران لەچاو ئینگلتەرادا زۆر لاوازتر بوو. لەبەرئەوە دەستێوەردانی سیاسی و سەربازی روسیا لە ئێراندا زۆر زیاتر بوو لەچاو ئینگلتەرادا و بەپێچەوانەوە توانای ئابوری لاوازتر بوو «١٥ل ١٥٠\٥١».

پێش کردنەوەی قەناتی سوێس زۆربەی بازرگانی دەرەوەی ئێران بۆ ئەوروپا بەرێگە وشکاییەکانی روسیا و دەوڵەتی عوسمانیدا تێدەپەڕی. لەبەر دووری و خەرجی قورس لە رێگەی دەریایی (رأس الرجاء الصالح)ەوە، رێژەیەکی کەمی بازرگانی ئێران کە لەگەڵ ئەوروپا هەی بوو لەم رێگەیەوە بەڕێوەدەچوو. بەڵام لەدوایکردنەوەی قەناتی سوێس لە ساڵی ١٨٦٩دا، بازرگانی وڵاتەکە لەو رێگەیەوە لەگەڵ ئەوروپا هێندە ئاسنتر و خێراتر و هەرزانتر بوو، کە ئیتر هەموو بازرگانی دەرەوەی ئێران بۆ ئەوروپا لەو رێگە تازەیەوە بەرێوە بچێت و چیتر روسیا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنترۆڵی نەمێنی بەسەر بازرگانی دەرەوەی وڵاتەکەدا بۆ ئەوروپا «١٥ ل٢٨».

ئەم دوو فاکتەرە باڵانسی نێوان هێزی روسیا و ئینگلتەرای لە ئێراندا گۆڕی. بەهێزی توانای ئابوری ئینگلتەرا لەچاو روسیا و رێگەی ئاوی نوێی قەناتی سوێس، لە رووی ئابوریەوە بەتەواوەتی داشی ئینگلتەرای بەسەر روسیادا زاڵکرد. ئەم فاکتەرانە و لە دەستدانی سەربەخۆیی سیاسی وڵاتەکە و شکستهێنانی دەوڵەتەکە لە چاکسازییەکاندا، بە هەنگاوی خێرا وڵاتەکەی بەرەو لەدەستدانی سەربەخۆیی ئابوریش برد. هەتا دەهات خەرجەکانی دەوڵەت زیاتری دەکرد و داهاتەکانی بەشی دابینکردنی ئەو خەرجانەی نەدەکرد و کورتهێنانی بوجە زیادی دەکرد.

لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی قاجار کەوتە قەرزکردن بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە، بەڵام بەهۆی زوو لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی وڵاتەکە و داگیرکردنی باشوور و باکووری وڵاتەکە لەلایەن ئینگلتەرا و روسیاوە، دەستپێکردنی دانی ئیمتیازاتی تایبەتی بە کۆمپانیا و بانک و دەوڵەتانی بێگانە تیایدا کەوتە پێش قەرزکردنەوە بە شێوەیەکی فراوان. دەوڵەتە ئەوروپییەکان و بەتایبەتی ئینگلتەرا و روسیا کەوتنە رکابەریەوە لەو بوارانەدا و دەوڵەتی قاجار لەوەشدا بە دڵفراوانیەوە ئاسانکاری بۆ دەکردن. لەم قۆناغەدا ئەم پرۆسیە هێندە بەچڕی و خێرایی دەستپێکرد کە لە مێژووی وڵاتەکەدا ناوی لێنرا سەردەمی ئیمتیازاتی بێگانە.

یەکەم ئیمتیازی گەورە ساڵی ١٨٦٣ لە بواری رێگاوبان و تەلگراف و راکێشانی هێڵی شەمەندەفەردا بوو. ئەو ساڵە کۆمپانیایەکی ئینگلزی ئیمتیازی راکێشانی تەلگرافی نێوان خانەقین-تاران-بوشیری پێدرا. ساڵی ١٨٦٨ کۆمپانیایەکی تری ئینگلیزی ئیمتیازی سێ هێڵی تری تەلگرافی پێدرا، دووانیان بۆ بەستنەوی ناوچەی ناوخۆوە و سێیەمیان بۆ بەستنەوەی ئێران بوو بە دەرەوەی وڵات «١٠٥ ل٢٤٨». ئەگەرچی ئەم کارانە کۆمپانیاکان پێی هەڵدەستان، بەڵام لەژێر چاودێری دەوڵەتی بەریتانیادا بوون. هەڵبەتە لەبەرئەوەی دەوڵەتی ئێران کەپیتاڵی پێویستی نەبوو بۆ بەکارهێنانی لەو پرۆژانەدا، خەرجی ئەوانە کە گەیشتە٧٤،٢١٧ پاوەند کرا بەقەرزێک بەسەر دەوڵەتەکەوە «١٥ ل١٥٩».

(Reuter concession) ساڵی ١٨٧٠ گەورەترین و فراوانترین گرێبەستە بە ناوی رێکەوتننامەی ئیمتیازی رۆیتەر لە نێوان ئینگلتەرا و ئێران ئیمزا کرا. ئەم رێکەوتننامەیە زۆربەی بوارەکانی دەگرتەوە. لەوانە رێگەوبان، هێڵی شەمەندەفەر، چاکردن و بەکارهێنانی زەویوزار، گەڕان بەشوێن سامانی سروشتی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەکارهێنانیان لە بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا، پیشەسازی گاز، سیستمی بانکی و قەرزپێدان، پیشەسازی، خزمەتگوزاری گشتی و پۆست و چەندین بواری تر. هەر بەپێی ئەو گرێبەستە، ئەو کۆمپانیانەی کە بەو کارانە هەڵدەستان لە دانی هەموو باج و گومورگ و رسوماتێک ئازاد دەبوون.

ئەم ڕێکەوتنامەیە سەری نەگرت، چونکە لەناو توێژێکی گەورەی دەسەڵاتی ئایینی و ئەو فیودالانەی بڵاوبوونەوەی کەپیتاڵیستی جیهانیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا نەدەبینی، توێژێکی گەورە لە بازرگانەکان ناڕەزاییەکی گەورەی لێکەوتەوە. لەگەڵ ئەوەی ئەو رێکەوتنامەیە وەکو سەفقەیەک سەری نەگرت، بەڵام دواتر هەنگاو بە هەنگاو بەندەکانی یەک لەدوای یەک خرایە گەڕ «١٥ ل١٦٠». لەوانە هەڵکەندی قەنات لەسەر رووباری کارون، دروستکردنی ڕێگەوبان، ڕاکێشانی تەلگراف لە باشووری وڵاتەکە، راکێشانی هەندێ هێڵی شەمەندەفەر، دامەزراندنی چەندین کارگەی فەرش و بازرگانیکردن پێیانەوە «ل ١».

لەبەرامبەردا روسیا ساڵی ١٨٧٤ چەندین ئیمتیازی تایبەتی پێدرا. لەوانە راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر نێوان تەبرێز و جولفا و هەروەها بۆ ماوەی ٤٠ساڵ وەرگرتنی ئیمتیازاتی بەکارهێنانی هەموو ئەو کانە مینیرالانەی کە بە درێژایی ٥٠ میل کەوتبوونە ئەملا و ئەولای ئەو هێڵەوە. لە باکووری ئێران ئیمتیازی راکێشانی خەتی تەلگرافی پێدرا. سەرەڕای ئەمانە ئەو وڵاتە لەو بوارانەدا لە هەموو باج و گومورگ و رسوماتێک ئازادکرا. بێجگە لەو دوو دەوڵەتە، چەندین ئیمتیازاتی بچوکی تر لە نێوان ساڵەکنی ١٨٧٢-١٨٩٠ بە وڵاتانی تر دران.

ساڵی ١٨٨٩ بانکی ئیمپراتۆری فارسی بە کەپیتالی ١ ملیون پاوەند لەلایەن رویتەرەوە دامەزرا و مافی کارکردنی لە وڵاتەکەدا بۆ ماوەی شەست ساڵ پێدرا. ئەرکی سەرەکی ئەو بانکە دابینکردنی کەپیتالی پێویست و ئاسانکاری کردنی کاروباری کۆمپانیا ئینگلیزیەکان بوو. ئەو بانکە مافی پێدرا، کە سەرپشتنی دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی سامانی سروشتی لە وڵاتەکەدا بکات. گرنگترین کارەکانی هەوڵدان بوو بۆ دۆزینەوەی پترۆڵ. بۆ ئەنجامدانی ئەوە گرێبەستەیەکی تایبەتی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا بەست بەناوی رێکەوتننامەی پترۆڵەوە. سەرەڕای ئەوە مافی سەرپەرشتیکردنی کاروباری پیشەسازی و تەکنیکی دارایی و کاری بازرگانی و پرۆژەی هاتوچۆی پێدرا.

بۆ رکابەری ئینگلتەرا، ساڵی ١٨٩١ روسیا بانکی قەرزدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراند. ئەم بانکە لە پێناوی دروستبوونی هاوسەنگی رووبەڕووی ئینگلتەرا دامازرا و زیاتر پێگەیەکی سیمبۆلی هەبوو لە پێناوی خۆ فشکردنەوە و خستنە فشاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی بۆسەر شا. رۆڵی سەرکەی قەرزدان بوو بە دەوڵەت و کارکردن بوو لە بواری بازرگانی و پیشەسازیدا. دامەزراندنی ئەم دوو بانکە دەستێوەردانی ئابوری ئەو دوو دەوڵەتەی لە وڵاتەکەدا ئاسانتر و فراوانتر کرد «١٥ ل١٦٠».

لە ساڵەکانی ١٨٨٠دا بەرهەمهێنانی توتن و بازرگانیکردن پێوەی بۆ هەناردەکردن و بەکارهێنانی وەک کەرەسەی خاوی پیشەسازی گەیشتبووە ئاستێکی بەرز. کۆی بەرهەمهێنانی توتن گەیشتبوە ٩,٤ ملیون کیلۆ، لەوە ٥,٤ ملیون کیلۆی هەناردەی دەرەوە دەکرا. لەو ساڵانەدا لەپێناوی زیادکردنی قەبارە و جۆری ئەو بەرهەمەو چاکسازیکردن تیایدا گەورەترین گرێبەست بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لە نێوان دەوڵەتی قاجار و کۆمپانیایەکی ئینگلیزیدا بەناوی رێکەوتننامەی توتنەوە مۆرکرا.

بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە مۆنۆپۆڵی بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتن و هەناردەکردنی توتن دەبوایە بکەوێتە دەستی ئەو کۆمپانیایەوە. لەبەرامبەر ئەودا دەبوایە ئەو کۆمپانیایە پێشەکی ١٥هەزار پاوەند و دواتریش ساڵانە ٢٥٪ قازانجی سافی دوای هەموو خەرجی کۆمپانیاکە بدات بە شا.

ئەم رێکەوتنامەیە نارەزاییەکی زۆری ناوخۆی لێکەوتەوە و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی درا. ئەو هەڵوەشانەوەیە دەوڵەتی قاجاری ناچارکرد، کە ٥٠٠هەزار تومەنی ترقەرز بکات بۆ پێدانی جەزا بەو کۆمپانیایە.

ساڵی ١٨٩١ پرۆژەی ماسیگرتن لە ئاوی قەزوین و دەرهێنانی مینیراڵ لە دەوروپشتی ئەو دەریاچەیە درا بە روسیا. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا رێکەوتنامەیەکی تر لە نێوان رۆیتەر و قاجاردا ئیمزا کرا. بەپێی ئەوە مافی بەشوێن گەڕان و دەرهێنان و فرۆشتن و هەناردنەکردنی پیترۆل بۆ ماوەی ٦٠ ساڵ درا بە رۆیتەر و لە بەرامبەردا ٢٠هەزار پاوەند بە پێشەکی و ساڵانە ١٦٪ قازانجی سافی دوای هەموو خەرجێک بدرێت بە قاجار. ساڵی ١٩٠٨ پیترۆل لەو وڵاتەدا دۆزرایەوە و ئەو رێکەوتنامەیە خرایە گەڕ.

داهاتی گومرگی قاجار درابووە دەست بانک و کۆمپانیا بێگانەکان بۆ دانانەوەی قەرز و سوودەکانی و خەرجی تری وەبەرهێنانات، لەبەرئەوە تەنها سەرچاوەی داهاتی دەوڵەت، کە بەدەستیەوە مابوو ئەو باجانە بوو کە لەسەر بەرهەمهێنان و بازرگانی ناوخۆ دەستێندرا. ئەو داهاتانە نەکو بەشی دانانەوەی قەرزەکانی دەوڵەتی نەدەکرد، بەڵکو بەشی خەرجەکانی دەوڵەتیشی نەدەکرد، لەبەرئەوە ناچاربوون قەرزی زیاتر بکەن یان ئیمتازی تایبەتی نوێ بدەن بە بێگانە.

ساڵەکانی ١٨٠٠ قاجار هەمیسانەوە قەرزێکی ٤٠٠هەزار پاوەندی لە بانکی ئیمپریاڵی فارسی وەرگرت، لەبەرامبەر ئەوەدا مافی وەرگرتی داهاتی گومرگی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوچەکانی موحەمەڕییە و کرماشانی بەو بانکە سپێردرا. ساڵی ۱۹۰۰ سەرلەنوێ ۲۲، ۵ ملیون رۆبڵ بۆ ۷۰ ساڵ لە بانکە روسەکە قەرز کرا و لەبەرامبەردا لەگەڵ روسەکان وا رێکەوتن کە قاجار هەموو ئەو قەرزانەی کە لە دەوڵەتەکانی تر کردبووی بیداتەوە و لەهەمانکاتدا هەموو داهاتی گومرگی وڵاتەکە بێجگەلە ناوچەکانی کەنداو و فارس کە لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو، بخرێتە دەست روسەکان. بەوە ئێران قەرزی وڵاتەکانی دایەوە، بەڵام ئەوەی لەو ساڵەدا بۆی مایەوە تەنها یەک ملیون باوەند بوو، کە بەشی خەرجەکانی هەموو ساڵەکەی دەوڵەتەکەی نەکرد، بۆیە سەرلەنوێ ناچار بوو قەرزێکی تر لە روسیا بکات. لە بەرامبەردا قاجار قەولی بەو وڵاتەدا کە نفوزی ئینگلیز لە شاری تاران نەهێڵێت. ساڵی ۱۸۹۰ روسیا لە ناوچەی قەفقاس پیترۆڵی دۆزیەوە و ئەو پرۆژەیە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کرێکار بوو. زیاتر لە ۱۰۰هەزار پیاوی باکوری ئێران بۆ کارکردن رویانکردە ئەو ناوچانە. هەروەها راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان قەفقاس و باکووری ئێراندا خێراییدا بەو پرۆسەیە. بەهۆی ناچاربوونی ژمارەیەک زۆر خەڵکی هەژاری ئێران کە کار لەو وڵاتەدا بکەن، بەرژەوەندی ئابوری و بوژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئەو دوو وڵاتەی زیادکرد «۸». سەرەڕای ئەوەی بەهۆی لەدەستانی سەربەخۆیی سیاسی وڵاتەکەو ژمارەیەک قەرزی زۆر و ئیمتیازاتی تایبەتێوە دەوری بێگانە هەتا دەهات زیادی دەکرد، لە رێگەی سوود وەرگرتن لە ململانێی ناوخۆی نێوان خێڵ و بنەماڵە و پێکهاتە و توێژەکانی دەسەڵاتی ئایینی و سەرۆک هێزە چەکدارەکانەوە، ئەو کۆمپانیا و بانک و دەوڵەتە بێگانانە توانیبوویان لە رێگەی پێدانی بەرتیل و ئیمتیازاتی تایبەتی و هەڕەشەوە ژمارەیەکی زۆر لەوانە بەخۆیانەوە ببەستنەوە و ببنە ئامراز بەدەستیانەوە بۆ زیادکردنی رۆڵی خۆیان لە وڵاتکەدا «۱۵ ل۱٦۲-۱٦۵ \ ۷ ل۷۰». بەپێی ئەم زانیاریانە دەتوانین بڵێین، ئێران لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا سەربەخۆیی ئابوری لەدەست چوو بوو. هەروەک چۆن لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی وڵاتەکە بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ لەدەستدانی سەبەخۆیی ئابوری، بەهەمان شێوە لەدەستدانی سەربەخۆیی ئابوریش گوژمیدا بەوەی دەسەڵاتدارانی قاجار هەتا دەهات زیاتر بریاری سیاسیان لەدەست دەردەچوو.

ئەم ڕاستیانە ئەوە دەگەیەنێت، کە لەم قۆناغەدا بە هێزبوونی پێگەی سەرمایەداری جیهان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بوونیان بە تەرەفێکی کاریگێری بەهێز لەناو جەرگەیدا و لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری ئەو وڵاتانە، بە پلەی یەکەم و بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ شکستهێنانی سیستمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڕێوەبردنــی فیوداڵــی خێڵەکــی و خســتنە سەرپشــتکردنی قاپیەکانــی ناوچەکــە بــۆ هێــزی دەرەکــی لــە پێنــاوی مانــەوەی دەســەڵاتی سیاســی و ئابــوری دەســتەبژێری دەســەڵاتداردا.

## لاوازی بەرهەمهێنان و بازرگانی خۆماڵی
**١٨٦٠- ١٨٩٠**

لــەم قۆناغــەدا گۆڕانــکاری خێراتــر و زیاتــر لــە بەرهەمهێنانــی کەرتــە جیاوازەکانــدا روویــدا. قەبــارە و جــۆری هەنــدێ لەوانــە زیادیکــرد و تایبەتمەنــداری ناوچــەکان لــە بەرهەمهێنانیانــدا زیادیکــرد و بەپێــی ئــەوەش ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی بوژایــەوە. بڵاوبوونــەوەی ســەرمایەداری جیهــان هەتــا دەهــات ناوچــەی فراوانتــری دەگرتــەوە و زیاتــر کۆمەڵگــە قوفڵــدراوە فیوداڵــە خێڵایەتێکــەی هەڵدەوەشــاند. چاکســازییەکانی دەوڵەتــەکان و شکســتهێنانیان، هەروەهــا دەســتێوەردانی ئابــوری و سیاســی دەوڵەتــە کەپیتالیســتەکان تیایانــدا، تەنهــا نەبــووە هــۆی ئــەوەی ئــەو دەوڵەتانــە ســەربەخۆیی سیاســی و ئابــوری لەدەســت بــدەن و بــەرە و پاشــکۆیەتی ملبنێــن، بەڵکــو کاردانــەوەی گرنگــی هەبــوو لەســەر ژێرخانــی ئابــوری وڵاتــەکان و ڕێــرەوی گەشــەکردنی. ئەوانــە کاردانــەوە و دەرائەنجامــی جیاوازیــان هەبــوو بەســەر بەرهەمهێنانــی کشــتوکاڵی و پیشەســازی و پیشــەیی و بازرگانیــدا و بــووە بناغەیــەک بــۆ گۆڕانــکاری گەورەتــر لــە قۆناغەکانــی دواتــردا.

### زیادبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بۆ بەکارهێنان(استهلاک) و کەرەسەی خاو

هــەر لــە کۆنــەوە دانەوێڵــە خواردنــی ســەرەکی دانیشــتوانی رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــوو هەروەهــا لەچــاو بەرهەمــی کشــتوکاڵی تــردا بەرهەمهێنانــی ئاســانتر و هەرزانتــر بــوو. لــە زۆربــەی شــوێناکان توانــراوە بچێنــرێ، بــەڵام بەهــۆی ئــەو گۆڕانکاریــە گەورانــەی لــە ناوچەکــەدا رووی دا هەتــا دەهــات جــۆر و قەبــارەی بەرهەمــە کشــتوکاڵەکانی تریــش گۆڕانــی گــەورە و خێــرای بەســەردەهات. ئــەو بەرهەمــە ســەرەکیانەی بــۆ دابینکردنــی خواســتی بــازاڕی ناوخــۆ و دەرەکــی بەرهــەم دەهێنــران بریتــی بــوون لــە ئاوریشــم لــە کەنــاری دەریــای قەزوین لــە ئێــران و بورســا لــە ئەنــادۆڵ و چیاکانــی لوبنــان. لۆکــە لــە ئەزمیــر و میســر و هەنــدێ ناوچــەی ســوریا و ئێــران. زەیتــون لــە ســوریا و ئەنــادۆڵ و تونس. خورمــا بــە پلــەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکـەم لـە عێـراق و ئینجـا عەرەبسـتانی ئێـران و باکـوری ئەفریقـا. تـریێ و هەنجیـر و قەیسـی و هەڵـوژە و فسـتق و گوێـز و بـادام لـە کوردسـتان و ئەنـادۆڵ و هەنـدێ ناوچـەی تـری ئێـران. قـاوە لـە یەمـەن و کەمێکیـش لـە ئەنـادۆڵ. برنـج لـە کەنـار رووبارەکانـی دیجلـە و فـورات و نیـل و قەزویـن. توتـن لـە سـوریا و کەنارەکانـی دەریـای رەش و ئێـران و دواتریـش کوردسـتان. ئـاژەڵ نمونـەی مـەڕ و بـزن بـە پلـەی یەکـەم لـە کوردسـتان و ئەنـادۆڵ کەرتێکـی گرنـگ بـوون و هەروەهـا حوشـتر و ئەسـپ بەتایبەتـی لـە ناوچـە عـەرەب نشـینەکان، ئەمانـە بەزیندویـی فرۆشـراون و بەرهەمـی خـوری و مـوو و پێسـتە و کـەرە و رۆن و پەنیریـان فرۆشـراون «٧ ل١١٨» هەنـدێ بەرهەمـی نمونـەی ئاوریشـم و لۆکـە و خـوری زۆر زیادیکـرد، بـەڵام بەهـۆی شکسـتهێنان یـان لاوازبوونـی پیشەسـازیی سـەرەتایی چنینـی خۆماڵیـەوە، بـە رێژەیەکـی زۆر ئەوانـە بـۆ هەناردەکـردن بەکاردەهێنـران. هەروەهـا بەرهەمهێنـان و هەناردەکردنـی توتـن و ئەفیـون و هەتـا رادەیـەک گەنـم و میـوەی وشـککراوە و قـاوەی یەمـەن زیادیکـرد.

هـەر بەهـۆی لاوازی پیشەسـازی ناوخـۆ و خـاوی گەشـەکردنیەوە، بەرهەمهێنانـی ئەو بەرهەمـە کشـتوکاڵیانەی بـۆ کەرەسـەی خـاو بەکاردەهێنـران کەوتبووە ژێـر رەحمەتی خواسـتی بازاڕەکانـی جیهـان لەسـەریان. بەپێـی گۆڕانـکاری خواسـتی بازاڕەکانـی جیهـان هەناردەکردنیـان بـەرز و نـزم دەبـۆوە و قازانجـی زیـاد و کەمـی دەکـرد و لەگەڵیانـدا بەرهەمهێنانیـان ناسـەقامگیر و لـە بـەرز و نزمیـدا بـوو.

بەهـۆی شـەڕی ناوخـۆی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکاوە سـاڵەکانی ١٨٦٠ خواسـت لەسـەر لۆکـە و نرخـی لۆکـە لـە بـازاڕدا زیادیکـرد. ئـەوە بـووە هـۆکاری زیادبوونـی بەرهەمهێنانـی لـە میسـر. دوای ئـەوەی ئـەو شـەڕە کۆتایـی پێهـات و هەروەهـا بەهـۆی کردنـەوەی قەناتـی سوێسـەوە لـە سـاڵی ١٨٦٩دا، لۆکـەی هیندسـتان بـە ئاسـانی دەگەیشـتە ئەوروپـا هەمیسـانەوە خواسـتی بـازاڕی جیهـان لەسـەر ئـەو بەرهەمـە کەمـی کـرد و نرخـی هاتـە خـوارەوە و بـووە هـۆکاری کەمبوونـەوەی بەرهەمهێنانـی لـە میسـر «٧ ل١١٩».

هـەر لـەو سـاڵانەدا بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـی لـە بەرهەمهێنانـی ئاوریشـمی فەرەنسـیدا، بەرهەمهێنـان و هەناردەکـردن و نرخـی ئاوریشـمی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت زیادکـرد. بـەڵام دواتـر بەهـۆی کەمبوونـەوەی خواسـتی بـازاڕی جیهـان لـە ئاوریشـم و دەسـتپێکردنی هێنانـی ئاوریشـمی ژاپـۆن بەهـۆی کردنـەوەی قەناتـی سـوێس و رکابەرەکردنـی لەگـەڵ ئاوریشـمی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەمیسـانەوە ئـەو بەرهەمهێنانـە لـە ناوچەکـەدا کەمـی کـرد «٧ ل١٢٢».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیادبوونی خواستی هەندێ کۆمپانیای ئینگلتەرا لەسەر ئەفیون بۆ ساغکردنەوەی لە وڵاتی چیندا، بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی ئەو بەرهەمەی لە ئێران و تورکیای عوسمانی زیادکرد. بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر ئەفیون لە ساڵەکانی ١٨٩٠دا و قازانجی زۆر لە هەناردەکردنیدا، لە ناوچەی ئەسفەهان چیتر خاوەن موڵکەکان نەیانویستووە دانەوێڵە بچێنن. ئەمە بۆتە هۆی کەمبوونی دانەوێڵە و چەندین بەرهەمی گرنگ لە بازاڕەکان و گرانبوونیان. لەبەرئەوە والی ناوچەکە بڕیاری دەرکرد، کە لەچاندنی چوار پارچە زەوی دەبوو پارچەیەکیان دانەوێڵەی تیادا بچێنرایە.

بەرهەمهێنانی توتن لە ئێران بە رادەیەکی زۆر زیادیکرد. ئەو بەرهەمە بۆ دابینکردنی پێداویستی ناوخۆ و دەرەکی بوو. ساڵی ١٨٨٠ قەبارەی ئەو بەرهەمهێنانی گەیشتە ٩، ٤ملیون کیلۆ. کۆمپانیا بێگانەکان و بە هاریکاری لەگەڵ هەندێ مەلاک و بازرگانی گەورەدا مۆنۆپۆلی بەرهەمهێنان و فرۆشتن و پیشەسازی و هەناردەکردنی ئەو بەرهەمەیان کردبوو. ناسەقامگیری و ترسی لە ناوچوونی کەپیتاڵ وای لە زۆربەی بازرگانە خۆماڵی و خاوەن کەپیتاڵەکان کردبوو، کە نەوێرن وەبەرهێنان لە پیشەسازی توتن بکەن لەوڵاتەکەدا. لەبەر قازانجی زۆر لە کڕین و هاوردەکردنی ئەو بەرهەمە بۆ دەرەوە و پێویست نەکردن بە بەستنەوەی کەپیتاڵ بۆ ماوەیەکی درێژ ، بازرگانەکان کەپیتاڵەکانیان لەوەدا دەخستەگەڕ «٧ ل١٢١، ١٧٣».

بازرگان و کۆمپانیای بێگانەکان لە هەندێ ناوچەدا ڕاستەوخۆ هەڵدەستان بە بەرهەمهێنانی هەندێ بەروبوومی کشتوکاڵی گرنگ. یەکێ لەو ناوچە گرنگانە ئەزمیر بوو. لەم ناوچەیە ژمارەیەکی زۆر بازرگانی ئینگلیز بەو کارانە هەڵدەستان. ئەمانە لە کێڵگەی کشتوکاڵی گەورەدا لە وەرزی بەرهەمهێناندا هەزارەها کرێکاری کشتوکاڵیان بە مووچە کار پێدەکرد. هەندێکیان لە ناوچەکانی تری ئەنادۆڵ بە شەمەندەفەر دەهێنران و هەندێکی تریان لە دەرەوەی تورکیای عوسمانی نمونەی وڵاتی یۆنان دەهێنران. بۆ بەرهەمهێنانی لۆکە لە دەشتە فراوانەکانی مێرسین و ئەدەنە ساڵی ١٨٧٦ نێوان ٥٠ هەتا ٧٠ هەزار کرێکاری کشتوکاڵیان هێنا بوو. بەپێچەوانەی بازرگانە خۆماڵییەکان، بێگانەکان کەپیتالیان بەهێزتر بوو، پشتگیری بانک و دەوڵەتەکانی خۆیان هەبوو هەروەها دەوڵەتەکانی ناوچەکە توانایان نەبوو فشاریان بخەنە سەر و باج و گومرگی زۆریان لێ بسەنن «٣٠ ل١١٢».

بەهۆی لاوازبوونی توانا و مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتی ناوەندی عوسمانی لە چیاکانی لوبنان لە ساڵەکانی ١٨٥٠-١٨٨٠دا و هەروەها زیادبوونی دەسەڵاتی فەرەنسا و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەقامگیری لە ناوچەکەدا و لەهەمانکاتدا زیادبوونی خواستی بازاڕی جیهانی لەسەر ئەو بەرهەمە لە هەندێ ساڵدا، بەرهەمهێنانی ئاوریشم لەو ناوچەیەدا بوژاندنەوەیەکی باشی بەخۆوە بینی. لە کۆتایی ساڵەکانی ١٨٥٠دا بە ڕێژەی ٤٠٠٪ زیادیکردووە و ساڵی ١٨٧٥ ئەو بەرهەمهێنانە گەیشتە بەرزترین ئاستی.

ئەم بەرهەمهێنانە بەشێکی زۆری خەڵکی چیای لوبنانی خستبووەکار. هەندێکیان کاریان لە چاکردنی زەوی و چاندنی دارتوو و سەرپەرشتیکردنی و خەریک بوون، هەندێکیان ئاگاداری و خزمەتی کرمی ئاوریشمیان دەکرد و دواتر ئاوریشمیان لە کرمەکان جودێ دەکردەوە. خەزنکردن و سەرپەرشتیکردنی ئاوریشم و ئامادەکردنیان بۆ فرۆشتن. بازرگانەکان کاری فرۆشتن لە بازاڕەکانی ناوەوە هەناردەکردنی بۆ ئەوروپا و میسر و سوریایان دەکرد. کارگە خۆماڵیەکان هەڵدەستان بە دروستکردنی تاڵ و چنینی. لە ساڵی ١٨٧٠دا ٣٣٪ ئاوریشمی خام نێردراوە بۆ ئەوروپا، ٣٣٪ بۆ سوریا و میسر و ٣٣٪ لە پیشەسازی سەرەتایی خۆماڵی قوماشی ئاوریشم بەکارهێنراوە «٣٠ ل١٥٥».

بەرهەمهێنانی ئاوریشم لە چیای لوبنان کارێکی زۆری کردۆتە سەر گەشەکردنی ناوچەکە. سەرەڕای ئەوەی شوێنێکی گرنگی بازرگانی بوو لەسەر دەریای ناوەڕاست، بووە سەنتەرێکی گرنگی ئابوری و دارایی و بانکی. ژمارەیەکی زۆر بازرگان و کۆمپانیا و خەڵکی خاوەن کەپیتال ڕوویان تێکرد.

بوژاندنەوەی چیاکانی لوبنان کاری کردۆتە سەر هەندێ ناوچەی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تایبەتمەنداری بوونی چیای لوبنان بەو بەرهەمهێنانەوە و بەرزبوونی ئاستی هاوڵاتیان و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گرتبوونەوەی خەڵکی ناوچەکانی تر و بێگانە تیایدا، خواستی لەسەر بەروبوومی کشتوکاڵی بەکارهێنان و پیشەیی تر تیایدا زیادکرد. ئەوە بۆتە هۆکاری بوژاندنەوەی بازرگانی لەگەڵ وڵات و ناوچەکانی دەوروبەردا و بەستنەوەیان پێوەی. ژمارەی دانیشتوانی چیای لوبنان لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٧-١٨٨٠ لە ٤٠هەزارەوە زیادیکردووە بۆ ٨٠هەزار کەس. بەرهەمێکی زۆری گەنمی شام و برنجی میسری و مەڕوماڵاتی کوردستان هاوردەکراوە بۆ ناوچەکە. لە ساڵی ١٨٨٠ وە ئەم بەرهەمهێنان و بوژاندنەوە ئابورییە بەرەو لاوازی چوو، دواتر دەگەڕێینەوە بۆ باسکردنی هۆکارەکانی «٣٠ ل١٦٥».

بەهەمان شێوەی چیاکانی لوبنان، لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەکانی ناوەوەی سوریای گەورە نمونەی دیمەشق و ڕەقە و حەلەب لاواز بوو، لەهەمانکاتدا فەرەنسا هێشتا هێندە گوێی بەو ناوچانە نەدەدا و دەسەڵاتێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆجێیی بەهێزیشی نەبوو، کە یەکێتی و سەقامگیری ناوچەکە بپارێزێ. لەبەرئەوە ئاژاوە و ململانێی ناوخۆ باڵی بەسەردا کێشا بوو. ململانێی نێوان پێکهاتەکان و هەڕەشەی بەردەوامی خێڵە بەدەویێکان بەسەریانەوە وایکرد، کە گۆڕانکاری گەورە لە بواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییەوە روونەدات.
شەڕ و ئاژاوە و ناسەقامگیری فاکتەرێکی تری گرنگ بوو، کە کاری دەکردە سەر بەرهەمهێنانی ناوچەکانی ناوەوەی سوریا. لە ساڵەکانی ١٨٥٠دا بەهۆی هەڵگیرساندنی شەڕی قرمەوە بۆ ماوەیەک بووە هۆکاری زیادبوونی بەرهەمهێنانی گەنم لە ناوچەکەدا و هەناردەکردنی بۆ دەرەوە. لە ساڵەکانی ١٨٦٠ بەهۆی رێکەوتنی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ فیوداڵە دروزەکاندا و زیادبوونی ئارامییەوە هەتا رادەیەک بەرهەمهێنانی هەندێ بەرهەمی کشتوکاڵی نمونەی لۆکە و توتن و دانەوێڵە و چاکردنی خوری زیادیکرد. لەسەرەتاکانی ١٨٧٠دا بەهۆی شەڕی دەوڵەتی عوسمانی و روسیا و زیادبوونی باج لەسەر خەڵک و ناردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بۆ بەشداریکردن تیایدا و هەروەها کەمبوونەوەی بەرهەم بەهۆی رووداوی سروشتی و لەهەمانکاتدا کردنەوەی قەناتی سوێس، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ناوچەکە هاتە خوارەوە. لە کۆتایی ئەو ساڵانەدا لەشکری دەوڵەتی عوسمانی گەڕایەوە و سەرلەنوێ بەهۆی سەقامگیریەوە هەتا رادەیەک بەرهەمهێنان زیادیکردەوە «٣٠ ل١٦٧».
بەهۆی پەیوەندی توندوتۆڵی ویلایەتی موسڵی عێراق بە حەلەب و ئەنادۆڵەوە، گۆڕانکاری تیایدا پێش ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە کەوت. لەو دوو ویلایەتەدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا چاکسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی تیایاندا دەستی پێکرد و لەهەمانکاتدا بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان تیایاندا گوژمی بەست. لە دوای ساڵەکانی ١٨٧٠ بەهۆی کردنەوەی قەناتی سوێس و زیدبوونی بازرگانی بەسرە بەهۆی ئەوەوە، رۆڵی ئەو دوو ویلایەتە زیادیکرد و هەتا دەهات موسڵ زیاتر پێیانەوە دەبەسترایەوە.
لە دوای ساڵەکانی ١٨٥٠وە دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی خۆی لەو ناوچانەدا بەهێزکرد، کە بووە هۆکاری باشبوونی سەقامگیری و ئاسایش. چاکسازییەکانی ئەو دەوڵەتە لە ریزەکانی سوپا و کارمەندی دەوڵەت و دامودەزگای باجکۆکردنەوەدا دەستیپێکرد و هەروەها گۆڕانکاری لە موڵکایەتی و چۆنیەتی تەسەروفکردن بەهەندێ لە زەویوزاری کشتوکاڵی ئەو ناوچانەوە کرا. رۆڵ و دەسەڵاتی والی بەغدا زیادیکرد. بەمەبەستی زیادکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و زیادبوونی داهاتی باجەکان، والی چەندین قەنات و بەنداوی ئاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرلەنوێ چاککردەوە و قەناتی نوێی راکێشا بۆ زەوی کشتوکاڵی فراوانتر. هەموو ئەمانە رێگەی بۆ زیادبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بوژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەناردەکردنی بۆ دەرەوە خۆشکرد.

بەریتانیا رۆڵی سەرەکی لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری ئەم ناوچانە هەبوو. هەر لە ساڵەکانی ١٨٥٠ وە ئەو دەوڵەتە عێراقی کرد بە یەکەم هاوسەری بازرگانی هیندستان. کەوتنە بەکارهێنانی کەشتی بوخاری لە رووبارەکانی دیجلە و فوراتدا و ئەویش ئاسانکاری کرد بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی.

ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی لەم ڕێگەیەوە هەناردەی دەرەوە دەکران، بریتی بوون لە دانەوێڵە، خورما، خوری، پێستە، برنج، لۆکە، توتن، گوێز، بایام، فستق و میوەی وشککراوە. هەزارەها تەن دانەوێڵە رەوانەی وڵاتەکانی کەنداو و دەریای سوور دەکرا. بێجگەلە بازرگانی ویلایەتەکانی عێراق، بازرگانی ئێرانیش هەتا دەهات لەم رێگەیەوە زیادیدەکرد.

لە نێوان ساڵەکانی ١٨٦٠-١٨٧٠ بازرگانی ئەم ناوچەیە لە ٨٠ هەزار پاوەندەوە زیادیکرد بۆ ٢٠٠ هەزار. ژمارەی کەشتیە بازرگانەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە نێوان ١٨٦٤-١٨٦٩ لە ٥٥٢ دانەوە گەیشتە ١١٠٢ دانە، کەشتیەکانی ئینگلتەرا ژماریان لە لە ٢٧دانەوە زیادیکرد بۆ ٥٢ دانە. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٧٠-١٨٧٣ بە هۆی کردنەوەی قەناتی سوێسەوە، کۆی قیمەتی هەناردەکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی عێراقلە ٢٣٠هەزار پاوەندەوە زیادیکرد بۆ ٨٠٠هەزا «٣٠ ل١٨١».

لاوازی خواستی ناوخۆ لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی، نەبوون یان لاوازی پیشەسازی سەرەتایی و پیشەیی خۆماڵی بۆ بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانە، گەشەپێنەکردن و نەگەڕان بەشوێن بەرهەمی نوێدا و روونەدانی چاکسازی تیایاندا، وایدەکرد تەنها پشت ببەسترێ بە هاناردنەکردن و خواستی بازاڕی جیهان لەسەر ئەو بەرهەمهێنانە. ئەمەش هەمیشە هەڕەشە بوو لەسەر ئەو بەرهەمهێنانەو هاتنە خوارەوەی نرخیان و تێکدانی باری ئابوری و دارایی ناوچەکە و نابووت بوون و هەژاربوونی بەرهەمهێەرەکان.

سەرەڕای لاوازی پیشەسازی ناوخۆ، فاکتەرێکی گرنگ کە رێگر بوو لە بوژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناوخۆ لە نێوان هەرێمەکانی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خراپی رێگاوبانی نێوان ئەو هەرێمانەو و گرانی و نا سەقامگیری بوو. لە بەرئەوەی بازرگانی دەرەکی لە بەندەرەکانەوە دەکرا و زۆربەی ئەوانە بە پاپۆری بازرگانی پێشکەوتووی وڵاتە کەپیتالیستەکانەوە دەگوازرایەوە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر هەرزانتر و خێراتر لە بازرگانی ناوخۆ بەڕێوەدەچوو. ئەمە دەبووە هۆی لاوازی بازرگانی ناوخۆ و زەحمەتی گواستنەوی بەرهەم لە نێوان هەرێمەکان و زیادنەبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و جۆرەکانی وەکو پێویست. خەرجی گواستنەوەی دانەوێڵە لە شوێنە تەختە وشکاییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو ساڵانەدا چوارهەندەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە. بێگومان لە ناوچە سەختەکانی نمونەی کوردستان ئەو خەرجییە زۆر لەوە زیاتر بووە.

بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی گشتی پێویستی بە کەپیتالی گەورە نەدەکرد. ئەوەی پێویستی بەوە بوو بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کەرەسەی خاوی پیشەسازی نمونەی لۆکە و توتن و ئاوریشم بوو. لەهەندێ شارە بازرگانییە گەورەکاندا بۆ ئەو مەبەستە بانکی تایبەتی بۆ وەبەرهێنانکردن لەو بوارانەدا دانرا بوو، زۆربەی ئەوانە بانکە ئەوروپییەکان پشتگیریان دەکرد و بە مەبەستی گەشەپێکردنی بەرهەمە کشتوکاڵیانە بەکاریان دەهێنا، کە لەو ساتەدا دابینی پێویستی پیشەسازی وڵاتە کەپیتالیستەکانی دەکرد «٧ ل٦٢».

زیادبوونی بەرهەرمهێنانی کشتوکاڵی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی گەشەکردنی تەکنیک و ئامرازی بەرهەمهێنانی نوێ و بەکارهێنانی شارەزایی زانیستیانە نەبوو. ئەگەر هەندێ چاکسازی و قەناتی ئاو راکێشان و بەنداو دروستبکرایە تەنها لە هەندێ ناوچەو بە مەبەستی بەرهەمهێنان بوو بۆ هەناردەکردن. زیادبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بە هەمان تەکنیک و شێوازی کۆن بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی فراوانتر بوو «٧ ل١٤٩».

لە نێوان ساڵەکانی ١٨٦٠-١٩٠٠کۆی ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتەکانی باکووری ئەفریقا و ئێران بە رێژەی ٣٤٪ لە ٣٥ملیونەوە زیادیکرد بۆ ٤٧ملیون. دەوروبەری ٨٠-٩٠٪ ی دانیشتوان لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا کاریان کردووە. بەمانایەکی تر لەو سی ساڵەدا ١٠ملیون مرۆڤی تر لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا کاریان کردووە «٧ ل٩٥». بەهۆی هەژاری و زۆری جوتیاران و لاوازی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و پیشەیی لە شارەکندا، جوتیاران هەر لە لادێکاندا ماونەتەوە و هەتا هاتووە ژمارەیان زیادیکردووە و هەژارتر بوون و خەرجی کارپێکردنیان کەمیکردووە. سەرەڕای ئەوانە دەربەدەربوونی ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانەکانی بەڵقان بە هۆی شکستهێنانی دەوڵەتی عوسمانیەوە و ئاوارەبوونیان بۆ هەندێ ناوچەی ئەنادۆڵ و سوریا، لەلایەکەوە بووە زیادبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و لەلایەکی ترەوە زۆربوون و هەرزاربوونی هێزی کار لەو بوارەدا. دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کارێکی هێجگار کەمیان کردووە بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگاخۆشکرن بە بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. ئەوەی کردوویانە زۆر کەمبووە و تەنها لەهەندێ ناوچەو و بۆ توێژێکی بچوکی کۆمەڵگەبووە، سەرەڕای ئەوە تەنها بۆ دابینکردنی داخوازی دەرەکی بووە. هەندێ لەو کارە بچوکانەی کە دەوڵەتی عوسمانی لەو بوارانەدا پێی هەستا بریتی بوو لە دابینکردنی تۆوی لۆکە و کرمی ئاوریشم بۆ هەندێ ناوچە و دامەزراندنی بانکێکی کشتوکاڵی.
ئەو چاکسازییانەی کە لە قۆناغی پێشوودا لە هەنێ ناوچەدا لە موڵکایەتی زەویوزاردا دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی هەستان و لەم قۆناغەدا لە شوێنی تردا لەسەری بەردەوام بوون، لای بەشێک لە مەلاک و خاوەن زەوییەکان بوونە هاندەرێک بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. بەڵام ئەمانە تەنها سوودبەخش بوون بۆ چەند توێژێکی نزیک لە دەسەڵاتداران و قازانجی چاکیان تێدادەکرد و لە ڕێگەیانەوە مۆنۆپۆلی بازاڕیان دەکرد و تەنگیان بە بەرهەمهێنەرە بچوکەکان دەچنی و زۆریان ڕووبەڕووی نابووتی دەبوونەوە و دواتر بە هەرزان زەویوزارەکانیان لەدەست دەسەندن «٣٠ ل١١٧».
ڕۆڵی کۆمپانیا و دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە بوو. پشتگیری ئەو جۆرە بەرهەمهێنان و بازرگانی و ڕێگەو بان و پرۆژەیان دەکرد، کە دەبووە هۆی زیاتر بەرهەمهێنانی هەندێ بەرهەم کە خۆیان پێویستیان پێی بوو و ئاسانکاری گواستنەوەیان و کڕینیان بە نزمترین نرخ.
لەبەرئەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی گەورەترین کەرتی ئابوری بوو و گەورەترین ڕێژەی دانیشتوان کاریان تێدادەکرد، بەشی زۆری داهاتەکانی دەوڵەت لە ڕێگەی باج و ڕسومات و گەندەڵییەوە دەکەوتە ئەستۆی ئەم کەرتەوە. ساڵەکانی ١٨٩٠ کۆی داهاتی دەوڵەتی قاجار ٨، ٢ ملیون پاوەند بوو، لەوە ٨٠٪ لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەوە دەهات «١ ل١١».

## سستی گەشەکردنی پیشەسازی خۆماڵی

لێرەدا مەبەست لە پیشەسازی خۆماڵی، پیشەسازی کەپیتالیستانەی هاوچەرخە بە تەکنیکی نوێ، هەروەها پیشەسازی سەرەتاییە، کە لەشوێنکارێکی گەورەدا بە تەکنیک و ڕێبازی کۆن ژمارەیەکی زۆر کرێکار کاری تیادا بکەن و بەرهەمەکانیان لە بازاڕێکی فراوانتر و گەورەتردا ساغبکەنەوە.
لە قۆناغی پێشوودا هەتا ڕادەیەک پیشەسازی خۆماڵی لە هەندێک بواردا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشەیکرد، بەڵام لەم قۆناغەدا هەندێ لەوانە لاواز بوون، یان شکستیان هێنا. ئەو پیشەسازییانەی مانەوە و پیشەسازی تری نوێ دروستبوو لەگەڵ ئەوەی هەندێ گەشەکردنیان بەخۆوە بینی، بەڵام زۆر بەخاوی بەڕێوە دەڕۆیشت. لەم قۆناغەدا چەندین فاکتەری گرنگی یارمەتیدەر هەبوو، کە دەبوایە ببونایە یارمەتیدەری دروستبوون و گەشەکردنی پیشەسازی خۆماڵی، بەڵام وەکو پێویست سودیان لێوەرنەگیرا و کۆسپی گەورە کەوتە ڕێگایانەوە. گرنگترین ئەو فاکتەرانە بریتی بوون لە:

- بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهانی و دروستبوونی شاری بازرگانی گرنگ و بوژاندنەوەی بازرگانی.
- کەرەسەی خاوی زۆر و هەرزانی کشتوکاڵی و ئاژەڵ و سامانی سروشتی.
- نزیکی سەرچاوەی کەرەسەی خاو.
- بوونی هێزی کاری زۆر و هەرزان.
- زیادبوونی دانیشتوان.
- بوونی ژمارەیەکی زۆر هەرێم و ناوچەی گەورە لەناو سنووری دەوڵەتی گەورەدا و هەمە چەشنی کەرەسەی خاو و شارەزایی خەڵکەکەی.
- پێکەوتەی گرنگی ئیستراتیجی ناوچەکە لە جیهاندا.

لێرەدا چەند نمونەیەک دەهێنینەوە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی لەم کەرتەدا روویاندا. لە دوای ساڵەکانی حەفتای سەدەی نۆزدە ناوچەکانی ئەزمیر و ئەدەنە بوژانەوەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەخۆوە بینی. ئەوانەی رۆڵی سەرەکییان لەوەدا هەبوو دانیشتوانە رەسەنەکانی ئەوناوچە بوون لە ئەرمەن و یونانی و جو. نموونەی ئەو بەرهەمانە بریتی بوون لە پیشەسازی چنین، زەیتی روەک، خواردەمەنی، قاقەز، تەختە و فەخفوری. لە ئێرانیش ژمارەیەک پیشەسازی خۆماڵی گەشەیکرد لەوانە کارگەی شەکر، قوماشی ئاوریشم و لۆکە، فەرش و بەڕە، راکێشانی کارەبا، چاپکردنی کتێب و رۆژنامە، سابون، گوڵاو و لوولەی تفەنگ، لە ناویاندا پیشەسازی فەرش لە تەبرێز لەهەموویان گرنگتر بوو و دەوروبەری ١٥٠٠ کرێکار کاریان تێدا دەکرد... . لە میسر هەندێ پیشەسازی مابوونەوە لەوانە شەکر، قوماشی لۆکە، کارگەی جگەرە و چیمەنتۆ. بەشێک لەمانە بە کەپیتال و کۆمپانیای بێگانە دەکران. لە عێراق ئەو پرۆسەیە خاوتر بەڕێوەچوو «٧ ل ١٥٤».

گرنگترین ناوچەکە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەداهەتا رادەیەک پیشەسازی خۆماڵی تیادا گەشەیکرد چیاکانی لوبنان بوو. ئەوەی لەم ناوچەیدا لەم قۆناغەدا

ڕوویدا پیشەسازی سەرەتای چنینمان لە فلۆرینس و فلاندەرنی ڕۆژئاوای ئەورووپای ساڵەکانی ١٢٠٠ و ١٣٠٠ بیردەخاتەوە. پیشەسازی سەرەتایی قوماشی خوری لەو ناوچانەدا ١٠٠هەتا ٢٠٠ ساڵ پێش ئینگلتەرا بوژاندنەوەی بەخۆوە بینی. وەکو لە بەندی دووەمدا باسمانکرد بەهۆی چەند فاکتەرێکی بنچەیییەوە ئەو پیشەسازیە دواتر لەو ناوچانەدا شکستی هێنا و ئەو ناوچانە چەند سەدەیەک کەوتنە دوای ئینگلتەراوە. بە هەمان شێوە لە چیاکانی لوبنان پیشەسازی سەرەتایی گەشەکردنی بەخۆوە بینی، بەڵام دواتر بەهۆی هەندێ فاکتەرەوە لێرەش شکستیان هێنا.
لە چیاکانی لوبنان پیشەسازی تاڵ دروستکرن و قوماشی ئاوریشم لە چەند ساڵێکدا بوژاندنەوەی باشی بەخۆوە بینی. لە ساڵی ١٨٧٠دا **٣٣٪** ی بەرهەمی ئاوریشمی خاوی ناوچەکە لە پیشەسازی خۆماڵیدا بەکاردەهێنرا. زۆربەی ئەو بەرهەمهێنانە کۆمپانیای ئەورووپی و کومپانی خۆماڵی نزیک لەوانەوە پێی هەڵدەستان و گەشەیەکی باشیانکرد. لە ئاژاوەکانی ١٨٦٠دا لە ناوچەکەدا، زۆربەی ئەو کارگانە کاولکران و لەکارکەوتن. دواتر سوپای فەرەنسی سەلەنوێ دروستیکردنەوە. دوای دروستکردنەوەیان هەر وەکو پێشتر لەسەر بەکارهێنانی تەکنیکی کۆن بەردەوام بوون. لە کۆتایی ساڵەکانی حەفتادا بەهۆی کەمبوونەوەی خواستی بازاڕ لەسەر ئەو بەرهەمانە، فەرەنسییەکان ئەو کارگانەیان بەجێهێشت و لوبنانیەکان خۆیان بە هەمان تەکنیک و ڕێبازی کۆنی بەرهەمهێنان بەردەوام بوون لەسەری.
بەرهەمهێنەرە خۆماڵییەکان بە ئاسانتر لە فەرەنسییەکان کاروباری ئەو بەرهەمهێنانەیان بەڕێوەدەبرد. ئەمان لەلایەکەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی باشتریان لەگەڵ ئەو جوتیارانە هەبوو، کە ئاوریشمی خامیان بەرهەم دەهێناو لەلایەکی ترەوە خەرجی هێزی کاریان کەمتر بوو. ئەوانە ئافرەتە خزمەکانی خۆیان وەکو کرێکاری وەرزی لەوەدا بەکاردەهێنا، کە زۆر لە بەکرێگرتنی کرێکاری نێرینە هەرزانتر دەکەوت لەسەریان. گرفتی گەورە بۆیان پەیداکردنی کەپیتال بوو. لەبەرئەوەی ئەو بەرهەمهێنانە وەرزی بوون و کڕین و فرۆشتنی هەموو کاتێک داهاتی نەبوو، زۆرجار پێویستیان بە قەرزکردن دەکرد. هەتا فەرەنسییەکان پێویستیان بەو بەرهەمانە بوو و قازانجیان تێدادەکرد، بانکەکانیان بە سودی ٤، ٦ قەرزیان پێ دەدان، بەڵام کە چیتر پێویستیان بەو بەرهەمانە نەما سوودی قەرزەکانیان گەیشتە ١٠٪ کە دەبووە بارێکی قورس بەسەر ئەو بەرهەمهێنەرە خۆماڵیانەوە. بەشێکی زۆری پیشەسازی ئاوریشم لەم ناوچانەدا شکستی هێنا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشـێک لـەو کارگانـە کەوتنـە بەرهەمهێنانـی قوماشـی لۆکـە لـە باتـی ئاوریشـم، بـەڵام ئەوانــەش بــەلاوازی مانــەوە «٣٠ ل١٥٤».
هەربەشـێوەی چیاکانـی لوبنـان لـە پەنجاکانـی سـەدەی نـۆزدەدا، لـە ناوچەکانـی نـاوەوەی سـوریای گـەورە نمونـەی حەلەب و دیمەشـق هەندێ پیشەسـازی سـەرەتایی زیادیکـرد. لـە کۆتایـی ئـەو سـاڵانەدا شـەپۆلێکی گـرژی و توندوتیـژی دژی پێکهاتـە ناموسـڵمانەکان و کۆمەڵکوژییـان لـە شـارە گەورەکانـی ناوچەکـەدا دەسـتیپێکرد. ئەمانـە بوونـە هـۆی کاولکردنی ژمارەیـەک زۆر شـوێنکاری بەرهەمهێنانی پیشەسـازی سـەرەتایی. لـە کـۆی ٣٥٠٠ تەونـی جۆلایـی ٣٠٠٠ی لەناوبـرا. سـەرەڕای ئـەوە بەهـۆی ئـەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی و هێـزە ئەوروپییـەکان کەوتنـە تۆڵەکردنـەوە و سـزادانی گوناهبـارەکان، سـامان و شـوێنکاری ژمارەیەکـی زۆری تـری بـازرگان و خـاوەن کەپیتاڵـە موسـڵمانەکان زەوت و کاولکـران، کـە هێنـدەی تـر ئـەو بەرهەمهێنانانـەی لاوازکـرد. بـەڵام لەبەرئـەوەی دەوڵەتـی عوسـمانی و دروزەکان لـە ماوەیـەدا هاوپەیمانیەکیـان دروسـتکرد، کـە بـووە هـۆی دابینکردنـی ئاسـایش و سـەقامگیری لـە ناوچەکـەدا، هەروەهـا بەهـۆی ئـەوەی ئـەو کاولکردنـە لەنـاو شـارە گەورەکانـدا روویـدا بەشـێک لـە شـوێنکار و بازرگانـە دەوڵەمەنـدەکان لـە دەرەوەی شـارەکان بـوون، لـە شەسـتەکاندا هەندێـک لـەو بەرهەمهێنانـەوە سـەرلەنوێ بوژاندنەوەیـان بەخۆوەبینـی. لـە حەفتاکانـدا لـە ناوچـەی حەلـەب بەرهەمهێنانـی هەنـدێ جـۆری جلوبەرگـی هـەرزان پەیدابـوو. زۆربـەی ئـەو بەرهەمانـە بـۆ بازاڕەکانـی نـاوەوەی سـوریای گەورەبـوو، کـە هێشـتا بەرهەمـی دەرەکـی بـە شـێوەیەکی فـراوان رووی تێنەکردبــوون «٣٠ ل١٦٧».
یەکێـک لـەو بـوارە گرنگانـەی لـە کۆتایـی سـەدەی نۆزدەهەمـدا وەبەرهێنانـی گـەورەی تیاداکـرا پیشەسـازی میـن بوو(تعدیـن). پلانـی کـورت و درێـژی بـۆ دانـرا و چەندیـن رێکەوتنامـە لـە نێـوان دەوڵەتەکانـی ناوچەکـە و کۆمپانیاکانـی دەوڵەتـە کەپیتالیسـتەکاندا مۆرکـرا. لەوانـە لـە تورکیـای عوسـمانی مینـی کـروم. لـە ئێـران رەسـاس بـۆ پیشەسـازی دراو (عوملـە)، پیشەسـازی خەڵـوز و پتـرول. لـە میسـر مینـی فوسـفور و مەنگەنیـز و گـەڕان بـە دوای پترۆڵـدا. لـەم بوارانـەدا بەشـی زۆری بـە کەپیتـاڵ و کۆمپانیـای دەرەکـی کـراوە. ئـەم کارانـە سـەرەتایی گـەڕان بەشـوێن پیتـرۆل بـوو لـەو بـوارەدا.
لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەدا، رۆڵـی سـەرافەکان و جموجۆڵـی کاری بانکـی لـە چەندیـن ناوچـەدا زیادیکـرد. زۆربـەی ئەوانـەی بـەو کارانـە هەڵدەسـتان پێکهاتـەی یونانـی و ئەرمەنـی جـو بـوون. لـە هەنـدێ شـوێن بەتایبـەت بەغـدا و چیاکانـی لوبنـان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانە هەتا ڕادەیەک ڕۆڵیان لە وەبەرهێنانکردنی بواری پیشەییدا پەیداکرد. لە کۆتایی سەدەکەدا ڕۆڵیان کەمی کرد و نەیانتوانی هەنگاوبنێن بۆ دروستکردنی بانک و سیستمی بانکی بەهێز «٧ ل١٥٦\ ١٥ ل٤٦».

لەگەڵ ئەوەی لەم قۆناغەدا چەندین فاکتەری یارمەتیدەر هەبوو بۆ گەشەکردنی بەرهەمهێنانی پیشەسازی خۆماڵی، بەڵام ئەو کۆسپانەی کە لەبەردم گەشەکردندا بوون سەنگیان قورستر بوو. هەڵبەتە گرنگترینیان شکستهێنانی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵات و قاپیکردنەوە بوو بۆ کۆمپانیا و بانک و دەوڵەتە کەپیتالیستەکان و قەرزلێکردن لێیان و دانی ئیمتیازاتی بێسنوور پێیان و بوونیان بە لایەنێکی بڕیاردەری سیاسی و ئابوری لە ناوچەکەدا. ئەمە ڕێگەی بۆ بەهێزبوون و بەرفراوبوونی خێرای بازرگانی دەرەکی و دروستبوونی لاسەنگی لە نێوان هەناردن و هاوردەکردندا خۆشکرد، کە بەزەرەری بەرهەمهێنانی پیشەسازی خۆماڵی دەشکایەوە.

باج و گۆمرگی قورس و هەروەها گەندەڵی بێسنووری دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و سەرانە و بەرتیل سەندن و مۆنۆپۆڵی هەندێ توێژ لەسەر پیشەسازی و بازرگانی ناوخۆ بوو بە کۆسپێک و خەرجێکی قورس لەبەردەم گەشەکردنیاندا. لەهەمانکاتدا ئاسانکاری کردن بۆ کۆمپانیا دەرەکیەکان و سەندنی گومرگ و باجی کەمتر لە بەروبومی هاوردەکراو، خەرج و نرخی کەلوپەلی ناوخۆیی گرانتر دەکرد لەچاو هاوردەکراوەکاندا و فرۆشتنیان زەحمەتر دەبوو.

ناسەقامگیری ڕێگەوبان و گوێ پێنەدانی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕێگەوبان دروستکردن لە نێوان ناوچە و هەرێماکانی ناو دەوڵەتەکندا، ڕێگربوو لە ئاڵوگۆڕکردنی کەرەسەی خاو و بەرهەمی پیشەسازی خۆماڵی، نرخی ئەوانەی بەرزدەکردەوە و بە خاوتر دەگوێزرانەوە.

دروستبوونی ئاژاوە و کوشتن و ئازاردان و دەربەدەرکردنی پێکهاتە ناموسڵمانە خاوەن پیشەکان کاردانەوەی خراپی هەبوو لەسەر گەشەکردنی پیشەسازی خۆماڵی و زۆربەیانی لەباربرد.

ساڵەکانی ١٨٦٠ سوڵتانی عوسمانی بەمەبەستی زیادکردنی داهاتی باجەکانی دەوڵەت، کۆمیتەیەکی پێکەوەنا بەمەبەستی گەشەپێکردنی پیشەسازی خۆماڵی و سنوردانان بۆ کەلوپەلی دەرەکی. بەڵام ئەو کۆمیتەیە لەچەند بڕیارێکی سەر قاقەز بەولاوە بەکردەوە هیچی نەکرد. ساڵی ١٨٦٧ قوتابخانەیەکی پیشەسازی کرایەوە، بەڵام خوێندن تیایدا زۆر دووربوو لە پێویستیەکانی وڵاتەکە و ئاستی خوێندن تیایدا نزمبوو و توانای پەروەردەکردنی کادیری شارەزای نەبوو. ساڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٨٦٢ بەمەبەستی ئاسانکردنی هەناردەکردنی کەلوپەلی پیشەسازی خۆماڵی بۆ دەرەوە بڕیارێکی دەرکرد بە نزمکردنەوەی گومرگ لەسەر ئەو بەرهەمانە بۆ ١٪ و بەرزکردنەوەی گومرگ لەسەر کەلوپەلی هاوردەکراو بۆ ٨٪. بەڵام ئەم بڕیارە لەبەر ناڕەزایی دەربرینی کۆمپانیا و دەوڵەتە بێگانەکان و ئەو بازرگانانەی کاریان لەو بوارانەدا دەکرد سەری نەگرت «**٣٠** ل**١١٦**».

لەو قۆناغەدا بۆ ئەوەی پیشەسازی سەرەتایی ناوخۆ توانای بوژاندنەوەی هەبێت پێوستبوو سیستمی بانکی و قەرزدان و ئاڵوگۆڕی دراو رێکبخرایە و وەبەرهێنانی بۆ خەڵکانی بەرهەمهێنەری پیشەسازی ئاسان بکردایە.

بەهۆی زیادبوونی سەنگی هاوردەکردن لەچاو هەناردەکردندا بەشێکی زۆری هاوردەکردن بە سەروەتی ناوخۆی وڵات لە زێڕ و زیو دەکرا، بەوەش بەهای دراوی خۆماڵی بەرامبەر دەرەکی دەهاتە خوارەوە. بەرهەمهێنەرانی پیشەیی وڵات، کە تەکنیکی هاوچەرخی دەرەکیان دەکری دەبوایە دراوی قورسی دەرەکیان پێبدایە، بەڵام لە هەناردەکردنی بەرهەمەکانیان بۆ دەرەوە، کۆمپانیا بێگانەکان بە عوملەی خۆماڵی لێیان دەکڕین. لێرەدا بەکارهێنانی عوملەی جیاواز وایدەکرت کڕینی ئەو شتانە لەدەرەوە زۆر گرانتر بکەوێت لەسەریان.

بەهۆی ئەمانە و بەرزی رێژەی سوودسەندن لە قەرزدان کە گەیشتۆتە ١٠٪ لەسەر ئەو بەرهەمهێنەرانە، بوونە کۆسپی گەورە لەبەردەم کڕینی تەکنیکی نوێدا. بۆ نمونە لە ئێران لەسەرەتاکانی ساڵەلانی ١٩٠٠دا، بەرهەمهێنەرەکان تەنها ٢٪ ی کەپیتالیان لەو بوارەدا بەکارهێنراوە. هەڵبەتە خۆبەخۆ هەستان بەرهەمهێنانی ئامرازی نوێی بەرهەمهێنان، نمونەی مەکینەی هاوچەرخ و رێگەی نوێی زانستی خەڵک لە خەویشدا بیری لێ نەکردۆتەوە، چونکە توانای خوڵقاندن و داهاتن لەژێر ئەو سیستمە فیوداڵە خێڵەکییە بەتەواوەتی مرێنراو بوو «**١٥** ل**٤٤**».

فاکتەرێکی تر، کە هێندەی تر دراوی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لاوازکرد و توانای وەبەرهێناناتی لای خاوەن کەپیتاڵ و پیشەگەرە خۆماڵییەکان کەمکردەوە، هەستانی ئەو دەوڵەتانە بوو بە سکەلێدان و یەکخستنی دراوی وڵاتەکانیان. ئەو دەوڵەتانە چەند کارگەیەکیان بۆ ئەو مەبەستە دروستکرد بۆ سکەلێدان. لەبەرئەوەی هەمیشە بودجەیان کورتی دەهێنا و خەزێنەی دەوڵەتەکانیان بەتاڵ بوو، کەوتنە سکەلێدانی دراوێکی زۆر بێ ئەوەی لە بەرامبەردا سامانیان هەبێت. هەروەها کێشی دراوەکانیان کەمدەکردەوە و مس و منیرالی تریان تێکەڵ دراوی زێڕ و زیو دەکرد. هەموو ئەمانە دەبووە هۆی ئەوەی عوملەی خۆماڵی ئەو وڵاتانە هێندەی تر قیمەتی بێتە خوارەوە لە چاو دراوە بەهێزەکانی ئەوسای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیهانـدا، نمونـەی پاوەنـد و فرانـک. بـۆ نمونـە لـە ئێرانـی قاجـار لـە نێـوان سـاڵەکانی **١٨٠٠-١٩٠٠** دراوەکەیـان **٤١٠٪** کەمـی کـرد، قرانـی ئێرانـی لەچـاو پاوەنـدی ئینگلیـزی **٨٠٪** قیمەتـی هاتـە خـوارەوە «**١٥ ل٦٥**».

بـاج و گومرگـی زۆر لەسـەر بەرهەمهێنـەرەکان و دەسـتکورتی زۆرینـەی خەڵـک کـە مسـکێن و جوتیـاری هەژاربـوون، دەبـووە هـۆی بـێ دەرەتانیـان و کەمبوونـەوەی خواسـتیان لەسـەر بەرهەمـی پیشەسـازی خۆماڵـی. سـەرەڕای ئەوانەنەخۆشـی بڵاوبوونـەوە و نەخۆشـی نـاو روەک و ئـاژەڵ و سـاڵی وشـکانی یـان زۆر سـارد لـە هەنـدێ شـوێندا توانـای خەڵکـی لـە کڕینـی بەرهەمـی پیشەسـازی کەمدەکـردەوە. سـەرەڕای ئەوانـە قۆرخکردنـی بـازاڕ هێنـدەی تـر ئـەو خواسـتەی کـەم دەکـردەوە. بـۆ نمونـە قۆرخکردنـی کڕیـن و فرۆشـتنی دانەوێڵـە لەلایـەن توێژێـک لـەو بازرگانـە گەورانـەی کـە دزە شـەریک بـوون لەگـەڵ دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار و شـاردنەوەی ئـەو بەرهەمانـە لـە کاتـی قەیرانـە سروشـتی و ئابوریەکانـدا و بەرزبوونـەوەی نرخـی بەچەندیـن قـات، هێنـدەی تـر زۆرینـەی دانیشـتوانی بـە دەرەتـان دەبـرد و لـە کڕینـی گەنـم و خوارکـی هـەرە پێویسـت بـەولاوە توانـای کڕینـی شـتی تریـان نەبـوو. هەمـوو ئەمانـە وایدەکـرد بەرهەمهێنانـی پیشەسـازی ناوخـۆ بـازاڕی کەمبێتـەوە و لەناوبچـن یـان زۆر بەخـاوی گەشـە بکـەن «**٧ ل١٥٦**».

فاکتەرێکـی تـری گرنـگ، کـە بووەهـۆی ئـەوەی هەنـدێ پیشەسـازی گرنگـی چنیـن نەتوانـێ بـەردەوام بێـت و بەهێزبێـت پشـت بەسـتن بـوو بـە بەرهەمهێنانـی قوماشـی ئاوریشـم. لەبەرئـەوەی دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدارانی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت حەزیـان لـە ژیانـی سـەڵتەنەت و بەکارهێنانـی قوماشـی ئاوریشـمی گرانبەهـای تێکـەڵ بـە زێـڕ و زیـو بـوو، هەروەهـا لەبەرئـەوەی ئـەوان بڕیاردەربـوون لـە چۆنیەتـی بەرهەمێنانـی پیشەسـازیدا، لەباتـی بەرهەمهێنانـی قوماشـی خـوری یـان لۆکـە زیاتـر وەبەرهێنـان لـە قوماشـی ئاوریشـمدا دەکـرا.

بـازاڕی ئـەم جـۆرە قوماشـە و خواسـت لەسـەری زۆر سـنووردار بـوو. ئەوپـەڕی **٥٪** دانیشـتوان توانـای کڕینـی ئەوانەیـان هەبـوو، بۆیـە هـەر لەسـەرەتاوە بـە پێچەوانـەی بەرهەمهێنانـی قوماشـی خـوری و لۆکـەوە دەرفەتـی گـەورەی گەشـەکردنی نەبـوو. لەگـەڵ کەمبوونـەوەی خواسـتی ناوخـۆ و جیهـان لەسـەر ئـەم بەرهەمانـە لـە کۆتایـی سـەدەی نـۆزدەدا، بـە خێرایـی ئـەم بـواری بەرهەمهێنانـە شکسـتی هێنـا.

بەهـۆی هەمـوو ئـەم کۆسـپە مەزنانـەی کـە ڕێگربـوون لـە بەرهەمهێنانـی پشەسـازی خۆماڵـی لەرۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، لای بـازرگان و توێـژە خـاوەن کەپیتاڵـەکان زۆر ئاسـانتر و مسـۆگەرتر بـوو تواناو کەپیتاڵەکانیـان لەباتـی ئـەوەی لـەم بـوارەدا بـەکاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بهێنن، لە بازرگانی دەرەکی بەکڕین و فرۆشتنی کەلوپەلەکانی وڵاتە کەپیتالیستەکان و بەرهەمهێنان و پەیداکردن و فرۆشتنی کەرەسەی خاوی ئەواندا بەکاری بهێنن.

## گۆڕانکاری بنەڕەتی لە بەرهەمهێنانی پیشەییدا

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، سەدان هەزار شوێنکاری پیشەیی لە شارە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوون. نموونەی ئەوانە ئەستەنبوڵ و ئەزمیر و بورسا و ئەنقەرە لە تورکیای عوسمانی، حەلەب و دیمەشق و بەیروت لە سوریای گەورە، بەغدا و موسڵ لە عێراقی عەرەبی، ئیسفەهان و تەبرێز و هەمەدان و شێراز و کاشان لە ئێران، قاهیرە و مەحەلە و ئسیوت و فەیوم لە میسر «٧ ل١٥٠». لە شارە گەورەکانی کوردستانیش ئەوانە هەبوون، بەڵام بە قەبارەیەکی بچوکتر.

لەم قۆناغەدا جیاوازی بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتایی لەوەدابوو، کە لە بەرهەمهێنانی پیشەییدا ژمارەیەکی زۆرکەم خەڵک کاریان تێدادەکرد. ژمارەی ئەوانە لە شوێنکاریەکدا لە پێنج کەس کەمتر بووە و هەروەها بەرهەمەکانی کەم بوون و بۆ دابینکردنی پێداویستی بازاڕێکی ناوخۆی بچوک بوو. کەم لەوانە بەرهەمەکانیان دەگەیشتە هەرێم و ناوچەکانی تر، یان دەرەوەی وڵاتەکان «١٥ ل٥٧».
لەگەڵ ئەوەی بەرهەمهێنانی پیشەیی قوماش بەهۆی بوژاندنەوەی بازاڕەکان و زیادبوونی دانیشتوانەوە هەتا رادەیەک هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە زیادیکرد، بەڵام لەکۆتایی سەدەکەدا ئەو بەرهەمهێنانە لە هەندێ شوێندا شکستی هێناو لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٠-١٨٨٠نزیکەی ٩٠٪ ژمارەیان لەناوچوو. زۆربەی ئەوانەی کە لەو ساڵانەدا لەناوچوون لەو ناوچانەدا بوون، کە نزیکبوون لە کەنار دەریا و رێگە بازرگانییە گەورەکانەوە. شوێنەکانی تر کە دوورتر و سەخت تر بوون، شکستهێنانیان نزیکەی ٥٠ساڵی تر دواکەوت «٧ ل١٥٣».
بەڵام بەرهەمهێنانی پیشەیی تەنها لە بواری قوماش دروستکردندا نەبوو، بەڵکو چەندین کەلوپەلی تر تیایدا بەرهەم دەهێنرا. ئەوانە هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە ژمارە و بەرهەمەکانیان زیادیکرد. سەرەڕای ئەوە پیشەسازی ئەوروپا توانای دابینکردنی پێداویستی تایبەتی خەڵکی ناوچەکە نەبوو. نمونەی ئەوانە جلوبەرگی تایبەتی خەڵکی ناوچەکە.
ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، هەتا دەهات بنەمای فیوداڵی خێڵەکی قوفڵدراوی بەرهەمهێنانی پیشەیی تێکدەشکا. ئەو بەرهەمهێنانە هەتا دەهات زیاتر دەبەسترا بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازاڕەکانەوە و کەلوپەلەکانی بە ئازادتر ساغ دەکرانەوە و ئەو وەستا و شاگەردانەی کاریان تێدادەکردن زیاتر وەک کرێکاری موچەخۆریان لێدەهات. هەروەکو چۆن پیشەسازیی سەرەتایی لە رۆژهەڵاتی ئەوروپای کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا سیستمی پیشەیی فیودالی تێکشکاند، بەهەمان شێوە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهانی و بازاڕی کراوەتر سیستمی پیشەیی فیودالی خێڵەکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێکشکاند. جیاوازی گەورە لە نێوان ئەو دوو پرۆسەیەدا ئەوەبوو، کە لەناو وڵاتەکانی رۆژئاوای ئەوروپا شانبەشان و لەپاڵ بەرهەمهێنانی پیشەییدا، پیشەسازیی سەرەتایی سەری هەڵداو گەشەیکرد و بەرهەمهێنانی پیشەیی لاوازکرد و بەخۆوەی بەستەوە و شاگرد و وەستاکانی دەکرد بە کرێکاری خاوەن مووچە لای خۆی، بەلام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پیشەسازیی سەرەتایی یان هاوچەرخ نەیتوانی هێندە بەهێز بێت، کە بەو کارە هەستێت «بەندی ٢».

بەرهەمهێنانی پیشەیی مایەوە، بەلام بەسروشت و خاسڵەتی نوێوە. دەتوانین بڵێین کە پیشەییەکان بوونە شوێنکاری پیشەگەری بچوکی لاواز. ئەو شوێنکارە بچوکانە هەر مانەوە، بەلام هەمان ئەو کۆسپانەی رووبەڕووی پیشەسازی خۆماڵی بوونەوە، رووبەڕووی گواستنەوەی ئەمانەش دەبوونەوە بۆ پیشەسازی هاوچەرخی گەورەتر و پێشکەوتوتر.

بەرهەمهێنانی پیشەیی بچوک، گەشەکردنی بەخۆوە بینی و ژمارەیان زیادیکرد، هەروەها بەسترانەوە بە بازاڕێکی گەورەتر و ئازادترەوە و سیستمی قوفڵدراوی پیشەیی خێڵەکی تێکشکا، لەهەمانکاتدا بەسترایەوە بەسیستمی سەرمایەداری جیهانییەوە، بەلام لەبەر ئەو کۆسپانەی لە رێگەی گەشەکردنیدا بوو بە لاوازی و بچوکی مایەوە. لەگەڵ لاوازی و بچوکیدا لەم قۆناغە و قۆناغەکانی دواتریشدا ئەم بەرهەمهێنانە رۆڵی گرنگی بینیوە لە ژێرخانی ئابوری وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

## دروستبوونی چەندین مەڵبەندی ئابوری

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا، دەوڵەتە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکهاتبوو لە چەندین ناوچە و شوێنی دابڕاو لەیەک، کە هیچ بەرژەوەندییەکی ئەوتۆ پێکەوە نەیدەبەستنەوە. لەژێر سیستمێکی فیودالی خێڵەکی قوفڵدراودا دەژیان و بەشی هەرە زۆری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەیی لە پێناوی دابینکردنی پێداویستی خۆدا بوو، ئیکتفای زاتی. بازرگانی زۆر لاواز بوو و زیاتر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پێناوی دابینکردنی خواستی توێژێکی زۆر بچوکی کۆمەڵگەدا بوو. ناوچە و هەرێمەکان خاسڵەت و زمان و دیالێکت و جلوبەرگ و کلتوری تایبەتی خۆیان هەبوو، ئاگایان لە یەکتر نەبوو و هەر شوێنە بۆ خۆی و بە رێبازی تایبەتی خۆی دەژیا. ئەوەی بەستبوونی بەیەکەوە دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتەکان و سوپا و دامودەزگاکانی دەوڵەت بوو، لە پێناوی کۆنترلکردنیان و بەکارهێنانیان لە شەڕوشۆڕدا و هەروەها کۆکردنەوەی باج و خەراج و تالانکردن و رووتاندنەوەیان «بەندی سێیەم».

ئەوەی لە قۆناغی پێشوودا دەستیپێکرد و لەم قۆناغەدا بەردەوامبوو، ئەوە بوو کە هەنگاو بە هەنگاو، ناوچە لەدوای ناوچە گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا دەهات و رێڕەوێکی نوێی گەشەکردن و گۆڕانکاری لەناویاندا دروست دەبوو. یەکێ لە دیاردە گرنگەکان کە لەناوچەکەدا روویدا، بریتی بوو لە دروستبوونی چەندین مەڵبەندی(سەنتەر) ئابوری. ئەوانە هەتا دەهات خاسڵەتی تایبەتیان تیادا دروست دەبوو و لەیەکتر دووردەکەوتنەوە. ئەمە لە چەند روویەکەوە دەستیپێکرد:

- بووژاندنەوەی بازرگانی بووە هۆی گەشەکردنی چەندین شاری بازرگانی گرنگ. پەیوەندی هەندێ لەم شارانە لەگەڵ بازاڕ و کەپیتالیزمی جیهانەوە راستەوخۆ بوو و چیتر پێویست نەبوو وەک جاران لە رێگەی دەسەڵاتی ناوەندییەوە بێت. سەرەڕای شارە بازرگانییەکانی تورکیای عوسمانی نمونەی ئەستەنبوڵ و ئەزمیر و بۆرسە لەسەر دەریای رەش و دەریای سپی ناوەڕاست، شارەکانی سوریای گەورە و میسر و تونس و مەغرب و جەزائیر و لیبیا لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست، شارە بازرگانییەکانی ئێران و شارەکانی لەسەر کەنداو و دەریای هیندی، شاری بەسرەی عێراق لەسەر کەنداو، یەمەن لەسەر دەریای سور و دەریای عەرەبی هەتا دەهات هەر یەک لای خۆیەوە رۆڵی بازرگانی و فینانس تیایاندا بەهێز دەبوو.

- هەتا دەهات ئەو شارە بازرگانییانە ناوچە نزیکەکانی دەوروپشتیان بە خۆیانەوە دەبەستەوە. بۆ بەستنەوەی دەوروپشت پێیانەوە چەندین هێڵی شەمەندەفەر و رێگەوبان راکێشرا. هەتا دەهات بەرژەوەندی تایبەتی زیاتر لە نێوانیاندا دروست دەبوو.

لەکاتێکدا گەشەکردنی ئابوری لە رۆژئاوای ئەوروپا ناوچەکانی وڵاتی لەسەر بنەمای نەتەوایەتی پێکەوە بەستەوە و دەوڵەتی نەتەوایەتی تیایاندا دروست بوو، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشەکردنی ئابوری هەندێ ناوچەی بەو سەنتەرانەوە دەبەستەوە. ئەوە بازاڕی نەتەوایەتی و دەوڵەتی نەتەوایەتی لێ دروست نەبوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵکو ئاسانکارییەک بوو بۆ بەستنەوەی ناوچەکان بە بازاڕی جیهانییەوە.

– لاوازی و خاوی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بازرگانی ناوخۆ و نێوان هەرێمەکان و گوێنەدانی دەوڵەتەکان و کەپیتالیزمی جیهانی بەوانە، وایکرد کە ڕێگەوبان لە نێوان ئەو هەرێمانەدا دروست نەکرێت و بە تۆڕێکی ئینفراسترەکتور پێکەوە نەبەسترێنەوە. ئەمە لەلایەکەوە بوو بە کۆسپێک لەبەر دەم بوژاندنەوەی بازرگانی نێوان ناوچەکان و خاوبوونی گەشەکردنی پیشەسازی خۆ ماڵی و لەلایەکی ترەوە هەتا دەهات دەبووە هۆکاری لەیەک دابڕینیان و بەستنەوەی هەر لایەکیان بە نزیکترین سەنتەری ئابورییەوە. بۆ نموونە پێشترموسڵ زیاتر بەسترابوو بە حەلەب و ئامەد و کەرکوک و ئەستەنبوڵەوە، بەڵام هەتا دەهات زیاتر دەبەسترایەوە بە بەغدا و بەسرەوە. پێشتر پەیوەندیی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ناوچە سنوورەکانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا هەبوو، بەڵام دواتر ئەو ناوچانەی ئێران زیاتر دەبەستران بە شارە بازرگانییەکانی ئێران لە کەنداو، بەهەمان شێوە ناوچەکانی عێراق دەبەسترانەوە بە بەسرەوە. بەوەش ناوچەکانی کوردستان هەتا دەهات زیاتر دەبەسترانەوە بە سەنتەری جیاوازی نزیک لێیانەوە. هەتا ئەو سەنتەرە ئابورییانە بەهێزتر بوونایە، ئەو ناوچانە زیاتر لەیەک دادەبڕان.

– شکستهێنانی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابورییان و لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی لەو ناوچەکاندا، زیاتر زەمینەی بۆ کۆمپانیا و بانک و دەوڵەتە کەپیتالیستەکان دروستکرد، کە لەو مەڵبەندە ئابورییانە جێگەی پێی خۆیان قایم بکەن و ژێرخانی ئابوری ئەو ناوچانە بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان داڕێژن. ئەمەش دەبووە زیاتر بەهێزبوونی ڕۆڵی ئابوری ئەو سەنتەرانەوە و بەستنی دەوروپشت بەخۆیانەوە و دابەشبوونی هەرێم و میللەتەکان و دوورکەوتنەیان لە یەکتری.

– کردنەوەی قەناتی سوێس لە ساڵی ١٨٦٩دا، خێراییدا بەو پرۆسەیە. جاران بەشێکی زۆری بازرگانی هیندستان و چین و ناوچەکانی ئێران و بەشی ئاسیای دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگا وشکانییەکانەوە بەو ناوچانەدا تێدەپەڕین و بەرژەوەندیی هاوبەشی لە نێوانیاندا دروستکردبوو. بەڵام قەناتی سوێس هەر یەکێ لەو وڵات و ناوچانەی بە جیا و ڕاستەوخۆ دەبەست بە بازاڕی گەورەی کەپیتالیستی جیهانەوە و ئەو ناوچانەی هەتا ڕادەیەکی زۆر لەیەک دابڕی. کردنەوەی ئەو قەناتە بازرگانی ئێران و عێراق و هیندستان و چین و شوێنەکانی تری دوو هێندە لێکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمو ئەمانە زەمینەی بۆ سەرەتای گۆڕانکاری نوێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆشکرد. وایکرد کە نەخشەی داهاتووی وڵاتەکانی ناوچەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی بازرگانی دەرەکی دابڕێژرێت.
«بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتانە بڕوانە ١٥ ل١٣٧–١٧٨ \ ٧ ل١٧–٦١ \ ٣٠ ل٥٠–٥٦ \ ١ ل٣٤–٤١ »

## چینوتوێژ و پێکهاتەکان و دەرفەتی بەشداریکرن لە بڕیاردان‌دا

بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان بۆ ناوچەکە و چاکسازیی دەوڵەتەکان و دواتر شکستهێنانی چاکسازی ئەو دەوڵەتانە و لەدەستدانی سەربەخۆیی ئابوری و سیاسیان و لەهەمانکاتدا ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی لە بەرهەمهێنان و بازرگانیدا روویاندا، کاردانەوەی راستەوخۆیان لەسەر بنەما کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکە هەبوو. ئەو گۆڕانکارییانە سروشت و رۆڵ و توانای چینوتوێژ و پێکهاتە کۆنەکانی گۆڕی و لەهەمانکاتدا چینوتوێژی نوێیی دروستکرد و پێکهاتە و ناوچە و میللەتەکانی خستە ئاستێکی جیاوازترەوە. دروستبوونی هەموو ئەوانە و ئاوێتەبوونیان لەگەڵ ئەو زەمینە نوێیەدا پرۆسەیەکی پڕ لە واژوکردن و ململانێ بوو کە زۆرجار توندوتیژی بەخۆوە دەبینی.

## دەستپێکردنی گەڵاڵەبوونی چینوتوێژەکان

لە مێژووی پێشتری دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەستەبژێری دەسەڵاتداری فیودالی خێڵەکی بەهۆی چەندین فاکتەرەوە کۆنترۆڵی چینوتوێژەکانی کۆمەڵگەیان دەکرد. هەر کاتێک چینێک یان توێژێک بەهێزبوایەو و هەڕەشەی لەسەریان دروستبکردایە، بە شێوەیەک لە شێوەکان سەرکوت دەکران و خەڵکی تازەیان دەخستنە جێگە. بۆیە هەموو چینوتوێژەکانی وڵاتەکان و لەناویاندا توێژەکانی دەسەڵاتی ئایینیش لە هەموو مێژووی پێشتردا، بێجگە لە رۆڵی سەرەکیان لەسەرەتای دەوڵەتی سەفەوی ئێران، بە لاوازی مانەوە و رۆڵی گرنگیان نەبوو لە بەشداریکردنی بڕیاردانی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکاندا «بەندی سێیەم».
لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری لەوەدا دەستی پێکرد. لاوازبوونی دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانە و هاتنە ناوەوەی کۆمپانیا و بانک و دەوڵەتانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێگانـە بـۆ نـاوەوە و بوونیـان بـە تەرەفێکـی بەهێـز و کاریگـەر لـە کۆمەڵگـەدا و زەلیـل بوونـی ئـەو دەسـتەبژێرییە بەدەسـتیانەوە، دەرفەتـی نوێـی دروسـتکرد بـۆ چینوتوێژەکانـی کۆمەڵگـە. لەگـەڵ ئـەوەی دەسـتەبژێریەی دەسـەڵاتدار و هێـزە دەرەکییـەکان بەرژەوەنـدی هاوبـەش پێکـەوەی دەیبەسـتنەوە، بـەڵام بەهۆی سروشـتی جیاوازیانـەوە لـە ململانێی بەردەوامدا بـوون. چیتـر وەکـو کـۆن ئـەو دەسـتەبژێرییە بەتەنهـا نـەی دەتوانـی بڕیـار بـدات. ئـەم جـارە کەپیتالیسـتی جیهانـی ڕۆڵـی گرنگـی هەبـوو لـە بڕیاردانـدا. لەگـەڵ دیـوی خراپـی ئـەم پرۆسـەیەدا، نیمچـە پلوراليزمێـک لەنـاو ئـەو وڵاتانـەدا دروسـت بـوو، کـە دەرفەتـی مانـەوە و تەمـەن درێـژی بـۆ چینوتوێژەکانـی کۆمەڵگـە دروسـتکرد و هەتـا رادەیـەک توانایـان پەیداکـرد فشـار بخەنـە سـەر دەسـتەبژێری دەسـتەڵادار.

بوونـی توێـژە بێگانـەکان بـە بەشـێک لـە کۆمەڵگـە و تەرەفێکـی کاریگـەر و بڕیـاردەر تیایـدا بـۆ توانـای ئابوریـان دەگەڕایـەوە، پاڵپشـتی دەوڵەتـە ئەوروپییـەکان بۆیـان، ئاسـانکاری دەوڵەتەکانـی ناوچەکـە بۆیـان، نیشـتەجێبوون و بڵاوبوونەوەیـان لـە چەندیـن ناوچـەی جیـاوازی وڵاتەکانـدا، وەبەرهێنانکـردن و بەڕێوەبردنی راسـتەوخۆی کانزایـی و پیشەسـازی، هەڕەشـکردن و دانـی بەرتیـل و دیـاری، قـەرز و ئیمتیـازات و کۆکردنـەوەی بـاج و گومـرگ لەلایانـەوە، دروسـتبوونی بەرژەوەنـدی هاوبـەش و هاوپەیمانـی لەگـەڵ هەنـدێ چینوتوێـژی خۆماڵیـدا. ئەمانـە کردنـی بـە توێژێکـی کۆمەڵایەتـی ئۆروسـتۆکراتی لـە کۆمەڵگـەدا، وایکـرد پایـەی کۆمەڵایەتییـان بەرزتربێـت لـە زۆربـەی توێـژە دەسـەڵاتدارەکانی ناوخـۆدا و بـە ئاسـانی دەیانتوانـی دەسـت لـە بڕیـارە سیاسـی و ئابورییـەکان وەردەن و دانانـی وەزیـر و سـوڵتان و شـا و والـی و کاروبـاری مەڵبەنـد و ناوچەکانـدا. ئەمانـە لەلایەکـەوە خسـتنیە هەماهەنگـی لەگـەڵ هەنـدێ توێـژی کۆمەڵگـەدا و لەلایەکـی تـرەوە ململانـێ و گـرژی لەگـەڵ هەندێکـی تـردا «**١٥** ل**٤٦**».

ئـەوەی وجـود و ڕۆڵـی ئەمانـەی زیادکـرد کڕینـی زەویوزارێکـی زۆر بـوو. لـە شەسـتەکان و حەفتاکانـی سـەدەی نـۆزدەدا دەوڵەتـەکان لەبـەر کورتهێنانـی بوجـە دەسـتیانکرد بـە فرۆشـتنی زەوی کشـتوکاڵی میـری لـە چەندیـن ناوچـەدا، کـە بـووە بە دەرفەتێـک بـۆ ئـەو بێگانانـە ببنـە موڵکدار. نموونـەی ئـەوە سـاڵی **١٨٦٧** لـە ناوچەکانـی ئەزمیـر **٤١** بازرگانـی ئینگلیـز بوونـە خـاوەن **٣١١**ی هەمـوو زەوەیـوزاری ناوچەکـە «**٣٠** ل**١١٤**».

لـە وڵاتەکانـی باکـوری ئەفریقـا نمونـەی تونـس و جەزائیـر و لیبیـا، توێژێـک لـە ئەوروپاییـەکان نیشـتەجێبوون و بوونـە خـاوەن زەویـوزار و چەندیـن پـرۆژەی جیاواز

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پلەی تایبەتی کۆمەڵایەتی و سیاسییان پەیداکرد. ژمارەیەکی زۆر لە جووەکانی روسیا لەترسی هەڕەشە و کوشتنی دەوڵەتی قەیسەری، کۆچیان کرد بۆ فەڵەستین و تیایدا نیشتەجێ بوون و زەویوزاری کشتوکاڵییان لە خەڵکی ناوچەکە کڕی. هەڵبەتە هەموو ئەوانە کاردانەوەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هەبوو لەسەر ئەو ناوچانە لەو قۆناغەدا و مێژووی دواتریشی «١٢٨ ل٧\١٢٤ ل٩».

چاکسازییەکانی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە موڵکایەتی زەویوزاردا، کە لە قۆناغی پێشودا پێی هەستان، لەم قۆناغەدا کاردانەوەی گرنگی هەبوو. ئەم جارەیان ئەو دەسەڵاتدارانە بەهۆی لە دەستدانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریان و بوونی بێگانە بە تەرەفێکی گرنگ لە دەوڵەتەکاندا وایکرد کە شێوازی موڵکایەتی تایبەتی زەویوزار بەردەوامبێت و چینوتوێژی موڵکداری زەویوزار دروست بێت و بمێننەوە. هەرچەندە لە شەستەکانی سەدەی نۆزدەدا ئەو دەوڵەتانە ویستیان سەرلەنوێ موڵکایەتی و سەنەدی بەکارهێنانی زەوی هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام بۆیان سەری نەگرت و پرۆسەکە بەردەوامی بەخۆوە بینی. هۆکاری ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشێکی زۆر لەو موڵکدارانە بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ کۆمپانیا و هێزە دەرەکیەکان پەیداکرد و لەلایەن ئەوانەوە پارێزگاری دەکران و بەشەکی تریشیان دەوڵەتەکان بۆ مانەوەی هاوسەنگی کۆمەڵایەتیدەستیان بۆ موڵکەکانیان نەبرد. هەروەها دەسەڵاتی ناوەندی هێندە لاوازبوو، کە کۆنترۆڵی بەسەر ئەو چین و توێژانەدا نەمابوو. ئەوەی دەستەبژێری دەسەڵاتدار پێیکرا بێبەشکردنی مسکێنەکان بوو لە موڵکایەتی و زەرەرلێدانی موڵکدارە بچوکەکان بوو، کە بە قازانجی مەلاکە گەورەکان دەشکایەوە «٣٠ ل١١٨ \ ١٥ ل٥٩».

کاردانەوەی ئەمانە دوو فاقی بوو. یەکەمیان بە پێچەوانەی بنەماکانی فیودالی خێڵەکیەوە موڵکداری تایبەتی زەویوزار پێیدابوو. چینێکی مەلاکی نوێ پەیدابوو، کە هەمان سروشتی فیودالی ئەوروپایان هەبوو. لەبەرئەوەی مسکێن هەر بە مسکێنی مایەوە، ئەو مەلاکە فیودالانە بێجگە لە موڵکایەتی زەویوزاری زۆر ژمارەیەکی زۆر مسکێنیان هەبوو، کە بەرهەمیان بۆ دەهێنان و بێگاریان بۆ دەکردن و بەسترابوون بە زەوییەکانەوە.

دووەم کاردانەوەی ئەوە، کەمبوونەوەی نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی سەرەک خێڵەکان بوو. پێشتر سەرەکخێڵ خاوەن موڵک نەبوو، بەڵام پارێزەری خێڵەکە بوو و مافی تەسەروفکردنی بەزەویەکانەوە هەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی لەم قۆناغەدا دەبوون بە خاوەن موڵک، هەیبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی جارانیان لەناو رەعیەتدا هەتا دەهات کەم دەبۆوە، بەڵام بنبڕ نەبوو. بەپێی ئاستی گەشەکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوچەکان ئەو سیستمە کۆنە بە پلەی جیاواز بەردەوامی بەخۆوە بینی.
هۆکاری بنبڕنەبوونی ئەوە بۆ چەندین فاکتەر دەگەڕێتەوە. یەکێک لەوانە مانەوە و بەردەوامبوونی سیستمی بەڕێوەبردنی فیودالی خێڵەکی بوو لە شێوازی حوکمرانی و لەنێو دەستەبژێری دەسەڵات و دامودەزگای دەوڵەت و ریزەکانی دەسەڵاتی ئایینیدا. ئەو سیستمە ئایدۆلۆژی و حوکمرانییە بەهۆی مێژوو و خاسڵەتە تایبەتیە هەرە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فیودالی خێڵەکی و ئایدۆلۆژیەتی ئایینیەوە هێندە رەگوریشەی لەناو کۆمەڵگەدا داکوتا بوو، کە بە ئاسانی بەرۆکی بەرنەدەدا. ئەو سیستمە کۆنە و دەستەبژێری دەسەڵاتدار و دەسەڵاتی ئایینی بۆ مانەوەی خۆیان بەهەموو شێوەیەک هەوڵی خۆگونجانیان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانە دەکرد. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و گۆڕانکارییەکان دەرۆیشتن هەتا ئەو سنوورەی کە بەرژەوەندیەکانی خۆیانی تیادا دەمایەوە.
فاکتەرێکی تر، کە سیستمە کۆنەکەی بنبڕنەکرد، هەوڵ و تەقەلای دەستەبژێری دەسەڵاتدار بوو بۆ مانەوەی خێڵەکان و بەهێزکردنی هەندێکیان لەسەر حسابی هەندێکی تریان. مەبەست لەوە راکێشانی هەندێ لەوانە بوو بەلای خۆیاندا و بەکارهێنانیان دژی خێڵ و پێکهاتەکانی تر. دروستکردنی هێزەکانی حەمیدیە لەناو خێڵە کوردەکان و بەکارهێنانیان دژی ئەرمەنییەکان نموونەیەک بوو لەوانە. ئەوانە سەنەد و موڵکایەتی هەندێ ناوچەیان پێدرا و لەهەمانکاتدا پڕچەک کران و بوونە پاڵپشت بۆ مانەوەی سیستمی فیودالی خێڵەکی دەوڵەتی عوسمانی. قاجاری ئێران چەندین خێڵی تورک و کوردی بەهەمان شێواز هێشتەوە و بەهێزی کردن و بەکاری دەهێنان دژی خێڵ و پێکهاتە و میللەتەکانی تر. بەهەمان شێواز دروزەکان لە لوبنان و سوریا و هەندێ خێڵی عەرەب لە عێراقی عەرەبی و ناوەوەی سوریا بەکاردەهێنران دژی پێکهاتەکانی تر «**٨٥ ل٢١٥\ ٣٠ ل١٨٣**».
سەرەک خێڵ و ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی لە دەوروپشتی گرد دەبوونەوە لەلایەکەوە بوون بە مەلاک و خاوەن موڵک و لەلایەکی ترەوە بە عورفی خێڵەکی کۆن رەفتاریان دەکرد. ئەم پرۆسەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەردەوامی بەخۆوە بینی. دواتر دەوڵەتە کەپیتالیستەکانی وەکو ئینگلتەرا و فەرەنسا و دەوڵەتەکانی سەدەی بیست کە دواتر دروست بوون، نمونە پەهلەوی لە ئێران و ئەتاتورک لە تورکیا و بەعس لە عێراق و سوریا هەمان ڕێبازیان گرتەبەر. لاوازبوون و شکستهێنانی ژمارەیەکی زۆری سەرەک خێڵی هەندێ ناوچە ، لەهەمانکاتدا چاکسازییەکانی ئەو دەوڵەتانە لە موڵکایەتی زەویدا، دەرفەتی بۆ هەندێ توێژی دەسەڵاتی ئایینی دروستکرد، کە لەلایەکەوە ببن بە فیودالی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موڵکدار و لەلایەکی ترەوە ئایدۆلۆژیەتی ئایینی فیوداڵی خێڵەکی بەکاربهێنن بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا و پچڕینی ڕۆڵی سیاسی و سەربازی بۆ خۆیان لەسەر حسابی سەرەک خێڵە کۆنەکان. نمونەی ئەوانە هەندێ لە شێخەکانی کوردستان و ئایەتوڵلاکانی ئێران و شێخە عەرەبەکان بوو، کە لە قۆناغەکانی دواتردا ڕۆڵیان زیادیکرد.

فاکتەرێکی تر، کە بووە هۆکاری ئەوەی سیستمی فیوداڵی خێلایەتی بنبڕ نەبێت، ترس و بەرژەوەندی مسکێن و جوتیارە بچوکەکان بوو. بڵاوبوونەوەی سەمایەداری جیهانی و هاتنی بێگانە بۆ ناو وڵاتەکان و گەورەبوون و بوژاندنەوەی بازرگانی و ترسی ئەوانە لە گۆڕانکاری و هەروەها گەشەنەکردنی پیشەسازی خۆماڵی، کە ئەو توێژانە ڕووی تێبکەن بۆ کارکردن، وایلێکردن کە خۆیان بخزێننە سەرک خێڵ و شێخەکان و پیاوانی ئایینی تر. لەبەر لاوازی پیشەسازی خۆماڵی و لاوازی چینوتوێژە نوێیەکان، لەو سەردەمەدا بێجگەلە خێڵ و دەسەڵاتی ئایینی کەس نەبوو پشتگیریان بکات و بیان پارێزیت لەو هەموو هەڕەشانە «**١٥ ل٥٦\ ٣٠ ل٣٧**».

گەلاڵە بوونی ئەم چینە نوێیە، کە دەتوانین ناویان بنێین فیوداڵی موڵکدار لە چەند توێژێکی جیاواز پێکهاتبوون. بەشێک لەوانە سەرەک خێڵە تەقلیدیەکان بوون، کە نزیک بوون لە دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی دەوڵەت. شازادە و پیاوانی دەوڵەت و وەزیر و والی و فەرماندەرە سەربازییەکان و باج کۆکەرەوەکان توێژێکی تری ئەم چینە بوون. هەندێ توێژ و پیاوانی گەورەی دەسەڵاتی ئایینی لەم ڕێگەیەوە بوونە بە توێژێکی گرنگی تری ئەم چینە. توێژێک لەو بازرگانە گەورانەی بەهۆی کڕین و فرۆشتن و هەناردەکردنی کەرەسەی خاوی کشتوکاڵییەوە دەوڵەمەند بوون و پشتگیری دەستەبژێری دەسەڵاتداری دەوڵەت و کۆمپانیا و بانکە بێگانەکانیان هەبوو، لەڕێگەی کڕینی زەویەوە بوونە بەشێکی تری گرنگی فیوداڵی موڵکدار.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا فیوداڵی موڵکدار لە ڕێگەی تاپۆ یان سەنەدەوە، خاوەنی نزیکەی ٩٠٪ زەویوزاری کشتوکاڵی بوون. زۆربەی زۆریان هێشتا لە شارەکاندا دەژیان و هەندێکیان ببوونە خاوەنی هێزی سەربازی خۆیان «**٧ ل١٣٤**».

لە پرۆسەی گواستنەوەی فیودالیزم بۆ کەپیتالیزم لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا، فیوداڵەکان ئەگەر دژی ئەو گواستنەوەیە نەبوونایە لەگەڵیشیدا نەبوون و بە بەرژەوەندیخۆیان نەدەزانی، بەڵام ڕۆڵی توێژێکی گرنگی فیوداڵی موڵکدار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە گواستنەوەدا بە پێچەوانەوە بوو.

ئەو فیوداڵە موڵکدارانەی، کە هەتا دەهات دەوڵەمەند و بەهێز دەبوون و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرهەمەکانیان زیادیدەکرد، ئەوانە بوون، کە بە بەرهەمهێنانی کەرەسەی خاوی کشتوکاڵی هەڵدەستان بۆ هەناردەکردنیان بۆ بازاڕەکانی جیهان، کە لێرەدا دەکرێ ناویان لێبنرێ فیوداڵی پاشکۆ. ئەمانە سروشتێکی دوو فاقیان هەبوو. لەلایەکەوە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و بوژاندنەوەی بازرگانی و بەستنەوەی ئابوری وڵاتەکە بە کەپیتالیزمی جیهانەوە لە بەرژەوەندیاندا بوو. ئەمانە بە پێچەوانەی فیوداڵەکانی ئەوروپا بوونە بەشێک لە پرۆسەی گواستنەوەی فیوداڵی خێڵەکی بۆ سیستمێک، کە بووە پاشکۆی کەپیتالیزم «١٥ ل٢٣٩». جیاوازیی گرنگ لە نێوان ئەو دوو پرۆسەیەدا ئەوە بوو، کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا ئەو گواستنەوەیە بووە هۆکاری شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی و بنەمایەکی ئابوری بەهێزی سەربەخۆ و لەناوچوونی ئەو فیوداڵەکان، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو گواستنەوەیە بووە هۆکاری پاشکۆیەتی ئەو سیستمە و ناسەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و مانەوەی ئەو چینە فیوداڵە موڵکدارە بۆ ٥٠ هەتا١٠٠ساڵی تر، کە هەتا نیوەی دووەمی سەدەی بیست لەهەندێ ناوچەدا بەردەوام بوو. ئەوەی لای ئەم چینە گرنگ بوو زیادبوونی بەرهەم و قازانج و سامانیان بوو، ئیتر لایان گرنگ نەبوو ئایا ئەو بەرهەمانە بۆ وڵاتە کەپیتالیستەکان دەچێت یان پیشەسازی خۆماڵی وڵاتەکانی خۆیان. ئەم توێژە بەرژەوەندی تایبەتیان لەگەڵ کەپیتالیزمی جیهان پەیداکرد و بوونە هاوپەیمان و پاشکۆیان.

خاسڵەتی دووەمی ئەم توێژە لەوەدا بوو، کە مانەوەی سیستمی فیوداڵی لە بەرژەوەندیاندا بوو. ئەمانە خاوەن موڵکو خاوەن مسکێن بوون. لەگەڵ ئەوەی لەم قۆناغەدا چەندین کێڵگەی نوێی بەرهەمهێنان لە هەندێ ناوچەدا دروست بوو، ژمارەیەک کرێکاری کشتوکاڵی وەرزی کاریان تێدادەکرد، بەڵام لەبەر نەبوونی پیشەسازی خۆماڵی کە دەرفەتی کاری نوێ دروستبکات، گوزەران و پێگەی کۆمەڵایەتی مسکێنەکان و ڕۆڵیان لە بەرهەمهێناندا هەروەک خۆی مایەوە. بەکارهێنانی مسکێن لە بەرهەمهێنان بۆ فیوداڵ زۆرهەرزان لەسەریان دەکەوت و هیچ پێویستیان بە کڕین و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ نەبوو. بۆیە ئەم توێژە لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ پرۆسەی گواستنەوەدا بوون لەهەمانکاتدا لەگەڵ مانەوەی سیستمی فیوداڵیدا بوون. هەڵبەتە کەپیتالیزمی جیهانی وەکو تەرەفێک لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نە بە ئەرکی خۆیان زانیوە موڵکایەتی فیوداڵی لەناوبەرن و نە هیچ بەرژەوەندییەکیان لەوەدا هەبووە، بە پێچەوانەوە بۆ پاراستنی ئاسودەی کۆمەڵایەتی و ڕێگرتن لەگەشەکردنی پیشەسازی خۆماڵی لەو وڵاتانەدا، لەو سەردەمەدا ڕەنگە مانەوەی ئەو سیستمە کۆنەیان بە بەرژەوەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیـان زانیبێـت.

بێگومـان، هەمـوو توێژەکانـی فیودالـی موڵکـدار پرۆسـەی گواسـتنەوەیان بـە بەرژەوەنـدی خۆیـان نەزانیـوە و بگـرە هەندێکیـان دژی وەسـتانەوە. ئـەو توێژانـەی بەهـۆی دووری لـە بازاڕەکانـەوە یاخـود خراپـی زەویـوزار و کەمـی ئـاو چەندیـن فاکتـەری تـر نەیانتوانـی بێـت یـان نەیانویسـتبێت بەرهەمـی کشـتوکاڵی و کەرەسـەی خـاو بـۆ هەناردەکـردن بەرهەمبێنـن، بـە هەمـان شـێوە بەرژەوەنـدی هاوبەشـیان لەگـەڵ کەپیتالیسـتی جیهـان و بازرگانـە گـەورە، کـە خەریـک بـوون بـەو کارانـەوە پەیدانەکـرد. ئەمانـە کەوتنـە بـەرەی دژ بـە گواسـتنەوە و بڵاوبوونەوەی سـەرمایەداری جیهـان و هەمـوو گۆڕانکاریـەک لـە سیسـتمی کۆنـدا. هەندێـک لەوانـە بـە پشـتیوانی توێژیـەک لـە دەسـەڵاتی ئایینـی لەگـەڵ شا\سـوڵتاندا بەرەیەکیـان دروسـتدەکرد دژی هەمـوو گۆڕانکارییـەک و چاکسـازییەکی سیاسـی و یاسـایی و دەیانویسـت سـەرلەنوێ سیسـتمی فیودالـی خێڵەکـی لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا بژێننـەوە «**١٥ ل١٩٥**».

چینێکـی کۆمەڵایەتـی گرنـگ کـە لـەم قۆناغەدا پایـەی ئابـوری و کۆمەڵایەتیـان پەیداکرد بازرگانـە گـەورەکان بـوون. ئەمانـە بـە پلـەی یەکـەم کاروبـاری هاوردەکـردن و هەناردەکردنیـان دەکـرد. هەتـا پرۆسـەی گـۆڕان خێراتـر بەرێوەدەچـوو و بازرگانـی زیاتـر دەبوژایـەوە، ئەمـان بەهێزتـر دەبـوون و رۆڵیـان زیاتـری دەبـوو.

توێژێـک لەمانـە ئەوانـە بـوون، کـە یـان ئەندامانـی دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار بـوو، ن یـان خەڵکـی نزیـک بـوون لێیانـەوە. بەهێزبـوون و دەوڵەمەندیـان بەهـۆی چالاکیـی بازرگانـی و وریاییانـەوە نەبـوو، بەڵکـو بەهـۆی مۆنۆپۆڵـی دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتـەوە بـوو بەسـەر جومگەکانـی ئابوریـدا. ئەمانـە کۆسـپ بـوون بەسـەر بازرگانەکانـی تـر و دروسـتبوونی بـازاڕی ئـازاد و چینوتوێـژە بەرهەمهێنـەرە خۆماڵییەکانـەوە «**٢ ل١٢٠**».

توێژێـک لەمانـە، کـە گرنگتریـن رۆڵیـان هەبـوو بازرگانـە ناموسـڵمانەکان بـوون بـە تایبەتـی ئەرمەنـی و یونانـی و جـووەکان. ئەمانـە بەهـۆی شـارەزایی کۆنیـان و وریایی و زمـان زانینیـان و کەمـی کۆسـپی ئایینـی لـە رێگەیانـدا رۆڵـی گرنگیـان پەیداکـرد. لـە هەنـدێ ناوچـەی دوور لـە کەنـار دەریـاکان، بازرگانـە گـەورە موسـڵمانەکانیش رۆڵیـان هەبـوو بـۆ نموونـە لـە شـارە بازرگانەکانـی ئێرانـدا. زۆرجـار ناموسـڵمانەکان پردێـک بـوون لـە نێـوان کۆمپانیـا بازرگانییـە دەرەکیـەکان و بازرگانـە موسـڵمانەکان و بەرهەمهێنەرەکانـدا. ئـەم چینـە بەهـۆی بەرژەوەنـدی توندوتۆڵیانـەوە لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەدا دەکـرێ بـە بازرگانـی گـەورەی پاشـکۆ ناوبنرێـن «**٧ ل٧٩**».

ئـەم چیـن و توێژانـەی سـەرەوە لـە فیودالـی موڵکـدار، بازرگانـە گـەورە پاشـکۆکان، پیـاوە گەورەکانـی دەسـەڵاتی ئایینـی، سـەرکردە سـەربازیەکان، سـەرەک خێڵـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەورەکان، بنەماڵەی شا\سوڵتان، توێژی سەرمایەداری بێگانە لە وڵاتەکاندا، هەموو ئەمانە ئۆروستۆکراتی وڵاتەکانیان پێکدەهێنا. ئەمانە دەوروبەری ٣٪ دانیشتوان بوون، بەڵام خاوەنی زیاتر لە ٩٠٪ زەویوزار و کەپیتاڵ و سامانی وڵاتەکان بوون. لەبەرئەوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە توێژێکی دەسەڵاتداری بێگانە ببوونە بەشێک لەو دەستەبژێریە و بێ هەمانگیری و رازیبوونی ئەوان کاروباری دەوڵەتەکان بەرێوە نەدەچوو «٩١ ل١٧٥\٨ ل٩١\٢٠ ل٧٤٤».
چینوتوێژە بێ دەسەڵاتدارەکانی تر، کە لەدەرەوەی ئۆروستۆکراتییەت بوون، هەروکو پێشتر لەم قۆناغەدا وەکو رەعیەت رەفتاریان لەگەڵ دەکرا. لە ئەرک بەولاوە هیچ مافێکیان نەبوو و دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیاری سیاسی و ئابوریدا نەبوو. سوتەمەنی شەڕ و ئاژاوەی ئەو دەوڵەتانە بوون و ئەرکی بەرهەمهێنان لەسەر شانیان بوو. سەرچاوەی زیاتر ٨٠٪ هەموو داهاتەکانی دەوڵەت بوون لەباج و گومرگ و جزییە و سوخرە و رسومات. رێژەیان دەوروبەری ٩٧٪ دانیشتوان بوو.
لەم قۆناغەشدا زۆربەی دانیشتوان بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەوە خەریک بوون. بەشی هەرە زۆری ئەوانە مسکێن بوون. چاکسازییەکانی دەوڵەتەکان لە موڵکایەتی زەویوزاردا ئەمانی نەگرتەوە و لەوە بێبەشکران. مەلاکی فیوداڵ مافی تەسەروفپێکردنی پارچە زەوکی پێدەدان. چونکە هیچ یاسایەکی هاوبەشی باجدان نەبوو بۆ سەرانسەری وڵات، لە بەرامبەردا بەپێی ویژدان و توانای خاوەن موڵک، مسکێن ٣\١١-٣\١٢ی بەرهەمیدەدا بە خاوەن موڵک. ئەگەر مسکێن ئامرازی بەرهەمهێنان و ئاو یان ئاژەڵی بۆ کارکردن لە خاوەن موڵک وەرگرتایە دەبوایە بەرامبەر ئەوە بەشێکی تری بەرهەمەکی بدایە بە خاوەن موڵک. سەرەڕای ئەوانە ١٠\١١ بەرهەم بەباج دەدا بە دەوڵەت. لەبەر نەبوونی دەرفەتی کاری پیشەسازی لە شارەکاندا، ئەو مسکێنانە هیچ چارێکیان نەبوو لەوە بەولاوە بەو بارە نالەبارە رازیبن. بەشێک لەوانە لە هەندێ ناوچەدا دەکەوتنە ژێر باری قەرزوقۆڵەوە و ناچار دەبوون لە زەویەکانیان باربکەن و ببنە سەپان و کرێکاری کشتوکاڵی وەرزی. ئەمانەی دواتر ژیانیان لە مسکێنەکان زەحمەتر بوو. بەشێکیان باریان دەکرد بۆ شارەکان و حەماڵی و کاری سەختیان دەکرد یان دەربەدەری وڵاتانی دەرەوە دەبوون.
زۆربەی جوتیارە موڵکدارە بچوکەکان لە دوای چاکسازییەکانی دەوڵەتەکاندا لە موڵکایەتی زەویدا دروستبوون. ئەمانە دوو توێژ بوون. توێژێک لەوانە خاوەنی پارچەیەک زەوی بوون و بێ راگرتنی کرێکار یان سەپان خۆیان بە بەرهەمهێنان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵدەستان. داهاتی ئەمانە بە پلەی یەک بۆ دابینکردنی پێویستی خۆ بوو. ئەمانە بە پێچەوانەی مسکێنەکانەوە زۆربەیان ئەندامی خێڵەکان بوون و لەلایەن خێڵ، پیاوێکی ئایینی یان پیاوێکی بەدەسەڵات لە دەوڵەت پارێزراو بوون. ئەمانەش بێجگە دانی بەشێک لە بەرهەمەکانیان بە سەرەک خێڵ و پیاوانی ئایینی بە گشتی ١٠٪ باجیان داوە بە دەوڵەت. ئەندامەتی و وەلایان بۆ خێڵ هەتا رادەیەک پارێزراونی لە هەڕەشەی پیاوانی دەوڵەت و باجکۆکەرەوە و بازاڕی کراوە و بازرگانەکان. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا بۆ زیادکردنی داهات، دەوڵەت بەشێک لە زەوییەکانی بە هەرزان فرۆشت بە مەلاکە گەورەکان. ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی نرخی زەوی بێتە خوارەوە، کە زەرەری گەیاندە ئەو موڵکدارە بچوکانە بەتایبەتی لە کاتێکدا کە ناچاردەکران زەویەکانیان بفرۆشن.

توێژی دووەمی موڵکدارە بچوکەکان ئەوانە بوون، کە زەویەکانیان لە پێویستی خۆیان زیاتر بوو. لەبەرئەوە بێجگەلە خۆیان و خێزانەکانیان کرێکاری کشتوکاڵی یان سەپانیان لە وەرزی بەرهەمهێناندا بەکرێ دەگرت و بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانیان لە بازاڕەکاندا ساغدەکردەوە. ئەمانە خزم و ناسیاوی فیوداڵ و پیاوانی ئایینی یان دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بوون. ئەمانیش بە شێوازی توێژەکەی تر باج و سەرانە و بەرتیل و دیاریان لێوەردەگیرا، بەڵام بە رێژەیەکی کەمتر لەوانی پێشتر.

بێجگەلە لەم توێژانە لە لادێکاندا چەند توێژێکی هەژاری بێدەسەڵاتی تر هەبوون. نموونەی ئەوانە چەرچی، کاسپ و پیشەیی بچوک، مەلا هەژارەکان، سەپان، گاوان، شوان... ، بەڵام ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی رۆڵی گەورەیان لە کۆمەڵگەدا نەبوو.

رەوەند هەتا ئەو قۆناغەش بەشێکیان هەر مابوون. بەڵام زۆربەیان نیشتەجێکرابوون، یان ببوونە نیمچە رەوەند. بە گشتی گوزەرانیان خراپ بوو و باج و سەرانەی زۆریان لێ دەستێنرا. بەهۆی چاکسازییەکانی دەوڵەتەوە، هەندێ لەسەرکردەکانیان ببوونە خاوەن ئاژەڵ و لەوەڕگا و گوند و ئەندامی خێڵەکانیش ببوونە شوان و گاوان. بەشێک لەوانە بە بازرگانی مەڕوماڵات و فرۆشتنی بەرهەمی ئاژەڵەوە دەوڵەمەند بوون.

خاوەن کۆمپانیا و بانک و زەویوزار و بازرگان و پیاوانی شارەزای کاروباری مەدەنی و سەربازی بێگانە، توێژێکی کۆمەڵایەتی تایبەتیان پێکهێنا و بوونە بەشێک لە ئۆروستۆکراتی وڵاتەکان و پێگە و رۆڵی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیان پەیداکرد، کە لە زۆرینەی هاونیشتمانی وڵاتەکان بەرزتر بوو. لەم قۆناغەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشێک بوون لە دەستەبژێری دەسەڵاتدار و چینوتوێژەکانی خوارەوە چاوەڕوانی دەستی ئەوانە بوو، کە گۆڕانکاری و چاکسازی بکەن.
بازرگانە خۆماڵییەکان بە پلەی یەک خەریک بوون بە بازرگانی بەروبوومی کشتوکاڵی بەکارهێنانی و بەرهەمی شوێنکاری پیشەیی بچوک و پیشەسازی سەرەتایی خۆماڵییەوە. بەشێک لەوانە بوونە خاوەن کەپیتاڵی سەرەتایی و لەو بوارانەدا کەپیتاڵەکانیان بەکاردەهێنا. ڕۆڵیان هەبوو لە گواستنەوەی بەرهەمهێنانی پیشەیی فیوداڵی خێڵەکیەوە بۆ بەرهەمهێنانی شوێنکاری پیشەیی بچوک و گەورەوە. بەهۆی زۆری باج و گومرگ و هەرەشی ناوخۆ و دەرەکی ئەو کەپیتاڵەی بەدەست ئەمانەوە بوو زۆر لەوە بچوکتربوو، کە وەبەرهێناناتی پیشەسازی گەورەی پێ بکرێت و هەمیشە هەڕەشەی لەدەستچوونی کەپیتالەکانیان لەسەربوو. بازرگانی خۆماڵی و خاوەن شوێنکار و پیشەسازییە سەرەتاییەکان لەگەڵ ئەوەی بە خاوی گەشەیان دەکرد و هەندێکیان لەناوچوون، بەڵام لەم قۆناغەدا هەرمانەوە و ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە ژێرخانی ئابوریدا. ژمارەی کاسبکار و دوکاندار زیادیکرد و هەروەها هەتا دەهات ژمارەی کرێکار لەو بوارانەدا زۆرتر دەبوون.
ئازاردان و ڕووتاندنەوەی پیشەگەر و بانکەوان و بازرگانە خۆماڵییەکانی پێکهاتە ناموسڵمانەکان، کارێکی وایکرد، کە بەشێکیان نابووت بن و دەربەدەربن و کۆچ بکەن بۆ هەندەران. لەناوچوونی ئەم توێژانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، زەرەرێکی زۆریدا بە گەشەکردنی پیشەسازی ناوچەکە و بەهێزبوونی ژێرخانی ئابوری وڵاتەکان. زۆربەی ئەوانەی کە دەربەدەری وڵاتان بوون، ناموسڵمانەکانی سوریای گەورە و چیاکانی لوبنان و ئەرمەنیەکانی تورکیای عوسمانی بوون.
بەهۆی نابوتبوونی ژمارەیەکی زۆر لە مسکێن و جوتیاران و دەرپەڕاندنیان لەسەر ئەو زەویانەی بەدەستیانەوە بوو، هەروەها ڕووتاندنەوەی بێسنوریان و سەختبوونی مەرجی کارکردنیان، ژمارەیەکی زۆریان لادێکانیان بەجێهێشت و حەوداڵی کاربوون لە شارەکاندا. لەبەر نەبوونی دەرفەتی کار لە پیشەسازیدا لە شارەکان، زۆربەی ئەوانە بە برسێتی و ڕەشوڕووتی و بێلانە دەژیان. ژیانی ئەوانە لە ئێرانی قاجار لەچاو دەوڵەتی عوسمانیدا زۆر سەختر بوو، بۆیە ژمارەیەکی هێجگار زۆریان ڕوویانکردە دەرەوەی وڵات بۆ کارکردن. ساڵی ١٨٨٠ زیاتر لە ١٠٠هەزار کرێکاری ئێرانی لە تورکیای عوسمانی و ٨٠هەزار لە ڕوسیا کاریان دەکرد. ساڵەکانی ١٩٠٠ ژمارەی کرێکاری دەربەدەری ئێرانی، کە لەو دوو دەوڵەتەدا کاریان دەکرد گەیشتە دەوروبەری یەک ملیون. بە مانایەکی تر هەر لە دە ئێرانی یەکێکیان ئاوارە بوون «١٥ ل٦٤». مرۆڤ گرنگترین ڕۆڵی هەیە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرهەمهێنـان و گەشـەکردنی ئابـوری وڵاتانـدا، لەدەسـتچوونی ئـەو خەڵکـە گەنجـە بەتوانایـە بـووە فاکتەرێکـی تـر بـۆ لاوازبوونـی گەشـەکردنی ئابـوری و لەدەسـتدانی سـەربەخۆیی ئابـوری و سیاسـی وڵاتـەکان.

چاکسـازییە ئیـداری و سـەربازییەکانی دەوڵـەت و هەوڵـی کۆنترۆڵکردنـی ناوچـەکان لەلایـەن دەوڵەتـەوە، ژمـارەی کاربەدەسـتانی دامـودەزگای دەوڵـەت و سـوپای زۆر زیاترکـرد لـە پێشـتر. لەبەرئـەوەی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی ئابـوری و سیاسـی هـەر وەکـو کـۆن سروشـتێکی گەندەڵـی فیوداڵـی خێڵەکـی هەبـوو، دامـودەزگای دەوڵـەت و دامەزراندنـی ئـەو کاربەدەسـتانە لەژێـر هەمـان بنەمـا گەندەڵێکـەی پێشـتر بـوو «**٣٠** ل**٥٨** \ **١٥** ل**٧٩**». پلـەو پایـە ئیـداری و سـەربازی و قەزایـی و خزمەتگـوزاری دەوڵـەت لەلایـەن ئەوانـەوە لـە رێگـەی گەندەڵـی و بەرتیـل و هەڕەشـەوە بەکاردەهێنـران بـۆ زیادکردنـی سـەروەت و سـامان و بەهێزکردنـی پێگـەی کۆمەڵایەتـی خۆیـان. ئـەم توێژانـە چینێکـی وردە برژوایـان لـێ دروسـتبوو، کـە هەتـا دەهـات لەرێگـەی خـۆ نزیکخسـتنەوە لـە دەسـتەبژێری دەسـەڵاتداری خۆامالـی و دەرەکییـەوە رۆڵیـان زیادیدەکـرد. هەڵبەتـە رۆڵـی ئەمانـە تەنهـا لەبـواری ئابـوری و ئیداریـدا نەوەسـتایەوە، بەڵکـو دواتـر لەگـەڵ لاوازبوونـی توێژەکانـی فیوداڵـی خێڵایەتـی دەسـەڵاتدار، رۆڵـی سیاسـیان زیادیدەکـرد. ئەمانـە بـە هەمـان رەفتـاری فیوداڵـی خێڵەکـی کاروباریـان بەڕێـوە دەبـرد و جـێ پێـی خۆیـان گیردەکـرد. تێگەیشـتنی ئـەم پرۆسـەیە لـەم قۆناغـەدا یارمەتیمـان دەدات بـۆ تێگەیشـتنی رۆڵ و سروشـتی دواتـری ئـەم توێژانـە لـە دامەزراندنـی دەوڵەتەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە سـەدەی بیسـتەمدا.

هێشـتا لـەم قۆناغـەدا چینوتوێـژە نوێیـەکان لـە بـرژوای نیشـتمانی لـە پیشـەگەر و خـاوەن پیشەسـازی و بـازرگان و کرێـکاران لاوازبـوون و نەیانتوانـی بـوو رێکخـراوی سـەربەخۆ یـان راپەڕیـن و بزووتنـەوەی بەهێـز بەرپـا بکـەن، یـان بتوانـن بەشـداری لـە بڕیـارە سیاسـی و ئابورییەکانـدا بکـەن. رۆڵیـان لـە رووی سیاسـی و یاسـاییدا زیاتـر داواکـردن بـوو لـە شاڵسـوڵتان، کـە هەنـدێ چاکسـازی لـەو بوارانـەدا بکرێـت. هێشـتا ئەوانـە چاوەڕوانـی دەسـتەبژێری دەسـەڵاتداربوون، کـە بەخۆشـی خۆیـان دڵیـان نـەرم بێـت و هەنـدێ چاکسـازی بکـەن «**١٥** ل**١٧٩**».

ناردنـی ژمارەیـەک زۆر لـە نێرینـە گەنجـە شـازادەکان و بنەماڵـە فیوداڵـە خێڵایەتـە دەسـەڵاتداران بـۆ ئەوروپـا و هێنانـی ژمارەیـەک زۆر لـە شـارەزایانی ئەوروپـا بۆنـاو وڵاتـەکان و پەیوەنـدی پەیداکردنیـان لەگـەڵ هەنـدێ توێـژی دەسـەڵاتداردا و هەروەهـا چاکسـازی دەوڵەتـەکان لـە خوێنـدن و فێرکـردن و مەشـقکردنی سـەبازی هاوچەرخـدا، لـە ریزەکانـی ئۆروسـتۆکراتی دەسـەڵاتدار توێژێکـی نوێـی رۆشـنبیری لـێ دروسـتبوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کــە بیــروڕای عیلمانــی ئەورووپــا کاری تێکردبــوون و لــەو رێگەیــەوە لــەم قۆناغــەدا هەوڵــی گۆڕانــکاری و فشارخســتنە ســەر دەســتەبژێری دەســەڵاتیان دەدا بۆ چاکســازی سیاســی و یاســایی لــە دەوڵەتەکانــدا. چالاکیەکانــی ئەمانــە لــە کۆتایــی ســەدەی نــۆزدە بــووە هــۆی دروســتبوونی ژمارەیــەک رێکخــراوی هاوچــەرخ.

ســاڵی ١٨٦٥ لەنــاو رۆشــنبیرانی تورکیــای عوســمانی رێکخــراوی تورکیــای فتــات دامــەزرا. ئــەم رێکخــراوە بزافێکــی نەتەوایەتــی عیلمانــی بــوو، زیاتــر لــە ئەســتەنبوڵ و وڵاتەکانــی ئەورووپــا جموجۆڵیــان پەیداکــرد. داوای چاکســازی سیاســی و یاســایی دەکــرد و داواکاریەکانــی لــە چــوار خاڵــدا کۆبوبــۆوە کــە بریتــی بــوون لــە ئــازادی تــاک، دامەزراندنی سیســتمی دەســتوری، هەڵوەشــاندنەوەی سیســتمی فیوداڵی و ســەربەخۆیی وڵات لەدەســتی بێگانــە. ســاڵی ١٨٨٩ گرووپێــک بــە نــاوی ئیتحــاد و تەرەقــی دروســتبوو، کــە زیاتــر لــە ریزەکانی ئەفســەرە گەنجەکانــی ســوپای عوســمانیدا پەیدابــوو. ئامانجــی ئەمانــە لابردنــی ســوڵتان و زیندوکردنــەوەی ژیانــی دەســتوری بــوو. هەروەهــا لــە نێوان پێکهاتەکانــدا نمونــەی ئەرمــەن، کــورد، عــەرەب و جــوو و مەســیحیەکاندا جموجۆڵیــان تیــادا پەیداکــرد. ئەوانــە لەنــاو قوتابخانەکانــی ئەســتەنبوڵ و ئەفســەرەکانی ســوپا و هەنــدێ زانــای ئایینــی گۆڕانخــوازدا ئەندامیــان پەیداکــرد «٩١ ل٥٩٨».

لــە ئێرانــی قاجاریــش گــروپ و کەســایەتی رۆشــەنبیر پەیدابــوون کــە ئەوانیــش داوای چاکســازی دەســتوری و رێبــازی عیلمانیــان دەکــرد. چەندیــن کەســایەتی و زانــای ئایینی شــیعە کەوتنــە داواکاری چاکســازی. ئــەم جموجۆڵــە لــە ئێــران زیاتــر رووبــەڕووی هەڕەشــە بــووەوە لەچــاو دەوڵەتــی عوســمانیدا. هەنــدێ لەوانــە وڵاتیــان بەجێهێشــت و روویانکــردە دەوڵەتــی عوســمانی. ســوڵتانی عوســمانی هەتــا ســنورێکی دیاریکــراو رێگــەی پێــدەدان. یەکــەم رۆژنامــەی فەرمــی قاجــار بەنــاوی قاقــەز ســاڵی ١٨٣٧ دەرکــرا. بــەڵام یەکــەم رۆژنامــەی ئۆپۆزســیۆن بەنــاوی ئەختــا ســاڵی ١٨٧٥ لــە ئەنقــەرە و حەبــل ئەلمەتیــن ســاڵی ١٨٩٣ لــە کەنــەدا دەرکــرا.

لەگــەڵ ناڕازییانــدا، ئــەم کەســایەتی و گروپانــە خەڵکانــی نزیکبوون لە ئۆروســتۆکراتەکان و خواســت و کاریــان رووخاندنــی سیســتمەکە نەبــوو، بەڵکــو هەوڵــی چاکســازیان دەدا لــە هەمــان سیســتمدا و رووی داواکاریەکانیــان دەکــردە سوڵتان\شــا. زۆربــەی چالاکەوانەکانــی ئــەم گروپانــە لــە شــارە ئەورووپیەکانــی ئەورووپــا نمونــەی پاریــس و لەنــدن و ڤییەننــا چالاکیــان دەکــرد. بەشــێک لــە باڵوێزخانــە ئەورووپیــەکان لــە ئەســتەنبوڵ و تــاران پشــتگیری ئەوانەیــان دەکــرد. لەگــەڵ بچوکــی و جموجۆڵــی ســنورداردا، ئەمانــە بوونــە هەوێنــی دروســتبوونی هێــز و پارتــی سیاســی لــە قۆناغەکانــی دواتــردا «٦٦ ل٢٢ \ ١٥ ل١١٨».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گەڵاڵەبوونی جیاوازی ناوچەیی و نەتەوایەتی

لەگەڵ ئەوەی جیاوازی نەتەوایەتی و ئایینی و کلتوری و مەزهەبی هەر لەمێژووی کۆنەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو، بەڵام پێشتر زەمینەیەکی گونجاو و فاکتەری وا بەهێز نەبوو، کە هێڵێکی روون و سنورێک لە نێوەندیاندا دروست بکات. سیستمی فیودالی خێڵەکی و دەوڵەتە ناوەند بەهێزەکان هەموویانی خستبووە ژێر چەترێکەوە. پێشتر بازاڕی ناوچەیی ناوخۆ هێندە بەهێز نەبوو، کە خەڵکی ناوچەیەک ببەستێ پێکەوە. ئەوەی وڵاتی پێکەوە دەبەستەوە بەرژەوەندی هاوبەشی نەتەوایەتی و کلتور و زمان و سۆزی نەتەوایەتی نەبوو، بەڵکو دروستبوونی وڵات و دەوڵەت لەسەر بنەمای فیودالی خێڵەکی بوو. ناسنامەی خەڵک و ناوچەکان لەسەر بنەمای خێڵەکی بوو. ناوچە و شوێنەکان بەناوی خێڵ یان توێژێکەوە ناو دەبرا، کە دەسەڵاتی ناوەندی پەسنی کردبوو. ناوچەکانی کوردستان و وڵاتە عەرەبەکان خێڵ و میرنشین و ئەماراتی جیاواز سەرپەرشتی دەکردن، میسر مەمالیک و نیوەدوورگەی عەرەب شەریف ئەلمەککە وهاشمییەکان... . بێگومان پێشتر نارەزایی و راپەڕین لە چەندین شوێن روویدەدا، بەڵام ئەوانە یان خێڵێک لە پێناوی بەهێزکردنی پێگەی خۆیدا دەیکرد، یان نارەزایی دەربڕین و لە باج و سەرانەی قورس بەسەریانەوە.

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانەی کە لەم قۆناغە و قۆناغی پێشوودا روویدا، جیاوازی لە نێوان ناوچە و پێکهاتەکاندا زیادیکرد. بەپێی جیاوازی ئاستی گەشەکردن و خاسڵەتی تایبەتی ناوچەکان، ئەو گۆڕانکارییانە کاردانەوەی جیاوازی بەسەریانەوە هەبوو.

- دروستبوونی سەنتەری ئابوری جیاواز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەستنەوەی راستەوخۆیان بە بازاڕی جیهانەوە ناوچەی جیاوازی دروستکرد. ئەو ناوچانە لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و کلتوری و زمان و جیاوزی مەزهەب نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوندی هاوبەشی ناوچەیەک بوو بەهۆی بەستنەوەی بە سەنتەرێکی تایبەتیەوە. نمونەی ئەوانە عێراق بە بەسرەوە، سوریا و لبنان بە بێروت و حەلەب و دیمەشقەوە، ئێران بە کەنداوەوە، تورکیای عوسمانی بە ئەستەنبوڵەوە... . هەڵبەتە بێجگە لە بازرگانی گەورە و توێژێکی فیودالی موڵکداری پاشکۆ و چەند بنەماڵە و خێڵێک و توێژێکی دەسەڵاتداری خۆجێیی، تەرەفێکی بەهێز کە دروستبوونی ئەم ناوچانە لە بەرژەوندیدا بوو و کاری بۆ ئاسان دەکردن دەوڵەتە سەرمایەدارە گەورەکانی جیهان بوون. ئەم دابەشبوونە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتای دابەشبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئابوری و بەستنەوەیان بە بازاڕەکانی جیهانەوە. دوابەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی دابەشبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر چەندین دەوڵەتەوە درێژەدانێک بوو بەو سەنتەرە ئابوری و ناوچە جیاوازانە. ئەمە هێندەی تر جیاوازی خستە ناو خودی نەتەوەکان، بازاڕ و بەرژەوەندی هاوبەشی لە نێوانیاندا جودێکردەوە و یەکخستنی توانای گەشەکردنی ئابوریانی لاوازکرد «٣٠ ل١٩١ ٢٤ ل٤٦».

لەبەرئەوەی ئێران لە دەوڵەتی عوسمانی زۆر بچوکتر بوو، هەروەها تەنها لە باشورەوە لە ڕێگەی کەنداوەوە ڕێگەی ئاوی لەگەڵ جیهاندا هەبوو، وڵاتەکە یەک سەنتەری ئابوری سەرەکی لەو ڕێگەیەوە بۆ دروستبوو، کە زۆربەی ناوچەکانی دەوڵەتەکەی بەخۆوە بەستەوە. سەنتەری دووەم بچوک و لاواز بوو، زیاتر لە باکوری ڕۆژئاوای وڵاتەکە، بەشێک لە ئازربایجان و ئەرمینیا دروستبوو بەهۆی کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە لەلایەن روسیاوە. ئەمە بووە هۆی دروستبوونی بەرژەوەندی هاوبەشی ئەو ناوچانە لەگەڵ روسیادا و دواتر جیابوونەوەی بەشێکیان لە ئێران لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی «١ ل٣٧».

- لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکان و لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ناوچەکاندا، دەرفەتی بۆ ناوچەکان دروستکرد، کە نیمچە سەربەخۆییەک بەدیبهێن و کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن. ئەو نیمچە سەربەخۆییە هەتا دەهات دەبووە هۆی گەلاڵە بوونی جیاوازی نەتەوایەتی و کلتوری و بەرژەوەندی جیاواز لە نێوانیاندا. لەڕاستیدا ئەوەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەو ناوچانەی پێکەوە هێشتبۆوە مانەوەی پاشماوەکانی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی و ئاینی هاوبەش و ترسی خەڵک بوو لە غەیرە دین و ڕەنگە بەرژەوەندی هەندێ دەوڵەتە کەپیتالیستەکانی نمونەی ئینگلتەرا بوو بێت، کە هێشتا لە بەرژەوەندیاندا بوو بازاڕێکی هاوبەشی بەیەکەوە بەستراوی وەکو ئێران ودەوڵەتی عوسمانی بمێنێتەوە.

هەڵبەتە سیاسەتی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوەی لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە ململانێی نێوان خێڵ و پێکهاتەکاندا، هەندێکیان بەهێز دەکردن دژی ئەوانی تر و بەکاریان دەهێنان دژی خێڵ و پێکهاتەکانی تر، بە لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی هەندێک لەوانە سودیان لەو پێگەیە وەردەگرت و مەیلی سەربەخۆیی و نەژادی نەتەوایەتی و ئاینی لە ناویاندا زیادیدەکرد. بەهێزکردنی دروز لە سوریا و لوبنان و بەکارهێنانیان دژی ناموسڵمانەکان و بەکارهێنانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەندێ خێڵی کورد دژی ئەرمەنییەکان لە کوردستاندا نمونەی ئەوانەیە.
- هەروەک چۆن بازاڕێکی هاوبەشی نەتەوایەتی و بەستنەوەی هەموو قوژبنی وڵات پێکەوە لە خزمەتی بەهێزبوونی چینی بورژوابوو، لە رۆژئاوی ئەوروپای کۆندا، بەهەمان شێوە ئەوە لە بەرژەوەندی هەندێ چینوتوێژە نوێیەکانی میللەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا بوو.
بازرگانە خۆماڵیەکان و پیشەگەری بچوک و گەورە خۆماڵیەکان و هەندێ توێژی فیودالی مەلاکی دژ بە بڵاوبوونەوە و جوتیارە موڵکدارەکان بەرژەوەندیان لەوەدا بوو، کە بازاڕی ناوخۆ فراوانتربێت و بوژاندنەوەی بازرگانی زیادبکات و لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و زمان و کلتووری هاوبەش ناوچەکانیان پێکەوە ببەستن. لاوازی ئەمانە زۆرجار وای لێدەکردن کە لەگەڵ هەندێ توێژی فیودالی خێڵەکی و شێخ و پیاوانی ئایینی ناڕەزا بکەونە بەرەیەکەوە بۆ گەیشتن بەو مەرامەیان. هەموو ئەمانە فاکتەری گرنگ بوون لەگەڵاڵەبوونی جیاوازی نەتەوایەتی و ناوچەییدا.
- لەبەرئەوەی هەندێ شوێن بەهۆی دووریانەوە لە سەنتەرەکان یان سەختی تۆپۆگرافیانەوە، بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و بوژاندنەوەی بازرگانی تیایاندا دواکەوت، سیستمی فیودالی خێڵەکی تیایاندا بە بەهێزی مایەوە. ئەمە جیاوازی دروستکرد لە نێوان ئاستی گەشەکردنی ئابوری و سیاسی ئەم ناوچانەو ناوچەکانی تردا. دەسەڵاتدارانی خۆجێیی ئەم ناوچانە ئەو گۆڕانکارانەیان بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دانەنا و دەیان ویست پارێزگاری سیستمە کۆنەکە بکەن و زۆرجار دەبوونە هۆکار بۆ مانەوەی دەسەڵاتی رەهای شا\سوڵتان. بەهێزبوونی هەوڵدانی سەربەخۆیی و سۆزی نەتەوایەتی لە بەڵقان و پێکهاتە ناموسڵمانەکانی نمونەی ئەرمەن و یۆنانی، وایکرد هەندێ لەوانە لە کاتی جیاوازدا بکەونە کەڵکەڵەی نیمچە سەربەخۆیی نەتەوایەتی. زۆرینەی ئەو هەوڵانە لە سنوری ناوچەی خێڵێک یان چەند خێڵێک دەرنەدەچوو و رووبەڕووی شکستهێنان دەبوونەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فاکتەرێک بوون بۆ زیادبوونی جیاوازی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەندێ راپەڕین لە کوردستان و عەرەبستاندا نمونەیەکن لەسەر ئەوانە.
- وەکو لەبەندی پێشوتردا باسمانکرد، خەڵکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆمەڵگەی خێڵەکی و ناخێڵەکی پێکهاتبوون. هەروەها بەشێکیان هەر لە کۆنەوە بە کاروباری پیشەیی و بازرگانییەوە خەریک بوون و شارەزاییان تێدا پەیداکردبوو. پێشتر لەژێر سایەی سیستمی فیودالی خلایەتیدا دەرفەتیان بۆ پەیدا نەبوو، بتوانن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشە بکەن و هەنگاو بنێن بۆ گۆڕانکاری گەورە. بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان و شکستهێنان و لاوازبوونی دەوڵەتەکانی ناوچەکە بوو بە دەرفەتێک بۆیان کە لەو بوارانەدا چالاکی بنوێنن و رۆڵیان زیادبکات. نمونەی ئەوانە ئەرمەن و یۆنانی و جوو و سریانی و ئاسوری و هەندێ لە فارسەکان بوون، هەروەها پێش موسڵمانەکان ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەناو ناموسڵمانەکانی سوریای گەورەدا بەهێزبوو و مەیلی سەربەخۆیی لەناو ئەوانەوە دەستیپێکرد. ئەم گۆڕانکارییانە جیاوازی زیادکرد لە نێوان ئەمانە و پێکهاتەکانی تردا و مەیلی سەربەخۆیی و سۆزی نەتەوایەتی لە ناویاندا بەهێز بوو. هەڵبەتە ئەو جیاوزی پەیدابوونە و مەیلی سەربەخۆییە بۆ جیاوازی ئایینی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ جیاوازی بونیادی کۆمەڵایەتی ئەوانە دەگەڕێتەوە، کە سروشتێکی خێڵەکیان نەبوو یان زۆر لاواز بوو.

- باشور و باکوری ئێران لەلایەن روسیا و ئینگلتەراوە کۆنترۆڵ کرا بوو و هەروەها ناوەڕاستی وڵاتەکەی لەژێر کۆنترۆڵی قاجاردا بوو. لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئەوەی فارسەکان پێکهاتەیەکی گرنگ بوو لە وڵاتەکەدا، بەڵام خێڵە تورکەکان لە رێگەی بەکارهێنانی مەزهەبی شیعەوە بۆ ماوەی ٤٠٠ساڵ حوکمرانی وڵاتەکەیان کرد. ئەمانە وایکرد لەگەڵ ئەوەی جیاوازی و سۆزی نەتەوایەتی لەناو هەندێ پێکهاتەدا نمونەی کورد و فارس لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا زیادیکرد، بەڵام ئەو جیاوازییە هێندە گەورە نەبوو، ببێتە دابەشبوونی وڵاتەکە بۆ چەند دەوڵەتێک وەکو لە دەوڵەتی عوسمانیدا روویدا. فاکتەرێکی تر کە وڵاتەکەی بە یەک پارچەیی هێشتەوە، بەرژەوەندی ئینگلتەرا بوو لە مانەوەی وڵاتەکە بەیەک پارچەیی و بەستنەوەی بە یەک سەنتەری ئابوریەوە کە کەنداو بوو.

## ململانێی نێوان چینوتوێژ و پێکهاتەکان لە پرۆسەی چاکسازیدا

لە قۆناغی پێشوودا هێشتا سوڵتان\شا دەسەڵاتی رەهای تاکڕەوی هەبوو. لە ریزەکانی ئۆرستوکراتدا زۆر بەزەحمەت دەنگی چاکسازی و گۆڕانکاری دەبیستراو چینوتوێژەکانی خوارەوەش کەم یان زۆر بە رەعیەت دادەنران و هیچ حسابێکیان بۆ نەدەکرا. وجودی سەرمایەداری جیهانیش لە ناوچەکەدا هێشتا خۆی لە ژمارەیەک بازرگان و کۆمپانیادا دەبینیەوە و لە داخوازی و فشار بەولاوە توانای بەشداریکردیان لە بڕیاردانی دەوڵەتەکان نەبوو.

لەم قۆناغەدا بەهۆی ئەوەیدەوڵەتەکان دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریان لەدەستدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەروەها سوڵتان\شا شکستیهێنا لە کاروباریدا، گۆڕانکاری لە ڕۆڵ و پێگەی زۆرینەی پێکهاتە و چینوتوێژەکاندا روویدا. چینوتوێژ و پێکهاتەکانی دەرەوەی ئۆروستۆکرات لەم قۆناغەدا دەرفەتیان پێنەدرا بەشداری لە بڕیاری سیاسی و ئابوری و چاکسازیدا بکەن. وەکو لە پێشتر باسمانکرد، لەگەڵ ئەوەی چەندین کەسایەتی و گروپ و ڕێکخراو دروستبوو بەڵام ئەوانە هێشتان لاوازبوون و رووی دەمیان دەکردە شا\سوڵتان و دەستەبژێری دەسەڵاتدار، کە چاکسازی سیاسی و یاسایی بکەن. ئەوانە هێشتا لەو بڕوایەدابوون کە دەستەبژێری دەسەڵاتدار توانا و خواستی چاکسازی هەیە. ئەوەی لەم قۆناغەدا گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهات جیاوازی و ململانێ دروستبوونی ڕاشکاوبوو لە نێوان توێژ و کەسایەتیەکانی دەستەبژێری دەسەڵاتداردا.

ئۆروستۆکراتی ناوخۆی وڵاتەکان بەپێی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوریان دابەشبوون بەسەر چەندبەرەیەکدا. بەرەی یەکەم لەو سەرەک خێڵ و باجکۆکەرەوە و سەرکردە ئایینیانە پێکهاتبوون کە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان و گۆڕانکاری لە بەرهەمهێنان و بازاڕی ئازاد و بیروڕای عیلمانیان بە بەرژەوەندی خۆیان نەدەزانی. دەیانویست سەرلەنوێ بنەما ئابوری و سیاسی و ئایینیە کۆنەکانی سیستمی بەڕێوەبردنی فیودالی خێڵەکی زیندوو بکەنەوە و دەقاو دەق شەریعەتی ئیسلام و عورفی خێڵەکی پەیڕەوبکرێت.

ئەمانە لە دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێکخراوێکیان بە ناوی کۆمەڵی ئیسلامیەوە دروستکردبوو. ئەو ڕێکخراوە بانگەوزی بۆ ئەو پرنسیپانە دەکرد و دژی دەستوەردنی هێزی دەرەکی و غەیرە دین بوون لەناو وڵاتەکاندا. هەمیشە فشاریان دەخستە سەر سوڵتان کە ئەو ڕێبازە بگرێتەبەر و بەکردەوە ڕۆڵی خەلیفەی موسڵمانان ببینێت. لە ئێرانیش توێژێک لە دەسەڵاتی ئایینی شیعە هەمان ڕۆڵیان دەبینی و بەتوندی دژی هەموو گۆڕانکارییەک بوون لە سیستمی فیودالی خێڵەکی و کەمکردنەوەی ڕۆڵی شەریعەتی ئیسلامی.

ئەگەرچی ئەم توێژە دەسەڵاتیان لەناو دامودەزگای دەوڵەتدا سنورداربوو و هەمیشە فشاریان دەخستە سەر سوڵتان\شا ، بەڵام لەم قۆناغەدا هەر پشتگیری دەسەڵاتداران بوون و مان و نەمانی خۆیان بەبوونی ئەوانەوە دەبینی.

بەرەی دووەم ئەوانە بوون، کە لەلایەکەوە سودبەخش بوون لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهانی و لەلایەکی ترەوە دەیانویست سنورێک بۆ ئەو بڵاوبوونەوەیە دابنێن و پارێزگاری بنەماکانی سیستمی فیودالی خێڵەکی بکەن. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و چاکسازی و بوژاندنەوەی بازرگانی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیادبوونـی بەرهەمهێنـان بـوون هەتـا ئـەو سـنووورەی زەرەری لـە بەرژەوەندییەکانـی ئـەوان نـەدەدا. دەیانویسـت پرنسـیپەکانی سـەرمایەداری جیهانـی و عیلمانـی لەگـەڵ شـەریعەتی ئیسـلامی و عورفـی خێڵەکیـدا بگونجێنـن.

ئەمانـە لـە دەوڵەتی عوسـمانیدا ڕێکخـراوی بزاڤی کۆمکاری ئیسـلامیان دروسـتکردبوو. ئـەو ڕێکخـراوە نوێنەرایەتـی سـوڵتان و کۆشـک و دەسـتەبژێری دەسـەڵاتداری نزیـک سـوڵتان و شێخولئیسـلام بـوو. لـە پراکتیـد ئامانجـی ئـەم ڕێکخـراوە هەوڵـدان بـوو بۆ هێشـتنەوەی کۆنترۆڵـی سـوڵتان بەسـەر ناوچەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانی و پارێزگاری کردنـی یەکێتـی دەوڵەتەکـە و بەسـتنی پەیوەنـدی توندوتـۆڵ لەگەڵیانـدا بەنـاوی ئایینـی ئیسـلام و ئومەتـی موحەمـەدەوە. ئەمانـە دروسـتبوونی جیـاوازی نەتەوایەتـی و ناوچەیـی و سـەنتەرە ئابورییەکانیـان بەهەڕەشـە لەسـەر یەکێتـی دەوڵەتەکـە و کۆنترۆڵـی سـوڵتان دەزانـی.

بێجگـە لـە جموجـۆڵ و پروپاگەنـدەی سیاسـی و ئایینـی و ئایدۆلۆجـی ئـەم ڕێکخـراوە، لەسەرانسـەری دەوڵەتەکـەدا سـوڵتان چەنـد ڕێگەیەکـی تـری گرتەبـەر، لەوانـە دەسـتپێکردنی ژن و ژنخـوازی لەگـەڵ بنەماڵەکانـی شـێخ و پیـاوە دەسـەڵاتدارەکانی عـەرەب، پێدانـی پلـەی سـەربازی و ئیـداری و سیاسـی پێیـان و تاپۆکردنـی زەویـوزار بەناویانـەوە. هەندێـک لەوانـەی بانـگ دەکـران بـۆ کۆشـک و لـەوێ خزمەتـکار و کۆیلەیـان بـۆ دابیـن دەکـرا و سـوڵتان وەکـو ڕاوێـژکار مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـردن. سـوڵتان بۆئـەوەی سـۆزی بەشـێک لـە خەڵکـی ئێـران بـەلای خۆیـدا ڕاکێشـێ داڵـدەی هەنـدێ لـە پیاوانـی ئایینـی و خەڵکـی تـری چاکسـازیخوازی ئـەو وڵاتـەی لـە ئەسـتەنبوڵ دەدا و ڕێگـەی پێـدەدان تـا ڕادەیـەک بـە ئـازادی پەیامەکانیـان بگەیەننـە شـا، هەروەهـا ڕۆڵـی ناوبژیکـەری لەنێـوان ئەوانـە و شـادا دەبینـی «٩١ ل٥٥٩».

بە هەمان شـێوەی دەوڵەی عوسـمانی بەشـی زۆری دەسـەڵاتی ئایینی شـیعە پاڵپشـتی شـایان دەکـرد و دەیانویسـت دەسـەڵات لای بمێنێتـەوە و لەهەمانکاتـدا پشـتگیریان دەکـرد لـە ڕێککەوتننامەکانـی لەگـەڵ دەوڵەتـە بێگانەکانـدا. لـە ئێـران شـا و دەسـەڵاتی ئایینـی چیۆنیەتـی بەڕەوەبردنـی وڵاتەکەیـان لەنـاو خۆیانـدا دابەشـکردبوو. مەسـەلەی بەڕێوەبردنـی دەوڵـەت و چاکسـازی لـە بـواری ئابـوری و یاسـایی و سـەربازی و سیاسـی و خوێندنـی بـەرزی عیلمانـی ڕۆڵەکانـی دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار بـۆ شـا بەجـێ هێشـتبوو، بـەڵام ژیـان و پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی خەڵـک و دەسـەڵاتی قەزایـی و ئیرشـاد و فێرکردنـی ڕۆڵەکانـی چینوتوێژەکانـی خـوارەوە لـە ڕێگـەی قوتابخانـە ئایینـی و مزگەوتەکانـەوە لەژێـر کۆنتـرۆڵ و سەرپەرشـتی کردنـی ئـەو سـەرکردە ئایینیانـەدا بـوو. هاوپەیمانـی زۆرینـەی دەسـەڵاتی ئایینـی شـیعە و شـا هەتـا کۆتایـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەدەی نۆزدە گەرەنتی مانەوەی دەسەڵاتی هەردوولای دەکرد «**١٥ ل١٠٨**».

سوڵتان\شا و ئەو توێژەی لە دەوروپشتی بوو، ڕۆڵێکی دوو فاقیان دەبینی، لەلایەکەوە پارێزگاریان لە خۆیان و بنەماکانی بەڕێوەبردنی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی دەکر، لەلایەکی ترەوە هەمانگیری و پاڵپشتی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان بوو. داهاتی زۆری باج و گومرگی هاوردەکردن و هەناردەکردن و قەرزکردن و کڕینی چەکی هاوچەرخ... بێ هاریکاریکردن و رازیکردنی لایەنی دەرەکی نەدەکرا، بۆیە بۆ ئاسانکردنی کاروباری ئەوان و خۆناسانی خۆیان بە چاکسازیخواز و هاوچەرخ، لەم قۆناغەدا بڕیاریان لەسەر چەندین چاکسازی و گۆڕانکاریدا لە یاساکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

بەرەی سێیەم ئۆروستۆکراتە چاکسازیخوازەکان بوون. ئەوانە بوون، دەیانویست پرەنسیپ و یاسا عیلمانییەکان لە حوکمڕانی و دامودەزگای دەوڵەتدا پەیڕە و بکرێت. زۆربەی ئەمانە گەنج و ڕۆشنبیرەکانی ناو ئۆروستۆکراتەکان بوون. ئەوانەبوون، کە نێردرابوون بۆ ئەوروپا بۆ خوێندن و لەوێ فێری زمان و شێوەی بیرکردنەوە و پرنسیپەکانی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری کەپیتالیستانە ببوون. چونکە ئەمانە بەشێک بوون لە دەستەبژێری دەسەڵاتدار، دەسەڵاتی ئایینی زۆرجار چاویان لە بیروڕا و کرداری ئەوانە دەپۆشی. ئەوەی لای دەسەڵاتی ئایینی گرنگ بوو نەگەیشتنی ئەو پرنسیپانە بوو بۆ ناو چینوتوێژ و پێکهاتەکانی خوارەوە. ئەمانە بەشێک لە پۆستە گرنگەکانی دامودەزگای دەوڵەتیان بەدەست بوو، نمونەی وەزارەتەکان و قەزا و کاروباری دارایی و پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی دەرەوە. ئەمانە لەلایەن لایەنی بێگانەوە پشتگیری دەکران و هەمیشە لە ململانێدا بوون لەگەڵ دوو بەرەکەی تردا. ململانێیان لەگەڵ شا\سوڵتان لە پێناوی چاکسازی سیاسی و یاساییدا بوو. ئەو ململانێیە یان بە پەسندکردنی داواکاریەکانیان کۆتایی دەهات، یان گۆڕینی شا\سوڵتان یان لابردنی خۆیان.

ساڵی **١٨٧٦** لە دەوڵەتی عوسمانیدا بە پشتگیری ئەم بەرەیە، سەرەک وەزیران و چاودێری هێزی دەریایی و شێخولئیسلام و لایەنی دەرەکی بڕیاری گۆڕینی سوڵتانیان دا «**٩١ ل٥٧٩**». لەگەڵ ئەوەی ئەم توێژە ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لەچاکسازیدا، بەڵام لەبەرئەوەی خۆیان بەشێک بوون لەو دەستەبژێرە، نەیاندەویست و بە بەرژەوەندی خۆیان نەدەزانی کە چاکسازی ریشەیی لە سیستمەکەدا بکەن. ئەوەی کاریان بۆ دەکرد چاکسازیکردن بوو لە هەمان سیستمدا.

لایەنی دەرەکی تەنها پشتگیر ئەو چاکسازییانەیان دەکرد، کە لەبەرژەوەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمپانیا و بانک و دەوڵەتەکانی خۆیاندا بوون. مەسەلەی گەشەکردن و سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری ئەو وڵاتانە و چاکسازی سیاسی و یاسایی لە پێناو گەشەکردنی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و بوژاندنەوەی بازرگانی خۆماڵی نێوان هەرێمەکان هەروەها باشبوونی گوزەرانی خەڵک لای ئەوان نە هێندە گرنگ بوو و نە بە ئەرکی خۆیان دەزانی کاری بۆ بکەن.

لەبەر لاوازی چینوتوێژە نوێیەکان و نەبوونی دەرفەتی بەشداریکردنیان لە چاکسازییەکاندا، سەنگی بەرژەوەندی دەستەبژێری دەسەڵاتدار و لایەنی بێگانە لە چاکسازییەکاندا قورستر بوو، لەبەرئەوە چاکسازییەکان بە بەرژەوەندی ئەواندا دەشکایەوە.

شای ئێران، ساڵی ١٨٥٨بۆ بەرەنگاربوونەوەی شکستهێنانی چاکسازییەکانی دەوڵەت و لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی، ناچارکرا ئەنجومەنێک بە ناوی (مجلس شورای دولتی) دامەزرێنی. ئەو ئەنجومەنە لە ١١ ئەندام پێکهاتبوو، کاریان گەڵاڵەکردن و داڕشتنی پلانێک بوو بۆ چاکسازی، هەروەها لیژنەیەکی بە ناوی (شوری مصلحتخانە) پێکهێنا. ئەمانە لە ٢٦ فەرمانبەر پێکهاتبوون و ئەرکیان کۆکردنەوەی زانیاری و پێشنیاز بوو بۆ مەجلیس. ئەندامی ئەم دوو دەزگایە شا لە خەڵکی نزیکی خۆی دایدەنان. مەجلیس پێشنتیازی چاکسازی دەخستە بەردەم شا، ئەگەر بەدڵی بوونایە پەسندی دەکردن ئەگینا ڕەتدەکرانەوە. هەڵبەتە مەبەستی شا لەمانە بێجگە لە ڕازیکردنی دڵی ئەوروپیەکان و چاکسازیخوازەکان، مانەوەی خۆی و سەرلەنوێ کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت بوو. کاروباری مەجلیس سەری نەگرت و ساڵی ١٨٦٠ شا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەیدا.

هەر لە ئێرانی قاجار ساڵی ١٨٦٠ توێژێکی لیبراڵی ناو حوکمەت، کە سەرەک وەزیران مالکون سەرۆکایەتی دەکردن، بە لاساییکردنی لیبراڵەکانی ئەوروپا داوای سەپاندنی ڕۆڵی یاسا و لە یەک جیاکردنەوە و سەربەخۆیی هەر سێ دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی و قەزاییان کرد. داوای گۆڕانکاریان دەکرد، لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دامودەزگای دەوڵەت و کەمکردنەوەی ڕۆڵی شەریعەتی ئیسلام و چاکسازی لە سیستمی باجدا. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵەیەکیان بە ناوی (ماسونی پیاوانی ئازادەوە) دامەزراند. ئەم ڕێکخراوە پرۆگرامێکی بڕژوای دیموکراسی هەبوو، بەڵام ئەندامەکانی تەنها لە ئۆروستۆکرات بوون. نوێنەرانی چینوتوێژەکانی خوارەوە و پێکهاتەکانی تێدا نەبوو. لەبەرئەوەی پرۆگرام و کردەوەی ئەمانە لە بەرژەوەندی شا و دەستەبژێری دەسەڵاتدار و پیاوانی دەسەڵاتی ئاییندا نەبوو، ساڵی ١٨٦١ کۆمەڵەکە قەدەغەکرا و مالکون شاربەدەری ئەوروپا کرا و دەوڵەت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ماوەیەکی درێژ بێ سەرەک وەزیران مایەوە. پرۆسەی چاکسازی هەتا ساڵی ١٨٧١ وەستا، لەو چەند ساڵەدا گەندەڵی و دەسەڵاتی رەهای شا و سەرکوتکردنی خەڵک و رۆڵی دەسەڵاتی ئایینی سەرلەنوێ زیادیکرد «**١٥ ل١٢٧**».

کارەکانی ئەم رێکخراوە یەکەمین هەوڵی چاکسازی یاسایی بوو لە ئێران، کە بەدەستی توێژێکی ناو دەستەبژێری دەسەڵاتداری دەوڵەت کاری بۆ کرا. ئەم هەوڵدانە رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە خۆ ئامادەکردن بۆ ئینقلابی مەشروتی، شۆڕشی دەستوری ساڵی **١٩٠٦** کە لە قۆناغی دواتردا روویدا. هۆکاری شکستهێنانی ئەم چاکسازییانە زۆرن، بەڵام گرنگترینیان لاوازی و بەشدارینەکردنی چینوتوێژە نوێیەکان و پێکهاتەکانی خوارەوەی وڵاتەکە بوون لە پرۆسەکەدا. لەهەمانکاتدا پەلەکردن بوو لە چاکسازییەکان و هەوڵدان بۆ سەپاندنی چاکسازی گەورە لە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیوداڵی خێڵەکیدا. ئەو هەنگاوە گەورەیە لەلایەکەوە ترسی خستە دڵی شا و دەستەبژێری دەسەڵاتدارەوە و بووە هۆی ئەوەی بە توندی رووبەڕوووی ببنەوە، لەلایەکی ترەوە ئەو پەلەکردنە بووە هۆی ئەوەی چینوتوێژەکانی خوارەوە و پێکهاتە و ناوچەکانی تر فریا نەکەوتن خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکەدا. هەوڵدان بۆ چاکسازی گەورە بەبێ ئامادەبوونی زەمینەی گونجاو، زۆرجار بۆتە هۆی لەبارچوونی پرۆسەی چاکسازی وڵاتان.

شکستهێنانی ئەو چاکسازییانە لە ئێران هێندەی تر گوزەرانی زۆربەی خەڵکی وڵاتەکەی خراپ برد و هەتا دەهات ناڕەزایی چینوتوێژەکانی خوارەوە و چاکخوازەکان زیادیدەکرد. لەبەرئەوە لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا سەرلەنوێ شا ناچارکرا هەندێ چاکسازی بکات. لەوانە دانانی دادگای تەمیز، دادگای تەحقیق و دادگای بازرگانی. بەڵام هەموو ئەمانە بەهۆی ناڕەزایی دەسەڵاتی ئایینی و دەستەبژێری دەسەڵاتدارەوە تەمەن کورت بوون و هەڵوەشاندرانەوە. لە هەشتاکاندا سەرلەنوێ شەپۆلێکی ناڕەزایی و راپەڕین بەتایبەتی لەناو جوتیار و حیرەفێکاندا دەستیپێکرد، بۆ کپکردنەوەی ئەوانە سەرلەنوێ شا بڕیاری هەندێ چاکسازیدا. لەوانە دانانی (مجلس تحقیقی مزالیم) کە دەزگایەک بوو دانرا بۆئەوەی خەڵکی زوڵملێکراو رووی تێبکەن بۆ شکاتکردن لە کاربەدەستانی دەوڵەت. لە ماوەی شەش ساڵدا شەش هەزار سکاڵا رادەستی ئەو دەزگایەکرا. هەروەها بۆ ئاسانکاری کاروباری بازرگان و کاسبکاران، (مجلس تجارت) دامەزرا. بەڵام ئەم دامودەزگایانە توانای بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتدارانیان نەبوو، هەر بەناو کاریان دەکرد و زۆربەی ئەو کەیسانە لە رێگەی هەڕەشە و واستە و بەرتیلەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ســەرەو نوگــوم دەکــران «١٥ ل١٣٤ «
لەبەرئــەوەی لەدەســتدانی ســەربەخۆیی سیاســی لــە دەوڵەتــی عوســمانیدا، هەتــا ســاڵەکانی حەفتــا هێشــتا ســوڵاتان هەیبەتــی مابــوو و لافــی چاکســازی لێــدەدا و زۆربــەی بڕیــارەکان لای خۆیــەوە دەردەکــرا. بەڵام لــە هەفتاکانەوە لەدوای لەدەســتدانی ســەربەخۆیی سیاســی و ئابــوری و شکســتهێنانی بڕیارەکانــی ســوڵتان، رۆڵــی گۆڕانــکاری و چاکســازی زیاتــر کەوتــە دەســت ئۆروســتۆکراتە چاکســازیخوازەکانەوە. قەیرانــی ئابــوری و دەســتێوەردانی دەرەکــی و ناڕەزایــی و فشــاری چینوتوێژەکانــی خــوارەوە و راپەڕینــی ناوچــە و پێکهاتــەکان و فشــاری هێــزە دەرەکیــەکان گوژمیــدا بــە پرۆســەکە.
بــۆ پینــە و پەڕۆکردنــی بارەکــە، ســاڵی ١٨٧٦ ســوڵتان بڕیــاری دامەزراندنــی شــورایەکیدا بــە نــاوی ئەنجومەنــی دەوڵەتــەوە. ســوڵتان خــۆی ئەندامەکانــی شــوراکەی لــە ناوچەکانــی دەوڵەتەکــەوە هەڵدەبــژارد و دایدەمەزرانــدن. کاری ئەمانــە ئامادەکردنــی پــرۆژەی چاکســازی و یاســایی بــوو، کــە بخرێتــە بــەردەم ســوڵتان بــۆ بڕیــاردان لەســــەری. بەشــێک لــە ئەندامانــی شــوراکە رۆڵــی خەڵکانــی پســپۆریان دەبینــی و زانیــاری پێویســتیان دەخســتە بــەردەم شــوراکە. ســەرەڕای ئــەوە ئــەو شــورایە رۆڵــی دادگای سیاســی دەبینــی و لێپرســینەوەی دەکــرد و ســزادانی فەرمانبــەرە گەنــدەڵ و تاوانبارەکانــی دەدا. ئــەو ئەندامانــە خەڵکانێــک بــوون لــە رێگــەی گەندەڵــی و تەبەعێــت و وەلاوە دامەزراوبــوون، خەڵکانــی بێتوانــا و ترســنۆک بــوون و لــە پراکتیکــدا بڕیــار هــەر بەدەســت ســوڵتان خــۆی بــوو، بۆیــە بڕیــارەکان تەنهــا لەســەر قاقــەز دەمانــەوە و کاریــان پــێ نەدەکــرا. ئەمانــە ســەرلەنوێ ناڕەزایــی چاکســازیخوازەکانی لێکەوتــەوە و لەهەمــان ســاڵدا بــە پشــتیوانی هێــزە دەرەکیــەکان بڕیــاری لابردنــی ســوڵتان و دانانــی ســوڵتانێکی نوێــدرا.
هەرچەنــدە ســوڵتانی نــوێ لەهەمــان بنەماڵە بــوو و شــێوازی بیرکرنــەوە و کردارەکانی لــە ســوڵتانەکانی تــر جیاوازتــر نەبــوو، بــەڵام لەژێــر فشــاری چاکســازیخوازەکاندا، لەســەرەک وەزیــران و چەنــد وەزیرێــک و خەڵکانــی رۆشــنبیر و لایەنــی دەرەکیــدا، لــەم قۆناغــەدا بڕیــاری گەورەتریــن چاکســازی لــە مێــژووی ٨٠٠ ســاڵەی دەوڵەتەکــەدا درا و پرۆســەکە لــە نێــوان ســاڵەکانی ١٨٧٦-١٨٨٦ بــەردەوام بــوو. پرنســیپەکانی ئــەم چاکســازییانە هاوشــێوەی چاکســازییەکانی رێکخراوەکــەی مالکــون بــوو لــە ئێــران و بــە شۆڕشــی دەســتوری یەکــەم ناودەبرێــت و لــە قۆناغــی داهاتــوودا بــووە بنەمایــەک بــۆ شۆڕشــی دەســتووری دووەمــی ســاڵی ١٩٠٨. لــە راســتیدا ســوڵتان بــڕوای بــەو چاکســازییانە نەبــوو، بــەڵام لەبــەر لاوازبوونــی و لــە پێنــاوی رازیکردنــی ئەوانــە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاکسازییەکانی پەسەندکرد.
دوو ئەنجومەن دامەزرێنرا، ئەنجومەنی پیران(اعیان) کە سوڵتان خۆی هەڵی دەبژاردن و ئەنجومەنی نوێنەران(مبعوثین) نوێنەرایەتی ناوچەکانی دەوڵەتەکەیان دەکرد. ئەمانە خەڵکانی دەستەبژێری دەسەڵاتداری دەوڵەت و ناوچەکان بوون و وەکو کۆن لە ڕێگەی گەندەڵی و وەلا و تەبەعێتەوە دادەنران. سوڵتان بەپێی یاسا بۆی هەبووهەموو یەکێک لەوانە لە پۆستەکەی دووربخاتەوە، ئەگەر ئەو کەسە هەڕەشە بوایە لەسەر ئاسایشی دەوڵەت. لە پراکتیکدا بەپێی ئەو یاسایە سوڵتان دەیتوانی هەرچ کەسێ بەدڵی نەبێت بێ لێپرسینەوە لای بەرێت. لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکدا دامەزراندنی دوو ئەنجومەن کە مافی بڕیاردانی هەبێت لەچاو دەسەڵاتی ڕەهای پێشوتری سوڵتاندا، هەنگاوێکی یاسایی گرنگ بوو بەرەوە پلورالیزم. بۆ یەکەمجار لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەستورێکی نوسراوە دانرا. بەپێی ئەو دەستورە دەسەڵاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و قەزایی دەبایە لەیەک جودێ بوونایە و سەربەخۆیی خۆیان هەبێت. پێشتر سوڵتان خۆی یاسا و خودای سەرزەمین بوو. هەر سوڵتانێک بەهەوەس و بەرژەوەندی خۆی یاسای دادەنا و لای دەبرد، بەڵام ئێستا بۆ یەکەمجار دەسەڵاتەکانی سوڵتان بەپێی یاسا دیاریکرا. بۆ یەکەمجار دەسەڵاتێکی سەرووی سوڵتان هاتەکایەوە، کە ئەویش یاسا بوو. هەروەها ئەگەر بە ناویش بوبێت بۆ یەکەمجار نوێنەری ناوچە و پێکهاتەکان دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیاردانا بۆ ڕەخسا.
بەپێی دەستور، هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی ڕەگەز و ئایین هەمان ماف و ئەرکیان هەبوو. ئازادی ڕۆژنامەوانی. ئیسلام ئایینی دەوڵەت و پایتەخت بارەگای خەلافەتی ئیسلامی بوو. ئەگەرچی سوڵتان بوو سەرەک وەزیر و وەزیرەکانی دەستنیشان دەکرد، بەڵام بەپێی دەستور حوکمەت دەوڵەتی بەڕێوەدەبرد. وا بڕیاربوو ئەنجومەنی نوێنەرانی خۆجێیی هەڵبژێردراو چاودێری کاروباری ویلایەتەکان بکات. هەروەها پیاوە ئایینیەکان خۆیان کاروباری ئایینی بەڕێوەببەن.
بەکردەوە پرۆسەکە و بەکارهێنانی دەستور وەکو ئەوەی چاوەڕوانی لێدەکرا بەڕێوەنەچوو. هەر لەدوای دوو مانگ سوڵتان کەوتە گیانی ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکان و بەناوی مەترسیانەوە لەسەر ئاسایشی دەوڵەت دوورخرانەوە.
مانگی ئازاری ١٨٧٧ یەکەم خولی کاری ئەنجومەن دەستپێکرد. لەبەر ناشارەزایی و بێدەسەڵاتی ئەندامەکان و نەبوونی هیچ پێشنیازێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانە ئابوری و سیاسییەکانی وڵاتەکە، نەتوانرا هیچ بڕیارێک بدرێت. خولی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دووەمی کاری ئەنجومەن حوزەیرانی هەمان ساڵ ئەنجامدرا. ئەم جارەیان هەندێ لە ئەندامەکان ئامادەتر و گورجوگۆڵتر بوون و بەرهەڵستی هەندێ بڕیارەکانی سوڵتانیان کرد. داوایانکرد کە ئەوانەی بوونە هۆکاری شکستهێنانی شەڕەکانی بەڵقان سزابدرێن و گەیشتە ئەوەی داوای گۆڕینی سوڵتان بکەن. لەبەرئەوە سوڵتان لە ئازاری ١٨٧٨دا سەرلەنوێ کۆبونەوەی ئەنجومەنەکانی راگرت و بڕیاری دەرکردنی زۆربەی ئەندامەکانی ئەنجومەنەکەیدا و پرۆسەی چاکسازی و ئەنجومەنەکان شکستیان هێنا.
شکستهێنانی مەشروتیتی یەک لە دەوڵەتی عوسمانی بۆ هەمان ئەو فاکتەرانەی بووە هۆی شکستهێنانی پرۆسەکە لە ئێران دەگەڕێتەوە. ئەمە سەلماندی، کە دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکیەکان نە لە بەرژەوەندیاندا بوو چاکسازی ریشەیی لە سیستەمەکەدا بکەن و نە توانا و خواستیان لەسەر ئەوە هەبوو. ئەم گۆڕانکاری و رووداوانە تاقیکردنەوە و دەرسێکی بە سوودبوون بۆ چینوتوێژە نوێیەکان و پێکهاتەکانی دەوڵەتەکان، کە لە قۆناغی داهاتوودا هەوڵی بەشداریکردن بدەن لە چاکسازییە سیاسی و یاساییەکاندا و کار بۆ دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر بکەن.
«بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم چاکسازییانەی دەوڵەتی عوسمانی بڕوانە ٩١ ل ٥٧٩-٥٩٥».

قۆناغی سێیەم
**شکستهێنانی چین و توێژە نوێیەکان دارمانی دەوڵەتەکان \ گرتنی رێبازی پاشکۆیەتی**
**١٨٩٠-١٩٢٥**

سالەکانی **١٨٩٠-١٩٢٥**قۆناغی گرژبوونەوەی ململانێی نێوان چینوتوێژە نوێیەکان بوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و لایەنی دەرەکیدا. لێرەدا ئەو هێزە نوێیانە دەستیان لە چاکسازییەکانی دەستەبژێری دەسەڵاتدار تێکەڵکرد و ویستیان جڵەوی چاکسازیی بگرنە دەست و هەنگاو بۆ بونیادنانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فراوانتر و سەربەخۆ بنێن. ئەوەی روویدا شکستهێنانی ئەو پرۆسەیە و دواتر زاڵبوونی لایەنی دەرەکی و گرتنی رێبازی پاشکۆیی و کۆلۆنیالیزم بوو لە هەموو ناوچەکەدا.
وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بیستدا، بەهۆی ئەو زەمینە نوێیەوە، کەوتنە دووڕیانێکەوە، کە تیایدا دەبوایە بڕیار لەسەر پاشەڕۆژی ناوچەکە و چۆنیەتی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری تیایدا یەکلایی بێتەوە. قۆناغی ململانێی نێوان هێزەکانی ناو کۆمەڵگە بوو لە هەڵبژاردنی سێ ڕێبازی جیاوازدا:

- سەرلەنوێ بوژاندنەوەی سیستمی فیودالّی خێڵەکی

بەشێک لە پاشماوەکانی چینوتوێژەکانی فیودالّی خێڵەکی و دەسەڵاتی ئایینی هەوڵی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ئەو سیستمە کۆنە و گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی قوفڵدراو دەکرد. بەڵام ئەوانە تەواو شکستیان هێنابوو و لاواز و زەلیلی دەستی سەرمایەداری جیهان بوون. سەرەڕای ئەوە کۆسپێکی گەورەبوون لەبەردەم هەموو گۆڕانکارییەکدا. زۆرینەی چینوتوێژ و پێکهاتەکان و سەرمایەداری جیهان دەیانویست بەسەر ئەو کۆسپەدا زاڵبن و لەناوی بەرن.

- ڕێبازی بونیادنانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی ئابوری و سیاسی کراوەتر و بەهێزتر و سەربەخۆ. هەڵگری ئەم ڕێبازە چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەکانی برژوای ناوەڕاست و وردە برژوای شار و لادێکان و بازرگانە خۆماڵیەکان و توێژێکی لیبراڵی پیاوانی ئایینی بوو، سەرەڕای ئەوانە زۆرینەی چینوتوێژەکانی خوارەوە نموونەی کرێکاران و کاسپکار و رۆشنبیر و مسکێنەکان رۆڵی گرنگیان تیادا بینی. ئەم ڕێبازە ڕووبەڕووی چەندین هێز دەبوونەوە لەوانە پاشماوەکانی فیودالّی خێڵەکی و فیودالّی موڵکدارو بازرگانە گەورەپاشکۆکان و لایەنی دەرەکی و زۆرینەی دەسەڵاتی ئایینی.

- ڕێبازی پاشکۆیی و ژێردەستی. ئەم ڕێبازە بە هەمانگیری دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەکان و لایەنی دەرەکی و توێژێک لە موڵکداری فیرودالّ و بازرگانە گەورە پاشکۆکان و توێژێکی دەسەڵاتی ئایینی بوو.

لەگەڵ ئەوەی ئەم قۆناغە بە داڕمانی سیستمی فیودالّی خێڵەکی و دەوڵەتەکانی کۆتاییهات و ڕێبازی پاشکۆیی و ژێردەستی تیایدا زاڵ بوو، بەڵام پاشماوەکانی فیودالّی خێڵەکی و پرنسیپ و ئایدۆلۆژیای ئەو سیستمە لە مێژووی دواتری ناوچەکەدا و هەتا ئێستا هەر ماوەتەوە و ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر گۆڕانکارییەکان. هەروەها ڕێبازی دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فراوانتر و سەربەخۆ هەتا ئێستا لە زۆرانبازیدایە لەگەڵ ئەو پاشماوەیە و ڕێبازی پاشکۆییدا.

ململانێی ئەم سێ ڕێبازە لەم قۆناغەدا هەتا ئەوکاتەی بە سەرکەوتنی ڕێبازی پاشکۆیەتی کۆتاییهات، بەپێی گۆڕینی هاوسەنگی لە نێوانیاندا بە سێ هەنگاودا

تێپەڕ بوو. لە هەنگاوی یەکەمدا ڕۆڵی سەرەکی کەوتە دەست بزووتنەوەی چاکسازی لە پێناوی دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوان و سەربەخۆ. ئەمە بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی دەستووری لە ئێران و تورکیای عوسمانی کۆتاییهات. بێگومان ئەمە کاردانەوەی لەسەر سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو.

هەنگاوی دووەم، شکستهێنانی ئەو شۆڕشە و چینوتوێژە نوێیەکان بوو. ئەوە بە هاوپەیمانی بەستن لە نێوان لایەنی دەرەکی و دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و بازرگانە گەورە و فیودالی موڵکداری پاشکۆ و هەندێ توێژی سەربازی و نەژادپەرست کۆتاییهات. هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەم بەرەیەی زیاتر بەهێزکرد.

هەنگاوی سێیەم، داڕمانی دەوڵەتە فیوداڵە خێڵەکیەکان و دابەشبوونی ناوچەکە و سەرکەوتنی ڕێبازی پاشکۆیەتی و کۆلۆنیالیزم و دیکتاتۆریەت بوو.

لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتە زلهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەدەستچوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوریان و کۆنترۆڵیان بەسەر ناوچەکاندا، شەڕی یەکەمی جیهانی و هەروەها گەلاڵەبوونی جیاوازی نێوان ناوچەکان و بەهێزبوونی سەنتەرە ئابورییەکان، هەتا دەهات جیاوازی لە نێوان ناوچەکاندا زیاتردەکرد و هەر ناوچەیەک بەجیا دەبەسترا بە دەوڵەتێکی دەرەکییەوە و ڕێباز و خاسڵەتی تایبەتی خۆی بۆ پەیدادەبوو. بۆیە لە لێکۆڵینەوەی ئەم قۆناغەدا بە جیا باسی مەڵبەند و ناوچە جیاوازەکان دەکەین.

## شکستهێنانی شۆڕشی دەستووری لە تورکیاو داڕمانی دەوڵەتی عوسمانی

وەکو پێشتر بەوردی باسمانکرد، د. ق. ع. دەزگایەک بوو بۆ کۆنترۆڵکردن و سەرپەرشتیکردنی ئابوری دەوڵەتی عوسمانی. لەدوای ساڵەکانی ١٨٨٠ وە تا دەهات ڕۆڵی ئەم دەزگایە لەسەر حیسابی سەربەخۆیی وڵاتەکە زیادیدەکرد. ساڵەکانی ١٣\١٩١٢لە تورکیای عوسمانیدا زیاتر لە ٥٥٠٠ کاربەدەستی هەبوو. ژمارەی ئوفیسی باجکۆکردنەوەکانی گەیشتبوونە ٧٢٠دانە. خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کانی خەڵوز و شوێنکاری پیشەسازی و کێڵگەی گەورەی کشتوکاڵی بوو. بە نمونە خاوەنی زیاتر لە ١٠٠ کانی خوێ بوو. دەسەڵاتی ئەم دەزگایە گەیشتبووە ئاستێک کە زۆربەیجار ئەو بوو بڕیای دەدا چۆن و لەچی بوارێکدا دەوڵەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عوسمانی داهاتەکانی بەکاربهێنێت «٣٠ ل١٩٣».

ساڵی ١٨٨٥ ژمارەی دانیشتوانی تورکیای عوسمانی ٩٧٥٠٠٠٠کەس بوو، بەڵام ساڵی ١٩١٣ گەیشتبووە ١٤ملیون کەس. لەماوەی کەمتر لە ٣٠ ساڵدا ژمارەی دانیشتوان ٥٢٥٠٠٠٠ کەس زیادیکرد. لەمانە هێشتا ٩٠٪ لەلادێ و شارۆچکە بچوکەکاندا دەژیان. تەنها ١٠٪ دانیشتوان لەو شارانەدا دەژیان، کە ژمارەیان لە ١٠هەزار کەس زیاتر بوو. زۆربەی ئەو زیادبوونە سروشتی بوو، خەڵکێک نەبوو لە شوێنی ترەوە کۆچی بۆ ناوچەکە کردبێت. ئەو زیادبوونە بەهۆی باشتربوونی گوزەرانی خەڵکەوە بوو، هەروەها فاکتەرێک بوو بۆ زیادبوونی بەرهەمهێنان و بوژاندنەوەی ئابوری.

ساڵی ١٩٠٩رووبەری زەوی کشتوکاڵی چێنراو گەیشتە ٥، ٥ملیون هێکتار. لەوانە ٢٥٠هەزار هێکتار بەکارهێنراوە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی کەرەسەی خاوی نمونەی توتن، دار، رووەک بۆ بەرهەمهێنانی زەیت، تلیاک... . بێجگەلە ئەوانە خوری و موو و پێستە کەرەسەی خاوی گرنگ بوون.

بەپێی دوور و نزیکیان لە بەندەرەکان و رێگە بازرگانییەکان و سەرچاوەی ئاو، جیاوازی هەبوو لە نێوان بەروبوومی کشتوکاڵی ناوچەکانی تورکیای عوسمانیدا. هەتا ئەوسا ٩٠٪ بەروبوومی کشتوکاڵی دانەوێڵە بوو. قیمەتی کۆی بەروبوومی کشتوکاڵی لەسەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا گەیشتۆتە ٢٠ ملیون پاوند. ساڵی ١٩١٤ کشتوکاڵ ٥٦٪ قیمەتی کۆی داهاتی نەتەوەیی بووە. بەرهەمهێنانی پیشەسازی، بێجگەلە بەرهەمی شوێنکاری پیشەگەری، نمونەی کان، کارەبا، گاز، ئاو، بینا و رێگەوبان ١٧٪ بووە.

ساڵی ١٩١٣ ژمارەی ئەو وەرەشانەی بەکارگە دانراون گەیشتۆتە ٢٧٠ دانە دەوروبەری ١٧ هەزار کەس کاریان تێداکردووە. بای ٦، ٣ ملیون پاوند بەرهەمیانهێناوە ، کە دەیکردە ٣١٪ بەرهەمی کشتوکاڵی. بێجگە لەمانە هەزارەها شوێنکاری پیشەگەری هەبووە. بەپێی ئامارەکانی دەوڵەتی عوسمانی، کە گومان لێکراوە، ژمارەی کۆی شوێنکار پیشەییەکان گەیشتۆتە ٣٣ هەزار دانە و دەوروبەری ٧٦٢٠٠ کەس کاریان تێداکردووە. ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە کارگەکاندا کاریان کردووە گەیشتۆتە ٦٠ هەزار کەس.

لەماوەی ٣٠ ساڵدا، لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٤-١٩١٣ دا بازرگانی تورکیای عوسمانی دوو هێندەی لێهاتووە. ساڵی ١٨٨٤هەناردەکردن نزیکەی ١١، ٢ ملیون پاوەند و هاوردەکردن ١٩، ٦ ملیون پاوەند بووە. بەڵام ساڵی ١٩١٣ هەناردەکردن گەیشتۆتە ٢٦، ٢ ملیون و هاوردەکردن ٤٣، ٠٣ ملیون پاوەند. ئەم داتایە دوو زانیاری گرنگمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێدەدات. یەکەمیان زیادبوونی رۆڵی بازرگانی ناوچەکە لە ئابوری جیهاندا و دووەمیان جیاوازی مەزن لە نێوان هاوردەکردن و هەناردەکردندا، کە بە قازانجی سەرمایەداری جیهان و زەرەری تورکیای عوسمانیدا شکاوەتەوە «٣٠ ل١٨٩-١٩٩».
لەگەڵ ئەوەی لە تورکیای عوسمانی چەندین کانی مینیراڵی جیاواز هەبوو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ هەندێ ناوچەی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆزینەوەی پترۆڵ تیایدا زۆر کەمبوو. زۆرتیرین رێژەی هاناردەکردنی وڵاتەکە بەروبوومی کشتوکاڵی کەرەسەی خاو بوو. کرینی چەکی مودیرن گەورەترین رێژەی هاوردەکردن بوو. ئەمانە کاریگەری لەسەر ژێرخانی ئابوری وڵاتەکەو قەبارە و رۆڵی چینوتوێژە نوێیەکان تیایدا هەبوو.
هەڵبەتە زۆر باسی سروشت و خاسڵەتەکانی چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان و لایەنی دەرەکی و رۆڵیان لە پرۆسەی گواستنەوەدا کرد، بۆیە پێویست ناکات لێرەدا ئەو باسە دووبارە بکەینەوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە زیاتر لێیبکۆڵینەوەی خاسڵەت و توانا و رۆڵی چینوتوێژە نوێ و پێکهاتەکانە لەو پرۆسەیەدا. بۆیە پێش ئەوەی باسی میکانیکی گۆڕانکاری ئەم قۆناغە بکەین، پێویستە بەکورتی چاوێک بە خاسڵەتەکانی ئەم توێژە کۆمەڵایەتیانەدا بخشێنین.

## بەهێزبوونی برژوای تورک لەسەر حسابی پێکهاتە ناموسڵمانەکان

لە تورکیای عوسمانیدا برژوای بچوک و ناوەند، بازرگان و بانکەوانەکانی پێکهاتە ناموسڵمانەکانی نمونەی ئەرمەن و یۆنانی و جووەکان لە رووی بازرگانی و پیشەسازی و پیشەگەری و کاروباری بانکیدا رۆڵی سەرەکییان هەبوو. ئەوانە خەڵکی رەسەنی وڵاتەکە بوون و لەو رووانەوە زۆر لە پێهاتە موسڵمانەکان پێشکەوتوتر و چالاکتر بوون. هێشتا رێژەیەکی گەورەی دانیشتوانی ئەنادۆڵ بوون و لەسەرەتای سەدەی بیستدا تەنها ئەرمەنییەکان لە نێوان ١٥-٢٠٪ ی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بوون «٧ ل٩١». هەڵبەتە ئەوەش بۆ لاوازی یاخود نەمانی بنەماکانی فیوداڵی خێڵەکی لە ریزەکانیاندا وشارەزایی کۆنیان لەو بوارانەدا دەگەڕێتەوە.
ئەم پێکهاتە ناموسڵمانانە، پێشتریش لە رێگەی باج و گومرگ و جەزییە و سەرانەوە لەلایەن دەوڵەت وتوێژەکانی فیوداڵە خێڵەکیەوە زوڵمیان لێکراوە و ئازار دراون. بەڵام ئەوەی لەم قۆناغەدا روویدا، دروستبوونی چینوتوێژە نوێیە تورکەکان و هەڵپەیان بوو بۆ بەهێزبوون و ململانێکردن لەگەڵ ئەوانەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانە ناموسڵمانەکانیان بە کۆسپ و هەڕەشە دەزانی لەبەردەم گەشەکردنی خۆیاندا. بە تۆمەتی غەیرە دین و بەکرێگیراوی بێگانەوە، کەوتنە هەڕەشەکردن و ئازاردانیان بۆئەوەی جێگەیان پێلێژ بکەن و لە باتی ئەوان خۆیان ئەو کاروبارانە بکەن «**٦٦** ل**٤١**».

بەهۆی بەهێزبوونی توانای ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو پێکهاتە ناموسڵمانانە و پارێزگاریکردنیان لەلایەن تەرەفە دەرەکییەکانەوە، هەروەها بەهۆی بزووتنەوەکانی بەڵقان و یونان و چەندین شوێنی تر بۆ سەربەخۆیی لەدەستی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمانیش دەیانویست سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبێنن و ئەو کۆسپانە نەهێڵن، کە لەبەردەم گەشەکردنیاندا بوو. ئەمانیش بەشێکی گرنگ بوون لەو چینوتوێژانەی کە بەشداریان لە بزووتنەوەی دەستوریدا کرد «**٩١** ل**٥٨٦**».

جموجۆڵی ئەمانە بۆ چاکسازی و سەربەخۆیی ترسی خستە دڵی دەستەبژێری دەسەڵاتداری فیودالی خێڵەکی و توژێکی دەسەڵاتی ئایینی و پێکهاتە و خێڵە موسڵمانەکانی تری تورکیای عوسمانی. لە پراکتیکدا بەتایبەتی لە ساڵی **١٨٩٤** وە بەرەیەک لە نێوان ئەمانە و برژوای بچوک و ناوەندی تورکەکان پێکهات و کەوتنە ئازاردان و دەبەدەرکردن و کۆمەڵکوژی ئەمانە، بەتایبەتیش ئەرمەنییەکان. ئەم پرۆسەیە هەتا دەهات رۆڵ و داهات و پێگەی ئەو چینوتوێژە تورکانەی لە تورکیای عوسمانی فراوانتر و بەهێزتر دەکرد «**٢٩** ل**١٢**».

## زیادبوونی رۆڵی چەند توێژێک لە ئەفسەری لەشکر و فەرمانبەرانی دەوڵەت

لەگەڵ هەموو قەیرانی سیاسی و ئابوری کە رووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی دەبۆوە، ئەو دەوڵەتە بەردەوامبوو لە خۆ پڕچەککردن و بەهێزکردنی لەشکر و شەڕوشۆڕی ناوخۆ و دەرەکیدا. لەسەرەتای سەدەی بیستدا ژمارەی چەکدارانی ئەو دەوڵەتە گەیشتە یەک ملیون کەس. هێزی چەکداری دەوڵەتەکە گەورەترین لەشکری ئەو سەردەمەی جیهان بوو «**٣٠** ل**١٩٨**».

سەرکردە گەورەکانی سوپا بەگشتی توێژێک بوون لە ئۆروستۆکراتی فیودالی خێڵەکی دەسەڵاتداری دەوڵەت. بڕیاری سەربازی و ئیداری و دارایی لەشکر لەژێر دەستی ئەواندا بوو. بە پێچەوانەی ئەو توێژەوە، ئەو ئەفسەرانەی کە پلەی ناوەڕاست و خوارەوەیان هەبوو لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەرکی قورسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شـەڕ و کاروبـاری لەشـکر لـە ئەسـتۆیاندا بـوو و رۆژانـە بەرەنـگاری مـردن و برینداربـوون و سـەرماو برسـێتی دەبوونـەوە، هیـچ حسـابێکیان بـۆ نەدەکـرا. بەهـۆی کورتهێنانـی بودجـەوە زۆرجـار ئەوانـە و سـەربازەکان موچەیـان پێنـەدەدرا. سـەرکەوتنەکانی سـوپای عوسـمانی دەگەڕێنرایـەوە بـۆ بلیمەتـی سـوڵتان و ئازایەتـی ئەفسـەرەکانی سـەرەوە، بـەڵام شکسـتهێنانی دەخرایـە ئەسـتۆی ئەوانـەی خـوارەوە و زۆرجـار لەلایـەن سـەرکردە گەورەکانـی لەشـکرەوە رووبـەڕووی سـزای قـورس و کوشـتن دەبوونـەوە. هەڵبەتـە پێشـتر لەگـەڵ بوونـی ناڕەزایـی لـە ریزەکانـی سـوپادا دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار کۆنترۆڵـی هەبـوو بەسـەریدا، بـەڵام بەهـۆ لاوازی دەوڵـەت و شکسـتهێنانی سـوڵتان و سـەرەک لەشـکرەکان لـەم قۆناغـەدا هەتـا دەهات ئەوانـە هەیبەتیـان کەمـی دەکـرد و ئەفسـەرەکانی خـوارەوە رۆڵیـان زیادیدەکـرد و وەکـو جـاران گوێرایەڵـی سـەرەوە نەدەبـوون و بوونـە توێژێکـی گرنـگ لـە ناڕەزایی دەربڕینـدا. لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتدا هەتـا دەهـات بەشـێک لەمانـە دەچوونـە پـاڵ چاکسـازیخوازانەوە و داوای چاکسـازیان دەکـرد لـە ریزەکانـی سـوپادا «**٩١ ل٦٠٤**». بەهامـان شـێوە، لەگـەڵ گەورەبوونـی قەبارەی دامـودەزگای دەوڵەت و دروسـتبوونی ژمارەیەکـی زۆری فەرمانبـەران و لەهەمانکاتـدا لاوازی دەسـەڵاتی ناوەنـدی و زەحمەتبوونـی کۆنترۆڵـی ئەوانـە، هەتـا دەهـات چەنـد توێژێـک لـەو فەرماندەرانـە کـە لـە ڕێگـەی گەندەڵیـوە دانرابـوون ، پێگـەی کۆمەڵایەتیان بەرزدەبـۆوە و چیتـر وەکـو پێشـتر گوێرایەڵـی سـەرەوە نەبـوون و لـە ڕێگـەی سـوودوەرگرتن لـەو پۆسـتانەی بەدەسـتیانەوە بـوو هەوڵـی پچڕینـی زیاتـر دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابوریـان دەدا.

سـەرەڕای مانـەوە و جموجۆڵـی توێـژی رۆشـنبیری نـاو ریزەکانـی بنەماڵـە ئۆروسـتۆکراتیەکان کـە لـە قۆناغـی پێشـوودا رۆڵـی گرنگیـان هەبـوو لـە چاکسـازییە یاسـایی و سیاسـیەکاندا، چەنـد توێژێکـی رۆشـنبیری نـوێ لـەم قۆناغـەدا هەتـا دەهـات زیادیـان دەکـرد. کردنـەوەی قوتابخانـەی هاوچـەرخ لـە شـارە گەورەکانـدا و پەیڕەوکردنـی شـێوازی عیلمانـی لـە خوێنـدن و فێربووندا هەروەهـا بەشـداریکردنی ژمارەیەکـی زیاتـر لـە گەنجانـی نـاو ریـزی چینوتوێژەکانـی دەرەوەی ئۆروسـتۆکرات تیایانـدا، هەتـا دەهـات توێژێکـی نوێـی گەنجـی رۆشـەنبیری لـێ دروسـت دەبـوو. ئەمانـەش هەتـا دەهـات وشـیارتر دەبـوون و دەکەوتنـە جموجۆڵـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کلتورییـەوە و بوونـە هەوێنێـک بـۆ بونیادنـان و بەهێزکردنـی رێکخـراو و پارتـی سیاسـی لـە کۆمەڵگـەدا. لەبەرامبـەردا ناڕەزایـی دەسـەڵاتی ئایینـی و دەسـتپێکردنی بزووتنـەوەی ئایینـی و راپەڕینـی فەقـێ و دەروێشـەکانی ناوچـەکان دژی ئەوانـە دەسـتیپێکرد «**٩١ ل٦٠٨\ ٢٩ ل١٣**»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕۆڵـــی بازرگانــە گــەورەکان و فیوداڵـــی موڵکــداری پاشــکۆ لـــە بزووتنـــەوەی دەســـتوریدا

ناکرێــت ڕۆڵــی بازرگانــە گــەورەکان و فیوداڵــی موڵکــدار لــە بزووتنــەوە و شۆڕشــی دەســتوری لــەم قۆناغــەدا پشــت گــوێ بخرێــت. ڕاســتە زۆربــەی ئەمانــە بەرژەوەنـدی ئابوورییـان ڕاسـتەوخۆ بەسـترا بـوو بـە بـازاڕی جیهانـی و بەرژەوەنـدی کۆمپانیـا بازرگانــی و بانکەکانــی وڵاتــە کەپیتالیســتەکانەکەوە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوشــدا ئارامــی کۆمەڵایەتــی و ئاســانکاریکردن بــۆ بوژاندنــەوەی بەرهەمهێنانــی کشــتوکاڵی و بازرگانــی و چاکســازی یاســایی و سیاســی پێویســتی گرنــگ بــوو بــۆ گەشــەکردن و بەهێزبوونیـان. مانـەوەی سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی ڕەهـای قوفڵـدراو ڕێگربـوو لـەوە. لەبەرئــەوە زۆربــەی ئــەم توێژانــە ڕۆڵــی ئەکتیڤیــان هەبوو لــە بزووتنەوەی دەســتوریدا و بــە هەماهەنگــی لەگــەڵ لایەنــی بێگانــەدا ڕۆڵــی گرنگیــان بینــی لــە فشارخســتنە ســەر ســوڵتان و دەســتەبژێری دەســەڵاتدار لــە پێنــای چاکســازیدا. لایەنــی نالەبــاری ئەمــە لــە پرۆســەکەدا، هەوڵدانیــان بــوو بــۆ گەشــەکردنیکردنی بازرگانــی دەرەکــی لەســەر حســابی گەشــەکردن و بەهێزبوونــی پیشەســازی و بازرگانــی خۆماڵــی. ڕەنگــە بەشــێک لەمانــە هەوڵــی پشــتگیریکردن و وەبەرهێنانکردنیــان دابێــت لــە پــرۆژە خۆماڵییەکانــدا، بــەڵام ناســەقامگیری و کۆســپی زۆر لەبــەردەم ئەمــەدا وای لێکــردوون بکەونــە بــەرەی لایەنــی دەرەکیــەوە بەهــۆی قازانجــی خێراتــر و مســۆگەرتر تیایــدا. ئەگــەر بــەرەی ڕێبــازی دامەزراندنــی سیســتمێکی بەڕێوەبردنــی بەرفراوانــی خۆماڵــی بەهێزتــر بوایــە، ڕەنگەبیانتوانیایــە ئــەم توێــژە بــەلای خۆیانــدا ڕاکێشــن.

### دواکەوتنی هەندێ ناوچەی ناوەوە لە پرۆسەی چاکسازیدا

داواکەوتنــی بڵاوبوونــەوەی کەپیتالیــزم و بوژاندنــەوەی بــازاڕ و گەشــەکردنی بەرهەمهێنانــی پیشــەگەری لــە هەنــدێ ناوچــەی نــاوەوە، وایکــرد، بنەماکانــی فیوداڵــی خێڵەکــی لەناویانــدا بــۆ ماوەیەکــی درێژتــر بــە بەهێــزی بمێنێتــەوە و پرۆســەی چاکســازی تیایانــدا بــە خــاوی بەڕێوەبچــێ.
دروســتبوونی ئــەو جیاوازیــە لــە ئاســتی گەشــەکردنی ئــەو ناوچانــەدا، ترســی خســتە دڵــی خەڵکەکەیــەوە و لــە پێنــاوی خۆپارســتن لــە گۆڕانــکاری خێــرا و هەڕەشــەی دەرەکــی و غەیرەدیــن مەیلــی خــۆ دابــڕان و ســۆزی ناوچەگــەری و خێڵەکــی و هەندێجــار نەتەوایەتــی لەناویانــدا بەهێزبێــت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لایەنی خراپی ئەوە بوو، کە بەشێک لەسەرک خێڵ و دەسەڵاتی ئایینی و شێخەکانیان کەوتنە بەرەی دژی چاکسازی و بزووتنەوەی دەستوریەوە و دەبوون بە لایەنگیری مانەوەی سوڵتان و سەرلەنوێ ژیاندنەوەی فیوداڵی خێڵەکی و بەشداریکردن لە کۆمەڵکوژیی پێکهاتە ناموسڵمانەکاندا، لەوانە بەشداریکردن لە کۆمەڵکوژیی زیاتر لە ١٠٠هەزار ئەرمەنی لە نێوان ساڵەکانی **١٨٩٤- ٩٦** دا «**٦٦** ل **٢١**».

سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە پرۆسەی چاکسازی تیایاندا دواکەوت، ئەمانە بووە هۆی مانەوەی ئەو ناوچانە لە بارێکی دواکەوتوودا، هەروەها زیادبوونی توندوتیژی لە بەینی ریزەکانیان و پەراوێز بوون و پاڵدانەوەیان بە تەرفی جیاوزەوە. ئەم دیاردەیە بەشێکی زۆری کوردستانی گرتەوە.

## ڕۆڵی نێگەتیڤی ئەڵمانیا لە بزووتنەوەی دەستوریدا

لەگەڵ ئەوەی ئەلمانیا لە ناوجەرگەی ڕۆژئاوای ئەوروپا بوو، لەو سەردەمەدا پیشەسازی و بازرگانی چاک تیایدا گەشەی کردبوو، بەڵام هێشتا پاشماوەکانی فیودالیزمی تێدا بەهێزبوو و قەیسەر تیایدا دەسەڵاتی رەهای بەسەر دەوڵەتەکەدا هەبوو. لاوازی دەوڵەتی عوسمانی لەو سەردەمەدا دەرفەتێکی باشی دروستکرد بۆ ئەو دەوڵەتە، کە خۆی لێ نزیک بکاتەوە و دەست لە کاروباری وەربدات «**٩١** ل **٥٤٤**».

لەهەمانکاتدا لەبەرئەوەی دەوڵەتی عوسمانی زەلیل بوو بەدەست فەرەنسا و ئینگلتەراوە، بە دەرفەتی زانی بۆ دروستبوونی هاوسەنگی رووبەڕوووی ئەوانە خۆی لە وڵاتێکی تری بەهێز نزیک بکاتەوە. لەپاڵ ئەودا لەبەرئەوەی ئەڵمانیا خۆی سیستمێکی تاکڕەوی قەیسەری هەبوو هیچ فشارێکی نەدەخستە سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ چاکسازی یاسایی و سیاسی. ئەم ڕۆڵەی ئەڵمانیا تەمەنی دەسەڵاتی فیوداڵی خێڵەکی ئەم دەوڵەتەی درێژکرد و پرۆسەی گۆڕانکاری و چاکسازی تیایدا لاوازترکرد.

## لاوازی چینوتوێژە نوێیەکان شۆڕشی دەستوری بە ئاراستەیەکی نەخوازراودا برد

هەتا ساڵەکانی ١٨٩٠ چالاکیەکانی گەنجانی تورک لاواز و پچڕپچڕ بوو. چالاکیەکانیان زیاتر لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بوو، کە خۆی لە ڕۆژنامە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پەیـام دەرکـردن و گردبوونـەوە و بەسـتنی پەیوەنـدی بـوو لەگـەڵ ڕێکخـرا و گرووپـی دیموکراتیخـواز لـەو وڵاتانـەدا. بـەڵام لـە دوای سـاڵەکانی ١٨٩٠ وە بەهـۆی دروسـتبوونی ئـەو زەمینـە نوێیـە لـە تورکیـای عوسـمانی و گواسـتنەوەی پرۆسـەی چاکسـازی لەدەسـتی توێژێکـی ڕۆشـنبیری ئۆروسـتۆکراتیەوە بـۆ چینوتوێژەکانـی خـوارەوە، گۆڕانـکاری گـەورە بەسـەر چالاکیەکانـی گەنجانـی تورکـدا هـات. جموجۆڵی توێـژە نوێیـە ڕۆشـنبیرەکانی شـارە گەورەکانـی تورکیـای عوسـمانی و بەتایبەتـی لـە ئەسـتەنبوڵ هەتـا دەهـات زیادیدەکـرد و ئەوانیـش بوونـە بەشـێکی کاریگـەر لـە گەنجانـی تـورک.

گەنجانـی تـورک لـە چەندیـن گـروپ و کەسـایەتی پێکهاتبـوو. لەنـاو ریزەکانیانـدا خەڵکانـی هەمەچەشـنی پێکهاتـە جیاوازەکانـی نمونـەی تـورک و ئەرمـەن و کـورد و یۆنانـی و عـەرەب و جـووی تێدابـوو.

لـەدوای سـاڵەکانی ١٨٩٥ وە هەتـا دەهـات ئەوانـە لـە دوو ڕێکخـراوی سـەرەکیدا خۆیـان گرتـەوە و کـە بـە دوو ڕێبـازی جیـاوز کاریاندەکـرد.

- جەمعیـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی. لەبـەر بوونـی چەندیـن بیـر و ئایدۆلۆژیـای جیـاواز لـە ریزەکانـی ئـەم ڕێکخـراوەدا، لەسـەرەتادا پرۆگـرام و ئامانجێکـی روون و ئاشـکرای نەبـوو. ئـەوەی کـۆی کردبوونـەوە داواکاری چاکسـازی یاسـایی و سیاسـی بـوو لـە تورکیـای عوسـمانیدا. پەیوەندیـان لەگـەڵ ئاییـن و شـەریعەتدا هێنـدە توندوتـۆڵ نەبوو. تورکـە ناسیونالیسـتەکانی دەوری سـەرەکیان تیـادا دەبینـی و پەیوەنـدی بـاش و نزیکیـان لەگـەڵ بەشـێک لـە بـرژوای بەرهەمهێنـەری بچـوک و ناوەنـدی تـورک و ئەفسـەرەکانی خـوارەوەی سـوپا و فەرمانبەرانـی دەوڵەتـدا هەبـوو. ئـەم ڕێکخـراوە ڕۆڵـی سـەرکی لەنـاو گەنجانـی تورکـدا دەبینـی.

- ڕێکخـراوی دەستپێشـخەری تایبـەت. ئەمانـە باڵـی عیلمانـی بزووتنـەوەی دەسـتوری بـوون و داوای گۆڕانـکاری بنچینەیـی لـە سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری و دانانـی دەسـتورێکی عەلمانـی دەکـرد. لـە ڕێگـی دەستپێشـخەری تایبەتـی و جـۆرە سیسـتمێکی نـا ناوەندییـەوە دەیانویسـت گۆڕانکاریی ریشـەیی لـە تورکیای عوسـمانیدا بکـەن. ئـەم ڕێکخـراوە لەویتـر لاوازتـر بـوون و هەمـان پەیوەنـدی توندەتۆڵیـان لەگـەڵ ئەفسـەرەکانی نـاو سـوپادا نەبـوو. بێجگەلـە لـە تـورک ژمارەیەکـی زۆر نوێنـەری پێکهاتەکانـی تـر بەشـداریان تیـادا دەکـرد. بەگشـتی نوێنـەری هەمـوو توژەکانـی بـرژوای بەرهەمهێنـەری ناوەڕاسـت و خـوارەوە و بازرگانـە خۆماڵیەکانیـان دەکـرد «٦٦ ل ٢٢».

سـاڵی ١٨٩٦ جەمعیـەی ئیتحـاد و تەرەقـی لـە ڤێنـا کۆنگرەیەکـی بـە نوێنەرایەتـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمــوو پێکهاتەکانــی بەســت. لــەو کۆنگرەیــدا بڕیاریــان دا لەســەر گۆرینــی سیســتمی بەڕێوەبردنــی وڵات بــۆ پەرلەمانــی و لابردنــی ســوڵتان. بــۆ ماوەیــەک دەوڵەتــی عوســمانی لــە رێگــەی بەڵێنــدان بــە چاکســازی لــە بــواری بازرگانــی دەرەوە، توانــی دەوڵەتــە ئەوروپییــەکان رازی بــکات بــە تێکدانــی ریزەکانــی رێکخراوەکــە، بــەڵام لەســەرەتای ســەدەی بیســتەوە هەمیســانەوە توانیــان ریزەکانــی خۆیــان بەهێزکــەن و چەندیــن لــە ئەندامانــی بنەمڵــەی عوســمانی و رۆشــنبیرانی ریزەکانــی ئوروســتوکرات بــەلای خۆیانــدا راکێشــن.

ســاڵی ١٩٠٥ بــاری دەوڵەتــی عوســمانی کەوتــە پشــێوی. ئەرمەنییــەک هەوڵــی کوشــتنی ســوڵتانیدا. راپەڕیــن لــە ئەنــادۆڵ بەرپابــوو، کێشــەی مەکەدۆنیــا ئاڵۆزتــر بــوو. دەوڵەتــە ئەوروپییــەکان فشــاریان لەســەر ســوڵتان زیادکــرد. بــاری ئابــوری هەمــوو ســوچێکی تورکیــای عوســمانی تێکچــوو. لەبەرئــەوەی دەوڵــەت توانــای دانــی موچــەی ســەربازەکان بــدات، بێــزاری بێســنوور کەوتــە ریزەکانــی ســوپاوە. راســتە لــەو چەنــد ســاڵەی دواییــەدا چەندیــن هەوڵــی کودەتــای ســەربازی روویانــدا، بــەڵام هیــچ لەوانــە وەکــو ئــەم جارەیــان فــراوان و رێکوپێــک نەبــوو. ســەرلەنوێ بزاڤــە یاخوبــووەکان لــە هەنــدێ ناوچــەی ئەنــادۆڵ دروســت بــۆوە. بــرژوای بچــوک و ناوەنــد و بەشــێک لــە ئەفســەری ســوپاو فەرمانبەرانــی بەشــداریان تیاداکــرد. ئەمانــە داوای لابردنــی باجــە تازەکانیــان دەکــرد، داوای دانــی موچە و باشــکردنی خوشــگوزەرانی و هەڵوەشــانەوەی ســوپای حەمیدیەیــان دەکــرد، کــە پاڵپشــتی تــەوای ســوڵتانیان دەکــرد.

بەهــۆی چەنــد ســاڵێکی بــاران کەمــی و وشــکانی و زســتانی ســارد و ســەختەوە لــە ســاڵەکانی ١٩٠٦-١٩٠٧، بەرهەمهێنانــی کشــتوکاڵی زەرەری لێکــەوت و ژمارەیەکــی زۆر ئــاژەڵ رەق بوونــەوە. ســەرەڕای ئەمانــە هەنــدێ لــە بازرگانــە گــەورەکان، کــە شــەڕیک لەگــەڵ کاربەدەســتانی دەوڵەتــدا قۆرخــی بازاڕیــان کــرد بــوون. هەمــوو ئەمانــە فاکتەرێکــی تــر بــوون بــۆ بەرزبوونــەوەی نرخــی شــتومەک و بەتایبەتــی دانەوێڵــە، کــە قوتــی خەڵــک بــوو. هەروەهــا بووەهــۆکاری کەمبونــەوەی داهاتــی دەوڵــەت و بێبەشــبوونی ســەرباز و فەرمانبــەران لــە موچــە. ئەمانــە بێــزاری و ناڕەزایــی خەڵــی زیادکــرد «٩١ ل٥٩٦».

روســیا لــە پــاڵ ئــەوەی لەســەرتای ســەدەی بیســتدا قەیرانــی سیاســی و ئابــوری قــوڵ رووبــەڕووی بوبــۆوە، لــە شــەڕەکانیدا دژی ژاپــۆن شــکا. شکســتهێنانی قەیســەر لــەوەدا و هــەژاری خەڵکەکــە ناڕەزایــی لــە وڵاتەکــەدا زیادکــرد. ســاڵی ١٩٠٥ شۆڕشــی دەســتوری دیموکراســی لــە وڵاتــەدا بەرپــا بــوو. ئــەوە چاکســازی سیاســی و یاســایی و دامەزراندنــی دۆمــا، پەرلەمانــی روســیای لێکەوتــەوە. بــە هەمــان جــۆر لــە چیــن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شۆڕشی دەستوری دیموکراتی روویدا و کۆماری دیموکراتی تێدا دامەزرا. لە ئێران ساڵی ۱۹۰٦ ئینقیلابی مەشروتیە روویدا «۵۳\۵۲».

ناڕەزایی چینوتوێژەکانی خوارەوەی ئەنادۆڵ لە تورک و ئەرمەن و پێکهاتەکانی تر، ناڕەزایی و راپەڕینی پێکهاتە نەتەوەکانی دەرەوەی ئەنادۆڵ هێندەی تر رۆڵ و چالاکیەکانی جەمعیەی ئیتحاد و تەرەقی زیادکرد. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەو رێکخراو و چینوتوێژ و پێکهاتانە هێندە بەهێز نەبوون خۆبەخۆ بتوانن بزووتنەوە و شۆڕشی دەستوری بەدیبهێنن. لێرەدا فاکتەرێکی تر رۆڵی گرنگ و کاریگەری بینی کە ئەویش سوپا بوو.

ساڵی ۱۹۰۸ فەیلەقێکی سوپای عوسمانی کە دۆستایەتیان لەگەڵ ئیتحادێکاندا هەبوو، چوونە ریزی بزووتنەوەی دەستورییەوە. ئیتحاد بانگەوازی ئازادی و یەکسانی و ژیانی دەستوریکرد. بانگەوازەکە خەڵکێکی هێجگار زۆری لێکۆبۆوە و بووە بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوان. سوڵتان بۆ بەرەنگاربوونەوەیان ویستی هێزی چەکداری بەکاربهێنێ، بەڵام ئەوە سەرینەگرت و بەشی زۆری سوپا چوونە پاڵ بزووتنەوەکە.

سوڵتان کۆڵی داو لە ۲٤ی تەموزی هەمان ساڵدا رازی بوو بە سەرلەنوێ زیندوکردنەوەی دەستورەکەی ساڵی ۱۸۷٦ و کارکردن پێی. پرۆسەکە ناوی نرا شۆڕشی دەستوری(کودەتای دەستوری). لە تورکیای عوسمانیدا بانگەوازی هەڵبژاردنی مەجلیس و پێکهاتنی حوکمەت لەلایەن ئیتیحادییەکانەوە کرا. لەم قۆناغەدا هەموو تاکێکی کۆمەڵ مافی هەڵبژاردنی نەبوو، بەڵکو تەنها هەندێ توێژی سەرەوەی کۆمەڵگە کە لە ٥٪ ی دانیشتوان کەمتر بوون ئەو مافەیان هەبوو.

بۆ یەکەمجار لە مێژوویاندا هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا روویدا. ئەمە بووە هۆی بەخەبەرهێنانی زۆربەی خەڵکەکەی و بەرزکردنەوەی دروشمی وەکو ئازادی و یەکسانی و برایەتی. چەندین رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی نمونەی رێکخراوی پیشەیی و سەندیکا و ئافرەتان و قوتابیان پێکهێنرا. چەندین ناوەندی کلتوری و چاپخانە دامەزراو دەستکرا بە رۆژنامە و کتێب چاپکردن «۹۱ ل٦۰۰».

چاوەروان دەکرا رۆڵی سوپا لە تورکیای عوسمانی هاوشێوەی سوپای فەرەنسی بوایە لە شۆڕشی فەرەنسیدا، بەڵام جیاوازی هەبوو لە نێوانیاندا. رەنگە جیاوازێکی ئەوتۆ لە نێوان خاسڵەتی سوپا و ئەفسەرەکانی ئەو دوو وڵاتەدا نەبوبێت، بەڵام جیاوازێکی زۆر هەبوو لە نێوان ئاستی گەشەکردنی ژێرخانی ئابوری ئەو دوو وڵاتەو توانای چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەکانی «٦٦ ل٢٦»

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەرچی فەرەنسا ساڵی ١٧٩٠ وڵاتێک بوو لەژێر دەسەڵاتی فیوداڵ و کەنیسە و پاشایەکی تاکڕەودا بوو، بەشێوەی دەوڵەتی عوسمانی دەرفەتی بەشداریکردنی ژمارەیەکی زۆرتر خەڵک لە بڕیارە ئابوری و سیاسیەکاندا نەبوو، بەڵام بە پێچەوانەی دەوڵەتی عوسمانیەوە لەو وڵاتەدا پیشەسازی بەرادەیەکی زۆر گەشەیکردبوو، هەروەها چینوتوێژە نوێیەکان تیایدا بەهێزتر و گەورەتربوون «٢ ل٢٨٣». سەرەڕای ئەوانە دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری لەدەست دابوو و بەشێکی زۆری بڕیاردان لە دەوڵەتدا لەلایەن هێزی دەرەکیەوە دەدرا. هەروەها لە دەوڵەتی عوسمانیدا بازرگانە گەورەکان و فیودالی موڵکداری باشکۆ ئەگەرچی بەشداری شۆڕشەکەیان کرد، بەڵام لای ئەوان گەشەکردنی پشەسازی و بازرگانی و سەربەخۆیی وڵاتەکە هێندە گرنگ نەبوو. ئەوەی لایان گرنگ بوو سیستمێکی نوێی کراوەتر بوو، کە تیادا کاروباری بازرگانی دەرەکی و بەرژەوەندێکانی خۆیان تیادا پارێزراو بێت.
لاوازیی چینوتوێژە بەرهەمهێنەر و بازرگان و بانکەوانە خۆماڵییەکان، لاوازی پێکهاتە و نەتەوە ناتورکەکان، بەهێزی فیودالی خێڵەکی لە هەندێ ناوچەدا، بەهێزی بازرگانە گەورەکان و فیودالی موڵکداری پاشکۆ و بەستنەوەی بەرژەوەندیان بە لایەنی دەرەکیەوە، بەهێزبوودی دەمارگیری نەتەوایەتی لەریزەکانی برژوای تورکدا، لاوازبونی چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەکانی پێکهاتە ناموسڵمانەکان، بەهێزی رۆڵی سوپا لە شۆڕشی دەستوریدا، رێرەوی بزووتنەوەکی بە رێبازێکی نەخوازراودا برد.

## شکستهێنانی شۆڕشی دەستوری

ساڵی ١٩١٤ شەڕەیانی ئابوری دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتبووە دەستی لایەنی سەرمایەداری جیهانییەوە. ئەوەی بەدەستی هێزە خۆماڵییەکانەوە مابوو، لە لادێکاندا موڵکایەتی زەویوزار و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بوو، لە شارەکاندا بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی و بازرگانی ناوخۆ بوو. بەشی زۆری ئەوانەی شارەکان هێشتا پێکهاتە ناموسڵمانەکان کاریان تیادا دەکرد.
دوابەدوای شۆڕشی دەستوری ساڵی ١٩٠٨، گەنجانی تورک ویستیان دوو کار بکەن. یەکەمیان سنووردانان بوو بۆ مۆنۆپۆلی دەرەکی و سەندنەوەی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری وڵاتەکە، دووەمیان پشتگیریکردنی چینی برژوای ناوەند و بچوکی تورک بوو بۆ دەستبەسەراگرتنی شوێنکاری پیشەیی و بازرگانی و

سامان و موڵک و ماڵی پێکهاتە ناموسوڵمانەکان. گەنجانی تورک و حکومەتەکەیان هێندە توانا و هێزیان نەبوو بتوانن رووبەڕووی لایەنی دەرەکی ببنەوە، بەڵام ئەوەی تیایدا سەرکەوتوو بوون تاڵانکردن و سەرکوتکردنی پێکهاتە بەرهەمهێنەرە ناموسڵمانەکان بوو.

لەناوبردنی ئەوانە نەهێشتنی خەڵکانێکی شارەزا و بلیمەت بوون لەو بوارانەدا و بووە هۆکاری لاوازبوونی بەرهەمی پیشەیی و بازرگانی خۆماڵی. هەرچەندە ئەو بوارانە کەوتە دەستی هەندێک لە چینوتوێژە تورکەکان، بەڵام ئەوانە ناشارەزا و بێ توانا بوون لەو بوارانەدا و وابە ئاسانی نەیانتوانی جێگەی ئەوان بگرنەوە. هەروەها لە ناوبردنی ئەوانە دەمارگیری نەتەوایەتی و نەژاتپەرستی زیادکرد، کە بووە هۆکاری لاوازبوونی پرۆسەی دیموکراسی و پلورالزم و شکستهێنانی چاکسازی و گرژی و ناسەقامگیری و زیادبوونی قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابوری. هەموو ئەوانە سەنگی لایەنی دەرەکی بەرامبەر خەڵکانی وڵاتەکە قورستر کرد و دەوڵەتەکە زیاتر لە جاران سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری لەدەستدا.

ئەگەرچی خاسڵەتی بەشداربووەکانی شۆڕشی دەستوری، رێباز و دەرئەنجامی بزووتنەوەکەی بە ئاستێکی ناخواز و بەرەو شکستی برد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆسەیە خێراییدا بە هەڵوەشاندنی دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی عوسمانی.

ئەو شۆڕش و گۆڕانکارییانە دەرفەتی بۆ چەندین ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دروستکرد، کە خۆیان لە دەوڵەتەکە جیابکەنەوە. لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا، بولگاریا سەربەخۆیی راگەیاند، هەنگاریا بۆسنە و هەرزەگۆڤاینیای بەخۆوە بەستەوە، سێ ساڵ دواتر ئەلبانیا جیابۆوە، ئیتاڵیا دەرفەتی سەرقاڵبوونی دەوڵەتەکەی قواستەوە و لیبیای داگیرکرد. ساڵەکانی ١٩١٢-١٣ لە دوای زنجیرەیەک شەڕ بەڵقان خۆی جیاکردەوە «٦٦ ل ٣٢».

شۆڕشی دەستوری و کابینەی جەمعیەی ئیتحاد و تەرەقی کۆتایی بە ململانێی نێوان سێ رێبازەکەدا نەهێنا، بەڵکو گرژی و توندوتیژی زیاتری بەخۆوە بینی. رازیبوونی سوڵتان بە دەستوری نوێ و ژیانی پەرلەمانی، پێگەی ئەوی لە دەسەڵاتدا بەهێزترکرد و لابردنی زەحمەتر بوو. ئیتحاد و تەرەقی و گەنجانی تورک رۆڵ و دەسەڵاتیان زیاتر لە پایەتەخت و شارە گەورەکانی تر بەهێزبوو. ئەوانە هێندە چالاکی و پشتگیری و خەڵکیان لە ناوچەکانی تری ئەنادۆڵ و ویلایەتەکانی تردا نەبوو. بە لادانی شۆڕشەکە لە رێبازەکەی و زیادبوونی رۆڵی نەژادپەرستی لە ریزەکانی ئیتحادا، بزووتنەوەی ئیسلامی سەر بە سوڵتان لە ناوچە و ویلایەتەکانی تر رۆڵیان بەهێزتر بوو. هەندێ برگەی دەستور نمونەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مافی ژنان و یەکسانی مرۆڤ و پێکهاتەکان لای ئەوان دژی ئایین و شەریعەتی ئیسلام و لە خزمەتی غەیرە دیندا بوو.
شێخ و دەروێشەکان، کە بەشێکی گرنگ بوون لە دەسەڵاتی ئایینی رێکخراوێکیان بەناوی کۆمەڵەی یەکێتی موحەمەدی پێکهێنا. ساڵی ١٩٠٩ لە پایتەخت ژمارەیەکی زۆر لە دەروێش و زانایانی ئایینی و شێخ و فەقێ و قوتابیانی ئایینی و ژمارەیەک سەربازی سوپا، کە دژی بزووتنەوەی دەستوری بوون و هەروەها هێزو میلیشیای تر خۆپیشاندنێکی گەورەیان رێکخست. ئەمانە داوایانکرد مەشروتیەت هەڵوەشێنرێت و سەرلەنوێ شەریعەتی موحەمەدی لە دەوڵەتدا پەیڕەو بکرێت. داوای هێشنەوەی سوڵتان و خەلافەت و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی مەبعوسان و کابینەکەی ئیتحادیەکانیان کرد.
بێجگەلە بزووتنەوەی ئایینی، چەندین هێزی تر لە ململانێدا بوون لەگەڵ ئیتحادییەکان. نمونەی ئەوانە باڵێکی تری لیبراڵی گەنجانی تورک بەناوی حیزبی ئازادیخواز، ئەلبانییەکان، پێکهاتە ناموسڵمانەکان، ئەفسەرە گەورەکانی پێشوی سوپا، کە لەلایەن ئیتیحادییەکانەوە دوورخرابوونەوە، دەستەبژێری پێشوتری دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و فەرمانبەرە گەورەکان «٩١ ل٦١١».
هەتا دەهات باڵی نەژادپەرست و ئەفسەری سوپا و چینی بەرژوای ناوەند و خوارەوەی بەرهەمهێنەر و بازرگانە تورکەکان و توێژێکی فەرماندەرانی دەستگاکانی دەوڵەت لەناو ئیتحاد و تەرەقیدا بەهێزتر دەبوو. پرۆگرام و کاروباری ئەو رێکخراوە هەتا دەهات رێبازی شۆڕشی دەستوری بە دووریانێکی تردا دەبرد. پرۆگرامی ئەو رێکخراوە لەسەر سێ بنەما دارێژرا کە زۆر لە پرۆگرام و ئایدۆلۆژیای ئەمڕۆی ئاک پارتی تورکیا نزیکە:
- ناشونالیزمی تورکی تۆرانی. کارکردن بۆ بەتورککردنی ئەنادۆڵ و یەکخستنی لەگەڵ ئازربایجان و تورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیا.
- یەکخستنی هەموو موسڵمانان لەژێر چەتری خەلافەتی دەوڵەتی عوسمانیدا.
- سوود وەرگرتن لە عیلمانیەت لە بواری ئابوری و سەربازی و سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی لە پێناوی بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری و پاراستنی یەکێتی و سەقامگیری نەتەوایەتیدا.
پەیرەوکردنی ئەم پرۆگرامە بەهێزکردنی رێبازی ناسونالیستی تورکی بوو، کە دەبووە هۆی هەڵتەکاندنی بنەماکانی دەوڵەتی عوسمانی. لە کاتێکدا سیستمی بەڕێوەبردنی سیادی و ئابوری دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنەماکانی فیوداڵی خێڵەکی و شەریعەتی ئیسلامی دارێژرا بوو، دەوڵەکە خێڵەکی بوو نەکو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوایەتی، ڕێبازی ئیتیحادییەکان هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتە و دامەزراندی دەوڵەتێک بوو لەسەر بنەمای نەتەوایەتی نەژاتپەرستی تاکڕەو. ئەم پرۆگرام و ئایدۆلۆژیایە کاردانەوەی راستەوخۆی هەبوو لەسەر پاشەڕۆژ و مان و نەمانی پێکهاتە ناموسڵمانەکان و موسڵمانەکانی تری تورکیای عوسمانی نمونەی کورد و عەرەب «٦٦ ل٣١».

راستە پێکهاتەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە مێژووی درێژی دەوڵەتەکەدا هیچ حیسابێکیان بۆ نەدەکرا و بە کۆمەڵ وەک رەعیەت رەفتاریان لەگەڵ دەکرا، بەڵام چونکە بونیادی دەوڵەت خێڵەکی بوو، بار و پێگەی زۆربەی خێڵە تورکەکانی دەرەوەی بنەماڵەی عوسمانی لەو پێکهاتانە باشتر نەبوو، بۆیە ئەو دەوڵەتە هەتا رادەیەک توانیبووی میللەت و پێکهاتە ناتورکەکان لەژێر باڵی خۆیدا بهێڵێتەوە. گرتنی ڕێبازی ناشونالیزمی تاکڕەوەی تورک لەسەر حیسابی ئەوانی تر و گۆڕانکاری لەناو پێکهاتە و ناوچەکاندا و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، نارەزایی و راپەڕینی گەورەی لەناو ئەوانەدا دروستکرد و خێراییدا بە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتە زلهێزەکە. نمونەی ئەوانە

- دامەزراندنی (حزب اللامركزيه الإداره العثمانيه) لە ساڵی ١٩١٠دا، کە داوای ئۆتۆنۆمی بۆ ویلایەتە عەرەبەکان دەکرد.

- ساڵی ١٩٠٨ ڕێبازێکی ناسونالیستی کورد دروستبوو. لەسەرەتادا بۆ بەرهەڵستیکردن و دژایەتی کردنی ئەرمەن دروست بوو، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩١٤ وە چەندین چالاکی نواند بۆ پچڕینی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد.

- سەربەخۆیی ئەلبانیا لە ساڵی ١٩١١دا.

- ساڵی ١٩١٣(الجامعه العربيه) دامەزرا و داوای ئیمبراتۆریەکی هاوبەشی عەرەبی-تورکی کرد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٩وە ئیتحادییەکان جێپێی خۆیان بەهێزکرد. بەسەر جموجۆڵی هێزە ئایینیەکاندا زاڵ بوون و سوڵتانیان گۆڕی. کەوتە سەرکوتکردنی عیلمانیەکان و داواکاریەکانیان بە فیتنەگەری لەقەڵەم دەدا. سیاسەتی تۆقاندنی رۆژنامەنووس و رێکخراوی مەدەنی و سیاسیەکانیان پەیرەو دەکرد و یەک لەدوای یەک قەدەغە دەکران. کۆمەڵکوژی ژمارەیەک ئەفسەری سەر بە کۆشکیان کرد.

ئەمانە نارەزایی بەرەی لیبراڵی و کۆنسەرڤەتیڤی لێکەوتەوە. هەر لەو ساڵەدا پارتێکی نوێی لیبراڵی بەناوی پارتی حورییەت و ئیئتلافەوە دامەزرا. ژمارەیەکی گەورەی ئەفسەری سوپا پستگیریان کرد و کابینەی ئیتحادیەکانیان ناچارکرد لە کاربکشێتەوە. کابینەیەکی نوێیان پێکهێنا و کەوتنە تۆڵەکردن لە ئیتحادییەکان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ململانێی هێزەکان بەردەوام بوو. ساڵی ١٩١٣ ئیتیحادییەکان لە ڕێگەی کودەتایی سەربازییەوە سەرلەنوێ حوکمرانیان گرتەوە دەست. پارتی حورییەت و ئیئتلافیان قەدەغەکرد و ژمارەیەکی زۆریان لە سێدارەدا. ساڵی ١٩١٤ دەسەڵاتێکی تاکپارتی توندڕەویان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە سەپاند «٦٦ ل٣٤».

لاوازی چینوتوێژی نوێی و پێکهاتەکان و بزووتنەوەی چاکسازی لە ریزەکانیاندا، زاڵبوونی توێژێکی نەژادپەرستی تاکرەوەی پشت بەستوو بە سوپا و بەردەوامی دەوڵەت لە شکستهێناندا، ڕۆڵی بازرگانە گەورەکان و فیودالی موڵکداری پاشکۆی زیادیکرد و کۆنترۆڵی دەرەکی لە دەوڵەتەکەدا بەهێزترکرد و بڕیاری چارەنووسی وڵاتەکە زیاتر لە جاران کەوتە دەستی ئەوانەوە.

زیادبوونی فشاری فەرەنسا و ئینگلتەرا لەسەر دەوڵەتی عوسمانی و داگیرکردنی لیبیا لەلایەن ئیتاڵیای هاوپەیمانیانەوە و نزیکبوونەوەیان لە روسیا بەهۆی هەڕەشەی ئەڵمانیاوە هەروەها سروشتی تاکڕەوەی ئەڵمانیای قەیسەری و چاوپۆشینی لە پرۆسەی چاکسازی ناو دەوڵەتی عوسمانی، هەتا دەهات بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی لە یەک نزیک دەخستەوە. ئەمە وایکرد، دەوڵەتی عوسمانی لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا بکەوێتە بەرەی ئەڵمانیا و هەنگاریا و نەمسا دژی بەرەی هاوپەیمانان، ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و روسیا.

هەرچەندە هاوپەیمانان ویستیان دەوڵەتی عوسمانی بەوە رازی بکەن کە لە شەڕەکەدا بە نالایەنگیری بمێنێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵەیان بێسوودبوو. دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دەوڵەتێکی وەکو ئەڵمانیادا بە دەرفەتێک بینی بۆ مانەوەی خۆی. خەلیفەی موسڵمانان بۆ ئەو شەڕە بانگەوازی جیهادی دژی هاوپەیمانان راگەیاند و لە ڕێگەیەوە توانی هاوپەیمانەتییەکی فراوان لە نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی و سەرکردە فیوداڵە خێڵەکییەکان و حکومەتی ئیتحاد و تەرەقی و سەرکردە گەورەکانی سوپادا پێکبهێنێت و سەرلەنوێ دەوڵەتەکە یەکخات و لە شەڕێکی خوێناویدا بیگەلێنێ.

ساڵەکانی ١٩١٤ حکومەتی ئیتحاد و تەرەقی بە شێوەیەکی پلان دارێژراو کەوتە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان و دەستبەسەراگرتی شوێنکار و کاری بانکی و بازرگانیان و دانی ئەوانە بە بۆرژوای ناوەندی تورک. چەندین خێڵ و شێخ کەوتنە تاڵانکردنی موڵک و ماڵی ئەوانەو و دەستبەسەراگرتنی زەویوزاریان و کوشتنی پیاواکانیان و بە ئیسلامکردن و مارەکردنی ژنەکانیان. دەوروبەری ٨٠٠هەزار ئەرمەنییان کوشت و ژمارەیەکی زیاتر لەوە لە ناوچە و شوێنەکانیان دەربەدەرکرد.

دەستبەسەراگرتنی شوێنکار و پیشەسازی و کاری بازرگانی ئەرمەنییەکان لەلایەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توێژێکی نوێی بـرژوای بەرهەمهێنـەری ناوەنـد و بچوکـی تـورک، ژمـارەی ئەوانـەی زیاتـر و بەهێزتـر و دەوڵەمەنتـر کـرد لەهەمانکاتـدا ئایدۆلۆژێتـی نەژادپەرسـتی تورکـی لـە ریزەکانیانـدا رەگـی داکوتـا و گیانـی توندڕەوەی و تاکڕەوی لـە نێوەندیانـدا پەرەی دەسـەند و زیاتـر لـە توێـژە دەسـەڵاتدارەکانی سـوپا و فەرمانبـەرە دەسـەڵاتدارەکانی دەوڵـەت نزیکـی دەکردنـەوە «**٩١** ل**٦٢٨**».

ئـەم کۆمەڵکـوژی و شـەڕی ناوخـۆ و گرژییـە کۆمەڵایەتییانـە، بوونـە بـە فاکتەرێـک بۆ دروسـتبوونی هەماهەنگـی و هاوپەیمانـی نێـوان سـوڵتان، سـوپا، دەسـەڵاتی ئایینـی، حوکمەتـی ئیتحـاد و خێڵـە چەکـدارەکان و پاشـماوەکانی سـوپای حەمیدییـە. ئـەم هاوپەیمانیـە بـوو بـە بناغەیـەک بـۆ مانـەوەی فیوداڵـی خێڵەکـی بـۆ ماوەیەکـی تـر و بەشـداریکردنی لەشـەڕی جیهانـدا.

## هەڵوەشـاندنەوە و داڕمانـی دەوڵەتـی عوسـمانی و رێبـازی پاشـکۆیەتی و دکتاتۆریـەت

هەتـا دەهـات دەوڵەتـی عوسـمانی ناوچەکانـی دەرەوەی تورکیـای لەدەسـت دەدا و کۆنترۆڵـی بەسـەر سـەنتەرە ئابوورییەکانـدا کەمتـر دەبـووە. سـاڵی **١٩١٦** بـە پسـتگیریکردنی ئینگلتـەرا، شۆڕشـی عـەرەب بەرپـا بـوو. لەدەسـتدانی ویلایەتـە عەرەبییـەکان بەکـردەوە هەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکـە بـوو. سـاڵی **١٩١٩** لـە کۆتایـی شـەڕەکەدا ئـەوەی لەژێـر دەسـەڵاتی دەوڵەتەکـەدا مابـووەوە بێجگەلـە ئەنـادۆڵ بەشـێکی زۆری کوردسـتان و ویلایەتـی موسـڵ بـوو.

سـەرەڕای ئـەوەی شـەڕی جیهانـی بـووە فاکتەرێکی یاریـدەدەر بۆ داڕمانـی دەوڵەتەکە زەرەرێکـی زۆریـدا بـە هەمـوو رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت. بەهـۆی ئـەو شـەڕەوە ژمارەی دانیشـتوانی تورکیـای عوسـمانی لـە **١٤** ملێونـەوە هاتـە خـوارەوە بـۆ**١١،٦** ملیـون. بـە مانایەکـی تـر **٢**، **٤** ملیـون خەڵـک لـە تـورک و کـورد و عـەرەب و کەمایەتەکانـی تـر لەناوچـوون «**٦٦** ل**٣٧**». ژێرخانـی ئابـوری ناوچەکـە هێنـدەی تـر لاواز بـوو. هـەژاری و رووتـی و لەبرسـامردن رووبـەڕووی خەڵـک بـۆوە. بارێکـی قـورس کەوتـە ئەسـتۆی بەرهەمهێنەرەکانـەوە، بەشـێکی زۆر لـە کێڵگـە و شـوێنکار و کارگـەکان کاول بـوون. بـە سـەدەها هـەزار گەنجـی خێزانـە بەرهەمهێنـەرەکان بەنـاوی جیهـادەوە رەوانـەی بەرەکانـی شـەڕ دەکـران. خەرجـی ئامادەکردنـی خـواردن و چـەک کەوتـە ئەسـتۆی ئەوانـەی لەسـەر کارەکانیـان مابوونـەوە. سـەرەڕای ئـەوە هەمـوو ناوچەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانی کـۆن، کـەم یـان زۆر کەوتنـە ژێـر کۆنترۆڵـی وڵاتـە هاوپەیمانـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆلۆنیستەکان و لەناوەند خۆیاندا دابەشیانکرد. بەکۆتایی هاتنی شەڕەکە بەشی هەرە زۆری سەرباز و ئەفسەری دەوڵەتەکە بە هیلاکی و سەرشۆڕی و برسێتی گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان و رووبەڕووی بێکاری و بێ نانی بوونەوە.
ساڵی **١٩٢٠** هاوپەیمانان رێککەوتننامەی سیڤەریان لەنێوان خۆیاندا مۆرکرد. حوکومەتی ئیتحاد و تەرەقی و سوڵتان بە بەندەکانی رازی بوون و ملیان بۆ کەچکردن. بەندەکانی رێکەوتننامەکە ئەمانە بوون:
- دابڕینی ویلایەتە عەرەبییەکان لە دەوڵەتی عوسمانی. لەوانە ویلایەتەکانی لوبنان و سوریا بۆ فەرەنسا، ویلایەتەکانی عێراق و فەڵەستین و ئوردن بۆ ئینگلتەرا.
- دانی دورگەکانی ئیجە بە یۆنان.
- سەربەخۆیی ناوچەکانی ئەزمیر لە ژێر چاودێریکردنی یۆناندا.
- ناوچەکانی ئەزالیا بخرێتە ژێر چاودێری ئیتاڵیاوە. «**٩١** ل**٦٤١**»
لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتەکە بەتەواوەتی شکستی هێناو داڕما و ملی کەچکرد بۆ مەرجەکانی هاوپەیمانان، بەڵام بەشێک لە گەنجانی تورک و ئەفسەرەکانی سوپا کۆڵیاننەدا و لەو زەمینەیەدا بزووتنەوەی کەمالیزم گەڵاڵە بوو. ئەو بزووتنەوەیە توانی بەشی زۆری ئەفسەرەکانی سوپاو و ژمارەیەک زۆر لە خەڵکی وڵاتەکە لەخۆی کۆبکاتەوە و رووبەڕووی پەیمانی سیڤەر وەستایەوە.
پرۆگرام و پلان و سروشتی کەمالیزم جیاواز بوو لە ئیتحاد و تەرەقی. راستە ئەم بزووتنەوەیە لەسەر پرنسیپی نەژادپەرستی ناشونالیزم و نوێنەرایەتی توێژە بەرژوا بەرهەمهێنەرەکانی تورکی دەکرد و ئەفسەرەکانی سوپا سەرکردایەتیان دەکرد و چەند توێژێک لە فەرمانبەرانی دەوڵەت و رۆشنبیران رۆڵی گرنگیان تیادا دەبینی، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە لە باتی شەریعەتی ئیسلامی و خەونی یەکخستنی موسڵمانان لە دەوڵەتێکی مەزندا، هەڵگری بیروڕای عیلمانی و سیکۆلاریزم بوو. ئامانج و پرۆگرامی ئەو بزووتنەوەیە دامەزراندنی دەوڵەتێکی هاوچەرخی تورک بوو لەسەر ئەو پرنسیپانە.
بزووتنەوەکە توانی ناڕەزایی زۆربەی چینوتوێژ و پێکهاتە ناڕەزاکانی دەوڵەتەکە یەکبخات دژی هەندێ لە بەندەکانی رێکەوتنامەکە کە پەیوەندی بە ناوچەکانی تورکیای عوسمانی و هەوڵدانی بە کۆلۆنیکردنی بوو. حوزایرانی **١٩١٩** بزووتنەوەکە بانگەوازی یاخی بوونی لە حکومەتەکەی ئەستەنبوڵ راگەیاند. بێجگە زۆربەی ئەفسەرەکان، زۆربەی یەکە ئیداریەکانی دەوڵەت، فیوداڵەکانی ئەنادۆڵ پشتگیریان کردن. بەشێکی زۆر لە هێزی چەکداری ئەو خێڵانەی بەشداریان لە کۆمەڵکوژی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و تاڵانکردنی ئەرمەنییەکاندا کردبوو و هەروەها بەشێکی زۆری دەسەڵاتی ئایینی کە دژی غەیرەدین بوون و پشتگیری مانەوەی سوڵتان و خەلافەتیان دەکرد شەڕعیەتیان بە بزووتنەکەدا. سەرەک خێڵ و شێخ و زانا ئایینیەکانی کورد کەپێشتر پشتیوانی حکومەتی ئیتحادییان کرد، چوونە پاڵی بزووتنەوەکەوە، لە بەرامبەردا لەلایەن کەمالیەکانەوە پەیمانی بەردەوامبوونی برایەتی تورک و کوردیان پێدان و لەسەر ئەوە رێکەوتن پێکەوە دژی هەموو هەوڵێک بن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی دژ بە موسڵمانان.

ساڵی ۱۹۲۳بە رازیبوونی تورکیا، هاوپەیمانەکان رێککەوتننامەیەکی نوێیان بە ناوی لۆزان مۆر کرد. دوای ئەوە چیتر باسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئەرمەنی یاخود مافی یۆنانی و جووەکان و سەربەخۆیی کوردستان نەکرا. هەر بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە ۹۰۰هەزار یۆنانی خەڵکی رەسەنی ئەنادۆڵ گوێزرانەوە بۆ یۆنان، ٤۰۰ هەزار موسڵمان لە یۆنانەوە گوازرانەوە بۆ تورکیا. بەشی زۆری ئەوانەی گوێزرانەوە بۆ یۆنان ، خەڵکی خاوەن پیشە و شوێنکار و بازرگان بوون. سامان و موڵکەکانیان دران بە چەند توێژێکی برژوای تورک. ئەم کردەوەیە لەلایەکەوە ئەو توێژە بەرهەمهێنەرە تورکەی لە رووی ئابوورییەوە بەهێزکرد و لەلایەکی ترەوە دەمارگیری نەتەوایەتی لەناو کەمالیزمدا بەهێزتر کرد. لەدوای کۆمەڵکوژی یۆنانی و پێکهاتە رەسەنە ناموسڵمانەکانی تری وڵاتەکە و دەربەدەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لێیان و بەزۆرکردنیان بە تورک و موسوڵمان، ئەو خەڵکەی لە ئەنادۆڵدا مایەوە۹۹٪ ی موسوڵمان بوون «۲۹ ل۱۰».

ساڵی ۱۹۲۳ کۆماری تورکیا راگەیەندرا. پەرلەمانێکی نوێ لەسەر بنەمای عیلمانی ناسیۆنالیست لە رێگەی هەڵبژاردنەوە پێکهێنرا. ساڵی ۱۹۲٤ بە فەرمی کۆتایی هێنرا بە دەوڵەتی فیوداڵی خێڵەکی عوسمانی و خەلافەتی ئیسلامی.

لە ساڵی ۱۹۲۳ وە بێجگەلە پارتی کۆماری گەل (بزووتنەوەی کەمالیزم)، چەندین پارتی سیاسی تر دامەزرا. دوای ئەم رووداوانە چاوەڕوانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتری پەرلەمانی و عیلمانی دەکرا. بەهۆی سروشتی نەژادپەرست و تاکڕەوی چینوتوێژە برژوا بەرهەمهێنەر و بازرگانە تورکەکانەوە و زیادبوونی رۆڵی سوپا و توژێکی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەوە هەتا دەهات زیاتر رێگە لە گەشەکردنی چینوتوێژی کۆمەڵایەتی ئازد و سەربەخۆ دەگیرا و رێگەی بەشداریکردنیان لە بڕیاری سیاسی ئابوریدا لێ دەگیرا. وەکو چۆن پێشتر کۆمەڵکوژی ناموسڵمانەکان کرا، کەوتنە پێشێلکردنی مافەکانی میللەت و پێکهاتەکانی تری نمونەی کورد و کۆمەڵکوژیکردن و سەرکوتکردن و هەوڵدانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەتورک کردنیان. «بۆ زانیاری زیاتر بروانە **٦٦ ل ٤٥-٥٤ \ ٩١ ل٦٤٣ \ ٢ ل١٢٠** »
بزووتنەوەی کەمالی و چینوتوێژە بڕژوا بەرهەمهێنەرەکان و موڵکدارە گەورەکانی لادێکان بە پشتگیریکردنی توێژێکی بەهێزی ناو سوپا ئەوەندە هێزیان پەیداکرد تورکیا لە بە کۆلۆنیکردن بەدەست وڵاتە کۆلۆنیستەکان بپارێزن، بەڵام هێندە بەهێز نەبوون، کە وڵاتێکی بەهێزی خاوەن سیستمێکی سیاسی و ئابوری سەربەخۆ بونیادبنێن، کە ببێتە بەشێکی کاریگەر و بڕیاردەر لە سیستمی کەپیتالیزمی جیهانی، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە پاشکۆی ئەو سیستمە.
لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان بەگەڕخرا، بەڵام لەبەر نەبوونی دەرەفت بۆ بەهێزبوونی چینوتوێژە نوێیەکانی وڵاتەکە لە هەموو پێکهاتەکان و بەشداریکردنیان لە بڕیارە سیاسی و ئابورییەکاندا، دەسەڵاتی سەربازی دەوری سەرەکی تیادا دەبینی و دەوڵەتێکی سەربازیی تیادا دروست بوو. دروست بوونی یەکێتی سۆڤێت و هەڕەشەی هەمیشەیی لەسەر وڵاتەکە زیاتر ناچاری دەستی دەرەکی کرد و وجودی سەربازیان تیادا بەهێز بوو «**٢٩ ل١٣**».
مێژووی هاوچەرخی تورکیا لەدوای دارمانی دەوڵەتی عوسمانیەوە هەتا ئەمڕۆ، مێژووی بەردەوامی ململانێی دوو ڕێبازە. ڕێبازێکیان پاشکۆیەتی و دیکتاتۆریەت و سەربازی و پاشماوەکانی پرنسیپەکانی فیودالی خێڵەکییە. ڕێبازەکەی تریان زەمینە خۆشکردنە بۆ بەهێزبوونی چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەکان و زیاتر گەشەکردنی پرۆسەی چاکسازی و دەستوری و مافی چارەنوس و سەربەخۆیی میللەتەکانی تری وڵاتەکە لە پێناوی دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی ئابوری و سیاسی بەرفراوانتر و سەربەخۆ و کاریگەردا.

## چارەنووسی ویلایەتەکانی دەرەوەی تورکیای عوسمانی ١٨٩٠- ١٩٢٥

ئەوەی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە لای هەندێ ناسیونالیستی عەرەب دەوترێتەوە، بەکۆلۆنیکردن و دابەشکردنی وڵاتە عەرەبییەکانە لەلایەن وڵاتە کۆلۆنیستەکانەوە. بە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆنی ناوچەکە، کە هەتا ئێستا لەم لێکۆڵینەوەیدا باسمانکرد و هەروەها لێکۆڵینەوەی ئەم قۆناغە، رەنگە زیاتر هۆکارەکانی ئەو بەکۆلۆنیبوون و دابەشکردنەمان بۆ ئاشکرا بێت. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا شتێکی سەیر و ناچاوەڕوانکراو بوو، کە چارەنوسی ناوچەکە ئەو ڕێبازەی گرتەبەر؟ ئایا هۆکاری ئەوە تەنها بۆ زۆرداری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەڵپەی دەوڵەتە کۆڵۆنیستەکان بەشوێن قازانجی زیاتردا دەگەڕێتەوە «**٢٤ ل٣٩**»، یان مێژووی کۆن و خاسڵەتەکانی خودی کۆمەڵگە و ناوچەکە خۆی هۆکاری بنچینەیی ئەوە بوون.

هەڵبەتا تا ئێستا لە باسەکەماندا وەڵامی بەشی زۆری ئەم پرسیارانە دراوەنەتەوە، بەڵام لەم قۆناغەدا لەدوای ئەو گۆڕانە خێرایانەی بەسەر ناوچەکەدا هات، ئەو خاسڵەت و فاکتەرە کۆنانە زیاتر لە پێشتر زەقبووبنەوە و لەگەڵ ئەو زەمینە نوێیە ئاوێتەبوون و کاردانەوەی هەبوو لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی گۆڕانکاری ناوچەکە و گرتنی ڕێبازی نالەبار تیایدا بەدرێژایی سەدەی بیستەم و هەتا ئێستاش.

لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری دەوڵەتی عوسمانی و لاوازبوونی کۆنترۆڵی بەسەر ناوچەکاندا، لاوازی چینوتوێژە نوێیەکان لەو ناوچانەدا، دروستبوونی سەنتەری ئابوری و زیادبوونی ڕۆڵ و کۆنترۆڵی بێگانە تیایاندا لەهەمانکاتدا زیادبوونی مەیلی سەبەخۆیی ناوچەیی و نەتەوایەتی و خێڵەکی تیایاندا، هەموو ئەمانە زەمینەیەکی لەباریان بۆ گرتنی ڕێبازی بەکۆڵۆنی بوون و پاشکۆیی دروستکرد.

ئەوەی لێرەدا زیاتر لێی دەکۆڵینەوە زیاتر باسی ناوچەکانی سوریای گەورە و عێراقی عەرەبییە. هەروەها بە کورتی باسی وڵاتەکانی باکوری ئەفریقا دەکەین. لە بەندی داهاتوودا دەگەڕێینەوە بۆ تایبەتیەکانی کوردستان. نیودورگەی عەرەب بەهۆی بوونی شوێنە پیرۆزە ئایینیەکان تیایدا هەر لە کۆنەوە خاسڵەتی تایبەتی خۆی و نیمچە ئۆتۆنۆمییەکی ئیداری و ئابوری هەبوو.

## خاسڵەتی تایبەتی وڵاتەکانی باکوری ئەفریقا

وڵاتەکانی باکوری ئەفریقای سەر بە دەوڵەتی عوسمانی پێش ناوچەکانی تر، هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە ڕووبەڕووی بەکۆڵۆنیبوون بوونەوە. سەرەڕای ئەوە ئەوەی تایبەتمەندار بوو بۆ ئەو وڵاتانە بێجگە لە میسر، نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی وڵاتە کۆڵۆنیستەکان بوو تیایاندا. ئەوانە هەتا دەهات پێگەی کۆمەڵایەتی و کلتوری وسیاسی و ئابوریان زیادیدەکرد و دەبوونە توێژێکی ئۆروستۆکرانی لە کۆمەڵگەکاندا «**١٢٨ ل١٠٦**». ناوچەکانی مەغرب و تونس و جەزائیر هەر زوو لەلایەن فەرەنساوە دگیرکران و ژمارەیەکی زۆر فەرەنسی تیایاندا نیشتەجێ بوون. لیبیا ساڵی **١٩١٤** لەلایەن ئیتالیاوە داگیر کرا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیشتەجێبوون و جێگیربوونی ئەو توێژانەی دەوڵەتە کۆلۆنیستەکان لەو وڵاتانەدا کاردانەوەی نێگەتیڤی کلتوری و دەرونی هەبوو لەسەر هاوڵاتانی ئەو دەوڵەتانە. ئەوەبۆتە فاکتەرێک بۆ ڕەشبینی و بەهێزبوونی مەیلی تەتەروف و تۆڵەسەندنەوە و تێرۆریزم لە دەرونی هەندێکیاندا «٦٠ ل٧٧».

وەکو پێشتر باسمانکرد، میسر هەر لەسەردەمی فیرعەونەکانەوە خاسڵەتی تایبەتی خۆی هەبوو. هەمیشە نیمچە سەربەخۆیی یان ئۆتونۆمی خۆی پاراستووە. بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە هەوڵدانی سەربەخۆییهەمیسانەوە لەو وڵاتەدا زیادیکرد.

لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا مەمالیک کۆنترۆڵی خەڵکانی ڕەسەنی و چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەکان و ئابوری و ڵاتەکەی کردبوو و ئەوانە هەتا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانی پاراست بوو. لەو وڵاتە لە ڕێگەی دەستبەسەراگرتنی دامودەزگای دەوڵەتەوە، چینێکی موڵکداری بەهێز دروستبوو، کە بوونە خاوەنی زۆربەی زەویوزاری کشتوکاڵی وڵاتەکە. زۆربەی پیشەسازی و بەرهەمی پیشەیی و بازرگانی لەژێر مۆنۆپۆڵی ئەو دەستەبژێر بچوکە دەسەڵاتدارەدا بوو.

فەرمانبەرانی سوپا و دەوڵەت هەر وەکو تورکیای عوسمانی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە پرۆسەی گۆڕانکاری و چاکسازی وڵاتەکەدا، بەڵام بەهۆی هەندێ فاکتەر و خاسڵەتی تایبەتیەوە ڕۆڵی سوپا و گۆڕانکاریەکان کە لەسەرەتای سەدەی بیست لە وڵاتەکە ڕوویدا ڕێبازێکی جیاوازی لە تورکیای عوسمانی گرتەبەر «٣٠ ل٢١٦».

زۆربەی دەسەڵاتدارانی دەولەت و سەرکردە و ئەفسەرەکانی سوپای ئەو وڵاتە خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکە نەبوون، بەڵکو مەمالیک و تورک بوون. لەبەرئەوە ئەمانە لەو سەردەمەدا بە هەمان شێوەی سوپای دەوڵەتی عوسمانی نەیانتوانیتەفاعول لەگەڵ چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەکانی کۆمەڵگەدا بکەن و هاوپەیمانی لەگەڵیاندا ببەستن.

لەگەڵ ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری وڵاتەکە لە مەسیحی و قیبتی و جوو پێکهاتبوو، بەڵام لێرە میسرییە موسڵمانە عەرەبەکان نەبوون، کە حوکمڕان و بڕیاری چارەنووسی وڵاتەکەیان بەدەست بێت و بگرە ئەوانیش وەکو پێکهاتەکانی تر زەلیلی دەستی مەمالیک بوون. بەهۆی ئەم فاکتەرەو لەو قۆناغە مێژوویەی ئەو وڵاتەدا لەناو چینوتوێژە بڕژوا بەرهەمهێنەرە عەرەبەکانی میسر بەشێوەی تورکەکان دەمارگیری نەتەوایەتی و ناشونالیزمی عەرەب بەهێز نەبوو.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کاتێکدا تورکیای عوسمانی توانی خۆی لە بەکۆڵۆنی بوون بپارێزرێت، میسر لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو. هەر ساڵی ١٨٦٩ دوای داگیرکردنی وڵاتەکە لەلایەن ئینگلتەرەوە، هێزە چەکدارەکانی ئینگلتەرا سنورێکیان بۆ سوپای مەمالیک دانا و رێگەیان لێگرت لەوەی بتوانن رۆڵی کاریگەر لە گۆڕانکاری وڵاتەکە ببینن. دواتر ساڵی ١٩١٤ بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانیەوە، وڵاتەکە بووە کۆڵۆنی و کەوتە ژێر ئینتیدابی ئینگلتەراوە. بەوە لەشکری مەمالیک بەتەواوەتی شکستیهێنا و هەڵوەشایەوە. ساڵی ١٩٢٢ وڵاتەکە بەفەرمی سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و سیستمێکی پاشایەتی نیمچە پەرلەمانی پاشکۆی تیادا دامەزرا «٥٣\٥٢ مێژووی میسر».

## چی لە ویلایەتەکانی سوریای گەورە روویدا؟

لەگەڵ ئەوەی لەو سەردەمەدا هیچ سنورێک نەبوو، کە وڵاتەکانی سوریای گەورە لەیەک جودابکاتەوە، هێشتا دەوڵەتانی لوبنان و سوریا و فەڵەستین و ئوردن وجودیان نەبوو، بەڵام ناوچەکە دابەشبوو بەسەر سەنتەری ئابوری جیاوازدا و هەرێمەکانی هەمان ئاستی گەشەکردنیان نەبوو و جیاوازی هەبوو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وسیستمی بەڕێوەبردندا.
پێش دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی، ژمارەی دانیشتوانی سوریای گەورە بە٣،٥-٤ملیون کەس هەڵدەستێنرێت. لەوانە ٥٠٠هەزاریان بەدەوی و نیمچە بەدەوی بوون، کە لە ناوچەکانی ناوەوە ژیاون. نزیکەی یەک ملیۆن لە هەرێمەکانی حەلەب و دیمشق و بەیروت و دەوروبەری ٤٠٠هەزار لە شاخەکانی لوبنان و قودس ژیاون. ئەو ئاواییانەی ژمارەی دانیشتوانیان لە ١٠هەزار کەس زیاتر بوو بە شار دانراون. ژمارەی دانیشتوانی دیمەشق ٢٥٠هەزار و حەلەب ٢٠٠هەزار و بەیروت ١٥٠هەزار و قودس ٨٠ هەزار کەس بوو. زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵەوە خەریک بوون «٣٠ ل٢٤٤».
لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپەی لەبەردەم گەشەکردنی ئەم ناوچانەدا بوو، لەنێوان سەرەتای سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە دوو هێندە زیادیکرد. گەورەترین فاکتەر بۆ زیادبوونی دانیشتوان، گەشەکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بوو. هۆکاری زیادبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە. بێجگەلە بوژاندنەوەی بازرگانی لە هەناردەکردن و هاوردەکردن، بەهۆی باشبوونی سەقامگیریەوە ژمارەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر بەدەوی نیشتەجێبوون و کەوتنە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. ژمارەیەکی زۆر سەرەک خێڵ و شێخ و دەسەڵاتداربوونە خاوەن زەویوزاری کشتوکاڵی و کەوتنە بەرهەمهێنانی بەروبوومی سەلەعیەوە بۆ هەناردەکردن. باشبوونی رێگاوبان و هاتوچۆ فاکتەرێکی تر بوو. راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر لە دوای ساڵەکانی ١٨٨٠وە ناوچە کەنار دەریاکانی بە ناوچەکانی ناوەوە بەستەوە کە ئاسانکاری بۆ هەناردەکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی دروستکرد. هەروەها راکێشانی هێڵی شەمەندەفەری نێوان دیمشق و مەککە گوژمی بە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا. لە سوریای گەورە ساڵی ١٩١١ زیاتر لە ٥٠٪ی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە رێگەی هێڵی شەمەندەفەرەوە بەڕێوەدەچو.

لەگەڵ ئەوشدا زیادبوونی دانیشتوان لەو ناوچەیدا وەکو پێویست نەبوو. ئەوەش بە پلەی یەک بۆ کۆمەڵکوژیی و دەربەدەرکردنی ژمارەکی زۆر لە پێکهاتە رەسەنە ناموسڵمانەکان دەگەڕێتەوە. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٦٠-١٨٩٠ زیاتر لە ١٢٠هەزار لەوانە ئاوارەی دەرەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون. لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٠-١٩١٤ زیاتر لە ٢١٠هەزاری تر ئاوارە بوون. ئەوەی شایەنی باسە زۆربەی زۆری ئەمانە خەڵکی پیشەیی و پیشەگەر و بازرگانی شارەزا بوون. ئەوانەی دەربەدەرکران ١٠٪ ی دانیشتوانی سوریای گەورەی ئەوساو نزیکەی ٥٠٪ خەڵکانی پیشەگەر و بازرگانەکانی بوون. نەمانی ئەوانە نەمانی رێژەیەکی بەرزی خەڵکێک بوو، کە دەیانتوانی رۆڵی گرنگیان لە گەشەپێکردنی ناوچەکە و بونیادنانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری کراوەتر و سەربەخۆتر تیایدا هەبێت.

لەسەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە سوریا و لوبنان ٢٠٠هەزار هێکتار زەوی چێندراوە، لەوانە ٥٠٪ی ئاودێر بوون. لەو شوێنانە توتن، لۆکە، داری زەیتون، توو بۆ ئاوریشم و داری میوە چێندراوە. ئەو شوێنانەی تیایدا پشت بە باران بەستراوە دانەوێڵەی تیادا چاندراوە. لە فەلەستین ٢٢٠هەزار هێکتار چاندراوە. بەهۆی ئەمانەوە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە سوریای گەورە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٣-١٩١٠ بە رێژەی ٥٠٪ زیادیکردووە. هەناردەکردن بە پلەی یەکەم ئاوریشم و توتن وپێستە و خوری و میوە. هاوردەکردن بریتی بووە لە قوماش، مێتاڵ و شەکر «٣٠ ل٢٤٧».

ساڵەکانی ١٩١٤ کەپیتاڵێکی زۆر هێنراوەتە ناوچەکە. کۆمپانیا فەرەنسییەکان ٢٥ملیون پاوەندیان وەبەرهێنان کردووە. ئەو خەڵکانەی کە ئاوارەی هەندەران کرابوون ساڵانە ٣٠ ملیون فرەنکیان ناردۆتەوە. ئەو حەجاجانەی بەم ناوچانەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تێپەڕیون ساڵانە ١٠ملیون فرنکیان خەرجکردووە. سەرەڕای ئەمانە پارەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهانەوە بۆ جووەکانی فەڵەستین نێردراوە «٣٠ ل٢٤٨ «

لە دوای ساڵەکانی ١٨٩٠ بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و پیشەسازی ئاوریشم بنەمای ئابوری چیاکانی لبنان بوو. لەو ناوچەیە نزیکەی ٥٠هەزار خێزان کاریان لەو بوارانەدا کردووە. لە نێوان ساڵی ١٨٩٠-١٩١٠قەبارەی ئەوانە دوو هێندەی لێهاتووە. بەڵام لەدوای ساڵەکانی ١٩١٤ ئەو بەرهەمهێنانە بەرەو کزی رۆیشتوو و لە ساڵەکانی ١٩٣٠دا بەتەواوەتی بنبڕ بوو. لەگەڵ لاوازبوونی ئەم بەرهەمهێنانە، ئەوانەی کاریان لەو بوارەدا کردووە دواتر کەوتونەتە بەرهەمهێنانی میوە. ئەو خاوەن کارگەو و پیشەگەر و بازرگانەی بەهۆی ئەوەوە نابووت نەبوون، کەپیتالەکانیان لە بازرگانی دەرەوە خستۆتە گەڕ «٣٠ ل٢٤٩»

چەندین فاکتەر بووە هۆکاری شکستهێنانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی ئاوریشم لە چیاکانی لوبناندا. بێجگەلە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری سنووردار، وازهێنانی کۆمپانیا ئەوروپییەکان لە وەبەرهێنانکردن لەو بوارەدا دەرفەتی بۆ بەرهەمهێنەری خۆماڵی دروستکرد، دەست بەسەر ئەو کەرتەدا بگرن. ئەو بەرهەمهێنەرە خۆماڵیانە رووبەڕووی چەندین کۆسپ بوونەوە، لەوانە نەبوونی کەپیتال و لاوازی سیستمی بانکی، کۆنی ئامرازی بەرهەمهێنان و گرانی چاککردنەوەیان، ناشارەزایی خاوەن پرۆژە و کرێکارەکان، خراپبوونی کوالیتی ئاوریشم، کەمبوونەوەی داخوازی بازاڕی جیهان لەسەر ئاوریشم و زیادبوونی رکابەری، خراپی و ناسەقامگیری رێگەوبان. لەسەروو هەمووشیانەوە غیابی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز، کە بتوانی ناوچەکان پێکەوە ببەستێتەوە و ئاسانکاری و چاکسازی بکات بۆ گەشەکردنی ئابوری. بەهێزی لایەنی دەرەکی و هەرزانی بەروبوومەکانیان و قازانجی زۆر و خێرا و مسۆگەر لە کارردن لەو بازرگانیەدا، وای لە بازرگانە گەورەکان و خاوەن کەپیتاڵ کرد بە پلەی یەکەم کار لە بازرگانی کەرەسەی خاو و بەروبوومی دەرەکیدا بکەن «٣٠ ل٢٥٢».

بەهۆی رۆڵی گرنگی ئابوری چیاکانی لوبنانەوە، لەسەرەتای سەدەی بیست ناوچەکە بووە گرنگترین سەنتەری بانکی و کاروباری فینانسی رۆژهەڵتی ناوەڕاست. لەگەڵ ئەوەی کارکردن بە ئاوریشم دواتر شکستی هێنا، بەڵام ئەو رۆڵە گرنگەی ناوچەکە هەتا ناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەی بیست هەر بەردەوام بوو.

بەشی زۆری بەروبومی کشتوکاڵی ناوەوەی سوریای گەورە بریتی بوو لە دانەوێڵە. رێژەیەکی زۆری بۆ دابینکردنی پێویستی ناوخۆ بوو. کوالیتی دانەوێڵەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەم ناوچانـە بـاش بـووە لەبەرئـەوە لـە هەنـدێ بـازاڕی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا رەواجـی هەبـووە، بۆیـە بەشـێکی هەنـارەدە کـراوە بـۆ ئـەو ناوچانـە.

بەهـۆی زیادبوونـی خواسـتی بـازاڕەوە، ڕێژەیەکـی گـەورەی بەرهەمـی کشـتوکاڵی بـۆ کەرەسـەی خـاو، لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتدا لـە بەرهەمـی پیشـەیی و پیشەسـازی سـەرەتایی خۆماڵـی ناوچەکانـی نـاوەوی سـوریا بەکارهاتـووە. زۆرجـار بەرهەمـی ناوچەکـە بەشـی کەرەسـەی خـاوی ئەوانـەی نەکـردووە و ناچاربـوون لـە شـوێنەکانی تـرەوە هـاوردی بکـەن «٧ ل١١٨».

لـە نێـوان سـاڵەکانی ١٨٩٠-١٩١٢ بەهـای لۆکـەی هاوردەکـراو بـۆ ناوچەکـە لـە ٦٠-٧٠هـەزار پاوەنـدەوە زیادیکـردووە بـۆ ٦٥٠هـەزار. بەهـای هاوردەکردنـی ئاوریشـم لـە ١٠٠هـەزار پاوەنـد زیادیکـردووە بـۆ ٢٢٥٠هـەزار پاوەنـد. شـاری حەلـەب تەنها توانیوێتـی ٥٠٪ پێویسـتی قوماشـی بازاڕەکانـی ناوخـۆ دابینبـکات و نیوەکەتـی تـری لـە دەرەوە هـاورد کـراوە. بێگومـان یەکـێ لـە هـۆکارە گرنگەکانـی ئـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی وەکـو پێویسـت گەشـەی نەکـردووە، کـە بتوانـی خواسـت لەسـەر کەرەسـەی خـاو کـەم بکاتـەوە «٣٠ ل٢٥٣».

لەبـەر نەبوونـی کەپیتـاڵ و تەکنیکـی پێویسـت، زۆربـەی ئـەو وەرشـانە لـە ماڵـی بەرهەمهێنەرەکانـدا بـوون. هـەر دەسـتگایەکی جۆڵایـی ئەوپـەڕی ١٢-١٥ تەوەنـی تێدابـووە. تەوەنـی کارەبایـی هاوچـەرخ زۆر کـەم بـوو، زۆربەیـان بـە تەختـە دروسـتکرابوون و بەهێـزی بـازوو کاریـان پێدەکـرا. لەبـەر هەرزانـی خەرجـی کرێکار و کەمـی کەپیتـاڵ و خنکاندنـی مەیلـی داهێنـان لەنـاو خەڵکـدا، هێنـدە بیریـان لـە گەشـەپێکردن و بەکارهێنانـی تەکنیـک و ڕێبـازی نوێـی بەرهەمهێنـان نەکردۆتـەوە. نمونـەی بەروبوومـی شـوێنکاری خۆماڵـی بێجگەلـە قومـاش بریتـی بـوون لـە شـوێنکاری دروسـتکردنی جگـەرە، پێـڵاو، سـابوون، شـەڕاب و مەشـروبات، زەیتـی زەیتـون و هەنـدێ خواردەمەنـی.

بەشـێکی زۆری بەرهەمهێنانـی پیشـەیی سـوریای نـاوەوەش ڕووبـەڕووی قەیرانـی دارایـی و شکسـتهێنان بوونـەوە. هـۆکاری ئـەوە بێجگەلە ڕکابـەری بەرهەمـی دەرەکی، دەگەڕێتـەوە بـۆ بـاج و گومـرگ و سـەرانەی قـورس لەسـەریان لەلایەن دامودەسـتگای دەوڵەتـی عوسـمانی و سـوپا و دەسـەڵاتی خۆجێیی. بەهـۆی تەبەعێـت و وەلاوە، بـاج و گومرگـی هەنـدێ توێژیـان لەسـەر حسـابی ئەوانـی تـر کـەم دەکـردەوە. ئەمـە بێجگەلـە ئـەوەی لەنابووتکردنـی ڕێژەیەکـی بـاش لەوانـە دەبـووە هـۆی خوڵقاندنـی گـرژی و توندوتیـژی لـە نێـوان پێکهاتەکانـدا «٧ ل١٥٥».

ئـەو پـرۆژە ئابوورییانـەی، کـە دەرفەتـی گەشـەکردنی تێدابـوو، یـان لـە پێنـاوی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیادبوونی داهاتەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، یان لە پێناوی بەرژەوەندی کۆمپانیا و بانکەکانی دەرەکیدا بوو، یان بۆ زیادبوونی سەروەت و سامان و موڵکی بازرگانە گەورەکان و فیودالی موڵکداری پاشکۆ و هەندێ توێژی سوپا و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتدا بوو. ئەوانە لەباتی بەکارهێنانی کەپیتاڵ لە وەبەرهێنانکردن بۆ گەشەپێکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازیی خۆماڵیدا، بە کاریان دەهێنا بۆ باشکردنی گوزەرانی خۆیان و دروستکردنی کۆشک و تەلار و دانی بەرتیل بە دەسەڵاتداران.

**چارەنووسی ویلایەتەکانی عێراق**

عێراق لە سێ ویلایەت پێکهاتبوو، موسل و بەغدا و بەسرە. لەم قۆناغەدا بەسرە بوو بە مەڵبەندی ئابوری و ڕێگەی بازرگانی سەرەکی ویلایەتەکانی تری عێراق. لەبەر نزیکی بەغدا لە بەسرەوە و تەختی ناوچەکە و ئاسانی ڕێگەی ئاوی، بەغدا بەخێرایی لەدوایکردنەوەی قەناتی سوێسەوە بوو بە بەشێک لە مەڵبەندی ئابوری بەسرە. لەبەرئەوەی هەر لەکۆنەوە بازرگانی موسڵ بەسترا بوو بە حەلەب و ئەنادۆڵەوە و هەروەها دووری و خراپی ڕێگەوبان، بەستنەوەی شارەکە بەو سەنتەرەوە خاوتر بەرێوەچوو. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی و کۆنترۆڵکردنی بەسرە لەلایەن ئینگلتەراوە هەتا دەهات موسل زیاتر بە بەغدا و بەسرەوە دەبەسترایەوە «١٠١ ل١٣٠».

ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکانی عێراق( لام روون نیە ئایا ئەم ژمارانە کوردستانی باشور دەگرێتەوە یان نا) ساڵی ١٨٦٧بە ١،٢٥٠،٠٠٠ کەس هەڵسەنگێنراوە، ساڵی ١٨٩٠ گەیشتۆتە ١٨٥٠،٠٠٠ و ساڵی ١٩٠٥ بۆتە ٢،٥٠٠،٠٠٠کەس و ساڵی ١٩١٩ بەپێی ئامێری ئینگلیزەکان بە ٢،٦٩٤،٢٨٢ کەس هەڵسەنگێنراوە. لەوانە ١،٣٦٠،٠٠٠کەس لە ویلایەتی بەغدا(ناو شاری بەغدا ٢٥٠هەزار کەس تیایدیا ژیاوە)، ٧٨٥،٦٠٠کەس لە ویلایەتی بەسرەو ٥٤٨،٣٧٨ کەس لە ویلایەتی موسڵ ژیاون «٢». هۆکاری زیادبوونی دانیشتوان، بێجگەلە بوژاندنەوەی بازرگانی و زیادبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بۆ کەمبوونەوەی پەتای تاعون گەڕاوەتەوە، کەمبوونەوەی بڵاوبوونەوەی کۆلێرا بەهۆی ڕێگرتن لە پیسکردنی رووبار و سەچاوەکانی ئاوی خواردنەوە.

رووبەری زەوی کشتوکاڵ لە نێوان ساڵەکانی ١٨٦٠-١٩١٣ لە ١٠٠-١٥٠هەزار دۆنمەوە زیادیکردووە بۆ١،٦٠٠،٠٠٠دۆنم. بەمانایەکی تر ١٠ هێندەی لێهاتووە، بەپێی ئەوەش چاوەڕوان دەکرێت کە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەهەمان ڕێژە زیادیکردبێت «٣٠ ل٢٧٣».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٠-١٩١٤ هەناردەکردنی بەروبوومی وڵاتەکە و هەندێ ناوچەی ناوچەی ئێران لە ڕێگەی بەسرەوە سێ هێندە زیادیکردووە. ئەو بەرهەمانە بە پلەی یەکەم گەنم و جۆ و خورما و خوری بوون. هەناردەکردن ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە گەشەکردنی بەرهەمهێنانی ناوچەکەدا، بۆ نمونە ساڵی ١٩١١-١٩١٢ قەبارەی ساغکردنەوەی گەنم و جۆ لە بازاڕەکانی عێراقدا ٢٠هەزار تەن بوو، بەڵام هەناردەکردنیان بۆ دەرەوە گەیشتۆتە ٢٠٠هەزار تەن «٣٠ ل٢٧٤». هەمەچەشنی بەروبوومی کشتوکاڵی ناوچەکە فاکتەرێک بووە بۆ بوژانەوەی بازرگانی نێوان ویلایەتیەکان بەخێرایی، بەڵام خراپی ڕێگەوبان و ناسەقامگیری و جیاوازی خاسڵەت و گرفتی ناوچەکان بۆتە کۆسپ لەبەردەم خێرایی گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ناوچەکان و گرێدانیانیان پێکەوە «١٠١ ل١٦٦».
بەتایبەتی بەهۆی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەرەوە، لە ساڵەکانی ١٩١٢ وە هەتا هاتووە هاوردەکردن لەچاو هەناردەکردندا زیاتری کردووە. قوماشی ئینگلیزی گەیشتۆتە ٣٣-٤٠٪ی کۆی کەلوپەلی هاوردەکراو. بەپێی ئامێری ئینگلیزەکان ساڵی ١٩٠٨ قیمەتی کۆی بازرگانی نێوەندی بەسرە و ناوچەکانی ناوەوەی عێراق گەیشیۆتە یەک ملیۆن پاوند «٣٠ ل٢٧٥». زیانیاری ورد نیە لەسەر قەبارەی بازرگانی لە نێوان ناوچەکانی عێراق و هەروەها لەگەڵ وڵاتەکانی دەوروپشت لە ڕێگە وشکانییەکانەوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە بەهۆی بەکارهێنانی هەمان ڕێگەوبان و ئامرازی گواستنەوەی کۆنەوە، ناسەقامگیری و نائارامییەوە، زۆری باج و گومرگ لەسەر بەرهەمهێنەران و بازرگانە خۆماڵییەکان و قۆرخکردنی بازرگانی لەلایەن توێژێکی سەر بەدەستەڵانەوە، بازرگانی ناوخۆ لەچاو بازرگانی دەرەوەدا زۆر خاوتر گەشەی کردووە.
گەشەکردنی جموجۆڵی خێرای بازرگانی ویلایەتەکانی عێراق و زیادبوونی بەرهەمهێنانی خێرا تیایاندا، کە سەرچاوەی قازانج و داهاتی زۆر بوو، وایکرد کە چەندین لایەن بکەوێتە هەڵپەکردن بۆ پچڕینی بەشی خۆی تیایدا. بۆ ئەو مەبەستە لایەنی سەرمایەداری جیهانی چالاکی و دەستێوەردانی خۆی زیادکرد لە ناوچەکەدا، گرتنەدەستی حوکمرانی لەلایەن گەنجانی تورکەوە لەدەوڵەتی عوسمانیدا و هەوڵدانیان بۆ زیادکردنی داهاتەکانی دەوڵەت، وایکرد دامودەزگانی باجکۆکردنەوە لە وڵاتەکەدا سەرلەنوێ ڕێکبخەنەوە و ڕێژە و جۆری باجەکان زیادبکەن، دەسەڵاتداری ویلایەتەکان و سوپا و فەرماندەران پێگەی خۆیان بەهێزترکرد و کەوتنە خڕکردنەوەی سامانی زۆر لەڕێگەی بەرتیل وەرگرتن و گەندەڵی و خۆبەشەریککردن و هەڕەشەکردنەوە، سەرەک خێڵ و شێخ و پیاوانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایینی و فیودالّی موڵکدار و بازرگانە گەورە پاشکۆکان دەیانویست بەشی خۆیان بپچڕن.

هەوڵدانی دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بۆ سەرلەنوێ بە میریکردنی زەویوزاری کشتوکاڵی شکستی هێنا، ئەوەی لە بواری موڵکایەتی زەویدا سوڵتان توانی بەدەستی بهێنی زیادکردنی قەبارەی موڵکەکانی خۆی بوو «۱۰۱ ل۱٥٦». لە پراکتیکدا ئەوەی روویدا دەسەڵاتدارانی خۆجێیی و ئەفسەرە دەستڕۆیشتووەکانی سوپا، بەشێکی زۆری زەویوزاری کشتوکاڵیان لەسەر خۆیان تاپۆکرد یان لە رێگەی بەرتیلەوە لەسەر خەڵکی دەستڕۆیشتوو یان نزیکی خۆیانەوە تاپۆیان دەکرد و بە فرت و فێڵ خۆیان لە باجدان دەدزیەوە. ئەو زەویانەی ئەمانە دەستیان پێدەگەیشت لە دەوروبەری بەغدا و کەنار رووبارەکان و شارەگەورەکان بوون، کە سوپا بە ئاسانتر دەیانتوانی کۆنترۆڵی بکەن. بە شێوەیەکی گشتی لەسەرەتای سەدەی بیستدا ۳۰٪ ئەو زەویانەی سوپا دەیتوانی کۆنترۆڵیان بکات موڵکی سوڵتان بوو، ۳۰٪ موڵکی سەرەک خێڵەکان بوو کە پارێزگاری ناوچەکەیان دەکرد، ۳۰٪ دەسەڵاتدارە ناوچەییەکان و ۲۰٪ بەناوی وەقفەوە درابوو بە پیاوە ئایینیە بەهێزەکان «۳۰ ل۲۸۰».

هەتا شۆڕشی دەستوری لە ساڵی ۱۹۰۸، سوڵتان کۆمەڵە کەسێکی دانا بوو، کە پەیوەندی راستوخۆیان بەخۆیەوە هەبوو بۆ کۆکردنەوەی باجەکان. ئەمانە سەرەڕای باجکۆکرنەوە، سوڵتان دەسەڵاتێکی زۆری پێدابوون. دەیانتوانی هەموو دەستگاکانی دەوڵەت لە سوپا و فەرماندەران و خەڵکانی دەسەڵاتدارانی خۆجێیی بەکاربهێنن بۆ دابینکردنی باج وسەپاندنی رۆڵ و پێگە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. ئەوانە شێوازی بەکارهێنان و دابەشکردنی ئاوی روبارەکانیان بەکاردەێنا بۆ فشارخستنە سەر خێڵ و موڵکدار و بەرهەمهێنەرەکان. بەرامبەر بەکارهێنانی ئاو، ئەو خەڵکە دەبوایە وەلایان بە سوڵتان هەبوایە و گوێرایەڵی مەرجەکانی بونایە. بە سودێکی زۆر پارەیان بەقەرز دەدا بە بەرهەمهێنەرەکان، لەباتی خزمەتی سەربازی گەنجەکانیان لە کێڵگە تایبەتیەکانی خۆیاندا کارپێدەکرد. بەخۆڕایی کەشتی و بەلەمەکانی دەوڵەتیان بۆ خۆیان بەکاردەهێنا، سەربازیان بەکاردەهێنا بۆ راکێشانی قەنات و هەڵبەستنی گۆماو و کۆکردنەوەی باج لە بەرهەمهێنەران «۳۰ ل۲۸۲».

لەدوای ساڵی ۱۹۰۸وە حکومەتی گەنجە تورکەکان دەزگایەکی نوێیان بۆ کۆکردنەوەی باج پێکهێنا. بەڵام ئەوە بۆ بەرهەمهێنەران لە زیادبوونی قەبارە و جۆری باج بەولاوە هیچ سودێکی نەبوو. لەو شوێنانەی لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبوو، ئەرکی کۆکردنەوەی باج بە توێژەک لەو سەرەک خێڵ و شێخانەی وەلای تەواویان بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەبوو سپێردرا بوو. لەبەرامبەردا ئەمانەدا زاڵ دەکران بەسەر خێڵ و پێکهاتەکانی تردا و باشترین زەوی و سەچاوەی ئاویان پێدەدرا و لە باجدان دەبەخشران. ئەمانە هەتا دەهات ڕۆڵیان زیادیدەکرد و لەگەڵ دەزگا باجکۆکەرەوەکان و دەسەڵاتدارە خۆجێییەکان و پیاوە ئایینیەکان ڕێدەکەوتن. ئەوانە زۆرجار بەپێی خواستی بازار بڕیاریان دەدا بەرهەمهێنەرەکان چی بچێنن. دواتر ئەو بەرهەمانەیان بەشەریکایەتی لەگەڵ بازرگانە گەورەکاندا ساغدەکردەوە و بەشێک لە قازانجی ئەوەیان دەدا بە ئاغاکانیان. لەکاتی لاوازبوونی دەوڵەتدا دەرفەتیان دەهێنا ڕێژەیەکی زیاتر بۆ خۆیان بپچڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاڵپشتی تەواوی دەوڵەتیان دەکرد، چونکە دەیانزانی مانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و سیستمی فیودالی خێلایەتی گەرەنتی بوو بۆ مانەوەی خۆیان.

دەسەڵاتدارانی عوسمانی چاک لە سروشتی ئەو خێڵانە و ناکۆکی نێوانیان شارەزا بوو. لەرێگەی پێدانی زەوی و ئەرکی کۆکردنەوەی باج پێیان و چەکدارکردنیان، بە ناوی ئایین و پاراستنی خەلافەتەوە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە و خێڵی بچوک و پێکهاتەکانیان پێدەکردن.

هەڵبەتە ئینگلیزەکانیانیش ژیرانە هەر وەکو دەوڵەتی عوسمانی بەردەوام بوون لەو کارەدا و ململانێی نێوان خێڵ و پێکهاتە و ناوچەکانیان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاردەهێنا «۱۱۷ل۲۸».

لەم ناوەش گۆڕانکاری بەسەر بەرهەمهێنانی پیشەییدا هات، هەتا دەهات لە سیستمێکی قوفڵدراوە بەرەو بەرهەمهێنانی شوێنکاری پیشەیی بچوک و گەورەی کراوەتر دەچوو. لەهەمانکاتدا پیشەسازیی سەرەتایی گۆڕانی بەسەرداهات. لە شارەکانی بەغدا و موسڵ و بەسرە بە هەزاران شوێنکاری بچوکی پیشەیی هەبوو، بەڵام کارگەی هاوچەرخ بە بەکارهێنیانی تەکنک و شێوازی نوێ، بچوک و کەم و لاواز بوون. لە بەغدا ساڵەکانی ۱۹۱٤ژمارەیەک کارگەی قوماشی خوری بچوک هەبوو کە تیایدا مەکینەیان تیادا بەکاردەهێنا. چەندین پیشەسازی سەرەتایی هەبوو، لەوانە ۱۱٦ ئاشی ئاو، دوو کارگەی سەهۆڵ، ۲٤کارگەی شەکر، ۳۳ دەباغخانە، دوو کارگەی ڕۆنی کونجی. عارەق بە خورما یان ترێ بەرهەم دەهێنرا. هەروەها لە موسڵ بێجگە لەوانە بەرهەمی تری تایبەتی هەبووە ، نمونەی ئەوانە سابون و شەڕاب و ڕۆنی کونجی. چەندین بەرهەمی قوماشی تایبەتی بە ناوچەکە لەو شارانەدا بەرهەم هێنراوە، لەوانە عەگاڵ، توربان، عەبا، بەرماڵ... . پێش شەڕی یەکەمی جیهانی، بەغدا ۳۱۲ جۆلای تێدا بووە کە بە موعەدەل هەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکە دوو تەونی هەبووە. **٣٢** شوێنکاری بەرهەمهێنانی قوناشی ئاوریشم، حەوت کارگەی نەقشکردن و بۆیەکردنی تاوی تێدا هەبووە. بەشێکی زۆری کەرەسەی خاوی ئەو پیشانە خۆماڵی بوون، بەڵام چونکە بەشی نەکردووە، لە شوێنەکانی ترەوە بەشێکی تریان هاورد کردووە «**٣٠** ل**١٢٨٥** \ **٧** ل**١٥٥**».

لەم قۆناغەدا گرنگترین رووداو لە ویلایەتەکانی عێراقدا، دۆزینەوە و دەرهێنانی پترۆڵ بوو. ئەم رووداوە وڵاتەکەی بەرەو تایبەتمەندیی دەرهێنان و فرۆشتنی پترۆڵ برد کە بناغەیەکی نوێی دانا بۆ ئەو مەڵبەندە ئابورییە و دوارۆژی وڵاتەکە. هەتا دەهات لەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازیدا پێویستیی وڵاتە سەرمایەدارییەکان بە سەرچاوەی وزە زیادیدەکرد. لەگەڵ زیادبوونی ئەو پێویستییە، ناوچەیەکی وەکو عێراق گرنگی تایبەتی لایان پەیدا دەکرد «**٧** ل**١٩٤** \ **٢٩** ل**٥٤**».

## گەڵاڵەبوونی خاسڵەتی تایبەتی ناوچەکان

بەو زەمینە نوێیە هەتا دەهات خاسڵەتی ویلایەتەکانی دەرەوەی تورکیای عوسمانی لەگەڵ ناوەندا جیاوازی تیادا پەیدا دەبوو و لەیەکتر دوور دەکەوتنەوە. لەگەڵ زیادبونی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهانی لە ناوچەکەدا، مەڵبەندا ئابورییەکان زیاتر بە جیا دەبەستران بە بازاڕی جیهان و دەوڵەتی دەرەکی جیاوازەوە. بە هۆی جیاوازی سەرچاوەی سروشتی و کەرەسەی خاو تیایاندا، تایبەتمەندیی ئابوری تیایاندا زیادیدەکرد و ئەمانەش کاردانەوەی سیاسی و نەخشەی جوگرافیی هەبوو.

لەهەمانکاتدا بەهۆی خراپی رێگەوبان و ناسەقامگیری و ترسی رێگەوبان و خاوی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی پیشەسازی ناوخۆ و لاوازی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ناوچە و هەرێم و ویلایەتەکانی دەوڵەتەکەدا، ئەو ناوچانە هەتا دەهات لە یەکتری و ناوەندی دەوڵەتەی عوسمانییەوە دوور دەکەوتنەوە و هەر بەشێک لەوانە زیاتر بە نزیکترین سەنتەری ئابورییەوە دەبەسترانەوە «**١٠١** ل**١٦٦**».

شکستهێنان و لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری دەوڵەتی عوسمانی، لەلایەکەوە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ویلایەتەکاندا لاوازکرد و لەلایەکی ترەوە هەتا دەهات ئەو ناوچانە یەک لە دوای یەک لێییجیا دەبوونەوە. پرۆسەکە بە لەدەستدانی وڵاتەکانی باکوری ئەفریقا و میسر دەستیپێکرد و دواتریش لە دەستدانی ناوچەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دوایاندا هات. ئەم زەمینە نوێیە چەند خاسڵەتێکی تایبەتی بۆ ئەو ناوچانە دروستکرد:

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندی لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەی پێش بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهانی، بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، بەڵام بە کردەوە ناوچە و ویلایەتەکانی لە بەرژەوەندی داهاتی باج و سامان بۆ دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتە بەولاوە هیچ بەرژەوەندێکی ئەوتۆ پێکەی نەبەستبوونەوە و هەتا رادەیەکی زۆر لەیەک دابڕدراو بوون.

لەگەڵ لاوازبوون و شکستهێنانی ئەو دەوڵەتەدا هیچ دەوڵەتێکی تری ناوەندی بەهێز دروست نەبوو کە بتوانێ ڕێگە بۆ نزیکبوونەوەی ئەو ناوچانە لەیەک و گرتنی ڕێبازێکی هاوبەش لە نێوانیاندا خۆش بکات.

نەبوونی بەرژەوەندی هاوبەش و لاوازی پەیوەندی لە نێویاندا و لاوازی و سروشتی قوفڵدراوی خێڵ و ناوچەکان و ململانێی دژواری نێوانیان، لاوازی چینوتوێژە نوێکان و لەبەرامبەردا بەهێزی لایەنی سەرمایەداری جیهان و هاوپەیمانە خۆماڵیەکانی و بەرژەوەندیان لەو مەڵبەندە نوێیانەدا، زەمینەیەکی لەبار دروست نەبوو بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێ، کە بتوانێ ئەو شوێنانە پێکەوە گرێبدات و جێگەی دەوڵەتی عوسمانی بگرێتەوە.

- ململانێ و گرژی نێوان پێکهاتە و ناوچەکان. ململانێی نێوان بنەماڵەکانی قورەیش فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ دروستبوون و لەناوچوونی دەوڵەتە فیوداڵە خێڵایەتەکانی راشدین و ئەمەوی و عەباسی. لە دوای شکستهێنانی ئەو دەوڵەتانە، بە درێژایی زیاتر لە ٧٠٠ساڵ چیتر هیچ خێڵ یان بنەماڵەیەکی عەرەب نەیانتوانی دەوڵەتێکی زلهێزی نوێ دامەزرێنن، کە ناوچە عەرەبەکان یەکخات. بە درێژایی ئەو ساڵانە دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێران بۆ کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە سودیان لەو ناکۆکی و لاوازیە وەرگرت.

لەم قۆناغەشدا بە هەمان شێوەی کۆن پچڕپچڕی و ململانێ و دوژمنایەتی بەردەوام بوو لە نێوان خێڵ و بنەماڵە و پێکهاتە و ناوچەکانی وڵاتە عەرەبیەکاندا. ئەمانە لەلایەن سەرمایەداری جیهانەوە سودی لێوەرگیرا بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەو دارشتنی پاشەڕۆژی بەپێی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. ئەو دەوڵەتانە نە بە ئەرکی خۆیان دەزانی دەوڵەتێکی ناوەندی سەربەخۆ لەو ناوچەیە دروستکەن و ڕەنگە بە بەرژەوەندی خۆشیان نەزانیبێت.

- لاوازیی چینوتوێژە نوێیەکان. بەهۆی فاکتەرە بنچینەییەکانەوە، چینوتوێژە نوێیەکان نمونەی بڕژوای بەرهەمهێنەری ناوەند و بچوک، بازرگانە خۆماڵیەکان، مسکێن و کرێکاران، پێکهاتەکان، هەروەها بازرگانە گەورەکان و فیوداڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

موڵکداری پاشکۆ بەلاوازی مانەوە. سەرەڕای ئەوانە بەهۆی ئەوەی ئەو ناوچانە لەیەک دابڕاوبوون و لەهەمانکاتدا بەسترابوون بە سەنتەری جیاوازەوە هێندەی تر لاوازی کردبوون. بەهۆی ئەو لاوازیەیانەوە هێندەی تر زەلیلی دەستی سەرمایەداری جیهانی بوون.
ناوچەکانی باکوری ئەفریقا و میسر و لوبنان و فەڵەستین و دیمشق و حەلەب و بەسرە... هەتا رادەیکی زۆر لەیەک دابڕاو بوون. ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتوچۆ زۆر بە خاوی لە نێوانیاندا گەشەی دەکرد، ئەوەی لەو ناوچانەدا بە خێرایی گەشەی دەکرد ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەرەکی و وەبەرهێنان و ئیمتیازی دەرەکی بوو. راستە لەپاڵ ئەودا بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی زیادیدەکرد و سەرچاوەی نوێیی وزە و کەرەسەی خاو دەدۆزرایەوە و رۆڵی بازرگانە گەورەکان و فیودالی موڵکدار زیادیدەکرد، بەڵام ئەوانە لەباتی ئەوەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەیەک نزیک بکاتەوە بە پێچەوانەوە لەیەک دووری دەخستنەوە.
راستە توێژی نوێیی بەرهەمهێنەری پیشەیی بچوک و گەورە و چینی ناوەڕاست و بچوکی بەرهەمهێنەر و بازرگانی خۆماڵی لە شارەکاندا گەشەیان کرد. راستە ژمارەی جوتیاری موڵکداری بچوک لە لادێکاندا زیادیکرد، کرێکار لە شارەکان و سەپان و کرێکاری کشتوکاڵی ژمارەیان زیادیکرد، ژمارەی فەرماندەران و دەسەڵاتدارانی خۆماڵی دامودەزگاکانی دەوڵەت و ریزەکانی سوپا زیادیانکرد، بەڵام هەموو ئەمانە تەنها لە سنوری ناوچەکانی خۆیاندا بوون و بازاڕێکی خۆماڵی بچوکیان هەبوو، لەبەر لاوازیان نەیاتوانی پەیوەندی و بەرژەوەندی توندوتۆڵی هاوبەش لەگەڵ ناوچەکانی تردا ببەستن.
- بەستنەوەی سەنتەرەکان بە دەوڵەتی سەرمایەداری جیاوازەوە. کە ساڵی **١٩١٤**شەڕی جیهانی دەستی پێکرد، وڵاتەکانی مەغریبی عارەبی لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسا بوون، لیبیا لەژێر دەسەڵاتی ئیتاڵیا، میسر ئینگلتەرا، فەرەنسا لە سوریای گەورە دەسەڵاتی بەهێزبوو، بەهەمان شێوە ئینگلتەرا لە عێراق. لەهەمانکاتدا تورکیای عوسمانی کەوتە بەرەیەک لەگەڵ ئەڵمانیا و مان و نەمانیان لکێنرا پێکەوە.
لەگەڵ ئەوەی ئەمانە ناوچەکانی زیاتر لە یەکتر دوور دەخستەوە، بووە هۆی ئەوەی ببەسترێنەوە بە دەوڵاتی کەپیتالیستی جیاوازی خاوەن بەرژەوەندی تایبەت. راستە هاوپەیمانەکان دوژمنێکی هاوبەشیان هەبوو لە شەڕی جیهانیدا، بەڵام هەر یەک لەوانە بەرژەوەندی جیاوازیان هەبوو و هەوڵی مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژی ئەو بەرژەوەندییەی خۆیان دەدا «**٢٤** ل**٣٩**». بەستنەوەی مەڵبەندەکان

بە دەوڵەتی جیاوازەوە فاکتەرێکی تری گرنگ بوو، کە ناوچەکانی زیاتر لەیەک دوور خستەوە. لەبەر لاوازی چینوتوێژ و پێکهاتەکانی ناوچەکە و نەبوونی دەرفەتیان لە بڕیاردانی چارەنوس و ڕێبازی گەشەکردنی ناوچەکەدا، بڕیاردان لەسەر چارەنوس و پاشەڕۆژیان هەتا دەهات زیاتر دەکەوتە دەست دەوڵەتە کەپیتالیستەکانەوە.

## ژێردەستی و پاشکۆیەتی

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە هەتا ساڵی ١٩٠٨، کە شۆڕشی دەستوری لە تورکیای عوسمانیدا دەستیپێکرد، ململانێی سەرەکی بۆ بڕیاردانی چارەنوسی ئەم ناوچانە لە نێوان دوو ڕێبازدا بوو. ڕێبازی یەکەمیان بەردەوامبوون بوو لەسەر سیستمی فیوداڵی خێڵەکی و دەوڵەتی خەلافەت. ئەمانە بەسەر دوو بەرەدا دابەشبوون. بەشێکیان ئەو سەرەک خێڵ و شێخ و پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتدارە خۆ جێیانە بوون کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ سوڵتاندا هەبوو، مان و نەمانیان ڕاستەوخۆ بە مان و نەمانی دەوڵەتی عوسمانی و سوڵتانەوە بەسترابوو. ئەمانە کەوتبوونە دوای دروشم و بانگەوازەکانی بزاڤی کۆمکاری ئیسلامییەوە.
بەهۆی لاوازبوونی دەوڵەتی عوسمانی و شکستهێنانی لە شەڕەکانیدا و کەمبوونەوەی دەسەڵاتی بەسەر ویلایەتەکانی دەرەوەی تورکیای عوسمانیدا و هەروەها زیادبوونی مەیلی سەربەخۆیی ناوچەیی و نەتەوایەتی لەسەرانسەری دەوڵەتەکەدا، بەشێکی تر دروستبوون. ئەم بەشە دەیانویست هەمان سیستمی فیوداڵی خێڵایەتی بهێڵنەوە، بەڵام خواستیان ئەوەبوو، کە دەوڵەتێکی خەلافەتی هاوبەشی تورک و عەرەب پێکبهێنرێت.
هەڵبەتە بەشێک لە مسکێنەکان ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە سەد ساڵی دواییدا ڕوویدا بوو بە هەڕەشە لەسەر خۆیان دەزانی. لەبەرئەوەی بەهۆی خاوی گەشەکردنی پیشەسازییەوە دەرفەتی کاری تریان بۆ دروست نەبوو، ترسیان لێ نیشتبوو دەربەدەر و بێ نان و ئاو ببن و ببنە کۆیلەی غەیرەدین. بۆیە زۆر لەوانە لە خۆخستنە پاڵ ئەم ڕێبازەوە بەولاوە هیچ چارێکی تریان نەدەبینی.
ڕێبازی دووەم، لەم ناوچانەداهەوڵدانی داپچڕین و سەربەخۆیی بوو لە دەستەڵانی ناوەندی دەوڵەتی عوسمانی. ئەمانەش بەسەر دوو بەرەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دابەشبوون. یەکێکیان بەرەی سەرمایەداری جیهان و چینوتوێژ و پێکهاتەی نزیکبوو لێیانەوە، لە بازرگانە گەورەکان و فیودالی موڵکداری پاشکۆ و هەندێ پێکهاتە. ئەمانە لایەنی بەهێزبوون و کۆنترۆڵی مەڵبەندە ئابورییەکانیان کردبوو. لایەنی دووەم چینوتوێژە بەرهەمهێنەرە نوێیەکان و بازرگانی خۆماڵی و توێژێکی نوێی رۆشنبیر و فەرماندەرانی دەوڵەت و سوپای خەڵکی ئەو ناوچانە بوون. بەشێکی زۆر کرێکار و جوتیاری بچوک و هەروەها بەشێک لە فیودالی موڵکدار و دەسەڵاتی ئایینی بە پەرۆش بۆ چاکسازی کەوتبوونە ئەم بەرەیەوە. ئەمانە لەچاو بەرەکەیتر زۆر لاوازبوون و لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و لایەنی دەرەکیشەوە رێگەیان لێدەگیرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ بەرەی یەکەم هێشتا بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبوو لە لاوازکردنی فیودالی خێڵەکی و چاکسازیی یاسایی و سیاسی و بوژاندنەوەی بازاڕدا. بەشێک لەمانە لە ئەوروپا و میسر پەیوەندی و هاریکاری گەنجانی تورکیان دەکرد.

لەسەرەتادا رێبازی دووەم بوو بە پاڵپشتێک بۆ شۆڕشی دەستوری و پرۆسەی چاکسازی. ئەوەی لێرەدا لای ئەمان گرنگ بوو سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی زیاتر بوو بۆ ناوچەکانیان و لەهەمانکاتدا گۆرینی دەسەڵاتدارانی خۆجێیی دەوڵەت بوو بە خەڵکانی ناوچەکە خۆی. لەم ناوچانەش بزووتنەوەی دیموکراسی لە رادەربڕین و رۆژنامە دەرکردن و پێکهاتنی چەندین رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتی سیاسیدا خۆی بینیەوە.

داواکاریەکانی ئەو ناوچانە بۆ چاکسازی و مافی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی لەلایەن سوڵتان و حکومەتە نوێیەکەوە رەتکرایەوە و بگرە بە هێزی سەربازی بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی لوبنان و سوریا رووبەڕوویان بوونەوە. هاوپەیمانیی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئەڵمانیادا، گوژمیدا بە پرۆسەی دوور کەوتنەوەی مەڵبەندی ئابوری و ناوچەکان لە ناوەند. لەلایەکی ترەوە بەهۆی دەستپێکردنی شەڕەوە، هەریەکە لە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان لای خۆیەوە هەوڵی بەهێزکردنی جێ پێی خۆی لەو ناوچانەدا دەدا.

نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی هاوبەش لە ناوچە عەرەبیەکاندا، لاوازی بەرژەوەندی هاوبەش و پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان سەنتەر و ناوچکاندا، لاوازی چینوتوێژە نوێیەکان و کەمی دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیاردانـدا، جیاوازی نێوان ئاستی گەشەکردنی ئەو ناوچانە، ململانێو دوژمنایەتی نێوان خێڵ و پێکهاتەکان، هەموو ئەمانە وایکرد وڵاتەکانی باکوری ئەفریقا و میسر رێبازی تایبەتی خۆیان بگرن و ببنە کۆڵۆنی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و لەهەمانکاتدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرەنسا و ئینگلتەرا لە ناوچە عەرەبییەکانی تردا بگەڕێن بەشوێن هاوپەیمانی نوێی بەهێزدا. لێرەدا هاوپەیمانەکان، ناڕازی و بزووتنەوەی خەڵکانی ئەو ناوچانەیان قواستەوە و ڕۆڵی شەریفی مەککەیان بەهێزکرد و لەو ڕێگەیەوە جڵەوی بزووتنەوەی سەربەخۆیی ناوچە عەرەب کەوتە دەست ڕەمزە ئایینیەکانی عەرەبی مەککە.

ساڵی ۱۹۱۵ بە پشتگیری هاوپەیمانان راپەڕینی چکداری عەرەب بە ناوی شۆڕشی عەربی لە شام کوژابووەوە، کە بە سەرۆکایەتی شەریفی مەککە بەرپا بوو. زۆربەی سەرەک خێل و موڵکداری فیوداڵ و شێخ و پیاوانی ئایینی و چینوتوێژەکانی کۆمەڵ پاڵپشتیان کرد. توێژێکی کەم لەمانە لە پەنای دەوڵەتی عوسمانیدا مانەوە.

ساڵی ۱۹۱٤ ئنگلتەرا بەسرەی داگیرکرد، ساڵی ۱۹۱۷ بەغدا. ساڵی ۱۹۱٦ رێکەوتنامەی سایکس پیکو لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان مۆرکرا. بەپێی ئەوە ویلایەتەکانی دەرەوەی تورکیای عوسمانییان بە فەرمی لە نێوەن خۆیاندا دابەشکرد.

هەر بەشێوەی ناوچە عەرەبییەکان، چینوتوێژ و پێکهاتەکان لە عەرەب و کورد و پێکهاتەکانی تر لە ویلایەتەکانی عێراقیش کەوتنە جموجۆڵ بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی ناوچەکانیان. گوێ رایەڵ نەبوونی ئینگلتەرا بۆ داواکارییەکانی ئەوانە، چەندین بزووتنەوەی لێکەوتەوە، نمونەی ئەوانە شۆڕشی بیست لە ویلایەتەکانی باشوری عێراق و شۆڕشی شێخ مەحمود لە سلێمانی. هەتا ساڵی ۱۹۲۱ ئەو ویلایەتانە لەژێر ئینتیدابی ئینگلتەرەدا بوون. بەهۆی پەرشوبڵاوی و لاوازی چینوتوێژە نوێکان و ململانێ و دوژمنایەتی نێوان خێڵ و پێکهاتەی ناوچەکەوە لەو ساڵەوە بەدەستی ئینگلتەرا شانشینی عێراق لە سێ ویلایەتە کۆنەکەی دەوڵەتی عوسمانی دامەزرا و یەکێ لە خزمانی بنەماڵەی شەریفی مەککەیان تیادا کرد بە پاشا «۳، ۲». ئەم زەمینەیە عێراقی کرد بە دەوڵەتێک کە تیایدا سیستمێکی سیاسی و ئابوری لاوازی پاشکۆ و دیکتاتۆر جێگیر بێت.

ساڵی ۱۹۱۸ هێزەکانی شەریفی مەککە بە پاڵپشتی هاوپەیمانان سوریای گەورەیان گرت. چینوتوێژ و هێزە خۆماڵییەکانی سوریا ساڵی ۱۹۱۹ بانگەوازی سەربەخۆییان کرد و پەرلەمانێکیان پێکهێنا. ساڵی ۱۹۲۰ بانگەوازی مەملەکەتی سوریای عەرەبیان کرد، بەڵام هاوپەیمانیان دانیان پێدا نەنا. ئەو ناوچانە بەر فەرەنسا کەوت و کۆنترۆڵی کرد. لەو سەردەمەدا سوریای گەورەیان بەسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠ وردە دەوڵەتدا دابەشکرد، لەوانە دەوڵەتی لوبنان، دمشق، حەلەب و دەوڵەتی عەلەوی. ساڵی **١٩٢٢** پێنج لەو دەوڵەتانە لەژێر ئینتیدابی فەرەنسا یەکخران و سوریای ئەمڕۆیان لێ دروستبوو . ساڵی **١٩٢٥**خەڵکی وڵاتەکە هەوڵی دانانی دەستورێکی نوێیاندا، بەڵام بۆیان سەری نەگرت. بەهۆی ئەوەوە شۆڕشی سوریای مەزن بەرپا بوو و هەتا ساڵی **١٩٢٧** بەردەوام بوو. ساڵی **١٩٢٨** مەجلیسی شورای سوریا دامەزرا و دوای ساڵێک بڕیار لەسەر دەستوری نوێی وڵاتەکە درا و ساڵی **١٩٣٢** بانگەوازی کۆماری سوریا کرا.

ساڵی **١٩١٨** لوبنانییەکان بانگەوازی حوکومەتی لوبنانی عەرەبیان کرد، بەڵام لەبەرئەوەی وڵاتەکە کەوتە ژێر ئینتیدابی فەرەنساوە، تەمەنی ئەو حکومەتە تەنها سێ رۆژ بوو. ساڵی **١٩٢٠** لوبنان لە سوریا جیاکرایەوە. هەتا ساڵی **١٩٢٦** وڵاتەکە لەژێر ئینتدابی فەرەنسادا بوو. لەو ساڵەدا ئەنجومەنی نوێنەران دامەزرا و دەستوری وڵاتەکەی پەسندکرد و بەنگەوازی یەکەم کۆماری عەرەبی بە ناوی کۆماری لوبنانەوە کرا «**١١٧ ل٣٩ \ ٥٣\٥٢**».

هۆکاری ئەوەی پرۆسەی هەوڵدانی چاکسازی دەستوری و دامەزراندنی سیستمی کۆماری لە لوبنان و سوریادا زوو دەستیپێکرد، بە پلەی یەک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە چیاکانی لوبنان و ناوچە کەنار دەریاکانی سوریا، پێشتر لە زۆر شوێنی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەشەکردنی بازرگانی و شاری بازرگانی بەهێز تیایاندا پەرەی سەند و بەهۆی ئەوەوە پیشەسازی سەرەتایی و پیشەیی و کاری بانکی تیایاندا بەهێز بوو و هەروەها لەچاو ناوچەکانی تردا چینوتوێژ و هێزی نوێیی تیایاندا بەهێزتر بوو.

پێکهاتە ناموسڵمانەکانی ناوچەکە هەر لە کۆنەوە رۆڵی گرنگیان هەبوو لە بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و زۆرداری دەوڵەتی عوسمانی و سیستمی فیوداڵی خێڵەکی. لەبەرئەوەی دواتر فەرەنسییەکان پارێزگاریان دەکردن، بەهەمان ئاستی تورکیای عوسمانی رووبەڕووی سەرکوتکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی نەبوونەوە. لەبەرئەوە ئەم پێکهاتانە لە دوو رووەوە رۆڵی گرنگیان هەبوو. یەکێکیان رۆڵی هەوڵدانی چاکسازیی سیاسی و یاسایی و دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر، دووەمیان رۆڵی گرنگیان بینی لە هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری ناوچەکە و بزووتنەوەی ناسونالیستی عەرەبی تیایاندا «**٢٩ ل٦٤**».

لە کاتێکدا لە تورکیای عوسمانی توێژێک لە تورک ئاڵای ناسونالیزم و سەربەخۆییان بەرزکردەوە و کەوتنە ئازاردانی پێکهاتە ناموسڵمان و نەتەوەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تر، بە پێچەوانەوە لە ویلایەتەکانی سوریای گەورە، پێکهاتە ناموسڵمانەکان بوون رۆڵی گرنگیان بینی لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبدا. بۆیە شتێکی سەیرنیە، کە دامەزرێنی پارتی بەعسی عەرەبی کریستیان بوو.
چینوتوێژە نوێیەکان و پێکهاتەکانی سوریای گەورە هێندە بەهێز بوون، کە بتوانن رۆڵی گرنگ لە هەوڵدان بۆ چاکسازی سیاسی و یاسایی و دامەزراندنی سیستمی کۆماری ببینن، بەڵام ئەو توانایەیان بەشی ئەوەی نەکرد، بتوانن سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر و سەربەخۆ دامەزرێنن، بۆیە ئەو وڵاتانە رووبەڕووی دابەشکردن و پاشکۆیی بوونەوە.
فەڵەستین و ئوردن بەشێک بوون لە سوریای گەورە. ساڵی **١٩٢٢** ئوردن بەشێوەی عێراق لەلایەن خزمێکی بنەماڵەی شەریفی مەککەوە شانشینی ئوردن تیایدا دامەزرا و فەڵەستین هەتا ساڵی **١٩٤٨** لەژێر ئینتیدابی ئینگلتەرا مایەوە «**٥٣\٥٢**».

## شکستهێنانی شۆڕشی دەستوری و داڕمانی دەوڵەتی قاجار

لە ئێران هەر بەچەشنی تورکیای عوسمانی لەم قۆناغەدا باڵانسی هێزەکان گۆڕان و پرۆسەی بزووتنەوە و شۆڕشی دەستوری و دواتر شکستهێنانی روویدا. بەڵام ئێران خاسڵەتی تایبەتی هەبوو لە مێژووی کۆن و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا. ئەو خاسڵەتە تایبەتییانە بەشێوەیەکی جیاواز لە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ ئەو زەمینە نوێیە ئاوێتەبوو و پرۆسەی گۆڕانکاری تیایدا شێوازێکی جیاوزی گرتەبەر. لێرەدا، پێش ئەوەی باسی دینامیکی گۆڕانکارییەکان بکەین پێویستە گرنگترین ئەوتایبەتییانە لە چەند خاڵێکدا باس بکەین.

### دروستنەبوونی توێژێکی رادیکاڵ لە ریزەکانی سوپادا

هەتا ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دۆڕا، هیچ هێزێکی دەرەکی لە تورکیای عوسمانیدا وجودی گەورەی نەبوو و تەرەفێکی کاریگەر نەبوو لە ململانێکانی ناوخۆدا. رۆڵی کاریگەر و وجودی ئەوانە تەنها لە ویلایەتەکانی دەرەوەی تورکیای عوسمانیدا بوون، بەڵام لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێران ئەمە پێچەوانە بوو.
بەهۆی ئەوەی ئینگلتەرا و روسیا لەسەر ئاستی ململانێ جیهانیەکانی ئەوسا هەتا دەهات لەیەک نزیک دەبوونەوە، ساڵی ١٩٠٧ ناوچەی دەسەڵاتیان لە وڵاتەکەدا بە فەرمی لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد و دواتریش لە شەڕی یەکەمی جیهاندا کەوتنە بەرەیەکەوە «١٠٣ ل٢٤». ناوچەکانی دەسەڵاتیان تەنیا لە رووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە نەبوو، بەڵکو وجودی سەربازیشیان هەبوو. ئەمە هاریکاری ئەو دوو دەوڵەتەی زیادکرد بۆ کۆنترڵکردنی وڵاتەکە و رووداوەکانی بە ئاراستەیەکدا برد، کە لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا بێت. بەدەستپێکردنی شەڕی جیهانی و زیادبوونی لەشکری ئەو دەوڵەتانە لە وڵاتەکەدا، دەوڵەتی قاجارلە گوێ رایەڵ بوون بەولاوە بۆ ئەو دوو دەوڵەتە هیچی تری لەبەردەمدا نەمابوو. لەهەمانکاتدا ئەوانە بوونە لایەنێکی کاریگەر لە بزووتنەوەی دەستوری و دەرئەنجامەکانیدا «١٠٥ ل٢٨٦».

### هێزی چەکداری دەرەکی لایەنێک بوو لە ململانێ ناوخۆییەکاندا

هەتا ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا دۆڕا، هیچ هێزێکی دەرەکی لە تورکیای عوسمانیدا وجودی گەورەی نەبوو و تەرەفێکی کاریگەر نەبوو لە ململانێکانی ناوخۆدا. رۆڵی کاریگەر و وجودی ئەوانە تەنها لە ویلایەتەکانی دەرەوەی تورکیای عوسمانیدا بوون، بەڵام لە ئێران ئەمە پێچەوانە بوو.
بەهۆی ئەوەی ئینگلتەرا و روسیا لەسەر ئاستی ململانێ جیهانیەکانی ئەوسا هەتا دەهات لەیەک نزیک دەبوونەوە، ساڵی ١٩٠٧ ناوچەی دەسەڵاتیان لە وڵاتەکەدا بە فەرمی لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد و دواتریش لە شەڕی یەکەمی جیهاندا کەوتنە بەرەیەکەوە «١٠٣ ل٢٤». ناوچەکانی دەسەڵاتیان تەنیا لە رووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە نەبوو، بەڵکو وجودی سەربازیشیان هەبوو. ئەمە هاریکاری ئەو دوو دەوڵەتەی زیادکرد بۆ کۆنترڵکردنی وڵاتەکە و رووداوەکانی بە ئاراستەیەکدا برد، کە لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا بێت. بەدەستپێکردنی شەڕی جیهانی و زیادبوونی لەشکری ئەو دەوڵەتانە لە وڵاتەکەدا، دەوڵەتی قاجارلە گوێ رایەڵ بوون بەولاوە بۆ ئەو دوو دەوڵەتە هیچی تری لەبەردەمدا نەمابوو. لەهەمانکاتدا ئەوانە بوونە لایەنێکی کاریگەر لە بزووتنەوەی دەستوری و دەرئەنجامەکانیدا «١٠٥ ل٢٨٦».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سروشتی دژواری ململانێی نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی دەستوری

توندڕەویی دەوڵەت و فیوداڵ و دەسەڵاتداری خۆجێیی ناوچەکان، چەوساندنەوەی بێ ئەندازەی مسکێن و جوتیارە بچوکەکان و دەرپەڕاندنیان لە زەویەکانیاندا، وایکرد کە ژمارەیەکی هێجگار زۆر لەوانە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە رووبکەنە شارەکان. لەگەڵ ئەوەی بەرهەمهێنانی پیشەیی و پیشەسازی خۆماڵی گەشەکردنی بەخۆوە بینی، بەڵام توانای نەبوو دەرفەتی کار بۆ ئەو ژمارەگەورە بێکارە دابین بکات، لەبەرئەوە لەشکرێکی گەورەی بێکار لە شارەکاندا دروستبوو.

ساڵی **١٩١٤**، **٦٥**هەزار کرێکار لە پیشەسازی فەرشدا کاریان دەکرد، **٢٠** هەزار قوماش، **١٥** هەزار لە وەرشە پیشەییەکان و دەوروبەری **٧-٨** هەزار لە کۆمپانیاکانی پترۆلدا. سەرەڕای ئەوە لە کێڵگە گەورەکانی بەرهەمهێنانی بەروبوومی کەرەسەی خاوی وەکو توتن و لۆکە، ژمارەیەکی زۆر کرێکاری کشتوکاڵی کاریان دەکرد. بەڵام ئەم دەرفەتی کارانە لەچاو ژمارەی خەڵکی بەتاڵدا زۆر بچوک بوون، بۆیە ژمارەیەکی زۆریان بۆ کارکردن روویان لە دەوڵەتە دراوسێکان کردە. ساڵی **١٩١٤** نزیکەی **١** ملیون ئێرانی بۆ کارکردن ئاوارەی دەوڵەتی عوسمانی و روسیا بوون. نیوەی ئەوانە لە ناوچەکانی قەفقاس و باشوری روسیا کاریان دەکرد «**١٥** ل **٦٢**».

وەکو پێشتر باسمانکرد لە روسیای قەیسەری لەسەرەتای سەدەی بیستدا بەهۆی چەوساندنەوەی بێ ئەندازەی کرێکار و جوتیاران لەو وڵاتەدا، شانبەشانی شۆڕشی دەستوری لە وڵاتەکەدا بزووتنەوەی سۆسیال دیموکرات لەناو کرێکاراندا زۆر بەهێزبوو. ئەو بزووتنەوەیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەو کرێکارە ئێرانیانە هەبوو، کە لەو وڵاتەدا کاریان دەکرد. لە کاتی گەڕاندنەوەی ئەوانە بۆ ئێران یان هاتوچۆکردنیان، ئەو ئایدۆلۆژیەیان لەگەڵ خۆیان هاورد دەکرد. ئەم چینوتوێژانە شانبەشانی مسکێن و جوتیارە هەژارەکان لە ئێران، لەچاو دەوڵەتی عوسمانیدا رۆڵێکی گرنگ و گەورەتریان بینی لە بزووتنەوە و شۆڕشی دەستوریدا.

هەڵبەتە ئەم چینوتوێژانە رۆڵی گرنگیان لە مانەوە و سەرکەوتنی شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی ئەوروپای رۆژئاوادا هەبوو، بەڵام لە ئێراندا رۆڵیان جیاوازبوو. لە رۆژئاوای ئەوروپا چینی برژوا زۆر بەهێز و بە تواناتربوو، ئەوانە بوون دەرفەتی کاریان بۆ ئەو کرێکارانە خوڵقاندبوو، کە سەرقافڵەی گۆڕانکارییەکان بوون. ئەگەرچی کرێکاران لە پرۆسەکەدا داوای پچڕینی مافەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیـان دەکـرد، بـەڵام ئایدۆلۆژیـای رادیـکاڵ و هەوڵـدان بـۆ دامەزراندنـی سیسـتمی سۆسیالیسـت و دژایەتیکردنـی بـرژوا بـەو شـێوەیە نەبـوو.

لـە ئێـران چینـی بـرژوای خۆماڵـی بەهێـز و دەرفەتـی کاری زۆر نەبـوو، ئـەوەی گەشـەی دەکـرد و بـەرەو پێشـەوە دەرۆیشـت بازرگانـی دەرکـی بـوو. بـرژوای خۆماڵـی ئێـران بـە بەرهەمهێنەرەکانـی شـار و لادێ و بازرگانەکانـەوە پێویسـتی پاڵپشـتی چینوتوێژەکانـی خـورەوە بـوو بـۆ گەشـەکردن و دابینکردنـی دەرفەتـی کاری نـوێ بـۆ هەزارەهـا کەسـی خەڵکـی بێـکاری وڵاتەکـە «١٥ ل١٩٧». بۆیـە لێـرەدا بزووتنـەوەی رادیکاڵـی چـەپ لـەم قۆناعـەدا رۆڵێکـی دووفاقییـان لـە بزووتنـەوەی دەسـتوریدابینی.

رۆڵـی بزووتنـەوەی رادیکاڵـی لـە شۆڕشـی دەسـتوریدا و بەهێـز و گرنـگ بـوو. لـەو رێگەیـەوە ژمارەیەکـی زۆر لـە چینوتوێـژە کارکـەرەکان لـە کرێـکار و جوتیـار و خەڵکانـی بێـکار بەشـداری لـەو بزووتنەوەیـدا کـرد. بـەڵام لەهەمانکاتـدا باڵێـک لـەو بزووتنەوەیـە رۆڵێکـی توندڕەوانەیـان هەبـوو و خەونـی دامەزرانـدی سۆسـیالیزم کەوتبـووە کەلەیانـەوە و دژایەتـی باڵەکانـی تـری بزووتنـەوەی دەسـتوریان دەکـرد. بـرژوای خۆماڵـی ئێـران بێجگەلـە لایەنـی دەرەکـی و شـا و فیـوداڵ و دەسـەڵاتی ئایینـی، باڵـی رادیکاڵیـش بـووە بـەرەی سـێیەم دژیـان. ئەمـە لـە لەیەکـەوە بـووە هـۆکاری زیادبوونـی ململانـێ لەنـاو ریزەکانـی بزووتنـەوەی دەسـتوری و فاکتەرێکـی گرنگـی تـر بـۆ لاوازبـوون و شکسـتهێنانی. لەلایەکـی ترەوە بـووە هۆی ناسـەقامگیریی بـازاڕی ناوخـۆ و لاوازبوونـی گەشـەکردنی پیشەسـازی و بازرگانـی خۆماڵـی و لـە بەرامبـەردا بەهێزبوونـی لایەنـی دەرەکـی و رێبـازی پاشـکۆیەتی. لەهەمانکاتـدا بـووە هـۆکاری دروسـت نەبوونـی دەرفەتـی کاری نـوێ بـۆ ئـەو خەڵکـە بێـکار و هـەژارەی وڵاتەکـە. کەمـی دەرفەتـی کار و بـەرزی رێـژەی بەتاڵـی کاردانـەوەی خراپـی هەبـوو لەسـەر ئـەو کرێـکار و مسـکێنانەی کـە کاریشـیان دەکـرد، چونکـە بـووە هـۆکاری دابەزینـی موچـە و کەمبوونـەوەی داهاتەکانیـان «١٥ ل٢١٠».

## رۆڵی گرنگی دەسەڵاتی ئایینی لە ململانیەکاندا

لـە کاتێکـدا سـوپا لـە تورکیـا رۆڵـی گرنـگ و یەکلاکردنـەوەی بینـی لـە تورکیـای عوسـمانیدا، لـە دەوڵەتـی قاجـار دەسـەڵاتی ئایینـی نەیتوانـی رۆڵـی یەکلاکـەرەوە ببینـی، بـەڵام رۆڵـی گرنگـی بینـی لـە بەڕێوەچوونـی بزووتنـەوەی دەسـتووری و دەرائەنجامەکانیـدا.

هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە بێجگە لە دروستبوونی هەندێ تەیاری فیکری و ئایینی جیاواز لە ئایدۆلۆژیای تەقلیدیی شیعە، بەشێوەیەکی گشتی بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتی ئایینی پشتگیری سوڵتان و لایەنی دەرەکی و هێشتنەوەی سیستمی فیودالی خێڵەکیان دەکرد، بەڵام لە کۆتایی سەدەکەدا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەوڵەتەکە و سروشتی چین و هێزەکاندا روویدا، جیاوازی کەوتە ریزی دەسەڵاتی ئایینیش و دابەشبوون بەسەر چەند باڵێکدا «١٠٥ ل٢٧٨».
دەسەڵاتی ئایینی شیعە بە گشتی بوونە سێ بەشەوە. زۆرینەیان هەروەکو پێشتر پاڵپشتی شا و سیستمی فیودالی خێڵەکی و مانەوەیان کرد. ئەمانە دژی هەموو چاکسازییەک بوون و دەیانویست بەپێی شەریعەتی ئیسلام و مەزهەبی شیعە، وڵات وەکو پێشتر بەڕێوەببرێت. بەشی دووەمیان چوونە پاڵی لایەنی دەرەکی و بازرگانی گەورە و فیودالی موڵکداری پاشکۆوە. ئەمانە لەگەڵ چاکسازی و لاوازکردنی دەسەڵاتی شا و بزووتنەوەی دەستوریدا بوون، بەڵام رێگربوون لە دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر کە گەرەنتی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری وڵاتەکە بکات. بەشی سێیەمیان بەشێوەیەکی گشتی کەوتنە بەرەی شۆڕشی دەستوری و پشتگیریکردنی برژوای بەرهەمهێنەر و بازرگانە خۆماڵییەکان «٧٠ ل١١٧».
لەم قۆناغەوە ململانێ لەنێوان ئەم رێبازە جیاوازانەدا لە ریزەکانی دەسەڵاتی ئایینی شیعەی وڵاتەکە دەستیپێکرد و هەتا ئێستا بە شێوازی جیاواز هەر بەردەوامە. ئەو دەسەڵاتە بە هێشتنەوەی پرنسیپەکانی فیودالی خێڵەکی هەمیشە توێژەکانی هەوڵی هاوپەمانیکردنی لەگەڵ چینوتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بەستووە. چاوخشاندنێک بە چۆنیەتی دروستبوونی کۆماری ئیسلامی لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستدا و رەفتارەکانی ئەمڕۆی لە ئێران و ناوچەکەدا ئەوە دەسەلمێنێ «٩٩».
لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی دەسەڵاتی دەوڵەتی سەفەوی و ئەفشار و قاجار لە وڵاتەکەدا هەتا کاتی داڕماندنی سیستمەکەلە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، هەمیشە خێڵە تورکەکان حوکمڕانییان کردووە، بەڵام بەهۆی رۆڵی گرنگی شیعە لە وڵاتەکەدا و دانی ناسنامەیەکی شیعە پێی، کە لەژێر چەتری ئەودا وڵاتەکە بە یەکگرتویی مایەوە، دەمارگیری نەتەوایەتی لەم قۆناغەدا لە ریزەکانی برژوای ئێران بەشێوەی دەوڵەتی عوسمانی رەگی دانەکوتی «١٥ ل١٩٩».
ململانێی ئایدۆلۆژی لە نێوان باڵەکانی ناو خودی شیعەکان و ململانێی ئایدۆلۆژی بەردەوامیان لەگەڵ سوونە و مەزهەب و رێبازە نوێیکاندا لە سەدی نۆزدەدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و سەرەڕای ئەوە بەهێزبوونی ئایدۆلۆژی سۆسیالیزمی رادیکاڵی بێ بوونی بنەمایەکی ئابوری کەپیتالیستی بەهێز لە وڵاتەکەدا، ململانێی ئایدۆلوژی لە نێوان باڵ و رێبازە جیاوازەکانی بزوتنەوی دەستوری زۆر خەست و دژوارکرد. ئەو ململانێ ئایدۆلوژیە وایکرد، کە بەشێکی زۆر لە پارت و رۆشنبیرانی وڵاتەکە لەباتی بە کردەوە و دارشتنی پرۆگرامی گونجاو لەگەڵ واقعی کۆمەڵگەکەدا کاربکەن، کەوتنە گێژاوێکی ئایدۆلۆژی و بازنەیەکی داخراوی رۆمانسی سیاسییەوە. راستە ئەمە بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە، بەڵام ئەمە لە ئێران زیاتر بوو «**١٥** ل**٢١٩**».

## تایبەتمەندی لە دەرهێنان و فرۆشتنی پترۆڵدا

لە ساڵەکانی **١٨٩٠**دا وەک پاشکۆیەک بۆ رێکەوتنامەی رویتری ساڵی**١٨٧٢**، رێکەوتنامەیەکی بە ناوی دارسی لە نێوان کۆمپانیایەکی پترۆڵی ئینگلیزی و دەوڵەتی قاجار بۆ دۆزینەوە و دەرهێنان و فرۆشتنی پترۆڵ کرد. ئەو رێکەوتنامەیە بۆ ماوەی **٦٠** ساڵ بوو. لەبەرامبەردا کۆمپانیاکە دەبوایە پێشەکی **٢٠**هەزار پاوەندی بدایە بە دەوڵەتی ئێران، هەروەها ساڵانە **١٦٪** ی قازانجی سافی پێبدایە «**١٥** ل**١٦٠**».

ساڵی **١٩٠٨** پترۆڵ دۆزرایەوە و دوای ساڵێک کۆمپانیای فارسی- ئینگلیزی بە کەپیتاڵی دوو ملیون پاوەند بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرا. ساڵی **١٩١٢** دەستکرا بە دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت. لەبەر رۆڵی گرنگ و گەورەبوونی پرۆژەکە، ئینگلتەرا وەکو دەوڵەتێک بوو بە شەریک لە کۆمپانیەکەدا.

بۆ پاراستنی ئاسایشی کار و بەرژەوەندیی کۆمپانیاکە و بیرە نەوتەکان، کۆمپانیاکە راستەوخۆ رێکەوتنامەی لەگەڵ فیوداڵ و دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچانە بەست. لە دوای چوار ساڵ کەپیتاڵی کۆمپانیاکە لە **٢** ملیون پاوەندەوە ساڵی **١٩١٦**گەیشتە **٢١**ملیون پاوەند «**١٥** ل**١٦٣**».

دۆزینەوە و دەرهێنان و هەناردەکردی پترۆڵ لەو وڵاتەدا کاریگەری گرنگی هەبوو. یەکەمیان زیادبوونی گرنگی ئێران بوو بۆ سەرچاوەی وزەی سەرمایەداری جیهان. دووەمیان بە تایبەتمەندیی وڵاتەکە بوو لە دەرهێنان و فرۆشتنی پترۆڵدا. ئەمە لەلایەکەوە بووە هۆکاری ئەوەی وڵاتەکە هەتا دەهات زیاتر پشت بە داهاتی فرۆشتنی پترۆڵ ببەستێت، کە لەلایەکەوە وڵاتەکی زیاتر زەلیلی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان و بەرز و نزمبوونەوەی نرخی پترۆڵ لە جیهاندا کرد. لەلایەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ترەوە هاتنی کەپیتالێکی زۆر بۆ وڵاتەکە و ئیمتیازدان بە کۆمپانیا بێگانەکان، لە باتی ڕێگە خۆشکردن بۆ گەشەکردنی پیشەسازی خۆماڵی و چاکسازی و گەشەپێکردنی کەرتی کشتوکاڵی، کڕینی بەروبوومی دەرەکی زیاترکرد «٧ ل١٦٢». لایەنێکی نێگەتیڤی تری ئەو تایبەتمەندییە، ڕێگە خۆشکردن بوو بۆ دروستبوونی دەستەبژێری دەسەڵاتدرانی نوێ، کە لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دەستگای دەوڵەتەوە داهاتێکی زۆری پترۆڵ بکەوێتە دەستیان و لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتی تاکرە و دیکتاتۆریەتی خۆیان بسەپێنن. پترۆڵ لەباتی ئەوەی ببێتە فاکتەرێک بۆ بەهێزبوونی ژێرخانی ئابوری وڵاتەکە و دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوان و سەربەخۆ، بوو بە فاکتەرێک، کە پاشکۆیەتی وڵاتەکە زیاتر بکات و ڕێگە خۆشبکات بۆ دامەزەاندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەر تەسکی دیکتاتۆر.

## ملدان بەرەو پاشکۆیەتی و دیکتاتۆریەت

لەگەڵ ئەوەی بەهۆی برسێتی و کوشتن و نەخۆشیەوە زیاتر لە ١ ملیون ئێرانی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەناوچوون، لە نێوان ساڵی ١٨٩٠-١٩٢٦دا ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە لە ٩ ملیونەوە زیادیکرد بۆ ١١،٤ ملیون. بەهۆکاری سروشتی و کۆچکردنی دانیشتوان لە لادێوە بۆ شار، لە نێوان ساڵەکانی ١٨٦٧-١٩١٣ ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لە ٥٩١،٠٠٠ زیادیانکرد بۆ ١،١٨٠،٠٠٠کەس. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٢-١٩٢٢ بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەیی و پیشەسازی و بوژاندنەوەی بازرگانی و هەناردەکردنی پترۆڵەوە و زیادکردنی ڕێژە و جۆری باجەکانەوە، داهاتی دەوڵەت ٣، ٤ هێندە زیادیکرد. بەڵام خەرجیی دەوڵەت لەهەمات ماوەدا ٣، ٦ هێندەی لێهات. بەمانایەکی تربودجەی دەوڵەت لەو ماوەیەدا بەردەوام کورتی هێناوە «١٥ ل٨٣-٩٢».

هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدە بێجگەلە توێژی ئۆروستۆکراتی، دەستگاکانی خوێندن و فێربوونی زۆرینەی هاولاتیان هەر وەکو کۆن بەدەست دەسەڵاتی ئایینیەوە بوو. بەڵام لەوکاتەوە چینەکانی ناوەڕاست دەستیانکرد بەوەی کە منداڵەکانیان بخەنە قوتابخانە هاوچەرخەکانەوە. لە کاتێکدا ساڵی ١٩٠١ ژمارەی ئەو قوتابخانانە تەنها ٢١ دانە بوون، ساڵی ١٩٢٤ ژمارەیان گەیشتە ٣٢٨٥ قوتابخانە. ساڵی ١٩٠١ تەنها ١٪ دانیشتوان تونای خوێندن و نووسینیان هەبوو، بەڵام ساڵی ١٩٢٤ گەیشتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠٪ «١٥ ل١١٦».
لــە نێــوان ســاڵەکانی ١٨٦٠-١٩٢٦ هاوردەکردنــی ئێــران لــە ٢،٥ ملیــون پاوەنــدەوە زیادیکـرد بـۆ ١٢،٢ ملیـون. بـەڵام هەناردەکـردن لـە ١، ٥ ملیونـەوە زیادیکـرد بـۆ ٢٢،٢٤ ملیــون. زیادبوونــی هاناردەکــردن بــەو قەبــارە مەزنــە بــۆ بەهێزبوونــی ژێرخانــی ئابـوری وڵاتەکـە ناگەڕێتـەوە، بەڵکـو بەڕێـژەی یەکـەم بـۆ دەرهێنـان و هەناردەکردنـی پتـرۆڵ دەگەڕێتـەوە. ئەمـە بـووە هـۆکاری ئـەوەی کـە سـەنگی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی دەرەوە بــە بەردەوامــی لــە زەرەری وڵاتەکــەدا بێــت. ئــەو زەرەرە ســاڵی ١٨٦٨ یــەک ملیـون پاوەنـد بـوو، بـەڵام سـاڵی ١٩٢٦ زیادیکـرد بـۆ٨،٦٢ ملیـون «١٥ ل١٥٧».
هــەر وەک پێشــتر دوای ســاڵی ١٩٠٠، قەرزکــردن و ئیمتیازاتــی بێگانــە لــە وڵاتەکــەدا لــە زیادبوونــدا بــوو. ســاڵی ١٩١٤ وەبەرهێناناتــی روســیا لــە وڵاتەکــەدا گەیشــتە ٧،١ ملیـون پاونـد و ئینگلتـەرا ٧،٩ پاونـد. بـەڵام هەتـا دەهـات رۆڵـی ئابـوری ئینگلتـەرا لەچـاو روسـیادا زیـادی دەکـرد. بەهـۆی زیادبوونـی داهاتـی ئێـران بەهـۆی داهاتـی پترۆڵـەوە، سـاڵی ١٩٢٠ روسـیا تەنهـا ٧٥٠هـەزار پاونـد قـەرزی لای ئێـران مابـوو، ئینگلتـەرا ٤ ملیـون پاونـد. دوای شۆڕشـی ئوکتوبـەر لـە روسـیا، سـاڵی ١٩٢٥ دەوڵەتـی سـوڤیەت لـە قەرزەکانـی ئێـران خۆشـبوو. قەرزەکانـی ئینگلتـەرا هاتبـووە خـوارەوە بـۆ ٢ ملیـون پاونـد «١٥ ل١٦٥».
گرێبەسـتی توتـن، کـە سـاڵی ١٨٨٩ لـە نێـوان کۆمپانیـا ئینگلیزییـەکان و دەوڵەتـی قاجـار مۆرکـرا، بـووە فاکتەرێـک بـۆ راپەڕینـی خەلـک دژی مۆنۆپۆڵـی بێگانـە بەسـەر وڵاتەکـە و حوکمـی رەهـای دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدارانی قاجار. لەو رۆژەوە پرۆسـەی چاکسـازی سیاسـی و ئابـوری لـە دەسـتی دەسـتەبژێری ئۆروسـتۆکراتییەوە کەوتـە دەسـت چینوتوێـژە نوێیەکانـی کۆمەڵگـە.
گرێبەسـتی توتـن، بزووتنەوەیەکـی جەمـاوەری گـەورەی بەنـاوی بزووتنـەوەی توتـن لـێ دروسـتبوو. ئـەو بزووتنەوەیـە بناغـەی بـۆ بزووتنـەوە و شۆڕشـی دەسـتوری سـاڵی١٩٠٦ دانـا. نـاڕازی و راپەڕینـی خەڵکـی شـارە گەورەکانـی وڵاتەکـەی گرتـەوە، لەوانـە تـاران، تەورێـز، شـیراز، ئەسـفەهان و مەشـهەد، کـە ناوەنـدی بەرهەمهێنـان و بازرگانـی توتـن بـوو «١ ل٤١».
بەشـێوەیەکی گشـتی خەڵکـی شـارەکان بـەم بزووتنەوەیـە هەسـتان. چینوتوێژەکانـی بـرژوای بەرهەمهێنــەری ناوەڕاســت و خــوارەوە، پیشــەیی و بازرگانــی خۆماڵــی و کاسـبکاران، کرێـکاران و هەژارەکانـی نـاو شـارەکان رۆڵـی سـەرەکیان تیـادا بینـی. بــەڵام ئــەو لایەنانــەی کــە ســەرکردایەتی بزووتنەوەکەیــان کــرد بەشــێکی زۆری دەســەڵاتی ئایینی(عولەمـا) و بازرگانـە گـەورەکان بـوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگەرچی بازرگانە گەورە پاشکۆکان لە زۆر ڕووەوە بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ کۆمپانیا ئینگلیزەکان هەبوو، بەڵام هەوڵدانی مۆنۆپۆڵی بەرهەمهێنان و بازرگانی توتن لای ئەو کۆمپانیایانە زەرەرێکی ئابوری گەورەی لێدەدان و ڕۆڵیانی بەتەواوەتی لاوازدەکرد «**١٠٥ ل٢٧٨**».

عولەما بە گشتی هەمیشە دۆستی شا و پارێزەری سیستمی فیوداڵی خێڵەکی بوون، بەڵام گۆڕانکارییە گەورەکانی سەدەکە و پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانی سروشت و هاوسەنگی چینوتوێژەکانی کۆمەڵگە و هاتنە ناوەوەی بیروڕای سیکۆلاریزم، لە کۆتایی سەدەکەدا ململانێی خستە ناو ریزەکانیانەوە و ترسیان لێ نیشت، کە بەتەواوەتی دەسەڵاتیان لەدەست بچێت. بۆیە چاوەڕاونی دەرەفتێکیان دەکرد، کە لە ڕێگەیەوە بتوانن هاوپەیمانی نوێ بۆ خۆیان بدۆزنەوە و فشار بخەنە سەر شا، کە سنورێک بۆ گۆڕانکارییەکان دابنێت. سەرەڕای ئەوەی توێژێک لە دەسەڵاتی ئایینی لە بەرهەمهێنان و بازرگانی توتن تێوەگلاو بوون، بەشداریکرن لە بزووتنەوەی توتندا دەرەفتێکی باش بوو بۆیان، کە لە ڕێگایەوە سەر لەنوێ بگەڕێنەوە مەیدانی ململانێی سیاسی و ئایدۆلۆژی.

عولەما و بازرگانە گەورەکان دەستیان بەسەر شارەکان و جموجۆڵی بازرگانیدا گرت بوو، کەس نەبوو شان لە شانیان بدات. ئەمانە وایان لێهاتبوو کە حساب بۆ دەوڵەت نەکەن. لەبەر توانای بێسنووری ئابوری و دەسەڵاتیان. ئەمان بوون ناوچەکانیان بەڕێوەدەبرد و بێ پاڵپشتی ئەمان، دەوڵەت کاروباری بۆ بەڕێوە نەدەچوو.

دەسەڵاتی ئایینی تەنها ڕێکخراوی سەرانسەری و یەکگرتوو بوو لەسەرانسەری وڵاتەکەدا کە لە ڕێگەی مزگەوت و تەکیێ و قوتابخانە ئایینیەکانەوە بتوانن دەنگی خۆیان بگەیەنن بە زۆربەی شوێنەکانی وڵاتەکە و لەو ڕێگەیەوە دەنگی ناڕەزایی خەڵک بقۆزنەوە. لەم ڕێگەیەوە توانیان هێزی خۆیان نیشانی دەستەبژێری دەسەڵاتدار و لایەنی دەرەکی بدەن.

ساڵی **١٨٩٢**عولەما سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەیەکەیان کەوتبووە دەست. لەو ساڵەدا مانگرتن و خۆپیشاندان و بازارداخستن لە شارەکاندا هەتا دەهات زیاتر بڵاوبۆوە. عولەما و بازرگانە گەورەکان وەفدێکی هاوبەشیان بۆلای شا ڕەوانەکرد و بە پشتگیری ڕوسیا ناچاریانکرد ڕێککەوتننامەی توتن هەڵوەشێنێتەوە. بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەوە، ئێران ناچارکرا کە **٥٠٠** هەزار پاوەند غرامە بدات بە کۆمپانیا ئینگلیزییەکە. بۆ دانی ئەوە دەوڵەتی قاجار قەرزێکی نوێی کرد، کە باری وڵاتەکەی قورسترکرد «**١٠٥ ل٢٤٤**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرکەوتنی بزووتنەوەی توتن زەرەرێکی کاتی گەیاندە بەرژەوەندییەکانی ئینگلتەرا لە وڵاتەکەدا. لە بەرامبەردا قازانجی هەبوو بۆ روسیا و دەستەبژێری دەسەڵاتی دەوڵەتی زیاتر ناچاری دەستی ئەو دەوڵەتەکرد. لە رێگەی سەرکەوتنی بزووتنەوەکەوە عولەماکان توانییان سەرلەنوێ پێگەی خۆیان لە دەوڵەتی قاجار بەهێز بکەن. بەڵام ململانێی ناوخۆیان هەر بەردەوامبوو. بەپێی بەرژەوەندی باڵە جیاوازەکانی، دابەشبوون بەسەر بەرەی روسیا و ئینگلتەرادا. توێژێک لێیان کەوتنە بەرەی چینوتوێژەکانی برژوای ناوەند و بچوکی بەرهەمهێنەری شار و لادێکان و تاجیرە خۆماڵی و رۆشنبیرەکان و داوای چاکسازیی سیاسی و یاساییان دەکرد و بوونە باڵێکی گرنگی بزووتنەوەی دەستوری «**١٥ ل٢٠٨**».

ناچارکردنی شا، کە ئەو گرێبەستە هەڵوەشێنێتەوە، چینوتوێژ و هێزە نوێیەکانی بەهێزترکرد، زیاتر بڕوایان بەخۆ پەیداکرد و ترسیان لە جەبەرووتی شا و سیستمی فیوداڵی خێڵەکی شکا. لەپاڵ بەردەوامی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و گەشەکردنی جموجۆڵی فینانس و بازرگانی دەرەکیدا، پیشەسازی سەرەتایی و بەرهەمهێنانی پیشەیی و بازرگانی ناخۆ، بوژاندنەوەی زیاتری بەخۆوە بینی. چەندین کۆمپانیای نوێی خۆماڵی دروست بوون. نمونەی ئەوانە کارگەی شەکر، پیشەسازی قوماشی ئاوریشم، قوماشی لۆکە، فەرش، راکێشانی کارەبا، چاپکردنی کتێب و رۆژنامە «**١٠٥ ل٢٨٤**».

بوژاندنەوەی ئابوری ناوخۆ، رۆڵی چینوتوێژ و هێزە نوێیەکانی لە پرۆسەی چاکسازیدا زیادکرد و جڵەوی چاکسازی کەوتە دەستیانەوە. لەسەرەتای سەدەی بیستدا زۆرینەی خەڵک دەستی شت بوو لەوەی دەستەبژێری دەسەڵاتدار بتوانێ یان خواستی چاکسازی هەبێت، بۆیە رێڕەوی بزووتنەوەکە لە داواکاریکردنەوە بۆ چاکسازی، گۆڕدرا بۆ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتری سەربەخۆ و روخاندنی دەسەڵاتی فیوداڵی خێڵەکی و نەهێشتنی مۆنۆپۆڵی هێزی دەرەکی. چەندین رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهێنرا، لەوانە رێکخراوی پاراستنی پیشەسازی ناوخۆ و چەندین رێکخراوی پیشەیی بەرهەمی جیاواز. چەندین رۆژنامە کە دوای گۆڕانکاریان دەکرد دەرکرا، لەوانە ئەخبار لە ئەستەنبوڵ ، قانون لە لەندەن، تەربیەت لە تاران و هیمەت لە تەورێز. ئەندامی ئەم رێکخراوانە و خوێندەواری ئەو رۆژنامانە بە پلەی یەکەم رۆشنبیر و خوێندەوارانی چینەکانی ناوەڕاست بوون. ئەم رێکخراوانە هێندە ناوبانگیان زیادیکرد، کە بەهۆیەوە هەزارەها لە رۆڵە رۆشنبیرەکانی بنەماڵە ئۆروستۆکراتییەکان چوونە پاڵیان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دوای بزووتنەوەی توتن هەتا ساڵی **١٩٠٦** هیچ چاکسازییەکی ئەوتۆ لە یاسا و دامودەستگاکانی دەوڵەت روویندا. دەتوانین ئەو ساڵانە دابنێین بە ماوەی خۆئامادەکردن و داڕشتنی پلان و خۆڕێکخستنی چینوتوێژ و هێزە نوێیەکان بۆ خولێکی تری هەوڵدان لە پێناوی گۆڕانکاری ریشەیی گەورەتر. ماوەی ململانێ لە پێناوی گەڵاڵەبوونی بنەماکانی شۆڕشی دەستوری و لەهەمانکاتدا دوورکەوتنەوەی دەوڵەتی قاجار لە چاکسازی و لەدەستدانی تەواوی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری ئەو دەوڵەتە «**١ ل٤١**».

ساڵەکانی **١٩٠٤\١٩٠٥** بەهۆی بەردەوامبوون لەسەر هەمان ڕێبازی پاشکۆیەتی و شکستهێنیان، شەپۆلێکی نوێی قەیرانی ئابوری رووبەڕووی وڵاتەکە بۆوە. دەوڵەت چیتر توانانی نەما قەرز و خەرجی قەرزەکانی بداتەوە و بەرەو نابوت بوون دەچوو. بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە، پۆستی وەزارەتی دارایی وڵاتەکە درایە دەست پسپۆڕێکی بەلجیکی.

بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوجە، حوکمەت بڕیاری چەند چاکسازێکیدا، کە بەکردەوە تەنها باری خەڵکی قورستر دەکرد. لەبەرئەوەی دەرەقەتی بازرگانە گەورە و فیوداڵی موڵکداری پاشکۆ و کۆمپانیا بێگانەکان نەدەهاتن، ئەوەی توانایان بوو بیکەن بڕیاری زیادکردنی ڕێژەی باج بوو لەسەر بەرهەمهێنەران و بازرگانی خۆماڵی و کاسبکارەکانی شار، مسکێن و جوتیار و مەلاکی بچوکی لادیەکان. بەهۆی ئەو قەیران و چاکسازییانەو قۆرخی بازاڕ لەلایەن بازرگانە گەورەکانەوە، نرخی کەلوپەل لە بازاڕدا بەرادەیەک بەرزبۆوە، کە چیتر بۆ خەڵکی عامە لە کڕین نەدەهات. نرخی نان بە ڕێژەی **٩٠٪** و شەکر **٣٣٪** زیادیکرد، کە ئەوانە قووتی سەرەکی زۆرینەی خەڵک بوون «**١ ل٤٢**».

بەهۆی ئەمانەوە ساڵەکانی **١٩٠٣\١٩٠٤** چەندین ڕاپەڕین لە شارە گەورەکاندا روویدا. خەڵکی، سەرەک وەزیرانی بە بەرپرسیاری ئەو قەیرانانە دەستنیشان کرد و تۆمەتی نۆکەرایەتی بێگانەیان خستە پاڵی. ساڵی **١٩٠٤** لە باکۆ یەکەم ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتی ئێرانییان بونیادنا. لەهەمان ساڵدا ئەو ڕێکخراوە هەندێ لە ئەندامە چالاکەکانی رەوانەی تەبرێز کرد و تیایدا گروپی موجاهیدینی رادیکاڵیان دروستکرد. ئەو گروپە دەقاودەق پرۆگرامی بەلشەفی روسەکانی وەرگێرابوو و کردبوویان بە پرۆگرامی خۆیان. وەجبەیەکی تری کرێکاران لە قەوقاسەوە نێردرانەوە بۆ تاران و لەوێ ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتیان ڕێکخست. ژمارەی چالاکەوانی گروپی موجاهیدنی تەبرێز گەیشتە نزیکەی دوانزە هەزار کەس و رۆژنامەیەکیان بەناوی (موجاهیدین) دەرکرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر ساڵی **١٩٠٤** گروپێکی لیبراڵی مەیل راستڕەو بەدەستی هەندێ توێژی گۆڕانخوازی بازرگانە گەورەکان و فیوداڵی موڵکدار و چاکسازیخوازە رۆشنبیرە گەنجەکانی ئوروستۆکرات دروست بوو. ئەمانە هەتا رادەیەک دژی دەسەڵاتی رەها و مۆنۆپۆڵی بێگانە بوون و پشتگیری بزووتنەوەی دەستوورییان دەکرد. ساڵی **١٩٠٥** گروپێکی لیبراڵ دروست بوو. دەتوانین بڵێین ئەمانە یەکەم رێکخرواى بڕژوای نیشتمانی بوو لە ئێران. چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەکانی بڕژوای ناوەند و بچوک و بازرگانە خۆماڵیەکان لەدەوری کۆبونەوە. توێژێک و چەند کەسایەتێکی چاکخوازی عولەما رۆڵی گرنگیان تیدا دەبینی. داوای دانانی دەستورێکی عیلمانی و ئاسانکاریان دەکرد بۆ گەشەکردنی پیشەسازی و بازرگانی خۆماڵی و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و چاکسازی لە موڵکایەتی زەویوزار. داوای نەهێشتنی حوکمی رەها و مۆنۆپۆڵی سیاسی و ئابوری و سەربازی دەرەکیان دەکرد.
ساڵی **١٩٠٥** بزووتنەوەکە گەیشتە ئاستێکی بەرزتر و زۆربەی شارە گەورەکانی گرتەوە. بازرگان و کاسبکار و بەرهەمهێنەرەکان لە شارەکادا و بەتایبەتی لە تاران کەوتە مانگرتن و داخستنی دوکان و کارگە و شوێنکارکانیان. کرێکاران و هەژارانی شار و رۆشنبیران و عولەما چاکسازیخواز و مەلا هەژارەکان و قوتابییە ئایینیەکان هاتنە پاڵیان «**١٥** ل **٢١٠**».
لەتاران نزیکەی **١٤** هەزار کەس لە ژن و پیاوی چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەکان و رۆشنبیران و پیاوە ئایینییەکان بەشدارییان لە راپەڕینەکەدا کرد. زیاتر لە **٥٠٠** چادریان لە مەیداندا هەڵدا. بازرگان و پیشەییەکان بە خواردن و چادر و پارە و پێداویستی تر پشتگیریان کردن.
عولەماکانی قوم، داواکاری خەڵکیان لە پەیامێکدا دارشت و خستیانە بەردەمی شا.
داواکارییەکانیان بریتی بوو لە:
- گۆڕینی سەرەک وەزیران.
- رێگەدان بە گەڕانەوەی ئەو عولەمایانەی ئاوارەی دەرەوە کرابوون.
- دەرکردنی یاسایەک بۆ پاراستنی سەر و موڵک و ماڵی خەڵک.
- دامەزراندنی ئەنجومەنێکی نوێنەرانی نیشتمانی و دانانی دەستور بۆ وڵات.

هاواریان بردە بەر قونسوڵخانە بێگانەکان لە تاران. قونسوڵخانەی ئینگلتەرا پاڵپشتی خۆی بۆ ناڕەزایی خەڵک پیشاندا، بەڵام قونسوڵخانەی روسیا دژیان وەستانەوە و پشتگیری خۆیان بۆ شا و حکومەتی قاجار دەربڕی. هۆکاری پشتگیری ئینگلتەرا بۆ بزووتنەوەی دەستوری لەلایەکەوە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە لای ئەوان سیستمی بەڕێوەبردنی فیوداڵی رێگربوو لە گەشەکردن و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوژاندنـەوەی بـازاڕی سـەرمایەداری و بەسـتنەوەی بـازاڕی ئێرانـی پێـوەی. لەلایەکـی تـرەوە رەنگـە ئەگـەر ئـەو بزووتنەوەیـە سـەری بگرتایـە و واقعێکـی تـر دروسـت ببوایـە، ئـەوان بیانتوانیایـە بـە ئاسـانتر مامەڵـە لەگەڵیـدا بکـەن، وەکـو مامەڵەکـردن لەگـەڵ سیسـتمێکی داخـراوی وەکـو قاجـار. لەهەمانکاتـدا بەسـەرکەوتنی ئـەوە دەیانتوانـی رۆڵـی روسـیا لـە وڵاتەکـە لاواز بکـەن. باڵوێزخانـەی دەوڵەتـی عوسـمانی بێلایـەن وەسـتا و رۆڵـی ناوبژیکـەری دەبینـی.

مانگـی هەشـتی **١٩٠٦** شـا رازی بـوو بـە داواکارییـەکان و بەڵێنیـدا ئامـادەکاری بکرێـت بـۆ دانانـی دەسـتور و پێکهاتنـی کابینەیەکـی نـوێ. بڕیـاری هەڵبژاردنـی ئەنجومـەن درا، کـە لـە نوێنەرانـی پیاوانـی بنەماڵـەی شـا پێکبێـت ، رۆشـنبیران، عولەمـا، سـەرکردەکانی خێڵاکانـی قاجـار، ئەشـراف و نوبـەلا، فیوداڵـە موڵکدارەکان، بازرگانـە گـەورەکان، پیشـەیی و خـاوەن پیشـە و بـازرگان و کاسـپکاران و هەروەهـا ئـەو جوتیارانـەی کـە قیمەتـی موڵکەکانیـان لـە (٢٠٠) پاونـد زیاتـر بـوو «**٣٠** ل**٢١٤**».

ئەنجومەنـی شـورای میللـی سـاڵی **١٩٠٦** پێکهێنـرا و سـاڵی **١٩٠٧** دەسـتوری وڵات لەلایـەن ئەنجومەنـەوە پەسـندکرا. زۆربـەی بەندەکانـی دەسـتور کۆپییەکـی دەسـتوری بەلجیکا بـوو کـە سـاڵی **١٨٣٠** بـۆ ئـەو وڵاتـە دانرابـوو. بەهـۆی فشـاری عولەمـاوە بۆئـەوەی دەسـتورەکە لەگـەڵ شـەریعەتی ئیسـلامدا بگونجێـت هەنـدێ گۆڕانـی تیاداکـرا و بەنـدی نوێـی بـۆ زیادکـرا. بـۆ ئـەو مەبەسـتە کۆمیتەیەکیـان لـە پێنـج پسـپۆڕی ئایینـی پێکهێنابـوو. کاری ئەوانـە کۆنترۆڵکردنـی بەندەکانـی دەسـتور بـوو، کـە بـە بەپێچەوانـەی شـەریعەتەوە نەبێـت. بەندەکانـی ئـەم دەسـتورە لـە دەسـتوری دەوڵەتـی عوسـمانییەوە نزیـک بـوو.

دانانـی دەسـتور هەنگاوێکـی گـەورە بـوو بـۆ پێشـەوە. دەسـتور رێگـەی بـۆ دانـان و کارپێکردنـی یاسـا خۆشـکرد. ئـەو یاسـایانە ئاسـانکاری و دەرفەتـی بـۆ گۆڕانـکاری رەخسـاند. سنورێکی یاسـایی دانـا بـۆ چۆنیەتـی دانـان و رۆڵ و دەسـەڵاتەکانی شـا و حکومـەت. ئەنجومـەن هەتـا رادەیـەک مافـی چاودێریکردنـی کاروبـاری حکومەتـی پێدرابـوو. لەگـەڵ هەمـوو ئەمانـەدا ئـەم دەسـتورە کـەم و کـوڕی زۆری تێدابـوو، کـە پێویسـتی بـە گۆڕانـکاری دەکـرد.

- بەپێـی ئـەو دەسـتورە، ئەنجومـەن و شـا وەک یـەک مافـی دانـان و پەسـندکردن و لەغوکردنـی یاسـاکانیان هەبـوو. شـا هەمـوو کاتێـک دەرفەتـی ئـەوەی هەبـوو، کـە رێگـری لـە دانانـی یاسـایەک بـکات لـە بەرژەوەنـدی و خواسـت خـۆی و دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدارا نەبوایـە.
- ژمارەیەکـی زۆر لـە یاسـاکان لەسـەر بنەمـای ئەخلاقـی و ئایینـی دارێژرابـوو،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـە زۆرجـار لەلایـەن دەزگا ئایینـی و قەزاییەکانـەوە لێکدانـەوەی جیاوازیـان بـۆ دەکـرا. دەتوانـرا پێـچ و پەنایـان تیـادا بکرێـت و لـە کەیسـێکەوە بـۆ کەیسـێکی تـر بەکارهێنانیـان جیـاوازی تێکەوێـت.

- تەنها ٥٪ خەڵکی وڵات مافی خۆ هەڵبژاردن و دەنگدانی هەبوو.
- دەستور ماف و بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتانی وەک یەک نەدەپاراست.
- بەپێی دەسـتور مەزهەبـی شـیعە ئایینـی فەرمـی دەوڵـەت بـوو. وەزیـرەکان دەبوایـە شـیعە بوونایـە «١٠٥ \ ١ \١٥».

دوابـەدوای ڕووداوەکانـی سـاڵی ١٩٠٦ ژمـارەی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی هەتـا دەهـات زیـادی دەکـرد. لەسـەرەتادا لـە شـارەکانی باکـور دروسـت بـوون و دواتـر پلیانـدا بـۆ ناوەڕاسـت و باشـور. سـاڵی ١٩٠٨ ژمارەیـان گەیشـتە ١٤٠ دانـە. ئـەو ڕێکخراوانـە لەنـاو ریـزی هەمـوو چینوتوێـژ و پێکهاتەکانـی وڵاتـدا دروسـت بـوون و نوێنەرایەتـی ئەوانیـان دەکـرد و هەوڵـی پچڕینـی مافەکانـی ئەوانەیـان دەدا. ئـازادی ڕادەربڕیـن و دەرکردنـی ڕۆژنامـە و چاپەمەنـی بـە ڕێژەیەکـی زۆر زیادیانکـرد. لـە پێـش شۆڕشـی دەسـتوریدا تەنهـا ٦ ڕۆژنامـە دەردەچـوو، بـەڵام لـەو سـاڵەدا ژمارەیـان گەیشـتە ٩٠ دانـە. ئـەو ڕۆژنامانـە ئۆرگانێـک بـوون بـۆ دەربڕینـی ڕا و داواکاری و مافـی چینوتوێـژ و پێکهاتـە جیاوازەکانـی کۆمـەڵ «١٥ ل٢١٨».

هـەروەک دابەشـبوونی چینوتوێـژ و پێکهاتەکانـی کۆمەڵگـە لـە چەنـد بەرەیەکـدا، ئەندامانـی ئەنجومەنـی شـورای میللـی بـە هەمـان شـێوە دابـەش بـوون بەسـەر دوو بـەرەی سـەرەکیدا. بـەرەی کۆنسـەرڤەتیڤ لـە نوێنەرانـی فیوداڵـی موڵکـدار و بازرگانە گـەورە پاشـکۆکان و بەشـی زۆری دەسـەڵاتی ئایینـی و کاربەدەسـتانی دەوڵـەت و سـەربازی پێکهاتبـوون. ئەمانـە ڕێگـر بـوون لـە چاکسـازی ڕەگـو ریشـەیی. بـەرەی دەسـتوری نوێنەرایەتـی چینوتوێـژە نوێیەکانیانـی دەکـرد و هەوڵـی بەردەوامـی پێدانـی چاکسـازی یاسـایی و دەسـتوری دەدا.

بـەرەی دەسـتوری لـە دوو بـاڵ پێـک هاتبـوون. ڕادیکاڵـەکان و مۆدێراتـەکان. مۆدێراتـەکان هەوڵـی چاکسـازی لەسـەرخۆی هەنـگاو بـە هەنگاویـان دەدا. نوێنەرایەتی چیـن و ناوەڕاسـت و خـوارەوەی بـرژوای بەرهەمهێبـەر و بازرگانـە خۆماڵیـەکان و ڕۆشـنبیران و کاربەدەسـتانی خـوارەوەی دەوڵـەت و عولەمـا لیبراڵەکانیـان دەکـرد. ڕادیکاڵـەکان لـە ریـزی کرێـکاران و بێـکار و ئـاوارەی وڵاتەکـەدا بەهێـز بـوون و لەژێر کاریگـەری سۆسـیال دیموکـرات و بیـروڕای بەلشـەفیکدا بـوون. ململانێـی ئایدۆلۆژیـی و سیاسـی تونـد لـە نێـوان ئـەم دوو باڵـەدا هەبـوو، کـە بـەرەی دەسـتوری لاواز دەکـرد و بـەرەی کۆنسـەرڤەتیڤەکانی بەهێزتـر دەکـرد «١٠٥ ل٢٩٠».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێجگەلـە ململانێـی تونـدی نـاو ئەنجومەنـی شـورا هەنـدێ گرفـت و قەیرانـی تـر روویـدا، کـە بـووە کۆسـپ لـە رێگـەی بەهێزبوونـی کاری دەسـتوری و دواتـر شکسـتهێنانی. رێکەوتنامـەی سـاڵی ١٩٠٧ی نێـوان روسـیا و ئینگلتـەرا بـۆ بـە فەرمـی دابەشـکردنی وڵاتەکـە لـە نێوانیانـدا، رۆڵـی ئەوانـەی لـە وڵاتەکـە زیاتـر کـرد و بـووە هـۆکاری ئـەوەی زیاتـر لـە جـاران بتوانـن راسـتەوخۆ دەسـت لـە کاری پەرلەمانـی و حوکمرانـی وڵاتەکـە وەربـدەن. سـەرەڕای ئەوە لاوازی و دابەشـبوونی دەسـتورخوازان بەسـەر باڵـی جیـوازدا وای لێکـردن، کـە هـەر لایەکیـان پـاڵ بـدەن بـەلای یەکـێ لـەو دەوڵـەت و هێـزە دەرەکییانـەوە و لـە کۆتاییـدا بـووە هـۆکاری ئـەوەی بـەرەی کۆنسـەرڤەتیڤ بەهێزتـر بێـت.

زیادڕۆیشـتن و هەڵپـەی بەشـێک لـە دەسـتورخوازان لـە پرۆسـەی چاکسـازیدا و پەلەکـردن لـە بەگەڕخسـتنی بەندەکانـی و دەرچـوون لـە سـنووری دەسـتور و هەوڵدانـی هەنـدێ بـاڵ بـۆ گۆڕانـکاری رادیکاڵیانـە لـە وڵاتەکـەدا، ترسـی زیاتـری خسـتە ریـزی کۆنسـەرڤەتیڤەکان و پاڵـی پێوەنـان کـە لـە شـا و پاشـماوەی فیوداڵـی خێڵەکـی و لایەنـی دەرەکـی نزیکبنـەوە. دژایەتـی کردنـی بـرژوای نیشـتمانی و رێگرتـن لـە بەهێزبوونـی پیشەسـازی خۆماڵـی لەلایـەن رادیکاڵـەکان، هەروەهـا دژایەتیکردنـی تـەواوی بەرژەوەنـدی بازرگانـی گـەورە و فیوداڵە موڵکدارەکان، دوژمنـی بزووتنەوەی دەسـتوری بەهێزکـرد و یەکـی خسـتن.

ململانێـی تونـدی نێـوان ئایدۆلـۆژی رادیکاڵـی چـەپ و توێژەکانـی دەسـەڵاتی ئایینـی و لاوازی هەمـوو چینوتوێـژە نوێیەکانـی کۆمەڵگـە بـۆ دانـی هەنـگاوی عەمەلـی لـە بەهێزکردنـی بنەمـای ئابـوری و سیاسـی وڵاتەکـەدا، ئـەو ململانـێ ئایدۆلۆژییـەی بەهێزکـرد و ململانێکـەی تەنیـا لـە بازنـەی لێـدوان و دەمەتەقـێ هێشـتەوەو دووری خسـتنەوە لـە کارکـردن بـۆ زەمینـە خۆشـکردن بـۆ گۆڕانـکاری کـە لەگـەڵ واقعـی کۆمەڵگەکـەدا بگونجێـت. لەباتـی دانانـی پـلان و پرۆگـرام بـۆ گۆڕانـکاری، بەشـێکی زۆر لەوانـە و بەتایبەتـی گەنجـە رۆشـنبیرەکانی خسـتە گێژاوی رۆمانسـی سیاسـییەوە «١ ل٤٩».

لـە کاتێکـدا شۆڕشـی سیاسـی و کاری پەرلەمانـی لـە وڵاتەکانـی رۆژئـاوای ئەوروپـادا چەندیـن سـەدەی خایانـد و هەنـگاو بـە هەنـگاو چاکسـازی سیاسـی و یاسـایی تیایانـدا رویـدا، بەشـێک لـە بزووتنـەوەی دەسـتوری ئێـران دەیانویسـت بـێ خۆشـکردنی زەمینـەی پێویسـت، سیسـتمی پەرلەمانـی ئەوروپـی داتاشـن و رۆڵـی شـەریعەتی ئیسـلامی بەتەواوەتـی نەهێڵـن و لـە ماویەکـی کورتـدا و بەچەنـد بڕیارێـک بیسـەپێنن. ئەمانـە دەسـەڵاتی ئایینـی و رێژەیەکـی زۆری خەڵکـی ترسـان و خسـتنیە بـەرەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمنانـی شۆڕشـی دەسـتوورییەوە.
ململانێـی نێـوان بەرەکانـی ئەنجومەنـی شـورا هەتـا دەهـات زیادیدەکـرد و توندوتیژتـر دەبـوو، بەرادەیـەک بـۆ سـەپاندنی بۆچونیـان کەوتنـە بەکارهێنانـی هێـز و یەکتـر کوشـتن. لـەم زەمینەیـەدا وڵاتەکـە سـەرلەنوێ کەوتـە ئـاژاوە و شـەپۆلێکی نوێـی شـەڕی ناوخـۆوە. لـە غیابـی دەسـەڵاتێکی ناوەنـدی بەهێـز کـە بتوانـی ژیـان و مـاڵ و موڵکـی خەڵـک و ئاسایشـی وڵات بپارێزێـت، لایـەن و باڵەکانـی پەرلەمـان لـە پێنـاوی پارێزگاریکـردن و خۆسـەپاندنی خۆیانـدا، کەوتـە دروسـتکردن و پەیداکردنـی هێـزی چەکـداری تایبەتـی.
لەوانـە فیداییـەکان کـە لـە هـەزار چەکـدار پێکهاتبـوون پارێـزگاری رادیکاڵەکانیـان دەکـرد. چەندیـن خێـڵ کـە لەگـەڵ شـا و دەسـتەبژێری دەسـەڵاتداردا ناکۆکبـوون، پشـتگیری کۆنسـەرڤەتیڤەکانیان دەکـرد. ئەمانـە خاوەنـی هەزارەهـا چەکداربـوون. خێڵـە کوردەکانـی شـکاک نمونەیـەک بـوون لەوانـە. بەشـێک لـە خێڵـە بەختیارییـەکان کـە توێژێکـی ئۆروسـتۆکرانی رۆشـنبیری پـەروەردەی ئەوروپـا لـە ریزەکانیانـدا رۆڵی بەهێزیـان هەبـوو لەگـەڵ قاجـار ناکۆکبـوون و کەوتنـە پشـتگیریکردنی مودێراتـەکان. ئەمانـە زیاتـر لـە ١٢هـەزار چەکداریـان هەبـوو «١ ل٥١».
لـەم گێـژاوەدا، شـا و دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدار ئـەو بـارە نالەبارەیـان قواسـتەوە و مانگـی شەشـی ١٩٠٨ بـە پشـتگیری هێزەکانـی کۆسـاک و سـوپای روس هێرشـیان کـردە سـەر تـاران و کۆنترۆڵـی شـارەکە و مەڵبەنـدی ئەنجومەنـی نوێنەرانیـان کـرد و زۆربـەی ئەندامەکانـی دەسـت بەسـەر و یەخسـیرکران.
دوابـەدوای ئـەم رووداوە راپەڕیـن و ئـاژاوە چەندیـن ناوچـەی وڵاتەکـەی گرتـەوە. فیداییـەکان و موجاهیدەکان لـە ناوچەکانـی ئازربایجـان و تەبرێـز چەنـد راپەڕینێکیـان کـرد. سـاڵی ١٩٠٩بـە پشـتگیریکردنی سوسـیال دیموکراتـە روسـەکان، شۆڕشـگێرانی شـاری رەش راپەڕیـن. بەختیارییـەکان شـاری ئەسـفەهانیان کۆنترۆڵکـرد. خەڵکـی مەشـهەد راپەڕینێکـی مەزنیـان کـرد. دانیشـتوانی ژمارەیەکـی زۆر لـە شـارەکان کەوتنـە خۆنیشـاندان و ناڕەزایـی دەربڕیـن دژی شـا. هێزێکـی ئینگلتـەرا لـە باشـور دابـەزی و کۆنترۆڵـی بەنـداوی کـرد. سـوپای روسـیا تەبرێـز و دەردەبیلـی داگیرکـرد. لەمانگـی حەوتـی سـاڵی ١٩٠٩ بەختیارییـەکان و رادیکاڵەکانـی رەشـت بـەرەو تـاران کشـان و خسـتیانە ژێـر کۆنترۆڵـی خۆیانـەوە. ئەوانـە لـەوێ شـایان لابـرد و کـوڕە تەمـەن ١٢ سـاڵەکەیان لـە جێگـە دانـا. کابینەیەکـی نـوێ بەسەرپەرشـتی بەختیارییەکان و رادیکاڵەکانـی رەشـت پێکهێنـرا، ئەنجومەنـی شـورای میللـی دووەم دەسـتی بەکارکـرد. ململانێـی نێـوان مۆدێراتـەکان و رادیکاڵـەکان لەنـاو ئەنجومـەن و کابینـەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حکومەتدا بەردەوام بوو. لەهەمانکاتدا بەختیارییەکان فشار و هەڕەشەی ئینگلیز و روسەکانیان لەسەر بوو بۆ دەرکردنی رادیکاڵەکان. بەهۆی ململانێی توندی نێوان ئەو دوو بەرەیە و هەڕەشەی هێزە دەرەکییەکان، لە کۆتاییدا رادیکاڵەکان چەککران و لە کابینە دوور خرانەوە «(١٠٥ ل٢٩٠)».

هەر ساڵی ١٩٠٩ بزووتنەوە و بەرە و باڵە سیاسیەکان گەڵاڵە بوون و سێ پارتی سیاسییان لێ پێکهات. پارتی دیموکراتی نوێنەرایەتی رادیکاڵەکان و رۆشنبیرانی بۆرژوای بچوکیان دەکرد. پارتی مودێراتەکان نوێنەرایەتی بۆرژواکان، پارتی شاهەنشایی، کە بریتی بوون لە بەرەی کۆنسەرڤەتیڤەکان. ململانێی ئەمانە لە دەرەوە و لەناو ئەنجومەندا هەر بەردەوامبوو.

لەبەر چەند هۆکارێکی گرنگ، بڕیارەکانی ئەنجومەن و کابینە نوێیەکە زەحمەت بوو جێبەجێ بکرێت. لەبەر لاوازی و دابەشبوونی وڵات بەسەر سێ زۆنی جیاوازدا( زۆنەکانی شا و روسیا و ئینگلتەرا)، حکومەت دەستی نەدەگەیشتە هەموو شوێنەکانی وڵاتەکە، کە بڕیار و یاساکان بسەپێنێ. لە ناوچەکانی دەرەوەی پایتەختدا، دەسەڵاتدارانی خۆجێیی خێڵەکی و فیوداڵ و پیاوە ئایینیەکان گوێڕایەڵی ئەو بڕیار و یاسایانەی ئەنجومەن و حکومەت نەدەبوون ئەگەر لە بەرژەوەندی خۆیاندا نەبوایە. چینوتوێژە نوێیەکان و رێکخراو و پارتە سیاسیەکانیان زۆر بێ هێزبوون و لەناو خۆیاندا ناکۆک بوون و لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش رێک نەکەوتبوون. بازاڕەکان و ناوچەکانی وڵات بەتەواوەتی بەیەکەوە نەبەسترابوون و هێشتا بەرژەوەندی هاوبەش بەیەکەوە کۆی نەکردبوونەوە، لەبەرئەوە هێزەکانیان پەرشوبڵاو و لاواز بوون و توانایان نەبوو پاڵپشتی ناوچەکان بۆ دەستور و یاسا نوێیەکان دابین بکەن.

لەبەر ئەو هۆکارانە کابینەی نوێ بەلاوازی مایەوە و بەردەوام رووبەڕووی قەیرانی دارایی دەبۆوە، بۆیە ناچاربوون پسپۆڕێکی ئەمەریکی بکەن بە وەزیری دارایی. لە پێناوی کەمکردنەوەی مۆنۆپۆڵی ئینگلتەرا و روسیا، ئەنجومەن ویستی وڵاتانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا بخاتە گەمەکەوە و جێگە بەوانە لێژ بکات. بەڵام ئەوەش هێندەی تر دەستتێوەردانی دەرەکی لە کاروباری وڵاتەکەدا زیاترکرد و رۆڵ و توانای چینوتوێژەکان و نوێنەرە سیاسیەکانیانی لە جاران لاوازتر کرد. حوکمەت و وەزیری دارایی چەندین بڕیاری گرنگی چاکسازی دەرکرد، کە هەڕەشەی راستەوخۆ بوو بۆسەر بەرژەوەندیی لایەنە دەرەکییەکان، بازرگانە گەورەکان، فیوداڵە موڵکدارەکان، دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە، دەسەڵاتی ئایینی و پاشماوەکانی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی. هەموو ئەوانە بەتوندی رووبەڕووی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو بڕیارانــە وەســتانەوە. شــای بــاوک، کــە لــە پۆســتەکەی دوورخرابــۆوە، لاوازی حکومــەت و ململانێــی ناوخــۆی ئەنجومــەن و ئــەو ناڕەزاییانــەی قۆســتەوە. شــا هێــزە چەکدارە کۆنەکانــی ســەرلەنوێ کۆکــردەوە و بــە پشــتگیری فیــوداڵ و هەنــدێ لــە خێڵە گەورەکانــی نمونــەی هەنــدێ خێڵــی تورکــی ئازربایجــان و هەنــدێ خێڵــی ویلایەتــی کوردســـتان و هەمەوەنــد، چەکدارێکــی زۆری کۆکــردەوە و بــەرەو تــاران کەوتنــە رێ و داوایــان لــە حکومــەت کــرد خــۆی بەدەســتەوە بــدات. بــەڵام ئەمــە بــۆ شــا ســەری نەگــرت و لەبــەردەم هێــزی جەندرمــەوە و هێزەکانــی تــری حکومــەت شــکان. کــە ئــەم هەوڵــە ســەری نەگــرت، بــە رازیبوونــی ئینگلیــزەکان، هێــزە چەکدارەکانــی روســیا پێــش شــا و هاوپەیمانەکانــی کەوتــن و تارانیــان گــرت و شــایان خســتەوەوە ســەر تەخــت و حکومەتیــان ناچارکــرد بڕیارەکانــی هەڵوەشــێنێتەوە. دوابــەدوای ئــەوە پســپۆرە ئەمەریکییەکــە لــە پۆســتەکەی دوورخرایــەوە و پســپۆرێکی بەلجیکییــان کــرد بــە وەزیــری دارایــی.

ســاڵی **١٩١٢** بانگــەوازی هەڵوەشــاندنەوەی ئەنجومەنــی شــورای میللــی کــرا. دەســەڵات هەمیســانەوە کەوتــەوە دەســتی شــا و دەســتەبژێری دەســەڵاتدار و وڵات ســەرلەنوێ بەســەر ســێ زۆنــدا دابەشــبوو. بەمــە هاوپەیمانــی نێــوان رێبــازی سیســتمی فیوداڵــی خێڵەکــی و پاشــکۆیەتی بــۆ ماوەیــەک ســەرکەوتنی بەدەســتهێنا. لــەو ماوەیــەدا روســیا و ئینگلتــەرا بــە هەمانگــی مەرجەکانــی خۆیــان بەســەر شــا و کابینــەی نوێــی حکومەتــدا بــە ئاســانی ئەســەپاند «**١ ل٤٩-٥٤**».

بــە پێچەوانــەی دەوڵەتــی عوســمانییەوە، لەشــەڕی یەکەمــی جیهانیــدا ئێــران بەبــێ لایەنــی هێشــترایەوە. بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا بەهــۆی ئــەوەی هێزەکانــی هاوپەیمانانــی روســیا و ئینگلتــەرا لــە وڵاتەکــەدا بــوون و وڵاتەکــە ســنورێکی درێــژی هەبــوو لەگــەڵ دەوڵەتــی عوســمانیدا، کــە لەشــەڕدا بــوو لەگــەڵ هاوپەیمانانــدا، پرپشــکی شــەڕەکە جاربەجــار هەنــدێ ناوچــەی وڵاتەکــەی دەگرتــەوە. ســەرەڕای ئــەوە ئەڵمانیــا هەوڵــی ئــەدا لــە رێگــەی باڵــی ناســیونالیســتی بــرژوای بچوکــەوە دەســت لــە کاروبــاری ئێــران وەردات و بەکاربهێنێــت دژی هاوپەیمانــان، بــەڵام بــرژوای ناســیونالیســتی ئێــران لــەوە لاوازتــر بــوو، کــە بتوانــێ وەکــو تورکیــای عوســمانی رۆڵــی کاریگــەر لــە پرۆســەکەدا ببینــێ.

ســاڵی **١٩١٤** ســەرلەنوێ ململانێــی نێــوان هێــز و پارتــە سیاســییەکان خەســتبۆوە و بزووتنــەوەی دەســتوری ســەری هەڵدایــەوە. لــەو ســاڵەدا ئەنجومەنــی شــورای میللــی ســێیەم خرایــەکار و کابینەیەکــی نــوێ لــە مودێراتــەکان پێکهێنــرا، کــە تیایــدا ناســیونالیســتەکان پێگەیەکــی بەهێزیــان هەبــوو. لەنــاو ریزەکانــی پارتــی مودێراتــدا، بــە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێوەی ناو ریزەکانی تورکە گەنجەکانی دەوڵەتی عوسمانی، باڵی ناسیونالیست هێزی پەیداکرد و ئەڵمانیا پشتگیری دەکردن. لەترسی بەهێزبوونی پێگەی ناسیونالیستەکان لە تاران و دەستێوەردانی ئەڵمانیا، سەرەڕای باکوری رۆژئاوای وڵاتکە، روسیا ناوەڕاستی وڵاتەکەشی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. هەر ئەو ساڵە لەژێر هەڕەشەی روسیا و ئینگلتەرادا، شا ناچارکرا بانگەوازی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەن و حکومەت بکات و کابینەیەکی نوێ بۆ بەشداریکردنی ناسیونالیستەکان پێکهێنرا. بۆرژوا ناسیونالیستەکان پەنایان بردە دەسەڵاتی ئایینی لە قوم و تیایدا بانگەوازی حکومەتێکی کاتییان کرد. بەڵام سوپای روسیا هێرشیکردە سەریان و سەرکوتی کردن.

ساڵی ١٩١٦ هێزەکانی روسیا لە رۆژئاوای ئێران سوپای دەوڵەتی عوسمانییان شکاند و ناوچەکانی ئەسفەهانیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. دواتر لەشکری ئینگلتەرا لە باشورەوە هێزەکانی ئەڵمانیای شکاند و ئەو ناوچانەی هەتا سنوری ئەسفەهان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. بەوەش سەرانسەری وڵات کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەو دوو دەوڵەتەوە. ساڵی ١٩١٧دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەر لە روسیا، سوپای روسیا لە ئێران کشایەوە. بەمە ئینگلتەرا هیچ موانافیسی نەما لە کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکەدا «١٠٣ ل٣٣».

دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکە، شا و حکومەت بەتەواوەتی لاواز بوو و هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر وڵاتەکەدا نەمابوو. وڵاتەکە پچڕ پچڕبوو و هەر شوێنەی لەلایەن گروپێکەوە بەڕێوە دەبرا. بێجگەلە هێزەکانی ئیبگلتەرا، ئەو دەسەڵاتدارە ناوچەییە لاوازانە پێکهاتبوو لە چەندین بزووتنەوەی چەپ و بۆرژوای نیشتمانی و بزووتنەوەی خێڵەکی و نیمچە نەتەوایەتی کە هیچ پەیوەندی و هاریکاری لە نێوانیاندا نەبوو «١٠٣ ل٢٩».

چەندین راپەڕین روویدا. لەوانە بزووتنەوەی چەکداری جەنگەڵ، کە نوێنەری بۆرژوای نیشتیمانی بوون و بەشێک لە رۆشنبیران و جوتیاران و کرێکاران و بۆرژوای بچوک و خەڵکی هەژار پشتیوانیان دەکرد. ئەمانە ساڵی ١٩١٧ پرۆگرامێکیان دارشت کە تیایدا داوای ئازادی و یەکسانی و دەسەڵاتی زۆرینەیان دەکرد و لە لادێکان داوای دابەشکردنی زەویوزاریان بەسەر مسکێنەکاندا دەکرد. ساڵی ١٩٢٠ لە ناچەی گەیلان (حکومەتی دیموکراتی)یان دامەزراند. بەو مەرجەی بەرەنگاری ئینگلیز ببنەوە و پاڵپشتی دەوڵەتی سۆڤیەت بکەن، سوپای سووری سۆڤیەت بەڵێنی پشتگیریکردنی پێدان. لەهەمانکاتدا پارتی کۆمونیستی ئێران، کە تازە دامەزرابوو، لە ناوچەکانی رەشت بانگەوازی (کۆماری شۆڕشگێری کاتی) کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راپەڕین و ئاژاوە و شەڕی ناوخۆ هەتا ساڵی **١٩٢٦** بەردەوامبوو. ساڵی **١٩٢٥** رێککەوتننامەی دۆستایەتی لە نێوان دەوڵەتی سۆڤیەت و ئێران بەسترا. سۆڤیەت بەتەواوەتی خۆی لەوڵاتەکە دابڕی و لە قەرزەکانی خۆشبوو و لەهەمانکاتدا پشتی کردە کۆماری دیموکراتی و کۆماری شۆڕشگێری کاتی.

هەر ئەو ساڵە بە پشتگیری ئینگلتەرا، نوێنەرانی بازرگانە گەورەکان و موڵکداری فیوداڵ حکومەتێکی نوێیان لە تاران پێکهێنا. هێزە چەکدارەکانیانی ئینگلتەرا وڵاتەکەیان بەجێهێشت و وڵاتەکە نەکەوتە ژێر ئینتیدابی ئینگلتەراوە و بە قۆناغی بە کۆلۆنیبووندا تێپەرنەبوو.

رەزا خان، کە یەکێک بوو لە ئەفسەرە گەورەکانی هێزەکانی کۆساک، بەیارمەتی ئینگلتەرا توانی هێزە چەکدارە پەرش و بڵاوەکانی ئێران یەکخات و لەشکرێکی نیزامی **٤٠**هەزار کەسی پێکبهێنێت. کاری یەکەمی ئەو سوپایە هێرشکردنە سەر و تێکشکاندنی ئەو دوو کۆمارە بوو. هەر ئەو ساڵە رەزا خان کرا بە شا و سەردەمی دەوڵەتی پەهلەوی لە ئێران دەستیپێکرد. لەو ساڵانەدا چەندین بزووتنەوەی خێڵەکی و نیمچە نەتەوایەتی دژی دەوڵەت بەرپا بوو. لەوانە بزووتنەوەکانی ناوچەکانی کوردستان، غەزال، خۆزستان. هێزەکانی دەوڵەت بە ئاسانی توانی سەرکوتیان بکات «**١٥ ل٢٢٦-٢٣٢**».

بە دارمانی دەوڵەتی قاجار، کۆتایی بە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری فیوداڵی خێڵەکی رەها هات لە ئێراندا و وڵاتەکە کەوتە قۆناغی پاشکۆیەتی و دیکتاتۆریەتەوە. دەسەڵاتی ئایینی بۆ چل ساڵی تر لاواز بوو و رۆڵی تەنها لە هەندێ بواری کۆمەڵایەتی و مەزهەبیدا مایەوە. بەشی هەرە زۆریان دۆستایەتی توندوتۆڵیان هەبوو لەگەڵ شا و فیوداڵی موڵکدار و هێزی دەرەکیدا. لەگەڵ ئەوەی فیوداڵی خێڵەکی وەکو سیستمی سیاسی و ئابوری دارما، بەڵام پاشماوەکانی هەر مایەوە و کاردانەوەی گرنگی هەبوو لەسەر مێژووی دواتری وڵاتەکە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەندی شەشەم:

# هۆکاری پاشەکشێکردن و پاشکۆیەتی و دابەشبوون و ژێردەستیی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەگــەر بگەڕێینــەوە بــۆ بەندەکانــی پێشــووی لێکۆڵینەوەکــە، ئەوەمــان بــۆ دەردەکەوێت، کــە هــەر لــە ســەرەتای نیشــتەجێبوونی مــرۆڤ لــە رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا و مێــژووی کۆنــی شارســتانیەکانی پێش زاییــن و هەروەهــا مێــژووی یــەک لــە دوای یەکــی دەوڵەتــە فیوداڵیــە خێڵەکیــەکان تیایــدا، کوردســتان بەشــێکی لەیــەک دانەبــڕاوی ناوچەکــە بــووە. ئــەو ســنورانەی لــەدوای شــەڕی یەکەمی جیهانــی ناوچەکانــی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســتی لەیــەک دابــڕی و چەندیــن دەوڵەتــی بچــوک و مامناوەنــدی پاشــکۆی لێدروســت بــوو، ئــەو ناوچانــە لــە مێــژووی کۆنــدا لەیەکــدا بڕانیبــەو جــۆرەی بەخــۆوە نەبینــی بــوو.

راســتە لــە شارســتانیەتە کۆنەکانــی ناوچەکــە لــە پێــش مەســیحدا لــە میزوپۆتامیــا و کوردســتان و میســر و یۆنــان و ناوچەکانــی ئێرانــدا لــە قۆناغــی جیــاواز و لەهەمانکاتــدا چەندیــن دەوڵــەت هەبــوو، بــەڵام ئــەو دەوڵەتانــە نەیانتوانــی ناوچــەکان لەیــەک دابــڕن و ســنوری هەمیشــەیی لــە نێواندیانــدا دروســت بکــەن. لەگــەڵ ئــەوەی هــەر ناوچەیــەک لــە کاتــی جیــاوازدا لەژێــر چەتــری دەوڵەتێکــی تایبەتــدا بــوو، تایبەتمەندیــی خــۆی هەبــوو و بەرهەمهێنــان تیایــدا بــۆ پێداویســتی خــۆ( ئیکتفــای زاتــی) بــوو، بــەڵام ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی و شــکاندنی ســنوورو داگیرکردنــی یەکتــر لــە نێوانیانــدا بــەردەوام بــوو.

ئەگەرچــی دوای زاڵبوونــی رێبــازی فیوداڵــی خێڵەکــی لــە دروســتبوونی دەوڵەتــی خەلافەتــی راشــدینی قورەیشــەوە، یــەک لــە دوای یــەک چەندیــن دەوڵەتــی زلهێــز جێگــەی یەکتریــان گرتــەوە، بــەڵام ئــەو دەوڵەتانــە نــە ســنووری هەمیشــەییان هەبــوو، نــە لەســەر بنەمــای نەتەوایەتــی دامەزرابــوون، بەڵکــو دامەزرانــد و رەفتــاری ئــەو دەوڵەتانــە لەســەر بنەمــای فیوداڵــی خێڵەکــی بــوو.

شکســتهێنانی شارســتانیەتە کۆنەکانــی ناوچەکــە، بەهەمــان شــێوە رووبــەڕووی شارســتانیەتە کۆنــە بچوکەکانــی کوردســتانیش بــۆوە و خەڵکــە رەســەنەکەی و سیســتمە کۆنەکەیــان شکســتی هێنــاو سیســتمی فیوداڵــی خێڵەکــی تیایــدا زاڵ بــوو. لــەدوای زاڵبوونی رێبــازی فیوداڵــی خێڵەکیــەوە لــە ناوچەکــەدا، کورسســتان کەوتــە ژێــر هەمــان سیســتم و هەمــان خاســڵەتی گشــتی ناوچەکانــی تــری پەیداکــرد و لــە دواییشــدا لــە پرۆســەی شکســتهێنان و داڕمانــی ئــەو سیســتمە رووبــەڕووی هەمــان چارەنــووس بــۆوە.

لەگــەڵ ئــەوەی کوردســتان مێــژوو و خاســڵەتی هاوبەشــی هەبــوو لەگــەڵ ناوچەکانــی تــری رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، بــەڵام خاســڵەتی تایبەتــی خــۆی هەبوو، کــە بووە هــۆکاری ئەوەی پرۆســەی گۆڕانــکاری تیایــدا لــە شــوێنەکانی تــر جیاوازتــر بێــت و دەرئەنجامــی جیاوازتری هەبێــت. بۆیــە لــە کۆتایــی شــەڕی یەکەمــی جیهانیــدا وڵاتەکــە تەنهــا بــە پاشەکشــێکردن و پاشــکۆیەتی نەوەســتایەوە، بەڵکــو رووبــەڕووی ژێردەســتی و دابەشــبوون بــۆوە و هــەر بەشــێکی لکێنــرا بەدەوڵەتێکــی ناوچەکەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆربەی مێژوونووسەکان، هۆکارە سەرەکیەکانی ئەوانەبۆ فاکتەرە دەرەکییەکان دەگەڕێننەوە لەوانە میللەت و دەوڵەتانی ناوچەکە و فاکتەری ئایین و فەتحی ئیسلامی و دەوڵەتە زلهێزە کەپیتالیستەکان. هۆکارە خۆماڵیەکان بۆ سەرۆک خێڵێک دەگەڕێننەوە، میرێک یان شێخێک... یان نەگبەتی و دڵپاکی و ساویلکەیەتی و بێ دەسەڵاتی خەڵکەکەی.
ڕاستە هۆکارە دەرەکیەکان رۆڵی گرنگیان لە چارەنووسی نالەباری کوردستاندا هەبووە، بەڵام ئەوانە رۆڵی خۆیان لە ڕێگەی فاکتەرە بنچینەییە ناوخۆکانەوە بینیوە. ڕاستە سەرەک خێڵ و میرو شێخەکان رۆڵیان هەبووە، بەڵام ئەبێ بچینە بنجو بناوانی ئەوەی بۆچی ئەوانە رۆڵی خراپیان بینیوە و لەژێر چ مەرجێک و سیستمێکی سیاسی و ئابوریدا رەفتاریان نواندووە.
لەم بەندەدا، باسی ئەوە دەکەین، کە هۆکاری بنچینەیی و هاوبەش لە نێوان پاشەکشێکردن و پاشکۆیەتی و ژێردەستی و دابەشبوونی کوردستان بۆ سروشتی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگەکە دەگەڕێتەوە. لەهەمانکاتدا هەوڵی شیکردنەوەی رۆڵی دەرەکی و جوگرافی وفاکتەری تر دەدەین... بێ لێکۆڵینەوەیەکی لەو جۆرە و چوونە بنج و بناوانی کۆمەڵگەکە و گەڕان بەشوێن فاکتەری بنچینەیی دواکەوتن و پێشکەوتن تیایدا، زەحمەتە پلان و پرۆگرامی گونجاو بۆ چاکسازی ریشەیی لە کۆمەڵگەکەدا دابرێژرێت.
لەم بەندەدا بەشوێن ئەو فاکتەرانەدا دەگەڕێین کە بەهۆیانەوە لە مێژووی کۆنی کوردستاندا نەتوانرا دەوڵەتێک دروستبێت، کە بتوانێ سەرانسەری وڵاتەکە پێکەوە ببەستێتەوە و بیپارێزێت. باسی ئەوە دەکەین بۆچی چین و توێژی نوێی بەهێز دروست نەبوو، بۆچی ئەوانە دەرفەتیان بۆ نەڕەخسا کە لە بڕیاردانەدا بەشداربن و رێگە خۆشبێت بۆئەوەی لە وڵاتەکەدا خۆبەخۆ شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی رووبدات. باسی ئەوە دەکەین بۆچی کوردستان پێش شەڕی یەکەمی جیهانی نەیتوانی وەکو پێویست سوود لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان وەربگرێت.

## هەندێ خاسڵەتی تایبەتی کوردستان

بۆئەوەی بە ئاسانتر بتوانین بچینە ناو باسەکەمانەوە، باشترە ئاوڕێک لە مێژووی کۆنتر و خاسڵەتە تایبەتیەکانی کوردستان بدەینەوە. ئەگەرچی بەشێک لەوانە پێشتر لە باسەکەدا دەستمان بۆ راکێشاون، بەڵام گرنگە ئەوانە لێرەدا کاکڵە بکرێن و ببنە بناغەیەک بۆ تێگەیشتنی ئەو دیاردانەی دواتر .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پرۆسەی دروستبوونی کۆمەڵگەکە

مێژوونوسەکان لە بارەی کوردستانەوە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر چەند خاڵێک هاوڕان. گرنگترینیان ئەوەیە کە مرۆڤ ٧-٩ هەزار ساڵ پێش مەسیح لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بووە و بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردنەوە خەریک بووە، دواتریش چەندین شارستانی بچوک تیادا بونیادنراوە. بەشێک لەوانە شوێنەوارەکانیان دۆزراوەتەوە، بەڵام بەشوێنگەڕان و لێکۆڵینەوەی ئەو شارستانیە کۆنانە لە وڵاتەکەدا هێشتا لە سەرەتایدایە. ئەمانە بە وەجبەی یەکەمی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە دادەنرێن و دراوسێی شارستانە کۆنەکانی میزوپۆتامیا بوون. سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری تیایاندا لەوانەوە نزیک بووە. هیچ دەلیلێک نیە لەسەر ئەوەی سروشتی کۆمەڵگەکانیان خێڵەکی بوبێت. ئەو میللەتە ڕەسەنانەی کوردستان ژمارەیان لە ٥٠ جۆر زیاتر بووە، کە هەر یەکەیان زمان و دیالێکتی جیاوازی خۆی هەبووە.
ڕاستێکی تر کە زۆربەی مێژوونوسەکان لەسەری هاوران، هاتنی چەندین شەپۆلی هیندۆ ئەوروپی سروشت خێڵەکییە بۆ ناوچەکە. شەپۆلی یەکەمی ئەوانە دەوروبەری دوو هەزار ساڵ پێش مەسیح ڕوویانکردۆتە وڵاتەکە. هەرگروپێک لەوانە لە ناوچەیەکی جیاوازی کوردستاندا جێنشین بوون. ئەو گروپە خێڵەکیانەی کە لەو سەردەمانەدا کۆچیان کردووە زۆر گەورە نەبوون و ژمارەی هەریەکێک لەوانە ئەوپەری ٢٠ هەزار کەس بووە.
لەکاتی هاتنی شەپۆلی یەکەمی هیندۆ ئەوروپییەکان، نمونەی هیتەکان، بۆ ناوچەکە هێشتا شارستانییەتە کۆنەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز بوون. بۆیە ئەو خێڵەکییانە نەیانتوانیوە بەسەر سیستمی بەڕێوەبردنی ئەو شارستانیانەدا زاڵ بن و سیستمی خێڵەکی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن، بەڵکو هەر وەکو ئەو شەپۆلانەی، کە دواتر ڕوویانکردە ئەوروپا، بوونەتە بەشێک لە سیستمی ئەم ناوچانە و خۆیان لەگەڵ گونجاندووە. ئەمانە ڕۆڵی گرنگیان لە کوردستاندا بینیوە، کە پێشتر لە بەندی دوەمدا باسمانکرد. شەپۆلەکانی تر کە دەوروبەری ١٠٠٠ساڵ پێش مەسیح ڕوویان کردۆتە وڵاتەکە گەورەتر و بەهێزتر بوون و لە کاتێکدا ڕوویان کردۆتە ناوچەکە، کە شارستانییەتە کۆنەکان بەرە و لاوازی و داڕمان چوون. لەو زەمینەیەدا ئەوانە لە کوردستاندا توانیویانە دەوڵەتی زلهێزی وەکو دەوڵەتی میدیا بونیادبنێن «٧٢ ل٣٣ \ ٨٥ ل٢٠٨ \ ٧١ ل٣٩٩».
بوونی خەڵکی ڕەسەنی کۆن لە کوردستان و دواتر هاتنی چەند شەپۆلێکی تری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هندۆئەوروپی خێڵەکی بۆ ناوچەکە، چەند زانیارییەکمان دەداتێ. یەکەمیان ئەوەیە کە دوو جۆر خەڵک بە دووسیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری جیاوازەو تێکەڵ بەیەک بوون. دووەمیان سروشتی نەتەوایەتی خەڵکانی کوردستانە. بێگومان بەشی هەرە زۆری خەڵکانی کوردستان ئەمڕۆ کوردن. ئەم میللەتە بە پرۆسەیەکی درێژخایانی هەزارساڵانەی تێکەڵاو بوونی هیندۆ ئەوروپییەکان لەگەڵ بەشێکی زۆری خەڵکی رەسەنی وڵاتەکەدا دروست بووە. بوونی چەندین دیالێکتی زمانی کوردی لەیەک جیاواز ئەو راستیە دەگەیەنێ کە زمانی هیندۆ ئەوروپییەکان لەگەڵ زمان و دیالێکتی جیاوازدا تێکەڵاوبوون. هەڵبەتە دروستبوونی نەتەوەی کورد بەو شێوەیە شتێکی شاز نیە لە جیهاندا. بەشی هەرە زۆری نەتەوە مودێرنەکانی ئەمڕۆی جیهان لە پرۆسەیسەدان و هەزاران ساڵەی تێکەڵاوبوونی چەندین نەتەوە و رەگەز دروست بوون، لەوانە عەرب، فارس، هیند، ئینگلیز، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و روس... لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژوو خەڵکێکی زۆر روویان کردۆتە ناوچەکە و لەگەڵ یەکدا تێکەڵ بوون، کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو تێکەڵاوبونەدا بەشی شێریان بەردەکەوێت.

لەم پرۆسەیەدا بەشی هەرە زۆری خەڵکانی رەسەنی ئەوسای کوردستان لە ناوچوون و لەگەڵ ئەوانی تردا نەتەوەی کوردیان دروستکردووە. بەڵام بەشێک لەو خەڵکانە هەر ماونەتەوە، سەرەڕای ئەوانە خەڵکانی تر دواتر روویان کردۆتە وڵاتەکەو تیایدا نیشتەجێبوون و بوونەتە بەشێک لە خەڵکانی کوردستان. نمونوی ئەوانە سریانی، ئاسوری، کلدان، ئەرمەنی، جووو، تورکمان، عەرەب، ئەفغان و قاجار....

## مۆنۆپۆڵی سیستمی خێڵەکی لە کۆمەڵگەدا

لەبەندی سێیەمدا باسی ئەوەمانکرد، کە لەژێر چەتری شارستانیەتە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دواتر دەوڵەتە زلهێزە کۆیلایەتییەکانی وەکو دەوڵەتی ساسانی و رۆماو بێزەنتین، کۆمەڵگەی بچوکی خێڵەکی نمونەی بەدەویە عەرەبەکان و خێڵە کوردەکانی کوردستان و تیرە عەرەبەکانی نیوەدورگەی عەرەب بەدرێژایی مێژوو وجوودیان هەبووە. پێشتر سیستمی خێڵەکی توانای نەبووە کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، بەڵام لەدوای سەرکەوتنەکانی فتوحاتی ئیسلامی ئەو سیستمە دەستی بەسەر هەموو ناوچەکەدا گرت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەوەی لـە دوای فەتحـی ئیسـلامی لـە زۆربـەی شـوێنەکانی تـری رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەسـتیپێکرد و بووەهـۆی زاڵبوونـی سیسـتمی فیودالـی خێڵەکـی تیایانـدا، لـە کوردسـتاندا سـەرەتای ئـەو پرۆسـەیە لەگـەڵ هاتنـی شـەپۆلی دووەمـی هینـدۆ ئەوروپیـەکان دەسـتیپێکرد. دوای دەسـتپێکردنی هاتنـی خێڵـە هینـدۆ ئەوروپیـەکان بـۆ کوردسـتان و بەهێزبوونیـان، لـەم وڵاتەشـدا ململانێـی درێژخایـان لـە نێـوان خێڵەکییـەکان و ناخێڵەکییـەکان و سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری خێڵەکـی و ناخێڵەکـی بـەردەوام بـووە.

وەک چـۆن بوونـی بیابانێکـی گـەورە لـە نێـوان نیوەدورگـەی عـەرەب و شـوێنەکانی تـری رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـووە هـۆکاری ئـەوەی ئـەو خێڵـە عەرەبانـە بمێننـەوە و پارێـزگاری لەخۆیـان بکـەن، بەهەمـان شـێوە خێڵەکانـی کوردسـتانیش بەهـۆی هەنـدێ فاکتـەری نمونـەی سـەختی تۆپۆگرافـی وڵاتەکـەوە توانیویانـە لـەو ناوچـە سـەختانە خۆیـان حەشـار بـدەن و خۆیـان بپارێـزن. لەکاتـی لاوازبوونـی دەوڵەتـە زلهێزەکانـی ناوچەکـە ئەوانـە دەرفەتیـان هێنـاوە و کۆنترۆڵـی شـارو گوندەکانـی کوردسـتانیان کـردووە و لـە کاتـی سـەرلەنوێ بەهێزبوونـی ئـەو دەوڵەتانەکشـاونەتەوە بـۆ چیـا سـەختەکان.

بەپێـی مێژوونووسـەکان رێـژەی خێڵـەکان لـە کوردسـتاندابە پێـی ناوچـەکان لـە نێوان ٦-٢٠٪ دانیشـتوانی وڵاتەکەدابـوون. ئەوانـی تـر کـە ناخێڵەکـی کـورد و پێکهاتەکانـی تـری کوردسـتان بـوون زۆرینـە بـوون و رێژەیـان٨٠-٩٤٪ زیاتربـووە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کەمایەتییـە خێڵەکییـەکان توانیویانـە کـەم یـان زۆر کۆنترۆڵـی زۆرینەکـە بکـەن «١٥ ل٥٦\ ٨٥ ل٤٢».

هـۆکاری ئـەوە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە ناخێڵەکییـەکان خەڵکانـی جەنـگاوەر و شـەڕکەر نەبـوون، بەڵکـو خەڵکانـی بەرهەمهێنـەر و کاسـب بـوون و لـە شـار و لادێکانـدا نیشـتەجێبوون و بـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی و ئـاژەڵ راگرتـن و کاری پیشـەیی و بازرگانییـەوە خەریـک بـوون. شارسـتانیەتە کۆنەکانیـان پێشـتر شکسـتیان هێنـاوە و رەنگـە لـەو سـەردەمەداله قۆناغیگۆڕانـکاری نوێـدا بووبـن. بـە پێچەوانـەوە خێڵەکییـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی لـەو سـەردەمەدا خەڵکانـی جەنـگاوەر و شـەڕکەر بـوون و خاوەنـی سیسـتمێکی خێڵەکـی بـوون. ئـەو خاسـڵەتەیان بەسـەر زۆرینـەی خەڵکانـی وڵاتەکـەدا زاڵیکـردوون. هـەر وەکو خێڵـە عەرەبەکانـی نیوەدورگـەی عەرەب، خێڵەکانـی کوردسـتانیش هەتـا ئەوکاتـەی هـەر خۆیـان بـوون و دەسـتیان وەرنەداوەتە ژیانـی خەڵکانـی ناخێڵەکـی، سیسـتمەکەیان لـە ئاسـتی سیسـتمی خێڵەکـی سـادەدا ماوەتـەوە، بـەڵام لـە کاتێکدا کـە توانایـان پەیداکـردووە کۆنترۆڵـی ناخێڵـەکان و خێڵـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچوکەکانی تر بکەن سیستمەکەیان بۆ سیستمی فیودالّی خێڵەکی هەنگاوی ناوە. ئەو خێڵانە تەنها لەرووی سەربازییەوە کۆنترۆڵی ئەوانی تریان نەکردووە، بەڵکو ئەو کۆنترۆڵکردنە بواری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری و زمانیشی گرتۆتەوە. ئەوانە بوونەتە خاوەن زەویوزار و سەرچاوەی ئاو و ئاژەڵ، لەهەمانکاتدا جموجۆڵی بازرگانی و بەرهەمهێنانی پیشەییان قۆرخکردووە. ئەوانە بوونەتە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە و خەڵکە ناخێڵەکەکانیان کردۆتە مسکێن و رەعییەتی خۆیان و نەریتی خێڵەکی خۆیان بەسەر نەریت و شێوازی ژیانی کۆنی خەڵکەکانی تردا سەپاندووە. مۆنۆپۆڵی خێڵەکییەکان بەسەر نا خێڵەکییەکاندا سیستمی خێڵەکی سادەی لەناویاندا گواستۆتەوە بۆ سیستمی بەرێوەبردنی فیودالّی خێڵەکی «بەندی سێیەم».

وەکو چۆن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەندین فاکتەر بوونە هۆکاری بەهێزبوونی سیستمی فیودالّی خێڵەکی و مانەوەی بۆ چەندین سەدە. بەهەمان شێوە لە کوردستاندا چەندین فاکتەر بوونە هۆکای بەهێزبوون و مانەوەی ئەوسیستمە بۆ چەندین سەدەو کاردانەواەکانی هەتا ئەمرۆش هەر بەردەوامە.

پێش هاتنی فەتحی ئیسلامی، دەوڵەتەکانی ساسانی و بێزەنتی هەر یەکەیان لای خۆیەوە بەکات و شوێن و ئاستی جیاواز کۆنترۆڵی کوردستانیان کردبوو. لەژێر سایەی ئەو دەوڵەتانەدا بێگومان سیستمی خێڵەکی لە کوردستاندا لاوازی بەخۆوە بینیوە و ملکەچی سیستمی ئەو دەوڵەتانە بوون.

خەڵکی کوردستان بە خێڵەکی و ناخێڵەکییەوە، لەسەرەتادا رووبەڕووی فتوحاتی ئیسلامی بوونەتەوە و وا بە ئاسانی ملکەچیان نەبوون. بەڵام لەبەرئەوەی دەوڵەتی فیودالّی خێڵەکی عەرەب و ئایینی ئیسلامی سروشتێکی خێڵەکیان هەبوو دواتر خێڵەکانی کوردستان قبوڵیان کردووە و ئایینەکە بۆتە ئامرازێک بەدەستیانەوە، کە بەهۆیەوە پێگەی خێڵەکی خۆیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بهێڵنەوە و بەهێزی بکەن «٧٢ ل١٣٨». فتوحات و ئایینی ئیسلامی و زاڵبوونی سیستمی فیودالّی خێڵەکی لە ناوچەکەدا، بۆتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەرلەنویێ ژیاندنەوە و بەهێزبوون و بەردەوامبوونی سیستمی فیاودالّی خێڵەکی لە کوردستاندا بۆ چەندین سەدەی تر.

بە درێژایی مێژووی سیستمی فیودالّی خێڵەکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەوڵەتەکانی خولەفای راشدین، ئەمەوی، عەباسی، مەغۆلەکان، تورکە عوسمانیەکان، دەوڵەتە تورکەکانی سەفەوی و ئەفشار و قاجار بوونەتە فاکتەری گرنگ بۆ ژیاندنەوەو بەهێزبوون و بەردەوامی و زاڵبوونی ئەو سیستمە لە کوردستاندا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستاندا، هەر بە شێوەی بەشەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مێژوو و شارستانی کۆنی هەزاران ساڵ و شوێنەوارەکانیان کاولکراون و شاردراونەتەوەو بە نزمی سەیرکراون. هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لە کاتێکدا دەسەڵاتدارە خێڵەکییەکان روویان تێکردوون شوێنەوارە کۆنەکانیان بە مێژوو و عورف و نەریتی خۆیان نەزانیوە، لەسەر ئەو بنەما کۆنە سەرلەنوێ بونیادی وڵات و کۆمەڵگەیان نەکردووە. بە نزمی سەیری مێژوو کۆنی وڵاتەکەو خەڵکە رەسەنەکەیان کردووە و خەڵکەکەیان کردۆتە رەعیەتی خۆیان «٩٨ ل٢٥١».

## دروستنەبوونی دەوڵەتێکی فیوداڵی خێڵەکی مەزن لە کوردستاندا

وەکو پێشتر باسمانکرد، ئایینی ئیسلام بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ زاڵکردنی خێڵی قورەیش و کۆنترۆڵکردنی خێڵە عەرەبەکانی تر و دانیشتوانی ناخێڵەکی وڵاتەکەو دواتر دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیوداڵی خێڵەکی بەهێز. بەهەمان شێوە بنەماڵەی عوسمانی لە رێگەی تەبەنیکردنی مەزهەبی سەلەفی و هەڵگردنی ئاڵای ئیسلام و دەستپێکردنی فتوحات دژی غەیرەدینییەکانی رۆژهەڵاتی ئەوروپاو بێزەنتییەکان، توانیان دەوڵەتە بچوکەکەیان بکەنە دەوڵەتێکی بەهێز. هەروەها شێخە سەفەوییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ خێڵەکانی قزڵباش، دواتر خێڵەکانی ئەفشار و قاجارە تورکەکان، لە رێگەی تەبەنیکردنی مەزهەبی شیعەوە توانیان دەوڵەتی بەهێز بونیادبنێن و ئێران لەژێر چەتری ئەو دەوڵەتانەدا یەک بخەن. ئەوەی بۆ خێڵەکانی ئەو میللەتانە هەڵکەوت بۆ خێڵەکانی کوردستان هەڵنەکەوت.

مەغۆلەکان، وەکو خێڵە عەرەب و تورکەکان لە رێگەی ئایین و مەزهەبێکی تایبەتەوە خۆیان رێک نەخست. ئەوەی یەکی خستن سەرەک خێڵێکی بنەماڵەیەکی بەهێزی خێڵێکیان بوو، کە توانی هەموو خێڵەکانی تر سەرکوت بکات و یەکیان بخات و دەوڵەتێکی خێڵەکی بەهێز بونیادبنێ. ئەوەی لەو سەردەمەدا بۆ مەغۆلەکان هەڵکەوت لە کوردستاندا بۆ هیچ سەرکردە و بنەماڵەیەک هەڵنەکەوت.

لەگەڵ ئەوەی بەدرێژایی مێژوو لە کوردستاندا چەندین ئایین هەبووە و دواتریش زۆربەی خەڵکانی وڵاتەکە بوونە ئیسلام و چەندین مەزهەب و قوتابخانە و پەیڕەوتی ئایینی تیادا دروست بوو، بەڵام هیچیان لەوانە هێندە بەهێز نەبوون، کە بتوانن وڵاتەکە و خێڵەکان و ناوچەکانی کوردستان لەژێر چەتری دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندیدا کۆبکەنەوە. ئەو ئایین و مەزهەبانە تەنها لە سنورێکی جوگرافی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بچوكدا ماونەتەوە.
سیستمی فیودالی خێڵەكی لە كوردستاندا هێندە بەهێز نەبوو، كە بتوانێ لەژێر چەتری دەوڵەتێكدا كوردستان یەكخات و دواتر لە سنورەكانی خۆی بچێتە دەرەوە، بەلام ئەو خێلانە تەنها توانای ئەوەیان هەبوو، كە پارێزگاری خۆیان بكەن و بەرهەڵستی داگیركەران بكەن. ئەو داگیركەرانەی روویان كردۆتە ولاتەكە هەمیشە لە توانایاندا نەبووە كۆنترۆڵی ولاتەكە بكەن. هۆكاری ئەوە بۆ نەبوونی دەوڵەتێكی سەرانسەری لە ولاتەكەدا دەگەڕێتەوە، كە بتوانن دەستی بەسەردا بگرن، بەڵكو ولاتەكە لەناو خۆیدا دابەشبوو بەسەر چەندین خێڵ و هێزی جیاوازدا، كە بە ئاسانی بۆ كەس كۆنترۆل نەدەكران.
ئەو ململانێو كوشتارەی كە لە نێوان خێڵەكانی كوردستاندا هەبوو، وەكو پێشتر لە لێكۆڵینەوەكەماندا باسمانكرد لەناو میللەتە خێڵەكییەكانی تورك و عەرەب و مەغۆلیشدا هەبووە. جیاوازی لە ناویاندا ئەوە بوو، كە لەناو ئەواندا بنەماڵەیەك، سەركردەیەك، خێڵێك توانیوێتی خێڵەكانی تر سەركوت بكات و ملكەچی دەسەلاتێكی ناوەندیان بكات و بكەونە راوەڕووت و تالانكردنی سنووری دەرەوەی ناوچەكانی خۆیان. بەلام لەبەرئەوەی خێڵە كوردەكان هەمیشە لە ململانێكردن و دوژمنایەتی یەكتردا بوون و دەوڵەتێكی وا لە كوردستاندا نەتوانرا بونیادبنرێ، خێڵە كوردەكان خۆبەخۆ لە سنووری كوردستان دەرنەچوون و شوێنی دەرەوەی ولاتەكەی خۆیان داگیرنەكردووە. ئەگەر لەو سنورانەش دەرچووبن ئەوا لەژێر سەركردایەتی و چاودێری دەوڵەتە زلهێزەكانی ناوچەكەدا بووە. بۆیە شتێكی سەیر نیە، كەئەمرۆمیللەتی كورد چاونابڕێتە ناوچەكانی دەرەوەی كوردستان و هەوڵدانی داگیركردنیان نادات و چالاكییەكانی لە سنووری ناوچەكانی خۆیاندا دەهێڵنەوە.

## تۆپۆگرافیای كوردستان

سەختی كوردستان، بوونی چەندین زنجیرە چیای سەخت و دۆڵ و شوێنی تەسك و بەردانی و بەفر و سەرماوسۆڵ و نەبوونی دەشتی زۆری بەرفراوان و رووباری گەورە و كەنار دەریا، فاكتەری سەرەكی نین بۆ گەشەكردن یان دواكەوتنی ولاتەكە، بەلام كاریگەرییان لەسەر فاكتەرە بنچینەییەكان هەبووە. هەندێ لە سەركردەو بگرە نووسەر و روناكبیرەكوردەكان، چیاكانی كوردستایان بە تاكە دۆستی هەمیشەیی كورد داناوە و والێكدەدەنەوە بەبێ بوونی ئەو چیا

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـەختانە رەنگـە خەڵکـی کوردسـتان لـە رەگـو ریشـەوە نەمانایـە. بێگومـان ئەمـە لایەنێکـی راسـتی تێدایـە، چونکـە لـە کاتـی لێقەومـان و هێرشـکردنە سـەر وڵاتەکـە لەلایـەن داگیرکـەری دەرەکـی و خۆماڵـی ئـەو شـوێنانە داڵـدەی ژمارەیـەک خەڵکـی زۆریانـداوە و لەوێـوە داگیرکەرانیـان هەراسـان کـردووە و زۆرجـار دەرفەتیـان پـێ نـەداون، کـە تیایانـدا نیشـتەجێبن و تـەواو کۆنترۆڵـی وڵاتەکـە بکـەن.
لێـرەدا چەنـد پرسـیارێک قـوت دەبێتـەوە. یەکێک لەوانـە ئەوەیـە ئەگەرچیا و شـوێنی سـەخت بێـت پارێـزگاری مـان و نەمانـی میللەتـان بـکات، ئـەی خەڵکیئـەو وڵاتـە دەشـتاییانە کـە چیـاو ناوچـەی سـەختی تیـادا نییـە چـۆن توانیویانـە بمێننـەوە و پارێـزگاری لـە خۆیـان بکـەن. ئەگـەر وابوایـە رەنگـە ئێسـتا چەندیـن میللەتـی وەکـو میسـرییەکان، فارسـەکان، عـەرەب، فەرەنسـی و ئەڵمانـی دەمێـک بوایـە وجوودیـان نەمایـە. بـە پێچەوانـەوە رەنگـە ئەگـەر کوردسـاتان تەختایی بوایـە، خێـڵ و پێکهاتەکانی ناچـار دەبـوون لـە باتـی دوژمنایەتـی و شـەڕی یەکتـر زیاتـر هەماهەنگیـان لەنـاو خۆیانـدا بکردایـە، یاخـود بـە ئاسـانتر یەکێکیـان بیتوانیایـە کۆنترۆڵـی ئەوانـی تـر بـکات و لـەو رێگەیـەوە دەسـەڵاتێکی ناوەنـدی هاوبـەش لـە سەرانسـەری وڵاتەکـەدا بونیادبنرایـە.
راسـتێکی تـر لێـرەدا ئەوەیـە، کـە لەکاتـی هەڕەشـە و داگیرکردنـی دەرەکیدا خەڵکانـی ناخێڵەکـی کوردسـتان کـە زۆرینـەی خەڵکـی وڵاتەکـە بـوون، بەشـێوەیەکی گشـتی لـە گونـد و شـارەکاندا ماونەتـەوە و کەوتونەتـە ژێـر کۆنترۆڵـی ئـەو هێـزە دەرەکییانـەی روویـان لـە ناوچەکانیـان کـردووە. مەبەسـتی داگیرکردنـی ئـەو ناوچانە لەلایـەن هێزی دەرەکییـەوە، سـامان و بەرهـەم و سـەرچاوەی بـاج بـووە، بۆیـە ئەوانـە زۆرجـار بـە داگیرکردنـی ئـەو شـوێنانە بـە مەرامـی خۆیـان گەیشـتوون. لێـرەدا ئەوانـەی لـە کاتـی هەڕەشـەی دەرەکیدا لـە گونـد و شـارەکان کشـاونەتەوە و لـە چیـاکان خۆیـان پاراسـتووە ولەوێـوە هەڵمەتیـان کردۆتـە سـەر داگیرکـەرەکان و بێزاریـان کـردوون، خێلەکیـەکان بـوون.
لایەنێکـی نێگەتیڤـی تـری تۆپۆگرافیـای کوردسـتان، زیاتـر لەیـەک دابڕینـی ناوچـە و خێـڵ و پێکهاتەکانـی وڵاتەکـە بـووە لـە یەکتـری. خێڵـەکان و سیسـتەمی فیوداڵـی خێڵەکـی و بگـرە فیوداڵـی ئەوروپییـش خـۆی لەخۆیانـدا قوفڵـدرا و لەیـەک دابـراو بـوون. لێـرەدا تۆپۆگرافیـای کوردسـتان بۆتـە فاکتەرێـک بـۆ زیاتـر قوفڵـدان و لەیـەک دابڕینـی ناوچـە و خێـڵ و پێکهاتـەی وڵاتەکـە لـە یەکتـری.
سـەختیی وڵاتـی کوردسـتان لەژێـر سـایەی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرفراوانتـردا، رەنگـە ببوایـە بـە فاکتەرێکـی پۆزەتیـڤ بـۆ بەرەنگاربوونەوەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڕەشـــەی دەرەکـــی و پاراســـتنی وڵاتەکـــە و هاوڵاتیانـــی. بۆیـــە تۆپۆگرافیـــای کوردســـتان هـــۆکار و فاکتـــەری ســـەرەکی نییـــە لـــە پرۆســـەی گۆڕانـــکاری وڵاتەکـــەدا، بەڵکـــو بەپێـــی سیســـتمی بەڕێوەبردنـــی وڵاتەکـــە دەکـــرێ کاردانـــەوەی نێگەتیـــڤ یـــان پۆزەتیڤـــی هەبێـــت. بـــەڵام لەبەرئـــەوەی وڵاتەکـــە لـــە مێـــژووی درێژیـــدا سیســـتمێکی داخـــراو زاڵبـــووە بەســـەریدا، تۆپۆگرافیـــای وڵاتەکـــە زیاتـــر رۆڵـــی نێگەتیڤـــی هەبـــووە. تۆپۆگرافیـای وڵاتەکـە کاردانـەوەی نێگەتیڤـی هەبـوو لەسـەر دروسـتبوونی دەوڵەتێکـی ناوەنـدی بەهێـز، کـە بتوانێـی هەمـوو وڵاتەکـە لەژێـر چەتـری ئـەو دەوڵەتـەدا یـەک بخـات.

## گرنگی پێکەوتەی جوگرافی کوردستان

کوردســـتان هـــەر لـــە مێـــژووی کۆنـــەوە، ناوچـــە و پێکهاتـــەو نەتەوەکانـــی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی بەیەکـەوە گرێـداوە. لـە سـەدەی پانـزەوە ئـەو وڵاتـە بێجگەلـە نەتـەوەی کـورد، سـێ نەتـەوە مەزنەکـەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە عـەرەب و تورک و فـارس پێکـەوە بەسـتۆتەوە. سـەرەڕای ئـەوە پێکهاتـە و نەتـەوە گرنگەکانـی تـری نمونـەی ئەرمـەن و گۆرگـی و سـریانی و کلدانـی و تورکمـان و جـوو، یـان راسـتەوخۆ سـنوریان بـە کوردسـتانەوە بـووە یـان لـە وڵاتەکـەدا وجوودیـان هەبـووە.
ئـەم وڵاتـە رێگـەی هاتوچـۆو بازرگانـی ئەوانـە بـووە، مەیدانـی یەکلاکردنـەوەی شـەڕ و ناکۆکییەکانیـان بـووە، پەیوەندیـی ئایینـی و کلتـوری و مێـژووی هاوبەشـی لەگەڵیـان هەبـووە، لـە خۆشـی و ناخۆشـیدا کاریـان تێکـردووە و کاری تێکـردوون. ئـەو پێکەوتە جوگرافییـە رۆڵێکـی سـتراتیژیی گرنگـی بـە وڵاتەکـەداوە، کـە لـە ناوچەکـەدا کـەم شـت بـێ بەشـداریکردن و تێوگلانـی وڵاتەکـە روویداوە.
لێـرەدا پرسـیاری گرنـگ ئەوەیـە، ئایـا ئـەم پێکەوتـە جوگرافییـە گرنگـەی وڵاتەکـە لـە ناوچەکـەدا شـتێکی پۆزەتیڤـە یـان نێگەتیـڤ، ئایـا بـۆ وڵاتەکـە سودبەخشـە یـان زیانبەخـش، ئایـا هەڕەشـە و کۆسـپە لـە رێگـەی گەشـەکردنیدا، یاخـود دەرفـەت و فاکتـەری یاریـدەرە بـۆ گەشـەکردنی.
ئەگـەر بـۆ روانگـەی زۆرینـەی سـەرکردە و سیاسـتمەدار و نوسـەر و رۆشـنبیری کوردبگەڕێینـەوە، دیـارە ئـەوە بـە فاکتەرێکـی نێگەتیـڤ دانـراوە و ئـەو میللـەت و وڵاتانەیـان بـە دوژمـن و هەڕەشـە و کۆسـپ لەبـەردەم سـەربەخۆیی و گەشـەکردنی وڵاتەکـەدا دانـاوە. سـەرکردەکانی کـورد بەشـێوەیەکی گشـتی بـە درێژایـی مێـژووی وڵاتەکـە، یـان هەوڵـی خۆئامادەکردنیانـداوە بـۆ تۆڵەسـەندنەوە و خۆدابڕیـن لێیـان،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاخـود چۆکیـان بـۆ داداون و بەپێـی مەرجەکانـی ئـەوان رەفتاریانکـردووە.
ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ بەنـدی دووەمـی کتێبەکـە و چاوێک بـە چۆنیەتـی بوژاندنەوەی بازرگانـی و پیشەسـازیی سـەرەتای ئەوروپـای رۆژئـاوادا بخشـێنین، لەگـەڵ هەمـوو گـرژی و شـەڕو شـۆڕی نێـوان دەوڵـەت و میللەتەکانـی ئەوسـای ئـەو ناوچانـەدا، بوژاندنـەوەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی لـە نێوانیانـدا بـووە بـە بناغەیـەک بـۆ گەشـەکردنی ئابـوری و چاکسـازیی سیاسـی و یاسـایی تیایانـدا. گرێدانـی بـازاڕی نـاو خـودی وڵاتـەکان و نێـوان وڵاتـەکان لـە ناوەڕاسـتی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا قاپـی خسـتە سـەر پشـت بـۆ زیاتـر گەشـەکردنی ئـەو وڵاتانـە. ئـەوەی لێرەدا گرنگـە رەچاوبکرێ ئەوەیـە، کـە بێ بوونـی ئـەو دراوسـێتیەو بەسـتنی پەیوەنـدی و ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی لـە نێـوان وڵاتـە ئەوروپییەکانـدا، رەنگـە ئـەو ناوچانـە هەتـا ئەمـڕۆش هـەر لەژێـر سـایەی سیسـتمێکی فیوداڵـی داخـراودا بمانایـەوە. هەڵبەتـە بـێ سـەرهەڵدانی سیسـتمێکی نوێیـی بەڕێوەبردنـی ئابـوری و سیاسـی کراوەتـر لـە هەنـدێ لـەو وڵاتانـەدا سـود لـە بوونـی ئـەو دراوسـێتیە وەرنەدەگیـرا.
بەپێچەوانـەی رۆژئـاوای ئەوروپـا، لـە کوردسـتاندا بوونـی دراوسـێی زۆر و سـنوری درێـژ لەگەڵیانـدا لەبـری ئـەوەی ببێتـە فاکتەرێـک بـۆ گەشـەکردن، بۆتـە فاکتەرێـک بـۆ دروسـتبوونی گـرژی و شەڕوشـۆڕ و کوشـتار و داگیرکـردن و دەسـتێوەردانی کاروبـاری ناوخـۆی وڵاتەکـە. هـۆکاری بنچینەیـی ئـەو جیاوازیـە بێگومـان بـە پلـەی یەکـەم بـۆ گرتنـی رێبـازی جیـاوازی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری نێوانیاندەگەڕێتـەوە، کـە باسـی سـەرەکی لێکۆڵینـەوەی ئـەم بەندەمانـە.
لـە مێـژووی کۆنـی ئەوروپـای رۆژئـاوادا و دواتریـش لـە مێـژووی مودێرنیانـدا لەکاتـی زاڵبوونـی سیسـتمی سیاسـی و ئابـوری بەرتەسـکی تاکـڕە و لەنـاو هەمـوو، یـان هەنـدێ لـە وڵاتەکانیانـدا گـرژی و توندوتیـژی و شـەڕی گـەورە لـە نێـوان وڵات و دروواسـێکانیدا بەرپـا بـووە، بـەڵام کـە رێبـازی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرفراوانتـر و پلورالیـزم زاڵبـووە بـە پێچەوانـەوە پەیوندیـی هاوسـەنگ و گەشـەکردنی ئابـوری و خۆشـگوزەرانی روویـداوە. هەتـا ئێسـتا لـە بەشـێکی زۆری مێـژووی کوردسـتاندا بەهـۆی ئـەوەی سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرتەسـکی تاکـڕەو و تونـدڕەو زاڵبـووە، دراوسـێکانی کوردسـتان بوونەتـە رێگـر لـە پێشـکەوتنی وڵاتەکـە. بـەڵام بـە گۆڕانـکاری لـەوەدا، پێکەوتـەی گرنگـی سـتراتیژی کوردسـتان دەبێتـە فاکتەرێـک بـۆ گەشـەکردنی وڵاتەکـە و دراوسێکانیشـی. لـەم رووەوە کوردسـتان پێکەوتەیەکـی جوگرافـی گرنگـی هەیـە، کـە دەتوانـرێ سـوودی لێوەرگیرێـت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ناسەقامگیریی بەردەوام

کوردستان، هەر وەکو ناوچەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمیشە رووبەڕووی ناسەقامگیری و گرژی بۆتەوە. بەڵام بەتایبەتی لەدوای ساڵەکانی ١٥٠٠ئەو ناسەقامگیری و گرژی و توندوتیژییە بەهۆی ململانێی نێوان دەوڵەتەکانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا بە ئاستێکی بەرچاو زیادیکرد. کوردستان بووە (سورێکی گۆشت و خوێنی خەڵک «٨٥ ل٢٢٨») لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا. سەرەڕای ئەوەی خێڵ و ناوچە و پێکهاتەکانی کوردستان لە نێوان خۆیاندا ناکۆک بوون و لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوە ویستویانە ململانێ و گرفتەکانی نێوان خۆیان چارەسەرکەن، بە خۆشی و ناخۆشی و لەکاتیشەڕ و ئاشتیدا دەوڵەتە زلهێزەکانی ناوچەکە بۆ مەرامی خۆیان سودیان لەو ململانێیانە وەرگرتووە. لە پاڵ ئەوەدا ئەو خێڵە کوردانە بوونەتە بەرلەشکری ئەو وڵاتانە و بە خوێنی رۆڵەی وڵاتەکە و رەنجی خەڵکانی بەرهەمهێنەری پاڵپشتی ئەو دەوڵەتانەیان کردووەو بەشداربوون لە شەڕە دەرەکی و خۆماڵیەکانیاندا. بەپێی هەندێ لە مێژوونوسان لە ساڵەکانی نێوان ١٥٠٠–١٨٠٠ بێجگەلە ئەوەیژمارەیەکی زۆری خەڵکانی کوردستان لە شەڕی ناوخۆدا لەناوچوون، نزیکەی ١١٢ هەزاری تریان لە شەڕەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە کوژراون. لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ئەوسای کوردستان لەو سەردەمەدا بە ئەوپەری ١،٥ملیون هەڵسەنگێنرێ، بەپێی ئەوە ٧،٤٪ دانیشتوانی وڵاتەکە تەنها لەو شەڕانەدا لەناوچوون.

ناکۆکی نێوان خێڵە کوردەکان و ململانێی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی لە پێناوی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی کوردستان و سەرچاوەی داهاتی بەرهەم و باج و هەروەها بەکارهێنانی دەسەڵاتدارە خۆجێییەکانی لە شەڕەکانیاندا بووە هۆکاری ئەوەی ئەو دوو دەوڵەتە ساڵی ١٨٣٩ وڵاتەکە بۆ یەکەمجار لە نێوان خۆیاندا دابەشبکەن. سەرەڕای ئەوانە ئەو دابەشکردنە بووە هۆی ئەوەی کە لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا زۆنێکی گەورەی زەوی و خاک دروست بێت و ببێتە سورێک، کە بەهۆیەوە ئەو دوو دەوڵەتە خۆیان لە هەڕەشەی یەکتری بپارێزن.

هەر لە سەدەی پانزەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ئەو دوو دەوڵەتە سیاسەتێکی دوو فاقیان بەرامبەر کوردستان بەکارهێنا. لە لایەکەوە ئەو ناوچەیەیان بە نیمچە سەربەخۆ و دۆستی خۆیان دەهێشتەوە لە پێناوی خۆ پاراستن لە یەکتری، لە لایەکی ترەوە بۆ دەستوەردان لە کاروباری وڵاتەکە و بەکارهێنانی خەڵکەکەی، بە خۆشی و ناخۆشی سوودیان لە ململانێ و شەڕی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوخۆی کوردستان وەرگرتووە لە پێناوی مەرامی خۆیان و رێگرتن لە یەکگرتن و سەربەخۆیی و بەهێزبوونی ئەو ناوچانە «٩٦ ل١٧٧».

ململانێی ناوخۆی نێوان خێڵ و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ئەو دوو دەوڵەتە و جێگۆرگێکردن لە ریزەکانیاندا، هەروەها گۆڕینی والی و فەرمانبەران و سەرکردە سەربازەکانیان لەو ناوچانەدا، راستەوخۆ بۆتە هۆکاری دەستێوەردان لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئاڵوگۆڕکردن لە ریزکانی دەسەڵاتدارانی خێڵ و میرنشینەکانی وڵاتەکە. هاتنی هەموو شایەک، سوڵتانێک، سەرکردەیەکی سەربازی یان والییەکی نوێ، بۆتەهۆی ئەوەی جێگۆرکێ لە ریزەکانی دەسەڵاتدارانی خۆجێیی خێڵەکی کوردستان بکرێت. هەر یەکێ لەوانە کە هاتوون، خەڵکە کۆنەکانیان لابردووە و هەوڵی بەهێزکردن و دانانی خەڵکانی دۆست و ئەڵقە لەگوێی نزیک بە خۆیان داوە. بۆ ئەو مەبەستە سودیان لە ململانێی نێوان ئەندامی بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی خێڵ و میرنشینەکانوەرگرتووە، ململانێی نێوان خێڵ و پێکهاتەکان «بەندی سێیەم». لەو رێگەیەوە ئەو دەوڵەتانە توانیویانە رێگا لەوە بگرن، کە ئەو کەسایەتی و خێڵ و میرنشینانە بۆ ماوەیەکی درێژ بمێننەوە و پێگەیان زۆر بەهێزبێت لە کۆمەڵگەکەدا و هەوڵی سەربەخۆیی خۆیان بدەن. رێگەیان لەوە گرتووە، کە چینوتوێژ و پێکهاتەی تەمەن درێژ و بەهێز دروست بێت و ببێتە هەڕەشە لە سەریان. هەروەها ئەو دەسەڵاتدارە خۆماڵیە نوێیانە بە مەرجێک دانراون، یان قبوڵکراون کە وەلای تەواویان بۆ ئەوان هەبێت و پشتگیری مانەوەی دەسەڵاتیان بن و بەشداربن لە شەڕە دەرەکی و ناوخۆیەکانیاندا.

روخسارێکی تری ئەو سەدانە گواستنەوەی خێڵەکانی کوردستان بووە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری ناو یان دەرەوەی کوردستان. لە کاتی بەهێزبوون و هەڕەشەی خێڵێک یان پێکهاتەی ناوچەیەک، گواستراونەتەوە بۆ شوێنێکی دوور لە ناوچەکەیان. لەو رێگەوە توانیویان کۆنترۆڵیان بکەن و لە ناوچە نوێیەکاندا بۆ مەرامی خۆیان دژی خەڵکی ئەو ناوچەیە بەکاریانبهێنن. هەروەها بۆ سەرکوتکردنی خێڵێک یان پێکهاتەیەکی کوردستان یان شوێنەکانی تری ئەو دەوڵەتە، چەندینجار خێڵە کوردەکانیان گواستۆتەوە بۆ ئەو ناوچانە، بەوە لە لایەکەوە ئەو خێڵە کوردانەیان ناچارکردووە زیاتر وەلایان بۆیان هەبێت و لە لایەکی ترەوە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان کردووە.

زۆربەیجار ئەو دەوڵەتانە بەزۆر ئەو خێڵە کوردانەیان ناچارکردووە کە بگوێزنەوە، بەڵام جاری وا هەبووە ئەو خێڵە کوردانە بەخواستی خۆیان بەوە هەستاون. هەندێ سەرەک خێڵ لە پێناوی نەدانی باج یاخود لە پێناوی دەستکەوتی تاڵانیدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـە خۆشـی خۆیـان خێڵەكەیـان دوای خۆیـان خسـتووە و بەشـداری شـەڕی ئـەو دەوڵەتانەیـان لـە ناوخـۆ و دەرەوەی كوردسـتان كـردووە و لـە شـوێنە نوێیەكانـدا ماونەتـەوە. ئـەو سـەرەك خێڵانـە مەسـەلەی نەتەوایەتـی و خۆشەویسـتی وڵات لایـان گرنـگ نەبـووە، بەڵكـو ئـەوی لایـان گرنـگ بـووە بەرزبوونـەوەی پێگـەی خۆیـان و زیادبوونـی داهـات و سـامانەكانیان بـووە. بـۆ نمونـە شـا عەباسـی سـەفەوی سـەرەك هـۆزی پازۆكـی بانـگ كـردووە بـۆ سـەركوتكردنی دوژمنەكانـی. ئەویـش بـۆ ئـەو مەبەسـتە زیاتـر لـە ١٠ هـەزار خەڵكـی سـەر بـە خێڵەكـەی بـۆ ئـەو مەبەسـتە دوای خـۆی خسـتووە. چەندیـن سـەرەك خێڵـی كـورد بەنـاوی خزمەتـی سـوڵتان و ئایینـی ئیسـلامەوە خێڵەكانیـان گواسـتۆتەوە بـۆ ناوچەكانـی تـری كودسـتان یـان پارێزگاریـی سـنوری دەوڵەتـی عوسـمانییان كـردووە، یـان كۆچكـردن بـۆ هەنـدێ ناوچـەی بەڵقـان و ئەرمەنسـتان، كـە هەتـا ئێسـتا لـەو شـوێنانە ماونەتـەوە.

هەمـوو ئەمانـە جۆرێـك لـە ناسـەقامگیری و گـرژی و نائارامیـان لـە ناوچەكانـی كوردسـتاندا دروسـت كـردووە، كـە بونەتەهـۆی ئـەوەی هەمیشـە خەڵكەكـەی لـە تـرس و لـەرزدا بژیـن و گـوێ نەدەنـە پاراسـتن و ئاوەدانكردنـەوە و گەشـەكردنی وڵات و شـار و گونـد و مـاڵ و حاڵیـان «**٩٦ ل١٩ \ ٨٥ ل٢١٥**».

## بۆچـی شۆڕشـی سیاسـی و پیشەسـازی لـە كوردسـتان خۆبەخـۆ بەرپانەبـوو؟

لـە باسـی ئـەم بابەتـەی كوردسـتاندا بـە هەمـان شـێوەی باسـی شـوێنەكانی تـری رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت زیاتـر گرنگـی بـە سـاڵەكانی نێـوان ١٥٠٠-١٨٠٠ دەدەیـن. بنەمـا و خاسـڵەتەكانی فیودالّـی خێڵەكـی لـە كوردسـتاندا بەشـێوەیەكی گشـتی هاوچەشـن بـوو لەگـەڵ شـوێنەكانی تـری دەوڵەتـی عوسـمانی و ئێـران، بـەڵام بە هۆی خاسـڵەتە تایبەتیەكانـی وڵاتەكـەوە شـێواز و رێبـازی گۆڕانـكاری لـە كۆمەڵگەكـەدا و دەرئەنجامەكانـی جیـاوازی هەبـوو لەگـەڵ ئـەو شـوێنانەی تـر.

بـۆ گـەڕان بەشـوێن هـۆكاری ئـەوەی بۆچـی لـە كوردسـتان بـە شـێوەی رۆژئـاوای ئەوروپـا یـان وڵاتێكـی وەكـو ئینگلتـەرا شۆڕشـی سیاسـی و پیشەسـازی رووی نـەدا، دەبـێ بگەڕێیـن بـە شـوێن ئـەو فاكتەرانـەی كـە بووەهـۆی ئـەوەی لـەم وڵاتەكـەدا بـە شـێوەی وڵاتێكـی وەكـو ئینگلتـەرا چینوتوێـژی نوێـی بەهێـزی تیـادا دروسـت نەبـوو، كـە توانایـان هەبێـت بـەوە هەسـتن و هەروەهـا ئەوانـە دەرفەتـی بەشـداریكردنیان لـە بڕیـارە سیاسـی و ئابوریەكانـدا بـۆ نەڕەخسـا، كـە بتوانـن لـە رێگەیـەوە چاكسـازیی

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاسایی و سیاسی پێویست بەدەست بێنن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپانەی لە بەردەم گۆڕانکاریدا بوون.
بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی تێگەیشتنی بنەما کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەدەین. خاسڵەتە تایبەتەکانی کوردستان و تەفاعولکردنیان لەگەڵ بنەماکانی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی، لە وڵاتەکەدا ڕێبازێکی جیاوازتری گرتەبەر. بەشێکی زۆری ئەم بابەتە پێشتر لە باسی بەشەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باسکراون، بەڵام لێرەدا بۆ تێگەیشتنی ڕێبازی تایبەتی وڵاتەکە پێویستە بەشێک لەوانە بە تێڕوانینێکی جیاوازتر دووبارە بکەینەوە.

## تایبەتمەندییەکانی سیستمی خێڵەکی کوردستان

لە ناولێنان و باسکردنی خێل، مێژوونووس و زاراوە جیاوازەکانی زمانی کوردی وشە و لێکدانەوەی جیاواز بەکاردەهێنن. نموونەی ئەوانە خێڵ، ئێل، عەشیرەت، قەبیلە، هۆز و تیرە... لەم نوسینەدا هەوڵمداوە چەند وشە و دەستەواژەیەک بەکاربێنم، ئەویش بریتییە لە خێێڵایەتی، سیستمی فیوداڵی خێڵەکی، خێڵ و لق و بەشەکانی. هەڵبەتە لە بەندەکانی پێشوودا ئەوانە ڕوونکراونەتەوە، بەڵام هەندێکیان لە کوردستاندا ڕەنگە خاسڵەت و دەلالەتی جیاوازیان هەبێت. زۆر لە نوسەرانی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێنەکانی تری جیهان بە چاوێکی نزم دەڕواننە خێل و خێڵەکی و لایان بۆتە سیمبۆلی دواکەوتن و نەزانین. زۆر لە نوسەرە شارەزا ئەوروپاییەکانیش خێڵەکیان وەک دەزگایەکی کۆمەڵایەتی زۆر سادە و سەرەتایی لێی دەڕوانن و نەیانتوانیوە لەو ڕاستیە بگەن کە خێڵەکی و سیستمی فیوداڵی خێڵەکی بەشێوەی فیودالیزمی ئەورووپا، سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری تێرو تەسەل بووە. ئەم ڕوانگەیە کاردانەوەی لەسەر نوسەر و سیاسەتمەداری کورد هەبووە و بۆتە هۆکاری ئەوەی لە باسکردنی ڕۆڵی نێگەتیڤی خێڵ و خێڵەکی بەولاوە بەوردی نەچنە بنج و بناوانی بابەتەکەوە. ئەمە بۆشاییەکی دروستکردووە لە تێگەیشتنی مێژووی وڵاتەکە و خاسڵەتەکانی. هەروەها کاردانەوەی خراپی هەبووە لە تێگەیشتنی سروشت و ڕەفتاری چینوتوێژ و پێکهاتە و کەسایەتی و پارتە سیاسیەکانی وڵاتەکە و شێوازی تەعامولکردن لەگەڵیاندا.
بەپێی مێژوونوسەکان هیچ جیاوازێکی ئەوتۆ لە نێوان سترەکتۆر و بنەمای خێڵە کوردەکان و خێڵەکانی میللەتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەچاو ناکرێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەوەی هەتـا رادەیـەک تایبەتمەنـدی دەداتـە سیسـتمی خێڵەکـی لـە کوردسـتاندا، بریتییـە لـە چـڕی خزمایەتـی و تێکەڵاوبوونـی خوێـن و ژن و ژنخـوازی لـە ریزەکانیانـدا، هەروەهـا رۆڵـی گرنگـی خێڵ لـە یەکخسـتن و بەسـتنەوەی ئەندامەکانـی خێڵەکـە پێکـەوە و پاراسـتنیان لـە هەڕەشـەی دەرەکـی. سروشـتی سـەختی تۆپۆگرفـی کوردسـتان بۆتـە فاکتەرێـک بـۆ زیاتـر دابڕینـی خێڵـەکان لـە یەکتـری و بەهێـزی ناوچەگەرێتـی و سـەربەخۆیی و لووتبـەرزی تیایانـدا «**٨٥** ل٨٩».

خێـڵ یەکـەی سیاسـی و ئابوریسیسـتمی خێڵەکـی بـووە و هۆزێـک یـان چەنـد هۆزێکـی لەژێـر باڵـی خۆیـدا کۆکردۆتـەوە «**٩٨** ل١٧٠». هـۆزەکان خزمایەتـی راسـتەقینە(تێکەڵاوبونی خوێـن) یـان لەنـاودا هەبـوو و لـە چەنـد تیرەیـەک پێکهاتـوون. هـەر تیریـەک لـە چەنـد تایفەیـەک و هـەر تایفەیـەک لـە چەنـد بنەماڵەیـەک و هـەر بنەماڵەیـەک لـە چەنـد خێزانێـک پێکهاتـوون. خێـزان بچوکتریـن یەکـەی کۆمەڵایەتـی و بەرهەمهێنـان بـووە. تـاک بـە بوونـی خێـزان و بنەماڵـە و خێڵـەوە پێگـەی کۆمەڵایەتـی و توانـای دەروونـی پەیداکـردووە و بەدابڕینـی لەوانـە لاواز و بێدەسـتەپاچە بـووە و لـە کۆمەڵگـەدا ریسـوابووە.

لەبەرئـەوەی پێکهاتەکانـی خێـڵ سیسـتمێکی سیاسـی و ئابـوری، نەکـو خزمایەتـی، بەیەکـەوە کۆیکردونەتـەوە، مـەرج نەبـوو ئـەو هۆزانـەی کـە خێڵەکـەی پێکهێنـاوە خزمایەتـی نزیکیـان لەگـەڵ یەکتـر هەبوبێـت، بەڵکـو جاریـوا هەبووەچەنـد هۆزێکـی زۆر جیـاواز لـە یەکتـری، بەرژەوەنـدی سیاسـی و ئابـوری و سـەربازی هاوبـەش لـە خێڵێکـدا یەکـی خسـتوون. ئەوانـە لـە نـاو خۆیانـدا پیاوێکـی بەهێـزی بەهێزتریـن بنەماڵـەی بەهێزتریـن هۆزیـان بـە سـەرۆکی هەمـوو خێڵەکـە دەستنیشـان کـردووە «**٨٥** ل٢٠٨». زۆر لـە خێڵـە بچوکـەکان وهـۆز و تیـرە و تایفـە و بنەماڵـە، خزمایەتـی نزیـک و راسـتەقینە کـۆی کردوونەتـەوە. بـەڵام جـاری وا هەبـووە لـە رێگـەی ژن و ژنخوازییەوەلـە پێنـاوی بەهێزکـردن و هێشـتنەوەی یەکێتـی خێـڵ، خزمایەتـی هەڵبەسـتراو لـە نێـوان ئـەو بەشـانەدا رێکخـراوە «**٨٥** ل٩١».

پێگـەی کۆمەڵایەتـی بنەماڵـەکان لـە ئاسـتی جیـاوازدا بـووە. بـە شـێوەیەکی گشـتی دابـەش بـوون بەسـەر وەجاخـزادە و بـۆرە خەڵکـەوە. وەجاخـزادەکان توێـژی ئۆروسـتۆکراتی خێـڵ بـوون و دەسـەڵاتی سیاسـی و ئابـوری لـە دەسـتیاندا بـووە. لـە نـاو ئـەو بنەماڵـە ئۆروسـتۆکراتانەدا، بەهێزتریـن و بەتواناتریـن بنەماڵـە سـەرۆکایەتی خێڵەکـەی کـردووە. ئەمانـە سـەرکردایەتی سیاسـی و ئابـوری و سـەربازی خێڵەکەیـان کـردووە و لـە ناویاندانـە سـەرەک خێـڵ دەستنیشـانکراوە و دەسـەڵاتی رەهـای کەوتۆتـە دەسـت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆرە خەڵک، چینوتوێژەکانی خوارەوەی خێڵ یان هۆز بوون. خەڵکی ئازادبوون، بەڵام هیچ مافی بەشداریکردنیان نەبووە لە بڕیاردانی سیاسی و ئابوریدا و ملکەچی وەجاخزادە و سەرەک خێڵ بوون. سەرەڕای ئەرکی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و ئەرکەکانی تری خێڵ، جەنگاوەر بوون و هەمیشە ئامادەبوون خۆیان لە پێناو خێڵ و سەرەک خێڵدابەخت کەن «**۹۸ ل۱۲۳، ۱۲۷**».

ژن و ژنخوازی لە کۆمەڵگەی خێڵەکی کوردەواریدا لەسەر بنەمای خزمایەتی نزیک بووە و لە چاو زۆر لە میللەتەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر چڕتر و توندوتۆڵتر بووە. بەدەگمەن ژن و ژنخوازیان لەگەڵ بنەماڵەیەکی تردا کردووە «**۹۵ ل۱۹**». ئەگەر ناچار نەبونایە هەتا کچی خۆ وەستابێ کچی خەڵکیان نەهێناوە. پشت حساب بووە و پشتیش بۆ باوک و باپیر(باوکی باوک)گەڕاوەتەوە. بەو پێیە، پێش هەموو کەسانی تر ژنو ژنخوازی لە نێوان ئامۆزاکاندا رێکخراوە. کچ لە پێش هەموو کەسێکی تر بە ئامۆزا حەڵاڵ بووە و هەتا ئامۆزاکەی وەستا بێت نەدراوە بە خزمێکی تر. ئامۆزای نێرینە بڕیاری ژیان و پاشەرۆژ و شوکردنی کچە ئامۆزاکانیان لە دەستدا بووە، بێ رازیبونی ئەوان بە کەسی تر نەدراون. کچ زۆرجار وەکو موڵکێک رەفتاری لەگەڵکراوە. ژن بە ژنیان پێکردوون و لەکاتی دروست بوونی قەیران و ناکۆکی لە نێوان بنەماڵەکاندا بۆ رازیکردنی دڵی زوڵم لێکراو و هێورکردنەوەی دوژمنایەتی، کچێک یان چەند کچێکیان بە کراسی بەری خۆوە پێداون «**۸۵ ل۱۲٤**».

بەپێی ئەم راستییانە، شتێکی سەیرنیە کە رۆمانسیەت و دڵداری قەدەغەکرا و لەناو زۆر لە شیعر و هۆنراوە و گۆرانییە کوردیەکاندا جێگەی تایبەتیان هەیە. چیرۆکی مەم و زین و شیعرەکانی نمونەی وەلی دێوانە بۆ شەم ئەو راستیە دەسەلمێنێ. هەروەها شتێکی سەیرنیە، کە ژمارەیەکی زۆر لە کچانی کورد لەسەر خۆشەویستی قەدەغەکراو بێ سەروبەند دیار نەماون و لەناوبراون. هەتا ئەمڕۆش لەناو هەندێ بنەماڵەدا مەسەلی ئازاردان و کوشتنی کچان بە ناوی پاراستنی شەرەفەوە لەناو هەندێ بنەماڵەی کوردا هەر باوە.

بەپێی عورفی خێڵەکی خاوەندارێتی موڵک وماڵ گەڕاوەتەوە بۆ نێرینەکانی خێزان. بەتەمەترین پیاوی خێزان بڕیاری لەسەر ئەو بابەتە داوە. بە مردنی باوک بڕیاردان لەسەر ئەوانە کەوتۆتە دەست بە تەمەنترین و بەهێزترین نێرینەوە. بە نەبوونی نێرینە کەوتۆتە دەست مام یان ئامۆزاوە. ئەوان بەشێوەیەک بڕیاریان لە سەر وەراسەت داوە، کە لە بەرژەوەندی نێرینەکانی خێزان و پاراستن و یەکێتی بنەماڵەکەدا بووە. چونکە دوارۆژ و چارەنووسیان لەناو هەمان خێزاندا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەبووە مێینە هیچ حسابێکی بۆ نەکراوە، بەڵکو کەوتۆتە دەست ئەو خێزان و بنەماڵەیەی کە بەهۆی شوکردنەوە تێی کەوتوون. لە مەسەلەی مافی ئافرەتدا، زۆرجار عورفی خێڵەکی زاڵ بووە بەسەر شەریعەتی ئیسلامدا. لە کاتێکدا شەریعەتی ئیسلامی لە میرات و شایەتیدا حسابی نیوە مرۆڤی بۆ ئافرەت کردووە، عورفی خێڵەکی هیچ حسابێکی بۆ ئافرەت نەکردووە «**٨٥** ل**٩٣**».

مەسەلەی دەسەڵاتی رەهای پیاو لە خێزان و بنەماڵەدا تەنها لە پرسی میراتدا نەوەستاوەتەوە، بەڵکو هەموو لایەنە کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی گرتۆتەوە. گۆێڕایەڵی و ملکەچی بۆ بڕیار و روانگەی پیاوانی تەمەن گەورەتر، رێگر بووە لە بیرکردنەوە و رادەربڕینی ئازاد. ئەمانە توانای داهێنانی تاکی مراندووە و بوونەتە کۆسپ لەبەردەم فێربوون و چاکسازی و گەشەکردندا. هەڵبەتە ئەمانە چەند رێگر بووبێت لە گەشەکردنی نێرینەکاندا، چەندەها قات رێگر بووە لە گەشەکردنی مێینەدا.

ئەمانە روانگە و ئایدۆلۆجێتی تاکڕەو و توندڕەوی لە کۆمەڵگەدا چاندووە. رازی بوون بە ژیانی کۆن، رێگرتن لە گۆڕانکاری و بیری نوێ، پاراستنی عورف و نەریتی کۆن، گوێڕایەڵی کوێرانە، وەلا و پاشکۆیەتی. دەستکاریکردنی ئەوانە بە پێی ئایدۆلۆژی خێڵەکی بە عەیب و عار دانراون. هەر لە منداڵییەوە وا خراوەتە مێشکی تاکەکانەوە، کە مرۆڤ و کوردی رەسەن نابێت لەو پرنسیپانە لابدات. نابێ لاسایی بێگانە بکرێتەوە، تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازیان لەگەڵدا بکرێت. هەڵبەتە ترس و هەڕەشەی دەرەکی و ناسەقامگیری و شەڕوشۆڕ لە کۆمەڵگەدا هێندەی تر ئەم پرنسیپانەی لە کۆمەڵگەدا بەهێز کردووە.

لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە چونکە بەرژەوەندی تایبەتی و مان و نەمانی بنەماڵە، تایفە، هۆز و خێل پێش بەرژەوەندی و مان و نەمانی خێڵەکانی تر و نەتەوە هاتووە، ئەندامانی خێڵ لەسەرەوە بۆ خوارەوە بۆ ملکەچی تەواوی دەسەڵاتی رەهای سەرەک خێڵ بوون. بۆ پاراستنی خێلەکەی خۆیان ئامادەبوون لەگەڵ هەموو هێزێک، خێڵێک یان دەسەڵاتدار و دەوڵەتێکی دەرەکیدا هەمانگیری بکەن «**٨٥** ل**١٢٨**».

دانانی سەرەک خێڵ لە کوردستاندا وەکو دانانی پاشاکانی ئەوروپا بە دانانی بەتەمەنترین کور یان کچی بنەماڵەکە نەبووە، بەڵکو بەهەمان شێوەی دانانی شای ئێران یان سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی لە سەر بنەمای دانانی بەهێزترین نێرینەی بەهێزترین بنەماڵەی بەهێزترین خێڵ بووە. ئەم شێوە دانانە هەروەک چۆن دەبووە هۆکاری ململانێ و توندوتیژی لە ناو بنەماڵەکانی شا و سوڵتانەکاندا،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــە خێڵــە کوردەکانیشــدا دەبــووە هــۆکاری دروســتبوونی گــرژی و کوشــتن و پیلاندانانــی چــەوت دژی یەکتــری «٨٥ ل١٣٧». ســەرەڕای کاردانــەوە گشــتێکانی ئەمــە، لــە کوردســتاندا ترســناکترین کاردانــەوەی ئەمــە، هەوڵدانــی بەدەســتهێنانی پشــتگیری بێگانــە و دەســەڵاتدارانی دەوڵەتەکانــی رۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــوو بۆ پچڕینی پۆســتی ســەرۆکایەتی لــە خێڵەکــەدا. ئەمــە دەرفەتێکــی باشــی بۆ ئــەو دەوڵەتانە دروســتکردبوو، کــە بــە ئاســانی دەســتوەردەنە کاروبــاری وڵاتەکــە و داگیرکــردن و کۆنترۆڵکردنــی.

بنەماڵــە وەچاخزادەکانــی خێــڵ خۆیــان بــە بەرزتــر لەوانــی تــر دانــاوە، بۆیــە لایــان گرنــگ بــووە خۆیــان لــە بنەماڵەکانــی بــۆرە خەڵــک جیابکەنــەوە. لەبەرئــەوە بەدەگمــەن کچــی ئەوانەیــان بــۆ کورەکانــی خۆیــان هێنــاوە و بــە هیــچ جۆرێــک رێگەیــان نــەداوە کچەکانــی خۆیــان شــوو بــە کــوڕی ئەوانــە بکــەن. لــە هەنــدێ خێڵــدا نمونــەی جــاف و هەمەوەنــد وەچاخــزادەکان پلەیەکــی تایبەتیــان هەبــووە، کــە پێیــان وتــراوە بەگــزادە. ئەوانــە خۆیــان بــە خەڵکێکــی رەگــەز خاوێنتــر و رەســەنتر لــە بــۆرە خەڵــک دانــاوە و بۆئــەوەی خوێنیــان تێکــەڵاوی خوێنــی ئەوانــی تــر نەبێــت لەنێــوان بنەماڵەکانــی خۆیــان بــەولاوە ژنوژنخوازییــان لەگــەڵ کــەس نەکــردووە. بــۆ نمونــە خێڵەکانــی جــاف جــۆرە کۆنفیدراســیۆنێکیان لەگــەڵ هەنــدێ خێڵــدا پێکهێنــاوە کــە جــاف نەبــوون، بــەڵام بــۆ ئــەوەی خۆیــان لەوانــە جیــا بکەنــەوە خۆیــان بــە جافــی رەســەن و ئەوانــی تریــان بــە جافــی ناڕەســەن دانــاوە.

هەنــدێ لــە بنەماڵــە وەچاخــزادەکان کــە ســەرکردایەتی هەنــدێ لــە خێڵەکانــی کوردســتانیان کــردووە بــۆ ئــەوی خۆیــان لــە بنەماڵەکانــی تــر جیابکەنــەوە و خۆیــان لــەوان بــە بەرزتــر پیشــانبدەن و کۆنترۆڵیــان بکــەن، لافــی شــێخایەتی و ســەیدییان لێــداوە و رەچەڵەکــی بنەماڵەکانیــان گەڕاندۆتــەوە بــۆ پێغەمبــەر یــان ئەســحابەکان و جــاری واهەبــووە بــۆ نەتەوەیەکــی تــر. ســەرەڕای ئــەوەی بەمــە توانیویانــە خۆیــان بــە بەرزتــر لەوانــی تــر دابنێــن، لــەو رێگەیــەوە توانیویانــە ســنورێک بــۆ بنەماڵەکانــی تــر دابنێــن، کــە نــە توانــن هەلێــەی بەدەســتگرتنی ســەرۆکایەتی خێڵەکــە بکــەن و لەهەمانکاتــدا لــە کاتــی دروســتبوونی قەیــران و گــرژی لــە نێــوان بنەماڵــەی خێڵەکــەدا یــان لــە نێــوان خێڵەکانــدا ئاســانتر توانیویانــە رۆڵــی پیــاوی گــەورە و زانــا و ناوبژیکەر ببینــن «٩٥ ل٤٧».

لایەنێکــی تــری سیســتمی خێڵەکــی، کــە رەنگــە لای هەنــدێ کــەس بــە خاســڵەتێکی پۆزەتیــڤ دابنرێــت، توانــای خێڵەکانــە لــە یەکخســتنی ژمارەیــەک خەڵکــی زۆر لەخــۆی دژی هەڕەشــەی دەرەکــی. بەهــۆی چــڕی خزمایەتــی و دەســەڵاتی رەهــای ســەرۆک و ئازایەتــی و جەنــگاوەری و وەلای کوێرانــەی ئەندامەکانــی بــۆ ســەرکردە و پاراســتنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکتــری و شــوێن و مولْــک و مــاڵ و ژیانیــان، خێــڵ بۆتــە ئامرازێکــی گرنــگ بــۆ یەکخســتنی ریزەکانــی دژی هەمــوو هەڕەشــەیەکی دەرەکــی.

رەنگــە لــەو بــارە نالەبــارە و نــا ســەقامگیرەی کوردســتاندا زۆر زەحمەتبوبێــت ژمارەیــەک خەڵکــی بچوکــی بێدەســتەلات، گوندێــک یــان ناوچەیــەک بــێ بوونــی چەترێکــی بەهێــزی وەکــو سیســتمی خڵایەتــی بیانتوانیایــە خۆیــان لــە هەڕەشــەو داگیرکــردن و باجکۆکــەرەوەی بێویــژدان و چەتــە و جــەردە بپارێــزن. خێــڵ تۆرێکــی کۆمەڵایەتــی گرنــگ بــووە بــۆ ئــەو خەڵکــە کــە بتوانــن نیمچــە ئــازادی و ســەربەخۆیی بــۆ خۆیــان بپچــڕن. زۆرجــار مــان و نەمانــی ئــەو خەڵکــە بەســتراوەتەوە بــە مــان و نەمانــی خێڵەکەیانــەوە و بێئــەو بــە تەنهایــی و لاوازی و بــێ دەســەڵات ماونەتــەوە. بۆیــە ئەوانــە بــە دڵ و بەگیــان هەوڵــی پاراســتن و مانــەوەی خێڵەکەیــان داوە و کوێرانــە گوێرایەڵــی ســەرکردەکانیان بــوون.

کــەس ناتوانێــت ئینــکاری ئــەوە راســتیە بــکات، کــە خەڵکانــی کوردســتان بــە پیــر و گەنــج و منــداڵ و مێیینــە و نێرینــەوە، قوربانێکــی هێجــگار زۆریــان داوە و ئازارێکــی زۆریــان چێشــتووە و بــە خوێنــی خۆیــان ناوچەکانیــان پاراســتووە. بــەڵام دیوێکــی تــری ئــەو راســتیە ئەوەیــە، کــە بەهێــزی ئینتمــا بــۆ خێــڵ و ناوچــە و بنەماڵــە و ســەرکردە، ئینتمــا بــۆ وڵات و پاراســتنی بەرژەوەنــدی هەمــوو پێکهاتــە و ناوچەکانــی لاواز کــردووە و بــە پلــەی دووەم هاتــووە. هەروەهــا ئــەو بەرژەوەندیــە خێڵەکــی و ناوچەییانــە وایلێکــردوون بکەونــە بــەرەی دژ بەیــەک و داگیرکەرانــەوە. هەڵبەتــە لــە مێــژووی هاوچەرخــی وڵاتەکــە شــەڕی ناوخــۆ و هاریکاریکردنی سیاســی و ســەربازی ژمارەیەکــی زۆر لەوانــە لەگــەڵ دەوڵەتــە هەرێمایەتــی و زلهێزەکانــی جیهــان نمونەیەکی زینــدووە لەســەر ئەوانــە. ئەمــە تەنهــا خێــڵ و گروپــی کۆمەڵایەتــی نەگرتۆتــەوە، بەڵکــو بــە ئاســتێک چۆتــە ناخــی زۆربــەی پــارت و رێکخراوەکانــی ئەمــڕۆی وڵاتەکــەوە کــە بەرژەوەنــدی پــارت و رێکخــراو و ســەرکردە و ئەندامەکانیــان دەخەنــە پێــش بەرژەوەنــدی وڵاتــەوە.

دەســەڵاتی رەهــای ســەرەک خێــل، پاراســتی بەرژەوەنــدی و مــان و نەمانــی بنەماڵــە و خێــڵ و ســەۆک پێــش وڵات و نەتــەوە، وەلای کوێرانــە بــۆ گــەورە لــە خــوارەوە هەتــا ســەرەوەی کۆمەلگــە، نەریتــی تاکــڕەوەی و تونــدڕەوی لــە کۆمەڵگــەی کوردیــدا بــە رادەیــەک بەهێزکــردووە، کــە دەرفەتــی دیاکــۆگ و بۆچوونــی جیــاواز و نوێکردنــەوە و یەکتــر قبوڵکــردن و بڕیــاری هاوبەشــی زۆر ســنووردار کــردووە.

هەمــوو ئەمانــە وایکــردووە، کــە رێگــەی چارەســەرکردنی ناکۆکــی و ململانێــی دوو بنەماڵــە یــان دوو تیــرە و هــۆز هەتــا چارەســەرکردنی قەیرانــی ئابــوری و سیاســی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گـەورە و هەڕەشـە لەسـەر وڵاتەکـە لـە ڕێگـەی بڕیـاری تاکـڕەو و هەڕەشـە و خـۆ زاڵکردنـەوە بڕیاریـان لەسـەر درابێـت.
لەباتـی گرتنـی ڕێگـەی یاسـایی یاخـود هیـچ نەبێـت شـەریعەتی ئیسـلامی زۆرجـار بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکـی و دوژمنایەتـی ڕێگـەی تۆڵەسـەندن گیراوەتەبـەر. تۆڵەسـەندن عورفێکـی خێڵەکـی گرنـگ بـووە. بـە رادەیـەک لـە کۆمەڵگـەدا رەگ و ریشـەی داکوتـاوە، کـە هەڵنەسـتان بـە تۆڵەسـەندن جێگـەی سەرشـۆڕی هەمـوو بنەماڵـە و هـۆز و خێڵەکـە بـووە. تۆڵـە تەنهـا لـەو کەسـە نەکراوەتـەوە کـە تاوانـی کـردووە، بەڵکـو خراوەتـە ئەسـتۆی هەمـوو ئەندامـی خێـزان یـان بنەماڵـە یـان خێـڵ. بـێ چەنـدو چـۆن هەرچـی کەسـێکیان لـە خەڵکـی نزیکـی تاوانبارەکـە دەسـتکەوتبێ کەوتونەتـە گیانـی. ئـەم عورفـە خێڵەکیـە هەتـا لەگـەڵ شـەریعەتی ئیسلامیشـدا نەگونجـاوە، چونکـە بەپێـی شـەریعەت تەنهـا گوناهبـار سـزا دەدرێـت «٨٥ ل١١٢، ٢٧٧».
ئـەم راسـتییە بەهێزیـی عورفـی خێڵەکیمـان پیشـان دەدات لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریدا. گیروگرفـت و دوژمنایەتـی نێـوان بنەماڵەیـەک، تایفەیـەک یـان هۆزێـک، کـە پەیوەنـدی خوێـن پێکـەوە بەسـتبوونیەوە، رەنگـە لـە بە خوێنـدان یان کـچ پێدان چارەسـەرکرابێت، بـەڵام لـەدەرەوەی ئـەو بازنەیـە تۆڵەسـەندنەوەی کوشـتن هـەر کوشـتن بـووە و زۆرجـار ئـەوە بـە کوشـتنی چەنـد کەسـێک و بـە ماوەیەکـی کـورت کۆتایـی نەهاتـووە. ئـەم رەفتـارە تەنهـا لـە گرفتـی بچوکـدا رووی نـەداوە، بەڵکـو هەمـوو بوارەکانـی تـری کۆمەڵگـەی گرتۆتـەوە.
رەنگـە هەندێـک ئەمـە بەراسـت دانەنێـن و بڵێـن، خێڵەکانـی کوردسـتان هەمیشـە لـە ڕێگـەی تەوافـوق و سـازان و سـوڵحەوە چارەسـەری گیروگرەفەکانـی نێـوان خۆیانکـردووە. ئەمـە هەتـا رادەیـەک لایەنێکـی راسـتی تیدایـە. بەڵـێ هەمیشـە تەوافـوق و سـوڵحی خێڵەکـی هەبـووە، بـەڵام لێرەدا جیـاوازی گـەورە هەیـە لـە نێـوان سـوڵح و تەوافوقـی خێڵەکـی و بڕیـاری بەکۆمـەڵ و بەرفـراوان و چارەسـەری ریشـەیی و درێژخایـان بـۆ گرفتەکانـی کۆمەڵگـە.
سـوڵح و تەوافقـی خێڵەکـی لەسـەر بنەمـای بڕیـار و پلانـی هاوبـەش نەبـووە، کـە لـە ڕێگەیانـەوە کێشـەکان لـە بنەرەتـەوە چارەسـەر بکرێـن و ببنـە بنەمـا و یاسـا و پرەنسـیپ، کـە دواتـر لەسـەرهەڵدانی کێشـەی نوێدا پەیـڕەو بکرێـن. سـوڵح و تەوافوق لـە پێنـاو پینەوپەڕۆکردنـی کێشـەکان بـووە. بـۆ رازیکردنـی دڵـی یەکتـری بـووە، کـە کـەس تەنـازول بـۆ بەرامبەرەکـەی نـەکات و هـەردوولا بـە رووی سـوورەوەلە گرفتـەکان قوتاربـن. نمونـەی ئـەو چارەسـارانە بریتـی بـوو لـە دانـی کچـان بـە یەکتـری، یـان پێدانـی پارچـە زەوی یـان چـەک... .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چارەسەرکردنی ناکۆکی و گرژی نێوان خێڵ و میرنشینەکانیش بە هەمان شێوە لەسەر بنەمای سوڵح و تەوافقی خێڵەکی بووە. ئەگەر هێزی سەربازی و هەڕەشە و پاڵپشتکردنی هێزی دەرەکی و ناوبژیکردنی پیاوانی ریش سپی و شێخەکان چارەسەری گرفتەکانی نەکردایە، دەعوەتکردن و میوانداری یەکتری، پێدانی پارچە زەوی یان گوند و ناوچەیەک، ناردنی چەک و مەڕومالات، داهاتی باجی ناوچەیەک یان پێدانی پۆستی سیاسی و سەربازی، شێوەی بەکارهێنانی سوڵح و تەوافقی خێڵەکی بوون بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە «بەندی سێیەم». هەڵبەتە ئەمانە کێشەکانی لە بنەرەتدا چارەسەر نەکردووەو نەبۆتە هۆکاری دارشتنی پلان و پرۆگرامێک کە قاڵبێکی یاسایی بگرێتە خۆی و ببێتە بنەمایەک بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانی دواتر و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکە. تەوافوق و سوڵحی خێڵەکی هەمیشە بەندبووە بە هاوکێشی هێزو توانای سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی ئەو لایەنانەوە. بە گۆڕانی هاوسەنگی نێوانیان یاخود گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ لە ریزی سەرکردەکانیاندا سەرلەنوێ کێشە کۆنەکان سەریان هەڵداوەتەوەو کێشەی نوێ هاتۆتە پاڵیان. ئەمە زەمینەیەکی نوێیی خوڵقاندووە و سەرلەنوێ کەوتوونەتە هەوڵدان بۆ سەرکوتکردنی یەکتری یاخود تەوافوق و سوڵحێکی خێڵەکی نوێ. هەڵبەتە ئەگەر ئەمڕۆ سەیرێکی رەفتاری هێز و پارتە سیاسیەکانی کوردستان بکەین بە ئاسانی نمونەی ئەمانە دەبینین. ئەوەی سەدان ساڵ پێش ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا روویداوە هەتا ئێستا پاشماوەکانی لەمڕۆی کوردستاندا بە زەقی دەبینرێت.

شەڕو هەرای بەردەوام لای دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگەکە زۆر ئاسایی بووە. ئەوانە بە کار و روداوی خراپ و ترسناک دانەنراون. لە مەجلیس و دیوەخانی سەرکردەکان و لە شیعر و حەیران و داستانەکاندا هەمیشە ئەمانە جێگەی فەخر و سەربەرزیان بووە. باسکردنی تالانکردن و کوشتن و رسواکردنی بەرامبەر نیشانەی ئازایەتی و جوامێری سەرکردەکان بوون و زۆر بە سەربەرزییەوە ئەوانەیان بۆ میوانەکانیان گێراوەتەوە.

بنەما کۆمەڵایەتی و خاسڵەتەکانی سیستمی خێڵەکی لە کوردستاندا، دەرفەتی نەداوە بە درستبوونی دیالۆگ و روانگە و بۆچونی جیاواز و یەکتر قبوڵکردن و بڕیاری هاوبەش. ئەمانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە پێکهاتە و چینوتوێژە کۆنەکانی کوردستان و دواتریش چینوتوێژە نوێیەکان تیادا دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیاری سیاسی و ئابوریدا نەبێت یان هەر زۆرکەم بێت. نە بوونی ئەم دەرفەتە کۆسپێکی گەورە بووە لەبەردەم چاکسازیی سیاسی و یاسایی ریشەیی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە کۆمەڵگـەدا و ڕێـگا خۆشـکەر نەبـووە بـۆ گەشـەکردنی ئابـوری و بەرپابوونـی شۆڕشـی پیشەسـازی لـە وڵاتەکـەدا بـە شـێوەی وڵاتێکـی وەکـو ئینگلتـەرا.

## خێڵ \ کۆنفیدراسۆن \ میرنشین

خێڵەکـی لـەم وڵاتەشـدا وەکـو شـوێنەکانی تـری رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت خـۆی لـە خۆیـدا سیسـتمێکی سـادەی ئابـوری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـی بـوو، کـە رەنگـە خۆبەخـۆ بـە درێژایـی سـەدان سـاڵ گۆڕانـکاری ئەوتـۆی بەسـەردا نەهاتبێـت. بـەڵام لـەو کاتـەوەی کـە ئـەو خێڵانـە کەوتونەتـە زەوتکـردن و کۆنترۆڵکردنـی زەویـوزاری خەڵکانـی بەرهەمهێنـەری وڵاتەکـە و کردنـی خەڵکەکـەی بـە مسـکێن لـە لادێکانـدا و کۆنترۆڵکردنـی شـارەکان و قۆرخکردنـی بەرهەمهێنانـی پیشـەیی و کاروبـاری بازرگانـی، لێـرەش خێڵەکـی لـە سیسـتمێکی خێڵەکـی سـادەوە هەنـگاوی نـا بـۆ ئاسـتێکی بەرزتـر و سروشـتی سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی بەخۆوەگـرت.
سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی لـە کوردسـتاندا بـە شـێوەیەکی گشـتی هەمـان سروشـت و خاسـڵەتەکانی دەوڵەتەکانـی عوسـمانی و ئێرانـی فیوداڵـی خێڵەکـی هەبـووە، بـەڵام بـە هـۆی خاسـڵەتە تایبەتییەکانـی وڵاتەکـەوە ئـەو سیسـتمە هەنـدێ تایبەتمەندیـی هەبـوو، کـە شـێواز و هەیکەلێکـی جیـاواز لەوانـی تـر تیـادا دروسـتبوو، هەروەهـا ڕێبـازی گۆڕانـکاری تایبەتـی بـۆ وڵاتەکـە دروسـتکرد.
لـە کوردسـتاندا بـە شـێوەی نیوەدورگـەی عـەرەب و دەوڵەتـی عوسـمانی و دەوڵەتـی سـەفەوی، دیـن و مەزهەبێکـی تایبەتـی بەهێـز تیایـدا دروسـت نەبـوو، کـە بتوانێـت هەمـوو خێـڵ و میرنشـین و پێکهاتـەی وڵاتەکـە لەژێـر چەتـری دەوڵەتێکـی ناوەنـدی بەهێـزی سەرانسـەریدا کۆبکاتـەوە. بەهەمـان شـێوە هیـچ لـە خێـڵ و میرنشـین و سـەرکردەکانی وڵاتەکـە هێنـدە بەهێـز نەبـوون، کـە بەسـەر ئەوانـی تـردا زاڵ بێـت و کۆنترۆڵیـان بـکات و لـە دەوڵەتێکـی وادا کۆیـان بکاتـەوە.
لـەو سـەردەمەدا بەشـێوەی وڵاتەکانـی رۆژئـاوای ئەوروپـای کۆتایـی سـەدەکانی ناوەڕاسـت زەمینـەی ئابـوری و سیاسـی و ئایدۆلـۆژی پێویسـت دروسـت نەبـوو، کـە ببێتـە هـۆکاری دامەزراندنـی دەوڵەتـی نەتەوایەتـی. زەمینـەی ئەوسـا زیاتـر ڕێگـە خۆشـکەر بـوو بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی فیوداڵـی خێڵەکـی. ئـەوەی لەو سـەردەمانەدا هـەر بـە خەیاڵـی خەڵکدانەهاتـووە مەسـەلەی ناسـنامە و دەوڵەتـی نەتەوایەتـی بـووە. مەسـەلەی نەتەوایەتـی کـورد لـە سـەدەی شـانزەدا لـە نوسـینەکانی شـەرەفخان و لـە سـەدی حەڤـدەدا لـە نوسـینەکانی ئەحمـەدی خانێدا رەچاودەکرێت، بـەڵام ئەوانـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنها لە سنوری خواست و سۆز و ئارەزوو بەولاوە دەرنەچوون و نەبوونەتە بزووتنەوەیەکی بڵاوی بەر فراوان لە سەرانسەری کوردستان یان هەندێ ناوچەیدا.

باری ناوخۆی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساڵەکانی ١٥٠٠-١٨٠٠ چەند کاردانەوەیەکی گرنگی هەبوو لەسەر سیستمی فیوداڵی خێڵەکی لە وڵاتەکەدا و ڕێبازی گۆڕانکاری تیایدا، کە دەکرێ لە چەند خاڵێکدا گەڵاڵە بکرێن:

- مانەوەی کوردستان لە سیستمێکی فیوداڵی خێڵەکیدا و بەهێزبوونی ئەو سیستمە بەهۆی بوونی دەوڵەتی دراوسێیی فیوداڵی خێڵەکی زلهێز لە دەوروپشتیدا و کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکە لە لایانەوە.
- بەردەوامی دابەشبوونی وڵاتەکە بەسەر چەندین ناوچەی خێڵەکی و کونفیدراسیونی خێڵەکی و میرنشین. ئەمانە لە مێژووی ئەو سێ سەد ساڵەی وڵاتەکەدا کەم یان زۆر لە ناکۆکی و شەڕوشۆڕدا بوون لەگەڵ یەکتری.
- ئەمانە وڵاتەکی تەواو لاوازکرد بوو بە رادەیەک کە بە ئاسانی کەوتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو دوو دەوڵەتەوە و بووە پاشکۆیان و بە فەرمی ساڵی ١٦٣٩لە نێوان خۆیاندا دابەشیانکرد. ئەو دابەشکردنە درێژخایان بوو و هەتا ئێستاش لەگەڵ عێراق و تورکیا سنووری کوردستانی رۆژهەڵاتە.
- سوودوەرگرتی ئەو دوو دەوڵەتە لە ناکۆکیەکانی نێوان هێزە خێڵایەتەکانی کوردستان و بەکارهێنانی ئەوە بۆ دەستێوەردانی وڵاتەکە و شەڕەکانی نێوانیان و خۆپارستنیان لە هەڕەشەی یەکتری.
- بەهێزبوونی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی لە وڵاتەکەدا و چڕبوونەوەی ململانێی ناوخۆ، ناسەقامگیری و بەستنەوەی وڵاتەکە بە دوو دەوڵەتی جیاوازەوە، لە پاڵ سەختی تۆپۆگرافی وڵاتەک و خراپی رێگەوبان بوونە هۆکاری بنچینەیی بۆ لاوازی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتوچۆ و پەیوەندی دروستبوون لە نێوان ناوچەکانی وڵاتەکەداو دروستنەبوونی شاری بازرگانی بەهێز تیایدا.

ئەگەرچی کوردستان لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٠-١٨٠٠ دەوڵەتێکی ناوەندی سەرانسەری تیایدا دروست نەبوو، کە هەموو وڵاتەکە پێکەوە ببەستێتەوە، ئەگەرچیوڵاتەکە دابەش بوو بەسەر دوو دەوڵەتەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی خۆجێیی بەشی زۆری ناوچەکانی وڵاتەکە نیمچە ئوتۆنومی و سەربەخۆیی خۆیان هەبوو «٩٦ ل١٧٧».

کوردستان دابەش بوو بەسەر چەندین ناوچەدا کە شێوازی دەسەڵات تیایاندا جیاواز بوو. بەشێکیان لەژێر کۆنترۆڵی خێڵە گەورە کوردەکاندا بوون، بەشێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تریان کۆنفیدراسۆنی چەند خێڵێک و هەندێکیشیان میرنشینەکان حوکمرانیان تیادا دەکرد. سەرەڕای ئەمانە ناوچەی فراوانی وڵاتەکە کە دەسەڵاتی خێڵەکی کورد تیایاندا لاواز بوو کەوتبوونە ژێردەسەڵاتی راستەوخۆی ئەو دوو دەوڵەوە «**٣٠** ل**٢٢٨**».

خێڵە گەورەکان، کە لە چەندین هۆز پێکهاتبوون یەکەیەکی ئابوری و سیاسی و سەربازی بوون و دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەیەکدا هەبووە. سەرەک خێڵ دەسەڵاتی تەواوی بەسەریانەوە هەبووە و یەکی خستوون و بڕیاری دۆستایەتی یان دوژمنایەتی بەستنی لەگەڵ دەوروپشتداداوە. هەتا خێڵ گەورەتر بوایە و ژمارەی هۆزەکانی زیاتر بوونایە، چری خزمایەتی لە نێوان هۆزەکانیدا کەمتر بۆتەوە و جاری واهەبووە هەندێ خێڵ لە هەندێ ناوچەدا جیاوازی مەزهەبی و ئایینی و نەتەوایەتی لە نێوانیاندا هەبووە.

لە هەندێ ناوچەدا چەند خێڵێک بە مەبەستی پارێزگاریکردنی ناوچەکانیان و بوونی بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوەندیاندا، کۆنفیدراسۆنی خێڵەکیان لەناو خۆیاندا پێکهێناوە. بەهێزترین بنەماڵەی بەهێزترین خێڵ سەرکردایەتی کۆنفیدراسۆنەکەی کردووە. ئەگەرچی زۆربەی سەرۆک و وەجاخزادەی خێڵ و کۆنفیدراسۆنەکان لە شارەکاندا جێگیربوون و توانیویانە تیایاندا قۆرخی جموجۆڵی بازرگانی و پیشەیی بکەن، لەرێگەی پیاوەکانیانەوە کۆنترۆڵی لادێکانیان کردووە «**٩٨** ل**١٨٨**».

نمونەی ئەو خێڵانەی کە لەو سەدانەدا هەوڵیانداوە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن و لەدەرەوەی دەسەڵاتی میرنشینەکاندا بوون لە کوردستانی رۆژهەڵات خێڵی بڵباس بوو. لەو سەدانەدا زۆربەی کات کەم یان زۆر کۆنترۆڵی ناوچەی گەورەیان کردووە. هەرلە سنووری میرنشینی ئەردەڵان و بابان و سۆرانەوە هەتا سابڵاغ و ورمێ و باکوری دەریای ورمێ و هەندێ ناوچەی کوردستانی باکوری ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دەستیان رۆیشتووە. رەوەند و نیمچە رەوەند بوون. هەتا بۆیانکرابێ ملیان بۆ کەس کەچ نەکردووەو باجیان نەداوە. لە گرژی و دوژمنایەتیدا بوون لەگەڵ میرنشینە دراوسێکانیان و رازی نەبوون بچنە ژێر چەتری دەسەڵاتیانەوە «**٩٦** ل**٣٩**».

ئاستی گەشەکردنی میرنشینەکان هەنگاوێک لە پێش خێڵ و کۆنفیدراسۆنەوە بوون و خاوەنی سیستمێکی کاملتر بوون. میرنشینەکان دەوڵەتی فیودالی خێڵەکی بچوک بوون و دەستگای سەرەتایی دەوڵەتیان تێدا بووە و لەگەڵ لاوازی و پاشکۆیەتیاندا بۆ دوو دەوڵەتەکە، هەتا رادەیەک خاوەنی دەسەڵاتی ئابوری و سیاسی و سەبازی خۆیان بوون لە ناوچەکانیاندا. میرنشینەکانی کوردستان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مۆدێلێکی بچووکی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی ئێران بوون «**٨٥ ل٢٢٥**».
وەکو چۆن دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن خێڵێک و بنەماڵەیەکی تورک پێش هەموو یەکێکی تر بە سەرکوتکردن و کۆنترۆڵکردنی خێڵە تورکەکانی تر پێکهات و هەروەها دەوڵەتی سەفەوی لە ڕێگەی خێڵە تورکە قزڵباشەکانەوە بە هەمان شێوە پێکهات، لە کوردستانیشدا بنەماڵەی هەندێ خێڵی بەهێز توانیویانە سەرکوت و کۆنترۆڵی هەندێ خێڵ و ناوچەی بچوک بکەن و دەسەڵاتی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی بچوکدا بەناوی میرنشینەوە بسەپێنن «**٩٨ل١٣٥، ٢٠٩**».
بێجگەلە کۆنترۆڵکردنی زەویوزارێکی زۆری لادێکان و مسکێنە نیشتەجێبووەکانی ئەو شوێنانە، میرنشینەکان کۆنترۆڵی هەندێ شارۆچکەشیان کردووە. سەرکردە و توێژە وەجاخزادەکانی گەورەترین خێڵ و خێڵە دۆستەکانیان و کاربەدەستانی سیاسی و ئابوری و سەربازی دەوڵەتە بچوکەکەیان لە شەڕەکاندا نیشتەجێبوون و یەکێ لەو شارانەیان کردۆتە پایتەختی خۆیان. بنەماڵەی میر کۆنترۆڵی تەواوی ئەو شارانەیکردووە و لەوێوە حوکومرانی لادێکانیان کردووە «**٩٨ ل١٢٥**».
ئەو پیاوانەی پلە و پۆستی ئیداری و سیاسی و سەربازی و کاروباری ئابوریان پێ سپێردراوە لە توێژەکانی وەجاخزادە و خەڵکانی نزیک میر بوون. ئەوانە هەتا لە خێڵ و بنەماڵەی میر نزیکتربوونایە پۆستی بەرزتریان پێ دەبخشرا. دانی پۆست و سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی بەوانە بەندبووە بە کەم و زۆری وەلایان بۆ میر. بە کەمبوونەوەی وەلایان بۆ میر، لە کاتی گۆڕانی میر یان بنەماڵەی دەسەڵاتدار هەروەها بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکیەوە، گۆڕانکاری لە ریزەکانی ئەو کاربەدەستانەشدا رووی داوە «**٩٨ ل١٣٩**».
ئەو خێڵانەی دەکەوتنە بازنەی دەسەڵاتی میرنشینەوە دوو جۆربوون. خێڵە بچوکەکان، کە یان بە ئاسانی لەلایەن میرەوە کۆنترۆڵکرابوون یان بەخۆشی خۆیان لە پێناوی پاراستنی خۆیاندا چووبوونە ژێر چەتری میرنشینەکەوە. ئەمانە لاواز و کەم توانا بوون و گوێڕایەڵی میرنشینەکان بوون و جەنگاوەرەکانیان لە خزمەتی میردا بوون و باجی ساڵانەیان دەدا بە میر.
سەرەڕای خێڵی بچووک لە سنووری دەسەڵاتی زوەبەی میرنشینەکاندا خێڵێک یان چەندین خێڵی گەورە هەبوون. ئەمانە ناوچەی گەوە و چەندین گوند یان لەوەڕگای گەورەی خۆیان هەبووە و خاوەنی هێزی سەربازی خۆیان بوون و زۆربەیجار راستەوخۆ حوکمرانی ناوچەکانی خۆیان کردووە. ئەمانە لە کاتی شەڕ و هەڕەشەی دەرەکیدا پاڵپشتی میریان دەکرد. بە پێی عورفی خێڵەکی رەفتاریان لەگەڵ یەک کردووەو گرفتەکانی نێوانیان چارەسەر کردووە. ئەمانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەدەگمەن باجیان داوە بە میر، بەڵام ساڵانە دیارییەکی زۆریان بە شێوەی مەڕومالات و بەروبەمی کشتوکاڵی ناردووە بۆ پایتەختی میرنشین. لە بەرامبەردا میریش چەند گوندێک یان ناوچەیەکی پێ بەخشیون کە تەسەروفی پێوە بکەن و داهاتی باج و سەرانەی ئەو شوێنانەیان بۆ خۆیان بردووە یاخود چەک و دیاری نایابی بۆ ناردوون «٩٨ ل١٨٨».

بوونی ئەم خێڵە گەورانە لە چوارچێوەی میرنشینەکاندا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر مان و نەمان و توانا و هێزی میرنشینەکان و فاکتەری گرنگ بوون بۆ بەردەوام بوونیان. بەڵام لە هەمانکاتدا ئەمانە بە ئاسانی چۆکیان بۆ میر دانەواندووە. لەبەرئەوەی بەرژەوەندی بنەماڵەو خێڵەکانی خۆیان پێش بەرژەوەندی میرنشین و نیشتیمان هاتووە، زۆرجار لە میرنشینەکە هەڵگەڕاونەتەوە و دەرفەتیان بۆ هاتبێت یان دەستکەوتی باشیان بەدەست هێنابێ چوونەتە پاڵ میرنشینێکی تر یان جاری واهەیە چوونەتە پاڵ یەکێ لە دەوڵەتە دەرەکیەکان بۆ لاوازکردنی میرنشینەکە. خێڵەکانی جاف کە لەژێر چەتری دەسەڵاتی بابانەکاندا بوون نمونەی ئەو خێڵە گەورانەن کە لەژێر چەتری میرنشیدا بوون.

ئەگەرچیمیر لە کاتی لاوازبوون و کەم دەسەڵاتی یان لە کاتی شەڕوشۆڕدا ژمارەیەک لە پیاوانی گەورەی وەکو سەرکردەی سەربازی و دەسەڵاتدارانی خێڵ و شێخەکانی لە خۆ کۆکردۆتەوە، بەڵام ڕۆڵی ئەوانە هەر راوێژکاری بووە و دوا بڕیار و دەسەڵاتی رەها لە دەست میردابووە. سەرۆک هۆز و خێڵاکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشین تەنها دەسەڵاتیان بەسەر پیاوەکانی ژێردەستی خۆیاندا رۆیشتووە، بەڵام میر توانای بڕیاردانی بەسەر هەموویاندا هەبووە. لەبەرئەوە میر لەکاتی پێویستدا توانای کۆکردنەوەی ژمارەیەی زۆری چەکداری هەبووە. لەگەڵ ئەوەی میرنشینەکان نیمچە سەربەخۆیەکیان هەبووە، بەڵام زۆربەی کات پابەندی بڕیاری یەکێ لەو دوو دەوڵەتە بوون و وەلایان بۆیان هەبووە. لەکاتی شەڕوشۆڕی دەرەکی و ناوخۆی ئەو دەوڵەتانە بەشداریانکردووە. ئەگەرچی بەشێوەیەکی هەمیشەیی باجیان پێ نەداون، بەڵام ساڵانە بەناوی دیارییەوە بەروبوومێکی زۆری کشتوکاڵی و مەڕوماڵاتیان بۆ رەوانە کردوون «٩٨ ل١٧٧». لە کوردستانی رۆژهەڵات میرنشینی ئەردەلان رۆڵێکی گرنگی هەبوو و یەکێک بوو لە میرنشینە کۆن و مەزنەکانی کوردستان. ئەو میرنشینە بێجگەلە داهاتی ناوخۆ، کە زیاتر لە ناوخۆیدا دەمایەوە، ئەرکی باجکۆکردنەوەی ناوچەی گەورەی دەوروپشتی پێ سپێردرا بوو بۆ دەوڵەتی ئێران. پێش ئەوەی ساڵی ١٦٣٩ کوردستان بەفەرمی لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا دابەشبکرێت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

میرنشـینی ئـەردەڵان ناوچەیەکـی زۆری کوردسـتانی باشـوری لەژێـر دەسـەڵاتدا بـوو. ناوچەکانــی ســلێمانی، پشــدەر، شــارەزوور، گەرمیــان بەشــێک بــوو لــەو میرنشــینە. دابەشـبوونی کوردسـتان بـووە هـۆکاری ئـەوەی میرنشـینی ئـەردەڵان ئـەو بەشـەی کوردســتانی باشــوری لێبێتــەوە و بکەوێتــە ســنوری دەوڵەتــی عوســمانییەوە. لــەو زەمینەیــەدا بابانــەکان دەرفەتیــان هێنــا و بــە پشــتگیری دەوڵەتــی عوســمانی بــە مەبەسـتی کۆنترۆڵکردنـی ئـەو ناوچانـە و دابڕینـی لـە ئێران مرنشـینی بابانیـان تیـادا دامەزرانــد، کەلــە نێــوان ســاڵەکانی **١٦٥٠-١٨٣٤** حوکمڕانــی ناوچەکەیکــرد. ســنوری نێــوان دەوڵەتــی عوســمانی و ئێــران لــەو ناوچانــەدا بــووە ســنوری نێــوان ئــەو دوو میرنشــینەش. مێــژووی هاوبەشــیدوو ســەدەی ئــەو دوو میرنشــینە، مێــژووی ململانـێ و گـرژی و شـەڕوشـۆڕی بـەردەوام بـوو لـە نێوانديانـا. ئـەم ناوچەيـە بـووە دژوارتریــن و ناســەقامگیرترینی ناوچەکانــی کوردســتان، بــووە مەیدانــی ململانــێ و بەیەکاچوونـی ئـەو دوو دەوڵەتـە و یەکلاییکردنـەوەی ناکۆکیەکانیـان. زۆرجـار گـرژی نێــوان ئــەو دوو میرنشــینە دەبــووە شــاپڵیتەیەک بــۆ هەڵگیرســاندی شــەڕ لەنێــوان ئــەو دوو دەوڵەتــە. ناکۆکــی نێــوان ئــەو دوو میرنشــینە دەرفەتێکــی باشــی خوڵقانــد بــۆ دەســتێوەردانی ئــەو دوو دەوڵەتــە لەکاروبــاری میرنشــینەکان و کوردســتاندا «**٩٨** ل**١٣٠\٧٧** ل**٤٦**».

لەگــەڵ ململانێــی نێوانیــان، هەریــەک لــەو میرنشــینانە ئەویتــری بــە بەشــێک لەخــۆی زانیــوە و ویســتویەتی کۆنترۆڵــی بــکات و بەتونــدی بەخۆیــەوە ببیەســتێ. لەگــەڵ ناکۆکــی و شـەڕوشـۆڕی نێوانیانـدا پەیوەندیئابـوری و هاتوچـۆ لـە ناوەندیانـدا هـەر بەردەوامبــوو و کاردانــەوەی کلتوریــی و زمــان و شــیعر و ئەدەبیــات بەســەریەکەوە هەبــوو. ململانێــی نێوانیــان لایەنــی کلتــوری و ئەدەبیشــی گرتۆتــەوە و بۆتــە فاکتەرێــک بــۆ گەشــەکردنی ئــەدب و زمانــی کــوردی. هەرچەنــدە بــە فەرمــی ئــەو دوو میرنشــینە کەوتبوونــە ســنووری دوو دەوڵەتــی جیــاوازەوە، بەڵامئــەوە هەتــا ناوەڕاســتی ســەدەی نــۆزدە کاردانەوەیەکــی ئەوتــۆی نەبــووە لەســەر پەیوەنــدی نێــوان هــەدوو دیــوی ســنوورەکە. هەنـدێ خێڵـی گـەورەی وەکـو خێڵاکانـی جـاف و ناوچـەی هەورامـان و گـۆران کەوتبوونـە هـەردوو دیـوی سـنورەکەوە، بـەڵام بـە کـردەوە ئەوانـە گوێیـان بــەو ســنووره نــەداوە و دانیــان پێدانەنــاوە. هاتوچــۆ و هەمانگیــری و پەیوەنــدی نێوانیـان زۆرجـار گرفتـی بـۆ ئـەو دوو میرنشـین و دوو دەوڵەتـە خوڵقانـدووە.

لەگــەڵ ئــەوەی دەوڵەتــی عوســمانی هەمیشــە ســوودی لــە ناکۆکیەکانــی ناوخــۆی کوردســـتان وەرگرتـــووە و دەســـتی وەرداوەتـــە کاروبـــاری نـــاو میرنشـــینەکانی کوردسـتان، بـەڵام دەسـتێوەردان و کاردانـەوەی ئێـران لەسـەر ئـەردەڵان و خێڵەکانـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانی لە دەوڵەتی عوسمانی زیاتر بوو. دەوڵەتی عوسمانی بەدرێژایی مێژووی، حوکمرانی تیایدا بەدەستت بنەماڵەی عوسمانییەوە بوو. ئەمە لەچاو ئێراندا سەقامگیری لە دەوڵەتەکەدا دروستکرد. بەڵام ئێران بە پێچەوانەوە بوو. بێجگەلە ململانێی ناوخۆی بنەماڵەی شاکانی وڵاتەکە، ململانێی نێوان خێڵە تورکەکانی ئەویش بۆ گرتنی دەسەڵات زۆر دژوار بوو کە بووە هۆکاری ئەوەی لە مێژووی چوارسەدەی وڵاتەکەدا لە نێوان ١٥٠٠-١٩٢٥ سێ دەوڵەت جێگەی یەکتر بگرنەوە. گۆڕانکاری بەردەوام لە نێوان بنەماڵەی شاکان و خێڵە تورکەکان و دروستبوونی دەوڵەتی نوێ تیایدا هەروەکو هەموو شوێنەکانی تری ئێران کاردانەوەی زۆری هەبوو لەسەر خێڵەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و میرنشینی ئەردەڵان. بگرە کاردانەوەی هەبوو لەسەر میرنشینیەکانی کوردستانی ناو سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانیش وبەتایبەتی میرنشینی بابان.

بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی میرنشینی ئەردەڵان و خێڵە کوردە مەزنەکانی وەکو زەندی و بەختیاری و لوڕ و شکاک ئەکەوتنە گێژاوی ئەو بەربەرەکانی و کوشتار و گۆڕانکارییانەوە و دەبوونە تەرەفێکی کاریگەر تیایاندا. هەر یەکێک لەوانە دەکەوتنە بەرەی یەکێ لەو بنەماڵە و خێڵە تورکانە و دژی خێڵە کوردەکانی تر دەوەستانەوە. بۆ نمونە لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدە خێڵە زەندیەکان و هەندێ لە خێڵە بەختیارییەکان بوونە بەشێک لەدەوڵەتی ئەفشار و بە کەوتنی ئەفشار زەندییەکان بەردەوامیاندا بە حوکمرانی ئێران و بۆ ماوەیەک دەوڵەتی زەندیان دروستکرد. لە بەرامبەردا سەرکردەکانی ئەردەڵان بوونە هاوپەیمانی خێڵەکانی قاجارو یارمەتیاندان دەوڵەتی قاجار لە سەرانسەری ئێراندابونیادبنێن. هەموو ئەمانە دوژمنایەتی نێوان زەندییەکان و بەختیاریەکان و ئەردەڵانیان خەستر کردەوە و بەو هۆیەوە چەندین شەڕ لە نێوەندیاندا هەڵگیرسا و بووە هۆی کوشتنی ژمارەیکی زۆری دانیشتوان و کاولبونی وڵاتەکە «٩٦ ل١١٦ \ ٧٧ ل١٤٧ \ ٨٥ ل١٩٥، ٢٣٨».

بێجگەلە دەوڵەتی عوسمانی ئێرانیش دەستی وەردەدایە کاروباری میرنشینی بابان. ئەو دەستتێوەردانە لە رێگەی ململانێی ناوخۆی بنەماڵەکانی بابان بوو. لە سەدەی هەژدە سێ برای بنەماڵەی بابان لەسەر ئەوە ناکۆک بوون کە کامیان ببنە میری بابان و بۆ ئەو مەبەستە دابەش بوون بەسەر سێ باڵدا. لایەنێکیان پاڵپشتی ئێران و دووەمیان پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانی و سێیەمیان لە ناوەڕاستدا مایەوە. بێگومان ئەم ململانێیە دەستتێوەردانی ئەو دوو دەوڵەتەی لە کاروباری میرنشینەکاندا زیادکرد و دواتر بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ لاوازبوون وداڕمانی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رەنگــە لێکۆڵینــەوەی مێــژووی ئــەم میرنشــینانە یارمەتیــدەر بێــت بــۆ تێگەیشــتنی سروشــت و رەگورِیشــەی قەیرانەکانــی ئەمــرِۆی باشــوری کوردســتان و لەهەمانکاتــدا رووداوەکانــی ئەمــرِۆی وڵاتەکــە یارمەتــی دەربێــت بــۆ تێگەیشــتنی مێــژووی کۆنــی.
ئەگەرچــی ملمانــێ و دوژمنایەتــی نێــوان میرنشــین و خێڵاکانــی ناوچەکانــی تــری کوردســتان بــە بــەراورد لەگــەڵ ئــەم دوو میرنشــینە ئەهوەنتــر بــوو، بــەڵام کــەم یــان زۆر لــە نێــوان هەمــوو میرنشــین و خێڵەکانــی کوردســتان، بەتایبەتــی ئەوانــەی ســنوریان بەیەکــەوە بــوو دیاردەیەکــی ئاســایی و بــەردەوام بــوو لــە مێژویانــدا و بۆتــە هــۆی ناســەقامگیری و گــرژی نێوانیــان و کۆســپێکی گــەورە لەبــەردەم یــەک نزیکبوونەیــان و گەشــەکردنی ئاڵوگــۆرِی بازرگانــی نێوانیــان. لــە هەمانکاتــدا فاکتەرێکی ســەرەکی بــوو بــۆ دەســتێوەردانی دوو دەوڵەتەکــە لــە کاروبــاری ناوخــۆی کوردســتان و کۆنترۆڵکــردن و بەکارهێنانــی خەڵکەکــەی لــە بەرژەوەنــدی و شەرِوشــۆرِیاندا.
کوردســـتان لـــەو ســـەدانەدا تەنهـــا دابـــەش نەبـــوو بەســـەر دوو دەوڵەتـــدا، بەڵکـــو دابەشــبوونی ناوخــۆی زۆر قوڵتــر و دژوارتربــوو و هــۆکاری ســەرەکی بــوو بــۆ دابەشــبوونی وڵاتەکــە بەســەر ئــەو دوو دەوڵەتــەدا.
لــەدەرەوەی ســنووری دەســەڵاتی میرنشــین و خێڵــە گەورەکانــی کوردســتادا، چەندیــن ناوچــەی وڵاتەکــە کــە بــە پلــەی یــەک خەڵکــی ناخێڵەکــی تیایــدا ژیــاون و لــە پاڵیانــدا چەندیــن خێڵــی بچــوک هەبــوون. نمونــەی ئــەو شــوێنانە ناوچەکانــی ئامــەد، نەینــەوا، کەرکــوک، هەولێــر، لورســتان و خۆراســان و ورمــێ... ئــەو ناوچانــە راســتەوخۆ لەژێــر دەســـەڵاتی دەوڵەتـــی ناوەندیـــدا بـــوون و لەلایـــەن والـــی و کاربەدەســـتەکانی قاجـــار لــە کوردســتانی رۆژهــەڵات و دەســتەبژێری دەســەڵاتدارانی عوســمانی لــە رۆژئــاوای ئەوســای کوردســتان حوکمرانــی کــراون. بێگومــان لێــرەدا ناخێڵەکیــەکان رەعیــەت بــوون و لەکارکــردن و باجــدان بــەولاوە هیــچ رۆڵێکیــان نەبــووە، بــەڵام زۆربــەی خێڵەکانــی ئــەو ناوچانــە هاریــکاری ئــەو دەوڵەتانەیــان کــردووە و جــاری واهەبــووە پۆســت و کاروبــاری دەوڵەتیــان لــە روی ئیــداری و باجکۆکردنــەوە و ســەربازی پێســپێراوە. ئەمانــە زۆرجــار و بەتایبەتــی لــە ئێــران کەوتونەتــە گێــژاوی ململانێــی نێــوان خێــڵ و دەســەڵاتدارە تورکــەکان و لــە هەمانکاتــدا چالاکانــە بەشــداری شــەرِی ناوخــۆ و دەرەکــی ئــەو دەوڵەتانەیــان کــردووە «٨٥ ل٢٢١\ ٩٨ ل١٨٨».
لەگــەڵ ئــەوەی زۆرجــار میرنشــین و خێڵەکانــی کوردســتان هەماهەنگیــان لەگــەڵ دەوڵەتەکانداهەبــووە، بــەڵام بەهۆیبــاج، یــان زوڵمــی زۆر بەســەریانەوە، یــان گۆرِانــکاری لــە ریزەکانــی کاربەرِێوەبەرەکانــی ئــەو دەوڵەتانــە لــە کوردســتاندا یــان بەهــۆی لاوازبوونــی ئــەو دەوڵەتانــەوە، ئــەو میرنشــین و خێڵانــە ســەرپێچی ئــەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵەتانەیان کردووە. هەوڵیان داوە باج نەدەن و بەشداری شەڕەکانیان نەکەن و سەربەخۆیی زیاتر بەدەست بهێنن. ئەوانە جاری وا هەیە راپەڕین و گرژی گەورەی لێکەوتۆتەوە. نمونەی ئەوانە، کوردەکانی جوونبلات ساڵی ١٧٠٦، لوڕەکان ١٥٦٤، برادۆست ١٦٠٨، موکری ١٦١٠ و راپەڕینەکانی بەدرخان... «٩٨ ل١٢٤\ ٨٥ ل١٤٩».

هەڵبەتە هیچ کاتێک سنوورێکی هەمیشەیی نەبووە لە نێوان میرنشینەکان و خێڵەکان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی دەوڵەتەکاندا. ئەو سنوورانە هەمیشە بەپێیگۆڕینی سەنگی هێز لە نێوان ئەو ئەکتەرانەدا گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. جاری وا هەبووە هەندێ خێڵی سنوری میرنشینێک لە میر هەڵگەڕاونەتەوە و چوونەتە پاڵ میرێکی تر، یان یەکێ لە دەوڵەتەکان. بە لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی ئەو دەوڵەتانە یان دروستبوونی گرفت لەگەڵیاندا هەندێ خێڵ رووبەڕووی دەوڵەت بوونەتەوە و چوونەتە پاڵ میرنشینەکان...

لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی ئەو میرنشین و خێڵە کوردانە ئەگەر دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبێت لە دەوڵەتەکان هەڵگەڕاونەتەوە، بەڵام بەدەگمەن هاریکاری و هەماهەنگیری لە ناویاندا رووی داوە. ئەو ناڕازییانە زۆرجار لە سنورێکی جوگرافی ناوچەیەکدا ماوەتەوە و تەشەنەی نەکردووە بۆ ناوچەکانی تر. دەتوانین بڵێین قەت لە یەک ساتدا سەرانسەری هەموو کوردستانی نەگرتۆتەوە. بێگومان هۆکاری ئەوە بۆ ململانێی توندی نێوان ئەو خێڵ و میرنشینانە و بەهێزی و داخراوی سیستمی فیودالی خێڵەکی تێیاندادەگەڕێتەوە. بە مانایەکی تر ئەو ململانێیە سروشتێکی فیودالی خێڵەکی بەرتەسک و تاکڕەوی هەبووە و زۆر دوور بووە لە بەرژەوندی هاوبەشی نەتەوایەتییەوە. بەدرخانەکان یەکێ لەوانە بوون کە ویستیان ناڕەزاییەکانیان لە سنووری ناوچەکانی خۆیان دەرکەن بۆ هەندێ شوێنی تر، بەڵام تەنها توانیان هەندێ ناوچەی بچوک بۆ ماوەیەکی کورت بەلای خۆیاندا راکێشن.

دەسەڵاتی ئایینی لە کوردستاندا بە پێی رۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان دوو جۆربوون. دەزگا ئایینیە تەقلیدیەکان و دەزگاکانی ئیرشادی ئایینی. دەزگا تەقلیدیەکان ئەوانە بوون کە کاروبار و ئەرکی ئایینی ئاسایی کۆمەڵایەتیان سەرپەرشتی دەکرد و بەڕێوەدەبرد. نمونەیئەوانە نوێژ و حەج و زەکات و مزگەوت و ژنهێنان و تەڵاقدان... بوو. ئەمانە مەلاو ئیمام کردوویانە. موفتی کە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندەوە دانراون چاودێری ئەوانەی کردووە و فەتوای بچوکی دەرکردووە. قازی بەشێک بووە لەم دەسەڵاتەو فەرمانبەری دەوڵەتی ناوەند بووە. کاروباری چارەسەری ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکان کردووە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حوکمیان داوە. قازی تەنها دەسەڵاتی بەسەر رەعیەتی شارەکاندا هەبووە و دەستی نەگەیشتۆتە لادێکان و دەسەڵاتی بەسەر دەسەڵاتداران و وەجاخزادەکاندا نەبووە. لەبەر بێدەسەڵاتی قازی، ئەگەر خەڵکی زوڵمی لێکرابێت پەنای بردۆتە بەر میر و سەرەک خێڵ و شێخ و توێژەکانی وەجاخزادە «٩٨ ل٢١١».
ئەگەر ئەندامێکی رەعیەتی شار، یان گوندەکان بە دەستی ئاغا، یان پیاوێکی وەجاخزادە بکوژرایە، قازی توانای لێپرسینەوەی ئەوانەی نەبوو، چونکە رەعیەت هیچ حسابێکی بۆ نەکراوە وەکو موڵکێک یان مەر و بزنێک دانراون. ئەگەر گرفت بکەوتایە ریزی وەجاخزادەکانەوە یان ئەندامی خێڵەکان ئەوا بە عورفی خێڵەکی سوڵحی بۆ کراوە.
لەم زەمینەیەدا دەسەڵاتی یاسایی لە میرنشینەکانی کوردستاندا تێکەڵاویەک بووە لە عورفی خێڵەکی و شەریعەتی ئیسلامی و دەزگا قەزاییەکانی دەوڵەت. هیچ یاسایەکی نوسراوەی ئەوتۆ نەبووە کە لە هەمووکات و شوێنێکدا پەیرەو بکرێت. هەڵبژاردنی یەکێ لەو رێبازانە بەند بووە بە ئاستی دەسەڵاتی وەجاخزادەکان، دەوڵەتی ناوەند و شەریعەتی ئیسلامی و پێگەی کۆمەڵایەتی زاڵم و زوڵم لێکراو.
دەستگا ئایینیە تەقلیدییەکان بەگشتی هیچ رۆڵێکی سیاسی و ئابوریان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا نەبووە. موفتی و قازی لە شارە گەورەکاندا موچەخۆری دەوڵەت بوون. مەلاو ئیمامی مزگەوتەکان زۆربەیان هەژار بوون چاوەڕوانی دەستی وەقف و پیاوچاکان بوون و هەرە هەژارەکانیشیان بە زەکاتی خەڵکە فەقیرەکە ژیانیان بەسەر بردووە.
دەستگای ئیرشادی ئایینی لە کوردستاندا زیاتر سەید و شێخەکانی پەیرەوی ئایینی بوون. ئەمانە سەرەڕای رۆڵ و ئینتیمای بەهێزی ئایینیان، رەچەڵەکی خۆیان گەڕاندۆتەوە بۆسەر پێغەمبەر و ئەسحابە و پیاو چاکە بەناوبانگە ئایینیەکان. لە کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی پەیرەوی رێبازی سۆفیزمیان کردووە. خاوەنی تەکیە و موریدار بوون. پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەبووە و دەستیان وەرداوەتە کاروباری سیاسییەوە و توێژێکی گرنگ بوون لە فیودالی خێڵەکی وڵاتەکە. پاڵپشتی میر و سەرەک خێڵەکان بوون و رۆڵی راوێژکەر و ناوبژیکەریان بینیوە. لەژێر سێبەری دەسەڵاتی میر و سەرەک خێڵ کاروباریان بەڕێوە بردووە و بە یارمەتیئابوری و کۆمەڵایەتی ئەوان ژیاون.
شێخە گەورەکان جاری واهەبووە ویستویانە دەسەڵات و کاردانەوەیان لە سنوری میرنشینێک یان خێڵێک دەرکەن و نفوزی خۆیان لە چەند ناوچەیەکدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهێزکــەن. بــەڵام لــە ســاڵەکانی نێــوان ١٥٠٠-١٨٠٠ سیســتمی فیوداڵــی خێڵەکــی زۆر لــەوە قوفڵدراوتــر و تاکڕەوتــر بــوو، کــە ئەوەیــان بــۆ ســەربگرێت و زۆر بــە زەحمــەت دەیانتوانــی ئــەو ســنووره قایمانــەی نێــوان میرنشــین و ناوچەکانــی وڵاتەکە بشکێنن. لەبەرئەوە ئەوەی ئەو شێخانە لەو سەردەمەدا پێی هەستاون کتومت پشتگیریکردنی میر و سەرەک خێڵە گەورەکان و پاڵپشتیکردنی سیستمە فیوداڵــی خێڵەکــی تایبەتــی کوردســتان بــوون.

ئەگەر پەیڕەوتێکی ئایینیش توانیبێتی ئەو سنورانەی بشکێنێت ئەوا لە ڕێگەی دابەشبوونی تەریقەتەکە بووە بەسەر چەندین بنەماڵەی ئایینی جیاوزدا، کە هەریەکێ لەوانە لای خۆیەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیە ئاوێتەبوون کە تیایدا بوون. پەیڕەوی قادری دابەشبوون بەسەر چەند بنەماڵەیەکدا. شێخەکانی بەرزنجە لە ناوچەکانی میرنشینی بابان و شێخەکانی تاڵەبان لە ناوچەکانی کەرکوک و ساداتی نەهری لەناوچەی هەکاری بەهێز بوون و بوونە بەشێک لە وەجاخزادەکانی ئەو میرنشینانە. ناکۆکی نێوان و بەرژەوەندی جیاوازی خێڵەکی و ناوچەیی ئەو میرنشینانە، ناکۆکی خستبووە نێوان بنەماڵەی شێخە قادرییەکانیشەوە «**٨٥ ل ٣٥٤**».

بەهێزی سیستمی فیوداڵی خلایەتی تیایدا و سروشتی قوفڵدراوی ئەو سیستمە، بچوکی ناوچەی میرنشینەکان و توندوتیژی نێوانیان و لەهەمانکاتدا تێکەڵاوبوون و پابەندبوونی بەرژەوەندی دەسەڵاتی ئایینی بەو میرنشینانەوە، وایکردووە کە پیاوانی ئایینی ببنە بەشێکی توندوتۆڵی ئەو سیستمە قوفڵدراوە و توێژێک لە ئۆروستۆکراتی دەسەڵاتدار تیایاندا. لەباتی ئەوەی ببنە فاکتەرێک بۆ لە یەک نزیکخستنەوەی ئەو میرنشین و خێڵانە لە یەکتر و یەکخستنی وڵاتەکە، بوونەتە فاکتەرێک بۆ لەیەک دورخستنەوەیان.

خاسڵەتە تایبەتیەکانی کوردستان و سروشتی داخراو و قفڵدارو و تاکڕەوی سیستمی خێڵەکی و فیوداڵی خێڵەکی وڵاتەکە لە هەمانکاتدا لاوازی و پاشکۆیی دەسەڵاتی ئایینی لە کوردستاندا فاکتەری بنچینەیی و گرنگ بوون، کە ناوچە و میرنشین و خێڵەکانی کوردستان زیاتر لەیەک دابڕێن. ئەو دابڕانە کۆسپێکی گەورەبوو لەبەردەم بوژاندنەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتوچۆ و پەیوەندی بەستن لە نێوانیانداو دروستبوونی شاری بازرگانی تیایاندا و سوود وەرگرتن لە پێکەوتەی جوگرافی بۆ بەهێز کردنی ئابوری وڵاتەکە، کە لە ڕێگەیانەوە ڕێگە بۆ چاکسازی سیاسی و یاسایی و خۆبەخۆ بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی تیایداخۆشبێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بنەما ئابوریەکانی کوردستان ١٥٠٠-١٨٠٠

لەسەرەوە باسی مێژووی کۆن و خاسڵەتە تایبەتیەکانی کوردستان و خاسڵەت و سترەکتۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی وڵاتەکەمان کرد. ئەو راستییانە ئەوە دەگەیەنێکە ئەو گۆمەڵگەیە زەمینەی لە باری تێدا نەخوڵقا بۆ گۆڕانکاری و گەشەکردن. ئەو دۆخە بە چەندەها سەدە وڵاتەکەی لە هەمان ئاستی گەشەکردندا هێشتەوە. وڵاتەکە بە لاوازی و ناسەقامگیری و پڕ ئاژاوەمایەوە و کەدەرفەتی بۆ دەست تێوەردانی هێزی دەرەکی تیایدا و کۆنترۆڵکردنی لەلایەنیانەوەدروستکرد. لێرەدا هەوڵ دەدەین کە چاوێک بە بنەما ئابورییەکانی ئەو سەردەمەی وڵاتەکەدا بخشێنین. بێ گەڕانەوە بۆ ئەو باسە زەحمەتە لەوە بگەین بۆچی ئەم وڵاتە لەو بارە کۆمەڵایەتی و سیاسییە نالەبەرەدا بوو. لێکۆڵینەوەی بەرهەمهێنان و ئەو هێزانەی کە بەشدارییان تێداکردووە، هەروەها پەیوەندیی ئەو خەڵکە بە بەرهەم و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا بۆتە بناغەیەک بۆ دروستبوونی چینوتوێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەکە و خاسڵەت و بەرژەوەندیان و توانا و رۆڵ و خواستیان لە گۆڕانکاریدا. ئەمانەوێ وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە ئایا ئەو بنەمایانە زەمینەیەکی گونجاو بوو بۆ دروستبوونی چینوتوێژی نوێ لە کۆمەڵگەدا کە بەرژەوەندیان لە گۆڕانکاریدا هەبێت؟ ئایا لە زەمینەیەکی وادا ئەوانە دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیاردانەدا بۆ پەیدا دەبوو کە بتوانن لەو رێگەیەوە بەسەر ئەو کۆسپانەدا زاڵبن کە لەبەردەم گەشەکردندا بوون؟

بە شێوەیەکی گشتی بنەمای ئابوری میرنشین و خێڵە گەورەکانی کوردستان بەهەمان شێوەی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سروشتێکی فیودالی خێڵەکی هەبوو. ئەو بنەمایە بەند بوو بە رووتاندنەوەی ناوەوە و تاڵانکردنی دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر بچوکی میرنشینەکان و خاسڵەتە تایبەتەکانی وڵاتەکە ئەو بنەمایانە جیاوازبوون ودەرئەنجامی جیاوازی هەبوو بە بەراورد لەگەڵ دوو دەوڵەتەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەهۆی بچوکی و لاوازی میرنشین و خێڵاکانی کوردستان لەچاو دەوڵەتەکانی دەوروپشتیاندا توانای داگیرکردن و تاڵانکردنی میللەت و وڵاتەکانی دروایسییان نەبوو. ئەوەی توانایان هەبوو داگیرکردن و تاڵانکردنی ناوچەی یەکتری بوو. ئامانجی شەڕەکانی نێوان خێڵ و میرنشینەکانی کوردستان بێجگەلە مەبەستی سیاسی بە شێوەیەکی سەرەکی لە پێناو تاڵانکردن و زەوتکردنی سامان و زەویوزاری یەکتریدا بوو.

ئەگەرچی ئەوانە خۆبەخۆ توانای هەڵمەت بردنەسەر و تاڵانکردنی وڵات و ناوچەکانی دەرەوەی سنورەکانی کوردستانیان نەبوو، بەڵام بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا و بەشداریکردنیان لە شەڕە ناوخۆ و دەرەکییەکانیاندا ئەگەر دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتبێت درێخییان نە کردووە لە تاڵانکاردنی ئەو شوێنانە. نموونەی ئەوانە بەشداریکردنی زەندەکان بوو لە شەڕەکانی دەوڵەتی ئەفشاری ئێران بۆ داگیرکردن و تاڵانکردنی هیندستان لە سەدەی هەژدەدا. شانبەشانی سوپای عوسمانی و خێڵە تورکەکان، تاڵانکردنی ئەرمەنیەکان لەلایەن سوارەکانی حەمیدییەوە لە سەدەی نۆزدەدا و چەندین نمونەی تر.

داهاتی میرنشینەکان لە تاڵانی دەرەوەی سنورەکانی کوردستاندا لەبەر کەمی و بەردەوام نەبوون تیایاندا ئەگەرچی لە هەندێکاتدا سامانی هەندێ سەرکردە و بنەماڵەی زیادکردووە و پێگەی بەهێز کردوون لەناو میرنشین و خێڵەکانی تری وڵاتەکەدا، بەڵام هێندە کاردانەوەی نەبووە لەسەر بنەمای ئابوری وڵاتەکە و گەشەکردنی. کەمی ئەو داهاتانە توانای ئابوری و سیاسی و سەربازی ئەو میرنشانانەی رووبەڕووی ئەو دەوڵەتانە لاوازکردووە.

لەگەڵ ئەوەی زۆر خاسڵەتی هاوبەش لە نێوان ناوچەکانی کوردستاندا هەبوو. لە رووی ستركتۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و خاسڵەتی مێژوو و کلتوری و زمانەوە زۆر شتی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راست نییە بە یەک چاو سەیری هەموو وڵاتەکە بکرێت و وەکو یەک وڵات و دەوڵەت حسابی بکرێت. میرنشین و خێڵ و ناوچەکانی کوردستان یەکەی سیاسی و ئابوری لەیەک دابڕاو بوون و سنووریان لە نێوان خۆیاندا کێشابوو و ململانێی ناوەندییان زیاتر بوو بە بەراورد لەگەڵ ململانێیان لەگەڵ دەوروپشتدا.

ناوچەکانی کوردستان لە رووی ئابوری و سیاسییەوە زیاتر بە دەوڵەتە ناوەندییەکانی ئێران و عوسمانییەوە بەسترابوون و ئاڵوگۆڕی بازرگانییان لەگەڵ ئەواندا زیاتر بوو وەکو لەگەڵ یەکدا. ئاڵوگۆڕی بازرگانی و رێگای بازرگانی و هاتوچۆیان لەگەڵ پایتەخت و شار و ناوچەکانی ئەواندا بوو لە باتی ئەوەی لە نێوان یەکدا هەیان بێت. لە باتی ئەوەی ئاسانکاری بکەن بۆ پەیوەندی لەگەڵیەکدا، بە پێچەوانەوە رێگربوون و کۆسپیان دەخستە بەردەم و گومرگ و سەرانەیان لەیەک دەسەند.

کوردستان وڵاتێکی فراوان و درێژ بوو. هیچ ئامارێکی بڕواپێکراوی ئەوتۆ نیە لەسەر ژمارەی دانیشتوانی ئەوسای وڵاتەکە، بەڵام ئەگەر هەوڵ بدەین ئەو ژمارەیە بەپێی ژمارەی دانیشتوانی ئەوسا و ئێستانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ڕێژەی خەڵكی كوردستان تیایدا هەڵسەنگێنین، ژمارەی دانیشتوانی هەموو وڵاتەكە لە نێوان ١،٥-٢ملیون كەسدا بووە «بەندی سێیەم». وەكو ئەوە وایە تەنها خەڵكانی ئەمڕۆی هەولێر یان سلێمانی لە هەموو كوردستاندا بڵاوبكرێنەوە. ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەكە و ئامرازی بەرهەمهێنان و شێوازی بەرهەمهێنان و شارەزایی خەڵكەكەی و چۆنیەتی ڕێگەوبان و ئامرازی گواستنەوەی ئەو سەردەمە، كەمی و لاوازی بەرهەم و بەرهەمهێنانی ئەوسای وڵاتەكە دەردەخات. ئەو زانیاری و ئامارانەی لەسەر ئابوری ئەو سەدانەی كوردستان هەیە لە بەشاكانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كەمترن. سەرچاوە كوردییەكان زیاتر نوسینەكانی شەرەفخان و میرنشینی ئەردەڵانە. شەرەفخان هەندێ زانیاری لەسەر ئەو بابەتە داوە، بەڵام لەبەر ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان ناوچەكان و كەمی هاتوچۆ لە نێواناندا نازانرێ ئەو زانیاریانە هەتا چەند راستی ئەوسای وڵاتەكە نیشان دەدات. تەنها میرنشین كە گوێیان بە نوسینی مێژووی خۆیان دابێت ئەردەڵان بووە. بەڵام ئەوانیش زیاتر باسی مێژووی سیاسی و كۆمەڵایەتی بنەماڵە دەست ڕۆیشتووە وەجاخزادەكانیان كردووە و باسی ژیانی ئابوری ناوچەكە و چینوتوێژە بەرهەمهێنەرەكانیان تێدانەكردووە. لەبەرئەوە بۆلێكۆڵینەوەی ئابوری ئەوسای كوردستان پەنا دەبەینەبەر خوێندنەوەی ئەوەی چ راستیەك لە پشت ئەو دێرانەدا خۆیان شاردۆتەوە. هەروەها پەنادەبەینە ئەو زانیاریانەی كە مێژوونوسان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داویانەو لەناویاندا بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر ئابوری كوردستان دواون. زۆرجار ئەو مێژوونوسانە لەبەر كەمی زانیرای پێویست لەو بارانەوە پەنایان بردۆتە بەر زانیاری لەسەر تۆپۆگرافی ناوچەكە و كەژو هەواو و چۆنیەتی زەوی و سەرچاوەی ئاو و ئامرازی بەرهەمهێنان و مەبەستی بەرهەمهێنان و ئەو خەڵكەیپێی هەستاون. هەڵبەتە بۆ زانیاری دروست و قوڵتر لەسەر ئەو بابەتانە ئەبێ پسپۆران بە دوای شوێنەوارە كۆنەكانی وڵاتەكەبگەڕێن و لێكۆڵینەوەی وردی لەسەر بكەن، كە ئەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەكی فراوانتر كاری بۆ كراوە.

## بەرهەمهێنان و هێزكانی بەرهەمهێنان لە لادێ

بەرهەمهێنانی لادێ لە كوردستاندا لەسەر دوو كۆڵەكە بەند بووە، كشتوكاڵ و ئاژەڵ بەخێوكردن. زیاتر لە ٩٠٪ دانیشتوان پێوەی خەریك بوون و

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بناغەی ژێرخانی ئابوری وڵاتەکە بووە. زۆربەی خەڵکانی کوردستان بە خێڵەکی و ناخێڵەکییەوە لەو سەدانەدا نیشتەجێبوون و بە پلەی یەکەم خەریکیبەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و بە پلەی دووەم خەریک بوون بە ئاژەڵ بەخێوکردنەوە. سەرەڕای ئەوانە خێڵە رەوەندەکان بە ئاژەڵ بەخێوکردنەوە و نیمچە رەوەندەکان بە پلەی یەکەم بە ئاژەڵ بەخێوکردن و بە پلەی دووەم بە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییەوە خەریک بوون. قەبارەی گەورەی ئاژەڵ بەخێوکردن لە کوردستاندا تایبەتمەندیداوە بە وڵاتەکە و کەرتێکی گرنگی ئابوری بووە تیایدا «٧٧ ل١٩\٩٨ ل٨٧».

ئەوەی ئاشکرایە کوردستان وڵاتێک بووە، کە تیایدا زیاتر باران لە زستان و بەهاردا باریوە و لە نێوان ١٠-٢٠ ئینج بووە. لەبەر کەمی رووبار و باران نەبارین لە هاویندا، زۆربەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی وڵاتەکە بەرهەمی زستانە بووە و بۆ ئەوە پشت بە باران بەستراوە. لە ناوچە شاخاوییە سەختەکاندا زستانان سارد بووە و بەفری زۆری تیادا باریوەو چاندنی رووەک و بەخێوکردنی ئاژەڵ تیایاندا سنووردارببووە. لەو شوێنانەدا بەهار و هاوین فێنک بووە و هەتا درەنگانێک سەوزایی تێدا ماوەتەوە و لەوەڕگای گرنگ بوون بۆ رەوەندەکان «٩٨ ل٩٠».

شوێنە دەشتاییەکان هاوینان گەرم و وشک بوون و بارانیان تیادا نەباریوە، بەڵام زستانان بارانیان تێدا باریوە و لە زۆربەیاندا توانای چاندنی بەرهەمی زستانە بە شێوەیەکی فراوان هەبووە. لە زۆربەی ئەو شوێنانە توانای بەرهەمهێنانی بەروبوومی کشتوکاڵی هاوینە نەبووە، بەڵام لەو شوێنانەی رووبار و سەچاوەی کانی و کارێزی زۆری تێدابووە توانراوە بەرهەمی هاوینە تیایاندا بچێنرێت. لەبەرئەوەی لە دەشتایی و دۆڵەکاندا باران لە بەهاراندا باریوە، رەوەندەکان هەتا بەهارێکی درەنگ تیایدا ماونەتەوە و ئاژەڵەکانیان تیایاندا لەوەڕاندووە «١٥ ل٣١».

کوردستان سەرچاوەی رووبارەکانی دیجلە و فوراتە و چەندین چەم و رووباری بچوکی وەکو زێی گەورە و بچوک، سیروان، ئەڵوەند و کەرخا لێی هەڵقوڵاوە و بەشێکی زۆریان دەڕژێنە ناو ئەو دوو رووبارەوە. بێجگەلە هەندێ شوێنی دەشتایی فراوان، کە ئەو ئاوانە بەسەریاندا تێپەڕیون و بوونەتە ناوچەی کشتوکاڵی گرنگ لە وڵاتەکەدا، بەشی زۆری ئەو ئاوانە بە شوێنی لێژ و تەسک و دەشتایی بچوکدا تێپەریون و هێندە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو ناوچانە سوودبەخش نەبوون و وەکوو کەنارەکانی دیجلە و فورات و نیل نەبوونەتە مەڵبەندی گرنگی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و خڕبونەوەی دانیشتوانی زۆر لە دەورووپشتیاندا «٨٥ ل١٢٣٢ ٩٨ ل٨٨».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کوردستاندا چەندین خێڵی گەورەو بچوکی رەوەند هەبوون، لەوانە کەلهور، بڵباس، کونفیدراسیۆنی خێڵەکانی جاف، ماتدوم، گاڵپاکی. سەرەڕای ئەوەی رەوەندەکان بەهۆی ژیانی کۆچەرییانەوە هەتا رادەیەک ئازادی خۆیان پاراستووە، لە مەڕومالات بەخێوکردندا سودیان لە تۆبۆگرافی و کەژو هەوای کوردستان وەرگرتوووە. گەرمیان و کوێستانیان کردووە، هاوینان کە دەشت و دۆڵەکان گەرمیان کردووە و گیا وشکی کردووە، بۆ لەوەڕدانی ئاژەڵەکانیان هێدی هێدی روویان کردۆتە کەژەکان و هاوین و بەشێکی پایزیان تێدا بەسەر بردووە. لە کاتتی هاتنی زستان و سەرماوسۆڵدا سەرلەنوێ گەڕاونەتەوە بۆ دەشت و دۆڵەکان «٩٨ ل١١١».

لە رێگەی گەڕانەوەیاندا لەشار و دێ و مەفرەقەکاندا رەوەندەکان بەشێکی زۆر ئاژەڵ و بەرهەمەکانی وەکو رۆن و کەرە و پەنیر و پێستە و خورییان ئاڵوگۆڕ کردووە بە بەرهەمی کشتوکاڵی پێویست بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان و پێوستی ماڵ و جلوبەرگ و چەک. نیمچە رەوەندەکان توانیویانە بەشێک لە پێویستی کشتوکاڵی خۆیان بەتایبەتی گەنم بۆ خواردنی خۆیان و جۆ بۆ ئاژەڵەکانیان بچێنن. خێڵە رەوەندە دەوڵەمەندەکان کە خاوەن ئاژەڵی زۆر بوون، لەو کاتانەدا بەشێکی زۆری ئەوانەیان رەوانەی شام و ئێران کردووە و لە بازاڕەکانی ئەو شوێنانەدا ساغکراونەتەوە «٣٠ ل٤٣».

کۆچکردنی هەموو هۆزێکی رەوەند لە ناوچەی دیاریکراودا بووە. ژمارەی لەوەڕگاکان سنوردار بوون و هەر هۆزێک ٢-٣ لەوەڕگای هەبووە و جاری واهەبووە بەدەیان و سەدان کیلۆمەتر لە کۆچکردندا بوون. بە شێوەیەکی سەرەکیئابوری و سەروەتی رەوندەکان لەسەر بەخێوکردنی مەڕ و بزن بەندبووە. ژمارەی ئەو ئاژەڵانە نیشانە بووە لەسەر دەوڵەمەندی یان هەژاری ئەوانە.
ژمارەی ئاژەڵی هۆزە رەوەندەکان لە سەدانەوە هەتا هەزاران بووە.

سەرەڕای مەڕ و بزن، رەوەندەکان ئەسپ و ئێستر و سەگ و تانجی و پەلەوەڕیان راگرتووە. ئەسپەکانیان بۆ سواری سەرکردە و جەنگاوەر و ژنەکانیان بەکارهێناوە. ئەوانە رەمزی ئازایەتی و جووامێری بوون و جەنگاوەرەکانیان لەکاتی شەڕ و کۆچکردن یان پارێزگاریکردنی لەوەڕگا و رەشماڵەکانیاندا بەکاریان هێناون. ئێستر ئامرازی گواستنەوە و بارکردن بووە. سەگ رۆڵی گرنگی هەبووە لە ژیانی رەوەندا و پاسەوانی ئاژەڵ و خێلیان کردووە و لە درندە و هەڕەشەی بێگانە پاراستوونی. بەگزادەکان تانجیان زۆر لا بەنرخ بووە و لە راوکردندا بەکاریان هێناون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو ئەمرازانـەی بەکاریـان هێنـاون زۆر سـادە بـوون. مەشـکە بـۆ ژەندنـی ماسـت، هیـزە بـۆ هەڵگرتنـی رۆن و دۆشـاو، کونـدە بـۆ گواسـتنەوەی ئـاوی خواردنـەوە، لـە مـووی بـزن رەشـماڵ و گوریسـیان دروسـت کـردووە و بە خـوری لباد دروسـتکراوە. رەوەنـد ژیانێکـی سـەختیان هەبـووە و هەمیشـە بەرێگـەوە بـوون و حەودالـی لـەوەڕگا بـوون بـۆ ئاژەڵەکانیـان. لەباتـی گونـد و خانـو رەشـماڵیان هەبـووە. هـۆزەکان دابەشـبوون بەسـەر چەنـد پۆلێکـداو هـەر یەکێکیـان لـە ۱۰-۱۵ خێـزان و ۲۰-۳۰ رەشـماڵ پێکهاتـوون. بـە پێـی پلـە و پایـەی کۆمەڵایەتیـی بنەماڵـە و خێزانـەکان، جیـاوازی هەبـووە لـە نێـوان گـەورەو بچوکـی و باشـی و خراپـی و چۆنیەتـی رازانـەوەی رەشـماڵەکاندا. رووبـەڕووی بەفـری زۆر و سـەرماو سـۆڵەی زسـتان و سـاڵی وشـک بوونەتـەوە. لـە زسـتانە سـەختەکاندا جاری واهەبووە ژمارەیەکـی زۆر لـە ئاژاڵەکانیـان رەقبوونەتـەوە. هەمیشـە لەژێـر هەڕەشـەی دوو دەوڵەتەکـە و جـەردە و دز و تاڵانـی هەنـدێ خێڵـی تـردا بـوون و جـاری واهەبـووە لەسـەر لـەوەڕگا و تێپەربوونیـان بەسـەر زەویـوزاری خێڵـە نیشـتەجێ بووەکانـدا رووبـەڕووی گـرژی و شەڕوشـۆڕ بوونەتـەوە. لەکاتـی بڵاوبوونـەوەی پەتـادا سـاڵی واهەیـە بەشـێکی زۆر لـە ئاژەڵەکانیـان لەناوچـوون «۹۸ ل۱۰٤ ، ۱۱۰».

بەشـێکی زۆری پیاوەکانـی جەنگاوەربوون و پارێزگاری وەجاخـزادەو ئەندامی خێڵەکەو ئـاژەڵ و لەوەڕگاکانیـان لـە ئەسـتۆدا بـووە. ئەندامـە هـەرە هـەژار و بێدەسـەڵاتەکانیان بەنـاوی خزمایەتییـەوە شـوانکاری و خزمەتـکاری خزمـە دەسـەڵاتدارەکانیان کـردوون. زۆربـەی شـوانکارەکانی خێڵـە رەوەنـدە گـەورەکان خەڵکانـی ناخێڵەکـی هـەژار بـوون و بەرامبـەر پێدانـی خـواردن و جێگـەی نووسـتن کاریـان بـۆ کـردوون «۱۹ ل٤۸».

رەوەنـد هەتـا بۆیـان کرابـێ کاروبـاری کشـتوکاڵیان نەکـردووە و بـە کارێکـی سـووک دایـان نـاوە و لایـان عەیـب بـووە بیکـەن. بەشـێکی زۆر لـە نیمچـە رەوەنـدەکان لـە پـاڵ ئـاژەڵ بەخێوکردنـدا گوندیـان هەبـووە و بـە زسـتانان گەڕاونەتـەوە ناویـان و تیایانـدا گەنـم و جۆیـان چانـدووە. هەنـدێ لـە خێڵـە نیمچـە رەوەنـدەکان مسـکێنی ناخێڵەکـی لـە گوندەکانیانـدا نیشـتەجێبوون و هەسـتاون بـە بەرهەمهێنانـی بەروبوومـی کشـتوکاڵی پێویسـت بـۆ ئـەو خێڵانـە. هەتـا هاتـووە رەوەنـد و نیمچـە رەوەنـد بەهـۆکاری جیـاوازەوە ناچاربـوون نیشـتەجێبن و لـە پـاڵ ئـاژەڵ بەخێوکردنـدا کاری کشـتوکاڵیش بکـەن، بۆیـە رەنگـە نیمچـە رەونـد هەنـگاوی یەکـەم بووبێـت لـە ژیانـی رەوەندییـەوە بـۆ نیشـتەجێبوون.

دەوڵەتـی ئێـران و عوسـمانی لەچـاو شـوێنەکانی تـری دەوڵەتەکانیـان کەمتـر گوێیـان داوەتـە ئاسـانکاری بـۆ گەشـەکردنی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی و ئـاژەڵ بەخێوکـردن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کوردستاندا. میرنشین و خێڵەکانی کوردستان لەو بارەدا هیچ هاریکاری لە نێواندیانا نەبووە و هەر یەکەیان لای خۆیەوە خەریکی بەرژەوەندی تەسکی خۆی بووە. لەبەرئەوە لە هەندێ ناوچەو زەوی بچوکدا نەبێت کە لەژێرتەسەروفی توێژە وەجاخزادەکاندا بووە و بۆ خۆشی خۆیان هەندێ کاریان تێداکردووە، هیچ کارێکی ئەوتۆ نەکراوە بۆ دروستکردنی بەندە و گۆماو و کەناڵی ئاو بۆ هەڵگرتن و راکێشانی ئاو و بەکارهێنانی بۆ بەرهەمهێنانی هاوینە و بێستانی میوە و دارستان و جێگەی حەوانەوە و بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەرهەمهێنانی بەروبوومی ئاژەڵ «٩٨ ل١٢٦».

بەرهەمی بەروبوومی زستانە پایزان چاندراون و بەهارێکی درەنگ دروێنە کراون و بۆ ئەوە پشت بە باران بەستراوە. ئەو بەرهەمانەی کە بە قەبارەی گەورە چاندراون گەنم و جۆ بووە. گەنم خواردنی سەرەکی و هەرە گرنگی خەڵک بووە بۆ نان و ساوەر و بروێش و گەنمە کوتاو.. بەکارهێنراوە. جۆ بە پلەی یەکەم بە زستانان بۆ ئالیکی ئەسپ و ئێستر و مەڕی دابەستە بەکارهێنراوە. لە ساڵانی وشکی کەم باران و نەخۆشی بڵاوبوونەوەدا، کە بە هۆیەوە بەروبوومی کشتوکاڵی کەمی کردووە، بۆ ئەوەی لە برسا نەمرن مسکێن و جووتیارە هەژارەکان ناچاربوون ئەو ئاژاڵە کەمەی هەیانبووە سەری بڕن و بیخۆن «٨٥ ل٤٢».

لە بەر خراپی زەوی و نەبوونی سەماد و بەکارنەهێنانی ڕێبازی زانستی لە بەرهەمهێناندا داهاتی دەغڵ زۆر کەمبووە لە نێوان ١:٥ هەتا ١:١٠ بووە. بە مانایەکی تر ١ کیلۆ گەم یان جۆ ٥-١٠ کیلۆی داوە. ساڵانی وشکانی جاری واهەبووە بەرهەم ٥٠٪ کەمیکردووە و بۆتە هۆی برسێتی و هەژاری و لە برسامردن و نرخ بەرزبوونەوە، کە زۆرجار لە بازاڕەکاندا لەلایەن هەندێ بازرگانی گەورەو دەسەڵاتدارانەوە ئیحتیکار کراوە «٩٨ ل٨٩».

لەبەر تایبەتی تۆپۆگرافی کوردستان، بچوکی دەشت، زەوی لێژ و بەردین، کەمی سەرچاوەی ئاو لە هاویناندا، قەبارەی بەرهەمی کشتوکاڵی کەمبووە. هەروەها لەبەر بەکارنەهێنانی سەماد و ساڵانە نەگۆڕینیجۆری چاندنی رووەک، زەوی کشتوکاڵی هەتا هاتووە کەم پیت بووە و بەرەکەتی کەمی کردووە. ئەمە جووتیارانی ناچارکردووە بەلایەنی کەمەوە ساڵە ناساڵێک پشوو بدەن بەو زەوییانە و هیچیان تیادا نەچێنن. بەو جۆرە یان زەوی کشتوکاڵیان کردووە بە دوو بەشەوە و هەر ساڵەی بەشێکیان چاندووە، یان کراون بە سێ بەشەوە و هەر ساڵی بەشێکیان چاندووە. بە مانایەکی تر تەنها توانیویانە سوود لە ٢\١

یـان ٣\١١ زەوی کشـتوکاڵی وڵاتەکـە وەرگیرێـت «٩٨ ل ٣٠\١٩٠ ل ٢٧».
رەنگــە خەڵکــە بەرهەمهێنەرەکــە بەهــۆی بــاج و جزییــە و ســەرانەی قورســەوە لەسـەریان هێنـدە گوێیـان نەدابێتـە چاکسـازی لـە شـێوازی بەرهەمهێنانـدا و خۆیـان بـۆ هیـلاک نەکردبێـت، چونکـە خۆیـان خێریـان لـێ نەبینیـوە و هەرچـی لێیـان زیادبووبێـت چۆتـە ورگـی خەڵکـی تـرەوە. هەروەهـا فیودالـی خێڵەکیش خۆیـان بـە خـاوەن موڵـک نەزانیـوە و دڵیـان بـە بەرهەمهێنـان و گەشـێپێکردنی نەسـوتاوە «٩٨ ل ١٢٥».
بەشـێوەیەکی گشـتی هیـچ رێبازێکـی زانسـتی و گەڕان بەشـوێن و پلاندانان لـە رێبازی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی و ئـاژەڵ بەخێوکردنـا پەیـڕەو نەکـراوە. بەرهەمهێنــەران پابەنـد بـوون بـە عـورف و عادەتـی کۆنـەوە. ریـش سـپی و نەوەکانـی پێشـتر چیـان وتبێـت و چیانکردبێـت بەوشـێوەیە کـراوە. ئەوانـە بڕیاریـان لەسـەر جـۆری بەرهـەم و قەبـارەی و هەڵبژاردنـی زەویـداوە، هەروەهـا لەسـەر ئـەوەی کـەی و چـۆن و لەکـوێ ئەوانـە بەرهەمبهێنرێـت. گۆڕانـکاری و بیرکردنـەوە و چاکسـازی لەنـاو کۆمەڵگـەی فیودالـی خێڵەکی کوردەواریـدا عەیـب و نـاڕەوا بـووە. رکابـەری ئابـوری و بۆڕبۆڕێـن لەسـەر چاکسـازی و بیـری نـوێ لەگـەڵ عرفـی خێڵەکـی و شـەریعتی ئیسـلامدا نەگونجـاوە و بـە درێژایـی سـەدان و رەنگـە هـەزاران سـاڵ لەسـەر هەمـان رێبـاز بـەردەوام بـوون «بەنـدی سـێیەم».
لـەو شـوێنانەی کـە دەشـتی فـراوان و ئـاوی زۆر بـووە بەتایبەتـی لـە دەوروبـەری شـارەکان و سـەر رێگـەی کاروانچییـەکان هەنـدێ بەرهەمـی هاوینـە چێنـدراون. نموونـەی ئـەو شـوێنانە بریتیـن لـە دەشـتەکانی جزیـرە و دەوروبـەری دیاربەکـر، دەشـتی هەولێـر، شـارەزوور و دەشـتەکانی رۆژهەڵاتـی چیـای زاگـرۆز.
نمونـەی بەروبوومـی هاوینـە گەنمـی بەهـارۆ بووە، کـە لەسـەرەتای بەهـاردا چاندراوە و لـە کۆتایـی هاوینـدا دروێنـە کـراوە. سـەرەڕایئەوە نیسـک، نـۆک، کونجـی، برنـج، پیـاز، تەماتـە، شـوتی و کاڵـەک لـەو شـوێنانەدا چانـدراون. لـەو گوندانەشـدا، کـە سـەچاوەی ئـاو لێـوەی نزیـک بـووە، بـە قەبارەیەکـی کـەم بـۆ پێویسـتی خۆییئەوانـە چانـدراون. لـە هەنـدێ ناوچـەدا بـاخ و رەز و گوێـز و بایـام و میـوە چێنـدراون، ئەمانە لەگـەڵ کەژوهـەوا و سروشـتی وڵاتەکـە گونجـاون و بەبـێ خـۆ هیلاککردنـی زۆر پێیانەوەپـێ گەیشـتوون و بەریانگرتـووە. بـۆ نمونـە نیشـتمانی یەکەمـی گوێـز و بـادام پێـش هەمـوو شـوێنێکی تـر کوردسـتان بـووە. بێجگەلـە بـەری ئـەو درەختانـە، داری هەندێکیـان بـۆ خانـوو دروسـکردن و سـوتاندن یـان پێویسـتی ناومـاڵ و ئامـرازی بەرهەمهێنـان بەکارهێنـراون «٧٧ ل ٣٠\١٢٠ ل ٢٨٢».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرچاوەی ئاو و زەویوزاری بە بەرەكەت بەرهەمەكانی سەوزە و باخ و میوە زیاتر راستەوخۆ بۆ وەجاخزادە و دەسەڵاتداران بووە و شوێنەواری سەیران و رابواردن و راوكردنیان بووە و مسكێن و جووتیار و رەعیەت هێندە خێریان لێ نەبینیوە.

نیشتەجێبووە ناخێڵەكی و خێڵەكیەكانی لادێ سەرەرای خەریك بوون بە بەرهەمهێنانی كشتوكاڵییەوە بۆ دابینكردنی پێویستی خۆ لە پاڵەوە ئاژەڵیان راگرتووە. وەكو مەر و بزن بۆ گۆشت و شیر، گاو مانگا بۆ كێڵان و باركردن و شیر، مریشك و پەلەوەری تر بۆ هێلكە و گۆشت، ئێستر و گوێدرێژ بۆ باركردن و گواستنەوە، سەگ بۆ پاسەوانی و لەهەندێ ناوچەی گەرمیان هوشتر و گامێش بۆ گواستنەوە و باركردن یان شیر راگیراون.

هەڵبەتە لێرەشدا مسكێن و توێژەكانی خوارەوەی لادێكان خاوەنی هێندە ئاژەڵ نەبوون. ئەوەی هەیان بووە كەرە دێزێك، مانگایەكی لەڕ بۆ كێڵان و شیر، یەك دوو مریشك بۆ هێلكە و جەژناوجەژن دانەیەكیان لێسەربڕیون. بە پێچەوانەوە وەجاخزادەی لادیەكان و دەسەڵاتدارەكان ژمارەیەكی زیاتر ئاژەڵیان هەبووە و بۆ خواردنی خۆیان و لە دیوەخانەكانیدا خوراون «٩٨ ل١٢٣، ١٢٧».

زۆربەی خەڵكی كوردستان گیانێكیان بە دەوڵەمەندی وڵاتەكە بووە بە روەك و گیانلەبەری كێوی. نمونەی ئەوانە كنگر، پەڵپینە، قارچك و رێواس و دەیان بەرهەمی تر. هەندێك لەوانەیان وشك كردۆتەوە و هەڵیان گرتوون بۆ زستانان. كووره هەنگ چ ئەوانەی لە دارستانەكاندا بە كێویەتی هەبوون و چ ئەوانەی لادێییەكان لە ماڵەكانیاندا هەیان بووەسەرچاوەیەكی سروشتی بووە بۆیان. داری دارستان بڕاونەتەوە و وەك سوتەمەنی بۆ نانكردن و خواردن لێنان و گەرمكردنی ماڵ و بیناكردن بەكارهێنراوە. لەوسەردەمەدا ئاژەڵە كێوی لە كوردستاندا زۆر بووە و لەلایەن وەجاخزادەكانەوە راوكراون. ئەوە لە لایەكەوە وەرزش و رابواردن بووە بۆ ئەوانەو لە لایەكی ترەوە سەرچاوەی گۆشتی نایاب و پێستەی جووان بووە بۆیان.

بە پلەی یەكەم، بەرهەمهێنانی كشتوكاڵی مسكێنە ناخێڵەكیەكان كردوویانە، كە پارچە زەویەكیان بەدەستەوە بووە. سەرەرای ئەوانە چەندین هەژاری لادێ هەبوون، كە زەویان بەدەستەوە نەبووە و بە پێی پێویست و وەرز كاریان پێكراوە. ئەمانە دەوروبەری ٨٠٪ دانیشتوانی كوردستان بوون. لە دەوروبەری شارەكاندا باخەوان بەروبوومی هاوینەی پێویستی دانیشتوانی شاریان بەرهەمهێناوە، یا خوود خزمەتی باخی میوەو گوڵوباخیان كردووە. ئەمانە زەوی وەجاخزادەی

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارەکانیان بەدەستەوە بووە و مسکێن یان پیاوی ئەوانە بوون «**٨٥ ل١٩١\٩٨ ل٢٢٧**».
ئەو ئامرازانەی کە لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا بەکارهێنراون زۆر سادە بوون و تەنها توانراوە بە قەبارەیەکی کەم بەرهەمیان پێ بهێنرێت. بەکارهێنانیان زەحمەت بووە و تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانی بازووی مرۆڤ یان وڵاخ کاریان کردووە. گرنگترین ئەو ئامرازانە گاسن بووە، کە بە تەختە یان داری قورس دروستکراوە و نوکێکی تیژی هەبووە و جاری واهەیە ئەو نوکە پارچەیەک مێتال بووە. ئەوانە زۆرجار خەڵکی ناشارەزا دروستیکردوون بە شێوەک، کە یان هێندە قورس بوون بە زەحمەت بە مرۆڤێک یان وڵاخێکی لەڕ ڕاکێشراون، یان ئەوندە سووک بوون، کە بە ئاستەم توێژی سەرەوە زەوی ڕوشاندووە. لەبەرئەوەی زەویەکانی بنار شاخەکان لێژ و بەردانی بوون هێندەی تر ئەو کارە بۆ مسکێن قورستر بووە. مسکێنە هەژارەکان ڕەنگە خاوەنی وڵاخێکی لەڕیش نەبووبن و بە هێزی باز و شان گاسنەکەیان ڕاکێشابێت. یان لە بڕی بێگاریکردن وڵاخیان لە بنەماڵەیەکی وەجاخزادە یان خاوەن ئاژەڵ وەرگرتبێت.
دروێنە بە داس کراوە، کە لە ئاسن دروستکراوە و دەستکێکی داری هەبووە. بۆ کوتانی دەغڵ جەنجەر بەکارهێنراوە و بە وڵاخ ڕاکێشراوە. دەستەوانە، بێژنگ و دەستاڕ نمونەی تری ئامرازی سادەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ بوون. گەنم لە عەمباری بە قور دروستکراو خەزنکراوە و بۆ هاڕین براون بۆ ئاش، کە زۆرجار لە گوندەکەوە دووربووە و بەچەند گوندێک ئاشێکیان هەبووە. ئاشەکان لەسەر کارێز دروستکراون و بەهێزی ئاو کاریان پێکراوە «**٩٨ ل١٩٠\٣٠ ل٣٩**».

### موڵکایەتی و تەسەروفکردن بە زەویوزارەوە

هەر بەشێوەی بەشەکانی تری دوو دەوڵەتەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کوردستانیشدا بە فەرمی زەویوزار و ڕەعیەت گەڕاوەتەوە بۆ شا\سوڵتان. ئەوانە بڕیاریان داوە ئەو زەویانە لەژێر تەسەروفی کێدابێت و چەندبن و چۆن بەکاربهێنرێن و بە چ مەرجێک تەسەروفیان پێوە بکرێت.
لە کوردستاندا موڵکایەتی زەویوزاری کشتوکاڵی یان تەسەروفکردن پێیانەوە بەهەمان شێوەی شێوازی دەسەڵاتی سیاسی و سترەکتۆری کۆمەڵایەتی وڵاتەکەوە شێوازی جیاوازی بەخۆوە گرتووە. ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ئەو دەوڵەتانەدا بوون، سونجقە کوردییەکان، بەهەمان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێوەی ناوچەكانی تری دەوڵەتكان تەسەروفكردن بە زەویوزاری كشتوكاڵیەوە كراوە. بۆیە لێرەدا پێویست ناكات سەرلەنوێ باسی بكەینەوە، زانیاری لەسەر ئەوانە لە بەندی چواری كتێبەكەدا هەیە.

خێڵە گەورەكانی كوردستان، كە ئەو ناوچانەی دەرەوەی دەسەڵاتی میرنشینەكاندا لەژێر دەستدابوو، مافی تەسەروفكردنیان بە بەكارهێنانی زەوەی كشتوكاڵی و لەوەڕگاكاندا لەلایەن شا\سوڵتان پێدرابوو، بەرامبەر ئەوە بە پلەی جیاوز بەپێیوەلا و تەبەعیەتی ئەوانە بۆ دەوڵەتەكان و بەپێی بەهێزی و لاوازی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، مەرجی باج و هاریكاری سەربازییان خراوەتە ئەستۆ «٨٥ ل٢٣٣».

ئەو ناوچە و زەویوزارە كشتوكاڵیانەی بە درێژایی ئەو سێ سەدەیە لەژێر دەسەڵاتی میرنشینەكانی كوردستاندا بوون، هەر بەناو موڵكی سوڵتان\شا بوون. لەم شوێنانەدا بە كردەوە كەم یان زۆر زەویوزار و لەوەڕگە و رەعیەت لەژێر كۆنترۆڵی میرەكاندا بوون و ئەوان بڕیاری ئەوەیان داوە كێ تەسەروفیان پێوەبكات و چۆن بەكاربهێنرێن. لەو شوێنانەی بەدەست خێڵە گەورەكانی ناو سنووری میرنشینەكاندا بوون، میر بە پێی عورفی خێڵەكی لەگەڵ ئەو سەرەك خێڵانەدا بڕیاری لەسەر ئەوانە داوە. هیچ جیاوازێكی ئەوتۆ نەبووە لە نێوان سیستمی موڵكایەتی میرنشینەكان و دوو دەوڵەتەكەدا. لە بەرامبەردا میرەكان وەلایان بۆ ئەو دەوڵەتانە هەبووە و پاشكۆیەتیان كردوون و بەشداریان لە شەڕەكانیاندا كردووە و سنووری دەوڵەتەكانیان بۆ پاراستوون. ئەگەر باجیشیان نەدابێ، ساڵانە دیاری و سامانێكی زۆریان رەوانەی ئەستەنبوڵ و تاران كردووە «١٩ ل٧٠».

ئەوەی لێرەدا گرنگە رەچاو بكرێت ئەوەیە، كە لەو سیستمەدا وەكو ئەمڕۆ لە مافی موڵكایەتیدا باوە، موڵكایەتی تاك(فردی) نەبووە یان زۆركەم بووە. بۆیە كە لێرەدا باسی موڵكایەتی زەویوزاری كشتوكاڵی ئەو سەردەمەدەكەین ، مەبەستمان مافی تەسەروفكردنە پێیانەوە. زەویوزار موڵكی میرنشین، خێڵ، هۆز بووە. میر بڕیاری چۆنیەتی تەسەروفپێكردنی موڵك و لەوەڕگاكانی هەموو میرنشینەكەی داوە، سەرەك خێڵ بڕیاری چۆنیەتی تەسەروفكردنی ئەوانەی لە خێڵەكەی خۆیدا داوە. بەو جۆرە ئەو بڕیار و مافە لەسەرەوە بۆ خوارەوە شۆڕ بۆتەوە «٨٥ل٩٤».

مافی تەسەروفكردن بە زەویوزارەوە لە لایەكەوە بەند بووە بە ئاستی وەلا و پاشكۆیەتی ئەوانە بۆ میر، سەرەك خێڵ، سەرەك هۆز. بەنەمانی ئەوە یان كەمبوونەوەی مافی تەسەروفكردنیان كەمی كردووە یان نەماوە. لەلایەكی ترەوە بەندبووە بەمانەوەی دەسەڵاتی میر، سەرەك خێل، سەرەك هۆز بە گۆڕانكاری

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوانـەدا هەڕەشـە کەوتۆتـە سـەر ئەوانـەی کـە پێشـتر مافـی تەسـەروفکردنیان بـەو زەویـوزار و لەوەڕگایانـەوە هەبـووە «٩٨ ل١١٩».

بێگومانلـە مەسـەلەی چۆنیەتـی تەسـەروفکردن بـە زەویـوزاری کشـتوکاڵیەوە جیاوازی هەبـووە لـە نێـوان میرنشـین و ناوچەکانـی کوردسـتان و هەریەکەیـان بەپێـی توانـای خۆیـان و لا کاتێکـەوە بـۆ کاتێکـی تـر گۆڕانکاریـان بەسـەردا هاتـووە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی گشـتی دەکـرێ ئـەو موڵکایەتیانـە بـەش بکرێـت بەسـەر چەنـد شـێوازێکدا:

- موڵکایەتـی میرنشـین، کـە هاوتـای زەویـوزاری میـری دەوڵەتەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـوون. داهـات و باجەکانـی ئەمانـە بـۆ خەزێنـەی میرنشـین و بـەکار هێنـراون بـۆ خەرجیەکانـی میـر و ناوەنـدی بڕیـار و خەرجـی سـوپا و شـەڕ و کاربەدەسـتانی دەوڵەتـی میرنشـینگەڕاوەتەوە. ئەمانـە بـە پلـەی یەکـەم مسـکێن بەرهەمیـان تێدا هێنـاوە و کاربەدسـتانی میرنشـین چاودێریـان کـردووە و گەورەتریـن رێـژەی زەویـوزاری کشـتوکاڵی هەمـوو میرنشـینەکە بـووە.

- موڵکایەتـی میـر و بنەماڵـەی دەسـەڵاتداری میرنشـین. ئەمانـە باشـترین و بـە پیـت و بەرەکتریـن زەویـوزاری ناوچەکـە بـوون و سـەچاوەی ئـاوی باشـیان هەبـووە. سـەرەڕای بەرهەمهێنـان ئـەم شـوێنانە بـاخ و بێسـتانی تێدابـووە و جێگـەی رابـواردن و حەوانـەوەی میـر و ئۆروسـتۆکراتی دەسـەڵاتدار بـووە.

- ئـەو زەویانـەی وەک دیـاری و پاداشـت دراوە بـە هەنـدێ کاربەدەسـتی دەوڵـەت و سـوپا.

- موڵکەکانـی چینوتوێژەکانـی وەجاخـزادی خێڵـەکان و شـێخ و پیـاوە ئایینیـە گـەورەکان، کـە میـر پێیـداون.

- زەویـوزار و لەوەڕگاکانـی خێڵـە گـەورە و بچوکـەکان کـە لەنـاو سـنوور و ژێـر دەسـەڵاتی میرنشـیندا بـوون. میـر بـە ئاسـانی نەیتوانیـوە دەسـت وەرداتـە موڵکـی خێڵـە گـەورەکان، بـەڵام بـە ئاسـانی دەسـتی وەرداوەتـە موڵکـی خێڵـە بچوکـەکان.

- موڵکـداری تایبەتـی وجووتیـاری موڵکـداری بچـوک زۆر کـەم بـوون و ئەگـەر بوبێـت بەهـۆی دینـداری یـان خزمایەتـی یـان بەرتیلـەوە بـە هەنـدێ خـزم و پیاوچـاک دراون، یـان بۆیـان ماوەتـەوە.

- زەوی شا\سـوڵتان. ئەوانـە لـە سەرانسـەری دەوڵەتەکانیانـدا بـە رەمزیـش بێـت موڵکیـان بـە نـاوەوە هەبـووە و لـە میرنشـینەکانیش چەنـد پارچـە زەویەکـی باشـیابن بـۆ تەرخانکـراوە.

چۆنیەتـی بـوون بـە موڵکـداری زەویـوزار لـە پێـش هەمەمـوو شـتێکدا لـە رێگـەی دەستبەسـەراگرتن و داگیرکـردن و زەوتکردنـدا بـووە. ئـەوەی توانـای سـەبازی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی بوبێت یان پشتی بە یەکێ لە دەوڵەتەکان یان میرنشینێک یان خێڵەکی بەهێز، یان شێخێکی گەورە قایم بووبێت زەویوزار و لەوەڕگاو سامانی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی بچڕیوە. یان لە ڕێگەی پێبەخشین و دیاری ئەوانە بووە بۆ ئەو کەس و بنەماڵانەی وەلایان بۆیان بووبێت و پاڵپشتکردنی سەربازی کردبن، یان ئەرکی باجکۆکردنەوەیان خستبێتە ئەستۆی خۆیان. شێخەکان و پیاوانی ئایینی لە ڕێگەی هەمانگیریان لەگەڵ توخمەی دەسەڵاتداری میرنشین، یان خێڵە گەورەکاندا بە ناوی وەقف، یان تەکیێ، یان دیاری و خەڵاتەوە زەویوزار یان گوندێک یان ناوچەیەک خراوەتە ژێر تەسەروفیانەوە. ڕێگەیەکی تر کڕین بووە. بەڵام لەبەرئەوەی هیچ یاسایەک یان تاپۆ و سەنەدێک نەبووە مولک و ماڵی خەڵک بپارێزێت هیچ گەرەنتی نەبووە بۆ مانەوەی مولکەکانیان. لە لایەکی ترەوە لەبەرئەوەی زۆربەی سەروەت و سامان لە ڕێگەی گەندەڵیوە چنگ خەڵک کەوتووە کەس نەیوێراوە ئەوانە ئاشکراکات و بەکاریان بهێنێت «٩٨ ل١١٦، ١١٨».

## ڕووتاندنەوەی لادێکان \باج و باجکاری

یەکەمین سەرچاوەی ئابوری دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست روتاندنەوەی رەعیەت بوو لە ڕێگەی باجەوە. لەبەرئەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکان لەژێر چەتری دەوڵەتێکی بچوکی پاشکۆی دەوڵەتی گەورەتردا بوون، روتاندنەوی رەعیەت تیایدا قورستر بوو.

دابەشبوونی وڵاتەکە بەسەر چەندین میرنشیندا، کە هەریەکە لای خۆیەوە رەعیەتی دەڕوتانەوە و دۆشینی ئەو میرنشینانە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە. نەبوونی دەوڵەتێکی سەرانسەری، کە بەپێی یاسا و عورفی هاوبەش باج تیایاندا کۆبکرێتەوە، خەرجی زۆری ململانێ و دوژمنایەتی نێوانیان، رێژەی باجەکانی لەسەر رەعیەت و پێش هەموویانە مسکێن لەچاو زۆر ناوچەی تری ئەو دوو دەوڵەتە زیاترو قورستر کردووە. هیچ یاسا یان عورفێکی هاوبەش نەبووە، کە لە هەموو شوێنێکی وڵاتەکەو لە هەموو کاتێکدا وەک یەک پەیڕەو بکرێت، بەڵکو بەپێی شوێن و کات و دەسەڵاتی سەرکردەکان و باشی و خراپییان و توانای خەڵکەکە گۆڕدراوە. میر و سەرک خێڵ دەسەڵاتی رەهایان هەبووە لەو بوارانەشدا و وەکو دەوترێ ئیتر خۆیان و خوای خۆیان «٩٨ ل١١٨».

باجەکان دوو جۆربوون. باجی ئاشکراو فەرمی، کە بەپێی عورفی خێڵەکی و شەریعەت سێندراون و باجی شاراوە، کە لە ڕێگەی گەندەڵی وبەرتیل و سەرانە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەڕەشەوە سەندراون. هەڵبەتە ئەمەی دواییان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە موڵک و ماڵی خەڵک نەپارێزراوە و کەس دڵی بە بەرهەم و بەرهەمهێنان نەسوتاوە و بە ماڵی خۆیان نەزانیوە و ئەو کەسانەی بە ئەرکی باجکۆکردنەوە هەستاون بە پێی بنەمای وەلاو پاشکۆیەتی و بەرتیل دانراون. لای ئەوانە نان ئەو نانە بووە ئەمرۆ لە خوانە و هەتا بۆیان کرابێ خەڵکیان روتاندۆتەوە و بەشی خۆیان لێپچڕیوە.

لەگەڵ جیاوازی باجەکان لە نێوان ناوچەکانی کوردستان و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، بەڵام دەکرێ بەسەر چەند شێوازێکدا دابەشبکرێت. باجەکانی ئەو شوێنانەی کە لە ژێردەسەڵاتی میرنشین و خێڵە گەورەکانی کوردستان نەبوون و راستەوخۆ لەژێردەسەڵاتی دەوڵەتەکان بوون لەگەڵ ناوچەکانی تری ئەو دەوڵەتانەدا هاوچەشن بووە و پێشتر لە بەندی چوارەمدا باسکراون. لێرەدا لە لایەکەوە باسی ئەو باجانە دەکەین، کە دوو دەوڵەتەکە لە میرنشینەکانی سەندووە و لەلایەکی ترەوە ئەوانەی میرنشینەکان لە رەعیەکانیان سەندووە. وەکو چۆن سەرۆک خێڵ باجی سەندووە و بێگاری بە مسکێن کردووە، بە هەمان شێوە دەوڵەتەکانی ئێران و عوسمانی لە لایەکەوە ویستویانە بەرزترین رێژە باج لەو میرنشین و خێڵانەی کوردستان بسێنن، لە لایەکی ترەوە هەر وەگ بێگاری، لە شەڕوشۆڕەکانیاندا لە رووی سەربازیەوە سودیان لێوەربگرن. لەبەشی زۆری ئەو سەدانەدا هەردووکیانیان پێنەکراوە و زیاتر لە رووی سەربازی و پاراستی سنورەکانەوە سودیان لێ وەرگرتوون. هەڵبەتە پاڵپشتی سەربازی و بەشداریکرن لە شەڕەکانیاندا هەمیسانەوە خەرجییەکی زۆری تێچووە و ئەو میرنشین و خێڵانە ناچار بوون بەشێک لە داهاتەکانیان بۆ ئەوە تەرخانکردووە. ئەگەر ئەوانە باجیشیان نەدابێ، بەڵام بۆ هێورکردنەوە و باشکردنی پەیوەندیان لەگەڵ شاۤسوڵتان سالانە دیاریەکی زۆریان بۆ ناردوون «**٨٥ ل١٤٩**».

هەڵبەتە ئەمە لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە میرنشینێکەوە بۆ میرنشینێکی تر گۆڕاوە. بە بەهێزبوونی دەوڵەتەکان، یان زیادبوونی پێویستبوونیان بە داهاتی زۆری باج، فشاریان خستۆتە سەر ئەوانەو هەوڵیانداوە باجی زیاتریان لێبستێنن. بە هەڵگیرسانی شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆ، ناچاریان کردوون، کە بەشداری تیادا بکەن. هەروەها بە بەهێزبوونی میرنشینێک یان بە پاڵپشتی یەکێک لە دەوڵەتەکان هەوڵیان داوە باج نەدەن و بەشداری لە جموجۆڵی سەربازیدا نەکەن. ئەم پرۆسەیە بە درێژایی چەندین سەدە دوو بارە بۆتەوە و هیچ گۆرانێکی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانانی باج گرنگترین فاکتەری گرژی و قەیران دروستبوون لە نێوان میرنشین و خێڵەکانی کوردستان و ئەو دەوڵەتانە بووە. ئەمانە هەتا بۆیان کرابێ و بۆیان لوابێت باجیان نەداوە یان کەمیان داوە و هەندێجار بۆتە هۆکاری یاخیبوون و راپەڕینیان. زۆربەیجار ئەو راپەڕینانە سەرکوتکراون و بە گۆڕانی میر، یان بنەماڵی دەسەڵاتدار، یان هەڵوەشاندنەوەی میرنشین و خێڵ و بونیادنانی میرنشین یان خێڵێکی نویکۆتاییان هاتووە. ئەوانە لە ڕێگەی ئەندامی بنەماڵەکە یان بنەماڵەیەکی ترەوە کراوە، کە پێشتر چاویان بڕیوەتە گرتنی ئەو پۆستانە «٨٥ ل ١١٥».

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەو باجانەی کە میرنشین و سەرەک خێڵەکان داوییانە بەو دەوڵەتانە، ئەو دیارییە زۆرەی بۆیان ناردوون، یاخود خەرجی بەشداریکردنیان لە شەڕوشۆڕ و کوشتنی ژمارەیەک زۆری خەڵک و کاولبوونی وڵاتەکە بە پلەی یەک کەوتۆتە ئەستۆی بەرهەمهێنەرەکانی لادێ و بە تایبەتی مسکێنەکان. هەموو جارێ، کە ئەوەیانکردووە، باج و سەرانەی زیادەیان لەو خەڵکە بەرهەمهێنەرە سەندووە و دەستکاری بەشەکەی خۆیان نەکردووە.

میرنشینەکان وەکو مۆدێلێکی بچوکی دوو دەوڵەتەکە سیستەمی باج و باجکاریان هاوچەشنی ئەوان بووە. سیستەمی باج تیایاندا بەپێی جۆری پێکهاتەو چینوتوێژەکانی لادێ دکرێ بکرێت بە چەند جۆرێکەوە. پێکهاتە ناموسڵمانانەکان سەرەڕای باج جزییەشیان لێ سەندراوە، کە ١٠/١ هەموو داهاتیان بووە.

ئەو خێڵە بچوکانەی کە لەژێردەسەڵاتی میرنشیندا بوون، سەرەڕای بەشداریکردن لە شەڕوشۆڕەکانی میردا و سەرکوتکردنی ئاژاوەی ناوخۆ، دەبوایە ١٠٪ داهاتی ناوچەکانی خۆیان بدایە بە میر. لە بەرامبەردا میر پارێزگاری لێکردوون. لە کاتی دروستبوونی ململانێ وگرفتی نێوانیان، میر دەستی وەرداوە کاروباریان و رۆڵی ناوبژیکەری لە نێوانیاندا بینیوە. لە بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئەو خێڵانەدا میر هەمیشە پشتگیری ئەو پیاوەیانی کردووە، کە لەو ساتەدا پێویستی پێی بووە و زۆر بەهێز نەبوون. بە نیشاندانی وەلا و پاشکۆیەتی بۆی، میر جەزای داونەتەوە و پۆست یان چەکی پێداون.

خێڵە گەورەکانی ناو سنووری دەسەڵاتی میرنشین، زۆربەی کات لە باتی باجدان، ساڵانە بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵ و بەروبوومی ئاژەڵیان بە ناوی دیارییەوە بۆ میر ڕەوانەکردووە و لە کاتی شەڕوشۆڕ و ئاژاوەی ناوخۆو دەرەوەی میرنشیندا پاڵپشتی میریانکردووە. ئەگەر بۆیان رەخسابێت هەردوولا هەوڵیانداوە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دەستوەردەنە کاروباری یەکتر. لای میر گرنگ بووە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە ئەوانە هێندە هێز و توانا پەیدا نەکەن، ببنە هەڕەشە لەسەر خۆی و پێگەی میرنشینەکە. بۆ رازیکردنی ئەو سەرەک خێڵانە و بەستنەوەیان بەخۆوە، میر چەند گوندێک یان ناوچەیەکی خستۆتە ژێر تەسەروفیانەوە، یان پڕچەکی کردوون و بەپێی پێویست پۆستی سەبازی و سیاسی و ئەرکی باجکۆکردنەوەی هەندێ ناوچەی پێ سپاردوون. بەشدارپێکردنی ئەوانە لە کاروباری میرنشیندا لەسەر بەشداریکردن لە بڕیار و پلاندانان نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای عورفی خێڵەکی بووە.

ئەو باجانەی کە میرنشین یان خێڵەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشین لە مسکێن و جووتیاری ئەندامی خێڵەکانیان سەندراون بەپێیشەریعەتی ئیسلامی و و عورفی خێڵایەتی ١٠\١١، بەڵام بۆ مسکێنەکان بە کردەوە رێژەیان لە ٢\١١ هەموو داهاتەکانیان زیاتر بووە.

بەکردەوە ئەوی لە لادێکانی کوردستان باجیان دابێت مسکێن و بە رێژەیەکی زۆر کەمتر توێژێکی بەرهەمهێنەری خوارەوەی خێڵەکیەکان بوون. هەموو ئەوانی تر کە وەجاخزادە بوون یان پیاوی ئەوانە بوون لە باتی باجدان بە قووتی رەعیەت ژیاون. بێجگەلە سەندنی باج لە سەر زەوی و بەرهەم بێگاریش بەو خەڵکە کراوە. چونکە گۆڕینەوەی دراو لە لادێکان نەبووە، یان زۆر کەمبووە، باجەکان لەو سەدانەدا عەینی بووە، نەک بە پارە. ئەو باجانەی کە ئەندامی خوارەوەی خێڵەکان داویانە، بەناوی خاوە بووە، کە بۆ خەرجی دیوەخانی ئاغای گوند تەرخانکراوە و رێژەی ١٠\١١ بووە. سەرەڕای ئەوە ئەندامی خێڵ جەژنان چوون بۆ خزمەتی سەرەک خێڵ وبەشێک لە بەرهەمەکانیان بە ناوی دیارییەوە پێ بەخشیوە.

مسکێنەکان سەرەڕای دانی ١٠٪ خاوە، موڵکانەشیان داوە کە ٤٠٪ داهاتیان بووە. بێجگەلە ئەوانە مەڕانە و مریشکانە و جەژنانە و نەورۆزانەیان داوە. لە کاتێکا کە میر ناچاربووە باج یان دیاری بۆ شا\سوڵتان رەوانە بکات، ئەو خەرجییەی خستۆتە ئەستۆی مسکێنەکانەوە. خەرجی مەلاو پیاوە ئایینیە هەژارەکان بە ناوی زەکاتەوە کەوتۆتە ئەستۆی ئەمانە. سەرەڕای ئەوە بۆ ئەوەی خودا لێیان رازیبێت و لە نەخۆشی و ئەشکەنجە بەدوور بن زیارەتی شێخیان کردووە و ئەوەی توانیویانە بۆیان بردووە. بێجگەلە باجدان، مسکێنەکان بێگاریشیان بۆ ئاغای دێ و دەسەڵاتداران کردووە. نمونەی ئەوە هاریکارردنی ئەوانە لەکاتی کێڵان و دروێنە و جۆگەلە راکێشان یان شوانکاری «٨٥ ل٩٨\١٤٩ ل١٩\١٢٤ ل١٤٧. ئەوانەی بە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی موڵک و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەخێوکـردن و باجکۆکردنـەوە هەسـتاون بێجگەلـە باجـی فەرمـی، سـەرانە و بەرتیلیـان لـەو خەڵکـە سـەندووە، کـە هێنـدەی تـر بـاری ژیانـی ئـەو مسـکێنانەی سـەخت کـردووە. کورتـی باسـەکە لێـرەدا ئەوەیـە، کـە هەرچـی لـە قووتـی مسـکێن زیـاد بووبێـت کـە خـۆی و خێزانەکـەی لەسـەری بژیـن، بەشـێوەی باجـی شـەرعی و نـا شـەرعی لێیـان سـەندراوە.

## چینوتوێژ و پێکهاتەکانی لادێ

لەسـەر بنەمـای ئـەم راسـتیانەی سـەرەوە، لـە کوردسـتاندا مەسـەلەی موڵکایەتـی زەویـوزار و لـەوەڕگا و مەڕومـاڵات و گونـد و ناوچـە بەندبـووە بـە وەلاو تەبەعێتـی ئـەو خەڵکـە بـۆ میـر و بنەماڵـە و دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدارانی میرنشـین و خێڵـەکان. بـە گۆڕانـکاری لـە وەلاو تەبەعێتـی ئەوانـەدا، موڵکەکانیـان لەدەسـت چـووە و خەڵکـی تـر جێگـەی گرتوونەتـەوە. لـە هەمانکاتـدا، چونکـە هـەر میرێـک یـان سـەرەک خێڵێـک، موڵـک و سـامان و پۆسـتی داوە بـەو کەسـانەی وەلای بـۆی هەبـووە، بـە لابـردن یـان مـردن یـان کەوتنـی ئـەو دەسـەڵاتدارە، ئـەو خەڵکـەش ئـەو موڵـک و سـامان و پۆسـتانەیان لێسـەندراوەتەوەو دراون بـەو خەڵکانـەی کـە وەلاو تەبەعیەتیـان بـۆ سـەرکردە نوێیـەکان هەبـووە.
لەبەرئـەوە، لـە کوردستانیشـدا هـەر بـە شـێوەی دەوڵەتـە فیوداڵیـە خێڵەکیـەکان هەمیشـە چینوتوێـژی فیوداڵـی خێڵەکـی هەبـوون و دەسـەڵاتیان هەبـووە و موڵکـدار بـوون خاوەنـی سـامان بـوون، بـەڵام ئەمانـە تەمـەن کـورت بـوون و هەمیشـە ئاڵوگۆڕ لـە ریزەکانیانـدا کـراوە و نەبوونەتـە موڵـداری راسـتەقینەی هاوچەشـنی فیوداڵـە ئەوروپییـەکان، ئەوانـە لاوازبـوون و توانایـان نەبووەفشـار بخەنـە سـەر دەسـتەبژێری دەسـەڵاتدارو دەرفەتیـان پێنـەدراوە بەشـداری لـە بڕیارادانـی سیاسـی و ئابوریـدا بکـەن. ئەگـر ئەوانـە پۆسـت و پایەشـیان پێدرابـێ، مافـی بڕیاردانیـان نەبـووە، بەڵکـو تەنهـا کاربەڕێوەبـەر بـوون «**٨٥ ل٢٢٣**».
سـەرەڕایگۆڕانکاری و ململانێـی ناوخـودی میرنشـینەکان و نێـوان میرنشـینەکانی کوردسـتان خۆیانـدا، دەسـتێوەردانی هەمیشـەیی دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەوڵەتەکانـی ئێـران و عسـمانی لـە کاروبـاری ناوخـۆی میرنشـین و خێڵەکانـی کوردسـتان و ئاڵوگۆڕگـردن لـە ناویانـدا، ئاڵوگۆڕکردنـی لـە ریزەکانـی چینوتوێژەکانـی فیوداڵـی خێڵەکـی کوردسـتان زۆر لـە شـوێنەکانی تـری ئـەو دەوڵەتانـە زیاتـر و چڕتـر کردووە و هێنـدەی تـر ئـەو چینوتوێژانـەی لاواز و تەمـەن کـورت کـردووە «**٩٨ ل١١٩**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکێک لە نەجیبزادەکانی جافەکان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ نووسەرێکی بێگانە بەناوی ج. ریچ وتوویەتی: ( بۆچی خانوی جووان دروست بکەین و بە جووانی رایانگرین، ئەگەر دڵنیا نەبین لەوەی کە هەتا ئەو رۆژەی دەمرین بە موڵکی خۆمان دەمێنێتەوە؟ ئەم پاشایە بگۆڕێت یەکێکی تر لە هەمان خانەوادە، بە هەمان شێوە هاورێیەکی خۆی دەهێنێتە سەر ئەو موڵکانە و ئێمەش لەسەر ماڵ و مڵکی خۆی دەردەکات). ئەم لێدوانە بە روونی لاوازی و بێ دەسەڵاتی و تەمەنکورتی چینوتوێژە فیوداڵە خێڵەکیەکانی کوردستانمان بۆ روون دەکاتەوە. لە هەمانکاتدا بێمنەتی و گوێنەدان و دڵنەسوتانی ئەوانەمان پیشان دەدەات بەرامبەر زەویوزار و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵبەخێوکردن و ئاوەدان کردنەوەو گەشەکردنی وڵاتەکە «٩٨ل ١٢١\ ٣٠ ل٣٥».

بەپێی چۆنیەتی مافی تەسەروفکردن بە زەویوزار و لەوەڕگا و مەڕوماڵات و باج و باجکاری و رۆڵی خەڵکەکە لە بەرهەمهێناندا، ئەو خەڵکانەی راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئابوری لادێکانی میرنشینەکانەوە هەبووە بەسەر پێکهاتە و چینوتوێژی جیاوازدادابەشبوون.

پێکهاتەکان خێڵی بچوک و گەورەو نیشتەجێ و رەوندبوون، خێڵەکی و ناخێڵەکی، موسڵمان و ناموسڵمان و کورد و پێکهاتە نەتەوایەتیەکانی تربوون. بێجگەلە خێڵە دەسەڵاتدارەکان کە هەماهەنگی میریان کردووە، هەموو پێکهاتەکانی تر بە رەعیەت حسابیان بۆ کراوە. رەعیەت دابەشبوون بەسەر توێژی جیاوازدا و بە شێوەیەکی گشتی پۆستی سەربازی و ئیداری و سیاسیان پێ نەدراوە. هەندێ پێکهاتەی وەکو قاجار و لۆتی لە کوردستاندا هەبوون. ئەمانە هەژار و گەڕۆک بوون و لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگەوە بە سوکی سەیرکراون «١٩ ل١٧٠\ ٨٥ ل١٨٣».

چینوتوێژەکان لە میرنشینەکانی کوردستاندا بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بەسەر دوو کاتەگۆریەوەدابەشبکرێن ، خێڵەکیەکان و رەعیەتی ناخێڵەکی. خێڵەکیەکان دابەشبوون بەسەر بۆرە خەڵک و وەجاخزادە و بۆرە خەڵکەوە.

وەجاخزادەکان بریتی بوون لە ئۆروستۆکراتی خێڵەکی. ئەمانە ئازاد بوون و باجیان نەداوە و مافی تەسەروفکردنیان بە زەویوزاری کشتوکاڵی و لەوەڕگا و مەڕوماڵاتدا هەبووە. زۆربەیان لە شارەکاندا نیشتەجێبوون. بێجگەلە میر خۆی، ئەوانیتر دەبوایە وەلایان بۆ میرو بنەماڵەی دەسەڵاتدار هەبێت و گوێرایەڵیان بوونایە. پۆستی سەربازی و ئیداریان لەلایەن میرەوە پێدراوە، بەڵام بڕیاردەر نەبوون و تەنها کاربەڕێوەبەر بوون. دەکرێ بەسەر چەند توێژێکدادابەشکرێن:

- میر\بنەماڵەی میر\خێڵی دەسەڵاتدار. زۆربەی میرنشینەکان خێڵێک حوکومرانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کــردووە و لــە ناوەندیانــدا بنەماڵەیەکــی وەجاخــزادە و لەنــاو بنەماڵەکــەدا میــر دەستنیشــان کــراوە. بــەڵام بەشــێک لــە میرنشــینەکان نمونــەی ئــەردەڵان، بنەماڵەیەکــی وەجاخــزادە بــە پشــتیوانی چەنــد خێڵێــک حوکومرانــی کــردووە. زەویــوزار و رەعیەتــی هەمــوو میرنشــینەکە بــۆ ئــەوان گەڕاوەتــەوەو میــر بڕیــاری لەســەر چۆنیەتــەی تەســەروفپێکردنیان داوە. زۆربــەی پۆســتە ســەربازی و سیاســی و ئابورییــەکان بەدەســت ئەمانــەوە بــووە. ئەمانــە، لەچــاو توێژەکانــی تــری وەجاخــزادەدا خاوەنــی ســامانێکی زۆر بــوون. بەپێیشــەڕەفنامە، میــر محمــدی فەرمانــدەی جزیــرەه **١٢** هــەزار ســەر مــەڕ و **١٠٠** هــەزار مریشــکی هەبــووە، جەمشــید بەگــی میــری پاڵــوو زیاتــر لــە **١٠** هــەزار ســەرمەڕی هەبــووە و ســاڵانە **٣**هــەزار تەگــە و خرتــی نــاردووە بــۆ بازاڕەکانــی حەلــەب بــۆ فرۆشــتن «**٩٨** ل**١٢٢**».

– نەجیبــزادەی خێڵەکــی. لەســەرکردەی خێــڵ و هــۆزەکان و پیاوانــی ماقوڵــی نزیــک میــر پێکهاتــوون. خاوەنــی زەویــوزار و لــەوەڕگا و ئــاژەڵ بــوون. خاوەنــی کۆشــک و تــەلار بــوون. لەباتــی خۆیــان پیاوەکانیــان لــە لادێ و لەوەڕگاکانــدا سەرپەرشــتی موڵکــو ســامان و داهاتیــان کــردووە.

– شــێخان و پیاوانــی ئایینــی نزیــک میــر. پاڵپشــتی میــر و بەشــێک بــوون لــە سیســتمی فیوداڵــی خێڵەکــی. بــە بەشــێک لــە وەجاخــزادە حســابیان بــۆ کــراوە. لــە بەرامبــەر ئــەو پاڵپشــتیانەیان ناوچــە یــان گونــد یــان زەویــوزار و داهاتــی ئــەو شــوێنانەیان پــێ دراوە «**٩٨** ل**٢١١**».

– فەرماندەرانــی ســەربازی و کاربەدەســتانی ئیــداری و بــاج و باجــکاری. زەویــوزار و داهاتــی بەشــێک لــە بــاج و رســوماتی فەرمــی و نافەرمیــان پــێ دراوە. فەرماندەرانــی ســوپا بەشــێک لــە تاڵانیــان بەرکەوتــووە.

– ئەوانــەی بــە ئەرکــی سەرپەرشــتیکردنی موڵــک و بەرهەمهێنانــی کشــتوکاڵی و ئــاژەڵ بەخێوکــردن و باجکۆکردنــەوە هەســتاون کاربەدەســتانی میرنشــین و ســەرک لەشــکر و پیاوانــی ســەرەک خێــڵ و ئاغــای گونــد و جەنــگاوەرەکان بــوون. ئەمانــە توێژێکــی تایبەتیــان پێکهێنــاوە و لەســەر بنەمــای خزمایەتی و وەلاو تەبەعیــەت و بەرتیل دانراون، بۆیــە خەڵکانــی دڵ رەقبــوون و بەشــێکی بــاش لــەو داهاتانەیــان بــۆ خۆیــان لاداوە و لەگــەڵ ســەرکردە و خزمــە دەستڕۆیشــتووەکانیان بەشــیان کــردووە. ئەمانــە بێجگەلــە باجــی فەرمــی، ســەرانە و بەرتیلیــان لــەو خەڵکــە ســەندووە. دیــارە تەنهــا پەیوەنــدی کە زۆرینــەی مســکێن و خەڵکانــی بەرهەمهێنــەری کوردســتان لەگەڵدەسەڵاتدارانیمیرنشــین و وەجاخــزادە هەیــان بــووە ئــەم توێژانــە بــوون «**٩٨** ل**٣٥**، **٢٠٩**».

بــۆرە خەڵــک ( بــۆرە پیــاو) \ توێژەکانــی خــوارەوەی خێڵــەکان. ئەمانــە لــە جەنــگاوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ر و جووتیار یان شوانکار پێکهاتوون. خەڵکی ئازاد بوون و وەک مسکێن وەک بەشێکی بەستراوە بە موڵکەوە حسابیان بۆ نەکراوە. بەناو ئەندامانی خێڵ خاوەنی زەویوزار و لەوەڕگا و مەڕوماڵاتی خێڵ بوون، بەڵام بەکردەوە بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئازایەتی و وەلایان بۆ سەرکردە مافی تەسەروفکردن بە زەویوزار پێدراوە. ئەمانە ئەرکی سەربازی و چاودێریکردنی سامان و کاروبار و خزمەتکاری وەجاخزادەیان پێسپێردراوە، بەڵام زۆرکەم پۆستەکانی میرنشین یان خێڵیان پێدراوە. توێژی خوارەوەی رەوەندیش لە جەنگاوەر و شوانکار دەکرێ بە بەشێک لەمانە دابنرێن. خاوەنی ژمارەیەک ئاژەڵ بوون بەرادەیەک بەشی بەڕێوەبردنی ژیانیان بکات. بەناوی خزمایەتی و وەلاوە بۆ خێڵ و سەرکردە، چاودێری مەڕماڵات و رەشماڵەو سامانی وەجاخزادەکانیان کردووە و پاراستونیان. هەڵبەتە دۆخی ژیانی ئەمانە لە خێڵێکەوە بۆ خێڵێکی تر جیاواز بووە. هەتا خێڵەکە گەرەتر و دەوڵەمەنتر بووبێت و زەوی و مسکێنی زۆرتری هەبووبێت ئەمانە زیاتر رۆڵی جەنگاوەریان بینیوە و بە بەرهەمهێنان هەڵنەستاون. بەڵام لە هەندێ شوێن ژیانیان سەخت بووە و وەک کۆیلە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە. ئەندامانی خێڵە نیشتەجێبووەکان مافی تەسەروفی بە پارچە زەویەکەوە هەبووە. خێڵ لە گوندەکاندا ئاغای گوند یان کوێخا وژمارەیەک سەرکار و سواری جەنگاوەریان هەبووە. ئەمانە بەشێک لە داهات و باج و سەرانەیان بۆ خۆیان لاداوە و لەسەری ژیاون. ئاغای گوند باشترین زەوی و کانی ئاوی بەدەستەوە بووە «٩٨ ل١٢٣، ١٢٧».

بەو پێیە لە کوردستاندا بە هەمان شێوەی شوێنەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستچینوتوێژی فیوداڵی موڵداری خاوەن زەوی، دەرفەتی تەمەن درێژی و بەهێزبوونی نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە لەبەر بچوکی ناوچەی میرنشینەکان و ئاسانی کۆنترۆڵی ناوچە و توێژە فیوداڵیە خێڵەکیەکان لەلایەن میرەوە و دەستێوەردانی دەوڵەتەکانەوە، ئەم توێژانە زۆر لەوانەی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاوازتر بوون. بە هەمان شێوە دەسەڵاتی ئایینیش لە کوردستاندا لەو سەدانەدا بە لاوازی و بچوکی مانەوە. ئەمانە فاکتەری گرنگ بوون بۆ مانەوەی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی توندڕەوەی تاکڕەو لە وڵاتەکەدا و دروست نەبوونی دەرفەتی بەشداریکردن لە بڕیاری سیاسی و ئابوری دا، بۆ لە کوردستاندا دەسەڵاتی رەها زاڵ بوو و دەرفەتی راوێژکردن و دروستکردنی شورەیەک لە ناوەندیاندا وجووودی نەبوو.

زۆربەی دانیشتوانی لادێ رەعیەت بوون، کە لە چەندین توێژی کۆمەڵایەتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێکهاتبــون، لەوانــە:

– مســکێن، لــە ناوچــە جیاوازەکانــدا نــاوی جیاوازیــان هەبــووە. بێجگەلــە مســکێن، کرمانــج و گۆرانیشــیان پێوتــوون. ئەمانــە زۆرینــەی خەڵکــی کوردســتان بــوون و خاسڵەتی هاوبەشیان ئـەوە بـووە، کـە خەڵکانـی ناخێڵەکـی بـوون، خاوەنـی زەویوزار و ســەرچاوەی ئــاو و ســامان و مەڕوماڵاتــی زۆر نەبــوون. هەرچەنــدە خەڵکــی رەســەنی وڵاتەکـە بـوون، بـەڵام بـە فەرمـی ئـەو زەویـوزارەی بـە دەسـتیانەوە بـووە موڵکـی خێڵـەکان بـووە و ئەمـان تەنهـا بەرهەمیـان تیـادا هێنـاوە. بـە زەویەکانـەوە بەســتراوبوون و وەکــو موڵکێــک حســابیان بــۆ کــراوە و بــە خواســتی خۆیــان نەیانتوانیـوە ئـەو زەویانـە بەجـێ بهێڵـن. بـە دانـی زەویـەکان بـە خەڵکـی نـوێ یـان داگیرکردنیــان لەلایەندەســەڵاتداری نوێــوە، ئەمانیــش بەشــێک بــوون لــەو زەویانــە. هێنـدە مەڕوماڵاتیـان نەبـووە کـە پێویسـتیان بـە لـەوەڕگا هەبێـت. بێجگەلـە مسـکێنی کـورد ژمارەیەکـی زۆر لـە مسـکێنی ناموسـڵمان و نەتـەوەی تـر لـە هەنـدێ میرنشـیندا ژیــاون. نمونــەی ئەوانــە ئەرمەنــی، ســریانی، جــووو، کلدانــی، ئاســوری، تورکمــان وعــەرەب «**٩٨ ل١٩٧**».

– خەڵکـی هــەژاری بـێ زەوی. بەپێچەوانــەی مسـکێن ئەمانـە زەویوزاریـان بەدەسـتەوە نەبــووە. بەرامبــەر پێدانــی خــواردن و جێگــەی نوســتن، بــە پێــی پێویســت کاریــان بـۆ خێڵەکیـەکان کـردووە. سـەپانی و گاوانـی و خزمەتکاریـان پێکـراوە، بەشـێک لـە شـوانی رەوەنـد و خێڵەکانـی تـر دەکـرێ بـە بەشـێک لـەم توێـژە دابنرێـن.

– مـەلا و دەروێشـی هـەژار کـە کاروبـاری نوێـژ و مارەکـردن و ناشـتن و مەولـو و زکریـان کـردووە توێژێکـی هـەژاری دەسـەڵاتی ئایینـی بوونـو بـە پلـەی یەکـەم بـە زەکات و خێـر ژیـاون.

– یەخسـیر و کۆیلـە لـەو سـەدەمەدا وەکـو هەمـوو شـوێنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بەهــۆی شەڕوشــۆڕەوە راگیــراون . کۆیلــە کڕیــن و فرۆشــتن لــە کوردستانیشــدا بــە ئاســتێکی کەمتــر هەبــووە. ئەمانــە کاری مــاڵ و ئەرکــی قــورس و پیســیان پــێ سـپێردراوە و هیـچ مافیەکیـان نەبـووە و بـە سـوکی سـەیر کـراون «**٨٥ ل١٨٣**».

## شارەکان\ پیشەی پیشەیی\ بازرگانی\ باج

ئـەو ئاواییانـەی کـە لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـەو سـەدانەدا بـە شـار حسـاب کـراون دەبوایـە ژمـارەی دانیشـتوانیان لـە **١٠** هـەزار کـەس تێپـەڕی بکردایـە. بـەڵام کـەم لـە شـارەکانی کوردسـتان ژمـارەی دانیشـتوانی گەیشـتوتە ئـەو ژمارەیـە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆیە ڕەنگە لەبەر تایبەتمەندیی کوردستان پێویست بکات ژمارەیەکی نزمتری دانیشتوان دابنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر بەشارداناني ئاوياييەکاني وڵاتەکە، بۆ نموونە ٥هەزار کەس «٧٧ ل١٧».

چەند فاکتەرێکی گرنگ بۆتە هۆی بچوکی ئەو شارانە. گرنگترینیان بچوکی میرنشینیەکان و ئەو ناوچانەی پێیانەوە بەسترابوون، سروشتی قوفڵدراو و بەرتەسکی فیوداڵی خێڵەکی لە وڵاتەکەدا و ناکۆکی میرنشینەکان لەگەڵ یەکدا، دووری زۆربەی ناوچەکان لە کەنار دەریا و ڕێگەی بازرگانی گەورەوە، هەروەها سەختی وڵاتەکە و خراپی ڕێگە و بان و ئامرازی گواستنەوە و ناسەقامگیری ئەو ڕێگەیانە فاکتەری گرنگی تر بوون. ئەو شارانەی کە نزیک بوون لە ڕێگە بازرگانیەکانی ئەو دوو دەوڵەتە و زیاتر بە سترابوون بە ناوەندیانەوە لە وانی تر گەورەتر بوون.

لەبەرئەوەی وەکو پێویست ئاماری ئەوتۆ لەبەر دەستدانیە بۆ هەڵسەنگاندی قەبارە و جموجۆڵی ئابوری شارەکانی کوردستان ئەبێ لەسەر هەندێ بنەما و زانیاری کە هەن، هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکرێت. ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە بە ١,٥-٢ ملیون بوبێت و ١٠٪ لە شاردا نیشتەجێ بووبن، ئەوا ژمارەی کۆی دانیشتوانی شارەکان لە نێوان ١٥٠-٢٠٠ هەزار کەسدا بووە. بەپێی مێژوونوسەکان و ڕوداواکانی وڵاتەکە و گۆڕانکاری بەردەوام تیایدا، لە هەندێ شوێن و کاتدا بەهۆی ئاسایش و باشبوونی پەیوەندی شار لەگەڵ دراوسێکانی و دەسەڵاتی ناوەندیدا، بەرهەمی پیشەیی و بازرگانی لە شاردا بوژاوەتەوە و خەڵکێکی زۆری دەوروپشت و ناوچەکانی وڵاتەکە و خەڵکی بیانی ڕوویان تێکردووە و بۆتە هۆی گەورەبوونی شار و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی. بە پێچەوانەی ئەوەوە لەکاتی شەڕوشۆڕ و هەڕەشەی دەرەکی و گرژی نێوان میرنشینەکان، یان بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشی، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی شار مردوون یان کۆچیان کردووە بۆ لادیەکان «بەندی سێیەم». ئەمانە بۆتە هۆی پوکانەوەی شار و کەمبوونەوەی دانیشتوانی. هەڵبەتە لەبەرئەوەی شارەکانی کوردستان لەژێر سایەی یەک دەسەڵاتدا حوکمران نەکراون ئەو گۆڕانکاریانە لە هەمانکاتدا هەموو شارەکانی نەگرتۆتەوە.

شارەکان ناوەندی حوکمرانی میرنشینەکان، یان ئەو سونجووقانە بوون کە لەژێردەسەڵاتی ڕاستەوخۆی دوو دەوڵەتەکەدا بوون. تیایاندا بنەماڵەی میر و وەجاخزادەی خلایەتی و دەسەڵاتدارانی ئیداری و سەربازی میرنشین، یان دەوڵەتەکاننیشتەجێبوون. سەرەڕای ئەوە ژمارەیەک زۆر پیشەیی و بازرگان تیایدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژیــاون و کاریــان تیاداکــردووون «٩٨ ل١٢٥».
بەهـۆی ئـەو فاکتەرانـەی سـەرەوە بازنـەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی زۆربـەی شـوێنەکانی کوردســتان و بەتایبەتــی لــە میرنشــینەکاندا زۆر بچــوک و تەســک بــووە. ســنووری نێــوان میرنشــینەکان کۆســپ بــووە بــۆ گەورەبوونــی شــاری بازرگانــی وبــازاڕ و بوژاندنــەوەی بازرگانــی و هاتوچــۆی ئــازاد لــە نێــوان میرنشــین و ناوچەکانــدا. رەنگــە ئــەو جموجۆڵــە لــە شــارەکانی دەرەوەی ئــەو میرنشــینانەوە بەهــۆی بــە ئاســانتر بەســتنەوەیان بــە شــوێنەکانی تــری رۆژهەڵاتــی ناوەراســتەوە، گەرمتــر و زیاتــر بووبێــت و شــارەکانی گەورەتــر بووبــن.
لــە هەنــدێ ناوچــەی نزیــک رێگــەی بازرگانــی و لــە هەنــدێ کاتــدا کــە کاروانــی بازرگانــی لەســەریان زیادیکــردووە، ژمــارەی دانیشــتوانی هەنــدێ لــە شــارەکان بــۆ ماوەیــەک نزیکــی ٥٠هــەزار کــەس بوونەتــەوە.
نمونـەی ئـەو شـارانە بتلیـس و دیاربەکـر و ورمـێ و سـنە و موسـڵ. بەپێیشـەڕەفنامە لـە سـەدەی پانـزە و شـانزەدا، شـاری بتلیـس بۆتـە ناوەندێکـی پیشـەیی پیشـەیی و بازرگانـی. سـەرە رێگـەی قافڵـەی بازرگانـی ئێرانـی و ئەرمەنـی و روسـی و چینـی و هینـدی بـووە. ژمـارەی وەرشـەی پیشـەیی و دوکان تیایـدا گەیشـتۆتە ٨٠٠ دانـە. ژمارەیەکـی زۆر بەرهەمهێنانـی پیشـەیی لـە ماڵەکانـدا بەڕێوەچـووە و لەوانـەدا زیاتـر ژنـان کاریـان کـردووە. لەوانـە تەشـی رێـس و تەوتکـە و چەرمـکاری و وەسـتای نەخشـونیگار و رەنگکـردن بـوون. فـەرش و بـەڕە و لبـاد لـە خـوری و مـووی بـزن و کـەوش و زیـن لـە چـەرم دروسـتکراون. قوماشـی خـوری و ئاوریشـم چنـدراوە و ژمارەیـەک دارتـاش و زەرەنگـەر و مسـگەری تێـدا بـووە. هـەر بەپێیشـەڕەفنامە خوێـی سـوور و سـپی لـە ناوچـەی خنـوس دەرهێنـراوە و هەنـاردەی دەورووپشـت کـراوە و هەروەهـا ماسـی وشـکراوەی دەریاچکـەی ڤـان هەنـاردە کـراوە «٨٥ ل٥٧».
دیـارە هـۆکاری ئـەوە گەڕاوەتـەوە بـۆ سـەقامگیری ئـەو سـەردەمەو کەمبوونـەوی شەڕوشـۆڕ. لـەو سـەردەمەدا بەشـێکی زۆری بازرگانـی ئاوریشـمی ئازربایجانـی ئێـران بـەو ناوچانـەدا بـەرەو ئەسـتەنبوڵ یـان حەلـەب تێپەڕیـوە. لـەوە دەچێـت دەوڵەتـی عوسـمانی مۆنۆپۆڵـی هەنـدێ لـەو کارانـەی کردبێـت. نمونـەی ئەوانـە بازرگانـی ئاوریشـم و خـوێ و ماسـی وشـککراوە «بەنـدی سـێیەم».
میرەکانـی ئـەردەڵان لـە کۆتایـی سـەدەی هـەژدەوە بەهـۆی سـەرکەوتنی قاجـاری دۆسـتیان لـە ئێرانـدا پێگەیـان لـە دەوڵەتەکـەدا بـۆ ماوەیـەک بەهێـز بـوو. ئـەوە بـووە هـۆکاری بوژاندنـەوەی بازرگانـی و کاری پیشـەیی تیایـدا و دروسـتکردنی قەیسـەری و کۆشـک و تـەلار تیایـدا و گەورەبوونـی پایتەختەکـەی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەهۆی ئەوەی شاری جزیرە ناوچەیەکی بە پیت و بەرەکەت بوو و نزیکبوو لە شاری موسڵ و حەلەب و ڕێگەی بازرگانییەوە و هەروەها ناردنی بەشێکی زۆری مەڕوماڵاتی کوردستان بۆ شام و چیاکانی لوبنان لەوێوە، جموجۆڵی بازرگانی و پیشەیی لە شارەکەدا بوژاندنەوەی بەخۆوە بینی بوو، بەرهەمی پیشەیی لەناو شارەکە و هەندێ گوندی دەوروپشتی پەرەی سەندبوو.
بەرهەمی پیشەیی زیاتر بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی بازاڕی بچوکی ناوخۆ بووە و هەر ناوچەیەک بەپێی تایبەتمەندی خۆی بەرهەمی تیادا هێنراوە. چنینی قوماشی خوری و مووی بزن نمونەی شاڵ لە زۆر شوێنەکاندا هەبووە. بەرهەمهێنانی فەرش و بەڕە و لباد و جاجم نمونەیەکی تری بەرهەمە تایبەتیەکانی ناوچەکانن. لە شارەکاندا بەشێکی زۆر لە ئامرازی بەرهەمهێنانی نمونەی گاسن و داس و چەقۆ و دەستاڕ و بێژنگ بەرهەمهێنراون، بەڵام هەندێکیان هەر لە گوندەکاندا لەلایەن خەڵی ناشارەزاوە بەرهەمهێنراون و بە هەرزان بە مسکێن و جووتیاری هەژار فرۆشراون.
چەخماخسازیی، کە بە دروستکردنی چەک و ئامرازی شەڕ هەستاون لە زۆربەی شارەکانی میرنشینەکاندا هەبوون. بەهۆی ململانێ و گرژی نێوان میرنشینەکان و پێداویستیان بە چەک و خواستی خێڵەکیەکان لەسەر چەک ئەم بەرهەمهێنانە هەتا رادەیەک و لە هەندێکاتدا گەشەکردنی بەخۆوە بینیوە «٨٥ ل٣٠\٧٢\٥٨ ل٢٨٥».
باجەکانی ناو شارەکان لەسەر پیشەیی و بازرگانەکان هەمیسانەوە هاوچەشنی ناوچەکانی تری دەوڵەتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. ئەوەی جیاوازی گرنگی لە نێوان ناوچەی میرنشینەکان و شوێنەکانی تری دروستکردووە، دابەشبوونی وڵاتەکە بووە بەسەر چەندین میرنشین و ناوچەی نیمچە سەربەخۆی بچوکدا. هەر یەکێ لەوانە خۆی بە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ داناوە و سنووری خۆی هەبووە و باجی لە بازرگان و ڕەوەندەکان سەندووە، کە بەناوچەکانیاندا تێپەڕبوون. سەرەڕای باج ئەوانە سەرانە و بەرتیلیشیان لێ سەندراوە. بێگومان ئەمانە کۆسپێکی گەورە بوون لەبەردەم گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆ و دەستکەوتنی کەرەسەی خاوی پێویست و بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخیان و زەحمەت بوونی ساغکردنەوەیان و قازانجی کەم بۆ بەرهەمهێنەر و بازرگانەکان کە وایکردووە نەبنە خاوەن کەپیتاڵی پێویست بۆ گەشەپێکردنی کاروباری ئابوریان «٩٨ ل١١٨».
بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەروبوومانەی هەناردەی دەرەوەی کوردستان کراون بریتی بوون لە مەڕومالات، خوری، پێستە، میوەی وشککراوە، هەنگوین، گوێز،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بادام، بەڕوو، کەتیرە، رۆن، پەنیر و دۆشاوی تریێ. ئەو کەلوپەلانەی هاوردەکراون بۆ وڵاتەکە بریتی بوون لە شەکر، قوماشی ئاوریشم، چا، قاوە، قوماشی لۆکە و ئاوریشمی نایاب و چەک. زۆربەی ئەو کەلوپەلانەی هاوردەکراون لە شارەکاندا ساغکراونەتەوە و بۆ دابینکردنی وەجاخزادە بووە. رەعیەت و بەتایبەتی مسکێنەکان زۆرکەم توانای کڕینی ئەو بەروبوومانەیان هەبووە «۷۷ ل۲۰».

بەشی هەرە زۆری ئاڵوگۆڕی بازرگانی و باجدان عەینی بووە. بە گۆڕینەوەی بەرهەم، یان دانی باج بە بەرهەم. هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەرهەمهێنان کەمبووە و لە پێناوی دابینکردنی پێویستی خۆ بووە. هۆکارێکی تر بەکارهێنانی دراوی جیاواز بووە. زۆرجار ئەگەر بۆیان رەخسابێت میرنشینەکان سکەی تایبەتی خۆیان لێداوە و دراوی تایبەتی خۆیان هەبووە، کە لەدەرەوەی سنووری ناوچەکەیاندا بەکار نەهاتووە. بەهۆی بازاڕی داخراو و سنورداری کوردستان و خاوی ئاڵوگۆڕی بازرگانی تیایدا بەکارهێنانی دراو بە شوێیەکی فراوان لەچاو زۆر شوێنی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتە دواوە. کەمی بەکارهێنانی دراو لە وڵاتەکەدا بووە کۆسپێکی تر لە رێگەی بوژاندنەوەی بازرگانی و زیادبوونی بەرهەمهێنان تیایدا «۸۵ ل۶۰».

هەناردەکردنی بەروبووی کشتوکاڵی کێشە قورس نمونەی دەغڵودان بە هۆی سەختی رێگەوبان و خراپی ئامرازی گواستنەوە زەحمەت و گران بووە و هەقی خۆی دەرنەکردۆتەوە. بەڵام لەو ساڵانەدا کە لە هەندێ ناوچەی دەرەوەی کوردستان بەرهەم کەمبووە، یاننەخۆشی کشتوکاڵی بڵاوبۆتەوە، بەهۆی بەرزبوونی نرخی ئەو بەروبوومانەو قازانجکردن تیایدا هەنارده کراون، بەڵام لە ۲۰–۳۰ میل بەولاوە نەیانتوانیوە ئەوانە بگوێزنەوە. ئامرازی گواستنەوە ئێستر و گوێدرێژ بووە، هەتا کۆتایی ساڵەکانی ۱۸۰۰ لە کوردستاندا عەرەبانە بەکار نەهاتووە و ئەوساش زیاتر لە شارە گەورە و دەشتاییەکاندا بووە «۳۰ ل۲۸».

رێگەوبان ترسناک و ناسەقامگیر بووە، لە ترسی جەردە و چەتە و هەندێ خێڵی تاڵانکەر، کاروانی بچوک نەیانوێراوە بەزۆر شوێندا تێپەربن. بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ناوچەکاندا پێویستی بە کاروانی گەورە و کاروانچی شارەزا و چەکدار هەبووە و زۆرجارناچار بوون بەرتیل بە هەندێ خێڵی ناوچەکە بدەن بۆ ئەوەی پارێزگاری کاروانەکانیان بکات.

بێجگەلە لە هەندێ ناوچەی کەم، کە دەریاچەی بچوکیان تیادا بووە یان نزیک بوون لە رووباری گەورەوە بە قەیاغ کەلوپەل گوازراوەتەوە، زۆربەی شوێنەکانی کوردستان رێگەی ئاوی گونجاوی تێدا نەبوو، کە بە کاربهێنرێن بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گواستنەوە و بارهەڵگرتن.
هیچ ڕێگەیەکی بازرگانی ئەوتووە نەبووە، کە ناوچەکان و میرنشینەکانی کوردستان لە باکورەوە بۆ باشور یان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا پێکەوە گرێ بدات و ڕێگە خۆشکات بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گەشەکردنی بەروبوومی خۆماڵی تیایاندا. بە پێچەوانەوە شارە بازرگانییەکان و ڕێگە بازرگانیەکانی کوردستان زیاتر بەستراو بوون بە ناوچەی دەرەکی نمونەی ئەستەنبوڵ و حەلەب و تارانەوە «٨٥ ل٦٠».
سروشت و سترەکتۆری چینوتوێژ و پێکهاتەکانی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی هاوچەشنی شوێنەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، بەڵام لەهەمانکاتدا هەندێ خاسڵەتی تایبەتی خۆیان هەبوو. بەهۆی بچوکی میرنشین و شارەکانی کوردستانەوە، چری دەستەبژێری دەسەڵاتی فیوداڵی خێڵەکی کورد و کۆنترۆڵیان بەسەر شارەکاندا زیاتر بووە. ئەمە وایکردووە بە ئاسانی بتوانن لغاوی بازرگانەکان بکەن و بەرهەمهێنانی پیشەیی قوفڵداوتر و داخراوتر بکەن و لەهەمانکاتدا هەندێ توێژیان بتوان تەواو قۆرخی ئاڵگۆڕی بازرگانی و بازاڕەکان بکەن و کەم شت بە بێ ئاگاداری و شەڕیکایەتی ئەوان بکرێت. دەستەبژێری دەسەڵاتدارانی کوردستان فیوداڵی خێڵەکی لە نێوان خۆیاندا بە خۆشی و ناخۆشی تەنها ناوچە و زەویوزاری کشتوکاڵیەکانی کوردستانیان لە یەک دانەبڕی بوو و لە نێوان خۆیاندا دابەشیان نەکردبوو، بەڵکو هەریەکە لای خۆیەوە و لە ناوچەکەی خۆیدا بێجگەلە سەپاندی باج و جزییە و گومرگی قورس بەسەر خاوەن پیشەو بازرگانەکاندا، دەستی گرت بوو بەسەر بەرهەمهێنانی پیشەیی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی ناوخۆ و نێوان ناوچەکانی کوردستاندا.
ڕەنگە ئەوەی بەتەواوەتی لە توانایان نەبووبێت کۆنترۆڵی بکەن ڕێگا بازرگانییە گەورەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ناچەکانی کوردستان و ناوچەکانی تری دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووبێت. توێژێکی گرنگی ئەو بازرگانانەی کوردستان کە ئەو کارە بازرگانیانییانەیان کردووە، بازرگانەکانی پێکهاتە نا موسڵمانەکانی کوردستان بوون، نمونەی ئەوانە ئەرمەن و جوو و سریانی و ئاشوری و کلدانیەکان بوون. کاروباری ئەمانە لە نێوان ناوچەکان و بازرگانە بچوکەکانی شارەکانی کوردستان و ئەو ناوچانەی تردا بووە کە لەژێردەسەڵاتی میرنشینەکاندا نەبوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆسپیان بۆ دانراوە و بە ئاسابی کاروباریان بەرێوە نەچووە. سەرەڕای بواری بازرگانی بەشێک لەوانە خەڵکانی شارەزای پیشەیی بوون و هەر لە کۆنەوە ڕۆڵیان هەبووە لەو بوارانەدا. ئەمانە سەرەڕای باج و گومرگ، جزییەشیان لێ سەندراوە «٧٧ ل٢٠\٨٥ ل٦٠، ٥٧».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەندی دووەمی ئەم كتێبەدا، یەكێ لە هۆكارە گرنگەكان بۆ بەهێزبوونی شارە بازرگانیەكانی رۆژئاوای ئەوروپامان بۆ لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی پاشا لەو شارانەداگەڕاندەوە. راستە لەو سەدانەدا لە میرنشینەكانی كوردستاندا دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی ئێران و عوسمانی لاواز بوون و هەتا رادەیەكی زۆر شارەكانی سەبەخۆیی خۆیان پاراست بوو لەو وڵاتانە، بەڵام بە پێچەوانەی شارەكانی ئەوروپا كە فیوداڵەكان تیایدا لاواز بوون و ئەو شارانە هێندە لایان گرنگ نەبوو، ئەو شارانەی كوردستان جێگای نیشتەجێبوون و دەسەڵات و حوكمرانی توێژەكانی فیوداڵی خێڵەكی كورد بوو. لەو شارانەی ئەوروپای رۆژئاوا، بازرگانەكان هەتا رادەیەك ئازادبوون و توانای جرتوفرتی كاروباری بازرگانیان هەبوو، بەڵام لە شارەكانی كوردستان ئەو ئازادی و دەرفەتی جرتوفرتەیان نەبوو و لەلایەندەستەبژێری دەسەڵاتدارەوە لغاوكرابوون.

هەر لەو بەندەدا باسی رۆڵی گرنگی ڤایكینگاكانمان كرد لە بوژاندبەوەی بازرگانی نێوان شارە بازرگانیەكاندا. هەرچەندە ئەوانە لەسەرەتادا بازرگان نەبوون و خەریكی جەردەیی و چەتەیی بوون و شارو كڵێسە دەوڵەمەندەكانیكەنار دەریاكانیان تاڵان دەكرد، بەڵام دواتر كەبوونە خاوەن سامان چەندین شاری بازرگانییان پێكەوە بەستەوە و رۆڵیان بینی لە كاروباری بازرگانی نێواندیاندا. هەرچەندە كوردستان نەكوتبووە سەر دەریا، بەڵام خێڵە رەوەندەكان بەهۆی پێكەوتەی ستراتیژی وڵاتەكەو هاتوچۆی بەردەوامیانەوە رۆڵی گرنگیان هەبوو لە بازرگانی و كاروانچێتیدا.

رەوەند خاوەنی ئاژەڵ و بەروبومی ئاژەڵ بوون. نمونەی ئەوانە مەڕومااڵت و ئێستر و ئەسپ و خوری و مووی بزن و پێستە و كەرە و رۆن و پەنیر. لە بەرامبەردا پێویستیان بە بەروبوومی كشتوكاڵی و جۆ بووە بۆ ئاژەڵەكانیان و هەروها پێویستیان بە چەك و پێویستی تری ناو ماڵ بووە. ئەمە وایكردووە، كە لە كاتی تێپەربوونیان بە شار و لادێكاندا بەرهەمەكانی خۆیان بە بەرهەمەكانی ئەوانی تر گۆڕیوەتەوە. هەندێ لەو رەوەندانەی كە لە ناوچەی فراواندا گەرمیان و كوێستان یان كاروانچێتیان كردووە لە پاڵەوە شتومەكیان لە هەندێ شوێندا كڕیوە و لە شوێنی تر ساغیان كردۆتەوە. ساڵانە هەزارەها سەرە مەڕ و بزن، پێستە و خوری و رۆن و كەورە و پەنیر هەناردەكروان بۆ ئێران و شام و ئەنادۆل. لە گەڕانەوەیاندا كەلوپەلی وەكو سابوون و قوماشی ئاوریشم و لۆكە و شتومەكی تریان لەگەڵ خۆیان هاورد كردووە «**٩٨ ل١١٣\٨٥ ل٥٥**».

بەشێك لەو خێڵانە هەر بەشێوەی ڤایكینگەكا هەتا بۆیان كرابێت، بەتایبەتی لە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتی شەڕ و ئاژاوە و ناسەقامگیریدا تاڵانییان کردووە، بەڵام لەکاتی سەقامگیری و بەهێزی میرنشینەکاندا، زیاترئاڵوگۆڕی بازرگانییان کردووە.
تاکە پێکهاتە و چینوتوێژی کۆمەڵایەتی کوردستان، کە لە نێوان ساڵەکانی ١٥٠٠-١٨٠٠ توانایان بووبێ بە خۆشی و ناخۆشی یان بە ئاشکرا و بە دزیوە سنورەکانی میرنشی و خێڵە نیشتەجێبووەکان و دوو دەوڵەتە بشکێنن و ملی بۆ کەچ نەکەن خێڵە رەوەندەکان بوون. ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە قاچاغ لە کوردستاندا رۆڵی گرنگی هەبووە. قاچاغچێتی لەم وڵاتەدا مێژوو و هۆکاری خۆی هەیە و بۆ ئەو سەردەمانەدەگەڕێتەوە. هەڵبەتە هەر وەکو ئێستا بە پلەی یەکەم بۆ دابەشبوونی وڵاتەکە بەسەر دوو دەوڵەت و چەندین میرنشینداگەڕاوەتەوە، کە سنورەکانیان و باج و سەرانەکانیان رێگربوون لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئازاد لە نێوان ناوچەکاندا. رەوەند سەرەڕای ئەوەی خەڵکی شارەزابوون لە ئاژەڵ بەخێوکردن و بەرهەمی ئاژەڵ، جەنگاوەرو کاروانچی شارەزابوون و شارەزاییان لە پێداویستی ناوچەکان و ئاڵوگۆڕکردنەوە لەگەڵیاندا پەیداکردووە. رەنگە بەبوونی شاری بازرگانی نیمچە ئازاد و فاکتەری تر ئەمانە بە شێوەی ڤایکینگەکان بیانتوانیایە رۆڵی گرنگ لە بوژندنەوەی بازرگانی و گەشەکردنی شاری بازرگانیدابببینن.
راستە کوردستان نەبەسترا بوو بە دەریای گەورەوە و رووباری گەورەی پێدا تێپەرنەبوو، بەڵام داکەوتەی ستراتیژی وڵاتەکە، کە زۆربەی وڵات و میللەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێکەوە گرێ دەدا، لە رێگەی گرتنی رێبازێکی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتردا دەیتوانی رۆڵی بازرگانی و ئابوری گرنگ لە ناوچەکەدا ببینێت. ئاسانکاریکردن بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ناوچەکانی ناوخۆی وڵاتەکە و هەناردەکردنی بەروبوومی ناوخۆ بۆ وڵاتەکانی دەوروپشت و بوونی رێگەی بازرگانی سەقامگیر لە وڵاتەکەدا، دەکرا ببێتە دەروازەیەکی بازرگانی باش بۆ بەستنەوەی هەموو ناوچەکە پێکەوە.
لە ئینگلتەرا لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا هەناردەکردنی خوری وڵاتەکە بۆ فلاندرن و فلۆرێنس یارمەتی زیادبوونی جموجۆڵی بازرگانی لە وڵاتەکەدا، دواتریش دەستپێکردنی پیشەسازیی سەرەتایی چنینی خوری لە وڵاتەکەدا بووە بنەمایەک و بناغەیەک بۆ گەشەکردنی بازرگانی و پیشەسازی و چاکسازی سیاسی و دواتر شۆڕشی پیشەسازی لە وڵاتەکەدا پێش هەموو وڵاتانی جیهان. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کوردستان دەوڵەمەنترین ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو لە ئاژەڵ بەخێوکردنی بەرهەمی خوریدا ئەو دەرفەتەی تیادا دروست نەبوو.
بەهۆی ئەم فاکتەر و خاسڵەتە تایبەتیانەوە لە کوردستاندا، کەمتر لە زۆر ناوچەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدەرفەتی گەشەکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی دروستبوونی شاری بازرگانی بەهێز هەبوو، کە لەو ڕێگەیەوە چینوتوێژی نوێ تیایدا دروست ببێت و بنەماکانی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی لاوازبکات و ڕێگە بۆ گەشەکردنی پیشەسازی سەرەتاییخۆشکات. ئەنجوومەنێک یان شورایەک لە وڵاتەکەدا نەبوو کە ئەمانە لە ڕێگەوەوە بتوانن بەشداری بکەن لە بڕیاراندا. سەرەڕای ئەوە بەهۆی ئەوەی وڵاتەکە بەسەر دوو دەوڵەتدادابەشبوو و لەهەمانکاتدا لەناو خۆیدا بەسەر چەندین میرنشینی بچوکی دژ بەیەکدابەشبوون، هێندە ئەو پرۆسانە زەحمەتر و دژوارتر بوو. بۆیەکە خۆبەخۆ بەرپابوونی شۆڕشی سیاسی و پیشەسازی لە کوردستاندا لە زۆر شوێنی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زەحمەتر بوو.

## بۆچی كوردستان وەكو پێویست سوودی لە بڵاوبوونەوەی كەپیتالیزم وەرنەگرت؟
**١٨٠٠–١٩٢٥**

لەم بەندەدا باسی ئەوەمانکرد، کە بە هۆی خاسڵەتەکانی فیوداڵی خێڵەکی کوردەوە لە وڵاتەکەدا زەمینەی لەبار دروست نەبوو بۆ خۆبەخۆ بەرپابوونی شۆڕشی سیاسی و یاسایی و پیشەسازی. هەروەها بەهۆی خاسڵەتە تایبەتەکانی ئەو سیستمە لە وڵاتەکەدا و تایبەتمەنداری کۆمەڵگەکە دەوڵەتێکی فیوداڵی خێڵەکی سەرانسەری دروست نەبوو، کە هەموو وڵاتەکە پێکەوە گرێ بدات.
هەر وەک چۆن لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا گۆڕانکاری گەورە لە جیهاندا روویداو بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری گوڕی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەنگاو بەهەنگاو ناوچەکەی بەستەوە بە سیستمە نوێکەوەو کاردانەوی هەبوو لەسەر بنەمای سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی تیایاندا، بە هەمان شێوە ئەو گۆڕانکاریانە رووبەڕووی کوردستانیش بۆوە.
ئەگەرچی کوردستان وەکو پێویست نەیتوانی سوود لە بڵاوبوونەوە و گۆڕانکارییە گەورەکان وەرگرێت بۆ بونیادنانی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر، کە لەژێر سایەیدا سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری بۆ وڵاتەکە زامن بکات و ببێتە ئەکتەرێکی بەهێز لە سیستمی سەرمایەداری جیهان و ناوچەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەدەی نۆزدە و بیستدا گۆڕانکاری مەزن بەسەر وڵاتەکەداهات، کە بە درێژایی مێژووی هەزاران ساڵەی بەخۆیەوە نەبینی بوو. تێکشکاندنی بنەماکانی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی لەو دوو سەدەیەدا دەسکەوتێکی

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرنگ بوو بۆ ئەم وڵاتەو ڕێگەی بۆ گۆڕانکاری گەورە لە پاشەڕۆژداکردەوە. لەو ماوەیدا بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ زیادیکرد و فرە چەشنتر بوو، وڵاتەکە کرایەوە و بوژاندنەوەی بازرگانی تێکەوت و بەسترا بە بازاڕێکی گەورەترەوە. بەرهەمهێنانی پیشەیی خێڵەکی قوفڵدراو گۆڕانکاری بەسەرداهات و گەورەتر و کراوەتر بوو. لەگەڵ ئەو هەموو قەیران و برسێتی و شەڕی ناوخۆ و دەرەکیەدا ژمارەی دانیشتوان هەر وەکو شوێنەکانی تر دوو هێندەی لێهات. خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و ماڵ و حاڵی خەڵک گۆڕانکاری گەورەی بەسەرهات. نەخۆشی کوشندە و پەتا کەمیکرد و داوودەرمان و چارەسەری نوێ بۆ نەهێشتنی نەخۆشی زیادیکرد. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا رەنگە لە هەزار کەس یەکێ خوێنەواری هەبووبێت و لە حوجرە و تەکێ بەولاوە مەڵبەنی تری خوێندەواری نەبوو، لە سەرەتای سەدەی بیست و دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە گۆڕانکاری گەورە بەسەر ئەوانەداهات.

بۆ یەکەمجار خاڵ و بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان خەڵی کوردستاندا دروست بوو و هەستی هاونیشتمانی بوون و پێویستی هەمانگیری و هاریکاری لە نێوان ناوچەکانی وڵاتەکەدا دەستی پێکرد. لە سەروو هەموو ئەوانەوە دەروازەیەکی گەورە بۆ وڵاتەکە کرایەوە، کە لە پاشەڕۆژدا گۆڕانکاری گەورەتر تیادا رووبدات.

هەڵبەتە هەتا ئێستا ململانێی نێوان پاشماوەکانی مێژووی کۆنی کۆمەڵگە و پاشکۆیەتی و دابەشبوون و ژێردەستی لە لایەکەوە و سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری و سیاسی بەرفراوانتر هەر بەردەوامە، بەڵام بێ ئەو گۆڕانکاریە مەزنانەی لەسەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا روویدا رەنگە هێشتا دەرفەتی هەنگاونان بۆ دوارۆژێکی رووناکتر زۆر دورتر بوایە لە ئێستا.

ئەو گۆڕانکارییە گەورانە و کاردانەوەکانی لە سەرەتایسەدەی نۆزدەدا دەستی پێکرد، دەکرێ لە کوردستاندا لە سێ بواردا باسبکرێت. یەکەمیان گۆڕانکاری لە خودی کۆمەڵگەی کوردستاندا. دووەمیان کاردانەوەی چاکسازی و شکستهێنانی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر وڵاتەکە و سێیەمیان کاردانەوەی پلەداری سەرمایەداری جیهان لەسەر کۆمەڵگەکە.

## شکستهێنان و داڕمانی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی کوردی ١٨٠٠–١٨٥٠

میرنشینەکانی کوردستان بەتایبەتی دوای لەناوچونیان بوونەتە سیمبۆلی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی کوردستان. هەر وەکو چۆن فیودالیزم بەشێکە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووی ئەوروپا، دەوڵەتە فیوداڵیە خێڵەکیەکانی خولەفای راشدین هەتا دەگاتە دەوڵەتی عوسمانی و قاجار بەشێکن لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هەمان شێوە مێژووی میرنشینەکانی کوردستان بەشێکی گرنگە لە مێژووی سەدان ساڵەی وڵاتەکە. هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی ئەوانە دەبێت بخرێتە چوارچێوەی ئەو سەردەمە مێژوویەی کە تێدا بووە. بۆیە لێرەدا کە باسی مێژووی ئەو میرنشینانانە دەکەین تەنها لە روانگەی خاسڵەتەکانیان و کاردانەوەیانە لەسەر رێرەوی گۆڕانکاری و گەشەکردنی ئەوساو دواتری وڵاتەکە نەکو هەوڵدان بێت بۆ سووککردن و سەرزەنیشتیکردنی ئەو میرنشینانە.

میرنشینەکانی کوردستان کە سیستمێکی فیوداڵی خێڵەکیان هەبوو، هەلومەرجی پێویستیان تێدا نەبوو بۆ سەربەخۆیی و یەکخستنی کوردستان و بونیادنانی دەوڵەتێکی بەهێز تیایدا، کە سەرانسەری وڵاتەکە پێکەوە ببەستێتەوە. سەرەڕای ئەوە رێگربوون لە گەشەکردنی ئابوری و سیاسی وڵاتەکەو بونیادنانیسیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر تیایدا.

لەسەدەی هەژدەدا هەر وەکو شوێنەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو سیستمە لە کوردستانیشدا کە خۆی لە میرنشینەکاندا دەبینیەوە سەرەڕای ئەوەی وڵاتەکەی لەناو خۆیدا دابەشکردبوو بەسەر چەندین ناوچەی لەیەک داپچڕاو و بووبونە پاشکۆی دەوڵەتەکانی ناوچەکە، بەهۆی قەیرانی سیاسی و ئابوری و ناسەقامگیری و ململانێی ناوخۆیاندا تەواو شکستیان هێنا بوو «٧٧ ل٤٧».

لە سەدەی هەژدەدا خێڵە زەندییە کوردەکانی دراوسێیی ئەردەڵان و بابان دۆست و هاوپەیمانی دەوڵەتی ئەفشاری ئەوسای ئێران بوون. لە ناوەڕاستی نیوەی دووەمی سەدەکەدا بەهۆی لاوازبوون و شکستهێنانی خێڵەکانی ئەفشارەوە، زیندیەکان بە ناوی دەوڵەتی زیندیەوە بەردەوامیاندا بە دەسەڵاتی فیوداڵی خێڵەکی و دەستیان گرت بەسەر ئێراندا. زیندیەکان هەروەکو بابان هەمیشە لە دوژمنایەتیدا بوون لەگەڵ ئەردەڵان، بۆیە ئەو دووانە لەو ساڵانەدا هاریکاریان کرد و بە پشتگیری دەوڵەتی عوسمانی، میرنشینی ئەردەڵان بۆ ماوەیەک کەوتە ژێر دەسەڵاتی بابانەکان و بوو بە بەشێک لە دەوڵەتی عوسمانی. لە کۆتاییدا دەوڵەتی زەندی شکستی هێناو بەدەستی قاجار لەناو چوو. لەبەرئەوەی لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئەردەڵان دۆستی سەرکردەکانی خێڵیقاجار بوون و پاڵپشتیان کردن لە کۆنترۆڵکردنی ئێران و دامەزراندی دەوڵەتی قاجاردا ، بە سەرکەونی قاجار هەمیسانەوە بنەماڵەی ئەردەڵان دەستیان بە میرنشینەکەدا گرتەوە و بابانەکانیان لەو ناوە دەرپەڕاند. ئەم رووداوانە خێڵەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زەنـد و میرنشـینی ئـەردەڵان و بابانـی لاوازکـرد و زیاتـر لـە جـاران خسـتنیە ژێـر ڕەحمەتـی دوو دەوڵەتەکـەوە «**٩٦ ل١١٩\٧٧ ل٣٣**».

بێجگەلـە دوژمنایەتـی بابان لەگەڵ میرنشـینە دراوسـێیەکانی، ململانێی ناوخـۆی بنەماڵەی بابـان فاکتەرێکـی سـەرەکی بـوو بـۆ لاوازبوونـی میرنشـینەکە. ئـەو بنەماڵەیـە لـە نـاو خۆیانـدا دابـەش بـوون بەسـەر سـێ باڵـدا. بەهـۆی گـرژی نێوانیانـەوە بەشـێکیان هاریـکاری دەوڵەتـی ئێرانـی دەکرد، بەشـێکی تریـان چوبووە پاڵ دەوڵەتی عوسـمانیەوە و بەشـی سـێیەمیان بـە جـۆرە هەماهەنگیـەک لەگـەڵ والـی بەغـدا دەیانویسـت نیمچـە سـەربەخۆییەک بـۆ میرنشـینەکە دابیـن بـکات. بەپێـی چۆنیەتـی دەسـتێوەردانی دەرەکی و بەلانسـی هێـزەکان هەرجـارەی یەکـێ لـەو باڵانـە حوکومڕانـی میرنشـینەکەیان دەکـرد. بەهـۆی ئەمانـەوە تـەواو سـەربەخۆیی سیاسـی و ئابوریـان لەدەسـت چووبـوو، ناوچەکەیـان کاول و هەژارکردبـوو «**٨٥ ل١٩٥، ٢٣٨**».

میرنشـینی هـەکاری کەوتبـووە سـنووری نیـوان دەوڵەتـی عوسـمانی و ئێرانـەوە، کـە ئەمـڕۆ دەکەوێتـە سـنووری ئێـران، تورکیا وعێـراق. سـەرکردەکانیان ڕەچەڵەکـی خۆیان دەگەڕانـدەوە بـۆ عەباسـییە قوڕەیشـییەکان. بەشـی هـەرە زۆری خەڵکەکـەی مسـکێنی ناخێڵەکـی کـورد بـوون و لـە پاڵیانـدا ژمارەیـەک زۆر ئاسـوری خەڵکـی ناوچەکـە بوون. ئەوانـە بێجگەلـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی بەشـێکیان بـە کاری پیشـەیی و بازرگانیـەوە خەریـک بـوون.

دەسـەڵاتدارانی میرنشـینەکە لـە دوو بنەماڵـە پێکهاتبـوون کـە هەمیشـە لەناوخۆیـان دا ناکـۆک بـوون. میرنشـینەکەیان لـە ناوخۆیـان دا دابـەش کـرد بـوو. جـاری واهەبـوو لەگـەڵ یـەک ڕێـک دەکەوتـن و زۆربـەی کاتیـش دەکەوتنـە دوژمنایەتیکردنـی یـەک و هـەر یەکەیـان دژی ئەویتریـان خۆیـان دەدایـە پاڵ یەکێ لـە دەوڵەتەکانـەوە «**٨٥ ل٢٦٣**».

جەمشـکەزەک میرنشـینێکی تـر بـوو لە ناوچەکانی دەرسـیم. سـەرۆکەکانی میرنشـینەکە زۆر دەوڵەمەنـد بـوون و چەندیـن خێڵـی بچـوک لەژێـر دەسـەڵاتیاندا بـوو. خاوەنـی **٣٢** قـەڵا بـوون، کـە تیایانـدا سـەرکردە خۆجیەکانیـان خۆیـان حەشـاردەداو کۆنترۆڵـی ناوچەکـەو مسـکێنەکانیان دەکـرد.

بنەماڵـەی دەسـەڵاتدار لـە سـێ بـرای بەهێـز پێکهاتبـوون کـە هیچیـان ملیـان بـۆ ئـەوی تریانکـەچ نەدەکـرد. لەبەرئـەوەی خۆیـان نەیانتوانـی چارەسـەری گرفتەکانـی نێوانیـان بکـەن پەنایـان بـرد بـۆ سـوڵتان بـۆ ئـەوەی چارێکیـان بـۆ بدۆزێتەوە. سـوڵتان میرنشـینەکەی پـێ هەڵوەشـاندنەوە و کـردی بـە سـێ بەشـەوە و هـەر یەکـێ لـەو برایانـەی کـرد بـە خاوەنـی یەکـێ لـەو ناوچانـە. بـەوە میرنشـینەکە هەڵوەشـایەوەو هەریەکەیـان لای خۆیـەوە بوونـە دۆسـت و خولامـی سـوڵتانی عوسـمانی «**٧٧ ل٤٥\٨٥**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ل٢٦٩، ١٦٦، ١٧٦».

هەمـوو ئەمانـە نمونـەن لەسـەر شکسـتهێنانی سیسـتمی فیودالّـی خێلایەتـی کـوردی و لاوازبوونـی، لـە هەمانکاتـدا بەهـۆی شکسـتهێنانی دەولّەتـە فیودالیـە خێلایەتەکانـی رۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت لـە کۆتایـی سـەدەی هـەژدەدا، بـە پەیدابوونـی فاکتـەری نـوێ بـەرەو دارمـان ملیـان دەنـا.

وەکـو چـۆن گەشـەکردنی ئابـوری ئەوروپـا و شـەڕەکانی ناپلیـون و بەهێزبونـی هێـز و تەکنیکـی سـەربازی ئـەو ولاتانـە و بلاوبوونـەوەی سـەرمایەداری جیهانـی بـۆ ناوچەکـە دەولّەتـی عوسـمانی و ئێرانـی راچلّەکانـد و خسـتنیە پەلەقاژێـەوە بـۆ چاکسـازی لـە پێنـاوی مانـەوەی خۆیانـدا، بـە هەمـان شـێوە ئەوانـە کاردانەویـان هەبـوو لەسـەر میرنشـینەکانی کوردسـتانیش.

سـەرەڕای ئەوانـە چاکسـازیەکانی دەولّەتـی عوسـمانی و ئێـران و میسـر لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزدەوە، کـە لەبەنـدی پێنجەمـدا باسـکرا، کاردانـەوەی هەبـوو لەسـەر هەولّەکانـی میرنشـینەکان بـۆ خـۆ بەهێزکـردن و مانـەوە. لـە کاتێکـدا چاکسـازییەکانی دەولّەتـی عوسـمانی و ئێـران لـە پێنـاوی بەهێزکردنـی خـۆ و بۆربۆرێـن کردنـدا بـوو لەگـەلّ ئەوروپـاو هەولّدانێـک بـوو بـۆ گەیشـتن بـە ئاسـتی گەشـەکردنی ئـەوان . لـە کاتێکـدا چاکسـازییەکانی مەمالیکەکانـی میسـر لـە پێنـاوی خـۆ بەهێزکـردن و زیاتـر پچڕینـی سـەربەخۆیی بـوو لـە دەولّەتـی عوسـمانی، چاکسـازییەکانی میرنشـینەکانی کوردسـتان لـەوان جیاوازتـر بـوو.

ئـەوەی میرنشـینەکان هەولّیـان بـۆدا بـە پلـەی یەکـەم خـۆ بەهێزکـردن بـوو لەسـەر حیسـابی میرنشـینە دراوسـیەکانیان نەکـو هاریـکاری و هەماهەنگـی لەگـەلّ یەکـدا بـۆ بونیادنانـی دەولّەتێکـی سـەربەخۆی بەهێـز لـە کوردسـتاندا. بـە پلـەی دووەم هەولّدانـی خـۆ بەهێزکـردن بـوو رووبـەڕووی دەولّەتـی عوسـمانی و ئێـران کـە بـە ئاسـانی بەهـۆی چاکسـازی ئابـوری و سـەربازییەکانیەوە نەتوانـن زیاتـر کۆنترۆلّیـان بکـەن و باجـی زیاتریـان لـێ بسـێنن و توانـای سـەربازیان کەمکەنـەوە.

لەبەرئـەوەی هیـچ هەماهەنگیەک لـە نێوان میرنشـینەکاندا نەبوو بـۆ رووبەڕووبوونەوەی دەولّەتـی عوسـمانی، بەلّکـو زیاتـر هەولّـی خـۆ بەهێزکردنی خۆیان ئەدا لەسـەر حسـابی دراوسـێکانیان، دەبینیـن راپەڕینەکانیـان دژی ئـەو دەولّەتـە لـە یـەک کاتـدا نەبـوو، بەلّکـو تێکشـکاندنی یـەک لـەدوای یەکیـان بەدەسـتی ئـەو دەولّەتانـە ئنجـا ئەوانـی تـری نەخسـتۆتە جوولّـە. بـۆ نمونـە راپەڕینـی بابـان لـە نێـوان سـلّی ١٨٠٠-١٨٢٠دا روویـدا، سـۆران و زازاکان نێـوان سـالّەکانی ١٩٢٠-١٩٣٠، بتلیـس و هەمیسـانەوە بابـان نێـوان سـالّەکانی ١٩٣٠-١٩٤٠، بۆتـان و بادینـان لـە نێـوان سـالّەکانی ١٩٨٤٠-١٨٥٠دا روویـدا. بـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەمانشێوە تێکشکاندیان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانەوە لەهەمانکاتدا نەبووە و هیچ لە میرنشینەکان پاڵپشتی یەکتریان نەکرد.
ئەردەڵان لە سەدەی هەژدەدا لەشکرێکی دە هەزار کەسی هەبوو، کە لە جەنگاوەرەکانی خێڵە کوردەکان و ئەفغانی و ئوزبێک و قزڵباش پێکهات بوو. بەڵام لەسەرەتای ساڵەکانی ١٨٠٠دا بە چاولێکردنی دەوڵەتەکانی ناوچەکە دەستیان کرد بە دروستکردنی لەشکرێکی نیزامی. بۆ نمونە یەکێک لە تیپەکانیان کە لە ٣٠٠ چەکدار پێکهاتبوو ئەفسەرێکی روسی سەرکردایەتی دەکردن. چاکسازی سەربازی ئەو میرنشینە زیاتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی بابان بوو.
بابان دەیانویست سنووری دەسەڵاتیان فراوان کەن بە تایبەتی لەسەر حسابی ئەردەڵان. قاجار و عوسمانی دەیان ویست سوود لەوە وەرگرن دژی یەکتری. بۆیە بابانیش هەر وەکو ئەردەڵان لەسەرەتای سەدەی نۆزدە کەوتنە چاکسازی و بەهێزکردنی هێزی سەربازییان. کێشەی بابان و ئەردەڵان سەرلەنوێ ناکۆکی و گرژێکی زۆری لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا دروستکرد و ئەو ناوچەیە بووە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوانی «٩٨ ل٥٠\٩٦ ل١١٦».
لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا میرنشینی سۆران دوای یەکلاکردنەوەی ململانێی ناوخۆیان پێش هەموو شتێک ویستیان سنورەکانی خۆیان لەسەر حسابی بابان و بادینان و خێڵەکانی دەوروپشت فراوان بکەن و ئنجا رووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی ببنەوە. بۆ ئەو مەبەستە پاشای سۆران ساڵی ١٨١٣کەوتە هەڵپەی خۆ بەهێزکردن لە رووی چاکسازی ئیداری و سەربازیدا. چەند دامودەزگایەکیان دامەزراند بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری میرنشین. نمونەی ئەوە ئەنجوومەنی سەربازی، دانانی چەند زانایەک کە یاسا دابڕێژن، دانانی لیژنەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانی، رێکخستنی سەرچاوەی باج، سکە لێدان. سوپایەکی نوێیان پێکهێنا و کارگەی دروستکردنی تۆپ و دەمانچە و تفەنگ و خەنجەر و باروتیان بونیادنا. هەندێ ناوچەی بابان و بادینانیان داگیرکرد. پەیوەندیان کرد بە میسرەوە بۆ هاریکاریکردن دژی دەوڵەتی عوسمانی.
میرنشینی سۆران زۆر لەوە بچوکتر و لاوازتر بوو، کە بتوانێت بەتەنها لە ناوچەیەکی بچوکدا رۆڵێکی ئەوتۆ ببینێ. ساڵی ١٨٣٧ میرنشینەکە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و ئینگلتەرا بە ئاسانی تێکشکێنرا. دوژمنایەتیکردنی میرنشینەکانی تر، ململانێی ناوخۆی سەرکردە سەربازییەکان، هەڵگەڕانەوەی هەندێ سەرکردەی ئایینی کورد و بانگەوازکردنی فەتوای جیهاد دژیان فاکتەری گرنگ بوون لە ناوچوونیاندا «٩٦ ل١٤٠\٧٧ ل٣٣».

میرنشینی بۆتان لە ناوچەی جزیرە، کە دەکەوێتە نێوان سنورەکانی تورکیا و عێراق و سوریای ئەمڕۆوە، هەر وەک سۆران لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا کەوتنە جوولە بۆ خۆ بەهێزکردن و چاکسازی و فراوانکردنی سنورەکانیان. سەرکردەکانی بۆتان نەیانتوانی لەگەڵ پێکهاتە نەتەوایەتیە ناموسڵمانەکانی ناوچەکە رێکەون و شکستیان هێنا لەوەی خۆیان بەسەریاندا بسەپێنن. سەرۆکەکەیان پەیوەندی بە میسرەوە کرد. کارگەی چەک و باروتیان دروستکرد و هەندێ چاکسازی سیاسی و ئیداریانکرد و سکەی خۆیان لێدا. دواتر ناکۆکی کەوتە نێوان ریزەکانیان و لەگەڵ خێڵە کوردەکانی دەورو پشتدا. ویستیان باجی قورس بەسەر مسکێن و پێکهاتە ناموسڵمانەکەدا بسەپێنن، کە بووە هۆی دروستبوونی گرژی لەگەڵ ئەوانەی دواتردا و بەکارهێنانی توندو تیژی دژیان. ئەم رەفتارانە وایکرد هێزە دەرەکیەکان و بەتایبەتی فەرەنسا، کە وجوودی لە سوریای گەورە هەبوو بکەن بە دوژمنی خۆیان. ساڵی ١٨٤٧ بەدەستی سوپای عوسمانی و هاریکاریکردنی چەندین خێڵی کورد و ناموسڵمانەکانی ناوچەکە تێکشکێنرا. دواتر سەرکردەکانیان بوونە سەرکردەی سەربازی لە سوپای عوسمانیدا «٨٥ ل٧٧\٢٥٦ ل٣٨».

لەبەرئەوەی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ئێران وەکو پێشوو توانای شەڕی یەکتریان نەمابوو، هەردووکیان لەو ساڵانەدا خەریکی چاکسازی سەربازی و ئیداری ناوخۆ بوون و دەیانویست لە شکری نیزامی دروستکەن و چیتر وەکو پێشتر پشت بەهێزی چەکداری خێڵەکی نەبەستن و راستەوخۆ خۆیان باج لە ناوچەکانی کوردستاندا کۆبکەنەوە، کەوتنە هەوڵدانی رێکەوتن لەگەڵ یەکدا. ئەو هەوڵدانە ساڵی ١٨٢٣ بە پەیمانی ئەرزرۆمی یەکەم و دواتر ساڵی ١٨٤٧ پەیمانی ئەرزرۆمی دووەم کۆتاییهات. بەپێی ئەو پەیمانانە گرفتەکانی سنوورەکانی نێوانیان کۆتایی پێهێنا و بڕیاری هاریکاریاندا بۆ لەناوبردنی مرنشینەکان. لەبەرئەوەی سنووری میرنشینەکان و سیستمە قوفڵدراوەکەیان رێگر بوو لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری، ئینگلتەراش چاوپۆشی لەو لەناوبردنە کرد «بەندی پێنجەم».

## پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی دوای دارمانی میرنشینەکان ١٨٥٠-١٩٠٦

میرنشینەکان لەگەڵ هەموو کەموکورییەکیاندا رۆڵکی گرنگیان هەبوو لە حوکمرانی بەشی زۆری کوردستان، کە لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆیاندا بوو، هەروەها کاردانەوەیان هەبوو لەسەر ناوچەکانی تری وڵاتەکەش، کە لەژێر حوکمرانی دوو دەوڵەتەکەدا بوون. بە لەناوچوونی میرنشینەکان بۆشاییەکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی و سەربازی پەیدا بوو، کە پێویستی بە پڕکردنەوە هەبوو. ئەو هێزە دەرەکیانەی ویستیان ئەو بۆشاییە پڕکەنەوە دامودەزگای دەوڵەتەکانی عوسمانی و قاجاربوون، هێزە خۆماڵیەکانیش لە ویستیان ئەو ڕۆڵە ببینن شێخەکانی کوردستان بوون.

پێش کەوتنی میرنشینەکان دەوڵەتەکان ڕاستەوخۆ حوکمرانی کوردستانیان نەکرد بوو، پەیوەندی ئەوتۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەکە نەبوو. کەوتنی میرنشینەکان و دەستپێکردنی حوکمرانی ڕاستەوخۆی ئەو دەوڵەتانە لە کوردستاندا کۆتاییهێنا بە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری فیودالی خێڵەکی کورد و لەهەمانکاتدا خێڵە کوردەکانی لاوازترکرد و ناکۆکی و دوژمنایەتی لە نێوانیاندا زیادیکرد و بەشێکی زۆریان کەوتە هەماهەنگیریکردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا.

هەوڵدانی دەوڵەتەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی لە کوردستاندا لە چەندین ڕوویەکەوە بوو، ئەوە کاردانەوەی خۆیان هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان لەوانە:

- کاربەدەستانی سیاسی و ئابوری و سەربازی کورد گۆڕان بە خەڵکانی بێگانە و خەڵکانی ئەڵقەلەگوێی دەوڵەتەکان.
- جیابوونەوەی ئەو کاربەدەستانە لە کۆمەڵگەو بونیان بە توێژێکی نوێی ئۆروستۆکراتی بەسەر خەڵکی ڕەسەنی وڵاتەکەوە و گردبونەوەیان لە قەڵا و ئۆردوگای سەربازیدا. ئەمە وایکرد کە پێکهاتە و خەڵکی وڵاتەکە بە زۆربەی وەجاخزادەکانیشەوە وەک هاونیشتمانی پلە دوو دابنرێن.
- سەندنی باج کەوتە دەست باجکۆکەرەوەکانی دەوڵەت وریژەو جۆری باجەکان زیادیکرد.
- ناچارکردنی لاوانی وڵاتەکان بۆ خزمەتی سەربازی لە سوپای نیزامی دەوڵەتەکاندا.
- نیشتەجێکردنی ژمارەیەک زۆر لە خێڵە ڕەوەندەکان و سەندنی باجی قورس لێیان و ناچارکردنی جەنگاوەرەکانی بۆ خزمەتی سەبازی لە سوپادا.
- تێکشکاندنی سنووری میرنشینەکان و زیادبوونی سەقامگیری، بەستنەوەی بازاڕی ناوچەکەی بە دەرەوە ئاسانتر کرد و ڕێگەی کردەوە بۆ دەستپێکردنی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری بە شێوەیەکی خێراتر لە جاران.
- دەوڵەتەکان ئاسانتر لە جاران دەیانتوانی ڕاستەوخۆ دەستوەردەنە کاروباری خێڵەکان و لە ڕێگەی بەرتیل و هەڕەشە و پێدانی چەک و سامانەوە بەکاریان بهێنن لە شەڕەکانی ناوخۆ و دەرەکیدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– دەوڵەتەکان لەبەر لاوازیان توانایان نەبوو کۆنترۆڵی وڵاتەکە بکەن. تەنها لە شارە گەورەکاندا دەسەڵاتیان هەبوو ئەگینا لەدەرەوەی ئەو شوێنیانە دەبوایە پەنایان بردایە بەر خێڵ و شێخەکان. «٩٥ل٩٦\٩٥ ل١٧٧»

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی ئایینی لە کوردستاندا کە زیاتر خۆی لە شێخەکاندا دەبینیەوە، هەر لەکۆنەوە رۆڵی گرنگیان هەبوو لە مانەوە و بەردەوامبوونی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی وڵاتەکە، بەڵام هەتا لەناوچوونی میرنشینەکان و تێکشکانی سنووری ناوچەکانیان نەیاندەتوانی بە ئاسانی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەی گەورەدا بسەپێنن. لهەمانکاتدا لەبەرئەوەی پەیرەوی ئایینی شێخایەتی زۆر داخراوبوو و تەنها پشتاوپشت لە چەند سنووری چەند بنەماڵەیەکدا دەمایەوە و دەسەڵاتی شێخی گەورە رەها بوو، زەحمەت بوو ئەو تەریقانە بەشێوەیەکی فراوان پلبدەن. بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا گۆڕانکاری بەسەر ئەمانە هات «٨٥ ل١٠».
شێخەکانیپەیڕەوی قادری لە کوردستاندا لە چەند بنەماڵەیەک پێکهاتبوون. ئەمانە پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە و خۆیان بۆ رەچەڵەکی پێغەمبەردەگەڕێنەوە. هەرچەندە مووریدەکانیان ئاستی زانستی ئایینی و چالاکی و خۆشەویستیان لەناو خەڵکدا بەرزبووایە، ئەگەر لەو خانەوانانە نەبوونایە قەت نەدەبوونە شێخ.
گەورەترین خانەوانەی شێخان لە ژمارە و دەسەڵاتدا، ساداتی بەرزنجە بوون و پێشتر دەسەڵاتیان زیاتر لە سنووری میرنشینی بابان بوو. رکابەری گەورەی ئەمانە لە ناوچەکەدا، کە پەیڕەوی هەمان پەیڕەویان دەکرد شێخەکانی تاڵەبان بوون. مووریدەکانی ئەم خانەوانەیە لە گەرمیان و دەوروبەری کەرکوک و هەندێ ناوچەی کوردستانی رۆژهەڵات بوون. ساداتی نەهری شێخانی پەیڕەوی قادری بوون لە ناوچەکانی هەکاری «٨٥ ل٣٢٨».
لە نێوان ساڵەکانی ١٨٠٠–١٨٥٠ لە کوردستاندا بە خێرایی پەیڕەوی نەقشبەندی پلیداو سنوورێکی دانا بۆ پەیڕەوی قادری و بووە رکابەرێکی گەورە بۆیان. هۆکاری خێرا بەهێزبوون و بڵاوبوونەوەی پەیڕەوی نەقشبەندی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک. بەپێی ئەم پەیڕەوە بەپێچەوانەی پەیڕەوی قادرییەوە ئەو کەسەیدەبوو بە شێخ پێویستی نەدەکرد، کە لە رەچەڵکی پێغەمبەر و ئەسحابەکان بێت، بەڵکو ئەوە لە رێگەی چالاکی ئایینی و پیاوچاکی و شارەزایی لە پەیڕەوکەدا بوو، بۆیە لەو رێگەیەوە ژمارەیەکی زیاتر لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا دەکرا بگەنە ئەو پلە. بە پێچەوانەی پەیڕەوی قادرییەوە موورید و خەلیفەی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێخەکان لە ڕێگەی تەقوا و چاکەوە دەیانتوانی ببنە شێخ. ئەمانە شێخایەتی و تەقوا و ڕۆڵی ئایینی و کۆمەڵایەتی لە سنورێکی داخراوەوە گواستەوە بۆ بازنەیەکی گەورەتر. بە مانایەکی تر ئەم پەیڕەوە و شێخ و موریدەکانی کراوەتر و نزیکتر بوون لە خەڵکی سادەوە و لەناویاندا هەڵقوڵابوون و زیاتر شارەزای گرفت و ئازاریان بوون و زیاتر لە زمانیان دەزانین «**٨٥ ل٣٤٠**».

خانەوانەی شێخەکانی نەهری، کە مەڵبەندی دەسەڵاتیان لە دەوروبەری هەکاری بوو، لە سەرەتادا شێخی قادری بوون و ڕەچەڵەکی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ عەباسییە قورەیشییەکان. ئەم شێخانە دواتر وازیان لە پەیڕەوی قادری هێنا، هەر وەک بارزانییەکان کەوتنە پەیڕەوکردنی پەیڕەوی نەقشبەندی «**٨٥ ل٣٤٥**».

دوای لەناوچوونی میرنشینەکان شێخەکانی کوردستان لەچاو پێشتردا دەسەڵاتی سیاسی و ئابورییان زیادیکرد و ویستیان ئەو بۆشاییە سیاسیە پڕکەنەوە، کە لە وڵاتەکەدا هەبوو. شێخەکانلەبەر چەند هۆکارێک لە هەموو چینوتوێژ و پێکهاتەکانی تری وڵاتەکە بۆ ئەو ئەرکە گونجاوتر بوون لەوانە «**١٩ ل٦٩**»:

- بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینیانەوە سودیان لە چاکسازی دەوڵەتەکان لە موڵکایەتی زەویوزاری کشتوکاڵی وەرگرت. لە ڕێگەی تاپۆ و سەنەدەوە توانیان ببنە خاوەنی زەویوزاری کشتوکاڵی گەورەو و داهات و سامانێکی زۆر لە ڕێگەی موڵکانە و باجسەندن لە مسکێنەکان بۆ خۆیان بپچڕن.
- بەناوی سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی وەقفەوە، بە کردەوە بوونە خاوەنی موڵکەکانی وەقف و داهاتەکانی.
- بەهۆی ڕۆڵی گرنگی ئایینی و ڕۆحیەوە توانایان هەبوو ژمارەیەکی خەڵکی زۆرتر یەکخەن و ڕۆڵی ناوبژیکەر لە نێوان خێڵەکاندا ببینن و جۆرە قەداسەتێکیان هەبێت لای دەسەڵاتداری دەوڵەتەکان.
- داهاتی زۆری دیاری و خێری خەڵکی سادەی وڵاتەکەیان هەبوو.
- بەهۆی زیادبوونی دەسەڵاتی سیاسیان و هاریکاریکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و وەرگرتنی پۆست داهاتی چاکیان بۆ خۆیان دەپچڕی.
- بەناوی خێرەوە دەیانتوانی بێگاری بکەن بە مسکێن و خەڵکی هەژار لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و خزمەتکاری تەکیێ وماڵەکانیان.
- داهاتی نوسینی دوعا و دانی ڕووەک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی لەش و دەروون.
- سەندی باج و گومرگ لە پیشەگەر و بازرگان و کاسپکارانی شارەکان و قۆرخکردن و بەشداریکردن لە بازرگانیدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شێخەکان هەموو وەک یەک بەهێز نەبوون و دەسەڵاتی سیاسی و داهاتی ئابوری باشیان نەبووە. لەبەر لاوازی و بەربەرەکانی ناویان هەندێ لەوانە خۆیان دەخزانە بەر خێڵەکان. بۆ نمونە لە ناوچەی مەهاباد سێ شێخ و سێ تەکێ هەبووە. دوانیان چوونە پەنا دوو خێڵی جیاوازەوە و سێیەمیان لە ڕێگەی پشتگیری خەڵکی شارەوە پێگەی خۆی بەهێز کرد.
نە شێخەکان و نە دەوڵەتەکان وەکو پێویست نەیانتوانی بۆشایی سیاسی و سەربازی و سەقامگیری وڵاتەکە پڕکەنەوە و کۆنترۆڵی وڵاتەکە بکەن. جەردە و چەتە و پیاوکوژ و تاڵانی شار و گوند وماڵی خەڵک ڕووداوێکی ڕۆژانە بوو. ئەگەر هەندێ لە خێڵەکان دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتایە دەکەوتنە تاڵانی و سەرانەسەندن و ئازاردانی بازرگان و کاروانچی و بەرهەمهێنەر و پێکهاتەکانی وڵاتەکە «٩٦ ل١٧٧».
شکستهێنانی شێخەکان لە پڕکردنەوەی تەواوی بۆشایی سیاسی دوای میرنشینەکان و یەکخستنی وڵاتەکە و پچڕینی شێوەیەک لە سەربەخۆیی سیاسی تیایدا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین فاکتەر، بەڵام هەندێکیان گرنگترین و سەرەکی بوون.
بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان بۆ ناوچەکە و شکستهێنانی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زەلیل بوونیان و لەدەستانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابورییان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، شکستهێنانی سیستمی فیوداڵی خێڵیەتی و ئایدۆلۆژی ئایینی ئیسلام بوو. ئەمە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ڕۆڵ و توانای دەسەڵاتی ئایینی لە کوردستاندا و لەلایەن خێڵ و چینوتوێژەکانی کوردستانەوە چاوەڕوانی ئەوەیان لێ نەدەکرا بتوانن قەیرانەکانی وڵاتەکە چارەسەرکەن.
ڕەنگە ئەگەر سێ چوار سەدە لەوەو پێش میرنشینەکانی کوردستان شکستیان بهێنایەوە و سنووری نێوانیان تێکبشکایە، پەیڕەوتێکی ئایینی بەهێز بەشێوەی سەلەفیەکانی عوسمانی و سەفەوییەکان بیانتوانیایە وڵاتەکە یەکخەن و دەوڵەتێکی سەرانسەری بونیاد بنێن، بەڵام لەو زەمینە نوێیەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەتوانین بڵێین ئەوە مەحال بوو.
گرنگترین و بنچینەترین فاکتەر، کە بوو بەهۆکاری ئەوەی دەسەڵاتی شێخەکان نەتوانێ لە بازنەیەکی بچوک بچێتە دەرەوە بریتی بوو لەوەی کە ئەوانە لە ڕێگەی موڵکایەتی زەوی و داهات و سامانێکی زۆرەوە بوونە توێژێکی بەهێز و ئاشکرا لە چینی فیوداڵی موڵکداری وڵاتەکە. ململانێی بنەماڵەی ئایدۆلۆژیشێخەکان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پەیڕەوکانیانلەگەڵ یەکدا تێکەڵاو بوو بە ململانێیان لە پێناوی دەستکەوتی ئابوری زۆرتر و کۆنترۆڵکردنی ناوچەی گەورەتر و پچڕینی زیاتر دەسەڵاتی سیاسی.

هەموو ئەمانە ململانێ و دوژمنایەتی نێوان بنەماڵەی شێخەکان و پەیڕەوکانیان و هەروەها خێڵەکانی زیاتر و دژوارەتر دەکرد و زەحمەت بوو لە بەریەکدا یەک بگرن. بێگومان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا دەستێوەردانی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتە کەپیتالیستەکان لەو ململانانەدا ئەو لەیەک ترازانەی زیاترکرد. رووتاندنەوە و چەوساندنەوەی مسکێن و توێژە کۆمەڵایەتەکانی خوارەوە و پێکهاتە ناموسڵمانەکانی وڵاتەکە، هەروەها قۆرخکردنی بازرگانی و رووتاندنەوەی پیشەگەر و کاسبکارانی ناو شارەکان، ئەو شێخانەی دەخستە بەرەی دژ بە زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکە «٩٨ ل١٢٢\٨٥ ل٢٠٨».

دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری ئێران لاوازی و پچڕپچڕی شێخ و خێڵەکانی کوردستان و ململانێی نێوانیان بۆ سەروەت و سامانی زیاتر و خواستیان بۆ مانەوەی سیستمی فیودالی خێڵەکی بە ئاسانی دەقۆستەوە و سودیان لێوەردەگرت بۆ سەرکوتکردنی راپەڕینی ناوخۆ و بەشداریکردن لە شەڕی دەرەکیدا.

لە شەڕەکانی ساڵەکانی ١٨٧٠ ی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ روسیادا، ژمارەیەکی زۆر لە شێخ و سەرەک خێلی کورد بەشداریانکرد. لەوانەی کە بەشداریان لەو شەڕانەدا کرد شێخەکانی نەهری کوردستانی باکور و شێخاکانی قادری کوردستانی باشوور بوون. بەناوی جیهاد و رۆح شادبوون بە بەهەشت خەڵکێکی زۆریان فریودا و لەو شەڕانەدا بەکوشتیان دان. لە راستیدا هۆکاری سەرەکی ئەو شێخانە لەو شەڕانەدا تاڵانی و دەستکەوتی شەڕ بوو. دەگێڕنەوە ئەوانە بە چەکی کۆنی وەکو خەنجەر و شمشێر و دەمانچەوە روویان کردۆتە بەرەکانی شەڕ، بەڵام لە گەڕانەوەیاندا بە تفەنگی روسی چاک و تاڵانی زۆرەوە گەڕاونەتەوە «٨٥ل١٨٠».

ساڵی ١٨٩١ سوڵتان لە ژمارەیەک خێڵی رەوەند و خێڵی شەڕکەری تری باکوری کوردستان، لەشکرێکی گەورەی بەناوی سوارەی حەمیدییە پێکهێنا. سەرەک خێڵەکان کران بە سەرکردەی تیپەکانی ئەو لەشکرە. لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٢-١٨٩٩ ژمارەی چەکدارانی ئەو سوپایە لە ٤٠ هەزار تێپەری کرد و لە ٦٢ تیپ پێکهاتبوو. خێڵە کوردەکان ئەم کارەی سوڵتانیان لا بەخشندە بوو. ئەو سەرکردانە موچە و چەکی باشیان پێدراو قەولی بەشێک لە تاڵانی شەڕیان پێدراو لە زۆربەی باجەکانی دەوڵەت ئازاد کران.

ئەم لەشکرە رۆڵی جەندرمەیان دەبینی و ئەرکی کۆنترۆڵکردنی ناوچە و خێڵ و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شێخەکانی کوردستانیان لە ئەستۆدا بوو. بەشدارییان لە شەڕەکانی روسیا کرد و دواتر لە نێوان ساڵەکانی ١٨٩٤-١٨٩٦ بەشداریان لە کۆمەڵکوژی و سەرکوتکردنی ئەرمەنیەکان و دەربەدەرکردن و تاڵانی ناوچەکانیانداکرد. ئەمانە نەکو هەر بەشداریانکرد لە کوشتاری ئەرمەنیەکاندا، بەڵکو بەشداریان لە سەرکەوتنی هەموو ناڕازییەک لەناو خەڵکانی کوردستانیشدادەکرد «٩٥ ل٨٥\٩٤ ل٢٧٠».

سوارەی حەمیدییە بوونە پاڵپشتێکی گرنگی سوڵتان و پارێزگاریکردنی سیستمی فیودالی خێڵەکی و خەلافەت. دژی چاکسازی یاسایی و سیاسسی و بزووتنەوەی دەستوری بوون. ساڵی ١٩٠٨ لە پاڵ سوڵتاندا دژی مەجلیس و حکومەتی نوێی لاوانی تورک وەستانەوە.

ساڵی ١٩٠٨ لەلایەن مەجلیس و حکومەتی دەستورییەوە هەڵوەشێنرایەوە. سەرکردە و کوڕەکانیان کران بە ئەفسەر لە سوپای عوسمانیدا و بەشێک لە تیپ و جەنگاوەرەکانیان کرانە سەرباز لەو سوپایەدا. ساڵەکانی ١٣\١٩١٢ لە شەڕەکانی بەڵقان بەشداریانکرد و دواتر لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا. دواتر هەندێکیان پشتگیری کەمالیەکانیان کرد لە دامەزرانی دەوڵەتی تورکیادا و بەشێکیان هەتا کەوتنی سوڵتانلەگەڵ مانەوەی خەلافەت و سیستمی فیودالی خێڵەکیدا بوون.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی سەرەک خێڵ و شێخەکان خەریکی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بوو، هەروەها لەگەڵ مانەوەی سیستمی فیودالی خێڵەکیدا بوون و پستگیری سوڵتان\شایان دەکرد، بەڵام جاری وا هەبووە زوڵمو زۆرداری دەوڵەتەکان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەت لە کوردستاندا و قورسی باج لەسەریان هەندێکیانی ناچار دەکرد رووبەڕووی ئەو دەوڵەتانە ببنەوە «٩٦ ل٧٧».

لە نیوەی دووەمی بزووتنەوەی سەربەخۆیی نەتەوایەتی بەڵقان و هەوڵدانی ئەرمەنییەکان بۆ پچڕینی سەربەخۆیی یان پچڕینی مافە نەتەوایەتییەکانیان و لەهەمانکاتدا زوڵمی کاربەدەستانی توێژێکی ئۆرستۆکرادتی سەربازی و ئیداری ئەو دەوڵەتانە لە کوردستاندا هەتا رادەیەک سۆزی نەتەوایەتی و نیمچە سەربەخۆیی لەناو هەندێ لەو سەرکردانەدا جوڵاند. یەکێ لەوانەی لەو سەردەمەدا راپەڕین شێخەکانی نەهری بوون، کە بە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ناسراوە. شێخەکانی نەهریسەرەڕای رۆڵی ئایینی و رۆحیان، توێژێکی فیودالی مولکدار بوون و لە هەندێ ناوچەی ناوەڕاستی کوردستان دەوڵەمەند و بەهێز بوون و ژمارەیەکی زۆر گوند و ئاژەڵ و زەویوزاری کشتوکالیان هەبوو. شێخ توانی ژمارەیەک خێڵ لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و هێزێکی سەربازی پێکەوەبنێ «٨٥ ل٣٤٥».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگەدانــی دەوڵەتــی عوســمانی بــە وجــوودی شــێخ لــەو ناوچانــەدا و پەیوەنــدی دۆســتانەی شــێخ لەگــەڵ ســوڵتاندا، هەروەهــا لاوازی دەوڵەتــی قاجار و پشــێوی دۆخی ناوخــۆی کوردســتانی ڕۆژهــەڵات و ناســەقامگیری و زوڵمــی زۆر بەســەریانەوە وای لــە شــێخ کــرد ڕووی ڕاپەڕینەکــەی بکاتــە دەوڵەتــی قاجــار لــە ناوچەکانــی باکــوری کوردســتانی ڕۆژهــەڵات. ئــەو ڕاپەڕینــە لــە نێــوان ســاڵەکانی ١٨٨٠-١٨٨٣ بــەردەوام بــوو. لەگــەڵ ئــەوەی بەشــێک لــە خواســت و دروشــمی ئــەو بزووتنەوەیــە سروشــتێکی نەتەوایەتییــان هەبــوو، بــەڵام بەهــۆی ئــەو فاکتەرانــەی پێشــوتر باســمانکرد زۆربــەی ســەرەک خێــڵ و شــێخەکانی وڵاتەکــە پشــتگیریان نەکــردو بزووتنەکــە شکســتی هێنــا «٨٥ ل٩٦\٣٥٠ ل١٨٤».

بێجگەلــە بزووتنەوەکــەی شــێخانی نەهــری، چەندیــن ڕاپەڕین لە کوردســانی ڕۆژهەڵات دژی باجــی قــورس و زوڵــم و زۆری دەســەڵاتدارانی ئــەو وڵاتــە ڕوویــدا. لەوانــە ڕاپەڕینــی ســەرکردەکانی لوڕســتان ســاڵی ١٨٦٠، ڕاپەڕینــی جەمــاوەری گــەورەی ناوچــەی تالیســی نزیــک کرماشــان ســالی ١٨٦٩. نێــوان ســاڵەکانی ١٨٨٦- ٨٧ چەندیــن ســەرەک خێــڵ ڕاپەڕیــن لەوانــە خێڵەکانــی هەمەوانــی و چەلەبــی و کەلهــور «٩٨ ل٨٥».

### کاردانەوەی چاکسازی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستلەسەر کوردستان ١٨٥٠

وەکــو لــە بەنــدی پێنجەمــدا باســمانکرد، گرنگتریــن ئــەو چاکســازییانەی دوو دەوڵەتەکــە لــە ســەدەی نــۆزدەدا لــە پێنــاوی بەهێزکردنــی توانــای ســەربازی و زیادکردنــی داهاتــی دەوڵەتکردیــان بریتــی بــوو لــە گۆڕانکاری لــە موڵکایەتــی زەویوزار و دامەزراندنــی ســوپای نیزامــی هاوچــەرخ و هەروەهــا کۆکردنــەوەی باجــەکان بــە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ لەلایــەن دەوڵەتــەوە.

پرۆســەی لەناوبردنــی میرنشــینەکان بــە درێژایــی نیــوەی یەکەمــی ســەدەی نــۆزدە لەلایــەن دەوڵەتەکانــەوە هەنــگاوی یەکــەم بــوو بــۆ ڕێگەخۆشــکردن بــۆ جێبەجێکردنــی ئــەو چاکســازیانە لــە کوردســتاندا. لــەدوای نەمانــی میرنشــینەکان، لــە نیــوەی دووەمــی ســەدەکەدا ئــەو چاکســازییانە خرانــە گــەڕ و کاردانــەوەی گرنگییانلەســەر کۆمەڵگەکــە هەبــوو، کــە دەتوانیــن هــەرە گرنگەکانیــان لــە ســێ خاڵــدا کۆبکەینــەوە «٩٥ ل٨٤»:

- گۆڕانی موڵکایەتی فیوداڵی خێڵەکی بە موڵکایەتی فیوداڵی.
- گۆڕمــدان بــە نیشــتەجێکردنی ڕەوەنــدەکان و بەشــداریکردنیان لــە بەرهەمهێنانــی کشــتوکاڵی و باجدانــدا.
- هاتنــی توێژێــک لــە کاربەدەســتانی دەوڵــەت و خزمانــی بنەماڵەکانــی عوســمانی و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قاجاربۆ کوردستان و بوونیان بە توێژێک لە خاوەن موڵک و سامان.
لە دوای ئەو چاکسازییانە گۆڕانکاری لە موڵکایەتیدا دەستیپێکرد. هەڵبەتە ئەو گۆڕانکاریە بە بڕیارێک و لە ماویەکی کورتدا نەهێنرایە ئەنجام، بەڵکو پرۆسەیەکی درێژخایان بوو، کە زیاتر لە ٥٠ساڵی تری خایاند هەتا جێگەی خۆیگرت. بەپێی ئەوە موڵکایەتی زەویوزار لە کوردستاندا گۆڕا بۆ موڵکایەتی تاک. بەشی هەرە زۆری ئەو موڵکایەتییە کەوتە دەست سەرەک خێڵ و شێخ و کاربەدەستانی ئیداری و سەبازی دەوڵەت و دواتریش هەندێ بازرگانی گەورە بەشێکیان لەو موڵکانە کڕیوە «١٩ ل٥٩».
گۆڕینی موڵکایەتی فیودالی خێڵەکی بە موڵکایەتی فیودالی هەتا رادەیەکی زۆر سروشتی کلاسیکی فیودالیزمی ئەوروپای گرتە خۆی. مسکێنەکانی کوردستان، کە زۆرینەی خەڵکی وڵاتەکە بوون هەروەکو کۆن بێ موڵک و ماف مانەوە. ئەوەی گۆڕانی بەسەرداهات موڵکایەتی و رۆڵی بەشێک لە ئەندامەکانی خێڵەکان بوون. بەشێک لە سەرەک خێڵ و شێخەکان بوونە فیودالی موڵکدار. هەندێ لەوانە رۆڵی سەرکار و کوێخا و کاربەڕێوەبەری سەرەک خێڵیان دەبینی و بەشی خۆیان لە رێگەی باج و سەرانە و گەندەڵیوە لە مسکێنەکان دەپچڕی. هەندێکی تریان بەهۆی خزمایەتی یان نزیکیان لە سەرەک خێل و شێخەکانەوە پارچە زەوی بچوک یان گەورەیان پێ دەدرا بۆئەوەی راستەوخۆ خۆیان بەرهەمی تیادا بهێنن. ئەمانە توێژی خوارەوی مڵکداری بچوک و ناوەندیان لە لادێدا لێدروست بوو «٩٥ ل١٨٤\ ٨٥ ل٢٦٥».
گروپێکی تر، کە بوون بە توێژێکی فیودالی موڵکدار لە کوردستاندا کاربەدەستانی ئیداری و سەبازی و خزم و دەستوپێوەندی شا\سوڵتان بوون. ئەمانە لەرێگەی بەکارهێنانی توانای سەربازی و ئیداری و بەتیل و دزی و گەندەڵیەوە خۆیان کرد بە خاوەن زەویوزار لە وڵاتەکەدا یان لە رێگەی دانی زەوی بە خەڵکی تر لە رێگەی بەرتیل وەرگرتنەوە بوونە خاوەن سامانی گەورە.
هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییانە بنەمایەکی گرنگی سیستمی فیودالی خێڵەکی لە کوردستاندا تێکشکاند و رۆڵی دەروونی و قەداسەتی خێڵ و شێخەکانی لەناو ئەندامی خێڵ و مسکێن و پێکهاتەکانی وڵاتەکە لاوازکرد، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار بنەمای کۆمەڵایەتی و خێڵەکی و عورف و نەریتی خێڵەکی لە وڵاتەکەدا بنبڕ نەبوو و بگرە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشی نوێ شێوازی بەدتری گرتە خۆی.
ئەو گۆڕانکارییانە هەڵپەی سەرەک خێڵ و شێخەکان و ئەندامی خێڵەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیاترکرد بۆ پچڕینی گەورەترین ڕێژەی موڵک و سامان بۆ خۆیانو لەهەمانکاتدا ڕووتاندنەوەی زیاتری مسکێنەکان. ئەو هەڵپەیە ململانێی نێوان ئەو فیوداڵە موڵکدارانەی زیاترکرد و هەوڵیان دەدا لەسەر حسابی یەکتری گەورەترین ڕێژە بۆ خۆیان بپچڕن.

لەبەرئەوەی بچڕینی موڵکایەتی لەڕێگەی توانای سەربازی و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە بوو، تەنها سەرەک خێڵ یان شێخەکان بوون توانایان هەبوو ئەو موڵکایەتیە بۆ خۆیان بپچڕن. بێ ئەوانە ئەندامی خێڵەکان بێ پشت دەبوون و نەیاندەتوانی بەشی خۆیان بپچڕن. بۆ ئەوە سەرەک خێڵ و ئەندامەکانی و شێخ و موریدەکانی پێویستیان بە یەکتری هەبوو. هەروەها مانەوەی بنەمای کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی خێڵەکی مەرجێکی گرنگ بوو بۆ یەکێتی نێوانیان. هەڵبەتە ململانێی نێوان شێخ و سەرەک خێڵەکان و هەڕەشەی بەردەوامیان لەسەر یەک ئەو خێڵ و خەڵکانەیان زیاتر بە سەرکردەکانیانەوەگرێداوە «٨٥ ل١٢٠».

بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان و بازاڕی فراوانی کراوە و تێکشکاندی بەرهەمهێنانی قوفڵدراوی خێڵەکی و ڕکابەری بازاڕ و ترس لە باجکۆکەرەوە و ئیحتیکاری بازر لەلایەن توێژێک لە بازرگانی گەورەوە، لای زۆربی ئەندامانی خێڵەکان و پیشەییەکان و مسکێنەکان هەڕەشە بوو لە مان و نەمانیان. ئەو شێوازی ژیان و بەرهەمهێنانەی کە بەسەدان یان ڕەنگە هەزاران ساڵ لەگەڵی ڕاهاتبوون و جۆرێک ئارامی پێ دابوون لەژێرهەڕەشەدا بوو. بۆیە ئەو بڵاوبوونەوەە بەتایبەتی لە ناوچەیەکی دابڕاوی وەکو کوردستاندا وای لەو خەڵکانە دەکرد بۆ پارێزگاریکردنی خۆیان بچنە پاڵ سەرەک خێڵ یان شێخێک و جاری واهەیە کاربەدستانی بەهێزی دەوڵەتەکانیش.

لە هەمانکاتدا بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان و هاتنەناوەوەی غەیرە دین و بیروڕای عیلمانی و چاکسازی یاسایی و سیاسی هەڕەشە بوون لەسەر عورف و نەریتی خێڵەکی و ئایدۆلۆژی ئیسلامی، کە فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ مانەوەی سیستمە کۆنەکە و چینوتوێژەکانی. بۆیە شێخەکانی کوردستان و سەرەک خێڵەکان هەروەکو شا\سوڵتان و دەسەڵاتی ئایینی شیعە و سوننەی سەلەفی هەموو توانایەکیان بەکاردەهێنا بۆ ترساندنی خەڵک لەو هەڕەشەیە و کۆکردنەویان لە دەوری خۆیان «١٩ ل٧٧».

بۆ زیاتر چوونە ناو باسەکەوە و تێگەیشتنی چۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆسەکهو لێردا هەندێ نمونە دێنینەوە. لەسەرەتای سەدەی نۆزدە جافەکان و خێڵەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تـری دۆسـتیان لـە دەوروبـەری ١٠ هـەزار رەشـماڵی رەوەنـد و ٣ هـەزار خێزانـی نیمچـە رەوەنـد پێکهاتبـوون. بـەڵام دوای سـەد سـاڵ لەژێـر فشـاری دەوڵەتەکانـدا بەخۆشـی بێـت یـان ناخۆشـی بەشـێکی زۆریـان وازیـان لـە ژیانـی رەوەنـدی هێنـا و نیشـتەجێبوون. بەشـێک لەوانـە بـۆ ماوەیەکـی زۆر بـە نیشـتەجێبوون رازی نەدەبـوون و هەردەرفەتێکیـان بـۆ هەڵدەکـەوت دەکەوتنـەوە ژیانـی رەوەنـدی.
لـە سـاڵەکانی ١٨٨٠دا بەشـێک لـە زەوییەکانـی شـارەزوور لەسـەر بەگزادەکانـی جافـەکان تاپۆکـرا. سـنووری موڵکەکانیـان لـە ناوچەکانـی خالیـس و سـەعدیە و خانەقینـەوە هەتـا هەڵەبجـە و پێنجوێنـی گرتۆتـەوە. بێجگـە لـەو زەویـە کشـتوکاڵیانە خاوەنـی لـەوەڕگای گەورەبـوون. بەشـێکیان لـە ئێـران ماونەتـەوە و بوونەتـە خاوەنـی زەوی کشـتوکاڵی گـەورە. ئـەم خێڵانـە تەنهـا نەبوونەتـە خـاوەن زەوی کشـتوکاڵی، بەڵکـو لەگـەڵ زەوییەکانـدا مسکێنەکانیشـیان کەوتۆتـە ژێـر دەسـەڵاتەوە. ئـەو خێڵانـە لەبـەر گەورەیـی و بەهێزیـان و پەیوەندیـی باشـیان لەگـەڵ دەوڵەتەکاندا، پۆسـتی حکومـی و موچـە و دیاریـان پێـدراوە. لـە بەرامبەردا ئـەم خێڵانـە ناچاربوون سـاڵانە بـاج بـدەن بـەو دەوڵەتانـە و لەکاتـی پێویسـتدا بەشـداری شـەڕەکانیان بکـەن «٩٥ ل ٩٦\٩٤ ل ٤٦».
دزەییـەکان لـە ناوچەکانـی دەشـتی هەولێـر نیشـتەجێبوون. ئـەم خێڵـە شـەڕکەر نەبـوون و لـە رێگـەی پەیوەنـدی دوسـتانەیان لەگـەڵ دەوڵەتـی عوسـمانی لـە کۆتایـی سـەدەی نۆزدەهەمـدا یەکـێ لـە سـەرکردەکانیان لەلایـەن دەوڵەتـی عوسـمانییەوە پۆسـتی والـی هەولێـری پێبەخشـرا. لـەو رێگەیـەوە بـە پشـتیوانی سـوپای عوسـمانی دەسـتیان گرتـووە بەسـەر بەشـێکی زۆری زەوی کشـتوکاڵی دەشـتی هەولێـر و لەرێگـەی تاپـۆو سـەنەدەوە کردوویانـە بـە موڵکـی خۆیـان. دوای داڕمانـی دەوڵەتـی عوسـمانی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق لـە سـاڵەکانی ١٩٢٠ دا پەیوەنـدی دۆسـتانەیان لەگـەڵ ئـەو دوڵەتـە هەبـووە و چەندیـن پۆسـتیان لـە پەرلەمـان و حکومەتـدا پێـدراوە «٨٥ ل ١١٣».
لـە دوای سـاڵەکانی ١٨٥٠ وە لـە ناوچەکانـی باکـوری جزیـرە خێڵـی رەونـدی دووری ناچارکـراون لـەو ناوچانـە جێنشـینبن. ئەمانـە خێڵـی گـەورە و شـەڕکەر و بەهێـز بـوون و چەکـداری زۆریـان هەبـوو. لـە رێگـەی هەڕەشـە و بەکارهێنانـی هێـزەوە توانیانزەویـوزاری مەزنـی بەپیتـی ئـەو ناوچانـە کۆنتـڕۆل بکـەن و سـەرکردە و ئاغاکانیـان لـە رێگـەی سـەنەد و تاپـۆوە ببنـە خـاوەن موڵـک.
بێجگەلـە مسـکێنە ناخێڵەکییـە کـوردەکان، کـە زۆرینـەی دانیشـتوانی ناوچەکـە بـوون، ژمارەیەکـی زۆر لـە ئاسـوری هـەر لـە کۆنـەوە خەڵکـی ناوچەکەبـوون.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموو ئەوانەش لای ئەو خێڵە کوردانە حیسابی مسکێنیان بۆ کراوە و دەبوایە مولّکانە وسەرانەیان پێبدەن و لەکاتی پێویستدا بێگاریان بۆ بکەن.
بێگومان هەموو سەرەک خێڵ و شێخانی کوردستان دەرفەتی ئەوەیان بۆ دروست نەبوو، کە ببن بە موڵکدار و خاوەنی سامان و پۆستی دەوڵەت، بەڵکو بەشێکی زۆریان رووبەڕووی سەرکوتکردن و هەژاری بوونەوە. بەشێک لەو خێڵە رەوەندەکان، نەکو هەر نەبوونە خاوەن زەویوزار و مسکێن، بەڵکو بەهۆی باجی قورسی دەوڵەتەکان بەسەریانەوە و بەزۆر بردنی لاوەکانیان بۆ خزمەتی سەربازی رووبەڕووی هەژاری و نەخۆشی و بێ ئیشی بوونەوە. بەتایبەتی لە سالانی سارد و لە کاتی پەتا بڵاوبوونەوە ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵەکانیان مردار دەبوونەوە و خۆیان رووبەڕوویبرسێتی و مردن دبوونەوە. بەشێک لەوانە دەبوونە مسکێن و شوانکار و پیاوی شێخ و ئاغاو دەسەڵاتداری دەوڵەت یان حەوداڵی کار دەبوون و روویان دەکردە شارەکانی کوردستان و شارە گەورەکانی نمونەی ئەستەنبوڵ و بەغدا و تاران «**١٩ ل٥٤**».
بوونی سەرەک خێڵ و شێخەکان بە موڵکدار و دانی پۆستی حکومی و ئەرکی باجکۆکردنەوە پێیان ململانێ و دوژمنایەتی خستە نێوان ئەوانەوە و بێزاری و هەژاری زۆرینەی خەڵکانی کوردستان. زۆرجار چارەسەری دوژمنایەتی نێوانیان لە رێگەی توندوتیژی و شەڕەوە یەکلایی بۆتەوە و پەنایان بردۆتە پەنا دەوڵەتەکان. ئەم پرۆسەیە مەسەلەی خۆفرۆشتن بە بێگانە و پاشکۆیەتی و ئەڵقەلەگوێیی لە ناویاندازیادکرد و بووە دیاردەیەکی رۆژانەو کلتورێکی قبوڵکراو لە وڵاتەکەدا . ئەم عورفە نالەبارە زیاتر لە جاران رەگوریشەیان لە کۆمەڵگەکەدا داکوتی. ئەمە نەکو تەنها لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا باڵی کێشا بەسەر وڵاتەکەدا، بەڵکو پاشماوکانی بە درێژایی سەدەی بیست لە زۆر ناوچەی کوردستاندا هەر مایەوە و هەتا ئەمڕۆش ئەو نەریت و خاسڵەتانە لەناو هەندێ لە پارتە سیاسی و گروپ و پێکهاتەکاندا بە ئاشکرا دەبینرێت.

## بۆچی کوردستان نەبووە مەڵبەندێکی ئابوری بەهێز؟ ١٨٥٠- ١٩٢٥

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو پێویست نەیتوانی سوود لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان وەربگرێت و لە رێگەوەسیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر و سەربەخۆتیایدا دروست بێت، کە ببێتە بەشێکی بەهێز لەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیستمە نوێیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە بە پاشکۆی ئەو سیستمە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوچەکەدا چەندین مەڵبەندی ئابوری پاشکۆی بەهێز دروستبوو، کە ناوچەی جیاوازیان بە رێگەی جیاوازەوە دەبەست بە بازاڕی جیهانەوە و بوونە جێگەی سەرنجڕاکێشانی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی جیهان و کۆمپانیەکانیان «بەندی پێنجەم».

بەهەمان شێوە کوردستانیش وەکو شوێنەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە پاشکۆی کەپیتالیزمی جیهان. بەڵام ئەوەی تایبەتمانداری بە وڵاتەکەدا ئەوە بوو کە مەڵبەندیئابوریبەهێزی پاشکۆ تیایدا دروست نەبوو، کە سەرانسەری وڵاتەکە پێکەوە گرێدا و سەرنجی دەوڵەتە کەپیتالیستەکانی جیهان بەلای خۆیدا راکێشێ. بە پێچەوانەوە هەر بەشێکی وڵاتەکە بەجیا بەسترایەوە بە یەکێک لە سەنتەرە ئابورییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان بۆ کوردستان و کاردانەوەکانی لە وڵاتەکەدا دەکرێ دابەشکرێ بە چەند قۆناغێکدا. قۆناغی نێوان ساڵەکانی ١٨٠٠–١٨٥٠، قۆناغی ساڵەکانی ١٨٥٠–١٨٦٩، قۆناغی ساڵەکانی ١٨٦٩–١٩١٨، قۆناغی ساڵەکانی ١٨١٨–١٩٢٥.

١– قۆناغی نێوان ساڵەکانی ١٨٠٠–١٨٥٠. وەکو چۆن میرنشینەکان کۆسپ بوون لە بەردەم چاکسازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی و قاجار و لەلایەن ئەوانەوە روخێنران، بەهەمان شێوە سیستمی فیودالی خێڵەکی داخراوی میرنشینەکانی کوردستان و دابەشبوونی وڵاتەکە بەسەر چەندین یەکەی لەیەک دابڕاودا رێگربوو لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و دروستبوونی شاری بازرگانی و زیادکردنی بەرهەمهێنان و بوژاندنەوەی بازرگانی، بۆیە دەوڵەتە کەپیتالیستەکان و کومپانیەکانیان تێکشکاندنی ئەو سنوورانەیان لە بەرژەوەندی خۆیاندا دەبینی. ئەو ٥٠ ساڵە قۆناغی تێکشکاندنی ئەو سیستمە و لەناوبردنی میرنشینەکان بوو. لەو ساڵانەدا وڵاتەکە رووبەڕووی شەڕ و ئەشکەنجە و کاولبوون و لاوازبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵبەخێوکردن و بازرگانی بۆوە. بۆیە لەم قۆناغەدا لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە بەرهەمهێنان و بوژاندنەوەی بازرگانی و بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری روویندا. ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی میرنشین و خێڵە گەورەکانی کوردستان نمونەی رۆژئاوای جزیرە و رۆژئاوای ئامێدی بەهۆی دووریانەوە لە شەڕو ئاژاوەوە و زیاتر سەقامگیری تیایاندا بەهۆی کۆنترۆڵی دەوڵەت گۆڕانکاری زیاتر تیایاندا روویدا.

٢– قۆناغی ١٨٥٠–١٨٦٩. دەتوانیین بڵێیین بوژاندنەوەی بازرگانی لە ساڵەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پەنجای سەدەی نۆزدەی کوردستان لە ئاستی بازرگانی سەرەتای سەدەی نۆزدەی هەندێ شوێنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو. بە مانایەکی تر ئەو بۆژاندنەوەیە لە کوردستاندا زیاتر لە ٥٠ ساڵ کەوتە دوای شوێنەکانی ترەوە.

لەم قۆناغەدا دەسەڵاتدارنی دەوڵەتەکانی ئێران و عوسمانی لە پێناو زیادکردنی داهاتی باجەکانیان لە رووی ئیداری و سەربازییەوە هەتا رادەیەک توانیان کۆنترۆڵی زۆربەی شارەکانی کوردستان بکەن و ئاسانتر لە پێشتر کۆنترۆڵی رێگە بازرگانیەکانی نێوان ئەو شارانە و شارە بازرگان و مەڵبەندە ئابورییەکانی ناوچەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن. ئەم کۆنترۆڵە رێگەی خۆشکرد بۆ دەستپێکردنی بازرگانی لە وڵاتەکەدا «٩٨ ل٢٦».

ئەو گۆڕانکارییانەی لە موڵکداری زەویوزاردا روویدا، کە تیایدا سەرەک خێڵ و شێخەکان بوونە خاوەن موڵکی تایبەتی خۆیان، بووە هۆکاری ئەوەی بەشێک لەوانە زیاتر لە جاران دڵیان بە زیادبوونی بەرهەمهێنان بسوتێت، بەتایبەتی بەهۆی بوژاندنەوەی بازرگانی و زیادبوونی خواستی هەرێمایەتی و دەرەکی لەسەر هەندێ بەروبوومی بازرگانی. ئەمانە تەماعی ئەو موڵکدارانەی کوردستانی زیادکرد بۆ پارە و سەروەت پەیداکردن کەوتنە ئەوەی هەوڵ بدەن بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی زیاتر و فرەچەشنتر بکەن و بەشێک لەوە هەناردەی بازاڕی دەرەوە بکەن.

نیشتەجێبوونی خێڵە کۆچەرییەکان و بەشداریکردنیان لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا بە هەمان شێوە بووە هۆکاری زیادبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. سەرەڕای ئەوە ئەو نیشتەجێبوونە بووە هۆکاری زیادبوونی مەساحەی زەوی کشتوکاڵی، چونکە زۆر زەوی کستوکاڵی هەبوو پێشتر بێ ساحێب بوون و بەکار نەهێنرابوون لە بەرهەمهێنیاندا. ئەگەرچی بەخێوکردنی مەڕوماڵات بەهۆی نیشتەجێبوونی رەوەندەکانەوە لە هەندێ ناوچە کەمیکرد، بەڵام بەهۆی زیادبوونی خواستی هەندێ ناوچەی دەرەکی لەسەر ئەوانە لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی گشتی کەمی نەکرد.

بەهۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی دەوڵەت و سوپا بۆ شارەکان و زیادبوونی سەقامگیری تیایاندا و هاتنی بازرگان و کاسبکار بۆیان، لە شارەکاندا خواست لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵ زیادیکرد و ئەوەش بووە فاکتەرێکی تر بۆ زیادبوونی بەرهەمی کشتوکاڵی و بوژاندنەوەی بازرگانی.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە هەتا دەهات زیاتر ناوەندی ئابوری بەهێز لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست دەبوون و هەتا دەهاتئاڵوگۆڕی بازرگانیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگەڵ دەوروبەریاندا زیادیدەکرد. بێگومان ئەمانە کاریان کردەسەر کوردستانیش. گرنگترین ئەو سەنتەرانەی لەو بیست ساڵەدا کاریان کردەسەر بازرگانی کوردستان ئەستەنبوڵ و شارە بازرگانییەکانی تورکیای عوسمانی و شامی گەورە بوو. بۆیە لەم ساڵانەدا بێجگەلە دەستپێکردنی کەلوپەلی دەرەکی بەتایبەتی قوماش، هەندێ بەروبوومی کوردستان بە تایبەتی هەناردەکردنی ئاژەڵ و خوری و پێستە بۆ ئەو ناوچانە زیادیکرد.

بازرگانی دەرەوەی ئێران لەگەڵ ئەورووپا هەتا کردنەوەی قەناتی سوێس زیاتر لە رێگەی روسیا و دەوڵەتی عوسمانییەوە بوو. بەشێک لەوانە بە کوردستاندا تێدەپەڕی، بۆیە زیادبوونی سەقامگیری هەندێ رێگەوبانی کوردستان و رێکەوتنی ئەو دەوڵەتە لەگەڵ یەکدا هەتا رادەیەک کاریکردە بازرگانی کوردستانیش. هەتا ئەوسا کوردستانی رۆژهەڵات زیاتر بە تاران و شارە بازرگانەکانی ناوەوەی ئێرانەوە بەسترابۆوە. لەو ساڵانەدا هەناردەکردنی مەڕوماڵات و خوری و پێستەی کوردستان بۆ ئەو ناوچانە زیادیکرد.

بوژاندنەوەی بازرگانی عێراقی عەرەبی و ناوچەکانی ناوەوەی سوریا دواکەوت. بەڵام لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە هەتا دەهات ئینگلتەرا زیاتر گوێی دەدایە بازرگانی نێوان عێراق و هیندستان لە رێگەی مینای بەسرەوە. بازرگانیلەو رێگەیەوە لە نێوان ١٨٦٠-١٨٧٠ دوو هێندەی لێهاتووە. لەم قۆناغەدا لەو رێگەیەوە بازرگانی لەگەڵ هیندستان و وڵاتەکانی کەنداو و دەریای سوور زیادیکرد. بێگومان ئەمەش هەتا رادەیەک کاریکردە سەر بازاڕگانی باشووری کوردستان. هەناردەکردنی هەندێ بەرهەمی وەکو خوری و گەنم و جۆ و هەنگوین و میوەی وشکراوەی وەکو گوێز و بادام و هەنجیر و هاوردەکردنی خورما و قاوەی یەمەن و مۆم و بوغورد و قوماشی هیندی لەو رێگەیەوە زیادیکرد «بروانە بەندی پێنجهەم».

لەگەڵ ئەوەی بازرگانی کوردستان لەم قۆناغەدا کەوتە جووڵە و هەندێ شاری کوردستان ژمارەی دانیشتوانی زیادیکرد و هەندێ رێگەوبان کە ئەو شوێنانەی بەسەنتەر و شارە بازرگانەکانی دەرەوەی دەبەستەوە سەقامگیرتر و ئارامتر بوو، بەڵام ئەو گۆڕانانە زۆر بەخاوی بەرەو پێش دەچوو و هێشتا زۆربەی شوێنەکانی وڵاتەکەی نەگرتبۆوە «٨٥ ل٦٠».

بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ تەنها هەندێ ناوچەی نزیک هەندێ لە شارەکانی گرتەوە، تێکشکاندنی سیستمی بەرهەمهێنانی پیشەییقوفڵدراوی وڵاتەکە و زیادبوونی بەرهەمی پیشەیی و پیشەسازی زۆر بە خاوی دەڕۆیشت بەڕێوە، ئەو بوژاندنەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بازرگانییەی کە روویدا تەنها لە بازنەیەکی بچوکی دەوروبەری هەندێ لە شارەکان و رێگا سەرەکییە بازرگانیەکان بوو. ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان ناوچە و شارەکانی وڵاتەکەدا و گرێدانی ئەو ناوچانە هیچ گۆرانکارێکی ئەوتۆی بەسەر نەهات. دەتوانین بڵێین ئەم قۆناغە سەرەتای قاپی خستنە سەرپشت بوو بۆ تێکشکاندنی سنورە خێڵەکییەکان لە وڵاتەکەدا و بەستنەوەی ناوچەکە بە بازاڕی جیهانەوە.

**٣- قۆناغی ساڵەکانی ١٨٧٠-١٩١٨.** لەم قۆناغەدا چەندین گۆڕانکاری مەزن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەلانسی نێوان هێزە دەرەکییەکان و دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتدا روویدا، کە راستەوخۆ کاری کردەسەر کوردستان و بوژاندنەوەی بازرگانی تیایدا «**١١٦** ل**٣١**»و دروست نەبوونی مەڵبەندێکی ئابوری پاشکۆی بەهێز لە کوردستاندا و گرێدانی ناوچەکانی بە مەڵبەندیئابوری دەرەکییەوە.

هۆکاری نەبوونی کوردستان بە مەڵبەندێکی ئابوری پاشکۆ بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ خاسڵەتە تایبەتیەکانی ناوخۆی وڵاتەکە و فاکتەرە خۆ ماڵیەکان. گرێدانی ناوچە جیاوازەکانی وڵاتەکە بە چەندین مەڵبەندی ئابوری دەرەکیەوە لەلایەکەوە بەندبوو بە خاسڵەت و فاکتەرە خۆماڵییەکانەوە و لەلایەکی ترەوە بەندبوو بەو گۆڕانکارییە مەزنانەی لە سەرانسەری دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روویاندا. لێرەدا دەکرێ گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە لە چەند خاڵێکا کۆبکرێتەوە:

- کردنەوەی قەناتی سوێس ساڵی **١٨٦٩**.
- لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەستپێکردنی کۆنترۆڵی ناوچەکە لەلایەن بێگانەوە.
- بەهێزبوونی چەندین مەڵبەندیئابوری پاشکۆ لە ناوچەکەدا.
- سەقامگیری زیاتری رێگەوبان و راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و بەکارهێنانی کەشتی هەڵمی.
- زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبونی خواست لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی و کەرەسەی خاو و کەلوپەلی پیشەسازی.
- دۆزینەوەو دەرهێنانی پترۆڵ لە هەندێ ناوچەدا «**١١٣** ل**٣٥**».

لەبەندی پێنجەمدا بە تێروتەسەلی باسی ئەم گۆڕانکاریانە و کاردانەوەیان لەسەر دۆخ و پاشەڕۆژی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوە، بۆیە لێرەدا پێویست ناکات سەرلەنوێ لەسەریان بدوێین. ئەوەی لێرەدا باسی دەکەیان کاردانەوەی ئەوانەیە لەسەر کوردستان و چۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆسەکەیە لە وڵاتەکەدا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاردانەوەی کردنەوەی قەناتی سوێس لەسەر کوردستان دوو فاقی بوو. کردنەوەی ئەو قەناتە جۆشیدا بە بازرگانی دەرەوەی ئێران و بەسرەو عێراقی عەرەبی، کە بووە هۆکاری ئەوەی باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خێراتر لە جاران بوژاندنەوەی بازرگانی تێکەوێت و بازاڕی داخراوی وڵاتەکە بکرێتەوە و فراوانتر ببێت و بەرهەمهێنان زیادبکات و ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکە بە خێرایی زیاد بکات.

لەهەمانکاتدا کردنەوەی ئەو قەناتە بازرگانی ئێرانی بە توندی بەست بە کەنداوەوە و هەتا دەهات وڵاتەکەی خێراتر دەبەست بە سیستمی سەرمایەداری جیهانداو لە پاڵیدا هەتا دەهات زیاتر لە جاران بازاڕ و بازرگانی و بەرژەوەندی کوردستانی رۆژهەڵاتی بەو مەڵبەندەوە دەبەستەوە. پێشتر تەنها سنوورێکی سیاسی لە نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی و رۆژهەڵات و بەشەکانی تری کوردستاندا هەبوو، کە هێندە رێگرنەبوو لە هاتوچۆ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانیان. ئەم گۆڕانکارییە پرۆسەی لەیەک ترازانی ئەو دوو بەشەی ئەوسای کوردستانی خێراتر کرد.

پێش بەهێزبوونی مەڵبەندی ئابوری بەسرە، بازرگانی باشووری کوردستان و ولایەتی موسڵ و هەتا رادەیەک بازرگانی کوردستانی رۆژهەڵات و ئێرانیش لە رێگەی موسڵ و حەلەب و ئەستەنبوڵ و ئەزمیرەوە بوو، بەڵام بەهێزبوونی رۆڵی بەسرەو نزیکی باشوری کوردستان و ولایەتی موسڵ لێیەوە وایکرد رێگابازرگانییەکانی ئەم ناوچانەو هاوردەکردن و هەناردەکردن بەو رێگەیەدا بڕوات و پەیوەندی نێوان موسڵ و حەلەب و ئەستەنبوڵ بەرەو لاوازبوون بچێت. ئەمە هەتا دەهات پەیوەندی و بەرژەوەندی ئابوری باشووریکوردستانی لە شوێنەکانی تری کوردستان بەرەو دابڕین دەبرد.

کۆنترۆڵکردنی عێراق لەلایەن ئینگلتەراوەو سوریای گەورە لەلایەن فەرەنساوە بە تایبەتی لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا هەتا دەهات رۆژئاوای کوردستانی زیاتر دەبەستەوە بە مەڵبەندی ئابوری شامی گەورەوە. ئەگەرچی فەرەنسا و ئینگلتەرا هاوپەیمان بوون، بەڵام لەهەمانکاتدا هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی دەیویست بەشی خۆی بپچڕێت. دۆڕاندنی دەوڵەتی عوسمانی لەو شەڕەداو پلانی دابەشکردنی ناوچەکانی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی دەرەوەی تورکیا ئەو پرۆسەیەی خێراتر کرد.

شکستهێنانی دەوڵەتی عوسمانی و قاجار و لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابورییان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا لەلایەکەوە وایکرد، کە دەوڵەتە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەپیتالیستەکان و کومپانیا و بانکەکانیان بە هەوەسی خۆیان لە سەرانسەری ئەو دەوڵەتانەدا تەراتێن بکەن و رووبکەنە هەموو کون و قوژبنی ناوچەکە بە کوردستانیشەوە. ئەو کۆنترۆڵە لەهەمانکاتدا مەڵبەندە ئابورییەکانی نەکو لەرووی ئابوریەوە، بەڵکو لە رووی سیاسیشەوە لە جاران بەهێزترکرد. ئەگەرچی لەسەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانیدا ئەو پرۆسەیە کۆسپی کەوتە بەردەم، بەڵام دواتر هەتا دەهات دەوڵەتانی هاوپەیمان لەو ناوچانەدا وجوودی سەربازیشیان بەهێزکرد. ئەمانە هەمووی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری لە کوردستان خێراکرد و لەهەمانکاتدا زیادبوونی دەستێوەردانی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان و کۆمپانیەکانیان لە وڵاتەکەدا.

ئەگەرچی هەتا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دارمانی دەوڵەتە فیوداڵیە خێڵایەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستگۆڕانکاری ئەوتۆ لە رێگەوبانی کوردستاندا روویندا، بەڵام راکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و هەندێ رێگەی وشکانی نوێ و بەکارهێنانی تەلگراف و بەکارهێنانی عەرەبانە بۆ بارکردن گەیشتە دەورووپشتی کوردستان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پەیوەندی وڵاتەکەی لەگەڵ مەڵبەندەئابورییەکاندا بەهێزترکرد.

بێگومان دۆزینەوەی پترۆڵ لە هەندێ ناوچەی باشووری کوردستاندا جێگەی سەرنج و تەماعی دەوڵەتە کەپیتالیستەکان و کەمپانیەکانیان بوو. لەسەرەتای سەدەی بیستدا لەو ناوچانەدا دەستیانکرد بە گەڕان بەشوێن پترۆڵدا، لەسەرەتادا لەلایەن هەندێ کومپانیای ئەڵمانیاوە دەستیپێکرد. پلانی راکێشانی هێڵی شەمەندەفەری نێوان بەغدا و تورکیای عوسمانی و بەرلین پرۆژەیەک بوو بۆ زیاتر بەستنەوەی ئەو ناوچانە بەخۆیانەوە. لەگەڵ بەهێزبوونی پێگەی ئینگلتەرا لە باشووری عێراق و زیاتر بەستنەوەی ولایەتی موسڵ و کوردستانی باشوور بەو مەڵبەندەوە، چالاکی کومپانیەکانی ئینگلتەرا بۆ گەڕان بەشوێن پترۆڵدا لەو ناوچانە زیادکرد «١١٦ ل٣٥». بەهۆی دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە ئەو پرۆسەیە گرفتی تێکەوت و بۆ زیاتر لە ١٠ساڵ وەستا. بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٢٧ لە ناوچەی کەرکوک پترۆڵدەرهێنرا. گەڕان بەشوێن و دۆزینەوەی پترۆڵ لە باشووری کوردستان گرنگی ئەو ناوچانەی لای ئینگلیز زیاترکرد. ئەولەویەت لای ئەوان مسۆگەرکردنی کۆنترۆڵی دەرهێنانیپترۆڵ و فرۆشتن و رەوانەکردنی بوو بۆ بازاڕەکانی جیهان لە نزیکترین رێگەوە بە هەرزانترین خەرجی. یەکێ لە مەرجەکانی ئەوە، سەقامگیری کوردستان و کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە بوو لایان «٩٦ ل٢٢٦».

ئاماری ئەوتۆمان لە بەردەستدا نیە، كە بتوانین گۆڕانكاری و ڕێژەی زیادبوون و جۆری بەرهەمی كشتوكاڵی و ئاژەڵ و پیشەیی و هەروەها ڕێژەی زیادبوونی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەو قۆناغەی ئەوسای كوردستاندا بە روونی بخەینە روو. ئەوەی دەتوانرێ لەوەدا بكرێت بەراوردكردن و خوێندنەوەی ئەو بابەتانەیە لە كۆی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەپێی ئەوە هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڕانكارییانەی لەو بوارانەدا لە كوردستاندا روویداوە.

ئەوەی دەزانرێ ئەوەیە، كە زیادبوونی بەرهەمهێنان و جۆرەكانی زیاتر خۆی لە دانەوێڵە و ژمارەی ئاژەڵ و خوری و پێستە و رۆن و پەنیر و گوێز و بایام و میوەی وشككراوەدا بینیوەتەوە. بەرهەمی كشتوكاڵی هاوینە نمونەی توتن و لۆكە و برنج لە هەندێ ناوچە، كە سەرچاوەی ئاو تیایدا زۆربووە زیادیكردووە. نمونەی ئەو شوێنانە ناوچەكانی جزیرە و دەستەكانی رۆژهەلاتی زاگرۆس و دەشتی دیاربەكر و شارەزوور و هەولێر و دەورو بەری زاب بووە. بەڵام زیادبوونی جۆر و قەبارەی ئەو بەرهەمانە لە كوردستاندا زۆر بە خاوتر لە شوێنەكانی تر رۆیشتووە بەڕێوە.

ئەوەی دەزانرێت لەو قۆناغەدا دانیشتوانی ئێران و ناوچەكانی دەوڵەتی عوسمانی دوو هێندەی لێهاتووە. دانیشتوانی سێ ولایەتەكی عێراق لە نێوان ساڵەكان ١٨٦٧-١٩١٩ لە ١,٢٥٠,٠٠٠ كەسەوە زیادیكردووە بۆ ٢,٦٩٤,٠٠٠ كەس. بە مانایەكی تر دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەو ماوەیەدا دوو هێندەی لێهاتووە. بەهۆی خاوی گۆڕانكاری لە كوردستاند رەنگە ئەو زیادبوونە تیایدا لەو رێژەیە كەمتر بێت. نابێت لە یادمان بچێت هەندێ شوێنە دەشتاییەكانی كوردستان كە دووربوون لە ناوەڕاستی وڵاتەكە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری زووتر و خێراتر تیادا روویداوە، بۆیە لەو ناوچانەدا رێژەی زیادبوونی دانیشتوان زیاتر بووە «بەندی پێنجهەم». ئامەد و بتلیس وڤان و هەولێر و موسڵ و سنە نمونەی شارە گەورەكانی كورستان بوون. لە كۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا لە لایەكەوە مەڵبەندی بازرگانی و بەرهەمهێنانی پیشەیی بوون و لە لایەكی ترەوە چەقی كۆبوونەوەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەكان و جێگەی نیشتەجێبون شێخ و سەرەك خێڵە بەهێزەكان بوون. ئەگەرچیزۆربەی دانیشتوانیان كورد بوون، بەڵام بەشێك لە پێكهاتەكانی تری وڵاتەكە تیایاندا نیشتەجێبوون «٨٥ ل٥٧».

شارەكانی كوردستان هێشتا لەچاو شارە بازرگانییەكانی شوێنەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر پچوكتر بوون، بەڵام لەچاو پێشتردا گۆڕانكارییان بەسەر هاتووە. نمونەی ئەوە ساڵی ١٩٢٠ ژمارەی دانیشتوانی هەولێر ١٤,٠٠٠، رەواندز ١,٥٠٠، كۆیە

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٥،٠٠٠، ئاڵتون کۆپری ٢،٠٠٠، مەخمور ١،٠٠٠، سلێمانی دەوری ١٢،٠٠٠کەس لەوانە ٢،٠٠٠ خێزانی موسڵمان، ١٣٠ جوو، ٩ دیان و کلدانی و ٥ ئەرمەنی. ئەمە ئەوە پیشان دەدات، کە خەڵکی کاسپ و پیشەگەر لە کورد و پێکهاتەکانی تر لەو شارانەدا خڕبوونەتەوە. رەنگە شاری سلێمانی لەچاو زۆر لە شارەکانی تری کوردستان رێژەی پێکهاتەکانی غەیری کورد تیایدا کەمتر بوبێت، بەڵام بەپێی ئەم زانیارییانە هەتا رادەیەک ژمارەیان زۆر بووە «٧٧ ل١٧».

بێگومان ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر بەرهەمهێنانی پیشەیی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا هات و لە بەندی شەشدا باسمانکرد، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا لە کوردستانیش دەستیپێکرد. بەهۆی هەمان ئەو فاکتەرانەی سەرەوە پرۆسەی گۆڕانکاری لەو کەرتانەشدا لە کوردستاندا زۆر بە خاوتر بەڕێوەچوو. بەڵام بەهۆی زیادبوونی دانیشتوان و هەتا رادەیەک زیاتر فراوانبوونی بازاڕەکانی ناوخۆ و درەنگ گەیشتنی بەرهەمی ئەوروپی بە زۆربەی شوێنەکانی وڵاتەکە و تایبەتداری خواستی خەڵکەکەلەسەر جلوبەرگ و پێداویستی خۆماڵی، بەرهەمهێنانی پیشەیی لەسەرەتای سەدەی بیستدا زیادیکردووە. بەرهەمهێنانی شاڵ و کەوش و کڵاش و سابوون و پێستە و خوری و فەرش و بەڕەو لباد و جاجم زیادیکردووە و وەرەشەکان گەورەتر بوون و بەشێکیان لە ماڵەکان یان لە لادێکاندا بەرهەم هێنراون. دیارترین پیشەسازیی سەرەتایی شار بریتی بوو لە چەخماخسازی، زەرەنگەری و دەباخچێتی.

بازاڕەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی زیادیکردووە و شارەکانی کوردستان بەستراون بە شارە بازرگانی و مەڵبەندە ئابورییەکانەوە. لادێکان زیاتر بەستراون بە شارە نزیکەکانەوە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان لادێ و شاردا زیادیکردووە. لە دوای تێکشکانی میرنشینەکان و چاکسازییەکانی دەوڵەتەکان و گەشەکردنی کاروباری بانکیەوە، هەمان دراوی ئێرانی لە بازاڕەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و عوسمانی لە ناوچەکانی تری کوردستان بەکارهاتوون. زیاتر بەکارهێنانی دراو و ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئاسانتر و خێراتر و فراوانتر کردووە.

ئەو گۆڕانکارییە ئابورییانەی لەم قۆناغەدا بەشی ئەوەی نەکرد وڵاتەکە ببێتە مەڵبەندێکی ئابوری پاشکۆی بەهێز. هۆکاری ئەمە لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ خاسڵەتیسەرمایەداری و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی و رۆڵی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە لایەکی ترەوە بۆ خاسڵەتە تایبەتەکانی کوردستاندەگەڕێتەوە.

کە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان و کومپانیەکانیان روویان کردۆتە کوردستان،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێرەش وەکو هەموو شوێنەکانی تر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەپێش هەموو شتێکی تر بووە. ئەوانە خێرخواز نەبوون بۆ ئەوەی بێن کوردستان ئاوەدان بکەنەوەو پشتگیری خەڵکەکەی بکەن و دڵیان پێیان بسوتێت. لەو سەردەمەدا ئامانجی سەرەکییان فرۆشتی کەلوپەلەکانیان و کڕینی کەرەسەی خاوی هەرزان و وەرگرتنی ئیمتاز بووە لە پرۆژەی تایبەتیدا بە مەبەستی گەورەترین قازانج بە کورترین کات و ئاسانترین شێوە «**٩٦ ل٢٢٦**».

بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی بەستنەوەی وڵاتەکەیانداوە بە بازاڕ و سیستمی سەرمایەداری جیهان و کاریان کردووە، هەموو ئەو کۆسپانە بشکێنن گە لە رێگەیاندابووە. بۆئەوە ناچاربوون تەعامول لەگەڵ ئەو چینوتوێژ و پێکهاتەو هێزانەدا بکەن، کە لە وڵاتەکەدا هەبووە. ئەوەی لە کوردستاندا لەبەردەستیاندا بووە بریتی بووە لە سەرەک خێڵ و شێخەکان و دەسەڵاتداری دەوڵەتەکان لەو ناوچانەدا. لەرێگای پارە و بەرتیل و دانی پۆست و دیاری و پەیوەندی شەخسییەوە توانیویانە بەشێک لەوانە بکڕن یان لەرێگەی هەڕەشە و بەکارهێنانی توندوتیژی کاروباری خۆیان بەڕێوەبردووە.

لە کوردستاندا دەوڵەتێکی ناوەندی نەبووە، کە سەرانسەری وڵاتەکەی بەیەکەوە بەستبێت و بتوانن تەعامولی لەگەڵ بکەن. ئەو سەرەک خێڵ و شێخانە شورایەک یان ئەنجوومەنێکی هاوبەشیان نەبووە، کە نوێنەرایەتی وڵاتەکە بکەن و مەرجی خۆیان بخەنە بەردەم ئەو دەوڵەت و کومپانیایانە. دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە داهاتی باج و گەرەنتی پاڵپشتی سەرەک خێڵ و شێخەکانی کوردستان گوێیان نەداوەتە هیچی تر «**٩٨ ل٢٦**».

ئەو دەوڵەتە کەپیتالیستانە و کومپانیەکان نە بە ئەرکی خۆیان زانیوە کوردستان یەکخەن و ئابوری بەهێزکەن و بیکەن بە مەڵبەندێکی ئابوری بەهێز و رەنگە لەو سەردەمەدا بە بەرژەوەندی خۆشیان نەزانیبێت، چونکە رێگەی ئاسانتر و هەرزانتریان لەبەردەمدا بووە. یان رەنگە لەبەر سروشتی داخراوی وڵاتەکە و توندوتیژی و ململانێی خوێناوی لە ناوچەکەدا تواناشیان نەبوبێت بە ئەرکێکی وا گەورە هەستن.

بەڵام لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەویە، ئایا ئەگەر کوردستان توانای هەبووایە ببێتە مەڵبەندێکی ئابوری پاشکۆی بەهێز لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە کەپیتالیستانە بووە؟ ئایا ئەگە وڵاتەکە هەروەکو بەسرە، بەیروت، شام.. رووبەڕووی ئەوە بچوایە ببێتە مەڵبەندێکی ئابوری بەوشێوەیە ئەوانە دژی ئەوەستانەوە. بەپێیخاسڵەت و رەفتاری ئەوانە بێگومان دروستبوونی مەڵبەندێکی بەو جۆرە لە بەرژەوەندی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوانـــدا دەبـــوو و بەهیـــچ جۆرێـــک دژی نەدەوەســـتانەوە، چونکـــە دروســـتبوونی مەڵبەندێکـــی بـــەو جـــۆرە لـــە کوردســـتاندا هەمـــوو ناوچەکـــەی پێکـــەوە دەبەســـت و ڕێگـــەی بـــۆ بڵاوبوونـــەوەی ســـەرمایەداری و بوژاندنـــەوەی بازرگانیخۆشـــدەکرد. بۆیـــە لێـرەدا ڕۆڵـی فاکتـەر و خاسـڵەتی تایبەتـی ناوخـۆی کۆمەڵگـەی کوردسـتان حەسـمی چۆنیەتـی و دەرئەنجامـی پرۆسـەی گۆڕانکارییەکانـی کـرد لـە وڵاتەکـەدا.
هـۆکاری سـەرەکی و گرنگتریـن فاکتـەر، کەبووەهـۆی ئـەوەی کوردسـتان نەبێتـە مەڵبەندێکـی ئابـوری پاشـکۆی بەهێـز بەهێـزی سیسـتمی خێڵەکی بـوو لە کوردسـتاندا. ئەگەرچـی میرنشـینەکان لـە ناوچـوون و سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی کـوردی شکسـتی هێنـا، بـەڵام سیسـتمی خێڵەکـی و ئایدۆلۆجێتەکـەی لەچـاو زۆر شـوێنی تـری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هەرمایـەوە «١٩ ل٧٧».
لـە کۆتایـی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا لـە باتـی ئـەوەی وڵاتەکـە بـەرەو مەڵبەندێکـی ئابـوری پاشـکۆیی بچێـت، بـووە مەڵبەندێکـی بەهێـزی خێڵەکـی و پاشـکۆی پاشـماوەکانی حوکومڕانـی فیوداڵـی خێڵەکـی و شا\اسـوڵتان. لـە دوای داڕمانـی ڕاپەڕینەکـی سـاداتی نەهرییـەوە لـە سـاڵەکانی هەشـتای سـەدەی نۆزدەهەمـدا هەتـا داڕمانـی دوو دەوڵەتەکـە دوای شـەڕی یەکەمـی جیهانـی، بـە شـێوەیەکی گشـتی وڵاتەکـە بـووە پاشـکۆی دوو دەوڵەتەکـە و بەشـێک لـە ڕێبـازی هەوڵـدان بـۆ مانـەوەی سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی و سـالاری شـەریعەتی ئیسـلامی لـە حوکومڕانیـدا و دژایەتـی کردنـی چاکسـازی و بزووتنـەوەی دەسـتووری. بێگومـان ئەمانـە ڕێگربـوون لـە بوژاندنـەوی بازرگانـی و درسـتبوونی شـاری بازرگانـی بەهێـز لـە وڵاتەکـەدا و زیادبوونـی بەرهەمهێنـان و گەشـەکردنی بەرهەمهێنانـی پیشـەیی و پیشەسـازی سـەرەتایی «٩٨ ل٢٨١».
لەژێـر سـایەی دەسـەڵاتی سـەرەک خێـڵ و شـێخەکان و دەسـەڵاتی خۆجێیـی دەوڵەتـەکان و دەسـتێوەردانی دوو دوڵەتەکـە و دەوڵەتـە بێگانـەکان، ململانێ و دژایەتی لـە نێـوان ئەوانـەدا بـەردەوام بـوو. ئەمانـە بەردەوامیـدا بـە پچڕپچـڕی وڵاتەکـە و دابەشـبوونی بەسـەر چەندیـن ناوچـەدا. ئـەو دۆخـە ڕێگـر بـوو لـە بەسـتنەوەی شـار و گونـد و ناوچەکانـی کوردسـتان پێکـەوە و زیادبوونـی هاتوچـۆ و بوژاندنـەوەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی لـە نێواندیانـدا کـە گرنگتریـن فاکتـەرە بـۆ بونیادنانـی مەڵبەنـدی ئابـوری.
بەشـداریکردنی سـەرەک خێـڵ و شـێخەکان لـە شەڕوشـۆڕی ناوخـۆ و دەرەوەی دوو دەوڵەتەکـە هەتـا داڕمانیـان دوای شـەڕی جیهانـی، بێجگەلـە ئـەوەی بـووە کاولبوونـی وڵاتەکـەو کوشـتنی ژمارەیەکـی زۆر لەخەڵکەکـەی و لـە براسـا مـردن و نەخۆشـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوبوونەوە، بووە هۆکاری ئەوەی بەشێکی گەورەی گەنجە بەرهەمهێنەرەکانی وڵاتەکە لە بەرهەمهێنان دابپچڕێن. ئەمانە بوونە هۆکاری کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، کزی بازاڕ و خراپبوونی باری ئابوری و نابوتبوونی زۆربەی بازرگان و بەرهەمهێنەری شارەکان.

نەبوونی دەسەڵاتەکی خۆماڵی بەهێز لە وڵاتەکەدا و لاوازی دوو دەوڵەتەکە لە کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکە و بەستنی ناوچەکانی پێکەوە، لەیەکدابڕینی ناوچەکانی کوردستانی زیاتر کرد. نە دەسەڵاتدارانی دوو دەوڵەتەکە نە سەرەک خێڵ و شێخەکانی کوردستان بەدرێژایی ئەو ساڵانە لە هەڵپەکردن بەولاوە بۆ زیادکردنی زەویوزار و سامانەکانی خۆیان هیچ کارێکیان نەکردووە بۆ دروستکردنی ڕێگەوبان و چاکسازی و ئاسانکاری بۆ گەشەکردنی ئابوری لە وڵاتەکەدا.

باج و سەرانەی قورس لە مسکێن وزۆربەی بەرهەمهێنەر و بازرگانەکان وایدەکرد کە نەتوانن بەرهەمەکانیان زیادبکەن. بازرگان و پیشەگەرەکان دەرفەتیان بۆ دروست نەبوو، کە کەپیتاڵەکانیان بەهێزکەن و بەکاری بهێنن لە گەشەپێکردنی کاروبار و بەرهەمهێنانـدا. قۆرخکردنی بازرگانی لەلایەن هەندێک لەوە سەرکردانە و سەرانە سەندن و گەندەڵی و خۆبەشەریککردن لەگەڵ ئەو خەڵکەدا ژێرخانی ئابوری وڵاتەکەی خنکاندبوو.

لەهەمانکاتدا نەبوونی یان لاوازی سیستمی بانکی، کە پاڵپشتی بەرهەمهێنەر بکات فاکتەرێکی تری گرنگ بوو. ئەوەی هەبوو زیادبوونی سەلەم بوو لەلایەن بەشێک لە سەرەک خێڵ و شێخەکانی ناوشار و هەندێ بازرگانی شەڕیکیان کە لەباتی ئەوەی ببێتە بەهێزبوونی بەرهەمهێنەر و کاسب دەبووە هۆی ئەوەی بکەونە ژێر باری قەرزەوە و لە دواییدا لە دەستدانی زەوی و کاروباریان و نابووتبوون و دەربەدەربوونیان.

لەگەڵ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی شارە گەورەکانی کوردستان لەگەڵ شارەک بازرگانییەکانی رۆژهەڵات و مەڵبەندە ئابورییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست هەتا دەهات زیادیدەکرد و ئەو ڕێگایانە سەقامگیرتر دەبوو، بەڵام بازرگانی و ڕێگەی هاتوچۆ و بازرگانی لە نێوان شار و ناوچەکانی کوردستاندا هەر وەکو خۆی مایەوە. هەڵبەتە ئەم دیاردەیە هەر لەوساوە و بە درێژایی سەدەی بیست هەر بەردەوام بوو. ئەمە کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ئەوەی وڵاتەکە نەبێتە مەڵبەندێکی ئابوری «**٨٥** ل٦٠».

خاوبەڕێوەچوونی گۆڕانکاری لە کوردستاندا و نەبوونی وڵاتەکە بە مەڵبەندێکی ئابوری پاشکۆی بەهێز، لەهەمانکاتدا بەهێزبوونی مەڵبەندە ئابوریەکانی رۆژهەڵاتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەڕاست، وایکرد ناوچەکانی کوردستان بەپێی دوور و نزیکیان لەو مەڵبەندانەوە بەسەر چەند ناوچەیەکدا دابەشبن و هەتا دەهات هەریەکێکیان زیاتر ببەسترێتەوە بە یەکێ لەو مەڵبەندانەوە.

## لاوازیی چینوتوێژی نوێ لە وڵاتەکەدا ١٨٥٠-١٩٢٥

دروستبوونی چینوتوێژی نوێی بەهێز لە کوردستاندا، کە لەو قۆناغەدا بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریەوەک پێویست بیانتوانیایە سوود لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری جیهان وەرگرن، هەروەهابوونی بەرژەوەندی و توانای ئەوانە لە گۆڕانکاریدا، لەهەمانکاتدا بوونی دەرفەتی گونجاو بۆ بەشداركردنی ئەوانە لە بڕیارە سیاسی و ئابورییەکاندا مەرجی سەرەکی بوون، کە سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراواتر لە وڵاتەکەدا دروستبێت و ببێتە بەشێکی سەربەخۆی بەهێزی کاریگەر لە سیستمی سەرمایەداری جیهاندا. لەم خاڵەدا باسی چینوتوێژەکانی وڵاتەکە دەکەین و لە خاڵی داهاتوودا دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بڕیاردانەدا.

لەبەر خاسڵەتە تایبەتەکانی کوردستان، کە لە خاڵی پێشوودا باسمانکرد، گۆڕانکاری لە بنەمای کۆمەڵایەتی و چینوتوێژەکانی کوردستان و دروستبوون و بەهێزبوونی چینوتوێژی نوێ تیایدا زۆر لە دوای زۆربەی ناوچەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بوو. لەراستیدا ئەو پرۆسەیە هەتا دەستپێکردنی جەنگی جیهانی زۆر بەخاوی بەڕێوە چوو. لە ساڵەکانی ئەو شەڕەشدا ئەو چینوتوێژە نوێیانە تەواو زەرەرمەند و لاواز بوون و هەتا دوای ساڵەکانی **١٩٢٥** گۆڕانکاری ئەوتۆ لە ریزەکانیاندا روویندەدا.

لەگەڵ ئەوەی بەهۆی گۆڕانکاری لە موڵکایەتی زەویوزاردا چینێکی فیوداڵی موڵدار لە سەرەک خێڵ و شێخەکانی پیاوانی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەکان دروست بوون، بەڵام زۆربەی ئەوانە لەلایەکەوە بەهۆی لاوازی بەرهەمهێنان و خاوییئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ بازاڕی هەرێمی و جیهانیدا زیاتر بەرهەمیان بۆ بازاڕە بچوکەکانی ناوەوەی وڵات بوو. ئەوانە نەبوون بە موڵکداری پاشکۆ، کە بە شێوەیەکی فراوان بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتە کەپیتالیستەکان و کۆمپانیەکانیان و بازرگانە گەورە پاشکۆکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەیداکەن. بۆیە زیاتر بەرژەوەندی خۆیان لە مانەوەی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی دەبینیەوە و بەتوندی رووبەڕوویگۆڕانکاری دەبوونەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

توێژێکـی بچوکـی ئەوانـە بـە تایبەتـی لـە شـارە گەورەکانـدا و بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە بنەماڵـە و خەڵکـی نزیکـی دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتـەکان بـوون بـە رێژەیەکـی کـەم کەوتنـە بەرهـەمهێنـان و ناردنـی بەرهـەمەکانیـان بـۆ دەرەوەی سـنورەکانی کوردسـتان، بـەڵام زۆربـەی ئەمانـەش هیـچ گرنگیەکیـان نـەداوە بـە بەهێزبـوون و گەشـەکردنی وڵاتەکـە «٨٥ ل٥٠٦».

لـەو قۆناغـەدا بازرگانـی گـەورە، کـە بـە کاروبـاری بازرگانـی هەرێمایەتـی و جیهانەوە خەریـک بـوون، یـان خەڵکـی ناوچەکـە نەبـوون، یـان خەڵکانێـک بـوون لەلایـەن دەسترۆیشـتوەکانی شـارە گـەورەکان لـە کاربەدەسـتانی دەوڵـەت و سـەرەک خێـڵ و شـێخەکان کاروباریـان قۆرخدەکـراو سـەرانەو باجـی قورسـیان لێدەسـەندرا. ئـەم توێـژە کاریـان سـاغکردنەوەی کەلوپەلـی دەرەکـی بـوو لـە وڵاتەکـەدا و هەوڵدانـی کڕیـن و هەناردەکردنـی کەرەسـەی خـاو بـوو بـۆ بازاڕەکانـی جیهـان بۆیـە هیـچ رۆڵێکـی ئەوتۆیـان نەبـوو لـە گەشـەکردنی بەرهەمـی پیشـەیی و بازرگانـی ناوخـۆی وڵاتەکـەدا «بەنـدی پێنجهـەم».

لەبەرئـەوەی شـارەکانی کوردسـتان و بازرگانـی ناوخـۆ لـە وڵاتەکـەدا لـە سـنووری ئـەو شـار و بـازاڕە بچوکانـە دەرنەدەچـۆ. بازرگانـە خۆماڵیەکانیـش، کـە خەریکـی کڕیـن و فرۆشـتنی بەروبوومـی کشـتوکاڵی و پیشـەیی ناوخـۆ بـوون، لەلایەکـەوە بـە پچوکـی و لاوازی مانـەوەوە، لەلایەکـی تـرەوە لەبـەر بـاج و گومـرگ و سـەرانەی قـورس و شـەریکایەتی پێکردنـی دەسـەڵاتداران هیـچ قازانجێکـی ئەوتۆیـان بـۆ نەدەمایـەوە و کەپیتاڵـی بچوکیـان بەدەسـتەوە بـوو بـۆ کارکـردن و ئیستسـمارکردن.

بەهەمـان شـێوەی شـوێنەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت لە کوردستانیشـگۆڕانکاری لـە بەرهەمهێنـەری پیشـەیی و پیشـەییدا دروسـت بـوو. بەهـۆی زیادبونـی دانیشـتوان و گەورەبوونـی بـازاڕی شـارەکان و بەکارهێنانـی دراوی زیاتـرەوە، گۆڕانـکاری لـە بنەمـای کۆمەڵایەتـی خەڵکانـی پیشـەیی و پیشـەگەردا دروسـتبوو، بـەڵام بـە ئاسـتێکی کەمتـر لـە شـوێنەکانی تـر. لەهەمانکاتـدا بەهـۆی بەردەوامبـوون لـە بەکارهێنانـی مسـکێندا لـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵیدا و هـەژاری و بـێ دەسـەڵاتی مسـکێن و هەرزانـی خەرجـی کارپێکردنیـان لـە بەرهەمهێنانـدا، موڵکدارەکان هیـچ گۆڕانکارییـان لـە بەکارهێنانـی تەکنیـک و ئامـرازی بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵ نەدەکـرد. هەمـان ئامـرازی کۆنـی سـادە بەکاردەهێنـران، کـە بەشـی زۆریـان بەدەسـتی کۆڵکـە پیشـەییە ناشـارەزاکانی لادێـکان دروسـتدەکران. بۆیـە لەگـەڵ ئـەوەی بەرهەمـی کشـتوکاڵی زیادیکـرد، خواسـت لەسـەر ئامـرازی نوێیبەرهەمهێنـان لـە بـازاڕدا دروسـت نەبـوو. بۆیـە بەرهەمهێنانـی کشـتوکاڵی نەبـووە حافیزێـک بـۆ گەشـەکردن و بەهێزبوونـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرهەمی پیشەیی و پیشەسازیی سەرەتایی لە وڵاتەکەدا «٨٥ ل٥٠٥».
لەم زەمینەیەدا، پیشەگەری شارەکان بە پچوکی مانەوە و پیشەسازیی سەرەتایی لە چەند بەرهەمێکی کەم زیاتر پەرەی نەسەند. لەو کەرتانەی کە بەرهەمهێنان تیایاندا زیادیکرد وەرەشەی پاککردنەوە و بۆیەکردنی خوری و خۆشکردنی پێستە بوو. هەروەها بەرهەمهێنانی قوماشی و پێویستی تریتایبەت، کە تەنها بۆ دابینکردنی خواستی بازاڕی خۆماڵی بووهەتا رادەیەک زیادیکرد. نمونەی ئەوانە قوماش و جلوبەرگی شاڵ، کەوش و کڵاش، جاجم و بەرماڵ، بەرەو لباد، پەنیر و رۆن.
نەپارستنی ماڵ و موڵکی خەلک و ناسەقامگیری و سەرانە و هەڕەشەی چینوتوێژە دەسەڵاتدارەکان بەسەر بازرگان و بەرهەمهێنەرەکاندا، لەلایەکەوە کەپیتاڵ و توانای کارکردنیانی لاوازدەکرد و لەلایەکی ترەوە لە ترسی ئەوەی پارە و ماڵ و موڵکیان لەدەست نەچێت ئەوەی هەیان بوو دەیانشاردەوە و هەڵیاندەگرت بۆ رۆژی رەشتر. هۆکاری ناودەرکردنی بازرگان و خاوەن پیشەی وڵاتەکە بە پیسکەیی و رەزیلی لەسەر ئەم بنەمایە بووە.
نمونە لەسەر کۆسپ لەبەردەم بازرگان و بەرهەمهێنەرانی کوردستان، بازرگانەکانی سلێمانی بوو کە بەدەست باج و گومورگ و سەرانەی قورسی بنەماڵەی شێخانی دەسەڵاتدارەوە بە رادەیەک بێزار بوون، کە هاواریان بردۆتە بەر خێڵی هەمەوەند، تا سنورێک بۆ دەسەڵاتی شێخان دابنێن لە شارەکەدا. ئەوانە بە دەنگیانەوەهاتن و شارەکەیان داگیرکرد. بەڵام دواتر لە رێگەی زەوی پێدان و ژن و ژنخوازییەوە هەمەوەند و بنەماڵەی شێخان رێکەوتن.
خێڵی دزەیی دەشتی هەولێر لەناو خۆیاندا ناکۆکیان هەبوو، بەڵام بەسەر دوو باڵدا دابەشبوون و هەریەکەیان کۆنترۆڵی کەرتێکی ئابوری ناوچەکەی کردووە. بەشێکیان خاوەنزەویوزاری کشتوکاڵی بوون و خۆیان لە شارەکاندا دەژیان و مسکێنە ناخێڵەکیەکان بەرهەمیان بۆ دەهێنان و بەشەکەی تریان لە شاری هەولێر و دەوروپشتی کاروباری بازرگانی و بانکەوانیان دەکرد و قۆرخی هەموو بازاڕیان کردبوو «٧٧ ل٢٣٠».
بەکارهێنانی مسکێن لە لادیەکاندا و پچوکی کێڵگەی بەرهەمهێنان وایکرد، کە رێژەی ژمارەی کرێکارانی کشتوکاڵ لە کوردستاندا لە زۆر شوێنی تری ناوچەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمتربێت. لاوازی گەورەبوونی وەرەشەی پیشەیی و پیشەسازی سەرەتایی هەمیسانەوە بووە هۆکاری ئەوەی ژمارەی کرێکاران لە شارەکانی کوردستاندا لەچاو ئەو شوێنانە کەمتر بێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئازاردان و رووتاندنەوە و باج و سەرانەی قورس لەسەر پێكهاتە ناموسڵمانەكانی كوردستان لە زۆر ناوچەدا، نمونەی ناوچەكانی جزیرە، هەكاری، ناوچەكانی شكاك زەرەرێكی زۆریدا بە بەرهەمهێنانی پیشەیی و بازرگانی لە وڵاتەكەدا. بەشێكی زۆری بازرگان و پیشەگەرەكانی كوردستان لەناو ئەو پێكهاتانە بوون. بەهۆی ئەو رەفتارانەوە بەشێكی زۆریان كوژران، یان دەربەدەری ناوچەكانی تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان جیهان بوون. بەشداریكردن لە كۆمەلكوژیی و تاڵانكردن و دەربەدەركردنی ئەرمەنییەكاندا هەمیسانەوە زەرەریدا بە بازرگانی و بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە كوردستان و ناوچەكەدا. مانەوەی ئەوانە و گەشەكردن و بوونی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەودراوسێیە گرنگەدادەبووە فاكتەرێكی یاریدەدەر بۆ گەشەكردنی بازرگانی و پیشەسازی سەرەتایی لە وڵاتەكەدا «**٩٦** ل**٢٨١\٨٥** ل**٥٧**».

لە دوای دابەشبوونی كوردستان بەسەر چەند دەوڵەتدا لە ساڵی **١٩١٩** وە، خێڵە رەوەندەكان چیتر وەكو جاران نەیان دەتوانی ئەو سنورانە بشكێنن. بێجگەلە گەرمیان و كوێستان كردن كاری كاروانچێتی و بازرگانی لە نێوان ئەو ناوچە لە یەك دابراوانەیان كردووە. بە گەشەكردنی ئابوری و بوژاندنەوەی بازرگانی لە وڵاتەكەدا و ئاسانكاری لەوەدا دەكرا ئەو خێڵانە رۆڵی زیاتر ببینن لە كاروباری بازرگانیدا و هەندێكیان ببنە توێژێكی بازرگانی چالاك «**٩٨** ل**١١٣**». بەڵام ئەو سنورانە هەر وەكو سنووری پێشووی نێوان میرنشین و دەسەڵاتی شێخ و خێڵە دەسەڵاتدارەكان رێگربوو لەوە.

ئەم زەمینەتە رێگەی خۆشكرد، كە بە دزێوە و لە رێگەی دانی بەرتیل یان بەكارهێنانی هێزەوە بەردەوام بن بە كاروباری ئاڵوگۆڕی بازرگانی كە بە قاچاغچێتی ناسراوە. ئەم پرۆسەیە بە درێژایی سەدەی بیست و هەتا ئێستاش كەم یان زۆر هەر بەردەوامە. قاچاغچێتی دەلیلی نەبوونی بازاڕی ئازاد و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و هاتوچۆی ئازادە لە نێوان ناوچە و وڵاتەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، كە كۆسپێكی گەورەیە لەبەردەم پێشكەوتنی ئابوری ناوچەكەدا.

بەتایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، بەشێك لە كوڕانی توێژە ئۆروستۆكراتەكانی كورد لە سەرەك خێڵ و شێخ و كاربەدستە دەوڵەمەندەكان بە مەبەستی خوێندن و ژیانێكی خۆشتر یان كاركردن لە دامودەزگای دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا روویانكردە شارە گەرەكانی وەكو تاران و ئەستەنبوڵ و قاهیر و بەیروت یان شارەكانی ئەوروپا. ئەمانە لەو شوێنانە توێژێكی ئۆروستۆكراتی رۆشنبیری كوریان لێ دروست بوو. لەگەڵ ئەوەی ئەمانە كورد بوون، بەڵام

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشـێوەیەکی گشـتی لـە کۆمەڵگـەو خەڵکـی کوردسـتان دابـڕاو بـوون.
دوای داڕمانــی دوو دەوڵەتەکــە، بەشـێک لــە کاربەدەســتە کــوردە کۆنەکانــی ئــەو دەوڵەتــە، کــە لــە دەزگا ســەربازی و ئیدارییەکانــدا کاریــان کردبــوو چــی تــر لــە دامــودەزگای دەوڵەتــە نوێیکانــدا وەکــو جــاران جێگەیــان نەبــۆوە و گەڕانــەوە بــۆ شــوێنە کۆنەکانــی خۆیــان لــە کوردســتاندا. ئەمانــە و کوڕەکانیــان توێژێکــی نوێیــی خوێنــدەوار، یــان رۆشــنبیریان لــێ دروســتبوو و کەوتنــە کارکــردن لــە بەڕێوەبردنــی کاروبــاری دەوڵەتــدا لــە ناوچەکانــی کوردســتادا. ئەمانــە هەوێنــی توێژێکــی بــرژوای بچوکیــان لــێ دروســتبوو «**٨٥** ل**٥٠٦**».

## لاوازی دەرفەتی بەشداریکردن لە چاکسازی و بڕیارداندا ١٩٠٦-١٩٢٥

لەبەرئــەوەی دەوڵەتێکــی ناوەنــدی ناوچەکانــی کوردســتانی پێکــەوە نەدەبەســتەوە، ناوچەکانیلەیــەک دابــڕاو بــوون و پاشــکۆی دوو دەوڵەتەکــە بــوون، دەبێــت لــە دوو ئاســتدا باســی دەرفەتــی بەشــداریکردن لــە بڕیــاردان و پرۆســەی چاکســازیدا بکەیــن. بەشــداریکردن لــە ناوخــۆی کوردســتان و بەشــداریکردن لــە رێگــەی دەمــودەزگای دوو دەوڵەتەکــەوە.
لەبەرئــەوەی کۆمەڵگەکــە لەنــاو خۆیــدا بەســەر پێکهاتــە و چینوتوێــژی جیاوازەوهدابەشـبوو، لـە ناوچەکـەدا چەندیـن ئەکتەر و هێز و رێبـازی گۆڕانکاریجیاواز هەبـوو، بەهەمـان شـێوە لـە کوردستانیشـدا گرفتـی بوونـی دەرفـەت لـە بڕیـاردان و هەڵبژاردنــی رێبــازی گۆڕانــکاری جیــاواز هەبــوو.
لەگـەڵ ئـەوەی لـە کۆتایی سـەدەی نۆزدە و سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا میرنشـینەکان لەناوچووبـوون، بـەڵام بەهـۆی سروشـتی تاکـڕەوی و تونـدڕەوی سـەرەک خێـڵ و شـێخەکانەوە، کـە کۆنترۆڵـی کوردسـتانیان کردبـوو، هەروەهـا بەهـۆی ئـەوەی ئەوانـە بـە شـێوەیەکی گشـتی پاشـکۆ و هاوپەیمانـی دوو دەوڵەتـی فیوداڵـی خێڵایەتێکـە بوون، هیـچ گۆڕانکاریـەک لـە دەرفەتـی بەشـداریکردن لەبڕیاردانـدا روویـنـەدا.
لەبەرئـەوەی کوردسـتان دەسـەڵاتێکی ناوەنـدی هاوبەشـی تێـدا نەبـوو، شـورایەک یـان ئەنجوومەنێکـی هاوبـەش نەبـوو لـە رێگەیـەوە ئـەو دەسـەڵاتدارانەی کوردسـتان لـە رێگـەی راوێـژکاری و دەنگدانـەوە بڕیـاری سیاسـی و ئابـوری بـدەن، هـەر وەکـو جـاران هــەر یەکــێ لەوانــە تاکڕەوانــە بڕیــاری رەهــای لــە ناوچەکــەی خۆیــدا دەدا. لەبـەر ملمانـە و دوژمنایەتـی نێوانیـان بـە لاوازی مابوونـەوە و هـەر یەکەدەچوونـە پـاڵ یەکـێ لـەو دەوڵەتانـە یـان کڕنۆشـیان بـۆ دەوڵـەت و هێـزە بێگانەکاندەبـرد، کـە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشتگیرییان بکەن و لە بارامبەردا دەبوونە پاشکۆ و ئەڵقە لەگوێی ئەوان.

نەبوونی دەرفەتی بەشداریکردن لە بڕیاری سیاسی و ئابوری ناوخۆی کوردستاندا، لە پاڵ لاوازیچینوتوێژە نوێیەکاندا، فاکتەرێکی تری سەرەکی بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان نەیتوانی ڕێبازی بونیادنانیسیستمێکی نوێیی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر بگرێت و ببێتە بە بەشێکی سەربەخۆ و کاریگەر لە سیستمی کەپیتالیستی جیهاندا.

لەبەر لاوازی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و لاوازی چینی بازرگانی گەورە و فیوداڵی موڵکداری پاشکۆ بۆ سەرمایەداری جیهان و لاوزی دەرفەتیان لە بڕیارداندا لەسەر ڕێبازی گەشەکردنی ئابوری و سیاسی وڵاتەکە و ڕاکێشانی سەرنجی دەوڵەتە کەپیتالیست و کومپانیەکانیان، بڕیار لەسەر دوارۆژی وڵاتەکە دواتر کەوتە دەست دەوڵەتە کەپیتالیستە بێگانەکانەوە.

لەبەر ئەو فاکتەرانە کۆمەڵگەی کوردستان، هەموو پێکهاتە و چینوتوێژە کۆمەڵایەتەکانی بە درێژایی ئەو قۆناغە بە لاوازی و پچڕپچڕی و بێ دەسەڵاتی مانەوە. بڕیاردان لەسەر ژیانیان، بوون و نەمانیان و پاشەڕۆژی سیاسی و ئابوری وڵاتەکە کەوتە دەست بێگانە. لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکەدا ڕوویدا و لە سەرەتای سەدی بیستدا بزووتنەوەی دەستوری لە هەردوو وڵاتەکە کەوتە جۆش، بەڵام لەبەر ئەو فاکتەرانە بەشداریکردنی هەموو پێکاهاتەو چینوتوێژەکانی کوردستان ڕۆڵێکی لاواز و ناکاریگەریان هەبوو لەو بزووتنەیەدا. لەباتی ئەوەی ڕۆڵی وڵاتەکە ببێتە فاکتەرێک بۆ بەهێزکردنی ئەو بزووتنەیەو بونیادنانیسیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر لە ناوچەکەدا کە لە پاڵیدا بتوانن لە ڕێگەی بەشداریکردن لە بڕیارداندا مافە دیموکراتی و چارەنوسیەکانی خەڵکانی کوردستان و پێکهاتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەستورێکی نوێدا بچەسپێنن، بوونە ڕێگر لە گۆڕانکاری و چاکسازی یاسایی و سیاسی و پاڵپشت بۆ مانەوەی دەسەڵاتی شاٰسوڵتان و سیستمی فیوداڵی خێڵەکی.

بەشداریکردنی خەڵکانی کوردستان لە بزووتنەوەی دەستوری دوو دەوڵەتەکەدا لە دوو ئاست و دوو ڕێبازی لەیەک جیاوازی هەبوو. ئاستێکیان بەشداریکردنی چینوتوێژ و پێکهاتەکانی ناوخۆی وڵاتەکە بوو لە پرۆسەکەدا و ئاستی دووەم بەشداریکردنی هەندێ کەسایەتی و گروپی کورد بوو تیایدا لە دەرەوەی ناوچەکانی کوردستان. لە هەردوو ئاستەکەدا دوو ڕێبازی جیاوازی هەبوو. ئەوانەی لەگەڵ چاکسازی یاسایی و سیاسی بوون و ئەوانەی دژی بوون «١١٦ ل٨٢\٩٧ ل٦٨».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵبەتە لە بەرلاوازی چینوتوێژە نوێیەکان لە وڵاتەکەدا و کۆنترلی وڵاتەکە لەلایەن سەرەک خێڵ و شێخەکان و کۆنترۆڵی زۆر لە شارەکان لەلایەن دەستوپێوەندی شا\سولتانەوە، ڕێبازی دژایەتیکردنی بزووتنەوەی دەستووری و چاکسازی لە کوردستاندا بە تەواوەتی لە سەرانسەری وڵاتەکەدا زاڵ بوو. زۆربەیدەسەڵاتدارانی کورد لە دەوڵەتی عوسمانیدا چونەتە ژێر چەتری بزاڤی کۆمکاری ئیسلامی سوڵتانەوە، کە لە پێناوی یەکخستنی موسڵمانان و مانەوەی خەلافەت و هێشتنەوەی سیستمی فیوداڵی خێڵەکی دامەزرابوو «**٩٦ ل١٨٤\١٠٥ ل٢٨٦**».

بەشێک لەو سەرەک خێڵ و شێخانە وەکو توێژێکی کۆنسەرڤەتیڤ پاڵپشتی بزووتنەوەی دەستوریان کردووە، بەڵام زۆربەیجار مەبەست لەو بەشداریکردنە چاکسازییکردن نەبووە، بەڵکو لە دژایەتیکردنی شێخێک یان خێڵێکی تربووە، کە دژایەتی بزووتنەوەکەی کردووە یاخود بۆ دەستکەوتی تایبەتی بووە لە ناچەکەیدا «**٩٥ ل٩٤\٧٧ ل٢١٧**».

لە هەندێ شارەکانی کوردستاندا خەڵکی نزیک لە بنەماڵە وەجاخزادەکان و شێخەکان و هەندێ فەرمانبەری دەوڵەت یان خوێندەواری توێژەکانی سەرەوە، کە خۆیان بە بلیمەت زانیوە و ویستویانە بە ناوی پشتگیریکردن لە ناوچەکانیان پێگەی خۆیان بەرزکەنەوە. ئەمانە بەسوکی سەیری چینوتوێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەیان کردووە و هیچ حیسابیەکیان بۆ نەکردوون. هەماهەنگی شا\سوڵتان یان گەنجە تورکەکان یان بزووتنەوەی دەستوری ئێرانیان کردووە بۆ پچڕینی پۆست و پایەی دەوڵەت. لە کاتی لێقەوماندا پشتیان کردۆتە خەڵکو هاریکاری دەسەڵاتدارانی دەوڵەتەکانیان کردووە «**٨٥ ل٥٠٦**».

ئەو سەرەک خێڵ و شێخانە مەسەلەی بەشداریکردنیان لە بڕیارداندا لە روانگەی عورفی خێڵەکییەوە بینیوە. ئەویش لە ڕێگەی وەرگرتنی پۆست و پایەی ئیداری و سەربازی و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکان و وەرگرتی زەویوزار و سامان و ناودەرکردنەوە.

کە ساڵی **١٩٠٨** شۆڕشی دەستوری لە دەوڵەتی عوسمانی روویدا شێخەکانی سلێمانی دژی وەستان و پاڵپشتی سوڵتان و مانەوەی سیستمی فیوداڵی خێڵەکیان کرد. بازرگانەکانی سلێمانی یاداشتیان بۆ حکومەتی نوێی ئەستەنبوڵنارد و تیایدا داوایانکرد لە زوڵمی شێخەکان نەجاتیان بدەن. بە بڕیاری ئەستەنبوڵ بنەماڵەی شێخان دەسەڵاتیان لێ سەندرایەوە و لە شار دوورخرانەوە. بەڵام دوای شکستهێنانیشۆڕشی دەستوری، سوڵتان ئەوانەی گەڕانەوە بۆ سلێمانی. هەر لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای گەڕانەوەیان ئەو بنەماڵەیە کەوتنەوە تۆڵەسەندن لە بازرگان و کاسبکار و بەرهەمهێنەرەکانی شارەکە «**٨٥** ل**٥٠٥**».

شێخەکانی بەرزان شێخی پەیڕەوی نەقشبەندی بوون و لە ڕێگەی موریدەوە بوونەتە شێخ، نەکو پشتاوپشت. ساڵی **١٩٠٣**هەندێ چاکسازییانکرد، لەوانە دابەشکردنی هەندێ زەوی بەسەر ئەندامی خێڵەکەیاندا، نەهێشتنی مارەیی و بەزۆر کچ بە شوودان. دروستکردنی مزگەوت لە گوندەکان، لە هەر هۆزێک هێزێکی چەکداریان دروستکرد. کە ساڵی **١٩٠٨** شۆڕشی دەستوری روویدا، چەند داواکارییەکیان خستە بەردەمئیتیحادییەکان. لەوانە بە کوردی خوێندن و کردنی کوردی بە زمانی فەرمی بادینان، کاربەدەستانی دەوڵەت زمانی کوردی بزانن، بەکارهێنانی شەریعەتی ئیسلام لە حوکومڕانی و باجداندا. ئیتیحادیەکان وەڵامیان نەدانەوە، بەڵام دوای شکستهێنانی شۆڕشی دەستوری لە ساڵی **١٩١٢** وازیان لە داواکارییەکانیان هێناو پەیوەندییان لەگەڵ سوڵتان باشبوو. کە ساڵی **١٩١٤** سەرلەنوێ ئیتیحادییەکان حوکمەتیان پێکهێنا، بەهۆی زیادکردنی باج لەسەریان گرژی کەوتە نێوانیان. دواتر سوپای عوسمانی دەستیگرت بەسەر ناوچەکەدا «**٨٥** ل**٣٤٥**».

هەڵبەتە داواکاری و هەوڵدانی چاکسازی بچوک لە هەندێ شار یان ناوچەی بچوکی وڵاتەکە جار بەجار روویداوە، بەڵام ئەوانە لە پێناوی گۆڕانی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوریدا نەبووە و داواکاری بچوک بوون و لە سنورێکی بچوکدا بەلاوازی ماوەتەوە و هیچ هەماهەنگییەک لە نێوان ناوچەکاندا نەبووە. لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی ئێران و کۆنترۆڵی باشوور و باکووری وڵاتەکە لەلایەن ئینگلتەرا و روسیاوە، وایکرد کە لە ساڵەکانی **١٩١٠**لە زۆر شوێنی وڵاتەکە و بەتایبەتی کوردستان رۆڵی هەندێ سەرەک خێڵ و شێخ و پیاوانی بنەماڵەی قاجار زیاد بکات و بەهەوەسی خۆیان ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەن و هەریەکەیان بەپێی توانای خۆی گەورەترین بەش بۆ خۆی بپچڕێت. کۆنترۆڵی ئەو ناوچانە لەلایەن ئەوانەوە دەرفەتی بەشداریکردنی خەڵکی ئەو ناوچانەی لە ناوخۆ و دەوڵەتی ئێراندا کەمتر کردبۆوە «**٩٦** ل**٥٦**».

ساڵەکانی **١٩١١** لە ئێران خێڵە کوردەکان دابەشبوون بەسەر دوو باڵەوە. هەندێکیان نمونەی سەرەک خێڵەکانی جاف و لوڕ و کەلهور پشتگیری شا و بەردەوامی سیستمی فیودالی خێڵەکیان دەکرد. بەشێکی تریان لەگەڵ بزووتنەوەی دەستوریدا بوون ، نمونەی ئەوانە هەندێ خێڵی دەوروبەری کرماشان و خێڵی سەنجاوی و بەشێکی زۆر لە بەختیارییەکان. هۆکاری سەرەکی دابەشبوونی زۆربەیان بەسەر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوو باڵدا زیاتر بۆ بەربەرەکانی نێوانیان ئەوانە لە پێناوی بەهێزکردنی دەسەڵات خۆیان و پچڕینی گەورەترین ڕێژەی زەویوزار و داهاتی ئابوری نەوک ململانێ بووبێت لە پێناوی چاکسازی و گەشەکردنی کۆمەڵگەدا «**١٠٥** ل**١١٦\٣١٨** ل**١١٥**».

سەرۆکی خێڵەکانی شکاک لە ساڵەکانی **١٨٠٨** یەکێک بوو لەوانەی کە پشتگیری بزووتنەوەی دەستوریکرد. بۆ ئەوەی لە بزووتنەوەکە دووریخاتەوە، شای ئێران قەولی پێدا کە پێگەی لەو ناوچانەدا بەهێز بکات و بەفەرمی بیکات بەسەرک خێڵەکانی شکاک. هەڵبەتە ئەویش بە خۆشحاڵیەوە پێشنیازەکەی شای پەسندکرد. دواترشا دەعوەتی کرد بۆ لای خۆی و لەوێ کوشتی. بەکوشتنی سەرکردەکەیان خێڵەکانی شکاک بۆ چەندین ساڵ پەرتەوازە بوون و بەشێکیان پەنایان بردەبەر دەوڵەتی عوسمانی «**١٠٥** ل**٢٨٦**».

پێشتر دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بنەمای فیوداڵی خێڵەکی دامەزرا بوو، کە تیایدا بنەماڵەی عوسمانی و سوڵتان دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو بەسەر هەموو پێکهاتەکانی دەوڵەتەکە بە تورکەکانیشەوە. بێجگەلە دەستەبژێری دەسەڵاتدارەی دەوڵەت هەموو ئەوانە بە کاربەڕێوەبەر یان رعیەت حسابیان بۆ کراوە. بەڵام بە بەهێزبوونی ئیتیحادیەکان و قەڵەوبوونی برجوای تورکی لەسەر حسابی بەرهەمهێنەر و بازرگان و خاوەن کەپیتالە ناموسڵمانەکان و بەپلەی یەکەم ئەرمەنییەکان لەو ساڵانەدا سروشتی حکومەتەکە، نەکو دەوڵەتەکە، بەرەو ناشونالیزمی نەژادپەرستی تورک ملی نا.

ساڵی **١٩٠٨** بەهۆی بەشداریکردنی چەندین خێڵ و شێخ و توێژی کوردەوە لە دژایەتیکردنی ئەرمەنییەکان، دەمارگیری ناشونالیزم لەناو هەندێ کوردا بەهێز بوو. دواتر ئەوە رووی وەرگێڕاو بووە هۆکاری دروستبوونی بزووتنەوەیەک، کە داوای جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی بۆ کورد دەکرد.

سەرەک خێڵە کوردەکانبەهۆی دۆستایەتیان لەگەڵ سوڵتان و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی و بەرژەوندی تایبەتی خۆیان لە تاڵانیدا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدە بەشداریان لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەن کردو دواتر ساڵەکانی **١٩١٥**، کە تیایدا نزیکەی **٢** ملیون ئەرمەنی راگوێزران و نێوان **٥٠٠**هەزار هەتا ملیۆنێک کوژران. ئەرمەنییەکان خەڵکی رەسەنی ناوچەکەن و بەشێک لە تورکیا وڵاتی ئەوانە. بەشداریکردنی ئەو خێڵە کوردانە لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکاندا تەنها زیانبەخش نەبوو بۆ ئەو میللەتە، بەڵکو دەرفەتی بەشداریکردنی میللەت و پێکهاتە و چینوتوێژەکانی ناوچەکەی لە بڕیارداندا لاوازکرد و بووە یەکێک لەو فاکتەرانەی کوردستانی کردە ژێردەست و دابەشبوو و پاشکۆ «**٨٥** ل**٢٧٠**».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ئەستەنبوڵ و قاهیرە و هەندێ پایەتەختەکانی ئەوروپا ژمارەیەک توێژی ئۆروستۆکراتی کورد هەبوون. ئەوانەی ئەوروپا زیاتر خەڵکی خوێندەواری رۆشنبیربوون و ئەوانەی ئەستەنبوڵ پۆستی ئیداری و سەربازییان هەبوو لە دەوڵەکەدا. ئەمانە خەڵکێکی زۆریان لە کوڕ و خزم و کەسوکار لە دەوربوو. ئەمانەش هەر وەکو خەڵکانی کوردستان لە دوو پاڵ پێکهاتبوون «٨٢ ل٧٢». بەشێکیان پشتگیری سوڵتان و مانەوەی سیستمی فیوداڵی خێڵەکیان دەکرد. ئەمانە ئەگەر داخوازیشیان بووبێت لە بازنەی ئەو دەوڵەتە و بەرژەوەندی خۆیان دەرنەچووە. بەشەکەی تریان لایەنگیری بزووتنەوەی دەستووریان دەکرد. لەسەرەتادا توێژێک لەوانەلە ئەوروپا و ئەستەنبوڵلەگەڵ گەنجانی تورک و دواتر ئیتیحادییەکان لە بزووتنەوەی دەستووریدا چالاکی وهاریکاریان هەبوو. بەهۆی گۆڕانگاری لە ریزەکانی ئیتیحادییەکان و گرتنی رێبازی نەژادی نەتەوایەتی تورک و بەهێزبوونی باڵی سەربازی تیایاندا، لەو رێکخراوانەدا توانای بەشداریکردن و بڕیاردانی ئەو کەسایەتییە کوردیانە کەمیکرد. لێدانی ئەرمەنی و پێکهاتەکانی تر لەلایەن ئیتیحادییەکانەوە، زۆر هاوپەیمان و دۆستی ئەو کوردانەی نەهێشت و لاوازیکردن «٧٧ ل٢١٤».

بۆ یەکەمجار سالی ١٩٠٨ لە ئەستەنبوڵ رێکخراویکی ناسونالیستی کورد بە ناوی (جەمعیەی تەعاون و تەرەقی کورد) دروستبوو. ئەمانە توێژێکی رۆشنبیر بوون لە بنەماڵە ئۆروستۆکراتەکانی بەدرخان و بابان و نەهری. پەیوەندی ئەوتۆیان بە خەڵکی کوردستانەوە نەبوو. زیاتر بۆ ناودەرکردن و بەرژەوەندی خۆیان کاریان دەکرد. تورکە لاوەکان هەر لە دوای بەهێزبوونیان ئەم رێکخراوەیان قەدەغەکرد، بە تۆمەتی ئەوەی کە ئۆروستۆکرات بوون و نزیک بوون لە سوڵتانەوە و دژی چاکسازی بوون و هەروەها کورد بوون و خۆیان لە تورک جیادەکردەوە.

ساڵی ١٩١٢ کۆمەڵەی خوێندکارە کوردەکان بەناوی(هیڤی) دامەزرا. لەناو ئەمانەدا وەجاخزادە کەمتر بوو. خەڵکانی وردە بۆرژوا بوون و لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە ئەستەنبوڵ کاریان دەکرد. زیاتر لە گێژاوی رۆمانسی نەتەوایەتیدا دەخولانەوە و چاویان لە لاوە تورکەکان دەکرد. هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە کۆمەڵگەی کوردییەوە نەبوو و شارەزای زەمینە و خاسڵەتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان نەبوون. ساڵی ١٩١٤ پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانییان کرد لە شەڕی جیهانیدا و هەڵوەشایەوە.

ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەنبوڵ جەمعیەی تعالیمی کوردستان لە پیاو ماقوڵانی کوردی ئەوێ دامەزرا. پەیوەندییان بە حکومەتی عوسمانی و هاوپەیمانانەوە کرد بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد. ئەوانە لاواز بوون و لە ناوخۆیاندا ناکۆک بوون و داخوازی لەیەک جیاوازیان هەبوو. هەندێکیان داوای کوردستانی سەربەخۆیان دەکرد لەژێر مەنداتی ئینگلتەرادا، بە شەکیان داوای ئوتۆنۆمیان دەکرد لەژێر مەنداتی بەریتانیاو بەشێکی تریان دەیانویست لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا نیمچە سەربەخۆیی یان ئوتونۆمیان پێبدرێت. ئەوانە توێژێکی رۆشنبیربوون و پەیوەندی ئەوتۆیان لەگەڵ خەڵک و شێخ و ناوچەکانی کوردستاندانەبوو «٧٧ ل**٢١٥\٨٥** ل**٤٦٧**».

لەبەر لاوازی چینوتوێژە نوێیەکان لە کوردستاندا لەناویاندا بزووتنەوە و رێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی هەتا دوای ساڵەکانی **١٩٢٥** زۆر لاوازبوو. بۆیە بەشدارکردنیان لە بزووتنەوەی دەستوری و دواتر بەشداریکردن لە بڕیاردانی چارەنوسی وڵاتەکە زۆر کەمبوو. لەبەرنەبوونی پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ وڵاتەکەدا ناکرێ ئەو رێکخراو و کەسایەتیانە، کە لەو ساڵانەدا بەپێی توانای خۆیان چالاکیان نواندووە بە نوێنەری چینوتوێژ و پێکهاتەکانی کوردستان دابنرێن. ئەوانە توێژێکی ئۆروستۆکراتی رۆشنبیربوون، لووت بەرزبوون و خۆیان زۆر بە بلیمەت دەزانی و بە نزمی سەیری خەڵکی کوردستانیان دەکرد. شکستهێنان و بێدەسەڵاتی ئەوانە، وەکو هەندێک باسی لێدەکەن، بۆ لاوازی و دوورییان لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردستان دەگەڕێتەوە «**٨٥** ل**٥٠٥**».

## پاشکۆیەتی\دابەشبوون\ژێردەستی

ئایا شتێکی سەیرو چاوەڕواننەکراو بوو، کە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کوردستان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە کەوتە دەست وڵاتە کەپیتالیستەکان؟ لەباتی ئەوەی وڵاتەکە ببێت بە بەشێکی بەهێزی سەربەخۆی کاریگەر لە کەپیتالیزمی جیهانی، بووە پاشکۆیەکی لاوازی ئەو سیستەمە؟ وڵاتەکە دابەش بوو بەسەر چوار بەشەوە؟ هەر یەکێ لەو بەشانە کەوتە ژێردەست یەکێ لە وڵاتەکانی ناوچەکەوە، بێگومان ئەگەر بەوردی چاوێک بە لێکۆڵینەوەکەدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت هەموو ئەمانە بەهۆیخاسڵەتومێژووی کۆنی وڵاتەکەوەو ئەو زەمینە نوێیەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە تێیی کەوتبوودەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراوبوون.

لاوازی دەوڵەتانی ئێران و عوسمانی لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا و خەریکبوونی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بەو شەڕەوە، پێگەی بێگانەی لە کوردستاندا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوازکرد بوو. رەنگە لەو زەمینەیەدا دەوڵەتە هاوپەمانەکان بە سوودی خۆیان بزانیایە ئەگەر سەرەک خێڵ و شێخ و هێزەکانی کوردستان لەو شەڕەدا بێلایەن بوونایە و بەشداری شەڕەکەیان نەکردایە. لەکاتی بێلایەنبوونی ئەواندا، نە وڵاتەکە بەو شێوەیە کاول دەبوو، نە ژمارەیەک زۆر لە خەڵکی وڵاتەکە تیادەچوون و رەنگە بەوهۆیەوە زەمینەی گونجاو بۆ نیمچە گەشەکردن و سەربەخۆیی وڵاتەکە دروست بوایە.

لە زەمینەیەکی وادا بەبوونی چینوتوێژی نوێیی بەهێز لە کوردستاندا، دەرفەتێکی باش لە کایەدا بوو، کە وڵاتەکە بتوانێ سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری خۆی بەهێز بکات و ببێتە مەڵبەندێکی ئابوری سەربەخۆی بەهێز لە ناوچەکەدا. بەڵام بەهۆی ئەو خاسڵەت و فاکتەرانەی کە پێشتر باسمانکرد نە چینوتوێژی نوێیی بەهێز تیایدا دروست بوو، نە دەرفەتیان هەبووە بەشداریبکەن لەسەربڕیاردانی چارەنووسی وڵاتەکە.

ئەو چینوتوێژ و پێکهاتانەی لەساڵەکانی شەڕی جیهان و پێش و دوای ئەو شەڕەلە وڵاتەکەدا دەسەڵاتداربوون، سوود بەخشبوون لە مانەوەی سیستمی فیودالی خێڵەکی لەو دەوڵەتانەدا و لەژێر سایەیدا بوونە خاوەن زەویوزار. لە رێگەی باج و سەرانەو قۆرخکردنی بازرگانی و دەستکەوتی شەڕ و غەزاوە بوونە خاوەن سامانێکی زۆر. بۆیە بێ چەند و چۆن زۆربەیان بوونە هاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانی و بەدەنگی فەتواوە بۆ غەزا چوون و بە دڵ و بەگیان بەشداریان لە شەڕەکانکرد «٨٤ ل١٥». بە سەدەها هەزارو رەنگە ملیۆن خەڵکانی بەرهەمهێنەری وڵاتەکەیان لە کارو کاسبی دوورخستەوەو لەو شەڕانەدا تێوەگلان «٩٦ ل٢٥٣».

ئەگەرچی ئێران بێلایەن بوو لە شەڕی جیهانیدا، بەڵام چونکە کوردستانی رۆژهەڵات کەوتبووە سەر سنووری دەوڵەتی عوسمانی و ئێران، ناوچەکە بووە مەیدانی شەڕی ئینگلتەرا و روسیا لە لایەکەوە و ئەڵمانیا و دەوڵەتی عوسمانی لەلایەکی ترەوە. لەبەرئەوە ئەو ناوچانەش لە شەڕەکە گلابوون و رووبەڕووی هەمان کاول بوون و کوشتار بوونەوە «١٠٣ ل٨٥».

لەو ساڵانەدا ئەوەی بە خەیاڵی ئەو سەرکردە کوردانەدا نەهاتووە هەوڵدان بووە بۆ یەکخستنی وڵاتەکە و پچڕینی مافی کورد و پێکهاتەکانیتری وڵاتەکە، بۆیە بە درێژایی ئەو ساڵانە لە گوێ رایەڵبوون بۆ سوڵتان بەولاوە هیچ داواکاریەک یان خواستێکی نەتەوایەتی و نیشتمانیان نە خستۆتە بەردەم ئەو دەوڵەتانە «٧٧ ل٢١٩».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆتایی شەڕەکەدا و دۆراندنی دەوڵەتی عوسمانی تیایدا، کوردستان وڵاتێکی کاول و وێران بوو. لەو شەڕەدا نێوان ٥٠٠-٧٠٠ هەزار خەڵکی وڵاتەکە، کە زیاتر لە ٢٠٪ هەموو دانیشتوانی کوردستان بوون لەناوچوون. لەوانە دەوروبەری **٣٠٠**هەزاریان راستەوخۆ لەشەڕەکەدا کوژراون. بە مەبەستی بەرهەمهێنان بۆ شەڕ و بەشداری پێکردنیان لە شەڕدا و دوورخستنەوەیان لە وڵاتەکەیان، دەوڵەتی عوسمانی لەو ساڵانەدا دەرفەتی هێناو دەوروبەری ٧٠٠ هەزار کوردی لە ناوەڕاستی کوردستانەوە گواستەوە بۆ ئەنادۆڵ و زۆربەیان لە ناوچەکانی قۆنیا گیرسانەوە، کە ئەمڕۆ ئەو ناوچەیە بەشی هەرە زۆری کوردن «**٩٦ ل٢٥٥**». بەهۆی بەشداریکردنی گەنجی بەرهەمهێنەری وڵاتەکە لەو شەڕانەدا زەرەرێکی زۆر لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و ئاژەڵبەخێوکردن کەوت، پەتاو نەخۆشی بڵاو بۆوە و ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ و ئاژەڵ لە ناوچوون. زۆر لە کێڵگە و دارستان و گوند و شارەکان کاول بوون. گرانی کەوتە بازاڕەوە و خەڵکی لە برسا دەمردن و لە سەرما رەق دەبوونەوە. ئەو پیشەسازی و کاری پیشەیی و بازرگانیەی کە لەو پەنجا ساڵەی پێش شەڕدا بونیادنرابوو شکستیان هێناو بەشی زۆری خاوەنەکانیان، کە پاڵپشتی شێخ و سەرەک خێڵەکانیان نەبوو رووبەڕووینابووتبوون و هەژاری بوونەوە.

شکستهێنان و دۆراندنی شەڕ هەر رووی سوڵتانی عوسمانی نەگرتەوە، بەڵکو لەهەمانکاتدا ئەوە شکستهێنان و دۆراندنی سەرکردە کوردەکانیش بوو. دوای شەڕ ئەوانە لاواز و بێدەسەڵات و پچڕپچڕ بوون و لەناو خۆیاندا ناکۆک بوون. لە کوردستانی باکوور بەشێکیان هەر چاوەڕوانی سەرلەنوێ بەهێزبوونی سوڵتان بوون و بەشێکیان چاوەڕوانی کەمالییەکان بوون، کە خێرێکیان پێبکات و بەشداریان پێبکات لە شەڕکانی ناوخۆدا و هەندێ ناوچەو زەویوزاریان پێ ببەخشێ و پۆستی ئیداری و سیاسیان بداتێ. لە کوردستانی باشور دابەشبوون بەسەر چەند بەشێکەوە و چاوەڕوانی دەستی ئینگلتەرا بوون، کە لە ناوچەکانیان پلەی سیاسی و سەربازیان بداتێ. لە کوردستانی رۆژهەڵات پچڕپچڕ بوون و بەهۆی شکستهێنان و دارمانی دەوڵەتی قاجارەوە هەر خێڵ و دەسەڵاتدارێکی کورد دەیویست بەشێک بۆ خۆیی بپچڕێت «**٨٥ ل٢٨٤**».

هیچ یەکێ لەوانە هەمانگییان لە نێوەندا نەبوو و بگرە ئەگەر دژی یەکتر نەبوونایە پشتگیری یەکتریشیان نەدەکرد. بۆ نمونە لە کوردستانی باشوور شێخەکانی بەرزنجە تەنها کۆنترۆڵی ناوچەی سلێمانیان دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوای دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستانیان لە ئینگلیزەکان دەکرد. بێجگەلە بەشێکی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەم لە خێڵەکانی دەوروبەری سلێمانی کەسی تر پشتگیری نەدەکردن. شێخەکانی تاڵەبان لە ناوچەکانی کەرکوک کە ئەوانیش وەک شێخەکانی بەرزنجە قادری بوون پشتگیری مەملەکەتی کوردستانیان نەکرد و بە نوێنەری خۆیان دانەدەنا «**٩٦ ل ٢٨١**».

بەهۆی لاوازی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی ناوخۆی کوردستان و مانەوەی بازاڕەکانی بە پچوکی و نەبوژاندنەوەی بازرگانی ناوخۆ تیایدا و نەبەستنەوەی بازاڕی ناوچە جیاوازەکانی پێکەوە، لە وڵاتەکەدا چینوتوێژی نوێیی بەهێز دروست نەبوو، کە بتوانن بەردەوامی بدەن لە گەشەکردنی ئابوری وڵاتەکە. بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی هاوبەش لە وڵاتەکەدا و دابەشبوونی بەسەر چەندین ناوچەدا، کە هەر یەکەیان سەرەک خێڵ و شێخی فیودالی سروشت خێڵەکی دەستی بەسەرداگرت بوو، هیچ دەرفەتێک دروست نەبوو، کە ئەو چینوتوێژ و هێزە نوێ لاوازانە بەشداری لە بڕیاری سیاسی و ئابوری وڵاتەکەدا بکەن. ئەم دۆخە وڵاتەکەی بەلاوازی هێشتەوە و هەروەکو هەموو ناوچە و وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەرسات بووە پاشکۆیەکی زۆر لاوازی سەرمایەداری جیهان.

بەهۆی ئەو زەمینە نالەبارەوەلە وڵاتەکەدا مەڵبەندی ئابوری و سیاسی پاشکۆی بەهێز دروست نەبوو، کە سەرنجی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان راکێشێت و دەوڵەتێکی سەرانسەری تێدا دروست بێت. بڕیاردان لەسەر پاشەڕۆژی وڵاتەکە کەوتە دەست دەوڵەتانی هاوپەیمان. ئەو دەوڵەتانەش بەپێی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان نەخشەی پاشەڕۆژی وڵاتەکەیان داڕشت. وڵاتەکە بەلاوازی و پارچە پارچەیی مایەوە و هەر پارچەیەکی بەسترا بە نزیکترین مەڵبەندی ئابوری و سیاسی و لکێنرا بە چوار دەوڵەتی جیاوازەوە. ئەو لکاندنە سەرەڕای پاشکۆیەتی بۆ سیستمی سەرمایەداری جیهان وڵاتەکی دابەش کرد و هەر بەشەی کەوتە ژێردەستی یەکێ لە دەوڵەتە نوێیەکانەوە «**٩٦ ل ٢٥٧**».

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لەسەردەمی بەهێزبوونی کەمالیەکاندا، کۆمەڵەی هیڤی و باڵێک لە جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد سەرلەنوێ کەوتنەوە کارو پێکەوە کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتماعیان لە ئەستەنبوڵ پێکهێنا.

ئەم کۆمەڵەیە بچوک و لاوازبوو و پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ کۆمەڵگەی کورددا کەمبوو. لەو ساڵانەدا پەیوەندییان بەست لەگەڵ هەندێ سەرەک خێل و پیاوانی ماقوڵی شارەکانی باکوری کوردستان بۆ هەمانگیکردن لەگەڵیاندا. لەهەمان کاتدا کەمالییەکان لە ساڵەکانی **١٩١٩** پێیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـەرەک خێڵـەکان بەسـت و قەولـی یەکسـانی و برایەتـی تـورک و کـورد و دانـی دەسـەڵاتی خۆجێییـان پێـدان.
سـەرەڕای ئـەوەی کۆمەڵـەی تەشـکیلاتی ئیجتماعـی هیـچ بنەمایەکـی کۆمێڵایەتـی بەهێـزی نەبـوو، پەیوەنـدی توندوتۆڵیـان بەچینوتوێـژە بەرهەمهێنەرکانـی کوردسـتان نەبـوو، هەروەهـا زۆر دووربـوون لـەوەی بـۆ بونیادنانیسیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بەرفراوانتـر لـە کوردسـتانداکاربکەن، هیـچ ئامانـج و پرۆگرامێکـی روون و دیاریکراویـان نەبـوو بـۆ چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـورد و نەیاندەوێـرا باسـی سـەربەخۆیی کوردسـتان بکـەن. زۆربـەی شـێخ و سـەرەک خێڵـەکان گوێڕایەڵیـان نەبـوون و لـە هەنـدێ ناوچـەی بچوکـی کوردسـتانی باکـور نەبێـت پشـتگیری بەشـەکانی تـری کوردسـتانیان نەبـوو «**٨٥** ل**٤٧٤**. **٩٦** ل**٢٩١**».
لـەدوای دارمانـی دەوڵەتەکانـی قاجـار و عوسـمانی و دامەزراندنـی دەوڵەتـی بچوکـی نـوێ لـە ناوچەکـەدا و دابەشـبوونی کوردسـتان بەسـەریاندا، بەهـۆی چەنـد فاکتەرێکـەوە شـەپۆلێکی نوێـی نارەزایـی و راپەڕیـن لـە کوردسـتاندا دەسـتیپێکرد.
سـاڵی **١٩٢٣** دەوڵەتـی خەلافەتـی عوسـمانی بەفەرمـی هەڵوەشـایەوەو کۆمـاری تورکیایعیلمانـی جێگـەی گرتـەوە، هەروهـا دەوڵەتـی قاجـار لـە ئێـران کەوتـو دەوڵەتـی پاشـایی پەهلـەوی تیایـدا دامـەزرا. زۆربـەی سـەرەک خێـڵ و شـێخەکانی کوردسـتان شکسـتهێنان و دارمانـی ئـەو دەوڵەتانەیـان بـە شکسـتی خۆیـان دەزانـی و کەوتنـە خۆیـان بـۆ سـەرلەنوێ دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی فیوداڵـی خێڵەکـی ئیسـلامی نـوێ ئەگەرچـی تەنهـا لـە سـنوری ناوچەکانـی خۆیـان یـان کوردسـتاندا بێـت.
زۆربـەی شـێخ و سـەرەک خێڵەکانـی کوردبڵاوبوونـەوەی سـەرمایەداری جیهـان و سـەرکەوتنی دەوڵەتـە کەپیتالیسـتە غەیـرە دینـەکان لـە شـەڕی جیهانیـدا و کۆنترۆڵـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەلایـان ئەوانـەوە و دروسـتبوونی دەوڵەتـی تورکـی عیلمانیـان بـە هەڕەشـە لەسـەر مـان و نەمانـی خۆیـان و پاشـماوەکانی سیسـتمی فیوداڵـی خێڵەکـی دەزانـی «**٨٥** ل**٢٨٤**».
ئەمانـە بەشـێک لـەو فاکتەرانـەن کـە بوونـە هۆکاریراپەڕینـی ژمارەیـەک لـە شـێخ و سـەرەک خێڵـی کـورد لـەو سـەردەمەدا. فاکتەرێکـی گرنگیتـر، کـە تـرس و نارەزایـی زۆربـەی خەڵکـی کوردسـتانی لێکەوتـەوە، سروشـتی ناسیۆنالیسـتی نەژادپەرسـتی دەوڵەتـی کەمالیسـتی تورکیـا بـوو. دەوڵەتـی تورکیـای نـوێ هەڕەشـە بـوو لەسـەر مـان و نەمانـی نەتەوکانـی تـری تورکیـا لەناویانـدا کـورد.
دەوڵەتـی پەهلـەوی نوێـی ئێـران بێجگەلـە سروشـتی پاشـکۆیەتی و سـەرکوتکردنی چینوتوێـژە نوێیەکانـی وڵاتەکـە لـە رێگـەی بەکارهێنانی هێـزەوە کەوتە سـەرکوتکردنی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێکهاتەکانی وڵاتەکەو پێشێلکردنی مافەکانیان. هەرچەندە عێراق و سوریا بۆ چەند ساڵێک لەژێر ئینتیدابی ئینگلتەراو فەرەنسادا بوون و دەوڵەتی لاواز و ئەڵقەلەگوێ و باشکۆبوون، بەڵام هیچ حسابیان بۆ بەشداریکردنی خەڵکانی کوردستان و پێکهاتەکانی تر نەدەکرد لە حوکومرانیدا.

ئەم فاکتەرو زەمینەیە لە لایەکەوە سروشتێکی رزگاری خوازای نەتەوایەتیدا بەو راپەڕینانەی کە لە وڵاتەکەدا رووبەڕووی ئەو دەوڵەتە نوێیانەو هێزی دەرەکی دەبوونەوە، لەلایەکی ترەوە سروشتێکی کۆنسەرڤەتیڤی پێدان، چونکە دەیانویست سەرلەنوێ ستەمی فیوداڵی خێڵەکی ئیسلامی بژێننەوە. ئەو رێبازە لەلایەکەوە رێگربوو لە بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری لە ناوچەکەدا و لەلایەکی ترەوە رێگربوو لە گەشەکردنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و پیشەسازی خۆماڵی و بوژاندنەوەی بازرگانی لە وڵاتەکەدا. لەهەمانکاتدا سروشتی تاکڕەوی و توندڕەوی ئەو سەرکردانە وایکرد، کە ئەوانە نەتوانن بزووتنەوەو هێزو داواکارییەکانیان یەکخەن. لەهەمانکاتدا چەوساندنەوەی چینوتوێژ و پێکهاتەکانی وڵاتەکە لەلایەن ئەوانەوەو رێگە پێنەدانیان لە بەشداریکردن لە بڕیاردانی چارەنووسی وڵاتەکە هێندەی تر ئەو راپەڕینانەی لاواز و بچووککرد.

ئەوانەی لەو سەردەمەدا توانای سەرکردایەتی بزووتنەوەکانی وڵاتەکەیان هەبوو بە پلەی یەکەم شێخەکان بوون. لە رێگەی هەڵگرتنی ئاڵای ئیسلامەوە لایەنگیری زۆریان لەناو خەڵکدا هەبوو، هەروەها هەتا رادەیەک توانای یەکستنی ژمارەیەک خێڵیان هەبوو «١٩ ل٦٩».

بەشێوەیەکی گشتی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران دژی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٤، هەروەهاشۆڕشەکەی شێخ مەحمود دژی ئینگلیز ئەو خاسڵەتانەی سەرەوەیان تێدابوو. ئەوەی لە کوردستانی رۆژهەڵات لەو ساڵانەدا روویدا زیاتر بزووتنەوەکەی خێڵەکانی شکاک بوو بەسەرۆکایەتی سمکۆ. وەکو ناسراوە ئەو راپەڕینانە یەک لە دوای یەک شکستیان هێنا. هۆکاری شکستهێنانی ئەو راپەڕینانە، بێجگەلە سروشتی کۆنسەرڤەتیڤیان، دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاکتەرێکی گرنگی تر:

- ژمارەیەکی زۆر لە خێڵەکان لەبەر بەرژەوندی تایبەتی موڵکایەتی و خێڵەکی خۆیان یان پشتگیری هێزەکانی بێگانەیان دەکرد، یان هیچ پاڵپشتنی راپەڕینەکانیان نەکرد «٨٥ ل١٢٨».

- راپەڕینەکان لەلایەن شێخەکان و خێڵەکیەکانەوە لە لادیەکانەوە دەستیپێکرد و دواتر روویانکردە شارەکان. بەتایبەتی لە باکوری کوردستان هەندێ لەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەنگاوەرانەلەبەرئـەوەی نەیاندەتوانـی شـارەکان بەڕێوەبـەرن و سـەقامگیری تیایانـدا بپارێـزن، گـەڕەلاوژێ و کوشـتن و تاڵانـکاری تیایانـدا دروسـتبوو. بەشـێکی تـر لـە خێڵـەکان دەکەوتنــە تاڵانــی و رووتکردنــەوەی خەڵــک. ئەمانــە هەمــووی دەبوونــە هــۆکاری بێــزاری دانیشــتوان لێیــان و هەوڵــدان بــۆ دەرکردنیــان لــە شــارەکان.

– مسـکێنەکان کـە زۆرینـەی خەڵکـی کوردسـتان بـوون بێجگەلـە ئـەوەی بەدەسـت ئـەو شـێخ و سـەرەک خێڵانـەوە دەچەوسـێنرانەوە، هـەر وەکـو رەعیـەت دادەنـران و هیـچ مافێکیـان نەبـوو لـە بڕیاردانـی چارەنوسـی خۆیانـدا و لای ئەوانـە بـە خەڵکـی گەمـژەوە بێدەسـەڵات دادەنـران و بەشـداریان لـە راپەڕینەکانـدا پێنەدەکـرا «٩٦ ل٢٩١».

– هیـچ هاریـکاری و هاوسـەنگی لـە نێـوان ئـەو راپەڕینانـەدا نەبوو. هیـچ ئەنجوومەنێک یـان شـورایەک نەبـوو کـە تیایـدا هیـچ نەبێـت شـێخ و وەجاخـزادەکان راوێـژی تێـدا بکـەن و تیایـدا بڕیـاری بەکۆمـەڵ بـدەن. بڕیـاری رەهـا لەدەسـتی سـەرکردەدا بـوو.

– وەجاخـزادە و توێـژی سـەرەوەی خەڵکانـی شـارەکان لەبـەر بەرژەوەنـدی خۆیـان ئەگەرچــی لــە دڵــەوە پشــتگیری بزووتنەوەکەیــان بکردایــە لەبــەر بەرژەوەنــدی خۆیــان بەشــداریان نەدەکــرد. چینوتوێژەبەرهەمهێنــەرەکان و پیشــەگەر و کاســب و بازرگانــەکان و کرێــکاران و رەشــوڕووتی شــارەکان لاواز و بێدەســەڵات بــوون و لــە هیــچ رێکخراوێــک یــان ئەنجوومەنێکــدا خۆیــان یــەک نەخســت بــوو، لای ســەرکردەکان هیــچ حســابێکیان بــۆ نەکــراوە و بەشــداریان پێنەکــراوە. بەشــێک لــە هــەژارەکان ئەگــەر بەشداریشــیان کردبێــت لــە پێنــاوی تاڵانــی و راوڕووتــدا بــووە «٨٥ ل٥٠٧».

– هیــچ حســاب بــۆ بەرژەوەنــدی و رای پێکهاتــە نەتەوەیــی و ئایینیەکانــی کوردســتان نەکــراوەو لــە باشــترین ئەگــەردا ویســتویانە بــە زمانــی خــۆش بــەلای خۆیانــدا رایــان کێشــن. لــە هەنــدێ ناوچــەدا و بەتایبەتــی لــە ناوچەکانــی شــکاکدا، ژمارەیەکــی زۆر لــە پێکهاتــەی ناموســڵمان کــوژران و تاڵانکــران و دەربەدەرکــران «٩٦ ل٢٩٨\١٩ ل٧٧».

– دەوڵەتــە ســەرمایەدارەکان لەســەر بنەمــای بەرژەوەنــدی تایبەتــی خۆیــان نەخشــەی نوێــی ناوچەکەیــان کێشــا. پاشــماوەکانی خێڵەکــی لــە وڵاتەکــەدا و پچڕپچــڕی و ناســەقامگیری ناوچەکانــی بەکۆســپ دادەنــرا لــە بەســتنەوەی وڵاتەکــە بــە سیســتمی ســەرمایەداری جیهانــەوە «٩٦ ل٢٥٧».

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەندی حەوتەم

# دەرئەنجام: هۆکارەکانی پێشکەوتن / دواکەوتن چین ؟

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بەندەکانی پێشوودا گەڕان بوو بەدوای ئەو فاکتەرە بنچینەیانەی دەبنە هۆی پێشکەوتن، یان دواکەوتنی کۆمەڵگە، دەستنیشانکردنی ئەو هێزە بزوێنەرانە بوو، کە رۆڵی سەرەکی دەبینن لەو پرۆسەیەدا. لێرەدا گەیشتینە ئەو راستیەی گۆڕان لە سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری سنووررداری تاکڕەوی توندڕەو بۆ سیستمێکی بەرفراوانتر و پلوراليزمتر پێویستی بەبوونی چینوتوێژ و هێزی نوێ هەیە، کە لە لایەکەوە گۆڕانکاری و چاکسازی و گەشەکردن لە بەرژەوەندیاندا بێت و لەلایەکی ترەوە ئەوانە توانایان هەبێت ئەو گۆڕانکاریانە بکەن. لەهەمانکاتدا ئەوانە دەرفەتی بەشداریکردنیان هەبێت لە بڕیارە سیاسی و ئابورییەکاندا. بە سوود وەرگرتن لە فاکتەرەکانی تر و رووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان دەکرێ زەمینەی لەبار دروست بێت بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی هەنگاو بەهەنگاو. لێرەدا هەوڵ دەدەین باسی رۆڵی فاکتەر و خاسیەتە تایبەتیەکانی تر بکەین لەو پرۆسەیەدا.

## ئایا کۆن لە ئێستا باشتر بوو؟

ئەگەر چاوێک بە مێژووی کۆندا بخشێنین و لەگەڵ ئەمڕۆی جیهاندا بەراوردی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە بەتایبەتی لەم دوو سەد ساڵەی دواییەدا گۆڕانکاری و پێشکەوتنێکی هێجگار زۆر لەسەرانسەری جیهاندا روویداوە. بەهەمان شێوە ئەگەر سەیری توانا و زانیاری و تەکنیک و ئامرازە پێشکەوتووکانی ئەمڕۆ بکەین، کە لەبەردەستی مرۆڤایەتیدایە، ئەگەینە ئەو راستیەی کە گەشەکردن و گۆڕانکاری بێئەندازە خێرا بەرەو پێشەوە دەچێت. بەڵام لەهەمانکاتدا، لەجیهانی ئەمڕۆدا، لەهەموو بوارەکاندا نایەکسانی و ناعەدالەتیکی هێجگار زۆر گەورە لەناو خودی وڵات و نێوان وڵاتان و هەتاوەکو نێوان ناوچە جیاوازەکانیانیشدا دەبینین. بەتەنها بەراوردکردنی کۆن لەگەڵ ئێستادا و نەبینینی نایەکسانی و کۆسپەکانی ئەمڕۆی جیهان، ترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە رازی بین بەوەی هەیە و چیتر نەگەڕێین بەدوای ئەو فاکتەرانەی کە نایەکسانییەکانی ئەمڕۆ کەمدەکەنەوە و دەرفەت بۆ گەشەکردنی زیاتر دروست دەکەن. بەهەمان شێوە تەنها بینینی ئەمڕۆ و ئەو نایەکسیانەی هەیە و ئەو گۆڕانانە نەبینین، کە روویداوە، ئەو زەمینە گونجاو و ئامرازە یاریدەدەرە نوێیانە نەبینین کە ئەمڕۆ هەن، رەنگە توشی رەشبینیمان بکات و چیتر بڕوامان بە دواڕۆژێکی باشتر نەمێنێت.
یەکێک لەو دیدارە ترسناکانەی ئەمڕۆ رەچاودەکرێت، رەشبینی و هەست بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستەپاچەییە لەناو خەڵکدا، بەتایبەتیش لەناو گەنجەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوانی خستۆتە گێژاوێکی ئایدۆلۆژی و دەروونی و بازنەیەکی شومی داخراوەوە، کە تیایدا هیچ هیوایەک بەدواڕۆژ و چارەسەر بۆ زاڵبون بەسەر ئەو کۆسپانەدا نابینن، کە بۆنەتە هۆکاری ئەو دواکەوتن و نایەکسانییە. هەڵبەتە ئەم دۆخە نالەبارە، لەلایەن چەندەها بەرەی ئیسلامی سیاسی توندڕەو و دەوڵاتان ورێکخراو و کەسایەتی کۆنسەرڤەتیڤەوە، بە مەبەستی مانەوەی ئەو بارە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، وزە وەردەگرێ و بەهێزدەکرێت. ئەم بارە زەمینەیەکی باشی بۆ مانەوە و دروستبوونی بزووتنەوە و دەوڵەتی توندڕەو و تاکڕەو و داعش و ئەلقاعیدە و چەندەها جۆری تری لەو بابەتانە دروستکردووە، کە ئەمڕۆکە وەکو درک رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان داپۆشیوە.
ڕەشبینی و بێدەستەڵاتی وا لەخەڵکی دەکات کە وابزانن، کۆن لەئێستا باشتر بووبێت، لە کۆندا مرۆڤ بەختەوەرتر بوبێت، ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی باشتر بوبێت، نەخۆشی و پەتا و کارەساتی سروشتی کەمتر بوبێت، کۆمەڵەکانی پێشوو دادوەرتر بووبن و مرۆڤایەتی بەیەکسانی ژیابن، دەستەڵاتدارانی کۆن بە موسڵمان و نا موسڵمانەوە هەستی مرۆڤایەتیان زیاتر تێدا بوبێت، هێندە شەڕوشۆڕ و دڵ رەق و خەڵک کوژ نەبوبن، دوعا نووسین لە دەرمان باشتر بوبێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی و دەردوبەڵا.
ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنەی لەو دوو سەد ساڵەدا روویداوە، سەدانجار لە گۆڕانکارێکانی هەموو مێژووی ملیۆن ساڵەی مرۆڤایەتی زۆرترە. لەم ٣٠ ساڵەی دواییەدا، بەهۆی تەکنیکی نوێ، کۆمپیوەر و ئینتەرنێت، رێبازی نوێ زانستیانەی تازەتر و خێراترەوە، گۆڕانکاری و پێشکەوتن زۆر خێراتر رۆیشتووە و هەتا بێت زیاتر و خێراتریش دەبێت، کە ئەوەش سەرلەنوێ زەمینە بۆ خێراترکردن و زیاتر گەشەکردنی بەرهەم و بەرهەمهێنان دروستدەکات، ئاسانکردنی بەڕێوەبردنی ژیان، کەمبوونەوەی نەخۆشی و هەژاری، باشتربوونی رێگاوبان و بەستنەوەی جیهان پێکەوە، ئاسانی و خێرایی گۆڕینەوەی زانیاری و دەنگوباس لە نێوان خەڵکانی جیهاندا و نزیکبوونەوەی میللەتان و وڵاتان لەیەکتری. .
زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە جیهاندا دەلیلێکە لەسەر باشبونی ژیانی خەڵک و گەشەکردنی کۆمەڵگەکان. ژمارەی دانیشتوانی هەموو دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتای سەدەی ١٩دا ، بە میسر و سوریا و لوبنان و ئوردن و عێراق و کوردستان و ئیستای تورکیا خۆیەوە دەوری ١٢ ملیۆن کەس بوون، کە ئەمڕۆ دەوروبەری ٢٥٠ ملیۆنە «٣٠ل ٢٤». ئێران ساڵی ١٨٠٠ تەنها ٦ ملیۆن کەسی تێدا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژیـاوە، ئەمڕۆکـە دەوری ٨٠ ملیۆنـە «١٥ل ١٦». سـاڵەکانی ١٩٣٠ خەڵکـی لـە میسـر هەتـا تەمەنـی ٣٠ سـاڵی ژیـاون، لـە ٤ کـەس تەنهـا یـەک کـەس تەمەنـی گەیشـتۆتە ٢٠ سـاڵان «٣٠ل ٢٤».

ئەمەریـکای باکـور هەتـا ناوەڕاسـتی سـەدەی پانـزە نەدۆزرابـۆوە. لـەو کیشـوەرەدا تەنهـا چەنـد سـەد هـەزار هینـدی سـووری دانیشـتوانی رەسـەنی تیـادا ژیـاوە، ئەمڕۆکـە تەنهـا ژمـارەی دانیشـتوانی ویلایەتـە یەکگرتۆکانـی ئەمەریـکا، بێجگـە لـە کەنـەداوی مەکسـیک، دەوری ٣٢١ ملیۆنـە.

ئەگـەر ژمـارەی دانیشـتوانی کوردسـتان هەمـان رێـژەی ئەمـڕۆی بووبێـت لـە ساڵەکانی ١٨٠٠دا، ئـەوا لـەو سـاڵانەدا ئـەو ژمارەیـە زۆر لـە ٢ ملیـۆن کەمتـر بـووە. کەچـی ئەمـڕۆ دەوروبـەری ٣٠-٣٥ ملیۆنـە. بەمانایەکـی تـر لەگـەڵ هەمـوو ئـە و کارەسـات و تراژیدیایانـەی بەسـەر وڵاتەکـەدا هاتـووە، ژمـارەی دانیشـتوان تیایـدا دەورەبـەری ١٥هێنـدەی لێهاتـووە.

لـە نێوان سـاڵی ١٣٥٠ تـا سـاڵی ١٤٥٠ بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی پەتای تاعون و شـەڕی نێـوان ئینگلتـەرا و فەرەنسـا، ژمـارەی دانیشـتوانی ئەوروپـا ٣/١ ی لەناوچـوون. ئینگلتـرا کـە ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەو کاتـە ٤ ملیـۆن کـەس بـوون ٢، ٥ مایـەوە «٨ ل ٥٧». ئەمـەش رادەی جیـاوازی بـاری تەندروسـتی ئێسـتا و ئەوسـای ئینگلتەرامـان بـۆ دەردەخـا.

لـە دنیـای ئەمـڕۆدا، گۆڕانـکاری زۆر بەخێرایـی دەڕوا، رەنگـە ئـەم نایەکسـاییانەی و ئـەو کۆسـپ و قەیرانانـەی بۆ چەند سـاڵێک دێنە ڕێـگای گەشـەکردنی کۆمەڵگەکانمان، بەلامانــەوە زۆر دوورودرێژبێــت و نیگەرانمــان بــکات. بــەڵام گۆڕانــکاری لــە مێژوویـی کۆنـدا، کـە گەشـەکردنی وڵاتانـی پێشـکەوتووی لێکەوتۆتـەوە، کاتێکـی زۆر دوورودرێژتـری لەئێسـتا خایانـدووە.

ئینگلتـەرا یەکـەم وڵات بـوو لـە کۆتایـی سـەدەی حەڤدەهەمـدا شۆڕشـی پیشەسـازی تیایـدا روویـدا، بـەڵام ئـەو رووداوە مێژووییـە، کـە بـوو بـە سـەرەتایەک بـۆ گەورەتریـن و خێراتریـن گۆڕانـکاری لەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا، دوا ئەنجامـی گۆڕانـکاری هەنـگاو بەهەنـگاوی دژوار و درێژخایانـی زیاتـر لـە ٥٠٠ سـاڵی ململانـێ بـووە لەنێـوان فیودالیـزم و هێـزە نوێیەکانـی کۆمەڵگەکـەدا. ئـەو شۆڕشـەی لـە ئینگلتـەرا روویـدا، دوای نزیکـەی سـەد سـاڵ، سـاڵی ١٧٨٩ ئینجـا لـە فەرەنسـای دراوسـێی دەسـتیپێکرد.

سـاڵی١٨٦١- ١٨٦٥ شـەڕی ناوخـۆی لـە نێـوان ویلایەتەکانـی باکـورو باشـوری ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکادا، ٦٢٠ هـەزار کەسـی تێدا کـوژرا. هەتـا سـاڵی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**١٨٦٥** ویلایەتەکانی باشور سیستمێکی کۆیلایەتیان هەبوو. ساڵی **١٨٧٧** دوای **١٢** ساڵ پاش تەواوبوونی شەڕەکە، ئینجا کۆنگریسی ئەمەریکا توانی بە دەستور هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی بچەسپێنێ. سەرەڕای ئەمەش هەتا ساڵەکانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەم هێشتا بەپێی دەستور ڕەشپێستەکانی ئەو وڵاتە هاوتانەبوون لەگەڵ سپییەکانیاندا. لەو ساڵانەدا، ململانێیەک و بزووتنەوەیەکی دووردرێژ لە پیناوی مافی یەکسانی هاونیشتیمانی بۆ هەمووان بەرپابوو «**٢** ل **٣٥١**».

دوای سەد ساڵ، لەدوای ئازادکردنی کۆیلەکان ئەوجا ڕەشپێستەکان بەپێی یاسا، گەیشتن بەمافی یەکسانی لەگەڵ سپی پێستەکاندا، بەڵام هەتا ئێستا بەتەواوەتی لە پراکتیکدا ئەو یەکسانییە لە هەموو بوارەکاندا نیە. ساڵی **٢٠١٢**، دوای **١٤٧**ساڵ ئازادبوونی کۆیلەکان ئینجا یەکەمین پێست ڕەش بۆ یەکەمجار بووە سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەرچەندە لەو وڵاتە یەکسانییەکی زۆر هەیە لەنێوان پیاو و ژندا، بەڵام هەتا ئێستا هیچ ئافرەتێک بە سەرەک کۆمار هەڵنەبژێردراوە.

لە سەردەمی مەسیحیدا ژمارەی دەوڵەتەکانی جیهان بە پەنجەی دەست ژمێردراون، دەوڵەتی نەتەوایەتی نەبووە، تەنها بەشێکی ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا لای مرۆڤایەتی ناسراوە، خەڵکی زۆرکەم ئاگای لەیەکتری بووە. ئێستاکە **١٩٥** دەوڵەتی سەبەخۆ لە جیهاندا هەیە. ئەگەر ئەو ناوچانەش بخرێتە سەریان، کە خاوەنی نیمچە سەربەخۆیین ژمارەیان دەگاتە **٢٤٥** دانە «**٥٣**».

## بوارەکانی نایەکسانی چین؟

ڕەنگە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا باسی چاکسازی و یەکسانی کرابێت، بەڵام زۆربەی زۆری ئەوانە خواستی ڕۆمانسی و دووربووە لە واقیعەوە و لە قسە و مەرامی تایبەتی بەولاوە بەکردار هیچی وای لێنەکەوتۆتەوە.

چاوەڕوانکردنی یەکسانی ڕەها لە جیهانی ئەمڕۆدا ، لەخەون و ڕۆمانسی ئایدۆلۆژی هەمە چەشنە زیاتر هیچی تری لێ ناکەوێتەوە، چونکە هەموو یەکسانییەک ڕێژەییە و زەمینە خۆشکردنی درێژخایانی پێویستە و بەرۆژ و دوو ڕۆژ دروست نابێت. هەروەها بەلەناوبردنی بەشێک لە مرۆڤایەتی لەلایەن دەستەبژێرێکی شۆڕشگێرەوە نایەتەدی.

بۆیە لێرەدا، کە باسی یەکسانی دەکەین، مەبەستمان لە نزیکبوونەوەی ئاستی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشـــەکردن و ژیانـــی تـــاک و کۆمەڵگـــە و دەوڵـــەت و پێکهاتەکانـــە لەیەکتـــری. مەبەسـتمان لـەوە، خۆشـکردنی زەمینەیەکـی لەبـارە بـۆ ئـەو لەیـەک نزیکبوونەوەیـە، نانـی هەنگاوێکـی تـرە بـۆ پێشـــەوە، کـە تیایـدا سـبەینێ لەمـڕۆ باشـتر بـکات.

لەگـەڵ ئـەو هەمـوو گۆڕانـکاری و چاکسـازییە بـەر فراوانانـەدا، هێشـتا بـەروون و ئاشـکرا جیهانێکـی نایەکسـان و جیاوازێکـی فـراوان ناوەنـد وڵاتـان و میلەتـان و ناوچـە جیاوازەکانـی دنیـا رەچاودەکرێـت، نایەکسـانییەکی زۆر لـە نێـوان چینوتوێـژو پێکهاتـە و مەزهەبـە جیـاوازەکان، ژن و پیـاو، شـارەکان، لادێ و شـارەکان لەنـاو خـودی وڵاتەکانـدا هەیـە.

رەگوڕیشـەی ئـەو نایەکسـانییانە لـە بنەما ئابـوری و سیاسـییەکاندا خۆیـان داکوتاوە. نایەکسـانییە ئابورییـەکان لـە هەمـوو بـارە جیاوازاکانـدا رەچاودەکرێـت. جیـاوازی لە نێـوان داهاتـی تـاک و ئاسـتی گـوزەران و چۆنیەتـی نیشـتەجێبوون، خزمەتگـوزاری وەکـو بوونـی ئـاو و کارەبـا، خوێندنـگا و دەرمـان و تەندروسـتی، رێگاوبـان و ئامـرازی هاتوچـۆ، چونیەتـی بەکارهێنانـی داهـات و سـەرچاوە سروشـتییەکانی وڵات، داهاتـی بـاج و چۆنیەتـی بەکارهێنانیـان، ئـازادی و پاراسـتنی موڵـک و ماڵـی خەڵـک، ئـازادی بـازاڕ و ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی، ئـازادی دامەزراندنـی کۆمپانیـا و بەڕێوەبردنـی، ئـازادی جموجـۆڵ و گواسـتنەوە و سـەفەرو جێگاگـۆڕی مـرۆڤ، دەرفەتـدان بـە توانـای داهێنـان و پاڵپشـتکردنی و پاراسـتنی مافـی خاوەنێتیـان، بەشـداریکردن لـە پلاندانانـی ئابـوری و بڕیـارە ئابورییـەکان و رەقابەدانـان لەسـەر چۆنیەتـی تەتبیقکـرن و دوائەنجامیـان، بەرهەمهێنـان و سـاغکردنەوەی بەرهـەم و نرخدانـان. ئـەم نایەکسـانییانە لەسـەر ئاسـتی جیهـان، ناوچـە جیـاوازەکان و خـودی نـاو وڵاتـە کان رەچاودەکـرێ.

تێکـڕای داهاتـی سـاڵانەی تاکێکـی میسـری ١٢٪ ی تاکێکـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکایـە، میسـرییەک تێکـڕا ١٠ سـاڵ کەمتـر لـەوان دەژی. ٢٠٪ی خـە ڵکەکـە ی لـە هەژارێکـی مەمـرە و مەژیـدا دەژیـن، ئەمـە لەگـەڵ ئەوەشـدا میسـر لەهـەرە وڵاتـە هەژارەکانـی جیهـان نییـە «٣٩ ل ١١». داهاتـی سـاڵانەی ئێـران بەرامبـەر بـە سـوید ١٧٪، عێـراق ١٣٪، تورکیـا ٢٣٪ «٤٤».

جیـاوازی تێکـڕای داهاتـی تاکـی کۆمـەڵ، ئـەو راسـتییەمان پێ دەڵێـت، کە نایەکسـانی هەیـە لەنـاو وڵاتانـی جیهانـدا، بـەڵام ئـەوە نیشـان نـادات، ئایـا ئـەو تێکڕایـە چـۆن لـە نێـوان چینوتوێـژ و گروپـە جیاوازەکانـی نـاو کۆمەڵگەیەکـدا دابەشـبووە، چونکـە داهاتـی توێژوچینەکانـی خـوارەوە زۆر لـە خـوارووی ئـەو تێکڕایەوەیـە. .

بەپێـی ئامـاری سـاڵی ٢٠١٢، رێـژەی ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەو وڵاتانـەی تێکـڕای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داهاتی تاکێک لە ١،٢٥ دۆلار کەمتربووە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە «٥٥، ژ(٢٠١٢\١) ل٥ » :

ئەفریقا، خوارووی بڕاپۆنی گەورە ٤٧٪ ی دانیشتوان بووە
خوارووی ئاسیا بە هیندستانەوە ٣٤٪
خوارووی ئاسیا بێ هیندستان ٢٦٪
خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا ١٧٪
چین ١٣٪
ئەمەریکای لاتینی و هیندی رۆژئاوا ٦٪
رۆژئاوای ئاسیا ٣٪
باکوری ئافریقا ٢٪

سەرەڕای ئەمەش ژمارەی مردنی منداڵ لە جیهاندا، بەهۆی برسێتی و نەخۆشی و شەڕ و ئاژاوەوە، لەچاو ساڵی ١٩٩٠ دابەزیوەتە نیوە، لە ساڵی ١٩١٥ ژمارەیان گەیشتۆتە ٦ملیۆن منداڵ.

ئەگەر سەیری چۆنیتی نیشتەجێبوون و خانووبەرەی خەڵکی بکەین، هێشتا بە ملیۆنەها دانیشتوانی هەندێ وڵات نە خاوەن شوقە یان خانووی خۆیان و نە توانای بە کرێگرتنیشیان هەیە، بەڵکو لە کەناری شارە گەورەکاندا، لە کەلاوەکاندا ژیان بەسەردەبەن. ماڵەکانیان بە تەنەکە و تەختە کۆن و موقەبا دروستکردووە. بێبەشن لە ئاوی پاک، کارەبا، گەرمایی، تەوالێت و شوێنی خۆشتن. میسر، هیندستان، هەندێ وڵاتی تری ئەفریقاو ئاسیا... نمونەن بۆ ئەو شوێنانە. لەهەمانکاتدا لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا جیاوازێکی فراوان دەبینین لە نێوان ستانداردی خانووبەرەی ناوچە جیاوازەکاندا، گەڕەکە جیاوازەکان و شار و لادێکاندا.

لە وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا، کەنەدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کۆریای باشور، ژاپۆن، سەنگاپور... خەڵکی مافی نیشتەجێبوونی مسۆگەرە، ماڵەکانیان گونجاوی گەرماو سەرمایە، ئاوی پاک و کارەباو و ئاودەست و حەمام مسۆگەرە، جیاوازێک لە نێوانی ستانداردی نیشتەجێبونی شار و لادێ هێندە فراوان نیە.

لە وڵاتە پێشکەوتوەکان خزمەتگوزارەییەکان بۆ خەڵک، وەکو چارەسەری نەخۆشی، خوێندن، مسۆگەرکردنی ژیان بەهۆی نەخۆشی یان بێ ئیشیوە. . هتد بۆ هەموو تاکێک بەپێی یاسا مسۆگەرکراوە، بەڵام هەتا ئێستا لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی جیهاندا خەڵکێکی زۆر بێ بەشە لەو خزمەتگوزاریانە. لە هەندێ شوێن بێجگە لە یارمەتی رێکخراوە جیهانییە مرۆڤییەکان، دەوڵەتەکان و کۆمەڵگە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هیچیـان نەکـردووە لـەو بارانـەوە.

راسـتە هەنـدێ وڵات وەکـو عێـراق، ئێـران... نەخۆشـخانەی گشـتیان تێدا هەیـە، بـەڵام ئاسـتی خزمەتگـوزاری تیایانـدا زۆر نزمـە و زۆرجـار هـەر بـە رووکەشـە و ناگاتـە هەمـوو خەڵـک و شـوێنەکان.

جیاوازێکـی زۆر هەیـە لـە نێـوان رێـژەی خوێنـدەواری، ئاسـت و مەبەسـتی خوێنـدن و فێربـوون. رێـژەی لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکان ئامانجـی خوێندنـی بـەرز و پیشـەیی ئامادەکارییـە بـۆ کارکـردن لـە کۆمپانیـا و کەرتـە جیاوازەکانـدا. مەبەسـت لـە دامەزرانـدن پێویسـت بوونـە بەخەڵکـی شـارەزا، کـە بۆشـاییەکی پێویسـت پڕکاتـەوە. بـەڵام فێربوونـی بـەرز و پیشـەیی لـە زۆر وڵات یـان نیـە یـان ئاسـتێکی نزمـی هەیـە، دەبێتـە هـۆی خەریکـردن و خڵافاندنـی خەڵـک و زۆرجـار بـە بێـکاری یـان بەتاڵەیەکـی موقەنـەع کۆتایـی دێـت، یاخـود ئاوارەبوونـی شـارەزاکانیانی لێدەکەوێتـەوە بـۆ وڵاتـە پێشـکەوتووەکان بـۆ گـەڕان بـەدوای کاردا، کـە جارێکـی تـر دەبێتـە هـۆی لەدەسـتچوونی کـەوادری شـارەزا، کـە دەکـرا بەشـداربن لـە گەشـەکردنی وڵاتەکانـی خۆیانـدا.

بـە پێچەوانـەی وڵاتـە دواکەوتووەکانـەوە، لەوڵاتـە پێشـکەوتووکاندا، مافـی ژیـان و ئـازادی و مـاڵ و موڵکـی خەڵکـی پارێـزراوە، خەڵکـی ئـازادە لـە دامەزرانـدن و بەڕێوەبـردن و گەشـەپێکردنی کومپانیـا و کاری بازرگانـی و وەبەرهێنانـدا. بەپێـی یاسـا ئـەو مافانەیـان پارێـزراوە، دەسـتگاکانی دەوڵـەت پارێزگاریـان دەکات، هەوڵـی هەمـوو ئاسـانکارییەک بـۆ گەشـەکردنیان ئامـادە دەکات. پێویسـتیان بەدۆسـتی دەسـتەڵاتدار و پیـاوی حیزبـی و مەسـول و خـزم و واسـتە و واسـتەکاری نیـە، کـەس ناتوانێـت سـەرانەیان لێبسـێنێت و بـە زۆر ببێـت بەشـەریکیان. لـەوە ناترسـن بـە دەسـتی گروپێکـی چەکـدار یـان بەهـۆی شەڕوشـۆڕ و ئـاژاوەوە هەرچیەکیـان هەیـە لەدەسـتیان بچێـت، لـەوە ناترسـن ئەگـەر حزبێـک، سـەرکردەیەک، یـان کابینەیەکـی تـازە دەسـتەڵات بگرێتـە دەسـت مافـە ئابورییەکانیـان لەدەسـت بچێـت. دەسـتگاکانی دەوڵـەت و شـارەوانییەکان کاریـان ئەوەیـە ئاسـانکاری بـۆ خەڵکـی و کۆپانیـاکان بکەن بـە ئامادەکردنـی خۆێندنـی پیشـەیی پێویسـت و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی شـارەزایی ئابـوری و زانسـتی، توێژینەوەکـردن لەهەمـوو بارەکانـدا، هاندانـی داهێنـان و دەرفەتـی بەکارهێنانیـان لـە کەرتـە جیاوازەکانـدا، بەبـێ ئـەوەی خاوەنەکانیـان ترسـیان هەبێـت خەڵکـی تـر لێیـان زەوت بـکات. گـەڕان بەشـوێن ئیـش و دامەزراندنـدا، بەهەمان شـێوە پێویسـتی بـە واسـتەکردن و تەبەعێـت نیـە، خەڵکـی بەپێـی توانـا و شـارەزایی ئـازادە لـە کـوێ کاردەکات، لەسـەربنەمای توانـا و مەرجـی کارکـردن و پێویسـتی خـاوەن

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمپانیاکە هەیە بەو کەسە. بەپێی یاسا و رێککەوتننامەکانی نێوان رێکخراوانی خاوەن ئیش و کارکەرەکان، ئەرکەکانی دیارە و مافەکانی پارێزراوە، لە پێناوی لەدەستدانی کار و تێکچوونی گوزەرانیدا، پێوەستی بە وەلا و تەبەعێت و خەڵکی دەستەڵاتداران نیە.

ئەم بارە، کە لەم وڵاتانەدا شتێکی ئاساییە و بۆتە رۆتینێکی رۆژانە، لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا، بەزیاد یان کەم، زۆر بەرتەسکترە یاخود لە هەندێک شوێندا بە تەواوەتی پێچەوانەیە.

لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، هەمیشە تاقمێک، ئێلیتێک، گروپێک، حیزبێک یان چەند حیزبێک، گروپی چەکدار، بنەماڵەی دهستەڵاتدار، توژێک یان چینێکی تایبەتی، دەستیان بەسەر سیاسەت و شادەماری ئابوری وڵاتدا گرتووە و تاکرەوانە بڕیار لەسەر هەموو کاروباری ئابوری وڵاتەکەدا دەدەن، دەستدەگردن بەسەر داهاتە ئابوری و سروشتییەکاندا، چۆنیەتی دابەشکردنیان لە کۆمەڵگەدا.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە یەکسانێکی تەواو لەناو خودی ئەو وڵاتە پێشکەوتوانەدا هەیە، بەڵکو هێشتا نایەکسانی لە زۆربەی رووکانەوە هەرماوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر کەمتر. جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بەندە بەبوونی هێزو چینوتوێژی جیاواز، ململانێی هەمیشەیی لە نێوانیاندا، بوونی رەقابە لەسەر پەیرەوکردنی یاساکان.

کۆمەڵگە هەمیشە لە گۆڕان و گەشەکردندایە، پێویستی نوێ پەیدادەبێت و کۆنەکان نامێنن و یاساکان و رێکەوتنامەکان دەبێ لەگەڵیاندا بگونجێنرێن. بۆ نمونە لەگەڵ ئەوەی بەپێی یاسا گشتییەکان لە وڵاتەکانی سکەندناڤیا، ماف و ئەرکەکانی ژن و پیاو وەک یەکن، بەڵام لە پراکتیکدا و بەهۆی هەندێ کەموکوڕی لە یاساکاندا، هێشتا پیاو بەشی شێری هەیە لە کاری باش و پلەی دەستڕۆیشتن و موچە و داهاتەکانیاندا. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ژنەکان بەقەدەر پیاو کاردەکەن و رۆڵیان لە کۆمەڵگەدا هەیە، هێشتا زۆربەی ئەرکی ماڵ و منداڵ لە ئەستۆی ئەواندایە. هەندێکیان تووشی دەستدریژی و توندوتیژی دەبنەوە. یەکسانی لەم وڵاتانەش هێشتا زۆری ماوە، بەڵام لەچاو وڵاتە دواکەوتووەکاندا جیاوازییەکان بێ ئەندازەن و پلورالیزم و دەستورێک هەیە رێگا خۆشکەرە بۆ زیادرکردنی ئەو یەکسانییانە.

جیاوازی تەنها لە رێژە و میقداری داهاتووی خەڵکەکاندا نییە لەناو وڵاتە جیاوازەکاندا، بەڵکو جیاوازیەکی زۆر لە خاوەنێتی کەپیتاڵ هەیە. نیوەی کەپیتاڵی جیهان، کە بەکاردەهێنرێ بۆ وەبەرهێنان لە چنگی ١٪ خەڵکانی جیهاندا کۆبۆتەوە، کە زۆربەیان لە وڵاتە پێشکەوتووەکانن «٣٤ ل ١٧». ئەمە کاردانەوەیەکی زۆری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی بەکارهێنانی ئەو کەپیتاڵە و شوێن و شێوازی بەکارهێنانیدا هەیە، بڕیاردانی بەکارهێنانی ئەو سامانە دەخاتە دەستی ژمارەیەکی کەمەوە. سەرەڕای ئەوە، بەهۆی گۆڕانکارییەکی خێرای پەیوەندییەکانی ناو بازاڕەکانی جیهان، ئەمڕۆکە خاوەن کەپیتاڵەکان هەتا بێت لە کارکرنی راستەوخۆ لە بەکارهێنانی کەپیتاڵدا و بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکان دووردەکەونەوە، وایلێهاتووە هەندێکیان، لەباتی بەکارهێنانی قازانجی کەپیتال لە پرۆژە و کۆمپانیای جیاوازدا، بەکاربهێنرێ بەمەبەستی خۆشگوزاری شەخسی، کە هەمیسانەوە جیاوازی ناوەندی داهاتی خەڵکانی جیهان زیاتر دەکات «**٤٣**».

نایەکسانی لە نێوان ئاستی گەشەکردنی وڵاتەکانی جیهان و هەروەها جیاوازی لە نێوان وڵاتی بچوک و گەورەدا، لاواز و بەهێزدا، دەوڵەمەند و هەژاردا، وای کردووە، کە وڵاتە بەهێزەکانی جیهان، مۆنۆپۆڵیان هەبێت لەسەر بڕیارە سیاسی و ئابورییە گرنگەکانی جیهان، نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوە جیهانییەکان، پلاندانان، یاسا ئابورییەکانی ئاڵوگۆڕینەوە، نرخدانان، گواستنەوە و هەموو بوارەکانی تردا، کە هەر هەموو ئەمانە لاسەنگی و ناپلورازم لێ دروست بووە، زیاتر بۆ بەرژەوەندی هەندێکە و بەزیان بۆ ئەوانیتر دەگەڕێتەوە.

لاوازی و نایەکسانی ناوخۆ، توندڕەوی و تاکرەوێتی و ئەڵقە لەگوێیی دەستەڵاتدارانی وڵاتانی دواکەوتوو، گەندەڵییەکی بێسنور، ململانێی توندڕەوانە لەگەڵ دەرو دراوسێدا، رێگای بۆ ژمارەیەک وڵاتی بەهێز خۆشکردووە، دەستبەرداری دەسەڵات و بڕیاری سیاسی و ئابوری جیهان بن. ناپلورالیزم و نایەکسانی لەسیاسەتی جیهاندا رێگرە لەگەشەکردنی خێراتری وڵات و میللەتە جیاوازەکانی جیهان وهۆکاریکی گرنگە بۆ زیاتر نایەکسانیبوون و هەژاری و نائارامی و شەڕوشۆر و گرژی و پە یدابوون و سەرهەڵدانی گروپ و دەوڵەتی جیاوازی تۆندڕەو. ئەمانە تەنها زیانبەخش نین بۆ دەوڵەتە دواکەوتووەکان، بەڵکو رێگرە لە گەشەکردن و ئارامی و ئاشتی هەموو جیهان بە دەوڵەتە پێشکەوتووەکانیشەوە.

گەندەڵی بەهۆی قۆرخکردنی دەستەڵات و بەکارهێنانی داهاتەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە بۆ بەرژەوەندە چەند تاکێک، بنەماڵەیەک، ئیلەتێک، لە زۆر شوێنی جیهاندا رۆڵێکی زۆر گەورەی هەیە «**١٠ ل ٩**».

هەروەها نایەکسانییەکی فراوان لەنیوان ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا هەیە، بۆنمونە نایەکسانی و جیاوازی ئاستی گەشەکردنیان لەنێوان وڵاتە سکەندناڤییەکان، وڵاتەکانی رۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، رۆژئاوای ئاسیا، رۆژهەڵاتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەڕاست، ئەمریکای باکور، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەفریقا.
دوو سەد ساڵ لەمەوپێش لەنێوان وڵاتەکانی سکەندناڤیدا، بێ ئەندازە ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوە بەرپا بووە و بە بەکارهێنانی هێز و هەڕەشە و شەڕ و داگیرکردنی یەکتر ناکۆکییەکانیان چارەسەر کردووە. باشوری سوید لە کۆندا لەژێر دەستی دانیمارکدا بووە، فنلەندا بەسەدان ساڵ لەژێر دەستەڵاتی سویددا بووە، کەچی بڕیار و بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری و ئیداری بەدەست پاشاکان و دەستەڵاتدارانی سویدەوە بووە.
ئەمڕۆکە دوو سەدساڵ زیاترە وڵاتی سوید بەشداری هیچ شەڕێکی نەکردووە، پەیوەندییەکی هاوسەنگ و یەکسانی ئابوری و سیاسی لەنێوان ئەو وڵاتانەدا هەیە، ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئازادە لە نێوانیاندا، جموجۆڵ و هاتوچۆ و نیشتەجێبوون و کارکردن ئازادە بۆ هاونیشتمانی یەکتری، کۆمپانیەکانیان لەگەڵ ئەوەی ململانیەکی ئازاد هەیە لە نێوانیاندا، ئازادن لەوڵاتی یە کتردا کارو وەبەرهێنان بکەن.
لە رووی سیاسییەوە، سەربەخۆیی خۆیان هەیە و دەست وەرنادەنە کاروباری ناوخۆی یەکتری، لەبەرئەوەی لەبنچینەدا بڕوایان بە پلورالیزم هەیە، لەهەر وڵاتێکیاندا خەڵکەکانی وشیارو بە ئاگایە، هیچیان ناتوانن کونترۆلی ئەوانی تر بکەن، بێگومان جیاوازی وناکۆکی و ململانێ لە هەموو روویەکەوە لە بەینیاندا هەیە، بەڵام بەدیالۆگ و رێبازی ئاشتیانە چارەسەر دەکرێن، چاکسازی و نوێکردنەوە لە نێوانیاندا بەردەوامە، هەتا بێت چارەسەری نوێتر و باشتر بۆ گرفتەکانیان ئەدۆزنەوە.
کەچی ئێستا لە نێوان وڵاتەکان و میللەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە پێچەوانەوەیە، کارێکی هاوسەنگ و هەمەلایەنی و هاریکاری، لەرووەکانی ئابوری، سیاسی، کلتوری، رێگای هاتوچۆ، گرفتی ئاو، گرفتی ژینکە و هەموو بوارەکانی تری هاوبەش، چارەسەرناکرێت لە پێناوی گەشەکردنی سیاسی و ئابوری و پاراستی ئاشتی و ئارامی ناوچەکەدا.
گرفتە سیاسییەکانی نێوانیان، لەرێگای توندوتیژی، شەڕ، دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی یەکتری، کودەتاکردن و پاڵپشتیکردنی گروپی توندڕەووەوە، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەدرێت. ئەمەش لەسەر حسابی بەرژەوەندی یەکتری و سیادەت و مافە دیموکراسییەکانی نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان دەکرێت. لەم بارەیەوە هەتا ئێستا نەمانبینیوە، هیچ کام لەدەوڵەت و نەتەوەکانی ناوچەکە سودبەخشبن، ٩٨٪ هەموویان زیانبەخشن، وڵاتەکانیان کاول دەبن، خەڵکەکانیان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکوژرێـن و دەربـەدەر دەبـن، تەنهـا ئیلیتێـک، تویژێکـی بچـوک سـود بەخشـە و بـۆ مانـەوەی خۆیـان بەردەوامـی دەدەن بـەو بـارە نالەبـارە.
ئـەو سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابوریـەی وڵاتانـی سـکەندناڤێکان پەیـڕەوی دەکـەن، بۆتـە هـۆکاری گەشـکردنی سیاسـی و ئابـوری ناوچەکـە و خۆشـگوزەرانی خـە ڵکەکـەی. بـەڵام بـە پێچەوانـەوە ئـەو سیسـتمە بەڕێوەبردنـە ئابـوری و سیاسـییە بـەر تەسـکە، تاکرەوەی وڵاتانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پەیـڕەوی دەکـەن کردوویەتـی بـە یەکێـک لەهـەرە شـوێنە دواکەوتـووەکان و ناسـەقامگیرەکانی جیهـان. سـەراپای ئـەوەی ئـەم وڵاتانـە یەکێکـن لەهـەرە ناوچـە دەوڵەمەندەکانـی جیهـان لـە بوونـی سـەرچاوەی بەنرخـی سرووشـتی و رێـژەی زۆری خەڵکـی گەنـج و زەویـوزاری گـەورە و لێکەوتـەی جوگرافـی و فـرە چەشـنەی پێکهاتەکانـی.
لەگـەڵ گەشـەکردن و زیادبونـی یەکسـانی لەنێـوان وڵاتانـی جیهـان و نەمانـی کۆلۆنالیـزم لـە جیهانـدا، سـەربەخۆیی سیاسـی هـەرە زۆری میللەتـان، هێشـتا ژمارەیەکـی زۆر لـە نەتەوەکانـی جیهـان، دەرفەتـی بڕیاردانـی مافـی چارەنوسـی خۆیـان نییـە، بـۆ نمونـە، کوردسـتان، تێبـت لـە چیـن، بژاپۆنـی رۆژئـاوا لـە مەغریـب، فەڵەسـتین... ئەمانـە تەنهـا کۆسـپ نیـن لـە رێـگای گەشـەکردنی ئـەو میللەتانـەدا، بەڵکـو بوونەتـە سـەرچاوەیەکی ناسـەقامگیر لـە چەندەهـا ناوچـەی جیهانـدا، کـە دەبێتـە فاکتەرێکـی گـەورەی رێگـر لەرێـگای گەشـەکردنی ئـەو ناوچانـەدا لـە هەمـوو بـوارە جیاوازەکانـدا و هەروەهـا کاردانـەوەی نەگیتڤـی هەیـە لەسـەر گەشـەکردن و سـەقامگیری هەمـوو جیهـان.

## کەی و چۆن نایەکسـانی لە جیهاندا پەرەی سەند؟

لـە مێـژووی کۆنـی مرۆڤایەتیـدا، پێـش سـەدەکانی هـەژدە و نـۆزدە، هـەر لەسـەردەمی بابلیەکانـەوە هەتـا فیرعەونییـەکان، ساسـانییەکان، ئیمپریاتۆرەکانـی چیـن، مایـەکان، میدیـەکان، رۆمـەکان، خولەفـای راشـدین، ئەمەوییـەکان، مەغـۆل، عوسـمانییەکان، سـەفەوییەکان... هەمیشـە نایەکسـانی و جیاوازیەکـی زۆر لەنێـوان پێکهاتـە کۆمەڵایەتییـەکان، چینوتوێـژە دەسـتەڵاتداران و بێدەسـتەڵاتدارەکاندا هـەر هەبـووە، کـەم و زۆر هەمـوو کۆمەڵگـەکان نایەکسـان بـوون و مرۆڤەکانیـان بەپێـی پلـەی کۆمەڵایەتیانـدا لەژێـر مەرجـی ئابـوری و سیاسـی جیـاوازدا ژیـاون.
ئابـوری وڵات، بڕیـاری ئابـوری و سیاسـی، موڵکایەتـی، داهاتـەکان لـە باج و سـەرانە، شـەڕو داگیرکـردن و فتوحـات... بەدەسـتی چینوتوێـژە دەسـەڵاتدارەکانەوە بـووە،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پێناوی خزمەت و بەرژەوەندی خۆیاندا، کەم یان زۆر هەموو شوێنەکانی دنیا ئەم بارەی بەسەردا زاڵبووە. چینەکانی خوارەوە و ژێردەستەکان، کۆیلە و مسکێنەکان هێندەیان پێبڕاوە کەبتوانن بەردەوامبن لە ژیاندا و توانای کارکردن و بەرهەمهێنانیان هەبێت و بتوانن خزمەتی سالارەکانیان بکەن و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن.

خەڵکانی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگە هیچ دەرفەتێکی بەشداریکردنیان لە بڕیارە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتێکاندا نەبووە، ئەبسولوتیزم رێگای حوکمکردن و بڕیاردان بووە.

هەتا سەدەی هەژدە، ئاستی ژیان و گوزەرانی مرۆڤایەتی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا لەیەک ئاست بوون یاخود زۆر نزیک بوون لەیەکەوە. هەتا ئەوسا، زۆربەی خەڵکانی جیهان بەهەژاری و دواکەوتوویی ژیاون، هیچ جیاوازێکی ئەوتۆ نەبووە لەنێوان ژیانی تاکێکی لادێی ئەوروپا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستان، چین یان ئەفریقادا. لەهەموو شوێنەکان ژمارەی دانیشتوان کەم بووە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان زۆر خاوبووە، نەخۆشی و پەتا بەسەر مرۆڤدا زاڵ بووە و بەکۆمەڵ کوشتوونی، خزمەتگوزاری و ئاستی تە ندروستی لەهەموو شوێنێک نزم بووە، خوێندەواری و زانین لەئاستێکی دواکەوتووی نزیک لەیەکەوە بووە، رێگاوبان و هاتوچۆ وەک یەک خراپ بوون، شەڕو کوشتن و تالانی و داگیرکردن بەناوی دین و بڕوای جیاوازەوە، وەک یەک لەهەموو شوێنەکانی دنیا ئاسایی بووە و بەگشتی رێگای چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بووە.

لەبەر یەکسانی ئاستی گەشەکردنی ئابوری ولات و ناوچە جیاوازەکاندا، هاوسەنگی هەبووە لە ئاڵوگۆڕی بازرگانیدا، لەو ئاڵوگۆڕەدا هەم کریاڕ و هەم فرۆشیار لە ئاڵوگۆڕەکاندا بەگشتی وەک یەک هەتا رادەیەکی زۆر سوودبەخش بوون، کەس لەسەر حسابی یەکێکی تر قازانجێکی زۆرتری نەکردووە.

گۆڕانکاری و گەشەکردن لە رۆژئاوای ئەوروپا بەتایبەتی لەئینگلتەرا، زیاتر بوژایەوە و پەرەی سەند، گۆڕانکاری لە سیستمی بەڕێوەبردنی ئابوری و سیاسی ئەو ولاتانەدا، هەتا دەهات لەبەر تەسکییەوە بەرەو فراوانتر دەچوو، بەهۆی دۆزینەوەی رێگای «رأس الرجا الصالح» و دۆزینەوەی جیهانی نوێوە ( ئەمەریکای باکور و باشور) و تالانکردنی خەیراتی ئەوێوە و هێنای بۆ ئەوروپا هێندەی تر ئەوێی بوژاندەوە.

ئە م بازرگانی و ئاڵوگۆڕە پەلیدا بۆ شوێنە جیاوازەکانی جیهان، بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چین، ئەفریقا و شوێنەکانی تر. چینوتوێژی خاوەن سەرمایە و

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشـەگەری و بازرگانـی شـارەزا، پـەرەی سـەند و هەتـا دەهـات پایـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـان بەهێزتـر و کاریگەرتـر دەبـوو. ئەمانـە وایکـرد، کـە ئاسـتی گەشـەکردن و توانـای هەنـدێ وڵاتانـی رۆژئـاوای ئەوروپـا بەهێزتربێـت. ئـەم گۆڕانکاریانـە رێـگای بـۆ فراوانبوونـی بازنـەی بازرگانـی و رێگاوبانـی نـوێ و دەسـتپێکردنی بەسـتنەوەی هەموو جیهـان پێکـەوە کـردەوە.

ئـەم گەشـەکردن و گۆڕانکارییـەی لـەم ناوچانـەی جیهانـدا روویـدا لـە شـوێنەکانی تریدا بـەو رادەیـە رووینـەدا. ئـەو شـوێنانەی تـری جیهـان، بەردەوامبـوون لەسـەر هەمـان سیسـتمی کۆنـی سـنوردار و ئەبسـولیتزمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری.

دروسـتبوونی ئـەم نایەکسـانیانە بـوو بەهـۆی ئـەوەی ئـەو هاوسـەنگیی پێشـتر لەنێـوان ئاڵوگـۆڕی بازرگانـی ناوچـە و وڵاتانـی جیهانـدا هەبـوو تێکبچێـت و لاسـەنگی بکەوێتـە نێوانیانـەوە. ئـەو لایەنـەی ئاسـتی گەشـەکردن و توانـای ئابـوری و کەپیتـاڵ بەهێـز و بەرهەمهێنانـی هەرزانتربـوو سـەنگی بازرگانـی بەلایـدا دەشـکایەوە و رێـژەی قازانجـی لەبەرامبەرەکـەی زیاتـر دەبـوو. کـە هەمیسـانەوە ئـەوەش هێـزداری بەهێزتـر دەکـرد و بـێ هێـزی لاوازتـر دەکـرد و بـەردەوام هەتـا دەهـات، نایەکسـانی زیاتـری لێدەکەوتـەوە. گەشـەکردن و بڵاوبوونـەوەی ئـەم سیسـتمە نوێیـە، کاردانـەوەی جیـاوازی هەبـوو لەسـەر شـوێن و بەشـە جیاوازەکانـی جیهانـدا. لەهەنـدێ شـوێنی جیهانـدا، وە کـو ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا، کەنـەدا، ئوسـترالیا، ژاپـۆن، کۆریـای خـواروو، سـەنگاپور، فـە رە نسـا... توانـرا سـوود لـەو گۆڕانکاریانـە وەربگرێـت و بقۆزرێتـەوە. بـەڵام بەشـێکی زۆری جیهـان، وەکـو وڵاتەکانـی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، کوردسـتان، چیـن، روسـیا، هیندسـتان، سـۆماڵ. . هتـد، هێشـتا نەیانتوانیـوە وەکـو پێویسـت سـودی لێوەرگـرن و بکەونـە رێبـازی گەشـەکردن و خۆشـگوزەرانی خەڵـک و زیاتـر یەکسـانی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، هەتـا ئێسـتا لەسـەر هەمـان سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری بـەر تەسـک و تاکـڕەو بەردەوامـن، لەباتی رێبازی گەشـەکردن و خۆشـگوزاری، لەسـەر رێبـازی تەبەعێـت و دکیتاتۆریـەت و هـەژاری و دواکەوتـن و شـەڕ و توندوتیژی هـەر بەردەوامن.

ئـەوەی لـە بەندەکانـی پێشـودا باسـمانکرد و لێـرەدا هەوڵـی گەڵاڵەکردنیـان ئەدەیـن، ئەوەیـە ئـەو هـۆکارو فاکتەرانـە چـی بـوون رۆژئـاوی ئەوروپـای پێشخسـت؟

ئـەو هـۆکار و فاکتـەر و کۆسـپانە چـی بـوون کـە رێگربـوون لـەوەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و زۆربـەی شـوێنەکانی جیهـان هەمان پێشـکەوتن و گۆڕانـکاری بەخۆیانەوە نەبینـن؟

بۆچـی هەنـدێ شـوێنی جیهـان سـوودبەخش بـوون لـە بڵاوبوونـەوەی ئەو گەشـەکردنە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەندێ شوێن بەهەمان شێوە سودبەخش نەبوون؟
ئایا بۆچی ئەو گۆڕانکاریانە یەکەمجار لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووی نەدا، لەکاتێکدا یەکەم شۆڕشی مێژووی مرۆڤایەتی کە نیشتەجێبون بوو، پێنج هەزار ساڵ کەوتە پێش ئەورووپاوە؟
ئایا ئەگەر یەکەمجار لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا روویبدایە، جیهانێکی یەکسانتر و هاوسەنگتری لە جیهانی ئەمرۆ لێدەکەوتەوە ؟
ئایا رێکەوت بوو، کە لە ئەورووپای رۆژئاوا و بەتایبەتی لە ئینگلترا، شۆڕشی پیشەسازی روویدا؟
ئایا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کوردستان، زەمینە و پێویستی تێدانیە، کە هەمان رێگای گەشەکردن بگرێتەبەر؟
ئایا سیستمی سەرمایەداری هەڕەشەیە لەسەر مرۆڤایەتی و دەبێ رێگای لێبگیرێت؟
ئایا ئەم سیستمە تۆوی ئەوتۆی تێدایە کە رێگا خۆشکەربێت بۆ جیهانێکی یەکسانتر و هاوسەنگترو سەقامگیرتر؟

## هۆکارەکانی نایەکسانی، پێشکەوتن\دواکەوتن چین؟

گەڕان بەدوای هۆکارەکانی نایەکسانی، پێشکەوتن و دواکەوتن لەنێوان وڵاتانی جیهاندا، ناوچەکاندا، ناو خودی وڵاتان و میللەتاندا، شتێکی نوێ نیە. زۆربەیجار لەو لێکۆڵینەوانەدا، هەریەکی گرنگی بەفاکتەرێک یان چەند فاکتەرێکی تایبەتی داوە و کردوویەتی بەهۆکاری سەرەکی لە پرۆسەکەدا.
ئەوەی لێرەدا گرنگە، مێژووی مرۆڤایەتی و رێبازی گۆڕانکارییەکان بە خراپ یان باش، چەندەها فاکتەری جیاواز، بە شێوەو ئاستی جیاواز، بەپێی گۆڕینی جێگا و کات و بوون و نەبوونی فاکتەری تر، رۆڵی خۆیان زۆر یان کەم دەبینن. رەنگە فاکتەرێک لەشوێنێکدا، لەکاتێکی تایبەتیدا رۆڵی پۆزەتیڤی هەبێت، بەڵام هەمان فاکتەر لە شوێنێک و کاتێکی تردا رۆڵێکی نێگەتیڤی هەبێت.

### ١ـ پێکەوتەی جوگرافی

لێرەدا مەبەست لە پێکەوتەی جوگرافی، بوونی وڵاتانە لە کیشوەرێک یان شوێنێکی تایبەتیدا، نزیک و دووری لە دەریا، دەرو دراوسێ و قەڵەباغی دەور و پشت... بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم فاکتەرە لە هەموو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شـوێن و کاتێکـدا هەمـان کاریگـەری بەسـەر کۆمەڵگەکانـدا هەیـە؟ ئایـا ئەمـە فاکتەرێکـی سـەرەکی و بنچینەییـە لـە گۆڕانـکاری کۆمەڵگەکانـدا؟
ئەگـەر بـەراوردی ئەڵمانیـا و پۆڵۆنیـا یـان یونـان و بولگاریـا بکەیـن، کـە دراوسـێی یەکـن لـە ئەوروپـا، ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا و مکسـیک لـە ئەمەریـکای باکـور، ژاپـۆن و چیـن یـان سـەنگاپور و کەمبۆدیـا لـە ڕۆژهەڵاتـی ئاسـیا، بوتسـڤانا و زیمبابـوی لـە ئەفریقـا، بۆمـان دەردەکەوێـت ئـەم جووتـە وڵاتانـە، کـە دراوسـێی یەکتـرن و دەکەونـە هەمـان کیشـوەرەوە، بـەڵام ڕادەی گەشـەکردنی ئابـوری و سیاسـی لەوڵاتەکانـی یەکەمـی هـەر جووتێکـدا لـە ئاسـتێکی گەشـەکردنی ئابـوری و سیاسـی و هەمـوو بوارەکانـی تـردا، بەلایەنـی کەمـەوە دوو هێنـدە پێشـکەوتوترن لەچـاو وڵاتەکـەی دووهەمـدا.
ئەمـە ئـەوە دەگەیەنـی، هەڵکەوتـەی وڵاتێـک لـە کیشـورێکی تایبەتیـدا، یـان بوونـی دراوسـێکی تایبەتـی هـۆکاری بنچینەیـی نیـە بـۆ گەشـەکردنی وڵاتێـک. ڕاسـتە ئەگـەر وڵاتێـک خـودی خـۆی مەرجەکانـی پێشـکەوتنی تێدابێـت، هەڵکەوتنـی ئـەو وڵاتـە لـە شـوێنێکی ئـارام و بـوژاوەدا یارمەتیـدەر دەبـێ بـۆ خێراپێکردنـی گەشـەکردنی، بـەڵام ئەگـەر خـودی وڵاتەکـە، ئـەو مەرجانـەی تێـدا نەبێـت، ڕەنگـە هەندێجـار وڵاتێـک یـان ناوچەیەکـی پێشـکەوتووی بەهێـزی دراوسـێ، هێنـدەی تـر گەشـەکردنی تیـادا بخنکێنـێ.
ڕەنگـە هەنـدێ کـەس، دواکەوتنـی مکسـیک بخەنـە ئەسـتۆی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکای دراوسـێی. بـەڵام ناکـرێ بیـر لـەوە بکەینـەوە، کـە لـە ناوچەکانـی مەکسـیک هـەزاران سـاڵ پێـش ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا دەوڵـەت هەبـووە و شارسـتانی تیـادا پێشـکەوتوتر بـووە، هەروهـا لەسـەرەتای هاتنـی ئەوروپییـەکان بـۆ ئـەو کیشـوەرە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا، هـەر وجـودی نەبـوو «٢ ل ٧». بەهەمـان شـێوە ئەگەرچـی کوردسـتان بکەوتایـە ئەوروپاشـەوە، ئەگـەر مـەرج و زەمینـەی ناوخـۆی پێشـکەوتنی تێـدا نەبوایـە، لەوێـش بەشـێوەی کۆنـی پۆڵۆنیـا، دابەشـدەبوو و داگیردەکـرا و دەبـوو بـە یەکێـک لەهـەرە وڵاتـە دواکەوتووکانـی ئەوروپـا. بەدروسـتبوونی مـەرج و زەمینـەی نوێی گونجـاو، دەبینیـن هەنـدێ وڵات کـە پێشـتر گەشـەکردنی بەخـۆوە نەبینـی بـوو، دواتـر لەهەمـان شـوێندا، گۆڕانـکاری بەسـەرهاتووە. نمونـەی ئەوانـە پۆڵۆنیـا، لـە مێـژووی کۆنییـەوە هەتـا ساڵەکانی هەشـتای سـەدەی پێشـوو، یەکێـک بـوو لەهـەرە وڵاتـە دواکەوتووکانـی ئەوروپـا، بـەڵام لـەو ساڵانەدا پێشـکەوتنی بلۆکـی سۆسیالیسـتی ڕۆژهەڵاتـی ئەوروپـاش، بەگۆڕانـی زەمینـە و مەرجەکانـی ناوخـۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرگای گۆڕانکاری بۆ کرایەوە و ئەمرۆکە ئاستێکی باشی گەشەکردنی هەیە. ئەگەر سەیری دوور و نزیکی بکەین لە قەراغ دەریا و ڕێگاوبانە سەرەکییەکاندا، دەبوایە زۆر لەوڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کەناری دەریای سپی ناوەڕاست، لە هەموو شوێنێکی جیهان زیاتر گەشەیان بکردایە، چونکە ئەو ناوچانە چەقی هەموو دنیای کۆن بوون، ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپایان پێکەوە دەبەستەوە. بەڵام هەر لەسەر کەنار ئەو دەریایە، وڵاتانی تر گەشەیان کرد، وەکو ئیتاڵیا، فەرەنسا هەندێ وڵاتانی تر. هەندێ کەس دەڵێن، دواکەوتنی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سنوری لەسەر دەریا نیە، بەڵام خۆ ئەگەر ئەوە هۆکاری بنچینەیی بێت بۆ پێشکەوتن، دەبوایە یەمەن و میسر لەهەرە وڵاتە پێشکەوتووکانی جیهان بوونایە، چونکە لە ڕێگای قەناتی سویس و دەریای سورەوە ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا پێکەوە دەبەستنەوە.

دوور و نزیکی لەسەر دەریا و ڕێگا گەورەکان بێگومان فاکتەرێکی گرنگ و یارمەتیدەرن بۆ گەشەکردنی وڵاتێک لەکاتی بوونی مەرج و زەمینەی ناوخۆدا، بەڵام لە غیابی ئەوەدا لەوانەیە ئەو فاکتەرە ببێتە هۆکاری زیاتر دواکەوتن و داگیرکردن، وەکو داگیرکردنی میسر لەلایەن ئینگلترا و لوبنان لەلایەن فەرەنساوە. لێرەدا ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن ئەوە تەنها بۆ سروشتی کۆلۆنیالیستی ئینگلتراو فەرەنسا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین کاتێک فیرعەونەکانی میسر پێشکەوترین شارستانیەتی جیهانیان بوون، فینیقیەکان لە ناوچەکانی لوبنان بازرگانی کۆنی جیهانیان دەکرد، هێشتا خەڵکانی ئینگلتەرا بە ڕاو و کۆکردنەوەی گژوگیا دەژیان.

بوونی قەڵەبالغی و گردبوونەوەی وڵات و میللەتی زۆر لە ناوچەیەکدا، دەکرێ ببێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بوژاندنەوەی بازرگانی و بوژاندنەوەی ئابوری. بێگومان ئەو فاکتەرە بۆ وڵاتەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، سودبەخش و یارمەتیدەر بووە، بەڵام خۆ ئوستراليا خۆی بەتەنها لەو پەڕی دنیایە، بەڵام یەکێکە لەهەرە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان. کوردستان کەوتۆتە نیوان چەندەها میللەتی گەورەوە، بەڵام ئەو فاکتەرە لەباتی ئەوەی بێتە هۆکاری بوژاندنەوی بازرگانی لەگەڵ دەورویشتدا و گەشەکردنی ئابوری و سیاسی تیایدا، بۆتە فاکتەرێک بۆ دواکەوتن و پاشکۆیەتی و ژێردەستی. کەواتە ئەم فاکتەرەش بەپێیی بوون و نەبوونی مەرج و زەمینەی گونجاوی ناوخۆ، بەپێی شوێن و کات ڕەنگدانەوەی باش یان خراپی هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٢- تۆبۆگرافیا و کەشوهەوا

بێگومـان، بـوون و نەبوونـی دەشـت و شـاخ و خاکـی بەپیـت، سـەچاوەی ئـاو و بارانباریـن، سـارد و گەرمـی، درێـژی و کورتـی وەرزی چانـدن و بـواری تـری هاوچەشـن، کاردانـەوەی گرنگیـان لەسـەر ئاسـت و خێرایـی گەشـەکردن هەیـە، ئاسـانکردن یـان زەحمەتکردنـی ئـەو پرۆسـەیە. بـەڵام ئایـا ئەمانـە فاکتـەری بنچینەیین بـۆ گەشـەکردن؟

وەکـو ناسـراوە، میزۆپۆتامیـا و دەوروبـەری نیـل، هـەر لـە هەزارەهـا سـاڵ لەمەوبـەرەوە یەکێـک بـوون لـە باشـترین سـەرچاوەی ئـاو، دەشـت و گـوزار، خاکـی بەپیـت و بەرەکـەت و کەشـوهەوای گونجـاو. لـەو شـوێنانەدا، پێنـج هـەزار سـاڵ پێـش ئەوروپـا و زۆر لـە شـوێنەکانی تـری جیهـان مرۆڤـی تێدا نیشـتەجێ بـوو، شۆڕشـی نیشـتەجێبون و کشـتوکاڵی تیـادا روویـدا، پێـش لـە زۆر شـوێنی تـر یەکەمیـن شارسـتانیەتە کۆنەکانـی دنیـا و بـووە چەقـی ئابـوری و سیاسـی جیهانـی ئەوسـا. بـەڵام هەمـان ناوچـە دوای چەنـد هـەزار سـاڵێک، لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، بەبوونی هەمـان ئـەو فاکتەرانـەوە، لەباتـی ببێتـە شـوێنواری یەکەمـی گەشـەکردنی ئابـوری و سیاسـی و شۆڕشـی پیشەسـازی، پاشەکشـێی کـرد.

گەشـەکردن و شۆڕشـی پیشەسـازی، پێـش هەمـوو شـوێنێکی تـر لەرۆژئـاوای ئەورپـا روویـدا، کەچـی هەمـان ئـەو فاکتەرانـە لـەوێ بـە بـەراورد لەگـەڵ رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت زۆر خراپتربـوون. وڵاتێکـی وەکـو ژاپـۆن، کـە لەچەندەهـا دورگـەی بچـوک پێکهاتـووە و رووبەرەکـەی هێنـدەی عێـراق نابێـت بـە هەنـگاوی گـەورە بـۆڕی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتیدا. سـوید یـان کەنـەدا، وڵاتـی سـاردن و وەرزی گونجـا و بـۆ بەرهەمـی کشـتوکاڵی تیایانـدا زۆر لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کورتتـرە، لەچـاو شـوێنی جیهانـدا، کـە ئـەو فاکتەرانـە تیایانـدا باشـترە، زۆر زیاتـر، گەشـەکردنی مەزنی ئابـوری و سیاسـی تێیانـدا روویـدا.

بوونـی شـاخ و شـوێنی سـەخت، دەکـرێ فاکتەرێـک بێـت رەنگدانـەوەی دوو فاقـی هەبێـت. وڵاتـی شـاخاوی رووبـەری زەوی کشـتوکاڵی کەمتـرە، کـە بێگومـان رێگـرە لە چاندنـی رووبـەری گـەورە و بەکارهێنانـی تەکنیکـی نـوێ، بـەڵام هەمـان جێـگا دەکـرێ بەکاربهێنرێـت بـۆ چاندنـی دارسـتان و بێسـتانی میـوە و لـەوەڕگای مەڕومـاڵات، کـە زۆرجـار ئـەو بەرهەمانـە دەکارن ببنـە سـەرچاوەیەکی باشـی ئابـوری و کەرەسـەی خـاو بـۆ پەرهەمهێنانـی پیشەسـازی.

خـوری مەڕوماڵاتـی ئینگلتـرای کـۆن بـوو بـە کەرەسـەیەکی خـاوی گرنگـی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پیشەسازی و شۆڕشی پیشەسازی لەو وڵاتەدا، نیوزلەندای کرد بە یەکێک لەهەرە بەرهەمهێنەرەکانی جیهان لە گۆشتی ئاژەڵ و خوریدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی چیا و دۆڵەکانی کوردستان گەورەترین سەرچاوەی مەرومالآت بوون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەکو ئینگلترا شۆڕشی پیشەسازی لێنەکەوتەوە، وەکو نیوزلەندا نەبووە سەنتەری ئەو بەرهامانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
شاخەکانی ئیتاڵیا هەر لەکۆنەوە و هەتا ئێستا زۆرترین رێژەی رەزی تیادا دەچێنرێت، کە دەبێتە کەرەسەی خاوی هەرە شەڕابە باشەکانی ئەوروپا و سەچاوەیەکی ئابوری گرنگ بۆ وڵاتەکە، بەڵام ئەو کەنار چیا و گردانەی کوردستان بە هەمان شێوە سودی لە دەرفەتی چاندنی رەزی زۆرتر و باشتر بۆ پیشەسازی وەرنەگرت.
دەبێژن چیاکانی کوردستان شوێنی خۆپاراستنی میللەتی کورد بووە لە دەست دوژمنەکانی، دۆستی کورد تەنها ئەو چیایانەن، بێ ئەوانە رەنگە کورد وەکو میللەتێک نەمایە، بەڵام ئەگەر ئەوە عەکس کەینەوە، ئایا ئەو خۆ حەشاردانە لەو شاخانەدا نەبۆتە هۆی ئەوەی کورد نەتوانی لە باتی پاڵدان بەو چیانانەوە، پاڵ بەنە یەکتری و پارێزگاری شوێنەکانیان بکەن و شارستانیەتی تێدا دامەزرێنن و لەهەموو روویەکی سیاسی و ئابوریدا گەشە بکەن؟ رەنگە لەروویەکەوە، توبۆگرافیای کوردستان، بەهۆی زەمینەی نالەباری کۆمەڵایەتی ناوخۆوە، خەڵکەکە لە فەوتاندن خۆیان پاراستبێت، بەڵام هەمان فاکتەر کۆسپێک بووە لەرێگای بەستنی شوێنە جیاوازەکانی پێکەوە، رۆڵێکی نێگەتیڤی بینیوە، لەوەی خەڵکەکە لەناوچەکانیان بمێننەوە، بیانپارێزن و تواناکانیان یەکخەن.
بێگومان هەموو ئەم فاکتەرانە، دەکرێ کاردانەوەی هاندەر یان رێگر ببینن، ببنە هۆکاری پێشکەوتن یان دواکەوتن، بەبوونی سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری و زەمینەی گونجاو و مەرجی پێویست، یارمەتی دەردەبن بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەیەک، بەڵام بەپێچەوانەوە بە غیابیان رەنگە کاریگەری نێگەتیڤیان زیاتر لەسەری هەبێت.

## ٣ـ سەرچاوە سروشتییەکان

گەشەکردنی پیشەسازی و خزمەتگوزاری، پێویستی بە سەرچاوەی سروشتی وزە و کەرەسەی خاوە، نمونەی پترۆڵ، ئاسن، مس، ئەڵماس، ئاو. هەتا ئەوانە باشتر و هەرزانتربن و بەئاسانتر چنگ بکەون، زیاتر ئاسانکاری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەداتە ئەو گەشەکردنە. لەهەمانکاتدا، زیادەی ئەو سەرچاوانە لە پێویستی ناوخۆ، دەرفەت بۆ فرۆشتیان بەدەرەوە و زیاتر بەهێزکردنی ئابوری ناوخۆ دروست دەکەن.
بەڵام ئایا ئەو فاکتەرە گرنگە لە هەموو کات و شوێنێکی جیاوازدا، بوونەتە هۆکاری گەشەکرنی ئابوری و دیموکراتی و پلورالیزم، یان لە هەندێ شوێندا بە پێچەوانەوە، بوونەتە فاکتەرێک بۆ دواکەوتن و پاشکۆیەتی و تاکڕەوی.
ئەڵماس سەچاوەیەکی سروشتی گران و گرنگە، لە وڵاتێکی وەکو نامیبیا و زیمبابۆی لە کۆندا، بووە یەکێک لە هۆکارکانی بەکۆیلەکرنی بەشێکی زۆر لە هاونیشتمانییەکانی بەدەستی خەڵکانی خۆیان و دواتر دواکەوتن و داگیرکردن و بەهێزبونی سیستمێکی رەگەزپەرستی تیایاندا، بەڵام لەوڵاتی بوتسڤانای دراوسێیان، لە کۆندا بە هەمان شێوە نەبووە، هۆی بەکۆیلەکردنی خەڵکەکانیان و دواتریش لەدوای سەربەخۆیی بوون، بووە سەرچاوەیەک بۆ گەشەکردنی پیشەسازی و بەهێزبونی ئابوری وڵاتەکە «٢ ل١٣٣». دۆزینەوەی پترۆڵ لە نەرویج و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆتە هۆی گەشەکردنی پیشەسازی و خزمەتگوزاری، بەڵام لە سعودیە، لیبیا، فنزویلا، ئێران و کوردستان ، لەگەڵ ئەوەی بەئاسانتر و هەزانتر دەردەهێنرێ، پێویست ناکات مەسرەفێکی زۆر لە گواستنەوەیدا بکرێت، نەبۆتە هۆی هەرزانی و پاکیی سەرچاوەی وزە و هەزارانی جۆری بەرهەمی پیشەسازی، بەپێچەوانەوە بۆتە هۆی پاشکۆیەتی و دابەشبوون و دواکەوتن، بۆتەهۆی بەهێزبوونی ئیلیتی دەستەڵاتدار و دەوڵەمەندبوونیان، قوتی خەڵکیان کەوتە دەست و نەهێشتنی سەرچاوەی کارکردن و داهاتی تری کشتوکاڵی و پیشەسازی.
بوونی سەرچاوەی زۆری ئاسن لە روسیا، بووە هۆی گەشەکردنی پیشەسازی قورسی چەک دروستکردن، کە بووە هۆی بونیادنانی سەرەکی پیشەسازی وڵاتەکە، بەکارهێنانی بۆ کۆنترۆڵی ناوخۆ و دەوروپشت و فرۆشتنی لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەڵام لەوڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووکان، لەگەڵ ئەوەی هەندێک لەوانیش بەشێکی بەکاردەهێنن بۆ پیشەسازی چەک، بەڵام بەشی زۆری لە پیشەسازی قورس و سووکدا بەکاردەهێنرێ و ئابوری وڵاتەکانی پێ بەهێز بووە «١٧ل٧».
بەبوونی مەج و زەمینەی گونجاوی ناوخۆ، بوونی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوان، سەرچاوە سروشتییەکان دەکرێ ببنە هۆی گەشەکردنی پیشەسازی و باشکردنی خزمەتگوزاری، بە پێچەوانەوە بە غیابی ئەوانە، ترسی ئەوە هەیە ببنە فاکتەرێک بۆ دواکەوتن و دیکتاتۆرێت و پاشکۆیەتی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**٤ـ ئایا جیاوازی ڕەگەزی مرۆڤ جیاوازی لەگەشەکردندا دروستدەکات؟**

ئەگــەر بــۆ مێــژووی کۆنتــری ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بگەڕێینــەوە، فیرعەونییــەکان، بابلییــەکان، ئاشــوورییەکان، خەڵکانــی ڕەســەنی کوردســتان. . خاوەنــی کۆنتریــن شارســتانییەتن و توانیــان دەوڵــەت و سیســتمی سیاســی و یاســایی دامەزرێنــن، بەرهەمهێنانــی کشــتوکاڵ و سیســتمی ئاودانــی پێشــکەوتوو بونیــاد بنێــن پێــش زۆربــەی شــوێنەکانی دنیــا بکــەون.
بــەڵام هەمــان خەڵــک هەمــان مــرۆڤ و ڕەگــەز، دواتــر شکســتیان هێنــا و هێــدی هێــدی زۆریــان لەناوچــوون و شــوێن و وڵاتەکانیــان کەوتنــە دەســت گــروپ و میللەتانــی خێڵەکــی لــە خۆیــان دواکەوتووتــر.
هــۆکاری چییــە ئــەو مرۆڤــە، ئــەو ڕەچەڵەکانــە، لەســەردەمێکدا گەشــەیانکرد و لــە ســەردەمێکی تــردا هەرەســیان هێنــا و لەناوچــوون، خــۆ هەمــان جــۆری مــرۆڤ بــوون. ڕەنگــە هەندێــک هــۆکاری ئــەوە بــۆ ســەرهەڵدانی خەڵکانــی تــری ڕەچەڵــەک خــراپ یــان ئایینــە جیاوازەکانــی وەکــو جــو بگەڕێنێتــەوە، مەســیحییەت یــان ئیســلام. بــەڵام ئەگــەر ئــەو شارســتانییەتە کۆنانــە خۆیــان لــە خۆیانــدا سیســتمێکی سیاســی و ئابــوری تۆکمەیــان هەبوایــە، بەدەســت ڕەچەڵێکێکــی دواکەوتووتــرەوە، وا بەئاســانی دەشــکان و شکســتیان دەهێنــا؟
بــە هەمــان شــێوە چین، هیندســتان، لــە مێــژووی کۆنتریاندا شارســتانی پێشــکەوتوویان هەبــووە، هەتــا ناوەڕاســتی ســەدەکانی ناوەڕاســت لــە زۆر بەشــەکانی تــری جیهانــی ئەوســا پێشــکەوتووتر بــوون، جێــگای داهێنــان و پیشــە و هونەربــوون، بــەڵام دواتــر شکســتیان هێنــا.
بەشــێک لــە هیندییــە ســوورەکانی ئەمەریــکا، کــە بــە میللەتــی مــای ناســراون ، لــە پێنــج هــەزار ســاڵ پێــش مەســیحەوە توانیبوویــان شارســتانییەتێکی پێشــکەتوو بونیــاد بنێــن، بــەڵام دواتــر بەئاســانی بــە دەســتی ئیســپانیەکان شــکان و کەوتنــە ژێردەســتیانەوە. ئایــا بۆچــی هەمــان خەڵــک، هەمــان ڕەگــەز توانیــان لەســەردەمێکدا شارســتانیەکی وا بەهێــز دروســتبکەن، بــەڵام هەمــان خەڵــک شکســت بێنێــن و بکەونــە ژێــر دەســتەڵاتی خەڵکێکــی تــرەوە.
دانیشــتوانی ئینگلتــەرا، یــان وڵاتەکانی ســکەندناڤیا، لەســەرەتای ســەدەکانی ناوەڕاســتدا، وڵاتەکانیــان لاکەناربــوون و کۆمەڵگەکانیــان لــە ڕووی ئابــوری و سیاســییەوە زۆر دواکوتووبــون و بەشــێکی زۆریان هێشــتا کشــتوکاڵیان نەدەزانی بــەڕاو و کۆکردنەوەی تــۆ و دارســتانەکان ژیــاون. بەپێچەوانــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت یاخــود هیندییــە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوورەکان، ئەم وڵاتانە شۆڕشی کشتوکاڵییان بەخۆوە نەبینیوە، بەڵکو خەڵکی ناوچەکانی تر لەگەڵ خۆیان هێناویانە بۆ ئەو ناوچانانە. بەڵام پێش شوێنەکانی تری جیهان، هەمان خەڵک، هەمان رەگەز، یەک لەدوای یەک دوابەدوای سەدەکانی ناوەڕاست کەوتنە بوژاندنەوە و گەشەکردن و شۆڕشی پیشەسازی تیایاندا بەرپابوو. کوردستانی باشور، خەڵکەکەی بەهاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، بەنەزان و کێوی دادەنران. بەگشتی باری ئابوری و سیاسی ناوچەکە زۆر خراپ بوو. شەڕی ناوخۆو دوو بەرەکی دەستی بەسەردا گرتبوو، رووبەڕووی ئەنفال و کیمیاباران بوونەوە، بەڵام هەمان خەڵک و رەگەز، لەدوای ساڵەکانی **١٩٩٢** وە، کە هەندێ چاکسازی سەرەتایی و شەڕی ناوخۆی تیادا وەستا، درفتی زیاتری کار و بوژاندنەوەی بازرگانی و بازاڕی کراوەتر و زیادبوونی ئازادی سیاسی و میدیا و رادەربڕینەوە، دەرگای گەشەکردنێکی رەچاوکراوی بە خۆوەبینی، دەرگای گەشەکردن و بوژاندەوەی زیاتری بۆ کرایەوە. هەتا ساڵەکانی نەوەد کوردستانی باکور وەکو لادێی تورکیا وابوو، بەڵام خەڵکەکانی بە کۆچکردن و کارکردیان لە شارەگەورەکانی وەکو ئەستەنبوڵ، وڵاتەکانی ئەوروپا، هەمان خەڵک فێری کاری پیشەیی و بازرگانی و فێربون و زانست بوون، کچەکانیان شانبەشانی کوڕەکانیان بەشداری گەشەکردنی ئابوری، کارکردن، سیاسی و کلتوری دەکەن، بوونەتە سەرچاوەیەکی باشی ئابوری و سیاسی بۆ ناوخۆی وڵاتەکە. هەمان خەڵک هەمان رەگەز بە پەیدابوونی دەرفەت و مەرجی پێویست، لە نەخوێندراوی و نەزانینەوە، بوونە فاکتەرێکی گرنگی پێشکەوتن.

لەوڵاتی باشوری ئەفریقا، پێش تێشکاندنی رژێمی خوارووی ئەفریقای سپی رەگەزپەرست، لەگەڵ ئەوەی رەشپێستەکان خەڵکی رەسەنی وڵاتەکە و زۆرینە بوون، بەڵام نزمترین پلەی کۆمەڵایەتیان هەبوو، بە نزمی و تەمەڵ و بێ توانا و دواکەوتوو دادەنران. بەڵام لەدوای تێکشکاندنی ئەو سیستمە، ئەمڕۆکە شانبەشانی سپی پێستەکان رۆڵی سەرەکیان هەیە، لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوریدا. مێژووی مرۆڤایەتی و لێکۆڵینەوەی باری ئێستای جیهان ئەوە دەسەلمێنی، کە رەگەزی مرۆڤ، نەتەوە، رە نگی پێست یان قژ هۆکارنییە لە گەشەکردنی کومەڵگاکاندا، بەڵام لەژێر سیستمێکی بەڕیوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرتەسکی تاکرەودا، کەتەنها لەبەرژەوەندی تاقمێکی نەتەوەیەک، رەگەزێک، پێگەیەکدا بێت و ئەوانی تر هەمان دەرفەتیان نەبێت، بێگومان بە پلەی یەک دواکەوتنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەوانەی ئاخری لێدەکەوێتە و بەگشتی وڵاتەکە، ناوچەکە و جیهان گەشەکردنی بەرفراوان وەکو پێویست تیادا روونادات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ٥ـ ڕۆڵی ئایدۆلۆژیای قفڵدراو و ئایین چیە؟

لە ئێستاو مێژووی کۆنی مرۆڤایەتیدا، ئایدۆلۆژیای قفڵدراو هەر هەبووە و بەپێی شوێن و کات، شێواز و رووخساری جیاوازی گرتۆتەبەر، لەوانە ئایین، فاشیزم، ئەناشیزم، ناسیۆنالیزم و لیبرالیزم و هەروەها سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی قفڵدراو و چەندەها رووخساری تر. ئازادی چۆنیەتی بیرکردنەوە، بڕوا، رادەربڕین، لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا، کە بنەماکانی پلورالیزم تیایدا پەیڕەو دەکرێ، مافێکی مرۆڤایەتییە، هەموو کەسێک دەبێ ئازادبێ لە شێوەی بیرکردنەوە و بڕوا و رادەربڕین، ئیتر بە هەرشێوازێک بێت، هەرچی ئایینێک یان هەر ئایدۆلۆژیایەکی تر، بەڵام بە مەرجێک هەوڵ نەدرێت ئەو ئایدۆلۆژیایە بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێ و مافی توێژ، چین، پێکهاتە یان تاکەکانی تر پێشێل بکات. لێرەدا ڕۆڵی ترسناکی ئایدۆلۆژیای لەچەند روویەکی جیاوازەوە دەردەکەوێت.

دارشتن و سەپاندنی هەندێ پرەنسیپ بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە لە رووی سیاسی و ئابورییەوە، دانانیان بە شتی نەگۆڕ و موقەدەس و ئەزلی. بەمانایەکی تر دانانیان بەپرنسیپێکی هەمیشەیی کە نابێت گۆڕانکاریان تێدابکرێت، رەخنەیان لێبگیرێت یاخود بەدیلیان بۆ دابنرێت. ئەمە لە زۆر لاوە زیان دەخشن. لەلایەکەوە لەبەرئەوەی جیهان، کۆمەڵگە، ژیان هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، بەپێی ئەوە دەبێ بیروڕا، پرنسیپەکان، بیروڕای خەڵکیش لەگەڵیان بگۆڕێت، ئەگینا ئەو ئایدۆلۆژیایە، ئەو پرنسیپانە، لەباتی ئەوەی ببنە فاکتەرێک بۆ گەشەکردن، دەبنە رێگر. لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی ئەو بیرۆکانە، ئەو پرنسیپانە لە کات و جێگایەکی تایبەتیدا لەلایەن چینێک، توێژێک، چەند کەسێک، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا یان دەستەبژێرێک بۆ بەرژەوەندی خۆیان دایەرێژرێن، رێگر دەبێت لە بەرژەوەندی ئەوانی تر، بەتایبەتی لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە و دروستبوونی چینوتوێژ و گروپی نوێدا، ئەوانە تیایدا بێبەش دەبن.

ترسی ئەو ئایدۆلۆژیایە لەو کاتەدا زیاد دەکات، کە ئیلیتێک، بزووتنەوەیەک، حیزبێک بۆ هێشتنەوەی بارێکی نالەبار و بەرژەوەندی خۆیان و قایمکردنی جێپێی خۆیان بەکاری بهێنن، لە کاتێکدا بەکاری بهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی چینوتوێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و مێشک سڕینەوەی خەڵکەکانی بە مەبەستێک و رێبازێکی تایبەتی.

هەڵبەتە نمونەی ئەوانە زۆرە، ئیسلامی سیاسی توندڕەوی وەکو داعش، قاعیدە، شیعەی سیاسی لە ئێران لە کۆماری ئیسلامی ئێران، حیزبوڵلای لوبنان،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەندەها بزووتنەوەی تاکڕەوی مەسیحی و جولەکە، وەکو هەڵمەتی خاچپەرستیی کاسولیکەکان دژی موسڵمانان و مەسیحییەکانی تر و جولەکەکان، بزووتنەوەی سەهیۆنی توێژێکی جولەکەکان، ناشونالیزمی تۆرانی تورک، نازیزمی ئەڵمانیا، ناسیۆنالیزمی حیزبی بەعس، یاخود ئایدۆلۆژیا کۆمۆنیزمەکەی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤێت و چین و کەمبۆدیا و کۆریای باکور.

ڕێبازی ئیسلامی سیاسی وەکو ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو، لەلایەن هەندێ بزووتنەوە و حیزب و بنەماڵە و دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکەوە بە شێوەیەکی سیستماتیکی بەکاردەهێنرێت، لە پێناوی مانەوە یان پەیداکردنی بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی هەندێ چینوتوژ و ئیلیتی ناوچەکەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و سەرکوتکردنی زۆربەی زۆری پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، بۆ مانەوەی ئەو بارە نالەبارەی لە سودی ئەواندایە. ئەمانە هەموو ڕێگایەک دەگرنەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

لێرەدا بیرۆکەی کردنی ئیسلام، یان عەرەب بە هۆکاری دواکەوتن ئەمڕۆ لە جیهان و کوردستاندا لەلایەن توێژێکی ڕۆشنبیرانەوە ڕەچاودەکرێ و دەمەتەقێیەکی زۆری لەسەرە، بەڕادەیەک ئەم فاکتەرە لایان بۆتە هۆکاری سەرەکی و بنچینەیی و جاری واهەیە کردنێتی بە تەنها فاکتەری دواکەوتن لە ناوچەکەدا و گرژی لە جیهاندا.

ئایینەکان، ڕەنگە لە هەندێ قۆناغی مێژوویی کۆندا، لەسەرتای دروستبوون و بڵاوبوونەوەیاندا، بە بەراورد بە کۆمەڵگە دواکەوتووکانی پێش خۆیاندا، توانیبێتیان کۆمەڵگەکان یەکخەن و بیانخەنە ژێر کۆنترۆڵی توێژکی تایبەتییەوە و دەوڵەتێکی بەهێز دروستکەن و بۆ ماوەیەک ئەو کۆمەڵگەیە هەتا ڕادەیەک ببوژێنێتەوە و بەرهەمهێنان تیایاندا پێشبکەوێت، بەڵام بەگشتی نەبۆتە هۆی گۆڕانکاری ریشەیی لە سیستمی بەڕێوەبردنی ئابوری و سیاسی کۆمەڵگەکان و خۆشگوزاری زۆربەی دانیشتوانەکانی. هەڵبەتە لەبەندەکانی داهاتووی لێکۆڵینەوەکانماندا زیاتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسە.

کاتێک مرۆڤ و کۆمەڵگەکان ڕووبەڕووی قەیران و تەنگوچەڵەمەی ئابوری و سیاسی و سروشتی و هەژاری و بێ ئومێدی و بێدەستەڵاتی دەبنەوە، بە غیابی هێزو توێژوچینی بەهێزی چاکساز و سیستمێکی بەڕێوەبرنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتر و پلورالیزم، زەمینە خۆشدەبێت بۆ بوژاندنەوە و سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای توندڕەوی ترسناک بە شێوەی جیاواز بەڵام بەهەمان ناوەڕۆک، ئیتر ئیسلامی سیاسی، مەسیحی، جولەکە، ناشونالیزمی، ناوچەگەرێتی، سۆسیالیزمی قوفڵدراوبێت هیچ جیاوازێکی ئەوتۆ لە ناوەڕۆکیاندانییە. ناوەڕۆکی هاوبەش لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەبنیاندا هەوڵدانی کۆنترڵی ئێلیتێکە بەسەر کۆمەڵگەدا و رێگرە لە دروستبوونی مەرج و زەمینەیەکی گونجاو بۆ گەشەکردن و گۆڕانکاری.
لە وڵات و ناوچە گەشەکراوەکانی جیهان، کە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراونی پلۆرالیزم تیایاندا زاڵە و خەڵکەکانی توانا و ئامراز و دەستگای یارمەتیدەریان لەبەردەستدایە، کە گرفتە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان چارەسەرکەن، کە دەتوانن زاڵبن بەسەر هەرەشەی نەخۆشی و پەتا و هێزە ترسناکە سروشتییەکاندا، هەتا رادەیەکی زۆر رۆڵی ئایین و ئایدۆلۆژیای و دەستەڵاتی ئاینی لاوازبووە. تاکەکان لەو کۆمەڵگەیانەدا ئازادییان هەیە هەر دینێک و بڕوایەک هەڵبژێرن، ئاین مافی تاکە و لە سیستمی سیاسی و ئابوری و یاساو دادگا یاساییەکان جیاکراوەتەوە.
دەستەڵاتی ئایینی مەسیحی، کەنیسە، لەسەردەمی ئیمپراتۆریێتی رۆمادا و دواتر لەسەردەمی فیودالیزم و هەتا سەدەکانی هەژدە، شانبەشانی چینوتوێژە دەستەڵاتدارەکان، بەشێک بوو لە سیستمی بەرتەسکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری ئەوروپا. رۆڵ و دەستەڵاتی لە ئایەتوڵاکانی دەوڵەتی سەفەوی و سەلەفییەکانی دەوڵەتی عوسمانی کەمتر نەبوو. لەرێگاگرتن لەگەشەکردنی وڵاتەکان و خۆشگوزاری خەڵک و پێشێلکردنی مافەکانیان و پشتگیریکردنی دەستەڵاتداران، لەوان باشترنەبووە.
ئەوگۆڕانکاری و چاکسازییانەی و شۆڕشی پیشەسازی، کە لە ئەوروپای رۆژئاوا، بەهۆی رێبازی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانتردا روویدا، ئەگەر خەڵکەکانی لە باتی مەسیحییەت، ئیسلامیش بوونایە هەر بەو شێوەیە رووی ئەدا. بەهەمان شێوە ئەگەر زۆربەی خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەباتی موسڵمان، مەسیحی یان جولەکە بوونایە، لەژێر سایەی هەمان سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرتەسکی تاکڕەودا بەهەمان شێوەی ئێستا دەبوو.
چینییەکان، ئەفەریقای باشور، کەمبودیا، مەکسیک، یان هەنگاریا، ئەگەرچی موسڵمان نەبوون و خاوەنی شارستانێکی کۆن بوون، کەوتنە دواوە و شۆڕشی پیشەسازی لایان روویندا. لە چین دوای دامەزران و زاڵبوونی سوسیالیزم لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، بەپێی یاسا دین هەتا رادەیەکی زۆر قەدەغەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو وڵاتە هەتا ساڵەکانی هەشتا، لەهەرە دواکەوتووەکانی وڵاتەکانی جیهان بوو، رێژەی هەژاری هاونیشتمانەکانی لە ئاستی ئەفەریقادا بوو.
بەپێی ئەمانە، راستە ئایین، لەوانەش ئیسلام بهپێی کات و جێگا لە مێژووی کۆن

و ئێستاش، دەکرێت هۆکارێکی زۆر گرنگ بێت لە ڕێگاگرتن بۆ گەشەکردن، یان لە هەندێ قۆناغی تایبەتی کۆندا ڕێگا خۆشکەربووبێت، بەڵام نە ڕۆڵی ئیسلام لە بنچینەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی هەیە لە دینەکانی تر، نە ئایین و ئایدۆلۆژیا هۆکاری بنچینەیی و سەرەکین لە گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناو کۆمەڵگەکاندا. لە کۆمەڵگەیەکدا، کە سیستمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەر تەسک و تاکڕە و پەیرەو دەکرێ، ڕۆڵی ئاین و ئایدۆلۆژیای توندڕەو بەهێزدەبێت و دەبنە کۆسپ لەڕێگای گەشەکردندا. بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگەیەکدا، کە پەیڕەوی سیستمێکی سیاسی و ئابوری بەر فراوانترو پلۆرازم بکرێت، جێگای تۆندڕەوی ئاینی و ئایدۆلۆژیایی نابێتەوە و هەتا بێت ڕۆڵیان و گاریگەریان لاوازتر دەبێت.

### ٦ـ بوونی دەوڵەتی نەتەوایەتی

ئەوەی ئاشکرایە، هەموو میللەتێک هەرچەندە بچوک یان گەورەبێت، لەئاستێکی گەشەکردنی پێشەکوتوو یان دواکەوتوودابێت، هەژار بێت یان دەوڵەمەند، بەپێی یاسا دەوڵەتی و دیموکراتێکان، مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی هەیە. ئینجا لێرەدا باسەکە بوون و نەبوونی ئەو مافە نییە، بەڵکو ئەوەیە، ئایا بوون یان نەبوونی دەوڵەتێکی وا، فاکتەرێکی سەرەکی و بنچینەییە بۆ گەشەکردن یان دواکەوتنی ئابوری و سیاسی وڵاتەکە و خۆشگوزەرانی هاونیشتمانیەکانی؟
هەندێ کەس لە کوردستان، وای لێکدەدەنەوە کە هۆکاری بنچینەیی دواکەوتن و هەژاری و ناخۆشی و چەوساندنەوەی کوردستان نەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی سەربەخۆیە، گوایە هەرکاتێک کوردستان بوو بە دەوڵەت، ئیتر هەموو قەیرانە ئابوری و سیاسییەکان چارەسەردەبن، خەڵکی بە خۆشگوزەرانی دەژی و گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە و وڵاتەکە دەبێتە بەهەشتی سەرزەمین.
ئێستاکە لە جیهاندا کەم میللەت ماوە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆی نەبێت، سنوور و ئاڵای خۆی نەبێت. بەلام ئایا لە هەموو ئەو دەوڵەتانە پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری ڕوویداوە، خەڵکەکانیان تیایدا بە خۆشگوزاری و لەئاشتی و سەقامگیریدا دەژین، ئەیا خەڵکەکانی ئازادن و دەرفەتی بەشداریکردنی بڕیاری سیاسی و ئابورییان هەیە؟
لەگەڵ بوونی ئەو دەوڵەتانەدا، وەکو باسمانکرد، نایەکسانییەکی زۆر لە نێوان هاونیشتمانیاندا هەیە، جیاوازی لە ئاستی گەشەکردنی ئابوری و سیاسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی لەناویاندا هەیە. میسر، سوریا، عێراق، ئێران، تورکیا، سۆمال، ئەریتریا، کۆلۆمبیا، ئەفغانستان، کۆریای باکور، هەموو دەوڵەتی سەربەخۆن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەو وڵاتانە، ژیانی هاووڵاتەکانیان، ئاستی گەشەکردنی ئابوری و سیاسییان وەکو کوردستان خراپ یان خراپترە. شەڕی ناوخۆ شەڕی، ناوچەگەری، کوشتنی بەکۆمەڵ، نەخۆشی، نەخوێنەواری باڵی بەسەر وڵاتەکانیاندا گرتووە.

لە سایەی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری پلورازمدا، دەکرێ نەتەوە و پێکهاتەی هەمە چەشنە، مافەکانیان بپارێزرێت و مافی تەواوی میللەتێکی سەبەخۆیان هەبێت، خاوەن سنورو ئاڵای خۆیان بن، دەستگای پەرلەمانی و ئیدارەی ناوچەیی سەربەخۆی خۆیان هەبێت.

وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەلجیکا، سوید، لە چەندها هەرێم یان یەکەی بچوک پێکهاتوون، لەگەڵ بوونی دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێزدا، هەرێمەکانی کەم و زیاد سەربەخۆیی سیاسی و ئیداری و کلتوری ناوچەکانی خۆیان هەیە. لەژێر سایەی سیستمێکی وادا، ئەگەر هەموو رێککەون لەسەری، دەکرێ دوو یان چەند نەتەوەیەک شان بەشانی یەک بژین، لەسەر هەندێ پرنسیپ و بەرژەوەندی هاوبەش دەوڵەتێکی ناوەندیی هاوبەشیان هەبێت. رەنگە هەندێ نەتەوە، نمونە میلەتی کورد، لەبەر جیاوازی زۆری بەینی ناوچەکانی و ململانێی مێژوویی ناویاندا لەدەوڵەتێکی هاوبەشی فرە هەرێمی پێکەوە بژین، ئیتر گرنگ نییە کە هەموو کوردبن، یاخود لەگەڵ میلەتێک یان چەند میلەتێکی تردا لەیەک دەوڵەتدا بژین. گرنگ ئەویە هەر هەموویان دەرفەتی بەشداریکردنیان لەبڕیار و بەڕێوەبردنی هاوبەشی دەوڵەتەکەدا هەبێت.

لەسەرەتای گەشەکردنی سەرمایەداری و شۆڕشی پیشەسازی لە وڵاتەکانی ئەورپای رۆژئاوادا، پێش ئەوەی بازاڕی جیهانی ببوژێتەوە و هەموو قوژبنێکی جیهان پێکە وە ببەستێت، بەستنەوەی بازاڕی ناوخۆ پێکەوە و تێکشکاندنی ئەو سنورە تەسک و کۆسپانەی سیستمی دەرەبەگایەتی لەسەری بونیادنرابوون پێویستبوو، لەهەمانکاتدا پێویست بوو بە دەستەڵاتێکی ناوەندی، کە بتوانێت ئاسایشی ناوخۆی و سنوورەکانی وڵاتەکە بپارێزێت و هەمان یاساو دەستور بەسەر هەموو شوێنی وڵاتەکەدا بچەسپێنی، دامەزراندن و پتەوکردنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی سنوور قایمی بەهێز پێویستبوو.

ئەمڕۆکە بەتایبەتی لەبەرئەوەی هەموو بازاڕی جیهان پێکەوە بە ستراوە و هەتا بێت وڵاتان و میللەتان خێراتر لەیەک نزیکدەبنەوە و پێویستیان بەیەکتر دەبێت

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پرۆژەی جیهانی و ناوچەیی ژینگە و سەرچاوەکانی ئاوو پاراستی سەقامگیری زیاددەکات، هەتا بێت کەپیتاڵ و کۆمپانیاکان زیاتر سنووری نەتەوایەتیان دەشکێنن، رەنگە دەوڵەتی نەتەوایەتی کلاسیکی پێویستی و رۆڵی کەمبێتەوە و بەرەو لاوازی بچیت و ئەو سنوورانە نەتەوایەتیی کۆنانە تێکبشکێت. نمونەی نزیکبوونەوەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لەیەکتری، نزیکبوونەوەی هەندێ وڵاتی رۆژهەڵاتی ئاسیا لەیەکتری و کەمکردنەوەی گومگ و کۆسپەکانی هاتوچۆ و گواستنەوەی خەڵک ئەوە دەسەلمێنێ.
هەتا ئێستا لەمرۆی جیهاندا، بوونی دەوڵەتی یاخود دەستەڵاتی ناوندیی بەهێز، پێوستییەکی گرنگە و یەکێکە لە مەرجە گرنگەکانی گەشەکردنی ئابوری و سیاسی وڵاتان. بەتایبەتی لەو وڵاتە دواکەوتووانەی کە ئاژاوە و تاقمگەری و ناوچەگەری و بەرەلایی تیایاندا زاڵە. دەوڵەتێکی هاوبەش پێویستە، کە خەڵکەکەی بە بەرژەوەندی هاوبەش یەک بخات، وەکو یەک دەرفەتی بەشداریکردنی ژیانی سیاسی و ئابوری و بڕیاردانیان بۆ مسۆگەر بکات، مافەکانیان بەپێی یاسایەکی هاوبەش بپارێزێ، ماڵومولکیان پارێزراو بکات... بەلام بوون و نەبوونی دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆی لەخۆیدا بەبێ پەیڕەوکردنی سیستمێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرفراوانی پرۆلاریزم چارەسەری گرفتی خەڵک و میللەتان ناکات و هیچ مەرج نییە و هیچ گەرەنتییەکی گەشەکردنێکی درێژخایانی وڵاتەکە ناکات. بوونی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی لە هەندێک کات و جێگەدا رەنگە فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ گەشەکردنی سیاسی و ئابوری، بەلام فاکتەری بنچینەیی و سەرەکی نییە بۆ ئەوانە.

### ٧ـ ئایا هۆکارە دەرەکییەکان هەتا چەند کاریگەرن؟

ئەوەی گومانی تێدانیە، فاکتەری دەرەکی رۆڵی گرنگی لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگە هەیە، بەلام ئایا ئەو فاکتەرانە رۆڵی سەرەکیان لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا هەیە؟ ئایا ئەو فاکتەرانە هەمیشە یەک جۆر کاردانەوەیان دەبێت لەسەر کۆمەڵگەکان، یاخود زەمینەی ناوخۆ و فاکتەرە ناوخۆییە سەرەکیەکان بڕیاری ئەوە دەدەن کاردانەوەی ئەو فاکتەرە دەرەکیانە چۆنبن؟
شۆڕشی پیشەسازی سەدەی حەڤدەی ئینگلترا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا بۆ وڵاتەکانی تری ئەوروپا، بەپێی کات و شوێنی جیاواز، کاردانەوەی جیاوازی هەبوو. فەرەنسا دوای نزیکەی سەد ساڵ شۆڕشی دیموکراتی تیادا روویدا، کە دەرگای بۆ

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشـــەکردنی ئابـوری لـە وڵاتەکـەدا کـردەوە، بـەڵام ئەڵمانیـا هەتـا کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی هـەر سیسـتمێکی قەیسـەری سروشـت فیوداڵـی هەبـوو، لە سـییەکانی سـەدەی بیسـتەمەوە هەتـا کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری تونـدڕەوی نازیـزم باڵـی بەسـەر وڵاتەکـەدا کێشـابوو، هەتـا دوای ئـەو شـەڕە، وڵاتەکـە نەهاتـە سـەر سـکەی گەشـەکردنی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی پلـورازم.

ئیسـپانیا، لەگـەڵ ئەوەی باشـترین پێگـەی جوگرافی هەیـە، خێراتێکی زۆری دەسـتکەوت لـە تاڵانکردنـی هیندییـە سـوورەکاندا، هەتـا دوای شـەڕی جیهانـی سیسـتمێکی بەڕێوەبردنـی فاشـیزم تیایـدا زاڵ بـوو، بـەڵام وڵاتانـی سـکەندناڤی، لەگـەڵ ئـەوەی هەمـان مەرجـی دەرەکـی وەکـو ئیسـپانیایان بـۆ نەلوابـوو، هـەر زوو ڕێبازی سیسـتمی بەرفراوانتـر و پلورازمیـان گرتەبـەر.

لـە سـەرەتای بڵاوبوونـەوەی سـەرمایەداریدا بـۆ جیهـان، هەنـدێ وڵات وەکـو پێویسـت سـودیان لـەو فاکتـەرە وەرگـرت و بوونـە یەکەیەکـی سـەربەخۆ و بەهێـز و کاریگـەر لە سیسـتمەکەدا، نمونـەی ئەوانـە ژاپـۆن، کەنـەدا، ئوسـترالیا و ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمەریـکا. بـەڵام زۆر وڵاتانـی تـر وەکـو دەوڵەتـی عوسـمانی، قاجـاری ئێـران، چیـن ، ئەسـیوبیا ئـەو فاکتـەرە دەرەکییـە بەپێچەوانـەوە بـووە هـۆکاری پاشـکۆیەتی و ژێردەسـتی و دواکەوتنـی ئابـوری و سیاسـی.

بـەڵام لەهەمانکاتـدا وڵاتێکـی وەکـو چیـن، کـە هەتـا سـاڵەکانی هەشـتای سـەدەی بیسـت یەکێـک بـوو لەهـەرە وڵاتـە دواکەوتـووە هەژارەکانـی جیهـان، لـەم سـێ سـاڵەی دواییـەدا بەهـۆی هەنـدی چاکسـازی و گۆڕانـکاری ناوخـۆوە، بـاری ئابـوری و بوژاندنـەوەی بازرگانـی و فینانـس تیایـدا پێشـکەوتنێکی بـێ هاوتـای بەخـۆوە بینیـوە. بڵاوبوونـەوەی سـەرمایەداری جیهـان لـە وڵاتـەدا، لـە کاتـی جیـاوازدا بەهـۆی گۆڕانـکاری لـە فاکتەرەکانـی نـاوەوە، کاردانـەوەی جیـاوازی کـردە سـەر ئـەو وڵاتـە. لەنـاو وڵاتـە عەرەبیەکانـدا بـاوە، هـۆکاری هەمـوو دواکەوتـن و شکسـتهێنانەکانیان بگەڕێننـەوە بـۆ سـەهیۆنیزم و ئیمپریالیـزم. هەرچـی رووبـدا ئەوانـن، دواکەوتنـی ئابـوری، شەڕوشـۆر، هـەژاری، خراپـی بـاری تـە ندروسـتی، ململانـێ و توندوتیـژی ناوخـۆی دەوڵەتەکانیـان، دواکەوتنـی ئاسـتی گەشـەکردنی پیشەسـازی و بازرگانـی و کشـتوکاڵ، ئاوارەیـی و کۆمەڵکـوژی و پێشـێلکردنی مافـی فەڵەسـتینییەکان. وای پیشـان ئـەدەن هیـچ لەوانـە خەتـای خۆیانـی تیـادا نیـە و خەتـای دەرەوەیـە. لـە راسـتیدا لـەم ڕێگەیـەوە دەیانـەوێ ئـەو راسـتییە بشـارنەوە، کـە هـۆکاری سـەرەکی ئـەو گرفتانـە بۆ ئـەو سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابوریـەی لەنـاو خـودی وڵاتەکانیانـدا پەیـڕەو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکرێت دەگەڕێتەوە.

ڕەنگە هەندێک خەڵک لەنەزانی یان بەهۆی هەڵخەڵەتاندن و سڕینەوەی مێشکەوە، بڕوا بەو شتانە بهێنن، بەڵام بەگشتی هۆکاری ئەو بیرکردنەوەیە، دەستی دەستەڵاتداران و ئەو چینوتوێژە کۆمەڵایەتیانەیە تێدایە، کە لەو ڕێگایەوە دەیانەوێت فاکتەرە ناوخۆییە سەرەکییەکانی ئەو بارە نالەبارە بشارنەوە لەپێناوی بەردەوامیدان بەو زەمینەیە، چونکە ئەوانە بەرژەوەندیان لەمانەوەی ئەو بارەدا هەیە. ئەو سیستەمی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابوری بەرتەسکە تاکڕەوەیە پارێزگاری بەرژەوەندی ئەو توێژ و چین و هێزانە دەکات.

لێرەدا مەبەست ئەوە نیە، کە زلهێزەکانی جیهان، هەرچی دەیکەن لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا نەبێت، هەوڵی سودوەرگرتن لە لاوازی وڵاتان و ململانێ ناوخۆییەکان و تاکڕەوی و توندڕەوی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە، چونکە ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانە کەپیتالیزمانە لەناو خودی وڵاتەکانی خۆیاندا لەبەر بوونی چینوتوێژی بەهێز ناچارن پلورالیزم پەیڕەوبکەن، بەڵام لەدەرەوەی سنوری وڵاتەکانیاندا لە غیابی بوونی پلورالیزم لەهەندێ وڵات یان ناوچەدا، هەڵسوکەوت لەگەڵ دەستەڵاتدارانی تاکڕەوی وەکو ئەو وڵاتە عەرەبیانە دەکەن و هەوڵی مانەوەیان ئەدەن لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا.

لەناو کوردیشدا زۆر باوە هەمیشە هوکاری ژێردەستێتی، دواکەوتن، هەژاری و نائازادی و شکستهێنان بخەینە ئەستۆی تورک، عەرەب، فارس، یان وڵاتە زل هێزەکان. ئەم بیرۆکەیە وایکردووە سەرکردەکانی کورد هەمیشە چاوەڕوانی دەوڵەتان و دەستی دەرەکی بوون بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی. ئەو فاکتەریان کردۆتە فاکتەرێکی سەرەکی و بەوپێیە شکستهێنانەکەیان خستۆتە ئەستۆی هێزی دەرەکی و خۆیان بە زوڵملێکراو و بێ گوناە پیشانداوە تیایاندا.

هەڵبەتە ئەمە نەک وایکردووە، کە ئەو بیرۆکەیە بچیتە مێشکی خەڵکی کوردستانەوە و بڕوای پێبهێنن، بەڵکو کاردانەوەیەکی دەروونی ترسناکی خستۆتە مێشکیانەوە، کە چیتر بڕوایان بە هێز و توانای خۆیان نەمێنێ و چاوەڕوانی پشتیوانی دەرەکی بکەن و نەگەڕێن بەدوای فاکتەرە ناوخۆییەکاندا. بێگومان شاردنەوەی ئەو فاکتەرە ناوخۆییانە، بەردەوامی دەدات بە مانەوەی هەمان هێز و حیزب و چینوتوێژی دەستەڵاتداران و پاراستنی بەرژەوەندەکانیان و پەیڕەوکردنی هەمان ڕێبازە کۆنەکان. نا شەفافێتی سەرکردەکان لە چۆنیەتی بیرکردنەوە و پلان و چۆنیەتی کاربەڕێوەبردن، بۆ شاردنەوەی ئەو فاکتەرە ناوخۆیانە دەگەڕێتەوە.

ڕاستە ڕێککەوتنامەی جەزائیری نێوان ئێران و عێراقساڵی ١٩٧٥، وەکو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فاکتەرێکی دەرەکی، رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە شکستپهێنانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، بەڵام ئایا نەکردنی چاکسازی سیاسی و ئابوری لە ناوچە رزگارکراوەکاندا و کەموکوڕی و پەیڕەوکردنی ریبازێکی تاکڕەوی هەندێ چینوتوێژی کۆمێڵایەتی و ململانێی نێوانیان بۆ بەرژەوەندیە تایبەتێکانیان و رێگانەدان بە پلوراليزم، پشت نەبەستن بەتوانای شارەکان و رێکخستنیان، وای نەکرد بزووتنەوەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە فاکتەری دەرەکی ببەستێت. دیارە لەزەمینەیەکی وا نالەباردا، بەنەمانی ئەو فاکتەرە دەرەکییە، سەرکردایەتی بزووتنەوەکە لە چەکدان و شکستهێنان بەولاوە هیچی تری لەبەردەمدا نەبوو.

**٨ـ رۆڵی سەرکردە / تاک لە کۆمەڵگەدا چیە؟**

لە زۆربەی کتێبە مێژووەییە کۆنەکانی هەموو جیهاندا، لەباسکردنی هۆکارەکانی ژێرکەوتن یان سەرکەوتن، پێشکەوتن یان دواکەوتن، هەمیشە دەگەڕێندرێتەوە بۆ رۆڵی سەرکردەیەک، پاشایەک یان پیاوێکی ئایینی. مێژووی مرۆڤایەتی لەو باسانەدا، مێژوی پیاوی دەستەڵاتداری ئازاو زیرەک یان دەستەڵاتداری زاڵم و ترسنۆک و نەزانە، ئەوانە بەدروستکەری مێژووی وڵاتان و میللەتان دادەنرێن. ئەو کەسانە تەقدیس یان رەجم دەکرێن و رەخنەگرتن یان راوبۆچوونی جیاواز لێیان بەتاوان و خیانەت دادەنرێ.
لەوڵاتە پێشکەوتووکانی ئەمڕۆدا، بەپێچەوانەوە رۆڵی سەرکردە، تاک، هەتا دێت کەمدەبێتەوە و بەشێوەیەکی گشتی ئەو تەقدیس یان رەجمکردنە، لە مێشکی خەڵک و لای نوسەران و میدیاکاندا جێگای نەماوە. لەم کۆمەڵگەیانەدا، رۆڵی سەرکردە پابەندە بەکارێکی دیاریکراوەوە، کە تیایدا ئەو کەسە کار و ئەرکێکی تایبەتی پێدەسپێری یان دەیخاتە ئەستۆی خۆی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بەتەواوبوونی ئەو ئەرک و ماوەیە دەوری ئەو تاکەش کۆتایی پێدێت. ئەم رۆڵ و چۆنیەتی بیرکردنەوەیە بۆ زیرەکی و بلیمەتی خەڵکانی هەندێ کۆمەڵگە و تێنەگەیشتن و نابلیمەتی ئەوانی تر ناگەڕێتەوە، بەڵکو بەندە بە چۆنیەتی سیستمی بەڕێوەبردنی ئابوری و سیاسی وکۆمەڵایەتی وڵاتەکە.
لە مێژووی کۆنی جیهاندا، بە مێژووی وڵاتە پێشکەوتووکانیشەوە، سیستمی بەڕێوەبردن سنورداربووە، لە زۆربەیاندا سروشتێکی ئەبستۆلیزمی هەبوو، تیایدا مافی بڕیاردان و حوکمرانی لەدەستی بنەماڵەیەک و بەتایبەتی لەدەستی تاکێکدا بووە، زۆرینەی دانیشتوانی وڵاتەکە نەکو مافی بڕیاردان، بەڵکو مافی بیرکردنەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و خۆلقاندنیـان نەبـووە و بەخەڵکـی گێـل و نەفـام دانـراون.
ئـەو سـەرکردانە وەک خـوای سـەرزەمین و بەپارێـزەری کۆمەڵگـە دادەنرێـن و تەنهـا ئـەوان دەتوانـن بـەو ئەرکـە هەسـتن، بـێ ئـەوان وڵات و میللـەت سـەرگەردان دەبێـت و لەناودەچـێ ، گـوێ رایـەڵ نەکـردن بـۆ ئەوانـە غەزەبـی خـوای لێدەکەوتـەوە و سـزایان دەدات. بۆیـە شـتێکی سـەیرنییە کـە توانـا و بـێ توانایـی، ئازایـی و ترسـنۆکی ئـەو سـەرکردانە رۆڵـی گرنگـی هەبـووە لـە کۆمەڵگەکانـدا، رۆڵیـان بۆتـە یارمەتیـدەر یـان کۆسـپ رووبـەرووی بەهێزبـوون یـان نیمچـە گەشـەکردنی کۆمەڵگەیـەک بـۆ چەنـد سـاڵێک.
لـەو کۆمەڵگەیانـەدا سـەرکردە ئـازا و زیرەکـەکان، بەگشـتی لـە هەمـوو ئەوانـی تـر زیاتـر توانیویانـە کۆنترۆڵـی کۆمەڵگـە بکـەن و یەکـی بخـەن، بـۆ ئـەو مەرامـە پێـش هەمـوو شـتێک هەرچـی خەڵکـی بەتوانـاو زیرەکـی دەوروپشـتی خۆیان هەیە بەشـێوەک لـە شـێوەکان لەناوبـراون یان سـەرکوت کـراون و شـکێنراون. لەبەرئەوە زۆرجـار دوای نەمانـی سـەرکردەیەکی بـەو جـۆرە، لەبـەر نەمانـی خەڵکانـی تـری بەتوانـا هەنـدێ وڵات توشـی قەیرانـی گـەورە بـوون، چونکـە کەسـێکی بەتوانـا و ئـازا نەبـووە، کـە بتوانـێ جێـگای بگرێتـەوە.
لــە جیهانــی ئەمڕۆشــدا پاشــماوەی ئــەو سیســتمە، هێشــتا لــە زۆر وڵاتــدا هــەر ماونەتـەوە، لـە بەڕێوەبردنـی دەوڵەتانـدا، حیـزب و رێکخراوەکانـدا هەتـا ئێسـتا بە روون و ئاشـکرا دیـارن. ئەمـە بەشـێویەکی کاریگـەر رێگـرە لـە پەیدابوونـی خەڵکـی تـازەی بەتوانـا و خوڵقێنـەر، بۆیـە لـەدوای نەمانـی ئـەو سـەرکردانە، وڵاتەکانیـان، حیـزب و بزووتنەوەکانیـان رووبـەرووی قەیـران و دابەشـبوون و پارچەبـوون دەبێتـەوە.
وڵاتـە پێشـکەوتووە دیموکراتێـکان، بڕیـاردان لەسـەر بنەمـای پلورالیزمـە، کـە تیایـدا زۆربـەی خەڵکـی وڵاتـەکان، لـە رێـگای هەڵبـژاردن، چاودێریکـردن، میدیـا، پارتـی سیاسـی و رێخـراوی مەدەنیـەوە، بەشـداری لـە هەڵبژاردنـی نوێنەرەکانیـان و بڕیـاردان دەکـەن.
سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری و کۆمەڵایەتـی بەرفـراوان، گەرەنتـی ئـەو پرۆسـەیە دەکات. ئـەو سیسـتمە، زەمینـە بـۆ هەمـوو تاکێکـی کۆمەڵگـە خۆشـدەکات، کـە مافـی بیرکردنـەوە، رادەربریـن، بڕیـاردان و خوڵقاندنـی هەبێـت، دەرفـەت بـۆ هـەزاران خەڵـک دروسـت دەبێـت، کـە ئەرکـە سیاسـی و ئابـوری و بوارەکانـی تـری ژیـان پـێ بسـپێرێت و بتوانـن بیانگەیەنێنـە ئامانـج، لەبەرئـەوە هەمـوو تاکێـک قابیلـە لاببرێـت و خەڵکـی تـر بخرێتـە جێـگای، بەنەمانـی یـان لابردنـی سـەرکردەیەک وڵاتەکـە توشـی قەیرانـی گـەورە نابێـت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە پێچەوانـەی سـەرکردەیەکی ئەبسولسـیتەوە، سـەرکردەیەکی دیموکـرات، کـە لەژێـر سـایەی پلورالیزمـدا دروسـت بـووە، خەڵکانـی بەتوانـا لەخـۆی کۆدەکاتـەوە و زەمینەیان بـۆ خۆشـدەکات، کـە لـە کـەرت و پـرۆژەی جیـاوازدا دەوری سـەرکردایەتی ببینـن، بەنەمانـی خـۆی چەندەهـا سـەرکردەی تـر پەیـدا دەبـن جێـگای بگرنـەوە و بەردەوامـی بـدەن بەگەشـەکردنی پرۆسـەکە بـۆ ئاسـتێکی بەرزتـر.

راسـتە لـە جیهانـی ئەمڕۆشـدا دەوری تـاک یـان سـەرکردە گرنگـە، بـەڵام گرنگـی و باشـی و خراپـی ئەوانـە، تەنهـا لـەوەدا دەردەکەوێـت، کـە ڕێـگا بـدەن بـەوەی گەورەتریـن ژمـارەی خەڵـک لـە بڕیارەکانـدا بەشـداربن، لـەوەدا دەردەکەوێـت، کـە لـەدوای تەواوبونـی ئـەو ئەرکانـەی پێیـان سـپێردراوە لـە ماوەیەکـی تایبەتیـدا، رۆڵـی هەبوبێـت لـە رێـگا خۆشـکردن بـۆ دروسـتبوونی چەندەهـا خەڵکـی نـوێ بـە بیـروڕای هەمەچەشـنەی نوێـوە، کـە بتوانـن بەئاسـانی جێـگای خۆیبگرنـەوە.

رۆڵـی تـاک، لـە کـۆن و ئێستاشـدا ئەگەرچـی، کـەم یـان زۆر کاردانەوەیـان هەبـووە و هەیـە لەسـەر کۆمەڵگـەکان، بـەڵام ئـەو کاردانەوەیـە فاکتەرێکـی سـەرەکی نیـە بـۆ پێشـکەوتن یـان دواکەوتنـی کۆمەڵگەیـەک. چاکـی و خراپـی، بەهێـزی و لاوازی، ئازایەتی و ترسـنۆکی، بلیمەتـی و نابلیمەتـی نابێتـە هـۆی گۆڕانـکاری لـە بنەمـا بنچینەکانـی کۆمەڵگەکانـدا، نابێتـە هـۆی گۆڕانـکاری لـە سیسـتمی بەڕێوەبردنـی سیاسـی و ئابـوری وڵاتێکـدا، بەڵکـو رۆڵـی ئـەو تاکـە لە بازنـەی ئـەو سیسـتمەدا رۆڵ دەبینێ، کـە کاری تێدا دەکات، رۆڵـی لـە چۆنیەتـی تەعامولکـردن لەگـەڵ فاکتـەرە سـەرەکییەکانی گۆڕانـکاری نـاو کۆمەڵگەکـەدا دەردەکـەوێ.

لەبـەر ئـەم راسـتیانە، لـەم کتێبـەدا هەتـا دەکـرێ باسـی رۆڵـی تاکـی تیـادا نەکـراوە. مەبەسـت لـەوە ئەوەیـە لـە کۆمەڵگـەی کوردسـتان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، لەنـاو پارتە سیاسـی، بزووتنـەوەکان و حوکمەتـەکان و هەمـوو دەسـتگاکانی تـری کۆمەڵگەکانـدا، پاشـماوەی گرنگـی بـێ سـنووری رۆڵی سـەرکردەکان و تەقدیسـکردنیان، کـەم یان زۆر لای هەمویـان، زاڵـە بەسـەر بیرکردنـەوەی خەڵکەکانـی و کاردانەوەیەکـی زۆری دەرونی لەسـەریان هەیـە. مەبەسـت لەمـە سـوکایەتی نییـە بەرۆڵـی تاکـەکان لەکۆمەڵگەکانـدا، بەڵکـو هەوڵدانیەکـە بـۆ پێشخسـتنی رۆڵـی فاکتـەرو هـۆکارە بنچینەیـی و سـەرەکێکانی پێشـکەوتن، یـان دواکەوتنـی کۆمەڵگـەکان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەرچاوە

1- Abrahamian Ervand, A history of modern iran, Cambridge University Press UK, 2008

2- Acemoglu Daron, Robinson James A. , Why nations fail, Crown Publisher USA, 2012

3- Ahmed, kozad Mohamed, The beginning of Ancient Kurdistan, Leiden
Sweden, 1912

4- Baser Nathalie, Egypten, Bröderskapets uppgång och fall, Världspolitikens
Dagsfrågor, 102013/

5- Bird Iabella, Journeys in Persia and kurdistan, Cambridge University Press, 2010

6- Bladh Mats, Ekonomisk historia: Europa, Amerika och Kina tusen år, Student litrature, 2011

7- David s. Sorenson, An Introduction to the Modern Middle East, Wesview
Press USA, 2014

8- Dillard Dudley, västeuropa och forenta staternas ekonomi historia, Printice- Hall, Newjersey usa, 1967

9- Dundar Fuat,British use of the statistics in the iraqi kurdistan question, Crown Center for Middle East Studies, Brandeis , 2012

10- Engvalt Johan, Korruption i den forna sovjetunionen, Världenspolitikens
Dagsfrågor, 62016/

11- Ghasemi Shapour, The Achaemenid Empir, iran chamber socitey,2015

12- Harrrison Dick,Upplev Sverige historia, Bonnier Fakta, 2015

13- Hellman Jonas, Indien, kan jätten resa sig?, Värdspolitikens Dagsfrågor, 12014/

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

14- B. marks Robert, Den modena världens ursprung, Aktiv förlag_a-z förlag, 2004
15- Hooshang Amirshmadi, The political economy of iran under Qajars, I. B.
Tauris & CO London, 2012
16- Issawi Charles, The economi history of the middle east and north africa,
Methuen & Co Ltd London, 1982
17- Jonson Lena, Rysslan i en återvänsgränd, värdspolitikens Dagsfrågor, 112014/
18- jönsson Per, Profetens Hämnd, Islamiska staten, världspolitikens Dagsfrågor
9/ 2014
19- Koohi-Kamali Faridah,The political development of the kurds in Iran,
Palgrave Macmillan New York, 2003
20- Kragh Martin, Ryssland historia från Alexander II till Putin, Dialogos Förlag, 2014
21- Lagerqvist Christopher, Reformer och revolitioner,Specialtryckeriet A/S
Denmark, 2013
22- Lagerqvist Johan, Tid för förändring I Kina med Xi Jinping, Världspolitikens Dagsfrågor, 12013/
23-Lendering John, The Median Empire, Iran chamber society,2015
24- Lenin, Imperialismen som kapitalismens högsta stadium, 1916
25- Lenin, kapitalismens utveckling I Ryssland, 1899, översättare Martin
Fahlgren, förlag Sverige, 2007
26-Lenin, Two tactics of social democraty in the democratic revolution 1905, Foregin language press Peking,1965
27- Lindqvist Herman, Historien om Sverige, Norstedt & Söner AB, 1993

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

28- Myhrman johan, Hur sverige blev rik, SMS förlag, 1994
29- Owen Roger/Sevket Pamuk, Middle east economy in the twentiht century,
Havard University Press Cambridge, Massachusertts, 1999
30- Owen Roger, The middle east in the world economy, I. B. Tauris & Co
London 20022011/
31- Rider Christina, En introduktion till ekonomisk historia, Liber, 1999
32-Richards Alan – Ishac Diwan, Apolitical economy of the Middle East,
Westview Press USA, 2008
33- Rodinson Maxime, Islam and capitalism Saqi Essentials London, 2007
34- Roine Jesper, Thomas Pikettys Kapitalet, Volante, 2013
35- ShahmiriCyrus,The Elamite Empire, Iran Chamber society, 2015
36- Skovmand Sven, Bonners världs historia, Albert Bonniers Förlag Sweden,2003
37- Sorenson David s. , An introduction of the modern middle east, Westview
Press, 2013
38- Schön Lenart, En modern svensk ekonomi historia, Student litratur AB, 2014
39- Veres Victoria, FN:s nya utvecklingsmål, Världspolitikens Dagsfrågor, 82013/
40- Zady Mehrdad R. ,kurdistans economy / The Kurds, Taylor & Francis, 1992
41- Lena Karlsson & Roderick Parkes, Britisk politik i förändring,
Världspolitikens Dagsfrågor, 12015/
42- Dohainstitute. org
43- Ekonomifakta. se
44- Globalis. se

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

45- Industri politiken. se, Industrial policy sweden
46- Internationella studier, utrikes politisk institute
47- Iranchamber. com
48- Landguide. se / all countries
49- rawabetcenter. com
50- Sveriges fyra grund lager, Riksdag, 2014
51- Urikes politisk institute sverige / international studies in sweden, 2010-2015
52- Wikipedia English
53- Wikipedia svensk
54- worldbank. org
55- KarlssonIngmar, Turkiets Historia, Scandbook AB Falun, 2015
56- Söderberg Johan, Vår världs ekonomiska historia, del 1, Student litratur, 2015
57- Montgomerg Hugo, medelhavsvärldens historia till omkring 400 e. kr, Berlings, Arlöv, 1985
58- Tors John, Historisk Teori och metod, Student Litratur AB Lund, 2010
59- Åke Holmberg, Vår Världs Historia, Centraltryckeriet AB Borås, 1982

٦٠- ئارچی رۆزفێلت، کورد لە یاداشتەکانی ئارچی رۆزفێلتدا، ١٩١٨، و. کارزان موحەمەد،
بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٣
٦١- ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر، کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویی‌دا، چاپخانەی وەزارەتی
پەروەردە، ٢٠٠٥
٦٢- ئەحمەد مەحمود خەلیل، مێژووی کورد لە شارستانی ئیسلامدا، چاپخانەی پەیوەند - سلێمانی،
٢٠١٠
٦٣- پسپۆران و ئەفسەرانی ئینگلیز، کورد و کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ١٩٢٣\٢٠٠٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦٤- بوار نورەدین، میر عەبدال خانی بتلیس، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٧
٦٥- حسێن ئارام بەگ، مێژووی میرایەتی بابان، بنکەی ژین، ٢٠١٣
٦٦- حمید بوز ئەرسەلان، مێژووی تورکیای هاوچەرخ، چاپخانەی ئاراس ٢٠١٢
٦٧- دون ناردو، ئیمپراتوریەتی ئاشور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٨
٦٨- دیدار عوسمان، ڕۆڵی کورد لە دامەزراندنی کۆماری تورکیادا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٣
٦٩- ڕاڵف دارن دۆرف، قەیرانەکانی دیموکراسی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٨
٧٠- سیروان کاوسی، مێژووی دەسەڵاتی ئایینی ئێران، Digital Printservice AS, Oslo، ٢٠١٠
٧١- سۆران حەمەڕەش، کورد کێیە؟ YPS publisher، ٢٠١٣
٧٢- ساڵح قەفتان، سێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٩
٧٣- سامی شۆڕش، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسیدا، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٦
٧٤- سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، یادەوەرییە سیاسییەکانم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠
٧٥- شەمسی موحەمەد شەمسەدین، مێژووی کورد لە سەدەی شانزەدا، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٩
٧٦- عەبدولمونعم ماجد، مێژووی سیاسی عەرەب، ١٩٥٦، و. مەلا عەزیز، ناوەندی ئاوێر، ٢٠١٣
٧٧- عەبدوللا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ستراتیجی لە کوردستان، ٢٠٠٤
٧٨- عوسمان عەلی، چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد، چاپخانەی دیلان، ٢٠٠٦
٧٩- فەرهاد پیربال، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٦
٨٠- فوئاد مەجید میسری، کۆمەڵگە لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠١٣
٨١- فیراس سەواج، نهێنی عەشتار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٠

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٨٢- کەمال مەزهەر، کوردو کوردستان، گرین گلۆری، لوبنان، ٢٠٠٩
٨٣- کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی کورد، شرکه مطبعه الادیب المحدوده، ١٩٨٥
٨٤- کەمال مەزهەر، خەباتی رزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٤
٨٥- مارتن ڤان برونسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، مەکتەبەی بیروهۆشیاری(ی.ن.ک.)، ٢٠١٠
٨٦- موحەمەد حەمە باقی، میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٢
٨٧- مامخان شیروانی، بارزان و رەچەڵەکی بارزانیان، کوردستان پۆست، ١٩٩٥
٨٨- مارکس کارل، بەیاننامەی پارتی کومونیست \ وەرگێرجەلال دەباغ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٢
٨٩- موحەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاسەی تەئریخی کورد و کوردستان، بنکەی ژین، ٢٠٠٦
٩٠- محمد سهیل تەقوش، مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، ٢٠١٢
٩١- محمد سهیل تەقوش، عوسمانییەکان، کتێبخانەی ئاوێر، ٢٠٠٩
٩٢- موجتەبا بورزوویی، بارودۆخی سیاسی کوردستان ١٨٨٠- ١٩٤٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥
٩٣- نەجاتی عەبدوڵلا، راپەرینەکانی بارزان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس هەولێر، ٢٠١٠
٩٤- نیشتمان بەشیر موحەمەد، کورد و سلجوقیەکان چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦
٩٥- نەوشیروان موستەفا، چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی، الدار العربیه للعلوم ناشرون، ٢٠١٥
٩٦- نەوشیروان موستەفا، کورد و عەجەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، ٢٠٠٥
٩٩- کلودیوس رِیچ، گەشنامەی ریچ بۆ کوردستان، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٢
٩٨- ی. ئی. جاسیلیەڤا، کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات، بڵاوکراوەی ئاراس،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢٠٠٩
٩٩- یان یەرپە، دابەشکردنی دەستەڵاتەکان لە ئێران، بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٥
- بە عەرەبی:
١٠٠- ابراهيم الداقوقى، اكراد تركيا، منشورات اراس، ٢٠٠٨
١٠١- ج.ر. غنيمه Ghanima، تجاره العراق، ١٩٢٢، دار النشر العراقى، ١٩٢٢
١٠٢- جرجيس فتح الله، يقظه الكرد، دار اراس للطباعه، ٢٠٠٢
١٠٣- حسن كريم جاف، الوجيز فى تاريخ ايران- الجزئ الرابع، دار اراس للطباعه و النشر، ٢٠٠٨
١٠٤- حسن كريم جاف ، الوجيز فى تاريخ ايران- الجزئ الثانى، دار اراس للطباعه و النشر، ٢٠٠٨
١٠٥- حسن كريم جاف، الوجيز فى تاريخ ايران- الجزئ الثالث، دار اراس للطباعه و النشر، ٢٠٠٨
١٠٦- خليل اينالجيك، تاريخ الدوله العثمانيه، دار المدار الاسلامى، ٢٠٠٢
١٠٧- روبرت ئولسن، المساله الكرديه فى العلاقات التركيه-الايرانيه، دار اراس للطباعه-اربيل، ٢٠٠١
١٠٨- سعيد عبدالفتاح عاشور، تاريخ اوروبا فى العصور الوسطى، دار النهضه العربيه - بيروت، ١٩٦٧
١٠٩- على محمد محمد الصلابى، دوله السلاجقه، موسسه اقرآ القاهره، ٢٠٠٦
١١٠- عبدالله اوجلان، ازمه المدينه و حل الحضاره الديموقراطيه فى الشرق الاوسط، چاپخانەی ئازادی،
٢٠١٤
١١١- عبدالله اوجلان، الفوضى فى حضاره الشرق الاوسط و الحلول المحتمله، منشورات قسم الترجمه
العربيه فى لجنه الاعلام و التنوير، ٢٠١٤
١١٢- عبدالله اوجلان، قضايا الديمقراطيه فى توركيا، نماذج الحل فى كوردستان خارطه الطريق،
چاپخانەی ئازادی، ٢٠١٢
١١٣- على ابراهيم حسن، الجاهليه - الدوله العربيه - الدوله العباسيه، مكتبه النهضه المصريه، ٢٠١٠
١١٤- كمال مظهر، انتفاضه ١٩٢٥ كردستان تركيا، لبنان-بيروت، ٢٠٠١
١١٥- كمال مظهر، دور الشعب الكردى فى ثوره العشرين، مطبعه الحوادث -

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بغـداد، ١٩٧٦
١١٦- كمـال مظهـر، كردسـتان فـى سـنوات الحـرب العالميـه الاولـى ١، مطبعـه المجمـع العلمـى الكـردى،
١٩٧٧
١١٧- كاظـم حبيـب، لمحـات مـن العـراق القـرن العشـرين، موآسسـه حمـدى للطباعـه و النشـر، ٢٠١١
١١٨- محمـود شـاكر، التاريـخ الاسـلامى- الدولـه العباسـيه، المكتـب الاسـلامى - بيروت، ١٩٩١
١١٩- محمـود شـاكر، التاريـخ الاسـلامى\ العهـد العثمانـى، المكتـب الاسـلامى-بيروت، ١٩٩١
١٢٠- محمـود شـاكر، التاريـخ الاسـلامى-العهد الامـوى، المكتـب الاسـلامى - بيـروت، ١٩٩١
١٢١- محمـود شـاكر، التاريـخ الاسـلامى- الخلفـا الراشـدين، المكتـب الاسـلامى-بيروت، ١٩٩١
١٢٢- ماوتسى تونغ، تحليل الطبقات المجتمع الصينى، ١٩٣٠
١٢٣- ماوتسى تونغ، فى التناقض، ١٩٣٧
١٢٤- ماوتسى تونغ، حول الديمقراطيه الجديده، ١٩٤٠
١٢٥- ماوتسـى تونـغ، حـول الدكتاتوريـه الديموقراطيـه الشـعبيه، نسـخه للانترنيـت الصـوت الشـويعى، ١٩٤٩
١٢٦- ستالين، الماديه الديالكتيكيه و الماديه التاريخيه، ١٩٣٠
١٢٧- فريدريـك انجلـس، اصـل العائلـه والملكيـه الخاصـه و الدوله، الارشـيف الماركسـى، ١٨٨٤
١٢٨- ماركس انجلس، فى الاستعمار، دار التقدم موسكو، ١٩٤٨-١٩٨٤
١٢٩- باسـيل نيكيتيـن، الكـرد، منسـورات مكتـب الفكـر و التوعيـه فـى الاتحـاد الوطنـى الكردسـتانى، ٢٠٠٧
١٣٠- مينورسكى، الاكراد، رابطه كاوه للثقافه الكرديه، ١٩٨٧

كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

The lack of democtacy and peopel´s lack of ability to paricipate in political and economic decisionsin this part of the world.

The contrast which impedes development equality and a fair world trade, has nothing to do with people´s colour, in what continent a country is, the difference in climate or the nature reserves.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## Why the Middle East failed

A study of economic and political history
Language: Kurdish Sorani
Author: Salah Husein
2017
612 pages

Why the Middle East failed is the title of a book about the economic and political history of the Middle East. An attempt to study and analyze the cause of Middle East success in ancient times and its decline later. Today, many people are confused and worried about what is happening in the area. What happened?

Why have all the powerful old civilizations that were there from the start disappeared?

Why the industrial revolution and political reforms first occurred in Western Europe and not in the Middle East?

Schould not these have happened two thousand or one thousand years earlier there?

Why north America, Japan, Australia were able to take advantage of the spread of capitalism and the market economy, but not the middle east.

What is the cause of uneven development and inequality in the world?

In this book, the author tries to look for the answer to these questions. He tries to look at the causes and factors of what occured , wanting to know if there are factors that could have contributed to the development of these areas.

According to the book everything that has happened depends on the divorce of economic and political systems prevailing in the world.Under development and inequality are results of the obstacles in society that make it difficult for new forces to emerge.For new strong people, free buisnesses, free wage earners, free men and women, freedom of speach and media, free market to emerge.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WHY THE MIDDLE EAST FAILED?

A STUDY OF ECONOMIC AND POLITICAL HISTORY

- سەرکەوتنی سیستمی خێڵایەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بووە هۆکاری ئەوەی لێرە ڕێبازێکی جیاوازتر لە ئەوروپا بگیرێتەبەر. لە کاتێکدا ڕێبازی ئەوروپا فیودالیزمی لێکەوتەوە، کە بەبوونی چەندین فاکتەری جیاواز، زەمینەیەکی لەباری تیادا دروستبوو، بۆ زیاتر گۆڕانکاری و گەشەکردن، بەپێچەوانەوە ڕێبازی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست فیودالی خێڵایەتی لێکەوتەوە کە زەمینەیەکی نا گونجا و تری بۆ گۆڕانکاری تیادا یە.

- ئایا ئەو فکتەرانەی، کە بوونەتە هۆی گەشەکردن و ئاوەدانی هەندێ ناوچەی جیهان، لە خۆرهەڵاتیناوە ڕاست وکوردستانیشدا هەن؟ ئایا ئەو فاکتەرانە دەرفەتی بەهێزبونیان هەیە؟ ئەوخاسڵەتە تایبەتیانەیکۆمەڵگەکانی ناوچەکە چین، کە ڕێگرن لەگەشەکردن؟

- هێز و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی فیودالی، لە بازنەیەکی داخراودا دەخولانەوە، نە توانایان هەبوو لەو بازنەیە دەرچن و گۆڕانکاری تیادا بکەن، نە زۆربەیان بە بەرژەوەندی خۆیانزانیوە، گۆڕانی ڕیشەیی لەو سیستمەدا بکەن. زەمینە خۆشکردن بۆ تێکشکاندنی ئەو سیستمە و ڕاکێشانی بۆ ڕێبازی گەشەکردن، لاوازکردنی، یان بەشداریپێکردنی چین و توێژ و هێزە کۆنەکان لەو پرۆسەیەدا، پێویستی بە فاکتەری نوێ بوو، پێویستی بە چین و توێژ و هێزی بە توانای نوێ بوو، کە لە بەرژەوەندییاندا بێت گۆڕانکاری ڕیشەیی بکەن و توانایان هەبێت بیکەن، لە هەمانکاتدا دەرفەتی بەشداریکردنیان هەبێت، لە بڕیاری سیاسی و ئابووریدا، کە لە ڕێگەیەوە زەمینە بۆ گۆڕانکاری و پێشکەوتن خۆشبکرێ.

**Salah Hussin Afandi**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org